حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سلێمانی/ کۆلێژی زمان

بەشی زمانی کوردی

# وێنەی کورد لە ڕۆمانی کوردیدا

# (کرمانجیی ناوەڕاست)

تێزێکە

هەرێم عوسمان مەعروف

پێشکەشی بەشی کوردی کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانیی کردووە، بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی دکتۆرا لە ئەدەبی کوردیدا

سەرپەرشت

پ.د. عەلی طاهر حسین

2724 کوردی　　　　2024 زاینی

ئەم تێزە بە ناونیشانی "وێنەی کورد لە ڕۆمانی کوردیدا (کرمانجیی ناوەڕاست)" بە سەرپەرشتی من لە زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا لە ئەدەبی کوردیدا.

سەرپەرشت:

پ. د. عەلی طاهر حسين

١٧ /٣/ ٢٠٢٤

بەپێی ئەم پێشنیازە، ئەم تێزە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

پ. ی. د. محمد عمر عول

**سەرۆکی بەشی زمانی کوردی**

٢٥ /٣/ ٢٠٢٤

ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن، ئەم تێزەمان خوێندەوە و لەگەڵ خوێندکارەکەدا گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی دیکەی کرد و بڕیارماندا، کە بڕوانامەی دکتۆرای لە ئەدەبی کوردیدا پێبدرێت.

ناو: پ.د. مەریوان عمر حسن
ئەندام
ڕێکەوت: ٥/ ٥/ ٢٠٢٤

ناو: پ. د. ئەنوەر قادر محمد
سەرۆکی لیژنە
ڕێکەوت: ٥/ ٥/ ٢٠٢٤

ناو: پ.د. فەرهاد قادر کریم
ئەندام
ڕێکەوت: ٥/ ٥/ ٢٠٢٤

ناو: پ. ی. د. ئازاد محمد سعید
ئەندام
ڕێکەوت: ٥/ ٥/ ٢٠٢٤

ناو: پ.د. علی طاهر حسین
ئەندام و سەرپەرشت
ڕێکەوت: ٥/ ٥/ ٢٠٢٤

ناو: پ. ی. د. ئاوارە کمال صالح
ئەندام
ڕێکەوت: ٥/ ٥/ ٢٠٢٤

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێژی زمانەوە پەسەندکرا.

پ. د. شاخەوان جلال حاجی فرج
ڕاگری کۆلێژی زمان
٢٠٢٤ / ٥/ ٧

**پێشکەشە بە....**

گیانی بێدەنگترین و جوانترین مرۆڤی دنیا- باوکم -

بە هێز و جوانیی ژیان، بینایی دییەم... دایکم

بە ئارامی، وزەی بەردەوامی و خۆشیی ژیانم...کەژان، نمە و نالی.

بە هەر سێ برای ئازیز و پشتوپەنام... (هێرش، هەردی و هاوبەش)

## سوپاس و پێزانین

* سوپاسـی سەرپەرشـت (پ. د. عەلـی طـاهر حسـین) دەکـەم، کە بەوپـەڕی متمـانەپێکردن و ئازادکردنمەوە سەرپەرشتیی تێزەکەی گرتەئەستۆ و هاوکاری تەواوم بوو.
* سوپاسـی (پ. د ئەنوەر قادر محەمەد) دەکەم، کە لە سـەرەتای خوێندنی ماستەرمەوە تا ئێستا پەروەردەکەر و ڕێنیشاندەرم بووە.
* سوپاسی ڕاگرایەتیی کۆلێجی زمان، خوێندنی باڵا و بەشی کوردی و سەرۆکی بەش، پ. ی. د. محەمەد عومەر دەکەم، کە لە تەواوی ماوەی خوێندنی دکتۆرادا یاریدەدەر و پاڵپشتبوون.
* سوپاسی بەڕێز، پ. ی. د. سازان زاهیر دەکەم، کە ئەرکی پێداچوونەوەی زمانەوانی تێزەکەی لەئەستۆگرت.
* سوپاسی هاوڕێ و دڵسۆزانم (ئاوات ئەحمەد سوڵتان، م. تەیب عەبدوڕەحمان، بەیان سـەلمان، م. فـازڵ مەحمـود، هـاوار بەرزنجـی، هەردی میـرزا، د. سـدیق عەبـدڕەحمان، د. ئـارام عـومەر علـی، خەسـرەو میراودەلـی، د. مـحەمەد کەمـال، د.مـحەمەد تاتـانی، م.میـران حـیکمەت، مەزهەر ئیبراهیمـی، بەختیار حەمەسور و سیامەند هادی) دەکەم، کە هەریەکەیان بە ڕێگە و شێوازێک هاوکارم بوون.
* سوپاسـی کارمەنـدانی کتێبخـانەی گشـتیی سـلێمانی، کتێبخـانەی کـۆلێژی زمـان و کتێبخـانەی ناوەندی زانکۆ دەکەم.

| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| **پێشەکی** | **5-1** |
| **بەشی یەکەم:**<br>**وێنەناسی و گێڕانەوەناسی** | **78-6** |
| پاری یەکەم: **وێنەناسی** | 41-6 |
| ـ وێنە و وێنەی وێنە | 6 |
| ـ چەمک و زاراوە و ڕیشەی وێنە | 7 |
| ـ زاراوەی وێنە لە فەرهەنگە کوردییەکاندا | 10 |
| ـ وێنە لە زمان و ئەدەبی کوردیدا | 10 |
| ـ وێنە و چەند زاراوەیەکی جیاواز و نزیک لێی | 13 |
| ـ وێنە لە ئێستادا | 15 |
| **یەکەم:** وێنە لە ئاییینەکاندا | 17 |
| ـ لە مەسیحییەتدا | 20 |
| ـ لە ئیسلامدا | 22 |
| دووەم: وێنە لە فەلسەفەدا | 25 |
| ئەفلاتون | 26 |
| ـ لۆک، بارکلی و هیۆم | 29 |
| ـ دێکارت، لایبنیز و کانت | 31 |
| ـ فۆکۆ، بۆدریار، دۆلۆز و ڤیگنشتاین | 35 |
| پاری **دووەم**: **گێڕانەوەناسی، لە بونیادگەرییەوە بۆ نیشانەناسیی گێڕانەوە** | 78-42 |
| دەروازە | 42 |
| ـ ناساندنی هزری گریماس | 42 |
| ـ گێڕانەوە و گێڕانەوەناسی | 44 |
| ـ نیشانەناسیی گێڕانەوە لای گریماس | 45 |
| **یەکەم:** چەمک و زاراوەکانی مۆدێلی کردەنوێن | 50 |
| ١ـ ئەرکی پرۆپ و کردەنوێنی گریماس | 50 |
| ٢ـ مۆدێلی کردەنوێن The Actantial Model | 52 |
| ٣ـ جیاوازیی کردەنوێن و کەسێتی | 54 |
| ٤ـ دوانەکانی کردەنوێن | 57 |

| | |
|---|---|
| 60 | ٥. پەیوەندیی و گۆڕانەکانی ناو نەخشەی گێڕانەوە |
| 64 | دووەم: لە ڕێزمانی گێڕانەوەوە بۆ چوارگۆشەی واتایی |
| 69 | چوارگۆشەی نیشانەیی/ واتایی Semiotic square |
| 74 | ١. دژ و بەرامبەری Contrary |
| 76 | ٢. ناکۆکی Contradiction |
| 78 | ٣. لەخۆگرتن Implication |
| 178-79 | **بەشی دووەم:**<br>**وێنەی کورد لە ڕۆمانەکانی قۆناغی یەکەم ١٩٦١-١٩٩١ دا** |
| 110-80 | **پاری یەکەم: نێرەر و وەرگر لە ڕۆمانی کوردی ١٩٦١- ١٩٩١ دا** |
| 80 | ١. پێشمەرگە و دەرکەوتنی کورد لە گێڕانەوەدا |
| 84 | ٢. ئاشتیی کوردستان و خەباتی چینایەتی |
| 87 | ٣. ژانی گەل، زیندان، خەباتی شار و شاخ |
| 90 | ٤. نازە، ئازادیی گێڕانەوە و ئیرۆتیک |
| 95 | ٥. شار و ڕۆمانی شار |
| 95 | ٦. کوێخا سێوێ، دەرکەوتنی پاڵەوانی ئافرەت |
| 99 | ٧. توانەوە، ڕۆمانی پەراوێزنشینەکان |
| 102 | ٨. کۆردەرە، لە وڵاتی ئیمپریالیستانەوە بۆ نیشتمان |
| 104 | ٩. *پەرستگەی دڵداری*، ئەوین و ئازادی |
| 107 | ١٠. ئەندێشەی مرۆڤێک، دەرکەوتنی تاکی دەرونپەشێو |
| **135-111** | **پاری دووەم: خود و بابەت، لە ڕۆمانەکانی ١٩٦١- ١٩٩١ دا** |
| 111 | ١. پێشمەرگە |
| 117 | ٢. ئاشتیی کوردستان |
| 118 | ٣. ژانی گەل |
| 121 | ٤. شار |
| 126 | ٥. کوێخا سێوێ |
| 128 | ٦. هەڵکشان بەرەو لوتکە |
| 131 | ٧. کۆردەرە |
| 132 | ٨. هاوارەبەرە، هونەر وەک کردەنوێن |
| 154-136 | **پاری سێیەم: ڕێگر و یاریدەدەر لە ڕۆمانەکانی ١٩٦١-١٩٩١ دا** |
| 136 | ١. لە ڕێگری دەرەکییەوە بۆ ڕێگری ناوخۆیی |
| 140 | ٢. نەمانی دۆست و دوژمن |
| 142 | ٣. پێشمەرگە: دژ و یاریدەدەر بۆ حیزب یان گەل؟ |

| | |
|---|---|
| ٤ـ ئەندێشە وەک ململانێی هێزی نەیار | 145 |
| ٥ـ سێوێ لەنێوان کەلتوور و مەدەنیەتدا | 147 |
| ٦ـ ڕێگری هەژاریی، یاریدەدەرە | 149 |
| ٧ـ منالێک بە خەونی گەورەوە | 150 |
| ٨ـ مۆدێرنە و نەریت | 151 |
| ٩ـ جیاوازیی ئایین و پرسی ئازادی | 154 |
| **پاری چوارەم: دوانە کردەنوێنەکان لە ڕۆمانی (شاخ)دا** | 176-155 |
| ١ـ شۆڕش لەنێوان وەڕین و خەباتدا | 155 |
| ٢ـ کوردبوون و جیهادیستیی کوردی و هێشوویەک ڕەخنە | 159 |
| ٣ـ پیرۆزیی و مەدەنیەتی شۆڕش | 164 |
| ٤ـ حزب دژی دوژمن، یان پێشمەرگە؟ | 170 |
| ٥ـ لە ڕێگری چینایەتییەوە بۆ ڕێگری حیزب | 173 |
| ٦ـ کێوی مەزن، خودکوژی، یان نیشتمانکوژی | 175 |
| ٧ـ نەفرەت و سۆزی شۆڕش | 176 |
| **بەشی سێیەم:**<br>**وێنەی کورد لە ڕۆمانەکانی قۆناغی دووەم ١٩٩١- ٢٠٠٣ دا** | **278-179** |
| **پاری یەکەم: من و ئەویتر** | 221-180 |
| ١ـ منی دز و برسی، ئەویتری تێر و داردەست | 182 |
| ٢ـ منی میکرۆب و ئەویتری پارێزەر | 187 |
| ٣ـ من لەنێو پاشماوەکانی ئەویتردا | 191 |
| ٤ـ منی ئەنفالکراو و ئەویتری ئەنفالچی | 195 |
| اـ وێنەی ئەنفال لە دەرەوە | 195 |
| ب ـ وێنەی ئەنفال لە ناوەوە | 199 |
| ٥ـ منی تاراوگەنشینی پەرتبوو لەناو سیستمی ئەویتردا | 203 |
| ٦ـ منی دۆڕاو لە گەمەی ئەویترە جیاوازەکان | 209 |
| ٧ـ وێنەیەکی جیاوازتری من و ئەویتر | 213 |
| **پاری دووەم: دین و دنیا** | 243-222 |
| ١ـ خودا بکوژی شۆڕشی هەژاران | 222 |
| ٢ـ عەشق و ئیمان | 228 |
| ٣ـ ئەنفال و پرسی بکوژی خوا | 239 |

| | |
|---|---|
| **پاری سێیەم: پەراوێز و ناوەند**<br>١. شێتەکان و عاقڵەکان<br>٢. جولەکە و موسوڵمان<br>٣. تراژیدیای هەبوون و نەبوونی ناوەند<br>٤. ژن و پیاو لەنێوان پەراوێز و ناوەندا<br>ا ـ ژن و پیاو لای ڕۆماننووسی ژن<br>ب ـ ژن و پیاو لای ڕۆماننووسی پیاو<br>٥. ژن و ژینی گوند و شار<br>٦. تیرۆری کچی یاخی و پیاوی هونەرمەند<br>٧. پەیوەندییەک زیاتر لە خۆشەویستی | 276–244<br>245<br>250<br>253<br>259<br>260<br>268<br>269<br>271<br>274 |
| **بەشی چوارەم:**<br>**وێنەی کورد لە ڕۆمانەکانی قۆناغی سێیەم ٢٠٠٣- ٢٠٢٢ دا** | 367–279 |
| **پاری یەکەم: عیرفان و گەندەڵی**<br>١. لە کۆشکسازییەوە بۆ نیشتمانڕمێنی<br>٢. زوهدی حزبی و عیرفانی کوردی<br>٣. لە خستنەوە بۆ کەوتن<br>٤. گوڵچیایی ڕۆحەکان و پەژموردەبوونیان<br>٥. دیالێکتیکی عیرفان و گەندەڵی<br>٦. خزانی عیرفان و گەندەڵی<br>٧. لە گەندەڵیی دەسەڵاتی کوردییەوە بۆ گەندەڵیی کەسێتیی کورد<br>٨. گەندەڵی پڕبوو لێی دەڕژێ | 318–280<br>282<br>290<br>296<br>297<br>300<br>305<br>307<br>313 |
| **پاری دووەم: نۆستالژیا و تەکنەلۆژیا**<br>**١.** کەرتبوونی شوناس، ئێرە و ئەوێ<br>٢. بەرکەوتنی تەکنەلۆژیا و نۆستالژیا<br>٣. دیجیتاڵبوونی ژیان و نۆستالژیای مرۆڤ<br>٤. هەڵهاتن لە نیشتمان و دەوڵەتی کوردی لە نێتدا<br>٥. دیوەخانی مۆدێرن لە دنیای نا-مۆدێرندا<br>٦. نۆستالژیای تەکنەلۆژیا | 345–319<br>321<br>323<br>326<br>332<br>338<br>345 |
| **پاری سێیەم: ئازادی و بەندی** | 367–346 |

| | |
|---|---|
| ١. له بەندی و نا-ئازادییەوە بۆ گوتاری مانەوە<br>٢. بەندەر لە دەرەوەی زیندان<br>٣. بەندی تەواوەتی<br>٤. گوتاری مانەوە: ڕزگاریی عێراق و نا-ئازادبوونی عێراقییەکان<br>٥. ویستی ئازادیی و ویستخستن<br>٦. شیعر و ڕزگاریی | 347<br>350<br>355<br>355<br>359<br>364 |
| ئەنجام | 373-370 |
| سەرچاوە | 387-374 |
| ملخص البحث | 388 |
| **Abstract** | 389 |

# پێشەکی

ڕۆمان ژانرێکی نوێی ئەدەبیی دنیاگرە، کە تا ئاستێک ڕۆڵی کۆکەرەوەی ژانرەکانی تری لەئەستۆگرتووە. گێڕانەوە بنەمای سەرەکیی ئەم ژانرەیە و گێڕانەوەناسیش دیارترین زانست و ڕێگەی نوێی ناسینییەتی. لە شاڕێگەی گێڕانەوەناسیدا توێژەر دەتوانێت پشت بە ڕێگە و ڕێچکەی جیاواز ببەستێت، ئێمەش بە سەرنجدان لە فرەڕەهەندیی ژانرەکە و گونجانی لەگەڵ ناونیشانی تێزەکە، "وێنەی کورد لە ڕۆمانی کوردیدا" بە شێوەیەکی کراوە و ئازاد سوودمان لە چەمکە گێڕانەوەناسییەکانی گریماس وەرگرتووە. بەوپێیەی ڕۆمان بەرهەمی تاکێکی بەئاگا، بیرکەرەوە و نووسەرە، کە گێڕانەوە دەکاتە پانتایی نیشاندان، یان بەرهەمهێنانەوەی واقیع و ڕەخنەکردن و تێپەڕکردنی ئەو بیر و دید و وێنە باوانەی هەن. هاوکات گوتارێکە لەسەر کۆگوتارێک کاردەکات، کە دەشێت نیشانیبدات و ڕەخنەی بکات، یاخود بەردەوامی پێبدات و بیپارێزێت. لەسەروو ئەمانەوە ڕۆمان ژانری ململانێی دەنگ و گوتار و وێنە جیاوازەکانە، کە ئاوێنەی ڕۆماننووس بە بونیادەکانی گێڕانەوە دەنگی خۆی و کردەنوێنەکان، کە دەکرێت دژی خۆشی بن، پەرچدەکاتەوە. لەم دیدگایەوە ڕۆمانی کوردیمان خستووەتە بەر توێژینەوە و بیرکردنەوە و سەرنجمان لەسەر وێنەی کورد بووە لە قۆناغە جیاوازەکاندا، کە لە ئاوێنەگەلی جیاوازدا دەرکەتوون. هەر ئاوێنەیەک ڕەهەندگەل و وێنەگەلێکی دەرخستووە و توێژەر بە ڕێگەی گێڕانەوەناسی گریماسی خوێندویەتییەوە. ڕۆمانەکان ئاوێنەن و هەر ڕۆماننووسێک بە ڕێگەی خۆی وێنەکەی نواندووەتەوە و دروستیکردووەتەوە، دەشکرێت دایهێنابێتەوە. ئەو وێنانە و نیشانەکانی خاوەنی تۆڕێکی پەیوەندیی فراوانن، کە ناکۆتا نیشانەی واتاییان هەیە، زمانیش کە لە ناکۆتا نیشانە پێکدێت،ماڵی ڕۆمانە و گێڕانەوە تێیدا نیشتەجێیە.

تێگەیشتنی گریماسییانە بۆ ڕۆمان خۆی لە پەیوەندیی وێنە و دەنگە جیاوازەکانی ناو ڕۆماندا دەبینێتەوە، وێنەکانی ناو بونیادی ڕووکەش لەڕووی بەرنامەی گێڕانەوە و لێکدانی وێنەکان، دروستکردنی زنجیرەی وێنەکان، هەتاکو گەیشتن بەو وێنە بنەڕەتییانەی ململانێ دەکەن، دەبنە ئاراستەکەر و بەرجەستەکەری ڕۆمان. لە مۆدێلی کردەنوێندا ململانێی هێزە جیاوازەکان بۆ گەیشتن بە وێنە جوڵێنەرەکە، کە دەکرێت ئەم وێنە جوڵێنەرە بابەت و خواستی بکەر بێت. لای گریماس سێ دوانە هەن: بکەر و بابەت، نێرەر و وەرگر، یاریدەدەر و ڕێگر. ئەمانە داینەمۆی گوتاری ڕۆمانن، کە خواستی بکەر بۆ بابەتەکەی بریتییە لە وێنەی مەبەست و جوڵێنەر بۆ دەستبەسەراگرتنی، ڕووبەڕووبوونەوە و هەڵهاتنی بابەتیش لە بکەر ململانێی ناو گێڕانەوە دەسازێنێت. بابەت وێنە یان نوێنەری ئەو وێنەیەیە، کە خود و بکەر دەیانەوێت بەدەستیبێنن،

بکەریش وێنە و ئایدۆلۆژیا و هزرێکی گەورەتر ئاراستەی کردووە، بۆیە ڕۆمان جگەلەوەی دروستکەری وێنەکانە، هاوکات پێکەوەهاتنی وێنەکان و لەبەرامبەریەک وەستاوەنەی وێنەکانیشە، کە واتا بە یەکدی دەدەن. وێنەی عاشق بەبێ مەعشوق تەواو نابێت، موسوڵمان و کافر، شۆڕشگێڕ و دەسەڵاتدار، بەعس و کورد، ئازادی و بەندی، دین و دونیا... ئەم دوانە بەرامبەرییانەش لە 'چوارگۆشەی واتایی' گریماسدا، کە تەواوکەری تیۆری کردەنوێنن، دەبنە نیشاندەری ناوەڕۆک و گوتاری قووڵی ڕۆمان، کە خۆی لە وێنەی گەردونی و وێنەی گەردونۆچکەیی دەبینێتەوە.

لەم توێژینەوەیەدا خۆمان لە دوو لایەن پاراستووە، یەکەم، باسکردنی مێژوویی کورد. دووەم، پرسی مێژوو و سەرهەڵدانی ڕۆمانی کوردی. پاساومان بۆ خاڵی یەکەم، چەند توێژینەوە و کتێبمان لەبارەی مێژووی کورد هەیە، کاری ئێمەش ئەدەبە، لەبەرئەوە بەپێی پێویست نەبێت، ئاوڕمان لەم باسە نەداوەتەوە. پاساویشمان بۆ خاڵی دووەم، وێڕای هەبوونی چەند نامە و توێژینەوە و کتێب لەبارەی مێژووی ڕۆمان، کە توێژەر و نووسەران بە ناکۆکییەوە لەبارەی یەکەم ڕۆمانی کوردی [بە کرمانجیی ناوەڕاست] و قۆناغبەندکردنی نووسیویانە، پاش خوێندنەوەیان گەیشتینە ئەو ئەنجامەی، کە ڕۆمانی پێشمەرگە ئەگەر یەکەم ڕۆمانی کوردیش نەبێت، ئەوا هیچ گومان لە ڕۆمانبوونی نەکراوە. ئێمەش ئەم ڕۆمانەمان کردە دەستپێکی کاری توێژینەوەمان، بۆ ئەوەی خۆمان لەو ناکۆکیی و بۆچوونە جیاوازانە ببوێرین.

## سنووری توێژینەوەکە:

گێڕانەوە دامەزراندنی گوتارە، هەر گوتارێکیش لە چەندین وێنەی جیاواز پێکهاتووە؛ لەم تێزەدا کارمان لەسەر نیشاندان و ڕاڤەکردنی وێنەکان، پێکهاتەیان و ڕەخنەکردنیان کردووە، ڕەخنەی ئەو وێنەگوتارییانە کراوە، کە ڕۆمانەکان هەڵگرین، ئەو ڕەخنەناش نیشاندراوە، کە ڕۆمانە کوردییەکان ئاراستەی هزر و بیر و کەلتووری کوردی دەکەن. لەم گۆشەنیگایەوە مەودای فراوانی تێزەکە، کە ڕۆمانە کوردییەکانی کرمانجیی ناوەڕاستی ساڵانی (١٩٦١-٢٠٢٢)ی لەخۆگرتووە، بواری بینینی وێنەگۆڕکێ و جێگرتنەوەی وێنەی نوێی پێداوین. هاوکات سەرنجی گۆڕانی گۆشەنیگا و ڕوانگەی ڕۆماننووسانمان بەپێی قۆناغ و ڕەگەز و تەنانەت شوێنیش داوە. بۆ نموونە، ڕۆمانی هاوچەرخ لەبری کێشەی گوند و دێ، جووتیار و ئاغا، پرسی شار و بەڕێوەبردن و گەندەڵی نیشانداوە. گۆڕانی وێنەی شوێن، کات، جوگرافیا و کەسێتیش دەبینین، کە ڕۆمانی کوردی لە قۆناغی دووەمدا لە گیرخواردنی لەنێو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەردەچێت، تاراوگە و وڵاتانی

ڕۆژئـاوا بەشـــــداریـدەکەن. ئەمـانە و چەنـدین وێنە و گوتـارەوێنەی جیـاواز بەپێی قۆنـاغەکـان ئـاوڕپلێـدراوەتەوە، لەبەرئەوە ئەگەر ئەو مـاوە فراوانەمـان هەڵنەبژاردایە، بواری دەرکەوتنی وێنە جیاوازەکانی کورد نەدەڕەخسـا و ناونیشـانی توێژینەوکەش خەسـار دەبوو. ئەو پاسـاوەش بخەینەڕوو، کە توێژەر پێیوایە تێزی دکتۆرا و توێژەری خوێندنی بـاڵا جگەلەوەی مـاوەی زۆری لەبەردەستە، پێویستیشە جیهانبینییەکی ئەدەبیی و وردبوونەوەی لە ژانرێکدا هەبێت، ئێمەش ماوەی توێژینەوەکەمـان بە دەرفەتێک زانی بۆ ئاگالێبوونێکی سـەرتاپاگیری ڕۆمـانی کوردی. هەرچەند قۆناغی سـێیەم، چەند قۆناغە و لە قۆناغێکدا کۆمان کردووەتەوە، هێندەش پڕڕۆمان و فرەڕەهەندە ناچار پشـتمان بە پەراوێزی زۆر و بابەتبژاری کردووە، کە ئەگەر وانەبوایە جڵەوگرتنی ئەسـتەم بوو. لەلایەکی ترەوە چەند تەکنیک و شـێوازێکی ترمان بۆ خۆسـنووردارکردن ڕەچاوکردووە، لە هەر قۆنـاغێکدا ڕۆمـانێک، یان زیـاترمـان وەک نموونە هەڵبژاردووە، هـاوکات وێنە بابەتییە دیار و نووستووەکان، نەک کەسی و کلێشەییەکان هەڵبژێردراون، چونکە نوێنەرایەتی جیهانبینی دەکەن.

هەندێک لەو گۆڕانانەی ئاماژەمانپێکرد، سـەرچاوەی وەڵامی پرسیارەکانی توێژەر بوون، کە هەموو تێزێک هەڵگری چەند پرسـیارە. وێنەی کوردیش لە ڕۆمانەکاندا پرسـیاری سـەرەکی تێزەکە بووە، کە ڕۆماننووسـی کورد بەوپێیەی دەسـتەبژێرە، چۆن وێنەی کوردی گرتووە و کێشـاوە و داهێناوە. ئایا ئەو وێنەیە وەسـتاوە، یان گۆڕاوە، کێ و کوێ و چیی کوردی نیشـانداوە، چۆن جێی بیرکردنەوە و گێڕانەوەی بووە. هاوکات ڕۆماننووسێکی کورد لە ئەورووپا یان لە کوردستان، چۆن و چ وێنەیەکی کورد نیشـاندەدەن، یاخود ڕۆماننووسـی ئافرەت چۆن و چی کوردی نیشـانداوە؟ ئەمانە مشتێک لەو پرسیارانەی توێژەربوون، لەبەرئەوە هەر بەشێکی پراکتیکی تێزەکە ئەنجامی خۆی هەیە.

## هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:

ئێمەی کورد وانزیک بە نیو سـەدە دەبێت، بە بەردەوامی ڕۆمان بڵاودەکەینەوە، تەنانەت زۆرێک لە شـاعیرە کوردەکان بوونەتە ڕۆماننووس، ئەمەش نیشـانەی باڵادەسـتیی ئەم ژانرە هـاوچەرخەیە. لەم ڕوانگەیەوە توێژەر بە گرنگ و پێویسـتیزانی ژانری ڕۆمـان، کە بۆ گوتـار و وێنەسازی شیاوە، بکاتە بابەتی توێژینەوەکەی. پرسی وێنەی کوردیش بەم داڕشتەیە لە هیچ تێز و نامەیەکی ئەکادیمیدا ئاوڕی لێنەدراوەتەوە، هەرچەند بەشـێک لە نامە و تێزەکان کارکردنن لەسـەر پرس و وێنەیەکی کورد، وەک، "ڕەنگدانەوەی ڕووداوی مێژوویی لە ڕۆمانی کوردیدا"، "کەسـێتی ئـافرەت لە ڕۆمـانی کوردیـدا"، "ئـافرەت لە ڕۆمـانی ئـافرەتـانی کورددا"، "کۆمەڵگـا لە ڕۆمـانی

کوردیدا"...ئەمانە هاوبەشـن لەگەڵ تێزەکەی ئێمە، بەڵام بەرجەسـتەکردنی وێنەی کورد بەم شـێوە هەمەلایەنە بۆ توێژەر جێگەی مەبەسـتبووە، لەبەرئەوە پرسـەکە پێگەیەکی هزری و ئەکادیمی کوردییانەی هەیە، بۆ توێژەریش جۆرێکە لە گرێدانەوەی خۆناسـی – کوردناسـی، ئەگەر ڕەهەندە کوردناسـییەکەی بایەخێکی ئەکادیمی هەبێت، خۆناسـییەکەی بایەخی تایبەتی بۆ توێژەر هەیە. هاوکات گرێدانی گێڕانەوەناسی بە وێنەناسییەوە کاری لەسەر نەکراوە، وێنەناسیش بەم دیدگایەی خستوومانەتەڕوو، تازەیە. گێڕانەوەش کارگەی بەرهەمهێنانی وێنەیە، دەرخستن و شیکاری وێنەی کوردیش لەم کارگە مۆدێرنەدا بۆ پرسـیارەکانی توێژەر، کە چی و چۆن وێنەیەک بەرهەمهاتووە و بۆچی لە قۆناغێکدا فلان وێنە بەرچاوترە، بایەخی ئەکادیمی هەیە.

## گرفتی توێژینەوەکە:

بەربڵاوی و هەمەواتایی ناونیشان و فراوانیی کەرەستەکان، گرفتێکی دیاربوون، کە توێژەر ئەزموونێکی پێشـینەی توێژینەوەی وای لەبەردەسـتنەبووە، تا بەپێی ئەوە هەنگاوبنێت. هاوکات ئازادیی نووسەران لە دنیای بڵاوکردنەوەدا بەتایبەت لە قۆناغی سێیەمی ڕۆمانی کوردیدا، کە زۆر گێڕانەوەی بەناو ڕۆمان بڵاوکراوەتەوە و توێژەر کاتی زۆری بە خوێندنەوەیان بەسـەربردووەو ئەنجام گومانی لە ڕۆمانبوونیان کردووە. یەکێکی تر لە گرفتەکان لاوازیی کتێبخانەی کوردییە، لە زانکۆ و دەرەوەی زانکۆش؛ توێژەر پـاش گەڕانی ورد، کرۆنۆلۆژیـایەکی ڕۆمـانی کوردی بەردەسـتنەکەوت، هەروەها تێکەڵاوییەکی زۆری ژانرەکان لەو کتێبخانانە هەن، بە جۆرێک کە توێژینەوەی ڕۆمان لە ڕیزی ڕۆمان دانراوە. هاوکات بەشـێک لە ڕۆمانە کۆنەکان بەردەسـت نین. لەم گرفتەوە پێشنیازی پێداچوونەوە و ئامادەکردنی کرۆنۆلۆژیا بۆ ڕۆمانی کوردی لە کتێبخانەکان دەکەین، لە گرفتی دووەمیشـەوە پێشـنیاز دەخەینە بەردەم بەرپرسـانی چاپ و بڵاوکردنەوە، کە پێویستە شارەزای بواری ڕۆمان ئەو تێکستانە بەرلە چاپ بخوێننەوە و بڕیاری لێبدەن.

## ڕێبازی توێژینەوە:

جیهانبینی گریماس پێکهاتەیەکە لە بونیادگەریی و سیمۆلۆژی، لە تیۆرەکەشیدا تێهەڵکێشی ئەم دوانەی کردووەو جەختی لەسـەر هەڵگرتنەوە و دۆزینەوەی واتا کردووە. لەم گۆشـەنیگایەوە ئەو ڕێبازەی کەڵکمان لێوەرگرتووە، بونیادگەریی – نیشـانەناسـییە، هاوکات پەسـن و شـیکاریی ڕەخنەییش لە توێژینەوەکەدا کراوە، ئەمە وێڕای ڕاڤەکردنی گوتارەکان، تا وێنەکان هەڵێنجێنین و بەرامبەر بەیەک

بیانگرین بۆئەوەی نیشــانە واتاییەکانیان دەربکەوێت. هاوکات لەبەرئەوەی تەواوی قۆناغەکانی ڕۆمانی کوردیمان وەرگرتووە، ئەوا بەریەککەوتن و بەراوردی وێنە و گوتاری ڕۆمانەکان لەبەرچاوگیراوە.

## پێکهاتەی توێژینەوەکە:

پێکهاتەی توێژینەوەکە بەپێی چوارچێوەی تیۆریی و پانتایی پراکتیکی، کە ســـێ قۆناغە بۆ چوار بەش داڕێژراوە؛ بەشێک تیۆریی و سێ بەشیش بۆ جێبەجێکردن. بەشی یەکەم، چوارچێوەی تیۆرییە، دابەشی دوو پاری سەرەکی کراوە. پاری یەکەم تایبەتە بە وێنەناسی، چەمک و زاراوە و ڕیشـــە و پرســـی ڕەچەڵەکی وێنە لە ئەدەبی کوردیدا خراوەتەڕوو. دواتریش لە ڕوانگەی ئایین و فەلســـەفەوە چییەتی و ســـنووری وێنە، لە ئایینە دیارەکانی جولەکە و مەســـیحییەت و ئیســـلامدا خراوەتە بەرباس. لە فەلسەفەشدا، بە دیدی فەیلەسوفە دێرینەکان دەستمانپێکردووە و بە ڕوانگەی فەیلەســـوفە پاش تازەگەرەکان کۆتاییمان پێهێناوە. پاری دووەم لەبارەی گێڕانەوەناســـییە و ئاماژەمان بە دوو دەســـتە لە چەمکەکانی گریماس کردووە، ئەوانیش ســـێ دوانەی کردەنوێن و چوارگۆشەی واتاییە، کە سێ جۆر پەیوەندیی: بەرامبەری، ناکۆکی و لەخۆگرتن دەگرێتەوە. هەرچی بەشـــی دووەمە بۆ خوێندنەوە و شـــیکاریی ململانێی ســـێ دوانە کردەنوێنەکان لە ڕۆمانی کوردی قۆناغی یەکەم (١٩٦١ -١٩٩١) دانراوە، کە بە شێوەی زنجیرەیی گوتارەکانمان خستووەتەڕوو. لەم بەشـــەدا بەپێی ڕۆمانە بژارکراو و هەڵبژێردراوەکان ڕۆمانی شـــار و شـــاخ جیاکراونەتەوە. بەشـــی ســـێیەم، لە ســـێ پار پێکهاتووە، بۆ جێبەجێکردنی پەیوەندیی دوانە بەرامبەرییەکان لە ڕۆمانەکانی قۆناغی دووەم (١٩٩١-٢٠٠٣)، ئەو ســـێ وێنە دوانە ســـەرەکییەش: (دین و دونیا)، (من و ئەویدی)، (ناوەندگەرا و پەراوێزخراو)ن. لە هەر دوانەیەکدا چەند هێشووە وێنەی تر بەپێی دوانەی پەیوەندیی بەرامبەری شیکارکراون. بەشی چوارەم و کۆتایی تێزەکە، بۆ شیکاری ڕۆمانەکانی (٢٠٠٣-٢٠٢٢) تەرخانکراوە. ئەم قۆناغە کە دەوڵەمەندترین و پڕ بەرهەمترین قۆناغی ڕۆمانی کوردییە، لەســـەر توێژەری پێویســـت کردووە گوڵبژێرێکی تۆکمە و نیگەرانئامێز بۆ هەڵبژاردنی ڕۆمانەکان بکات. ئەم بەشەش بۆ سێ پاری وێنە بابەتییانەی دوانەیی وردکراوەتەوە، یەکەم (گەندەڵی و عیرفان)، دووەم (نۆستالژیا و تەکنەلۆژیا)، سێیەم، (ئازادی و بەندی). لە کۆتاییشدا ئەنجامە بەدەستهاتووەکانمان خســـتووەتەڕوو، ئەمە وێڕای خســـتنەڕووی چەند ئەنجامێک لە هەر بەشـــێکی پراکتیکی. هاوکات لیستی سەرچاوە و پوختەمان بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی داناوە.

# بەشی یەکەم

# وێنەناسی و گێڕانەوەناسی

## پاری یەکەم: وێنەناسی

### - وێنە و وێنەی وێنە

دونیا هەمووی وێنەیە و مرۆڤ لە ڕێگەی هەست و ئەندێشە و خەیاڵەوە وێنەکان دەگرێت و دەکێشێت و دادەهێنێت. پەیوەندیی مرۆڤ لەگەڵ یەکتر و جیهانی هەستی و ناهەستی هەر لە ڕێگەی وێنەوەیە، لەبەرئەوە وێنە سەرتاپای بوونی پەیوەندییەکانی مرۆڤی تەنیوە. وێنەکان نوێنەرایەتی هزر، جیهانبینی، واقیع و دیدێک دەکەن، یاخود وەک ڤیگنیشتاین پێیوایە، زمان وێنە و ئاوێنەی جیهانە. وێنە، نوێنەر و نوێنەرەوەی جیهانە.[دباغ: ١٣٨٨: ١٠٢] ڕۆماننووسیش وێنەساز و جیهانسازە، توێژەریش، وەک وێنەناس سەرنج لە جیهانی وێنەکان دەدات و هەڵسەنگاندن بۆ شوناس، نەخشە و ژیانی ئەو جیهانە دەکات. خۆر و ڕووناکی بۆ بینینی وێنەکان زمانە، توێژەریش لە زمانی ئەو وێنانە ورددەبێتەوە. توێژەر هەردوو ڕێچکەی بینین و شیکاری و نیشانە واتاییەکانی وێنەکان لەبەرچاودەگرێت، چونکە ڕۆماننووسان بەپێی توانای بەرجەستەکردن، خستنەڕوو، تێڕوانین و دروستکرن و داهێنان مامەڵەیان لەگەڵ وێنەدا کردووە، بە واتایەکی دیکە وێنەکانی ناو ڕۆمان ڕەنگدانەوەی دید و ئایدۆلۆژیای جیاواز و هەندێکجاریش نیشاندەری گوتار و دیمەنی سەربەستن، کە دەکرێت وێنە هێماییە ئایدۆلۆژیی، مەزهەبیی و کەلتوورییەکان لەگەڵ وێنە بینراو و سەربەستەکان جیابکەینەوە و ئەوەی بۆ بینینە ببینین، ئەوەشی بۆ خوێندنەوەیە بیخوێنینەوە و ئاماژەی لێهەڵگرینەوە، دواجاریش لەبەر ڕۆشنایی بینینەکیدا هەڵوێستی ڕەخنەگرانەی خۆمان بخەینەڕوو.

وێنە شتێک، هەبوویەک و بوونێک هەڵدەگرێت و نیشانیدەدات، لەسەر بینین وەستاوە، ئەوەی بۆ بینینە وێنەی دەگیرێت و بەرجەستەدەکرێت، یاخود دەنوێنرێتەوە.[هایدگر، ١٣٧٩: ١٤٣] وێنە تەنیا بوونی شتەکان ناگوێزێتەوە، بەڵکو بوونیش بە شتەکان دەبەخشێت، لەبەرئەوە وێنەی واقیعی، داهێنانەوەی واقیعە لەنێو وێنەدا. هاوکات وێنە ئەگەری بوون بە ئەو شتانەش دەبەخشێت، کە نین و بوونێکی وێنەییان پێدەدات. وێنە ڕاستیی وێنەکە نیشاندەدات، نەک خودی شت، ڕووداوو

کەســـەکە نیشـــانبدات. وێنە خودی شـــتەکە نییە، بەڵام بینەری وێنە ناچار(مەحکومە) بە وێنەیە و گواســـتنەوە و گەیاندنیش هەر لە ڕێی وێنەوە دەکرێت، کەواتە وێنە "بریتییە لە بوونێک، بەپێی سروشتی خۆی، دەبێت خۆی پیشان بدات و دەربکەوێت...[لەبەرئەوە] بەبێ ڕوودانی بینین شتێک نییە ناوی وێنە بێت".[عەلی، ٢٠١٩] بەپێچەوانەی ئەم دیدەوە، ڕوانگەیەکی دیکە هەیە، پێیوایە وێنە خودی شتەکە، یان واقیعەکەیە و بگرە لەویش زیاترە، واتە واقیع و ڕووداوەکان گەر نەبنە وێنە، ئەوا نین؛ وێنەکانن ئاڕاستەی بیرکردنەوە و هەستی ئێمە دەکەن. وێنە سەربەخۆ لە واقیع دەژی و خۆی دەبێتە واقیعێکی نوێ؛ "کوشـــتنی مرۆڤێک لە وێنەدا ئیســـتا زۆر کاریگەرترە لە کوشـــتنی میللەتێک لە واقیعدا".[عەلی، ٢٠١٤: ٦٧] لێرەوە دەردەکەوێت ئێمەی مرۆڤ نـاچـارین بە بینین و خوێنـدنەوە، تێگەیشـــتن و ڕەخنەگرتنی وێنەکان، لە کۆتاییشـــدا هەر لە ڕێگەی وێنەوە دیدی خۆمان دەردەخەین، چونکە زمانیش وێنەیە. وێنەکان ڕســـتەن و ڕێگەمانپێدەدەن لەڕێگەی ئەوانەوە ئەو شـــتە ببینین، کە لەبەردەم شاشـەدا بووە بەمانای نامیتافۆریکی"بینین".[واربۆرتۆن، ٢٠٢٣: ١٣٢]. پەیوەندیی زمانی گوتن و نووســـینیش پێکەوەبەســـتراون، وێنەکان تێکســـت و تێکســـتەکانیش وێنەن. [Abrams، ١٩٩٩، ١٢١]. لەم ڕوانگەیەوە ئێمەی قسەکەر، خوێنەرو بینەر لەناو وێنەکانداین، وێنە بەرهەمدەهێنین و دەخوێنین و دەبینین.

ڕێگەکانی وێنەســـــازی جیاوازن، گێڕانەوە یەکێک لەو ڕێگەیانەیە، کە ڕۆماننووس شـــێوازی جۆراوجۆر بۆ وێنەســـازی، گواســـتنەوە، بەرهەمهێنان و داهێنانی وێنەکان ئەنجامدەدات. دیارە وێنەگرتن، چوارچێوەدارکردن، هەڵگرتنی شت، کەسێتی، ڕووداو و دیمەنەکانە لەنێویدا، ئەم گرتنەش دابڕانی کەس و ڕووداوەکانە لە کات و شـوێنی خۆیان، لە ڕۆمانیشـدا دامەزراندنەوە و چنینییەتی لە کات، شـوێن و فەزای تایبەت بە خۆیاندا، واتە کاتێک وێنەی خۆمان دەگرین، ئەوەی ناو شـــاشـــەکە خودی خۆمان نین، بەڵکو وێنەیەکی گیراو و دابڕاوی ئێمەیە لە کات، شـوێن و دۆخە جیاوازەکان، دروستکردنەوەیەتی لە پانتاییەکی نوێ کە گێڕانەوەیە. ڕۆماننووس وێنەکان دەچنێت و لێکدەدات، تاکو ئەوەی لەدەســـتدەچێت و ناگیرێت بیگرێـت و بیخـاتە نـاو فەزایەکی نوێ و داهێنراو و بینراوەوە. کەواتە وێنەکـانی نـاو ڕۆمـان هەڵگر و پارێزەری ژیانی ناو گێڕانەوەن، دەشـــکرێت وەک هێما و ســـێبەر بۆ خودی بینین ئاماژەیان بۆ بکەین. سەرەتا لە خوارەوە ئاوڕ لە چەمک و زاراوە و ڕیشەی وێنە دەدەینەوە.

## - چەمک و زاراوە و ڕیشەی وێنە

وێنە (image) لە زمانە ئەوروپییەکاندا ڕەگوڕیشەکەی بۆ وشەی لاتینی (*imago*) دەگەڕێتەوە، کە مەبەســت لێی جۆرە ماسـکێکە لە شـانەی هەنگوین دروسـتکراوە و لەســەر ڕوومەتی مردوو دانراوە تاوەکو وێنەیەکی دەموچاوی لێ هەڵبگرنەوە، یان کۆپی بکەن، هاوشـــێوەی پۆرترێتێک... هـەروەهـا ڕەگوڕیشـــەکـەی بـە واتـای نوانـدنـەوە و لاســـاییکردنـەوەش دێت. نوانـدنـەوە یـان

لاســـــاییکردنەوەی ســــــروشـــــت و واقیع، یان نواندنەوەی واقیع و شــــــتەکان لە ڕێگای وێنە و پەیکەرەوە.[*Au-delà*، ٢٠٠٨، ١٣] بە سـەرنجدان لە مانای ڕیشـە لاتینییەکەی بۆمان دەردەکەوێت، وێنە، پاراستن و زیندووکردنەوە و هێشتنەوەی ڕووخساری کەسی مردووە، یاخود لەبەرگرتنەوە و نواندنەوەیەتی. دەشـــــتوانین بڵێین وێنە ڕۆڵی بەرهەمهێنانەوە و ڕزگارکردن دەگێڕێت. هەرچەند یەکێکی تر لە پێناســــە کۆن و باوەکانی تر بۆ وێنە بۆ ئەفلاتون دەگەڕێتەوە، کە وێنە بە ســــێبەر ناودەبات، یان ئەو ڕەنگدانەوانەی کە لە ئاودا بەدی دەکرێت. [Platon ، ٢٠١٠ : ٥١١] بۆ ئەفلاتون، وێنە پابەندی ڕەنگدانەوە و نواندنەوەی شتەکەیە، نەک هەقیقەتی خودی شتەکە خۆی. وێنە، وێنەی واقیع و کەس و ئایدیاکانمان بۆ دەگوێزێتەوە، نەک خودی واقیع و کەس و ئایدیاکان[1].

وێنە دەرکەوتن و نیشاندانی شتەکانە بە بێ خودی شتەکان، بەڵام لە وێنەی هونەریدا ئەمە جیاوازە و وێنەکە ئاماژە بە خۆی دەکات و خۆنوێنە و نوێنەرایەتیی شـــــتێکی دەرەکی ناکات، هەر لەبەرئەمە وێنەی هونەریی، زیاتر وێنایە نەک وێنە. ســــەبارەت بە "وێنەکێشـــــان"یش لە زمانی یۆنانییدا بە (زۆگرافیکی) هاتووە و نزیکە لە (گیۆ-گرافیکی: جیۆگرافیکی، یان، جۆگرافیکی)، کە لە (جیۆگرافیا)وە، هەردوو وشــەی (گی: زەوی) و (گرافیا: نوسـین) دروسـتبووە و بە واتای نوسـینەوەی زەوی دێت. لە (زۆگرافیا)دا پێویسـتە تێبینیی ئەوە بکرێت، کە لە هەردوو وشـەی (زۆیی: ژیان) و (گرافی: نوسـین)ەوە هاتووە، کە بە واتای نوسینەوەی ژیان، یان نوسینەوەی ژیانێک/ ژیانگەلێک دێت.[سینتیا، ٢٠٢١: ٤٦].

لە زمانی ئینگلیزیی و لە فەرهەنگی ئۆکســـــفۆردیشـــــدا زاراوەی (image) بەم واتا و مەبەســــتانە خراوەتەڕوو:

1. ئینتباعێکە، بەو واتایەی کەسێک، ڕێکخراوێک یان بەرهەمێک... بە گشتی دەیدات.
2. وێنەی هۆشـــەکییە، مەبەســت لە وێنەی هۆشـــەکی ئەو وێنەیەیە کە بەرامبەر کەســێک یان شتێک وەک چییە یان لە چی دەچێ بتبێت.
3. کۆپی کەسێکە، یان شتێکە لە شێوەی وێنە یان پەیکەرێکدا.
4. وێنەی بینراوی کەسێک، یان شتێکە لە ئاوێنەدا، لەڕێگەی کامێراوە بێت، یان تەلەفیزیۆن، یا کۆمپیوتەرەوە.

---

[1] . گەر شیعرێکی نالی بە نموونە وەربگرین، کاتێک لەبارەی بوونی غەم دەنووسێت، لەبری وێنە و باسی غەم بکات، بە دیدی ئێمە خودی غەم خۆی دەهێنێتەگۆ: "غەم دەڵێ: نالی کە غەمخواریم نەکا ناعیلاجم من بەنی ئادەم دەخۆم". لێرەدا بەڕای ئێمە ئەم دیدەی ئەفلاتون بۆ نوێنەرەوەی وێنە ناسازگارە، چونکە نالی لەبری وێنەی غەم، خودی غەم خۆی بەرجەستە دەکات، ئەمەش لەگەڵ دیدی هایدیگەر گونجاوە، کە پێیوایە هونەر و شیعر بەتایبەت دەتوانن ڕاستیی بوون دەربخەن.

5. وشەیەکە یان فریزێک، کە بەخەیاڵئامێز- Imaginative- پەسنی شتێک دەکات.[عەزیز، ٢٠١٠: ٦]

دیارە لە هەندێک لە خاڵەکاندا نزیکی، تێکەڵبوون و لێکچوون لەنێوان 'وێنا' و 'وێنە'دا هەیە و کراوە، بەڵام جیاوازن، بۆ نموونە لە خاڵی یەکەم و دووم و پێنجەم و تاڕادەیەک سێهەمیشدا زیاتر ئاماژە بۆ وێنایە تا وێنە، ئەمەش بەهۆی نزیکی وێنە و وێناوە ڕوودەدات. وێنا جۆرێکە لە دروستکردنەوە و بەرهەمهێنانەوە و بە چەمککردن و زەینیکردنی وێنە، لە کاتێکدا وێنە زیاتر هەستەکی و واقیعییە. هاوکات وێنەی هۆشەکی(زەینی) جۆرێکە لە بەرهەمهێنانەوە، گەر وردنەبین تێهەڵکێشی پرۆسەی وێناکردن دەبێت.[1] ئەوەی لەم فەرهەنگەدا لەبارەی وێنەوە گرنگە، ئەو نزیکی و لێکچوونەیە، کە سەرچاوەی وێنەیە، واتە وێنە وەک بیرهاتنەوەی شتێک بۆ شتێکی دیکە بێت، کە ئەمەش لێوەرگیراوی وێنەیە لە وێناوە، واتە وێنا کە پرۆسەی بیرکەوتنەوە و هاتنەبەرچاوی شتێکە، لە دەرخستنیدا بە وێنە دەکرێت، ئەمەش لێکچوونی تەواوەتی نییە، لەبەرئەوە هەرگیز دەستمان بە وێناکە ڕاناگات، بەڵکو لێکچوونی بەشەکی، قەبارە و هەڵسوکەوت هەیە، دەنا ئەوەی وێنەی دەبینین شتێکە لە شتێکی دیکە دەچێت، یاخود دەرکەوتنی خۆمان و شتەکانە لە ئاوێنە یان کامێرا و شاشەکان، بەڵام دواجار دەرکەوتنەوەی خۆمان و شتەکان لە شاشەکان-ئاودا، بریتی نییە لە خودی خۆمان، بەڵکو وێنەی گیراو و دەرکەوتووە، نەک خودی شتە دەرکەوتووەکە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕاهاتووین وەکیەک دایانبنێین. لە خوارەوە پشکنین بۆ زاراوەی وێنە لە فەرهەنگ و ئەدەبی کوردیدا دەکەین.

---

[1] ـ حەکیم ئەنوەر لە نامەی ماستەرەکەیدا، image بەرامبەر بە وێنا و photoی بەرامبەر بە وێنە داناوە. لەبارەی وێناوە دەنووسێ،"وێنا وێنەیەکی هۆشەکییە، دوای بیرکردنەوە لە ڕووداوێک، یان لە هەڵسوکەوتی کەسێک، یان لە خوێندنەوە بۆ واقیعێک، لە زەینی خاوەنەکەیدا باڵ دەکێشێت، دروستی و نادروستی و بەدیهاتن و بەدینەهاتنی، پەیوەندی بە کۆمەڵێک هۆکارەوە هەیە".[ابراهیم، ٢٠٢٢: ٢٢] بە دیدی من شیکارییەکەی توێژەر بۆ وێنا دروستە، بەڵام دانانی وێنە بە photo و image بۆ وێنا نادروستە، هەرچەند دەنوسێ ئەوانەی image بە وێنە دادەنێن هەڵەن، بەڵام پێموایە بەڕێزیان کەوتوونەتە هەڵەوە، لەبەرئەوەی وێنەی شیعریimage ە، کە چەندین نامەی ماستەر و دکتۆرا بە زمانی کوردی لەبارەی وێنەی شیعری نووسراوە وimage یان بەکارهێناوە. بەڵام photo بۆ وێنەی فۆتۆگرافی photo دەگەڕێتەوە، فۆتۆگرافیش لەوشەی فۆتۆسphotos (ڕووناکی) و گرافیgraphe(نووسین)ە پێکهاتووە، واتە وێنەیەکی فیزیای کە بەهۆی ڕووناکییەوە لەسەر ڕووتەخێک دروست دەبێت. ئەو توێژەرە، وێنەی لە چوارچێوەیەکی واتایی بەرتەسکدا داناوە و وێناشی هێندە فراوان کردووە، کە سنووری جۆر و چەشنەکانی وێنەی گرتووەتەوە. هەروەها بۆ زیاتر پاڵپشتی بۆچوونەکەمان بۆچوونی دروستی شاهۆ صالح دەهێنینەوە، کە ٢٠٢٣ لە ماستەرنامەکەیدا وێنای بە Schema و وێنەی بە image داناوە و دەنووسێت: "وێنا(schema) مەبەست لێی کۆی ئەو زانیارییانەیە، کە وەک مۆدیلێک لە ئاوەزی ئاخێوەردا داکراون، وێنەکەش (Image) نمایندە و نوێنەری سەرجەمی وێناکەیە بەشێوەی وێنەیی، کاتێک ئێمە زانیاییەکی دیاریکراومان هەیە، دەبێت بگونجێت لەگەڵ ئەو مۆدێلەی، کە وێنای دەکەین، وێنەکەش دەبێتە هۆی نوێنەریکردنی ئەو زانیارییە دیاریکراوە، کە ئێمە وێنەمان بۆ کردووە.[حمەحسین: ٢٠٢٣: ٣٠]

## - زاراوەی وێنە لە فەرهەنگە کوردییەکاندا

وێنە لە زمانی کوردی و فەرهەنگە جیاوازەکاندا مانای جیاوازی هەیە، بۆ نموونە لە فەرهەنگی *هەمبانە بۆرینە*دا هاتووە، کە وێنە مانای: ١ـ وەکو- لە چەشن- ٢ـ شکڵ، ئەسک، ئەویَ-وا لەوێنە، ٥ـ تریان.[هەژار، ١٣٨١: ٩٦٣] دەبینین زۆرتر مانای هاتنەوەبەرچاو و شێوە، نموونەئاسا دەدات، ئەمەش لە وشەکانی (وەکو، لە چەشن، شکڵ)دا دەردەکەوێت، هەروەک ئاماژەی بۆ شوێنیش تێدایە، کە بەپێی شێوەزاری ناوچەیی (وا لەوێنە)، ئاماژەیە بۆ ئاڕاستەی شوێن. یاخود لە فەرهەنگی 'خاڵ'دا سەبارەت بە وێنە هاتووە: مانەند، لە وێنەی ئەمەم نەدیوە، فۆتۆغراف، لە ئەردەڵانیشدا قووڵینە، ناوی دێیەکیشە لە پێنجوێن.[خاڵ، ٢٠٠٥: ٤٩٧] لەم فەرهەنگەشدا وێنە جگەلەوەی ناوی شوێنە، هاوکات ڕەهەندی نوێی وێنە، وەک وێنەگرتن هاتووە، بەڵام مانا دووبارە و باوەکەی لە وەکو و نموونەئاسادا دەردەکەوێت. ئەگەر سەرنجبدەین وێنە لێکچوون، نزیکی و هاوشێوەیی دیوی دەرەوە و شێوە، ڕووخسار، چەشن و جۆرەکان لەبەرچاو دەگرێت. هەروەها لە فەرهەنگی *مەردۆخ*دا وێنا بە واتای: بیرهاتن، سۆراخکردن، ئاشنابەرچاوهاتن هاتووە، وێنەش واتای کراوەتەوە بە: (وەک، چوون)، (وەک) ئامرازی لێکچوون و بەراوردی نێوان دوو شتە، یاخود بەیەکگرتن و نموونە هێنانەوەیە، (چوون)یش وەک چوونیەکی و لێکچوو هاتووە.[کوردستانی، ١٣٨٨: ٧٥٣] لە فەرهەنگی 'کوردستان'یش، وێنە وەک نیگار، چەشن و نواندن هاتووە.[موکریانی، ١٩٩٩: ٩٠٢] وەک دەبینین لە فەرهەنگەکاندا وێنە مانای جیاوازی هەیە و زۆرجاریش لەگەڵ وێنادا تێکەڵ کراوە.

## - وێنە لە زمان و ئەدەبی کوردیدا

لە زمانی کوردیدا چەندین وشەمان هەن کە نزیکن لە یەکێک لە ئاماژەکانی وێنەوە، لەوانە: نموونە، بۆوێنە، وەک، لە چەشنی، لە شێوەی، یاخود وشەی بێوێنە ئەوەی، کە هاوشێوەی نییە. "ئاوێنە"، کە ئامێری نیشاندانەوەی شتەکانە، وەک ئاو-ێنە یان ئا-وێنە، کە ئاوی سروشتی بەرلە ئاوێنەبوونی شتەکانی نیشاندەدایەوە و مرۆڤ سێبەری خۆی تێدادەبینی، ئاوێنەش وەک ئاو ئەو ڕۆڵە دەگێڕێت. مەسعوود محەمەد پێیوایە، "ئاوێنە" لە ئاو+ێنە هاتووە، کەواتە ئاوێنە بە واتای لە ئاو داڕێژراو، دروستکراو، ئەوەی لە ئاودا دەردەکەوێت و ئاو دەیداتەوە و سێبەری شتەکان، دێت.[محەمەد، ١٩٧٦: ٥٠] بەپێی سەرچاوەکان لە زمانی کوردی -کرمانجیی ناوەڕاستدا، وشەی ئاوێنە بەرلە وێنە باوتر و دێرینترە. ئەمەش جێگەی سەرنج و وردبوونەوەیە، بەڵام لە زاری گۆران،

شێوەی هەورامی، شیعرەکانی بێسارانی، خانای قوبادی و مەولەوی وشەی وێنەیان بەکارهێناوە، بێسارانی دەنووسێت:

قیبلەم یە حەیفەن وێنەی تۆ شایێ

بگێرۆ بە دڵ خەشمی گەدایێ [بێسارانی: ٢٠٢١]

هەروەها خانای قوبادی لە کتێبی"سوڵتان ئیبراهیم و نۆشافەرین" دەنووسێت:

لەعل لەب نۆشا هەرتا کە تاوا

بە وێنەی سابر بەموراد یاوا [قوبادی]

لێرەدا مەبەست لە هاوشێوە و چەشن دەگرێتەوە. هەرچی مەولەوی شاعیریشە، بە هەمان مەبەست بەکاریهێناوە:

خەم وێنەی کەمان قامەت خەم بییەن

هەوارگەی قەدیم نە دەسش شییەن[مەولەوی، ڤەژینبکوس]

سەبارەت بە ئەدەبی زاری کرمانجیی ناوەڕاست، نالی شاعیر بە نموونە ئاوێنە، نەک وێنەی بەکارهێناوە:

مەفەرموو دڵ وەکوو ئاوێنە سافە

بەڵێ بەم ئایینە بۆی بووی بە خودبین [نالی، ڤەژینبکوس]

لە دیوانی نالیدا وشەی "وێنە" بەکارنەهاتووە، بەڵام "تەسویر" بەکارهاتووە:

مانی نیەتی قووەتی تەسویری برۆی تۆ

ئەم قەوسە بە دەستی موتەنەففیس نەکشاوە[نالی، ڤەژینبکوس]

هاوکات ئەوەی جێگەی سەرنجە مەولانا خالیدی نەقشبەندی وشەی وێنەی بەکارهێناوە:

بە داغ دەروون سوپای گوڵاڵان

بەیداشان ماوان وێنەی ئەوداڵان[مەولانا خالد، ڤەژینبوکس]

تێبینی دەکەین، زمانی شیعرەکەی مەولانا لە شێوەزاری گۆران نزیکە، لەبەرئەوە وشەی وێنەی بەکارهێناوە. هاوکات جگەلە نالی، سالمیش وشەی وێنەی بەکارنەهێناوە و تەنیا ئاوێنەی بەکارهێناوە، بەڵام سەبارەت بە کوردی وێنەی بەکارهێناوە:

لە ڕۆم و تورک و فارس وێنەی یارت نییە کوردی

لە چاوی بەد خودا حیفزی بکا بیللا دەڵێی حوورە[کوردی، ڤەژینبکوس]

لە سـەرجەمی ئەو بەکارهێنانە دێرینەی بۆ وشـەی "وێنە" هەمانە، مەبەسـت لە "هاوشـێوە-وەکو" و لێکچوونە، واتە شـتێک هاوشـێوەی هەیە، یان نییە، لەبەرئەوە بەپێی پشـکنینی ئەدەب / شـیعری کوردی بێت، ئەوا وشەی "ئاوێنە" لە "وێنە" کۆنترە.

وەک لێکـدانەوە و گریمـانە دەکرێـت بڵێین، زاراوەی وێنە لە دەنگی (و-ی-ێ) و (ێنە)وە سـەرچاوەی گرتووە، بەڵام لەبەرئەوەی لە زمانی کوردیدا بزوێن ناکەوێتە سـەرەتاوە ئەوە (و)ی نەبزوێن لە پێشـی هاتووە، بۆ نموونە لە شـێوەی زمانی هەندێک ناوچە، ئەم دەربڕینانە دەوترێن: (بێرە وێرەکانە-ئێرەکانە، وێسـتە-ویسـتا وەک ئێسـتا)، یاخود بۆ نموونە لە وشـەی وڕێنە، وڕ+ێنە، کە وڕی دەنوێنێت و مەبەست هاتنەناوەوەی ئەو وشە و دەنگانەیە، کە لە دۆخی خەو، نەخۆشی و وڕیدا دێنە دەرێ. لە درۆێنەشـدا کە دەشـێ لە درو+ێنەوە هاتبێت، ئەوەی شـتێک هەڵدەگرێتەوە و ئامادەی دەکەیت، وەک لە فەوتان و خەسـارەبوون ڕزگارکردن، کە ئەمەش بۆ لایەنێکی وێنە دروستە. دانانی (ێ،و) بۆ دەرچوونە لەو بنەمایەی زمانی کوردی – کرمانجیی ناوەڕاست، کە نابێت بزوێن لە سـەرەتاوە بێت. هەروەک ئاماژەمان بۆ کرد، دەکرێت وەک مەسـعود محەمەد بڵێین لە (ئاو+ێنە) هاتووە، کە مەبەسـت لە ئاوێنەکە نەبووە، بەڵکو سـەرەتا (ئاو) بووە، دواتریش وشـەکانی دیکە لەمەوە هاتوون، بەڵام (وێ - ێنە) لە زۆرێک لە وشەکانی دیکەدا وەک بنەمایەک بۆ لێکچوون-وێکچوون-وێچوون، وێککەوتن، وێکهاتن، هاتووە، هەروەها وشـەکانی لێکچوون، لێچوو، لەوچوو، هاو-شـێوە، وەکیەکی، لەبەرگرتنەوە و لاسـاییکردنەوە، نواندن، هەمان، هاوشـێوە، چەندین وشـەی دیکەمان هەن، کە لە دۆخ و بەستێنی(سیاق) جیاوازدا مانایەک لە ماناکانی وێنە دەدەن.

لەگەڵ ئەوەشـدا (وینا) لە ئەردەلانیدا مانای "بینا" وەک بینایی دەدات، کە سـەرچاوەی دیتنە، لەبەرئەوە وینا لە ڕووی دەنگەوە لە "وێنە"وە نزیکە، دەکرێت بە سـەرچاوەی وشـەکە دابنرێت، ماناکەش پاڵپشـتیدەکات، چونکە وەک لە فەرهەنگی *خاڵ*دا هاتووە، وینا بەو کونەش گوتراوە، کە تەماشـای شـتی پێدەکرێت، واتە گۆشـە و ڕووناکیی بینین، هەروەها (وێناهی)ش بە مانای بینایی و لێکچوون دێت.[خاڵ، ٢٠٠٥: ٤٩٧] ئەم دەنگانە نزیکن لە یەکدییەوە، وەک وشـەی "هاوێنە"، مەبەست نیشـاندانەوە و دیاریکردنە، کە هاوێنە وەک ئامێری دیاریکردن و بینین دێت و لە زمانی کوردیشـدا وشـەیەکی دێرینە. بە گشـتی ئەوەی تێبینی دەکرێت، وشـەی "وێنە" لە زمانی کوردیدا، وشـەیەکی دێرین و هاوچەرخە، لە ڕواڵەتدا هاوچەرخ و لە هزر و پێکهاتە و خەملێنیدا دێرینە، لەبەرئەوە لەنێو ماڵی زمانەکەماندا خۆگرتوو و چالاکە، بە جۆرێک بەراورد بە زمانەکانی دیکە، کە چەندین وشەیان

بۆ وێنە هەیە، ئەم کەمتر ڕێگەی بەوەداوە و خۆی بەشـــێک لەو ڕۆڵە واتاییانەی هەڵگرتووە. لە خوارەوە هەندێک زاراوە دەخەینەڕوو، کە هاوبەش و جیاواز و لێکچوونی لەگەڵ وێنەدا هەیە.

## - وێنە و چەند زاراوەیەکی جیاواز و نزیک لێی

وێنا و وێنە: ئەم دوانە جیاوازن، "وێنە" پابەندی نواندن، هاوشـــێوەیی، وەکیەکی شـــت، واقیع و کەســـەکانە؛ واتە لێوەرگیراو و هەڵگرتنەوەیە لە واقیع و کەس و هۆش و ئاگایی، بەڵام "وێنا" کردە و پرۆسەیەکی هزری و هۆشـەکییە لەنێو بیرەوەری و ئەندێشـەماندا کاردەکات و شتە پێشتر بینراوەکان دەهێنێتەوە پێش‌چاوی هزریمان، واتە هێنانەوە و دروســتکردنەوەی شــتەکانە لەنێو هزردا، کە پێشــتر بینراون، ئەمەش جیاوازە لە وێنە کە بەردەم و بەرچاوە و نیشاندەرەوەی ئەو شتەیە لە پێشمانە. وێنا نـاچـار بە وێنەیە، چونکە ئەوەی وێنـای دەکەین، لە هێنـانە زمـانـدا بە وێنەی دەکەینەوە، کە دەبێتە وێنایەکی بە وێنەکراو، هەروەک دەشـــێ وێنەیەک وێنابکرێت، لەم وێناکردنەشـــدا بە خســـتنەڕووی دەیکەینەوە بە وێنە، ئەگەر وێنا هاوتای واقیع و شـــتەکە بێت، وێنەیە و ئەگەرنا وەک دید و بۆچوونی کەسەکە دەمێنێتەوە، لەبەرئەوە لە زمانی کوردیدا وێنەکێش و وێنەگریش بەکاردێت. ڕووداو و شتەکان لەبەردەم وێنا و وابینیندا دەوەسـتن و وێنەیان لێوەردەگرێت، لەم وەرگرتنەدا، پرۆسـەی گواسـتنەوەی وەک‌خۆ و لەخۆی باشـتر و نزیک و دوور لە شـت و کەسـەکان دێتە پێشـەوە،[ئەریسـتۆتالیس: ٢٠٠٤، ٥٨] چونکە وێنـا هەمەکی و پێشـــبینیکەر و ئـاڕاســـتەکەرە، بەڵام وێنە لادیمەن و بەش و لەبەرگیراوەکەیەتی، کە وەک لاســـاییکەرەوەی وێنـایە، لەبەرئەوە هەنـدێکجـار وێنە ئەزموونی دووبارەکردنەوەی وێناکردنەکانە، وەک ئەوەی ئەفلاتون بەپێی بیروباوەڕی ئایدیالیســـتانەی پێیوابوو دووجار دوورکەوتنەوەیە لە ڕاسـتی. کەواتە وێنا لەسـەر وەرگر و بەرهەمهێنەرەکەی وەسـتاوە، بەڵام وێنە بەرهەمهاتووەکەیە، وێنە یەکە، بەڵام وەرگر هەمان وێنە وێنا دەکات.[Mitchell ، ١٩٨٦: ١٣]

**ئیـدۆل** Idole: ســـنوورێکی وێنەکەیە، لەو مۆدێلەی لێیەوە وێنەکەی وەرگرتووە، بێجگەلە فانتازیاکەی هیچ ناهێڵێتەوە، واتە ئەوەیە کە پێشـــنیازی بینینی دەکات، وەک ئەفلاتون لە کتێبی شـــەشـــی لە کۆماردا جەختی لەســـەر دەکات، بۆ نموونە نیگارکێش وەکخۆی نوێنەرایەتی کاری پیشـــەگەران نـاکـات، بەڵکو وەک ئەوەی چۆن دەردەکەون.[پیراود ونـک، ١٣٩٠: ٦٢]، تـابلۆی هونەرمەنـدێک لە وێنەی وێنەگرێک جیـاوازە، تـابلۆ نوێنەری خەیـاڵ و وێنـاکردنێکە، بەڵام وێنە نوێنەری واقع و شت و کەسێکە.[سکروتۆن، ٢٠٢٣: ٨٢]

ئایدیال Idéal : ئەفلاتون دژی هەموو شـــتێکە کە لە ڕێگای هەســـتەکانەوە پێیاندەگەین، واتە ئەوەی ماددییە و لەبەردەســتە، چونکە پێیوایە، ئەو لایەنە ماددییە تەنها بە نێوەندی هەسـتەکانەوە حوکمـان داوە، نەک بە لێکدانەوەی هزری. بۆیە ئەفلاتون لەلایەن زۆرینەوە بە ئـایدیـالیســـت دادەنرێت.[کەمال، ٢٠١٠: ٢٣] ئەگەر بە زمانێکی سادە بیڵێین، ئیدیال دەکاتە هەرچی "نییە"، بەڵام لە هزردا، بە نێوەنـدی بیرۆکە و هزر "هەیە" و وەک واقیعێکی مـاددی بوونی نییە.[مەحمودزادە، ٢٠١٧]، بۆ نموونە، پەیکەرتاش پێش ئەوەی نموونەکەی ســازکردبێت، بیرۆکەکەی هەبووە. کەواتە ئایدیال مەڵبەندی ڕاســـتەقینەی شـــتەکانە و بنەمایە، ئەوەی هەیە بۆ ئەم دەگەڕێتەوە، بۆیە وێنە نوێنراوەی ئایدیاڵە.[هایدیگەر: ٢٠٢٣: ١١٤]، ئایدیالیش چەشنە وێناکردنێکە.

**خەیاڵ Imagination:** لە لاتینی، واتە (وێنە، بینین). توانای مێشـــکە بۆ پیشـــاندانی وێنەکان، یان ئامادەگی و هاوشـــێوەکردنی وێنەی بابەتەکانن، کە پێشـــتر درکیانپێکراوە. هەروەها دەکاتە توانای بەرهەمهێنان و ئاخافتن لەگەڵ هەستەکان و بیرۆکە نوێیەکانی هزر، بەبێ ئەوەی کاریگەریی ئانوساتیی هەستەکانی بەسەردا زاڵبێت، یاخود بە بێ بەشداری دەستبەجێی هەستەکان.[سەلمان، ٢٠٢١:]

**ئەندێشە Imagerie:** "وێنەسازی" پێناسەی کۆمەڵێک وێنە دەکات، یان هەمان بنچینە و ستایلێکی پێناســـەکراویان هەیە، یاخود هەمان شـــێواز و ژانریان هەیە، وەک (وێنەیەکی بەناوبانگ). دەبێت بچینەوە سـەر وشـەی (وێنە) ئەم پێشـکەوتنێکی بەخۆوە بینی، ئیدی زاراوەی (وێنەسـازی) بەدوای خۆیدا هێنا. بەو جۆرە، ئاماژە بە کۆمەڵێک فیگور و میتافۆر دەکات لە بواری زماندا، یان کۆمەڵێک وێنەی هزری و دەروونی کە لە مێشکدا پێکدێن. [سەلمان، ٢٠٢١]

**فیگۆر Figure:** شێوەی دەرەکییە لە بابەتێک، یان لە کۆی پێکهاتەیەک. نوێنەرایەتی بینراوە (لە یەکێک، شـتێک)، بە شـێوەیەکی گرافیکی، یان پلاسـتیکی، واتە بە نیشـانە، یان هێڵەکان نوێنەرایەتی دەکات، تاکو شـێوەکان لەسـەر ڕووکەشـێک دەربخات. هاوکات دەکرێت تایبەت بێت بە نووسـینێک کاتێک توێژینەوە لە بارەی کۆمەڵێک فیگۆری ئەدەبی، کتێب، کەسایەتی، نووسەر، گێڕەرەوە دەکات.

**ئایکۆن Icon:** وشـــەیەکی یۆنانییە و بە واتای وێنە یان لێکچوو، یاخود نووســـینی پیرۆز دێت. هەرچی لە زمـانی لاتینیدایە (Imago)ی بۆ بەکـاردەهێنرێت، لەبەرئەوە ڕیشـــەی وێنە و ئـایکۆن هـاوبەشـــن. ئـایکۆن لە کۆنـدا پەیوەســـتبووە بە بیری پیرۆزەوە، بەڵام وەک میتۆد و بەڵگەیش بەکاردێت، کە دەمـانگەیەنێت بە واتـا یـان ئەو بـابەتەی واتـاکەی دەگەیەنێت. ئـایکۆن کۆی وێنەی بینراو و زەینی دەگرێتەوە.[mitchell ، ١٩٨٦: ٣٢] دواتر لە زمانناســیدا پێرس وەک ڕەگەزێکی بابەت ســەیریکردووە و پێیوایە ئایکۆن نیشــانەیەکە ئاماژە بۆ بابەتێک دەکات، کە بە ســروشــتی خۆی

گوزارشتی لێدەکات، چونکە نیشانەکە هەڵگری ئەو سروشتەیە، لەبەرئەوە ئایکۆن لەسەر بنەمای پەیوەندیی لێکچوونی دال و بابەت دەبێت، واتە لێکچوون لەنێوان نیشانە و شتی نیشانەبۆکراو دروستدەکات.[عەلی، ٢٠١٣: ١٠٢] بەڵام سۆزان لانگەر پێیوایە، وێنە یان ئایکۆن ڕەمزە نەک وێنەی شتەکە بێت.[سجودی، ١٣٨٢: ٣٦] ئایکۆن هەرشتێکە کە ئاماژە بۆ شتێکی تر بکات، بۆیە هەر شتێک دەتوانێت ببێتە ئایکۆن بۆ شتێکی تر. زۆرجار لە زمانی ڕۆژانەدا گوێمان لێدەبێت فڵان بووەتە ئایکۆن، یاخود فیگۆر، مەبەست ئەوەیە کە بووەتە ناو، دەرکەوتووە. دەرکەوتنەکەی نوێنەرایەتیی ئەو شتە دەکات، کە پێی دەرکەوتووە. فیگۆر و ئایکۆن وەک نیشانە و وێنەیەک ئاماژە بۆ شتێکی جیاواز لە خودی شتەکە دەکەن، یاخود وەک تاکێکی ناسراو و فیگۆرێکی هونەری و کەسێتییەکی پیرۆز، هەروەها وشەیەک یان نیشانەیەک دەگرێتەوە کە پشت بە شتێکی تر دەبەستێت و ئاماژەی بۆ دەکات. [پیراوی‌ونک، ١٣٩٠: ٥٢] تەنانەت بەرلە سەردەمی تەکنەلۆژیا، بنەڕەتی وێنە، بۆچوون وایە، کە وێنەی خوا بووە، وێنەی مرۆڤیش لە خواوە سەرچاوەیگرتووە.[Mitchell ، ١٩٨٦: ٣٤]

لەم چەمک و زاراوانەی خستمانەڕوو، دەردەکەوێت کە ڕەهەند و شێواز و جۆرەکانی وێنە سەرچاوە و لێکەوتەی پەیوەندییەکی فرەلایەنن، لەبەرئەوە وێنە لە تۆڕێکی پەیوەندیی جۆراوجۆردایە، کە هەرچەندە خۆی وەرگیراوە، بەڵام بووەتە سەرچاوە و نوێنراوەی چەندین زاراوەی تر. لەنێو ئەم چەمک و زاراوانەدا تێبینی دوو ئاراستەی سەرەکی دەکەین، یەکەمیان سەرچاوەکانی وێنەسازین وەک ئەندێشە و ئایدیا، دووەمیش لێکەوتە و دەرکەوتەی وێنەن وەک ئایکۆن و فیگۆر، لەبەرئەوە لە خوارەوە لەبارەی وێنە لە ئێستادا هەڵوەستە دەکەین، تا ڕەهەندە دەرکەوتوو و واتاییەکانی لە ئێستادا دەربخەین.

## – وێنە لە ئێستادا

دیارە مێژووی وێنە هێندەی مێژووی زمانە، چونکە خودی زمان وێنەیە، بەڵام لەگەڵ پەیدابوونی ئاوێنەدا وێنە بووە سیحر و ئەفسونێک بۆ مرۆڤ، کە بوونی خۆی تیا بینییەوە. چەندین تیۆری دەرونشیکاری لەبارەی ئاوێنەوە بۆ خوێندنەوەی کەسایەتیی مرۆڤ، بوونی و گەشەکردنی نووسراوە.[1] وێنە لە تێگەیشتنی سەردەم و قۆناغەکاندا گۆڕانکاری زۆری بەسەرداهاتووە، بەڵام

[1] ـ قۆناغی ئاوێنە و لەخۆڕوانین لای دەرونناسەکان لێکدانەوەی جیاوازی بۆ کراوە. لەلای فرۆید و لاکان تیۆرییگەلێک سەبارەت بەم قۆناغە هەیە، لاکان پێیوایە، مرۆڤ پێش ئەوەی فێری زمان بێت بە قۆناغی ئاوێنەدا دەڕوات. ئەم قۆناغە لە

لەم سەردەمەدا پاش داهاتنی کامێرا، فیلم و سینەما و موبایل، وێنە دەستەڵاتێکی فراوان و گرنگی پەیداکرد، بووە شۆڕشێکی هەمەلایەن لە تێڕوانین و جیهانبینیماندا، بە جۆرێک هەموو دنیا بە وێنەکان تەنراوە و حوکم دەکرێت و حوکم دەکرێین، ئەوەی نەیەتە ناو پانتایی وێنەوە وەک نەبوو و نەبینراوە، ئەوەی وێنەکان پاڵپشتی نەکەن بێ ڕووداو و کاریگەرین. ئەمڕۆ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان گەورەترین پانتایی کۆبوونەوە و کردە و چالاکیی مرۆڤەکانن. بنەڕەتی ئەم تۆڕانەش لەسەر نمایش و وێنە وەستاوە. وێنەیەکی ڕەمزی فلتەرکراو، ئاڕاستەکراو و ئاڕاستەکەر، بە جۆرێک مرۆڤ و جیهانێکی نوێی ئۆنلاینی دروستبووە، کە هەموو شتێک بە ڕەمزی دەکات و دەیخاتە ناو ئەم تۆڕەوە، ئەوەشی نەیەتە ناو یەکێک لە تۆڕەکانەوە ون دەبێت یان نابینرێت، یاخود دوادەکەوێت.

هاوکات بەهۆی فرەیی تۆڕەکان و ئاڵۆزبوون و خێرایی ژیان تێبینیی پاشەکشەی نووسین بۆ وێنەدەکەین، بۆ نموونە ئیمەیڵ زیاتر بە نووسین بوو، بەڵام فەیسبوک زیاتر پشت بە وێنە دەبەستێت، لە فەیسبوکیشەوە بۆ ئینستاگرام و تیکتۆک بگوێزینەوە، کە ئەمان درەنگتر دەرکەوتن، دەبینین لە فەیسبوک چانسی نووسین زیاترە تا ئەمان. کەواتە ڕۆژبەڕۆژ پانتایی نووسین تەسکتر و وێنە فراوانتر دەبێت. پەرەپێدەرانی بواری تەنکەلۆژیا کار لەسەر بەرزکردنەوە و زیادکردنی بەرنامەکانی وێنەگرتن و دەستکاری کوالیتی و مۆدێلی وێنە دەکەن، ئەو بەرنامە و کامێرا جیاوازانەی ڕۆژانە لە موبایلە جیاوازەکانمانەوە دەستدەخرێن بەڵگەی ئاشکران بۆ خواستی وەرگری وێنە تا نووسین، بێ هۆ نیە سینەما زیاتر لە ڕۆمانخوێندنەوە ئامادەیی هەیە. ئەگەر کەمێک زیاتر بۆ پێشتر بگەڕێینەوە، ئەم پەلامار و هێرشە بۆ سەر نووسین ئامادەیی هەر هەبووە، چونکە کاتێک سەرەتا کامێرا داهات، هەرچەند شۆڕشێک بوو، بەڵام شەڕێکی گەورەش بوو بە وێنەکێشان و هونەرمەندان. "وێنەگرتن هەر لە سەرەتای بەدیهاتنی لە ساڵی ١٨٣٠ لەگەڵ وێنەکێشاندا لە گفتوگۆ و شەڕدا بووە، لە ساڵی ١٨٣٩ دا، وێنەکێشێکی فەرەنسی بە پەلە ڕایگەیاند کە لە ئەمڕۆ بەو لاوە وێنەکێشان مرد[کاتینگتۆن، ٢٠٢٢: ٨٥]، لەبەرئەوە ئەمڕۆ تێکستە وێنەییەکان باڵیان بەسەر هزری وەرگرەوە کێشاوە، ئەمەش بەپاساوی کەمیی کات و خێرایی وەرگرتن.[عەبدولکەریم، ٢٠١٨]

هاوکات سەردەمی ئەمڕۆ بەهۆی تەشەنەسەندنی تەکنەلۆژیاوە گۆڕان بەسەر ژیان و واتای بوونمان هاتووە، بە جۆرێک جیهانبینیمان بۆ کۆی بوون بە بوونی مرۆڤ و جیهان و دیاردەکانەوە گۆڕاوە. ئەوەمان تێپەڕکردووە لەبری جیهان وێنەی جیهان و لەبری مرۆڤ وێنەکەی گرنگ بێت،

---

شەش تا هەژدە مانگی سەرەتای منداڵ(ساوا)و پێش فێربوونی زمان دێتەئاراوە، کە بریتیە لە رووبەڕووبوونەوەی ئەویتری بچوک و پڕکردنەوەی درز و دابڕانی، کە خۆی وەک کاملێک دەبینێت. بڕوانە: [هەرێم عوسمان، ٢٠١٨: ٢٨]

بەڵکو نمـایش و وێنەســــازیی و فلتەرکردنەکـان گرنگن، یەکپـارچەیی مرۆڤ و جیهـان کەرتبووە.[عوســـمان، ٢٠٢١: ٦٤] چیتر چەمکە کۆنەکان لە بوار و کایە جیاوازەکان ئیشـــناکەن، ئەمەش لە سـەرەتاوە یاریدەی دەرکەوتنی کۆمەڵێک پیشـە و چەمکی هەمەلایەنیدا وەک "شـۆڕشـی زانیاری و تەکنەلۆژی"، هەروەها چەمکی "کۆمەڵگای نمایشـــی"، کە گەی دی بۆر بەکاریهێنا، یاخود "کۆمەڵگای ڕەمزی"، "کۆنترۆڵ و ســـزا، یاخود کۆمەڵگای چاودێریکراو و کۆنترۆڵکراو"، ئەمانە و دەیـان چەمکی تر زادەی شـــێوەی ژیـانی نوێن، کە بیرکردنەوە و توانـای بڕیـاردانی مرۆڤی نوێی داگیرکردووە. ئەمە وێڕای دروستکردنی پەیوەندی و بواری نوێ کە دەیان کتێب و ناوەندی توێژینەوە لە وێنەکان ســەریهەڵدا، بەشــێکیان لە چوارچێوەی ئەو تیۆرییانەن لە بواری بینراو و دیدەیین(وێنەگر، وێنەکێش، ســـینەمـا، پەیکەرتـاش..هتد) کە بەرامبەرن بە تیۆرەکـانی بواری زمـان و گوتن، هـاوکـات تێهەڵکێش لەنێوان ئەم دوو لایەنەدا بە چڕی دەبینرێت، بەتایبەت لە بواری ســینەماناســیدا، پەیوەندیی سینەما بە بوارە جیاوازەکانی ئەدەب، فەلسەفە، کۆمەڵناسی و زمان...هتد.[Ross، ٢٠١٦: ٤٣]

ئەمڕۆ سینەما و وێنە بە قووڵی هاتوونەتە ناو هزری مرۆڤی ئەم سـەردەمە. وێنە شـوێنپێی هەموو پـانتـایی و شـــتەکـانی هەڵگرتووە و جێی خۆی لە بڕیـاردان و بیرکردنەوەمـان داگیرگرتووە. لەم ســــەردەمەدا زاراوەی فۆتۆ، وێنەگرتن و ســـێڵفی و مۆنتاج، وێنەی ڕاســـتەقینە و دروســـتکراو و دەســـتکاریکراو زۆر جێی باســـە. دیارە فۆتۆگراف (photograph) لە ڕووی زاراوەییەوە، لە phōs و graphein پێکهاتووە، کە بە مانای نووســـینێک دێت، ڕووناکی هەیە، یان دەکەوێتە بەر ڕووناکی. ئەو پەیوەندییەی لەنێوان وێنە و ڕوناکییەکەیدایە وەک چاو و ویناوە بۆ بینین و ڕووناکی، بۆ ڕۆشنکردنەوە و دەرخســتن و خســتنەبەرچاوی شــتە بینراوەکە، لەبەرئەوە وێنە بریتییە لەو ڕووناکییەی ڕۆشــنایی دەخاتە سـەر شتەکان و نیشـانیاندەدات.[Purcel ٢٠١٠: ١٦] ئەمەش بەهۆی بینینەوە دەلوێت، شـاشـەی کامێراکانیش ئیسـتا ڕۆڵی ئەو ڕۆشـناییخسـتنە دەبینن، بەڵام لە ئێسـتادا کامێراو فیلمەکان تەنیا نیشـان نادەن، بەڵکو ڕۆڵی کۆنترۆڵ و چاودێریی و ئاراســـتەکردنی مرۆڤیش دەبینن. ڕۆماننووس ڕووناکی هزر و ئەندێشـەی دەخاتە سـەر ڕووداو و کەسێتییەکان، مێژوو و شـۆڕشـەکان...هتد دروستیاندەکاتەوە و نیشـــانیاندەدات، دەیانخاتە ناو پەیوەندیگەلێکی نوێی زمانەوە، واتە جارێکی دیکە ئەو کەســـێتی و ڕووداوانە لە چوارچێوەی گێڕانەوە و زمـانـدا دروســـتـدەکـاتەوە. بەهۆی مێژووی دێرینی وێنە و دەسـتەڵاتی بەرینی بەسـەرماندا و ئامادەیی بەرچاوی لە ئێسـتادا، ئاوڕ لە هەندێک ڕەهەند و ڕوانگەی جیاواز سەبارەت بە وێنە لە کایە جیاوازەکاندا دەدەینەوە.

## یەکەم ـ وێنە لە ئایینەکاندا

وێنە پەیوەندییەکی نزیکی بە هونەرەوە هەیە، بە تایبەتی وێنەکێشـــان و پەیکەرتاشـــی، ئەم دوو هونەرەش مێژوویەکی دێرین و ســــیمبولییـان هەبووە و هەیە. لە زۆر کۆنەوە پەیکەر و

پەیکەرتاشـــی، ســـەرچاوەی پیرۆزیی و پەرســـتن بوون. پەیکەری خوداکان، بەرجەســـتەکردنی پەیوەنـدی مرۆڤ بە خودا و نزاکردنی، لەبەرامبەریـان واقیعییەتێکی مێژوویی و هونەریی هەیە. کاتێک ئایینە ئاسمانییەکان دێن، ڕووبەڕووی ئەم نەریتە ئایینیی و هونەرییە دەبنەوە، کە بەشێک لە ئایینەکان پەیکەر و پەیکەرتاشـــی بە حەرام دەبینن و وەک ئەوەی خودا وێنەســـازێکی بێ وێنەیە، ناکرێت خودا وێنە و وێنا بکرێت، پەیکەریش بریتییە لە لەبەرگرتنەوەی خودایەک کە ناگیرێت و بەرجەســـتە نـابێت، لەمەوە کـاری هونەرمەنـد، پەیکەرتـاش و وێنەکێش دەبێتە جۆرە کـارێکی خوداییـانە، کە ئەوانیش وێنەبەخش و بەرجەســـتەکەرن، کە ئەمە لە کـاری مرۆڤەوە دوورە و ڕێگەپێنەدراوە.[حسینی، ١٣٩١: ٥٤]

هاوکات وێنە نیشـاندان، خســتنەڕوو و ئامادەکردنی شـتێکە کە خۆی دیار نییە، بۆیە وەک پڕکردنەوەی بۆشایی شتەکەیە، لە دیارنەبوونی خودادا پەیکەرەکە ڕۆڵی جێگرەوەی خودای بینیوە، دواجاریش ئەمە ســەریکێشـاوە بۆ پەرســتشــی پەیکەر خۆی، کە نمایشــی خودایەکی نادیارە. وێنە نکوڵی لە شـــتە نادیار و ونەکە ناکات، بەڵام بە شـــتێکی دیکە قەرەبووی دەکاتەوە و دەیخاتەڕوو، هەروەک "ماســک کە خۆی وێنەیەکە و لە ڕێگەی هێنانی دەموچاوێکی جیاواز بۆ ســـەر جەســـتە، ئـامـادەییەکی ئـایکۆنی دروســـتـدەکـات".[Belting، ١٩٩٤: ٤٣] لە ئـایینـەکـانـدا وێنە و پەیکەرەکـان نوێنەرایەتی و وێنای خوداکانیان کردووە؛ ئەو خودایانەی ئامادەییەکی فیزیکیان نەبووە. [Belting، ٢٠١٦: ٢٣٦] ئەم نا-ئامادەییە بەهۆی هونەرەوە بوونی پیرۆزیی ئامادەکردووە، واتە وێنەی خودا بووەتە خودی خودا، ئەمەش لە ئایینەکاندا ســەرچاوەی بە کەمگرتن و بەرزگرتن، حەرام و حەڵاڵی هونەرەکان بووە.

وێناکردن و وێنەکێشـانی خوداکان ســەرچاوەی دامەزراندنی ئایینە بینراوەکان بوون، واتە ڕۆژپەرســتی و خۆرپەرســتی؛ خودا بەرجەســتەکان. هەروەها لە ئایینە ســەرەتاییەکاندا جەســتە زیندووەکان لە توێی سەما و دەنگەوە بۆ تارمایی دەگۆڕان. لە کەلتوور و ترادسیۆنی مەسیحیشدا پەیکەر و وێنەکان بە جۆرێک مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، کە ڕەفتاری جەســـتەی زیندوو دەکەن، وەکو گریان، ئەنجامدانی موعجیزە، گەڕان بە دوای شارەکانی خۆیاندا، هەروەها گێڕانی پەیکەرەکان وەک گێڕانی نوێنەری خودایە بەناو شـارەکاندا، "پەیکەری مەسیح بەناو شـارەکاندا دەگێڕدرا، وەک ئەوەیە، کە مەســـیح بگێڕرێت".[Meyer ، ٢٠١٢: ٣٤] ئەمە ڕۆڵی پەیکەرەکـان بووە وەک نوێنەر و جێگرەوە، کە مەسیح زیندووە و خۆی بەناو شـارەکان و لەناو خەڵکدا دەگەڕێت، هاوکات وەسـتان لەبەردەم پەیکەری مەسیح وەک وەستانە لەبەردەم مەسیح خۆیدا. توێژەران ئەم بەرجەستەکردنەی

خوداکان، وەک سـەرچاوەی ئایینی بینراو دەخوێننەوە و هەڵوێسـتی دوو لایەنەشـیان بەرامبەر گرتووەتەبەر.[Belting، ٢٠١٦: ٢٣٧] لەبەرئەوە وێنە و پەیکەر لە ئـایینەکـانـدا ڕۆڵی دوولایەنەی گێڕاوە، سـەرچاوەی پیرۆزی، خراپە و کفر بووە، ئەمەش بەهۆی سـەیرنەکردنی وێنەیە وەکخۆی، کە مانا ڕەمزییەکەی مەبەسـت بووە. هاوکات بەپێی وەرگرە ئیماندارەکانیش ماناکەی دەگۆڕێت، واتە وێنەکان لە هەندێک لایەنەوە ڕۆڵی ئامادەبوون و زیندووراگریان هەیە، بۆ نموونە وەسـتان لەبەردەم وێنەی مەسـیح یان عەلیدا بۆ مەسـیحیی و شـیعەکان مانای ئامادەبوونە لەبەردەم پیرۆزییدا، چونکە ئەو دوانەش دیسان نوێنەرەوەی خودان.[Fowden ، ٢٠١٤: ٤٢]

لەگەڵ ئەوەشـدا بۆ ئەوانەی باوەڕی جیاوازییان هەیە، شـکاندنی بتەکان ئەرکێکی گەورەی ئایینی بووە، لەبەرئەوە لەم نەریتەدا "باوەڕ و دژایەتی ئایکۆنەکان هەمان شـتن"[visel، ٢٠١٦: ٤١] چونکە هەردوولایەن لەسـەر جێگرتنەوە و لابردنی ئەویتریان وەسـتاوە. لە سـەردەمە کۆنەکان و ئێسـتاشـدا وێنە و پەیکەرە جیاوازەکان سـەرچاوەی ململانێ و شـەڕی نێوان لایەنە جیاوازەکانە؛ پەیکەر و وێنەی ئەم بڕوایە لەگەڵ پەیکەر و وێنەی باوەڕێکی جیاواز لە ململانێدان؛ تەورات پڕیەتی لە نەفرەت و پەلاماردانی وێنەی خودای هۆزەکانی دیکە، ئەوانەی ئیسرائیلییەکان شەڕیان لە دژیان بەرپا کردون. لەسـەردەمی مۆدێرنیشـدا وێنە ئایینییەکان دوچاری ئەم ململانێیە بوون، بۆ نموونە بڵاوکردنەوەی وێنەی مەسیح و ڕیکلامی ئایینی جیاواز لە ئیسـلام لە کۆمەڵگایەکی ئیسـلامیدا. لە لای جولەکە جەختێکی توند لەسـەر وێنەکان و ڕێپێنەدانیان هەیە، نەک تەنیا لەبواری بەکارهێنانی ئایینیدا، بەڵکو جۆرە جیاوازەکانی وێنەی بینراویشی گرتووەتەوە.[Unger & Others، ١٩٨٨: ٨٣٠]

لە ترادسـیۆنی جولەکەدا کۆنترین دژایەتی وێنەکان دەبینین، لای ئیسـلامیش دژایەتیی ئەو وێنانە دەبینین، کە لە کەنیسـەکانی مەسـیحدا هەن، بە واتایەکی دیکە هەر ئایینێک دژایەتی پەیکەر و وێنەکانی بەرلە خۆی کردووە. بێگومان ئەم دژایەتییە پەیوەستبووە بە ڕۆڵی وێنە و نمایشی ئایینەکان و پیرۆزییەکان کە لەو بەرهەمانەدا ڕەنگیانداوەتەوە، کەواتە پەیکەرێکی مەسـیح لەبەر وێنەدانەوەی پیرۆزییەکەی ڕێپێگیراو، یان ڕێپێدراو بووە. وەک لە مێژوودا دەیخوێنینەوە لە هەندێک لە ئایینەکان بوونی پەیکەر و وێنەکـان ڕێپێنەدراو بووە، بەڵام لەبەرامبەر ئەمەدا لە مەسـیحییەتدا وێنە ڕۆڵی ناوەندیی لە بڵاوکردنەوەی ئایینەکەدا دەگێڕێت، بەمەش میراتی جولەکەیان تێکشکاندووە.

لە ئایینی جولەکەدا کێشانی وێنەی خودا بە هەموو شێوەیەک ڕێپێنەدراوە. ژمارەیەک لە کۆپییە جیاوازەکانی تەورات بۆ نموونە "تەناخ" ئەم ڕێپێنەدان و دژە وێنەکێشان و لە فۆرمگرتنە بۆ بتپەرستی

دەگەڕێنێتەوە، لەبەرئەوەی خودا بەرجەستەنابێت. کەواتە هەر جۆرە وێنەکێشانێک دژ و ناتەبایە لەگەڵ بیروباوەڕدا، چونکە بوونی خودا وێنە و وێناناکرێت. لەو دە فەرمانەی ناو ئایینی جولەکەدا، کە بەهێزترین سەرچاوەیە و بنەمای شەریعەتی جولەکەکانی لەسەر دامەزراوە، هاتووە: "بەهیچ شێوەیەک پەیکەرێکی داتاشراو، وێنەیەک بۆ ئەو شتانە مەکێشە، کە لە ئاسماندا هەن، ئەوانەشی لەسەر زەوین، ئەوانەش لەژێر ئاودان، کڕنوشـــیان بۆ مەبە، خزمەتیان مەکە، لەبەرئەوە من خودای تۆم و زۆریش غیرە دەکەم".[الكتاب المقدس، ســفر الخروج ٦-٣-٢٠] ئەگەر ئەم دەقە وەک قســەی خودا وەربگرین، ئەوا خوداش وێنەکان بە جێگرەوە و نزیک دەبینێت، کە تا ئاســتی غیرەکردن دەڕوات، یاخود لە لاوییەکاندا هاتووە، "هەرگیز بت دروســت مەکە، پەیکەر بەرزمەکەوە، بەردی داتاشــراو لەناو خاکی خۆتان بە مەبەستی سوژدە بردن دامەنێن".[الكتاب المقدس، سفر، اللاويون -١-٢٦] لەم دوو ئایەتەوە دەردەکەوێت، پەیکەرتاشی و وێنەکێشی ڕێپێنەدراوە، کە ئەمەش گرنگی وێنە دەردەخات.

**١ـ وێنە لە مەسیحییەتدا:**

یەکێک لەسەرچاوەکانی پیرۆزیی و بەهای پەیکەرەکان بۆ ئایینی مەسیحییەت دەگەڕێتەوە، کە وەک شتێکی سەرنجڕاکێش وێنەکێشان و پەیکەرتاشی بۆ یەکەم جار هاتە ناو کۆبوونەوەی مەسیحییەکان و گۆڕستان. لە سەرەتادا کەس دژایەتی و پاڵپشتی نەکرد، پێش ساڵی ٣٠٠ز هیچ ئەدەبیاتێکمان لە مەسیحییەتدا نییە دژایەتیی وێنە بکات. بە شێوەیەکی بەرچاو لە ماوەی نائاسایی دژە ئایکۆنی بێزەنتییەکان لە سەدەی هەشتەم، هەروەها دوای ڕیفۆرمی پرۆتستانت لە سەدەی ١٦، کە کالڤینییەکان بە شـــێوەیەکی تایبەت هەموو وێنەیەکیان لەناو کەنیســـەکاندا ڕەتکردەوە، هەتا ئەمڕۆش ئەوە لە ژمارەیەک کەنیســـەی کالڤینی بەردەوامە.[Vusich, 2014] هەروەها هەندێک لە مەسیحییە توندڕەوەکانیش ڕایان وایە، بەڵام کەنیسەی کاسۆلیک بەردەوام داکۆکی لە بەکارهێنان و ئامادەیی وێنە پیرۆزەکان، لەناو کەنیســە، گۆڕســتان و ماڵەکاندا کردووە و هانی بوونیانی داوە، هەرچەند بە پەرستنیان ڕازینەبوون. [Lamport, 2017، ١٣٨]

پێش ســـەردەمی کۆســـنتەتین هیچ نیشـــانەیەک بۆ وێنەی مەســـیح نادۆزینەوە، جگەلە باتنییەکان[گنۆستیک]، هەروەها لە حاڵەتی ئیمپراتۆریەتی هیسیەکان، ئیسکاندەر سرویسی بێ دین، لەناو ماڵەکەی خۆیدا پەرســـتگایەکی دیکەی هەبوو، کە نوێنەرایەتیی هەموو ئایینەکانی دەکرد، بێگومان ئەم نوێنەرایەتیەش لە ڕێگەی پەیکەر و هێماکانەوە بووە. بیرۆکەی دەرنەکەوتنی مەســـیح تا ماوەیەکی زۆر بە تەواوی بێدەنگی لێکراوە، هیچ بەڵگەیەک بۆ ڕێپێنەدانی وێنەکان یان پەیکەری

مەسیح هەتا سەردەمی نەیسن، کە کاردانەوەی زۆر هەبوو، دژایەتیکرا، نەبوو.[Schaff، ٢٠٠٦: ٣٨١]
لە دە وەسـیـەتی کالڤینییەکاندا سـەبارەت بە وێنە هاتووە، بە تایبەت لە وەسـیـەتی دووەمدا، "دروستکردنی هەر وێناندنێک بۆ خودا، بۆ هەر سێ کەسەکە، یان بۆ هەر یەکێکیان چ لەناو زەیندا، یان دەرەکی، یان بەرجەستەکراودا ڕێگەپێنەدراوە" [The Calvinist Westminster, 1647]

ڕەتکردنەوەی وێنە و وێناکردنی پیرۆزییەکان بەشـێکی سـەرەکی بۆ بە زەمینیکردن و بەشت و کەسکردنیان دەگەڕێتەوە، کە زۆرێک لە ئایینە یەکتاپەرستەکان خۆیانی لێدەبوێرن، چونکە خودا خۆی نیشانی پەیامبەرەکانی نەداوە و کردنیشـی بە وێنە لە شکۆ و دەرنەکەوتوویی و نهێنی دەخات. دیارە سـەرەتا ڕەتی وێناکردن و دواتر بەرجەسـتەکردنی کراوەتەوە، چونکە لە وێناکردنی پیرۆزییەکاندا بواری وێنەکردن و بەرجەستەکردن دەڕەخسێت، کە وێناکردنیش سەرچاوەکەی هەر وێنەی گوتراوە. بەڵام ئەم ڕەتکردنەوانە چەند توند بن، لەنێو ئایینەکاندا بواری وێناکردن و بەرجەسـتەکردنی پیرۆزییەکان هەر دەدۆزرێتەوە، ئەمەش بە شـێوەی جیاواز قەرەبوو دەکرێتەوە، وەک نیشـانە و هێما، کە چۆن وڵاتان ئاڵای خۆیان هەیە، ئایینەکانیش نیشـانە و هێمای خۆجیاکردنەوە و ناسینەوەی خۆیان هەیە، تا لە ئایینەکانی دیکە جیاببنەوە، هاوکات لەنێو خۆشیاندا ڕەمزی جیاواز پەرەپێدەدەن، وەک خاچ، عاج، بەردە ڕەشەکە(کەعبە-ڕوگە).

وەک ئاماژەمان بۆ کرد سەرەتای مەسیحییەت، دژایەتیی وێنە نەکراوە، باوەڕدارانی مەسیحیش بە شـێوەیەکی گشـتی ترادسـیۆنێکی هونەرییان هەبووە، کە تەنانەت وێنەی خوداشـیان کێشـاوە. ئەمە جگەلە وێناکردنی کەسـایەتیە ئایینییەکان و لایەنە تیۆلۆژییەکان. لە مەسـیحییەتدا بەپێی کاسـۆلیکییەت و پرۆتسـتانت جیاوازیی و ململانێ هەیە، لە مەسـیحییەتدا کاسـۆلیک وەک ئایینێکی بینراو بایەخ بە وێنە دەدات، بەڵام پرۆسـتانت جیاوازە، لەبەرئەوە کەلتووری ئایینی بینراوی کاسـۆلیکییەت بۆ پرۆسـتانتەکان ناجۆرە و ڕووبەڕووی دەبنەوە و پشـت بە وتن نەک وێنە وەک سـەرچاوەی ئیمان و عەقڵانیەت دەبەسـتن. کاسـۆلیک پشـتی بە وێنە و پەیکەری مەسـیح بۆ بڵاوکردنەوەی ئایینەکە دەبەسـت، ئەمەش لە گرنگیی نیشـانەوە سـەرچاوەدەگرێت، کە خودایەکی بینراو و بەرجەسـتە لە خودایەکی نەبینراو سـەرنجڕاکێشـترە، لەبەرئەوە "پەیکەرەکەی مەسـیح[تەنیا] نیشـانە نییە بۆ مەسـیح یان خودا، کە لێرە ئامادە نین، بەڵکو پەیکەرەکە خۆی ڕۆڵی خودا دەگێڕێت... بووەتە خودا".[دۆلۆز، ٢٠٢٢: ١٢٣] ئایینی بینراو تا بیسـتراو لە چاوی خەڵکەوە سـەرنجڕاکێشـترە و زیاتر خەڵک بۆ لای باوەڕ ڕادەکێشـێت، واتە لە مەسـیحییەتدا خودا دیارێکی نادیارە، یاخود نادیارێکی بەرجەسـتەکراوە. دیارە وێنەی ڕاسـتەقینەی مەسـیح دیاردەیەکی پاش "ئەنجومەنی کاڵکیدۆنە- کە بۆ سـاڵی ٤٥١ ز" دەگەڕێتەوە. ئەم وێنەیە بووە دیاردەیەکی باڵا و سـەرنجڕاکێش، کە

سەرچاوەی کاریگەرییەکەشی گەر سوود لەو قسە نوێیەی ناو ڕۆژنامەگەری وەربگرین، وێنەیەک هەزار وشەیە، ئەوا دەردەکەوێت، کە وێنەی مەسیح خۆی پەیامە، لەبەرئەوە لەناو کەنیسەکاندا پەیکەری مەسیح بووە بالاترین دەرکەوتەی خودا، چونکە لە ئایینی مەسیحی جیاواز لە ئیسلام تێڕوانینی جیاواز دەربارەی وێنە (صورة / مثال) نموونەیی و لێکچوون هەیە. لە ئایینی مەسحییەتدا جەستەی خودا لە جەستەی مرۆڤ- مەسیح- بەرجەستە دەبێت، چونکە مرۆڤ دەستکردی خودایە و شێوە جۆراوجۆرەکانی وێنەی مرۆڤ بەشێکن لە وێنەی گشتی خودا، نێردراوەکەشیان وێنەی خودای هەڵگرتووە.[حمەبچکۆل، ٢٠١٩: ٢٩] کەواتە لە مەسیحییەتدا وێنە و پەیکەر مانا و مەبەستێکی جیاوازی هەبوو، کە بووە سەرچاوەی دژایەتی ئایینی جولەکە و بڵاوبوونەوەی مەسیحییەت. لە مەسیحییەتدا سەرچاوەی بڵاوکردنەوەی ئایینەکە تەنیا لەسەر وشە نەوەستا، بەڵکو بوو بە نمایش و وێنە. بە بڕوای من بینین و بیستن، لە بنەڕەتدا هەر وێنان، وێنەی بیستراو سەرچاوەی وێنایە و لە وێناوە دەکرێت وێنەبکێشرێت، بەڵام بینین وێنەکردنی وێنایە، کەسێک بە بیستن وێنا دەکات، بەڵام بینین وێناکەی بۆ کراوە، لەبەرئەوە بیستن ئازادی وێناکردنی جیاواز بە وەرگر دەدات، بەڵام بینین وێنای کراوە و وەرگر وێناکە وەردەگرێت، نەک خۆی وێنابکات. هەرچی ئایینی ئیسلامە، ڕوانینی بۆ وێنە لە ئایینی جولەکە نزیکە، بەڵام بەپێی ئایەتەکانی قورئان و فەرموودەکان بۆچوونی جیاواز هەن، کە لە خوارەوە زیاتر لەسەری دەوەستین.

## ٢- وێنە لە ئیسلامدا

لە ئایینی ئیسلامدا یەکێک لە ناوەکانی خودا "المصور"، واتە شێوەبەخش، وێنەدەر و وێنەساز. خودا داهێنەری شێوە و وێنەکانە، بەبێ ئەوەی سەرچاوەیەکی پێشینە هەبێت، بەڵکو خۆی داهێنەری شێوەکانە، نەک لەبەرگرەوە. خودا دەفەرموێت: **هُوَ اللَّهُ الْخَالِقُ الْبَارِئُ الْمُصَوِّرُ** [الحشر: من الاية ٢٤] لێرەدا خودا وەک، بەدیهێن، داهێنەر و وێنەگر پەسنکراوە، واتە ئەم سێ وشەیە بۆ بەدیهێنان و خەلقکردنی تەواوی هەبووەکان(موجود) هاتووە. ئەمەش لەگەڵ ئەو دیدە ئایدیالیست و مێتافیزیکییەی ئەفلاتون بە جیاوازییەوە نزیکە، لای ئەفلاتون جیهان سێبەر، لاسایی جیهانی فۆرمەکانە، بەڵام لەم ئایەتەدا سێ ناوی خودا هاتووە، کە گوزارشت لە داهێنان و شێوەبەخشین بەو داهێنانەیە. کاتێک خودا وێنەبەخشێکی بێ وێنە بێت، ئەوا بە دیدی هەندێک لە زانایانی ئیسلام ڕێپێنەدراوە هەبووەکان لاسایی بوون بکەنەوە و ناشتوانن، واتە مرۆڤ نابێت وەک خودا وێنە ببەخشێت، بۆیە کاتێک پەیکەرتاش و وێنەکێش، [ئەگەر] نیازی لاساییکردنەوەی یەزدانیان هەبێت، ئەوا ڕێپێنەدراوە، چونکە تەنیا لە دەسەڵاتی خودایە وێنەکان دابهێنێت، مرۆڤ ناتوانێت و نابێت خۆی وەک خودا نیشانبدات، کە توانای

داهێنانی وێنەی هەیە. لەم ڕوانگەیەوە گرنگیی وێنە وەک بوونەوەر و هەبوو دەردەکەوێت، کە خودا یەکەم وێنەداهێنە و داهێنەری وێنەکانە.

هاوکات بوونی پەیکەرەکان وەک پیرۆز و جێگرەوەی خودا و بتپەرستی سەرچاوەیەکی دیکەی نەریتی ڕێپێنەدان و دژوەستانەوەی وێنەسازییە لەم ئایینەدا. کاتێک ئایینی ئیسلام هات بۆ وێنەی زارەکی گەڕایەوە و مەسیحیان وەک کوڕی خودا ڕەتکردەوە، ئەمەش بنەمای هەڵوەشاندنەوەی ئەو ویست و خواستەبوو، کە خودا ببینرێت، بۆیە جارێکی دیکە بینراوی [بینینی] خودا بوو بە تابۆ.[Belting, 2016] لەم ئایینەدا کۆمەڵێک تێگەیشتنی جیاواز بۆ داهێنان و بەرجەستەکردنی وێنە هەیە. خودا وەک وێنەبەخش و نەخشێنەری بوونەوەران، مرۆڤ، ئاژەڵ، ڕووەک و تەواوی شتە بەرجەستەکان و تەنانەت عەقڵیش هاتووە، کە بۆ شێوەدان بە ئایدیا و بیرۆکە و چەمکەکانە.[کاشانی، ١٣٩٣: ٢٣] لەلایەکی دیکەوە لە فەرمودەی پەیامبەری ئیسلامدا هاتووە، "خودا مرۆڤی لەسەر وێنە و هاوشێوەی خۆی دروستکردووە"[1] [البخاري، ١٤٢٢هـ : ٦٢٢٧]، بەڵام مرۆڤ بەهۆی گوناهەوە، لێکچوونەکەی لەدەستداوە و تەنیا وێنەکەی لێماوەتەوە. بە خوێندنەوەی نوێ مرۆڤ بوونە مۆراڵییەکەی لەدەستداوە لەپێناو ئەوەی بچێتە نێو بوونی ئێستاتیکییەوە، ئێمە بووینەتە سیمولاکراو،[محەمەد، ٢٠٢٢: ١٢٠] واتە مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی لەبەرگیراوە؛ وێنەی ساختەی خودایە، نەک وێنەی خودی خودا، مرۆڤ ناتوانێت ببێتە وەرگری هەمان وێنەی کەماڵ، بێگەردی و ڕەهایەتیی خودا، لەگەڵ ناتەواوی و کەمییەکانی مرۆڤ نایەتەوە. ئەم دید و پێوەرە لۆژیکییەش بە درێژایی بیرکردنەوەی فەلسەفیی ئامادەیی هەبووە، کە چۆن خودای کامڵ لەناو ناکامڵدا بەرجەستەدەبێت، بە واتا گەر قورئان زمان و دەقی خودا بێت، چۆن لەناو زمانی ناکامڵی مرۆڤدا جێی دەبێتەوە؟ یان چۆن خودا قسەدەکات؟ لەبەرئەوە لای ئەفلاتون لاسایی ناتوانێت خودی شتە لاساییکراوەکە بنوێنێت.[ئەفلاتون، ٢٠٠٩: ٢٢٣]

هەر ئایینێک چەند ڕاڤە و شیکاریی و ڕێچکەی جیاوازی هەیە، لە بەشێکیاندا هونەر و شێوەکانی وێنە کە سەرچاوەی وێنەسازین، بنەما و سنووری بۆ دانراوە، بۆ نموونە، وێنەکێش، پەیکەرتاش، ئەندازیار و ئەوانەی کاری دەستیش دەکەن دەبێت بەپێوەر و ڕێوشوێنی ئایینەکە بەرهەمەکانیان دابمەزرێنن. لە کۆندا گفتوگۆی زۆر لەنێوان هونەرمەندان و ئاییندارن هەبووە، بەڵام ئەمڕۆ ئەمە کەمتر دەبینرێت، ئەمەش بەهۆی واقیعیەت و باوبوونی بەرهەمە مۆدێرنەکانی

---

[1] هەروها لە کتێبی پیرۆزی مەسیحییەکاندا (التكوين ١: ٢٦) جەخت لەسەر هەمان بیرۆکە دەکرێت.

وەک کامێراو و ســـینەما، تیشـــک و ســـۆنەر...هتد، ڕۆژانە ملیاران وێنە دەگیرێت، کە هونەری وێنەکێشـانیشـی ئاسـایی کردووەتەوە و لە دەسـتی دەسـتەبژێر دەریکردووە، بۆ بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕەکانیش ســـوودی لێوەردەگیرێت، کە ئەمەش بریتییە لە هەوڵی خۆگونجانی ئایین لەگەڵ بەرهەمەکانی ســـەردەم. لە ڕابردوودا وێنە گوزارشـــتی لە هەمانێتی دەکرد، واتە وێنەکە خودی شـتەکە بووە[شـاپوری: ١٣٨٠: ٨٥]، پەیکەرتاش یان وێنەکێش، کە وێنەیەکیان دەکێشـا و دەتاشـی، جۆرێک لە زیندوکردنەوە و ڕۆحبەخشـــی بوو، بۆ ئەوەی لێکچووی نێوان خودا و هونەرمەند ڕێگری لێبکرێت، ئەم هونەرە بە سنووردار و ڕێپێنەدراو دانراوە، هونەرمەندان دەبوو بزانن وێنەی چی دەکێشن و دەتاشن.[استتی، ١٣٧٥: ٧٣]

سەبارەت بە حەرام و ڕێپێنەدانی هونەرەکانی پەیکەرتاشی و وێنەکێشی، لە سەرچاوەکاندا ئاماژە بە ئایەتی ٩٠ لە سـورەتی (المائدة) دەکرێت، کە بە لێکدانەوەی وشـەی (أنصـاب)، هەندێک لە توێژەران بە وێنەکێشی و پەیکەرتاشی دەیبەستنەوە. بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە قورئاندا ئایەتێکمان نییە، ئەم هونەرانەی بە حەرام دانابێت، بەڵکو یەکێک لە ناوەکانی خودا (المصور)ە، گەرچی ڕاستەوخۆ مانای وێنەکێش ناگەیەنێت، بەڵام خودا هەرچییەک بخوڵقێنێت لە وێنەی ئەو شـــتەدا دەیخوڵقێنێت. لە چەندین فەرموودەی پەیامبەری ئیســـلامدا هاتووە، کە خودای وەک وێنەکێش و خالق و داهێنەر (داهێنان-هێنانەبوون) لەقەڵەم داوە، ئەمەش لە ناوی خوداوە وەرگیراوە، کە (المصـــور)، لە یەکێک لە فەرموودەکاندا هاتووە، فریشـتەکان سـەر بەماڵێکدا ناکەن سـەگ و وێنەی تێدابێت [الترمذي، ١٩٩٦: ٢٨٠٤]، یاخود ئەوانەی وێنە دەکێشـن سـزادەدرێن تا ئەو دەمەی، کە ڕۆح بە وێنەکان دەدەن، ئەمەش نەکردەیە، واتە وێنەکێش تا هەتایە ئاگری دۆزەخ دەیانسوتێنێت [العيني، ٢٠٠٨: ٤٧٢/١٣].

هاوکات شـــیکەرەوانی ئایەتی ٦-٧-٨ی ســـورەتی ئینفیتار (الانفطار)، جەخت لەســـەر ئەوە دەکەنەوە، خودا وێنەی مرۆڤی بەو جۆرە کێشـاوە، کە خۆی ویسـتوویەتی، خۆشـی باشـترین و دانا و زاناترینە. "ئەی مرۆڤ چی گومڕای کردویت لە خودای خۆت، ئەو خودایە خوڵقاندویت و چاکیکردوویت و ڕێکیکردوویت، لە هەر وێنەیەکدا کە بیەوێت دایڕشتوویت"[الانفطار: ٦-٨]. خودا لە دوو ڕێگەوە منەت بەســـەر مرۆڤ دەکات، یەکەم، وێنەکێشـــانی ئادەم، خودا بە دەســـتی خۆی خەلقی کردو و وێنەی پێبەخشـی... دووەم، نەوەی مرۆڤ لە ڕەحمی دایکدا وێنە دەکات: "ئەوە ئەوە کە لە ڕەحمەکاندا وێنەتان دەکێشـێ هەر چۆنێکی بوێت، هیچ خودایەک نییە غەیری ئەو عەزیز و حەکیم"[آل عمران: ٦] لەبەرئەوە خودا تاکە وێنەکێش و وێنەبەخشـە، ئەوەی وێنە دەکێشـێت، لاسـایی خودا دەکاتەوە، هەم لە خولقاندن، هەم لە کردەوەدا، ئەمەش بەپێی هەندێک لە زانایان 'شیرک'ە؛ ئەو کەسە لە دینی ئیسلام دەچێتەدەرەوە.

زانایانی وەک نەوەوی کە شـــەرحی موســـلیمیان کردووە، هەروەها ئیبن حەجەر ڕایان وایە، "لە زاری موسلیمەوە هاتووە، لەگەڵ مەسروقدا لە ماڵی یەساری کوڕی نومەیر بووین، چەند پەیکەرێکی لا بینی، وتی، لە عەبدولاّم بیستووە، کە ئەویش لە پێخەمبەری بیستووە، کە دەڵێت، ڕۆژی قیامەت وێنەکێش لە هەموو کەس زیاتر عەزاب دەدرێت.[البخاري: هەمان] هاوکات ئەوەی وێنە دەکێشـــێ بە مەبەســـتی ئەوەی بپەرسترێت، جا بۆ بودا یان مەسیحی بکێشێت، شەریکدانانە بۆ خودا... وێنەکێشانی پێغەمبەر و پیاوچاکان بۆ موبارەکی و شـــەفاعەت لە دینی ئیســـلام حەرامە [الحنبلي، ١٩٩٦: ٢٠٤/٣]. هەروەها حاڵەتی دووەمی وێنەکێشانمان هەیە کە بۆ پەرستن نییە، بەڵکو بۆ ڕابواردن یان بازرگانی و ئارەزووە، وەک ئەوەی لە قوڕ لە تەختە یان بەرد، وێنەی ئاژەڵێک بکێشرێت و مەبەست لەوە نەبێ لاسایی خودا بکرێتەوە، ئەمەش ڕێپێنەدراو و گوناهی گەورەیە.[عیثمین، ١٤٢٢هـ : ٤٨٣/٢]

ئەم فەرموودانە بەوەش لێکدەدرێنەوە کە مەبەســـت لە بتپەرســـتانە نەک هونەرمەندان، واتە ســـزای خودا بۆ وێنەکێش و پەیکەرتاشـــانی هونەریی نییە، بەڵکو بۆ ئەو بێباوەڕانەیە، کە بتســـاز و بتپەرستن. هاوکات لە چەندین گێڕانەوەی دیکەدا باسی خراپی و نەفرەتەکانی وێنە هاتووە، بۆ نموونە، گێڕراوەتەوە، کە لەبەردەم ماڵی عائیشـــەدا وێنە یان پەیکەرێک هەبووە، پەیامبەر گوتویەتی لایبە، دەنا ئەو وێنانە لەپێش خۆتدا دەبینی، یاخود لەســـەر ئەو ســـەرینەی، کە وێنەی پێوەبووە نەخەوتووە و نەشـچووەتە ئەو ژوورەی ئەو سـەرینەی لێبووە. هەندێک لە پیرەوکەران ئەوە بە دروست نازانن، کە ئەو نوێنانە بەکاربهێنرێت، کە وێنەی جوانکاریان پێوەیە.[شـــاپوری: ١٣٨٠: ٨٣] لەگەڵ ئەوەشـــدا کەلامییەکان پێیانوایە، نە لە قورئان و نە فەرموودە ڕاستەوخۆ باسی سنووررداری وێنە نەکراوە، بەلاّم وەک لە پەیمانی دێرینیشـــدا هاتووە، نابێت شـــتێک دابهێنیت یان دابتاشـــیت، کە وەک خودا یان داهێنراوەکانین لە ئاســـمان، زەوی، ژێرزەوی، چونکە خوداوەند تاک و تەنیایە و مرۆڤیشـــی لەســـەر شـــێوەی خۆی داهێناوە. [الخروج: ٢٠: ٤-٥] لەبەرئەوە هونەرمەندان لە بەرهەمەکانیاندا کەمیی هەیە و ناتوانن بگەن بە کەماڵ، چونکە خۆشـــیان ئافرێندراوی ئەفرێنەرن و ناکرێت ببن بە ئەفرێنەر، هاوکات نابێت هیچ بت و نێوانێک لەنێوان مرۆڤ و خودادا هەبێت. [استنی، ١٣٧٥: ٧٢]

- **دووەم: وێنە لە فەلسەفەدا**

لە مێژووی بیرکردنەوەی فەلســـەفییدا کەم فەیلەســـوف دەدۆزینەوە باســـی وێنە و چەمکە هاوشێوەکانی نەکردبێت، ئەمەش پەیوەستە بە پرسی ڕاستی، زانین، شوناس و زمانەوە، کە وێنە وەک هەقیقەت یان وەرگێراو، لێکچوو و نوێنەر بیری لێکراوەتەوە. فەیلەســـوفانی کۆن و مۆدێرن پرسی وێنەیان وەک نوێنەری ڕاستی باسکردووە، بەلاّم لای فەیلەسوفانی پۆستمۆدێرن کە بەر

کامێرا، سینەما و تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی دەکەون و لەناویدا دەژین، چەندین پرسی نوێ سەبارەت بە وێنە سەرهەڵدەدات. ئەم کرانەوەیەش سەرچاوەی بوار و کایەی نوێی وێنەناسی بووە، بە جۆرێک پرسەکانی فەلسەفەی وێنە و پەیوەندیی فەلسەفە بە بوارەکانی وێنە بە گشتی، وێنەی شار و کۆمەڵگای نمایشی، زانستی نوێ، فیلم و سینەما، بووە جێی پرس و خواس. لێرەدا ئاوڕ لە هەندێک لەو ڕوانگە جیاوازانە لەبارەی وێنە دەدەینەوە.

وێنە بریتییە لە بەکارهێنانی زمان بۆ نوێنەرایەتیکردنی دنیای دەرەوە و ناوەوە، وەک بابەتاکان، جوڵەکان، هەست، هزر و ئایدیاکان، دۆخ و ڕووداوە جیاوازەکان. وێنە ئەزموونە هەستی و سەرووهەستییەکان لە خۆدەگرێت و دەردەبڕێت. هەندێک فەیلەسوف بە پێویستیان زانیوە جیاوازیی لەنێوان وێنەی شتەکە خۆی (literal) و چۆنێتی دەرکەوتنی وێنەی شتەکان بۆ من(perceptual) و چەمکی وێنەی شتەکە (conceptual) بکەن. دەرکەوتنی وێنەی شتەکە بۆ من دەکرێت زمانێکی میتافۆری بۆ بەکاربێت، بەڵام وێنەی شتەکە خۆی زمانی میتافۆری بۆی دەستنادات، هەرچی وێنەی چەمکی شتەکەیە گرانە وێنەبکرێت، زۆرتر وێنا دەکرێت و ئایدیای لەبارەوە دادەڕێژرێت، وەک عەرشی خودا، ئەسپی باڵدار. [CUDDON،٢٠١٣: ٣٥٤-٣٥٦] یاخود جیهانی ئایدیاکانی ئەفلاتون دەکرێت وێنابکرێت، نەک وێنەبگیرێت. سەرەتا ئاوڕ لە بۆچوونی ئەفلاتون بۆ وێنە دەدەینەوە.

**ـ ئەفلاتون**

ئەفلاتون لە ڕوانگە ئایدیالیستی و مێتافیزکییەکەیەوە، ئەم جیهانە بە سێبەر و لاسایی جیهانی بەرز دادەنێت، واتە جیهانی ئایدیاو فۆرمەکان بنەمای ئەم جیهانەن، شتەکانی ناو ئەم جیهانە لێکچوو و وەرگیراوی جیهانی ئایدیاکانن،"بوونی جیهان لەسەر ئایدیا ڕادەوەستێت، ئەوەی هەیە وێنەی وەرگیراوی ئایدیایە"[کەمال، ٢٠٢٠: ١٨٧]. لاساییکردنەوە وێنەی خودی شتەکانە، کە دوورکەوتنەوەیە لە هەقیقەتی ئایدیای بەرزی شتەکان، واتە بە دیدی ئەفلاتون هەر شتێک لەم جیهانەدا لاسایی جیهانی بەرز و کۆپییە. لەبەرئەوە وێنە نواندنەوەی شتێکی ناو جیهانە، بەمەش وێنەکان دوو هەنگاو لە هەقیقەتی خودی شتەکە دوورکەوتوونەتەوە، بۆ نموونە وێنەی کورسی لە کورسیی دارتاشەوە وەرگیراوە، دارتاشیش لاسایی فۆرم و ئایدیای کورسی، کە خودا دایهێناوە، کردووەتەوە، وێنەکێشیش کە وێنەی کورسی دەکێشێت، لاسایی دارتاش، یاخود دارتاش لاسایی وێنەکێشی کردووەتەوە و هەردووکیشیان وێنەی کورسییان لە ئایدیای کورسی وەرگرتووە. کەواتە وێنەکە دوو هەنگاو لە ڕاستی کورسییەوە دوورکەوتووەتەوە. "خودا و دارتاش و هونەرمەندەکە، جۆرێک جێگەی خەوتنمان بۆ دروستدەکەن... خودا، لەبەر ئەوەی خۆی نەیویست یان بە پێویستی زانی تەنیا یەک بوونی جێگەی خەوتنی لە سروشتدا دروستکردوە، ئەمەش

**فۆرمی** جێگەی خەوتنە... ئەگەر خودا دوو جێگەی خەوتن دروستبکات، فۆرمی سێیەمیش سەرهەڵدەدات."[ئەفلاتون، ٢٠٠٩: ٢٣٨] لەگەڵ ئەوەشدا ئایدیا یان فۆرمی شتەکان بۆ نیشاندانی نوێنەرایەتی و وێنەیە. دیارە لەم جیهانەدا چەندین شێوەی جیاوازی کورسی هەیە، کە هەموویان پێیدەوترێت کورسی و لە فۆرم و ئایدیای کورسی جیهانی بەرز وەرگیراوە، لەبەرئەوە هەستەکان ناتوانن بە ڕاستیی کورسیمان بگەیەنن، چونکە هەستەکان تەنیا لەگەڵ کورسییە جیاوازەکانی ناو واقیع، نەک ئایدیای کورسی سەروکاریان هەیە.

بە دیدی ئەفلاتون مرۆڤ پاش ئەوەی فڕێدەدرێتە جیهانەوە توشی بیرچوونەوە دەبێت و لێرە شتەکانی بیردەکەوێتەوە، بۆیە زانین بیرکەوتنەوە-بینینەوە- بیرهاتنەوەیە، بەهۆی شتەکانەوە ئایدیای شتەکانمان بیر دێتەوە، یادەوەری ڕۆڵی بیرهاتنەوەی ئایدیای شتەکانی هەیە، ئەمەش بریتییە لە نەخشکردنی وشەکان لەناو ڕۆحمان، بۆیە سوکرات وەک مامانە، کە زانین لەناوەوە بۆ دەرەوە دەردەهێنێت،[عوسمان، ٢٠٢٠: ١٩٨] ئەفلاتون لە دیالۆگی (فیلیبوس)دا نووسیویەتی:

سۆکرات: ئەوەشت لا پەسەندە، کە لەهەمان کاتدا پیشەوەرێکی دیکەش لەناو ڕەوانماندا کاردەکات؟

پرۆتارخۆس: چ جۆرە پیشەوەرێک؟

سۆکرات: نیگارکێشێکە، سەیری نەخشەکان دەکات و لە ڕەوانماندا وێنە بۆ وشەکان دەکێشێت؟

پرۆتارخۆس: ئاخر چۆن و کەی ئەو ئەم کارە دەکات؟

سۆکرات: کاتێک کەسێک حوکم و جەختکارییەکانی خۆی ڕاستەوخۆ لە بینین و درککردنە هەستییەکانی ترەوە وەردەگرێت و هەروەها کاتێک ئەو وێنانە دەبینێت کە لەناخی خۆیدا پێکیهێناون، کە لەگەڵ ئەو حوکمدان و جەختکردنانەدا دەسازێن. ئایا شتێکی لەمجۆرە لەناخماندا ناگوزەرێت؟

پرۆتارخۆس: زۆر بە دڵنیایی.

سۆکرات: وێنەکانی حوکمدان و جەختکردنە دروستەکان، دروستن؛ هەروەها وێنەکانی ئەوانەی نادروستن، نادروستن؟[ئەفلاتون، ٢٠٢٢: ٤٤].

لێرەدا باسی لێکچوون و پێکهاتنەوەی نێوان وێنە زەینییەکان و شتەکان دەکات، هاوکات باسی ئەو نیگارکێشە دەکات، کە لە زەینی هەمووماندا هەیە و وێنە بۆ وشەکان دەکێشێت، واتە زمان خۆی وێنەیە، وێنەی شتە زەینییەکان دەکێشێت، شتەکانی ناو زەینیش لە بینینی شتە

دەرەکییەکان وەرگیراوە، شـــتە دەرەکییەکانیش لە ئایدیای شـــتەکان لە جیهانی فۆرمەکانەوە وەرگیراوە. لەگەڵ ئەوەشدا نووسین لە بەرامبەر گوتن-لۆگۆسدا لاساییکردنەوەیە، واتە نووسین لاسایی گوتن دەکاتەوە، لەبەرئەوە نووسین مەحکومە بە لاساییکردنەوە و دەستەڵاتی گەیشتن بە هەقیقەتی نییە، چونکە نووسـین وێنەی گوتنە.[عوسـمان، ٢٠٢٠: ٢١١] هاوکات هایدیگەر لە باسـی لۆگۆسدا دەنووسێت، ئەرکی لۆگۆس لە دەرخستندایە، لەگەڵ دەرخستنی شتەکاندا لۆگۆس واتای ژیری دەبەخشێت.[هایدیگەر، ٢٠١٣: ٦٧]

سـەرچاوەی ئەم ڕوانگەیەی ئەفلاتون بۆ تێهەڵکێشـی هەردوو بۆچوونی هیراکلیتۆس و پارمەنیدس دەگەڕێتەوە، کە یەکەمیان بڕوای بە گۆڕان هەیە و پارمەنیدیسـیش پێیوایە، بوون هەیە و نەبوون نییە و گۆڕان ڕەتدەداتەوە و بوون بە نەگۆڕ دادەنێت. ئەفلاتون پێیوایە ئایدیا بەرزەکان هەمەکی، کامڵ، نەگۆڕ و سـەرچاوەن، بەڵام هەبووەکانی جیهان گۆڕینۆک و وەرگیراوی ئایدیا بەرزەکانن، وەک چۆن نووسـین لە وتنەوە وەرگیراوە، کەواتە سـەرچاوەی جیاوازیی و گۆڕانە، وەرگیراوە/ نووسـراوە نەک خودی شـتەکان و ئایدیا بەرزەکان، لەبەرئەوە شـتەکانی ناو واقیع سێبەرن.[کەمال، ٢٠١٠: ٦٧] ئەفلاتون لە کۆماردا میتافۆری ئەشکەوت بۆ ئەم دوو جۆرەی ڕاستی بەکاردەهێنێت، کە ئەو کەسانەی ناو ئەشکەوت سێبەر و وێنەی ڕاستییەکان دەبینن، بەڵام پێیانوایە ئەوە هەقیقەتە[ئەفلاتون، ٢٠٠٩: ٢٢٨].

ئەفلاتون لە گفتوگۆی پارمەنیدسـدا لە زاری سـوکراتەوە، باسـی سـەرچاوەی وێنە و پەیوەندییەکانی دەکات و ڕای وایە، گەر سـەیری شـتەکان نەک ئایدیاکان بکەین، ئەوا هەر شـتێک هەم لێکچوو هەم لێکنەچووە. هەر شتێک هەڵگری ئایدیایەکە، کە جیاوازە لە خودی ئایدیاکە، کەواتە شـتەکە لێکچووی ئایدیا و لێکنەچووی ئایدیاشـە؟ ئایا ئەو شـتەی لە ئایدیایەک بەهرەمەندە لە سـەرتاپای ئایدیاکە بەهرەمەندە یان لە بەشـێکی بچووکی؟ ئایا ئایدیا، کە یەکەیەکە، بەڵام لە شـتگەلێکی زۆرو جیاوازدا هەیە، لەم کاتەدا ئایدیا ناچار نییە لە خۆی جیابێتەوە؟ سـوکرات دەڵێت، نەخێر، چونکە ڕۆژیش یەکە، بەڵام چەند شوێنی جیاواز ڕۆشندەکاتەوە و لە خۆشی جیانابێتەوە و خۆپارێز و یەکانگیرە. پارمەندیس دەڵێت، بەڵام خۆر وەک چادرێک وایە، کە بەسـەر سـەری کۆمەڵێک مرۆڤەوەیە، کە هەریەکە لە بەشـێکی چادرەکە بەهرەمەندە، ئەو بەشـەی چادرەکە منی داپۆشیوە جیاوازە لە بەشەکەی تۆی داپۆشیوە، بەڵام هەموویان چادرن، کەواتە ئێمە لە بەشەکانی چادرەکە بەهرەمەند دەبین، ئایدیاش بەمجۆرە دەکرێت بە چەند بەشـەوە و ئێمە لە بەشـەکانی بەهرەگیر دەبین، لەبەرئەوە ئایدیا لە هەموو شتێکدا بوونی نییە، بەڵکو لە هەر شتێکدا تەنها بەشێکی

ئەو ئایدیایە بەدیدەکرێت؛ شـــتەکان لە ئایدیاکانیان بەهرە وەردەگرن، "شـــتەکان وێنەی ئایدیاکانن".[ئەفلاتون، ٢٠١١: ٢٠٦١] بەڵام مەرج نییە شـــتەکان، کە بەهرە لە ئایدیایەک وەردەگرن یەکســان بن، بۆ نموونە دوو کورســی بەهرە لە ئایدیای کورســی وەردەگرن، مەرج نییە هەردوو کورســییەکە یەکســان بن، ســەرەڕای ئەوەش ئایدیای بێشــومار هەیە و لەدایکدەبێت. هەر لەم دیالۆگەدا باس لە پەیوەندیی نێوان ئایدیاکان و پەیوەندیی نێوان شـــتەکان کراوە، کە ئەو پەیوەندییانەی جیهانی واقیع کار لە خودی ئایدیاکان ناکەن، پەیوەندیی نێوان ئایدیاکانیش کار لە پەیوەندیی جیهانی واقیع ناکەن، بەڵام ســەرچاوەن بۆیان.[هەمان، ٢٠٦٧]، لەبەرئەوە لای ئەفلاتون وێنە دابەشدەبێت، چونکە لە ئایدیاکانەوە وەرگیراوە.

ئەفلاتون لە زۆرێک لە دیالۆگەکانیدا ئاوڕی لە پرســی وێنە و پەیوەندییەکانی داوەتەوە، لەوانە دایەلۆگی کراتیلۆس، تیمایۆس و ســیاتیتۆس و.. هتد، لە ســیاتیتۆســدا، نوێنەرایەتیکردنی هەبووە هەندەکییەکانی بە مێتافۆری مۆر و مۆرکردن ڕوونکردووەتەوە، کە مۆرکراو لە مۆر وەرگیراوە [ئەفلاتون، ٢٠١٥: ٤٢]، بەڵام وەرگیراوەکە هەمان لێوەرگیراو نییە، واتە کۆپیی ئەســڵی نییە. وێنە لای ئەفلاتون ڕەســەن، نەگۆڕ و تەواو نییە، بەڵکو وەرگیراو و کۆپییە، هەرچی ئایدیا بەرزەکانە سەرچاوەن بۆ وێنە و تەنیا فەیلەسوفی ڕاستەقینە، بەهۆی ڕووناکی عەقڵەوە دەتوانێت ڕۆشناییان بخاتەسەر. لە خوارەوە ئاوڕ لە دیدی ئەزموونگەراکان بۆ وێنە دەدەینەوە، کە ئەزموون و هەستەکان بە بنەما دەگرن.

- **لۆک، بارکلی و هیۆم**

ئەم فەیلەســوفانە ســەر بە فێرگەی ئەزموونگەریین، لەبەرئەوە بە پێویســتمزانی ئاوڕ لە ڕوانینی ئەزموونگەرەکانیش ســەبارەت بە وێنە بدەمەوە. زۆرێک لەم فەیلەســوفانە بە مەبەســتی تێگەیشتن لە خودی وێنە باسی وێنەیان نەکردووە، بەڵکو بەهۆی باسکردنی پرسە فەلسەفییەکان ئاوڕیان لەم چەمکە داوەتەوە، بەتایبەتیش پرسی ئەپستمۆلۆژی. "سەرەکیترین کێشەی فەلسەفەی ئەزموونگەرایی زانینە. کێشــەی(زانین) وابەســتە بە چییەتی و چۆنییەتی زانینەوە؛ چی و چۆن دەزانین؟ ناســینی هەر بابەتێک دەکەوێتە ســەر دروســتی زانینەکە".[کەمال، ٢٠٢٠: ٢٢] یەکێک لە جیاوازییە بنەڕەتییەکانی فەیلەسوفانی ئەزموونگەرایی لەگەڵ فەیلەسوفە ئایدیالیستەکان ئەوەیە، کە لای ئەمان ســەرچاوەی (زانین) **هەســتپێکردنە**، لای ئەوانیش **هۆش و عەقڵە**. "هۆکاری دانانی هەســتپێکردن بەســەرچاوەی زانینی دروســت، دیاریکردنی پەیوەندیی بیرۆکە هەســتەکییەکان و

بابەتەکانیانە، کە دەبێت بە پێوەری ڕاستی".[٢٣] سێ لایەنی بونیادی لە ئەزموونی هەستەکیدا هەیە: (هەستپێکەر، هەستپێکراو و بیرۆکە)، بۆ بارکلی ئەوەی هەیە هەستپێکراوە، یان ئەوەی هەستپێکراوە هەیە[٦٧].

لە دیدی بارکلییەوە کاتێک مرۆڤ ڕوو لە بابەتێکی دەرەکی دەکات و دەیەوێت بیناسێت، دەبێت(بیرۆکە)ی بابەتەکەی لا دروست ببێت، بێ دروستبوونی بیرۆکە، زانین ڕوونادات. کەوابوو، لەم تێگەیشتنەوە دەتوانین(زانین) بە بیرۆکەکان دابنێین، کە مرۆڤ لەڕێگەی بیرۆکەکانییەوە جیهان دەناسێت و بیرۆکەکانیش لەدەرەوەی بیرکردنەوەدا نین. بیرۆکەی ئەو بابەتەی لە ئەزموونی هەستەکییدا پەیدادەبێت خودی بابەتەکە نییە و بیرۆکەیە و (نوێنەرایەتی) بابەتەکە دەکات، لەبەرئەوەی ئەزموونی هەستەکی نوێنەرایەتییە، نوێنەریش خودی شتەکە نییە، بەڵکو وێنەیە، بۆیە جۆن لۆک، فانتازمیش(*phantasm*) بە بیرۆکە دادەنێت، کە بریتییە لە وێنەی ئەندێشە[٧٨]. لەگەڵ ئەم نزیکییەی ڕوانگەی لۆک و بارکلی هاوکات جیاوازیش بوون، بۆ بارکلی بیرۆکەی بابەتەکان بنەمایە، نەک بابەتەکان لە دەرەوە، لەبەرئەوە نکۆڵی لە بوونی بابەتەکانی جیهانی دەرەوە دەکات.[کەمال، ٢٠٠٥: ٧٣] لای بارکلی ئەوەی لەنێو بیرکردنەوەدایە و دەبێت بە زانین، بیرۆکەیە، نەک بابەتێکی دەرەکی و ماتەریی، بۆیە بیرۆکە بە بیرۆکە دەپێورێت و ڕاستییەکەی دەدۆزرێتەوە، بیرۆکە لە بابەتی ماتەریی ناچێت. بارکلی لەو باوەڕەدایە بابەتی ماتەریی دەرەوەی بیرکردنەوە بیرۆکەیە و ئەو ڕاستەقینە دەرەکییە نییە، کە بیریارانی فێرگەی ماتەریالیزم ئاماژەی بۆ دەکەن؛ واتە (ماتەر) بوونی نییە، هەروەها ئەو بیرۆکە ناهەستەکییانە، کە هەمانن بۆ(تێڕامان) یان ئەندێشە دەگێڕێتەوە، کە تەوانایی دروستکردنی بیرۆکە ئاوێتەکراوەکانیان هەیە.[کەمال، ٢٠٢٠: ٨٧]

لای هیوم، بوونی دەرەکی بابەتەکان بۆ سەرهەڵدانی بیرۆکەکان پێویستە، چونکە دەرکەوتە هەستەکییەکان لە بابەتەکانەوە دەردەچن و بە مێشکی مرۆڤ دەگەن و دەبن بە بیرۆکە. بیرۆکەکانیش بێ نەخشاندن و نەخشاندنیش بێ دەرکەوتە هەستەکییەکان نادۆزرێنەوە. نەخشاندن جۆرێکە لە وێنە و نوێنەرایەتیی، لەبەرئەوە بە دیدی هیوم، ئەگەر ئەم پەیوەندییە لەنێوان نەخشاندن و بیرۆکەکاندا دانەمەزرا و بیرۆکەیەک بێ نەخشاندنەکەی هەبێت، ئەوا لە واتا بەدەر و پوچەڵە. هەموو بیرۆکەیەکی سادە نەخشاندنێکی سادەی هەیە و لەو دەچێت؛ هەموو نەخشاندنێکی سادەش نوێنەری بیرۆکەیەکە[کەمال، ٩١]. لەبەرئەوە نەخشاندن وێنەی بیرۆکەکەیە و دەبێتە نوێنەری، ئەندێشەش کرداری وێنەسازی ئەنجامدەدات. هاوکات هیوم پێیوایە، ئەندێشە تەنیا پێویستی بە نەخشاندن و بیرۆکە ڕاستەوخۆکانی ئەزموونی هەستەکی نییە؛ زۆرجار ڕوو لە

بیرۆکە هەڵگیراوەکانی نێو(یادەوەری)یش دەکات و سـوودیان لێوەردەگرێت، بەڵام هەندێکجار ئەندێشە گۆڕان بەسەر بیرۆکەکاندا دەهێنێت و هەڵیاندەوەشێنێتەوە و دروستیان دەکاتەوە، لەبەرئەوە ئەندێشـە، کە کردەی وێنەسـازی ئەنجامدەدات، جۆرێک لە سـەربەسـتی هەیە، هەرچەند بنەماکەی هەستپێکردنە. بەمجۆرە وەک بۆمان دەردەکەوت فەیلەسوفە ئەزموونگەراکان لە ڕێگەی پەیوەندییەکانی نێوان، هەسـت، بیرۆکە و ئەندێشـە پەیوەسـت بە ماتەر و جیهانی بەرهەسـتەوە باسـی وێنە و وێنەسازییان کردووە، وێنەش وەک نوێنەر و نەخشاندن و هەڵگرتنەوە و بەبیرۆکەکردن دادەنێن.

## - دێکارت، لایبنیز و کانت

دێکارت و لایبنیز نوێنەری بیریارانی فەلسـەفەی هۆشـگەرایین، کانتیش هەرچەند دەچێتەنێو چوارچێوەی هۆشـگەرایی، بەڵام کۆشـشـی بۆ ئەوەبوو کە ببێتە ناوەند، یەکێتی و تێپەڕی هەردوو قوتابخانەی ئەزموونگەری و هۆشگەرایی بکات، لەبەرئەوە "کانت نە پۆزەتیڤیستێکی ئەزموونگەرا و نە مێتافیزیکگەرایەکی هۆشـگەرا بوو، بەڵکو نێوانێکی هاوپەیوەندیان بوو.[بەدەوی، ٢٠٢٠، ٤٤] زۆرێک لە فەیلەسوفە هۆشگەراکان بەپێچەوانەی ئەزموونگەراکان، ئاماژە بۆ بنەمای بوونی هۆش، جەوهەری گیانەکی و بیرۆکە زگماکییەکان دەکەن و هۆش بەو لاپەڕە سپییە دانانێن هیچی لەسەر نەنوسرابێت و ئەزموونی هەستکردن پڕیبکاتەوە.[کەمال، ٢٠١٦: ٥٤] هاوکات قۆناغی فەلسـەفەی مۆدێرن بە دێکارت دەسـتپێدەکات، کە دەیەوێت میتۆدێک بۆ گەیشـتن بە ڕاسـتیی دابنێت، تاکو لە ڕێگەی دین و مەسیحیەت جیاوازبێت[1]. لە شیکاری کۆجیتۆکەی دێکارت "من بیردەکەمەوە، کەوابوو من هەم"، ڕوانگەی ئەم فەیلەسوفەمان بۆ دەردەکەوێت، کە بیرکردنەوە بە بنەمای سەرەکیی زانین دەزانێت، زانینیش لەسەر وێنە و نوێنەرایەتی وەستاوە.[دیکارت، ٢٠١٥: ٥٦]

هایدیگەر لە ڕاڤەی کۆجیتۆکەی دێکارتدا دەنوسێت:"هەموو بیرکردنەوەیەک من بیردەکەمەوەیە؛ "من نوێنەرایەتی شـتێک دەکەم" ڕاسـتەوخۆ دەبێت بە نوێنەرایەتیکردنی "خۆم"، من وەکو ئەو کەسـەی نوێنەرایەتی دەکات هەم... ئەو کەسـە لە نوێنەرایەتیکردنەکەدا ئەنجام نییە، بەڵکو لە سەرەتاوە سەر بە پرۆسەکەیە و ئەوەی نوێنەرایەتی دەکرێت دەهێنێتە بەردەم خۆی. ئەو دێتە نێو دیمەنەکەوە و بەردەوام لەنوێنەرایەتیکردنەکەدا دەمێنێتەوە".[هـایـدیگەر، ٢٠٢٣: ١٦٦] دیـارە

---

[1] ـ ئەمە هەوڵی بەشێکی زۆری فەیلەسوفانی ئەو قۆناغە بووە، بە کانت و هیگڵیشەوە، گەر سەرنجی کتێبی"ئایین لەنێو سنووری ئەقڵی پەتیدا" کانت بە ڕۆشنی ڕێگەی فەلسەفە لە ئایین جیادەکاتەوە و پێیوایە دەبێت عەقڵ بە شێوەیەکی پەتی و سەربەخۆ لە تێگەیشتنی ئایینی لە دەقە ئایینییەکان بکۆڵێتەوە. بڕوانە: [کانت، ٢٠٢٣: ٤٥]

نوێنەرایەتی، لەبرێتی یان لەجیاتییە؛ کە بۆ بیرکردنەوە بەکارهاتووە و جۆرێکە لە وێنە و ئاوێنە. بیرکردنەوە ئاوێنەی جیهان و هەبووەکانە، جیهان لە ڕێگەی بیرکردنەوەوە دەردەکەوێت. بە دیدی دیکارت بیرکردنەوە سەرچاوە و نوێنەرە، بیرکردنەوەش من بیردەکەمەوەیە، لەبەرئەوە من و بیرکردنەوە دراوێکی دوو دیو و یەکنوێنین. هایدیگەر دەنووسێت: "نوێنەرایەتیکردن و ئەو کەسەی نوێنەریی دەکات لە یەککاتدا لەنێو نوێنەرایەتیکردنی مرۆڤدا ئامادەن. ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، کە "من" و نوێنەرایەتیکردنەکەی لە دەرەوەی نوێنەرایەتیکردنەکەدا دوو بابەتی جیاوازی ئەو بین و لە ئاکامدا دەرکەوتبین."[هایدیگەر، ١٦٨] من وەکخۆی بیرکەرەوە و بیرکردنەوە نوێنەرایەتیە، بیرکردنەوە نوێنەرایەتی منی بیرکەرەوەیە، ئەمەش واتە "ئاگایی لە بابەت و شتەکان لەبناغەوە خۆ-ئاگاییە".[کەمال، ٢٠١٤: ٢٥] منی بیرکەرەوە، نوێنەرایەتی بابەتەکانی دەرەوە دەکات و مەرجە بۆ هەبوونیان. کەواتە سێکوچکەی نوێنەرایەتیکردن، لەسەر نوێنەرایەتیکردنی شت، نوێنەر و ئەوشتەی نوێنەرایەتی کراوە، دامەزراوە. دێکارت سێ جۆر "ئایدیا-بیرۆکە" لە یەکدی جیادەکاتەوە:

١. بیرۆکە وەرگیراوەکان: شتێک کاردەکاتە سەر ئێمە و نوێنەرایەتی دەکرێت؛

٢. ئەو بیرۆکانەی ئێمە دروستمان کردون، شتێک لەنێو ئەندێشەی ئێمەدا نوێنەرایەتیکراوە و بە (ئەندێشەمان) بیرمان لێکردووەتەوە.

٣. بیرۆکە زگماکییەکان: ئەوەی نوێنەرایەتیکراوە و لە بنەڕەتەوە لە نوێنەرایەتیکردنی مرۆڤ پێکهاتووە، کە لەگەڵیدا بووە و پێی بەخشراوە.[کەمال، ٢٠١٦: ٦٦]

سەرنج لە هەر سێ جۆرەکەی بیرۆکە بدەین، پەیوەستن بە نوێنەرایەتییەوە، "کەوابوو، ئەوەی نوێنەرە هەمیشە نوێنەرایەتی شتە "ئامادەکراو"ەکە دەکات و بانگی دەکات؛ لێی تێدەگات و خاوەنێتی دەکات، دەستی بەسەردا دەگرێت و دەیپارێزێت."[هایدیگەر، ٢٠٢٣: ١٧٣]

لەم سێ جۆرەی بیرۆکەوە دەتوانین ئاماژە بە سێ جۆر لە وێنە بکەین: وێنە وەرگیراو یان گواستراوەکان، کە سەرچاوەی جیاوازییان هەیە و پێویستە لێیان دڵنیابین، چونکە لە دەرەوە بە ئێمە گەیشتوون، وێنەی ئەندێشەیی یان خۆیی، ئەندێشەمان سەرچاوەی دروستکردنی ئەم وێنانەیە، بۆیە شتەکان لەنێو ئەندێشەی ئێمەدا وێنەیان دەگیرێت و دەبن بە چەمک و بیرۆکە، ئەم بیرۆکانە خودی شتەکان نین، بەڵکو وێنەیانن، کاتێکیش دەیانکەین بە گوتن، دیسان گوتنەکە دەبێت بە نوێنەر و بۆ خەڵکی دیکەش دەبن بە وێنەی گواستراوە. سێیەم جۆر، وێنەی پێدراو و لەپێشتریێتییە، ئەم وێنانە لەنێو مندان و من سەرچاوەی داهێنانیان نیم، بەڵکو پێمدراوە و بێدەسەڵاتیشم لە ڕەتکردنەوەیان، بەڵام هەندێک لەو وێنانە دەبێت بواری دەرکەوتنیان پێبدرێت، هەندێکیشیان لەناو

مندا ناونیشـینن، بۆ نموونە کات و شـوێن، وەک سـپێتی بۆ بەفر؛ بەفر بێدەسـەڵاتە لە لێکردنەوەی سـپێتی، منیش ناتوانم لە دەرەوەی کات و شـوێن بم و خۆمی لێجیابکەمەوە، کەواتە وێنەی بەسـەرداسـەپێنراون، دەشـتوانین بڵێین ئەو وێنانەن، کە سـەرچاوەن بۆ وێنەسـازیی دیکە و کاریگەرییان لەسـەر جیهانبینی منی بیرکەرەوە هەیە، ئەندێشـەی وێنەسـازیی من لە ڕەهەندێکەوە ئاڕاسـتە دەکەن. خاڵێکی دیکەی گرنگ پەیوەسـت بە وێنە و بیرکردنەوە لە فەلسـەفەی دێکارتدا ئەوەیە، کە بیرکردنەوە نوێنەری شـتەکان دەکات و بە جۆرێک خۆییانەی دەکات، ئەم خۆییکردنەی بابەتەکان "سروشت و جیهان"، سەرچاوەی داهێنان و دامەزراندنە.

هۆش و بیرکردنەوەی مرۆڤ لای لایبنیز لەسەر دوو بنەمایە، بنەمای دژیەکی و گونجاوێتی، یاخود سۆنگەی پەسـەندە. لایبنیز پێیوایە لە عەقڵ و ئایدیاکانی خودادا کۆمەڵێک جیهانی شیمانەیی بێکۆتا هەن، واتە عەقڵی خودا وێنای ئەم جیهانانە دەکات و نەگونجاویشـە لە جیهانێک زیاتر هەبێت، بۆیە پێویستە بنەمایەکی گونجاو و پەسەند بۆ هەڵبژاردنی یەکێکیان هەبێت، لە سۆنگەی گونجاوێتییەوە، چاکترین لەدایکبوونی جیهانی شـیمانەییەی لێدەکەوێتەوە، عەقڵی خودا لەسـەر بنەمای چاکێتی، جیهان دەهێنێتە بوون. [بهشـتی، ١٣٩٢: ٥١] دیارە بنەمای گونجاو و پەسـەندێتیی لەناو ئامانجی شـتەکان و پەیوەندیی خودا و بنەما ئەفرێنراوەکان و ڕووداوە هۆیی و هۆکردەکاندا هەیە، هاوکات لە پەیوەندیی لۆژیکی نێوان بنە و باریشدا هەیە، بۆ نموونە "بەفر سپییە"، سپێتیی بارە بۆ بەفر، کە بنەیە، بۆیە سپێتی لە بەفر جیانابێتەوە، ئەمەش لەسەر بنەمای سۆنگەی پەسەند و گونجاوێتی، کە سپێتی بۆ بەفر چاکترینە. بە دیدی لایبنیز بنەمای ڕاستییە هەمیشـەییەکان نادژیەکییە، کەواتە خودا سـەرچاوەی شـێوەبەخشـییە[1]. بەڵام ڕاسـتییە قەوماوەکان هۆدارێتییە. ئەمەش دەرخەری دوو جۆر وێنەیە، کە وێنەی نادژیەک، و هۆدارێتییە، سـەرچاوەی ئەم بیرکردنەوەیەی لایبنیز بۆ چەمکی مۆناد دەگەڕێتەوە. [کەمال، ٢٠١٧: ٢٣]

چەمکی مۆناد لە فەلسـەفەی لایبنیزدا بنەڕەتییەو پێیوایە مۆنادەکان جەوهەرێکی سـادەن و دابەشنابن و لەگەڵ پەیدابوونیاندا پڕکراون لە توانایی، سۆز و زانین، بیرۆکەگەلێکیان سەبارەت بە ڕاسـتەقینە بە زکماکی هەڵگرتووە. هاوکات "زانینی مۆنادەکان دوو جۆرن؛ یەکەم، لەڕێگەی هەسـتکردنەوە هەرکام لەم مۆنادانە جیهانی دەرەوەی خۆی دەناسـێت، زانین سـەبارەت بە هەبووەکانی نێو جیهان پەیدادەکات. دووەم، مۆناد هەست بە بوونی خۆی لەناوەوە دەکات"[کەمال، ٢٠١٧: ٤١] لایبنیز دوو جۆر ڕاسـتی لەسـەر بنەمای ئەم دوو جۆر زانینە دەسـتنیشـاندەکات؛

[1] ـ ئەم ڕوانگەیە لەگەڵ ڕوانگەی ئایینی یەکدەگرێتەوە، کە پێشتر خستمانەڕوو.

ڕاســـتییەک هۆش پەیدای دەکات و لە دژیەکی دوورە و هەر خۆیەتی، بۆ نموونە خرێتی بازنە، ڕاســـتییەکیش پەیوەندیی بە ڕووداوەکانی نێو جیهانەوە هەیە و هەســـتکردن دەیناســـێت و نوێنەرایەتییان دەکات. هەربۆیە وێنە لای لایبنیز پەیوەستە بەم دوو جۆرەوە، وێنەی سادە و تاقانە، کە عەقڵی و ناوەکییە و دژێتی تێدا نیە، لەگەڵ وێنەی هەســـتەکی و پێکهاتەیی، کە دەرەکییە و ڕووداوەکانی جیهان سەرچاوەیین.

کرستیان ولف فەیلەسوفێکی هاوکاتی لایبنیزە و کاریگەری لەسەر کانت هەیە، پێیوایە سێ جۆر زانین هەیە: زانینی مێژوویی، ماتماتیکی و فەلسەفی. بنەمای ڕاستیی زانینی فەلسەفییە، چونکە دەتوانێت لێڵییەکان ڕۆشن بکاتەوە، پێوەری ئەم زانینەش شیاوێتیی وێناکردنە؛ ئەوەی وێنابکرێت و ناکۆک نەبێت بە وێنەکردن و وێناکردن، دەشـــێت بزانرێت، ئەمەش لەســـەر بنەمای لۆژیک و بابەتێتییە. دیارە کانت شـــیاوی وێناکردن دەکات بە شـــیاوێتیی ئەزموونکردن بۆ زانین،[بەدەوی، ٢٠٢٠: ١٦١] کانت کە شـۆڕشـێکی فەلسـەفی ئەنجامدەدات، بابەتەکان بۆ هۆش و زانین دەگێڕێتەوە و دەیەوێت مێتافیزیک بکات بە زانسـت، لەبەرئەوە دڵنیابوون لە زانینی بابەتەکان دەکات بە بنەمای زانینسـەنتەری، بابەتسـەنتەریش دەکاتە ڕێچکە، واتە زانین هاوشـێوەی بابەتەکەی نییە و لەسـەر بونیادی بابەتەکە ڕاناوەسـتێت؛ بەڵکو بابەتەکە دەبێت هاوشـێوەی زانین بێت، کە خاوەنی بونیادی خۆیەتی و لەپێشترە،[کەمال، ٢٠١٧: ٦٨] ئەمەش وێنەسازی بابەتەکەیە لەسەر بنەمای زانین.

فەلسەفەی کانت ڕەخنەگرانەیە و ڕەخنەی ئاڕاستەی هەردوو قوتابخانەی ئەزموونگەرایی و هۆشگەرایی کردووە، پێیوایە "زانینی مرۆڤ سنوردارە، سنوردارێتییەکە تەنیا لە هەستکردندا نییە، کە ناتوانێت بچێتە ئەودیو جیهانی دیاردەکانەوە، بەڵکو هۆشـیش دەگرێتەوە."[کەمال، ٢٠١٧: ٧١] بۆ دەرچوون لەم ســنووردارێتییە کانت بابەتســـەنتەری تێپەڕ دەکات و هەســـت و هۆشـــیش وەک ســـەرچـاوەی زانین تێهەڵکێش دەکـات، چونکە ڕاســـتەقینەی جیهـان دوولایەنێتییە، لایەنی دیاردەکان(phenomenon)و ئەودیو دیاردەکان(noumenon). یەکەمیان لەڕێگەی هەستکردن و ئەویتر بەهۆی عەقڵەوە دەناســـرێت.[نصـــیری، ١٣٨٧: ٨٢]، دیاردەکان لەنێو کات و شـــوێندا هەن و هەستکردن نوێنەرایەتی دەکات، نۆمینەش دەکەوێتە ئەودیوەوە و هەستکردن دەستی پێیان ناگات. هەروەهـا "ئەگەر دیـاردەیەک هـاوشـــێوەی خۆی لەنێو درککردنەکەدا نەبێـت نـا-ڕاســـت دەردەکەوێت...هەســـتکردنیش کە خەســـڵەتی دیـاردەکـان وەردەگرێت، بەڵام نـاتوانێت بیرۆکە دروسـتبکات، ئەوا خەسـڵەتەکان بە تێگەیشـتن دەگەیەنێت تا لە ڕێگەی چەمکە ناونیشـینەکانی ناو تێگەیشـــتنەوە[کاتیگۆرییەکانەوە] بیرۆکە دروســـتبکات. هەرچی نۆمینەیە هەیە، بەڵام نایەتە ناو

هەستکردن، کەواتە تێگەیشتنیش دەستی پێی ڕاناگات.[اپل، ١٣٧٥: ٦٥] کانت بۆ ناسینی "نۆمینە یان شـــت لە خۆیدا" پەنا دەباتە بەر جۆرێکی زانین، کە بە "زانینی هۆشـــەکی" ناویدەبات، بەڵام پێیوایە ئێمە خاوەنی ئەم جۆرە زانینە نین.

زانین لای کـانـت بریتییە لە یەکگرتنی فۆرم و نـاوەڕۆک، "ئەوەی درککردنی هەســـتەکی لە دیاردەکەوە وەریدەگرێت دەبێت بە(ناوەڕۆک) بۆ تێگەیشـــتن. تێگەیشـــتن، پاش وەرگرتنی ناوەڕۆکەکە، ناوەڕۆکەکە دەخوێنێتەوە و فۆرمێکی بە بەردا دەکات و دەیکات بە(بیرۆکە)".[کەمال، ٢٠١٧: ٨٢] فۆرم خۆیی[ناوەکی] و لەپێشـترە، ناوەڕۆک بابەتیی و دەرەکییە، کاتیگۆرییەکانی ناو تێگەیشـتن سـەرچاوەی بیرۆکە و فۆرمبەخشـین، فۆرمیش لەناو دەسـتەواژەکاندا خۆی بەرجەسـتەدەکات، کانت سـەرچاوەی بەیەکگەیشتنی ناوەڕۆک و فۆرم بە سکێماتیزم (schematism) ناودەبات، سکێما پردی بەیەکگەیشتنە، کە لێکچوو و وێنەی نێوان ناوەڕۆک و فۆرمە، ئەمەش بە یاریدەی شـــوێن و کات، کە کات فۆرمێکی ناوەکییە و مەرجی هەسـتکردنە، شـوێنیش پانتایی دەرکەوتن و بینینی دیاردەکانە. "کاتێک هەسـتکردن ڕووبەڕووی دیاردەکان دەبێتەوە، وێنەی ئەو دیاردانە لەنێو شوێندا دەبینێت."[کەمال، ٨٧]

ئەندێشـە بۆ کانت سـەرچاوەی وێنەسازییە، هەستکردنیش سـەرچاوەی ئەزموونە جیاوازەکانی دیاردە و شتە، بۆ نموونە ڕەنگی سوور لە شتە سوورەکاندا، بەڵام بەهۆی ئەندێشـەوە ئەم ئەزموونانە، بۆ یەک ڕەنگی سـوور یەکدەخرێت، لەبەرئەوە دیاردە وێنەی شـتەکانە و خودی شـتەکان نییە، خودی شـتەکان لە خۆیاندا نۆمینن، کە دەرناکەون و دەرە وێنەیین؛ دیاردەکان وێنەی شـتانێکی دەرە وێنەن. هاوکات باسـی هاوشـێوەیی یان وێنەی لێکچووش دەکات، کە بابەت و دیاردەکان بەرانبەرن بە زانین، واتە دەبێت بابەتەکان هاوشێوەی چەمکەکان بن و ببن بە پێوەری ڕاستی بابەت و چەمکەکان، لێرەوە ڕاسـتی بریتییە لە لێکچووی بابەت لەگەڵ بیرۆکەدا، ئەمەش جیاوازە لە لێکچووی بیرۆکە لەگەڵ بابەت، کە ڕاســـتیی بیرۆکەیەک لەســـەر لێکچووەکەی لە دەرەوەی بیرکردنەوە وەســـتاوە، کەواتە وێنەی هۆشەکی بنەمای وێنەی بابەتی و دەرەکییە.

- **فۆکۆ، بۆدریار، دۆلۆز و ڤیگنشتاین**

یەکێک لە ســـیما دیاردەکانی پاش تازەگەری، "شـــۆڕشـــی زانیاری"یە؛ بەرهەمهێنانی زانیاریی لێکەوتەی بەرهەمهێنانی پیشـــەســـازییە، کە مۆدێرنەی پێدەناســـرێتەوە. پێکهاتنی هەردوو دونیای پیشـــەســـازی و زانیاریی، بواری بۆ دونیایەکی نوێ و ئاوێتە خۆشـــکردووە، کە ســـەرمایەداری و تەکنەلۆژیای زانیاری ئەمڕۆن کە بەهۆی زانســـتەوە دونیاگرن، بە جۆرێک ناکرێت لە دەرەوەیان بیربکرێتەوە. داهێنانی کامێرا و هاتنی ســـینەما، تەکنەلۆژیا و دنیای دیجیتاڵ و تێپەڕکردنی دنیای

میکانیک بەشـــێکن لە گوژمی زانســـتی و ســـەرمایەداری. ئەم دنیا نوێیە مرۆڤیان ئاوێزانی وێنە کردووە، بۆ بیریـاران، ڕەخنەگر و هونەرمەندانیش بووەتە ســـەرچـاوەی خوێنـدنەوە و تیۆری جیاوازی بواری سینەماناسی و وێنەناسی. ئەمڕۆ کە موبایل لە گیرفانی هەمووماندایە، تێگەیشتن لە وێنە چووەتە قۆناغێکی نوێ، کەم بیریار و نووسەر هەیە ئاوڕیلێنەداتەوە، چونکە شارستانیەتی ئەمڕۆ وەک بارت ناوی دەنێت، "شارستانیەتی وێنە"یە.[سەعید، ٢٠٠٨: ١٥٩] یاخود ولیام فلوسەر دەڵێ، "سەردەمی هەرەسهێنانی نووسینە لەبەردەم کولتووری وێنەدا".[عەلی، ٢٠١١] لەبەرئەوە وێنە بوونێکی ســـەربەخۆ و بنەڕەتی هەیە و بووە بە ســـەرچاوە، کە لای فەیلەســـوفێکی وەک دۆلوز هەمووشـــتێک "وێنە"یە، هیچ جیاوازییەک لەنێوان وێنە و بابەتی دەرەکی وێنە و زانیاری ئێمە دەربارەی ئەو بابەتە بوونی نییە. ئێمە بەردەوام لە "وێنە"کان کۆمەڵێک زانیاری وەردەگرین، کە دیسان خودی ئەو زانیاریانەش "وێنە"ن.[محمودی، ٢٠١٤]

وێنە لای بیریارێکی وەک بنیامین کە مێژووی فۆتۆگرافی دەنووســـێتەوە، پێیوایە نمایشـــی ناو وێنەکان ئەمڕۆ واقیعگرن، کەسـەکان لەناو وێنەکان دێنە دەرێ و لاسـاییدەکرێنەوە، هەموو شـتێک بە ئامێنەکانیشـــەوە کۆپیدەکرێنەوە. لەبەرئەوە وێنەگرتن دەســـتتێوەردانی واقیع و گرتنی ســـاتە خێراکـانە و بە دەق-مێژووکردنیەتی، بۆیە فۆتۆ ئەزموونێکی نوێی خەڵـک و جیهـان، خەڵـک و ئامێرە.[محەمەد، ٢٠٢٠: ١٦٠-١٦٢]، وێنەکان تێکســـتن و هەڵگری دنیای نیشـــانە و واتای خۆیانن. هاوکات بنیامین لەسایەی فۆتۆوە پرسی گۆڕانی زانین و درکی مرۆڤ دەخاتە بەرباس و ڕای وایە فۆتۆ خۆی لە فۆرمەکانی هونەر و ئیســـتاتیکا دابڕیوە، ئەمەش تێگەیشـــتن و درکی مرۆڤی لە هونەرەوە بۆ تەکنیک گۆڕیوە، چونکە فۆتۆ تەکنیکە نەک هونەر؛ جاران ســـروشـــت لەگەڵ چاوی مرۆڤ دەدوا، ئیســـتا لەگەڵ کامێرادا دەدوێت.[هەمان: ١١٢] ئامادەیی بەرچاوی وێنە لە ژیان و بیرکردنەوەی ســـەردەمدا، منی توێژەر دەخاتە بەردەم نیگەرانیی هەڵبژاردنەوە بۆ ئاماژەدان بە دیدی بیریاران و نووسەران، لەبەرئەوەی سەرچاوەگەلێکی زۆر لەم بارەیەوە لەبەردەستدان، بۆیە ناچارم سنوورێک دابنێم.

فەیلەســـوفانی پاش تازەگەری ڕەخنە لە دیدی مێتافیزیکی ئەفلاتون و ئایدیالیســـتی تازەگەری سەبارەت بە وێنە-نوێنەر دەگرن. ئەفلاتون وێنە وەک لاساییکردنەوەی جیهانی فۆرمەکان دەبینێت، ئەوەی کە وێنەی ناکرێت و ناگیرێت، بە گرتنی، وێنەکە ناڕەســـەن و کەموکورت دەبێت، چونکە شـــتەکانی جیهان خۆیان وێنەی ئایدیاڵەکانن، کەواتە هەر هەوڵێک بۆ بەرجەســـتەکردنی فۆرمە بەرزەکان، زڕە وێنە بەرهەمدەهێنێت، کە فۆکۆ چەمکی"سیمولاکرا-زڕە وێنە"ی بۆ بەکاردەهێنێت. بە

دیدی فۆکۆ جیهان ئەسڵی خۆی لەدەستداوە و کۆپی کۆپییەکانی جیهان، یاخود جیهانەکان هەیە، بە جۆرێک، کە کۆپیی و ئەسڵ ئاوێزانن و نالوێ لە یەکدی جیابکرێنەوە. زڕ، ساختە و درۆزنە وێنە چەندین شێوەی هەیە، وەک:

1. وێنەی ساختە لە بەرامبەر واقیعێکی کردەییدا.
2. زڕەوێنە، واتە نواندنەوەی شتێک (شتەکە بەهۆی نوێنەرەوەکانییەوە خۆی دەردەخات، بەڵام خۆی دەکشێتەوە، واتە خۆی دەشارێتەوە).
3. درۆیەک، کە وامان لێدەکات نیشانەکان لەجێی یەکتردابنێین (ڕەنگە نیشانەیەک بچێتە جێی نیشانە دژەکەیشی).
4. هاتنی خود و ئەویتر لە یەککاتدا (بۆ لاساییکردنەوەی گریمانەیی یەکتر هەردووکیان بە شێوەیەکی ئەسڵی پێکەوەدێن). [محەمەد، ٢٠٢٢: ٨٩]

کاتێک ئاوڕ لە دیدی بۆدریار دەدەینەوە، ئەوا لەبەردەم هێرش و داگیرکاری وێنەکانداین، کە دنیا و بوونی مرۆڤیان ڕامکردووە. دنیای بە دیجیتاڵبوو و وێنە، "من" و "واقیع"یشی لەناوبردووە. بۆدریار سەبارەت بە شاردنەوە (Dissimulate) و لەبەرگرتنەوە (Simulation) دەنووسێت: "شاردنەوە، واتە وا خۆمان دەرخەین ئەو شتەمان نیە کە هەمانە، لەبەرگرتنەوەیش، وا خۆمان دەرخەین ئەو شتەمان هەیە، کە نیمانە".[بۆدریار، ٢٠١٩: ١٤٤] جیهانی ئەمڕۆ بەبێ مۆنتاج و دەستکاریکردن، ئەگەری ناسین و ناسینەوەی کەمە، مۆنتاج و دیجیتاڵیەت، کار لەسەر دروستکردن، دەستکاریکردن و ئاوەژووکردنەوەی وێنە و واقیع دەکەن، بۆ نموونە نواندنەوەمان لەناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بەرجەستەترە لە دەرکەوتنی واقیعی. ڕاستی لە زڕەوێنەدا نمایان بووە، هەر ئەم پەرشبوونەوەیەی وێنەی ئەسڵی لەناو کۆپییەکاندا سەرچاوەی فرەشوناسی و لەتبوونی ڕەسەن و ئەسڵییە. هاوکات ئەسڵی لەبەرامبەر کۆپیدا سەرچاوەی جیاوازییە، واتە "من" لەبەرامبەر "ئەویتر"دا جیاوازییەکانی دەردەکەوێت، بە زمانی بیریارانی پاش تازەگەری ئەویتر سەرچاوەی منە، بە بێ کۆپیش، ئەسڵی مانایەکی نییە.[نجفی، ١٣٩٧: ٣١] ئەم تێگەیشتنەی بیریارانی پاش تازەگەری ڕەخنەیەکی بنەڕەتییە لە وێنە وەک نوێنەر لە فەلسەفەی کلاسیک و تازەگەری، لەبەرئەوەی کۆپی خۆی دەبێتە ڕاستی، یاخود باشترە بڵێین ڕاستی نەماوە و ئەمڕۆ ماسک و زڕەوێنە ڕاستییە. ئەم دیدە تێپەڕکردنی چەمکی"کۆمەڵگای نمایش"ە بۆ نمایشی نمایش، بۆیە ئەوە وێنە و شاشەکانن واقیع دروستدەکەن، واقیع لەناوچووە. بۆیە بۆدریار زنجیرەی قۆناغەکانی وێنە بەمجۆرە دەستنیشاندەکات:

- وێنە، ڕەنگدانەوەی واقیعێکی بنەڕەتییە.

- وێنە، واقیعێکی بنەڕەتی دادەپۆشێت و دەیشێوێنێت.
- وێنە، غیابی واقیعێکی بنەڕەتی دادەپۆشێت.
- وێنە، هیچ پەیوەندییەکی بە هیچ جۆرە واقیعێکەوە نییە: وێنە زڕەوێنەی پەتیی خۆیەتی.[بۆدریار، ٢٠١٩: ١٤٩]

چەمکی "نواندنەوە-Representation" کە مانای وێنە و لێکچوون دەگرێتەوە، لای فەیلەسوفانی پاش تازەگەری شوێنپێی لەق دەبێت و نیشانە جێی دەگرنەوە، مەدلولیش جێ بۆ دال چۆڵدەکات، چەمکی نووسەر و دەقیش لە ڕەخنەی ئەدەبیدا بۆ خوێنەر، خودا بۆ مرۆڤ، مرۆڤیش بۆ ئامێر... ئەمانە بوار بۆ هەڵوەشاندنەوەی وێنەی وەستاو، ڕاستی جێگیر و ڕەها و ناوەندگەرا دەکەنەوە. سینەما و وێنەی جوڵاو و کۆپی کۆپیکردنەوە ڕاستی، دەبن بە نموونەی ژیان و بیرکردنەوە و بەرهەمی نوێ.[پرهیزکار، ١٣٨٩: ١٨٥] بۆدریار پێیوایە ڕاستی هەیە، بەڵام وەک کۆپییەکی بێ ئەسڵ، کۆپی لە وێنەی ئەسڵی ئەسڵترە، واتە منی بە وێنەبووی ناو شاشەکان زیاتر لە منی واقیعی واقیعیترن. وێنە وەک بابەت ئەمڕۆ بەسەر خود و بکەردا زاڵبووە، چونکە بڕیاری وێنەکان زیاتر لە بڕیاری بکەرەکان دەخوات، وێنە دەبینێت و قسە دەکات، بڕیار و هەڵبژاردنەکان هی وێنەکان نەک، بکەرەکانن، بۆ نموونە، ڤیدیۆیەک لە دادگادا لە چاوی مرۆڤێک بەهای زیاترە. بۆدریار پێیوایە چەمکی وێنە لە ئەنەلۆگەوە بۆ دیجیتاڵ گۆڕاوە، لەبەرئەوە ئاوێنەش وەک نواندنەوەی واقیعی دەرەکیی وێنەکان بۆ واقیعی مەجازی و دیجیتاڵی دەگۆڕێت، چونکە وێنە لە یەککاتدا دروستدەکرێت و دەسڕێتەوە، وێنە لە بینین یاخی بووە و چیتر واقیع نیشاننادات، بەڵکو واقیع دروستدەکات و هەڵیدەوەشێنێتەوە و بەرەو زێدە واقیع، یان واقیعی کەڵکەبوو دەیبات، کە ئەمە ناودەنێت"شکستی نیگا"[بۆدریار، ٢٠١٩: ٣٠-٣٢].

بۆدریار بەپێچەوانەی بارتەوە کە پێیوابوو وێنە لێکچوو و ئەنەلۆگی (Analogy) دونیای واقیعە، ئەم دەڵێت بەرهەمهێنانی دیجیتاڵی وێنە، وێنای وێنەش لەناودەبات و لە کۆتاییشدا مردنی فۆتۆگرافی لێکەوتووەتەوە. وێنەی فۆتۆ گوزارشتە لە ئامادەیی من بەرامبەر بابەت و دونیای دەرەوە، بەڵام بەهۆی دیجیتاڵ و مەجازیبوونەوە من و مانا لەناوچووە، چونکە وێنە دیجیتاڵییەکان بوونەتە ئامانج و مەبەست نەک دەلالەتی وێنەکە بۆ ئەو شتەی دەینوێنێتەوە. مانای وێنەکە لە بەین دەچێت و چیتر گۆشەنیگا- بێ بینین دەبێت و کوشتاری وێنەو واقیعی لێدەکەوێتەوە، چونکە لە یەککاتدا وێنەگۆڕکێ-واقیعگۆڕی لە دونیای ڕەمزیدا ڕوودەدات، بۆ نموونە لە فەیسبوک بۆ ئینستاگرام و تیکتۆک دەچێت، لەوێوە بۆ تویتەر و سناپ، لە سناپیشدا فلتەر و شێوە جیاوازەکانی، ئەمەش وا دەکات، وێنەی دیجیتاڵی گۆشەی بینین و نیشاندانی نەمێنێت. نەمانی وێنەی فۆتۆ منێکی

وەهمی و سەراب ئاسا دروستدەکات، چیتر فۆتۆ نادیار و نائامادەکان نیشان و ئامادەناکات، چیتر وەســـتان و گرتنی دیمەنە ناوازەکان نییە، بەڵکو لە دیجیتاڵدا لە یەککاتدا لێرە و لەوێ، لەوێ و لێرەیت، لە هەمانکاتدا لە هیچیشیان نیت، بەڵکو وەک سەراب وایە و پرۆسەیەکی تەواو ناکەسیی و ئامێریی و خۆکارە(ئۆتۆماتیک). ڕەخنەی بۆدریار ئەوەیە، کە من و واقیع داوەشـــاوە، چونکە چیتر من نیم دەبینم و واقیعێک نەماوە؛ "من ئەو جاڵجاڵۆکەیە نیم کە تۆڕ دەچنم، تەنانەت ئەو مێشـــەش نیم کە لە تۆڕەکەدا گیری خواردووە. من خودی ئەو تۆڕەم کە بە هەموو لایەکدا بڵاوبوومەتەوە، ئەویش بەبێ چەقێک کە بتوانم بە هی خۆمی بزانم".[بۆدریار، ٢٠١٩: ١١٢] پەرتبوونی بکەر لەناو تۆڕەکاندا، ســـەرچاوەی لەناوچوونی واقیع و خودە، چونکە ئێســـتا ئەوەی وا دەکات من لە دیدی ئەویتردا هەبم، فەزای مەجازییە، نەک واقیع.

دۆلۆزیش وەک یەکێک لە فەیلەسـوفانی پاش تازەگەری لە چەندین بەرهەمیدا ئاوڕی لە پرسـی وێنە داوەتەوە. دۆلۆز لە دوو کتێبدا: (سـینەما ١: جوڵە-وێنە) لەگەڵ (سـینەما ٢: کاتە-وێنە)؛ زیاتر پرســی وێنە و ســینەما بەرباس دەخات. دۆلۆز زاراوەی "جوڵە-وێنە" و "کاتە-وێنە" بەکاردەهێنێت، ئەمەش لەبەرامبەر هەردوو زاراوەی بێرگســـۆندا کە "مادده و یادگە"یە، لە مادەدا جوڵە-وێنە و لە یادگەدا کاتە-وێنە هەیە. دۆلۆز پێیوایە وێنە بە یارمەتیی مۆنتاج توانی لە شـــوێن ڕزگاری بێت و بکەوێتە ناو کاتەوە و بجوڵێت، چونکە پێشتر وێنە و سینەماش هاوشێوەی کات و شوێنی واقیعی بوون، بەڵام مۆنتاج توانی گۆشـەنیگای دیاریکراو و شـوێنی جێگیری وێنە بۆ کات بگۆڕێت، ئەمەش بووەهۆی ئەزموونکردنی ئەندێشـــە. بۆ دۆلۆز هەموو ئاکتەکانی: "بیرکردنەوە، ئاکت نواندن، دەرککردن، زیاتر لەمە، کۆی ژیان، بریتییە لە وێنە".[Spangenberg ، ٢٠٠٩: ٤٣]

وێنە لای دۆلۆز ڕەهەندێکی بوونناسانە وەردەگرێت و لە خودی خۆیدا و بۆ خۆی بوونی هەیە، هەروەها بۆ ئەوە لەوێ نییە هەتا منێکی ئاگامەند کەشــفی بکات، هەروەکو لای فینۆمینۆلۆژییەکاندا هەیە. لە فینۆمینۆلۆژیادا ئێمە بە ئاگاییەوە لە وێنە دەڕوانین، بەڵام دۆلۆز بە کاریگەریی بێرگســۆن، خودی وێنە و ڕووناکیی بریتیین لە ئاگایی. دۆلۆز دەڵێ: "چاو...لەنێو شــتەکاندایە، چاو بەشــێکە لە وێنەیەک کە مایەی بینراوی وێنەیە. ئەمە ئەوەیە کە بێرگســـۆن نیشـــانیدەدات: وێنە لەنێو خۆیدا پرشــنگدار و مایەی بینینە، تەنیا پێویســتی بە «شــاشــەیەکی ڕەش» هەیە تا ئەم پەردەیە ڕێگریی بکات لە جووڵانی بە هەموو ئاراســـتەکانی تر و تێکەڵبوونی لەگەڵ وێنەکانی تردا، ئینجا ڕێگریی لە بڵاوبوونەوەی ڕووناکیی بکات و ڕێگر بێت لە بڵاوبوونەوەی بە هەموو ئاراســـتەکان، تا ببێتەهۆی ڕەنگدانەوە و شکاندنەوەی ڕووناکیی...چاو کامێرا نییە، بەڵکو شاشەیە. سەبارەت بە کامێراش، بە

هەموو ئەرکە ڕێژەییەکانییەوە، زیاتر بریتییە لە چاوی سـێیەم؛ ئەگەر کامێرا چاو بێت، ئەوا چاوی زەینە"[دولوز، ١٣٩٠: ٥٤-٥٥]. دۆلۆز پێیوایە، فەلسەفە هەوڵیدەدا جووڵە بهێنێتە نێو بیرکردنەوەوە، بەڵام سینەما جووڵەی خستە نێو وێنەوە، لەبەرئەوە سینەما بەردەوام شتێک دەگێڕێتەوە، کە جووڵە و کاتەکانی وێنە دەیگێڕنەوە.[فریدە، ١٣٩٩: ٦٤]. هاوکات دۆلۆز پێیوایە چەمکەکان و ئارەزووەکان وێنەکانن، وێنەش لەبری مەدلول بێت دالە، هەر خودی زمان خۆی وێنەیە، لەبەرئەوە ئارەزووەکان و دالەکان چنراو و هەڵوەشاوەن، بەریەک دەکەون و ڕێ لە یەکدی دەگرن و دووبارە دەبنەوە، لەبەرئەوە وێنە بێکۆتایە.[دۆلۆز: ٢٠١٨: ٨٧]

دۆلۆز جیاوازی وێنە لە فۆتۆ و سینەمادا دەکات و ڕای وایە، وێنە ئەو ئاکت و کردەیەیە، کە ساتێکی ڕاگوزەر دەکاتە بێکۆتا و وەکو ساتێکی نەمر دەیهێڵێتەوە، لە کاتێکدا سینەما جیاوازە، چونکە ساتەکان تێیدا ڕاگوزەرن و لە جوڵەیەکی بەردەوامدان. لە سینەمادا جوڵە گرنگە، بەڵام لە وێنەدا دۆخی وەستاو و ئەبەدیی. دۆلۆز ئەم بیرکردنەوەیەی لەبارەی وێنەوە دەخاتە ناو دوو چەمکی فەلسەفییەوە و ڕای وایە دەتوانی ساتی وێنە و سینەما بە دوو زاراوەی بووناسی وەربگێڕین، ئەوانیش بوون(Being) و بوونگۆڕکێ(Becoming). وێنە دەبێتە بوون و لە ساتێکی بێکۆتادا دەمێنێتەوە؛ سات دەخاتە نێو دۆخێکی ڕەها و خاسیەتی نەگۆڕی پێدەبەخشێت، بەڵام لە دۆخی سینەمادا جیاوازە. هەڵبەتە ئێمە لەڕێی زانستی وێنەناسییەوە (وێنەلۆژیی-Imagology) دەزانین، کە سینەماش هەر وێنەیە، بەڵام دووبارەبوونەوە و جیاوازیی و ژمارەی تێدایە، بۆیە سینەما دەکرێت وەکو بوونگۆڕکێ وێنا بکرێت، کە هەمیشە لە سەیرووڕەدایە(Becoming)، و تێز و ئەنتی-تێزی لەخۆیدا هەڵگرتووە.[Herzog، ٢٠٠٠: ٣٥]

لە کۆتاییشدا گرنگە ئاوڕێکی خێرا لە دیدی ڤیگنشتاین بۆ وێنە بدەینەوە. توێژەران ئاماژە بە دوو ڤیگنشتاین دەکەن؛ لە یەکەمدا پەیوەندییەک لەنێوان زمان و ڕاستیدا بونیاددەنێت و **پێیوایە بونیادی جیهان و واقیع، بونیادی زمان دیاریدەکات**، جیهانیش ڕاستییە، هەر هەیەیەکیش[هەبوو] وێنەیەک نوێنەرایەتی دەکات. هەرچی دیدی ڤیگنشتاینی دووەمە، ئەوە زمانە، بونیادی جیهان و واقیع دیاریدەکات. لای ڤیگنشتاینی یەکەم، وێنە جێی بابەت دەگرێت و نوێنەرایەتی دەکات، لەبەرئەوە وێنە و وێنەکراوەکە لە پەیوەندییەکی ناسنامەییدان؛ "وێنە ئەو ڕاستییە دەکێشێ کە هەیەتی".[حەمە، ٢٠١١: ٣٣٢] وێنە فۆرمێکی لۆژیکی و ڕاستییە، چونکە نوێنەرەوەی ڕاستیی و مانای شتەکانە و ماناش فۆرم دیاریدەکات، لەبەرئەوە ڕاستی و ناڕاستیی وێنەیەکیش لەسەر ماناکەی وەستاوە. خودی شت و بابەتیش بیرئامێز و لۆژیکییە، چونکە ناکرێت بیر لە شتی

نالۆژیکی بکەینەوە.[دباغ، ۱۳۸۸: ۱۰۳] لای ڤیگنشـــتاین بیرکردنەوە و ئەندێشـــە لە گوزارەکاندایە، گوزارەکانیش وێنەن لە ڕاســـتی و جیهان، بۆیە گرنگە بیر لە مانا و چۆنێتی گوتن و گوزارەکان بکرێتەوە، چونکە گوتن گوتراوەکە نیشـاندەدات، کە ڕاسـتییە. لەبەرئەوە کاری فەلســەفە بریتییە لە ڕوونکردنەوە و شـــیکردنەوەی وتن یان وێنەکان، زمانیش پەســـنکەری جیهان و واقیعە؛ وێنەیان دەگرێت، ئەوەی زمان نەتوانێت وێنەی بگرێت ئەوا جێگەی تێگەیشتنیش نییە. [پورحسن، ۱۳۸۵: ۱۳۱]

وەک ئـامـاژەمـان پێـدا، وێنە لای بیریـارانی پـاش تـازەگەری جێگەی پرس و بیرکردنەوە و تێڕامانیان بووە و بۆچوونی جیاوازییان هەبووە، لەلایەک دنیای ئەمڕۆیان بە داگیرکاریی وێنەکان و هاوکات بەستنەوەی وێنە بە ڕاستییەوە گرێداوە، هاوکات وێنەش لەو فۆرمە کلاسیکییە تێپەڕیوە کە نوێنەرایەتی بێت، چونکە خۆی بووە بە ڕاســـتی. زیاتر لەوەش وێنەکان بڕیاردەر و بینەرن، کەواتە وێنە وەک خودێکی کارا نەک بابەتێک ئامادەیە. هاوکات وێنە داهێنەری گوتارە جیاوازەکانە و ئاڕاســـتەکەرییانە، دەشـــکرێت بڵێین گوتاری وێنە خۆی لە دامەزراندنی وێنە گوتارییەکاندا دەبینێتەوە، چونکە وێنە هێندە سـەربەخۆ بووە کە تەنیا گوتارێکی پێشـینە ئاڕاسـتەی ناکات، بەڵکو خودی وێنە، گوتارە و یەکیان گرتووە. لە پاری ئایندەدا دیدی گریماس لەبارەی واتا و گێڕانەوە دەخەینە بەربـاس، کە وێنە و زنجیرەی وێنەکـان گوتـار و گەردوونی واتـایی پێکدەهێنن، زیـاتر لەوەش وێنەکانن دەبن بە واتا و هەلقەی گێڕانەوەکان وەک گرێچن پێکەوە دەبەســـتن و دنیای گێڕانەوە واتادار دەکەن. لەبەرئەوە لە گێڕانەوەناســیدا کۆکردنەوە و نیشــاندانی وێنە هاوشــێوەی کۆکردنەوە و نیشاندانی جیهانە.

## پاری دووەم

## گێڕانەوەناسی (لە بونیادگەرییەوە بۆ نیشانەناسی گێڕانەوە)

- دەروازە
- ناساندنی هزری گریماس[1]

گێڕانەوەناسی لە بواری توێژینەوەی ئەدەبیدا بابەتێکی نوێیە، کە لە پاش فۆرمالیست و بونیادگەراکانەوە سەرنجی خراوەتەسەر. گریماس(١٩١٧-١٩٩٢) یەکێک لە دامەزرێنەرانی گێڕانەوەناسی فەرەنسایە، کە بە کاریگەریی فۆرمالیست و بونیادگەراکان، هەوڵیداوە موتوربەی ئەو دوو قوتابخانەیە بە نیشانەناسی بکات و تیۆریی واتا لە گێڕانەوەدا دابمەزرێنێت، گێڕانەوەناسیش لقێکە لە نیشانەناسی. گریماس لە تیۆرییەکەیدا جەخت لەسەر واتا دەکات. مۆدێلی کردەنوێن(Actant Model)، چوارگۆشەی واتایی(Semantic square) پێکەوەدەبەستێت. گریماس پێیوایە لە بەرنامە و پرۆسەی گێڕانەوەدا واتا لەدایکدەبێت، واتاش سەر بە بونیادی قووڵە و گوتاری دەق لە ڕێگەی زنجیرە وێنە داهێنراو و بەرجەستەکانەوە دادەمەزرێت. تیۆرییەکەی گریماس فرەڕەهەند و داخراوێکی کراوەیە. داخراوییەکەی پەیوەستە بە سوودوەرگرتن لە فۆرمالیست و بونیادگەرە سەرەتاییەکان، کراوەییەکەشی لە نیشانەناسییەوە سەرچاوەدەگرێت.

کراوەیی تیۆر و تێگەیشتنی بۆ دەق زۆرتر لە بەرهەمەکانی کۆتاییدا ڕەنگدەداتەوە، کە لای شەعیری توێژەر و وەرگێڕی بەرهەمێکی گریماسە بۆ فارسی، بە گریماسی دوو و سێ ناسراوە، ئەمەش بەهۆی خزان و سڕکی دالەکان، ڕژانیان بۆ ناو مەدلولی بێکۆتا و گەمەی زمان و نیشانەکانەوە، هەر ئەم دیدەش گریماس لە پۆستمۆدێرن نزیکدەکاتەوە.[شعیری، ١٣٨٩: ١١] هەر سەبارەت بەم داخراوی و کراوەییە، دەتوانین پاساوەکەی بە تێهەڵکێشی خودی ژیانی هزری گریماس بکەین. گریماس وێڕای تێهەڵکێش و نزیککردنەوەی کایە جیاوازەکان، تەنانەت زمانە

---

[1] ـ ئالگێرداس جولیان گریماس، لە ١٩١٧ لە شاری تولا (وڵاتی لیتوانیای ئەمڕۆ) لە باشووری مۆسکۆ لەدایکبووە، لە ساڵی ١٩٤٩ لە فەرەنسا و زانکۆی سۆربۆن دکتورای لە ئەدەبیات بەدەستهێناوە. گریماس زۆربەی کارەکانی بە زمانی فەرەنسی نووسیوە. لە نێو کارەکانیدا زیاتر بە تیۆری چوارچێوەی گریماس: Greimas Square ناسراوە. هاوشان لەگەڵ ڕۆلان بارتدا، بە دیارترین نیشانەناسیی فەرەنسی دادەنرێت. لە بناغەدارێژەرانی فێرگەی نیشانەناسیی پاریسییە. لە پاش بڵاوبوونەوەی کتێبی *واتاناسیی بونیادی*(Structural Semantics) و *لەبارەی واتا*(*On Meaning*)ەوە بە گەورەترین تیۆریزانی واتاناسیی گێڕانەوە ناوی دەرکرد و بووە دامەزرێنەری سیمۆلۆژیایی گێڕانەوە. ساڵی ١٩٩٢ لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا کۆچی دوایی کردووە.

جیاوازەکانیش نزیکدەکاتەوە، هەر لەم نزیکییەدایە کە دابڕان دروســـتدەبێت. ئەو بە ڕەچەڵەک لیتوانی بە زمان فەرەنسییە، لیتوانیبوون و فەرەنسیزمان یەکدەخات، هەروەک ڤیکتۆریا دۆژۆتیتێ لە وتارێکیدا بەناونیشــانی "هەقیقەتی هزریی گریماســییانە" دەنووســێت: " بە زمانی فەرەنســی و لیتوانی نووســیویەتی، وەک ئەوەی دابڕانێک بکات لە نێوان بوارەکان: فەرەنســی، بۆ بەرهەمەکانی زمانناســی و نیشــانەناســی؛ لیتوانییش، بۆ توێژینەوەی ئەفســانە، ڕەخنەو وتار. ئەگەرچی ئەو لە هەردوو بوارەکەدا زۆر شارەزا بوو"[سەلمان، ٢٠٢١].

گریماس پێش ١٩٤٩ لە مەڵبەندی نەتەوەیی بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی ڕاهێنەر بوو؛ لەوەبەدوا بووە بەڕێوەبەری خوێندن لە خوێندنگەی بالای توێژینەوە لە بواری زانســـتە کۆمەڵایەتییەکان، هاوکات دامەزرێنەری واتاناسی و نیشانەناسی بونیادگەرییە، کە سەرچاوەکەی بۆ هزری سۆسێر و همسـێلف[1] دەگەڕێتەوە. هەروەها هەڵسـوڕێنەری گروپی نیشـانە-زمانەوانی (EHESS/CNRS)[2] و قوتابخانەی نیشــانەناســیی پاریســە. دیارە نیشــانەناســی ســۆســێری لەناو زانا فەرەنســییەکاندا جێگەیەکی دیاری هەیە و گریماس یەکێکە لەو زانایانە.

یەکێک لە ســــەرچاوە بنەڕەتییەکانی گێڕانەوەناســــی، بۆ بەرهەمە دیارەکەی ڤلادیمیر پرۆپ "مۆرفۆلۆژی حەکایەت" دەگەڕێتەوە. پرۆپ بونیادە هاوبەش، نەگۆڕ و بەدواییەکداهاتوو و دووبارەبووەکانی حەکایەتی دەرخســـت و پێیوابوو لە ٣١ ئەرکدا کۆدەبنەوە و ٧ جۆر پاڵەوان، یاخود ڕۆڵی پاڵەوانێتیشــمان هەیە.[پراپ، ١٣٩٦: ١٦١-١٦٣] گریماس بە ســـوودوەرگرتن و ڕەخنەکردنی پرۆپ، تیۆرەکەی کە جەخت لەسەر واتا لە گێڕانەوەدا دەکات، دامەزراند. واتا بۆ گریماس بنەڕەتییە و لە چەند ئاستی جیاوازدا ئەگەری ســـازبوون، بەرجەســـتەبوون و وەرگرتنی هەیە، لە دەرکەوتنە جۆراوجۆرەکانی و ڕێکخســـتنی ئەم جیاوازییانە لە گێڕانەوەدا، کە نەزم و بەهایەکی واتاییان هەیە. هاوکات لە بونیادی گوتاری گێڕانەوە، کە پەیوەستە بە شێوەگرتنی بونیادی ڕێزمانی گێڕانەوە لەگەڵ کاریگەریی ئەرک و کردەنوێنەکان، هەروەها لە ئاستی بونیادی قووڵدا، کە خۆی لە گەردونیەت و گەردوننۆچکەی واتاییدا دەبینێتەوە، ئەمەش بەهۆی ئەو وێنە نموونەیی و هێشـــووە وێنانەوە، کە گوتاری دەق لە بونیادی ڕووکەشـــدا بەرهەمیاندەهێنێت. هاوکات بەرهەمهێنانی واتا لە ڕێگەی چوارگۆشـــەی واتایی و پەیوەندییەکانی نێوان، دوانەی بەرامبەر، ناکۆکی و لەخۆگرتن شێوەدەگرێت.[هستیانی، ١٣٩٢: ٣١-٣٣]

---

[1] ـ لوی همسێلف، (1965-1899)، زمانەوانێکی دانمارکییە و درێژەی بە کارە زمانەوانییەکانی سۆسێردا و بوو بە دامەزرێنەری تیۆری گلۆسیماتیک. Glossématique، کە لە بارەی بەکارهێنانی زاراوەی زمانەوانی بونیادگەراییە. ڕێنامەییەکی زمانەوانیە و لێکدانەوەیە لە بارەی نیشانەو فۆرمالیستی.

[2] EHESS خوێندنگەی بالای لێکۆڵینەوە لە بواری زانستە کۆمەڵایەتییەکان CNRS مەڵبەندی نەتەوەیی بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی.

## - گێڕانەوە و گێڕانەوەناسی

گێڕانەوەناسی "Narratology" مێژوویەکی دێرین و نوێی هەیە. ڕەچەڵەکی زاراوەی گێڕانەوە "Narrative" بۆ "Narrara" لاتینی و "Gnarus" یۆنانی دەگەڕێتەوە، کە بە واتای ناسین و زانین دێت. مێژووی گێڕانەوە بە مێژووی ژیانەوە بەستراوە، مرۆڤ بەدرێژایی مێژوو نەیتوانیوە دەستبەرداری گێڕانەوە بێت، لەبەرئەوە کۆمەڵێک نادۆزینەوە بەبێ گێڕانەوە هەبێت. هاوکات گێڕانەوە لەگەڵ گەشەی فەرهەنگی مرۆڤدا، گەشەی کردووە و بە چەند شێوازی جیاواز خۆی گۆڕیوە؛ لە کۆنەوە بەشێوازی گوتراو، دواتر نووسراو، ئێستاش بە شێوەی بینراو و بیستراو، بە فیلم و وێنە، لەبەرئەوە لەگەڵ دنیای دیجیتاڵ و وێنەگێڕانەوەییدا خۆی گونجاندووە.[نبیزادە، ١٣٩٨: ٢٧] گێڕانەوە جیهانسازیی و ژیانسازییەکە لەنێو ئەم ژینجیهانەدا(life world)، کە گێڕانەوەساز تا سنوورێک ئازادە لە چۆنێتیی سازکردنی، بەڵام ئەویش پابەندی ڕێوشێون و لۆژیکی ژینجیهانی گێڕانەوەیە، لەبەرئەوە خودی گێڕانەوە پەیوەندیی بە چاک و خراپ نییە، ئەوەیە کە هەبووە و هەیە و دەبێت.[جباری،١٣٩٥: ٢١]

گێڕانەوەناسی لە یۆنانی کۆن و لای ئەرستۆ ئاماژە سەرەتاییەکانی دەرکەوت، بەڵام زاراوەی گێڕانەوەناسی بۆ یەکەمجار تۆدۆرف لە کتێبی ڕێزمانی دیکامیرۆن‌دا بەکاریهێناوە و بە شێوەیەکی نوێ ئەم چەمکەی خستووەتە بەرباس.[مکوئیلان، ١٣٩٥: ١١] کەواتە گێڕانەوەناسی پیرێکی گەنجە، وەک زانست گەنج و وەک هەبوون پیرە. گێڕانەوەناسی بە سێ قۆناغی سەرەکی تێپەڕیوە: پێش بونیادگەری تا ١٩٦٠، بونیادگەری لە ١٩٦٠ تا ١٩٨٠، پاش بونیادگەری لە١٩٨٠ تا ئێستا.[مکاریک، ١٣٨٣: ١٤٩] یەکەم تیۆری گێڕانەوەش بۆ فۆرمالیستە ڕووسەکان و بەتایبەت بۆ کارەکەی پرۆپ لەسەر شێوەناسی حەکایەتە میللییەکان دەگەڕێتەوە. هاوکات وەک زانست و لقێکی گرنگ لە ئەدەبیاتناسی ڕیشەکەی بۆ بونیادگەراکان دەگەڕێتەوە.[عباس و مرادی، ١٣٩٦: ٢٦١] گێڕانەوەناسی لە قۆناغی بونیادگەری و پاش بونیادگەری لەگەڵ نیشانەناسی یەکدەگرێت. ئەمەش بواری گێڕانەوەناسی فراواندەکات تا ئاستی دەرچوون لە دەقی ئەدەبی و چوونەناو کایە جیاوازەکان، چونکە دەقەکان هەڵگری چیرۆک و گێڕانەوەی نیشانەبەندن، بەڵام لەسەروو هەموو ئەم گۆڕانانەوە دیدە بونیادگەرییەکە، کە زمانی وەک بنەمای دەق دەبینی بەسەر کۆی تیۆرە جیاوازەکاندا کاریگەر بوو.[برینس، ٢٠٠٣: ١٤٦] سەرچاوەی سەرەکیی هزری بونیادگەریش بۆ ئەو گۆڕانە بنەڕەتییە دەگەڕێتەوە، کە سۆسێر لە زمانناسیدا هێنایەئاراوە، بەڵام گۆڕانی جیهانبینیی ئەدەبناسی لە پاش

سەدەی بیست سەرچاوەکەی بۆ فۆرمالیست و بونیادگەراکان دەگەڕێتەوە.[صفوی، ۱۳۹۸: ۱۰٦]
لەگەڵ ئەوەشدا بەشێک لە بونیادگەر و پاش بونیادگەرەکان لە چوارچێوەی ئەدەبناسی پوخت نەمانەوە و پەنایان بۆ پانتایی و بوارە جیاوازەکانی دەرەوەی دەق برد تا لە دەق تێبگەن. لەم نێوەندەشدا سیمۆلۆژی نوێ ڕۆڵی گرنگی هەبوو، کە ڕیشەکەی بۆ سۆسێری فەرەنسی و پێرسی ئەمریکی دەگەڕێتەوە.[سیبیاک، ۱۳۹۹: ۲۹_۳۰]

گێڕانەوەناسی کۆمەڵێک دەستوور و یاسایە لەبارەی ژانرەکانی گێڕانەوە و بونیاد و سیستمەکانی، کە گێڕانەوەناسان و زانا ئەدەبییەکان لەناو پانتایی دونیایەک ڕێباز و تیۆری ئەدەبی و بە تایبەتیش لەناو زەمینەی فۆرمالیست، بونیادگەری و سیمۆلۆژی‌دا دایانمەزراند. فۆرمالیستەکان بە تایبەت پرۆپ و تۆدۆرۆف هەوڵیاندا دەستووری زمانی گێڕانەوە و ڕێزمانی گێڕانەوە فۆرمولەبکەن. تۆدۆرۆف بەسوودوەرگرتن لە سۆسێر شیکارییەکی نوێی بۆ بونیادی گێڕانەوە ئەنجامدا، پرۆپیش بەرلە تۆدۆرۆف هێڵە گشتییەکانی گێڕانەوەناسی دامەزراند.[داد، ۱۳۸٥: ۲٥٥] لەبەرئەوە سێکوچکەی "فۆرمالیست، بونیادگەر و سیمۆلۆژی" زەمینەیەکی بەپیتی گێڕانەوەناسی بوون. ئەم زەمینە هاوبەشانە پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان بەیەکەوە هەیە، چەندین چەمک و زاراوەی هاوبەشیان هەیە. نەک ئەمە تەنانەت سۆسێر زمانناسی بە بەشێک لە سیمۆلۆژی دادەنێت، ڕۆلان بارتیش بەپێچەوانەوە سیمۆلۆژی وەک بەشێک لە زمانناسی دەبینێت،[بارت، ۱۳۸۷: ۲۱] لەبەرئەوە زۆرێک لە گێڕانەوەناسان ئەگەر فۆرمالیست و بونیادگەر نەبن، ئەوا بونیادگەر و سیمۆلۆژیستن.

## - نیشانەناسیی گێڕانەوە لای گریماس

ئەو قۆناغەی گریماس لەناو کایەی ڕەخنەی ئەدەبی فەرەنسادا ژیاوە، بونیادگەری و نیشانەناسی بەرەو چالاکبوون هەنگاوی دەنا و فۆرمالیستی پوخت بەرەو لاوازی دەچوو، لەبەرئەوە گریماس تیۆری نیشانە-واتاناسی گێڕانەوەی تێهەڵکێشی بونیادگەری و سیمۆلۆژیی کرد، هەرچەند تیۆرەکەی لە جیهانبینیی فۆرمالیستی خاڵی نییە، چونکە فۆرمالیستەکان هەنگاوێکی گەورەیان لە ئەدەبناسیدا هاویشتبوو، نەدەکرا ئاسان پشتگوێبخرێت، بەڵام ئەوەش بڵێین، کە بونیادگەری ئاسۆیەکی نوێ و فراوانتری بۆ جیهانبینیی فۆرمالیستەکان لەبارەی ئەدەبناسی کردەوە، هەروەها نیشانەناسیش بۆ بونیادگەری هەمان ڕۆڵی گێڕا، بە جۆرێک وەک ڕزگارکەر و ناوەندی پەڕینەوە بوو، کە بونیادگەری لە قەیران ڕزگارکرد و لە پاش بونیادگەری نزیککردەوە. [شارەزووری، ۲۰۱٥: ۱۲۸] گریماس و ڕۆلان بارت دەکەونە ناوەندی ئەو گۆڕانانەی کە بونیادگەری بۆ

فۆرمالسیت و نیشانەناسی بۆ بونیادگەریان ئەنجامدا، ئەم دوو زانایە خۆیان تیۆریساز و قوتابخانەن. ئەم پەڕینەوەیە هێجگار بایەخدارە، چونکە بواری زیندووهێشتنەوە و پەرەسەندنی بۆ بونیادگەری خۆشکرد. بە جۆرێک کەم بیریاری پاش تازەگەری و پاش بونیادگەری هەیە کە بە سۆسێر کاریگەر نەبن، یاخود زمان نەبێتە بەشێک لە بابەتی تیۆریسازییان.
نیشانەناسی گریماس و بارت وێڕای کاریگەرییان لەسەر چەندین زانا، هاوکات خۆشیان بە بیریارە پاش تازەگەرەکان کاریگەربوون.[سەلمان، ٢٠٢١] لەبەرئەوە گریماسی کتێبی *واتاناسی بونیادی* لە گریماسی کتێبی *نوقسانی واتا* جیاوازە، هەروەک بارتی کتێبی *ڕەگەزەکانی نیشانەناسی* جیاوازە لەو بارتەی کە دواتر باسی *چێژی دەق* دەکات. گریماس ڕۆڵی لە فراوانکردن و پەلکێشانی نیشانەناسیدا بۆ کایەی گێڕانەوەناسی و هونەریش هەبوو، چونکە هونەریشی وەک گێڕانەوەی نیشانەگەری دەناساند[شعیری، ١٣٨٥: ٥٢] کە ئەمەش نیشانەی گەشەی بیرکردنەوە و قووڵبوونەوەی ئەم زانایەیە.

گریماس بە کاریگەریی زماناسی سۆسێر و ئەو گۆڕانانەی هلمسێلف زماناسی دانیمارکی لە تیۆری نیشانەناسی سۆسێردا ئەنجامی‌دان بەشێک لە تیۆرییەکەی بونیادنا و گۆڕانیشی بەسەردا هێنا. گریماس دەڵێت: "**نیشانەناس پێی شەرم نییە هزری ئەوانیتر هەڵبگرێتەوە و زانینی ئەزموونی لەوانیترەوە بگوێزێتەوە**: ئەوە چییە ئەو شتەی کە لەناو گەڕانماندا بە ڕیشە فەلسەفییەکانی سۆسێر یان هلمسێلف نایدۆزینەوە؟ ئەوەی لای نیشانەناس گرنگە جوتکردنی ئەم هزرانەیە لەگەڵ دیفاکتۆی کایە مەعریفییەکەی خۆیدا"(غریماس،٢٠١٨: ١١٢)، هەڵگرتنەوە و بەیەکەوەبەستن و متوربەکردنی هزری ئەوانیتر لەناو تیۆرەکەی گریماس‌دا بە زەقی دەردەکەوێت، لەگەڵ ئەوەشدا گریماس وەک نیشانەناسێک خاوەن ڕوانگەی خۆیەتی و بەردەوام جەخت لەسەر واتادۆزی دەکاتەوە، هەر لەبەرئەوە لە دەق و کایەی دیاریکراو تێدەپەڕێت و واتا لە کوێ بێت هەڵیدەگرێتەوە، ئەمەش سەرچاوەی فراوانخوازی نیشانەناسییە، کە ئیمبرتۆ ئیکۆش نیشانەناسی بە تەواوی ڕۆشنبیریی، فەرهەنگ و کەلتووری مرۆڤایەتییەوە دەیبەستێتەوە.[نبی‌زادە، ١٣٩٨: ٦٢]

نیشانەناسیی هلمسێلف بەپێچەوانەی نیشانەناسیی سۆسێرەوەیە، کە پەیوەندیی دال و مەدلول لە دەستتێوەردانی دەرەکی و دونیای دەرەوە خاڵییە. هلمسێلف بەپێداچوونەوەی دیدی سۆسێر بۆ دال و مەدلول، ڕوانگەیەکی نوێ لە پەیوەندیی دال و مەدلول دەدۆزێتەوە، دەیانکات بە فۆرم و ناوەڕۆک و پەیوەندییەک لەنێوان شێوەی فۆرم و شێوەی ناوەڕۆک دەهێنێتەئاراوە، کە وەک پەیوەندیی دنیای دەرەوە و ناوەوە دەبینرێت و هۆی دەرەکی دەهێنێتەناو

پەیوەندییەکەوە.[شـــعیری، ١٣٨٨: ٣٨]، پەیوەنـدیی و بەرکەوتنی ئەم دوو دنیـایە لای گریمـاس سـەرچاوەی واتایە، چونکە شـێوەی شـتەکانی دنیای دەرەوە، پەیوەندیی بە نیشـانە ناونشـین و کەلتووری و فەرهەنگییەکانەوە هەیە، بۆ نموونە بینینی ئوتومبێلێکی جامڕەش لە دەرەوە، لەناوەوە کۆمەڵێک نیشانەی واتایی لای بینەر کارا دەکات، کە دەکرێت پەیوەندیی بە مەدلولی ئوتومبێلەوە نەبێت، بەڵکو واقیع و کەلتوور و هەستەکان سەرچاوەی بن، وەک ڕقلێبوونەوە، ئیرەیی، نادادی و دەسەڵات.

هاوکات هلمسێلف کە باسی ڕۆڵی نیشانە دەکات، ئەم ڕۆڵە لەڕێگەی پەیوەستەکی شێوەی ناوەڕۆک و شـێوەی فۆرمەوە سـەرچاوە دەگرێت و دەردەکەوێت، ئەم پەیوەسـتییەش هاوشـێوەی دیدە کۆنەکە نییە کە دال و مەدلولی وەک دوو دیوی یەک دراو دەناساند، بەڵکو پێیوایە ڕۆڵی فۆرم و ناوەڕۆک سـەرچاوەی ڕۆڵی نیشـانەن.[هسـتیانی، ١٣٩٢: ٣٨] هاوکات گۆڕان و گواسـتنەوەکەی گریماسـیش ئەوەیە، کە پێیوایە پەیوەندیی لەخۆوەی دال و مەدلول بەبێ سـانسـۆری ئەندێشـەی مرۆڤ بەدینایەت، سـازانی نیشـانە لە دال و مەدلولدا لە هەناوی دەسـتتێوەردان و سـانسـۆری ئەندێشەی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرێت، "**سازانیش** یەکێکە لەو پێوەرە کەمانەی هەقیقەت، کە مرۆڤ ئەنـدێشـــەیکردووە".[Greimas، ١٩٨٧: ٦١] چەمکی ســــازان جۆرێـک تێهەڵکێش و متوربە، کە ســـەرچاوەکەی بۆ دەســـتتێوەردانی هزر و ئەندێشـــە و دەروون، تەنانەت بیرەوەری مرۆڤ دەگەڕێتەوە، لەم پەیوەندییەشـــدا واتا دەزێ و لەدایکدەبێت، هاوکات ئەم ســـازانە لەو ســـرکی و ڕاکردنەی پەیوەندیی دال و مەدلولەوەیە، کە دال وەک سەربەخۆیەک هەڵسوکەوتدەکات.

گریمـاس وەک پـاش بونیـادگەرێک پێیوایە، خودی دال دەبێتە واتـا و نەبوونی واتـاش واتـایە؛ دابڕان لە واتاش واتاســـازییە، لەبەرئەوە نیشـــانە لای گریماس پەیوەســـت بە ئەدەب و گێڕانەوەوە لە پەیوەندیی بە ئەزموون-هەست و سۆز و لایەنی ڕۆحی؛ تێگەیشتنی زەینی دەرەخسێت،[گرمس، ١٣٨٩: ٣٩-٥٧] بۆیە بە کاریگەری هلمســـێلف نیشـــانەی لە دۆخی میکانیکی بۆ بزۆز و داینامیک گۆڕی. گێڕانەوەش وێنەیەکە کە پەیوەندیی لەنێوان گێڕانەوەی گواسـتنەوە و گێڕانەوەی گوێزراوە[باسـلێکراو] دەســــازێنێت.[ســــرکاریزی و ئەوانیتر ١٣٩٨: ٦١] گریماس گێڕانەوەی گواســـتنەوە وەک گوتار و گێڕانەوەی گوێزراوەش وەک چیرۆک ناودەنێت، هەروەها جیاوازیی بەرهەمهێنانی واتا پەیوەســـتە بە گێڕانەوەی چیرۆک و گوتـارەکەی. بونیـادی قووڵ و واتـاش لە ڕەوت و زنجیرەی گێڕانەوەدا ڕوو لە ناوەڕۆکی گێڕانەوە دەکات، بەڵام ڕووگە و گوزەرزای گێڕانەوە لە بونیادی ســـەربەخۆی گوتاردایە، لەبەرئەوە گوتاری گێڕانەوە پرد و گرێبەندی شـــێوە و ناوەڕۆکی دەقە.[عباســـی، ١٣٩٥: ٥١] هەر لەم بارەیەوە گریماسناسی ئێرانی حەمیدرەزا شـەعیری دەنووسێت: "سیستمەکانی گوتار پشت بە پرۆسە جوڵاو و بزێوەکـانی زمـان دەبەســـتن، کە گوتـار بۆ کردەی زینـدوو دەگۆڕێت، بەڵام لە درێژەی

گێڕانەوەدا کردەی گوتار شێوەدەگرێت و کردەکەر(بکەر) بەهۆی بەرهەمهێنانی واتاوە هەنگاوبەهەنگاو خۆی بە ئێمە دەناسێنێت.[شعیری، ١٣٨٨: ٣٦] هاوکات گریماس پێیوایە بونیادی پێکهاتەی گوتار شایانی گۆڕانە، ئەمەش بەهۆی بەکارهێنانی تاکەکەسییانەی زمانەوە، کە پشت بە تواناو و ڕۆشنبیرییە تایبەت و کەسییەکان بۆ بەرهەمهێنانی گوتار دەبەستێت. مەبەست لەمەش ئەوەیە کە زمانە جیاوازەکان گوتار و جیهانبینی جیاواز دەرەخسێنن، هەر کردەنوێنێک وەک دالێک ئەدای مەدلول و وێنەی جیاواز دەکات، کە دەکرێت مەدلولی هەموو زمانەکان بێت،[ئەحمەد، ٢٠٢٠: ٨٢] لەبەرئەوە گوتاری گێڕانەوە لە ئاستی قوولدا لە کۆمەڵێک پەیوەندیی ناوەکی و دەرەکی پێکدێت.

ڕەهەندێکی دیکەی کاریگەری و دیالۆگی تیۆری گریماس پەیوەستە بە بەرهەمە ناودارەکەی پرۆپ، *مۆرفۆلۆژی حەکایەت* و کارەکەی شتراوس دەربارەی ئەفسانە، ئیتیاس سۆریۆ دەبارەی شانۆ، هەروەها کارەکانی بریمۆن لە داڕشتنی لۆژیکی گێڕانەوە، یاخود ئالان دیندس، کە دەیویست ڕێزمانێکی گێڕانەوە دابڕێژێت. گریماس لە کتێبی *واتاناسی بونیادی* دەنووسێت:

"چەند ساڵێکە گرنگیدان بە توێژینەوەکان لەبارەی گێڕانەوە زیادی کردووە. پێویستە ئەمە بە هاوتەریبی لەگەڵ خواست و پرۆژەکانی نیشانەناسی گشتی دابنێین، ئەمەش کۆمەڵێک خواست و پرۆژەیە کە هێواش هێواش، هەموو ڕۆژێک شێوە دەگرێت. لە سەرەتادا بەراوردکردنی ئەنجامەکانی چەند توێژینەوەیەکی سەربەخۆ –توێژینەوەکانی فلادمێر پرۆپ دەربارەی فۆلکلۆر، هی شتراوس دەربارەی ئەفسانە، ئیتیاس سۆریۆ دەربارەی شانۆ- بواری ڕەخسان بۆ جەختخستنەسەر بوونی کایەیەکی سەربەخۆی توێژینەوە. چەند قووڵبوونەوەیەکی میتۆدۆلۆژی نوێ-کارەکانی کلود بریمۆن کە گێڕانەوەی لە ئاسۆی داڕشتنی لۆژیکیکدا- لێکدایەوە یان کارەکانی ئالان دیندس کە ویستی شێوەی ڕێزمانێکی گێڕانەوە ببەخشێت بە ڕێکخستنێکی گێڕاوە- ئەمانە بوونە هۆی هەمەجۆری دەستبۆبردنە تیۆرییەکان. لەو کاتەدا خەمی تایبەتی ئێمە ئەوەبوو بەپێی توانا کایەی پیادەکردنی شیکردنەوەی گێڕانەوەیی بگشتێنین(بۆ کایە جیاوازەکان) ... بەلامانەوە گرنگ بوو سەرنج بخەینە سەر مۆرکی سیمۆلۆژیی زمان/گوتن(لانگ و پارۆڵ) بۆ ئەو وتراوانەی لە ئەنجامدانی ئەو نموونانەدا بەکارهاتوون، وەک زامنێک بۆ گەردونیبوونی لەگەڵ ئامرازێک بۆ ئاوێتەکردنی بونیادەکانی گێڕانەوە لەناو تیۆرێکی سیمۆلۆژی گشتێنراودا".[غریماس، ٢٠١٨: ١٤٣]

وەک دیارە گریماس لەناو گفتوگۆیەکی قووڵی ئەو میراتەدا ژیاوە و مەبەستیشی بووە تیۆرەکەی بگشتێنێ و لە ساکاری بیپارێزێ، هاوکات چاوپۆشی لە دانە و یەکە بچووکەکانی وەک

تۆو(سێم-seme) نەکات کە لە گێڕانەوەدا دەبنە بونیادی واتا. "گریماس بە دوای پێشکەشکردنی زنجیرە و پێڕستێکی ساکارەوە نییە، بەو جۆرەی پرۆپ لە شیکاریی حەکایەتە فۆلکلۆرییەکان کردویێتی، بەڵکو دەیەوێت بە دروستکردنی پێڕەوێکی بنەمایی گشتگیر "ڕێزمانی قووڵی نیشانە" پێشکەشبکات.[سجودی، ١٣٨٢: ٧٥] هاوکات تیۆری نیشانەناسی گریماس وێڕای جەختکردنی لەسەر واتا، نیشانە و یەکە سەربەخۆ و پێکهاتەییەکانیش بەهەند وەردەگرێت، پێشی وایە یەکەی سەربەخۆ لەنێو تۆڕێک پەیوەندیی واتاییدایە لەگەڵ بەشەکانی دیکە. هاوکات جەختی گریماس لەسەر واتا و گوتاری گێڕانەوە سەرچاوەی ڕەخنەی لە پرۆپ بووە، ئەمەش وای کردووە لە هەندێک لایەنەوە بە سەرنجەوە بە سەرنجەوە هاوڕای ڕەخنەکانی شتراوس لە پرۆپ بێت. ڕەخنەگری دیار سعید بنگراد دەنووسێت: "گریماس پڕۆژە نوێکەی خۆی لەسەر بناغەی پڕۆژەی پرۆپ بونیاد ناوە، سوودی لە سەرنجەکانی شتراوس وەرگرتووە. ئەوەی گریماس پێشکەشی کردووە، دەتوانین بە مشتومڕکردنی ڕەخنەکانی شتراوس لە پرۆپ دابنێین، شتراوس پێیوایە "ئەوەی پرۆپ پێشکەشیکردووە بازاڕی و سادەیە، چونکە *لە شیکردنەوەیدا بۆ ڕەگەزەکانی حەکایەت، سەرنجی لەسەر بونیادە ڕووکەشەکان بووە و بۆ بونیادە قووڵەکان تێنەپەڕیوە*، ئەمەش وای لێکردووە جیاکاری لەنێوان فۆرم و ناوەڕۆکدا بکات."(بنغراد، ٢٠٠١: ٢٦). کارێکی گرنگ، کە پرۆپ ئەنجامیدا ئەوەبوو بونیادی چیرۆکی لە ئەفسانە جیاکردەوە و بونیادی چیرۆکی وەک بونیادی وشە دەبینی کە پێکهاتووە لە پیتەکان و ئەرکی ڕێزمانییان هەیە، بەڵام گریماس لە گێڕانەوەناسیدا بونیادی چیرۆکی وەک ڕستە دەبینی و سەرنجی لەسەر پێکهاتە فراوان و فرەڕەهەندەکەی گێڕانەوە بوو. لەسەروو ئەمەشەوە پێی گرنگ بوو بارو هەلومەرجەکانی بەرهەمهێنانی واتا بپشکنێت، کە لە بونیاد و فۆرمە بنەڕەتییەکانەوە لەدایکدەبێت، لەبەرئەوە لای گریماس پڕۆسەی گێڕانەوەسازی، پڕۆسەی واتاسازییە.

وەک لەسەرەوە باسمانکرد، جیهانبینی و تیۆری واتا-نیشانەناسی گێڕانەوەی گریماس لەناو زنجیرەیەک تیۆری و میتۆد لەدایکبووە، کە هەوڵدەدەین لە خستنەڕووی وردەکاریی تیۆرییەکەیدا بەپێی پێویست ئاوڕ لە هەندێکیان بدەینەوە. سەرەتاش باسی ئەرک لای پرۆپ و مۆدێلی کردەنوێن لای گریماس دەکەین.

## یەکەم: چەمک و زاراوەکانی مۆدێلی کردەنوێن

### 1- ئەرکی پرۆپ و کردەنوێنی گریماس

پرۆپ کردەوەی پاڵەوانی حەکایەتەکان بەبچووکترین یەکەی بونیادی حەکایەت دەزانێت، ئەو یەکەیەش ناو دەنێت"ئەرک". ئەو لە توێژینەوەکەیدا لەســەر مۆرفۆلۆژی ســەد حەکایەتی فۆلکلۆری ڕووســـی گەیشـــتە ئەو ئەنجامەی کە هەموو چیرۆکەکان یەک بونیاد و پێکهاتەیان هەیە، ئەو پێکهاتەیەش لە ٣١ ئەرک چێ بووە کە لە ٧ بازنەی دۆخی کردەکیدا لەلایەن پاڵەوان و بکەرەکانەوە جێبەجێدەکرێن، واتە بازنە یان گروپی بکەرەکان لە ئەرکەکانەوە وەرگیراوە.[ئیبراهیمی، ٢٠١٩: ٥] کەواتە ئەرک لای پرۆپ بریتییە لە کردەوەی پـاڵەوانی حەکـایەت، کە بەپێی ڕۆڵ و پێگەی لە حەکایەتدا پێناســـەدەکرێت.[پراپ، ١٣٩٦، ٥٣] ڕەگەزی ئەرکیش دەکرێت بە دوو جۆر دیارییبکرێت: گۆڕاو و جێگیرەکان. جێگیرەکان ئەوانەن هەمیشـــە لەناو پێکهاتەی حەکایەتدا هەن و چەســـپاون، وەک ئەرک و کردەی کەسێتییەکان، گۆڕاوەکانیش ناوی کەسێتی، وەسف، کات و شوێن...هتدن، کە هەمەجۆری حەکایەت بەرجەســـتە دەکەن.[امین، ٢٠٢٢: ٣٧٣] **هەروەها ســـەبارەت بە ڕیزبوونی** ئەرکەکان بەیان ســـەلمان پێیوایە، "لە چیرۆکێکدا بەســـەر ســـێ ڕیزبەندیدا دابەشـــبوون، بەپێی زنجیرەیەک بەدواییەکدا دێن. هەندێکیان ئیجباری و هەندێکیان هەڵبژاردەیە. زنجیرەیەک لە گێڕانەوە بریتییە لە تێکەڵەیەک لە چەنـد ئەرکێـک، یـان ئەوەی کە پرۆپ... بە 'ئەتۆمەکـانی گێڕەڕەوە' ناویدەبات"[سەلمان، ٢٠٢١].

پرۆپ حەکایەت بۆ دوو بەشی سەرەکی دابەشدەکات، "کەسێتی و ڕەوتی کار و بە حەوت جۆر کەســێتی و ســی یەک جۆر ئەرک دیارییان دەکات، ناوبردنیشــیان بە ڕۆڵ و کردەیە. بەو واتایەی هەر فەنشـــنێک بە مانای ناوێک دێت و هەر کردەیەکیش بە مانای کار دێت"[کاکەمحەمەد، ٢٠١٢: ٣٠] لە ڕوانگەی پرۆپەوە پاڵەوان و بکەرەکان جێبەجێکاری کردە، ڕۆڵ و ئەرکەکانن(Function)، کە بنەمای پێکهێنەری حەکایەتن و بۆ حەوت بازنە و مۆدێل دابەش دەبن: ١ـ پاڵەوان(The hero) ٢ـ تاوانکار(The villain)، ٣ـ بەخشندە یان پێدەر(The donor)، ٤ـ یارمەتیدەر یان یاوەر(The helper)، ٥ــ کچەمیر یان کەسی خوازراو(The princess)، ٦ــ گەیەنەر(The dispatcher) ٧ــ زڕەپاڵەوان یان پاڵەوانی ساختە(The false hero).**[جباری، ١٣٩٥: ٤٤]** هاوکات پرۆپ لە تەنیشت باسکردنی ئەرک و بکەرەکان، باسی جووڵێنەر یان بزوێنەریش دەکات، کە مەبەست لە جوڵەکانی ناو گێڕانەوەیە، بۆ

نموونە چی جوولێنەری پاڵەوانە بۆ بە دەســــتهێنانی کچەمیر، یاخود چی بزوێنەری یاریدەدەرە بۆ یارمەتیدان. لەبەرئەوە بزاڤ و بزوێنەرەکانی ناو چیرۆکەکان دەکرێت دانەیەک یان زیاتر بن. هەروەک گۆڕانی دۆخەکانیش لە ئاسایی بۆ نائاسایی و گەڕانەوە بۆ دۆخی سەرەتایی بە ڕووداو دادەنێت، ڕووداویش ڕەگەزی ســــەرەکیی گێڕانەوەیە کە ســــەر بە بونیادێکە.[پراپ، ١٣٩٦: ٧٤] هەرچی گریماسە لەبەر ڕۆشنایی تیۆری ئەرکی پرۆپ و ڕەخنەگرتنی توانی تیۆرییەکی گشتگیر بۆ چەشنەکانی گێڕانەوە دابنێت و کۆمەڵێک چاکسازی لە تیۆرەکەدا بکات.

گریماس وەک بونیادگەر و فۆرمالیســتەکان جەختی لەســەر بونیادی گێڕانەوە دەکرد و زۆرتر چەمکی ڕێزمـانی بەکـاردەهێنـا، بەڵام پێیوایە ئەو تیۆرە پەســــەنـدکراوەی پرۆپ بۆ بونیـادی کۆچیرۆکەکان جۆرێکە لە تێهەڵکێشــانێکی ئاڵۆزی دوو چیرۆک، کە تێیدا دوو پاڵەوان بە شــێوازی خۆیان ڕووبەڕووی یەکدی دەبنەوە، ئەمەش بنەمای دوو ڕەوتی دژ و جیاوازە، کە لە قووڵاییدا بەرگێکی ئاکاری ئاڕاســتەکەری جیاوازییەکەیە و گێڕەرەوە لە پشــتییەوە وەســتاوە. مەبەســتی ســەرەکیی گریماس ئەوەیە، کە جیاوازییەکان ســەر بە هەمان هێڵ و ئاڕاســتەن، چونکە پاڵەوانی چاکەکار و بەرامبەر خراپەکار دەوەســـتێت، ئەم بنەما ئاکارییە لەناو هەمان ڕەوتی گێڕانەوەدا پێکەوە دەڕۆن، کەواتە چ هاندەرێک جگەلە ئاکار لە پشت جیاکردنەوەی ڕەوتی گێڕانەوە دژەکەدایە؟ [غریماس، ٢٠١٨: ١٢] هاوکات گریماس بەپێچەوانەی پرۆپ جەختی تەنیا لەســــەر ڕووداو نەبوو، بەڵکو بایەخی بەتێهەڵکێش کەســـێتی و ڕووداودا و ناوینا'کردەنوێن-Actant'،[تولان، ١٣٨٦: ١٥٠] ئەمە وێڕای کەمکردنەوەی ئەرکەکانی پرۆپ، کاریشی لەسەر چەند ئاستێکی واتایی گێڕانەوە کرد، بۆ ئەمەش سوودی لە نیشانەناسی وەرگرت.

گریمـاس ٣١ ئەرکەکەی پرۆپی بۆ ســـێ زنجیرەی بەدواییەکداهـاتوو کەمکردەوە. پێیوابوو پێناســەی ئەرک لای پرۆپ ناتەواوە، چونکە ئەرک لەســەر بناغەی بوونی کردەیەک دامەزراوە، کە لێیەوە کەســـێتییەک دیاریدەکرێت، بەپێی ئەوەش ئەرکەکە لە توێی پەیوەندیکردنیەوە بە یەکێک لە بازنەکانی کردەوە، کە لە گێڕانەوەدا هەیە، چالاک دەبێت؛ لەبەرئەوە دەور و ڕۆڵی کردەنوێنەکان بناغەی ئەرک و کەســـێتیین.[أونیس، ٢٠١٩: ١٥] ڕەخنەی گریماس لە پرۆپ خۆی لە فراوانکردنی بوار و چەمکەکان، کەمکردنەوەی ئەرکەکان و لە بنەڕەتیشدا گۆڕانی جیهانبینی بۆ دەق دەبینێتەوە. نووســــەرێکی عەرەب پێیوایە، گرنگیدانی گریماس لە کاتی پێداچوونەوەی کارەکانی پرۆپدا بە مەبەســتی فراوانکردن بریتیبوو لە ســـەرنج خســـتنەســـەر *دوو بنەمای بنەڕەتی*، کە بەهۆیانەوە

حەکایەت فراواندەبێت، ئەوانیش، "**سادەیی و گشتگیری**"، هەر لێرەوە بیرۆکەی گەڕان لە پشتی ئەو سادەییەوە هاتە ئاراوە، بۆ دۆزینەوەی ئاسۆی گشتگیر. پڕۆژەکەی گریماس گەڕانێکە سنووری ئاشکرای سادە دەبەزێنێت، تا شاراوەی ئاوێتە بهێنێتە گۆ و بزانێت کامانەن ئەو نیشانانەی لە خۆیدا هەڵیگرتوون. بۆیە سنوورەکانی حەکایەت دەبڕێت و دەگاتە **ئەدەبیەتی گوتار**. [بوعطیة، ٢٠١٣: ٥٣] لەسەرروو ئەمەشەوە ڕەخنەگرمان هەیە، کە پێیوایە کەمکردنەوەی ئەرکەکان لەلایەک گریماسەوە تێنەگەیشتنە لە مەبەستی سەرەکی، چونکە کارەکەی گریماس گۆڕانێکی بنەڕەتی بوو لە شیکاری تێکستدا، لەبەرئەوە تیۆرەکەی ڕێگەدەدات کە ئەرک و ڕۆڵەکان زیاتر ببێت نەک کەمبکرێتەوە. شارڵ ترێنێ پێیوایە تیۆرییەکەی گریماس ڕێگەدەدات بەوەی ڕۆڵ و دۆخی گێڕانەوەی زۆر زیاتر لەوانەی پرۆپ دروست ببێت. جیاوازییەکە لەوەدایە، کە بۆ پرۆپ، پۆلێنکردن *لەسەر یەک ئاستی پەیوەندیدارێتی* ئەنجامدەدرێت (٣١ ئەرک و زۆر ڕۆڵی هاوچەشن)، لە کاتێکدا *بۆ گریماس، بەسەر چەند ئاستێکدا دابەشکراوە.* هەرچی بۆچوونی پسپۆری ئەدەبی کرستین مۆنتالبیتیە *ئەو* دەڵێت، "گریماس، لە شیکردنەوەکانی بەردەوام دەگەڕێتەوە سەر تیۆرەکانی پرۆپ، بەڵام بەتایبەتی مەبەستی بوو مۆدێلێکی ئابووریتر بۆ دەستنیشانکردنی ئەرکەکان دروستبکات. سەرەتا کەمی کردنەوە بۆ بیست، هەر پێی درێژ بوو، هاتە سەر ئەوەی بیانکاتە تەنها شەش، ئەمەشی دابەشکردە سەر سێ جەمسەری واتادار: نێرەر--> بابەت-->وەرگر/ یاوەر-->بکەر-->دژبەر".[MONTALBETTI، ٢٠٠٣ : ٥٤-٥٥] بۆ زیاتر ڕۆشنکردنەوەی ئەو گۆڕانکارییانەی گریماس بەسەر چەمکی "ئەرک"ی پرۆپدا هێنای، باسی "مۆدێلی کردەنوێن" دەکەین.

## 2-مۆدێلی کردەنوێن The Actantial Model

گریماس بە مەبەست زاراوەی کردەنوێنی (Actant) بەکارهێناوە و ویستوویەتی لە (actors) و (action) جیایبکاتەوە. زاراوەکەی لە زمانناسی فەرەنسی لوسیەن تێسنیەری وەرگرتووە. لە کوردیدا بۆ ئەکتانت وشەی "کردەنوێن"مان بە گونجاو زانی، چونکە گوزارشت لە کردە، بابەتی کردە و پرۆسەی گێڕانەوە دەکات. "کردە" ئەوەی دەیکات و دەکەوێتە ناو کردنەوە دەگرێتەوە، "نوێن" جۆرێکە لە نواندن، دەرکەوتن، لەپێشدانراو، کە جوڵەی خود و کردەش بۆ بابەتی لەپێشدانراو بەرجەستە دەکات. کەواتە دانانی "کردەنوێن" لەسەر بنەمای تێگەیشتنمانە بۆ چەمکە گریماسییەکە، کە تێهەڵکێشێکە لە هەردوو ئاستی "بابەت" و "خود" لە گێڕانەوەدا، کە لەم مۆدێلەدا

ناوەندن. جێگەی ئاماژە بۆ کردنە بوشـــرا کەســـنەزانی "ئەرک و کردە"[ **کاکەمحەمەد، ٢٠١٢: ٣٤-١٧١**] و حەمە مەنتـک "نمـوونەی کـارا"[مەنتـک، ٢٠١٩: ٥٢] و هەڵـمەت بـایز "نمـوونەی هۆکاریی"[ڕەســـووڵ، ٢٠١٨: ٧٥]یان بۆ ئەم زاراوەیە بەکارهێناوە. "ئەرک و کردە" دانانی ئەرک ڕاســـتەوخۆ پرۆپیە و گریمـاســـیش ڕەخنەی لە پرۆپ گرتووە، لەبەرئەوە کردە تـا ڕادەیەک گونجاوترە، هەرچەند بەتەواوی مەبەستی گریماس ناپێکێت. هەرچی "کارا"یە، زاراوەیەکی گونجاوە و هەڵگری هەردوو لایەنی بکەر و کارە، کە لەگەڵ بیرکردنەوە گریماس دێتەوە، بەڵام بە دیدی ئێمە گێڕانەوەی کەمتر تیـا ڕەچـاوکراوە و زۆرتریش ئـامـاژە بۆ بکەر دەکـات. هەرچی زاراوەی "هۆکاریی"ە، بابەتیی و لۆژیکییە، لە جەســـتەی تیۆرەکەی گریمـاســـەوە نزیکە، بەڵام لە ڕۆحی تیۆرەکەوە نا، ئەمەش دەکرێت پەیوەســـت بێت بە خودی زاراوەکە لە زمانەکەماندا، کە پێمانوایە کەمتر لۆژیکییە و زۆرتریش لە چەمکەکەی پرۆپەوە نزیکە. زاراوەی "کردەنوێن" پێکهـاتەیی و وێنەییە، ڕەچاوی بە هەندوەرگرتنی کار و بکەر و دۆخەکان لە گێڕانەوەدا کراوە، کە لە مۆدێلەکەی گریماسـیشـدا "بکەر و بابەت" بنچینەیین. هاوکات کردەنوێن، لەگەڵ دیدی گریماس بۆ نوێنەرایەتی هزر و ئایدۆلۆژیاکان سازگارە، کە کردەیەکی ناکەسی و بابەتی لە کەسێکدا دەنوێنێتەوە.

کردەنوێنەکان، پەیکەر و ژینگەی هەڵسوکەوت و مامەڵەکان دەردەخات و وەک مامەڵەیەکی لۆژیکی خۆی دەنوێنێـت، تـا ئەوەی لە کـاتـدا درێژبووبێتەوە، ئەمەش بەرامبەرە بە ئەرکە تێماییەکان(Functional). [Nilson، ٢٠٠٨: ٦٨] هـاوکات گریمـاس لە کتێبی: *Narrative Semiotics and Cognitive Discourses* باسی، کردەنوێنی ڕێزمانی دەکات و پێیوایە، **کەسـەکە نییە کە قسـە دەکات، بەڵکو قسەکردن و کەسەکە دەبن بە یەک، ئەوە قسەکەیە کەسەکە دەردەخات.** لای گریماس کەســـێتییەکان یەکەی بونیادی نین، بەڵکو لە پەیوەند بە کردەوە، بواری دەرکەوتنی واتاییان هەیە، ئەوەی دەیکەن و دەینوێنن، ئەو خواست و جوڵەیەی بۆ بابەت ئەنجامی دەدەن، گرنگە، چونکە ئەوە بابەتە خود دەجوڵێنێت و دەریدەخات، وەک چۆن لێرەدا قسـە دەرخەری قسـەکەرە، یان بۆ نموونە، هـاوســـەرگیری ڕۆمیۆ و جولێـت، ئەوە هـاوســـەرگیرییەکەیە ڕۆمیۆ و جولێـت دەکـات بە کردەنوێن،[Greimas، ١٩٩٠: ١٥١] هەروەک بیریارانی پاش تازەگەری لەبارەی وێنەوە ڕایان وابوو، کە وێنەکە جێگەی خودی شـــتەکەی گرتووەتەوە، یـاخود ئەوەی وێنەکەی لێـدەکەوێتەوە یـان دایدەهێنێت، دەیکێشـــێت و دەیگرێت گرنگ نییە، بەڵکو خودی وێنەکە خۆی قســـەکەرە. کردەنوێن، بریتییە لە "ئاوێتەبوونی من لە گوتاردا، یان نا ئاوێتەبوونی ئەو بۆ ئەوەی ڕاناوەکانی تر جێگەی

بگرنەوە."[فتاح، ١٩٩٢: ١٥١] واتە لە نائاوێتەیی ئەویتردا، من و تۆ، ئێمە دێنەپێشـــێ، بۆ نموونە لە بێدەنگی نازیییەکاندا دەنگی جولەکە و لە بێدەنگی کورددا دەنگی بەعس دەردەکەوێت.

هـاوکـات گریمـاس پێیوایە 'کردەنوێن'، کردەکەر و کردەلەســـەرکراوە؛ هـاوکـات بەنـاو کردەچووەکەشـــدا دەگرێتەوە. بە واتـایەکی دیکە، بکەر و بەرکـار و بکەرجولێن و دەوروبەری بەرکارەکەش لەخۆدەگرێت. گریماس لە فەرهەنگە هاوبەشـــەکەی لەگەڵ کۆرتێســـدا دەنووســـن، "کردەنوێن...دەشـــێت وا بیری لێبکەینەوە، کە کردەیەک ئەنجامدەدات، یان بە کردەیەکدا تێدەپەڕێت. ئەم زاراوەیە وەها مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت شـــتەکان، کە هەر شـــێوەیەکی هەبێت دەخاتە ناو پرۆســـەیەکی بەشـداریکردنەوە، بەڵام بە شـێوەیەکی زۆر پاسـیڤانە، لەم گۆشـەنیگایەوە کردەنوێن جۆرە یەکەیەکە، کە تایبەتە بە خاســـیەتێکی فەرمی ئەو کارەکتەرەی وەبەرهێنانە ئایدۆلۆژییەکەی لەســـەر دەکرێت".[Courtés and Greimas، ١٩٨٢: ٣٣] لەبەرئەوە کردەنوێن دەکرێ چـالاک یـان ناچالاک بێت، خۆی کارەکە دەکات یان لەســـەری دەکرێت، هەر لەبەرئەوە گریماس پرۆســـەی گێڕانەوە بە ڕێزمانەوە دەبەستێتەوە. ڕەشید بن مالک لەمبارەیەوە دەنووسێت: "لەوانەیە کردەنوێن بمانێرێت بۆ لای بۆچوونی تایبەت بەو پێکهاتانەی کە وتراوی ســـەرەتایی لەت دەکەن بۆ کۆمەڵێک ئەرک(وەک بکەر، بابەت، بەرکار) بێگوێدانە بەدیهاتنیان لەناو یەکەکانی داڕشـتندا، وەک (داڕشـتەی ناوی و کرداری) بەرکاریش وەک ناوەند بۆ وتراو دادەنرێت." [بن‌مالک، ٢٠٠٠: ١٥-١٦] لەبەرئەوە کردەنوێن پانتاییەکی فراوانی گێڕانەوەی واتایی دەڕەخسێنێت، ئەمەش لە ڕێگەی کارایی خۆیی، یان بابەتی، یاخود پێکهاتەکانی گرێچنی گێڕانەوەگەرییەوە.

## 3- جیاوازیی کردەنوێن و کەسێتی

گێڕانەوە لە دیدی گریماس گوزارشتە لە گواستنەوەی شتێکی بەهادار لە کەس و لایەنێکەوە بۆ کەس و لایەنێکی تر، واتە ئەوەی کردەی گواستنەوەکە ئەنجامدەدات، شت و بابەتەکەیە دەیجوڵێنێت، پرۆســـەی جوڵە و گواســـتنەوە و ململانێی کەس و لایەنەکان بۆ دەســـتخســـتنی بابەتەکە بناغەی گێڕانەوەیە.[اســـکولز، ١٣٨٣: ١٤٧] لەبەرئەوە کردەنوێن لە کەس، کاراکتەر و پاڵەواندا ســـنووردار ناکرێت، چونکە دەشـــێ شـتێک، کەســـێ، هزرێ، شـوێن و کاتێک بێت، دەکرێ ئەو شـت و کەســە واقیعی، یان خەیاڵی بێت. محەمەد بوعزە لەبارەی کردەنوێن و جیاوازی لە کەســـێتییەوە دەڵێت: "چەمکێکی گشتیتر و پەتیترە لە کەسێتی، لەوانەیە کەسێتییەک، ئاژەڵێک، یان بێ گیان و بیرۆکەیەک

بێت".[بوعزه، ٢٠١٠: ٦٥] ســـنووردارنەکردنی چەمکەکە بایەخێکی گرنگی هەیە، چونکە خۆی لەناو ســـنووڕێکدایە و پێویســـتی بەوەیە دووبارە ســـنووردار نەکرێتەوە، گریماســـیش زانایانە ئەمەی ئەنجـامـداوە، چونکە ئەم مۆدێلە تەنیـا بۆ خوێنـدنەوە دەقە گێڕانەوەبەنـدەکـان نییە، بەڵکو لە توێژینەوەی بوار و کایە جیاوازەکاندا دەرفەتی خوێندنەوە و تێگەیشـتن دەڕەخسـێنێت. گریماس بۆ جیاکردنەوە و فراوانکردن و باڵکێشـانی کردەنوێن بەسـەر کەسـێتی و کارەکتەردا دەنووسـێت: "چەمکی کردەنوێن ســـوودێکی هەیە، ئەویش جێگرتنەوەی چەمکی کەســـێتییە بە تـایبەتی لەنیشـانەناسـی ئەدەبیدا، چونکە بە تەنها بەسـەر مرۆڤەکاندا پیادەنابێت، بەڵکو ئاژەڵ و شـتەکان و چەمکەکانیش دەگرێتەوە، زیـاد لەوەش چەمکی کەســـێتی، خۆی نـاڕوونە، چونکە لەبەشـــێکیدا دەچێتەوە سەر چەمکی ئەکتەر و لە بەشێکی تردا دەچێتەوە سەر چەمکی کردە(فعل)، بەڵام کردەنوێن هەم گێڕانەوەیە، هەم بریتییە لە: بکەر/بابەت، نێرە/وەرگر. لە گۆشـــەنیگایەکی ڕێزمانییەوە کردەنوێنی سـینتاکسـی (وەک ئەوەی لە بەرنامەی گێڕانەوەدا باسـکراوە) وەک بکەر لە حاڵەتدا، هەروەها بکەر لە کاتی ئەنجامداندا، هەموو ئەمانە ئەرکی ســـینتاکســـییانەی کردەنوێنن، کە ڕۆڵێکی کردەیی لە گێڕانەوە بڕیـارلێدراوەکەدا دەبینێت." [Courtés and Greimas، ١٩٨٢: ٣٣] کردەنوێن لە چەنـدین لایەنەوە لە کەسێتی دادەبڕێت و تێپەڕی دەکات، لەبەرئەوەی دەچێتە ناو پرۆسەکانی گێڕانەوە و گوتاری دەق.

لەگەڵ ئەوەشدا لای زۆر توێژەر پەیوەندی کردەنوێن و کەسێتی هێشتا ناڕوون و تێکەڵە، حەمە مەنتک دەنووســێت: "گریماس چەمکی کارەکتەر و کەســـایەتییەکەی لە چەمکە کۆنەکە دەرهێنا، بۆ ئەمەیش ســـوودی لە زمانەوانی نوێ وەرگرت...ســـیمۆلۆژیای گێڕانەوە پێداگری لەســـەر ئەرکە ڕێزمانییەکەی کارەکتەر دەکاتەوە. هەروەکو لە ڕێزمانیشـــدا هاتووە، (کەس) بەپێی بارە دەروونی، ژینگەیی و کۆمەڵایەتییەکەیەوە دیـاری نـاکرێ، بەڵکو بەپێی ئەو ڕۆڵەی لە ڕســـتەدا هەیەتی دیاریدەکرێ. بکەر لە ڕێزماندا ئەو کەســـەیە کارێک دەکات یان کردوویەتی".[مەنتک، ٢٠١٩: ٢٢] لێرەدا نووسەر لە کردەنوێن تێگەیشتووە، بەڵام لە ڕێگەی هاوشێوەکردنی بە ئەکتەرەوە، نەیتوانیوە ئەو دابڕانەی چەمکەکە بە وردی بخـاتەڕوو، لەبەرئەوەی کردەنوێن لە ئەکتەر و کەســـایەتی و ئەرکەکەیدا سنووردارەکات، لە کاتێکدا گریماس مەبەستیەتی لەم پانتاییە پرۆپیە دەرچێت و بڕواتە ئاســتێکی فراوانتر و نەگیر و ســرکترەوە، کە کردەنوێن خۆی تێهەڵکێشــی کۆمەڵێک جوڵە، هزر و سـۆزی دیارینەکراوە، بەڵام ئاڕاسـتەکەر یان ئاڕاسـتەکراوە، کە کۆی ژینگە و پرۆسـەی گێڕانەوە هەڵدەســوڕێنێت. ئەم دیدەی گریماس، کە چیرۆکی وەک ڕســتە نەک وشــە دەبینی، چونکە ڕســتە بریتییە لە ناو و کردار، کە ناو دەشـێ بۆ کەسێتیی و بەها و ئایدۆلۆژییەکانی بگێڕینەوە، کرداریش

بۆ ڕووداوەکان، لەبەرئەوە کردەنوێن تێهەڵکێشـــــە، گرێدەری جیهانی دەرەوە و ناوەوەشـــــە. ئەم پەیوەندییەش میکانیکی نییە و واتاییە.[تولان، ١٣٨٦: ١٥١] گریماس لە سیمینارێک لە فینلەندا ئاماژە بە پشکنین و خوێندنەوەکانی لەناو مێژووی هزردا پەیوەست بە کۆچەمکێکی هزری و سۆزیی کە دەکەونە ناو کردەنوێنەوە، دەکات و دەڵێت: "لە بواری نیشانەناسیدا، ئێمە قسە لەسەر فۆرمولەکردن دەکەین، نەک بەفەرمیکردن. نیشانەناسی پێکدێت لە توانای وەرگێڕانی هەموو ئەو کردارانەی بابەت بۆ زمانێکی زانسـتی دەگۆڕن. هەوڵمان داوە دووبارە پێناسـەی وشـە و زاراوەکان بکەینەوە، ئەو وشـــانەی لە ســـەردەمی ئەرســـتۆوە بۆ ســـپینۆزا بۆ دیکارت هەتا دەگەینە نیتچە و فرۆید... کە سـەبارەت بە سـۆز ناویان لێ نراوە، هەموویان لە فۆرمێکی تاکسـۆنۆمییەوە[1] ئاماژەیان پێکردووە. وەکو، تورەیی، رەزیلی (پیسکەیی)، سەخیبوون، سەرسامی... و جێگرتنەوەی ئەمانە بە پێناسەیەکی کردەنوێن".[Greimas, lecture ، ١٩٨٣]

هاوکات لای گریماس کەسێتی پەیوەستە بە واتا و سیمانتیکەوە، لە کاتێکدا کردەنوێن ڕێزمانی و ســینتاکســییە، لە پانتایی ڕێزمانی گێڕانەوەشــدا تێهەڵکێشــی نیشــانەناســی دەبێت. "کردەنوێن چەمکێکی سروشتی سینتاکسییە، کەسێتی چەمکێکی واتاسازییە؛ واتە لە سەر ئاستی دەلالەتدا کاردەکات. وەک یەکەیەکی وشـەیی(لێکسـیم) کە "سـەرێک"ی هەیە و دونیایەک شـتی مەجازیش. ڕۆڵی بابەتی کەسـێتی کەسـایەتییەکی ناولێنراوە، کە لە ڕێگای هۆکارێکی وەک "دەلال / نێوەندگر" پێناســـە دەکرێت، واتە ئەگەر ناوێکی وەک "ڕاوچی" لێبنرێت. ڕاوچی لە نێوخۆیدا هەڵگری هەموو ئەگەرەکانی کردارەکەیەتی. کەســـێتیی ڕۆمانێک بەرەبەرە لە ڕێگای نووســـینی یەکبەدواییەک و جیاواز لە کۆی دەقەکەدا دروســـتدەکرێت. تەنیا لە دوا پەڕەدا فیگەری خۆی تەواو ئاشـــکرا دەکات".[GREIMAS، ١٩٧٣: ١٦٤]، لای گریماس خواست و کردەکان کردەکەرەکە دەردەخەن، واتە کەسایەتی بەهۆی ئەوەی دەیکات و ئارەزووی دەکات شێوەدەگرێت، نەک بوونی و باری دەروونی، ڕاوچی بەهۆی ڕاوچێتییەوە دەناســرێت، ئەمەش دەرچوونە لە وشـــەو فەرهەنگەوە بۆ ڕێزمان و سینتاکسی گێڕانەوە، کە گوتاری گێڕانەوەی تیا دەردەکەوێت؛ وشەکان لە ڕستەکاندا ئاشکرا دەبن، هەروەک کەســـــایەتی لە کردەی نوانـدن و ڕۆڵەکەیـدا دەردەکەوێـت. ئەم ڕوانینە لە دیـدی بوونگەراکانەوە نزیکە، کە من ئەوە نیم کە هەم، ئەوەم کە دەبم، "دەبم"یش بەهۆی پرۆژە، بڕیار،

---

[1] Taxonomie، تاکسۆنۆمی (پۆلێنکردن)، لقێکە لە زانستە سروشتییەکان، کە مامەڵە لەگەڵ لێکۆڵینەوە لە هەمەجۆری جیهانی زیندەوەر دەکات. ئەم چالاکییە پێکدێت لە وەسفکردن و سنووردارکردنی سیستەمی زیندەوەرەکان لە ڕووی جۆرەکانەوە و ڕێکخستنیان، وەک دار و لقەکانی، لە دەستەبەندیی و پلەبەندییەک، کە پێیان دەوترێت تاکسۆن taxon.

هەڵبژاردن و کردەکانمەوە دێتەدی و دادەهێنرێت.[عوسمان، ٢٠١٤: ١٣٣] خاڵێکی دیکەش کردەنوێن سەر بە ئەگەری جیاوازیی کەسەکانە(بکەر، بەرکار، نێرەر و وەرگر)، واتە کردەیەک چەندین کەسی جیاوازی لە دەورە، بۆ نموونە کردەی گێڕانەوە، چەندین گێڕەرەوەی جیاواز لە دەوری گێڕانەوە کۆدەبنەوە، لەبەرئەوە گریماس پێیوایە دەکرێت کردەنوێنێک ڕۆڵی جیاواز بگێڕێت؛ بۆ نموونە بکەر و وەرگریش بێت.[GREIMAS، ١٩٧٣: ١٦٦]

هاوکات گریماس لەبارەی ڕێزمانی گێڕانەوە و پرۆسەی ڕێکخستن و لێکداندا باسی کردەی بە مرۆییکردن دەکات و پێیوایە، کردە دووجار بە مرۆیی دەکرێت، جارێک بەهۆی جێبەجێکردن و کاربەڕێکەرییەوە، جارێکیش بەهۆی ئاڕاستەکردن و وەرگرتنەوە. لای گریماس کردە خۆی پرۆسەیە و بکەریش لەناو پرۆسەکەدا دەجوڵێت. هەر کردەیەک بەوپێیەی کردەیە جا ئەگەر کرداری و واقیعی یان ئەفسانەیی بێت، بکەرێکی مرۆیی یان بە مرۆییکراوی تێدایە، بۆ نموونە پێنووسەکە دەنووسێت، پێنووس بە مرۆییکراوە، لەبەرئەوە پرۆسەی نووسین بەهۆی ڕەگەزیی مرۆییەوە چالاک دەبێت. لەلایەکی ترەوە کردە بۆ گریماس کردەی زمانییە، واتە کردە لەناو زماندا ڕوودەدات و وەردەچەرخێنرێت بۆ نامە و پەیام، کەواتە کردەی وتراو یان ئەنجامدراو بەوپێیەی کردەیەکی پەسنکراوە (میتا-نیشانەناسییە)، دەبێت بە ڕەوانەکراو و پەیوەندیی بە نێرەر و وەرگرێکەوە هەیە، لەبەرئەوە "کردە پرۆسەیەکە دووجار بە مرۆییکراوە: بەوپێیەی کردەیە پێویستی بە بکەرە، بەوپێیەش کە نێردراوە، وەها ڕەچاودەکرێت، کە بابەتیبوونی تێدایە، ئاڕاستەی پەخشکردن لەنێوان نێرەر و وەرگر لەخۆدەگرێت".[غریماس، ٢٠١٨: ١١٤-١١٥] لەم ڕوانگەیەی گریماسەوە کە لە کتێبی نیشانەناسی گێڕانەوەدا هاتووە، تێدەگەین لە پرۆسەی گێڕانەوەدا هەردوو دوانەی "خود و بابەت"، "نێرەر و وەرگر"، بنەڕەتین، لەبەرئەوەی پرۆسەی کردەی کردەکەر و کردەی نێردراو لەنێوان ئەم دوو دوانەیەدا جێبەجێدەبێت، بە جۆرێک ناکرێت کردە بە بێ کردەکەر و نامە بەبێ وەرگر بێت.

## 4-دوانەکانی کردەنوێن

کاتێک دەقێک بە مۆدێلی کردەنوێنی گریماس شیدەکەینەوە، پەیوەندیی نێوان ئەم کردەنوێنانە ڕووندەکرێتەوە. گریماس زیاتر گرنگی بە کردار نەک بکەر دەدات، بکەر بریتییە لە مرۆڤێکی دەستکرد کە لەلایەن کردارەوە دروستبووە. گریماس هەردوو وشەی "actant" و "acteur"، بەکاردەهێنێت و دەڵێت، هەردووکیان کردەیەکیان پێسپێردراوە...هەردووکیشیان تەنیا مرۆڤ نین،

بەڵکو دەکرێت بابەتێک/شتێک، یان چەمکێکی مەعنەوی بن، بەڵام جیاوازییەکەیان لەوەدایە کردەنوێن لەناو هەموو گێڕانەوەکاندا بوونی هەیە(بنچینەییە) و گشتگیرە، لە کاتێکدا ئەکتەر لە گێڕانەوە جیاوازەکاندا هەندێک خەسڵەتی تایبەت وەردەگرێت. ئەکتەرەکان زۆرن، بەڵام کردەنوێنەکان شەشن و دەشکرێت کەمتریش بکرێنەوە.[جباری، ١٣٩٥: ٥٣] هەروەها هەر دەورێکی کردەنوێن دەکرێت چەند کەسێتی بۆ ئەو دەورە هەبن، بۆ نموونە چەند کەسێتی وەک خود و بکەر، یان چەند کەسێتی بۆ دەوری دژ و یاریدەدەر هەن، نموونەی ئەمە لە ڕۆمانە کوردییەکاندا زۆرە. لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت دوو دەوری کردەنوێن لە کەسێتییەکدا کۆببێتەوە، بۆ نموونە نێرەر و خود یەکبن، یاخود کەسێتیمان هەیە دەوری یاریدەدەر و نەیار دەگێڕێت. هاوکات گریماس لایەنی دەرونی بە کردەنوێنەکان نابەخشێت، ئەمەش وا لە کردەنوێن دەکات تایبەت نەبێ بە مرۆڤ، بەڵکو وەک لە مرۆڤچوویەک بێت، یان بێگیان و شتێکی مەعنەوی و چەمکێک بێت. لەگەڵ ئەمەشدا کردەنوێن دەکرێ تاک یان کۆمەڵێ بێت، وەک کۆمەڵگایەک؛ کردەنوێنەکان واتایان زۆرە، بەڵام ڕۆڵ و ئەرکیان دیاریکراوە، لە فەرهەنگی زاراوە ئەدەبییەکانی ئۆکسفۆرددا هاتووە، کە "کردەنوێن تەنیا مرۆڤ نییە، بەڵکو نامرۆڤەکانیشە."[Baldick ، ٢٠١١: ٦]

مۆدێلی کردەنوێن لە بنەڕەتدا لە سێ دوانە پێکهاتووە، کە مەرج نییە هەر شەشیان لە دەقدا هەبن، دەکرێ چوار یان دوانیان هەبن، بەڵام ناکرێت بەبێ دوانەی خود و بابەت کە بنەڕەتین، گێڕانەوە ڕووبدات، هەروەک دەکرێت کردەنوێنێک دوو ئەرک یان زیاتر بنوێنێت، بۆ نموونە بکەر وەرگر یەک بن، یاخود نێرەر، بکەر و وەرگریش بێت، لەلایەکی دیکەوە دەکرێت لە خوێندنەوەی چەندجاری ڕۆمانێکدا دیدی توێژەر بۆ ئەم کردەنوێنانە بگۆڕێت، یاخود ڕۆماننووس بە مەبەستەوە ئەو کارە لەناو چیرۆکی سەرەکی و چیرۆکیلەکان جێبەجێ بکات، بۆ نموونە ڕێگر لە دۆخ، چیرۆک و ڕەهەندێکی جیاوازی بینینەوە یاریدەدەر بێت.[برتنس، ١٣٨٧: ٨٦]


1. نێرەر (sender): بریتییە لەو کردەنوێنەی کە ئارەزوو و خواستێکی هەیە و چالاککەری چیرۆک و پەیوەندیە لەنێوان بکەر و بابەت یان ئامانجەکەی. نێرەر بابەت دیاریدەکات و داوا لە خود/بکەر دەکات بچێتە ناو ئەم کێشمەکێشەوە. نێرەر دەشێ دەوڵەت، ئایدۆلۆژیا، ئایین و بەهایەک بێت.
2. وەرگر (Receiver): ئەو کردەنوێنەیە بابەتێک وەردەگرێت، کە دەرەنجامی ململانێی بکەر /بابەتەکەیە، دەشکرێ وەرگر هەر خودی بکەرەکە بێت.

3. بـــابەت (Object): بریتییە لەو بـــابەت، بەهـــا و بوارە خوازراوە کە لەلایەن نێرەرەکەوە دەویستریێ، وەک: ئازادی، دەوڵەمەندی، عەدالەت، خۆشەویستی..هتد.

4. خود/ بکەر(Subject): بریتییە لەو پـــاڵەوان، یـــان کردەنوێنەی، بە داواکـــاریی نێرەر بۆ بەدەستهێنانی بابەتەکە ڕازی دەبێت، دەشکرێت بکەر خۆی وەرگر، یاخود ئامانجەکە بێت.

5. نەیار/ ڕێگر(Opponent)[1]: کردەنوێنی نەیار و دژە، کە هەوڵ و تێکۆشـــانی خود بۆ گەیشـــتن بە ئامانجەکە هەڵدەوەشـــێنێتەوە. ئەم هێز و هزرە نەیارە ڕووبەڕووی بکەر بۆ گەیشـــتن بە ئامانج و ئارەزووکەی دەبێتەوە. نەیار دەشـــــێت کەس، ئایدیا، بوار و بەهـــایەک، هێزێکی مێتافیزیکی وەک شەیتان و جادوو، یاخود دیاردەیەکی دەروونی وەک ترس و دڵەڕاوکێ بێت.


6. یـــاریدەدەر/ پـــاڵپشـــــــت(Helper): ئەو هێز و کردەنوێنەیە یـــارمەتی بکەر لە گەیشـــــــتن بە ئامانجەکەی دەدات، دەکرێت کەســـێک، یان ئایدۆلۆژیا، یان خودا و بیروباوەڕ و ئامرازێکی وەک شمشێر و ئەسپ بێت.[بوعطية، ٢٠١٣: ٥٤] و [ثواب، ١٣٩٦: ١٨].




دیارە ڕیزبەندیی ئەم شـــەشـــە لە نێرەرەوە نەک خود/بکەرەوە، لەوێوە هاتووە، کە زۆرکات نێرەر و وەرگر جوڵێنەر و ســــــوودبەری ئاکامەکەن، یاخود هەر بکەر و بابەتن، یاخود هەر پێنج کردەنوێنەکە جگەلە بابەت ڕوو لە خود دەکەن، بەڵام خود بە تەنیا ڕووی لە بابەتە، بابەت ناوەندە و خۆی دەبێتە جوڵێنەری کردەنوێنەکان. هاوکات هەریەک لەم کردەنوێنانە جگەلەوەی لە کەســـــدا کورت نەکراونەتەوە، ئەگەر کەســـیش بن پاڵنەرەکەیان پەیوەندگەلی هاوبەشـــی بە بەها دەرەکیی و

[1] ـ لەبەرامبەر زاراوەی Opponent دوژمن گونجاوە، بەڵام بە تێگەیشتن لە مەبەست و جیهانبینی گریماس نەیار، ڕێگر بە گونجاتر دەزانین، لەبەرئەوەی ڕێگر دەشێ کەس و هزر و کردە و ئایدۆلۆژیایەک بێت. سەرەڕای ئەوەش لە خوێندنەوەی ڕۆمانەکانی قۆناغی دووەم بەپێی گونجاوی و پێویست سوودم لە زاراوەکانی تر وەرگرتووە.

ناوەکییەکانەوە هەیە، بۆ نموونە بۆ "ڕێگر" دەکرێت هێزێکی دەرەکی بێت، یاخود ترس و هەستی کەسی بێت، کە ئەم ترسە پاڵنەرەکەی دەرەکی بێت، لەبەرئەوە ڕێگر، بەربەستسازی خواستی بکەرە، یاوەریش ڕێخۆشکەری خواستی بکەرە. لەلایەکی دیکەوە ئەم سێ دوانەیە پەیوەندیی لێکچوون و نزیکیان لەگەڵ زماندا هەیە، بۆ نموونە پەیوەندیی نێرەر و وەرگر دەکرێت وەک پەیوەندیی بکەر و بەرکار سەرنجیبدەین.[مشهدی و ثواب، ١٣٩٣: ٨٧]




## 5-پەیوەندیی و گۆڕانەکانی ناو نەخشەی گێڕانەوە

لە ئەرستۆوە فێربووین دەقە گێڕانەوەبەندەکان بەپێی بەرنامە و نەخشە بەڕێوەدەچن، هەر دەقێک سەرەتا، ناوەڕاست و کۆتایی هەیە. هاوکات هەریەک لە ڕەگەزەکان لە پەیوەندیدان لەگەڵ یەکتر و بە شێوەی ڕێکخراو ئەرکی خۆیان بەجێدەگەیەنن.[داد، ١٣٨٥: ١٠١] بە دیدی گریماس لە گرێچنی هەر دەقێکی گێڕانەوەییدا دوانەیەکی پێویست هەن، کە کردەکانیان گوزارشت لە بەیەکگەیشتن و جیابوونەوە، خەبات و ئاشتی...دەکات. گێڕانەوەش خۆی گواستنەوەی شتێکە یان بەهایەکە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر. دیارە هەر گواستنەوە و گۆڕانێکی ناو دەقی گێڕانەوە پێشتر نەخشەبۆکێشراوە.[رحمانی و فولادی، ١٣٩٩: ٧٨] نەخشەی کردەنوێنەکان بەپێی چەند پەیوەندی و ڕایەڵێک بەیەکەوەبەستراون، بۆ نموونە ئەو ڕایەڵەی لەلایەن نێرەرەوە بۆ بابەتەکە دەکێشرێ، حەزوو و ئارەزووی نێرەر بۆ بابەتەکە دەردەخات، ئەو ڕایەڵەیش لەلایەن بابەتەوە بۆ وەرگر کێشراوە، دەرخەری ئەو شتەیە خود بە دوای دەگەڕێت و بە وەرگر دەدرێت. ئەو ڕایەڵەیەی لەلایەن یارمەتیدەر بۆ خود کێشراوە، واتای ئەوەیە کە یارمەتیدەر یاریدەی خود دەدات لە ململانێکەیدا بۆ ئەوەی بابەتەکە بە دەستبهێنێت. ئەو ڕایەڵەیش لەلایەن ڕێگرەوە بۆ خود کێشراوە، ئەو واتایە دەدات بە دەستەوە، کە ڕێگر بەرهەڵستی لە توانا و هەوڵەکانی خود دەکات بۆئەوەی بابەتەکە بە دەستنەهێنێت. ئەو ڕایەڵەیەشی لەلایەن خودەوە بۆ بابەت کێشراوە، دەریدەخات کە خود بە دوای بابەت دەگەڕێت، ئەو بابەتەی کە نێرەر ئارەزووی دەکات.[علوش،١٩٨٥: ٥٦] کەواتە ئەم شەش کردەنوێنە لە سێ ڕایەڵ و دەستەی هاوپەیوەند کۆدەبنەوە؛ هەر دوانێکیان سەر بە یەکێک لەم سیانەیە:

1. ئارەزوو (خود و بابەت)، ئەمە پەیوەندیی بنەڕەتیی مۆدێلی کردەنوێنە، چونکە پەیوەستە بە ئارەزوو و تێکۆشانی خود بۆ بەدەستهێنانی بابەت، یاخود ڕاکێشانی خود بۆ خواست و بابەتەکەی.
2. زانیاری، پەیوەندی و گەیاندن (نێرەر و وەرگر)، نێرەر هۆی ئاڕاستەکەر و زانیاریدەری خودە بۆ گەیاندنی بە بابەتەکە، کە گەیشتن بە بابەت بە سوودی وەرگرە. هاوکات نێرەر و وەرگر دەشێ هەر بکەر خۆی بن، یاخود نێرەر دەق و ژانرەکەی یان ئایین و ئایدۆلۆژیایەک بێت.
3. ململانێ (یاریدەدەر و ڕێگر)، ئەم دوانەیە سەرەکی نین، بەڵام ڕۆڵی ڕێگر و یاریدەدەر لە گەیشتن یان نەگەیشتنی خود بە بابەتەکەی دەبینن.[اسکولز، ١٣٨٣: ١٥٤-١٥٦] دەکرێت ئەم ئاستەش وەک توانا و دەسەڵات و چاودێریکردن بناسێنین، کە ڕۆڵی هەریەکەیان لە ڕێگری و یاریدەدان کارایی هەیە، ئەم دوانەش دەکرێت لەلایەن هێز و دەسەڵاتێکی ئایینی، کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئایدیۆلۆژی ئاڕاستەبکرێت.

زانایان بەگشتی و گێڕانەوەناسان بەتایبەتی لە پاش پرۆپ کە ڕێزمانێکی بۆ حەکایەتە میللییەکان دانا، دۆزینەوە و دانانی ڕێزمان و یاسایەک بووە خەمی هاوبەشیان، "هەر یەک لە ڕەخنەگرانی نوێی گێڕانەوەناسی پێداگری لەسەر ڕێزمانی گێڕانەوە وەکو سیستمی گواستنەوەی چیرۆکەکە دەکەنەوە، چونکە هەموو کەرەستەکان، پەیوەندی نێوانیان ناتوانێت دەقێکی هونەرییان پێبدات، بەڵکو ئەوەی گرنگە، شێوازی گواستنەوە و پلۆتسازی و بونیادی چنینە.[کاکەمحەمەد، ٢٠٢٢: ٢٥] گریماس یەکێک لەو ڕەخنەگرانەیە کە هەوڵیدا ڕێزمانی گێڕانەوە بدۆزێتەوە و دابڕێژێت، لەبەرئەوە بایەخ بە پلۆت و تانوپۆی گێڕانەوە دەدات. "لە میانەی تێڕوانیی نوێ سەبارەت بە چیرۆک و ئەدەبیاتی گێڕانەوە بە گشتی و پلۆت بە تایبەتی، ئاماژە بە کاری سێ نوسەر دەدرێت کە بەهۆی کتێبەکانیانەوە بیری نوێیان سەبارەت بە پلۆت خستۆتەڕوو و هەرسێکیان تەواوکەری ڕەوتەکەی پرۆپن. کتێبەکانیشیان ئەمانەن: (واتاناسی بونیادی) ا.ژ.گریماس، (حیکایەت) کلۆد بیرمۆن، (دەستوری زمانی دیکامیرۆن) تیزوتان تۆدۆرۆف." [کاکەمحەمەد، ٢٠١٢: ٣٢]. سروشتی کارکردنی گریماس بەجۆرێکە، کە واتا لای بنەڕەتییە، لەبەرئەوە ڕێزمانی گێڕانەوەی بە واتاوە گرێداوە. خۆی دەنووسێت: "واتا درکی پێناکرێت تەنیا ئەو کاتە نەبێت، کە پێکەوەبەستراوە یان جومگەی گرتووە".[غریماس، ٢٠١٨: ١١٤]

پلۆت و پێکەوەبەستن، ئاستی ڕووکەش و ڕێکخستنە، لەبەرئەوە هێلکاری و بەرنامەی گێڕانەوە لە زنجیرەیەکی بەدواییەکداهاتوو پێکهاتووە و چنینی کردەکان، کە کردەنوێنەکان ئەنجامیدەدەن لە ژێر ڕۆشنایی یەکێک لە زنجیرەکانی گێڕانەوەدایە، کە ئێمە بە مەبەست لێرەدا باسیدەکەین، چونکە پێمان باشتربوو سەرەتا ئاشنای "کردەنوێنەکان" بین، دواتر زنجیرەی کردەکانیان. مەبەستمان بوو لە ئەنجـام و بەرهەمە چنراوەکە بۆ ســـــەرەتـا و چۆنێتی چنینەکەی بگەڕێینەوە، لەبەرئەوەی کردەنوێنەکان تەنیا کەس و پاڵەوان نین و چەمکی و نیشانەیین، کە ئەمەش لە ڕووی تێگەیشتنەوە بۆ خوێنەر ڕۆشـــنترە، بۆیە ئەمەمان بە گونجاو زانی و پێشـــمانوایە لادانێکی بنەڕەتی نییە لە تیۆرەکە. پلۆت و گەڵاڵەی گێڕانەوە جۆرێکە لە ڕێکخســـتن، دامەزراندنەوە و بەرهەمهێنـانەوەی ڕووداوەکان لەئاست و شێوازگەلی نوێدا، بە جۆرێک ڕووداوەکان بە شێوەی هونەری ڕیزدەکرێن، کە واتای نوێیان لێ بەرهەمبێت. لای بونیادگەرەکان و گریماســـیش بەتایبەتی پلۆت بنەمایەکی گرنگیی گێڕانەوەیە و پەیوەنـدییە جیـاوازەکـانی بونیـادەکـانی گێڕانەوە دادەمەزرێنێـت و وەک هەلقەیەک پێکیانەوە گرێدەدات، ئەو زنجیرەیەی لێیدەکەوێتەوە، بار و دۆخی وەرچەرخان و گۆڕان، هاتن و چوون، بەیەکگەیشتن و جیابوونەوەن و پەیوەستی کردەی کردەنوێنەکانن لە گێڕانەوەدا، بە واتـایەکی تر دەقە گێڕانەوەییەکـان و بەتـایبەت ڕۆمـان، بەردەوام بە دوانەیەک دەســـتپێدەکەن، بەیەکگەیشتن و جیابوونەوە، ئاشتی و شەڕ، کۆچ و گەڕانەوە، گریماس لە ڕەخنەی پرۆپدا ئەو ٣١ ئەرکە بۆ ســێ زنجیرەی پێکبەســتراو کەمدەکاتەوە، کە بابەک ئەحمەدی وەک زنجیرەی ســیانەی بەدواییەکداهاتوو بەمجۆرە ڕیزیاندەکات:

1. جێبەجێکـاری(بەڕێوەبردن)، ئەم زنجیرەیە چنینی ســــەرەکیی دەقەکەیە، کە بواردانە بە بەڕێوەبردن و دەرکەوتنی ئەرک، کردە و ڕۆڵە تایبەتەکان.
2. بەڵێن و پەیمـان، ئەرکێکە دەخرێتە ئەســـتۆی دەق، کە دۆخی گێڕانەوە بەرەو ئـامـانج و بابەتەکە ئاڕاستەدەکات.
3. جیـابوونەوە و دابڕان، یـان گۆڕان، زنجیرەیەک گۆڕانکـاری بـارودۆخە جیـاوازەکـانە، کە دەکرێت لە ئەرێنییەوە بۆ نەرێنی و بەپێچەوانەشـــەوە بەرجەســـتەبکرێت، هاوکات فۆرم و ئاڕاســـتە جیاوازەکانی گێڕانەوە لەخۆدەگرێت، [ئەحمەدی، ٢٠٠٤: ٢٠٨) لەبەرئەوە بونیادی گشـــتیی گێڕانەوە لای گریمـاس دەکرێـت لە ڕێککەوتن، نەزم و ڕێکییەوە بۆ ئـاڵۆزی و هەڵوەشـــــاندنەوە بڕوات، یـاخود لە گرژیی و گرفـت و هەڵوەشـــــاندنەوە بۆ نەزم و ڕێککەوتن.[سلدن، ١٣٨٧: ١٤٥]

گرێیەند و زنجیرەی گێڕانەوە لای گریماس تەنیا پێکهاتە و بونیادی گێڕانەوە نییە، کە سـەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی هەبێت، بەڵکو ئەم سیکوچکەیە ڕێزمانی گێڕانەوەن و بە شێوەی گوتار و ناوەڕۆکی گێڕانەوەش کە نیشانەناسی پاڵپشتی دەکات، بیری لێکراوەتەوە. گریماس ئەم زنجیرەیە وەک پرۆژە ناو دەبات و پێیوایە، دەستپێک تانوپۆ و جێبەجێکردن و بەرنامەی پێشوەختەیە، کە چوارچێوەی بنەڕەتیی پێکهاتەی گێڕانەوە پێکدەهێنێت و خۆی لە بەڕێوەبردنی ئەزموون و ئەرکەکان و بوار بۆ ڕەخساندنیان دەبینێتەوە. هەرچی بەڵێن و بێبەڵێنی، پەیمان و بێپەیمانی، ئامانج و پەیوەندییەکانە کە دۆخی گێڕانەوە بەرەو ئامانج و مەبەستێکەلێک ئاڕاستەدەکەن، تا گەرموگوڕی بە جوڵە لە گێڕانەوە دەدات. لەبەرئەوە لەڕووی میتۆدەوە ئەمە لە جێبەجێکردن و دەستپێک بنەڕەتیترە، چونکە دەریدەخات، کە دۆخ، کردە، ئەرک و ڕۆڵەکان لەناو جوڵەی ڕەتکردنەوە، یان پەسەندکردنی پەیمان و ئامانج و ئارەزووەکاندان.[شعیری، ١٣٩٨: ١٤] هاوکات گریماس پێیوایە زۆربەی داستانەکان لە دۆخی نەرێنی بۆ ئەرێنی، یان بەپێچەوانەوە لە پەیوەندییەوە بۆ دابڕان و پەیمانشکێنی دەچن، لەبەرئەوە قۆناغی کۆتایی، کە نەخشە و بزاوت و ڕەوتی گێڕانەوە لەخۆدەگرێت، گۆڕانکاریی و جوڵەکان دەردەکەون، بۆ نموونە پێکەوەبوون بۆ جیابوونەوە، یاخود بەپێچەوانەوە. ئەم قۆناغە دەرخەری هاتن و چوون، شوێنکاتی کردەنوێنەکانە، کە ئەگەری گۆڕانی ڕەوت و شێوازی چیرۆکەکەش لەخۆدەگرێت.[فروزندە، ١٣٩٢: ٢٠٢] بە واتایەکی تر زنجیرەی گێڕانەوە لەم قۆناغە دەکرێت ئاڕاستە و زنجیرەیەکی نوێ دابمەزرێنێت و درێژەدەری ئەوەی پێش خۆی نەبێت، ئەم دابڕان و بارگۆڕینەش ئەگەری لەدایکبوونی پەیوەندییە دوانەییەکانی دوانەی بەرامبەر و دژ لەخۆدەگرن.[سجودی، ١٣٨١: ٣٢]

سەبارەت بە نەخشەڕێی گێڕانەوە، کە لەناو بەرنامەی گێڕانەوەدا جێبەجێدەکرێت و وەڵامی پرسیارەکانمان: چۆن، چی، لەکوێوە و بۆچی دەداتەوە، واتە چی و چۆن ڕوویدا، بۆ و لە کوێ ڕوویدا، قۆناغەکان، دابڕان، گۆڕان و دۆخە جیاوازەکان کە دێنە ناوەوە و هەن، هەموو ئەمانە و چەندین لایەنی کردەنوێنەکان دەردەخات، لە ڕووی توانا، باوەڕ، پاڵنەر و هێزی جوڵێنەر، ئەمانەش چوار بنەمان: ١ـ پاڵنەر(بزوێنەر)، ٢ـ توانست، ٣ـ بەجێهێنان. ٤ـ ئاکام(پاداشت یان سزا). دیارە کۆی ئەم چوار بنەمایە پێکەوەبەستراون، کە بابەتێک یان نێرەر دەبێتە بزوێنەری خود، خودیش دەبێت توانست و توانای چوون بەرەو بابەتەکەی هەیە، بەجێهێنانیش پنتی گواستنەوەی مەبەستی خودە بۆ بابەتەکەی، ئاکامیش گەیشتن یان نەگەیشتنی خودە بە بابەت، کە سزا یان پاداشت وەردەگرێت.[مەنتک، ٢٠١٩: ٥١؛ ڕەسووڵ، ٢٠١٨: ٨٠] کۆی ئەم پەیوەندیی و بار و دۆخگۆڕکێیانە

له دەقە گێڕانەوەبەندەکاندا پەیوەندە بە گوتار و وێنە جیاوازەکانی کردەنوێنەکان، بۆ نموونە نێرەر بکەر بۆ بابەتێک ئاڕاستەدەکات، خواستی بکەر دەجوڵێنێت، گەیشتنی بکەر بە بابەتەکەی وێنەیەکی کامڵی گێڕانەوە دروستدەکات، بەڵام بەردەوام ڕێگر هەیە، کە ناهێڵێت وێنەکە بە تەواوی دەرکەوێت، لەبەرئەوە ململانێی هێزە ئەرێنی و نەرێنییەکـان ڕوودەدات ئـاڕاســـتەی گێڕانەوە ڕەوتی نوێ وەربگرێت، بۆ نموونە لە ڕۆماندا دەکرێت لە خواســـتی ئازادییەوە بۆ تۆڵەکردن بچێت، یاخود لە ڕزگارییەوە بۆ کەوتن، بۆ نموونە لە ڕۆمانی تەونی بریا کەسـێتیی سـەرەکی لە دەسـەڵاتی کوردی هەڵدێت، بەڵام لە تورکیا دەبێت/دەکرێتە داعش و ڕەوتی مەبەســـتی گێڕانەوە ئاڕاســـتەیەکی نوێ وەردەگرێت. ئەم بارگۆڕینانە بەردەوام لێکەوتەی واتاهێنن، واتاش بۆ گریماس بنەڕەتییە و نیشـانە جیـاوازەکـانیش، کە زادەی گوتـار، جوڵە و گۆڕاوەکـانن لە زاوزێی بەردەوامـدان، توێژەریش وەک مامانە بۆ دەرهێنان و بەرجەســـتەکردنی وێنە واتاییەکانی دەق. لە خوارەوە لەســـەر ڕەهەندێکی تەواوکاری دیکەی تیۆرەکەی گریماس دەوەســـتین، کە ئەویش چوارگۆشـــەی واتاییە، کە ڕووی لە بونیـادی قووڵ و پەیوەنـدییە نـاوەکی و دەرەکییەکـانی دەق بۆ بەرهەمهێنـانی واتـا و پەیوەنـدییە نیشانەییەکان کە ئەرکی واتاسازییان لەئەستۆدایە.

## - دووەم: لە ڕێزمانی گێڕانەوەوە بۆ چوارگۆشەی واتایی

گریماس وەک نیشـانەناسـێکی پاش سـۆسـێری، بە سـۆسـێر کاریگەربووە، لە گێڕانەوەناسـیشـدا پەنای بۆ چەمکە بونیادگەرییەکان بردووە. لەبەرئەوە لەژێر ڕۆشـنایی نیشـانەناسـی بونیادگەرییدایە کە گێڕانەوەناســـی گریماس دامەزراوە. لە زمانناســـی بونیادگەریدا پەیوەندیی و جیاوازیی ڕۆڵێکی گرنگ لە بەرهەمهێنانی واتادا دەبینن. واتاش ســـەر بە پەیوەندی دال و مەدلولە، لەم پەیوەندییەدا نیشـانە لەدایکدەبێت، نیشـانەش سـەربەخۆ پەیام و واتاکەی ناگات، بەڵکو لە سـیسـتم و پەیوەندیی نیشـانەکاندا دەردەکەوێت و دەکرێتەوە. نیشـانەناسـی سـۆسـێر فراوان و فرەڕەهەندە، زمان بەشـێکە لێی، لەبەرئەوە نیشـــانەناســـی لە تەواوی ژیانی نیشـــانەکانی ناو کۆمەڵگە دەکۆڵێتەوە. ســـۆســـێر (semiology) وەک بەشـێک لە دەروونناسـی کۆمەڵایەتی دەناسـێنێت و پێیوایە ئەگەر سـروشـی زمانمان دۆزییەوە، ئەوا پێویستە لایەنە هاوبەشـەکانی زمان و هەموو سـیسـتمە نیشـانەناسـییەکان بزانین.[ســوســێر، ٢٠١٨: ١٦٦] زمان لای ســۆســێر پێرەوێکە لە نیشــانە و هێما، کە پەیوەندیی و هەڵســوکەوتی نیشــانەکان لەگەڵ یەکتری، بواری شــیکاری نیشــانەکان دەرەخســێنن. پەیوەندیی

نیشـــانەکانیش لەســـەر جیاوازیی و هەمبەری/ بەرامبەرین. ئەگەر نیشـــانە لە پێڕەوەکەدا بەهایەک بووبێت، ئەوا دەربڕین و ناوەڕۆکی نیشـانە دەبێتە بەشـە پێکهێنەری بەها ناونشـینەکانی ناو زمان، کە لە بەرامبەر گشـت بەهاکانی دیکەدا وەسـتاوە.[کۆمەڵێک زمانەوان، ٢٠٠٩: ١٧٥] لێرەدا ئاوڕ لە پەیوەندیی نیشـانە و واتا دەدەینەوە، کە چوارگۆشـەی واتا/نیشـانەی گریماسـی لەسـەر دامەزراوە. بەشـــێکی بنەڕەتی واتاســـازیش لەســـەر بنەمای پەیوەندیی نیشـــانەکان دامەزراوە، پەیوەندی نیشانەکانیش بۆ دوانەکانی سۆسێر، بە تایبەت زمان و گوتن، جێنشینی و تەکنشینی دەگەڕێنەوە.

پەیوەندی نیشانەکان لای سۆسێر پەیوەستە بە دوانەی تەکنشینی(ئاسۆییsyntagmatic) و جێنشینی (ســـتوونیparadigmatic)، کە کۆی پەیوەندییەکانی ئەم دوانەیە زمان پێکدەهێنن و هەژموونیان بەسەر ئەرکەکانی زمانیشەوە هەیە.[سوسێر، ٢٠١٨: ٢٧٦] لە جێنشینیدا جیاوازییەکان دەردەکەون، بۆیە زۆرتر دەرونییە و پەیوەستە بە زمانی تاکەکانەوە(Parole)، بەڵام تەکنشینی لەنێو سیستم و ڕێزمـانی گشـــتی زمـان(Langua)[1] دەردەکەوێـت. لە تەکنشـــینیـدا ڕێکخســـتن و زنجیرەی بەدواییەکداهاتنی وشـەکان یەکتر ڕوون دەکەنەوە، بۆیە گوزارشـت لە پەیوەندی ناو زمان دەکات، بەڵام لە جێنشـــینیدا پەیوەندییە بیرخەرەوەکانیش بەشـــدارن. تەوەری تەکنشـــینی بەپێی یاســـا ڕێزمانییەکان کە ڕووی لە دەرەوەی زمانە ڕێکخراون، بەڵام جێنشـینی لە ئاسـتی واتا، فەرهەنگ و یەکە نیشـــانەییە جێگرەوەکاندایە.[محەمەد، ٢٠١٤: ٢٨] بە وەرگرتن لە فەرزان ســـجودی چەندلەر پێیوایە، پەیوەندیی تەکنشـینی لە تێکسـتدا پەیوەسـتە بە داڵە ئامادەکانی ناو هەمان تێکسـت، بەڵام پەیوەندی جێنشـــینی بە داڵە نائامادەکانی دەرەوەی ئەو تێکســـتە پەیوەندن.[ســـجودی،١٣٨٢: ٧٠] لەگەڵ ئەوەشـدا وەک سـۆسـێر ئاماژەی بۆ دەکات پەیوەندیی تەکنشـینی وەک پەیوەندیی بەش و گشتە، کە وشەکان ئاماژە بۆ ڕستە و ڕستەش ئاماژە بۆ وشەکان دەکات، "گشت وابەست بە بەش و بەش وابەستی گشتە".[سوسێر: ٢٠١٨: ٢٨٩]

لە دیدی بونیاگەرەکانەوە پەیوەندیی تەکنشـــینی، توانای شـــیکاری ســـیســـتم و ڕێزمان و ڕێکخســـتنی دەقی هەیە. بونیاد و پەیوەندیی دانە پێکهێنەرەکان کە پەیوەندیی بەشـــن بە گشـــت لە

---

[1] ـ لانگ(زمان) و پارۆڵ(گوتن یان ئاخاوتن)، زمان پێڕەوە و بەکارهێنان و بەرجەستەکردنی پێڕەوەکەش ئاخاوتن و گوتنی تاکەکان دەگرێتەوە. سۆسێر بۆ جیاکردنەوەی زمان و گوتن نموونەی موزیکی سیمفۆنیا دەهێنێتەوە، کە سیستمی سیمفۆنیا زمانە و خوێندنەوەی نۆتەکان و ژەنینی ژەنیارەکان پارۆڵە، کە دەکرێت ژەنیارە لێهاتووەکان لە پارۆڵدا داهێنان لە ژەنیندا بکەن و لە سیستم لابدەن، وەک لادانی زمانی شیعری بۆ شاعیران.(بڕوانە، کۆمەڵێک زمانەوان، ١٧٣، هەروەها میران جەلال محەمەد، ٢٠١٤: ٢٠).

دەقدا بەهۆی تەکنشینییەوە دیارییدەکرێن، واتە ئەو هێڵ و زنجیرەیەی دەقەکە بەیەکەوەدەبەستێت، چ ئاستی شوێن یان کات بێت، لە پەیوەندی تەکنشینیدا دیاردەخرێت. فەرزان سجودی پێیوایە پەیوەندی تەکنشینی زنجیرەیی، کات دەردەخات وەک پێشتر و دواتر(ڕابردوو و ئاینده)، هەروەها پەیوەندە بە شوێنیشەوە، وەک سەرەوە خوارەوە، پێش و دوا، نزیک و دوور، دەرەوە و ناوەوە.[سجودی، ١٣٨٢ ٧٣] هەروەها ئەدەبناسێکی ئەورووپیش پێیوایە، پەیوەندیی تەکنشینی شێوەی زنجیرەیی هەیە و گوزارشت لە پەیوەندی و بەیەکەوەبەستن و ڕێکخستنی شێوەی بەدواییەکداهاتنی وەک (ئەم- و – ئەم- و- ئەم) دەکات، لە کاتێکدا پەیوەندیی جێنشینی سەر بە هەڵبژاردنە، وەک (ئەم -یا- ئەم- یا- ئەم)[chandler ، ١٩٩٦: ١٣٠]. لە گێڕانەوەناسیدا ڕەگەزە بنچینەییەکانی دەقە گێڕانەوەبەندەکان لەناو ئەم پەیوەندییانەدا دادەمەزرێن و سازدەبن، هەرچی نیشانە واتاییە جیاوازەکانە زۆرتر پەیوەندن بە ئاستی جێنشینییەوە، بەڵام لای گریماس ئاستی تەکنشینی گێڕانەوەش، ڕۆڵێکی کارا لە پێکەوەبەستن و دابڕان و بەرنامەی گێڕانەوەدا دەگێڕێت، کە واتا لێیانەوە دەسازێت، چونکە گێڕانەوە لەناو وەستاویدا دەمرێت، هەروەک زمان لای سۆسێر لە ئاستی جوڵە و سینکرۆنیکدا دەخوێنێتەوە، ڕەوتی گێڕانەوەش بەریەککەوتنی واتاکان دەستەبەردەکات.

بونیادگەر و نیشانەناسی دیاری فەرەنسی ڕۆلان بارت، پێیوایە، شیکاری دەقە گێڕانەوەبەندەکان لەسەر سێ ئاست دەکرێت و واتای دەق لەبەر ڕۆشنایی ئەو سێ ئاستە بەدیدێت، کە لە ئاستی کۆنکرێتەوە بۆ ئاستی ئەبستراکت، لە بونیادی ڕواڵەتی بۆ بونیادی قووڵ دەچێت.

1. ئاستی یەکەم، سەرنج دەخاتە سەر ئەرکەکان.
2. ئاستی ئاکشن(کردە) لە بونیادی دەقدا ئاستێکی قووڵی هەیە، پەیوەندیی بە بونیادی مامەڵەکردنەوە هەیە، ئەوەی گریماس پێیدەڵێت، کردەنوێن.
3. ئاستی گێڕانەوە، ئەمە لەسەروو ئاستەکانەوەیە و بڕیاردەرە. ئەم ئاستەیە واتای کۆتایی دەبەخشێتە ئاستەکانی دیکە، بەهۆی ئەوەوە وا لە وەرگر دەکات، کە پابەندبێت بەوەی دەیگێڕێتەوە(سەرنجی ڕادەکێشێت).[vulovie ، ٢٠١٣: ٣٦]

ئەم سێ ئاستە جگەلەوەی بونیادی گێڕانەوە پێکدەهێنن، هاوکات پەیوەندییەکی ئۆرگانیشیان بەیەکەوە هەیە، [کاکەمحەمەد، ٢٠٢٢: ١٦]، هەروەها ئەم سێ ئاستە(دابەشکردنە) سێبەرو تارماییەک بەسەر ئەو جیاوازییە بنەڕەتییانە دەهێنێت، کە فۆرمالیستە ڕووسەکان جێگیریان کردبوو لەنێوان ڕووداو و مامەڵەکان و میتۆدی گێڕانەوەدا. دەتوانین بەرنامەی مامەڵەکە وەک بونیادی ڕووکەشی گێڕانەوە و ئاستی ئەکشن (کردە-جوڵە) وەک بونیادی قووڵ وەربگرین. [**Vulovie، ٢٠١٣: ٦٥**]

لە ڕوانگەی بارتەوە لە هەموو ئاستێکدا ڕەگەزێک هەیە، دەبێتەهۆی پەیوەندیی و بەدواداهاتنی وشـــەکان لە شـــێوەی ئەرکی تەکنشـــینیدا. بارت ئەم ڕەگەزەی ناوناوە ڕوونکەرەوە. هەروەها ڕەگەزێکی دیکە هەیە ئاماژە بە ئاســتەکانی دیکە لە دەقدا دەکات، دەتوانین ئەم ئاســتە بە قووڵ و بەرز دابنێین، کە ڕەگەزێکی تەواو و کامڵە، ئەم ڕەگەزە واتای خۆی لە ئەرکی جێنشینیدا دەبینێتەوە. بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەستەکەی بارت، نووسەرێکی سویدی نموونەی تەنورەی (درێژ) و (کورت) دەهێنێتەوە، کورتەکە ئاماژە بۆ گەورەبوونی کچ و ئازادی و هەڵبژاردن و بڕیاردانی خودی دەکات، درێژەکەش ئاماژە بۆ ســـنوورداری، نەریتی و پابەندبوون دەکات.[vulovie ،٢٠١٣: ٣٣] ئەم نموونەیە ڕەگەزێکی واتاییمان نیشـــاندەدات، کە دەتوانێت هەردوو ئەرکەکە بەجێبهێنێت. هەروەها ئاماژە بەوە دەدات هەر نیشانەیەک واتای خۆی لەو شوێن و پێگە (دەوروبەر و تۆڕی پەیوەندیی نیشانەنانەوە) وەردەگرێت، کە تێیدایە و بە شێوەی ئاسۆی و ستوونی دەڕوات، لەبەرئەوە هیچ نیشـــانەیەک بە تەنیا واتا نادات، بەڵکو لە پەیوەندیی بە نیشـــانەکانی دیکەوە ســـەرچاوەدەگرێت. هەروەک باختین دەڵێت: "وشـــەکان بە تانوپۆی ئایدیۆلۆژیکەوە چێنراون کە هاوکات تانوپۆی سەرجەم پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە هەموو بەستێنە جیاجیاکاندا پێکدەهێنن. کەواتە ئاشکرایە کە وشە هەستپێکراوترین نیشانەی سەرجەم گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکانە...وشە دەتوانێ بچووکترین و ناهێمنترین قۆناغەکانی تێپەڕین لە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکاندا تۆمار بکات".[باختین، ٢٠٠٩: ١٥٩]

باختین پێیوایە پەیوەندیی نیشـــانەکان خاوەن مێژوو و یادەوەرین، بۆیە ناکرێت ســـەرنج لە پەیوەندیی و گۆڕانکارییەکانی نەدەین،[١٦٠] بۆ نموونە وشــە و زاراوەی "شــۆڕش" لە پەنجاســاڵی ڕابردوو، هەفتا و هەشتاکانی سەدەی بیستی باشووری کوردستان پەیوەستبوو بە کۆمەڵێک پەیوەندیی و واتا و نیشـــانەوە کە ئێســـتا ئەو وشـــەیە پەیوەندییەکانی گۆڕاون و واتا و ئەرک و بەهاکانیشی گۆڕاو و جیاوازن. بەدیدی باختین، هەر چەشنە گۆڕانێکی کۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆژی، دەبێتە گۆڕانی نیشانەکان، واتاکان و شێوەکانی داهێنانی ئایدیۆلۆژیک لە یەک بێشکەدا نەشونما دەکەن و دووڕوی یەک دراون... لە ئاقاری وشـــەدایە کە دەکرێ ئەم ڕەوتەی یەکبوونی واقیع و ئایدیۆلۆژیا و، لەدایکبوونی واتا و شێوەکان بە باشترین شێوە ببینرێت، بۆیە پاراستنی بیرەوەری نیشانەکان سەرچاوەیەکی بە بڕشتی واتا و گوتارە.[١٦٤-١٦٧]

ئەم کشان و فراوانکردنەی باختین بۆ پەیوەندیی نیشانەکان و گرێدانی بە تایبەت بە ئایدیۆلۆژی و گۆڕانی کۆمەڵایەتییەوە، دەریدەخات کە پەیوەندیە نیشـــانەییەکانی ناو دەقە گێڕانەوەبەندەکانیش

خاوەن بونیاد و گرێچن و ئاســتی جیاوازن، کە بارت پێیوایە، مانا لە کۆتایی گێڕانەوەدا نیە، بەڵکو لەو کۆپەیوەندیی و لایەنە هونەرییەشــــدایە، کە دەق هەڵگرییەتی، وەک چۆن لەو بەرزو نزمیەی گێڕانەوەشــــدا دەردەکەوێت. مەبەســـتی بارت ئەوەیە بگاتە مۆدێل و ســـیســـتەمێک، کە هەموو ڕەگەزەکان بە یەکەوە واتای گشتی ئەو دەقە پێکدەهێنن. لەم گۆشـەنیگایەوە لە دەقی ئەدەبیدا هیچ چاوەڕواننەکراویی و ڕێکەوتێک نییە. "هونەر ...ســـیســـتمێکی ڕووت و کۆنکریتە، هیچ ڕەگەزێکی زیادەی نییە، ئەو تاڵە داوانەی ڕەگەزەکان بەیەک دەبەســـتنەوە نابێت هیچ زیادەیەکیان هەبێت." [vulovie، 2013 :٥٧] مەبەســـت ئەوەیە، کە دەق بە ســـیســـتم ڕێکخراوە و هەروەک پێشـــتریش ئاماژەمان بۆ بەرنامەی گێڕانەوە کرد، دەقە گێڕانەوەییەکان خاوەن پلۆتســـازییەکی توندتۆڵن. گریمـاس پێیوایە هەر دەقێکی گێڕانەوەبەنـد خـاوەن دەســـتوور و ڕێزمـانێکە، کە دەقەکەی پێ چنراوە(Plot Grammer)، لە شیکاریی ئەو دەقەدا دەستمان بە ڕێزمانی گێڕانەوەکەی دەگات، هاوکات لەناو ئەو ڕێزمانەشدا تۆڕێک پەیوەندیی نیشانەیی دێنەئاراوە، کە بە شێوەی زنجیرەیی و بژاردەیی لە ئاستی تەکنشینی و جێنشینیدا دوانەی واتایی پێکدەهێنن.[Greimas ، ١٩٨٢: ١٧٨]

لای بونیادگەرەکان واتای دەق گرنگ نییە، بەڵکو چۆنێتیی بەرهەمهێنان و شـــێوەگرتنی گرنگە، بە واتایەکی تر واقیع و ڕووداوەکان و شـــیکارکردنیان گرنگ نییە، بەڵکو ئەوەی پێویســـتە چۆنێتی هـاتنەئـارای واقیعە. گریمـاس پێیوایە هەر دەقێکی گێڕانەوەبەنـد دوو بونیـادی هەیە، قووڵ و ڕووکەش، ئەوەی قووڵە ســـنووردارە و ڕووکەشـــەکەش بێســـنوورە، گێڕانەوە جیاوازەکان کە دەیخوێنینەوە بێسنوورن، بەڵام بونیادی قووڵ دەستوور و شێوەگرتن و چنینی واتاکانە، بۆ نموونە لە جیاوازییەکاندا دوانەی دژ دەدۆزینەوە.[فخری، ١٣٨٨: ١١٣] لێرەشـــەوە جیهان و واقیع بەرامبەر ئێمە ئاوەڵا دەبێت و دەکرێتەوە، لەبەرئەوە جیاوازییەکان لە دوانەی دژو بەرامبەریدا شـــێوەدەگرن. دوانە بەرامبەری/ دژەکان ســـــەرچاوەی واتـا و گروتینی گێڕانەوەن. بە دیدی گریمـاس هەرچی ژمارەی پەیوەندیی دوانە بەرامبەرییەکان زیاتر بێت، ڕادەی ئاوێزانبوون و ڕاســـتی گێڕانەوەکان زیاتر دەبێت،[قەهرەمانی: ١٣٩٤: ٨٧] چونکە ئەو ڕووبەڕووبوونەوانە جۆرێکە لەلاســـاییکردنەوەی جیهانی واقیعی و دەرخستنی شێوە و ئەگەری جۆرە جیاوازەکانی ژیانی واقیع. لەمڕووەوە نیشـانە واتـاییەکـانی ئەم دوانـانە تۆڕێـک وێنە و پەیوەنـدی واتـایی جیـاواز لە ژیـانجیهـانی گێڕانەوەیی دادەمەزرێنن. لە خوارەوە لە ڕێگەی چوارگۆشــــەی واتـاییەوە ئـاوڕ لەم پەیوەنـدییە جیـاوازانە دەدەینەوە.

## چوارگۆشەی نیشانەیی/ واتایی Semiotic square

ڕەگەزە جیاوازەکانی دەق وەک گۆشت و ئێسقان پێکەوەبەستراون، جیاوازییەکانیش بەهای واتایی بە دەق دەبەخشن. گریماس وەک ئەدەبناسێکی بونیادگەر و نیشانەناس بایەخێکی گرنگ بە پەیوەندییە جیاوازەکانی ناو دەق دەدات، لەبەرئەوەی بەرهەمهێنەر و دەرخەری نیشـــانە و واتان. نیشانەناسی گریماس بونیادگەرییە، بونیادگەرییەکەشی نیشانەناسانەیە، لەبەرئەوەی لەنێو بونیادە هاوبەش و جیاوازییە بونیادگەرییەکانەوە بۆ نیشانە و واتا نیشانەییە گشتیی و تایبەتەکان دەچێت، لە وێنە گەورەکانەوە بۆ وێنۆچکە، لە بونیادی بنەڕەتییەوە بۆ گۆڕاوەکان، لە ناوەوەی دەق بۆ دەرەوە هەنگاو دەنێت. گریماس لە پەیوەندیی نێوان کردەنوێنەکان، تا چوارگۆشـــەی واتایی و پەیوەندییەکانی: دژ/بەرامبەری، ناکۆک/پێچەوانە و لەخۆگرتن/تێهەڵکێش، هەڵگرەوەی واتایە لە دەقدا، لەبەرئەوەی ئەم پەیوەندییانە سەرچاوە و کارگەی بەرهەمهێنانی واتا و گوتاری گێڕانەوەن. چوارگۆشەی واتایی مۆدێل و نموونەیەکی دامەزرێنراوە، کە دەق لە ڕەهەندە دەستنیشانکەرەکەیەوە بۆ ڕەهەندە نیشـــانەییەکەی دەبات.[بوعطیة، ٢٠١٣: ٥٨] لەبەرئەوە ئەم چوارگۆشـــەیە بونیادێکی بنەڕەتییە بۆ شـێوەگرتنی نیشـانە، گوتار و واتای دەق،[مەنتک، ٢٠١٨: ٢١١] کە دەکەوێتە ئاستی قووڵەوە و لە زنجیرەی وتراوەکان بۆ مێتاگوتن و گوتاری دەق تێدەپەڕێت و دەق دەبێتە گشـــتێکی نیشانەیی لە شێوەی کۆکردنەوەیەکی کامڵدا هەڵدەوەشێنرێتەوە بۆ دانە و بەشە پێکهێنەرەکانی، یاخود وێنەیەکی هەمەکییە دابەشـــی وێنە بچووکەکان دەکرێت. بێگومان بە لەبەرچاوگرتنی لەدایکبوونی یەکە نیشانەییەکان و پەیوەندییەکانی بەپێی بەستێنە(سیاق) جیاوازەکان.[غریماس، ٢٠١٨: ١٠٩]

بنەمای تیۆری نیشـانەناسـیی بونیادگەریی گریماس، پەیوەسـتە بە دۆزینەوە و دەرهێنانی واتا لە گێڕانەوەدا، گێڕانەوەش لەسـەر بنەمایەکی ڕێکخراو و لۆژیکی دامەزراوە. ئەم بنەمایە بوار بۆ گریماس خۆشـدەکات تا هەنگاو بەرەو نیشـانەناسـی واتایی بنێت و نموونەی چوارگۆشـەی نیشـانەیی/واتایی دابمەزرێنێت. لە فەرهەنگی نیشـانەناسـیدا چوارگۆشـەی نیشـانەیی بەمجۆرە باسکراوە: ١ــ واتای بونیادە سەرەتاییەکانی نیشانە[seme] دەگەیەنێت ٢. ڕەشنوسێکە کە ناکۆکی و دژیەکی پێکەوەدەبەستێت. ٣ــ نموونەی ناوەڕۆکی گێڕانەوە و پەیوەندییەکانە. ٤ــ بە وێناکردنی دیدەیی دەوترێت، کە بە شـــێوەی لۆژیکی لەناو وتەیەکی هێماییدا جێگەی گرتووە.[عەلوش، ١٩٨٥: ١٥٠] بۆیە چوارگۆشـــەی واتایی وێنابوونێکی دیدەیی یان بینینەکییە بۆ کۆمەڵێک پەیوەندی و گەمەی لۆژیکی لە یەکە نیشـــانەییەکانی هەر بونیادێکدا، کە گریماس بۆ پەیوەندییەکانی ناوی

سوودی له لۆژیکی ئەرستۆ وەرگرتووە.[مەنتک، ٢٠١٩: ٤٩] لەبەرئەوە سەرچاوەی چوارگۆشەی واتایی له لۆژیکی چوارچێوەی دژ/ بەرامبەری ئەرستۆوە وەرگیراوە، کە نیشانەناسە فەرەنسییەکان و بەتایبەت گریماس هەوڵیانداوە مۆدێلێک بۆ دوانە بەرامبەرییەکان نەخش بکەن، کە فراوانتر و هەمەلایەنتر له دوانەی (A / B) بێت.

لۆژیکی ئەرستۆ یارمەتی تێگەیشتنێکی باشترمان له گریماس بۆ دەڕەخسێنێت. له لۆژیکی ئەرستۆدا سەرچاوەی بەرامبەر/ دژ بریتییە له پەیوەندیی گوزارەیەکی هەمەکی ئەرێنی و گوزارەیەکی هەمەکی نەرێنی. بۆ نموونە:

A (هەموو مرۆڤێک سپیپێستە).

B (هیچ مرۆڤێک سپیپێشت نییە).

پەیوەندیی A و B دژە، ڕاستبوونی یەکێکیان لەسەر ڕەتکردنەوەی ئەویتریان وەستاوە، واتە دەشێ هەردووکیان هەڵەبن، بەڵام هەرگیز ناکرێت هەردووکیان ڕاست بن. پەیوەندیی ناکۆکیش، گوزارەیەکی هەمەکی ئەرێنی، بەرامبەر بە گوزارەیەکی هەندەکی نەرێنی دەوەستێت،

A (هەموو مرۆڤێک سپیپێستە).

D (هەندێک له مرۆڤەکان سپیپێست نین).

ڕاستبوونی A هەڵەبوونی Dیە و بەپێچەوانەشەوە. هەرچی پەیوەندیی لەخۆگرتنە، پەیوەندیی بەشە بە گشتەوە، سەرنج له گوزارەی A و C بدەین، باشتر مەبەستەکە ڕووندەبێتەوە، A (هەموو مرۆڤێک سپیپێستە)، C (هەندێک له مرۆڤەکان سپیپێستن)، A گشتە C بەشەکیەکەیە، یەکەم دەتوانێت ببێتە بەڵگە بۆ دووەم، بەڵام دووەم ناتوانێت پاڵپشتی یەکەم بکات، چونکە هەندێک هەموو نییە، بەڵام هەموو هەندێکیشی لەخۆدەگرێت. [کمالی، ١٣٩١: ٢٦].

پێکهاتەی هزر و تێگەیشتنی مرۆڤ لەسەر دوانەی بەرامبەر/ دژ وەستاوە، بە جۆرێک ئەدەبناسان پێیانوایە، دوانەی بەرامبەر یەکەمین کردەی زەینی مرۆڤە و له لۆژیکی کۆمەڵایەتیشدا بنەمای پەیوەندیی مرۆڤە بە دنیای دەرەوە، واتە ئەو وێنانەی مرۆڤ له خۆی و پەیوەندییەکانی بە جیهانی دەرەوە دروستیدەکات لەسەر بنەمای دوانەی دژ پێکیدەهێنێت.[Hawkes، ١٩٧٧: ٨٦] له دیدی گریماسدا هەر چەمک و نیشانەیەک دوو ڕووی هەیە: "دژ و ڕەتکردنەوە"، بۆ نموونە (چاک


دژەکەی خراپ) ە، (ڕەتکردنەوە و ئینکاری چاکەش ناچاکەیە). گریماس ئەم مۆدێلی چوارگۆشەیەی لە ئەدەب و هونەر و بەتـایبەت لە گێڕانەوەدا جێبەجێکرد،[جونقـانی، ١٣٩٥: ٢٢] چونکە ئەم دژ/ بەرامبەرانە لە زماندا واتا دەدەن و ئەزموونەکانمان دەردەخەن، گێڕانەوەش ئەزموونێکی مرۆییە.

واتا کە بۆ شـــتەکان دادەنرێت، یان لێی بەرهەمدەهێنرێت، لە پەیوەندییەکی دوولایەندایە لەنێوان وێنەی هۆشـــەکی/دەرهەســـت و وشـــەدا، لە زمانە جیاوازەکانیشـــدا لێکســـیمەکان و وێنە هۆشـەکییەکان وەک یەک نین، هەروەها دوانە بەرامبەرەکان بەها و پلەی واتایی جیاواز لە یەکدیان هەیە، ژیان ئەرێنی و مردن نەرێنییە، ڕەش بەرامبەر بە ســپی نزمترە، لەبەرئەوە بەپێی کەلتوور و دەروون، ئایدۆلۆژیا و بەستێنە جیاوازەکان، نیشانەکان واتاگەلی جیاوازییان هەیە. فەرزان سجودی دەنووسـێت: "دەرهێنانی واتا لەسـەر پەیوەندیی بەرامبەریی لەنێوان ئاسـتی "دەرهەسـت" و ئاسـتی "دەرکەوتن" وەســـتاوە، کە لەنێوان جۆرێک جێگرتنی تایبەتمەندییە ڕێتێچووەکانی جیهانە لە زەیندا، ســـەربەخۆ لە هەر زمانێکی دیاریکراو و لە پۆلێنکارییە بەرهەســـتەکانی ئەم تایبەتمەندییانە لە چوارچێوەی وشە و ڕستەی زمانێکی دیاریکراودا. ئاستی دەرهەست هەڵگری مۆرکگەلی بچوکترین یەکەی واتـاییە کە بەرهەمی بەرامبەری-دژن".[ســـجودی، ١٣٨٢: ٧٥] دوانەی بەرامبەری وێڕایە پەیوەندییەکانی، بەرهەمهێنەری جیهانبینی و تێگەیشـــتنی مرۆڤە بۆ جیهان. هەروەک ئاوەڵاکردنی هزری مرۆڤ لەبەردەم ئەگەر و نیشـــانەی واتایی جیاواز، کە لەو ڕەگەز و دەرکەوتانەوە گورزێک چەمک و نیشـــانە چالاک دەبن، کە وەک تۆڕێک دەتوانین واتایان پێ ڕاوبکەین، کە بەشـــێک لە بونیادگەرەکان وەک سازدەری "ژێرخانی کەلتوور یاخود شارستانیەت" ناوی دەبەن.[سجودی: ٧٦]

گریماس چوارلای چوار گۆشەکە لە دوو دانەی بەرامبەر/دژەوە دەهێنێتەگۆڕێ، وەک "ژیان و مردن"، لەم دوو زاراوە دژەوە دوانی دیکەی ڕەتکەرەوە لەدایکدەبن"نا-ژیـان و نـا-مردن". ئەم چوارە لەنێو ســـیســـتمی نیشـــانەییدا کارایە، کە دەکرێت وەک دوانەی بەرامبەر ناوی ببەین، پەیوەندییەکەیان لەســـەر بنەمای دژ و ڕەتکردنەوە وەســـتاوە، Aو B دژن، بەڵام نەرێی A دەکاتە _A، هەروەک نەرێی Bیش واتە_B، نیشـــانەی(_= نا، نەرێ)، ئەم 'نا' و 'نەرێ'یە، واتای نەبوون و هەڵوەشـاندنەوەی بوونی شـتەکە ناگەیەنێت، بەڵکو چالاککەری نیشـانەی واتایی جیاوازە. 'ناژیان و نامردن' دژی مردن و ژیـان نین، بەڵکو پەیوەندیی لەخۆگرتن و ناکۆکی دەگرنەوە، کە جۆرێک لە "مەمرە و بژی"یان هاوشێوەی دۆخی"کولە مەرگی"ە، یاخود کەسێک وا دەژی وەک ئەوەی نەمرێت، لەخۆدەگرێت، لەبەرئەوە بەپێی دەق و ئاســـتەکانی نیشـــانەی واتایی جیاواز لەم پەیوەندییانە

دەدۆزرێتەوە، چونکە هەموو ئەو پەیوەندییانە لەناو دەقدا واتا بەرهەم دەهێنن. گریماس پێیوابوو بونیادی پلۆتی چیرۆک لە دوانە بەرامبەرەکان پێکهاتووە. هەر گێڕانەوەیەکیش لەسەر دوو ئاست دەردەکەوێت، ئاستی بونیاد، ئاستی دەرکەوتوو، ئەم دوو ئاستەش وەک بونیادی قووڵ و ڕووکەش، هەردوو پۆلە چەمکی چوارگۆشەیی واتایی و مۆدێلی کردەنوێن لەخۆیانیدەگرن. چوارگۆشەی نیشانەناسی بە ئاستی قووڵی چیرۆک دادەنێت. لەم چوار گۆشەیەدا ناتەباکان بەرامبەر بە دژەکان دادەنێت و ئەم دوو یەکە واتادارە لە ڕێگای گۆشەکانی چوارگۆشەوە پێکەوە پەیوەستدەکاتەوە.[کاکەمحەمەد، ٢٠١٢: ٣٩]

لای گریماس پەیوەندییەکانی دوانەی بەرامبەری بۆ چوار و لەمەشەوە دەکرێت بۆ زیاتر تا ئاستی دوانزە پەیوەندیی واتایی درێژببێتەوە. واتە لە دوو چەمک و زاراوەوە بۆ چەند وەچە کە نیشانە و تایبەتمەندی واتایی لێکەوتەی پەیوەندیی ئەو دوانەیەن درێژ دەبنەوە. لە پەیوەندیی لەخۆگرتندا ناکۆکی/پێچەوانە دێنەئاراوە، "ژیان و نا-ژیان یان مردن و نا-مردن"، یاخود "مردن و نا-ژیان یان ژیان و نا-مردن". گریماس پەیوەندییەکان بەمجۆرە ڕووندەکاتەوە: "گەشەکردنێکی لۆژیکییانەی وتەیەکی پێکهێنەری دوو سەرەیە، لە جۆری ڕەش/سپی، ڕەگەزەکان لەنێوان خۆیاندا لە پەیوەندیی دژایەتیدان، هەریەکێکیان دەتوانێت خۆی بداتە پاڵ ڕەگەزێکی نوێ کە پێچەوانەیەتی. ڕەگەزە ناکۆک/پێچەوانەکانیش لای خۆیانەوە دەتوانن بچنە ناو پەیوەندییەکی پێویستبوونی ئاڵوگۆڕەوە، بەرامبەر ڕەگەزە پێچەوانەکەی بەرامبەرەوە".[غریماس، ٢٠١٨: ١١٢]




ئەگەر تێبینیی چوارگۆشەی نیشانەیی بکەین، چوار دانەی بەرامبەرن، کە بوونی هەر یەکێکیان ڕەتکەرەوە و تێهەڵکێشی ئەوانیترە و ئاماژەشی بۆ دەکات، بۆ نموونە زیندوێتی، مردوێتی ڕەتدەکاتەوە و ئاماژەشی بۆ دەکات، ئەم پەیوەندییە لە ئەدەبدا شێواز، ئاست و پلەی جیاواز وەردەگرێت، زیندووی مردوو، مردووی زیندوو، یاخود لە ڕەگەزی نێر و مێ، کوڕی کچانی و کچی کوڕانی، پەیوەندیی جیاواز چالاک دەکەن و لەسەر زاراوەی نێر و مێ دوو زاراوەی کچانی و کوڕانی چالاک دەکات. هەروەک بوشرا قادر لە ماستەرنامەکەی لەبارەی پلۆت لە چیرۆکی کوردی،

بەپێی چوارگۆشـــەیی واتایی گریماس نموونەی نێرینە و مێینە لە ئاســـتی زاراوەی فەرهەنگی و لۆژیکی بەرامبەر بە تێگەیشـــتن و دۆخ و کەلتووری کۆمەڵایەتی دەهێنێتەوە، دەنووســـێت: "دژ جەمســـەری نێرینە، مێینەیە. بەڵام دژە لۆجیکییەکەی نانێرینەیە، کە لەگەڵ مانای مێینە(کە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە بۆتە بابەتێکی ســـتاندارد) هەموو جۆرە ڕەگەزێک دەگرێتەوە کە لە چوارچێوەی باسی نێرینەدا(کە لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە ستاندارد بووە) جێی نابێتەوە. بە هەمان چەشن نامێینە دژی لۆجیکی مێینەیە بەڵام نامێینە لە جەمسەری دژی نامێینەدا جێی هەیە. دژایەتی بنەڕەتی نێرینە، لە بەرامبەر مێینەدا بەر لەوەی (مانع) بێت جامعە و بەر لەوەی تەنگە دید بێت، ئاوەڵا دیدە و لەم ئاستەدا بەرجەستەکەری تێگەشتنی پێشکەوتوو یان باڵاترە."[کاکەمحەمەد، ٢٠١٢: ٣٩]. پەیوەندیی نێرینە و مێینە، لە هەرسێ ئاستەکەدا دەردەکەوێت، ئاستی دژ و بەرامبەری(نێرینە و مێینە)، ئاستی ناکۆکی(نێرینە و نانێرینە/ مێینە و نامێینە)، ئاســـتی لەخۆگرتن و تێهەڵکێش(مێینە و نانێرینە/ نێرینە و نامێینە) لەلایەکی دیکەوە دژ/بەرامبەری جۆری زۆرە، [ناوخۆش و خۆشنا، ٢٠٠٩: ٢١٤] کە ئێمە لە ئاستی گشتی و چەمکیدا لێی دەکۆڵینەوە.

لای گریماس دوانەی بەرامبەری لە ســـێ شـــێوە چنینی گێڕانەوەییدا ئەگەری دەرکەوتنی هەیە: ١ـــ کێشمەکێش و چارەسەر، ٢ـــ خەبات و ئاشتی، ٣ـــ جیابوونەوە و پێکەوەیی. ئەم سیانە دەکرێت لە چنینی هەر دەقێکی گێڕانەوەییدا دەرکەوێت. هەر گێڕانەوەیەک پێویستە لە خاڵێکەوە بۆ خـاڵێکی تر بجوڵێت و هەنگـاوبنێـت(لە ئەلفەوە بۆ بـا)، ئەم جوڵەیە لە کردەی کردەنوێنەکـانەوە دەکەوێتەوە، بە دیدی گریماســـیش دژەکان بنەمای مۆدێلی کردەنوێنن، لەم ڕەهەندەوە دەکەوێتە ئاســـتی قووڵەوە، چونکە هەمیشـــە لە گێڕانەوەدا بکەرێک هەیە بە دوای بابەتێکدا دەچێت، ئەمەش هەمان بونیادی زمان/ ڕستەیە (بکەر-بەرکار-کردار). گریماس پێیوایە بەرهەمهێنانی واتا بنەماکەی بۆ شـــێوەی بەرجەســـتەکردنی ئەم دژانە لە گێڕانەوەدا دەگەڕێتەوە، بە جۆرێـک پەیوەنـدییە بەرامبەرییەکان واتا و بەها بە یەکدی دەبەخشن.[فخری، ١٣٨٨: ١١٤] هەوڵی گریماس بۆ ئەوە بوو، کە لەسـەر ئاسـتی پلۆت و ڕێکخسـتنیش واتا و گوتار بدۆزێتەوە، چونکە چوارگۆشـەکە بەپێی دەقە جیـاوازەکـان کەلتوور، ڕۆشـــنبیری و جیهـانبینی جیاواز دەردەخـات، کە دەکرێ بەریەککەوتن و نـاکۆکی لەنێوانیـانـدا بێتەئاراوە. لە خوارەوە باســـی ئەم ســـێ جۆر پەیوەندییە دەکەین کە لە چوارگۆشەکەدا بەرجەستە دەبێت:

## 1- دژ و بەرامبەری Contrary

بەرامبەر وەســــتانەوەی دوو زاراوەیە کە لە یەک پێکهـاتەدا پێکەوە کۆنـابنەوە و دەکرێت هەردووکیان ڕەتبکەینەوە، بۆ نموونە ڕەش و سـپی، ناکرێت دەرگایەک ڕەش و سـپیش بێت، بەڵام دەکرێت هیچیان نەبێت،[عەبدولڕەحمان، ٢٠١٣: ٤] لەگەڵ ئەوەشـــدا دژەکان هاوبەشـــی لەبوونیاندا هەیە؛ ڕەش و سپی لە ڕەنگدا هاوبەشن. دژ، بە هەبوویەک دەوترێ لە دەرەوە، کە لە هێزدا یەکسانە بە هەبوویەکی دیکەی بەرامبەری، ئەمە لە کاتێکدا دەوترێ کە تایبەت بێت بە هەبوویەکی هاوبەش لەگەڵ هەبوویەکی دیکەدا کە لەبابەتی دواتردا هاوبەشـــە، واتە ئەگەر یەکێکیان کارەکەی کرد ئەوا ئەویتر نایکات. بۆ نموونە حەســـەن تۆفان لە ڕۆمانی *غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ*، ســـەرەتا پێشـمەرگەیەکی پیاوکوژە، دواتر پەشـیمان دەبێتەوە و لەبری ڕزگارکردنی نیشـتمان، خۆی ڕزگار دەکات، تۆفان دژی بکوژێتیی خۆی شـــەڕدەکات، دواتریش لە ویســـتی تۆڵە ئەگەری کوشـــتن و نەکوشـتن لای چالاک دەبێت و ناتوانێت بچێتەوە ناو بەرگی بکوژێت، نەکوشـتنی ئەویتر، هەڵبژارنی پـاکێتی خۆیەتی، بە کردەی تۆڵەش لە پـاکێتی دەردەچوو، لەبەرئەوە لە پەیوەنـدیی بەرامبەریـدا هەڵبژاردنی لایەنێـک ڕەتکردنەوەی لایەنەکەی ترە، یـاخود گەنـدەڵبوون ڕەتکردنەوەی پـاکێتی و ڕەوشتمەندییە.

پەیوەندی دوانەی بەرامبەر لە دیدی بونیادگەرانەوە بزوێنەری واتایە و بۆ گریماســـیش بونیادی بنەڕەتیی نیشـــانەیە، کە لە چوارچێوەی هزری مرۆڤ بۆ جیهان کارادەبێت، کە تێگەیشـــتن لە دەقیش لەســـەر تێگەیشـــتن لە دوانەی بەرامبەر و دژ وەســـتاوە.[تایســـن، ١٣٨٧: ٣٦٤] ململانێ لە چیرۆک و ڕۆماندا بەرهەمی دژیەکییە، کە دەشـیێت لەنێوان پاڵەوانی ڕاسـتەقینە و سـاختە یان لەنێوان ئازادی و بەندی بێت. دژ لە چیرۆکدا بۆ براوە گرنگ نییە، بەڵام ئەو کێشـمەکێشـمە بوونگەراییە ڕووندەکاتەوە، کە ڕوودەدات. ئەو دوانەیە لەســـەر بابەتی بەها ململانێ دەکەن، کە هەریەکە دەیەوێت بیبات بۆ خۆی، بۆیە ئەمانە لە کێشمەکێشدان لەسەر بردنەوە، ئالێرەدا دەشێت هێزەکانی خراپە بەسەر هێزەکانی چاکە زاڵ بێت.[بوعطیة، ٢٠١٣: ٦١] کەواتە دژەکان بە بێ یەکتری واتایان نییە و بەهۆی دژێتییەوە ناکۆکی و واتا لەدایکدەبێت، هاوکات نیشانەکان لە پەیوەندییان لەگەڵ یەک خۆیان ئاشکرادەکەن.

لە دەقە گێڕانەوەبەندەکاندا بەردەوام لەگەڵ دوانەی دژ و بەرامبەری ڕووبەڕووین. ئەو دوانانە لە کەســـێتیی، یان کردە و ئەرک و گوتارەکاندا دەردەکەون، دەشـــکرێت لە ململانێی گێڕەرەوە و کەسـێتییەکاندا، بۆ نموونە لە ڕۆمانی *گوڵچیای ڕۆحەکان* گێڕەرەوە دژی خواسـتی کەسـێتییەکان


هەڵسوکەوت دەکات، هاوکات دەکرێت لە تەکنیک و هونەری گێڕانەوەی مۆدێرن و کلاسیکدا بەری بکەین، ئەو نموونەیەی هێنـامـانەوە ڕۆمـانێکی هـاوچەرخە، کە بەریەککەوتنی لەگەڵ هونەری گێڕانەوەی ڕۆمانەکانی هەشـــتاکاندا هەیە. هاوکات گریماس پێیوایە مرۆڤ بە شـــێوەبەخشـــین بە جیهان لە ڕێگەی دوانە دژەکانەوە چەمکســـازی دەکات.[لاجوردی و قویمی، ١٣٩٥: ١٢٦] لۆتمانیش وەک نیشانەناسێکی کەلتووری پێیوایە، پەروەرشی نیشانەکان لە بونیادی دژەوە سەرچاوەدەگرێت، کە ســـنوورســـازە لەنێوان جیهانی من و جیهانی ئەویتر.[لۆتمان، ١٣٩٣: ٧١] من و ئەویتر وەک دوانەی بەرامبەرین، کە دەکرێت لەنێو مندا ئەویتر و لەنێو ئەویتردا من هەبێت، بۆ نموونە جاش جۆرێکە لە ئەویتر لەناو مندا. نیشـــانەناســـێک پێیوایە دوژمنێک پێویســـتە بۆ خۆبەرەوپێشبردن، خۆناسین و گۆڕان، ئەگەر نەشبێت دەبێت دروستبکرێت. دوژمن مەرج نییە بوونێکی مرۆیی هەبێت، دەکرێت ئایدیۆلۆژی یان کۆمەڵایەتی و ســـروشـــتی بێت، بۆ نموونە ســـەرمایەداری، برســـێتی و هەژاری. بوونی دوژمن و وێنەکەی، ئەویترێکی دژ، بێگانە و جیاوازمان پێدەناسـێنێت، کە پێویسـتە بۆ شـوناسـسـازی خود. وێنەی ئەویتری دوژمن ناشـیرین و شـەیتانییە، نوقسـان و خراپە. بەدیدی ئیکۆ نیشانە واتاییەکانی دوژمن دەکرێت لە "جیاوازی" لەگەڵ مندا کورتبکرێنەوە، ئەوەشی وادەکات "جیاوازیی" مانای هەبێت ئایدۆلۆژییە، بۆیە ســـەرچاوەی جیاوازیی، دوژمن و ئەویترســـازی ئایدۆلۆژییە.[سلیمانی و ئەوانیتر، ١٣٩٩: ٤٥٢]

ئەم دوانە دژانە فرەڕەهەند و فراوانن، بە جۆرێک دەکرێت ململانێی دنیای نـاوەوە و دنیـای دەرەوە بگرێتەوە، یاخود عەقڵ و واقیع، ڕۆح و جەستە، یاخود لە پەیوەندییەکانی نێوان سـەردار و کۆیلە، دەســـەلات و خەڵک، ژن و پیاو، یاخود هێشـــووە دژ و بەرامبەرییەکانی نێوان دوو نەوەی جیاواز، دوو ژینگەی جیاوازی وەک شـار و گوند(شـاری و گوندی). دیارە بنەمای جیاوازییش، کە سۆسێر لە زماندا باسی دەکات لەسەر ئەم دوانە بەرامبەرییە وەستاوە. بە دیدی گریماس دوانەی بەرامبەری بنەمـای پەیوەنـدیگەلی نوێیە، کە دۆزینەوەی ئەگەرەکـانی نێوان ئەو دوانە دژەیە، بۆ نموونە دوانەی ژیان و مردن، بە "نا-مردن و نا-ژیان" پەیوەندیی ناکۆکی(تناقظ) دێتەئاراوە، واتە پەیوەندیی ژیان بە نا-ژیان، مردن بە نا-مردن ناکۆکی دروســتدەکات، کە لە خوارەوە زیاتر ئاماژە بەمجۆرە پەیوەندییە دەدەین.

## 2- ناکۆکی Contradiction

مەبەست لە کۆنەبوونەوەی دوو زاراوەی دژە بۆ شتێک، واتە ناکرێت شتێک هەبێت و نەشبێت، مردویەک زیندوو بێت، "واتە دوو ئاوەڵناوەمان بۆ یەک بابەت هەبێت کە نە کۆکردنەوەیان گونجاو بێت و نە وەلانان و ڕەتکردنەوەشیان"[عەبدولرحمان، ٢٠١٣: ٤]، یاخود بریتییە لە بوونی شتێک و نەبوونی لە یەککاتدا... یان جیاوازیی دوو ڕستەیە لە ئەرێنی و نەرێنیدا، کە جیاوازییەکە ئەوەی لێدەکەوێتەوە یەکیان ڕاست و ئەویتر درۆیە.[بوعطیة، ٢٠١٣: ٦١]، دیارە ئەم ناکۆکییە لە گێڕانەوەدا جیاوازە، هەروەک لە دنیای واقیعیشدا هەندێک دیاردە دەگۆڕێت، بۆ نموونە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا تۆ لێرەیت و لێرەش نیت، یاخود لێرە و لەوێشیت، یاخود لە ڕۆمانی *پیاوەکان بە خەونیش نەگەڕانەوە*، کەسێتی سەرەکی لە هەڵەبجە و لە تارانیشە، لە واقیعدا لە تارانە، بە ئەندێشە لە هەڵەبجەیە. گریماس لەبارەی ناکۆکییەوە دەنوسێت: "ناکۆکی بەوپێیەی پەیوەندییەکە لەسەر ئاستی پۆلێن کاردەکات بۆ دامەزراندنی هێڵە دوانییەکانە...[هەروەها] ناکۆکی لەسەر ئاستی لێکدان کار دەکات بۆ نەرێکردنی یەکێک لە ڕەگەزەکانی هێڵەکە و جەختکردن لەسەر ڕەگەزی دژ لەهەمانکاتدا".[غریماس، ٢٠١٨: ل ١١١]

لە گێڕانەوەدا کاتێک بوونی ململانێ توند دەبێت، دەگاتە قەیران، پێویستی بە شیکردنەوەی هێماکان دەبێت لەنێوان دوو ناکۆکدا، بۆیە شیکەرەوە پێویستی بە زانینی ڕۆڵی کەسایەتییەکان هەیە، ئەوانەی کە دیار نین[لە پشتەوەن] تا بە ڕوونی بیانبینێت و بیانخاتە ناو چوارگۆشەی نیشانەوە و چوارچێوەی ململانێکەش دیاریبکات، بۆ نموونە، ئەگەر ئازادی دژەکەی زیندان و بەندی بێت، ئەوا ناکۆکەکەی نا-بەندییە، بەمەش ململانێی ئازادی و بەندی دەگۆڕێ بۆ نا-بەندی، پێچەوانەکەشی بۆ بەندی ڕاستە، کە ئەمەش لە ڕۆمانی *بەندەر فەیلی* بۆ کەسێتی سەرەکی بەندەر دروستە. ئەرستۆ پێیوایە "گۆڕان بەسەر هەبوویەکدا دێت لایەنی پێچەوانە و ناکۆکی هەبێت".[کەمال،٢٠١٥: ٧٦] گۆڕانی دۆخی بەندەر لە نا-بەندی واتای ئازادی نییە، گۆڕانی نا-ئازادیش، مانای "بەندی" فەرهەنگی نییە، بەڵام "بەندی"یە لە ڕووی نیشانە واتاییەکانەوە.



## 3- لەخۆگرتن Implication

پەیوەندیی دوانەی دژ، دوانەیەکی نوێی لێدروستدەکرێت، کە بە "نا[1]"یەک لەبەردەم هەر زاراوەیەکدا، دژ و پەیوەندییەکی نوێ دێنێتەئاراوە، بۆ نموونە ژیان و مردن، پەیوەندییەکەیان بەمجۆرەیە "مردن و نا-ژیان" و "ژیان و نا-مردن"، کە لەخۆگرتن و تێهەڵکێشی پێدەگوترێت، دیارە گەشەی نێوان چەمک و زاراوە بەرامبەرییەکان لە شوێنێکدا تێهەڵکێش دروستدەکات، کە ئەمەش لە گێڕانەوەدا وەک ململانێی گەشە و بەرهەمهێن چاوی لێدەکرێت. ئەگەر لە دیالێکتیکی هیگڵیشەوە سەرنجی "تێهەڵکێش" بدەین، قۆناغێکی نوێیە، بەڵام قۆناغی نوێ مانای گۆڕانی بنەڕەتی نییە،[کەمال، ٢٠١٦: ١٠٠] لە ڕۆمانی بەندەر فەیلی‌دا عێراق ڕزگاردەکرێت و بەعسییەکان لە سێدارەدەدرێن، بەڵام بەندەر ئازاد نابێت.

ئاڵۆزی ڕووداوەکان لەناو چیرۆکدا و جیاوازی لەنێوانیاندا وادەکات، کە شێکەرەوە هەوڵبدات کۆیانبکاتەوە، تا هەموویان پێکەوە واتایەکی هاوبەش بە ئاراستەی لەخۆگرتن لەنێوانیاندا هەبێت.[بوعطية، ٢٠١٣: ٦١]، بەمجۆرە لەناو چوار گۆشەکەدا بێلایەنی لەنێوان بە گژیەکداچووەکان نییە، بەڵکو دیاریکردنی ئاڕاستە هەیە، چونکە ململانێ پێویستی بە لەگەڵبوون، یان دژبوون هەیە. هاوکات واتا لە گێڕانەوەدا شێواز و جۆری جیاواز لەخۆدەگرێت، کە ناکرێت لە سنوورێکدا گیربکرێت، بەڵکو جاری وا هەیە جوڵاو و بزێوە، بۆ نموونە ڕەوتی واتایی گێڕانەوە مەرج نییە لە شکستەوە بۆ سەرکەوتن، لە جیابوونەوە بۆ یەکگرتن، یان لە هەژارییەوە بۆ دەوڵەمەندی بڕوات، بەڵکو دەکرێت لەنێوان و متوربە بێت، هەروەک دەکرێت واتا و ئاڕاستەیەکی جیاواز لە چاوەڕوانی و خواستی دیاریکراو بێتەئاراوە. لەبەرئەوە یەکێک لەو ڕەخنانەی لە چوارگۆشەی واتایی گریماس گیراوە، فەرامۆشکردنی ئەم ڕەهەندە سرک و بزێوەی واتای دەقە، کە ڕەخنەگران بە تێپەڕین لە چوارگۆشەی واتایی بۆ پلیکانەی واتایی(semiotic ladder) ناوی دەبەن و پێیانوایە بەرهەمهێنانی واتا بونیادێکی جێگیر و سنوورداری نییە، لەبەرئەوە لە شێوەگرتنی شێوە جیاوازەکانی گوتاردا باشترە کراوە و خوێنەرسەنتەر بین.[ثواب و محمودی، ١٣٩٦: ٤١]

---

[1] ـ حەمە مەنتک لە کتێبی سیمۆلۆژیای گێڕانەوە، ('نیە'- مردن نیە)ی بەکارهێناوە، بەڵام بە وردبوونەوە و گەڕانمان لە سەرچاوەکاندا تێگەیشتین ('نا'- نا-مردن) دروستە، چونکە 'نییە' لەخۆگرتن هەڵناگرێت و واتای نەبوون و نەمانی پەیوەندییە، لەکاتێکدا گریماس مەبەستییەتی پەیوەندییەکی نوێ بەهۆی 'نا'وە بهێنێتەئاراوە، کە لەخۆگر و ڕەتکردنەوەش بگەیەنێت، لەکاتێکدا 'نیە' تەنیا ڕەتکردنەوە دەگەیەنێت.

لە ڕاســـتیدا ئەگەر بە دیدێکی کراوەوە لە ناکۆکی و لەخۆگرتن بڕوانین، ئەو ڕەهەندە کراوە و بزێوەی واتای گوتاری دەقی تیا جێدەبێتەوە، کە گریماس بە تایبەت لە کتێبی نوقســانی واتا ئاوڕی لێداوەتەوە.[گرمس، ١٣٨٩: ٣٢] لەم بەرهەمەدا ڕەگەزی هەستوسۆزی واتا لە گوتاردا پەیوەست بە دابڕان لە واقیع دەزانێت، ئەم درز و کەلێنەش کە دەکەوێتە نێوان دابڕان لە واقیع و گوتاری واتایی ســـۆز بەنزیکبوونەوە لە دیاردەناســـی پڕ دەکاتەوە. هەروەها گریماس پێیوایە بونیادی هەر گێڕانەوەیەک بە نوقســـان و کەمییەک دەســـتپێدەکات، لەبەرئەوە پڕی و کامڵێتیی ســـەرچاوەی گێڕانەوە نییە، بەڵکو گرژیی و خزین سەرچاوە.[شعیری، ١٣٩١: ٩١].

چوارگۆشەی واتایی پەیوەندی بە بونیادی قووڵی گوتارەوە هەیە. پرۆسەی بەرهەمهێنان، جوڵە و دۆزینەوەی واتا و چەمکەکان لە چوارگۆشـــەی واتایی گریماس پەیوەســـتە بە دوو زاراوەی بنەڕەتی "دژیەکی" و "هاوشێوەیی". بۆ گریماس چەمکی هاوشێوەیی (Isotopy) گرنگ و بنەڕەتییە، واتاکەشی بۆ نیشانەناسیی گێڕانەوە دەگوێزێتەوە. توێژەران جیاوازی لەنێوان هاوشێوەیی ڕێزمانی و واتایی دەکەن، بەڵام گریماس لە ڕێگەی ئیزۆتۆپی کردەنوێنەوە ئەم دوو لایەنە یەکدەخات و پێیوایە لە چوارگۆشـــەی واتاییدا کە گوتاری دەق خۆی تیا دەردەخات، دەردەکەوێت.[مکاریک، ١٣٩٠: ٤٨- ٢٨٩] گوتاری دەقیش، کە ســـەر بە بونیادی قووڵە، لەســـەر یەکە واتاییە پێکهێنەرەکان وەســتاوە، چونکە هاوشــێوەیی جۆرێکە لە یەکخســتنی پەیوەندیی ڕێزمانی و واتایی، کە لە ڕێگەی دووپاتبوونەوەی یەکە واتادارە زمانییەکانەوە(seme) بەرجەســـتەدەبێت.[مەنتک، ٢٠١٩: ٢٠٩] هاوکات گریماســـیش وەک پۆل ڕیکۆر گوتار و دەق لە یەکتر جیاناکاتەوە، پێیوایە زانایانی زمانەوانی بە جۆرێک زمانیان ســـنووردارکردووە، کە قەبارەی گوتاریان لەبیرکردووە، لەبەرئەوە پێویستە لە نیشانەناسیی ئەدەبەوە توێژینەوە لە گوتار بکرێت. بە جۆرێک، کە نابێت گوتاری زمانی و گوتاری ئەدەبی لە یەکترجیابکرێتەوە.[ئەســـوەد، ٢٠١٥: ٣٦٨] ئێمەش لەم بنەما و چەمکانەی گریمـاســـەوە ســـێ بەشـــی داهـاتووی تێزەکە لە ڕۆمـانە کوردییەکـانـدا بەپێی گونجـاوی بەرجەستەدەکەین.

# بەشی دووەم

## وێنەی کورد لە ڕۆمانەکانی قۆناغی یەکەم ١٩٦١-١٩٩١ دا

واقیع و ڕووداوە سیاسییەکان بە شێوەیەکی سەرەکی، شێوەپێدەری ژیانی تایبەتی و گشتیی کۆمەڵگەن. کورد وەک نەتەوەیەکی داگیرکراو بەشداری ڕووداوەکانی کردووە، جا بە کارتێکراویی یان کاردانەوە بووبێتن. لە عێراق پاش دامەزراندنی دەوڵەت، سیستمی پاشایەتی بووە شێوازی بەڕێوەبردن. مەلیک کە خۆی عێراقی نەبوو، بەپێی ویستی خۆی و ئینگلیزەکان کۆمەڵگەی بەڕێوەدەبرد، لەبەرئەوە خەڵک و حزبەکان دژی سیستمی پاشایەتی و مەلەکیەت بوون، ئەوەبوو لە ١٩٥٨ کودەتایەکی سەربازی دژی پاشایەتی بەرپاکرا و کۆماری جێگەی گرتەوە. ئەم گۆڕانە سەرەتا بۆ کورد و عێراقییەکان جێگەی خۆشحاڵی بوو، بەڵام پاش ماوەیەک دەوڵەت پشتی لە کورد کردوو، کوردیش لە ١٩٦١ شۆڕشی ئەیلولی بەرپاکرد، بەڵام دواتر بەهۆی ڕێککەوتننامەی جەزائیر ١٩٧٥، شۆڕش و دەستکەوتەکەی کە ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠بوو، کۆتایی دێت و ڕژێمی بەعسی لە بەعەرەبکردن، ڕاگواستن و کورد و کوردستانقڕی دەستکراوەکرد. دیارە شۆڕش و ڕێککەوتن، ڕێککەوتن و هەرەسی شۆڕشەکان، دوانەیی دیاری ئەم مێژووەن کە ڕۆماننووسان ڕەخنەگرانە ئاوڕیان لەو مێژووە داوەتەوە.

لەم ماوەیەدا بڵاوکردنەوەی ڕۆمانی کوردی زۆر چالاک نەبووە، بەڵام بڵاوکردنەوەی ڕۆمان لە شاخ دیاردەیەکی جیاوازە و ئێمەش بەسەرمان کردووەتەوە. لەم بەشەدا ١٧ ڕۆمانم[1] بەپێی دوانە کردەنوێنەکانی "نێرەر/ وەرگر، خود/بکەر و بابەت، ڕێگر/ یاریدەدەر" شیکارکردووە. لەم قۆناغەدا چەمکەکانی چوارگۆشەی واتایی، کە دوانەی دژ و بەرامبەری لەخۆدەگرێت، بە شێوەی ناونشین و تێهەڵکێش بە سێ کردەنوێنەکە خستوومەتەڕوو. جگەلەوە بۆ دوو بەشی داهاتوو سوودم لە چوارگۆشەی واتایی و دوانە بەرامبەرەکان وەرگرتووە.

---

[1] ـ عەبدوڵا ڕەحمان لە نامەی دکتۆراکەیدا، ڕیزبەندی ڕۆمانەکانی باشووری کوردستانی لە ١٩٦١-١٩٩١ کردووە، کە ٢٣ ڕۆمانە. [ڕەحمان، ٢٠٢٠: ١٤٨-٩] "نامەیەکی بە پەلە"ی بە ڕۆمان داناوە، کە ڕۆمان نییە، هەروەها هەرەس دوو بەرگە، بەڵام بە دوو ڕۆمانی داناوە، ئەمەش هەڵەیە، لەبەرئەوە ٢١ ڕۆمان دەمێنێتەوە، بەڵام دوای بەدواداچوون دەرکەوت زیاترە، ڕۆمانەکانی "غەوارە"، "گورگ و بزن"، "هیچ" و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش "هاوارەبەرە" لەم ماوەیەدا بڵاوکراوەتەوە، کەواتە کۆی گشتیی ٢٥ ڕۆمان دەکات، کە دەشکرێت زیاتر بێت.

## پاری یەکەم

### دوانە کردەنوێنەکان لە ڕۆمانی کوردی ١٩٦١- ١٩٩١ دا

دوانە کردەنوێنەکان دەرخەری هزر و ئایدۆلۆژیا و بیروباوەڕی جیاوازن، کە خواست، ویست، ململانێ و دژایەتی، هەماهەنگی و هاوکاری لەنێو کەسێتییەکاندا بەرجەستەدەکەن. جوڵەی هزری و بەها و ڕەفتاریان، سەرچاوەی ڕووداوەکانە، کە بەهای واتایی و گوتاریان هەیە. لەم ماوەیەی بۆ دوانە کردەنوێنەکانی ڕۆمانی کوردی دیاریمان کردووە، بڵاوکردنەوەی ڕۆمان چالاک نەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆمانەکان ئاڕاستە و ڕەهەندی جیاوازییان هەیە، بەڵام بوارەکەیان زیاتر خەباتی چینایەتی، شۆڕشگێڕیی و سیاسیی، پەروەردەیی، خۆشەویستی و ئازادی، ئازادی ژن بووە. هاوکات ڕۆمانەکانی ئەم قۆناغە سەرەتای ڕۆمانی کوردین، کە وێنەی کورد تێیاندا بەرجەستەکراوە.

### نێرەر و وەرگر

گریماس ئەم دوانەیەی بە بنچینەیی داناوە و پێیوایە لە هەموو ڕۆمانێکدا نێرەر و وەرگر هەن، کە بکەر و خود ئاڕاستە دەکەن، یاخود نێرەر تێمی ڕۆمانە و وەرگریش خوێنەرە، چونکە نێردراوەکە ئەگەر کردەیەک بێت لە ڕێگەی زمانەوە بۆ بکەرێکی زماندار دەنێرێت، خودی نێردراوەکەش پشت بە زمان بۆ ناردنی پەیام و گوتارەکەی دەبەستێت. کەواتە نێرەر دەکرێت بیروباوەڕ و هێز و ئایدۆلۆژیایەکی باڵادەست بێت، وەرگریش لایەنگر و خوازیاری ئەو بابەتەیە، کە نێردراوە. لەم پارەدا ڕۆمانە کوردییەکانی ١٩٦١-١٩٩١ لەسەر بنەمای کردەنوێنەکان، نێرەر و وەرگر کێن، پەیام و دید و ڕوانگەکان چین؟ وێنەی کورد لە چ دیدێکەوە کێشراوە و گیراوە؟ ئەو وێنەیەی نێرەر ئاڕاستەی دەکات، ئایا بکەر دەیخوازێت و وەری دەگرێت؟ لەم پارەدا بەشێوەی زنجیرەیی ڕۆمانەکان وەردەگرین و سەرەتاش ئاوڕ لە پێشمەرگە دەدەینەوە.

#### ١. پێشمەرگە و دەرکەوتنی کورد لە گێڕانەوەدا

ڕۆمانی پێشمەرگە [قازی، ٢٠٠٨] لای بەشێک لە توێژەرانی کورد یەکەم ڕۆمانی چاپکراوی کوردییە، کە بە زاری کرمانجیی ناوەڕاست نووسراوە، لە ١٩٥٩ لە ئەرمینیا و دواتر لە ١٩٦١ لە بەغدا چاپکراوەتەوە.[ئەحمەد، ٢٠٢٢: ١١٨] ڕۆمانەکە بە دوو ئاڕاستەی گێڕانەوەی یەکگرتوو دەڕوات، زوڵمی ئاغا کوردەکان بە یارمەتی دەسەڵات، لە گوندییەکان، هەروەها کۆبوونەوەی دەنگە ناڕازییەکانی کورد، بۆ دروستبوونی کۆمەڵە - حزبی دیموکرات- و پێکهێنانی هێزی پێشمەرگە و کۆماری کوردستان تا ڕووبەڕووی هەردوو دەسەڵاتی لەبووندا جیاوازیی، ئەویتری فارس و

ئاغاکوردەکان (یاخود ئەویترنوێن1)، ببێتەوە. ئەم دوو دەسەڵاتە جیاوازە یەکگرتوون، لەبەرامبەردا دەسەڵاتی کوردی چەوسێنراو و داگیرکراومان هەیە، کە لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا پەرتەوازە و لە ئاستی سیاسیدا خۆرێکخەر و شێوازێکی مۆدێرنی دەسەڵات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی نەیار پێشکەش دەکات.[جاف، ٢٠٠٤: ٧٨] دەسەڵاتی دەوڵەت سوود لە ئاغا کوردە داگیرکراوەکان دەبینێت، تا هاوبەشی لە چەوساندنەوەی جووتیارە کوردەکاندا بکەن، لەبەرئەوە ئەویتری ناکورد، هێزی منی کوردیشی لەگەڵدایە، منیش خزمەتی ئامانجی ئەوی فارس دەکات.

ڕۆمانەکە لە دە بەش پێکدێت و بە تەکنیکی بازنەیی نووسراوە. بەشی یەکەم لە ساڵی ١٩٤٥ەوە دەستپێدەکات و کۆتاییش دەگەڕێتەوە بۆ هەمان ڕووداو و کاتی سەرەتا بەشێوەی تەواوکاری. ڕۆمانەکە تێهەڵکێشێکی هونەرییە، کە خواستی خودی و نەتەوەیی پەیوەستکردووە، واتە مێژووی کۆمەڵایەتی و سیاسیی بە ئەوینەوە بەستووەتەوە. دیدگای گێڕانەوە لە گشتدا تاکئاڕاستە و کوردپەروەرانەیە، ئامادەیی ئەویتر بۆ مافدانە بە کردە و ڕوانینی من. پیرۆت وەک تاکێکی نەخوێنەواری خاوەن خەونی بچووک، تێکەڵی خەونی گەورەی کۆمەڵە دەبێت، کۆمەڵەش وەک جێبەجێکەری ئامانجی نەتەوەیەک نیشاندراوە.

پێشمەرگە وێنەیەکی گشتگیر و هەمەلایەنی شێوەی ژیانی گوند و گوندی و نەریتگەلی کوردەواری گرتووە، زۆربەی ڕووداوەکان لە گوند نەک شار ڕوودەدەن، لەبەرئەوە ئیبراهیم قادر دەنووسێت: "بە بابەت و کێشە و ڕووداو و جێگە، (ڕۆمانی لادێ)یە، باس لە کێشەی چینایەتیی نێوان دەربەگەکان و جووتیارەکانی کوردستانی ئێران دەکات".[محمد، ١٩٩٠: ٣٧] ڕەفتاری ئاغاکان لەگەڵ نۆکەر، ڕەعیەت و بەردەستەکان، جۆر و شێوازەکانی کاری ڕەعیەت بۆ ئاغاکانیان(نیوەکاری، دەودوو و سیکبەری)، فرەژنی، لێدان و سوکایەتیپێکردنی ژنان و بوونی دەلاڵی ژن(پورە فاتم) نیشاندراوە. جگەلەوە نەریتگەلی ژنبەژن و ڕەدوکەوتن، شایی، پرسەدانان، عەشق، ڕاوکردن و تاجی دزی...دیارخراوە. هاوکات هێشوویەک وێنەی خەباتی سیاسی و چەکداری کورد لە کۆماری کوردستان بەرجەستەکراوە و چەندین کەرەسە و بابەتی جیاواز و مۆدێرنی وەک: ڕادیۆ، سینەما، قاوەخانە، ئۆتۆمبیل و فڕۆکەڕەشە، تفەنگ، قومار، یان یاریی پۆکێر، دیمەنی دەستدرێژیی و خۆکوشتن... هاتووە.

ڕۆمانەکە خواستی نەتەوەی کورد بۆ سەربەخۆیی و ئازادی بەرجەستەدەکات، کورد وەک نەتەوەیەک دەبێتە نێرەری سەرەکیی ڕۆمانەکە. سنووری گێڕانەوە بۆ نیشاندانی سەرکەوتن و

---

[1] ـ لە زۆر شوێندا 'ئەویترنوێن'م لەبری جاش و خۆفرۆش بەکارهێناوە، کە ئەویتری ناکورد نییە، بەڵکو کوردێکە کە وەک ئەویتر خۆی دەنوێنێت.

بەدەستهێنانی ئەم خواستە نیشاندراوە، لەبەرئەوە باسی ڕووخانی کۆمار و لەسێدارەدانی سەرۆکەکەی نەکراوە1، ئەمەش دەرخەری خواستی بکەری کوردە نەک ئەویتر. هەروەها نێرەر یاخیبوونی نۆکەر و جووتیارانە بەرامبەر بە ئاغاکان، دەشکرێت بۆ خودی مامەند، کە باوکی پیرۆت پاڵەوانی ڕۆمانەکەیە، بچووکی بکەینەوە. پیرۆت و شێرکۆ پاش کوشتنی مینەئاغا دەچن بۆلای مامەند، مۆڵەتی هەڵهاتن و چوونە ناو خەباتی ڕزگاریخوازی وەردەگرن. هاوکات بێ ئامانجی ئەم ئەم دوو گەنجە، بە دۆزینەوەی میرزا قۆیتاس، کە دەیانکات بە ئەندامی کۆمەڵە، خواست و ئامانج دەدۆزنەوە، میرزاش نوێنەری نێرەر و خودی قازیش کە پەروەردەیان دەکات، نێرەری تایبەتیی و بەرجەستەکەری نێرەری گشتییە کە خواستی سەربەخۆیی کوردە. دەشکرێت ژانری ڕۆمانی مێژوویی وەک نێرەر دابنێین، چونکە گوتاری خوازراو بۆ نووسینەوەی ئەزموونی کۆماری کوردستان لە گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا بەرجەستەیە.

لەتەنیشت ئەم هێزە چالاککەرە تایبەت و گشتییانەدا، کە ئاڕاستەکەری خود و بابەتی ڕۆمانەکەن و چالاککەری گێڕانەوەن، دەکرێت ئاماژە بە نێرەرێکی لیریکی زاو بە خواستی نەتەوەیی بدەین. پیرۆت و مرۆت ئەویندار و دڵداری یەکدین، جوداکردنەوەی ئەم دوو دڵدارە دەبێتە نێرەر، کە بەهۆی سەرکەوتنی پیلانی مینەئاغا بۆ دەستدرێژی کردنە سەر مرۆت ڕوودەدات. پاڵنەری بەیەکنەگەیشتن یا شکستی دڵدارییەکە، بە بەیەکگەیشتن و ڕزگاریی کۆتاییدێت، واتە لە ئاستی ستوونیدا چەپاندن و سەرکوتی دڵداری، بە عەشقی خەباتی ئازادی کوردستان جێگەی پڕدەکرێتەوە، لەبەرئەوە گوتاری ئەویتر لەبەرامبەر گوتاری مندا دەشکێت و ڕق و جیابوونەوە بۆ بەیەکگەیشتن و گەڕانەوە بۆ باوەشی نیشتمان کۆتایی دێت. مەبەست لە جیابوونەوەی پیرۆت و شێرکۆیە لە گوندەکەیان، کە دواتر وەک پێشمەرگەی ڕزگارکەر دێنەوە باوەشی زێدیان، ئەمەش گەڕانەوەیە بۆ باوەشی یەکەم نیشتمانی خۆشەویستیی پیرۆت، لەبەرئەوە دڵداری مرۆت و پیرۆت وەک نێرەرێک دەبێتە بزوێنەری عەشقی ئازادیی کوردستان.

لە ڕۆمانەکەدا کار لەسەر ئەوە کراوە، کە کۆی کوردستان و نەتەوەی کورد ببێتە ناوەندی خواستی ئازادی و سەربەخۆیی، کۆماری کوردستان نەک مهاباد، بەشداریی کوردان نەک کوردی ڕۆژهەڵات لە کۆمارەکەدا ڕەچاوکراوە، لەبەرئەوە نێرەر بەهایەکی بەرزیی منی کوردە بۆ سەربەخۆیی و ڕزگاربوونی کوردستان لە دەست ئەویتری بێگانە. ئەم پەیامە نەتەوەییە وادەکات،

---

[1] ـ لەگەڵ ئەوەی ڕۆمانەکە پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان نووسراوە، بەڵام ماوەی گێڕانەوە و گوتاری ڕۆمانەکە ئەم کەوتنەی نەگێڕاوەتەوە و سەرکەوتنی کوردی بەسەر هێزی بەرامبەری نیشانداوە، هەرچی د. عیزەدین و حەسەن قزڵچیە لە پێشەکی ڕۆمانەکەدا ئاماژە بە تەواوکاری هاوخەباتی ڕۆمانەکە دەکەن، کەواتە ڕۆمانەکە نێرەرێکە کە گوتارەکەی خواستی سەربەخۆیی و سەرکەوتنە، نەک شکست، ئەمەش نیشانەی بەردەوامی ئومێدە.

وەرگرەکە کورد بێت، با گوێ بۆ قازی بگرین، کە دەڵێت:"ئەو نەخشەیەی کە دەیبینن بێرەدا هەڵاواسراوە نەخشەی کوردستانە. یانی نیشتمانی کوردە، کە ئێستا بە چوار لەت بەش کراوە و لەژێر حوکمی بێگانەدایە. چەرخی بیستەم کە چەرخی ڕزگاری و سەربەخۆیی وەدەستهێنانی گەلانی جیهانە ئەرکێکی زۆر گەورەی لەبەرامبەر نەسڵی ئەوڕۆکەی نەتەوەی کورددا داناوە...جا کۆمەڵەی ئێمە بۆیە سازبووە کە هەست و بیری ڕزگاریخوازی لەگەڵ خاسیەتەکانی تایبەتی کوردان کە باسم کردن، تێکەڵاو بکات وە بە تاقە ڕێگایەکدا بەرەوپێشی بەرێ بۆ ڕزگاری کورد و کوردستان لە چنگ داگیرکەران...شۆڕشگێڕ بەو کەسە دەڵێن کە تەواوی ژیانی خۆی خستبێتە پێناوی خزمەتکردن بە بەختەوەری و سەعادەتی گەلەکەی"،[قازی، ٢٠٠٨: ٩٣-٩٤]، ڕزگاری نەتەوە و خاکەکەی پاڵنەر و نێرەری سەرەکییە، وەرگرەکەش کوردانن، لەبەرئەوە کوردانی پارچەکانی تر دێن و بەشداریی ئەم خەبات و شۆڕشە دەکەن، "لە ئاخرو ئۆخری ساڵی ١٩٤٤دا ئیتر کۆمەڵەی ژ-ک باڵی بەسەر تەواوی کوردستاندا کێشابوو...ئەو پۆلەی کە پیرۆت سەرۆکایەتیی بەسەردا دەکرد لە خەڵکی مەڵبەندەکانی جیاواز جیاوازی کوردستان پێک هاتبوو".[١٠٥-١٠٦] کەواتە تەوەری پەیوەندی نێرەر و وەرگر لەلایەک سۆزداری، زانیاری و پەروەردەییە، لەلایەکی دیکەش پەیمانبەستن و شۆڕشگێڕبوون و خۆفیداکردنە بۆ کورد.

هاوکات بەهۆی پاراوی زمان، چنین، تەکنیکی گێڕانەوە و ناوەڕۆکی هونەریی سەرنج لەسەر چیرۆکی تاکەکان و بە تایبەت دڵداری پیرۆت و مرۆت دراوە، بەڵام چیرۆک و خواستی کەسێتییەکان تێهەڵکێشی خواستی نەتەوەیی کراوە. لەبەرئەوە تەکنیک و زمانی گێڕانەوەش بە هۆشیارییەکی هونەریی و عەشقی نەتەوەییەوە داڕێژراوە. کەواتە دەنگی کەسێتییە جیاوازەکان و گوتاریان لەگەڵ گوتاری ڕۆمانەکە هاوئاهەنگە، جیاوازیی و سەربەخۆییشیان پارێزراوە، بۆ نموونە خوێنەوارەکان بە زمانی تێکەڵ دەدوێن، "میرزا قۆیتاس کاتی قسەکردن بۆ ئەوەی خوێندەواربوونی خۆی بنوێنێت و بە گوێدێرەکانی حاڵی بکات کە پیاوی دیوانە، زۆر بەڕێوجێ و تێکەڵ و پێکەڵی بە وشەی فارسی و عەرەبی و کوردی دەدوا"،[٨٢] یاخود"کاک بینایی بە کوردییەکی پەتی و خاوێن دەدوا،[٩٦] هاوکات سوود لە شێوەزارە کوردییەکان و بەرهەمە فۆلکلۆرییە جیاوازەکان بینراوە. ئەم بەها هونەریی و مێژووییانە سەرچاوەی نێرەر و وەرگری تاک و گشتین، ناوەکی و دەرەکین، بە جۆرێک لەناو ڕۆمانەکە جووتیار و خەڵکی چەوساوە، لە دەرەوەش خوێنەر دەبێتە وەرگری گێڕانەوەیەکی هونەریی و مێژوویی.

هاوکات گێڕانەوە تەواوکاری گوتاری نێرەر و وەرگری ڕۆمانەکەیە، چونکە گێڕەرەوە من و ئەوی هەمووشتزانە، من وەک نوێنەری دەنگی کەسێتییەکان و هەمووشتزانیش وەک دەنگی کورد. ڕۆماننووس لە پەسنی کەسێتییەکاندا دەنگی خۆی سەرخستووە و دەنگی دژەکانیشی سنووردارکردووە، بەجۆرێک، کە لەگەڵ گوتاری ڕۆمانەکە سازگاربن. کاتێک کەسێتییەکمان پێدەناسێنێت، بەپێی

هەڵوێستی ئەو کەسێتییە بەرامبەر بە گوتار و ئامانجی نێرەر، کە خواستی کوردە، دەناسێنرێت، واتە کەسێتییە دژە کوردەکان ڕووخسار و دەروون و ڕەفتار ناشیرین دیارخراون، بەپێچەوانەشەوە کەسێتییە سازگارەکان لەگەڵ گوتاری کوردایەتی چاک و بەهەڵوێست نیشاندراون. لە پەسنی سەرگورد شمیران دەنووسێت: "پیاوێکی درێژەی، ڕەقەڵەی، ڕەشتاڵەی باریکە و هێندەی تریاک کێشاوە کە هەر دووک چاوی ڕۆچوون و قوقورۆچکەی لە دەرەوە دیارە و وەک دوندکوکی قەلەموونە وەبەرچاو دەکەوێت و هێندە لەڕە کە فووی لێ بکەی با دەیبا"،[٢٢] یاخود بەمجۆرە باسی دیوەخانی ئاغا دەکات، "بە فەرش و مافوورەی گەورە و جوان داخراوە...لەقوژبنێکی دیوەخانەکە ڕادیۆیەکی بەتری وەبەرچاو دەکەوێت".[٢٢] بەمجۆرە دەردەکەوێت گێڕەرەوە بەشێکە لە نێرەر و خزمەتی گوتاری سەرەکی دەکات. ئەویتر و ئەویترنوێنیش بەرامبەر منی کوردی پێشمەرگەیە، کە هەرچەند زاڵم و دەسەڵاتیان زۆرە، بەڵام خۆنەگر و لاوازن، چونکە دەسەڵاتی ئاغا هی خۆی نییە و لە ئەویترەوە پێیدراوە، لەکاتێکدا دەسەڵاتی من، هی خۆمە و ئەویتر پێینەداوم. کەواتە نێرەر و وەرگر لەم ڕۆمانەدا خواستی سەربەخۆییان هەیە، کە کوردە نەخوێندەوارە گوندییەکانیش خەباتی نەتەوەیی دەکەن، ئەمەش ناکۆکییەکی واتادارە، بەڵام داگیرکەری و چەوساندنەوەی ئەویتر سەرچاوەی هۆشیاریی منی کوردە، لەگەڵ ئەوەشدا کوردە گوندییەکان دەچنە ناو بزوتنەوەی سیاسیی شارەوە و دواتریش بەم هەستە نەتەوەییەوە بۆ گوند دەگەڕێنەوە، کەواتە هێزی بازووی گوندییەکان بە هۆشیاریی سیاسیی شار بەهێزدەکرێت، شارەکانیش بە بازووی بەهێزی گوندییەکان چالاک دەکرێن، واتە نێرەری گوند بۆ شار هێزی بازووە، نێرەریش شاریش بۆ گوند هۆشیاریی و خەباتی نەتەوەییە.

## ٢. ئاشتیی کوردستان و خەباتی چینایەتی

ئاشتیی کوردستان1 [سەعید، ١٩٧٠] لە هەژدە بەشی ژمارەیی پێکدێت. ڕووداوەکانی لە دێ ڕوودەدەن، کە لە قۆناغی بەرلە شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ تا ١١ی ئازاری ١٩٧٠ لەخۆدەگرێت. کردەنوێنە سەرەکییەکان کوێخا و خەڵکی دێن، بەڵام میری و دەسەڵات، ڕاگر و جوڵێنەر و یاریدەدەری سیستمی دەرەبەگ و کوێخایەتین. بابەتی سەرەکی ڕۆمانەکە ستەمی ڕژێمی دەرەبەگایەتی و ڕوخانی ڕژێمی پاشایەتی و شۆڕشە، کە پێکەوەیی دوانەی خێڵ، دەرەبەگ و

---

[1] ـ سەرەتا سوودم لە چاپی یەکەم بینی، بەڵام دواتر چاپە نوێکەی دەزگای ئاراسم دەستکەوت، پاش خوێندنەوەی زانیم، کە جیاوازیی-دەستکاریی زۆر لە چاپە نوێیەکەدا کراوە، کە پێموایە گۆڕینی دید و ڕوانگەی دروستکردووە، هەروەها دەستکاری لە گێڕانەوەی چیرۆکەکەشدا کراوە. بۆ نموونە لە دەستپێکدا لاپەڕەو نیوێکی بۆ زیادکراوە. [سەعید، ٢٠١١: ٩]

دەسەڵاتی فەرمی میریی ڕووبەڕووی ڕەخنە لەلایەن ئایدۆلۆژیای چەپ دەکرێنەوە. لە کۆتاییشدا بەهۆی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازار سەربەخۆیی و ئاشتیی کوردستان و نەمانی شەڕی براکوژی و خۆشی و شادی خەڵکی گوند دەبینین، کە نیشانەی تێپەڕکردنی ڕژێمە بۆرژواکانە. ڕۆمانەکە لە لەلایەنی هونەریی و تەکنیک، زمان و گێڕانەوە و چنینەوە لاوازە، شێوەی چیرۆکێکی درێژی هەیە.1

نێرەر لەم ڕۆمانەدا بریتییە لە ڕوخانی دەرەبەگێتی و ئاشتی و ئارامیی کوردستان، وەرگر مرۆڤی کورد و عێراقییە، بەدیاریکراویی هەژار و جووتیار و خەڵکی دێیە، کە لەپێناو زاڵبوون بەسەر ڕۆستەمە سووری کوێخا تێکۆشان و شۆڕشیش خۆشەویستانی لەیەکدی دابڕاند و ڕێککەوتنی یانزەی ئازار بەیەکی گەیاندنەوە. گوتاری ڕۆمانەکە ئاڕاستەی هۆشیاریی چینایەتی و سۆشیالیستییە، کە ڕۆڵی لە تێپەڕکردنی نەهامەتیدا هەیە، "گوایە سۆشیالیستەکان ئەم کارە بکەن...شەڕوشۆڕ و کوشتن و بڕینو ڕاوو ڕووت و چەرمەسەری بفەوتێ و نەمێنێ...، ئاشتی بەپاربێ و سەرفرازیی و ئاسوودەییو دادپەروەریی سەرانسەری وولات بگرێتە..!؟"[سەعید، ١٨٧]. لەبەرئەوە ململانێی چینایەتی بزوێنەرە، خواستی نێرەر بریتییە لە ئاشتی و بەیەکگەیشتنەوەی دابڕاوەکان و سەربەستی، کە خەڵکی دێ و بەتایبەت مەریوان و گوڵە، ناونانی کوڕەکەشیان بە (ئارام) و ئاهەنگی کۆتایی ڕۆمانەکەش لە دێ گوزارشت لە وەرگرتنی پەیامی نێرەرە لەلایەن وەرگر، کە وەرگر خەڵکی دێن و گەیشتوون بە ئازادی و مافی خۆیان. جێگەی باسە چیرۆکی ڕۆمانەکە لەڕوویەکەوە لێکچووی لەگەڵ پێشمەرگە هەیە، بەڵام کوێخای ئێرە چەند ستەمکارە، خەڵکەکە ڕووبەڕووی وەستاوەتەوە و گوێڕایەڵی نییە، بەڵکو سزاشی دەدەن و سوکایەتی پێدەکەن، ئاکامی ڕۆمانەکە لە هەردووکیاندا وێڕای قوربانی بەرزگاربوون و شادی کۆتاییدێت.

ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە تەرخانە بۆ نیشاندانی دوو بەرە لە دێدا، ڕۆستەمە سووری کوێخاو مینەی کوڕی، بەرامبەر بنەماڵەی (مەریوان و هێمن و خەسرەو). کوێخا و مینە، جگەلە داوێنپیسی و داگیرکاری، سوخۆری، مینە، شەفە شێت و گوڵی شوان بە خەنجەری مەریوان دەکوژێت و تاوانەکەی دەخاتە ئەستۆی مەریوان، چاویشی لەسەر گوڵەی خۆشەویستیەتی کە خوشکی خەسرەو و ئامۆزای مەریوانە بۆئەوەی لەو ڕێگەیەوە زەوییەکانی ئەوانیش داگیربکات و بە هاندانی میری جووتیاران

[1] - ئیبراهیم عەبدوڕەحمان پێیوایە بەشێک لە ڕۆمانە کوردییەکان چیرۆکی درێژکراوەن و تەکنیکی ڕۆمانیان نییە، بەڵکو بابەتی چیرۆکن و درێژکراونەتەوە، لەبەرئەوە بەشێک لە ڕۆمانەکان ڕۆمان نین.[جاف، ٢٠٠٤: ١٢٠] ئەم بۆچوونە تاڕادەیەک دروستە، چونکە ڕۆمان تازە بووە، ئێمەی کوردیش لەناو چیرۆکەوە هاتووینەتە ناوەوە، بەبێ ئەوەی ئەزموونە گەورەکانی ڕۆمانی جیهانی بخوێنینەوە.

دەستەمۆ بکات. لەبەرئەوە نێرەری کوێخا میری و ڕژێمی دەرەبەگایەتی و دەسەڵاتی پارە و سامانە"دەرەبەگ بڕبڕەی پشتی داگیرکەرە"[٤٤]، هاوکات ئەم دوانەیە هاوبەرژەوەندین و نێرەر و وەرگری یەکتر تەواو دەکەن، میری هێزی شارە لە دێ و دێش جێبەجێکەری دەسەڵاتی میرییە و خۆی تێدا دەبینێتەوە، بۆیە دەتوانێت لە شاریشدا دەسەڵاتی هەبێت و کوڕەکەی ڕزگاربکات "زلی و گەورەبوونی خۆیانیان لە گەورەیی جەنابی بەڕێوەبەر و بوونی قەوارەی ئەم ئوتومبیلەدا دەبینی"[٤٧]. نمایش و هێز و دەسەڵاتی دێ و شار بەرامبەر بێهێزی و نەبوونی خەڵکی دێ یەکدەگرن، ململانێی ئەم دوو بەرەیە ڕەوتی گێڕانەوەکەی واتادار و واقیعی کردووەتەوە و دەرفەتی بە دەرخستنی شێوازی ژیانی جیاوازی چینەکان بەخشیوە.[جباری، ١٣٩٥ ٤٦]

نێرەری بەرەی هەژار و جووتیاران نیشتمانپەروەری و هۆشیاریی، ناموسپارێزی، خۆسەلماندنە. ئەم بەرەیە وەک بەرەی گەل سەردەکەوێت، چونکە نێرەری هەژاران خۆسەلماندن و ڕووبەڕووبوونەوەیە، کاتێک شەفە گول ڕانەمەڕەکانی هاندەدا بچنە ناو ڕەزی کوێخاوە، دەڵێت:"منیش شتێکم هەر لە دەست دێتو منیش هەم".[سەعید، ١٩٧٠: ٥٥]، یاخیبوون و ڕووبەڕووبوونەوە هۆشیاریی و خۆسەلماندنە، کە سروشتێکی خۆرسک و کاردانەوەئامێزی هەیە، بەڵام لەگەڵ گوتاری ڕۆمانەکە ناونشین و متوربە کراوە، کە وەک بەشێک لە بیری سۆشیالیستی و هێزی پۆلاینی سیاسییە گیراوەکان و لە کۆتاییشدا کودەتاکەی لە ١٩٥٨ دەکرێت و ڕژێمی پاشایەتی کۆتایی پێدێنێت. ئەمانەش وەک گشتێک دەبنە کردەنوێنی نێرەر، وەرگریش، کە جووتیارە ئازاد دەبێت و یاسای سنوردارکردن و دەستگرتنی ڕژێمی دەرەبەگایەتی پاڵپشتییەتی.

نێرەر هێزی گەل و شۆڕشە بەسەر دەسەڵاتی میریدا، کە مەریوان لە زیندان ڕزگاری دەبێت و پێیوایە بەهۆی گیراوە سیاسییەکانەوە زیندان بووەتە قوتابخانە، هەروەها پاراستی شەرەف و شکۆی پیاوەتی و جووتیارێتی و گەڕانەوە بۆ زێد و بەیەکگەیشتنی گوڵە و مەریوان پەیامی نێرەرە بۆ وەرگرە، هاوکات سەرشۆڕی و شکستی ئەو ڕژێمە و مردنی کوێخا و کوڕەکەی دەستکەوت و بەدەستهاتووەکان. کەواتە نێرەری بەرەی هەژاران دوولایەنە، ڕەهەندێکی خۆماڵی و دێی هەیە، ڕەهەندێکیش شۆڕش و هێزی گەل و جیاوازیی چینایەتی و سۆشیالیستی. لە دوانەی شار و دێدا، دەسەڵاتی شار بە سەر دێدا لە چەندین ئاستدا دەردەکەوێت، هەرچەند ئەوانەی دێین لە مردنیشدا خواستی گەڕانەوەیان بۆ دێ (وەک زۆراب) هەیە، بەڵام گۆڕانکارییەکانی ناو دێ زۆرتر بە بڕیاری شارەوە پەیوەستن.

هاوکات وێنەی ئافرەت لەم ڕۆمانەدا و بەتایبەت لای دەسەڵات نیشاندراوە، کە وەک بەردەست و کەلوپەل سەیرکراون. پیاو لەسەریان بڕیار دەدات و دەڵاڵیان پێدەکات و خۆشیان

لێوەردەگرێت. دیارە بەرەی کوێخا زۆرتر چەوسێنەری ئافرەت و مامەڵە پێوەکەرە، بۆیە جگەلە داوێنپیسی، کچەکەی خۆی دەفرۆشێت، ژنی منداڵکار دەهێنێت، ژنەکەی دەچەوسێنێتەوە و مینەی کوڕیشی وا لێکردووە، کە دایکی لێبپاڕێتەوە و دەسەڵاتی لەو زۆرتربێت. کوڕو باوک دەستدرێژی دەکەنە سەر پیرۆز... بەڵام دید و ڕەفتاری بەرەی جووتیاران بەرامبەر ئافرەت دوولایەنە، ئافرەت سەربەخۆ و ئازاد نییە، دەڵاڵ و جوان و بە وەفایە، هەرچەند خاوەن هێزی ڕووبەڕووبوونەوەن، بۆ نموونە گوڵە ڕووبەڕووی مینە دەبێتەوە، بەڵام بڕوای بە ئافرەتکوژی بۆ پاککردنەوەی شەرەف هەیە، (کوشتنی پیرۆز بە دەستی براکەی)، کە ئەمە تەواوکاری گوتاری ڕۆمانەکەیە و، کە ڕوانگەیەکی دواکەوتووانەیە، چونکە ڕێگە بە کوشتنی پیرۆز-ئافرەت- دەدات.

### ٣ـ ژانی گەل، زیندان، خەباتی شار و شاخ

ژانی گەل1 (١٩٧٢) لە نۆزدە بەشی ژمارەیی پێکهاتووە و یەکەم ڕۆمانە لەڕووی ژمارەی وشەکانییەوە بە تەواوی سنووری چیرۆکی درێژ ببەزێنێت. زمانی گێڕانەوەی کوردییەکی شارییە، ناوی کەسێتییەکان کوردین و شێوازی گێڕانەوەش تاڕادەیەک داستانییە(ڕۆماننووسیش وەک داستان ناوی دەبات).[ئەحمەد،٢٠٠٨: ٢٠٩] دەنگی گێڕەرەوە هەمووشتزانە، دیدگاشی تاکلایەنە، کە ئەویتری دوژمن لە زمان و پەسنی منەوە دەردەکەوێت. منی گێڕەرەوە گوێڕایەڵی ڕۆماننووسە، هەر خۆیەتی، چۆنێتیی گواستنەوە و شێوازی پێشکەشکردنی کۆڕووداو و کەسێتییەکان ئاڕاستەدەکات، هەرچەند کەسێتییەکان ناڕاستەوخۆ ئازادن، بۆ نموونە لاوە تا کۆتایی، گرێی ژیانی کاڵێ و هیوامان بۆ ناکاتەوە، دەزانین درۆ لەگەڵ جوامێر دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا دەنگ و زمانی کەسێتییەکان لێکدەچن. ڕۆمانەکە بەهۆی نەبوونی ئازادیی ڕادەربڕینەوە بەشێوەی سانسۆرکراو نووسراوە، بۆیە شوێنکات، ناوی کەس، نەتەوە و وشەی پێشمەرگەش سنووردارکراوە.

ژیانی جوامێر وەک بکەر و پاڵەوان، ڕەوتی گێڕانەوەی کۆڕووداوی ڕۆمانەکە پێکدەهێنێت. جوامێر بەهۆی چوون بە دوای ژیانی تایبەتی و بێ خەباتییەوە دە ساڵ زیندانی دەکرێت و دەستپێکیش بە بەردان و هاتنەوەی بۆ باوەشی ژن و منداڵەکەی دەستپێدەکات، بەڵام ئەوان مردوون و ئەویش بڕیاردەدات بچێتە شاخ و خەبات دژی دوژمن بکات، لەبەرئەوە دوانەکانی شۆڕش و خەباتی کوردایەتی بەرامبەر ئەویتری دوژمن، کە ئیمپریالیزم و نۆکەرانی دەگرێتەوە، لەگەڵ دوانەی

---

[1] ـ سوودم لە چاپی یەکەم و چوارەم وەرگرتووە، چوارەمم بە سەرەکی وەرگرتووە، وەک بەراوردیش دەستکاری ڕێنووس کراوە.

زیندان و ئازادی، 'بۆ-خۆ-ژیان' و 'بۆ-گەل-ژیان' دەبنە ئاراستەی گوتاری ڕۆمانەکە، کە بەرجەستەی چەمکی تێهەڵکێشی ژیانی تاک بە خەباتی گەلە؛ تاک ناتوانێت لە دەرەوەی واقیعەکەی بژی و بڕیاربدات. لە دیدی گریماس‌دا دوانەکان فرەڕەهەندن و سەرچاوەی ململانێ و دامەزراندنی پەیوەندیی نوێن.[Greimas ، ١٩٨٣: ٢٢] لەم ڕۆمانەشدا دوانە سەرەکییەکان سەرچاوەی چەند دوانەی تر و ململانێ و واتاگێڕی1 و پەیوەندین. هاوکات گوتارێکی تری ڕۆمانەکە ئازادیی ژن و ڕووبەڕووبوونەوەی نەریتگەلی باو و پیاوسالارانەیە2، ئەم دوو گوتارەش دوانەی ژانی ژن و ژانی گەل پێکدەهێنن.

نێرەر لە ژانی گەلدا هیوا و ئومێدی مرۆڤی کوردە بە سەربەخۆیی و گۆڕانکاریی، بە هاندانی خەبات و بزوتنەوەی شۆڕشگێڕیی. بزوتنی جوڵەی ناونشینی ڕۆمانەکەش لەدایکبوونی"هیوا"یە، لەبەرئەوە ناوی ڕۆمانەکەش بە وتەی ڕۆماننووس هیوا یان ژانی گەلە.[ئەحمەد، ٢٠٠٨: ٢١٠] هیوای ناو سکی کاڵێ-دایک- بیرخەرەوەی هیوا و خواستی نەتەوەییە کە ئومێدی خەباتی تاکەکانی کورد بۆ سەربەستی و ڕزگاریی دەردەخات. نێرەر، کە هیوایە و چالاککەری چیرۆکەکەیە دیارنییە و بەرلەوەی بێتە دنیاوە دەمرێت، بەڵام بکەر و پاڵەوانی چیرۆکەکە، کە جوامێرە، لەلایەن لاوەی ئامۆزایەوە بۆ ئومێددان بە جوامێر وێنەیەکی کوڕەکەی وەک هیوای کوڕی بۆ زیندان بۆ دەنێرێت. ئەوەی بکەر دەهێڵێتەوە ئەم هیوایەیە، کاتێکیش دڵنیادەبێت هیوای کوڕی مردووە، بە دوای هیواکەی تردا دەچێت و خۆی دەبێت بەو مامان و شۆڕشگێڕەی، کە خواستی کۆمەڵی کوردەواری بەدیبهێنێت.

ڕووداوی سەرەکی ڕۆمانەکە لە دەوری جوامێر دەسوڕێتەوە، جوامێر بە ڕێککەوتێکی هەلومەرج سەپێنراو، دەبێت بە پاڵەوانی خۆپیشاندانێک دژی داگیرکەر. ئەم ڕێککەوتە پاساوێکی هونەریی و بەرنامەی گێڕانەوە و گرێچنە و ڕەهەندی واتاییشی هەیە، کە واقیع و شوێنکاتی دەرەکی ڕێکەوتی هێنانەناوەوەی ژیانی تایبەتی بۆ ژیانی گشتیی دەرخسێنێت، کە لەگەڵ دیدی گریماس بۆ دامەزراندنی ڕەوتی نوێی گێڕانەوە سازگارە، چونکە جوامێر نێرەری ژیانی تایبەتیی پێویستی بە مامانە بۆ هێنانەدنیای مناڵەکەی، بەڵام ڕەوتی نوێی گێڕانەوە دەیبات بەرەو ژیان و خەباتی گشتیی و دەکرێت بەپاڵەوانی خۆپیشاندان، لەبەرئەوە ڕێککەوتی هەلومەرجێکی نەخوازراو دەکات، بەڵام دواتر خۆی بڕیار لەسەر درێژەدان بە پاڵەوانێتیەکەی دەدات. نێرەری ئەم خۆیەش هەستکردن بە بەرپرسیارێتی ئازادیی گەل و کۆمەڵە، بۆیە لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا جوامێر نامە بۆ لاوەی ئامۆزای

---

[1] ـ ئەم زاراوەیەم بەتێهەڵکێشی دەرکەوتنی واتا لە گێڕانەوەدا بەکارهێناوە، واتا+گێڕانەوە.

[2] ـ بە دیدی ئێمە یەکەم ڕۆمانی کوردی-کرمانجیی ناوەڕاست-ە، کە بە تێگەیشتنێکی هاوچەرخەوە لە ئازادی ژن دەڕوانێت، ئەم دیدەش لەناو گفتوگۆ نەک ڕەوتی ڕووداوەکاندا نیشاندراوە.

دەنێرێت: "کاکە! لێت ناشارمەوە کەوا بە درێژاییی سێ چوار مانگی دوایی بەندینخانە، مێشکم مەیدانی خەباتێکی بێ وچان بوو لەمیانی دەسکەوت و خۆشی خۆم و خۆشیی کۆمەڵدا..."کە ڕزگارم بوو چی بکەم! خەریکی پێگەیاندنی هیوا و کاڵێی خۆم بم، یا ژیانم بۆ هێنانەدی و پێگەیاندنی هیوا و خۆشیی گەل تەرخان بکەم؟ بۆ خۆم بژیم یا بۆ خەڵک؟" لە پاش ئەم خەباتە تاڵە (خۆم) سەرکەوت بەسەر خەڵکا، بەو بەهانەیەی دە ساڵ لە پێناوی خەڵکا گیراوم...بەڵێ بەسەر زاری ئەنجامی زۆرانەکەی مێشکم وابوو، بەڵام ڕاستییەکەی ئەمە سەرکەوتنێکی فشەڵ و بێ بناغەبوو، چونکە زۆرجار ئەهات بە بیرما ئاخۆ بەختیاری و خۆشی هیوا و کاڵێی من ئەتوانرێت لە بەختیاری و خۆشیی خەڵک جیابکرێتەوە؟! ئایا ئەتوانم گوڵی هیوای خۆم پێ گەیەنم لە کاتێکدا کە باخی هیوای گەل وشکی کات و خەڵک بەئاواتی خۆی نەگات؟ ئایا دوژمن ڕێی ئەمە ئەدا و باوەڕ بەم خۆ لە گەل دابڕێنە ئەکات؟!".[٢٠١]

لە ڕۆمانەکەدا ئەویتری ستەمکار، دوژمن و نۆکەری ئیمپریالیزمە، منیش قوربانی و ستەملێکراوم، منی قوربانی سەرکز دەکات و ژیانی خۆی دەژی، یاخود دەبێتە ناسیۆنالیست، شۆڕشگێڕ و یاخی دەبێت.[احمدزادە، ١٣٨٦: ٣٥٤]، منی شۆڕشگێڕیش لە شوێنکاتێکی ڕۆمانەکەدا وەک ئەویتری ستەمکار و دوژمن لەگەڵ مندا دەجوڵێتەوە، کە بە دیدی کامۆ هەڵبژاردن لەنێوان دوانەی ستەمکار و ستەملێکراو ئاکامەکەی خزمەتکردنە بە دەسەڵاتی تاکڕەوی و تیرۆر،[کامۆ، ٢٠١٢: ٣٦٤] کە ئەم تیرۆرە لە ڕۆمانەکانی سەگوەڕ و کۆچی سووردا وردتر نیشاندراوە و دواتر ئاماژەیان پێدەکەین.

ڕۆماننووس ناو، شوێنکات و بزوتنەوەکەی بە هێما داناوە، کە دەکرێت لەشکری ئازادیی نیشتمان (ل.ا.ن) بێت، کە لە شاخن و چالاکی شۆڕشگێڕانە لە شاریش ئەنجامدەدەن و جوامێر خۆی بە بەدبەخت دەزانێت، کە دەبوو بچوایەتە ناو ئەم هێزەوە، چونکە نەیتوانیوە سەربەست بژی، بەڵام دەکرێت سەربەستی مردنی هەبێت، "جێی هەقی من ئەو کەژ و کێوانەبوو. ناو(ل.ا.ن)، فرمانی من ئەوەبوو کە لە ڕیزی یەکەمی جەنگاوەرانی ڕێی ئازادیدا دژی ئەم ڕژێمە بۆگەنە بجەنگم و خەبات بکەم هەتا مردن یان سەرکەوتن...من چەند بەدبەختم؟ سەربەستی مردنیشم نییە".[ئەحمەد، ٢٠٠٨: ٧٩] نێرەر ویستی ئازادیی هەڵبژاردنی چۆنێتیی ژیان و مردنی هەیە، ئەمەش لە بوون بە شۆڕشگێڕ بۆ سەربەستی کۆمەڵدا دەیبینێتەوە، واتە ویستی خودیی و کۆمەڵی گرێداوە. ئەم هەستکردن بە بەرپرسیارێتییە بەرامبەر بە کۆمەڵ و خەباتی نەتەوەیی، گوتاری ڕۆماننووس بەرجەستە دەکات. هاوکات ڕوانینی کەسێتیی سەرەکیی ڕۆمانی سەگوەڕیش، بەرپرسیارێتی و ئازار و خەبات فێری هەڵبژاردنی جۆری مردنی دەکات، "جۆری ژیان و هەوڵدان بۆ چاکتر، تەنیا مەبەست لە هەڵبژاردنی جۆری

مردنه...واتە ژیان مەشقە بۆ فێربوون و ڕێز لە مەرگ گرتن".[موکری، ٢٠٠٨: ٦٩] ئەم ڕوانینەی سەگوەڕ ئەفلاتونییە[ئەفلاتون، ٢٠١١: ٥٤٧]، بەڵام لە گوتاردا خۆی لەگەڵ فەلسەفەی بوونگەراییدا گونجاندووە.1

هاوکات گوتارێکی نێردراو کە ناونشین و کارلەسەرکراوی ناو ڕۆمانەکەیە (ئازادی ژنە)، جوامێر لە هەمان نامەدا دەنووسێت، ئەگەر کاڵێی هاوژینم زیندووبایە، بڕیاری بۆگەلژیان یان بۆخۆژیانم دەدایە دەست ئەو بڕیارم بۆ بدات،"بەسەر وڵاتی کاول و ماڵی وێران و دۆستی گیراو و کوژراو و خزمی ماڵ تاڵانکراو و خەڵکی بێ تاوانی لەژێر دارا ڕزێنراوا هاتمەوە، زیاتر لە جاران ئەو نزمی و ناپیاوییەم بۆ دەرکەوت کە لە ڕێگەی دەست بە کڵاوی خۆگرتن و خەتەسووریێ لە خۆم بە دووریدا بەسەرم دێت. ڕەنگە پیاو لە کاتێکی ناپیاوی و ترسنۆکی و بێ ورەیی و زارەترەکیدا بڵێ(حیز و سەلامەت)، ئەی ئەگەر... حیزیش سەلامەتیت دەست نەخات چی ئەکەی؟ لە ئەنجاما دامنا هەموو ئەم ڕاستییانە بخەمە پێش چاوی کاڵێ و لێی بگەڕێم ئەو دڵی خۆی بکات بەسەر پشک، کام ڕێی بۆ هەڵبژاردم ئەو بگرم".[ئەحمەد، ٢٠٠٨: ٢٠١]. ڕۆمانەکە جگەلە سوودوەرگرتن لە کەرەسەی فۆلکلۆر، ڕەخنەشی تێدایە، کە خواستی پاڵەوان لەم هەلومەرجەدا ئامۆژگارییەکانی ئەزموونی نێرەری کورد تێر ناکات و دەبێت ڕەخنە بکرێت، چونکە ژیانی سەلامەت نەماوە و دەستی کڵاوگرتنیش دەبڕدرێت، هاوکات ئازادیی و ڕێزگرتن لە ژن تەواوکاری وەرگر و گوتاری ڕۆمانەکەیە، کە پێشکەوتووە.

سەبارەت بە وەرگر جگە لەوەی ئازادی گەل و کۆمەڵی کوردە، جوامێر خۆشی وەرگرە، کە سەرکەوتنی خەبات یان هەڵبژاردنی چۆنێتیی مردنە. جوامێر لەژیانی تایبەتیشدا دەبێتەوە بە وەرگر، چونکە کاڵێ (نێرەر) پێویستی بە مامانێکە بۆ هێنانەدنیای مناڵەکەی، کە وەرگرەکەی جوامێرە بەسزای دە ساڵ زیندانیی و پەروەردەبوونی گیانی شۆڕشگێڕیی. جوامێر لە هەمان نامەدا سەبارەت بە وەرگر، کە هیوای گەلە، دەنووسێت: "هیوای من هەر هیوای من بوو، بەڵام شۆڕش هیوای هەموو گەلە. هیوای بێ هیوایان و هیوادارنە".[٢٠٢]

### ٤ـ نازە، ئازادیی گێڕانەوە و ئیرۆتیک

ڕۆمانی نازە [ڕۆژبەیانی، ١٩٨١] بەرهەمێکی ڕەخنەگرانەی فرەلایەن و تەکنیک و هونەر نوێیە، لەڕووی ناوەڕۆکیشەوە لە ڕۆمانەکانی بەرلە خۆی جیاواز و نوێخوازترە، کە لە ساڵی ١٩٨١

---

1 ـ هایدیگەر فەیلەسوفی بوونگەرا، لە شێوەی ژیان و هەڵوێست مرۆڤدا، ئاماژە بە بوونی ڕەسەن و ناڕەسەن دەکات، کە بوونی ڕەسەن بە نیگەرانیی نەک ترس لە مردن دەڕوانێت. مردن پرۆژەیە و لە بوونی مرۆڤ جیانابێتەوە، لەبەرئەوە ڕوانینی مرۆڤ بۆ مردن چۆنێتیی ژیانێکی ڕەسەنانە یان ناڕەسەنانە دەستنیشاندەکات. بڕوانە، [هایدیگەر، ٢٠١٣: ٣٤٠-٣٤٥]، یاخود [کەمال، ٢٠٠٩: بوون و داهێنان].

چاپکراوە. گێڕەرەوە زیاتر منی هەمووشتزانە، نەک ئەو، لەبەرئەوە لە خوێنەر نزیکە و قسەی لەگەڵ دەکات و لە ٪٧٥ی ڕۆمانەکە گفتوگۆیە. کەسێتییەکان دابەشی ناوەوە و دەرەوە دەکات و جارجار کەسی دووەمی هەمان کەس قسە دەکات، ئەمەش جوانییەکی هونەریی و مۆدێرنی بە ڕۆمانەکە داوە و دەکرێت وەک یەکەم ڕۆمانی کوردی دابنرێت، کە چەند هونەرێکی میتاڕۆمانی بەکارهێناوە. هەروەها شێواز و تەکنیکی خێراگێڕانەوە و خۆسانسۆرکردن، گەڕانەوە بۆ ڕابردوو لە ڕێگەی خەیاڵ بەکارهێناوە، کە سەرنجی خوێنەر بەو دەستوبرد و گەرمی گێڕانەوەیە ڕادەکێشرێت، ئەمەش وایکردووە پشت بە تەکنیکی بازنەیی و تێهەڵکێش ببەستێت.

بۆ یەکەمجار لە ڕۆمانی کوردیدا کەسێتی عەرەب بەشێوەی نەرم و یاریدەدەر و بەغداش وەک شارێکی کراوە نیشان دراوە. مامۆستایەکی کورد پاڵەوان و کەسێتیی سەرەکی و گێڕەرەوەیە. هاوکات یەکەم ڕۆمانی کوردییە بەشێوەیەکی بەربڵاو دیمەن و وێنەی سێکسی ئیرۆتیک لە دێ و شار نیشانبدات و ڕەخنەی پەروەردەیی و ئایینی بگرێت. وێڕای ئەمانە ڕەخنەی فێمینیستی، کەلتووری و سیاسیی و دەسەڵاتی ئاغاواتیش بەشێکی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە پێکدەهێنن. لەگەڵ نوێخوازییەکەشدا سوود لە ئەدەبیاتی زارەکی و نیشاندانی کەلتوور و شێوە ژیانی دێ بینراوە.

نێرەر و وەرگر لەم ڕۆمانە لەگەڵ بکەر و بابەتەکەی یەکدەگرن و گوتاری ئازادیی ڕەخنە و هۆشیارکردنەوە بنەمایە، لەبەرئەوە بکەری سەرەکیش ناوی (ئازاد)ە، کە مامۆستایە و نموونەی مرۆڤێکی خوێندەوارە، ئەمەش بەپێچەوانەی ئێستا کە وێنەی مامۆستا هاوتای خوێندەواری نایەت، چونکە خوێندەواری توانای خوێندنەوە ناگەیەنێت، بەڵکو هاوتای ڕۆشنبیرییە، کە ئازاد وەک مامۆستایەکی کراوە و بیرتیژ ڕۆڵی لە گۆڕانکاری چواردەورەکەی و بەتایبەت هاوسەرەکەی هەیە. گێڕەرەوە ئازادی گێڕانەوە لە ژیانی تایبەتی و گشتیی بکەردا بەرجەستەدەکات، ئازاد وەک بکەری سەرەکی گوتاری ئازادی و ئازادبوون وازی دەکات، سڵ لە باسکردنی پەیوەندییە سێکسییەکانی ناکاتەوە، چەتوون و مەیخۆرە، تەنورە بۆ ژنە دێهاتیەکەی دەکڕێت؛ نازەی هاوسەری فێری خوێندەواری دەکات و لە نەخوێندەواری ڕزگاری دەکات.

دەستپێکی ڕۆمانەکە باسی پەیوەندی ئازاد بە هاشم دەکات، کە مامۆستایە و خەڵکی بەغدادە. هاشم ئەو پەیوەندییە سێکسییانەی بۆ دەگێڕێتەوە لە بەغدا ئەنجامیداوە، چونکە باوکی دوکانی جلو پێداویستی ئافرەتانی هەیە. ئازاد دەچێت بۆ بەغدا و لەوێ سێکس دەکات، ئەمە جگەلەو هەموو پەیوەندییە سێکسیەی لە دێ و شاردا بە کردن، یان گێڕانەوە لە دەمی کەسێتییە جیاوازەکان باسکراوە، بوارێکی بۆ ئازادیی دەربڕین لە بابەتی بڤە داوە. ئازاد لە خۆدەربڕین و باسکردنی پێویستییە سۆزی و دەرونییەکان سڵ ناکاتەوە. با لەم دیمەنە فرەڕەهەندە وردبینەوە: ئازاد بەهۆی خەیاڵەوە، شاشەیەکی

سینەمایی ناو مێشکیمان بۆ دەخاتەڕوو، کە لە شاشەی مێشکیدا خەریکی سێکسە و دەیەوێت دەست بۆ مەمکی ئافرەتەکەی بەردەمی ببات و دیمەنەکە دەپچڕێت و دەکەوێتەوە ناو واقیع، "جارێکیان لە تەماشاکردنی یەکێک لەو فلیمە خەیاڵیانەدا بووم واهەستم دەکرد ئا ئەوەتا خۆم قارەمانی فلیمەکەم.

ـ بەخوا جوانە..ئاخۆتم بۆ ڕووت بکەرەوە تاکو ئەو گیانە ناسکو نەرمەت تێر هەڵمژم..

ئەڵڵا لەو مەمکانە دەڵێی هەناری گوڵ بە دەمن..

کە دەستم درێژ کرد هەر پێنج پەنجەکەم چز بە سۆپەکەی بەردەمما و ڕاچەنیم".[٤]

ئەم دیمەنە جگەلە ڕەهەندە واتاییەکەی، لایەنی هونەری و ئایرۆنی بە گێڕانەوەی ڕۆمانەکە بەخشیوە و ڕۆماننووس ئازادانە ئازاد ئازاد دەکات بۆ باسکردنی خەیاڵ و ئەندێشە ناونشینەکانی، ئەوەشمان بیرنەچێت هێنانەدەرەوە و بەگێڕانەوەکردنی لە کەلتوورێکی داخراودا، واتایەکی مەبەستداری هەیە. کاتێک ئازاد دەچێتە بەغدا و هاشم دەیبات بۆ دوکانی باوکی، لەوێ قسەی ئەو کڕیارە ئافرەتانەمان بۆ دەگوازێتەوە، کە کەشێکی سێکسی و کراوەی هەیە، "دوانیان چەند دەرپێ‌یەکی کورتیان بەدەستەوەبوو بۆ یەکتری قسەیان دەکرد:

ـ ئەم سوورەیان جوانە.

ئەوی کە وتی:

ـ ئەی شینەکەیان .. بۆ جوان‌نییە.

ـ کچێ بە خوا هەمووی جوانە. من هەر ڕەنگی یەکێکی لێ هەڵدەگرم.

ـ من بەس سوورەکەیان دەبەم چونکە پیاوەکەم بەزۆری حەزی لەڕەنگی سوورە".[٢٤]

لێرەدا جگەلە نیشاندانی گۆشەیەکی شاری بەغدا و کراوەیی شارەکە و ئافرەتەکانی، کە ئازاد وەک کوردێک بۆ جێبەجێکردنی ویستی ئازادی بۆ سێکس دەچێتە ئەوێ، هاوکات دۆخی دەرونی و سۆزی گەنجی کوردمان نیشاندەدات، کە پێویستیان بە خۆخاڵیکردنەوە هەیە، دواتر هاشم دەیبات بۆ لای سۆزانییەکان کە جوانی و کراوەییان سەرنجی دەبەن "دەستی برد و جگەرەیەکی بۆ داگیرساندم و پێی وتم:

ـ ئێستا دێمەوە.

کاتێ هاتەوە سەیرم کرد جلێکی وەهای لەبەرکردوە مەگەر هەر لە پێشەنگاکانی(پاریس) لەبەربکرێت. من لەسەر یەکێک لە ئەسکەمبیلەکان دانیشتبووم، ئەو یەکسەر چوە سەر سیسەمەکە و بانگی کردم.

ـ وەرە ئێرە.

ـ منیش پێڵاوەکانم فڕێداو سەرکەوتم.

خۆی دەستی کرد بە کردنەوەی (......)م.

هەرچەنێک ئارەزووی خۆم دامرکاند بەڵام لەناخەوەمدا هەستم بە هیچ شادی‌یەک نەدەکرد. [٢٦]

ئازاد لێرە و لەپەسنکردنی نازەش بۆ هاشمی هاوڕێی نموونەی بەراوردکاری بە ئەورووپا دەهێنێتەوە، هاشم دەڵێت: "ئەرێ ئازاد ئەم (نازە)یە تۆ ئەوەندە باسی دەکەی بارخ ئەوە دێنێ؟

ـ كاكە تا تۆ بڵێی لەسەر خۆ و قسە خۆشە، بالآیەکی پێوەیە دەڵێی داری سەروە...سەد سوێند دەخۆی کچە ئەوروپییەو جلی کوردیت کردۆتەوەبەر".[٢٧] ئەم سەرسامبوونە بە مۆدێل و کچی ئەوروپی، لە ڕۆمانی کۆردەرە[جاف، ١٩٨٩] تاڕادەیەک پێچەوانە دەبێتەوە، کچێکی ئیسپانی دەبێتە هاوژینی ئەکبەری کردەنوێن، بەڵام ئەکبەر ڕەخنەگرانە لە شارستانییەتی ئەوروپییەکان دەڕوانێت.

باسکردن و گێڕانەوەی سێکس بۆ ئازاد جگەلە پێویستی دەرونی و سۆزی، هاوکات دیدی ڕەخنەگرانەشی هەیە، بۆیە کاتێک حەمە کە کارگوزار و هاوکاریەتی لەقوتابخانە، باسی سێکسی خۆی لەگەڵ ژنە دراوسێکەیان دەکات، کە منالّکارێکە و بە زۆر حەمە بۆ سێکس ڕادەکێشێت، دەڵێت، ژنی کابرایەکی بە تەمەنەو..

ـ ژن بە ژن کرابوو، پیرە، کچی خۆی دابوە براکەی.

ـ من لەو بڕوایەدام ئەگەر ژنی ئەو کابرا پیرە نەبوایە ئەو ڕەفتارەی نەدەکرد"[ڕۆژبەیانی، ١٩٨١: ١٤]

یاخود لە چەندین شوێنی ڕۆمانەکە باسی دەستدرێژی و بێدەنگی دەکات، کە کچان بەهۆی نەبوونی ئازادی و ترسی کوشتن ناوێرن باسی دەستدرێژی کردنە سەریان بکەن.[1] هاوکات پەشیمانە لەوەی لە بەغدا سێکسی کردووە و دەشڵێت، لای ئێمە خەڵک بە دزییەوە دەیکەن، "(مانگا بەدزی کەڵ دەگرێت بە ئاشکرا دەزێت). بەڕاستی منیش تاوانبارم، ئێ کوڕە چی دەبوو ئەگەر لەگەڵ (هاشم)دا نەچووومایە؟"،[٣٠] ئەمە نیشانەی وردبینی و دیدی ڕەخنەگرانەیە، کە پاساو بە خۆی نادات و ڕەخنەی دووڕوویی کەلتووری خۆشمان دەکات. هاوکات پێیوایە ئافرەتی ئێمە چارەنووسی بە دەستخۆی نییە و ژن بە ژنی پێدەکرێت و دەفرۆشرێت، "خەریکی خوێندنەوەی ژمارەیەکی تازەی گۆڤارێکی ناوخۆیی بووم لەپڕ چاوم بە ناونیشانێکی گەورە کەوت:

"ڕۆژی ئافرەتانی جیهان"(...)

یەکسانی ئافرەت و پیاو..

ئافرەت نیوەی کۆمەڵە..

گۆڤارەکەم داناو کەوتمە ورتە ورت کردن:

ـ ئەی قوڕ..بەسەر ئافرەتی کورد. یەکسانی چی و تەڕەماشی چی، هێشتا چارەنووس.. بەدەست خەڵکەوەیە وەکو ماڵات سەوای ..لەسەر دەکەن"[٦١-٦٢]

مامۆستا ئازاد بەهۆی ئەزموونی ژیانی و ڕووداوەکانەوە ڕەخنەی چەندین بەها و کەلتوور و ڕەفتاریی جیاواز دەکات، یەکێک لەو ڕەخنانە، بیرکردنەوەی دواکەوتوانەیە لە خوێندن و خوێندنگە، کە بە زانستی شەیتان لەلایەن پیاوانی ئایینییەوە ناوبراوە و ڕۆماننووس لە گێڕانەوەی بە تیرێک دوو نیشانە دەپێکێت، لەلایەک بیرکردنەوەی دواکەوتووی خەڵک، کە دوای پیاوانی ئایینی دووڕوو

---

[1] ـ لە ڕۆمانی قۆناغی سێیەم ٢٠٠٣- ٢٠٢٢، بابەتی دەستدرێژی و بێدەنگی و ترس، گەلێک دووبارە دەبێتەوە، هەرچەند پانتایی چەوساندنەوەی ژن لەم قۆناغە لەگەڵ ئەو قۆناغە گەلێک جیاوازە، بەڵام خاڵی هاوبەشیش هەیە، ئەمە نموونەیەکە.

کەوتوون، کە مەلا عەلی خوێندن بە زانستی شەیتان دەزانێ، بەڵام خۆی دواتر دەبێتە مامۆستا، هاوکات ڕەخنەی ئەو سیستم و خوێندن و کەسایەتی مامۆستا دواکەتووانەی قوتابخانەش دەگرێت، کە جنێو و لێدان و خۆنەناسکردنیان کردووەتە بنەما و بە زمانی بێگانە نەک کوردی وانە دەڵێنەوە. "(مامۆستا مەلا عەلی ئەڵێ: منالْ مەخەنە مەکتەب چونکە فێری عیلمی شەیتانی ئەبێ...ئەو مامۆستا مەلا (عەلی)یە وا ئەوسا کەللەی شەکری وەهای دەشکاند بەچاوی خۆم بینیم بوبوە مامۆستای قوتابخانە و پانتۆڵ و چاکەتیشی لەبەر دەکرد، ئێمەمانان ڕۆنمان لەسەر نەدەدا هەرچی ئەو بوو ڕۆژی دووجار سەری خۆی چەور دەکرد".[٨٦] یاخود هەر مەلا عەلی، شار بە خراپ دەزانێ و دەڵێت:"ئەوەی موچەی حوکمەت وەرگرێ بۆ دینی زەرەری هەیە!".

لە بەشێک لە ڕۆمانە کوردییەکاندا مامۆستا و خوێندەوار بە نموونەی مرۆڤی چاک و خەباتکەر و دڵسۆز نیشاندراوە، بەڵام هەندێک ڕۆمانیش جگەلە نازە، کە دوولایەنە، چونکە خودی پاڵەوانەکەشمان مامۆستایە و نموونەی خەباتە، هاوشێوەی میرزای ڕۆمانی هاوارەبەرە، کە تەنانەت وەک خدری زیندە سەیری دەکەن، لەکاتێکدا لێرە دەبینین وێنەی مامۆستا و سیستمی پەروەردە تەنیا بە پیرۆز نیشاننەدراوە، وەک لە هەرەسی موکری‌دا هەمان دیدی ڕەخنەگرانە بۆ هەڵسوکەوتی تۆقێنەرانەی مامۆستا دەبینین. وێنەی مامۆستا نیشاندەدات، کە بازاڕیی و بێ‌پەروەردەن، مامۆستا عەلی لەبەرچاوی خوێندکارەکان بە ئەحمەد دەڵێت، دەبێ تف لە سەباحی خوێندکار بکات، چونکە تەنبەڵە! "ڕەفتار و ڕەوشتی مامۆستاکان لە جۆری دارە تایبەتەکانیان دەردەکەوت.. هەر مامۆستایەو جۆرە دارێکی بەکاردەهێنا"،[موکری، ٢٠٠٥: ١٩١] ئەحمەد تف ناکات و "مامۆستا عەلی بێ‌بەزەییانە هەرچی ڕقو تووڕەیی هەبوو بە داری یەکەم، گواستیەوە سەر دەستە چکۆلەکەی ئەحمەد".[موکری، ١٩٢].

گرنگە ئەم تێبینییە بخەینەڕوو، کە دیدی کۆن بۆ مامۆستا نموونەی خوێندەواریی و ڕۆشنبیریی بووە، چونکە خوێندەواری کەم بووە، لەکاتێکدا ئیستا ئەمە گۆڕاوە و مامۆستا مەرج نییە ڕۆشنبیر بێت. هاوکات لە زۆرێک لە ڕۆمانەکاندا خوێندەواریی هاوشێوەی خەبات و دڵسۆزیی بۆ نەتەوە خراوەتەڕوو، دەکرێت نەخوێندەوار خیانەت لە نەتەوەکەی بکات یان دڵسۆز نەبێت، بەڵام لە خوێندەوار چاوەڕێ ناکرێت ڕزگاریخواز و خەباتکەر نەبێت، بۆیە لە ڕۆمانەکانی، (پێشمەرگە، ژانی گەل، نازە، توانەوە، کوێخا سێوێ، شار، کۆردەرە)، تەنانەت لە (هاوارەبەرە)دا میرزا دەستبەرداری خواستی کەسیی بۆ خواستی نەتەوەیی دەبێت. لە ڕۆمانی نازە ئازاد وەک مامۆستا لە ڕێگەی فێرکردنی خوێندەوارییەوە دەیەوێت گۆڕانکاری و بیری ڕزگاری دابمەزرێنێت، بۆ ئەمەش لە خێزان و خەڵکی گوندەوە دەستپێدەکات.

هاوکات ئازاد ڕەخنە لە دایک و باوکی دەگرێت، کە دایکی وەک سێبەر بە دواوەیەتی و ناهێڵێت ئازاد بێت، "دایکێکم هەیە نازانم بڵێم خوا لەناوی دەمی بدات یان نا..بوبوە ڕەقیب بەسەرمەوە"،[رۆژبەیانی، ١٩٨١: ٥] باوکیشی پیاوێکی ئایینی دواکەوتووە، توندوتیژی و سوکایەتی بە ئازاد و دایکیشی دەکات و دژی شارە و دایکی دەڵێت، با بچین بۆ شار بەشکم لەم مەینەتیە ڕزگارمان بێت، باوکی دەڵێت:

"ـ بزانە کافرمانیش ناکەی.

ـ [دایک] بۆچی ئەوەی لە شار ئیش بکات کافرە؟! [...]

ـ ئەوە لە مێشکت دەرکە من بۆ شار ناچم دوو دونیا یەکبگرێت."[٨٤]

دیارە ئازاد وەک بکەر و خودێکی خوێندەوار و ڕەخنەگر، دەتوانێت بگاتە خواستەکەی، نازە بهێنێت، باوکی بباتە شار، دۆخی ژیانیان بگۆڕن و ڕووبەڕووی دەسەڵاتی ئاغا و بیرکردنەوەی دواکەوتووانەی خەڵک ببێتەوە، لەبەرئەوە کاتێک لە دێ مامۆستایە بیر لەوە دەکاتەوە نەک منالاّن گەورەکانیش فێری خوێندەواری بکات، بۆیە خەڵکی دێ ڕێزی دەگرن و خۆیان ژنی بۆ دەهێنن و لە زیندان ئازادی دەکەن، لەبەرئەوە خواستی بکەر بۆ بابەتەکەی کە ڕەخنە و ئازادی و گۆڕانە لە کۆمەڵدا بەشێکی بەدیدێن و بەشێکیشی بەستراوە بە دەسەلاّتی دەوڵەت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئیمپریالیست و داگیرکەر و یەکگرتوویی کورد و لاوازکردنی دەسەلاّتی خۆسەپێن و خۆفرۆشان، کە قالە نموونەیەکە و بەسەریدا سەردەکەوێت، لەبەرئەوە نێرەر لە ڕێگەی بکەرە بەهێزەکەیەوە، سەرکەوتوو دەبێت.

### ٥. شار و ڕۆمانی شار

ڕۆمانی شار[عارف، ١٩٨٦] هێشوویەک وێنەی ڕووداوە سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووریی، کەلتووریی قۆناغی پاشایەتیی شاری سلێمانیمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە لە ساڵی ١٩٤٢ دەستپێدەکات تا شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨. ڕۆمانەکە دوو بەرگە، بەرگی دووەم ٢٠٠١ بلاّو دەکاتەوە، بەلاّم بەرگی یەکەمی بە بلاّوبوونەوەی هەواڵی سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی تەمووز لە ڕادیۆ کۆتایی دێت، کە بەرلە کۆتاییهاتنی ڕۆمانەکە لە زاری ئەختەرەوە، کە خۆشەویستی خورشیدە ئاواتی کۆتاییهاتنی ڕژێمەکە دەخوازێت، کە نیشانەی پەیوەندی خۆشەویستیی و سیاسەتە، "خورشید گیان کەی ئەم شەوی دەیجوورە کۆتایی دێ؟. کەی ئەم زوڵم و زۆرە دەبڕێتەوە؟. کەی ئەم ڕژێمە کۆنەپەرستە، دوای دەبڕێو ڕزگارمان دەبێ؟. کەی؟..کەی؟".[عارف، ٣٨٤] بلاّوبوونەوەی ئەم هەواڵە وەک بەئەنجام گەیاندنی ویستی

نێرەرە بە وەرگری کورد، چونکە خواستی شۆڕش وەک سەرچاوەی گۆڕانکاری بینراوە "بەلای ڕۆماننووسەوە گۆڕانکاری لەبارودۆخی سیاسی لەڕێگای شۆڕشەوە دەبێت"[ڕەحمان، ٢٠٢٠: ١٦٨].

ڕۆمانەکە تەکنیک، زمان و شێوازی گێڕانەوەی سادەیە، بەڵام بەراورد بە ڕۆمانەکانی بەرلە خۆی کەمتر کەرەستەی فۆلکلۆری بەکارهێناوە. هاوکات بۆ یەکەمجار سوود لە شێوازی نیشاندانی وێنەی کەسێتییەکان بینراوە.1 کۆڕووداوی ڕۆمانەکە لە شار ڕوودەدەن و ئەوانەی دەرەوەش دێنە ناو شار بۆ ئەوەی دەربکەون، لەبەرئەوە ڕۆمانەکە بەم مانایە تەواو شارییانەیە، کە گفتوگۆیەکی زۆریش لە ڕۆمانەکەدا هەیە، نەخشە و ڕێنمایەکی فرەڕووی شاری سلێمانی ئەو قۆناغەشی نیشانداوە، دەکرێت ئەمەش هۆکاری سادەیی ڕۆمانەکە بێت، کە ڕابردوو، بیرەوەری شار لە چاوی ڕۆماننووسەوە پاڵنەری گێڕانەوە بووە. گێڕەرەوە هەمووشتزانە، ژانری ڕۆمانەکەش زیاتر ڕیالیزمی کۆمەڵایەتییە. هەروەها ژمارەیەکی زۆر کەسێتیی بەناو هەن، بەڵام چەند دانەیەکی کەمیان لە ڕۆمانەکەدا ڕۆڵ دەبینن، دەرکەوتنیشیان بە شێوەیەکی لەپڕە، کە گێڕەرەوە هەوڵی دروستکردنی ڕایەڵەی پەیوەندی لەنێوانیاندا دەدات.[احمدزادە، ١٣٨٦: ٣٦٤-٣٦٧]

نێرەر و وەرگری ڕۆمانی شار، ئاماژەیە بە کۆمەڵێک بەها و ئایدیا و دەسەڵاتی هەمەچەشن، لەلایەک جیاوازیی چینایەتی، ژیانی ناهەمواری کرێکاران، نەریت و شێوەی ژیانی شار و بەرامبەر وەستانەوەی گوند کە گوندییەکان بۆ کار دێنە شار و تێیدا ون دەبن و دەتوێنەوە، هاوکات خەباتی نهێنی حزبایەتی دژی زوڵمی حکومەت و دەسەڵات کە بەبێ زەقکردنەوەی دوانەی کورد و عەرەب، کوردەکان بە نهێنی لە شار و شاخ(خولە پیزە بەنموونە) خەبات دەکەن تا ڕژێمەکە بگۆڕن، چونکە کۆی جومگەکانی ژیانی نابوت کردووە و ئازادی لە شار نەهێشتووە. "ڕۆماننووس لەڕێگەی دەقەکەیەوە هەوڵیداوە سەرلەبەری کردەوە نابەرانبەرەکانی ئەو دەسەڵاتە لەبەرانبەر هاوڵاتیان روونبکاتەوە و بارودۆخی ژیان و نەهامەتییەکانیان بخاتەڕوو. ئاماژە بەکێشەی گەورەی کۆمەڵگەش بکات کە ئازادییە...لەلایەک ئازادی سیاسی، کە دیموکراسیی دەگرێتەوە، لەلایەکی دیکەوە ئازادی کەسی".[ڕەحمان، ٢٠٢٠: ١٦٦] نەمانی ئازادی سیاسیی و کەسیی، سەرچاوەی نابوتکردنی مرۆڤ و کۆمەڵە، چونکە دەسەڵات مرۆڤەکانی لەناویەک کردووە بە جاسوس و بەرژەوەندیخواز، ئەمەش سەرچاوەی ڕووداوگەلێکە لە نەمانی متمانە و ئاسایشی کۆمەڵایەتی لە شاردا.

---

[1] - بەپێی بەدواداچوونم، دوای ئەم ڕۆمانە هەندێک ڕۆمانی تر دووبارە سوود لە وێنە دەبینن، بۆ نموونە لە ڕۆمانی "پاشایان کوشت١٩٩٣".

هاوکات لە تەنیشت مرۆڤە خۆفرۆش، مرۆڤکڕ، کچفرۆش و بەکرێگیراوەکانی لە چەشنی خولەی مام سادق، قالە ڕێوی، دەروێش، زایەر و سابیر.. جوانی و لەخۆبوردوویی ئەو کەسێتییانەش دەبینین، کە خەبات دژی ئەم ناشیرینی و ڕێگرییانە دەکەن. ململانێی ئەم دوو بەرەیە، فرەڕەهەندە، چونکە بەهۆشیارییەوە ڕووبەڕووی دەسەڵات و بیرکردنەوەی دواکەوتوویی کۆمەڵ دەبنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا توندڕەوی دەسەڵات تا ئاستی ترس و نیگەرانی زۆر لە نزیکەکانی خۆیان دەبینین، هەر ئەمەش وادەکات بیرکردنەوە و خەباتی نهێنی واتای خۆی هەبێت، "تۆ دەبێ ئاگەداری زمانی خۆت بیت و نابێ لای هیچ کەسێک، ئەوەی دەیبینیت بیدرکێنیت. چونکە ئەگەر بکەوێتە بەر گوێی پۆلیس، دێن دەمانگرن و حەپسمان دەکەن. دەزانیت بۆچی؟ لەبەرئەوەی حکومەت زوڵم لەخەڵک دەکا و ئێمەش بەری لێ دەگرین. دەمانەوێ نەیهێڵین و حکومەتێکی وا دروست بکرێ کە زوڵم و زۆر نەکا. کە زۆرداری نەهێڵێ و بەتەنگ هەژارانەوە بێ. تۆ کە دەمانبینیت هەموو جارێک دەچینە ژێرخانەکەوە و دەرگە لەسەر خۆمان دادەخەین، ئەوە...بیری لێدەکەینەوە کە چۆن ئەم حکومەتە بڕوخێنین".[عارف، ٥٥] نێرەر ڕۆمانەکەی پێشکەشی یادی دووسەد ساڵەی شارەکەی (سلێمانی) کردووە، لەبەرئەوە وێڕای وێنەگرتنی دیمەنی شار و ڕەخنەکانی، وێنەی کردەنوێنگەلێکی شار دەکێشێت لە نموونەی هەڵوێست و ئاکار، کە لە کردەوەکانی میمکە حەلیم، وەستا تایەر و مامۆستا گەلاوێژ[1] و حەمە شین دەردەکەون و نموونەی بەرجەستەکەری گوتاری ڕۆمانەکەن، کە جوانیی شاریان لێوە نیشانداوە.

هاوکات زوڵمەتی شاریش جگەلە دەسەڵاتی میریی، کە گەندەڵی ڕۆحی دەسەڵاتەکەیە و بە یاسا دەتوانن شار داگیربکەن، هەژاریی و نەریتی دواکەوتووی کۆمەڵگەی کوردییش بەرجەستەکراوە، کە عەشق و مافی ژن و ئازادی تێیدا بەرتەسکە و پیاوسالاری باڵادەستە، لەبەرئەوە دوانەی خۆشەویستی و خەبات، کۆوێنە و کۆڕووداوی کردەنوێنەکان لەخۆدەگرێت، کەواتە نێرەر، وێنەگر و وێنەکێشی کۆدیمەنی شارە و خوێنەریش وەرگری مێژووی شار و هەڵوێستی مرۆڤە بودەڵە و جوامێرەکانییەتی.

### ٦. کوێخا سێوێ، دەرکەوتنی پاڵەوانی ئافرەت

ڕۆمانی کوێخا سێوێ (١٩٨٦) وێنەی ژیانی گوند دەگرێت و هەر بە زمانی گوندەکانی دەشتی هەولێر ڕووداوەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە، لەبەرئەوە لەکۆتاییدا فەرهەنگۆکێکی بۆ وشە و ئیدیۆمەکان داناوە. نێرەر و وەرگر لەم ڕۆمانەدا خواست و مەبەستی ڕۆماننووس و بابەتی سەرەکی ڕۆمانەکەیە،

[1] ـ ئەمە یەکەم ڕۆمانی کوردییە، کە کەسێتیی ژنی کورد تێیدا مامۆستایەکی خەباتگێڕ و حزبی بێت. گەلاوێژ دەوری کاریگەر دەگێڕێت لە خەباتی سیاسی و بڵاوکردنەوەی بیری ڕۆشنبیریی و ڕووبەڕووبوونەوەی نەریتی دواکەوتوودا.

که هەڵبژاردنی کەسێتیی سەرەکیی ئافرەتێکی وەک کوێخا سێوێیە. ڕۆماننووس لە کۆتایی ڕۆمانەکەیدا دەنووسێت: "لەبەر ڕەچاوکردنی زمانی کەسانی ناو چیرۆکەکە و زیندووکردنەوەی ئیدیۆم و وشەی ڕەسەنی کوردی، کە بەڵگەی دەوڵەمەندی زمانەکەمانن بە پێویستم زانی لە دارشتنی چیرۆکەکەم دا خۆم بە زۆری بەلای شێوەی ئەو ناوچەدا بگرم کە چیرۆکەکەی لێ هەڵقولاوە. هیوادارم بەم هەوڵەم خزمەتێکم بە وشەی کوردی گەیاندبێت".[مەلای ڕەش: ١٩٨٦: ٢٢٧] ڕۆماننووس وەک نێرەر مەبەستیەتی وەرگر، کە خوێنەری کوردە بەو زمان و کەلتوور، ڕەفتار و شێوەژیانە ئاشنابکات و لە دەوڵەمەندی زمانی گوند ئاگاداری بکات و بەمەش خزمەتی زمانەکە بکات، لەبەرئەوە خوێنەر سەدان پەند و ئیدیۆمی کوردی دەخوێنێتەوە و ئاشنای کەلتوور و ئەدەبیاتی زارەکی دەبێت.

هاوکات مەبەست و پەیامی ڕۆمانەکە دەوری نێرەر دەبینێت، کە بۆ یەکەمجار لە ڕۆمانی کوردیدا پاڵەوانی سەرەکیی ئافرەتە و دوور لە ڕووداوی خۆشەویستی دەبێتە ناوەندی گێڕانەوە. وێڕای ئەوەی نیگاری ئافرەت بەشێوەی جیاواز نیشاندراوە، وەک کەلوپەل و ئامرازی سێکس و ژن بە ژن و بە زۆر بەشودان و شیربایی و کڕین و فرۆشتنی پێوەکراوە، هاوکات زرنگی و ژیریی سێوێ وەک پاڵەوانی سەرەکی بەرجەستەکراوە، کە نەک تەنیا بەهۆی هێز و دەسەڵاتەوە دەتوانێت بەرگری لە زەوی و ناموسی خۆی و خێزانەکەی بکات، بەڵکو بە زرنگیی و هۆشیاریی ئەزموونی نەک خوێندەواری پێش ئۆمەری هاوسەریشی دەکەوێت و تۆڵەی ئەویش لە دوژمنەکانی دەکاتەوە. هاوکات نێرەر ژیانی گوند بە ڕەهەندە جیاوازەکانەوە وێنە دەگرێت و وەرگر وەک داوەری ئەو ڕووداوانە دادەنێت، کە کەسێتییە دەسەڵاتدار و خاوەن زەوی و هەبووەکان بەرامبەر بە نەبوو و هەژارەکان ئەنجامیدەدەن، لەبەرئەوە ڕۆماننووس دەنگی هەمووشتزان دەکاتە بنەمای گێڕانەوە تا نەگوتراوەکانی ناو دڵی کەسێتییەکان کە دووڕوویی و نمایشکاری و فێڵبازییە نیشانبدات و وەرگر وەک ڕۆماننووس بڕیار لە هەڵوێستیان بدات. بۆ نموونە حاجی کاتێک لە مزگەوت دێتە دەرێ و ئۆمەر و سێوێ دەبینێت، چاوی تەماع و داگیرکاری بۆ سێوێی پەلکێش دەکات و وەک نێچیر دەیەوێت ڕاوی بکات، دەچێتە نزیکیان دەڵێت: "حاجی چاوی بڕیە ئافرەتەکە و لە دڵەوە گوتی:"(دەک دایکمت بە قوربان بێت...لەگەڵ ڕۆژ شەڕ دەکات، نە بکەیت نە بخۆیت هەر تەماشای ئەم چاوو برۆیانە بکەیت...پیاو حەزدەکات بیکاتە بابۆڵەیەک، حەیامێک بە دەستیەوە بگرێتو جا قووتی بدات. تا ئێستا لەناو کوردەواری ژنی وا جوانم بەرچاو نەکەوتووە! نەخێر نەم دیوە. بەڵام سەد حەیفو مخابنە کە سنگ و بەرۆکی وا جێی شەو ڕامو سانی پیرە....) لەگەڵ چاو گواستنەوە بۆ لای مام ئۆمەر: سەگێکی ئاوایە..!"[٦٠] مەبەستی سەرەکی حاجی لە گوتنی ئاشکرادا دیار نییە، بەڵکو وتراوە ناوەکییە بە قسەهێنراوەکە گرنگە، کە بەشی زۆری ڕۆمانەکە بە گوتنی نائاشکرا دەربڕاوە و وەرگر دەیزانێت.

## ٧. توانەوە، ڕۆمانی پەراوێزنشینەکان

ڕۆمانی توانەوە[عەبدوڵڵا، ١٩٨٨]، لە سێ بەش پێکهاتووە. بەشی یەکەم و دووەم درێژو سێیەم کورتە، بەڵام گەیشتنی بکەر بە بابەتەکەی خراوەتەڕوو. ڕۆمانەکە ڕەهەندی ڕۆشنبیریی و سیاسیی و کەلتووری تێدایە و بواری بە دەرکەوتنی مرۆڤ و بابەتە پەراوێزخراوەکانی وەک دەرۆزەکەر، شێت، سۆزانیی، ئیفلیج و دەستدرێژی بۆ سەر مناڵی کوڕ لەلایەن ئافرەتی قەیرە.. داوە؛ پاڵەوانی سەرەکیش سۆزانییەکی عاشقە. کۆچیرۆکی ڕۆمانەکە دوو ستوونە، ستوونی چیرۆکی (قارەمان)، کە شاعیرێکی عاشقی دابڕاو لە مەعشوقە، ناونشین، بەسەرنج و پڕئەزموونە. هاوکات بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و خواستی گۆڕانی هەیە، ڕەخنەی مرۆڤایەتی و وڵاتانی ڕۆژهەڵات و کەلتووری کوردی دەگرێت، ئەمەش بە باکگراوندێکی هزری و ڕۆشنبیریی خۆرئاوایی. لەگەڵ ستوونە چیرۆکی (هەتاو) خۆشەویستیی قارەمان، کە بەهۆی دۆخی ناهەموارەوە بووەتە سۆزانیی و خۆی و کچێکی ئیفلیج لە کۆمەڵ دەردەکرێن و ناچار بۆ شارێکی تر دەگوێزنەوە. ئاکامی ئەم دوو ستوونە هێڵێکی ئاسۆیی لەدایکدەبێت، کە یەکگرتنەوە و بونیادنانی ژیانێکی نوێی ئەم دوو عاشقەیە، دوور لە ژیانی شار و گەڕانەوە بۆ دێ، لەبەرئەوە ڕەخنەی شار و نۆستالژیای گەڕانەوە بۆ پاکی و جوانیی دێ دەبینین، چونکە مرۆڤەکان بازرگانی و لەشفرۆشی، سواڵ و کاری ناجۆریان لە شاردا پێوە دەکرێت، یان دەکەن.

لەبارەی تەکنیک و هونەری گێڕانەوە و دەنگی ئەم دوو کەسێتییەوە، بەشی یەکەم ئەویتری گێڕەرەوە، منی تۆی (قارەمان) دەگێڕێتەوە، شێوازی منی تۆی بەکارهێناوە،"پێت دەڵێن شاعیرەو بە شاعیریش ناکات، عەشامات لە ڕووخساری چرچو لۆچتدا ئەوە دەخوێننەوە، کە گشت شەوێ جەڕەیەک مەی نۆشی گیان دەکەی"،[٨] بەشی دووەم بەهەمانشێوە، بەڵام بیرکردنەوە و ژیانی هەتاو دەگێڕێتەوە، بەشی سێیەم، هەردوو دەنگەکە خراوەتەڕوو، سوود لە گفتوگۆی هەردووکیان بینراوە و گێڕەرەوەی هەمووشتزان دەنگ و گفتوگۆیانی خستووەتەڕوو. ئەم شێوازی گێڕانەوەیەش یاریدەدەری دەنگی جیاوازە و بۆ چیرۆکەکەش پێویستبووە، چونکە دوو کەسێتییەکە ١٧ ساڵە لە یەکتردابڕاون.

دەستپێکی ڕۆمانەکە بەشێوەیەکی ڕەمزی و وەسفی وێنەگەلێکی گشتیی و تایبەتی شاری ئێستای قارەمان و مرۆڤ و کردە و دۆخی هەنووکەمان بۆ دەگوێزێتەوە، "لەجمکی باکووری شارەکەوە، گەواڵە هەوری ڕەش ڕەش و خەست، هەر گەواڵەیەکی لە وێنەی دەعبایەکی خورافی بەرجەستەبووە. هەندێکی لەشێوەی شێرێکی پیر دەمی بۆ نێچیرێکی لەخۆ زەبەلاحتر داپچڕاندوە، یان ئافرەتێکی خورافی، دەعبایەکی خورافی لەئامێزناوەو رایدەموسێ، سەگێکی خورافی لەگەڵ هوشترێکدا گەمەدەکەن، کابرایەک لەگەڵ ئاژەڵێکی خورافی مێینە لەیەک ئاڵاوون.."[٧]، لەنێو ئەم پەرەگرافەدا 'خورافە' دیارترین وشەیە، کە دووبارە دەبێتەوە، خورافەش هێندەی مێژووی مرۆڤ

کۆنە، لەبەرئەوە بە دیدی ڕۆماننووس خورافە دنیای بینینی داپۆشیوە و واقیع هەڵدەسوڕێنێت، مرۆڤ و ئاژەڵیش خورافین، خورافەش ئەو دیاردەیەیە، کە دژە عەقڵ و لۆژیکە،[عارف، ٢٠١٨: ٥١] لەبەرئەوە واقیعی خورافی، عەقڵیشی خورافی کردووە، ئەمەش ڕوانگەی ڕەخنەگرانەی ڕۆماننووس دەردەخات.

نێرەر لەم ڕۆمانەدا جگەلەوەی ژانری خۆشەویستییە، ڕۆشنبیریی و ڕەخنەگرانەشە، کە ڕەخنەی لە چەندین دیاردە و بابەت و کەسایەتیی جیاوازگرتووە. ڕەخنەی ئاڕاستەی سەرکردەی وڵاتان(وەک، نیرۆن، هیتلەر)و زاناو فەیلەسوفان(وەک، نیچە) کردووە. ڕەخنەکانی ڕەهەندی سیاسیی، ئایینی، کەلتووریی، کۆمەڵایەتی و دەروونی و تەنانەت تەکنەلۆژیش دەگرنەوە، کە بەهۆی ئۆتومبیلەوە ئەحمەد دەمرێت. قارەمان خەباتکارێکی کورد بووە، بەڵام لێیان نائومێد دەبێت، چونکە، "تەنها تۆ ئێستا ئاوها بەڕووتو ڕەجاڵی و بێدەرەتانی مایتەوە. کەچی ئەوانەی لەگەڵ تۆ بوون و هەرەسیان هێنا، هەموو ئێستاکە لەبەرزەکی بانانن و بوونەتە شت. قۆنتەراتچی، خاوەن پارەو بازرگانی قۆڵبڕو درۆزنو ئابڕوفرۆشتن. تەنانەت تووشی ڕەفتاری شازو بەدخوویش بوون و نێرینەی لوسکە لەخشتە دەبەن...شەیتانیش دەستی لێیان ششتوە...دەیانوت ئێمە مێژوو دروست دەکەین. ئەوەتا ئێستاکەش بەچاوی خۆت تەماشا دەکەی بە چ ڕێگایەک مێژوو دروست دەکەن."[٣٣-٣٤] ڕۆماننووس مێژووی خەبات و شۆڕشی کورد، بەتایبەت شۆڕشی شێخ مەحمود و شەڕی بەردەقارەمان و گرانییە گەورەکە دەخاتەڕوو، بەڵام ڕەخنەگرانە باسی خیانەت و شەڕی خودخۆری کورد دەکات.

هاوکات لە چەندین شوێن بەراوردی مرۆڤ و ئاژەڵ کراوە و شێوازێکی ئاژەڵناسی تێهەڵکێش بە بیرکردنەوەکانی قارەمان خراوەتەڕوو، کە مرۆڤ بە سنوور دەورە دراوە و ئاژەڵیش سنووری نییە یاخود خاوەن ڕێکخستنی سروشتی و مرۆیترن تا هۆش و هۆشیاریی مرۆڤ، کە سەرقاڵی جەنگ و یەکتر لەناوبردنە[1]، "لەڕووبارەکەدا نەورەسێک لە نەورەسێکیتر نەدەکەوت. دەتوت ڕژێمێکەو بۆخۆیان سازیانداوە، ڕژێمێکە غەریزەی پێویستیو ترسی لەناوچوون دروستیکردووە. نەک ئەقڵو نەخشەی ئادەمیزاد. بەدەگمەن نەورەسێک لەسەر سکتێرکردن، پەلاماری نەورەسێکی تر دەدا. نەک وەکو ئەم مرۆڤەی ئەم سەردەمە سۆزانییە، لەبری جنێوێک مرۆڤێک لەخوێن دەگەوزێ،

[1] ـ ڕۆسۆ و هۆبز دوو دیدی جیاوازییان بۆ سروشتی مرۆڤ هەیە، یەکەمیان پێیوایە مرۆڤ بە سروشت چاکە و شارو شارستانیەت و دەسەڵات خراپ و گەندەڵی دەکات، هۆبز متمانەی بە مرۆڤ نییە و ڕای وایە مرۆڤ خۆی خراپ و دڕندەئاسایەو چاک نییە، لەبەرئەوە دەسەڵات دەبێت کۆنترۆڵی بکات. بەدیدی ئێمە ڕۆماننووس زیاتر ڕۆسۆییانە بیردەکاتەوە، لەبەرئەوە زۆر ڕەخنەی شارو دەسەڵات و جیاوازی چینایەتی گیراوەو لە کۆتاییشدا گەڕانەوە بۆ دێ و دەرچوون لە شار بەڵگەی بەهێزی بۆچوونەکەمانە. بۆ خوێندنەوە لەبارەی دیدی هۆبز و ڕۆسۆ، ئەم دوو سەرچاوەیەم بەکارهێناوە، [توک، ٢٠٢٤]،[وۆلکەر، ٢٠٢٤].

چەندان شەڕو ئاژاوەی ناوخۆیی بەرپا دەبێ، چەندان ئاگری جەنگی نێوان دەوڵەتان خۆش دەکات." [١٢] ڕۆماننووس لە دوانەی مرۆڤ و ئاژەڵەوە، چەردەیەک دوانەی عەقڵ و غەریزە، جەنگ و ئاشتی، تۆڵە و بەخشین، هەژاری و دەوڵەمەندی...دەخاتەڕوو، ئەمەش بە دیدی گریماس ڕووداو و گێڕانەوە دەبوژێنێتەوە،[جباری، ١٣٩٥: ٤٤] بەڵام لەم ڕۆمانەدا خاوی دروستکردووە، واتای بوژاندووەتەوە.

نێرەر ڕەخنەی فرەدیمەن بەکاردەهێنێت، لەبەرئەوە ئەزموونی وڵاتان و ئەم ڕۆژگارە و بەتایبەت مرۆڤی ڕۆژهەڵاتیی‌و کورد ڕەخنە دەگرێت، چونکە بەهای مرۆڤ لەبەرچاو ناگیرێت و ئازادی نییە، بە دنیایەک بیر و کەلتووری دواکەوتوو دەورەدراوە."نیرۆن، بەناوی بەرگری لە ڕەش و ڕووتەکانی شاری ڕۆما و داوێن‌پیسی دایکیەوە، ئەو شارە نازدارەی کردە قەرەبرووت...سمێڵ چوارگۆشەییەکە بە قسەکانی -نیچە- هەڵخڵەتاو، سێ چارەکی گۆی زەوی کاول کرد. خۆت دەزانی چیت و بەخراپ لێت تێدەگەن..تەنانەت ئەو پیرەژنەی لە گەلەخانەکەدا دراوسێی ژوورەکەتە، گفت و لفت و قسە و باسەکانی بۆنی شەواڵ پلیتی و بێ دەرپێی لێدێت. کەچی بە هەوەس‌بازیشەوە، پێت دەڵێ"مەی نۆشین زینایە، و...!**** ژوورەکەت ژوورێکی داستاناویە. لە قوڕو خشتی سەرجەمی خورافاتەکانی رۆژهەڵات دروستکراوە".[عەبدوڵڵا، ٩] ئەم ڕەخنانە ڕەهەندی جیهانیی و ناوچەیی و کەلتووریشی تێدایە. لە ڕەخنە ئیمپریالیست و سەرمایەداریدا، دیمەنی ئەو مناڵە سواڵکەر و گوندی و برسییانەمان لەبەردەم دەرگای چێشتخانەکان، کە چاویان لە پاروی تێرەکانە نیشاندەدات، یان ژن و دایکی ئەو مناڵانە لە شارە گەورەکان دەردەخات "دایکە هەشتبەسەرەکانی زۆربەی ئەو مناڵانە...کە دەگەنە شارەکان لە یەک بڕدەبن. مناڵە وردەکان دەکەوتنە، شەقام و گوزەرەکان و بەردەم چێشتخانەکان. ئافرەتاکانیش کێ دەزانێ چیان دەکرد و چی دەکەن، کارەکەری، گزکدان، سواڵ و سێقەو دەرۆزە، یان داوێن‌پیسی..."[١٨]

لەم ڕۆمانەدا نێرەر لە ڕێگەی قارەمان، بکەری ڕۆمانەکەوە، دەیەوێت خەباتی سیاسی و چینایەتی بکات، بەڵام بەسەرنج و ڕەخنەوە لە هەردوو کایەی گوند و شار، کە ئارەزوو و خواستەکە سەر بە جووتیارانی گوند و خەباتکارانی شارن، ئەزموونی خۆی لەنێویاندا دەگێڕێتەوە، لەبەرئەوە نێرەر و وەرگر، لەگەڵ خود و بابەتی خواستراو گوتارەکەیان یەکە و دابڕاو نییە، هەردوو دوانە کردەنوێنەکە تەواوکەری یەکدین، تەنانەت لە خواستی خۆشەویستیشدا ئەم دوانەیە هەر یەکن، بەڵام جیاوازییەکە ئەوەیە لەو دوو خواستەی تردا گەیشتن بە ئاکام و گۆڕان نابینین، بەڵام لە خۆشەویستیدا لە دابڕانەوە بۆ یەکگرتنەوە ڕوودەدات، کە ئەمەش ئازار و برینەکانی ئەوانیتری تێپەڕکردووە، لەبەرئەوە لە کۆتایی بەشی سێیەمدا، جەنگی نەریتەکان و یاخیبوون لای ئەم دوو خۆشەویستە دەبینین و خۆیان ژیانێکی دوور لە خەڵک هەڵدەبژێرن، وەک جۆرێک لە نائومێدی بۆ خەونە گەورەکان، بەڵام بە ئومێد بۆ گۆڕانی ژیانی خۆیان یەکدەگرن، ئەمەش لەگەڵ بونیادی گشتیی گێڕانەوە گونجاوە، کە گریماس پێیوایە، دەکرێت بونیادی گێڕانەوە لە نەزم و ڕێکییەوە بۆ ئاڵۆزی و

هەڵوەشاندنەوە بڕوات، یاخود لە گرژیی و هەڵوەشاندنەوە بۆ نەزم و ڕێککەوتن.[غریماس، ٢٠١٨: ٥٦]، بەشێکی گوتاری ڕۆمانەکە کە تائەندازەیەک خودییە لە دابڕان بۆ یەکگرتنەوە دەچێت، بەڵام ڕەهەندە دەرەکییە سیاسیی و ئایدۆلۆژییەکە بە ئاکام ناگات و دابڕان و وەدەرنان دروستدەکات، لەبەرئەوە قارەمان و خۆشەویستەکەی کاتێک باسی پلانی ئەوە دادەنێن، کە ئەگەر منداڵیان ببێت ناوی چی لێبنێن، قارەمان ڕازی نییە، ئەگەر کوڕ بوو ناوی قارەمان و پاڵەوانی لێبنرێت، "ئەگەر منداڵمان بوو ناوی چی لێ بنێین..؟ ئەگەر کچ بوو؟

- شاناز
- ئەی ئەگەر کوڕ بوو؟
- ناوی خۆتی لێ ئەنێین..
- نەخێر، هەرگیز، کەواتە هیچمان نەگۆڕا..!".[عەبدوڵڵا، ١٩٨٨: ١٣٩]

'هیچمان لێ نەگۆڕا'، گوزارشت لە بەئاکام نەگەیشتن و گەیشتن دەکات، نەگەیشتن مانەوەی دنیای دەرەوەیە وەکخۆی، گەیشتن تێگەیشتنە لە مانەوە و تێپەڕکردنی نائومێدییە، چونکە دەرەوە بە ئێمە چاکناکرێت، با ژیانی خۆمان چاکبکەین، ئەمەش لەگەڵ ڕەهەندە ڕەخنەییەکەی ڕۆمانەکەدا دێتەوە.

### ٨- کۆردەرە، لە وڵاتی ئیمپریالیستانەوە بۆ نیشتمان

کۆردەرە ١٩٨٩ ناونیشانی ڕۆمانێکی خوسرەو جافە، کە ڕۆماننووس شێوازی گێڕانەوەی جیاوازی لە ڕۆمانەکانی هاوسەردەم و بەرلەخۆی بەکارهێناوە. یەکەمجارە کەسێتیی سەرەکی و ڕۆماننووسی ناو ڕۆمانەکە بمرێت و گێڕەرەوەی جێگرەوە، بەشداری تەواوکردنی پرۆسەی گێڕانەوە بکات. کەسێتیی سەرەکی و ڕۆماننووسی ناوەوەی ڕۆمانەکە دەگۆڕێت و لە ڕێگەی نامەیەکی ناو دەستنووسەکەیەوە، نامەخوێنەکە ئاگاداری دەستنووسەکەی دەکات، کە ئەم ڕۆمانەکە بگەیەنێت بە هاوزمان و نەتەوەکەی، چونکە پێویستیان بەم نووسینەیە، تا بیکەنە پەند و ڕێگەیەک بۆ دۆزینەوەی بەختەوەریی و دەرچوون لە دەردو ئازار،[جاف، ١٩٨٩: ٢٤٧] لەبەرئەوە ڕۆمانەکە خۆگێڕانەوەیەکی هونەریی و بابەتییە[1]. ئەکبەر لە وڵاتی ئیمپریالیستان دەمرێت و ژنە ئیسپانییەکەی دەستنووسەکە دەداتە کوردێک تا بڵاویبکاتەوە. نێرەر پەیام و خودی ڕۆمانەکەیە، خوێنەریش وەرگری کوردە، کە دەستنووسی ڕۆمانەکەی لە ئەورووپاوە لەشێوەی پەیام و وەسیەت پێدەگات. نێرەر هەڵگری ئایدۆلۆژیایەکی دیاریکراونییە، بەڵام وێنەی مرۆڤێکی چەوساوەی هۆشیار بە کێشەی کوردە و نزیکە لە خەباتی سیاسیی حزب و ڕێکخراوە کوردییەکانەوە، تاکە ئایدۆلۆژیایەکی زەق شۆشیالیستییە، کە

[1] - بەپێی توێژینەوەیەکی هاوبەشی دوو توێژەر، ئەم ڕۆمانە گەشتنامەیە، چونکە ڕەهەندی خۆگێڕانەوەی تێدایە، بەڵام پێمانوایە، گەشتنامە نییە، چونکە ڕەهەندی خۆگێڕانەوە ڕۆمانێک ناکات بە گەشتنامە، هەروەک دەشکرێت خۆگێڕانەوە ببێتە سەرچاوەی ڕۆمان، کە ئەم ڕۆمانەش لەو جۆرەیە. [بەکر و حەمەد، ٢٠١٤: ٤٤٥]

دژی دەسەڵاتی چەوسێنەری ئیمپریالیست و دەوڵەتە. هاوکات یەکەمجارە لە ڕۆمانی کوردیدا وڵاتانی ڕۆژئاوا و زانکۆ، بار و سەماخانە و تەنانەت شێوەی ژیان و کەسایەتی ئەوروپی بەشداری گێڕانەوەی کوردی بکەن و ڕەخنەش بکرێن، یان ژن و ژنخوازی لەنێوان کورد و ئەوروپییەک ڕوودات و منالی دووڕەگ لەدایک ببێت. ئەوەش نوێیە، کە ناوی شوێنی تایبەت(کۆردەرە) بووەتە ناونیشانی ڕۆمانەکەو ناونیشانی نووسەر بۆ ناردنی سەرنج و تێبینی خوێنەر دانراوە و فەرهەنگۆکیش نووسراوە1.

باسی سەرەکی ڕۆمانەکە سەرکەوتنی پاڵەوانی دووناو(ئەکبەر-ڕەشید)ە، کە ئەکبەری بێ ناسنامەی فەرمی، خۆی دەکات بە خاوەن شوناسێکی ڕۆشنبیریی و خۆناس و بەیارمەتی شۆڕشگێڕانی حزب دەتوانێ ناسنامەیەکی ساختە(بەناوی ڕەشید) دروستبکات و بە دوای خەونەکانیدا بچێت و لە ئەوروپا ببێت بە ئەندازیار. ژیانی ئەکبەر کۆڕوووداوی ڕۆمانەکە پێکدەهێنێت، کە لە خێزانێکی فراوان و هەژار و بیروباوەڕ ئایینی- مەزهەبی گەورە دەبێت، باوکی بەهۆی نەبوونی دەبێتە قاچاخچی و دەگیرێت، دایکیشی بەکارەکەری و جلشۆری بەخێویان دەکات و ئاواتی ئەوەیە کوڕەکەی خوێندن تەواوبکات، تا نەبێتە ژێردەستە. ئەکبەر لە منالییەوە لەڕووی خەون و یاخیبوونەوە چەتوون و کۆڵنەدەرە، دەتوانێت بەسەر ژیانی هەژاری و نەهامەتیدا سەرکەوێت. ئیرادەی دەرچوون و هەڵگەڕانەوەی لەو بارە ناهەموارەی ژیانی خێزانی، کۆمەڵایەتی و سیاسی و تەنانەت چارەنووسی دەبێتە پێکهاتەی ژیان و جیهانبینی، کە پڕە لە ریسک.

ئەکبەر بەهۆی شکاندن، ئازاری هەژاری و ئیرادەی تێپەڕکردنی قەیرانەکان و باوەڕبوونی بە خودبونیادنان و بوون بەوەی، کە خۆی دەیەوێت،2 ژیانی خۆی دروستدەکات و چاوەڕوانی چارەنووس ناکات."من قوربانی پرۆژەی چەوتم...کوڕی بۆنەهاتو ڕێنەکەوتم...چیمە لە هەستی ناسکو کەلایی هەژارو ئارەزووی پڕهەوانتە؟ چیمە لەخۆدەربازکردن لەتاوا مردن...بۆ ئاوا ژیان من ژیام، من لەسکی دالگەشدا پێشێلکراوم، چیمە لەگەردنکەشی و ملهوڕی؟...دەگەڕام بەدوای...کەی بێتو چۆن بێتو چۆنی دەبم بەوەی دەمەوێت؟".[جاف، ٦٠-٦١] بەسەرهاتی ئەم خۆدروستکردن و تێپەڕکردنە وێنەی ژیارە گەورەکەی هەژاران و نەهامەتی و داگیرکاری ئیپریالیستەکانە کە کۆگوتاری ڕۆمانەکە و کردەنوێنەکان نیشانیدەدەن، ئەکبەر وەک کردەنوێنی نێرەر و خود، تەنانەت وەرگری ناوەکی و بابەتیش کە خۆی دروستدەکات، ڕۆڵی کردەنوێنێکی کارا دەگێڕێت لە ڕووبەڕووبوونەوە و نیشاندانی شێوەی ژیانی خەڵک، ناوچەکە، دەسەڵات و حزبە شۆڕشگێڕە کوردەکان و تەنانەت ئەوروپییەکانیشدا.

---

[1] ـ سەبارەت بە فەرهەنگۆک، لە ڕۆمانی *کوێخا سێوێ* و *هەڵکشان بەرەو لوتکە*ش هەن.

[2] ـ کەسێتیی سەرەکی لە چەند ڕوویەکەوە بیرکردنەوە و ڕەفتاری بوونگەرانەی هەیە، بوونی ڕەسەن، ئەو بوونەیە دەیەوێت ببێت بەوەی خۆی دەیەوێت، نەک نمایشی بوون بەوەی ئەویتر دەیخوازێت.[عوسمان، ٢٠٢١، ١٢]

### ٩. پەرستگەی دڵداری، ئەوین و ئازادی

پەرستگەی دڵداری ١٩٩٠ لە زمانی ئەویتری هەمووشتزانەوە چیرۆکی دڵداری منی کورد و ئەویتری مەسیحی دەگێڕێتەوە. هاوکات وێنەی گشتیی سیاسی و ئابووریی وڵات و ناوچەکەمان لە ١٩٥٦ بۆ ١٩٦٩ بۆ دەگێڕێتەوە. ڕۆمانەکە گێڕانەوە و تەکنیک و زمانێکی سادەی هەیە، بەراورد بە ڕۆمانەکانی تر ئەمیش وەک شار کەمتر سوودی لە بەرهەمە فۆلکۆرییەکان بینیوە. سەعید کوردە لە بەغداد لە ژووری باڵەخانەیەکدا دەژی کە زۆربەی دانیشتوانەکەی مەسیحین، سۆفیاش ژنێکی مەسیحییە، سێ منداڵی هەیە و مێردەکەی لەگەڵیدا خراپە، لەبەرئەوە بە هێمنی و شاراوەیی لەگەڵ سەعید دەبنە ئەویندار. [ڕەسوڵ، ١٩٩٠: ٥٤] چاوی گێڕانەوە بەگشتی و تایبەتی لەسەر سەعیدە، کە لە ٩٠٪ زیاتری ڕۆمانەکە پێکدەهێنێت. نێرەری سەرەکیی ڕۆمانەکە بابەتی خۆشەویستی و دڵدارییە، هاوکات ئازادیی ژن و دەرچوونە لە بەند. کردەنوێنی سەرەکیی سەعید کوردێکی خەڵکی هەولێرەو لە بەغداد لە کۆمپانیایەک کار دەکات، بەڵام تەواوی بیرو هۆشی لای سۆفیای خۆشەویستییەتی، ئەم خۆشەویستییە بەپێچەوانەی خۆشەویستی لادێ و گوندەکانە یان وەک لە ڕۆمانی پێشمەرگەدا بینیمان خۆشەویستەکان ڕاستەوخۆ دەچنە ناو باسی هاوسەرگیری، لێرەدا خۆشەویستی دەبێتە گێنگڵ و نیگا و ئاماژەی شاراوە و گومانکردن و دڵەڕاوکێ کە ئایا ئەو دوانە یەکدیان خۆشدەوێت. ماوەیەکی زۆر و دەیان لاپەڕەی ڕۆمانەکە دەڕوات، ئەم دوو خۆشەویستە خۆیان بۆیەکتر بەیاننناکەن، بەڵام لەناوەوە بۆ یەکتر سووتاون، گۆشەنیگای هەمووشتزان گێڕانەوەی ڕۆمانەکەی لەئەستۆیە، بەڵام چاوی زیاتر لە نیشاندانی دۆخی دەرونی و ڕەفتاری سەعیدە نەک سۆفیا، لەکاتێکدا ئاکامی ڕۆمانەکە ڕووی لە سۆفیایە، ئەم شێوازی گۆشەنیگایە یارمەتیی دامەزراندنی گوتاری گێڕانەوەی لە حەکایەتەکەوە خەملاندووە،[ئەڵوەنی، ٢٠١١: ٦٠] لەبەرئەوە بەپێی خواستی ڕۆماننووس و بەرنامەی گێڕانەوەکە گوتار دامەزراوە، ئەمەش تاکدەنگیە لەنێو فرەدەنگیدا؛ لە گێڕانەوەدا فرەدەنگ و لە گوتاردا تاکدەنگە.

وێنەی گشتیی کردەنوێنی سەرەکیی سەعید، نیشتمانپەروەر و سیاسییەکی نائومێدی بەهەڵوێستە، کە خۆی دەگرێتەوە لەوەی ڕاستەوخۆ بچێتە ناو هەڵوێستی سیاسی و خەباتەوە، چونکە پێشتر گیراوە و ئێستا دەیەوێت ژیانی خۆی بژی، بێئەوەی ببێتە خۆفرۆش، "تەنیا کەس نەبوو کە خۆی گۆشەگیرکردبێتو لەڕێگا سەختو دژوارەکەدا لاتەریک بووبێ، بگرە ئەوانەی لەم هەڵوێستەدا بەشداربوون گەلێک زۆربوون، بەڵام ئەو لەگەڵ زۆربەیان جیاوازی هەبوو، لەوانەبوو خۆی لەبازاڕی سیاسەتگەریدا نەدەفرۆشت".[ڕەسوڵ، ١٩٩٠: ٦٩] سەعید دوور لەوەی خۆی تێکەڵی ڕێکخراوە سیاسییە کوردییەکان بکات هەڵوێستی سیاسی و نیشتمانپەروەری خۆی هەیە، لەبەرئەوە جارێکی

تریش دەگیرێتەوە، چونکە واژۆ بۆ دەسەڵات ناکات، بەشداری خۆپیشاندانی پشتگیری بۆ میسر دەکات و لە شۆڕشی ١٩٥٨دا ئاهەنگ دەگێڕێ و بەشداری خۆپیشاندان دەکات. هاوکات وێنەی بازرگان و سەرمایەدارە چاوبرسییەکانمان بۆ دەخاتەڕوو، کە لەپڕێ دەبنە کوڕێ و کاریان چەوساندنەوەی کرێکارەکانیانە.1 لەگەڵ ئەوەشدا وێنەی گەورەی ڕۆمانەکە پێمان دەڵێت، پەیوەندیی منی کورد و ئەویتری عەرەب گرژی و ناجۆری تیانییە، زۆرێک لە هاوڕێکانی سەعید عەرەبن و هاوکارین، ئەمە جگەلەوەی پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ مەسیحیدا دەبەستێت و پێکەوە دەژین، کەواتە بەغدا لەو سەردەمەدا شاری پێکەوەژیان بووە، هەرچەند هەلومەرجی سیاسیی نائارام بووە، چونکە ئینگلیزەکان دەسەڵاتیان بەسەر شار و ناوچەکەدا گرتووە، بەڵام خەڵکە ئاساییی و پلەدارە سەربازییەکانیش ڕێز بۆ کورد و خەباتەکەی دادەنێن. [١٢٣-١٢٨]

ئەویندار‌بوونی سەعید بە سۆفیا تەواوی هزر و ژیانی داگیردەکات، بەڵام ترسنۆکو کەمتەرخەمە لە گەیاندنی خۆشەویستییەکەی و هەنگاونانی کردەیی بۆی، لەبەرئەوە پاش گیرانی و لەکار دەرکردنی دەگەڕێتەوە هەولێر و لەوێ کاری دەستدەکەوێت، دایکیشی زووزوو داوای ژنهێنانی لێدەکاتو کچی بۆ دەدۆزێتەوە، بەڵام بیرکردنی سۆفیا هەمیشە پەلکێشی بەغدای دەکات، دووری و وەڵامی نەرێنی سۆفیا بۆ یاخیبوون و هاوسەرگیری، هەستی سەعید بە لێکجیاکردنەوەی دایکێک لە سێ کچ، دەبنە هۆکاری دابڕان و ژنهێنانی سەعید و پێکنەگەیشتنی ئەم دوو دڵدارە.

هاوکات وێنەگەلێک لەم ڕۆمانەدا سەرنجمان ڕادەکێشێت، هاوشێوەی ڕۆمانی شار، بەڕێوەبەری باڵەخانەکە (کاترین) وەک دایکە بۆ سەعید، هەرچەند پوری سۆفیایە و درەنگ لە پەیوەندییەکەیان تێدەگات، بەڵام هاوکاریەتی، هاوسەرەکەشی (یوسف) سەعیدی خۆشدەوێت و ئاهەنگی ساڵی نوێی ڕێکدەخەن و بەیەکەوە دەخۆنەوە، لە دیدی یوسفەوە کوردەکان مرۆڤی بەڕەوشت و وەفادار و مەردن، کاترین بە سەعید دەڵێت:

"- کوڕم هەر خوا دەزانێ کە تۆ چەند لای ئێمە ئازیز و خۆشەویستی..یوسفی مێردم خۆ دانیشتن نیی‌یە باست نەکات، شەووڕۆژ لەستایشکردنی تۆدایە.

هەموو جارێک پێم دەڵێ: کاترین، سەعید نموونەی پیاوچاکی‌یە..لاوێکە گشت ڕەوشتێکی باڵاو جوانی تیایە..نەک هەر ئەوە، بەڵکو من کوردم خۆش دەوێ..کاترین تۆ وەکو من نایانناسیت، من زۆر لەگەڵیان ژیاوم، نەتەوەیەکی ڕەوشتبەرزو بەوەفاو مەردانەن."[ڕەسوڵ، ١٠٩]. لەو سەردەمەدا

[1] - ڕۆمانەکانی ئەم قۆناغە بابەتی هەژاری تێیدا ڕۆڵی ڕێگری سەرەکیی هەیە، لەبەرئەوە پرسی کرێکار و کەسێتیی کرێکار لەڕۆمانەکاندا بەچڕی ئامادەیە، بەشێک لە ڕۆمانەکانیش هەر لێرەوە گرێچنی هەژاریی و سیاسەتیان داڕشتووە. بۆ نموونە، ژانی گەل، هەرەس، شار، کانگەی بەڵا، کۆردەرە، لە ڕۆمانی هەڵکشان بەرەولوتکە، خۆپیشاندانی گاورباغی دەگێڕێتەوە، کە کرێکارانی کەرکوک لەپێناو مافەکانیان ئەنجامیاندا.

گەنجی زگورت دەتوانێت شوێنی نیشتەجێبوونی لەگەڵ خێزانەکان دەستبکەوێت، خێزانەکانیش ڕێزیان، بەتایبەت کە غەریبن و پێویستیان بە هاوکارییە. هەروەها پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و دڵداری مرۆڤە ئایین جیاوازەکان لەم ڕۆمانەدا جێگەی سەرنجە، کە جیاوازیی ئایین نابێتە ڕێگر لە خۆشەویستی و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی، بەڵام ناڕاستەوخۆ تێبینی ئایینگۆڕی مەسیحییەکان دەکەین چ لە سۆفیا و نەزیرەشدا، ئەمەش کاتێک شوو بە غەیری خۆیان دەکەن. لە پەیوەندیی دڵداری سەعید و سۆفیادا، ڕەگەزی خەون‌بینین ڕۆڵی هەیە، کە سەعید دوورە لە سۆفیا و دەگەڕێتەوە بۆ لای، سۆفیا پێشتر خەونی پێوە دەبینێ و پێشبینی دەکات، کە بۆ لای دێت."دوێنێ شەو لە خەومدا دیتی، زانیم ئەمڕۆکە دێیت"1[١١٠].

سەعید و سۆفیا وەک دوو بکەر لە ڕۆمانەکەدا دەبینین، هەرچەند لەسەرەتاوە تا کۆتایی وادەبینین، کە ئەم دوانە ئاکامی دڵدارییەکەیان دەبێتە بابەتی ڕۆمانەکە، بەڵام هەردووکیان بە دوو ئاڕاستە و خواستی جیاوازدا دەڕۆن، لەبەرئەوە دڵداری بابەت و خواستی سەرەکییە، کە سەعید و سۆفیا لە بەیەکنەگەیشتندا خۆشەوسیتییەکەیان دەپارێزن، بەڵام دەتوانن بڕیار لە ژیانی خۆیان بدەن، لەبەرئەوە سەعید پاش نائومێدبوونی لە سۆفیا، کە ناتوانێت یاخی ببێت و بڕیاری ئازادانە بدات، هاوسەرگیری لەگەڵ گوڵبەهار دەکات، سۆفیاش پاش جێهێشتن و بردنی مناڵەکانی لەلایەن مێردە خراپەکەیەوە، بڕیاری هاوسەرگیری لەگەڵ سرحان دەدات و وڵات جێدەهێڵن. بەغداد دەبێتە شوێنی بەتاڵی هەردوو خۆشەویستەکە، هەرچەند گوتاری ڕۆمانەکە دەرخەری ئازادبوونی سۆفیایە، کە دەتوانێت بڕیار لە ژیانی خۆی بدات، بەڵام گوتاری دابڕان و بەیەکنەگەیشتن، پرسیار لە گوتاری ئازادی کەسێتییەکان دەکات، چونکە سەعید و سۆفیا لە بەیەکنەگەیشتندا، خواستەکەیان جیادەبێتەوە و بە بابەتی خۆیان دەگەن، کەواتە وێنە گەورەکە لە جیابوونەوە نەک بەیەکگەیشتندایە. هەرچەند هەردووکیان لەبەیەکگەیشتنێکی جیاوازدا دەژین، کە گۆڕانی ڕەوتو بەرنامەی گێڕانەوەی دروستکردووە، کە بە دوو ئاڕاستەی جیاوازدا بڕوات و لەیەکدی نەئالێن، بەڵام لەڕووی هونەرییەوە کاریگەریی خراپی لەسەر گێڕانەوەکە جێهێشتووە، چونکە ئاکامێکی لەڕواڵەتدا زیندوو، بەڵام لە جەوهەردا مردووی لێکەوتووەتەوە؛ هەردوو دڵدار بەیەک ناگەن و وەک ئەوەش نیشاندراوە، هیچ کێشەیەک نییە، ئەمەش لە کۆگوتاری ڕۆمانەکەدا دابڕان و جێهێشتنی خودە لە بابەتەکەی، کە لە ڕوویەکەوە گوزارشت لە ئازادی، لەدیوێکی دیکەشەوە نەبوونی ئازادیی سەرچاوەی دابڕانە.

---

[1] ـ پرسی خەون لە ڕۆمانی کوردیدا پێویستی بە لێکۆڵینەوەی سەربەخۆ هەیە، چونکە خەوبینین لە زۆر ڕۆماندا هاتووە، کە زۆرتر بۆ نیشاندانەوەی واقیع و پێشبینی و هاتنەدی خەونە، لەڕووی هونەرییشەوە پێشکەوتن و تێکەڵکردنی دنیای جیاوازی نامەعریفەیە بە مەعریفە، نا واقیعە بە واقیع و هەست و چێژی خوێنەریشی لێدەکەوێتەوە.

### ١٠. ئەندێشەی مرۆڤێک، دەرکەوتنی تاکی دەرونپەشێو

### دەرون وەک کردەنوێنی واقیع

نێرەر و وەرگر، خود و بابەتی ڕۆمانی *ئەندێشەی مرۆڤێک* ١٩٩١ جیاواز لە ڕۆمانە کوردییەکانی بەرلە خۆی، ڕەفتار و دۆخە دەرونییەکان بنەڕەتی گێڕانەوە و ڕووداوسازی پێکدەهێنن. نێرەر دەرونی مرۆڤە و لە خودی مامۆستا سەبریدا بەرجەستە بووە. وەرگر و خود دۆخ و لێکدانەوە دەرونییەکانی سەبری و ڕووبەڕووبوونەوەی واقیعە. دەرونی سەبری لەنێو کێشمەکێشی دنیای ناوەوە و دەرەوەدایە، ناوەوەی چاوەڕوانی زۆری لە دەرەوە هەیە و دەرەوەش کە لە شێوەی ژیان و بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتی مرۆڤەکاندا بەرجەستە دەبێت نا مرۆیی و زبر و بێ واتاترە لەو چاوەڕوانییە زۆرە، لەبەرئەوە ناوەوە چالاک و دەرەوە بێدەنگە، بەڵام زۆرجار ئەوەی ناوەوە و دەرون چالاکدەکات کردەکانی دەرەوەن، لەبەر ئەوە لە دەرونیدا دەرەوەیەکی ناجۆر و دڵڕەق هەیە، لە دەرەوەش دەرونێکی ڕەش و تاریک."دانی بە خۆیدا گرت و نەیکرد. ئا..بە دیوی دەرەوەیدا نەیکرد..دەنا بەدیوی ناوەوەیدا..بەناو ناخی دەروونیدا نەعرەتەیەکی وای لێدا..."[عارف، ٢٠١١: ١٩] کردەی ناوەوە وا دەکات لەناوەوە بمێنێتەوە و کردەی دەرەکی لاواز و کز بێت و دۆخی دەرونیشی تا ئاستی شێتبوون بچێت. هاوکات توێژەر دەتوانێت خوێندنەوەیەکی سیاسی بۆ گێڕانەوە و نیشانە واتاییەکانی ڕۆمانەکە بکات، کە دەرەوە وەک دەسەڵاتی سیاسی بێگانە و داگیرکەر بخوێنینەوە، ناوەوەش وەک واقیعی کورد و خەباتەکەی، کە پڕە لە ململانێ و گرێ و دژیەکی، بەڵام خۆم دەبوێرم لەم خوێندنەوەیە، لەبەرئەوەی ڕۆمانەکانی ئەم قۆناغە زۆریان سیاسیین، ئەم دەنگێکی جیاوازی هەیە و باشترە دەنگە کەسی و دەرونییەکە وەربگرم.

نێرەر، کە دۆخی دەرونی و خوێندەواری سەبرییە، زۆرجار دەچێتە ئاستی سەرکۆنەکردن و ڕووبەڕووبوونەوەی خود، لەبەرئەوە مۆنۆلۆگی سەبری بۆ لەخۆدان و خەمهەڵگری لەبری ئەوانیتر چالاکە، "بۆ وا دەکەیت؟ یانی بۆچی دەبێ لەناو ئەو ملیارەها خەڵکەدا کە هەن، گڕگڕ تۆ بێیت و ئەم گۆی زەمینە بەکۆڵەوە بگریت؟ سەرجەم ئازار و ئەندێشەکانی لە خۆت باربکەیت؟... گوایە هەر بە تەنیا جەنابت دەزانی زوڵم و زۆر و چەوساندنەوە هەیە؟ دەزانیت تۆ ئەوە پەنجاو نۆ ساڵە چی بە من دەکەیت و چیت پێ کردووم؟ خۆ من بەردو ئاسن نیم..بەسە.. ئیتر بەسە!".[٥٦] ئەم خۆکردنە بە خاوەن کێشەکانی مرۆڤ، دەرخەری ڕووناکبیریی سەبرییە، کە وەک نێرەری بەرپرسیار بۆ کێشەکان دەردەکەوێت. دیارە ڕۆمانی *توانەوە*ش بە ئاشکرا و بە ناوهێنانی فرۆیدیش هەڵگری ڕەهەندی دەرونی و دۆخە دەرونییەکانە، بەڵام وەک *ئەندێشەی مرۆڤێک* تەواوی گێڕانەوەی

ڕۆمانەکەی بۆ تەرخان نەکراوە و ڕۆچوونی بەم شێوەیە دەرنەکەوتووە، کە دەرون ببێتە نێرەر، لەگەڵ ئەوەشدا دۆخی دەرونی سەبری جێگیر و گۆڕاوە، ئەوەش وا دەکات ناکۆکی لە هەڵوێستدا دەربکەوێت، لای سەبری پرسی تەواوی کێشەکانی مرۆڤایەتی جێی بایەخە، بەڵام دەرونپەشێوی خۆشی دەبێتە کێشە بۆ واقیع و مرۆڤەکان، لەبەرئەوە ڕۆشنبیرییەکەی ڕۆشنکەرەوە و تاریککەریشە.

سەبری ئەو خودە کردەنوێنە ڕۆشنبیرەیە لە دیدی ئەوانەوە سۆفی و فەیلەسوفە، بەڵام خەڵک و شار لە چاوی ئەمدا دڕندەن، "ئەو خەڵکە جڕو جانەوەرەی ناو ئەو شارە پۆخڵەی..."[٢٤٤] وەکچۆن خەڵک دڕندەیە، شاریش بۆگەنە، لەبەرئەوە بۆ خۆپاراستن لە بوون بە جانەوەر و یەخەپیسبوون لە شار کەمتر تێکەڵ دەبێت و لەناوەوەی خۆیدا دەمێنێتەوە، چوونە دەرەوەکانیشی بە دەگمەن دەیبەنە دەرەوە، چونکە لە دەرەوەش ناوەوەی چالاکە. یەکێک لەپاڵنەرەکانی هۆگری دەرونی سەبری، هەڵسوکەوت و هاوڕێیەتی باوکیەتی وەک دەروونناسێک لەگەڵی، باوکی خوێندەوار و مرۆڤێکی نموونەییە"نەک تەنیا وەک باوک، وەک مرۆڤیش نموونەیی بوو پیاوێکی خوێندەواری ڕووناکبیری هۆشمەند...وەک هەر دکتۆرێکی دەروونناس سەبارەت بەگیروگرفتەکانی دەیدواند"،[٤١] لەم ڕوانگەیەوە باوکی نێرەر و سەبری وەرگرە، چونکە هەر باوکیەتی پێیوایە هۆگری کوڕەکەی بە ڕۆژ و ڕووناکی، جۆرێکە لە ئایین"ئایا ڕۆژپەرستیت"[٤٢] یاخود دواتر پێی دەڵێت: "ئەم پەنجەرەیە تەلیسماوییە".[٤٢] هەرچەند سەبری نکوڵی لە هەردووکیان دەکات، بەڵام لە قوڵاییدا ڕووناکی ئەم پەنجەرەیە لە ئایین و تەلیسم بۆی زیاترە، لەبەرئەوە کاریگەرییەکانی باوک لەسەر سەبری لە ژنتەهێنان و وەرنەگرتنی پۆست و ڕقبوونەوەی لە پلە، کە مرۆڤ ملکەچ دەکات،[١٠٥] هەروەک باوەڕبوونی بە مارکسیزم و دژە چینایەتی و ڕقبوونەوەی لە خۆهەڵکێشان و خۆناساندن بە بنەماڵەوە، چاکەخوازی و ڕۆشنبیربوون، نەگریان بە ئاشکرا"لە تۆوە فێربووم، منیش قەت تۆم نەدەدی بگریت.."[٥٠] ئەمانە و چەندین ڕەفتار و سیفەتی تر دەبینین، کە نیشانەی نێرەری باوکە بۆ وەرگری کوڕ.

بە گشتی وێنەی سەبری خوێندەوارێکی دەرونشێواو و پەشێوە، کە تا ئاستی شێتی دەچێت و لەناوەوەی خۆیدا خەریکی گەورەکردن و دروستکردنی کێشەکانە، یاخود چیرۆک و لێکدانەوەی دەرونی بۆ جوڵەکانی ئەوان دەکات، ئەمەش وادەکات دراوسێ و برا و خوشکەزاکەی بە دوژمن ببینێت. دەرونبزێوی و خۆدواندنی بەردەوام، سەبری لە جوڵە و گوتەی کردەکی خستووە، لەبەرئەوە نێرەری سەرەکی ناوەوە(دەرون) و وەرگر و بکەرەکەش خودی سەبریە، کە گوێڕایەڵ و کۆیلەی دەرونی خۆیەتی و ناتوانێت لەگەڵ دەرەوە بسازێت و هەر لە: دەمویست، نیازم وابوو-دایە "خۆ ئەم ویستی بچێ پرسیارەکەی لێبکا. نیازیشی وابوو بچێ هەوڵبدا پەشیمانی بکاتەوە".[١٥]

گریماس ڕای وایە بەرامبەرییەکان بۆ ململانێ و کێشمەکێشی کردەنوێنەکان بنەڕەتین، بردنەوەش گرنگ نییە، هێندەی دەرخستنی ڕەهەندە بوونگەراییەکان،[بوعطیة، ٢٠١٣: ٦١] لەم ڕۆمانەشدا دەیان دوانەی لە چەشنی دەرون و واقیع، بکەم و نەکەم، چاک و خراپ، ڕۆشنبیر و نەخوێندەوار، چەوسێنەر و چەوساوە...سەرچاوەی جوڵە دەرونی و دەرەکییەکانی ڕۆمانەکەن، کە دۆخە بوونگەرایی و دەرونییەکانی سەبری بەهۆی واقیع و کردەی کردەنوێنە لاوەکییەکانەوە دەرخراوە.

وێنەی سەبری وەک خوێندەوارێک بە دیدی من وێنەیەکی ناجۆری خوێندەوارە، کە ڕۆماننووس لە سەبری و لەسەبریش بۆ باوکی کێشاوە. سەبری نموونەیەکی بەرز و شایستەی ڕۆشنبیر و خوێندەوار نییە، چونکە خوێندەوارێکی کینەدڵ، نەخۆش و لاوازە، نەک نیگەران و بیرکەرەوەیەکی ماوەگرتوو لە واقیع، لە واقیع هەڵدێت و بەهەر چوارپەلیش لەناویدا خزاوە و لاوازترە لەوەی لێی هەڵبێت. دیارە تایبەتمەندیگەلی دروستی خوێندەواریشی پێدەدات، بەڵام بە گشتی جۆرێک شەڕفرۆشتن و بڕیاردانی نامرۆییش لەبارەی ئەوانیترەوە دەبینین، کە دەکەوێتە ناو دوانەی دژ و دۆست، پێیوایە هەمووان لێی تێناگەن و سەرقاڵی پیلاندانان بۆی، لەبەرئەوە لە کۆتاییدا پەنا دەباتە بەر سۆزانییەکی وەک زیبا دواتر لەویش نائومێد دەبێت و پەنا دەباتە بەر گۆڕستان و گۆڕی دایک و باوکی، ئەمەش ناکۆکی تاریکی و ڕووناکییە، کە ئەوانیتر بەرپەنجەرە و ڕووناکی لێدەگرن، بەڵام دەرونی خۆی تاریکخواز، نەک دەرەوە، لەبەرئەوە واقیع و دەرونی سەبری ململانێیەکی توندیانە، لێی هەڵدێ و ڕادەکات بۆی، هەژاری دنیای دەرەکی سەبری بە دەوڵەمەندی واقیع داپۆشراوە، لەبەرئەوە سەبری شکست دەخوات، ئەمەش چەند واتادارە، هێندەش دەرخەری نازرنگی سەبرییە، بە دیدی من ئەمەش دیسان سەرچاوەی لێکدژێکی بونیادیە، کە ویستی ڕۆماننووس لە وێنەی سەبری و وا دەرکەوتنیدا دەردەکەوێت، واتە وێنەی ڕۆشنبیرێک، کە دەرکەوتنەکەی ناڕۆشنبیرانەیە.

ڕەبەنی سەبری هەڵبژاردنێکی وردە، کە سازە لەگەڵ دۆخە دەرونی و خوێندەوارییەکەی، چونکە تەنیایی و گۆشەگیری، لەگەڵ کتێب و دووربوون لە مرۆڤەکان و هۆگری بە چەند کەسێکی کەم و لە هەمووی گرنگتر بە بەر پەنجەرەکە، کە واتای بوونی لێوە دەبینێت، "باوەڕی بە هۆگری لە ژیاندا هەبوو. هۆگری وەک دەستوورێک.. یاسایەک..تیۆرییەک و بهێنێ نهێنییەکانی ژیان و بوون و نەبوون و بگرە ئەوەکانی سەراپای گەردوونی پێ لێک بدرێتەوە".[عارف، ٢٠١١: ٤٠] ئەم هۆگرییەی بوون بە گشتیی و بوونی تایبەتی خۆشی پێدەخوێندەوە، بۆیە لەپاش گیرانی بەر پەنجەرەکە هۆیەک بۆ بوونی نادۆزێتەوە و وەک شێتی لێدێت، هەموو ڕووداوەکانیش بەمەوە گرێدەدات و دەبێتە هۆکارێکی بنەڕەتیتر بۆ دابڕانی لە خەڵک و واقیع، خوێندنەوەی شەڕەنگێز و دوژمنانە بۆ کردەکانی

کەریم و سابیر دەکات، دواتر حەمەجەزای خوشکەزاشی، کە نزیکییەتی دەکاتە دوژمن، بەڵام حەمەجەزا بە دڵگەرمی و هەڵهاتن لە خاڵی، لەم تێگەیشتنە تاکڕەهەند و دوژمنبینانەیە ئاگاداری دەکاتەوە. دەرونی سەبری، ڕێگرە لە بڕیاردانی دنیای واقیعی، لەبەرئەوە تا کۆتایی ڕۆمانەکە گوێڕایەڵی بڕیارە ناونشینە دەرونییەکەیەتی و لە دەرەوەشدا بێبڕیار و ڕووبەڕووبوونەوەیە، هەر کە دەیەوێت کردەیەک بنوێنێت، کردەی دەرونی بەسەر کردەی دەرەکیدا زاڵ دەبێت، لەبەرئەوە ئەندێشە و دەرونی لە واقیعدا زۆرتر دەرگیری کەس و مردووەکانە و یەک لەسەر پێنجی ڕۆمانەکەش لەسەر پرسی مردنە، لە کۆتاییشدا لە گۆڕستاندا لای گۆڕی باوک و دایکی و بە گفتوگۆی دەرونی چی بکەم و چی نەکەم، چی دەبێت و چی نابێت1، وادەبێت، کە بڕیاری ڕۆشتن و ڕاکردنی دوابکەوێت و سەرەنجام بکوژرێت.

سەبری بەپێی بیرکردنەوە و هەڵچوونە دەرونییەکانی دەڕوانێت و دەجوڵێت، ئەمەش نیشانەی چالاکی نێرەری دەرونییە، کە خودی ژانری ڕۆمان و بەپلەی دووەم دەسەڵاتی باوکە لەسەر کوڕ. کاتێک کەریمە کۆم دەبێتە دراوسێی و نهۆمی دووەم دەکاتەوە، ڕۆشنایی ژین و ئارامی بوونی لێدەگرێت، کە سالانێکە بووەتە زەنگی لە خەوهەستان و ئارامی دەرونی، وەک دابڕانی عاشق لە مەعشوق، ئازادی لە ئازاد، کە دەکرێت خوێندنەوەی سیاسیش بۆ ئەم ڕووداوە بکرێت، چونکە گرتنی ڕووناکی جۆرێکە لە گۆڕهەڵکەندن بۆ سەبری زیندوو، مرۆڤی کوردیش لەلایەن ئەویترەوە ماڵەکەی داگیردەکرێت و دەکرێت بە گۆڕستان، ڕۆژگیران و ڕووکردنە گۆیژە، زیاتر بوار بۆ خوێندنەوە سیاسییەکە دەکاتەوە، کە ململانێ و براکوژیش هەر ئەگەرێکی خوێندنەوەکەیە(چونکە کەریم زڕبرایەتی)، ئەوەشمان بیرنەچێت، کە لە ڕۆمانەکەدا لە چەند شوێندا باسی پشێویی شار، قڵیشانەوە و خۆپیشاندان و هەڵبژاردنی پەرلەمان و کۆیلەیی پۆلیس، کە ناڵێ نا و ملکەچە، کراوە، هاوکات دەستگیرۆیی سەبری بۆ زینەت، کە نوری مێردی بە گوللەی وێڵ دەکوژرێت جگەلە ڕەهەندە مرۆییەکە، ڕەهەندی سیاسیی و شۆڕشگێڕیی هەیە، کۆتایی سەبریش بە گوللەی دەسەڵاتی ستەمکارە.[عارف: ٢٤٨].

---

[1] - چی بکەم و چی نەکەم، چی دەبێت و چی نابێت. ئەم چوار زاراوەیەم لە ناسری سوبحانی وەرگرتووە، بەڵام جیاواز لە مەبەست و تێگەیشتنی ئەو. [سوبحانی، ٢٠١٥: ٢٣]

## پاری دووەم
## خود و بابەت، لە ڕۆمانەکانی ١٩٦١- ١٩٩١ دا

### ئارەزووی خود بۆ بابەتەکەی
### ١. پێشمەرگە

خود و بابەت دوو کردەنوێنی سەرەکین، جوڵە و ڕووداوەکانی ناو ڕۆمان لە دەوری خود و خودیش لە دەوری بابەت دەگەڕێت. خواست و ئارەزووی خود بۆ بابەت چوارچێوەی بەرنامەی گێڕانەوە و گوتاری ڕۆمانە، لەبەرئەوە خود و بابەت مەرج نییە کەس بن، بەڵکو دەکرێت ئایین، بیرباوەڕ و هێز و ئایدیۆلۆژییە جیاوازەکان بن، یاخود مرۆڤێک، ئاژەڵێک، چەمکێک بێت. لە ڕۆمانی پێشمەرگە، کە تێهەڵکێشی دوو ئاڕاستەیە، لایەنێکی لیریکی و دڵداری، ئاڕاستەیەکی نیشتمانپەروەری و شۆڕش دژی داگیرکەر و خۆفرۆشەکان. لیریکییەکە لەناو خەبات و خەونە گشتییەکەدا یەکدەگرێت، بەبێ ئەوەی خۆی لە دەستبدات، بەڵکو هێزی پێدەدات و بە گەیشتن بە سەربەخۆیی و ئازادی، دڵداریش بێڕێگریی ڕوودەدات. زوڵم و بێڕەوشتی و خۆبەخوازانی زەمینی هەندێک لە ئاغاکان هاندەری ئارەزووی ڕزگاربوون و کارابوونی خودی ژێردەستە و ڕەعیەتن، بەڵام بێدەسەڵات و بێچەکن، لەکاتێکدا ئاغا خۆفرۆش و خاکفرۆشەکان بە نرخی نا-منی کورد، خەڵک و دەسەڵاتێکی سنووردار و چاودێریکراویان لەلایەن دەسەڵاتی دەوڵەتەوە پێدراوە. دەسەڵاتەکەیان لەبەرامبەر خەڵکدا بێسنوورکردووە و بێسنوورییەکەی لە کردەی بژێوی، سەروماڵ، بێڕەوشتیشدا دەبینرێت، بۆیە پیرۆت لەئاستی تاکدا یاخی دەبێت. مەبەستی تاک و کۆمەڵی چەوسێنراو لەگەڵ مەبەستی کۆمەڵەدا سازە، لەبەرئەوە ئارەزووی کردەنوێنی خود و بکەری تایبەت و گشتیی بەرامبەر بابەتەکەیان پێکەوە سازن، کە دژی هێزی دەوڵەت و ئاغاکان خەبات دەکەن، تا بەسەر بابەتەکەیان سەربکەون و ڕزگاریی و ئازادی بەدەستبهێنن.[قازی، ٢٠٠٨: ١٢٢]

پەیوەندیی خود و بابەت لەم ڕۆمانەدا پەیوەستە بە وێنەکانی من و ئەویتر و ئەویترنوێن. ئەوەی جوڵێنەری خەباتی منە لە گوتاردا، نەتەوەییە، کە ئەویتری دەوڵەتی فارسە، بەڵام زەمینەخۆشکەری گرێچنی ڕووداو و گێڕانەوە و کردەکانی نا-من بە جۆرێک وێنەکانی خۆبەوکردوو و ئەویترنوێنەکانە، کە وەک سێبەر و لاساییکەرەوەی دەسەڵاتی بێگانە دەردەکەوێت، ئەگەر بە زمانی فەیلەسوفانی پۆستمۆدێرن بدوێین، وێنەی وەرگیراو(کۆپی) لە ئەسڵییەکە زیاتر خۆی بەرجەستەدەکات، ئاغا کوردەکان زیاتر لە بێگانە ڕەنج و خوێنی خەڵک دەمژن. هاوکات بابەتیش بریتییە لەو بەها، شێوەژیانە خوازراوەی لەلایەن نێرەری کوردەوە دەخوازرێت. کورد بەوپێیەی

ژێردەستەو چەوساوەیە دەیەوێت سەربەخۆ بێت، زمان و خاکەکەی لە ئەویتری فارس و خۆفرۆشەکان پاکبکاتەوە، ئەوەی بە کردەی خەبات هەڵدەستێت خودە. بەوپێیەی بکەر و خودی خەباتکەر لەسەرەتاوە پاڵەوانی لیریکین، خەونی تایبەت و گچکەیان هەیە، ئارەزووشیان سنووردارە و دەیانەوێت تۆڵە لە ئاغا ستەمکارە کوردەکان بکەنەوە و ببن بە ڕێگر و چەتە، کە ئەمەش بەبێ بکەری نەتەوەیی کە کۆمەڵە و بوون بە هێزی پێشمەرگە و دامەزراندنی کۆماری کوردستانە، خودە گچەکەکان(پیرۆت و شێرکۆ) لە ئاستی گوتاردا دەکاتەوە بە ئەویتر، چونکە ویستی بوون بە ڕێگر و چەتە[٨١] چوونە بۆناو گوتار و نواندنەوەی ئەویتر، بۆ ڕزگار و لەئەویترنەچوون، پیرۆت و شێرکۆ لەلایەن میرزا قۆیتاسەوە دەهێنرێنە ناو خودە گەورەکەی کۆمەڵە و دەیانکات بە ئەندام، کردە و خواستەکەشیان لە خودییەوە بۆ بابەتی دەگۆڕێت، خەباتیان لە ئازادیی تاکەکەسی بۆ ئازادیی نەتەوەیی دەگۆڕێت.[٩٣-٩٨]

ئەم گۆڕانە لە خودی گچکەوە بۆ گەورە گۆڕانی ڕوانگە و جیهانبینی کەسێتییەکانیش لەخۆدەگرێت، کە چەند مامۆستای نموونەیی هەن، هەر لە میرزاوە بۆ کاکە سوارە و خودی کاک بینایی(قازی محەمەد)، ئەمە جگەلەوەی ئاست و شێواز و تەکنیکی جیاواز دەگیرێتەبەر تا ئەم خودە گچکانە ببن بە خودی گەورە، واتە ئارەزوو و خواستە تایبەتەکەیان بگۆڕن و بیهێنن بۆ ناو خەونی گەورەی کوردبوونەوە، لە مرۆڤێکی گوندییەوە ببن بە مرۆڤێکی شۆڕشگێڕ و خەباتی سیاسی و چەکداری بۆ ئازادیی نەتەوەیی بکەن، نەک بۆ ڕێگری و پاککردنەوەی گوندەکان لە ئاغا زاڵمەکان، بۆیە قوتابخانەی کۆمەڵە بە ناوگۆڕین و پەروەردەیەکی تا ئەندازەیەک تەکیە ئاسا، کە بێدەنگی و بینینە، نەک جوڵەی بەردەوام دەستپێدەکەن، تا وانەی دووورودرێژیی قازی بەم دوو لاوە و لەخۆگرتنی ئارەزووەکەیان لە گوندەکەیانەوە بۆ نەتەوەکەیان،[١٣٥] هەربۆیە پیرۆت ئەو هێزەی سەرپەرشتی دەکات چەندین کوردی ناوچە جیاوازەکانی تێدایە و دەبێتە کۆکەرەوەی کوردستان لە دەستەکەیدا، لە کاتێکدا سەرەتا وەک خودێکی گچەکە نەیدەتوانی ئارەزووە و هۆشیارییەکەی لە تۆڵەی خۆشەویست و خیزانەکەی زیاتر بڕبکات. با سەرەتا سەرنج لە بیرکردنەوەی پیرۆت بدەین پاش کوشتنی رەئیسی ستادی سەقز و مینە ئاغا، "پیرۆت لەپاش ئەوەی کە بە سەرکەوتنەوە لە عۆدەی کوشتنی ڕەئیسی ستادی سەقز و مینە ئاغا هاتبوو، ئیتر بیر و فیکری لەمەڕ دنیا بە تەواوی گۆڕابوو وە هەمیشە شەڕ و ڕێگرتن و پیاوکوشتن و تفەنگی بە خەیاڵدا دەهات".[٩٢] ئەمە بیر و خەیاڵی خودە گچەکەکەیە، ئیستاش گفتوگۆی پیرۆت و شێرکۆ لەگەڵ میرزا قۆیتاس دەخەینەڕوو کە خودە گچکەکە لەگەڵ نوێنەری خودە گەورەکە کە میرزایە قسەدەکات:

"ئەمنیش لە ئینسانێکی وەکو ئێوە دەگەڕام و خولا ئێوەی گەیاند. بابم ئێوە ئیسمی کۆمەڵەتان بیستووە؟

پیرۆت هەڵی دایە و گوتی:

ـ بەڵێ بیستوومە دەڵێن دوژمنی ئاغاوات و ڕەئیس و مەئیسەی حەجەمەکانە و خەڵک دەیانگوت ڕووتکران و کوشتنی ڕەئیسەکەی سەقزیش کاری کۆمەڵەیە.

میرزا قۆیتاس زەردەخەنەیەکی هاتێ و گوتی:

ـ ئەوەڵەن کۆمەڵە دوژمنی هەموو عەجەمێک نییە، بە تەنیا دوژمنی ڕەئیسانەیە کە زوڵم لە میللەت دەکەن، کۆمەڵە ڕێگری ئینسانی بێ خەتا و بێ گوناهـ کوشتن بە کارێکی زۆر خراپ و قەباحەت حیساب دەکات و وا مەعلوومە هێشتا بە چاکی لە مەعنای کۆمەڵە حاڵی نەبوون... کۆمەڵە بۆ ئازادی و ئیستقلالی میللەتی کورد تەشکیل بووە، وە ئیدعا دەکا کە دەبێ میللەتی کورد ئیختیاری ماڵی خۆی بدرێتێ، بە زمانی خۆی گفتوگۆ بکاو سەنعەت و ئاوەدانی و فەرهەنگ و سەحیەی کوردستان تەوسیعە پەیدا بکات. کۆمەڵە زۆر ئیحتیاج بە جەوانی وەک ئێوە هەیە... وەرن داخلی کۆمەڵە بن، ئەمما ئەوەی بزانن کە هەر کەسێکی داخلی کۆمەڵە بێ، دەبێ بۆ فیداکردنی گیانی خۆی لەڕێگای ویدا ئامادەبێ".[٩٥-٩٦]

میرزا دەیەوێت کۆمەڵە وەک خەباتی شۆڕشگێڕیی بۆ ماف و ئازادی کورد بناسێنێت، نەک دژ و دوژمنایەتی ئەم و ئەو، لە کاتێکدا کۆمەڵە لە چاوی خەڵکەوە، کە چەوساوەی دەستی ئاغا و ژاندارمەکانن دژ بە ئاغا و عەجەمەکانن، ئەمەش خاڵی هاوبەش و ناکۆکە، هاوبەشییەکە لەوەدایە، کە کۆمەڵەش دژی ئاغا و ژاندارمن، بەڵام خەڵکەکە لە چاوی ئاغاکانی خۆیانەوە لە هەموو ئاغا و ژاندارم و عەجەمەکان دەڕوانن، لە کاتێکدا کۆمەڵە پێویستی بە ئاغا کوردپەروەرەکان هەیە، گوندییەکانی وەک پیرۆت و شێرکۆ دوو ئاغای دڕندە و خۆفرۆش حوکمیان دەکردن، بۆیە دژی ئاغاکانن، بەڵام کۆمەڵە نەتەوەییانە دەڕوانێت. هاوکات سەربەستی بۆ پیرۆت ئەوەیە، کە چەکی هەیە و دەتوانێت ڕێگریی و ڕوتانەوە بکات، بەڵام کۆمەڵە چەک وەک هۆی هێزێکی پیرۆزی خەبات دەبینێت، کە بەم چەکە کوردستان ئازاد دەکرێت، کۆمەڵە بیروباوەڕەو لە دڵدایە نەک بە تەنیا جەستە و هێزی بازوو، "شوێنی کۆمەڵە خۆ لەنێو چەوانی ئینسان نانووسرێ، دەبێ لەنێو قەلبی ئینساندا جێگیر بێ".[١٠٠] میرزا بەم دوو لاوە دەڵێت چەتەیی مێژوو دروستناکات، بەڵام کۆمەڵە دەیەوێت بە خەباتی بۆ ڕزگاریی ڕووداو و مێژوو دروستبکات، هەر بۆیە میرزا سەرەتا هەوڵدەدات بە شێوازی ئەو دوولاوە و بە گوتاری کۆمەڵە تێیان بگەیەنێت، کە هاوبەشیی و جیاوازییەکەیان پێویستە لەنێو کۆمەڵەدا یەکخرێت، پیرۆت سەرەتا ڕازی نییە و دەڵێت: "کاکە، بە خوڵای ئەمن بەوەی ڕازی نیم. ئێستا دەوران گۆڕاوە وە وڵات بووەتە پشێوێنی و هەرکەس هەرکەس، بەشی زۆری کوردان چەکیان وەدەست کەوتووە. یەکێک خەریکە تۆڵە لە دوژمنی خۆی دەکاتەوە، ئەوی تریش ئەوا لەسەر ڕێگا لە بن بەرد و لەنێو قوڵگەدا خۆی مات کردووە و دەیەوێ باروبنەی دەوڵەمەندان ڕووت بکاتەوە. ئێمە چیمان لەوان کەمترە. تفەنگمان هەیە؟ هەمانە، لەڕێگابڕین و پیاوکوشتن سەرڕاستین؟ سەرڕاستین. میرزا قۆیتاس، هیچ دەزانی ئەو کاتەی کە ڕەئیسەکەمان کوشتووە، لەگەڵ کاک شێرکۆ،

مینە ئاغامان هەڵاواسی، چەند لەزەتم برد!...براله وەرن با بە سەربەستی و ئازادی بژین و سەر بۆ هیچ کەس دانەنوێنین".[٩٦-٩٧] پیرۆت سەربەستیی و ئازادی بە پیاوکوشتن و چەتەیی و تۆڵەکردنەوە دەبینێت، میرزاش دەیەوێت وێنەیەکی تری سەربەستی خودە گەورەکەی نیشانبدات، لە پیرۆت دەپرسێت:

ـ لە ئاغاوات چەند نەفەریان دوژمنی تۆیە؟

[...]ـ دووکەس، یەکیان ئەوە لە جەهەننەم لینگە فرتەیەتی، ئەوی تریش ماوە.

میرزا قۆیتاس:

ـ ئەی ئەو هەموو ئاغایە کە خوێنی سەدەها هەزار ڕەعیەت هەڵدەمژن، دوژمنی تۆ نین؟ ئەتۆ حازر نی بۆ ئینتیقام ئەستاندنەوە لەوان کۆمەک بە خەڵکی بکەی؟[...]

دیسان پرسی:

دەتەوێ بە ئەسلەحەوە بەئازادی و بێ ئەوەی کەس مانعت بێ بگەڕێی؟

پیرۆت بەبیستنی ئەو پرسیارەی وەی زانی کە میرزا قۆیتاس لەگەڵ ئەو هاوبیرە و لەوەڵامدا گوتی:

ـ ئەی من دەڵێم چی؟ خۆ بە حەجەمی قسان ناکەم!.[٩٧-٩٨]

ئەم نزیکیە ڕوواڵەتیەی میرزا و پیرۆت لە ئاستی ڕووکەشدایە و لە بونیادی دەلالی قوڵدا دژە بە گوتاری پیرۆت، چونکە ئەو ئازادیە بە جۆرێک دەکەوێتە ناو ڕەفتاری بابەتەوە، میرزا بەهێمنی گوتاری نەتەوەیی کۆمەڵە دەخاتە بەردەم پیرۆت تا تێگەیشتنی چەوتی لە ئازادی و خەبات نیشانبدات:

"میرزا قۆیتاس دیسان پیرۆتی وەبەر پلاری پرسیاردا و گوتی:

ـ ئایا دەتەوێ هەمیشە لیباسی کوردی لەبەر بکەی؟ ئایا دەتەوێ خاتمە بە خودسەری و چەپاولی ئەربابان بدەی؟ ئایا دەتەوێ بە ئازادی لە ئاوەدانییەکەی خۆت دانیشی؟ ئایا دەتەوێ مەششەقەت و زەحمەت و ئەمەگی خۆت بۆ خۆت بمێنێتەوە و تێرتەسەل بی؟[...]

ئەتۆ بە تەنیا هیچت پێ ناکرێ. نەتبیستووە کە دەڵێن"گا بە تەنیا گێرە ناکات" خۆ تۆ بەچاوی خۆت وەقتی ڕووتکردن و کوشتنی ڕەئیسی ستاد برینداربوونی ڕەفیقەکەت دی. فەرزبکەین ئەو ڕەفیقەت مربایە وە ئەو نەبایە ئەتۆ بایەی. ئەوی دەمێ هەم بێ ئابڕوو دەبووی هەم خوێنەکەت بەخۆڕایی فەوت دەبوو. لە وەقتی ڕێگری و جەردەییدا ئینسان هەمیشە غالب نابێ، "گۆزە هەموو جارێک بە ساغی لە کانی ناگەڕێتەوە" ئەوە مەسەلێکە مەشهوری عالەم.[٩٨]

میرزا گوتاری خودە گچکەکە هەڵدەوەشێنێتەوە و لە جێگەی گوتاری خودە گەورەگە جێگیردەکات، هاوبەشی ئەم دوو گوتارەش لەو نزیکییەدایە، کە پیرۆت هەستدەکات هەردوو گوتار بەدوای ئازادیدا دەگەڕێن، بەڵام میرزا نیشانیدەدات، کە ئازادی خودە گچەکەکە ڕێگە و واتای لە ئازادی خودە گەورەکە جیاوازە، ئەگەر لەو ڕێگەیە بمرێت، ڕووڕەش دەبێت، بەڵام لە ڕێگەی ئازادیی خودە گەورەکە مێژوو تۆماردەکات، ئیمپرتۆ ئیکۆ پێیوایە، دوژمنێک پێویستە بۆ خۆبەرەوپێشبردن، خۆناسین و گۆڕان، ئەگەر نەشبێت دەبێت دروستبکرێت.[سلیمانی و ئەوانیتر، ١٣٩٩: ٤٥٢] لە دیدی

پیرۆت و میرزاشەوە ئەو دوژمنە هەیە، بەڵام ڕوانگەیان بۆی جیاوازە، میرزا بە پیرۆت دەڵێت: "ئینسان بەڕێگری و جەردەیی هەر دووسێ ئەربابی پێ دەکوژرێ. ئەی ماباقی چییان لێ بێ؟ نەخێر، عەزیزەکەم ئەو ڕێگایەی کە ئەتۆ لە نەزەرت گرتووە ڕێگایەکی ڕاست و موستەقیم و سەحیح نییە. ڕێگای سەحیح ئەوەیە کە تەنیا بۆ خودی خۆت نا، بەڵکو بۆ تەواوی جەماعەت فەعالییەت بکەی و قازانج و مەنفەعەت بەمیللەت بگەیەنی. ئەوی دەمێ ئەگەر ئینسان لەو ڕێگایەدا بشکوژرێ شەهیدە و ئینتقامی بۆ دەستێننەوە و شوێنی لەنێو تەئریخدا سەبت دەکرێ"[قازی: ل٨٦]. گوتاری ڕۆمانەکە نەتەوەیی و حزبییە(کۆمەڵە) نەک تاکەکەسی، چونکە تاکمان نییە، بەڵکو ڕێونکەر و ڕێڵادەر هەن، کە پێویستە کۆمەڵە ڕێنیشاندەریان بێت، بۆیە گوتارەکە تەنیا ڕەخنەگرتن لە ئەویتری فارس و جاشەکان نییە، بەڵکو لەو کوردە زوڵملێکراوە بێ مێژوو و ناهۆشیارەشە، کە ڕێی خەبات نازانێت.

بەمجۆرە ویستی منی گچەکە[تاک] دەبێتە بەشێک لە ویستی منی گەورە، ئارەزووی تایبەتی بۆ ئارەزووی نەتەوەیی دەگۆڕێت، ململانێی ناونشینی خودی تایبەتی و گشتی ئاراستەی بابەتی سەرەکی دەکرێت، کە ئازادیی و سەربەستیی نەتەوەییە، پیرۆتیش وەک کوردێک خۆی دەناسێت، واتە خودی گچەکە لە نەخوێندەواری و چەتەیی و ڕێگرەوە دەبێت بە شۆڕشگێڕێکی خوێندەواری سەرلەشکر، "ئەو پۆلەی کە پیرۆت سەرۆکایەتی بەسەردا دەکرد لە خەڵکی مەڵبەندەکانی جیاواز جیاوازی کوردستان پێکهاتبوو. پیاو لەنێو ئەواندا هەوشاری، سابڵاخی، بارزانی، شکاک، سەقز، کرماشانی، وەهی تری چاو پێ دەکەوت کە هەریەکەی بەشێوەی جێگای خۆی دەدوا وە هەمووش لەیەکتر حاڵی دەبوون، چونکە زمانی هەموویان کوردی بوو، ئامانج و بیر و ئارەزووی هەموویان وەک یەک بوو، یانی ڕزگاریی کوردستان بوو، بەڕۆژ ئەو پێشمەرگانە مەشقیان دەکرد، فێری فەننی سەربازی دەبوون، شەوانەش چەند سەعاتێک فێری خوێندن و نووسین دەبوون و لەپاش تەواوی ئەوانە لە دەورەی یەکتر کۆدەبوونەوە هەتا شەو درەنگانێک گاڵتە و جەفەنگ و کایەیان دەکرد".[قازی، ٢٠٠٨: ١٢٢] گۆڕانی خودە گچەکەکان بۆ خودی گەورە هێشوویەک وێنەی کۆکراوەیە کە لە گوتاری ڕووکەش بۆ گوتاری قووڵ بەرجەستەکراوە، کە جیاوازەکان یەکێتییان بە جیاوازییەوە نیشاندراوە، بارزانی و کرماشانی.. لەکوردبووندا یەکن، لەناو یەک ئامانجدا دەتوێنەوە کە ڕزگاری کوردستانە نەک ناوچە و گوندێک، شێوەزارە جیاوازەکان لە زمانی کوردیدا یەکیان گرتووە. ڕۆماننووس شارەزایانە ئەمەی لە فۆرمی زمان و تەکنیکیشدا نیشانداوە، کەسێتییەکی هەڵبژاردووە بۆ سەرلەشکر کە سەرەتا خۆی دژی ئەم گوتارەبووە، هەروەها لە زمانی ڕۆمانەکەشدا زارە جیاوازەکان بەکاربراوە، کە ئاماژەیە بۆ یەکێتی بە جیاوازییەوە"گاڵتە، جەفەنگ، کایە"[١٢٣].

دیاره هاوشێوەی خودی گچەکە و گەورە، بابەتیش بچووک و گەورەیە، کە بە بەرزەبەها و نزمەبەها دایدەنێین، ئەوەی خودە گچەکەکان بەدوایەوە بوون نزمەبەها بوو، دەیانویست تۆڵەی خۆیان بکەنەوە، ڕق و تووڕەیی کەڵەکەبووی خۆیان بە هێز و دەسەڵاتە چەوسێنەرە تایبەتەکەیان بڕێژن، ئەمەش لەلایەن تاکەکانەوە ئەنجامدەدرا، بەڵام یەکخستنی بەهاکان بووە هۆی یەکگرتنی هێزەکانیش. دەبینین، لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا نۆکەرەکانی ئاغا پشت دەکەنە ئاغا، یاخود مامەند وەک نەوەی پێشوو هاوکاری نەوەی نوێ دەکات، "بابە ئیتر پیربووی، لە ماڵێ دانیشە چت بەو کارانە داوە ئێستا دەوری ئێمەیە"،[٧٩] هەروەها خەڵکی باوەڕیان وانییە، کە کارە گەورەکانی وەک کوشتنی ژاندارم و ئاغا خۆفرۆشەکان چەند لاوێکی وەک پیرۆت و شێرکۆ ئەنجامیان دابێت، بۆیە بەکاری کۆمەڵەی دەزانن، لەبەرئەوە بەرزەبەها، کە ئامانجی کورد و کۆمەڵەیە، دەبێتە ناوەند و نزمەبەهاکان دەبن بە یاریدە و تواوەی ناو بەرزەبەها.

هاوکات وێنەی بەرزەبەها لای سەرۆک و ئەندامانی کۆمەڵە جەختی لەسەر دەکرێت، میرزا دەڵێت، "گا بەتەنیا گێرە ناکات"،[٩٨] ئامانج نەتەوەیە نەک گروپ، دەستە و گوندێک. بڵاوکردنەوەی گۆڤاری "نیشتمان"یش بەرزەبەهایە، بۆیە کۆمەڵە هەوڵدەدات ئەندامانی خۆی هۆشیاربکاتەوە و بیانێرێت بۆ ناوچە جیاوازەکان تا خەڵکە خاوەن نزمەبەها هاوتاکان تێکەڵی بەرزەبەها بن، تێکەڵبوونی ئەم دوو بەهایە و یەکبوونیان لەبەرامبەر وەڕسبوون و وەڵامنەدانەوەی بەهاکانی ئەویترە، کە بەهای دەسەڵاتی عەجەم و ئاغا خۆفرۆشەکانن، "لەبەشی زۆری کوردستان هێشتا ژاندارم و ئاژانەکان وە لە چەند جێگایەک بەشە هۆردووەکان و هەروەها خاوەن موڵکە زۆردار و نیشتمانفرۆشەکان دەستیان دەڕۆیشت و بە تەواوی هێزی خۆیانەوە لەڕێگای سازبوونی کۆمەڵەدا کۆسپ و بەرهەڵستیان پێک دەهێنا. هەر لادێیەکی لە حاست زوڵم و زۆری لەتامەدرچووی خاوەن موڵک وستەی لێوە هاتبایە بەبێ قسە نێوی کۆمەڵەیان لەسەر دادەنا و دەیانگرت. تەنانەت ئاغایەک لەمحاڵی (شار وێران) گوێی کرمانجێکی بڕیبوو لەسەر ئەوەی بە لادێیەکانی دیکەی گوتبوو وەرن بچین تێکەڵاوی کۆمەڵە ببین".[١٠٢]

کاتێک بەهاکان وەڵامدەری خودەکان نین، بەدوای بەهای دیکەدا دەگەڕێن، کۆمەڵە ئەو زنجیرە بەهایەی هەڵگرتبوو، کە بابەتی ئارەزووەکانی تێردەکردن، لەبەرئەوە دەسەڵات و نیشتمانفرۆشەکان وەک بابەتێکیش بوونە شوێنی داگیرکاری ئەم خودە، کە کۆمەڵەیە، هەروەها ئەم هێزە وەک پارێزەری بەهاکۆنەکان خۆیان نمایش دەکرد، بۆیە لەلایەن خاوەن بەرژەوەندییەکانەوە پاڵپشتی دەکران، بەڵام تەنانەت لەلایەن نەخوێنەوارە چەوسێنراوەکانەوە ڕەتدەکرانەوە، هۆنراوەکانی گۆڤاری نیشتمان کە ڕەخنەی لەو بابەت و بەهابەسەرچووانە دەگرت، لەلایەن نەخوێنەوارەکانەوە لەبەردەکران، "بەشێوەیەکی

پەتی و خۆماڵی دەردی دەروونی وەدی دەدا و ئاغاوەت و سەرۆک عەشیرەتە نیشتمانفرۆشەکانی وەبەر پلاری ڕەخنە و لۆمە دەگرت تەنانەت لەلایەن نەخوێندەوارەکانیشەوە لەبەر دەکران".[١٠٣]

خوێنەر لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا دەگات بەوەی کە ئارەزووی بکەر و خودی گەورە لە بەدیهاتندایە و گەشبینانەیە، چونکە پۆل و دەستەی پێشمەرگە بە سرودی ئەی ڕەقیب دێنە گوندی کانی سەوزە، کە شوێنی سەرەکی و دەستپێکی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەیە. گەڕانەوە بۆ ئەوێ ڕەمزە بۆ ڕزگارکردنی ناوچەکانی دیکە؛ گەڕانەوەی شێرکۆیە بۆلای دڵخواز و پیرۆتە بۆ زێد، هاوکات پڕکردنەوەی ئەو کەلێنەیە لەنێوان هەردوو ئارەزووەکە، چونکە خودە گچەکەکە بەرزبووەتەوە بۆ بەهای خودە گەورەکە، ئەم گەورەبوونە بواری لەخۆگرتن یان تێهەڵکێشی بۆ هەردوو ئامانج و بەهاکە ڕەخساندووە، ڕزگارکردنی کانی سەوزە و هەڵهاتنی سەرۆکی ژاندارم و قەرەنی ئاغا بە بەرگی ژنانەوە نیشانەی تێهەڵکێشەکەیە. لەگەڵ ئەوەشدا خواستە بنەڕەتییەکە، کە ڕزگاریی کوردستانە بەدینەهاتووە و هیچ ئاماژەیەکیش بۆ بەدینەهاتنەکەی نەکراوە، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە، کە ئەم ئارەزووە تەنیا لایەنی گوتار نەک گێڕانەوەیی ڕۆمانەکەیە.

**٢. ئاشتیی کوردستان**

خود و بابەت لەم ڕۆمانەدا خۆی لە ململانێی جووتیار و دەرەبەگ دەبینێتەوە و ئاشتی کوردستانیش بە لابردنی ستەمی ئەو ڕژێمە دادەنرێت. ئارەزووی خود کە بابەتەکەی پێکدەهێنێت بەهۆی کۆمەڵێک دەسەڵاتی یاریدەدەرەوە بە بابەتەکەی دەگات. بەرەی جووتیار، کە هێزی گەل، شۆڕشی پێشمەرگە و کودەتایە بەسەر ڕژێمی پاشایەتی، بەرەکەی دیکە کوێخا ڕۆستەمە سوور و دەسەڵاتی میرییە، لەلایەن هێزی گەل و خودەوە دەشکێنرێت. سەرکەوتنی خود بەهۆی بیروباوەڕی سۆشیالیستی، هۆشیاری چینایەتیی و خواستی سەربەستی و ئاشتی، دژ بەهێزی لاوازی کوێخاو میری دەدات، چونکە دەسەڵاتێکی گەندەڵ و ستەمکارە، لەبەرئەوە هێزی چاکە بەسەر خراپەدا زاڵدەبێت و خۆشەویستی لەبری داگیرکاری شوێنی دەگرێتەوە. بەرەی مەریوان و هێمن و خەسرەو دەوری خود دەگێڕن، شەفە گول یەکەم هێزی یاخی "من هەم"ی ناو بەرەی خودی یاخییە ڕووبەڕووی دەسەڵاتی کوێخا دەبێتەوە، مامۆستا ڕزگاریش بەهۆی نیشتمانپەروەری و بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی مەترسیە بۆ سەر بەرەی کوێخا، هاوکات خۆشەویستی لە دەستبەسەرداگرتن دەباتەوە و مینە ناتوانێت دەستی بگات بە گوڵە و لە خۆشەویستەکەی جیابکاتەوە.

گوتاری گێڕانەوەی ڕۆمانەکە لایەنگرانە لەگەڵ بەرەی خوددایە، لەڕێگەی پشتگیری جووتیار و هەژاران، بە وەسف و نیشاندانی کردەی نامرۆییانەی کوێخا و کوڕەکەی و گەندەڵی دەسەڵاتی میری و ڕژێمی دەرەبەگایەتی زەمینەی سەرکەوتنی خود دەڕەخسێنێت. بەرەی خودیش بەهۆی ئەزموونی پێشینەی کوێخایەتی دەزانێت و دەتوانێت ڕووبەڕووی کوێخا ڕۆستەم و کوڕەکەی بوەستێتەوە، تێکشکانیان نیشانەی تێکشکانی میریی و دەرەبەگێتییە. ناکۆکی ناوخۆیی خود سەرەتا لەنێوان مەریوان و خەسرەودا دەبینرێت، کە خەسرەو ڕقی لە هەژارانەو سوکایەتی بە مام زۆرابی هەژار دەکات، بەڵام لە کۆتاییدا هۆشیاریی و نیشتمانپەروەری و یەکگرتنی خود دەبینین، کە شۆڕشیش بەرپا دەبێت ناکۆکییەکان وەلادەنرێت و هەموویان ڕووبەڕووی بەرەی ستەمکار دەبنەوە، چونکە لای بەرەکەی تر"گرنگ ئەوەیە جووتیار و هێزی جووتیار بشکێت"،[سەعید،١٩٧٠: ٥٢] کەواتە ویستی ئاشتی و سەربەستیی کوردستان بە شێوەی ناوچەیی بەدیهاتووە، هەرچەند گوتارەکە ویستی سەربەستیی کوردستانە، کە جێبەجێنەکراوە و ڕەوتی گێڕانەوەکەش لە سنوورێکی تەسکتردا بەرجەستەکراوە.

### ٣- ژانی گەل

خود و بابەت لە ژانی گەل خۆی لە شۆڕشی خەباتی شار و شاخی پارتی ڕزگاریی بە ئومێدی سەربەستی نەتەوەی کورددا دەبینێتەوە. کردەنوێنی سەرەکیی جوامێرە، کە کامێرای ناوەکی و دەرەکیی گێڕەرەوەی لەسەرە، گەنجێکی هۆشیاری شارییە، بەهۆی وا زانینی دەسەڵاتەوە، کە جوامێر سەرکردایەتیی خۆپیشاندانی کردووە، دە ساڵ زیندانی دەکەن. ئەم ماوەیە بەهۆی هیوای کوڕیەوە ئومێدی مانەوە و خەباتی نەتەوەیی لەئەستۆ دەگرێت. بیرەوەری ڕابردوو و داهاتووی نادیار ئاراستەی کۆژیانی جوامێر و گێڕانەوەی ڕۆمانەکە دەکەن. کردەنوێنی جوامێر لە ڕابردوویدا لەناو ژیانی تایبەتیدا پەیوەستە وێنەگەلی ڕەخنەگرتن لە کەلتوور، ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕووبەڕووبوونەوەی بیری دواکەوتوو، داهاتووشی بڕیاری خەباتکردنە لەپێناو گەلدا، لەبەرئەوە نواندنی لە هەردوو ڕەوتی ژیانی تایبەت و شۆڕشگێڕیدا، ڕابردوو و داهاتوویدا وەک زنجیرەیەکی بەڕواڵەت دابڕاو پێکەوەبەستراون[1]، بۆ خزمەتکردنی ڕەهەندی هۆشیاری خود-کۆمەڵایەتی، ڕۆشنکردنەوەی ژیانی تاریکی گەل.

---

[1] - ئیبراهیم قادر لە نامەی ماستەرەکەیدا، ژیانی ڕابردوو و ئایندەی جوامێر بە دابڕاو و جیاواز نیشاندەدات، کە پێشتر کەنارگیر و خۆپەرستبووە، بەڵام دواتر بووە بە شۆڕشگێڕ[محمد، ١٩٩٠: ٧٦]. ئەم بۆچوونە تاڕادەیەک دروستە، بەڵام وردبوونەوە لە دیدی جوامێر لە ڕابردوو و ژیانی تایبەتیدا، بۆ پرسەکان، بەتایبەت ئازادیی ژن و ئازادیی سیاسیی، دەرخەری هۆشیاریی و بەرپرسیارێتییە، گوتاری ئەم ڕۆمانە و زۆرێک لە ڕۆمانەکانی ئەم قۆناغە مرۆڤە هۆشیارەکان بوونەتە شۆڕشگێڕ، یاخود لەگەڵ شۆڕش و ئازادیدا بوون.

جوامێر لە سەرەتاوە دژی بیری کۆنەپەرستی، نێرسالاری و کەلتووری دواکەوتووی کوڕپەسەندی دەوەستێت، کاڵێی هاوەسەری پێی دەڵێت، دەترسم دوای ئەو ژان و ئازارە کچم ببێت، جوامێریش دەڵێت، "کوڕ چییە و کچ چییە؟ ئەم قسەیە زۆر لە ئەقڵ و ژیریی تۆ بەدوور ئەزانم، لام وایە ئازار سەری لێ شێواندوویت، ئەگینا کەی تۆ ئەوەندە کۆنەپەرست بووی!".[ئەحمەد، ٢٠٠٨: ١٢] هاوکات بەبێ ئەوەی سەر بە پارتی ڕزگاری بێت، ویستی تۆڵەکردنەوەی لەژەندرمەکان هەیە، "ئێستە دەمانچەیەکی پێ بوایە کاسەی سەری هەڵدەگرت"،[١٩] ئەم دوو دیمەنە نموونەی تەواوکاریی خەباتی خودی جوامێرن، کە دەساڵ ماوەی لەنێواندایە، بەڵام لەبەرئەوەی گوتاری ڕۆمانەکە شۆڕشگێڕیی و سیاسییە و بەرگێکی لیریکی بە بەرداکراوە، ئەوا ڕەهەندی شۆڕشگێڕیی وەک ڕەنگ ئاوێزانی ژیانی کۆمەڵایەتی و خۆشەویستی جوامێر کراوە. هاوکات بەهۆی زاڵی گوتاری ڕۆماننووس بەسەر کۆی گێڕانەوە، جۆرە لێکدژییەکی ڕواڵەتی لەنێوان گوتاری کەسی و گشتیی دروستبووە، جوامێر وادەرناکەوێت بیروباوەڕی شۆڕشگێڕی هەبێت، بڕیاریداوە لەگەڵ کاڵێ و هیوا بچێتە شارێک هەواڵی شۆڕشی تیا نەبێت،"دامناوە هەرکە یەکمان گرتەوە داوا بکەم شوێنی چاودێرییەکم بۆ بگوێزنەوە بۆ شارێکی تر، کە هەر باسی شۆڕشیشی تیا نەکرێت!"[٧٤] بەڵام شۆڕشگێڕانە باسی دڕندەیی دوژمن بۆ لاوەی ئامۆزای دەکات، لاوەش دەڵێت، "من وام ئەزانی بەندینخانە هەروەکو سەروگوێلاکی گۆڕیویت بیروباوەڕیشی گۆڕیویت، بەبیرما نەئەهات دوای هاتنە دەرەوەت لە بەندینخانە لەژێر جێگاشەوە بیر لە سیاسەت بکەیتەوە کەچی کوتومت ئەڵێیت شۆڕشگێڕە ڕاستەقینەکانی قسە ئەکەیت".[٧٩]

چارەسەری ئەم لێکدژیە ڕواڵەتیە ئەوەیە، کە ڕەهەندێکی تری گوتاری ڕۆمانەکە لەبەرچاوبگرین، ئەویش ئازادی ژنە، کە جوامێر پێیوایە دە ساڵ دووری لە ژن و مناڵەکەی مافی بڕیاردانی شۆڕشگێڕبوونی نییە، ئەگەر ئەوان ڕازی نەبن،"هەرچەند بیر لە کەساسی و بێ کەسیی هیوا و دایکی ئەکەمەوە بڕستم ئەبڕێ و پەکم ئەکەوێ. دەستێکم ئەکەوێتە ئەملا و دەستێکم ئەکەوێتە ئەولا! هەر قسەم بۆ ئەمێنێتەوە، ئەگینا جێی هەقی من ئەو کەژ و کێوانە بوو. ناو (ل.ا.ن)".[٧٩] لەبەرئەوە بابەتی خود کە بونیادی گوتاری قوڵی ڕۆمانەکەیە، لە دوو ژان، ژانی گەل و ژانی ژن کۆبووەتەوە، کە جوامێر وەک نوێنەری شۆڕش خەباتیان بۆ دەکات، "بە شۆڕش نەبێ زوڵم و زۆر و چەوساندنەوە بنبڕ ناکرێن. لە کورەی شۆڕشا نەبێ کۆت و زنجیری دەست و مل و مێشکی کۆمەڵانی خەڵک ناکرێنەوە. شۆڕش ژانی گەلە. ژانیش... چ هی ژن بێت چ هی گەل...هاتنە دنیای نەتەوەیەکی ئازا و سەربەرز، بەختیار، ژانێکی لەوەش پڕ ئازار و ناخۆشتر ئەهێنێت!".[١٨٤] لە دیدی جوامێرەوە، ئافرەتی ئێمە لە سەربەستی ڕاستەقینە دوورە، تا پیاو خاوەن کیسە و باخەڵ بێت، قسەی

دواییش هەر هی ئەو دەبێت،[٨٧] کە ئەمەش هاوشانی گوتارە شۆڕشگێڕییە پێشکەوتووخوازە ڕەخنەگرانەکەیە، کە جوامێر کردەنوێنی هەردوو گوتارەکەیە. کەواتە گوتاری ڕۆمانەکە، یەکیان ئەویتری دوژمنە، ئەمیان سەر بە بیری پیاوسالاری و منی دواکەوتووە.

بابەتی ژانی گەل لە خەباتی خودەوە کە گەلی کوردە دێت، بۆ ئەوەی ئەو ژان و ئازارەی گەل، منالی سەربەستیی ببێت، واتە هاوشێوەی ژانی کالێی هاوسەری جوامێر، گوتاری ڕۆمانەکە باوکی هیوا دەکات بە منالی شۆڕش، لەبەرئەوە قەرەبووی لەناوچوونی کالێ و هیوای کوڕی ناو ژیانی تایبەتی، بە خەباتی نەتەوەیی باوک (جوامێر) ئاراستەدەکات، جوامێر ئازاری لەبارچوونی ژانی کالێی چەشتووە، نایەوێت ژانی گەلیش لەباربچێت، هەرچەند گومان دەکات، بەڵام خۆی دەبێتە یەکێک لە مامانەکانی، "کێ ئەڵێت ژانەکەی گەلیش وەک هینەکەی کالێ نابێت! چۆن ئەو مەرگی ستەمکار ژاندار و بەری ژانیشی پارچە پارچە کرد و گۆڕێکی تەنک و تاریشی پێ ڕەوا نەبینین، ئێستەش زۆردارێکی تازە لە پێستی ڕزگارکەرا، گەل و بەری ژان و ئازارەکەشی بۆ دەسکەوتی خۆی و دار و دەستەی، ناقۆزێتەوە".[١٨٢] ئەم دیدە ڕەخنەیی و گومانگەرایە لە شۆڕش، ڕۆشنبیریی ڕۆماننووسە، کە بەرنامەی گێڕانەوەی لەگەڵ ڕووداوی کەسێتییەکەی گونجاندووە.

زرنگیی ڕۆماننووس لەوەدایە گرێچنی ڕووداوێکی چیرۆک تایبەت و گشتیی پێکبەستراو هەڵدەبژێرێت، کە ژیانی لیریکیی و خەباتی نەتەوەیی لەنێو ململانێیەکی واتاییەوە تێهەڵکێش دەکات، بێئەوەی ئەم پێکەوەبەستنە لە دەرەوەی حەکایەتەکە بێت، تەنانەت خواردنەوەی مەی کە سەر بە ژیانی تایبەتیە تێهەڵکێشی خەباتی نەتەوەیی دەکات. نزیک و جیاواز لە پیرۆتی ڕۆمانی پێشمەرگە، جوامێر بەڕێکەوت و لەڕێگەی ژیانی تایبەتیدا ڕێی دەکەوێتە ناو خەباتەوە، بەڵام پیرۆت جگەلەوەی لە گوندە نەک شار، ڕاستەوخۆ دڕکی دەسەڵات دەچەقێتە جەستەی و تۆڵەدەکاتەوە. بابەت و مەبەستی خود لە ژانی گەلدا ئەویتری دوژمن دەستی بەسەردا گرتووە و خودیش شۆڕش بۆ بە دەستهێنانەوەی دەکات، بابەت، ژیان و سەربەستی و کەرامەتە، "ئەم خەڵکە لە چ حاڵێکدا ئەژین کەس خاوەنی ژیان و سەربەستی و ناموسی خۆی نییە".[٣٣]

کورد وەک خود بەرامبەر بە ئەویتری دوژمنە، کە بوون وماڵی داگیر دەکات، بۆیە ئەم خودە پێیوایە مافی شۆڕشگێڕبوونی هەیە، چونکە لە ڕابردوودا ئەم خودە وەک لایەنی مرۆڤایەتی خزمەتی ئەویتری کردووە، بەڵام ئەویتر لەبری پاداشت تاڵانی و داگیرکاری کردووە، "کورد چی خۆی پێ پارێزراوە تا گۆرانی و مۆسیقای خۆی پێ بپارێزرێت! پیاو کە خۆی نەبوو هیچی کەی نابێت، ماڵی ئەبێ بەسەر بەشی ماڵان، خێر، بیریشی ئەبرێت بە تاڵان! بە درێژایی مێژوو هەر پیاوی هەڵکەوتووی

کوردبووه و خزمەتی بێگانەی کردووە، لە هەموو مەیدانێکی چالاکی و پێشکەوتن و زانینا. کەچی هێشتا نەمدیوە بێگانەیەک خزمەتی شتێکی کوردی کردبێت!"،[٨١] ئەویتر دۆزەخ و زیندانی بۆ ژیانی کورد سازکردووە، گوندو شاریان کاول دەکات، لەبەرئەوە خودی کوردی بە خەباتی شۆڕشگێڕی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، بۆ ئەوەی ژیان و ماڵی داگیرکراوی بە دەستبهێنێتەوە.

دیارە کاتی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە لە ئێستای پاش ئازادکردنی جوامێرەوە دەستپێدەکات، کە بەهۆی فلاشباک و بیرەوەرییەوە بۆ پێش زیندان و ناو زیندان دەگەڕێتەوە، لە ئێستای گێڕانەوەشدا دوای دابڕانی دە ساڵ کاتێک خزم و هاوڕێکانی دەبینێت، کەس نایناسنەوە، بەڵام بینینی هەر کەسێک لە ئێستای پاش زیندان، هەواڵی گرتن و کوشتنە، کاتێک نەریمانی هاوڕێی دەبینێت، دەزانێت زۆرێک لە هاوڕێکانی زیندانی کراون یا کوژراون، بۆیە بەهۆی نەریمانەوە ئاشنای کۆمەڵێک گەنج دەبێت، کە هەموویان دژی دوژمنن. هاوکات ڕەخنەی باری ئابووری و نالەباری ژیانی کوردەکان دەخاتەڕوو، کە لەسایەی دەسەڵاتی ئیپریالیزمەوە چەوساندنەوەی کرێکاران و نادادپەروەری و هەژارترکردنی هەژارەکان دەبینین. لە گفتوگۆی شاهۆ و جوامێرەوە هاندانی جوامێر لەلایەن شاهۆوە بۆ خەباتی شۆڕشگێڕی دژی دوژمن دەبینین، ئەمەش پێمان دەڵێت، جوامێر هێشتا ئەو خودە نییە گوتاری ڕۆمانەکە دەیخوازێت، لەبەرئەوە شاهۆ یاریدەدەرێتیی. چونکە شاهۆ لە هەژارانە و لە کۆمپانیایەک کاری کردووە و کرێکارانی بۆ هەقی خۆیان خۆنیشاندانیان کردووە، بەڵام لەبری هەقپێدان، گرتوویانن و دەریانکردوون، ئەم لە دەرکراوانە، بۆیە ئێستا بە کولەمەرگی دەژی و بڕیاریداوە تێکەڵی خەباتی شۆڕشگێڕی بێت "من بڕیارم داوە تێکەڵی شۆڕش ببم و چارەنووسی خۆم ببەستم بە چارەنووسی گەلەکەمەوە"،[١٣٥] هەژاران زیاتر دەبنە شۆڕشگێڕ، ئەوەتا لاوەی ئامۆزای زیاتر لەبیری ژیانێکی ئارامە تا ژیانی شۆڕشگێڕانە، یاخود مەجیدی خاڵۆزای، کە نەخوێنەوارێکی خۆفرۆشە، ئێستا مەئمور و بەڕێوەبەری بانکە، ژنەکەشی بە پۆزەوە قسە دەکات، لە کاتێکدا مێردەکەی خۆفرۆشە و گەوادی بۆ دەسەڵات دەکات، جوامێر بڕێک هەست بە شەرمەزاری دەکات کە دەبیستێت خاڵۆزاکەی گەوادە، لەبەرئەوە ڕۆماننووس مەبەستیەتی ڕەهەند و شێوازی جۆراجۆر بۆ ناشیرین نیشاندانی دوژمن و خزمەتکارانی بخاتەڕوو، لەبەرامبەریشدا ماف بە شۆڕش و شۆڕشگێڕان بدات.

شاهۆ بە ڕەخنەگرتنی هەڵوێست و دیدی جوامێر کە سوود لە پەندی وەک"موویەک لە بەراز کەمبێتەوە هەر باشە... دەست بە کڵاوەکەی خۆم دەگرم با نەیبا" وەردەگرێ، جوامێر ئاگادار دەکاتەوە، کە ئێستا دنیا بۆ دوو بەرە دابەش بووە و پێویستە بڕیار بدات، "دەستەی دوژمنانی نیشتمان کەوا لە هێزی ڕاستەوخۆی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستە خاین و نۆکەرە نیشتمانفرۆشەکان پێکهاتووە، ئەوی کەشیان بەرەی بزوتنەوەی ئازادی نیشتمانییە. ئا لەم ڕۆژەدا، لە وڵاتی ئێمەدا

گۆشەگیری و دەست بە کڵاوی خۆوەگرتن، نەشوێن و نەکاتی باسکردنیان هەیە. جگەلەوەی هیچ یەکێک لەم دوو دەستە لێت ناگەڕێن بەو جۆرە بمێنیتەوە...ئەویان ئەتگرێ چونکە ناوت پیسە و دەستی لەگەڵ تێکەڵ ناکەی، ئەمیشیان بە خایەنت دائەنێ چونکە لەگەڵیا نیت"،[١٤٠] لەبەرئەوە جوامێر لەگەڵ ڕەخنە و ئەزموونی تاڵیشی بە شۆڕشگێڕانەوە، کە دەیگرن و خەریکە دەیکوژن، بەڵام سەرنجام بڕیاری شۆڕشگێڕبوون دەدات و دەچێتە بەرەی بزوتنەوەی نیشتمانییەوە. هاوکات بەهۆی ئەم پۆلێنەوە کوردە جاشەکان بە نیشتمانفرۆش و دوژمنی خود دانراون، بەڵام دەنگ و گوتاری زاڵی ڕۆمانەکە زۆرتر بە کەسێتیگەلی سەر بە بەرەی شۆڕشگێڕانە، لەبەرئەوە گوتاری ئەویتر لاواز و نزمە. هاوکات خواست و ئارەزووی خود کە ڕزگاری کوردستان و ئازادیی ژن و خەباتی شۆڕشگێڕییە، لەبەردەوامیدایە، نەک بەدەستهاتن، لەبەرئەوە ئارەزووی بوون بە شۆڕشگێڕ بۆ ڕزگاریی کوردستان بەهۆی جوامێرەوە بەدیهاتووە، کە وەک قەرەبوو یان تۆڵەیەک بۆ ڕزگارنەکردنی کاڵێ، دەبێتە شۆڕشگێر، کەواتە خواستی خەبات، هیوا و ئامانجی گەلە بۆ ڕزگاریی و لە شاخەکانەوە ئاڵای شۆڕش هەڵکراوە و بۆ بەدیهێنانی ئارەزووەکەش دەبێت لە شارەوە ڕوو لە شاخ بکرێت.

**٤. شار**

ڕۆمانی شار خود و بابەتی خودی لە کۆژیاری شاردا چڕکردووەتەوە، بە دابەشکردنی ڕۆمانەکە بۆ سێ بەش، کە دوو بەشی سەرەتا پانزە زنجیرە و سێیەم بیست زنجیرەیە، خەباتی سیاسیی، کۆمەڵایەتی و کەلتووری، ئابووری و خۆشەویستی دەکاتە بنەمای گێڕانەوە و دوانەی کردەنوێنی خود و بابەت لە هەر سێ بەشەکەدا نوێ دەبنەوە و پێکەوەیان دەبەستێتەوە. دوانە دەتوانین لە سێکوچکەی بواری سیاسەت(خەبات) و ئابووری (جیاوازی چینایەتی) و (خۆشەویستی)دا کۆبکەینەوە، چونکە دەسەڵات و حکومەت خراپن و ژیانی خەڵکیش لە سایەی ئەمانەوە ناهەموارەو هەژار زۆرە، بۆیە کۆمەڵگەکەش بە دواکەوتوویی ماوەتەوە، ئازادی تێدا نییە و گەندەڵی هەیە، بۆیە خۆشەویستان ناتوانن سەربەستبن لە هەڵبژاردنی خۆشەویستانیان، کۆتایی ڕۆمانەکەش، کە بە ڕژێمی پاشایەتی کۆتاییدێت، سەرەتای سەرکەوتنی خودە بەسەر بابەتدا، هەروەک هەبووەکانی شار دەستی نەدارەکان دەگرن، ئەمەش بەهۆی هاوبیری خەباتی سیاسییەوە، هاوکات خۆشەویستانیش لە دۆخی نزیک لە سەرکەوتندا نیشاندراون، کەواتە خود بە تەواوی ناگاتە بابەتی خواستراوی، بەڵام لە کۆشش بەردەوامە و نزیکە لە سەرکەوتن.

بەشی یەکەم باسی هاتنە شاری سابیر و بوون بە کرێچی میمکە حەلیم دەکات، کە سابیر بە هاندانی نەجمە خێل دێتە شار، گوایە شار هەموو شتێکی تێدایە، لەبەرئەوە دایکە بێوەژنەکەی لە گوند جێدەهێڵێت، ١٧ ساڵە هەواڵی لێی نییە و ئێستا میمکە جێی دایکی بۆ دەگرێتەوە و خاوەری بۆ دەهێنێت، کە وەک کچی خۆیەتی، بەڵام زوو خاوەر دەمرێت و میمکە تا دەمێنێت مریەمی کچیان شاهانە بەخێو دەکات، بەڵام میمکەش دەمرێ، ئیدی باری ژیانی سابیر و مریەم تێکدەچێت، چونکە سابیر پیاوێکی بودەڵە و ئیشنەکەر و لەشگرانە، ناچار کچەکەی بە پەنجا دینار بە دەروێش دەفرۆشێت.

بەشی یەکەم، بەهێزیی و جوانی و میهرەبانی میمکە و گەلاوێژ و خێزانەکەی دەبنە یاریدەدەری خود بۆ ڕاستکردنەوەی باری ژیان و گوزەرانی سابیر و کچەکەی، چونکە هەلومەرجیان بەهۆی دۆخی بابەتی و خودییەوە ناهەموارە، لەلایەک خودییانە سابیر بودەڵە و ئیشنەکەرە، بابەتییانەش ساویلکە و دواکەوتووە، کە ئامادەیە کچەکەی بفرۆشێت بە دەروێشی کچکڕی بێویژدان. ڕۆماننووس لێهاتووانە وێنەی کەسێتییەکانی کێشاوە و هەندێکیانی لە ناوەندا داناوە، سابیر مرۆڤێکی چاک و خراپە، بەڵام بێدەسەڵات و هیچ لەباردا نەبووە، پێویستی بە هاوکارییە بۆ ئەوەی ڕزگاربکرێت، بەڵام بارودۆخ و مرۆڤە خراپەکان لەبری ڕزگاری دەیخەنە ناو قوڕاوەوە، لەبەرئەوە ژیانی خۆی و مریەمی کچی دەبێتە پانتایی گێڕانەوەی ئەو دۆخ و بارە کەسی و بابەتییانەی کە هەن. دەروێش بەهۆی دڕندەیی دەرەکی و ناوەکییەوە، کە دەسەڵاتی هەمەجۆری هەیە، دەتوانێت کچ بکڕێت و ئارەزووی لە کچی مناڵە، لە سێکسیشدا وەک دڕندەیە، دەرون و ژیانی مریەم و سابیریش وێران دەکات، چونکە لەبەشی دووەمدا بەهۆی کوشتنی دەروێشەوە زیندانی دەکرێت.

خود و بابەتی خود لە بەشی یەکەمدا وێڕای لایەنی نەریت و جیاوازیی چینایەتی، خەباتی سیاسیی نهێنی بۆ لابردنی زوڵم لە هەژاران لە ڕێگەی وێنەی مریەم لەماڵی مامۆستا گەلاوێژدا بەشداری دەکات، مریەمی مناڵ لە مامۆستا دەپرسێ ئەوە بۆچی دەچنە ژێرخانەکەوە و دەرگا لە خۆتان دادەخەن، گەلاوێژ دەڵێت: "تۆ دەبێ ئاگاداری زمانی خۆت بیتو نابێ لای هیچ کەسێک، ئەوەی دەیبینیت بیدرکێنیت...[عارف، ١٩٨٦: ٥٣] بیرەوەری مریەمیش لەم کاتەدا دەجوڵێ و وێنەیەکی دیکەی میمکەمان لە هەڵوێستی دژی دەسەڵاتی میری بۆ دەخاتەڕوو، کە یارمەتی ئەوانەی داوە دژی حکومەت بوون، "مریەم بە دڵنیاییو پەرۆشییەوە وتی: بەڵێ..بەڵێ باجی تێگەیشتم..لەبیرم دێ کە جارێکیان دوو پیاو، بەهەڵەداوان خۆیان کرد بە ماڵی ئێمەدا، پۆلیس ڕاوی نابوون. میمکە بردنییە کونی ژوورەوەو حەشاریدان هەتا دنیا تاریکبوو، ئەوسا بەڕێی کردن. دوایی کە لێم پرسی: میمکە ئەوانە چی بوون؟ وتی: دەیانەوێ ئەم حکومەتە خراپە نەمێنێو حکومەتێکی باش جێگەی

بگرێتەوە".[٥٣] هاوکات جگەلە گەندەڵی دەسەڵاتی میری کە بەهۆی یاسای قۆرغکراوەوە خانوو یان مەملەکەتەکەی میمکە داگیر دەکرێت و مریەمی لێ بێبەش دەکرێت، کە ئەگەر ئەوە نەبوایە دەکرا ژیانی مریەم بە جۆرێکی تر بوایە هەروەک چۆن ژیانی پورە ڕەحمە و کچەکەی بەهۆی دەسەڵاتی میری، کە لە خانویەکدان و بەرجادە دەکەوێت دەردەکرێن، دەکەوێتە بەردەست دڕندەیەکی وەک دەروێشەوە و لە خشتەیان دەبات.

هاوکات لایەنی نەرێنی نەریتیش منداڵفرۆشی و کچی بچووک بەشودانە، کە ئابووری و جیاوازیی چینایەتی ڕۆڵدەبینێت، لە بەشی دووەمیشدا ئەم جیاوازییە بۆ لایەنی خۆشەویستیی و ژنهێنان دەوردەبینێت، چونکە کوڕێکی نەخوێندەوار ناکرێت کچێکی خوێندەوار بهێنێت، یان بەپێچەوانەوە، لەبەرئەوە خوێندەواران ئاست و پێگەیەکی بەرزیان هەبووە و تەنانەت کەمی بووە لە چایخانەکانیشدا دەرکەوون(فەرهاد بە نموونە)، هاوکات بیرکردنەوەی کچان لە خۆسوتان(ئەختەر و مریەم بە نموونە)، یاخود ڕەدوکەوتن(وەستا تایەر و ژنەکەی)، چونکە ئازاد نین و دەسەڵاتی نەریتی و پیاوسالاری دەیانچەوسێننەوە، یاخود لەم کەلتوورەدا پەنابردنە بەر شێخ و مەشایەخ بۆ چارەسەکردنی کێشەکان ئاسایی بووە.[٣٢]

خود و بابەت لە بەشی دووەمدا لە ڕێگەی پەیوەندیی برایەتی، هاوڕێیەتی و هاوخەباتی حزبایەتی ئەوڕەحمان و خورشید و زۆراب دەبینرێت، کە چایخانەکەی وەستا تایەر، کە زۆراب شاگردیەتی کۆیاندەکاتەوە، هاوکات پەیوەندی خۆشەویستی ئەوڕەحمان و ئاسکۆڵ، خورشید و ئەختەر، تێهەڵکێشی ڕووداوەکانی بەشی یەکەم دەبێتەوە، کە بەهۆی هاوخەباتی لەگەڵ خاڵی و گەلاوێژ، یەکترناسینی ئەختەر و گەلاوێژ و هاتنەوە ناوەوەی مریەم و باوکیەتی بۆ ناو بەشی دووەم، کە ئەمەش تێهەڵکێشی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی و عەشقە. سەرەتای ئەم بەشە بە باسکردنی لەناوبردنی خولەپیزە و گروپەکەی لەلایەن حکومەت دەستپێدەکات، کە گوایە بەهۆکاری خۆخۆری و دابەشبوون بۆ دوو بەرە و زاڵمی دەسەڵات لەناوبراون. گێڕانەوەکە لە چایخانەکەی وەستا تایەر لە دەمی کەسێتییەکانەوە دابەشبوونی لایەنگر و دژ، جاسوس و خەباتکار نیشاندەدات. چایخانەکە لە شاردا دەبێتە ناوەندی هێڵی پێکەوەبەستنی هەردوو بەشەکە و بەشی سێیەمیش، چونکە مرۆڤە خەباتگێڕ و هەژارەکان، بەرامبەر بە جاسوس و خۆفرۆشەکان، کە دژی خەباتن دەوەستنەوە، هاوکات ئەوانەی جاسوس و نزمن، سەر بە دەسەڵاتن، لەبەرئەوە کردەنوێنەکان لە چەند هەڵوێست و وێنەی جیاوازدا هاوبەشن. زایەر و دەروێش و مەجی و خولە، ڕێگر و سەر بە دەسەڵاتن، لەباری نەریت و جیاوازیی چینایەتی و دژایەتیی خۆشەویستی کۆکن، لەبەرامبەردا مرۆڤە هەژارەکان، هاوڕێ،

عاشق و خەباتکار و بە هەڵوێستن، بەڵام لەنێواندا کردەنوێنی ئاڵۆزیشمان هەیە، بۆ نموونە مامۆستا گەلاوێژ و فەرهاد و خاڵی، هەروەک میمکە و چەندینی تر هەژار نین، بەڵام دژی دەسەڵاتن و هاوکاری چینی ژێردەستن، یاخود سابیر بودەڵە و هیچ لەباردا نەبوو و کچ فرۆشە، بەڵام ڕەهەندی چاک و باشیشی تێدایە، هاوکات حەمە شین کە شەلاتی و سەربەگۆبەند و مەشروبخۆر و منالی زیندانە، بەڵام مەرد و خوێنشیرین، جوان و بەهەڵوێستە، دژی دەسەڵات و خۆفرۆشەکانە، پشتی هاوڕێکانی بەرنادات.

خود و بابەت لە بەشی دووەم، لەنێوان دوانەی خەبات و دڵداری، ڕووبەڕووی دەسەڵاتی حکومەت و نەریت و جیاوازی چینایەتی دەبێتەوە. وەستا تایەر کچەکەی خۆی بە شاگردەکەی دەدات و دەستی سابیر دەگرێت و ڕێز لە شۆڕشگێڕان، کە کرێکارن و دێنە چاپخانەکەی دەگرێت. هاوکات کرێکارە عاشقە خەباتکارەکان بەڕووداوی هێنانەوەی تەرمەکەی شێخ مەحمود لایەنی خەبات و دژە دەسەڵات پەرەپێدەدەن، تەنانەت ڕووداوی سروشتیی، لافاوەکەی سلێمانیش واتایەکی سیاسیی و شۆڕشگێڕی پێدەدرێت و دەخرێتە خزمەتی دژە دەسەڵات و ڕەهەندی یەکگرتوویی کوردان لە دۆخە ناهەموارەکاندا وەک بابەتی خود ئاراستە دەکرێت، لەبەرئەوە ڕۆماننووس بە مەبەستی نیشاندانی مێژووی شاری سلێمانی لە ڕەهەندە جیاوازەکانەوە ڕووداوەکانی گێڕاوەتەوە.

خورشید و ئەوڕەحمان هاوڕێ، کرێکار و ئەندامی حزبن و چالاکی سیاسیان هەیە، هاوکات عاشق و دژی زوڵم و چەوساندنەوەن، بەرامبەر دیدی باو دەوەستنەوە، بە گەورەیی دەچنەوە قوتابخانە و خوێندن تەواو دەکەن1، لەگەڵ ئەوەشدا تۆڵەسێنن، لەبەرئەوە خەباتی سیاسییان ئاوێزانی ڕووداوە تایبەتەکانی ژیانیان بووە، ویستی کەسی و نەتەوەیی بەریەککەوتوون، کە لە ئیرەیی گەلاوێژ بە مەریەم و فەرهادیشدا دەردەکەوێت، بە واتایەکی تر مامۆستایەتی و ڕۆشنبیریی گەلاوێژ کە کچە خەباتکارێکی شارییە و لە ڕۆمانی کوردیدا لە یەکەم ئافرەتی ڕۆشنبیری شۆڕشگێڕە، کە وێنەکەی ناکۆکیەکی واتایی جوانی تێدایە، چونکە ڕۆشنبیرییەکی بەرز و ئیرەییەکی زۆری تێدا دەبینین، لە دڵداریدا چاوی لە فەرهاد و لە ئیرەیی بە مریەم، کە فەرهاد بایەخی پێدەدات.

ڕۆماننووس کردەنوێنەکانی خستووەتە ناو چوارچێوەی بەرنامەی گێڕانەوەکەیەوە، دۆخ و هەڵوێستە جیاوازەکانیانی نیشانداوە. ژیانی کرێکار، خەباتی سیاسیی، خۆشەویستی، جیاوازیی نێر و مێ و کەلتووری کوردی لە ڕێگەی جوڵەی کردەنوێنەکانەوە دەرخراوە، کە کرێکار لەلایەن وەستاوە مافی دەخورێ، فریو دەدرێ و سوکایەتی پێدەکرێت"ئاگاداری خۆت بە و وریابە وەستاکان نەتخەڵەتێنن، یا کرێکارەکان تەشقەڵەت پێنەکەن"،[١٢٦] هەروەها کەریم مێردی پێشووی خاوەر لە

[1] ـ تەواوکردنی خوێندن بەشێکە لە پرۆسەی هۆشیاریی و چاوکرانەوەی زیاتر.

شەڕی دراوسێ دوکانەکان دەکوژرێت،[١٨] هەروەک خاوەنکاری وەک میرزا سەلیم، کە سابیر و کچەکەی بەکاردەهێنن. لە جیاوازی نێرو مێ و دیدی دواکەوتووی خەڵکیشدا، مریەم لە قوتابخانە دەردەکەن، گوایە بۆ کچ ناشێت،[٤٩] یاخود زاڵی و زاڵمی مەجی برای ئەختەر بەسەر خوشکەکەیدا و یاخیبوونی ئافرەتانی وەک ئەختەر و مەریەم لە دژی کەلتووری پیاوسالاری، لەبەرئەوە ڕەخنەی وێنەی کەلتووری کوردی خراوەتەڕوو، لە هەندێک جێگەدا تێهەڵکێشی ڕەخنەی پیاوانی ئایینیش دەکات، ئەمەش بەهۆی دەروێش کە نوێژکەرێکی فریودەر و جانەوەرە. هاوکات هاوکاری نێوان خەڵکی شار و دراوسێکان، کە زۆربەی شارییەکان یەکدی دەناسن، وەک لە ژانی گەل و ئەندێشەی مرۆڤێکیشدا ئەوە دەبینین، لەبەرئەوە نهێنی، نهێنی نییە و شت ون نابێت، حەمە دەزانێت کێ لە خورشیدی داوە، یاخود دابەشبوونی خێزان لە شاردا بۆ بەرەی جیاواز، ئەختەر بەرەی نیشتمانییە، مەجی برای دژی بەرەکەیە، ئەم وێنانەی شار پانتاییەکی بە بڕشتی واتا و لێکدانەوەن، کە کردەنوێنە شارییەکان لەنێوان ململانێی دەسەڵات و سەر بە دەسەڵات، یاخود هەندێکجار بەرامبەر دێهاتییەکانن، تواوەی دێهاتی ناوشاریش دەبینین، کە ڕووداوەکانی شار فراوانتر و بەربڵاوترن، لەبەرئەوە چەمکی ناکۆکی لە شاردا بەرجەستەترە تا گوند و دێ.

### ٥- کوێخا سێوێ

هەرچی خود و بابەتە لە ڕۆمانی کوێخا سێوێدا پەیوەستە بە خواست و مەبەستی کوردانی گوند. ململانێی کردەنوێنەکان لە گونددایە و هەندەران چوونە بەرەو گوندێکی تر، کە بەهۆی دوژمنداری، هەژاری و بێ بارانی ڕوودەدات، گەڕانەوەش بۆ نیشتمان هاوتایە بە گەڕانەوە بۆ گوندی لێسەندراو، کە سەرچاوەی کۆتاییهێنانە بە لێکجیابوونەوەی خزمان و ئاشتی و هاوسەرگیری ئامۆزاکان و لەناوبردنی دوژمن، ئەمەش خواستی سێوێیە بۆ گەیشتن بە بابەتەکەی.

خود بریتییە لە ئۆمەر و کوێخا سێوێ،[مەلای ڕەش، ١٩٨٦] بابەتیش سەرکەوتنە بەسەر نەریتی دواکەوتوو و دوژمنداری لەگەڵ عەشیرەتی شێخ گومەر و لەناوبردنی دوژمنەکان، کە عەشیرەتی شێخ دوژمنی ئۆمەر و خێزانەکەین. بە دیدی عەبدوڵا ڕەحمان عەشیرەتی شێخ لە هۆزی عەرەبن، ئەمەش بە داگیرکاری خاکی کوردان و ڕاگواستنەوە دەبەستێتەوە،[ڕەحمان، ٢٠٢٠: ٢٢٨] بەڵام بۆچوونم وانییە عەشیرەتی ناوبراو عەرەب بن و بابەتەکەش ڕاگواستنی کورد بێت، چونکە لە ڕۆمانەکەدا لەم بارەیەوە ئاماژەیەکی ڕوون نییە.

دیارە ئاکامی ئەم دوژمنداریە سەرکەوتنی کوێخا سێوییە، کە ژنی ئۆمەرە و ئۆمەر بە دەستی شێخ دەکوژرێت و سێویَ دەتوانێت تۆڵەیان لێبکاتەوە و بە تیرێک دوو نیشانە بپێکێت، چونکە دوو دوژمن، یەکیان ئاشکرا و ئەویتر نهێنی(کوێخا وەسمان) لەئارادایە و سێویَ بەهۆی لێهاتوویی و ژیرییەوە دەتوانێت دوژمنەکانی بە یەکتر لەناوبەرێت، سێویَ دەڵێت: "تۆڵە بە سەبرە بەڵام ئاوا بە زەبرە. تۆڵە ئاوا دەبێت: دوژمن بە دوژمن بترێنیت".[مەلای ڕەش، ٢٢٥-٦] هاوکات سێویَ دەتوانێت لەباری سۆزداریی و جوانییەوە سەرکەوتن بە دەستبهێنێت، چونکە لەلایەک ئەوەی بۆ خۆی نەگونجا بە ئارەزووی خۆی شوو بە لاوێک بکات، ئەوا بە شووکردنی کچەکەی قەرەبووی کردەوە، هاوکات بە ژیرییەکەی سوود لە جوانیی خۆی و چاوی برسی پیاوانی دەوروبەری وەردەگرێت، تا لە نەهامەتی و ڕێگرییەکان ڕزگاری ببێت، بۆ نموونە حاجی مام شێخ و کوێخا وەسمان دەخاتە داوەوە، بەمەش لە هەردوو دوژمنەکەی (هەژاری، شێخ گومەر و کوێخا وەسمان) ڕزگاری دەبێت.

لەم ڕۆمانەدا خود ڕۆڵی قوربانی و ڕزگارکەر دەبینێت، سێویَ ژیانی خۆی دەکاتە قوربانی باوک، مێرد و براکانی، هاوکات بەسەر کۆسپ و تەگەرەکانی بەردەمی، کە ماددی، دەرونی، هزری و کەلتوورین زاڵ دەبێت، بۆ نموونە هەژاری و بێکاری، یاخود ڕووبەڕووی دیدی باو، کە کار بۆ ئافرەت بە بڤە و حەرام دەبینێت، دەبێتەوە، پەیوەندی خێزانی ڕێکدەخاتەوە و لە تۆڵەکردنەوەی کەسانی ناشایستە خۆی دەبوێرێت، بۆ نموونە برای مێردەکەی(شوبرا) و ژنی حاجی مام شێخ، هاوکات وەک ژنێکی سەرکردە دەبێتە کوێخا و بڕیاردەر، لەبری ئەوەی باوکی لەسەر ژیانی بڕیاربدات، خۆی بڕیاردەدات، کە ئەمە بۆ ژنی گوند وێنەیەکی ناوازەیە. سێویَ دەتوانێت هەندێک لە ڕێگرەکان بکات بە یاریدەدەر، بایز کە دزی لە سێویَ دەکات، بەڵام دواتر دەبێتە نزیکترینی و بە سەردانەوان و کڕنووشەوە بەسێویَ دەڵێت: "بەڕاستی لەسەر ئێمە و کوڕمان پێویستە پەیکەرێکت بۆ دروست بکەین و هەموو ڕۆژێ سیَجار وەکو بت کڕنووشی بۆ بەری"،[٢٢٦] هاوکات یاریدەدەرە درۆزنەکانی وەک کوێخا وەسمان دەکات بە ڕێگر، بۆیە کۆتایی ژیانیشی هەر بە دەستی ئەمان دەبێت.

هاوکات گوتاری ڕۆمانەکە جۆرێک لە ئامۆژگاری و پەیامە، کە لە کۆتاییدا هەر چاکە سەردەکەوێت و خاوەن ماف، مافی بە دەستدەهێنێتەوە(مام ئۆمەر و سێویَ) و ئەوەی خیانەت بکات و شایەنی مردن بێت، دەمرێت (شێخ گومەر و لۆقدرێژ بە نموونە)، ئەوەی شایانی خۆشەویستی بێت، بە خۆشەویستەکەی دەگات(غونچەو ئامۆزاکەی)، دەوڵەمەندی چاوچنۆک، هەژار دەکەوێت (حاجی مام شێخ)، دەستدرێژیکار، دەستدرێژی دەکرێتە سەر، ناموس‌بەر، ناموسی دەبرێت(ژنە

گەنجەکەی حاجی مام شێخ لەگەڵ حوسەی خدر گاوانی جیرانیان دەست تێکەڵ دەکات)، یاخود ئەوەی چاکەبکات، چاکەی دێتەوە ڕێ، بۆ نموونە ڕزگارکردنی ناموسی ژنێکی نەناسراو لەلایەن مام ئۆمەر، کە دواتر کوڕی ژنەکان لەسەر ڕاسپاردەی دایکیان مام ئۆمەر ڕزگار دەکەن. ڕەوتی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە بەهۆی لایەنی بابەتییەوە گۆڕانی بەسەردا دێت و بەرنامەی گێڕانەوەکەش جێبەجێدەکات، بەڵام هەموو ڕەوتەکە لەلایەن گوتاری ڕۆمانەکەوە نەک لایەنی هونەری و تەکنیکی ئاڕاستەدەکرێت، لەبەرئەوە خواستی بکەر بۆ بابەتەکەی بە وردی لەناو بەرنامەی گێڕانەوەدا بەرجەستەکراوە و پەیامەکەش لە "چی بچێنی ئەوە دەدوریتەوە" چڕکراوەتەوە.

### ٦- هەڵکشان بەرەو لوتکە

گێڕانەوە لە هەڵکشان بەرەو لوتکە[سەراج، ١٩٨٩] خودی و بابەتییە، من و هەمووشتزان بەپێی پێویست دەگێڕنەوە، لەو جێگەیەی خود دەدوێ منی گێڕەرەوە خۆی دەگێڕێتەوە، لە کوێدا منی گێڕەرەوەی خود بوەستێ، هەمووشتزان دەگێڕێتەوە. ڕۆمانەکە ڕووداوێکی سەرەکی نییە، لەبەرئەوە کەسێتییەکانی دابەشبوون و فیلمئاسا دیمەنە جیاوازەکان دەردەکەون. مێژوو، نەریت، شێوەی ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و جێگە مێژووییەکانی کەرکوک، تەنانەت زمان و ئەدەبیاتی فۆلکلۆر و کەسایەتیی و پیشەکانیش لە ڕۆمانەکەدا وێنەیان خراوەتەڕوو.

کردەنوێنی سەرەکی تۆفیق، خوێندەوار و خاوەن بیرباوەڕێکی کراوە و مۆدێرنە، لەگەڵ گۆڕانی سیاسی و ڕووخانی سیستمی پاشایەتیدایە، لەبەرئەوە لە شۆڕشی ١٩٦١ دەبێتە شۆڕشگێڕو خێزانەکەی جێدەهێڵێت. تۆفیق لەسەرەتای ڕۆمانەکەوە خۆی دەناسێنێت، ئەمەش یەکەم ڕۆمانی کوردییە، کە کردەنوێنی سەرەکی، بەمجۆرە خۆی بە خوێنەر بناسێنێت، "پێشەکی من ناووم تۆفیقە، تۆفیقی قالە هەرزانی".[سەراج، ٤] تۆفیق بیرکراوە و ئاشتیخوازە، خەونی گۆڕانکاری هەیە و ڕێز لە ئازادی باڵندەکان دەگرێت، بەو هەژاری خۆیەوە، باڵندە لەقەفەسنراوەکان دەکڕێتەوە و ئازادیاندەکات. تۆفیق هاوشێوەی باوکی دژی دەسەڵاتی ئیمپریالیستی و چەوساندنەوەی کرێکارانە، وەک کرێکارێکی بە هەڵوێست لە خۆپیشاندانە دیارەکەی کۆمپانیای نەوتی باکوور[1] دەکوژرێت، تۆفیقیش بەهۆی

[1] ـ مەبەست لە خۆپیشاندانی گاورباغیە کە کرێکارەکانی داوای مافەکانیان دەکرد، بەڵام حکومەتی بەریتانیا توندوتیژی لە دژیان بەکارهێنا. چەند لێکۆڵینەوەیەکمان لەبارەی پەیوەندی ڕۆمان و مێژووی کورد هەیە، کە ئاوڕیان لە ڕەنگدانەوەی ڕووداوە مێژووییەکان لە ڕۆمانی کوردی داوەتەوە و ئەم ڕووداوەشیان باس کردووە: [محمد: ١٩٩٠]، [گەرمیانی، ١٩٩٦] [جاف، ٢٠٠٤] و [عەبدوڵلا، ٢٠٢٠].

هەڵوێستەوە لە کارەکەی دەردەکرێت، چونکە پێیوایە کرێکاران وەک باڵندەکان پێویستیان بە ئازادی و سەربەستیی هەیە. ڕۆمانەکە بەشێوەی ڕەمزی لە سەرەتای هەر بەشێکدا بە باسی هەڵۆ دەستپێدەکات. تۆفیق و خاتە هەڵۆئاسا چاودێری شار و خێزان دەکەن، تۆفیق لە خەویدا بووەتە هەڵۆ و خاتەش لە هۆشیاریدا دەبێتە هەڵۆ، "هۆشی خاتە بووە هەڵۆیەکی سپی و بەرەو دێیەکەیان هەڵفڕی[1]".[٢٣٣] لە سەرەتای ڕۆمانەکەدا لەبارەی تایبەتمەندی هەڵۆ دەنووسێت: "لەباب و باپیرانەوە شنەوتوومانە کە هەر شارێک لە دێرزمانەوە پاسەوانی خۆی هەیە...ئەم شارەی ئێمەش، هەڵۆیەکی سپی لەبەرزاییەکانەوە پارێزگاریی دەکات".[٤]

کردەنوێنی خودی لەم ڕۆمانەدا خۆی لە چەند کەسایەتییەکدا بەرجەستەدەکات، کە دیارترینیان تۆفیق و دایکی، خاتەی خێزانی و منداڵەکانی بە تایبەت نەوزادی کوڕە گەورەی، کە پارەپەیداکەری ماڵە، سالاری هاوڕێی و کەسێتیی ڕەمزی سۆفی محێدین...هەریەک لەمانە هەڵگری تێڕوانین و جیهانبینییەکن. دایک و خاتە سەربە نەریتی ئایینی و کەلتوورین، لەکاتێکدا تۆفیق و سالار جیهانبینییەکی پێشکەوتووخوازانەیان هەیە، سالار هونەرمەندە و تۆفیقیش خوێندەوار و شۆڕشگێڕە، ژنی هەردووکیان بیروڕایان بەراورد بە مێردەکانیان دواکەوتووە. سالار و تۆفیق سەرەتا دژی دەسەڵاتی پاشایەتی و لە کۆتاییدا وەک شۆڕشگێڕ دژی دەسەڵاتی کۆماری دەوەستنەوە[2]. لەگەڵ ئەوەشدا بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەی تۆفیق بەرامبەر پرسی نەریت و ئایین دیارو بەرچاوە، لەبەرئەوە هەڵوێست و بیرکردنەوەکانی هەندێکجار لەلایەن خەڵک و خێزانەکەشییەوە ناجۆر وەردەگیرێت، بەڵام هاوبیر و هاوخەباتیشی هەیە. دەبێت ئەوەش بخەینەڕوو کە بیرکردنەوەی پێشکەوتووخوازانەی سالار و تۆفیق نەبووەتە کێشە بۆ بیرکردنەوەی نەریتی خێزانەکانیان، ئەمەش ناکۆکییەکی هزری نەرمە، کە جیاوازیی هزری پیاوەکان لەگەڵ ژنەکانیان کێشەی خێزانی دروستنەکردووە.

تۆفیق پێیوایە، مردن لە دەمنوقاندن خۆشترە، چاونوقاندنیش ڕسواییە، بۆیە دژی حەمەشینی خاوەنکاری بەرامبەر بە مافی کرێکاران دەوەستێتەوە، "هەر گۆڕانێکی باری درامەتی خەڵکی، کاردەکاتە هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییان و جۆری ڕەفتاریان"،[٩٦]، لە ڕۆمانی *هاوارەبەرەش*، یارە، کە

---

[1] ـ ڕۆمانی تۆڵە[موکری، ١٩٨٥]، نزیک لەم ڕۆمانە، پرس، پەسن و باسی ئاژەڵ و گیانداران زۆر و بەشێوەی ڕەمزی کراوە.

[2] ـ ڕۆمانی مەملەکەتی ڕۆبۆتەکان[سەعدی، ٢٠١٧]، گێڕانەوەیەکی سادەی ڕووداوەکانی سەدساڵی عێراق و هەرێمی کوردستانی لەخۆگرتووە، ئەگەر خوێنەرێک بیەوێت بە ئەدەب نەک کتێبی مێژوویی ڕووداوەکان بزانێت، ئەم ڕۆمانە گونجاوە. لەوێدا باسی پاشایەتی و کۆماری و کودەتاکانی دواتر و بزوتنەوەی چەکداری کوردیش کراوە، ئەو ناکۆکیەش خراوەتەڕوو، کە سەرەتا دژی پاشایەتی کودەتا کراوە، بەڵام کۆمارییەکان خراپتربوون، بزوتنەوەی چەکداری کوردیش، دژی ئاغاکان بوون، بەڵام دوای پاشایەتی و نارەزایی ئاغاکان، لەگەڵیان یەکیان گرت و دژی کۆمارییەکان وەستانەوە، کوردگوتەنی، دوژمنی دوێنێ، بووە دۆست.

شوانی حاجی و عاشقی خەزاڵی کچییەتی، پێیوایە بۆ یەک ناشێن؛ ئەم هەژار و ئەو دەوڵەمەندە،"خۆبەکەم زانین میراتی فەقیری‌یە...دەستکورتی بیرکورتی‌یە، دەستکورتی یانێ دڵ کورتی...خەزاڵ کچە دەوڵەمەندە...ئەمن هەژارو بێکەس و کارم...گیای من نییە".[ئەمیری، ١٣٦٩: ٢٧] ئەم دیدە مارکسییە لە چەند ڕۆمانی ئەم قۆناغەدا هەیە، کە هەژاری و باری ڕۆشنبیریی گرێدەدات، هەرچەند بەشێکیان کەوتوونەتە دژیەکییەوە، کە دەنگی کەسێتییە هۆشیارەکان، خۆیان هەژارن؛ تۆفیق هەژارێکی خوێندەوارە.1

لە ڕۆمانەکەدا چەندین ڕووداوی کۆمەڵایەتی و مێژوویی باسکراوە و ڕەخنەیان ئاڕاستە کراوە، لەوانە گرانییە گەورەکە، شەڕەگەڕەک، نەریتی ژنکوژی لەسەر داوێنپیسی، بەزۆر بە شودان، قسەوقسەڵۆک و بوختانبازی، گەورە بەبچوک، دانی کچ لەبری خوێن، کە سالاری هونەرمەند لەڕێگەی تۆفیقەوە پێشنیاز بۆ نوریە کەچەڵ دەکەن، چونکە کوڕەکەی بە تەقەی خۆشی لە ئاهەنگەکەی سالاردا کوژراوە و لەهەقی دەڵێن کچێک وەربگرێت. تۆفیق و سالار لەگەڵ ئەمەدا نین، بەڵام وەک ناچاری ئەم پێشنیازە دەکەن. هاوکات باسی دۆخی جولەکەکان کراوە، بەڵام هەڵوێستی تۆفیق لەم بارەیەوە دەرنەخراوە کە سوکایەتی و بایکۆتی جولەکەکان دەکرێت. هەروەها ئاوڕ لە دۆمەکان دراوەتەوە و تۆفیق لەسەر ڕەشە دۆم دێتە دەنگ، کە گوایە لە کلاوڕۆژنەی گەرماوی ژنانەوە سەیری کردوون، ئەمەش هەرایەک دەنێتەوە و هەمووان نەفرەتی لێدەکەن، تۆفیقیش دەڵێت ئەم توندگیریەی ناوێ، لە کاتێکدا زۆربەی ئەوانەی نەفرەتی لێدەکەن خۆیان پینەیان پێوەیە و خەریکی گزیکاری و قۆڵبڕی و جادون."ئەو ڕۆژەی ڕەشەدۆم ئەو کارەی کرد، بووە جەنگی مەغلووبە...ڕەشەدۆم چینێکی باش دارکاری‌و ڕیسواکرا. لەو ناوەدا گەوزاندیانەوە و ئەوەی دەستی پێنەگەیشتایە تفێکی تێدەگرت.(شەمامە) دۆمی خوشکیشی، پڕیشکی جنێوو ناتوورەی بەرکەوت"[سەراج، ١٩٨٩: ٢٤] تۆفیق بە کۆمەڵەکە دەڵێت"خەڵکینە، ئێوە زۆربەتان لە ڕەشەدۆمیش خراپترتان کردووە، بەڵام بەسەر خراپەوە نەگیراون. هەیە لەژێر مێزەرەکەیدا دەیان جنۆکەی شاردۆتەوە".[٢٧] هاوکات لە ڕۆمانەکەدا ڕەگەزی خەونبینین و پێشبینی و هاتنەدی خراوەتەڕوو، کە بەهۆی خەونبینین بە تۆفیق و کەوتنەخوارەوەی لە ئەسکەلە خەونەکەی خاتە دێتەدی، هاتنەدی خەونیش هاوشێوەیە بەو دەربڕاوە نەریتییەی کە دەڵێت: "دڵم خەبەری داوە-دابوو". بەگشتی لەم ڕۆمانەدا خودەکان بەرامبەر بە بابەت و خواستیان شۆڕشگێڕ و کۆڵنەدەرن، بەڵام ئاکامی ڕۆمانەکە کراوەیە و دیارنییە، کە خودە کردەنوێنەکان بە بابەتی مەبەست دەگەن، هەرچەند دەبن بە شۆڕشگێڕ و کۆبوونەوەیان نیشانەی هەنگاونانە، نەک گەیشتن.

---

[1]- لە پاری سێیەم، پرسی هەژاری وەک ڕێگر دەردەخەین، کە کەم ڕۆمانی ئەم قۆناغە هەژاری نەبووەتە باسی گێڕانەوەی.

**٧. کۆردەرە**

لە ڕۆمانی کۆردەرە خود و بابەت دوو کردەنوێنی ئاشنای نائاشنان بە گێڕانەوەی کوردی، خودێکی خۆناس، کە ئەکبەرە لەناو ژیانێکی پڕ نەهامەتی هەژاری و دواکەوتووانەدا خۆی پێدەگەیەنێت و دەگات بەوەی خۆی دەیەوێت. ئەمە ئاشناییەکە، بەڵام گەیشتن بەخواست و بابەتەکەی نائاشناییە بە گێڕانەوەی کوردی، چونکە پێکهاتەییە لەنێوان ئێرە و ئەوێ؛ کوردستان و ئەوروپا. ئەکبەر لەناو خێزانێکی مەزهەبی و دواکەوتووی پڕ لە بڤە و خەونکوژیدا، هزر و خەیاڵی پڕدەبن لە خەون و بەیاریدەی حزب و ڕێکخراوە کوردییەکانیش دەتوانێت بچێتەدەرەوە و لەوێ بە خەونەکەی بگات و لە هەژاری ڕزگاری ببێت. ڕزگاربوون لە هەژاری و خوێندەواربوون گەیشتنە بە بابەتی خواستراوە، لەمەش گرنگتر نەتوانەوەیە لەناو کەلتووری ئەوروپا و گەڕانەوە و لەوێی ئێرەبوونە بە بەها و هزرە تایبەتەکانەوە، لەبەرئەوە لەگەڵ هاوسەرەکەشیدا کە کچە دەوڵەمەندێکی ئیسپانییە کێشەی چینایەتی هەیە و ئامادەنییە بەبێ ڕەنجی خۆی ببێتە خاوەن سەروەتی ئەو خێزانە، هەروەک لە گفتوگۆکانیشیدا لەگەڵ کریستین جەخت لەسەر داگیرکاری ئەوروپا و ڕوانینی ئەوان بۆ مرۆڤی ڕۆژهەلاتی دەکاتەوە، کاتێک کریستین بانگهێشتی ئیسپانیای دەکات، ئەم گفتوگۆیە لەنێوانیاندا ڕوودەدات:

"چاوم لێکە چۆن ناوچە بەناوچەی وڵاتی بابلۆ پیکاسۆو سلفادۆر دالیت پێدەناسێنم، ئەو دەمە دەزانیت هونەری نیگارکێشان و پەیکەرسازیو ساختمانو معماری یانی چی دەیوتو دەیوت..!!

من ئەو خۆهەڵکێشانەم لاگران بوو، باوەک حەقی ئەوەی هەبوو بە بیکاسۆ و دالی بنازێت بەڵام دەماری ڕەگەزایەتی دەیگرتمو دەموت:

- لەبیرت نەچێ پەرچەمی فەرهەنگو زانیاری مرۆڤ یەکەمین جار لە دۆڵی ڕافیدەیندا شەکاوەتەوە، بۆ نموونەش هەر لە وڵاتی تۆدا باوباپیرانی خەڵکی ڕافیدەینو ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست زۆرتر لە چوارسەد ساڵێک فەرمانڕەواییان کردووە...

- خۆ وەللە ڕاست ئەکەیت، بەڵام تۆیش ئەوە لەبیر نەکەیت (ئەو نانە نانە ئیستا لە خوانە)!!

- منیش توڕەدەبوومو دەموت:

- ئەو نانەی وا لە خوانی ئێوەی ڕۆژئاواییدایە تک تک خوێنی دەتکێ نانی دەستی مناڵانی برسیو هەژاری وڵاتانی ئێمە و جیهانی سێهەمە. ئێوەی ئیمپریالیست مەگەر بە خوێنی خواریتانا بنازن... ئێوەی ڕۆژئاوایی زۆر خۆتان بە زل دەزانن‌و خۆتان بەخاوەنی تەواوی جیهان دادەنێن، وا دەزانن ئێمە وەک جانەوەران یەشتا لەنێو ئەشکەوتەکاندا دەژین".[جاف، ٢١٢-٢١٣]

هاوکات هۆیەکی تری لێرەبوونی ئەکبەر کە لەوێ ئەندازیاری دەخوێنێت، ئەوەیە لە ئایندەدا خانووی وا دروست بکات لافاو نەیڕوخێنێت، "من هەر لە مناڵی‌یەوە مەیلم بەلای ساختمانو ڕازاندنەوە هەبوو، بەڵام هەژاریو بێ دەرەتانی مۆڵەتی هیچ بیرکردنەوەیەکی نەدابووین، جگەلە بیر

له دەردی برسیەتی نەبێت ئەو دەمەش منالآنە دەموت با گەورەببمو ببم بە(مهندس)ێکی چاک شەرتە خانووی وا دروست کەم بۆ هەژاران هەرگیز لافاو نەتوانێ دیوارەکانی بخووسێنێتەوە".[٢٠٨] دەردی هەژاری و نەخوێندەواری دنیای بیرکردنەوە و خەونی ئەکبەری داگیرکردووە، لەبەرئەوە بابەتی ویستراوی لە تێپەڕکردنی ئازارەکانی ئەم دوو دەردەوە سەرچاوەدەگرن.

ڕۆماننووس لە گێڕانەوەیەکی هونەرییدا جیهانێک لە دیاردەی وێنە سەرنجراکێشەکانی دنیای کوردی و ئەوروپی، دەسەلآتی کوردی و بەعسی بەشێوەی خودی و بابەتییانە تێهەڵکێشکردووە. ئەمە وێڕای نیشاندانی دەسەلآتی ئیمپریالیست لێرەو لەوێ. ئەکبەر، کە کردەنوێنی سەرەکییە، نێرەر و بکەرە، ئەمەش کردویەتی ناوەندی گواستنەوە و نیشاندان. ئەکبەر نیشانماندەدات، کە دەوڵەمەندان (حاجی سەعید-عەبە) نۆکەری ئینگلیز و دەسەلآتن، فێڵباز و تەڵەکەچین، هەژارانیش بەپێچەوانەوە ڕقیان لە ئینگلیزە و هۆشیار و نەزانن، چونکە کەلتوورپەرست و مەزهەبین، وارسی ڕووداوەکانی کەربەلان، سەرقاڵی موسیبەتنامە و کۆرسی شەوگریانن. بڕوایان بە ژیانگۆڕی لەڕێگەی نزاوە هەیە، هۆشیارییەکی ئەزموونی ژیارەکیشیان هەیە، کە لە دایکی ئەکبەردا دەیبینین، کە پێیوایە خوێندن کوڕەکەی ڕزگار دەکات، لەبەرئەوە دوانەی هەژاری و نەخوێندەواری بە شابەلآ و ڕێگری سەرەکی لەپاڵ ڕێگرییەکانی دەسەلآتی دەوڵەت و ئیمپریالیست و کەلتووری بیرو دەستگر دانراون، بەلآم ئەکبەر وەک خودێکی کارا زیندان و کەمان[ئامێری مۆسیقا] شکاندن، فێڵی کەسی و دەوڵەت لە خەونەکانی ساردی ناکەنەوە، بەسەر گشت ڕێگرییەکاندا زاڵدەبێت.

### ٨ـ هاوارەبەرە، هونەر وەک کردەنوێن

هاوارەبەرە [ئەمیری، ١٣٦٩] لە نووسینی فەتاح ئەمیری. ڕۆمانێکی دوو بەرگییە، بەرگی دووەم بە ناوی میرزا لە ١٣٧١ بلآو دەکاتەوە. کۆڕووداوی هاوارەبەرە لە گوند ڕوودەدەن و ژینگەی گێڕانەوەش وێڕای شێوازی کۆنی، تەکنیکی تێهەڵکێش و نۆرەیی[1] بەکارهێناوە، لەگەڵ ئەوەشدا بە جوانییەکی هونەریی و گوتاری کوردانە چنراوە، ئەمەش لە کۆپێکهاتەی ڕۆمانەکەدا ڕەنگیداوەتەوە. ئەوەی ئەم ڕۆمانە لە ڕۆمانە کوردییەکانی ئەم قۆناغە جیادەکاتەوە، بۆ یەکەمجار هونەر دەبێتە پاڵەوان و کردەنوێن، نێرەر و بانگکەر، داوا و هاوار دەکات و وەلآمی داواکەی دەدرێتەوە. لەم ڕۆمانەدا دوو ئەوین هاوتەریب بەیەکن، ئەوینی میرزا بۆ ئازادی گەلی کورد و ئێران دژ بە ڕژێمی

[1]ـ تێهەڵکێش نوێ و نۆرەیی کۆنە، لە تێهەڵکێش پێشکەوتن و گەڕانەوە، لێکدانی دوو هێڵی گێڕانەوە دەرەخسێت، بەلآم نۆرەیی ڕووداوەکان یەکبەدوای یەک ڕیز دەکرێن. لەبارەی تەکنیکەکانی گێڕانەوە، بڕوانە: [جەلال، ٢٠٠٩]

ڕەزاشا [بەرگی دووەم زیاتر بۆ ئەم مەبەستە تەرخانکراوە]. لە بەرگی یەکەمدا عەشقی میرزا بۆ بیر و جیهانبینیی کوردەواری دەرخراوە. 'هاوارەبەرە' بۆ ئەوینی یارە کە بەبێدەنگی و دەنگی بلوێر هاوار و ئەوینی خۆی بۆ کچی خاوەنکارەکەی دەردەخات. ڕۆمانەکە پڕە لە فۆلکلۆر و کەرەستەی کوردەواری، لە زمان، فەرهەنگ و ئەدەب، وشەنامەیەکی جیهانی کوردەوارییە بە شێوەی گێڕانەوەیەکی چێژداری پڕ واتا.

ڕۆمانەکە حەکایەتی فۆلکلۆر، بەیت و پەندی کوردی زۆری تێدایە. شێوەی ژیان لە گوند، کە گوندییەکان چۆن بیردەکەنەوە، کەلتوور و دابیان لە شایی و شین، میوانداری، کار (کشتوکاڵ، ئاژەڵداری) و کات بەسەربردنیان (یاری و سەردانی)، پەیوەندیی و ڕێزگرتنیان چۆن بووە. قسەکردنی هەردوو ڕەگەز، گەنج، بەتەمەن و مناڵ، خوێندەوار و نەخوێندەوار، دەوڵەمەند و هەژار، دز، سۆفی، مەلای ئایینی، ژن و پیاوی خانەدان و ژنی بەقسە و مێردمردوو، ئەویندار و خۆفرۆش (بلەچەرچی)... نیشاندراوە، لەبەرئەوە ڕۆمانەکە وێنەی ژیانی کوردەواریی لە تەنیشت ئەوینی نیشتمانپەروەری، کە میرزا نوێنەرایەتی دەکات، بەچڕی ئامادەیە. کاتێک یارە، بەڕێکەوت ڕێی دەکەوێتە ماڵی سۆفی، دەڵێت شوانم، بەدوای کار دەگەڕێم. سۆفی دڵو دەرکراوە، بەڵام دەستکورت، بیری ڕابردووی دەکەوێتەوە، "سۆفی لە دڵەخۆیدا دەیکوت: بریا کەرکە مەڕێکم هەبا، ئەو کوڕە قیتو قۆزەم دەگرت بەشوان، شوانێکی وریا، ژیکەڵە، ئای فەقیری چیت بەسەرهێنام؟ کلکی کەری وەیسم بڕیبوو؟ بەردم بەگومبەزێ دادا؟...ئەوکات سامانداربووم، چادرو چیغمان هەبوو، گەرمێنو کوێستانم دەکرد، هۆبەو هەوارێ دەچووم، پیرە بێرە دۆش، شەنگە بێری، شەنگو شۆخ، قوڵچاغو بەربێنکە لەبەردا، لەبەر کاوڕو کوڕی مەڕو بەرخەل گوێی فەلەک کەڕ دەبوو، وەک ماڵە قەرەتاژدینی.

کۆز، هۆڵو دانکە، بێر، لابێرو هاوێر، زاوەماک، چێشتان، پاڵێنو شەوێن، گۆچان، دهزبێنو توربێن، قاپووتو جلو جۆڕ بەخەیاڵیدا وەک گلۆڵەیەکی خلۆر بۆوەو کرایەوەو هەڵکرایەوە...دەیان ساڵ گەڕابۆوە دوایە، بەدووی چواندا دەچوو، لە دەریای بێ پەی بیرو ئەندێش مەلەباسکەی دەکرد..."[ئەمیری، ١٣] ئەمانە دڵۆپێ وشە و دەستەوشەن لە دەریای ژینو کاری کوردەواری، کە لە گوتاری ڕۆمانەکەدا ململانێی دەسەڵاتی داگیرکاری دەکەن.

ڕۆمانەکە وەک ئەوەی میوانداری کردەنوێن بکات، دوو کەسێتیی سەرەکی لە هەردوو بەرگدا (یارە و میرزا) دەکات بە کردەنوێن و پاڵەوانی سەرەکی، ئەم دوانە غەریبەن لەو گوندە، بەڵام وەک خاوەن گوند ڕێزیان لێدەگیرێت. میرزا، جگەلە بلەچەرچی خۆفرۆش، خەڵکی گوند وەک گەورەی خۆیان دەیبینن و بێدڵی و بێگوێی ناکەن، هەر میرزاش دەتوانێت شکێنەری دابی خراپ بێت، یارەی

بێکەس دەکاتە زاوای خاوەنکارە دەوڵەمەندەکەی. یارەی شوانیش بەهۆی کارزانی، دڵسۆزی و دەستپاکی، گرنگتر لەمانە هونەرمەندی لە بلوێرژەنیدا، وا دەکات زوو جێگەی لە دڵی خەڵکی ئاواییدا ببێتەوە، تەنیا هەندێک لاو ئیرەیی پێدەبەن. یارەی هەژار و بێکەس بە بێدەنگی عاشقی خەزاڵ دەبێت، لە ئاکامی ئەم ئەوینەوە گوند دەبێتە ماڵ بۆی، میرزاش بەهۆی هەواڵلێدان لەلایەن بلەوە ناچارە لە گوند هەڵبێت، ئاهەنگی زاوایەتی یارە و ڕۆشتنی میرزا کۆتایی بە بەرگی یەکەم دەهێنێت. کەواتە میرزا و یارە وەک خود کردەنوێنن، ئەوینی خەزاڵ بۆ یارە و ئەوینی کوردایەتی بۆ میرزا دەبنە بابەت و خواست، ئەوینی کوردایەتی، کە میرزا نوێنەرایەتی دەکات، سەرچاوەی پێکگەیشتنی یارە و خەزالە. ڕێگرەکان بۆ یارە بێکەسی و هەژارییە، بۆ میرزاش دەسەڵات و دابی کۆن، نەخوێندەواری و بلەی چەرچیش نوێنەری کوردی خۆفرۆشە، هاوکات یاریدەدەرانیش بۆ یارە جگەلە بلوێرەکەی و شەکە خەزاڵ، میرزا و سۆفی، دەنگدانەوەی ڕەوشتو کارزانی خۆیەتی، بۆ میرزاش کەسێتییەکەی کە ویست و ئیرادەی بۆ ئازادی پێکیهێناوە، لەگەڵ هەست و بیری کوردایەتی. لە خوارەوە زیاتر لەبارەی هەردوو کردەنوێن دەنووسین.

وێنەی میرزا، مرۆڤێکی کوردی خوێندەواریی نەتەوەپەرست و هەڵهاتوو لە دەست بێگانەیە، بەڵام خۆنەویست و شکۆدارو خۆشەویستە لەناو خەڵکی گونددا، "دەترسم ئاواش لەکۆڵ نەبنەوە، لێرەش دەرم پەڕێنن، واوەتر، زۆرواوەتر. وڵاتی خۆم پێخۆشە، ئاووخاکی خۆم خۆش دەوێ، ئەو خەڵکەم خۆشدەوێ، دەسهەڵگرتن لەو وڵاتە دەردێکی گرانە، نامەوێ پەنا بۆ بێگانەبەرم"،[٧٣-٧٤] میرزا بەهۆی هەواڵلێدانی خۆفرۆشان هەڵدێت، هەرچەند یارە دەڵێت، ورگی بلە هەڵدەدرِم، بەڵام میرزا پێیوایە کوشتنی هەواڵدەرانیش، کە براکوژییە چارەنییە، چونکە کوردە جاشەکان نازانن بوون بە داردەست، "بۆیە هەڵدێم کەس نەکوژم، براکوژی قازانجی نییە...براکوژی شەڕی خۆتڕێنە...حازرم بکوژرێم ئەمما نەکوژم".[٧٥] ئەم ڕوانگەیە 'بکوژرێم، بەس نەکوژم'، بیرخەرەوەی ڕوانینی سوکراتی فەیلەسوفە لەبارەی دادپەروەری و ستەمکاری، کە ئامادەیە ستەمی لێبکرێت، بەڵام ستەم نەکات [ئەفلاتون، ٢٠٠٩]. میرزا ڕێز لە ئایین و هونەر، داب و نەریتە تەندروستەکان دەگرێت، بەڵام هۆشیارانە لادەرە لەو نەریتە ناجۆرانەی ئازادی و ڕێزی مرۆڤ پێشێلدەکەن، پێیوایە "ئازادیخوازی یانی نەویستن و نەبوون".[ئەمیری، ١٣٦٩: ٧٤] هاوکات کوردانە بیردەکاتەوە و دژی دەسەڵاتی داگیرکارە، لە ئێستا(ڕەزاشا) و ڕابردوودا(سەفەوی و عوسمانی)، پێشیوایە کورد لە ئەسڵی خۆی لایداوە و بێگانەپەرست و بێئاگا و خۆبەکەمزانە، ڕایوایە، دەردی نەخوێندەواری گرانە، بەڵام خوێندەواری نەزان، سەد هێندە دەردی گرانە، وەک ئەو خوێندەوارانەی زمانی دایکیان فێرنەبوون. بێگانە نەریتی

خۆمانی بیربردینەوە، هی ئەوانیش فێرنەبووین، لە هەردوو دنیا بووین. "ئێمە لە ئەسڵی خۆمان دوورکەوتووینەوە، لەداب و رەسمی خۆمان، عیلاج گەڕانەوەیە بۆ لای ئەسڵی خۆمان... بێ دەفتەری حەیای لێ بڕین، کەمتەرخەمی تالآنی کردین، بێگانە پەرەستی ئابڕووی پێنەهێشتین".[٧١].

هاوکات یارەی کردەنوێنی سەرەکی، نموونەی شوانێکی کوردی زرنگو هونەرمەندە، لە ڕێگەی شمشاڵەکەیەوە خەڵکی گوند، بە خەزاڵیشەوە، بەرەو لای خۆی پەلکێش‌دەکات، بەڵام لەنێو هەمووواندا تەنیا خەزاڵی ئەویندای دەتوانێت لە دەنگو پەیامی بلوێرەکەی بگات، لەبەرئەوە هونەری بلوێر دەبێتە کردەنوێنی سەرەکی، لەبری پەیام دەبێتە پەیامنێر و نێرەر. کاتێک لە شاخە، چەتە و دز بەسەر یارەو مێگەلەکەیدا دەدات، پەنا بۆ بلوێرەکەی دەبات تا خەزاڵ لە چەتەکان ئاگاداربکاتەوە، "ئەوان زۆرن، تفەنگیان پێیە، لەگیانی خۆیان بووردوون، گاڵتە نییە، کێشەی مانو نەمانە، دەبێ بیان خافڵێنم، بەهەرباریێک بێ، بە شمشاڵ! خەزاڵ لە شمشاڵەکەم دەگا...ئاخر هومێدی هاوار بە شمشاڵ بوو...هاوارێ دەکا، شمشاڵی وە زمان هێناوە. هاوارە، هاوارە، بەرە، بەرە وەرە، وەرن...هاواری شمشاڵ نییە، هاواری ئەوینە خۆدەنوێنێ، ئەوین نامرێ، نابەزێ، ناشکێو سەرکوت ناکرێ."[١١٩-١٢٠] گریماس پێیوایە، قسە دەرخەری قسەکەرە، لێرەشدا هونەر ڕزگارکەرە، دژی خراپ و دزی دەوەستێتەوە، کە گوتاری ڕۆمانەکە بەمجۆرە بەرجەستەدەکات، هاواری هونەر، دەنگی یەکێتیی و چاکەیە، ڕزگارکەری کوردە، ناونیشانی ڕۆمانەکەش'هاوارەبەرە'یە، کە بۆ ڕزگاری کورد و ئەوینە. هاوکات کاتێک یارە ڕوو لە میرزا دەنێت تا خەزاڵی بۆ داوا بکات، میرزا دەپرسێت قسەت لەگەڵ خەزاڵ کردووە، یارە دەڵێت، "وەڵاهی میرزا، چت لێ بشارمەوە، بە شمشاڵ پێم کوت"[٧٥]. گوتنی هونەر لە گوتنی زار ڕاستگۆتر و کاریگەرترە.

لەم ڕۆمانە جگەلە بابەتی ئەوین؛ ئەوینی ئازادیی کورد و خەزاڵ، کە هەردوو کردەنوێنی سەرەکیی(میرزا و یارە) ئامادەی گیانفیداییین بۆ ئەوینەکەیان، ئەوینێکی مەجازیشمان هەیە، کە وێنەی لە ڕۆمانی کوردی ئەم قۆناغە ناوازە و تایبەتە. یارەی شوان عاشقی شەکە خەزاڵە و شمشاڵی بۆ دەژەنێت و قسەی لەگەڵ دەکات، بۆ ڕزگارکردنی گیانی خۆی دەکاتە قوربانی، کە چەتەکان تەقە لە یارە دەکەن، خۆی بەسەر شەکە خەزاڵ دەدات. "ئەو بپارێزم، ئەو نەجات دەم، خۆی لەسەرگێرم، خۆی بەسەرکێشم...ئەگەر بمکووژن بەس نییە شەکەخەزاڵم ڕزگارکرد...لەپڕ تەقەی تفەنگێک هات، شوانە خۆی بەسەر شەکەخەزاڵ کێشا، ئەوجار تەقەیەکی دی، لەپەنا گوێی، خوێنێکی گەرمو گەش بەدەستی شوانەدا هاتەخوار، هۆشی خۆی نییە، چاوی بڕیوەتەسەر شەکەخەزاڵ، توند لەئامێزی گرتووە".[١٢١-١٢٢] خۆکردنە قوربانی تا شەکە خەزاڵ بپارێزێت، دەرخەری واتاگەلی ڕەمزییە، کە کردەنوێن وەک دەرخەری گوتار، خواست و ڕووداو و جوڵەی کەسێتیی، لە ڕەمزیەتدا دەردەکەوێت، یارە وەک کردەنوێنێکی نێردراو، لەم ڕووداوەدا دەردەکەوێت، ڕەمزیەتەکەشی نیشاندەری ئەوینی قوربانی کوردە بۆ بابەتەکەی، کە دەکرێت نیشتمان، خۆشەویست، بیروباوەڕ و شەکە خەزاڵ بێت.

## پاری سێیەم
## ڕێگر و یاریدەدەر لە ڕۆمانەکانی ١٩٦١-١٩٩١

### ١. لە ڕێگری دەرەکییەوە بۆ ڕێگری ناوخۆیی
### کوردانە دژە کوردبوون

ئەم دوو کردەنوێنە نەیار/ڕێگر و یاریدەدەر' لە ململانێدان، ڕێگر بۆ بەربەست خستنە بەردەم خواستی خود 'بکەر' بۆ گەیشتن بە ئارەزووەکەی، یاریدەدەریش بۆ یارمەتیدانی خود لە گەیشتن بە مەبەست و ئارەزووەکەی. ئەم دوو دەنگە دژ و لەگەڵە، دەکرێت کەسێک بن، نوێنەرایەتی ئایدیۆلۆژیا و ئایین و هێزێک بکەن، واتە هەڵسوڕێنەری ململانێکە مەرج نییە کەس بێت، دەکرێت و بابەت و هزرێک بێت. لە ڕۆمانی پێشمەرگە ڕێگرەکان لە هێز و ئایدیۆلۆژی دژە کورد پێکهاتوون، کە خۆی لە دەوڵەت و ئاغا نیشتمانفرۆشە کوردەکان دەبینێتەوە. ئاڕاستەیەکیان ناکوردەکانن(ئەویتری فارس)، ئاڕاستەکەی تر کوردە ناکوردەکانن (ئەویترنوێن)1. هاوکات یاریدەدەرانیش لە هزر و بیرباوەڕی کوردایەتی، تۆڵە، ڕق، بیری شۆڕشگێڕیی و بزوتنەوەی کۆمەڵە، لەگەڵ ژیانی سەربەرزانە، لەمانەش گرنگتر گوتاری گێڕانەوەی ڕۆماننووسە کە ڕاستەوخۆ یاریدەی لایەنی کوردانە2. ئەم دوانە تێهەڵکێشن؛ خواستی تاکەکانی وەک مامەند، پیرۆت و شێرکۆ بۆ ژیانێکی شایستە و دوور لە سەرشۆڕی، لەگەڵ خەباتی کۆمەڵە بۆ سەربەخۆیی کوردستان و ژیانێکی ئازاد.

ژیانی مامەند لەسایەی دەسەڵاتی قەرەنی ئاغا، کە خاوەنی تەواوی سەرچاوەی بژێوی ژیانە ناجۆرە، ڕێگری ڕزگاربوون لەو ژیانە پەیوەندە بە واقیعی دەسەڵاتی ئاغایەتی لەناو کوردان و هاوکاری دەسەڵاتی دەوڵەت بۆ ئاغاکان و بوونی هێزێکی سەرڕێخراو لە گوندییەکان خۆیان، لەبەرئەوە نۆکەر و خەڵکی ئاسایی بەرژەوەندیخواز(یاخود ئەوانەی دەست بە کڵاوی خۆوەگرتوون) بەشێکن لە پێکهێنەری هێزی ئاغا. مامەند کە سیکبەری بۆ ئاغا دەکات، نۆمانگ تەواوی خێزانەکەی لە زەویی ئاغا کار بۆ ڕۆزی نەمروبژی دەکەن، بەڵام ساڵێکی ڕەش تەرزە، کوللە و سن دەغڵەکەی

---

[1] ـ ڕۆمانەکانی ئەم قۆناغە بەردەوام هێز و کەسێتی ئەویترنوێن، یاخود سیخوڕ و جاسوسی تێدایە، لەبەرئەوەی ڕۆمانەکان زۆرتر سیاسی، نەتەوەیی و شۆڕشگێڕین، ئەوا ئەم دەنگ و ڕەفتارە نەیار و دژە بە کوردایەتی ڕۆڵێکی چالاک لە واتا و جوڵەی گێڕانەوە دەگێڕێت.[ئەحمەد، ٢٠٢٢: ١٨١]

[2] ـ زۆرێک لە ڕۆمانە کوردییەکان، گوتاری ڕۆماننووس لایەنگر و یاریدەدەری دەنگی کوردە بەرامبەر بە هێزی نەیار، ئەگەر ئەو هێزە کورد یان نا-کوردی ئەویترنوێن بێت، لەبەرئەوە تاکدەنگی گێڕانەوەی کوردی سیمای دیاری ڕۆمانی کوردی ئەم قۆناغەیە. ئەم تایبەتمەندیەش کاریگەری چۆن و چی گێڕانەوە داناوە.

له کەڵک دەخات، توتنەکەشی لەلایەن گاڕانی ماڵی ئاغاوە پێشێل دەکرێت، ئەمە دەبێتە هۆی وێرانبوونی ژیانی و سەرنجام بە مەرگی کۆتایی دێت. کەواتە ڕێگری بۆ ژیانێکی ئاسایی مامەند، یەکەم هێزی سەروسروشتییە کە خوایە، دووەم ئاغاو نۆکەرەکانییەتی کە تەنگیان پێهەڵچنیوە بۆ گاجوت و تۆیەکەی ئاغا. مامەند بە ئاغا دەڵێت: "خولا غەزەبی گرت و دەغڵەکەی لەناوبردم. گاڕانەکەی تۆش توتنەکەی پێشێل کرد...ئەمن لە ئاسمان خولا و لە عەرزیش ئەتۆ شک دەبەم".[قازی، ٢٠٠٨: ١٧] دیارە هەردوو ڕێگرەکە دەکرێ یاریدەدەربن، بەڵام نابن، لە خوا دەپاڕێتەوە "بەڵام عاسمان گوێی لە پاڕانەوە ڕانەگرت"،[٢٢] ئاغاش لە دژی ئەوەی کوڕەکەی بووە بە پێشمەرگە دەریدەکات و سوکایەتی پێدەکات و لە کۆتاییشدا دەیکوژێت، "وەرن ئەو سەگ بابەی وەدەر نێن".[٢١] ژیانی ئاسایی مامەند بەهۆی زستانی سەخت و غەزەبی خوا، هەروەها بێبەزەیی ئاغا تێکدەچێت، بەڵام ڕێگری زەمینی ئاغا پاڵنەری بیرکردنەوە و کۆششی دەرچوونە لە ستەم. کەواتە ڕێگری ئاغا یاریدەدەری بیر و بازووجوڵێنییە بۆ یاخیبوون و دەرچوونی مامەند لە نادادییەکانی ئاغا.

لە ژیانی چەرمەسەری مامەندا بێ پیرۆتی و بەپێشمەرگەبوونی و هەروەها بەرەنگاری پیاوەتی و کوردایەتی ڕێگرن، مامەند دەڵێت: "ئەگەر پیرۆت بانگ کەمەوە، بیکەمە نۆکەری ئاغاو مەجبووری بکەم دەست لەو کارەی هەڵگرێ ئەوی دەمێ کاروبارم باش دەبێ، بەڵام ئەوکارەی ناکەم و ملم لە حاست ئەو نامەردەی دانانەوێنم"،[٢٢] لەم نێوەدا کەرەکەی دەبێت بە یاریدەدەر تا پارووە نانێ بۆ مناڵەکانی چنگ بخات"بۆ ئەوەی زوو بگاتە جێ، زوو زوو لە کەرەکەی دەوەژینی: هەچە هەچە! مناڵەکان برسین، چاویان لەڕێیە"[٢٢] لەم تەنگانەیەدا مامەند چاوی لە ئاسۆیە و خەباتی پێشمەرگەش وەک ڕووناکییەک بۆ هەژاران دەبینێت، کەواتە هەژاری و چەوساندنەوە دەبنە یاریدەدەر و ڕێگر، بەڵام خەباتی پێشمەرگە یاریدەی ڕزگاری نەتەوەیەکە تا هەژاری نەتەوەیی چارەبکات.

لەلایەکی دیکەوە ئەوین و دڵداری یاریدەدەری بەهێزە بۆ دروستکردنی پیرۆت و شێرکۆ تا بچنە پاڵ یاریدەدەرە نەتەوەییەکە، ئەمەش یەکگرتنی هەردوو ئەوینە. لە دڵداریدا ئازایەتیی پیرۆت یاریدەدەرە، لە خۆشەویستیی نەتەوەییدا هۆشیاری و کوردپەروەریی قازی، کە یەکخەری بزوتنەوەی نەتەوەییە، ئەمەش بە دانپێدانانی ڕێگر و دژەکان، بۆ نموونە شمیرانی سەرۆکی دایرەی ژاندارمی سەقز بە قەرەنی ئاغا دەڵێت، "قازی سیاسەتێکی زۆر چاکی دەست پێ کردووەو ماڵی ئێمەی بەقوڕ گرتووە. تەواوی عەشیرەتەکانی پێکەوە ئاشت کردووەتەوە، بەشی زۆری ئاغاوەتی بۆ لای بزووتنەوە کێشاوە ئێستا ئەوانیش بە سوارەو چەکی خۆیانەوە تێکەڵاوی هێزی پێشمەرگە بوون. لە کوردستانی عێراقەوە هەموو ڕۆژێ دەستەدەستە کورد دێتە مهاباد...ئەو بارزانیانەی

دوژمنی سەرسەختی مەلیک و ئینگلیزییەکان بوون...ئێستا لەڕیزی بەرەوەی هێزی پێشمەرگەدا ڕاوەستاون".[٢٩] ئەم دانپێدانەی ڕێگر بە هێزی یاریدەدەردا وادەکات ململانێکە لە ئاستی ئایدیۆلۆژیدا بهێڵێتەوە، چونکە گوتاری ڕێگری ئەویتری فارس لەبەردەم ئاغای کوردی خزمەتکاری، خزمەتی یاریدەدەر دەکات،"ئەو ئەفسەرانە بە جۆرێک لە فەننی فەرماندەیی شارەزان کە بەشی زۆری سەرتیپ و سەرلەشکرەکانی ئێمەش دەبێ ئاویان لە دەستی کەن...[ئەفسەرەکان]بە زانست و مشووری و شارەزایی و ئازایی لە مێژووی هۆردوودا وێنەیان کەم دیتراوە و کیهە ئەفسەری هەرەزەلامی ئێمە هەڵگری، لەترسی وان کونی مشک بە ئاوات دەخوازێ1".[٢٩] ئەویتری ڕێگەگر دەسەڵاتی بەرگریکاری لەدەستداوە و بەم گوتارەی یاریدەی بکەر و خودی کورد دەدات، چونکە لێهاتوویی پێشمەرگە نیشاندەدات، تەنانەت تا ئەو شوێنە دەچێت، کە ئەویترنوێن لە پەسنی زیرەکی، ئازایەتی و دلێریی پێشمەرگە بێزار دەبێت، هاوکات سوود لە کوردبوونی خۆی بۆ نیشاندانی لای ئەویتر وەردەگرێت. سەرنجی ئەوەش دەدەین، کە ئەوەی کوردبوون بیری ئەم ئاغا کوردە دەکاتەوە ئەویتری ناکوردە، ژاندارم بە قەرەنی دەڵێت،"دەڵێی کوردبوونی خۆشت بیرچووەتەوە".[٢٨]

ڕێگر: ئەویتر (دەوڵەت) ⟷ جێبەجێکار(سەرۆکی ژاندارم و سەربازان)

ڕێگر: ئەویترنوێن (ناوچەیی) ⟷ جێبەجێکار(ئاغا و بازرگان، نۆکەران)

ڕێگری یاریدەدەر(پێچەوانەیی)⟷جێبەجێکار(قەرەنی ئاغا و مینە ئاغا- پیرۆت و شێرکۆ)

یاریدەدەری نەتەوەیی ⟷جێبەجێکار(کۆمەڵە، سەرۆک و ئەندامانی)

یاریدەدەری هۆیی ⟷ چەک و ورە و بیروباوەڕ

یاریدەدەری هۆشیاری ⟷ جێبەجێکار (بڵاوکراوەکان-گۆڤاری نیشتمان و ئەدەبیاتی کوردی)

یاریدەدەری سۆز(کاردانەوە) ⟷ جێبەجێکار(پیرۆت و شێرکۆ و زۆری تر)

وەک دەردەکەوێت بەرهەڵستکاری گەورە لەئاستی گوتار و کردەدا ئاغا کوردە خۆفرۆشەکانن "جەنابی ڕەئیس، خۆ ئەگەر هیچ کەس نەزانێ ئەتۆ لە قارەمانێتی و مەردایەتی بەندە بەڵەدی. دووساڵ لەمەوپێش مەوقعێک کە کرمانجە پابورەهنەکان، خەریک بوون شوعبەی کۆمەڵە لێرە بازبکەنەوە، ئەمن کارێکی وام بەسەر هێنان کە با بە دەواری شڕی نەکردبێ... هیچ کەس لە نەزدی من ناوێرێ بڵێ ئەمن هەم...لەنێو ئەکراددا هەڵاتن بە عەیبێکی گەورە مەحسبووب

[1] ـ ئەم دەنگەی ئەویترە، ترس و دڵەڕاوکێ و ئاگادارکردنەوە دەردەخات، هاوکات زانیاریی مێژووییشی پێدەرخراوە، دەنگەکە خزمەتی منی کورد دەکات. دەرخستنی دەنگی ئەویتر چەند سەربەخۆیە، هێندەش مەبەستدارە بە گوتاری گێڕانەوە، کە لە خزمەتی کورددایە. لەگەڵ ئەوەشدا پێموایە ڕۆماننووس بەهۆشیاریی هونەرییەوە ئەم کارەی کردووە و هەوڵێکی چاکە بۆ دەرکردنی ڕۆمانەکە لە تاکدەنگی.

دەکرێ".[٢٧] ئاغا کوردانە دژە کوردە، لەبەرامبەر ترسی فارس لە کورد بازووی کوردانەی خۆی دەردەپەڕێنێت، کە دەرخەری ئەوەیە ئاغا هەرچی پێویست بکات بەکاریدەهێنێت، پێویستی بە کورد وا دەکات خۆی وەک کورد نیشانبدات و کەلتوور و پەند و ئازایەتی کوردانە نمایش بکات، بەڵام ئەویتری فارس باش دەیناسێت، سوکایەتی پێدەکات و دەڵێت تۆ کوردبوونی خۆتت بیرچووەتەوە. جەمال نەبەز لە ئاستی ئەم کەسانەدا دەنووسێت:"ئەمانە چارەنووسی خۆیان نابەستن بە چارەنووسی کۆمەڵگەی کوردەوە. ئەم تاقمە...بە "زۆڵە کورد" نێو دەبرێن. دیارە وشەی "زۆڵ" لە کوردیدا هەر بە مانا ئایینییەکەی بەکارناهێنرێ، کە "لەدایکبوونی ناشەرعی"یە، بەڵکو "زۆڵ" بەهەموو هاتنە جیهانێک و هەموو جۆرە پێگەیشتنێکی"ناخۆڕسکی" و "ناڕەوا" دەگوترێ"[نەبەز، ٢٠٠٧: ٣٦]. ئاغا خۆی بەکورد دەزانێت، بەڵام لەگەڵ ئامانج و چارەنووسی کورد ناساز و ڕێگرە، هەرچەند بەرگ و زمانی خۆمانەی هەیە، جەمال نەبەز ئەم گروپە بە چەمکی "لەخۆیاندا کوردن" ناو دەبات و پێیوایە ئەمانە خۆیان لە پێناسەی کوردبوون دابڕاندووە، کوردستان بەهی خۆیان نازانن و خۆشیان بە کوردستانی نابینن، هەرچەند خۆیان بە کورد دەزانن، بەڵام تواونەتەوە لەناو ئەو دەوڵەی تێیدان. قەرەنی بۆ تاران هەڵدێ و بەرژەوەندی لەگەڵ فارس تا کورد زیاترە، وشەی فارسی بەکاردەهێنێت و ماستاو بۆ دەسەڵاتە جیاوازەکانی وەک فارس و ئینگلیز دەکات، شکۆ و کەسێتی خۆی بۆ ڕازیکردنی ئەویتر شکاندووە، نەبەز لە پەسنی قەرەنی و هاوشێوە و هاوبیرانی، دەنوسێ، "هەموو گەلێک وەک مریشک وایە، هێلکەش دەکا و ڕیقنەش دەکا".[نەبەز، ٤٢-٤٥]

هاوکات چەندین یاریدەدەری کەسی، هزری و ڕەفتاری هەن، لەوانە ئاغا و دەوڵەمەندە کوردپەروەردەکان، گەنج و پیرە خوێنەوار و نەخوێنەوارەکان، وشەی "پێشمەرگە" لەلایەن چاپچیەکی نەخوێنەوارەوە دادەنرێت، هاوکات ئەدەبیاتی کوردی نووسراو و زارەکی دەورێکی گرنگیان هەیە، هەرچەند پیرۆت چاوەڕوانی کردەی چەکهەڵگرییە نەک کردەی هۆشیارکردنەوە"جا توخوڵا پیاو بە کاغەز و پەڕۆ بەسەر دوژمندا سەردەکەوێ؟ حەیف نییە تفەنگە ڕەشەی لە دوژمن ئاور نەدەی"[قازی، ٢٠٠٨: ١٠٢]، بەڵام شێرکۆ هۆشیارانە نەک کاردانەوەئاسا هەڵسوکەوت دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا پیرۆت دەبێت بە سەرلەشکر، ئەمەش پاش ئەنجامدانی پەروەردە و هۆشیارکردنەوەیەکی هزری و کردەیی لەلایەن قازییەوە ئەنجامدەدرێت. لەو پۆلەی پیرۆت چەندین پێشمەرگەی یاریدەدەر هەن، لەوانە (حەسۆی شکاک، سەید عەوڵا، بارزانییەکان، ئەولباقی کەلهوڕ، ناسر قولی..). لەلایەکی دیکەوە تەکنیکی بەڕێوەبردنی دەسەڵات و کارە نهێنییەکان لە ناوگۆڕین و خەباتی قازی و خاکەڕایی، کە ئەو هەڵسوکەوتەی قازی چەشنی ئەفسانەسازییەکە و یاریدەیەکی ڕۆحی و ئەخلاقیی گەورەیە،

هەروەها جگەلە بەرپرسیاریتیی ئەخلاقی و نەتەوەیی، لایەنی سۆز و دڵداری، هەژاریش هاوکارە"هەموو لەبرسان هاوار هاواریانە..."دایە گیان لەبرسان دەمرین...ئاخۆ بابمان نەهاتەوە" پیرۆت بە بیستنی ئەو دەنگە تەواوی دنیای لەبەرچاو تاریکبوو.[١١٦- ١١٧] نەداری و هەژاری دەمی دوو سەرە، دەوری ڕێگر و یاریدەدەر دەبینێت.

لەگەڵ ئەوەشدا یاریدەدەری ئاڵۆز و تێکەڵ هەن، بۆ نموونە نۆکەر و مەلا و گوندییەکان، کە لە سایەی ئاغایەکی ستەمکارەوە نەیاندەتوانی ڕاستەوخۆ پشتگیری حزبی دیموکرات بکەن، پاش ئەوەی پیرۆت کانی سەوزە ڕزگاردەکات، هاوبیر و هاوکارەکان خۆیان ئاشکرادەکەن، "گەیشتنە کانی سەوزە. تفەنگ بە دەستەکانی قەرەنی ئاغا، کە هەموو لە لادێیەکان پێکهاتبوون لە دڵەوە ڕقی دنیایان لە قەرەنی ئاغا بوو و مەلای دێ کە بەنهێنی ئەندامی حزبی دێموکرات بوو، چەند جارێک لەگەڵ ئەو تفەنگ بەدەستانە دوابوو و حاڵی کردبوون کە قەرەنی ئاغا دوژمنی کوردانە و نەکەن لەسەر وی، گوللە بە برای خۆیانەوە بنێن"،[١١٦] لە کاتێکدا بەشێک لەم هاوکارانە پێشتر ڕێگربوون، ئەمەش ناکۆکییەکی واتایی جوانی پێکهێناوە.

**٢. نەمانی دۆست و دوژمن**

لە ئاشتیی کوردستانیشدا ڕێگری سەرەکیی ڕژێمی دەرەبەگایەتی و دەسەڵاتی میری و کوێخایە، ئەمە جگەلە بابەتی هەژاری و دەسەڵاتی پارە و گەندەڵی، کە دەتوانن هەق بەسەر ناهەقدا سەربخەن و مەریوان بخەنە زیندان. خەسرەو هەرچەند یاریدەدەرە، بەڵام بیرکردنەوەی سەرەتای دژە و سوکایەتی بە مام زۆراب دەکات، مەریوانیش دژی دەوەستێتەوە و دەڵێت: "یەکێک لە بنەڕەتەوە هەژاربوو، هەرچی خراپە هەیە لەڕێی دایە".[سەعید، ١٩٧٠: ٨] هاوکات ناکۆکی و دووبەرەکی نێوان کورد خۆی و خیانەت، ڕۆڵی دژ دەگێڕێت، "هەتا یەزدان ئەو ڕۆژە ئەهێنێتە ئەنجام کە هەموو لایەک دڵیان بە یەکتری بسووتێ... بە گەل ... بە نەتەوە...بە نیشتمان... ئەو ڕۆژە دوورە".[١٧٩] هاوکات ڕۆماننووس پێیوایە، بیرتەسکی و باوەڕی چەوت گەل و وڵات دەفەوتێنێت و دەبێتە ڕێگر، "گەلێک جار بیرو لێکدانەوە و ژیریی و ڕاستیی و مافو دادپەروەریی لەڕاستی قیرسیچمەیو لاساریو تینی بیرتەسکیو لادانو باوەڕی چەوتدا ئەچەقێو تێئەماو کول ئەبوو...بەمجۆرە گەلو نەتەوە و وڵات بۆ تیاچوونو فەوتان دارزان پاڵپێوە دەنرێ".[١٨٤] ئەم دیدە سەرنجێکی وردە لە هزرێکی چاک، کە ئاکامی خراپی هەیە، یاریدەدەرێک، کە ڕێگرە، چونکە هەر چاکەیەک، کە قیرچسمە و توندگیر بوو، دەبێتە خراپ، لەبەرئەوە دیکتاتۆریەتیی چاک، خراپە.

لەم ڕۆمانەشدا وەک ڕۆمانی پێشمەرگە، نۆکەر و بەردەستەکانی کوێخا دژ و یاریدەدەرن، بەڵام ساویلکە و بەرژەوەندیی خۆیان پێش بەرەی جووتیاران دەخەن. پیرۆز لەنێوان دژ و یاریدەدەردایە، هەروەک ئەلەی نۆکەر، ئەم دوانە دژێکی ئاڵۆزن، ڕێگر و یاریدەدەری کوێخا و کوڕەکەین، لە دۆخێکدا بەرژەوەندیی خۆیان دەکەوێتە مەترسییەوە دژی کوێخا دەوەستن، پیرۆز لە بێکەسی و نەبوونیدا بە داوای کوێخا ڕازی دەبێت، هەرچەند وەک بیروباوەڕ لەگەڵ بەرەکەی دیکەیە، "پیزە لە دڵی خۆیدا-ماڵی خەجیج خان بۆ من چاکترن...هەمیشە هەر ئەوان زیاتر خەم خۆرمان بوون...بەڵام رۆستەمە سووریش بە من دەم کوت ناکریێ"[١٣٣] دواتر مینە دەڵێت، لە ئەلەی نۆکەرمانت مارە دەکەین، لەبەرئەوە ئامادەیە دژی خود بوەستێتەوە و یاریدەی مینە بدات. نزیکبوونەوە لە مینە دوورکەوتنەوەیە لە خود و خۆشی، بۆیە مینە تەفرەی دەدات و سکی پڕ دەکات، گوتاری ڕۆمانەکەش پێمان دەڵێت، نزیکبوونەوە لەم دەسەڵاتە ئاکامەکەی سەرشۆڕییە، وەکچۆن ڕژێمی پاشایەتی لە بەین برا، ئەواش براکەی پیزە خوشکەکەی لەبەین دەبات. ئەمە بە دیدی ئێمەی توێژەر ستەمە نەک شانازیی و بکرێت بە گوتار، کە گوتاری ڕۆمانەکە مەبەستیەتی تۆڵە بکاتە بنەما، ئەمەش بە شێوازی جیاواز، بۆ نیشاندانی شکستی دوژمن ئەنجامدەدات.

نەبوونی هۆشیاریی، یاریدەدەر و ڕێگرە، کچ و ژنەکانی کوێخا یاریدە و دژیشن، بەڵام بێدەسەڵاتن چ لەڕووی هێزی ژنێتی و چ لەڕووی هۆشیارییەوە. یاریدەدەرانی ناو دێش جگەلە شکۆ و خۆگری بەرامبەر دەسەڵاتی پارە و سامان و هێز، کە بەم هێزانە مینە و باوکی دەیانەوێت بنەماڵەی گوڵە ڕازیبکەن، هاوکات هۆشیاری لەڕێگەی مامۆستا ڕزگار و هێمن و پەروەردەی قوتابخانەی شۆڕشگێڕیی، کە مەریوان لە ڕێگەی سیاسییە گیراوەکان، دەبێتە داینەمۆی شۆڕش و ڕووبەڕووی ستەمی دەسەڵاتە جیاوازەکان دەبێتەوە بۆ گەیشتن بە ئارامیی و ئاشتی. لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا ٤جار وشەی پێشمەرگە بەکارهاتووە، کە وەک یاریدەدەر ڕۆڵدەبینێت، چونکە مەریوان و هێمن بوون بە پێشمەرگە، لەگەڵ ئەوەشدا پێشمەرگە سەرەکی نییە. هەرچی گرێچنی گێڕانەوە و هێزی ڕێگرە وەک ڕۆمانی پێشمەرگە ستەمی دەسەڵاتی کوێخا و سوکێتی و ماستاوچێتیی ئەم دەسەڵاتەیە بۆ میری، هاوکاری نێوان ئەم دوو لایەنەیە دژی جووتیار و هەژاران، بەڵام لە کۆتاییدا هێزەکان یەکدەگرن و یاخی دەبن و دژی دەسەڵاتی کوێخا و میری دەوەستنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا شەفە شێت، سوود لە شێتی بۆ هێرشکردنە سەر دەسەڵات وەردەگرێت، ئەم شێتە هۆشیارە نموونەیەکی جوانی هێرشی خود بۆ سەر دژ پێشکەش دەکات، کە پێچەوانەیە لەگەڵ هێرشی دژ، لەبەرئەوە دەسەڵاتی دەرەبەگ لەم ڕۆمانەدا بەهێز نیشاندراوە، بەڵام زۆرجار هێزی خود بە شێوازی جۆراوجۆر ڕووبەڕووی

دەبێتەوە نەک ملکەچی بێت، هەرچەند دەسەڵاتی میری مامۆستا ڕزگار دەگوازێتەوە و بڕیاری دادگاش بە بەرژەوەندی کوێخا یەکلا دەکاتەوە، بەڵام یەکگرتوویی و هێزی گەل دواجار دژی هەردوو دەسەڵات دەبنەوە، چونکە لە بنەڕەتدا ئەم بەرەیە نەیتوانیوە ملکەچی ئیرادەی بەرەی جووتیاران بکات.


یاریدەدەری سەرەکی لە شاردا هێزی گەل و شۆڕش و سۆشیالیستەکانە، هێزی دژیش، نۆکەر و زۆردارانن، کە کەمینەن، گوتاری ڕۆماننووس هیواخوازە سۆشیالیستەکان ئاشتی بەرپابکەن، "چەندانێکی کەم نەبێت کە ئەیانەوێ لەسەر لاک بژین و خوێناو هەڵمژن...ئەوانە چاوچووت بێ ڕەزاو جانەوەری کلکی چەپەڵو بەدی دڕندەن و دژن بە هەموان...تەنها بەخۆیان و دەستەی زۆردارانی چەوسێنەری ناهەموار نەبێت...گوایە سۆشیالیستەکان ئەم کارە بکەن...شەڕوشۆڕ کوشتن و بڕین و ڕاوو ڕووت و چەرمەرسەرێ بفەوتێ و نەمێنێ...، ئاشتی بەرپابێ".[١٨٧] هاوکات وەرزەکان نیشانەن و ڕۆماننووس بەهاری بە گەشانەوە و نەورۆز و شادی تێکەڵ بە ڕێککەوتنی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ کردووە، کە یەکێتی کورد و عەرەب و مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردی لێکەوتووەتەوە، ئەمەش سەرکەوتنی ئاشتییە بەسەر شەڕدا، کە ڕێککەوتنەکە یاریدەدەری گوتاری ڕۆمانەکەیە "ئاشتیی کوردستان"، لەبەرئەوە پێشمەرگە بە تەقەی خۆشی، خۆیان بە ناو دێ دەکەن، "خۆزگە ڕیزەکانی گەل و نیشتمانپەروەران هەموو بە جۆرێکی هەتاهەتایی وا یەکیان بگرتایە...لەم کاتەدا...ناودێ بوونە قریوەی هەڵپەرکێ و چەپڵەڕێزان و شایی و زەماوەندی ڕاستەقینەی ئاشتیی کوردستانی ڕەنگین و خۆشەویست...ڕۆژی پانزەی ئازار جەژنی نەورۆزی کوردانی مەردی دلێری کردە جەژنی دووجەژن".[١٩٠-١٩١] نەمانی دوانەی دۆست و دوژمن، نیشانەی گەیشتنی گێڕانەوە بە کۆتایی و زەماوەندی کوردان بنەمای کۆششی خودە بۆ گەیشتن بە بابەتی خواستراو، کە بە گەیشتن کۆتاییهاتووە.

**٣. پێشمەرگە: دژ و یاریدەدەر بۆ حزب یان گەل؟**

لە ژانی گەلدا شار و ڕووداوەکانی شار ئامادەیی بەرچاویان هەیە، یاریدەدەر و ڕێگر زۆرتر سەر بە شارن، هەرچەند خەباتی شاخ کارایە، بەڵام شار نێرەری شاخە. جوامێر شارییە و شۆڕشگێڕبوونی لە شار و زیندانەوە دەستپێدەکات. هەرچەندە جوامێریش وەک پیرۆتی ڕۆمانی پێشمەرگە دەکرێت بە شۆڕشگێڕ و هەردووکیان خۆشەویستەکەیان لە دەستدەدەن، مرۆت بەهۆی ئاغاوە و کاڵێ بەهۆی دەسەڵاتی بێگانەی شارەوە، بەڵام باوکی کاڵێ و مرۆت لەلایەن بەگ و ئاغای کوردەوە لەناودەبرێن، بەگیش چاوی لە کاڵێیە بۆ کوڕەکەی، بەڵام باوکی نایداتێ، کەواتە هەردوو ڕۆمانەکە ئاغا و بەگ بە دژ دەردەخەن، بەڵام لە ژانی گەلدا دوژمنی سەرەکیی ئەویترە، نەک ئاغا و کوێخا خۆفرۆشە کوردەکان، کە سەر بە گوندن.

جوامێر وەک پیرۆت سەرەتا خواستی شۆڕشی نییە، بە دیدی شاهۆ ڕوانگەی جوامێر خزمەتی دوژمن دەکات، میرزاش بۆ پیرۆت هەمانڕای هەیە، جوامێر و پیرۆت بە شۆڕشگێڕی لەدایکنەبوون، بەڵام ئەزموونی زوڵم و ستەمی تایبەتی دەچێژن و تۆڵە دەکەنەوە. جوامێر لە چاوی خەڵک و دوژمنەوە پاڵەوانە، بۆ خۆی پاڵەوان نییە، چونکە بەهەڵە دەساڵ زیندانی کراوە، نەک بژاردەی خۆی، بەڵام لە کۆتاییدا -دەبێتی دەکرێت- بە پاڵەوان و شۆڕشگێڕ؛ دەرەوە -دەیکات- و لەناوەوەش -دەبێت-، هاندەرەکانی وەک شاهۆ و میرزا بۆ شۆڕشگێڕێتی یاریدەدەرن. هەرچی لاوەی ئامۆزایەتی، یاریدەدەرێکی ئاڵۆزە، درۆ لەگەڵ جوامێر دەکات و ڕاستەوخۆش یاریدەی شۆڕش نادات، بەڵام بە گوتار دژە دوژمنە، درۆکەشی بە ئومێدی مانەوە و بەرگەگرتنی جوامێرە لە زیندان.

دوژمن دەسەڵاتی بەڕێوەبردن و هاتوچۆی ناو شار و دەرەوەی شاری هەیە، شۆڕشگێڕان بۆ چالاکی دێنە ناو شار و هاوکارانیان لەناو شار بەناڕاستەوخۆ یاریدەی شۆڕش دەدەن، بەڵام ئەوەی بیەوێت ببێت بە شۆڕشگێڕ دەبێت بچێتە دەرەوەی شار، چونکە هێزی (ل.ا.ن) لە دەرەوەی شارن. کەواتە دوانەی شار و شاخ، نیشتمانپەروەر و داگیرکەر، یاریدەدەر و ڕێگر دەستنیشاندەکات، وەکچۆن دەسەڵات لە شاردا ڕۆژانە بە بیانووی هاوکاریکردنی شۆڕشەوە خەڵک دەگرێت، هێزی (ل.ا.ن)ش لە دەرەوەی شار خەڵکی نەناس وەک جاسوسی دەسەڵات دەگرێت، جوامێر یەکێکە لەوانە، لەبەرئەوە خود(جوامێر) لەلایەن خودی گەورە(ل.ا.ن) دەگیرێت. لەدیدی خودی گەورەوە ئەوەی یاریدەی شۆڕش نەبێت و دوژمن دژی نەبێت(نەک ئەو دژی دوژمن بێت)، دژی خودی گەورەیە، گرتنی مێردی ژنە چایچییەکە بەبیانوی ئەوەی کە چایخانەکەیان نەڕوخێنراوە.





ئەو وێنەگەلەی شۆڕشگێڕان ڕەخنەی توندی شۆڕش و چاوی کراوەی یاریدەدەرانە بۆ دەسەڵاتی خود، هەرچەند گوتاری ڕۆماننووس یاریدەدەری شۆڕشە، بەڵام لە چاوی جوامێرەوە ئازادانە وێنەی نەرێنی شۆڕش نیشاندەدات. "ئەڵێن ئەگەر جاسووس نەبوونایە میری چایخانەکەی ئێوەشی کاول ئەکرد! جا توخوا ئەمە ڕەوای هەقە؟".[ئەحمەد،٢٠٠٨: ١٦٣] جوانی و گەنجی ژنی

چاپچییەکە و تەنیایی لەم شوێنەدا، خەیاڵی جوامێر بۆ دەستدرێژی دەبات و پێیوایە "دەست پیاوی خۆی بکەوێ بستی بە قەرز نادات".[١٦٤] ئەم وێنەیە لە گێڕانەوەی ڕۆمانە نوێیەکاندا شۆڕش و شۆڕشگێڕان وەک دەستدرێژیکەر نیشاندەدات، بەڵام ڕۆماننووس وێنەکە وا تەواودەکات، کە فڕۆکەی دوژمن دێت و بۆمبارانیان دەکات، چایخانەکە دەسوتێت و ژنەش بە ڕاکردنی بۆ هێنانی ئەو برە پارەیەی بۆ ڕۆژی ڕەش پاشەکەوتی کردووە، دەکوژرێت و مناڵەکانی بێکەس دەبن، ئەمەش تەواوکاری وێنەی ڕەشی دوژمنە، کە گوتاری ڕۆماننووس مەبەستییەتی نیشانیبدات. هاوکات جوامێر نەک وێنەی ڕەشی شۆڕش لەڕێگەی ئەم ژن و مێردەوە دەبینێت، دواتر خۆشی لەلایەن چەند گەنجێکی چەکداری شۆڕشەوە وەک جاسوس دەگیرێت و دەیانەوێت بیکوژن، هەواڵی مەرگی کاڵێ و هیوای پێدەدەن کە گوندی گوڵاڵە تۆزی نەماوە، جوامێر دەڵێت: "هەموو دەسەڵاتدارێک لە عاستی ڕاستی و هەژاری یا کوێرە یا کەڕە!".[١٧٤] پێی شەرمە لەلایەن هێزی ڕزگاری نیشتمانەوە دەستبەسەر بێت، لەکاتێکدا دە ساڵی زیندان، شانازی بە نیشتمانپەروەریەوە کردووە، ئێستا خۆی بە سەرشۆڕ و نامەرد دەزانێت، لەبەرئەوە شۆڕشگێڕان لەم دیدە خێرایەوە دەبن بە دژ بۆ خودی جوامێر، بەڵام زوو پەشیمان دەبێتەوە و پێیوایە تاوانباری سەرەکیی دوژمنە، نەک شۆڕشگێڕان، ئەمان،"گوڵی شۆڕشن، لاوی گەلن".[١٧٣] لەسەرەتاوە هێزی یاریدەدەر بۆ مانەوەی جوامێر کاڵێ و هیوایە، بەڵام کە دەزانێت کوژراون و ئێستا بێکەسە، ئەوا بڕوای بە ئازادی و خەباتی شۆڕشگێڕی دەبێتە کەس و یاریدەدەری، دەڵێت: "دەی ئەوانیش وەکو ئەو دەیان هەزارەی تر کە هەموویان هیوا و کاڵێی خۆیان و کەسوکاری خۆیان بوون!".[١٨١] کاتێک لەناو شۆڕشدا دەزانێت کە کاڵێ و هیوا چۆن مردوون، بەڵام تازە شۆڕش و پارتی (ل.ا.ن) وەک کەسی خۆی هەڵبژاردووە.

لە دیدی شۆڕشگێڕانەوە ئەوەی پاکانە بۆ ڕژێم بکات هاوکاریەتی، ئەوەشی یاریدەی شۆڕش نەبێت پیاو نییە، چونکە لە زوڵمی دوژمن بێدەنگە"ئەگەر پیاو لەم هەموو زوڵم و زۆرە بێدەنگ بێت، چ پیاوێکە!".[١٨٣] نەریمانی شۆڕشگێڕ پێیوایە دژوەستانەوەی دوژمن، ئەرکێکی مرۆیی و ئایینیی و ئەخلاقییە"هەموو بیروباوەڕێکی پێشکەوتووی دنیا، هەموو دین و ئایینێکی ئاسمانی بەرز، هەموو ڕەوشت و خوویەکی ئینسانی، جوامێرانە هاندەر و یاریدەدەری ئێمەیە لە هەستانمان دژی زوڵم، دژی ژێردەستی، دژی چەوساندنەوە و خوێنمژین، لەپێناو ئازادی و پێشکەوتن و ڕزگاری و سەربەرزیدا".[١٨٣] لەم ڕووەوە پانتایی ڕوانین لە "یاریدەدەر" و "دژ" بۆ شۆڕش، فراوان و گشتگیردەبێت، کە تەواوی مرۆڤایەتی دەگرێتەوە و ئایینە ئاسمانی و زەمینییەکانیش پێویستە یاریدەی شۆڕش بن، چونکە زوڵم و داگیرکارییەک لەئارادایە. دژ زاڵم و داگیرکارانن، خۆیان بە هەق

و ئەوانیش بە ناهەق دەزانن. هەر لەم ڕوانگەیەشەوە کۆتایی ڕۆمانەکە بە شۆڕشی خود بۆ ئازادی بەردەوامە و وێنەی خود لە جەرگەی شۆڕش و خەباتدا نیشاندەدات.




هاوکات بەدەر لەم دید و ڕوانینانە بۆ دژ و یاریدەدەر، دەتوانین ئاماژە بۆ هۆشیاریی نەتەوەیی و ئازادی وەک یاریدەدەر، مەستی و خواردنەوەش وەک دژ و ڕێگر بکەین، لە ڕۆمانەکەدا مەستی وەک هەڵهاتن و خۆبواردن لە بەرپرسیارێتیی شۆڕشگێڕێتی دەبینرێت، لەبەرئەوە جوامێر بڕیاریداوە، کە نەخواتەوە تا کوردستان ئازادنەبێت و گفتوگۆیەکی قوڵ و هزری لەنێوان هاوڕێکان دروستدەبێت، کە نەخواردنەوە بە هۆشیاری و خەباتی نەتەوەیی دەبەستنەوە، لە کاتێکدا لە ڕۆمانی ئەندێشەی مرۆڤێک عارەق و مەی وەک یاریدەدەر و ڕزگاریی دەرونی بۆ سەبری دەوری گرنگ دەبینێت و لە هەر دۆخێکی ناهەمواری دەرونیدا پەنا بۆ مەی دەبات، بەڵام ژانی گەل، لەسەروو ژانی تاکەوە گێڕانەوە دەجوڵێنێت.

### ٤ـ ئەندێشە وەک ململانێی هێزی نەیار

لە ڕۆمانی نازەدا ئازاد و بابەتی ئازادی، چەند نەیار و یاریدەدەرێکی هەیە، ئەوەی پەیوەستە بە گێڕانەوەی ژیانی دێ، بیری دواکەوتوو و کەلتوور و ڕەفتاری نەشیاو ڕێگرن، لەوانە ژن بە ژن، شیربایی، شەرەف و کوشتن، دەسبەسەراگرتن و زاڵمی ئاغاکان و گوێرایەڵی خەڵک بۆیان، هاوکات دەسەڵاتی ئایینیش گوتارێکی فریودەر و دووڕووانەی هەیە. لە ژیانی تاکەکەسیدا، ڕێگری تایبەت قالەیە، کە دەیەوێ بە زۆر و هەڕەشە نازە بۆ خۆی بێت، بەهۆی بوختانەوە ئازاد بەگرتدەدات، تا لە نازەی دوورخاتەوە. حەمە لەبارەی قالەوە دەڵێت: "ئەو ساڵە چەند کەسێکیان لە دێیەکەمان گرت لێپرسراوەکە کەوتە لێدان و ئازاردانیان..کاتێ نۆرە هاتە سەر ئەم (قالە)یە دەستی کرد بەباخەڵیا و هەویەیێکی پیشاندا، ئیتر ئەم زۆر ڕێزی لێگیرا...ئەڵێن لە شاریش پشت قایمە"،[ڕۆژبەیانی، ١٩٨١: ٣٢]. لەبەرامبەر قالەدا

خەڵکی دێ و بەتایبەت مام وەسمان یاریدەدەرە، لە شاریش نەریمان، کە دەبنە هۆکاری ڕزگارکردنی لە زیندان، مام وەسمان دەڵێت: "کوڕینە ئێمە مشورێکی مامۆستاکەمان بخۆین، ئێوە ئەزانن مامۆستا (ئازاد) مرۆڤێکی دڵسۆز و لەخۆبوردە..لەپێناوی ئێمە و مناڵی ئێمەدا وەکو مۆم خۆی ئەتواندەوە لەوەتی ڕووی لە دێیەکەمان کردوە چاومان کراوەتەوە، ئێستاش زۆر ناشرینە بۆمان لە گرتنیدا بێدەنگ ڕاوەستین".[٤٥] خەڵکی دێ جگەلە قالە، مامۆستایان خۆشدەوێت، ڕێزی دەگرن و یاریدەدەرین، ئەمەش گۆڕانی ئەو دیدەیە بۆ مامۆستا و قوتابخانە، کە لە کۆندا خراپ دەبینرا، بەڵام هەڵوێست و کردار و ڕەفتاری چاکی مامۆستا ئازاد کاریگەری لەسەر خەڵکەکە دادەنێت و بیروڕایان دەگۆڕن.

لەم ڕۆمانەشدا ئاغا و دەسەڵاتی میری ڕێگرن، بەڵام جیاوازییەکە ئەوەیە، کە ئاغاکان دەسەڵات و شار هەڵدەسوڕێنن، "هەرچەنێ بەڕواڵەت میری (ناحیە)کەی بەڕێوە دەبرد، بەڵام هەر لە پۆلیسەوە تاوەکو بەڕێوەبەرەکەی بەفەرمانی ئاغاکە دەجووڵانەوە".[٩٧]. هاوکات مامۆستا و پیاوانی ئایینی کۆنیش بە ڕێگر دەبینێت، "ئێوارە دەبوو بەڕێوەبەری (ناحیە)کەو قومسێرەکە و یەک دوو لە مامۆستاکان دەستیان دەکرد بە قومار و خواردنەوە..وابزانم شتی تریشی لەگەڵدابوو".[٩٧] هاوکات ئەحە و حەمەشوکر لە دژی دەسەڵاتی ئاغا دەوستنەوە، دەبنە یاریدەدەر. هەروەها کاتێک مامۆستا بە خەیاڵ بۆ ڕابردوو دەگەڕێتەوە، ڕێگر و یاریدەدەرەکان برێکیان دەگۆڕێن، کە وێڕای نەخوێندەواری و بیری دواکەوتوو، هەژاریش ڕێگری سەرەکییە، لەبەرئەوە ئازاد بەکارکردن و خوێندەوارکردنی دەوروبەرەکەی دژیان دەوەستێت، هاوکات گۆڤار و کتێبەکان ململانێی دەسەڵات دەکەن و ڕۆڵی یاریدەدەر دەبینن لەبیری پێشکەوتنخوازانە و ئازادیی ژن و دژوەستانی ئیمپریالیست و شۆڕش و مافی نەتەوەیی، "ڕۆژێکیان چەند کتێبێک لەوانەی وا دەربارەی ئازادی و شۆڕش و مافی نەتەوایەتی و نەهێشتنی ئیمپریالیست و دەرەبەگ دەدوان بە دەستی هاوڕێیەکمانەوە گیرا".[٩٦] ئەم ترسە لە کتێب و ڕێگری لێی، چەند بەرتەسککردنەوەی ئازادییە، هێندەش ململانێ و ویستی بەرەنگاری چالاکدەکات.

لە گوتاری ڕۆمانەکەدا خەون و خەیاڵ چەند ڕۆڵی هونەری دەبینن، هێندەش یاریدەدەرن، بۆ نموونە بە خەیاڵ سێکس دەکات، یاخود بەهۆی خەون و شێوازی ڕەمزەوە پەیامێکی نەتەوەیی و سیاسی دەردەبڕێت، کاتێک لە خەودا لەگەڵ نازە لە دوکانن و هەڵپەڕکێیە و دواتر دەچنە شاخ و داربەڕوویەک لەسەر کانی مێژووی وڵاتەکەی دەگێڕێتەوە و دەڵێت جێیمەهێڵن و ئەم شوێنەش تازە بکەنەوە، ئازاد و نازە لە تازەکردنەوەدا دەبن، کۆمەڵێک چەکدار بە یاوەری چەند کەسێک لەوانەی شاییان لەگەڵ کردون، دێن و ئازاد دەگرن، ئازادیش دەڵێت:

- نازە گیان خۆت و (ڕزگار) خانوەکە تەواو بکەن...لە هاوار هاواری خۆم بەخەبەرهاتمەوە"،[١٣٠] خەونەکە ڕەمزیە و ناوی ڕزگاریش ئاماژە بۆ ڕزگارکردنی کوردستان

دەکات، کە بێگانە داگیری کردووە، یاوەری داگیرکەرانیش جاشەکانن، کە لە دەستماندا هەڵدەپەڕن و بە دەستەکەی دیکەیان دەستی دوژمن دەگرن. هەر سەبارەت بە ڕێگر و یاریدەدەر، ڕۆماننووس بە شێوەی ڕەمز باسی زۆر خواردنەوەی ئازاد و ڕشانەوەی دەکات، دواتریش دەفتەری داڕشتنی عەرەبی، کە چەند داڕشتنێک دەخوێنێتەوە، ڕەهەندی سیاسیان هەیە، یەکیان لەسەر شۆڕشی چواردەی گەلاوێژە کە بەهۆیەوە ئیمپریالیزم لە وڵات دەرکراوە، دانەیەکیشیان لەبارەی "ژیان چییە"، کە کۆتایی ڕۆمانەکە و گوتاری ڕۆمانەکەشی لە خۆیدا هەڵگرتووە.

"- ژیان ڕێییەکە پڕ لە ئازار و مەترسی ئەوەی پێیدا بڕوات دەبێت گوێ نەداتە برسیەتی و تینوویەتی و پێ هەڵکەوتن.

- ژیان لای من ئەوەیە هەموو خەڵکی ووڵاتەکەم لەدەرد و بەڵاو نەخوێندەواری ڕزگاری ببێت.

ژیان..ڕێییەکی دوورو درێژە گرنگ ئەوەیە ئەوەی پێیدا دەڕوات بێ سەرکەوتن نەگەڕێتەوە.

ژیان لای من ئەوەیە ئەم بەڕەڵاییەی ناو ووڵاتەکەمان کۆتایی پێبهێنرێت(...)

ژیان لای من (نازە)و ئەو خاکەیە وا (نازە)ی لێ پەیدابووە".[١٣٣]

لەم پێناسانەوە تێدەگەین ژیان داهاتوویییە و بەرگێکی سیاسی لەبەردایە، کە زۆرێک لە ڕۆمانەکانی ئەم قۆناغە هاوخواست و هاوگوتارن. بۆ مامۆستا ڕێگرییەکان نەخوێندەواری، برسێتی، گەندەڵی، خاکفرۆشیی... بەڵام ئیرادە و ئازایەتی بۆ دەرچوون لێیان دەبینین، کە نیشتمانپەروەری و خۆشەویستی نازە سەرچاوەی بنەڕەتیی هێز و تێگەیشتنی خودن. هەر لەم دیمەنەشەوە دەتوانین بڵێین خواستی خود بۆ نازە بەدیهاتووە و پێکگەیشتوون، ڕێگری تایبەتیش لەململانێکەدا دۆڕاوە، بەڵام ڕزگاری خاک و خەڵکەکەی بەدینەهاتووە، بکەر بەهۆی ئەندێشە و خەباتەوە هەوڵی بەدیهاتنی دەدات، لەبەرئەوە زوو زوو خەیاڵ دەیباتەوە.

**٥. سێوێ لەنێوان کەلتوور و مەدەنییەت**

لە ڕۆمانی کوێخا سێوێ وەک ئاشتی کوردستان، ڕێگرییەکان زیاتر سەر بە گوند و لادێن، کە دەسەڵاتی کوێخا و سەرۆکعەشیرەت و بیرکردنەوە و نەریتگەلی دواکەوتوو دەوردەبینن. هەروەها هەژاری و نەبوونی، دوژمنداری و تۆڵە، دزی و تالانی، هەروەها قسە و تانەی خەڵکی.. جووڵێنەری ڕووداو و کردەنوێنەکانن. عەشیرەتی شێخ گومەر ڕۆڵی دەستپێشخەری دەبینن، بەڵام ئۆمەر کاردانەوەی هەیە و چێژ لە تۆڵەکردنەوەی چەند بەرامبەر دەبینێت، وەک غەزا و جیهاد بە ئەرکی خۆی دەزانێت لێیان بکوژێتەوە، خۆشی وشەی تۆپاندن1 بەکاردەبات، واتە لەبەرامبەر خوێنی هەر ئەندامێکی خێزانەکەی بە کوڕ و برازاوە چەند کەس لەبەرامبەر دەکوژێتەوە و ڕۆماننووسیش

[1] - تۆپاندن زیاتر بۆ سەگ بەکاردەبرێت، کە ئۆمەر لە تۆڵەی بەرامبەردا توندوتیژی فراوان دەنوێنێت، ئەمەش گوتاری ڕۆماننووس لە مافدان بە ئۆمەر دەخاتەژێر پرسیارەوە.

وەک مافی تۆڵەکردنەوە و لەسەر هەقبوون نەخشی دەکێشێت.[مەلای ڕەش، ١٩٨٦: ٣٦] لەبەرئەوە ڕێگرییەکان نەریتە ناجۆرەکانی ناو کەلتووری گوند و عەشیرەتن، لە چەوساندنەوەی ئافرەت، بە کەمگرتن، دەستدرێژی و فرۆشتنی و کوشتن لەسەر ناموس، تا دەسەڵاتی پارە و دین، کە زۆرێک لە ڕێگرەکان شێخ و حاجین، هەروەها خیانەت و چاوبڕینە سەر ماڵ و ناموسی یەکتر و گرانییە گەورەکە و خۆکردنە قوربانی. ئەمانە دەرخەری کەلتوور، شێوە ژیان و ناخی کۆمەڵی کوردەوارین، کە دەوری ململانێ و جوڵەی هەمەجۆر دەبینن و هاوکاری بزوتنی گێڕانەوەن.

لە تەنیشت ئەم ڕێگرییانە ئازایەتیی و تۆڵەسەندنەوە، کە بەشێکن لە سروشتی مرۆڤ و کەلتووری کورد وەک یاریدەدەر دەرخراوە. هاوکات لادان لە نەریتەکان، وەک کارکردنی ئافرەت و بوونە سەرۆک و کوێخا، تا ئاشتی و دەستگیرۆیی خەڵکی هەژار و نەدار ئەگەر دژیش بن لەلایەن کوێخا سێوێ دەبێتە یاریدەدەری سۆزی و ماددی. ئەگەر لە گۆشەنیگای جیاوازیی ڕەگەزییەوە سەرنجی ڕێگر و یاریدەدەر بدەین، دەردەکەوێت کە سێوێ ڕوانینی جیاوازی لە ڕەگەزی نێر بۆ پەیوەندیی و بەهاکان هەیە، کە بە دیدی من زیاتر هۆشیارانە و مەدەنییە، نەک نەریتی، ئەمەش بەپێچەوانەی هەڵسوکەوت و بیری ئۆمەری مێردییەوە.

هاوکات یاریدەدەری ڕێگر و ڕێگری یاریدەدەریشمان هەیە؛ بایز یاریدەدەری ڕێگرە، کوێخا وەسمانیش ڕێگری یاریدەدەرە. جگەلە نەریتەکان، کەشوهەواش لە ژیانی دێدا ڕێگرە، هەروەک دەوڵەمەندی و هەژاری ڕێگر و یاریدەدەرن، هەژاری مام ئۆمەر و سێوێ دەبنە ڕێگر و یاریدەدەر بۆ بوونە کۆیلە و چوونە ژێر فەرمانی حاجی مام شێخ و دواتر هۆشیاربوونەوە و چاوکراونەوەی سێوێ و بەخشندەیی و بەپلان کارکردن، کە سێوێ وەک عەقڵ و ژیری هەنگاو دەنێت، نەک بە تەنیا هەستی تۆڵەکردنەوە. هاوکات یاریدەدەری دەرەکیش هەیە، وەک بڕیاری تاپۆکردنی زەوییەکان، کە ئەمە یەکێکە لە بەشدارییە لاوەکییەکانی دەسەڵاتی شار بەسەر گوندەوە. کەواتە لەم ڕۆمانەدا جیهانبینی دێهاتییانە، گێڕانەوە و گوتاری ڕۆمانەکەی لەخۆگرتووە و تەواوی کردەنوێنەکان لەم چوارچێوەیەدا دەردەکەون، بەڵام لە ژانی گەلدا، ئامادەیی شار و نائامادەیی دێ دەبینین. کەواتە ڕێگر و یاریدەدەران سەر بە دێ و شێوە ژیانی دێهاتییەکانە، هەرچەند سێوێ دێهاتییەکی شێوە شارستانی بیردەکاتەوە، ئەمەش جوانییەکی ناکۆکی هونەری بە ڕۆمانەکە بەخشیوە، چونکە سێوێ شکێنەر و داکۆکیکەری نەریت و بەها ناوچەییەکانە.

### ٦- ڕێگری هەژاریی، یاریدەدەرە

ڕۆمانی شار شاکەسێتیی و پاڵەوانێکی هەڵسوڕێنەری تایبەتی نییە، بەڵکو زیاتر کۆمەڵ و کەسەکان پێکەوەن. لەم گۆشەنیگایەوە ڕێگر و یاریدەدەران چەند بوار و لایەن دەگرنەوە، لایەنی هەژاری و دەوڵەمەندی و جیاوازیی چینایەتی، نەخوێندەواری و ناڕۆشنبیریی ڕێگرن، هەرچەند میمکە نەخوێندەوارە، بەڵام وەک دایکێکی دڵسۆز و سەرکردە یاریدەدەری هەژار و شۆڕشگێڕ و مرۆڤە لێقەوماوەکانە، هاوکات خوێندەوارێکی وەک گەلاوێژ و خاڵی و فەرهاد، یاریدەدەرن. هاوکات ڕێگرییەکی سەرەکیی تر، پەیوەستە بە دەسەڵاتی میری و حکومەتی گەندەڵەوە، لە تەنیشت ئەمانیش کوردە هەژار و خۆفرۆش و جاسوس و بەرژەوەندیخوازەکان، کە ڕووبەڕووی کردەنوێنە خودەکان و یاریدەدەرەکانیش دەبنەوە. هاوکات یاریدەدەر و ڕێگری ئاڵۆزیش هەن، بۆ نموونە خورشە، ڕێگرێکی یاریدەدەری دەروێشە، دەرویشیش وەک ڕێگرێکی سەرەکی وا خۆنمایش دەکات، کە یاریدەدەرە، تا دەستی لە کچان گیر دەبێت، بۆیە دایکی فاتم نزای چاکەی بۆ دەکات تا دوایی بۆی دەردەکەوێت چ دڕندەیەکە، لە هەموویان گرنگتر سابیرە، کە بکەرێکی ئاڵۆزە، لە قولایی یاریدەران و ڕێگراندایە. یاریدەران یاریدەی دەدەن و ڕەتی دەکاتەوە، ڕێگران ڕێگرن و خۆی دەبێتە بکەر و یاریدەدەری خەباتی خود و بکەرەکان، لەلایەک تەمەڵییەکەی ڕێگرە، هاوکات ساویلکەیی و چاوبرسێتی، کە کچەکەی دەفرۆشێت، بەڵام باوکێکی بێچارەو قوربانی دەستی هەژاری و بێکەسیی و سوکایەتیی دەروێشە، کە وەستا تایەر بە جوامێریی خۆی دەتوانێت جوامێری سابیر بجوڵێنێت و لە ژیانیدا کردەیەکی جوامێرانە، کە لەناوبردنی ڕێگرێکی وەک دەروێشە، بنوێنێت.

هاوکات جگەلە هاوڕێیەتی کە هێزی یاریدەدەرە لەنێوان ئەوڕەحمان و خورشید و حەمەشین، لە پانتایی ڕێگریی و یاریدەی خۆشەویستیشدا دایکی ئەوڕەحمان و پوری خونچە هاوکارن، هەروەک لە خەباتی سیاسییدا مەراسیمی هاتنەوەی تەرمەکەی شێخ بۆ شار یاریدەدەری ناڕەزایەتی دەربڕین و خەباتە، لەلایەکی دیکەوە لافاوەکەی ١٩٥٧ی شاری سلێمانیش ڕۆڵی ڕێگر و یاریدەدەر دەبینێت، ڕووداوەکە تراژیدییە و چەندین کەس دەمرێت، بەڵام یاریدەدەرە لە خەباتی سیاسیی و نیشاندانی ڕۆحی هاوکاریی و یەکگرتوویی کورداندا. کەواتە بە گشتی لەم ڕۆمانەدا یاریدەدەر و ڕێگران دابەشبوون بەسەر خەباتی سیاسیی کوردان دژی حکومەتی گەندەڵ و دەسەڵاتی میریی، هەروەها لەباری جیاوازی چینایەتی و کەلتووریشەوە کردەنوێنە کوردەکان دابەشبوون بۆ دژ و یاریدەدەر، ئەوانەی کە دژن لە هەرسێ تەوەرەکەدا دژ و دواکەوتوو و خۆفرۆشن، یاریدەدەرانیش خوێندەوار و هەژار و خەباتکار و هاوڕێکانن.

بە گشتی لە ڕۆمانی کوردی ئەم قۆناغەدا وەک پێشتر ئاماژەمانپێکرد، هەژاری و نەخوێندەواری دەورێکی سەرەکی دەگێڕن. هەژاری وەک ڕێگر، ڕۆڵی لە گەیشتن بە ئامانج و گۆڕانی کەسێتی، پێگە، دەستڕانەگەیشتن و بێدەسەلاتی و بە کەم بینین و تەنانەت لایەنی ڕۆشنبیریشدا هەیە، هاوکات بەشێک لە ڕۆماننووسان پرسی هەژارییان بە لایەنی چینایەتییەوە گرێداوە و فۆرمێکی سیاسی و خەباتگێڕییان پێداوە، وەک لە شار، کوردەرە و هەڵکشان بەرەو لوتکە و توانەوەدا دەردەکەوێت، لە هاوارەبەرەشدا هەژاری ڕێگری گەیشتنی ئەویندارانە بە یەکدی، بەڵام کوردەرە ئەو ڕۆمانەیە خەون و ئومێدی تێپەڕکردنی هەژاری کە هاوارەبەرە هەژاری بە چارەنووس دەبینێت، لێی ڕزگار دەبێت و ڕووبەڕووی دەبێتەوە، بەڵام یارە پێیوایە، "فەقیری بەبەژنم براوە، تامردن دەبێ شوان و گاوانی خەڵک بم"[ئەمیری، ١٣٦١: ٢٨]. لە شاردا هەژاری بەهۆی لەشاردابوونەوە ڕەهەندی جیاوازیی هەیە، لەلایەک کڕین و فرۆشتنی مرۆڤی لێدەکەوێتەوە، هاوکات کەسێتی فرەڕوو و ڕووداوی ئاڵۆز، کە بەهۆی ڕووداوگەلی جیاوازەوە دۆخی دەرونی و سۆزی، هەستی مرۆیی کەسێتییەکان کێشراوە، فرۆشتنی کچ لەلایەن باوک بەهۆی هەژاری، هەژاری کردووە بە ڕووداو و زمانێک تا کەسێتییەکانی لێوە دەرکەوێت، ئەمەش وەک گریماس بۆی دەچێت، هەژارییە قسەدەکات و دەبێتە بکەر و جوڵێنەری ڕووداوەکان، لەم گۆشەنیگایەوە ڕێگری هەژاری یاریدەدەری ڕووداوسازی و گێڕانەوەیە.

### ٧. منداڵێک بە خەونی گەورەوە

لە ڕۆمانی *کوردەرە* ئەکبەر کەسێتیی سەرەکییە، هەر لە منداڵییەوە یاخی و بیرتیژ و پڕ لە خەونە، لە خێزان و کەلتوورەکەیەوە دژایەتی ویست و ئارەزووەکانی دەکرێت، کە گەورەش دەبێت، دەسەلاتی فەرمی، کە دەوڵەتە، وەک نەیار نەک پاڵپشتیکەر ڕێگری خواستە بابەتیەکەی دەکەن، لە کاتێکدا خەون و ئامانجی ئەو بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵگە و نەتەوەکەیەتی، بەڵام کێشەی سەرەکی ئەوەیە کە دەوڵەت دژایەتیی ئەو نەتەوەیە دەکات، کە ئەکبەر بەشێکە لێی. لەبەرئەوە ڕێگری سەرەکی جگەلە هەژاری و کوێرەوەری، نەخوێندەواری، جیاوازی چینایەتی، دەسەلاتی ئیمپریالیست و داگیرکەرانی ئینگلیز، گەندەڵی دەسەلات و دەسەلاتدارانی دەوڵەتیشە کە بە هەڵە ئەکبەر زیندانی دەکەن و ڕێگرن لە گەیشتنی بە ئامانج و بابەتی خوازراوی. هەروەها لەبارەی کەلتوور و بیری دواکەوتوویییەوە، چەندین نەریتی بیر و دەستگرتوو ڕێگری ئازادی و خەونەکانی ئەکبەر دەکەن. بیروباوەڕی ئایینی و مەزهەبیش لە شێوەی کۆرسی گریان، کە بە خێزان و منداڵان دەوترێتەوە و

لادان لێیان سەرچاوەی سزا و نەفرەتە ڕێگرن لە ئازادیی و کامەرانی و ژیانی ئاسایی منالّەکان و ئەکبەر بە تایبەت. ئەم بیرە دواکەوتووانە ئایندەی منالّەکان شێوە پێدەدات.

ڕۆمانەکە وێنەی منالّی کوردی ناو خێزانی کورد دەکێشێت، کە هێزە ئایینیی و کەلتوورییەکان لەلایەن گەورەکانەوە ئاڕاستەی منالّەکان دەکەن، ئەم هێزانە بەشێوەیەکی ناتەندروست منالّ پەروەردە دەکەن و ڕێگرن لە خواست و خەونەکانیان. بۆ دەرچوون لەم ڕێگرییانە یاخیبوونی منالآن پێویستە. یاخیبوون پێویستی بە هێز و ئیرادە هەیە، کە دەبێتە یاریدەدەر بۆ دەرچوون. هێزی یاریدەدەر لەم ڕۆمانەدا دوو لایەنە، خەون و هیوا و بیری ئەکبەر بۆ دەرچوون و یاخیبوون لەو بیروباوەڕ و شێوە ژیانە ناژیانە، کە نەریتی مەرگدۆستی، ڕێگەی ژیاندۆستی تەڵخکردووە، بەڵام ئەکبەر ژیرانە بەیاخیبوون ژیان ڕۆشندەکاتەوە. هەروەها حزب و ڕێکخراوە سیاسییە کوردەکان، کە یاریدەی ئاگایی و کردەکی ئەکبەرن بۆ دەرچوون لەم وڵات و دەسەڵاتە ستەمکارە.

لە تەنیشت ئەم دوو لایەنەش پشتگیری (دالّگە) دایکی بۆ بەردەوامبوون لە خوێندن، کە ئەمەش لە گرنگیی تێگەیشتن لە خوێندەوارییەوە نییە، بەڵکو لە خەونی دەرچوون لە نەهامەتی و ڕزگاربوون لە هەژارییە، لەبەرئەوە دالّگە لە مێردەکەی دەپاڕێتەوە و ڕووبەڕووی دەوەستێتەوە تا کوڕەکەی لە خوێندن بەردەوام بێت. پاش گرتنی مێردەکەی، ئەکبەر دەبێتە ئیشکەر و خوێندکاری شەوان. کەواتە هێز و ئیرادەی بەردەوامی و کۆڵنەدانی خودی هاوڕێ بە پشتگیری دایکی، لەگەڵ دەسەڵاتی کوردی یاریدەدەری کەسێتیی سەرەکیی ئەکبەرن، لەهەمووشی گرنگتر خەون و ئامانجە، کە بۆ بەدیهاتنی ڕووبەڕووی هەموو هێزە دژەکان دەبێتەوە، لە کۆتاییشدا بە ئامانجەکەی دەگات.

**٨ـ مۆدێرنە و نەریت**

گۆڕانی نەگۆڕان، بیروباوەڕی دواکەوتوو

لە ڕۆمانی *هەڵکشان بەرەو لوتکە*، ڕووداوێکی سەرەکیمان نییە، لەبەرئەوە ڕۆماننووس مەبەستی بووە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی، ئابووری، کەلتوور و مێژووی کەرکوک و بیرەوەری خۆیمان لەو شارە بۆ بخاتەڕوو. لەم ڕوانگەیەوە ڕێگرەکان بەپێی ڕووداوەکان دەگۆڕێت، بەڵام ڕێگری سەرەکیی، بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و دواکەوتوویی بیروباوەڕی ئایینی و کەلتوورییە، لەبەرئەوە هاوشێوەی زۆربەی ڕۆمانەکانی ئەم قۆناغە کێشەی هەژاری و منالّزۆری، نەخوێندەواری، گرانییە گەورەکە و بیر و کەلتووری دواکەوتوو، چەوساندنەوەی سیاسی و ڕژێمی پاشایەتی و دەسەڵاتی ئاغاکان ڕێگرن، ئەمە جگەلە بەشداری ئینگلیزەکان بۆ چەوساندنەوەی

کرێکاران و یاخیبوون و خۆپیشاندانیان بۆ تێپەڕاندنی ڕێگرییەکان. "دەمانەوێ هەر بە قسە ڕەوتی شت بگۆڕین ئاواتیش بۆ دەرمانێک دەخوازین کە نەخوێندەواریو هەژاریو چاوچلێسیو دەردەکانیتر بنبڕبکات! بەڵکو دەرباری پاشایەتیش زێروزەبەر بکات!! چاکیش دەزانین کە قسە نەچۆتە گیرفانەوە! ئەم خەڵکە خەڕۆکی کۆستێکی سێگۆشەیی بوون. دەرەبەگو کوێخا ڕووتەڵەکان لە دێهات، حەمەشینو دەرامەتبازانی، ئەمجا مەلیکو دەستەو دایەرەکەی. لەوانیش بترازێ، هەڵبازو ئایینو ئۆینبازانیش، کەڵەشێری سەر بارەداری کۆڵی هەژارانن."[سەراج، ١٩٨٩: ٤٧]

هەڵکشان بەرەولوتکە، وەکو کۆردەرە، بەڵام خۆیەکلاکەرەوە لەسەر ئەوەی، کە هەژاری، نەخوێندەواری و کوێرەوەری دەهێنێت، لەکاتێکدا کۆردەرە وەکو پرسیار دەیهێڵێتەوە "هەر گۆڕانێکی باری درامەتی خەڵکی، کار دەکاتە هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریان و جۆری ڕەفتاریان. بەڵام کۆمەڵی داخراو هەر بە ئاسانی واز لە ڕەوشتو نەریتی خۆی ناهێنێ. لەبیرمە کە گرامافۆن لەو سەر زێویەیەدا پەیدابوو، زەلامێک بەسێ تەڵاقەی سوێندی خواردبوو کە جنۆکەی تێدایە".[جاف، ١٩٨٩: ٩٦] هەژاری سەرچاوەی لاوازیی و داگیرکارییە، لەبەرئەوەی کۆمەڵی نەخوێندەوار لەلایەن دەسەڵاتەوە هەیمەنەی بە سەردا دەکرێت، ڕەفتاری کۆمەڵی هەژار و نەخوێندەواریش ناتەندروست و دواکەوتووانەیە، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکەین نێرەری بەشێکی زۆر لە ڕۆمانە کوردییەکان ڕەخنەگرانە بیریانکردووەتەوە، کە ئەمەش لێکدژییەکی واتایی بە گێڕانەوەکان بەخشیوە، چونکە تاکی هۆشیاریی هەژاریان بە شاکەسێتی داناوە، واتە لەلایەک دژی گوتارەکەی خۆیان وەستاونەتەوە، لەلایەکی دیکەوە بیرکردنەوەی ئاراستەخوازی و شۆڕشگێڕانە نەک پەراوێزی و دواکەوتووانەیان بە گوتاری گێڕانەوەکانیان بەخشیوە، لەبەرئەوە سەرچاوەی داهێنانی گێڕانەوە سەرمەشق و ڕچەشکێنە نەک پاشکۆ.

لەم ڕۆمانەدا هەژاریی خێزانی تۆفیق دەبینین، کە نەوزادی کوڕیان لەبەر ئیشەکردن لە خوێندن دەرهێناوە، لە کاتێکدا دایک و باوکی تێگەیشتوو و پاڵپشتین، بەڵام خەون و زیرەکی و یاخیبوونەکانی نەوزاد وەک هی ئەکبەر نین، لە کۆتاییدا نەوزادیش کە باوکی لە شۆڕشدایە، دەچێتەوە بەر خوێندن، بەڵام ئەوەی دەیەوێت بیکات نایکات، زۆر پابەندی خێزانە و منداڵێکی گوێڕایەڵ و ژیر و ئیشەکەرە، بەڵام ئەکبەر لە شار دەردەچێت و دوای خەونەکەی دەکەوێت و دەچێتە ئەورووپا و سەرکێشیی گەورە دەکات، تەنانە لەلایەن حزبیشەوە گلەیی و ڕەخنەی لێدەکرێت.

ڕێگرێکی سەرەکی لەم ڕۆمانەدا، کە خێزان کۆڵەکەی پەیوەندییەکانە و پاپەندییەکی توند هەیە، جیاوازیی بیروباوەڕی تۆفیق و ئاتەیە، هەروەک لە کۆدەرەشدا جیاوازیی نێوان دایک و باوکی

ئەکبەر دەبینین، کە ئەکبەر بە یاریدەی دایکی ڕێی خۆی دەگرێت و پشت لە باوکی دەکات، بەڵام لێرەدا نەوزاد زیاتر لەباوکی نزیکترە، هەرچەند ناڕاستەوخۆ ئامادەیی دایک زەقتر دەرخراوە، چونکە نەوزاد ئەوەی دەیەوێت بیکات نایکات، ئەمەش لەو دابەشبوونی بیروباوەڕەوە دەخوێنینەوە، کە دایکی نوێنەری نەکردن و هەواڵەکردنی هەقی خۆیەتی بۆ خوا و پیاچاکان تا هەقی بسێنن، لە کاتێکدا باوکی بڕوای بە پیاوچاکان و شێخ و مەشایەخ نییە.

لە ڕۆمانەکەدا دەیان دیاردە باسکراوە، کە لێکدانەوەی ئایینی و پیاوچاکان و حەکایەتی فۆلکلۆری پێوە بەستراوەتەوە، خاتەی ژنی تۆفیق نوێنەرایەتی دەکات، تۆفیقیش بەرپەرچی دەداتەوە و لێکدانەوە زانستی و عەقڵیەکەی دەخاتەڕوو، بۆ نموونە بروسکە شمشێری خوایە و ملی کافران دەپەڕێنێ، یان باران فرمێسکی فریشتەکانە، تۆفیق دەڵێت، "هەیهوو، هەیهوو، هەیهوو، فرمێسکی چی و تەڕەماشی چی! هەندەران لە کوێ و ئێمە لە کوێ!".[سەراج، ٢٠٥] خاتە لە پرسیاری کچەکەی لەبارەی دیاردە سروشتییەکانەوە بڕوای وایە، "کچم کرێوەو گەردەلول و ڕەهێڵەو تەرزە، گشتی خەڵاتی خوایین بۆ ئێمەی داماوو کڵۆڵ".[٢١٧] لە کۆتاییدا وا دەردەکەوێت، کە خاتە لەم بڕوایە پەشیمانبووبێتەوە، چونکە دەڵێت، هەق دەبێت بسەنرێت نەک هەواڵەی خوا و پیاوچاکان بکرێت. "ئەمڕۆ ڕۆژێکە ئەوەی هەقی خۆی بە بازووی خۆی نەسێنێ، هەقەکەی دەبێتە ئاردی ژێر بنچک و نزا، بە سکاڵاو کرووزانەوە، کەس تۆزقاڵێک مافی دەستگیر نەبووە و نابێت...ئەرێ جنۆکە و دەستلێوەشاندنی چی! ئەو قسە پووچانە ریسی پیرەژنی وەکو نەنکمن. پێشتر گاڵتەم بە قسەی تۆفیق دەهاتەوە گەر قسەی ئاوەهالانەی لەلام کردبایە"[٢٤٧] بەڵام دیارە ڕۆماننووس ئەمەی لەبیرکردووە، یان چی، دەبینین دواتر کاتێک نەوزادی کوڕی لێی دەپرسێ خدری زیندە و ئەو شێخ و مەشایەخانە ڕاستن، بەرگری لە ڕاستبوونیان دەکات و دەگەڕێتەوە سەر بیروباوەڕی پێشوو! لەکاتێکدا بە دیدی تۆفیق و سالار بێ بڕوایی گرفتێکی گەورەیە، بەڵام گۆڕانی بڕوا و بڕوای تازە گرنگە، "بێ بڕوایی کارەساتە، بەڵام ئەو دەمە بڕوای تازە ئەو بەتاڵیە پڕ دەکاتەوە، وەکو هونەر و وێژە، وەک باوەڕ بە کێشەی چینایەتیو نابووتبوونی کۆنەپەرستیو هەڵاتنی چەوسێنەران".[٢٦٣] ئەم بیروباوەڕە هەڵگری ئایدۆلۆژیا و هونەرێکی پێشکەوتووی تێگەیشتنە، کە نەوزاد لەنێوان دایک و باوکیدا، لای باوکی گرتووە، بەڵام دەستوپێ سپی و نەکردنەکەی وادەردەکەوێت لە کاریگەریی بیروبۆچوون و حەکایەتەکانی دایکییەوە بێت. لەم ڕوانگەیەوە، ڕێگر و یاریدەدەر سەر بە هێزی نەریت و نوێخوازین، کە لە نموونەی دیدی تۆفیق و خاتە دەردەکەون، ئەمانیش سەرچاوەی پەروەردەی منداڵەکانن. لەبەرئەوە لێکدژی لە ئاڕاستەی دید و کرداردا لە منداڵی نەوزاددا دەردەکەوێت، کە بەبیری نوێخوازی و کردەی نەریتی، ڕێگەی خواستەکەی دەگرێت.

### ٩. جیاوازیی ئایین و پرسی ئازادی

لە ڕۆمانی *پەرستگەی دڵداری*، ڕێگر و یاریدەدەر بە شێوەیەکی سەرەکی بوونی دڵدارییەکی پاک و هەست و ویژدانە، هاوکات بوێری و ترس و ئازادنەبوونە. ئەمە جگەلە بوونی ئایینی جیاواز لەلایەن سۆفیاوە. هەروەها سستی هەنگاونەنانی سەعید و هەستکردنی بە ئازاری ویژدان ڕێگرە، چونکە ڕێگرە لاوەکییەکان کاریگەرییان لەسەر ڕێگرە سەرەکییەکان هەیە، کە بریتییە لە بوونی هاوسەر و مناڵ، بەڵام لە بنەڕەتدا ڕێگری سەرەکی، پاراستنی ئابڕووە، جیاوازیی ئایین و کەلتوورە، دووری و ژنهێنانی سەعیدە، "دەبێ ئەم دڵدارییە لغاو بکەم، بیخنکێنم بیکوژمو لەقووڵایی دڵمدا بینێژم، پێش ئەوەی ماڵی خێزانێک وێران بکاتو کامەرانیان لێ بکات بە ماتەم".[ڕەسوڵ، ١٩٩٠: ١٢٢] پەیوەندی خۆشەویستی و خیانەت بابەتێکی دێرین و نوێیە، لەبەرئەوە لەم ڕۆمانەشدا لەپاڵ هێشوویەک وێنەی بابەتیدا، تۆخکراوەتەوە.

لە کۆمەڵگەی کوردیدا ژن بەرامبەر پیاو کەمتر سەیردەکرێت، هەروەها ئایینەکانی تر بەرامبەر بە ئایینی ئیسلام نزمترن، لەبەرئەوە سۆفیا لەم لایەنەوە پێگەی نزمە، بەڵام لە خۆشەویستیدا یاخیبوون لەم دیدە نەریتییە ڕوودەدات، ئەم لادانەش تا ئەوکاتە دەڕوات کە مەستی خۆشەویستی زاڵە، لەبەرئەوە کاتێک پرسی فەرمی هاوسەرگیری دێتە پێشەوە، دیدی کۆمەڵ نەک کەسی ئەویندار کارادەبێت. سۆفیا لە دیدی سەعیدەوە مافی خۆیەتی ئازاد بڕیار بدات و بژی، بەڵام ڕێگرەکان لەبەردەمی زۆرن، "ژنەش مرۆڤە، خاوەنی سۆز و هەستو نەستە، مافی خۆیەتی کە ڕێگای چارەنووسی خۆی هەڵبژێرێو ببێتە خاوەن بڕیاری خۆی...بەڵام نەریتو خوو ڕەوشتی کۆنو لەمپەری ئایینو تۆقین لە دواڕۆژ؛ هەموویان وەکو کێوە ملکەشەکانی کوێستان لەبەردەمیاندا بەرانبەر ئاواتو هیواو ئارەزووەکانیان قیت دەبوونەوە".[١٢٣] ئەم تێگەیشتنە یاریدەدەرە، بەڵام واقیعی گێڕانەوە بەو بارودۆخەوە ڕێگرە، چونکە بڕیاردانی سۆفیا لەنێوان ئازادی و ناچاریدایە، هاوکات تێگەیشتنی سەعیدیش لەنێوان ئازادی سۆفیا و پابەندبوونی بۆ ئەوین و کەلتوور دەگۆڕێت.

ترس و نیگەرانی سەعید لە زمانی خەڵک و کەلتووری دواکەوتووی ناوچەکەیان، کە کچێکی گاوری خاوەن مێرد و سێ منداڵ بکات بە هاوسەر، پێیوایە دەبێتە بنێشتەخۆشەی سەرزاری خەڵکی، هاوکات ترسی سۆفیا لە بڕیاردان، وای کرد سەعید لە شارەکەی خۆی ژنبهێنێت و ڕێگری بەیەکگەیشتنی بە سۆفیا ببێتە سەرەکی، ئەم ڕێگرییانە لەبەردەم ئەویندا، کە یاریدەدەر و بابەتی سەرەکییە، ناتوانێت پشتی ڕێگر و هێزە نەیارەکان بشکێنێت. لەمەوە، دەگەین بەوەی، کە هێزی کۆمەڵ بەسەر تاکەکاندا زاڵە، لەبەرئەوە ململانێی نێوان ئازادیی تاک و کۆمەڵ پێویستییەکە، یاخی نەبوون و ئازادنەبوون دەتوانێت خەون و ئارەزووەکانی تاکەکان لەناو ببات و تاکەکانیش بکاتەوە بە بەشێک لە پابەندێتیی کۆمەڵ.

## پاری چوارەم
## دوانە کردەنوێنەکان لە ڕۆمانی (شاخ)دا

یەکێک لە سیما و دیاردەکانی بەرهەمی ئەدەبی کوردی، ئەدەبیاتی شاخە، کە تایبەتمەندیی خۆی هەیە. نووسین و بڵاوکردنەوەی ڕۆمان لە شاخ، لە ماوەی ساڵانی هەشتاکاندا چالاک بووە. مەبەستمان لە ڕۆمانی شاخ، بڵاوکردنەوەیەتی لەوێ، دەنا ئەو ڕۆمانانەی باسی خەباتی شاخ دەکەن، زۆرتر و فراوانتر و ماوەدرێژترن. ڕۆمانی سەگوەڕ[موکری، ٢٠٠٨] بە یەکەم ڕۆمانی شاخ دادەنرێت، کە لە ١٩٨٢ لە شاخ چاپ و بڵاوبووەتەوە.[ڕەشید، ٢٠٠٧: ٢٤] پەیوەندی ڕۆمان بە شارەوە قوڵ و پێکبەستراوە، لەبەرئەوەی دنیای شار بەرین و پێکداچووە، تۆوێکی چاکە بۆ ڕۆمان. بەڵام شاخ لێرەدا بەرامبەر بە شار نەوەستاوە، بەڵکو لەگەڵ خۆیدا هەڵیگرتووە، بەو مانایەی شاخ شوێنی شۆڕش و خەباتە، دژی ئەویترێک کە شاری منی داگیرکردووە. شار لە شۆڕشدا جمکی شاخە، منی ڕۆماننووسیش خۆی پێشمەرگەیە و لە شارەوە بۆ شاخ هاتووە. (چوونە دەرەوە بۆ شاخ) لەو ساڵانەدا هاوڕێی وشەی پێشمەرگایەتی بووە، کە سەیرکردنی شاخە وەک دەرەوەیەکی ناونشین، شاخ بە ناچاری ماڵە، چونکە ئەویتری داگیرکەر بۆی داگیرناکرێت، وەلێ خەباتی منی پێشمەرگە زیاتر بۆ ڕزگاری شارە، کەواتە شاخ ئەو شوێنەیە ئەویتر حوکمی تیا ناکات و من لێرەوە بە ئومێدی ڕزگاری ئەوێ(شار) خەبات دەکەم، لەبەرئەوە شاخ دەبێتە ئێرە و شاریش ئەوێ، بەڵام ئەوێیەکی ئێرەنشین و نزیک لە من. ڕۆماننووس کە مرۆڤێکی بەسەرنج و وردبین، هۆشیار و ڕەخنەگرە، بە چاوی شارەوە دەچێتە دەرەوە، ئەو پەروەردەیەی لە خوێندن و خوێندەواری شار هەیەتی، بە گیانی شۆڕشگێڕییەوە بەستراوەتەوە، لەبەرئەوە بەشێک لەو ڕۆمانانە بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە لە خەباتی شۆڕشگێڕیی و حزب و شاخی ڕوانیوە. لە خوارەوە لەبارەی بەشێک لەو وێنانەی ڕۆمانەکانی شاخ بەرجەستەیان کردووە، لەسەر بنەمای دوانە کردەنوێنەکان شیکارییان دەکەین.

**١. شۆڕش لەنێوان وەڕین و خەباتدا**

ڕەخنەی شۆڕش و شۆڕشگێڕیی

بەوپێیەی دوانەکانی "نێرەر و وەرگر، خود و بابەت" لە بەشێکی زۆری ڕۆمانەکاندا هاوبەش و یەکن، لێرەدا بە تێهەڵکێش باسیان دەکەین و لە هەر ڕۆمانێکدا جیاوازبن، ئاماژەی پێدەدەین.

سەگوەڕ لە گۆشەنیگای منی هەمووشتزانەوە، "تۆ"ی زیندانیی فەرمانی بە مەرگ سەپێنراوی کەسێتیی سەرەکی دەگێڕێتەوە. ئەمەش گێڕانەوەیەکی بابەتی-خودییە، کە نزیکی گێڕەرەوە و

خوێنەری لێکەوتووەتەوە.[مەجید، ٢٠١٣: ١١٦]. ناونیشانی ڕۆمانەکە ڕەمزی و نیشانەییە و هەڵگری گوتاری دەقەکەیە، چونکە "تۆ"ی پێشمەرگەی ڕۆشنبیر بەهۆی ڕاپۆرت و داوی بەرپرسانی کوردەوە، کە سەرکردایەتیی شۆڕش دەکەن خرایتە زیندان و لەلایەن ئەویتری دەسەڵاتی داگیرکاریشەوە فەرمانی مەرگت بەسەردا جێبەجێدەکرێت، لەبەرئەوە دەسەڵاتەکانی دەوروبەرت بە حزب و ئایدۆلۆژیا جیاوازەکانەوە، بە نیشتمانپەروەر و شۆڕشگێڕ، دوژمن و بێگانە پەلامارت دەدەن و تۆش لەناو ئەم بێهودەیی و بێ بەهاییەدا جگەلە وەڕین هیچی ترت نییە، "دیواری لای ڕاستی ژوورەکەت...دیواری لای چەپی... دیوارەکانی لای ژوور و خواروویش هەر سەگوەڕە..میراتیت تەنیا ژوورێکی چکۆڵەی تاریکی پڕ لە سەگوەڕە!".[موکری، ٢٠٠٨: ٧٦]

هاوکات سەگوەڕ جۆرێکە لە یاخیبوون و بێ واتایی ژیان، وەڕینە بە هزر و کردە و ڕەفتاری من و ئەویتردا، کە دەنگ و ڕەنگی جیاوازن، بەڵام لە کردەدا یەکن. وەڕین ئاگادارکردنەوەیە بە مرۆڤی سەردەمدا کە هۆی ئاسوودەیی داوەتە دەست مرۆڤە نارەسەن و خوێنرێژەکان، یاخود بۆ ئاگادارکردنەوەی میللەتە لە منی شۆڕشگێڕ، کە من وەک ئەویتر دوژمن و تۆڵەسێنە، کوردفرۆش و دەمارگیرە، میللەت وەک داردەست بۆ بەرژەوەندیی خۆی بەکاردەهێنێت، یاخود وەک سەگە و بەهەموو کەس دەوەڕێت. هاوکات دەشکرێت وەک بە سەگبوون بیخوێنینەوە، کە لەناو سەگەکاندا ناتوانیت لە سەگێتی و وەڕین دەربچیت.

ڕۆمانەکە هەڵگری گوتارێکی دژە، تەنیا ئەویتری دوژمن نیشان نادات، بەڵکو منێکی دوژمنی چەکهەڵگری بەناو شۆڕشگێڕ نیشاندەدات، ئەمەش ئەو گوتارە دژەیە، کە پێچەوانەی خواستی سەربەستی منە لە ئەویتر. منی شۆڕشگێڕی کورد دەبێتە ئەو هێزەی ڕۆمانەکە ڕووبەڕووی دەبێتەوە و خواستیەتی ئەو منە لەویترچووە یان نەخەملیوە ڕەخنە بکات. ڕۆمانەکە لە ئێستای زیندانەوە بە ڕێگەی بیرەوەریی بۆ دەرەوەی زیندان دەگەڕێتەوە، گەشتێک بەناو بیرەوەری "تۆ"ی چاوەڕوان بە مەرگ و دواخواستی بینینی دایک دەکات. لەم گەشتەبیرەوەرییەدا دنیایەک وێنە و چیرۆکی بێ بەربەست و سانسۆر نیشاندەدرێن و بەهۆی ئەزموون و چیرۆکەکانی خەباتەوە شێوەگرتنی کەسێتیی سەرەکیش دەبینین. نێرەر و وەرگر لەناو ئەزموونە جیاوازەکاندا دەگۆڕێت، گوتاری شۆڕش لەپێناو نەتەوەیەکی دابەشکراو و داگیرکراو، یاخود گوتاری نەتەوەیی حزب و ئایدیۆلۆژیاکان، لە قۆناغێکیشدا نێرەر خواستی تۆڵەکردنەوەی باوک و خوشکە، کە بەهۆی پێشمەرگەبوونییەوە باوک لەژێر داردا دەکوژن و دەستدرێژی دەکەنە سەر نەسرین و دواتر خۆی

دەکوژێت.1 ئەم خۆکوشتنە لێکچووی لەگەڵ خۆکوشتنی مرۆتی ڕۆمانی پێشمەرگە هەیە، کە دەبێتە یاریدەدەر بۆ گۆڕانی خود و بیری تۆڵەسەندنەوە لە خوددا پەرەپێدەدات، لەبەرئەوە سزای ئەویتر بۆ باوک و خوشکی خود، دەبێتە هێزی یاریدەدەری ئاڵۆز، چونکە لە گوتاری من بۆ ئەویتر یاریدەدەر و لە گوتاری من بۆ خۆم تۆڵەسەندنەوە دژ و ڕێگرە؛ ڕەخنەی ڕۆمانەکەش دژی تۆڵەپەروەرییە.

لەگەڵ ئەم پاڵنەرە جیاوازانەی نێرەر و وەرگردا، بە دیدی ئێمە نزیکترین نێرەر و وەرگر لە گوتاری ڕۆمانەکەوە خودهۆشیاریی و پێشمەرگەبوونە، ئەمەش لەو دیدە ڕەخنەگرانەیەی، کە بۆ چەکهەڵگر و مودمین بەچەکی ناپێشمەرگەکان هەیەتی. بوون بە پێشمەرگە خودهۆشیارییە بەرامبەر بە مەرگ و ژیان، تێپەڕکردنی ترسە لە مردن و نزیکبوونەوە و یەکگرتنە لەگەڵ خوادا، لەبەرئەوە نێرەر و وەرگر هەر بکەرن و بابەتەکەش خۆناسی گەیشتنە بە خود و تێپەڕکردنی ڕق و تۆڵەیە، "ئەوکات بەگوڕ بوویت و هێزی جوانەگاییکت هەبوو! ئێستا هەندێک پیر و بێهێزی، کەچی بە ڕۆح و باوەڕ هەزار جار ئەوەندەی ئەوسا بەهێزی...ئێستا نەک بیری تۆڵەسەندن بەمێشکتا گوزەر ناکات، بەڵکو لەخوای خۆت دەپاڕییتەوە، ئەزیەتی ئەو کەسانەش نەدات وا ئەزیەتی ڕۆحی تۆیان داوە...ئێستا وەکو جاران نیت، جاران بە دوای خوادا دەگەڕای و خۆتت دەبینی، ئێستا بەدوای خۆتتا دەگەڕێیت و خوا بەدی دەکەیت...نەفرەت دەکەیت لەوەی کەسێ لەخوا داوای ئەزیەتی کەسانی دی بکات. ناتەوێ هەرگیز، خوا ئەزیەتی هیچ کەسێ بدات تەنانەت ئەزیەتی شەیتانیش، چونکە لەنێو هەموو پاک و پیسێکدایە و ناتەوێ خوا خۆی ئەزیەت بدات...ئەوانەی ئەزیەتیان داویت، نەفام و ئامێر و بەدبەخت بوون!".[٢٧-٢٨] ئەم دیدە بوونگەرایی- سۆفیگەرییە، خودهۆشیارییە و جۆرێکە لە ڕاستی بینی و بوون بە ڕاستی، یاخیبوونێکی کامۆیی2 و خۆناسییە، کە دژی نەفامی و ئامێربوونە، بەرلەوەی لە کۆت و بەندەکانی ئەویتر یاخی بێت، لە کۆتی بیرکردنەوە دواکەوتووەکانی خۆی یاخی دەبێت، لە بیری تیرۆری ئەویتر و پێشێلکردنی بوونی تێدەپەڕێت. لەو بیرکردنەوە تاکڕەهەند و دوژمنخوازییەی لایەنەکان دەگوزەرێت، لە کاتێکدا هەردوو دەسەڵاتی خۆماڵی و بێگانە لە نەزانییەوە یەکدی دەکوژن و یەکدی بە شەیتان دادەنێن(سەرنجام هەردوو شەیتانن)، ئەمی یاخی تەنیا خۆی یا حزب و ئایدۆلۆژیاکەی نابینێت، بەڵکو ئەویتریش درک دەکات، لەبەرئەوە تا لە دەرەوە بوو زیندان بوو، ئێستا لە زینداندا ئازادە.

---

[1] ـ لە ڕۆمانی هەرەس[موکری: ٢٠٠٥]، نەسرین، کە خۆشەویستی ئەحمەدە و منداڵەکەی خۆی دەکوژێت.

[2] ـ ئەگەر دیدی ئەم کەسێتیە لەگەڵ حەسەن تۆفان لە ڕۆمانی غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵی بەختیار عەلی بەراورد بکەین، ئەوا لێکچوونی زۆر بەدیدەکەین، لە بەشی ٤دا شیکاری ڕۆمانی ناوبراومان کردووە. تۆفان وەک پێشمەرگەیەکی پیاوکوژی پەشیمان لەبری زیندان، خەڵوەت هەڵدەبژێرێت. ئەم دید و شێوە ژیانە سۆفیگەرییە لای هەردووکیان بەدیدەکەین. هاوکات یاخیبوونی کامۆیی، مەبەست لە تێگەیشتنی کامۆیە بۆ یاخیبوون کە لە کتێبی 'مرۆڤی یاخی' ئاماژەی پێدەکات.[کامۆ، ٢٠١٢: ٢٤٢]

هەروەها شەڕی براکوژیش یەکێکی ترە لە برینەکان، کە خود بڕیاری هەڵپەساردنی خەبات دەدات، نێرەر، کە گوتاری ڕۆمانەکەیە، وەرگر و بابەتی خودیش گەیشتنی خودە بە ناکۆتا و ئەبەدیەت، بە دڵنیایی و ڕۆشنایی و ڕاستی، "ڕۆشناییەک لە دەروونتایە هەرگیز کز نابێ و ناکوژێتەوە، کاتێ گوریسەکە دەنێنە ملتەوە-بەجۆرێ ئەو ڕۆشناییە دەگەشێتەوە هەرچی کونج و کەلەبەری تاریک و شێداری دڵ و مێشکت هەیە ڕۆشنی دەکاتەوە و تاقە فرسەتێکی تەمەنتە هەموو شت و ڕەنگەکان بەقەد و قەوارە ڕاستەقینەکەی خۆیانەوە دەبینی!".[٣٠] ئەم ڕۆشناییەی دەرون خۆبینی و ئەویتربینی و گشتبینییە، کرانەوە و دڵنیایی و ڕاستیبینییە. خود بەهۆی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەوە بواری خۆخستنە شوێنی ئەویتر دەرەخسێنێت، دەزانێت ئەویتر دوژمنت نییە، بەڵکو وەک میللەتەکەی تۆ کراوەتە مقاش، تۆش بە تێڕامان و خۆدۆزینەوە گەیشتوویتە ناو ئەم دڵنیاییەی ترست لە مەرگ نەبێت و وەک ئازادیی ببینیت، چونکە مەرگ تاکە ئەزموونێکە، تەواو خودییە و هیچ کەس ناتوانێت لەبری تۆ ئەنجامی بدات، لەبەرئەوە ڕاستیی شتەکانی تێدا دەردەکەوێت.[عوسمان، ٢٠١٣: ٧]

لە ڕابردوودا دیدی "تۆ" بۆ ڕاستی بە چەکەوە پەیوەستبوو، چەک ڕاستی دەردەخست، لەبەرئەوە ئەو کات "تۆ"ی سەرکردە ڕۆڵی نێرەر و خودت دەبینی و گوتاری ئاگرین و توندوتیژ، یا ئەدەبی و هەستوسۆز جوڵێنت بەکاردەهێنا، ئەمە گوتاری زاڵی خەباتی خەباتکارانی کوردبووە، کە تۆ نوێنەری بوویت. گوتارەکانت بوونە هۆی کوژرانی چەندین پێشمەرگەی هاوشێوەی دڵشادی هەرزەکار، پێشمەرگایەتی لەم دیدەوە بوونە بە پیاوکوژ و ڕێگر، "لەپێناوی (مان)دا دەبێ وەک پیاوکوژی ڕەسەن ڕەفتار بکەین و چاکتر فێری ڕێگری و کوشتار ببین!".[موکری، ٥٠] ئەم دیدە بەناوی شۆڕشەوە ستایشی وێرانکاری و تیرۆردەکات، هاوکات بۆ سۆزجوڵێنی لاوەکان مەرگی دڵشاد و دایکیشی بەکاردەهێنێت، "ئالێرەدا...خۆڵەمێشی جەستەی کوڕ و دایک تێکەڵبوون، ئارامگای بەختەوەرترین دوو مرۆڤی سەدەی بیستەمە...دڵشاد و دایکی، لەباوەشی دایکی بریندارردا چاوەڕێن...هیمەتێ". [٥٦] کامۆ لە کتێبی مرۆڤی یاخی، ڕەخنەی توند لەو شۆڕش، ئایدیۆلۆژیا و هزر و ئەدەبیاتە ڕەهایانە دەگرێت، کە بە ناوی نیشتمان، جیهان و ژیانێکی باشتر دەبنە هۆهاندەری کردەی تیرۆرستی و بەخشینی مەرگ و مەرگدۆستی. ئەو جیاوازیی لەنێوان شۆڕش و یاخیبووندا دەکات و پێیوایە زۆرێک لە شۆڕشەکان بەرهەمهێنەری کوشتن و ستەمکارین، پێویستە یاخیبوون شۆڕشێک بێت لەپێناو ژیاندا، نەک دژی ژیان، یاخیبوونیش تاکەکەسییە و ئاکامەکەی گشتییە "من یاخی دەبم کەواتە ئێمە هەین"[کامۆ، ٢٠١٢: ٤٣٣]، لەبەرئەوە ناکرێت ئامانج پاساو بە ڕێگە بدات، واتە لەپێناو ئامانجی سەربەستی و مانەوەدا، ڕێگە بە چەتەیی و کوشتار بدرێت، بەڵکو هۆ و ڕێگە پاساوی ئامانج و مەبەستە. لەم دیدەوە گوتاری ڕۆمانەکە لەبارەی شۆڕشە کوردییەکانەوە ڕەخنەگرانەیە، کە ئامانجی ڕزگاری کردووە بە ڕێگەیەکی تەخت لە شیاوێتی کردەوە نامرۆییەکان.

## ٢. كوردبوون و جیهادیستیی کوردی و هێشوویەک ڕەخنە

هەرچی ڕۆمانی هەرەسە، دوو بەرگە، یەکەمیان ١٩٨٥ و دووەمیان١٩٨٧ لە شاخ دەنووسێت، ڕۆمانێکی قەبارە گەورەیە، چەردەیەک مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی کورد لە ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان و عێراق دەخاتەڕوو. لە ڕێگەی کردەنوێنی حەمەوە سەرنج دەخاتە سەر هەرەس و نسکۆی کۆماری کوردستان، ئەمەش پێچەوانەی ڕۆمانی *پێشمەرگە*، کە باسی دامەزراندنی نەک ڕووخانی دەکات. هاوکات لەڕێگەی ئەحمەدی کوڕی خەجێ هەرەس و ئاشبەتاڵی شۆڕشەکانی باشووری کوردستان دەگێڕێتەوە. ڕۆماننووس وێنەی شاری کەرکوک، بەغداد، خانەقین و چیاکانی کوردستان، خۆپیشاندانی شارەکان و ئاکامەکانی هەڵگیرسانی شۆڕشی ١٤ی تەمووز، هەڵگیرسان و هەرەسی شۆڕشی ئەیلول و شۆڕشەکانی پاش ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازار، ڕێککەوتننامەی جەزائیر لەنێوان ئێران و عێراق بۆ شکستی شۆڕشەکان و بڕیاردانی کۆمەڵێک پێشمەرگە بۆ شۆڕش و ڕووکردنەوە شاخ...دەخاتەڕوو. کەواتە دوانەی شۆڕش و هەرەس پێکهاتەی گێڕانەوە و دوانەگەلی شۆڕشگێڕ و خۆفرۆش، خاکفرۆش و نیشتماندۆست، من و ئەویتر... گوتاری ڕۆمانەکە پێکدەهێنن.

هاوکات لەناو ئەم گێڕانەوە مێژووییانەدا جیهانێک لە وێنەی پێشمەرگەی پیرۆز، خەبات و دڵسۆزی و جوانیمان نیشاندەدات، لەبەرامبەردا دنیایەک وێنەی بێزارکەر و قێزەونی کوردی جاش و خۆفرۆش، سیخوڕ و ماستاوچی، لەشفرۆش (سولْتانخانە، سەڵتەنە)، بەرپرسی بێباک و نەزان دەخاتەڕوو، کە ئاشبەتاڵ و هەرەس و شەڕی براکوژی دەکەن. ئەم ڕۆمانەش هاوشێوەی سەگوڕ و تۆڵە دوانە هاودژەکانی، چاک و خراپ، پیرۆزیی و قێزەونی کۆکردووەتەوە. هاوکات باسی وێنەی کورد لەناو دەوڵەتە جیاوازەکان دەکات، کە لەلایەن دەوڵاتانی دابەشبوو بەسەریاندا بەکاردەهێنرێن، ڕێککەوتننامەی جەزائیر نموونەیەکی دیاری دەرخستنی ئەو بەکارهێنان و ساویلکەییەیە، کە کوردانی باشوور لەلایەن شای ئێران هاوکاری دەکرێن و کوردانی ڕۆژهەڵات لەلایەن شاوە دەکوژرێن، بەڵام لەپاش ئەو ڕێککەوتنە سنوورەکان بەڕووی پێشمەرگە دادەخەن و تۆپی ئێرانی و ئەرتەشی شا دەکشێنەوە. شۆڕشگێڕی ڕاستەقینە دەڵێت، تەنیا ئەو ڕۆژە هەستم بە شۆڕشی کوردان کرد، چونکە پێشتر ژیانی ئێمەیان بە قۆنتەرات گرتبوو، خەباتگێڕە ترسنۆک و خۆفرۆشەکان خۆیان تەسلیمکردەوە و ئاشبەتاڵ ڕوویدا، هەندێک پێشمەرگەش بەرگەیان نەگرت و خۆیان کوشت.[1]

---

[1] ـ لە چەند ڕۆمانی کوردیدا، باسی نائومێدی و خۆکوشتنی پێشمەرگە کراوە. ئەمەش خوێندنەوەی زۆر هەڵدەگرێت، بۆ نموونە ئەگەر لە دیدی کامۆوە بیخوێنینەوە، شۆڕشە کوردییەکان مەرگدۆست و لێسەنەرەوەی ئازادیی تاکەکان بووە.

لەتەنیشت دەوڵەتانی توندڕەوی وەک عێراق، ئێران، سوریا و تورکیا، وڵاتانی دنیاش پشتی کورد ناگرن و بەکاریدەهێنن، ڕۆماننووس پێیوایە کورد بەهۆی زۆڵە کوردەوە بە دەست فارس، عەرەب، تورک و ئینگلیزەوە بەکاردەهێنرێت، ئێمە هەموو شتێکی خۆمان بۆ ئەوان دزی؛ ئازایەتی خۆمان بۆ خۆمان نا، بۆ ئەوان بووە، لەبەرئەوە "کورد دزی ماڵی خۆی بووە".[موکری، ٢٠٠٥: ١١٣] ئەمەش وێنەی کوردێکی ناکورد، خزمەتکار، خۆنەناس نیشاندەدات. لە دیدی ڕۆماننووسەوە لە هەمووی بە ئازارتر نەزانی و بێباکی کورد و شۆڕشەکانییەتی، لەبەرئەوە ڕەخنەی توند لە گوتاری مانەوە1 و بێ ئەزموونی و نامیللەتی میللەتی کورد دەگرێ، کە خاوەنماڵ و بێگانەیە، بێگانە و ئاشنایە، میللەتە و نامیللەتە، بۆیە کورد، هیچ کات جاش و خۆفرۆشی لێنابڕێت.[٢٧٣-٢٧٤] ئەم دیاردەی لەخۆبێگانەبوون و ئەویترنوێنییە، سەرچاوەی شەرم، نیگەرانی و پرسیی کوردبوونی ئەو کوردانەیە، کە لە دەرەوەی ئەو دیاردەیەن. پێشتر ئاماژەم بە دیدی جەمال نەبەز لەبارەی کوردبوون و پرسی بە کێ دەوترێت کورد دا، بە دیدی من ئەم دیاردەیە و کەسەکانی برینێکن بە جەستەی کوردبوونەوە، لەبەرئەوەی بارودۆخ و ژینجیهانی کورد لەسایەی دەوڵەت و هێزە گەورەکانەوە، بواری ئازادی کوردبوونی بۆ کوردەکان نەهێشتووەتەوە، کوردەکان لەنێوان بەرەنگاریی و مانەوە، یاخود جۆرێک لە خۆشگوزەرانی بێ ئازادی، هەروەها بێلایەنی دابەش بوون. دەوڵەتان ئەگەر زۆر لەخۆیان ببوورن، تەنیا ئەوکاتە کوردیان قەبوڵە، کە لە خۆیانەوە لە کوردبوون بڕوانن، واتە کوردبوونی بێ ئەویتر ڕەتدەکەنەوە، کورد ناتوانێت بێ عەرەب و فارس و تورک هەبێت، ئەگەر کورد لە بوونی خۆی نەک لە دەرەوە و نەتەوەیەکی جیاواز شوناس وەربگرێت، ڕەتیدەکەنەوە و وەک مەترسی لێی دەڕوانن، لەبەرئەوە بە درێژایی مێژوو لە میرنشین و شۆڕشە کوردییەکان، وردبینەوە تێبینی بەرهەڵستی و لەناوبردنی ئەو میرنشین و شۆڕشانە دەکەین، کە نزیک بوون لەوەی خۆیان لێیان ببوێرن و ئازادبن.[مستەفا، ٢٠١٨] لەگەڵ ئەم ڕەخنانەشدا ڕۆمانەکە دۆخی کورد لەناوچەکانی کەرکوک و خانەقین و بەغداد نیشاندەدات و پێماندەڵێت ویست و خەباتی کورد بۆ ڕزگارییە، نەک بۆ بەرژەوەندی، لەکاتێکدا چاوی دەوڵەتان و بەشێک لە بەرپرسانی کورد لە دەسەڵات و، پارەو نەوتە.

لە تەنیشت ئەم خۆفرۆشانە گوتاری کردەنوێنی نەسرینی خۆشەویستی ئەحمەد و خەجێمان بۆ دەخاتەڕوو، کە نەسرین وەک جیهادیستێکی کوردی شۆڕشگێڕ، خوێنی دوژمن واجب دەکات،

---

[1] ـ موکری لە ڕۆمانەکانیدا بەگشتی و لەم ڕۆمانە بەتایبەتی پرسی گوتاری مانەوە ڕەخنە دەکات، کە سەرچاوەی نەزانی و بێهودەیی و ژیانەویستییە. دیارترین ڕۆماننووس دوای موکری بەشێوەی پرۆژەی هزری و ئەدەبی کاری لەسەر ئەم چەمکە کردبێت بەختیار عەلیە، کە کتێبێکی هزری بەهەمان ناونیشان هەیە.[عەلی، ٢٠٢٣].

هەروەک عەبدوسەلام عارف، کە مەلاکانی هاندەدا خوێنی کورد حەڵاڵ بکەن، خەجێش پێشمەرگە بەپیرۆز و پێغەمبەر ناودەبات. نەسرین دەڵێت: "دوژمن و داگیرکەر کوشتن نوێژە...نوێژێکی ڕاستگۆیانەی بێ ڕیایە"[موکری، ٢٦٤]. بەڵام ئاکامی ئەم گوتارە پەرگیرەی نەسرین لەوەی عارف جیاوازە، "ئەوەی بە من کراوە لەبەرچاوی باوکما بە دایکیشم کراوە..دایکم بەرگەی نەگرتووەو مردووە.. باوکیشم ئیفلیج کرابوو..بە بەرچاوی دایکمەوە بتلیان تێدەبری...نەمدەزانی بە چ جۆرێ سەربەرز بکەمەوە، سەرنجی پرتەوسی خەڵکی پێستی دەسمیم...وردە وردە سکم بەرزدەبووەوە... هەسم دەکرد باوکم حەزدەکات دەستم بچێتەخۆمو خۆم بکوژم".[٢٦٥] نەسرین مناڵەکەی خۆی دەکوژێ و دەبێتە بکوژ، نایەوێت بەهۆی مناڵەکەیەوە ئەم وێنانەی بیربکەوێتەوە و مناڵەکەش وەک زۆڵ لەناو مناڵان ناوببرێت. دیمەنی لاقەکردنی نەسرین1 کاریگەرترین دیمەنە، کە کوردێک بەناوی فەتاح وەک گەواد و خۆفرۆش لەبەرچاوی عەرەبەکان بتڵ دەبرێتە نەسرین، بە ڕووتی وێنەیان دەگرن"ئازاری هی یەکێکیان ئەوەندەی فەتاح نەدەبوو، چونکە بە کوردی قسەی دەکرد...چەنێ بێزم لەخۆم دەکردەوە کە ئافرەتم، ئەوەندەش بێزم لەو پیت و وشە کوردیە دەکردەوە کە لە دەمی فەتاح دەهاتە دەرێ...بتڵە بیرەیان تێدەبریمو بە بتەڵەوە رەسمیان دەگرتم...جارێکیان فەتاح بەزۆر لەسەر بتڵێک داینیشاندم، رومیان وەرچەرخاند و رەسمی بتڵەکەو پاشۆڵیان گرتم، جێیان هێشتم نەک لەبەرئەوەی هیچیان لێهەڵنەکراندم، بەڵکو بۆنی بۆگەنی میز و خوێن و عارەق بەلوتیانا دەچوو"[٢٦٣-٢٦٤] دیارە مناڵکوژی و خۆکوژی مرۆت لە ڕۆمانی پێشمەرگە، نەسرین لە سەگوەڕ، لێکچوونن بە جیاوازییەوە، لێکچووەکە پەیوەستە بەبوونی تۆوی بێگانە و خۆپاککردنەوە، خۆنەکوشتنی نەسرین، مانەوەیە لەبەر ئیفلیجی باوکی، بەڵام مناڵەکەی دەکوژێ وەک نەهێشتنەوەی بەرهەمی ئەویتر لە ژیانیدا.

ڕۆمانەکە لە تەنیشت وێنەی کورد لە شار و شاخ، وێنەی تورکمان و بەعسییەکان بۆ کورد، هاوکات وێنای کوردان لە چاوی خۆیانەوە دەرخراوە، بەعسییەکان کورد وەک مەترسیدار، وەحشی و خاوەن ویستی خۆجیاکەرەوە دەبینن، باوکی هیامی تورکمانیش کورد بە ئاژاوەگێڕ، بێعەقڵ، کرێگرتەو نا ئینسان دەبینێت. ئەمە وێڕای نیشاندانی قاتوقڕکردنی تورکمانەکانی کەرکوک لەلایەن بەعسییەکان، ڕەخنەی سیاسییە کوردەکان لە شار و خەباتگێڕەکانی شاخیش دەگرێت، هاوکات گوتاری پیاوسالاری ڕۆشنبیرانی کورد لەشاخ ڕەخنە دەکات، "ژنو شۆڕشیان نەگوتووە".[٢٨٧] لەگەڵ ئەوەشدا ڕەخنەی توند لە سیستمی پەروەردە و کەلتوور، ئاغاو دەرەبەگ. شێخ و مەلا، دەرونی شێواوی مرۆڤی کورد دەگرێت، پیرۆزیی و کەلتوورەکان دادەوەشێنێت و سوکایەتیان پێدەکات و

[1] ـ نزیک و هاوشێوە لەم دیمەنە لە ڕۆمانەکانی قۆناغی دووەم و سێیەم گەلێک دووبارە دەبێتەوە.

ساویلکەیی کوردان نیشاندەدات، کە ناپیرۆز پیرۆز دەکەن. کورد لەگەڵ ئەوەی سەربەست نییە، بەڵام چەند شێوە و ڕێگەی جیاوازی کەلتووری و ئایینیی بۆ خۆسنووردارکردن داهێناوە. ڕۆماننووس چەند نموونە-چیرۆک دەهێنێتەوە، یەکێکیان پیرۆزکردنی دار شاتووە وەک نزرگا، کە مراز دەهێنێتە دی، بەڵام بنەچەی دارشاتووی پیرۆز لە تڕێکەوە سازبووە و تڕێکی دیکەی نەریمان کە خۆی بەشێخ دەزانێت، دەیکاتە نزرگا.[٢٣] پێکەوەهاتنی تڕ و پیرۆزیی دژیەکییەکی جوان و هونەرییە، کە تێهەڵکێشی واتا و بەها و ڕەفتارە دوور لەیەکەکانی لەنێوان پیرۆزی و ناشرینی داوە، هاوکات ئەنجامی تراژیک-کۆمیکی لێخستووەتەوە.

هاوکات وەک بەشێک لە ڕۆمانە کوردییەکانی ئەم قۆناغە ڕەگەزی خەونبینین، پێشبینی و بەدیهاتنی لە چەند وێستگەی ڕۆمانەکە ئامادەیی هەیە، وەک خەونی حەمە و دروستبوونی ژیانی تاڵ، خەونی خەجێ و مردنی سمایل و حەمە. یاخود وێنەی ژنی کوردی لادێ و شار نیشاندەدات، کە ژنانی بەرپرس لە شاخیش زیاتر لە دە پێشمەرگە خزمەتیان دەکەن.[٣٠٥] لەبەرئەوە ڕۆمانەکە بە گشتی سیاسیی ڕۆشنبیرانەیە و ڕەخنەی چەردەیەک کەلتوور و داب و گوتار و عەقڵی جەماوەری دەگرێت، "دەشێ ئەم عەقڵی جەماعیە جۆرە میکرۆبێکی کوشندەی ڕەوتی مێژوو بێت"،[٢٠١] هەڵە و کەوتن، دیکتاتۆریەتی عەقڵی جەماوەری و شۆڕشگێران، سەرچاوەی بێزهاتنەوە و تورەییەکی واتارە، کە تا ئەوە دەڕوات خەجێ ببێتە هاوزمانی سیسرک و شەوگەردەکان، چونکە لە مرۆڤەکان باشترن "ئێوە بێ ویژدان نین..ستارەتان لەسەر نییە، قۆندەرەتان لەپێ نییە، سوێندی درۆ ناخۆن، نوێژ ناکەن..."[٣٢٢]

بە گشتی ڕۆمانەکە دانە دانە کارەکتەر سازدەکات و کۆتاییان پێدەهێنێت، ئەمەش گرێی کارەکتەری سەرەکی دروستکردووە، ئەوەی هەیە گێڕەرەوەی هەمووشتزانە، وەک کارەکتەرێکی نادیار و گێڕەرەوەیەک ڕەوتی ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە. نەبوونی کارەکتەری سەرەکی، یان هەبوونی و مردنی وەک بوونی سەرمایەیەکی زۆرو لەپڕ مایەپوچی وایە، جۆرێک کۆتایی و سەرەتا دروستدەکات، خاوییەک دەهێنێتە ئاراوە، وەک کۆتاییهاتن، هاوکات چاوەڕوانی و کەشی دەستپێکردن و هەستانەوە سازدەکات، کە ئەمەش لە خەجێدا دیار دەکەوێت. ئەم بێ کارەکتەریی و نەبوونی ئازادیە دۆخێکی دیکەی ناجۆری بۆ ڕۆمانەکە سازکردووە، ئەویش دانپێدانانی کەسێتییەکان بێ وەرگر و بێدەنگ، گێڕەرەوەی هەمووشتزان ئەم خەیاڵ و یادەورییانە دەگێڕێتەوە، کە ئەمە دۆخی دانپێدانان و ڕاستی ڕووداوەکان دەخاتە ژێرپرسیارەوە، هاوکات لێکدژی ئیمانی دروستدەکات، کە بەرلە مردن ئەو ڕووداوانە دەهێنێتەوە زەینی کارەکتەرەکە، کە وێرانکەرن، پەشیمانیش وەک دانپێدانانە، بەڵام نەبوونی بەردەنگ وا دەکات، دانپێدانان دەستکرد و ناچاری درێژکردنەوە بێت، واتە

نەدۆزینەوەی شوێنێک بۆ خستنەڕووی زانیارییەکان، نەک ئەوەی ئەو دۆخ و کاتە شوێنی دانپێدانان بێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کات و دۆخ و شوێنە بۆ خستنەڕووی ئەو دانپێدانانە، جوانیی خۆی هەیە، چونکە کەسێتییەکانی حەمە و سمایل لەو دەمەدا لە خراپترین دۆخ و هەستی بەزەیی پێداهاتنەوەن، بەڵام کاتێک دانپێدانانەکان دێنە پێش ئەم بەزەیی و پاکیەی کەسێتییەکان دەکەوێتە ژێر پرسیار، چیدی ئەم کەسێتییانە بێگەرد و بێهەڵە و داوێنپاک نین، بەڵکو خیانەتکار و ترسنۆک و ڕووخێنەرن، نیشاندانی ئەم دوو دۆخە، جۆرێک هاوسەنگی ناهاوسەنگ، ململانێی واتایی بۆ خوێنەر دێنێتەئاراوە، کە دۆخی سەرەمەرگ و ژیانی کولەمەرگی و نەخۆشیی هاوهەستی و بەزەیی لێدەکەوێتەوە، بەڵام کاتێک ناشیرینی و خراپییەکان دەردەکەون، ئیدی هەڵوەستە و خۆگرتنەوە لە بەردەنگ دێتەئاراوە.

هاوکات ئەحمەدی کوڕی حەمە بەخاوی لە گێڕانەوەدا دەردەکەوێت، بەڵام ڕۆماننووس وێنەی ژیان و دەرونی دەگرێت و لەگەڵیدا ڕستێک وێنەی ڕەخنەیی کۆمەڵی کوردەواری لە پەیوەندییەکان دەگرێت؛ لە گەڕەک و قوتابخانە پەیوەندی هاوڕێیەتی تا ڕەخنەی سیستمی خوێندن و پەیوەندیی مامۆستا و خوێندکار. بزۆزی دەرونی ئەحمەد دەخاتەڕوو، کە زۆر بار دەگۆڕێت، لە ئازایی بۆ ترسنۆکی، لە شەلاتی بۆ بێدەنگی و شەرمنی، هەر لێرەشەوە ئەحمەد دەبێتە یەکێک لە ڕۆشنبیر و شۆڕشگێڕە بیرکەرەوەکان[1]. ئەحمەد دەبێتە وێنەی مرۆڤێکی سەربەست و یاخی و بە هەڵوێست، وەک شۆڕشگێڕێکی بیرکەرەوەی چالاک دەردەکەوێت، بەدیدی ئێمە ئەمە تاڕادەیەک لەپڕرا، بێ زەمینەسازکردن ئەنجامدراوە، بەڵام دواتر لە دەمی خۆئامادەکردن بۆ بڕیاری تەسلمیبوون یان بوون بە پێشمەرگە لە ئوتێلێک لە مهاباد، یادەوەرییەکان هروژمی بۆ دەهێنن و گێڕەرەوەی هەمووشتزان دەستی یادەوەرییەکانی دەگرێت بۆ گێڕانەوەی چۆنییەتیی پێگەیشتنی، واتە لە خۆگێڕانەوە-یادەوەری بۆ گێڕانەوەی ئەویتری هەمووشتزان دەچێت، ئەمەش ململانێی گێڕانەوەی خودی و بابەتی لێکەوتووەتەوە. لە هاوبەشی ئەم دوو گێڕانەوەیەدا باسی خەجێ و خولەی مێردی-زڕباوکی ئەحمەد دەگێڕێتەوە، چونکە تا ئەو کاتە هیچ باسی دایک و زڕباوک لەئارادانییە. ئەحمەد لەڕێگەی یادەوەرییەوە دێتە سەر باسە سەرەکییەکان، کە ئاکامەکانی شۆڕشی ١٤ تەمووز و هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلولی 1961 و شەڕی دەربەندی بازیانە، پێیوایە ئەم شۆڕشە هەموو چین و توێژەکانی لەخۆی کۆکردەوە، "ئاغاو ڕەنجبەر، ڕاست و چەپی لەئامێزگرتبوو...تەنها هەستی

[1] ـ ئەم شێوە کەسێتییە گۆڕاوە لە ڕۆمانەکانی قۆناغی سێیەم گەلێک بەرچاوە، نزیک لە کەسێتی ئەحمەد چەندین کەسێتی لە ڕۆمانەکانی بەختیار عەلی دەبینینەوە، بۆ نموونە حەسەن تۆفان[عەلی، ٢٠١٤]، یاخود ممحەمەدی ڕامۆ دەبێتە محەمەدی فیردەوسی، کە پێشتر کوڕێکی شەڕانی و چەقۆ وەشێنە، دواتر دەبێتە شاعیر و هونەرمەند.[نادر، ٢٠٢٢: ١٢٦]و [عەلی، ٢٠٠٥]

چەوساندنەوەی نەتەوایەتی و وشە پیرۆزەکەی کوردستان یەکی خستبوون".[١٨٧] دڵسۆزیی ئەحمەد و دایکی بۆ شۆڕش، بێباکی و بودەڵەیی هەندێک لە ڕێبەرانی شۆڕش کە ناسیاسی و نەزان، چڵکاوخۆر و خۆفرۆشن شۆڕشەکە دەگلێنن. هاوکات وێنەی دۆخ و ژیانی پێشمەرگەی ئاسایی و بەرپرسانمان بۆ دەکێشێت، کە بەهۆکارێکی هەرەس دایدەنێت،"زۆربەری زۆری پێشمەرگەکان، ڕووت‌و دەربەدەر، بێ پارە، چڵکن، برسی، ماندوو...شەو برسی، ڕۆژ ماندوو برسی، هاوین و زستان ماندوو و برسی و چڵکن، کێچ و ئەسپێ لەباخەڵیان تەراتێنی‌یان دەکرد...ئیدی یارمەتی وڵاتانی دی چی؟ کەی یارمەتی بۆ پێشمەرگە بوو... هەر بۆئەم مەسئول و خزمی ئەو مەسئول"[١٨٦]، لەبەرئەوە ڕۆماننووس لە ڕێگەی ململانێی کردەنوێنەکانەوە جیهانێک لە وێنەی ناکۆک و ناتەبای شۆڕش و کەلتوور و بیرباوەڕی کورد و دژایەتیی دەسەڵاتی دەوڵەتە داگیرکەرەکانمان نیشاندەدات.

### ٣- پیرۆزیی و مەدەنییەتی شۆڕش

موکری لەماوەی نێوان هەردوو بەرگی ڕۆمانی هەرەس، تۆڵە ١٩٨٥ دەنووسێت، کە لە زاری مستەفا (مچە)وە بارودۆخی شۆڕش و خەباتی پێشمەرگەمان لەکۆتایی نسکۆی شۆڕشی ئەیلول و سەرەتای سەرهەڵدانی شۆڕشی نوێ بۆ دەگێڕێتەوە. تۆڵە ناوێکە گوزارشت لە کاردانەوە دەکات، کە دەکرێت کەسی، یان گشتیی بێت، گوتاری ڕۆماننووس تۆڵەی تاک و گشتییە، تاکی کوردی پێشمەرگە، نەتەوەی کورد. لە کێ؟ لە دەسەڵاتی داگیرکەر و چەوسێنەر و لەناوبەری خەونی تایبەتی و گشتیی. تۆڵە دەرخەری کەسێتیی مرۆڤە. لەم ڕۆمانە و ڕۆمانی کوردی بە گشتی تۆڵە نامۆ نییە و پێکهێنەر و پلۆتی واتایی چەند ڕۆمانی کوردی لەخۆدەگرێت، لەبەرئەوە کورد وەک تۆڵەسێن، لە تاک بۆ نەتەوەی تۆڵەسێن دەردەخات. تۆڵە دۆخێکی تەندروست نییە، بەڵکو ئەوەی تۆڵە دەکاتەوە، دەکرێت باری دەرونی و هەست و بیری جیاوازی هەبێت. مرۆڤی کورد وەک نەتەوە و تاکەکانی لە دۆخی هەڕەشە و داگیرکراویدا تۆڵەسێنن.[صالح، ٢٠١٠: ٦٥] ڕۆمانەکە بە جۆرێک وەڵامگۆی پێویستی تۆڵەسێنی کورد و تاکەکانییەتی کە بۆچی تۆڵەسێنن. کەواتە گوتاری ئەم ڕۆمانە ڕەهەندی بەرپرسیارێتی نەتەوەیی و ڕۆشنبیری و ئایینیی شۆڕش، وەک کاردانەوە و تۆڵە دەخاتەڕوو، لەبەرئەوە لە ڕوویەکەوە لە سەگوەڕ و هەرەس جیایە.

ڕۆماننووس تەکنیکی بازنەیی و شێوازێکی هونەری بۆ ڕێکخستنی ڕووداوەکان لەبەرچاوگرتووە و زمانێکی تایبەتی بۆ کەسێتیی سەرەکی بەکارهێناوە. گێڕەرەوە دیمەن و ڕووداوەکانمان نیشاندەدات و بەپێی پێویستیش دید و ژیانی خۆی تێهەڵکێشی ڕووداوەکان دەکات. مستەفا چیرۆکی قارەمانێتی و

خەباتی کورد بۆ سەربەستی، تێهەڵکێشی چیرۆکی باوکی دەکات، کە کوردپەرست و پێشمەرگەیەکی توند و ڕەقە، کوردو پێشمەرگە لای هێڵی سوورە، سەرکردایەتیی شۆڕشی نوێ دەکات.

بە گشتی لە ڕۆمانەکانی موکری، کەسایەتی لەم شێوەیەمان هەیە، کە پیرۆزیی بە پێشمەرگە و شۆڕشەکان دەبەخشێت، لێرە حاجی محێدین، لە هەرەس شێخی شۆڕشمان هەیە، جگەلەوەی نەسرین و دایکی ئەحمەدیش نموونەی ڕوانینی پیرۆزبینی شۆڕشن، لە سەگوەڕیش تۆی کردەنوێن لە قۆناغێکدا ئەو ڕۆڵە دەبینێت.

مستەفای سەرەخۆرەی لەماڵ دەرکراو، لەلایەن محێدینی باوکی و باوەژنییەوە، ژیانی کۆمەڵایەتی و بەسەرهاتەکانی باوکیمان لە ئاوایی بە شێوەی شەپۆلی هۆش بۆ دەگێڕێتەوە.[ئەڵوەنی، ٢٠١١: ١٢] چیرۆکی باوکی تێهەڵکێشی خەباتی پێشمەرگایەتی دەکات. وێنەی باوکی مرۆڤێکی جووتیاری تووڕە، مۆن، نمایشکار و نەزانی خۆبەزانازان و بەڕێوەبەری ئاواییە. ژنەکەی لەبری خوێن پێدراوە و ئەو دوژمنایەتیەش بەشێکی بۆ کوڕەکەی دەگوازێتەوە، بەڵام مستەفا جوانیی و گەورەییەکانی باوکی دەبینێت. هەرچەند وا دەردەخرێ لەگەڵی خراپ و دڵڕەقە، بەڵام دەبینین ئەمە سروشتی حاجیە. هاوکات جێگەی سەرنج و سەرسامی و بەزەیی و ڕقی کوڕەکەیەتی، کە بەشێکی ئەم هەستانە دەوروبەر بۆی دروستدەکەن. باوکی بەهۆی خۆبەشتزانییەوە دەیان چیرۆک و ئایەت و فەرمودەی سازدەکرد، مستەفاش لەبری ڕق، بەزەیی بەباوکیدا دێتەوە، چونکە لە دێدا گەنجان پێیڕادەبوێرن. حاجی وەک سەرکردەی ئاوایی و هەڵگیرسانەوەی شۆڕش، قوتابخانەی کوردایەتی و خەبات بۆ کوڕەکانی دەکاتەوە، دەبێتە مامۆستایەکی نەخوێندەواری کوردپەروەر، کە هۆشیارییەکی خۆماڵی عەشایەری هەیە، لەبەرئەوە پڕە لەناکۆکی. ئەم ناکۆکییانەش بە دیدی گریماس سەرچاوەی جیاوازیی و فرەیی واتایە.[غریماس، ٢٠١٨: ٦٨] گێڕانەوەکان لەبارەی باوکیەوە، چەند ئایینی و کۆمەڵایەتییە، هێندەش شۆڕشگێڕییە، گەنجەکان کاتێک بە ڕابوردنەوە لێیدەپرسن:

ـ باشە حاجی، لە حەجدا دوعاییێکت بۆ ئێمە کرد؟

ـ ئەی چۆن..زۆر دوعای خێرم بۆ کردن.

ـ وەکوو چی؟

ـ وتم: خوایە کوردان، لە شەڕی شەیتان و بەڵای ناگەهان بپارێزی!"[موکری، ١٩٩٨: ١٥]

نێرەر و وەرگر لەم ڕۆمانەدا ئازادی و خەباتی کوردایەتییە، کە پێشمەرگە دەبێتە ئەو خودەی بۆ وەرگرتنی ئازادی و ڕزگارکردنی کوردستان خەبات دەکات، کەواتە خواستی خود ئازادی و ڕزگاریی و هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشە پاش ئاشبەتاڵ و هەرەس، چونکە لەلایەن ئەویترەوە گوند و خاکی کوردستان دەسوتێنرێ و داگیردەکرێ. حکومەت وەک دڕندە پەلاماری مرۆڤی کورد دەدات،

ناچاری ئاوارەبوون و بێ ماڵییان دەکات، پێشمەرگە تۆڵەسێنە، وەرگریش مرۆڤی کوردە، کە خاکەکەی داگیرکراوە و خودی پێشمەرگە لە چیاکان چەکیان هەڵگرتووە تا خاکەکەیان لە داگیرکەر بسەننەوە.

حاجی پێیوایە نەتەوەکانی عەرەب و فارس و تورک ئەم دنیایان لێکردوین بە جەهەننەم، لەو دنیاش کە خوا و پێغەمبەر و خولەفا و ئەسحابەکان عەرەبن، خراپتر، لەبەرئەوە ئێرە باشترە، چونکە"هەر هیچ نەبێ دەتوانن وە کوردی قسان بکەن".[١٦] حاجی خەباتی بۆ ئەم خاکە کردووە و پێشیوایە ئەمە فەرمانی خوایە، خاک ئایینە، گەر خاکت داگیرکرا، وەک ئەوەیە ئایینت داگیربکرێ[١٩]، لای حاجی کوردایەتی پێش ئاییندارێتی دەکەوێت، بەڵام بەشێوازەکەی خۆی کە جۆرێک لە هۆشیاری هۆنینەوەیە کوردایەتی و خواپەرسەتی گرێدەدات. لە ڕووبەڕووبوونەوەی حاجی بۆ دەسەڵاتی داگیرکەری بەعس، وا دەکەوێتەوە کە هۆکاری سوتانی دێ و کوشتنی خەڵکەکە حاجی محێدین بووە، چونکە ڕووبەڕوویانبووەتەوە، بەڵام حاجی پێیوایە لەبەر کوردبوون وایان لێکراوە.[٢٢] حاجی یەکەم کەسە گوندەکەی ئاوەدانەدەکاتەوە، بۆیە سەرکردایەتی دەکات و هاوشانی پێشمەرگە خەباتدەکات. دڵسۆزی پێشمەرگە و هاندەری خەڵکە بۆ خزمەتکردنیان"گەر پێشمەرگە نەبێ، ئەوەی بە کوردی قسان بکات، زمانی دەبڕن، هەر هەموو کوردان دەبەنە سەحراو جەزیرە و جەهەنەم...بە قەد ئەوەی باوکم لەلای بەشێکی زۆری خەڵکی ئاوایی بێزراو بوو، دوو ئەوەندە لەلای پێشمەرگەو کادر خۆشەویست بوو...دەیان جار دەبووە دەلیلیانو دەیانبردە سەر مۆڵگای جاشانو ڕەبایەی عەسکەرو جاش، ڕێنمایی دەکردن، لەچەندین شەڕدا بەشداری کردبوو".[٢٨] محێدین لەنێوان کوردبوون و ئاییندای و ئایدۆلۆژیا جیاوازەکاندا گونجاوی و نزیکییەک دەدۆزێتەوە، بەردەوام بابەتی سەربەستی کورد دەکات بە بنەما، تەنانەت لەپرسی ئازادی ئافرەتیشدا"هەر کچێ بەئارەزووی خۆی نەدرێ بەشوو، هەر باوکێ بەزۆر کچ بدات بەشوو، ئەوا دژی قانوونی کوردستانە، هەرکەسێکیش دژی قانونی کوردستان بێ، ئەوا لە هەردو دنیادا جێی جەهەنەم و بئس المصیر-ە".[٣٠] وێنەی حاجی بیرخەرەوەری نەخوێندەوارێکی خوێندەواری نەتەوەیی-ئایینی گوندییە، کە وەک قۆشمەچییەکی مەبەست جدی و کردەکی دەبێتە جێ سەرنجی خەڵکە جیاوازەکان، ئەمەش بەهۆی کۆبوونەوەی ئەو ڕەگەزە جیاوازانەیە لەم کەسێتییەدا.

هاوکات مامۆستا بەکر کە نوێنەری خوێندەوارییی و پێگەیاندنە، نموونەی باڵایە بۆ گێڕەرەوە، پێشمەرگە وەک هێزێکی پیرۆز و پارێزەری ئازادی و خاک دەبینێت، پێیوایە ڕووناکی و سەربەستی دەهێنن، هانی خوێندکارەکان دەدات ببنە پێشمەرگە، دەشبن. "پێشمەرگە هەتاومان بە دیاری بۆ دەهێنن".[٣٣] گوتاری ئەم مامۆستایە شێوە ناسیۆنالیستێکی مرۆییە، کە پێیوایە کوردایەتی و

مرۆڤایەتی گرێبەندن"ئەو کوردەی بۆ سەربەرزی کورد بژی، ئەوا بۆ مرۆڤایەتی ژیاوە".[٢١] قوتابییەکان لە شاخ یەک دەگرنەوە، پێشمەرگایەتی بە قوتابخانە دەزانن، لەبەرئەوە تەنیا هەژار و نەخوێندەوارەکان نەبوونەتەوە پێشمەرگە، حوسێن، کە کۆتا ساڵی زانکۆیەتی دەبێتە پێشمەرگە، دەڵێت: "ئەوەی لە چیاو لەنێو پێشمەرگەو ئەم ڕەش‌وڕووتانەی میللەتەوە فێربووم، دە قات بەقەد قوتابخانە و دانشگابوو.."،[٢٣٤] یاخود پێشمەرگەکان پێیانوایە، پێشمەرگایەتی پیاو دروستدەکات، کە ئەمەش بەرامبەرروەستانەوەیە لەگەڵ دیدە کۆنەکە کە ئەوەی عەسکەری نەکات نابێت بە پیاو. هاوکات باسکردنی پێشمەرگایەتی چێژی لە باسی کتێب زیاتر بوو، "هەرگیز کتێبو باسکردن ئەو تامو چێژو سەرئەنجامەی نەدەداینێ".[١٠٥]

لە دیدی محێدینەوە پێویستە هەمیشە لەبیری شۆڕشدا بین، چونکە خاکەکەمان لەژێر دەستی خۆماندا نییە، بۆیە پێشمەرگەبوون ئەرکێکی پیرۆزە. لەپاش ئاشبەتاڵ کە تفەنگ وای لێهات نرخی مریشکێکی نەدەکرد[٣٥] حاجی کوڕە دەرکردووەکەی(مستەفا) دەهێنێتەوە و دەچنە شاخ و لەوێ شۆڕشی نوێ دەستپێدەکەنەوە، خەڵکەکە وەک شێت و نەزان سەیری دەکەن، بەڵام ئەو تفەنگ و فیشەک دەکڕێ و خانوو لە شاخ دروستدەکات و ئەشکەوتی ئەژدیها دەکاتە ماڵ. ئێرە و ئەوێ دەبێتە دوانەی خود و ئەویتر، ئەوێش کە داگیرکراوە، ماڵی خودە، بۆیە لای حاجی حکومەت دڕندەیە و متمانەی پێناکرێت، دەبێت شۆڕس هەڵگیرسێننەوە، لە شاخ وا پەروەردەی مناڵەکانی دەکات، کە "حکومەتمان وەک سەگی هارو گورگی بریندار دەهاتەبەرچاو".[٤٠] دیدی حاجی بۆ داگیرکەر پەیوەستە ڕۆحی شۆڕشگێرییەوە، کە حکومەت وێڕای سوتاندنی گوندەکان، پێشمەرگەکانیش لە پێشمەرگایەتی دەخات،"ئەو پێشمەرگانەی لە ئاشبەتاڵەکە تەسلیم ببوونەوە بەشێکیانی کرێو بەشێکی دیشی بەرەوخوارووی عێراق نارد"،[٧٣] لەبەرئەوە شاخ دەکات بە زانکۆ و قوتابخانە، کوڕەکانی سوێند دەدات بە قورئان و کوردستان، بە گوتن و کردار خیانەت لە کوردستان نەکەن. "لە مەکتەب فێری ئەوەتان دەکەن چوارو چوار دەکاتە هەشت..منیش فێری ئەوەتان دەکەم کە هەرگیز بەسەر شۆڕی و ملکەچی قایل نەبن، من فێری ئەوەتان دەکەم بۆ ئەوەی نەکوژرێن، چۆن بکوژن، فێری ئەوەتان دەکەم بەسەربەستی بژین و بەسەربەستیش بمرن، فێری ئەوەتان دەکەم چۆن ببن بە خاوەنی خۆتان".[٤٥] ئەوەمان لەبیرنەچێت، کە وێنەی ئەم خودە کردەنوێنە ئاڵۆزە، گەمژەیەکی نەخوێندەوار، دڵڕەق و دوژمن‌بزوێن، سەرکردە و خزمەتکار، ئایینی و مارکسی، عەشایەر و خوێندەوارە، لەبەرئەوە وێنەی حاجی سرکو فرەوێنەیە، پڕە لە لێکدژی، هەروەک لێکدژییە هزرییەکانی مستەفای کوڕی لەنێوان شکست و سەرکەوتن، ئومێد و بێ هیواییدا سەرچاوەی

گێڕانەوەیەکی پڕ هەیەجانی واتابەخشە. تێگەیشتنە گریماسییەکەش بۆ ئەم دژانە لە دەقدا بەو جۆرەیە کە تا ژمارەی پەیوەندییە دوانەییەکان لە دەقدا زیاتر بێت هاوسەنگی واقیع و ڕاستی دەق زیاتر دەبێت، لەم سۆنگەیەشەوە فرەفۆرمی و جۆراوجۆری ژیان بەیەکتر بەراورد دەکرێت و دەق چالاکدەبێت.[جباری، ١٣٩٥: ٤٦].

لە دیدی حاجییەوە کوردە ناکوردەکان، جاش و موختار و خۆفرۆشەکان کوشتنیان پێویستە، چونکە ئەمانە لە دوژمن خراپترن، دەسکەلا و چاوساخیانن، "زۆربەی موختارەکان نەک جاسوس لە جەلادەکان خراپتر بوون".[موکری، ١٩٩٨: ٧٤] لەبەرئەوە ڕازی نەبوو بە واستە موختارەکانی ئازادبکات، بەڵکو بە پشتوێنی خۆیان ئیعدامی دەکردن"پشتوێنی موختارەکەی دەکردە گوریس و ئیعدامی دەکرد1"[٧٥]. ئەم توندیە لە خەباتی خوددا پەیوەستە بە ئەزموونەوە، کە حاجی دەزانێ هەردوو دەسەڵاتی عێراق و ئێران لە دژی کورد یەکیان گرتووە، کوردیان دابەشکردووە و لەناو ئەو بەشانەشدا خۆفرۆش و جاش دەکڕن، لەبەرئەوە خیانەتی کوردەکان لێخۆشبوونی نییە، دڵڕەقی لەم خەباتەدا پێویستە نەک گەندەڵی و واستە، هاوکات ئەمە لەژیانی خێزانی خۆشیدا ڕەنگیداوەتەوە، کاتێک کوڕەکەی شەهید دەبێت، بێباکانە بە براکانی دەڵێت، ئەحمەدی براتان شەهید بووە، مستەفا دەداتە گریان و حاجی لێیدەدا "دامە پڕمەی گریان، باوکم شەپازللەیێکی پیاکێشام ئەودنیام بەچاوی خۆم بینی..باوکم نەڕاندیە سەرم:

- پیاو..تۆ پیاویت..پیاو چۆن دەگرییێت هەی داوەشێیت!

[...] باوکم وەک ئەوەی هەر هیچ نەبووبێ ئاوها ڕەفتاری دەکرد".[٩٢]

ئەم دید و ڕەفتارەی حاجی پڕە لەناکۆکی واتایی، لە ناوکۆی گێڕانەوەدا پاساوی سازێنراو بۆ ڕەفتارە توندوتیژییەکانی هەیە، بەڵام لە دیدگای دەرەوەی دەق و پێوەری مرۆیی بڕوانین تیرۆر و بێ سۆزی و خراپە دەبینین، لەبەرئەوە شۆڕشگێڕێکی دڵسۆزی وەک حاجی، ڕەفتارەکانی نامرۆیین.

نێرەرێکی تر لەم ڕۆمانەدا سۆز و هەستبزوێنی و لە سەرێکی تریشەوە شانازیکردنە بە شەهیدبوون و پێشمەرگایەتی. کاتێک مستەفا بەوپەڕی نیگەرانی و بێزاری، کە تاڕادەی بیرکردنەوە لە خۆکوشتن دەچێت، نایەوێت گەیەنەری هەواڵی شەهیدبوونی براکەی (ئەحمەد) بۆ دایکی بێت، بەڵام دایکی دەڵێت: "سەربەرزییە بۆ من دایکی شەهیدێ بم..دایکی ئەوتۆ هەیە سێ چوار شەهیدی

---

[1] - بەگشتی لە ڕۆمانە کوردییەکانی هەردوو قۆناغی یەکەم و دووەم، جاش و کوردە بەعسیە ئەویترنوێنەکان، وێڕای ئەوەی بەسوک دەبینرێن، گەلێک توندیش تۆڵەیان لێدەکرێتەوە و بە دوژمنی پلەیەک دادەنرێن، بەڵام وێنەی جاش لە ڕۆمانی قۆناغی سێیەم، جیاوازە، چونکە ئەو قۆناغە دەسەڵاتی کوردی دەسەڵاتدارە، ئەوا ڕەخنەی دەسەڵاتی کوردی دەکرێت، کە جاشەکان بوونەتە خاوەن پۆست و پلە و پایە.

هەیە..منیش ئێستا وەک ئەو دایکانە سەربەرزم".[١٠٢] مستەفا وابیر دەکاتەوە قسەکانی دایکی لە شەپازللەکەی باوکی بەهێزتربوون. ئەم گوتارە سۆزجوولێنە بۆ شەهیدبوون و خەباتی پێشمەرگە تەواوکەری کۆگوتاری ڕۆمانەکەیە، کە ئازادی و سەربەستی قوربانی دەوێ، هاوکات بەردەوامی و یەکێتی پێویستە، لەبەرئەوە کۆتایی ڕۆمانەکەش، تێهەڵکێشێکی وروژێنەر و ئومێدی بەردەوامی خەباتە، کاتێک مستەفا دەیەوێ هەواڵی شەهیدبوونی مەحمودی برای بۆ جوانەی دەزگیرانی بەرێت، دەڵێت:"بڕیاری ئەوەمداوە هەر ئەمشەو، ئەو ڕێیە سەختە دەبڕم، دەگەمە ئەوێ، چ شتێک ناڵێم، تفەنگە میراتیەکەی مەحمودی دەدەمێ، لێدەگەڕێم، با خوێنی سەر قۆناغەکەی بێتە زمان‌و بڵێ: جوان..فەرموو ئەمە تفەنگ، ئەوەش مەیدان."[١٥٦]. لە گوتاری ئەم ڕۆمانەدا ناکۆکیی و جیاوازییەکی بنچینەیی لەنێوان ئەم ڕۆمانە و ڕۆمانەکانی تری ڕۆماننووس سەبارەت بە پیرۆزیی شۆڕش و پێشمەرگە و خەبات دەکەین.

هاوکات وێنە هاندەرێکی تر لە پیرۆزی خەباتی پێشمەرگایەتیدا، پەیوەستە بەو وێنەگەلەی ژیانی خودە کردەنوێنە یاریدەدەر و بکەرەکان کە دەکرێ لەم هێرشە فراوانەدا شەهید ببن. مستەفا چاو بە پێشمەرگەکانی چواردەوری دەگێڕێت و ئەندێشە دەکات لەم هێرشەدا کێیان شەهید دەبێت. ئەحمەدی کوڕ و ڕەشیدی باوک کە پێشبڕکێی تێکۆشان دەکەن"گەر مام ڕەشید هەشت شریت لەخۆی بەستبا، ئەحمەد دەی لەخۆی دەبەست".[١٣٢] یاخود سیروان، کە پێشمەرگەیەکی هەژارە و دایک و باوک و خوشکەکانی کار بۆ بژێوی خێزانەکەی دەکەن، "گەر خوشکەکانم گانیش بدەن هێشتا لەو ئافرەتە (تێرانە)شەریف ترن کە لەئاستی داگیرکەردا بێدەنگن‌و بەڕویانا پێدەکەنن...سەربەستی ئینسانی خۆم بەهیچ شتێکی ئەم دنیایە ناگۆڕمەوە"،[١٢٥] یاخود ئازاد قەناس، کە عاشقی قەناسەکەیەتی، بەڵام یەکێک لەوانەی شەهید دەبێت مەحمودی برایەتی، کە لە خێزانەکەیدا تەنیا ئەوی بۆ مابووەوە، لەبەرئەوە سەرکەوتنی پێشمەرگە و شەهیدبوونی مەحمود، بیر و هەستی مستەفا دەکەن بە دوولەتەوە، پڕی دەکەن لە پرسیار و تاقیکردنەوە، چونکە دۆخێکی وجودی نوێیە، "ئینسانی ئەم سەدەیە..لەم ڕۆژهەڵاتە، دەتوانێ بەرگەی سەرکەوتنێکی مەزن‌و پشتشکانێکی مەزنتر بگرێ، بتوانێ باوەڕیش بەخۆی بێنێ کە (هەیە)و دەتوانێ بەردەوامی بە ژیانی بدات؟"[١٥٠]. مانەوە لەم دوو بارەدا پەیوەستە بە دۆخی کوردەوە، کە بەهۆی داگیرکاری ئەویترەوە ناچارە بەرگری بۆ مانەوە بکات و بەردەوامی بە خەبات بدات، مستەفا بڕیار دەدات جوانەی هاوسەری براکەشی بهێنێتە نێو مەیدان "جوان..فەرموو ئەمە تفەنگ، ئەوەش مەیدان"،[١٥٦] گوتارەکە جگەلە بەردەوامی، هاندانی شۆڕشە بۆ سەرجەم چین و ڕەگەزەکان، کە شۆڕش تەنیا هی پیاوان نییە، بەڵکو هی ژنانیشە.

هاوکات لە ڕۆمانەکەدا زنجیرەیەک پرسیار ڕووبەڕووی پرسی خەبات و شەڕی کورد بە درێژایی مێژوو دەکاتەوە، کە بۆچی شەڕ دەکەن، لەپێنا چیدا، ئایا دەوڵەت بەمە دێتە ژێرباری خواستەکان، ئایا دەوڵەت خۆی مەبەستی نییە، کە کورد بە دەستی کورد بکوژێت، چونکە بەشێکی ئەوەی دەیکوژن کوردی خۆفرۆش و جاشن، ئەوانەی تریش وەک ژمارە وان لای دەوڵەت..لەبەرئەوە ڕەخنە لە خەباتی کوردان دەگرێت، کە خەریکی خۆخۆرین و هیچ نەماوە بەخۆیانی نەکەن. ئەم زنجیرە پرسیارو گومانە درێژکراوەی دیدی ڕەخنەگرانەی شۆڕشە، کە سەگوەڕ سەرمەشق و ڕۆمانی کۆچی سوور تۆختری دەکاتەوە، بەڵام گوتاری تۆڵە کەم ڕەخنەی تێدایە و زۆرتر پیرۆزیی شۆڕش و خەباتی پێشمەرگە نیشاندەدات.

**٤ـ حزب دژی دوژمن، یان پێشمەرگە؟**

خۆشەویستی و شۆڕش

لە ڕۆمانی کۆچی *سوور* وەک *سەگوەڕ*، ڕەخنەی خەباتکار و حزبە کوردییەکان، گوتاری ڕۆمانەکە پێکدەهێنێت. هەروەها بەپێچەوانەی پێشمەرگە و ئاشتی کوردستان و ژانی گەل ئەو پیرۆزییەی حزب لەو دەقانەدا هەیبوو بە تەواوەتی تێکدەشکێت. هێڵی سەرەکیی ڕووداوەکان لەسەر خیانەت و ستەمکاری بەرپرسانی حزبە. لەگەڵ ئەوەشدا پیرۆزییەکە بە پێشمەرگەی پاک و دڵسۆزو ئازادیخواز بەستراوەتەوە، کە ڕۆماننووس وەکو ئومێد و فریادڕەسێک ڕۆڵ و کاروکردەوەکانی ئەو پێشمەرگانە دەخاتەڕوو. پێشمەرگە دڵسۆزەکان جیا لەوەی شەڕی مان و نەمان لەگەڵ دوژمن دەکەن، بەڵام حزب و بەرپرسەکان هەوڵی لەناوبردنیان دەدەن، ئەمەش پێکهێنەری ڕووداوی ڕۆمانەکەیە،[عەبدوڵڵا، ٢٠٢٠: ٢٣٤] هەروەها نێرەر و وەرگر، خود و بابەت بوونەتە پێکهێنەری گوتارەکەی. هەروەها لەڕووی بونیاد و لایەنی تەکنیکی و هونەرییەوە، چەند تایبەتمەندییەک لە ڕۆمانەکەدا هەیە، لەوانە، کات و شوێن دیارینەکراوە. خەون، مۆنۆلۆگ، فلاشباک بۆ پێکەوەبەستنی زنجیرەی گێڕانەوە بەکارهاتووە، ئەمە جگەلە بەکارهێنانی پەند و قسەی نەستەق و تەنزی ناو ئەدەبیاتی زارەکی، شێوازی زمان و قسەی ژنانی سەرکانی و چۆنێتیی نەریتی زەماوەند و ژنهێنان... لە ڕۆمانەکەدا چەند ڕستە و پاشبەندێک دووبارە دەبنەوە، کە خزمەتی دینامیکییەت و هونەری گێڕانەوە و گوتاری دەقەکە دەکەن، هاوکات لەتەنیشت دەنگی ئەو، دەنگی من و تۆش لە گێڕانەوەدا بەشدارن.

کەسێتیی سەرەکیی مستۆ و چیرۆکی سیابەند، کە دوو پێشمەرگەی خوێندەوار و ڕۆشنبیرن، دەبنە بنەمای ڕەخنەی توندی حزب و هەڵسوڕێنەرانی خەبات، کە حزب کەسایەتی وەک "مەحمود"

دەکاتە بەرپرس و سەرکردە، بۆ ئەوەی شۆڕشگێ[لەڕۆمانەکەوە]، نەک شۆڕشگێڕ پێبگەیەنن. گوتاری ڕەخنەیی ڕۆمانەکە ئەوەیە، کە شەڕ و بزوتنەوەی چەکداری ناکرێت بە شۆڕش دابنرێت، چونکە شۆڕش گۆڕانی ژیانە، پێشمەرگەش ئەو مرۆڤەیە لە ناخی خۆیدا گۆڕانی ئەنجامداوە و بووە بە شۆڕشگێڕ، هەر چەکهەڵگرێک پێشمەرگە نییە، خەباتی کوردیش لە شەڕکردن پێکهاتووە، هەرچەند شۆڕشگێڕیان هەیە، بەڵام لە چوارچێوەی شۆڕشدا کۆنەبوونەتەوە، ئەمەش بەهۆی چەکهەڵگرە چەتە و پیاوکوژەکانەوە.[عارف، ٢٠١٢: ٦١]

مستۆ وەک بکەر و نیشاندەری خواست و بابەتی ڕۆمانەکە، پێیوایە، مرۆڤی کورد چواردەوری بەهێزی بێگانە و دوژمن تەنراوە و ژیانیان لێکردووە بە دۆزەخ، ناوەوەی ئەم ژیانەش، کە خەباتی چەکدارانی کوردە، چڵکاوێکە. مستۆ پێیوایە، لەناو چڵکاو دەخنکێن و هەڵهاتنیش، چوونە بەرەو ناو ئاگر. خواستی گۆڕانی خەبات بۆ شۆڕش دەکرێت وەک کردەی نێرەری ڕۆماننووس بیخوێنینەوە، کە دەیەوێت شۆڕش ڕۆڵی هەبێت لەوەی، "بەچنگ چڵکاوەکە بکەین بە ئاگرەکەدا...تا دەبین بە خاوەنی تەواوی خۆمان"،[٦١] مەبەست لەوەیە بەگۆڕانی خەبات بۆ شۆڕش دەکرێت خۆمان ڕزگاربکەین و ببینەوە بە خاوەنی خۆمان، نەک ببینە ستەمکار و بکوژ، چونکە چڵکاوەکە پڕە لە "دز، دەستبڕ، لێبۆک، بێکار، فاڵچی، ماستاوچی، قۆنتەراتچی، سیاسەتچی!! بۆرە پیاو، ڕیاکار...".[٦١]

مستۆ کوڕی وەستا سادق کەبابچییە و خەڵکی کەرکوکە. سادق پێشمەرگەی کۆنە و پاش دووبەرەکیی حزبەکان وازی هێناوە. مستۆی کوڕی هاوشێوەی باوکی کە کاتی خۆی پەڵپی چوونە ناو شۆڕشی لە باوکی گرتووە، ئێستا ئەمیش پەڵپ دەگرێ. ڕابردوو و بیرەوەری باوک و گێڕانەوەی ئێستای کوڕ کاتی ڕۆمانەکە پێکدەهێنن، کۆتایی ڕۆمانەکە بە شەهیدبوونی کوڕەکەی (مستۆ) کۆتاییدێت و سادقی باوکی لە هاوەڵانی دەپرسێت، کوڕێکی ترسنۆک بوو؟ دەڵێن، نەخێر قارەمان بوو، دەڵێت، بەڵام "لە دواوە پێکراوە"،[٩٢] مەبەست لەوەیە یا هەڵهاتووە، یان بە دەستی پێشمەرگە کوژراوە. لە سەگوەڕیشدا بینیمان کەسێتی سەرەکی بە دەستی کوردان دەخرێتە زیندانەوە و دوژمن لەسێدارەی دەدات، ئەمیش لەڕووبەڕووبوونەوەی دوژمندایە و چەکهەڵگرانی بەناو پێشمەرگە دەیکوژن، بۆ؟ چونکە بیری ژەهراوی بڵاو دەکاتەوە،"[٨٨] لەبەرئەوە گوتاری سەگوەڕ و کۆچی سوور جەخت لەسەر دژایەتی خەباتی چەکداری بۆ ڕۆشنبیران، گوتاری ڕەخنەیی ڕۆشنبیران بۆ کردەو خەباتی کورد دەکات، هاوکات کەسێتی سەرەکی هەردووکیشیان ڕۆشنبیر و خوێندەوارە.

سەرەتای ڕۆمانەکە بە بیرەوەری وەستا سادق دەستپێدەکات، کە لە زیندان ئەویتری دوژمن بەدکارانە لەگەڵی جوڵاونەتەوە و ئەمیش بەو سوێندەی بە قورئان و شەرەف بۆ خیانەت نەکردن لە

کورد و کوردستان خواردویەتی بەرگە دەگرێت و ورتە لە خۆی دەبڕێت، تەنانەت سزاکەی تا ئەو شوێنە دەچێت، کە ژنەکەی بهێنن و بە بەرچاوی خۆیەوە سواری ببن، سادقیش لەنێوان سەدمە و بێباکیدا، دەڵێت: "بێ زەحمەت منیش بخەنە ڕیزەوە".[٥٤] مینەزلە لەوچووی ناو و شێوەی مینەئاغای ڕۆمانی پێشمەرگە، وەک دوژمن بەڵام یاریدەدەری خەبات، جاشە و بەرپرسان دەڵێن، بە کەڵکمان دێت، دەچێتە لای ئاتەی ژنی سادق بۆ ئەوەی پارەی لێوەربگرێ تا لە زیندان ڕزگاری بکات، بەڵام ئاتە دەریدەکات. چیرۆکی باوک(سادق) زیاتر ڕەخنەی ئەویتری دوژمن و جاشە، بەڵام چیرۆکی کوڕ(مستۆ) بەدکاریی و چەپەڵییەکانی منی خەباتکار نیشاندەدات و ڕەخنەی دەکات.

نێرەر کە بکەرە، پێکهاتووە لە منێکی ڕەخنەگر لەناو مندا، کە ڕەخنەی خەبات دەکات و بابەت و خواستی گۆڕانی چەکهەڵگرە بۆ پێشمەرگە و شەڕ بۆ شۆڕش، سەربەستی و خۆبوون، چونکە شۆڕش مرۆڤی ڕاستگۆ و بە ئیرادە دروستدەکات، نەک جاش، چەتە و خۆفرۆش، بە جۆرێک دوا شەڕی پێشمەرگە، کە مستۆ تێیدادا شەهید دەکرێت، هێندە جاش لەگەڵ دوژمندایە، پێیوایە، شەڕی "پێشمەرگە و کوردە"[٨٩] لەبەرئەوە ڕوانگەی مستۆی بکەر ڕەخنەی خەباتە، هەروەها چیرۆکی خەلیفە خدر و میرزا سمایل لە گوند تەواوکاری گوتارە ڕەخنەییەکەی ڕۆمانەکەن. خەلیفە نوێنەری ئایینە و کاروانێکی بەڕێکردووە و نەهاتوونەتەوە، گوایە لەناوچوون، دێت بۆ لای میرزا کە نوێنەری خوێندەوارییە تا کۆمەکی بکات، میرزا دەڵێت: "کاروانێ نەزان و نەفام بەڕێوەی بەرێ، بە سەد زانا و فامیدە ناهێنرێتەوە سەر ڕێگا... خێروبێری کاروان لەوەتەی هەیە هەر خۆتان خواردووتانە".[٥٩] ئەم کاروانە هاوشێوەی کاروانی خەباتی چەکهەڵگران، نەزان بەڕێوەی دەبات، بۆیە لەبەین دەچێت، خوێندەوار و ڕۆشنبیرانیش بە نیازی ڕزگارکردنی کاروان دەبنە قوربانی، هاوکات خێر و خۆشی خەباتیش کەسانی وەک مەحمود و خەلیفە دەیخۆن، کە مەحمود لەژێر سێبەری وێنەی مارکس و لینین...سێکس لەگەڵ خوشکی پێشمەرگەدا دەکات و پێشمەرگەش چاوترسێن و سەرشۆڕ دەکات؛ ئەم و ئەو دەکوژێ، خەلیفەش بەناوی خواوە خەڵک فریو دەدات و لە تەنگانەشدا هەڵدێت.

گوتاری ڕۆمانەکە لە چیرۆکی کارواندا، خەلیفە بکەر و بابەتەکەی خۆناسینە، "ئازایەتی ئەوەیە پیاو خۆی بناسێ و بزانێ چی لەباردایە..."[٨٢] یاخود ئەگەر جیابوونەوەی کاروان وەک نسکۆی ١٩٧٥ بخوێنینەوە، ئەوا گوتاری میرزا "پێشمەرگایەتی عەشقێکی ڕووتی بێ ڕیایە"[٧٦] دەبێتە تەواوکەری گوتاری ڕۆمانەکە کە گوتاری مستۆشە. بۆ مستۆ خەباتی کوردایەتی هۆشیاربوونەوەی چەکهەڵگرە لە پێشمەرگەبوون و شۆڕش، کە خۆناسینە و بابەتەکەش ڕزگاری و ئازادبوونە لە تەڵەکانی خەبات و شۆڕشگێیان. گفتوگۆی میرزا و مستۆ ڕەهەندگەلی واتایی دیکەشمان بە ڕوودا

دەکەنەوە، کە میرزا خەباتی پێشمەرگە بە پیرۆز و عیبادەت دەبینێت، چونکە پێشمەرگە عەشقێکی بێگەردی بەرامبەر خەڵک و ئازادی و خاک هەیە، بەڵام مستۆ پێیوایە "ئاش لە خەیاڵێ و ئاشەوان لە خەیاڵێ"،[٦٠] ئەم دەزانێ ئەوانە زۆرن چەکیان پێوە هەڵواسراوە و شۆڕشگێڕ و پێشمەرگە نین، هەروەها بیرکردنەوەی مستۆ قوڵتر و میرزاش نەخوێندەوارترە تا لەم تێبگات، هەرچەند ئەم پێشمەرگەیە و ئەویش هاوکارە، بەڵام مستۆی ناو ئەزموونی پێشمەرگایەتی ڕەشبینترە لە میرزای دەرەوە و یاریدەدەر، ئەمەش دیسان چاوەڕوانی خەڵکی دەرەوەیە لە خەباتی ئەمی پێشمەرگە.

### ٥. لە ڕێگری چینایەتییەوە بۆ ڕێگری حزب

لە سەگوەڕدا یاریدەدەر و نەیار یەکن بە جیاوازییەوە، ئەگەر دیدی نەتەوەپەرستی و حزبچێتی و شۆڕشگێڕیی وەربگرین، ئەوانەی بیری نەتەوەییان هەیە و خەباتی کوردایەتی دەکەن دەبن بە یاریدەدەر، دوژمن و جاش و کوردفرۆشانیش دژن. یەکێک لە یاریدەدەرە سەرەکییەکانی گوتاری نەتەوایەتی لە 'دایکی 1 تۆ'دا وێنەی کێشراوە، کە ڕۆڵی نێرەر بۆ تۆ و یاریدەدەر بۆ خەباتی نەتەوەیی دەبینێت. دەورەکەی دوولایەنە، بیری شۆڕشگێڕیی و پێگەیاندنت بە سەربەرزی و جلشۆری ماڵان، وەک تەتەریش لەشاردا نامەی پێشمەرگەی دەگەیەنێت. پاش شۆڕشی ئەیلول و شەڕی براکوژی، تۆ چەک دادەنێیت و دەڕۆیت بۆ بەسرە و سەنگەر چۆڵدەکەیت، دواتر لە یانزەی ئازار دەگەڕێیتەوە، "دایکت پێی وتی: (حەیف... پیاو نابێ سەنگەر جێ بێڵێ و چەک دانێ...تفەنگ بۆ کورد پیاوەتییە! هەرکاتێ چەکی پێ نەبوو لە هەر کوێدا بێ ئەوا پیاوەتیی لەگەڵدا نییە...)"[موکری، ٢٠٠٨: ٦١] لە ١٩٧٠ -١٩٧٤ لەگەڵ دایکت دوور لە شۆڕش دەژیای، بەڵام یاریدەدەری نێرەر ئەحمەد و ڕەئوفی هاوڕێی هانت دەدەن و دەچیتەوە ناو شۆڕش، پاش بینینی جاشەکان دەتەوێ بگەڕێیتەوە و دەڵێن "عەیبە تازە هاتووین و دوایی خەڵکەکە چیما پێدەڵێن... لەڕوو دامایت و بەشداریت کرد و بوویتە شاهێدی ئاشبەتاڵ"[٦٢-٦٣] یاریدەدەری خود لێرەدا جگەلە هاوڕێکانی، قسەی ئەوانیتر و چاوەڕوانی دەوروبەرە لە خود. هاوکات هێزێکی دیکەی ڕێگر، کە دەوری بابەتیش دەبینێت، سیانەی "نان، ماڵ و مناڵ"ن، کە بە دیدی تۆ ئەوانەی خەمساردن و نابنە شۆڕشگێڕ پاساوی ئەم سیانەیان

[1] ـ لە ڕۆمانەکانی ئەم قۆناغەدا، چ ئەوانەی باسی شۆڕش دەکەن و گوندین، چ ئەوانەش لە شارن، وێنەی دایک وەک مرۆڤێکی دڵسۆز، فیداکار و پشتگیریکەری مناڵەکانی [کوڕ بەتایبەت] چاک کێشراوە، لەبەرامبەردا پیاو وەک باوک هاوبەشە، نەرێنی و ئەرێنییە، هەرچەند باوک زیاتر لە دایک نموونەئاسایە بۆ کوڕ، باوکی پێشمەرگە کوڕی پێشمەرگەی لێکەوتووەتەوە.

هەیە، بۆیە تۆش دەستبەرداری خۆشەویستەکەت دەبیت،"هەرچی بەدکارییەک دەبینی، گەر لێی وردبیتەوە هەموو تەنیا لەبەر (نان و ماڵ و منداڵە) درۆ لەگەڵ خۆیاندا دەکەن و بەسەر شۆڕی قایل دەبن".[٦٧] لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆمانەکە بەهۆی تۆوە ئەوانیتر نیشاندەدات، بۆیە 'تۆ' ناوەندی گێڕانەوە و چالاکییەکانیت، کە یاریدەدەر و دژەکانت لە دەورە، بۆ نموونە شیرینی خۆشەویستت.

گوتاری خۆشەویستیی (شیرین) دەبێتە نێرەر و یاریدەدەر بۆ خۆدۆزینەوە و یەکدی ڕۆشنکردنەوە. شیرین خۆشەویستی کەسێتی سەرەکی بەهۆی گوتارە نەتەوەیی و ڕۆشنبیرییە ڕەشبینانەکەی تۆوە خۆی دەکوژێت، تۆش بە کاریگەریی مەرگی خۆشەویستەکەت لە دەستی ئەوی بێگانە ڕزگارت دەبێت، ئێستاش دڵت بووەتە میحرابی خۆشەویستیی، "دڵت دەردەکەی و دەیکەیتە میحراب و کڕنۆشی بۆ دەبەیت!".[٣٣] کەواتە تۆ وەک وەرگرێکی نێرەر کوژراوی، لەم دۆخەدا نێرەری عەشقی شۆڕش، لە خۆشەویستی شیرین لەپێشتر دانراوە1، "شیرین بمبوورە، دەشێ بۆ یەکەمجار، ببیستی و ببینی کەسێ لەبەر خۆشەویستی، خۆشەویستی خۆی جێ بێڵێ"[٦٧] ئەم جێگرتنەوەیەی شۆڕش بە ئەویندار و بە جێهێشتنی خۆشەویست، ئاکامەکەی خیانەتی شۆڕشگێڕان لە نەتەوە و خۆکوشتنی شیرینی خۆشەویستە، کە ئازار و برینێک بۆ تۆ دروستدەکەن و دەبنە هۆی گۆڕانی کەسێتیت، لەبەرئەوە ململانێی عەشقی شۆڕش و دڵداری، یاریدەدەر و ڕێگر، نێرەر و وەگریشن.

هاوکات هەر لە ڕێگەی نامەی شیرینەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە تۆ چەند ڕۆشنبیریی، بەڵام لە زمانی خەڵکی دەترسیت و بە دیدی تۆ ناو شۆڕش جێگەی ژنی تێدانابێتەوە، چونکە شیرین داوای هاوبەشی خەباتی شاخت لێدەکات و تۆ لەبەر قسەی خەڵکی ڕەتیدەکەیتەوە.[٧٠] سەرەنجام لەبەر هاندانی تۆ بۆ بوێری، شیرین خۆی دەکوژێت، ئەمەش گۆڕانی تۆی لێدەکەوێتەوە، دەبیتە یەکەم کەسی ناو بارەکان، بەڵام بەهۆی هەواڵدانی جەلیلی جاش لە پێشمەرگە بە نیگەرانییەوە دەچیتەوە شاخ، لەوێ دەبینیت: "دیسان پاش ئاشبەتاڵ و ئەم تێهەڵچوونە هەر عەشیرەتبازی و چاوپۆشین و ئاغایەتی لەگۆڕدابێ. دیسانەوە ڕێ لە ڕۆشنبیران گرتن دەکەنە ئامانج!...گەیشتە چیا... هەمان ڕەش و ڕووتی پازدە بیست ساڵی لەمەوبەری نەتەوەکەت، بەهەمان دڵسۆزی و لەخۆبووردنەوە لە کاردان...هەمان دامودەزگا کۆنەکان...هەمان ڕوخسارە بزەئامێزی چاپلوسی و هەمان گەوج و ئەحمەق، بەهەمان ڕەفتاری ئاغایەتیی جاری جارانەوە(شۆڕشگێڕن)"[٧٣] بینینەوەی شۆڕش

---

[1] ـ لە چەند ڕۆمانی ئەم قۆناغەدا ململانێی شۆڕش و خۆشەویستی دەبینین، کە هەڵبژاردنی کەسێتی سەرەکی لەنێوان یەکیان تاقیدەکرێتەوە و شۆڕش سەردەکەوێت. ئەمەش بیرخەرەوەی دێرە شیعرەکەی هێمنە:"عاشقی چاوی کەژاڵ و گەردنی پڕ خاڵ نیم– عاشقی کێو و تەلان و بەندەن و بەردم ئەمن".

بەمجۆرە، یاریدەدەری بەرپرسیاریێتی بۆ گۆڕان چالاک دەکات، بەڵام بەرپرسانی شۆڕش دەبنە ڕێگر و ڕاپۆرتت لێدەدەن و دەتنێرنە زیندان. لەبەرئەوە هەر سێ دوانەی کردەنوێن لەم ڕۆمانەدا ئاڵۆز و پێکداچوون، نێرەر و یاریدەدەرانی دوێنێ ئەمڕۆ دەبنە ڕێگر، هاوکات گۆڕانی بابەتیش لە دیدی تۆوە بە ئەزموونی شۆڕش و خۆناسییەوە پەیوەستە.

## ٦. کێوی مەزن، خودکوژی، یان نیشتمانکوژی

*کێوی مەزن*1 لە ساڵی ١٩٨٩ لە شاخ لە چاپدراوە. کردەنوێنەکانی گوزارشت لە پەیوەندی هاوڕێیەتی، خۆشەویستی و ڕق پەیوەست بە خەبات و نیشتمان دەکەن. بابەتی خواستی بکەرەکان بە ناو ئازادییە، بەڵام لەبنەڕەتدا تۆڵە و براکوژییە. ئەم پۆلە پێشمەرگەیە هاوڕێی کۆڵانن و ئیستا لە کێوی مەزن پێشمەرگەن. هەریەکە لەناو خۆیدا کینەی بەرامبەر بە یەکتر هەیە و لەبەهانەیەک بۆ تۆڵە دەگەڕێن. "بەڕاستی دۆستی بەوەفاین! سەیرە هەموومان بۆ یەکدی لە کەمین داین، کەچی دۆستیشین"[عەبدوڵڵا،٢٠٠٣: ١٥٢] ئەم شەش پێشمەرگەیە لەناو چیا گیردەخۆن و یەکتر تاوانباردەکەن، کاتێکیش دەگەنە ئەشکەوت بڕیاری مانەوە و ڕۆشتن دەبێتە تۆخکردنەوەی ناکۆکیان. لەسەروو ئەمەوە، چونکە هاوڕێن، هەموو چاویان لەگوڵێ و شلێرە، کە دەکرێت گوڵێ وەک ڕەمزی نیشتمان بخوێنینەوە، کە هەموو عاشقین، لەبەر نیشتمان یەکتر دەکوژن! لەبەرئەوە نیشتمان بۆ هیچیان نابێت و هیچیشیان بۆ نیشتمان نابن، "ئای هەی گوڵێ! چەند کەست سەرگەردان و دێوانە کرد، کەچی نەبووی بە دەزگیرانی هیچ کەسێک! هەموو ئەوانەی عاشقت بوون هەتا ئیستاش خەونت پێوە دەبینن".[١٣٢]

دوانە کردەنوێنی نێرەر و وەرگر بەڕواڵەت خەبات و ڕزگاریی کوردستانە لە دەست ئەویتری بێگانە، پێشمەرگەش خود و بکەری جێبەجێکارە، ڕێگر و یاریدەدەر جگەلە سەختیی چیا و بەفری زستان، برسێتی گورگەکان، تۆڵەی هاوڕێ و براکانە لە یەکتری کە وەک گورگن بۆ یەک، لەبەرئەوە دەرونی پیس و بۆگەنی بکەرەکان ئامانجی ڕزگاریی بۆ یەکتر کوشتن دەگۆڕێت، یاریدەدەریش گروپسازیی و حزبچێتییە، هاوکات بەشێوەی ڕەمزی سروشت و کێوی مەزن=کوردستانە (کوردستان=شلێر یان گوڵێ)، کە نیشاندەری ئەو برین و خوێنەیە لە گیانی براکان دەڕژێت "ژانی هاوخەمی کۆڵانەکەمانە، ژانی تۆ و شلێرە دایە، ژانی خوێن ڕژانی جەستەی گوڵێیە...".[١٦٥]

---

1 ـ کاروان عەبدوڵڵا "نامەیەکی بەپەلە"شی هەیە، کە بەشێک لەسەرچاوەکان وەک ڕۆمان یان کورتە ڕۆمان دایانناوە. عەبدوڵڵا ڕەحمان لە دکتۆراکەیدا وەک ڕۆمان[ڕەحمان، ٢٠٢٠: ١٥٤]، سابیر ڕەشید وەک کورتە ڕۆمان ناوی دەبەن.[ڕەشید، ٢٠٠٧:٣٦] بەڵام پاش خوێندنەوەی، بۆم دەرکەوت چیرۆکی درێژە نەک ڕۆمان. ڕۆماننووس خۆشی لە ساڵی ٢٠٠٣ لە کۆبەرهەمەکەیدا وەک چیرۆک نەک ڕۆمان دایناوە.

**٧. نەفرەت و سۆزی شۆڕش**

ڕۆمانەکە لە ڕێگەی بیرەوەرییەکانی هیوا، کە کەسێتیی سەرەکییە، مێژووی شۆڕشی کوردمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە وەک بازنەیەک بە دەوری خۆیدا دەسوڕێتەوە، خەباتە بۆ یەکترسڕینەوە، باوکی هیواش بە دەستی براکانی دەکوژرێت، ئێستاش ئەوەتا (کارزان و ڕێبوار)، (شۆڕش و کارزان) بوونەتە نێچیری یەکتر، هیواش وەک ئومێدی ڕزگاری دەیەوێت ئەم شەڕی براکوژییە بوەستێنێت، بەڵام خۆی بریندار و بێهیوایە "وێ دەچێ هەمان داستانی باوکم لێرە دووبارە ببێتەوە. ئەوەتە، منیش لەنێوەڕاستی دۆستەکانمدا درێژبوومە. هەرچەند تکا و ڕەجایان لێ دەکەم بێ سوودە...دەبێ نەهێڵم گوللەی دۆستەکانم پێ بکەوێ. ئەوەتە، خوێن بەرچاوی هەموومانی گرتووە. دەیانەوێ یەکتر قڕکەن هەریەک دەیەوێ خۆی بمێنێتەوە".[١٦٣] لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا هیوا دەچێتە سەر جەستەی برینداری شۆڕش، شۆڕش بەچاوێکی نامۆوە سەیری هیوا دەکات و دەڵێت بڕۆ. ئەمە نیشانەی شکستە، بەڵام گرنگە هیوا بمێنێت، هیوا شۆڕش جێناهێڵێت و بە برینداری چەکەکە دەکاتەوە شانی شۆڕش، وەک مانەوەی شۆڕش بە زیندوویی ئەگەر بە زاماریش بێت،"شۆڕش وەک خۆی لە خەوێکی قورسدا بەئاگابێتەوە، بە زەحمەت خۆی بۆ هیوا وەرگێڕا. دەمی کردەوە. بەڵام هیچی پێ نەگوترا. بە دەست ئاماژەی بۆ هیوا کرد، هیوا بۆی چوو. لەبەردەمی داچەمییەوە سەروچاوی بەبەفر داپۆشراوی خاوێنکردەوە. لە چاوی وەڕاما.. بزەیەکی بۆ کرد. بەدەم لەرزینەوە گوتی: مەترسە هەڵتدەگرم.

شۆڕش چاوی غەریبی بەسەر گیانی هیوادا گێڕا لەسەرخۆ گوتی: ب..ڕۆ...هیوا دیسان خۆی نەوی کرد باوەشی تێ گرت. سەروسیمای لەدەموچاوی شۆڕشدا هەڵسویی...

شۆڕش وەک توانایەکی نەمابێ بە ئاستەم دەمی جووڵاندەوە: نا..توا..نم.

هێزێکی غەریب داڕژایە جەستەی ماندووی هیوا. هیوا هەردوو پێلی شۆڕشی گرت و لەسەر پێ وەستاندی..تفەنگەکەشی کردە شان و دەستێکیشی خستە سەرشانی.

ـ ناوقەدم بگرە...

هەردووکیان، زۆر بە زەحمەت وەڕێ کەوتن...هیوا هەنگاوەکانی لەپێشتربوون، بەفرەکەی دەشکاند، ناوناوەش سەری هەڵدەبڕی و لە قووڵایی نشێوەکە و لەدۆڵە دوورو باریکەکانی خوارەوە ڕادەما، وای هەست دەکرد، کە ڕەنگە تەمەنی بەشی ئەوە نەکا بگەنە سەرەوە!.[١٦٦] ڕۆمانەکە لە پەیوەندی و ململانێی هاوڕێکانەوە، لە دۆخی دەرونی بۆ سیاسیی نیشانە واتاییەکانی دەکشێت، هاوکات ناوی کەسێتییەکان ڕەمزی سیاسی و شۆڕشن. شۆڕش ڕێبوارێکە هیوا دەیهێنێتە ناو ماڵی خەبات، بریندابوون و کەوتنی شۆڕش بەهۆی شەڕی براکانەوە، نائومێدی شۆڕش و ئومێدی هیوای بۆ شۆڕش لێدەکەوێتەوە، کە ناکرێت نیشتمانی داگیرکراو بێ شۆڕش بژی، بەڵام گوتاری ڕۆماننووس گومانگەرا و نیگەرانئامێزە لەوەی بەو برینداربییەوە شۆڕش دەتوانێت سەرکەوێت؟

لێرەدا وەک خۆکۆکردنەوە و چەشنە ئەنجامگیرییەکی ئەم بەشە، ئاماژە بە چەند خاڵێکی دەدەین:

١. وێنەی کورد لە ڕۆمانەکانی ئەم قۆناغەدا لە واقیع و کێشەکانی کۆمەڵەوە وەرگیراوە، بەتایبەت وێنەی سیاسی و کۆمەڵایەتییە. پێشمەرگە و شۆڕشگێڕ دیارترین وێنەی تایبەتییە، کە قوربانی بە ژیان و خواستی تایبەتی بۆ خواستی گشتیی و نەتەوەیی داوە. گرێچنی بەشێک لە کۆگوتاری ڕۆمانەکان تێهەڵکێشی ململانێی عەشق و سیاسەت و خەبات و ژیانی کۆمەڵایەتییە، شۆڕش جێگەی ئەوینی بۆ کەسێتییەکان گرتووەتەوە، ڕەخنەی بنەڕەتیش ئاراستەی گوتاری ئەو حزب و لایەن و بەرپرسانە کراوە کە بارن بەسەر شۆڕش و نەتەوەوە و بوونەتە سەرچاوە بۆ لەباربردن و نائومێدیی خەونی گەورەی ئەو کەسێتیانەی، کە بۆ خەونی گەورە دەستیان لە ئەوین و ژیانی تایبەتی هەڵگرتووە.

٢. ڕۆمانی کوردی ئەم قۆناغە لە وێنەی دەسەڵاتدا ڕەخنەگرانەیە، ئەو دەسەڵاتە، دەوڵەت، حزب و بزوتنەوە سیاسیی و چەکدارییەکان بێت، یاخود دەرەبەگ و ئاغا، بیری خێڵەکی و دواکەوتوو بێت. هاوکات کەلتوور و ڕەفتار و جیهانبینیی ئەم دەسەڵاتانە بە گشتی ناشیرین و نامرۆیین، بۆ نموونە ئافرەت و جووتیار و کرێکار وەک کەلوپەل و ئامێر دەبینن. لەبەرئەوە هەژاران داینەمۆی خەون و خەباتن. هەژاری و نەخوێندەواریش دەسەڵاتی ڕێگر و کۆمەکی دەسەڵاتدارانە بۆ چەوساندنەوە و مرۆڤکرین، کە ئەمەش ناکۆکییەکی واتایی لەنێوان گێڕانەوە و گوتاری دەقەکاندا هێناوەتەئاراوە. پرسی هەژاری، سەرچاوەی نەخوێندەوارییە، یان نەخوێندەواری سەرچاوەی هەژاریی و داگیرکارییە؟

٣. بەشێک لە ڕۆمانەکانی ئەم قۆناغە لە گۆشەنیگای ئایدۆلۆژی و پێشتر بڕیار لەسەردراوەوە نووسراوە، ئەمەش سەرچاوەی ناهونەرییبوون و شێوازی وتارێتی و تاکدەنگی لەخۆگرتووە. لەم دیدەوە دژ و یاریدەدەر دیاریکراو و دووبارەیە، ئەوەی دژی کورد بێت، دەنگی گێڕانەوەش دژێتی. ڕۆمانەکان لە دیدی کوردایەتیدا کوردیان نیشانداوە، نەک ئەوەی دەرفەت بۆ گێڕانەوە بڕەخسێنن تا کورد خۆی تێدادەربخات.

٤ ـ گوتار و کردەنوێنی ڕۆمانەکانی ئەم قۆناغە، زۆرینەیان خوێندەوار و شۆڕشگێڕن، ئەوانەن خەونی گۆڕانیان هەیە، گۆڕانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، کەلتووری، ئایینی...لەبەرئەوە بکەری وەک میرزا، مامۆستا، ئەندازیار و ڕۆشنبیر دەبینین، کە ڕەخنەی سیاسی، کەلتوور، جیاوازیی چینایەتی، ئایینی و... دەگرن.

٥. گۆشەنیگای گێڕانەوە لەم قۆناغەدا زۆرتر سوودی لە گێڕەرەوەی دەرەکی و هەمووشتزان بینیوە، ئەمەش وایکردووە تاکگوتاریی زاڵبێت و ململانێی هونەریی-واتایی کەم بێت.

٦. وێنەی ئافرەتی کورد لەم قۆناغە فرەشێوەیە، لە کچدا، خۆشەویستیی کوڕی پێشمەرگە و فیداکاریی خواستی نەتەوەییە، لە ژنیشدا وێنەیەکی نەرێنی وەک داردەستی ئاغا، دەلاڵ و فریودەر، ئەرێنیش، وەک دایک ئەگەر خۆی پێشمەرگەی شار نەبێت، ئەوا هاوکاری شۆڕشە، لە ڕێگەی پێگەیاندنی مناڵەکانیان بە نانەسکی و جلشۆری ماڵان. ژنان وەک قوربانیدەر دەرکەوتوون، لە ژانی گەل، کاڵێ قوربانیدەرە، لە کوێخا سێوێ، سێوێ کە پاڵەوانە، قوربانیدەرە بۆ باوکی و مێردی، لە کۆردەرە داڵگە قوربانیدەرە. لە هەرەس و سەگوەڕ دایک و ژنی ئازاو قوربانیدەر بە جەستە و مناڵ بۆ شۆڕش دەبینین، لە شاریش ئافرەتی بەخشندە، سەرکردە و بەڕێوەربەر دەردەکەوێت.

٧. لە ڕۆمانەکانی شاخدا، نێرەر و وەرگر کورد و خەباتی ڕزگارییە، بەرامبەر بە دەسەلاتی داگیرکەر کە ئەویتری ڕژێمی بەعسە، بەڵام خودە نێردراوەکان لە هێڵە سەرەکییەکە لادەدەن و بەپێچەوانەی خواستی نێرەرەوە دەجوڵێنەوە. ناهۆشیاریی نێرەر سەرچاوەی نا تەندروستیی پەیام و گوتارە، کە شۆڕشی بێ بەر و ناشۆڕشی لێکەوتووەتەوە. کەواتە گوتاری ڕۆمانی شاخ نیشاندەری باری لار و چەوتی خەباتە، کە ڕۆماننووسان ڕەخنەگرانە ڕەهەندە ئاشکراو شاراوەکانی دەرخستووە. ئەمەش بیری ڕەخنەگرانەی ڕۆماننووسان دەردەخات، کە ڕەخنەی گوتار، هەڵوێستی سیاسیی و شۆڕشگێڕیی، بزوتنەوە چەکدارییەکانی سەردەمەکەیان گرتووە.

٨. کەرەستە فۆلکلۆرییەکان بە گشتی لە زمان و هونەری گێڕانەوەدا، ڕوانینی لەگەڵبوون، یان دژبوون، گەلێک سوودی لێوەرگیراوە. کەرەستەکانیش لە پەندی پێشینان و قسەی نەستەق، حەکایەت و داستان، تا شیعر و گۆرانییە فۆلکلۆرییەکان دەگرێتەوە. ئەو ڕۆمانانەی ڕووداوەکانی زیاتر لە دێ و گوند ڕوودەدەن، کەرەستە فۆلکلۆرییەکان فراوانتر بەکاربراون، بەراورد بەو ڕۆمانانەی ڕووداوەکانی لە شار ڕوودەدەن. هەروەها کۆمەڵێک دیاردە و کەلتوور، بەها و ڕەفتار بەهۆیانەوە بەسەرکراوەتەوە.

## بەشی سێیەم

# وێنەی کورد لە ڕۆمانەکانی قۆناغی دووەم ١٩٩١- ٢٠٠٣ دا

داهێنانی هونەریی و ئەدەبی لەناو پرۆسەیەکی دیالێکتیکی خودی و بابەتی، دەرەوە و ناوەوە گەڵاڵە دەبێت. ڕۆمان وەک دەقێکی تێهەڵکێش، داهێنانێکی ئەدەبی و هونەرییە، کە بە گێڕانەوە گوزارشت لە بوونی خۆی دەکات. گێڕانەوەش لەنێو دنیای دەرەوە و ناوەوە، خودئاگایی و ئاگایی واقیعدا دەژی. پەیوەندی خودئاگایی و ئاگایی دنیا پرۆسە و بابەتێکی ئاڵۆز و پێکداچووە. ڕۆماننووسی کورد، پاش ڕاپەڕین، کە دەسەڵاتی کوردی جێگەی دەسەڵاتی بەعسی گرتەوە و پەرلەمان و حکومەتی کوردستانی دامەزراند و شەڕی ناوخۆ بەرپابوو، کەوتە ناو کەرەستەگەلێکی فراوان بۆ لە خود و ئەویتر ڕامان، لەبەردەم دنیایەکی نوێ لە ڕووداوەکانی ئێستا و ڕابردوو وەستا، توانی سەرنجێکی ورد و هەمەلایەن لە واقیعی ئێستا و ڕووداوەکانی ڕابردوو بەتایبەت ئەنفال و کیمیاباران بداتەوە. بە دیدێکی فرەڕەهەند و ئازادانەتر بوونی کورد و عەرەبی نیشاندا، دیدی کراوەتر و ئازادانەتر بۆ ڕەخنەی ڕژێمی بەعس و کورد هاتەئاراوە، چونکە ڕووداوە گەورەکانی وەک ئەنفال و کیمیاباران ماوەیەکیان بەسەردا ڕۆشتبوو، لەبەرئەوە باشتر دەرکەوتن. هاوکات پاش ڕاپەڕین چەند ڕۆماننووسێکی نوێ بە زمان و شێواز و دنیابینی جیاواز لە نەوەی پێشوو، هاتن و ڕۆمانیان نووسی، بەمەش ڕێژە و پانتایی چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆمانیش زیادی کرد[1]، لەبەرئەوە ڕاپەڕین تەنیا گۆڕانی سیاسیی و ئابووری، کۆمەڵایەتی نەهێناوە، بەڵکو گۆڕانی زمان و ڕۆشنبیریی، میدیا و بەرهەمهێنانی دەقی ئەدەبی بەتایبەت ڕۆمانی لێکەوتەوە. کارزان موحسین لە نامەی ماستەرەکەی لە بارەی سیما تازەکانی ڕۆمانی پاش ڕاپەڕین، دەنووسێت: "زۆربەی ڕۆماننووسانی کورد، تا ئێستاش کەوتوونەتەوە ژێر کاریگەری ڕووداوو بەسەرهات و نەهامەتییەکانی وەک کیمیابارانکردن و ئەنفال و ڕاگواستن...ڕۆمانەکانی قۆناغی دوای ڕاپەڕین بە شێوەیەکی بەرچاو پەیڕەوی لایەنی

---

[1] - بەبۆچوونی من تا بەرلە ڕاپەڕین، ڕۆمان وەک دەقێکی داهێنەرانە و ڕووداوسازی ئەدەبی زۆر جێگەی بایەخی ئەدیب و توێژەران نەبووە، زیاتر شیعر ئەو ڕۆڵەی گێڕانەوە. سەرنجی بزوتنەوە و مانیفێستە ئەدەبییەکان بدەین سەرنجیان لەسەر شیعر بووە، بەڵام پاش ڕاپەڕین و دوای ٢٠٠٠کان، ڕۆمان دەبێتە ڕووداوی ئەدەبی، ئەدیبەکان بە شاعیرەکانیشەوە ڕۆمان دەنووسن؛ ئێستا ڕۆمان نەک شیعر بووەتە ناوەندی بەرهەمهێنانی دەقی ئەدەبی.

تەکنیکیان کردووە، بەمەش لەقاڵبی سواوی و لاسایی هاتوونەتەوە دەر...نوێبوونەوەی زمانیش...خاڵێکی بەهێز بووە".[قادر، ٢٠٠٩: ٢٠٠]

لەم گۆشەنیگایەوە لەم بەشەی تێزەکەدا ئاوڕمان لە سێ جوت وێنەی بنەڕەتی، کە دوانەی بەرامبەر و دژ لەخۆدەگرن، داوەتەوە. بەهۆی ڕێژەی زۆری ڕۆمانەکان و دووبارەیی وێنە بابەتییەکان، ناچاربووین، کە لێیان هەڵبژێرین.1 هاوکات کارایی دوانە بەرامبەرییەکان دەرخەری ژێرخانی هزریی گێڕانەوەی کوردییە، کە پێموایە لەڕووی جیهانبینیی گێڕانەوەی کوردییەوە قۆناغی گواستنەوەیە لە بەعسەوە بۆ دەسەڵاتی کوردیی، لە وێنەی واقیعی کورد لە تەونی دەسەڵاتی بەعس بۆ وێنەی کورد خۆی لە تەونی دەسەڵاتی کورد و دنیادا، لەسەروو ئەمەشەوە کرانەوەی ئاگایی و جیهانبینی ڕۆماننووسی کوردە بە دنیای گێڕانەوەی خۆرئاوا و نوێ، کە دنیایەک گۆشەی بینین و گێڕانەوەی نوێی بەسەردا کردووەتەوە، کە لەم قۆناغەدا دەرکەوتەکانی دەبینین، بەڵام لە قۆناغی ٢٠٠٣ بە دواوە، بە ناڕێکخراوی بوونی خۆی دەردەخات. وێنەی من و ئەویتر یەکەم گەشتی پاری ئەم بەشەیە، کە مەبەستمان بووە، وێنەی من لە دیدی ئەویتر و دیدی من بۆ وێنەی ئەویتر بخەمەڕوو، پاری دووەمیش ئاوڕمان لە دین و دنیا داوەتەوە، لە کۆتا پاریشدا وێنەی کەنارکەوتە و پەراوێزخراو بەرامبەر ناوەند و سەنتەرگەرا، بووەتە جێباسی توێژینەوەکەمان.

## پاری یەکەم: من و ئەویتر

مرۆڤ دوای فێربوونی ژیانی بەکۆمەڵ. کۆمەڵەی جیاوازیی مرۆیی دروستکرد و لە شوێن و جوگرافیای جیاوازدا بڵاوبوونەوە. بوونی جیاوازی لە جوگرافیا و لە ئاستی کەلتووری و ژیاری و شارستانیدا، بووە هۆی جیاوازی لە ئاستی ئابووری و سیاسیشدا. سیاسەتیش هاوڕێیە بە دەسەڵات، دەسەڵاتیش ئارەزووی کۆنترۆڵی هەیە. هەروەها سروشتی مرۆڤ، کە چاوچنۆک و بەرژەوەندیخواز و دەسەڵاتگەرە، ڕێخۆشکەرە بۆ هاتنەئارای ململانێ و دژایەتی لەنێوان کۆمەڵە جیاوازەکاندا. ئەمەش وایکرد (من)، (ئەویتر) بە دوژمنی بوون و بەرژەوەندی بزانێت، بۆیە هەوڵی ڕەتکردنەوەی داوە و خۆی بە باشتر و لە پێشتر داناوە. من و ئەویتر، دید و وێنە و وێنای جیاوازمان بۆ یەکتر هەیە، زۆرجار لەو وێنا و وێنەنانەوە شەڕی یەکدی دەکەین، شوناس بە یەکدی دەدەین.

[1] ـ بەپێی بەدواداچوون و وردبوونەوەمان لە سەرچاوەکان، لە ماوەی ١٩٩١ تا ٢٠٠٣ نزیکەی ٧٥ ڕۆمان و نۆڤلێتی کوردی-کرمانجی ناوەڕاست- چاپ بووە. یەکێک لە دیاردەکانی چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەم قۆناغە، چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆمانە لە دەرەوەی وڵات.[سەعید، ٢٠١٠] و [قادر، ٢٠٠٩: ٣٢]

هەژموونی من یان ئەویتر زۆرجار بووەتە بنەمای ڕوانین، بۆ نموونە ئەویتر من بە کەم، نزم و نەزان دەبینێت، ئەم دیدەی، پەڕیوەتە ناو من و لە خۆم وا دەڕوانم، کە ئەویتر لێم دەڕوانێت، لە کاتێکدا من ئەوە نییە، کە ئەویتر وێنام دەکات. لەبەرئەوە لە جیاوازیی من و ئەویترەوە شوناس بە یەکدی نادەین، بەڵکو لە وادیتن و هزری کلێشەییەوە بڕیار لەسەر یەکتر دەدەین و یەکتر دەسڕینەوە. بێئاگا لەوەی، کە بوون و ئامادەگی شوناسی من، لەبنەڕەتدا لەسەر شوناسی ئەویتر وەستاوە، واتە گەر ئەویتر نەبێت، ڕاناوی من مانایەکی نییە، ئەمەش مانای ناوەندی من یان ئەویتر نادات، بەڵکو جیاوازییمان بنەمایە. لێرەوەیە، کە ئەویتری جیاواز، دەبێتە بنەمای شوناس و تێگەیشتن لە بوونی خۆم، کەواتە ئەویتر سەرچاوەی جیاوازیی و دەوڵەمەندی منە.[عەلی، ٢٠١٩: ٧١]

من و ئەویتر دوو چەمکی گرنگی ناو مێژووی هزرینن، وەک دوو شوناسی تەواوکەر، یان سەربەخۆ لە پەیوەندیی جیاواز، بەریەککەوتن و ململانێ و گفتوگۆدان. (من) و (ئەویتر) تا نەکەوینە بەر نیگای یەکتر جیاوازیمان دەرناکەوێت و شوناسێکی ناتەواومان دەبێت. ئێمەی خۆرهەڵاتی تا نەکەوینە بەر نیگای ئەویتری خۆرئاوایی هەر لە گەردوونی داخراوی خۆماندابین، لەو کاتەشدا کە هەستدەکەین یەکێکی تر تەواوی ئەو فەزا کۆمەڵایەتی و سروشتییەی بڕیوە، کە ئێمە تیا نیشتەجێین، لەوکاتەدا نیگای ئەویتر دەمانخاتە ژێر فشارەوە، لێرەوە هەستکردن بە خود دەچێتە ئاستێکی ترەوە. لەبەرئەوە ئەم پەیوەندییە دیالێکتیکییە مسۆگەر و حەتمییە، کە هەردوو چەمکی من و ئەویتر هاوڕێیە بە چەمکی (وێنەی خود) و (وێنەی ئەویتر)، لەوڕووەوە، کە بەکارهێنانی هەریەکێکیان خۆوەکی ئامادەبوونی ئەویتر دەخوازێت. [زید، ٢٠١٦: ٢٢٧]

لێرەدا مەبەست لە من، منی کوردە، ئەویتریش بریتییە لە هەموو ئەوانیتر جگەلە کورد. لەم قۆناغەی ڕۆمانی کوردی ئەویتر بە نمرەی یەک عەرەب و دەسەڵاتی ڕژێمی بەعسە، هاوکات منی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرامبەر ئەویتری فارس خراوەتەڕوو، لەگەڵ ئەوەی ڕۆماننووسی کورد چووەتە تاراوگە، وێنەی من لە چاوی ئەوروپیی و وڵاتە ئیمپریالیستەکان، وێنەی ئەوانیش لای من بەرباس خراوە. لەم بەشەدا سەیری منی کورد و ئەویتر دەکەین، چۆنێتیی پەیوەندی و دیدیان، بەرکەوتن و ململانێیان لەگەڵ یەکتر دەردەخەین. دیارە ڕۆمانەکان هەمووی منی کورد نووسیویەتی، کەواتە ڕوانگەی منن بۆ ئەویتر، بەڵام لەناو جیهانی گێڕانەوەی مندا ئەویتر چۆن دەردەکەوێت و من بەرامبەری لە چ هەڵوێست و ڕوانینێکدام، چونکە زەمینەی گێڕانەوە، ئامادەکردنی ئەویترە بەرامبەر بە من، ئایا ڕۆمانی کوردی ئەویتری چۆن ئامادەکردووە؟

**١- منی دز و برسی، ئەویتری تێر و داردەست**

ڕۆمانی ڕێگا [مەم، ٢٠٠١] ڕۆمانێکی درێژە، کە لە ٢٦ بەشی ژمارەیی پێکهاتووە و لەناو گێڕانەوەیەکی ڕەخنەی سیاسیی و کۆمەڵایەتی و کەلتووری ئایینیی جێی دەبێتەوە، ئەمە جگەلە پەیوەندیی خۆشەویستیی، کە لە ڕۆمانی کوردیدا دەوری حەکایەتی خۆشکراو، چیرۆکەکانی خۆشەویستیی لەناو سیاسییترین ڕۆمانیشدا ئامادەیە، لێرەشدا پەیوەندیی خۆشەویستی گێڕەرەوە، کە کەسێتی سەرەکییە بە کەسێتییەکی دیکە دەبینین. ڕۆمانەکە چەردەیەک لە مێژووی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری، لەڕێگەی برسێتی، گرانی گەورە، سوکایەتی و چەوساندنەوەی ئەویتر بۆ من دەگێڕێتەوە. گێڕەرەوەی ڕۆمانەکە، شێرکۆی کەسێتی سەرەکییە، بەڵام پشت بە بۆ گێڕانەوە، هەواڵ و چیرۆکەکانی دەوروبەری و کەسێتییەکانی تر و فلاشباکی زیندوو، کە چیرۆکەکانی ڕابردوو بە ئێستایی دەکات، دەبەستێت.[مەجید، ٢٠٠٨: ١٣٤] گێڕانەوەی کەسێتی سەرەکی سەرچاوەی نزیکی و متمانەی گێڕەرەوەیە بۆ وەرگر، بەڵام زاڵبوونی شێوازی ئایدۆلۆژی و وتار و گێڕانەوەی ڕاپۆرتی کاریگەری بەسەر جوانی و هونەریبوونی گێڕانەوەکە داناوە.

پەیوەندیی من و ئەویتر لە ڕۆمانەکەدا ئاڵۆز و فرەڕەهەندە، چونکە ئەویتر (عەرەب و ئینگلیز، عوسمانی و عەجەم و ڕووس...) دەگرێتەوە، هاوکات دەسەڵاتی ئیمپریالیستی-بۆرژوایی، سەربازی، ئایدۆلۆژی و ئایینییش پاڵپشتین. لەم ڕۆمانەدا، کە باسی جەنگی دووەمی جیهان و کاریگەرییەکانی لەسەر کورد دەکات، منی برسی و نەزان و لەخواترس بەرامبەر ئەویتری بە دەسەڵات و تێر و بەئاگا و فێڵباز نیشاندەدات. لەگەڵ ئەوەشدا ئەویتری وەک من هەیە، کە بۆ نان و مانەوە، ژیانی خۆی قوربانی دەکات، خۆی دەخاتە ناو ئاگری شەڕ و وێرانکاری. هیندیی و ئاسیایی و ئەفریقییەکان وەک کورد بوونەتە قوربانی ستەمکاری و چڵێسی دەسەڵاتە گەورەکانی دنیا، بەتایبەت ئیمپریالیستەکان.[مەم، ٢٠٠١: ٨٩-٩٠] لە تەنیشت ئەم دەسەڵاتە داگیرکارانەدا هێزە ناوخۆییەکان بۆ ڕازیکردنی ئەوان من دەچەوسێننەوە، لە عێراق و کوردستان، دەسەڵاتی میری دەوڵەت، شێخ، بازرگان، ئاغا و بەگزادە خۆفرۆشەکان ڕێخۆشکەرن بۆ چەوساندنەوەی من، هەرچەندە بە فەرمی دەسەڵات لای ئەویترە، بەڵام منی هەلپەرست، برسی و ناتێگەیشتوو بووەتە مەقاشی ئەویتر. لەبەرامبەردا من لە ئاستی تاک و گروپ یاخی دەبێت و بزوتنەوە و ڕێکخراو و حزب دروستدەکات، لەوانە کۆمەڵەی هیوا، کە شێرکۆ تێیدا ئەندامە. من لە ئاستی گشتی و کەلتووریشدا نزادەکات و پەنا بۆ خودا دەبات، تا لە زوڵم و ناهەقی و برسێتی ڕزگاری بکات، بەڵام ئەویتر سوود لەم هاوئایینییە بۆ درێژەدان بە داگیرکاری وەردەگرێت.

باوکی شێرکۆ دەروێش و سۆفییە، شێرکۆش کوڕە تاقانەی بەهادار و خۆشەویستیەتی، بەڵام بە زۆر بۆ مزگەوت و کۆڕە ئایینییەکانی دەبات. شێرکۆ لەنێوان ڕق و خۆشەویستی بۆ باوکی گەورە دەبێت، چونکە ئاگاداری ستەم و فێڵ و دەستتێکەڵی پیاوە ئایینییەکانە لەگەڵ دەسەڵاتی داگیرکاریی ئەویتر. کوڕ ڕێگەیەکی جیاواز لەباوکی دەگرێتە بەر و دەبێتە خوێندەوار و ئەندامی کۆمەڵە و ڕەخنەگری کەلتووری دواکەوتووی خەڵک و دەسەڵاتی ستەمکار. کاتێک شێرکۆ لەگەڵ کاروانێک بەدوای ناندا وێڵن، بۆ هۆشیارکردنەوەیان دەڵێت: "لەشکری ئینگلیزی بێگانەو دوژمنیشمان لەناو جەرگەی وڵات سینگی داکوتاوە، ئەم دوژمنەش بەزۆری ئاگرو ئاسن...بەهێزی لەشکەرەکەیو بەیارمەتی حکومەت...سەری بەئێمە شۆڕ کردووە، کلک و داردەستەکانی وەکو تۆفیق بەگ و مام حاجی و شێخ قطب‌الدین، ئەم چەرچیانەشی کردوونەتە سەگی هارو بەری داونەتە گیانمان، بەهۆی ئەمانەوە...برسییەتی لە وڵاتدا پەیدا دەکاو ڕێگای هاتنە ناو وڵات و تاڵان کردنی بەروبووم و داهاتەکەی بۆ خۆی خۆش کردووە!."[٢٣٨] شێرکۆ ڕای وایە ئەویتری ئینگلیز دوژمن و داگیرکارە، لای خەڵکیش کافرن، لەبەرئەوە دوژمن سیاسەتی برسیکردن بەکاردەهێنێت، دەسەڵاتی خۆماڵییەکانیش بۆ خۆپارێزی خۆدەدەنە پاڵی و خەڵک برسیتر دەکەن، کەواتە من وێڕای داگیرکاری و چەوساندنەوەی ئەویتری ئینگلیز، برسیتر دەکرێم لەلایەن من و ئەویترە خۆفرۆشەکانەوە، تۆفیق بەگ و شێخ‌قطب الدین دیارترین داردەست و چەوسێنەرن، کە دەستیان لەگەڵ بێگانە و دەسەڵاتی میری تێکەڵکردووە و هەرچی زەویی و بەرهەمی خەڵکی هەژارە بۆ خۆیان دەبەن، دواتریش دەست بۆ ژن و کچیان دەبەن. "برسییەتی هۆیەکی کاریگەر و بەتینی چاوشۆڕی و ڕیسواییە[...]دوژمن..هەتا بتوانێ وڵاتمان داگیربکاو خێروبێری زەوت بکا...دەبێ لێکمان بکا...تۆی فیتنەمان بەناودا بچێنێ! ئەم کارە ناڕەواو ناپەسندانەش...بەهۆی ناپەسندانی وەکو تۆفیق بەگ و حاجی و شێخ مەلا قطب‌الدین...جێبەجێیان دەکا".[٢٣٩] ئەویتر-ئینگلیز- بەناوی ڕزگاری لە دەست نازییەکان وڵاتی داگیرکردووە، بەڵام منی کورد دابەشی چەند دید و هەڵوێستێک بووە، ١.کوردە بەرژەوەندیخوازەکان دەستیان لەگەڵ تێکەڵکردووە، هەرچەند ناکۆکیشن، وەک حاجی و شێخ و مەلا. ٢. کوردە قوربانییە هەژار و نەزانەکە، کە نەزانی و کوێریی ئایینی، هاوکارییەتی لە نموونەی مەلا حەمید، کە پێیوایە ئەمە غەزەبی خودایە، کاتێک گوێی لەقسەکانی شێرکۆیە، دەڵێت: "کافر هەر بۆ ئەوەی ئوممەتی موحەممەد زەلیل بکا..دینی پاکی ئیسلام لاواز بکاو لەناوی ببا...لەوە ناپرنگێتەوە کە هەموو خراپەیێک بکا!".[٢٤٣] ئەم گوتارەی مەلا حەمیدی برسیی، تەواوکەری وێنە خوازراوەکەی دەسەڵات و کوردە بەرژەوەندیخوازەکانە، کە بەهۆی بڕوای ئایینییەوە نەهامەتییەکان دەخاتە ئەستۆی خودا. ئەم

گوتارەش بەرهەمی کۆمەڵی نەخوێندەوارە، کە خورافیانە نەک هزری و زانستییانە بیربکەنەوە.[عارف، ٢٠١٨: ٤٦] هاوکات هەڵوێستە دیدێکی تر شێرکۆ و هاوەڵە خوێندەوارەکانن، کە خۆیان لە ئەندام و سەرکردەکانی کۆمەڵە دەبیننەوە، ئەمان وێڕای ئەوەی دژی ئیمپریالیزمن، هاوکات ویستی شۆڕش و گۆڕانیان هەیە، لەڕووی نەتەوەیی و ئایدۆلۆژییەوە دژن، ئەمەش لە بەرکەوتن و چەشتنی نادادی و ئازاری برسێتییەوە سەرچاوە دەگرێت.

هاوکات ناکۆکییەکی ڕواڵەتی لەلای پیاوانی بەدەسەڵاتی ئایینی وەک شێخ، حاجی و مەلا بەرژەوەندیپەرستەکان بۆ ئینگلیز دەبینین، کە لە بنەڕەتدا تەبایی و هاوکاریی و بێگانەپەرستییە، واتە ئینگلیزەکان چەند نوێنەری کافر و شەیتانن، لەباری بەرژەوەندییەوە چاک و باشن، لەم ڕووەشەوە پاساوی چاکێتییان بەپێی شوناسی دینی خۆیان بۆ دروستدەکەن. ئەم بەرژەوەندیخوازە کوردە ناکوردانە پێشتر هاوکاری عوسمانییەکان بوون، ئێستا هی ئینگلیزن، "ئینگلیس تێگەیشتوون...خوێندەوارن...عالیمن...یارمەتی ئیسلام دەدەن، مزگەوت و تەکیە و خانەقای زۆر دروست دەکەن و حاکمی هەولێریش...کاپتانی خێلە...بەخۆی ئیسلام بووەو بۆ ئیسلامەتی حەول دەدە!! وە میر ملی بۆ لای مەلای گوند و شێخ قطبالدین...درێژ دەکردو دەیگوت:

- وانییە...قوربانی یاشێخ!

- وانییە... مامۆستا!

لەئەنجامیش...دیتمان چۆن میر...ئەویش لەشکری کۆکردەوەو بەڵام ئەمجارە بۆ عوسمانلی...بەشکەم بۆ ئەوەی وەپێش لەشکری ئینگلیس و قەلەڕەشکە بکەوێ‌و دەشتی هەریرو ڕەواندزو باڵەکاتی بخاتە ژێر فەرماندەو حوکمی ئەو بێگانانە!!"[٢٧٣]، لەبەرئەوە دەسەڵاتی میری و حکومەت بۆ منی برسی ئەویتری ستەمکارە، بەڵام بۆ منی خۆفرۆش و دەسەڵاتداری شێخ و بەگ و ئاغاکان دۆست و هاوبەشن، لە چاوی منیشەوە ئەم منە نۆکەرو خۆفرۆشە. ئەم پێکداچوونە لەناو دەسەڵاتی ئەویترە جیاوازەکانیش بۆ من هەیە، چونکە هەریەکەیان چۆنی بوێت، ئاوا شوناسم پێدەدات، بۆ نموونە ڕووسەکان من بە عوسمانی و موسوڵمان دەبینن، عوسمانییەکانیش من بە خۆفرۆش و هاوکاری کافران دەزانن، دایکی شێرکۆ، کە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، دەڵێت:

- دوژمن هەر دوژمنە، هەرچەندە بەرگ و ڕەنگیشی بگۆڕێ!![...]

- ئەگەر لەشکری ڕووس دەهات...دەستیان لەگەرووی خەڵکەکە دەناو دەیانگوت:"ئێوە عوسمانلین...ئێوە موسڵمانن..دوژمنایەتی لەشکری ڕووس دەکەن!.

ـ ئەگەر لەشکری عوسمانیش بەردەبوونە ولات و پێیان لە ورگمان دەنا...دەیانگوت:"ئەنگۆ لای ڕووسانن...یارمەتی کافران دەدەن و دوژمنایەتی خەلیفەی ئیسلام دەکەن...ئێوە خایەنن".[٢٤٤] لێرەدا دەردەکەوێت من لەچاوی ئەویتردا من نییە، هەرجارەو بە بیانوو پاساوی ئایینی و دنیایی منی کورد بووەتە قوربانی، بەڵام منی کوردی بەرژەوەندیخواز بەپێی واقیعی دەسەڵاتەکان خۆگونجێن بووە. بۆ نموونە ئەویتر مام مستۆ وەک دز تاوانباردەکات، سزای دینی و یاسایی و کەلتووری بەسەردا دەسەپێنێت، لەبەرئەوەی مام ئامادەنەبوو ستەم و سەرشۆڕی قەبوڵ بکات، ئەویتر ڕێگەی جیاوازی گرتەبەر تا پیاوەتی و یاخیبوونی مام جڵەوبکات، چونکە بەو مەردایەتییەی خەڵکی گوندی لە میر هاندەدا، لەبەرئەوە تاوانی دزیان خستەپاڵ "مام مستۆ وەکو هەموو پیاوەکانی گوند...ئەویش خۆی بەپیاو دادەنا، خەڵکەکەش ئەوانیش مام مستۆیان بەپیاو دەژمارد...هەتا ئەو رۆژە نەحسە!...

ڕۆژێک لە گوند بڵاوبوەوە، کە دوکانی حەسەن عارەب بڕاوە!![...] ئیتر ئەحمەد شەشخانی مودیر...قەمچیەکەی خستەکار، کەوتە گیانی خەڵکی گوند، ئەو خەڵکەی مودیربەگ...هەر لەبەرخاتری میر ئەویش ڕکی لێ دەبوونەوە و هەر ئەوانەش توشی جەزربەو ئازارو شەق و شوللاق و قامچی مودیربگە و قۆمیسێر و جاندارەکان بوون.

ئەحمەد شەشخانی...وەک شێر بەسەر ئەو خەڵکەدا دەینەڕاند:

ـ دەبێ دزیەکە ئاشکرابێ[...]

تا لە ئەنجامدا، دزیەکە بەسەر مام مستۆ ساغ کرایەوە".[٥٩–٦٠]


مام مستۆی بە دزکراو، لەلایەن ئەویترەوە بە جۆرێک سزادەدرێت، کە منی هاوخەم و هاوڕێگەی نەفرەتی لێدەکات و دەیبوغزێنێت و لە کۆتاییشدا شێت دەبێت و منالان بەردی تێدەگرن. "میر لە هەلێک دەگەڕا، لوتی مام مستۆ بشکێنێ...بیخاتە چاڵێک هەرگیز ڕزگاربوونی بۆ نەبێ. ئەوەبوو...چوار پیاوی میر، بەقورئانی پیرۆز، بەسەری مودیربەگ، بەجوببەی موبارەکی شێخ قطبالدین...سوێندیان خوارد...مام مستۆ دوکانەکەی بڕیوە.

ـ[...مودیربەگ] وەستا حەمە عەلی...سەروبرۆی ئەم دزە بتراشە!!

[...]خدرۆکی پیاوی میر، ئەویش بە فەرمانی مودیربەگ، مەنجەڵە ماستێکی بەدەستەوەبوو...بەتەنیی مەنجەڵەکە، ڕووی مام مستۆی ڕەش کرد، ماستەکەشی بەسەرو گوێلاک و ملی...دا...ڕشت[...]مام مستۆی هەتککراو...بێ دەسەڵاتانە وەک (بت) بێ گیان و جووڵە...لەسەر کەرەکە قیتیان کردبوەوە، دەتگوت مەسەلەکە پەیوەندییەکی بەوەوە نییە!! خۆی دابوە دەست دڕندەکان، بەناو کوچە و کۆڵانەکانی گونددا دەیانگێڕا...ئەفەندی و بەگ و گەورەپیاوانی گوند لەپێشەوە دەڕۆیشتن[...]لەو ڕۆژەوە، مام مستۆ جارێکی تر نەهاتەوە ناو شەقام و مەیدان و

گۆڕەپانەکانی گوند، نەهاتەوە ناو خەڵکەکە، بەبەر دەرکی سەرادا ڕانەبورد، جارێکی دی کەس لەناو پیاوەکانی گوند...لەسەر قەبران لە جەژنەو زەماوەنەکان...لەتازیەو ناخۆشیەکان..کەس نەیدیتەوە!!.. خەڵکی لەناو بازاڕ...لەچایخانەکان...تەنانەت مزگەوتیش لەمام مستۆ بووبوون بەدێو...و درنج و جێگەی پڕ مەترسی...هەرگیز نزیکیان نەدەبوو."[٦٢-٦٣]

گوتاری دەسەڵاتی ئەویتر وێنەی من وەک دزو برسی نیشاندەدات و سزام بەسەردا دەدات، تەنانەت گوتارەکەی هێندە زاڵە بەسەر گوتاری بێگوتاری منەوە، مام لەبەرچاوی دۆست و خزمی خۆی سەرشۆڕ دەکات. گوتاری ئەویتر مام مستۆ لە منێکی یاخییەوە دەکات بە بێگانەیەکی ترسنۆک، شێت و بوغزێنراو، ئەمەش سەپاندنی بیر و گوتاری ئەویترە بەسەر مندا، چونکە مام مەترسی بوو بۆ ئەویتر، ئێستا بەهۆی گوتاری سەپێنراوی ئەویترەوە من بووەتە مەترسیی بۆ مام[من] "مام مستۆ...لەهەموو ژن و پیاوێکی گوند دەترسا."[٦٤] گوتاری دەسەلات تەنیا هێزی ڕووت نییە، بەڵکو هێزی مەعریفیشە، بەواتایەکی تر وەک فۆکۆ پێیوایە، دەسەڵاتی گوتار و گوتاری دەسەلات گرێبەندن.[محەمەد، ٢٠١٤: ٣٠] زانین دەسەڵاتە، دەسەڵاتیش زانینە، دەسەڵاتی گوتار و گوتاری دەسەڵاتی ئینگلیز تەنیا کاریگەری لەسەر منە بەرژەوەندیخوازەکان نییە، بەڵکو لەسەر منە بەرهەڵستکارەکانیش، بە جۆرێک منی تاکی کوردی یاخی لای من-ئێمەی گشتیی کوردی بەرهەڵستکار، کەم و سووک کرد، لەبەرئەوە بێدەسەڵاتیی منی کورد، هاوشانە بەبێهێزیی مەعریفە و زانین.




لە دیدی گریماسەوە پەیوەندیی بەرامبەری من و ئەویتر بە ناوەندی ئەویتر، پەیوەندیی نێوان من و نا-من بۆ ئاستی ناکۆکی پەڕیوەتەوە، ئەمەش لە ڕێگەی سەپاندنی گوتاری ئەویترە بە شێوەی ڕاستەوخۆ بەسەر نا-ئەویتر، کە پەیوەندیی لەخۆگرتنە، بە شێوەی ناڕاستەوخۆش ئەویتر دەسەڵاتی بەسەر من و نا-من هەیە، کە کوردی لەنێو خۆیدا بەسەر چەند بەرەی جیاوازدا دابەشکردووە، لەلایەک وێنەیەکی خۆی لە مندا بەشێوەی نا-ئەویتر، کە شێخ و مەلا و دەرەبەگەکانن دروستکردووە، هاوکات نا-منێکی ناونشینی ناو منی لە دیدی خەڵکە ئاسایی و نەخوێندەوارەکە بەرجەستەکردووە، تا نا-من سوکایەتیی بە منی یاخیبوو بکات.

### ٢. منی میکرۆب و ئەویتری پارێزەر

لە ڕۆمانی گەماڵ ١٩٩٥[جاف، ٢٠١١] ڕۆماننووس بەهۆی دەسەڵات و سانسۆری ئەویتر و منە خۆفرۆشەکانەوە، شێواز، تەکنیک، زمان و کەسێتی ئاژەڵ بە بەرگی گێڕانەوە دەبەخشێت، هەڵبژاردنی ناونیشانی گەماڵیش تەواوکاری مەبەستە ڕوونکراوەکەیە، کە پۆشینە لە دەرخستندا. ڕۆماننووس لە هەستکردن بە نەبوونی ئازادیدا بەرگێکی ڕەمزی و ئاژەڵئاسای بۆ ناونیشانی ڕۆمانەکەی چنیوە. ئەو بەرگە دەرخەری مەبەست و خواست و گوتاری دەقەکەیە، ئەویش ویستی ئازادییە، لەبەرئەوە لە نا-ئازادیدا ئازادی بەرهەمهێنانی دەق، بەدەستهێنراوە. ڕۆمانەکە لە ٢٨ بەشی ژمارەیی پێکهاتووە، گێڕانەوەکەی شێوازێکی پێکهاتە و ئاوێتەی دەرەکی هەیە، کە لەلایەن گێڕەرەوەی دەرەکی هەمانشتزان و کەسێتی ورچە دەگێڕرێتەوە، میران محەمەد لەم بارەیەوە دەنووسێت: "ئەم ڕۆمانە...پرۆسەی گێڕانەوە تیایدا پشتبەستە بەشێوازی ئاوێتە و بەهەماهەنگی نێوان گێڕەرەوەی دەرەکی هەمانشتزان و کەسێتی سەرەکی"[محەمەد، ٢٠١٤: ٨١]

ڕۆمانەکە باسی ڕاپەڕین و خەباتی منی کورد لێرە و هەڵهاتن بۆ ئەورووپا دەکات، لە کۆتاییشدا جەخت لەسەر "بەرد لە جێی خۆی سەنگینە" دەکاتەوە، کە سەربەستی و خۆشی ڕواڵەتی ئەوی منی گەماڵی بە وەفا بۆ نیشتمان فریو نادات، بەڵکو پێویستە خەبات بۆ ئازادی و سەربەستیی کوردستان بکەین، چونکە خۆشی من لەوێ ناکامڵە، ئەگەر نیشتمان ئازاد نەبێت، خەباتیش لە نیشتمان نەک دەرەوە دەکرێت، کەواتە گەڕانەوە بۆ نیشتمان پێویستە.1 ڕۆماننووس شاڵانی بەناو شۆڕشگێڕ و گورگەی بێگانە وەک دوانەی من و ئەویتر نیشاندەدات، کە دەکرێ من لەبەرگی ئەویتر بێت و ئەویتریش وەک شۆڕشگێڕێکی ڕێگەی هەق منێتی بنوێنێت، چونکە ئەویتر منی شۆڕشگێڕ وەک نەخۆش و میکرۆب دەبینێت، پێیوایە نەخۆشی بڵاودەکەمەوە.[جاف، ٢٠١١: ٧٢]

لە ڕۆمانەکەدا دوانەی ئاژەڵ و بەشەر(مرۆڤ) و ڕوانینیان بۆ یەکتر بوونەتە داینەمۆی ڕووداوەکان و گوتاری ڕۆمانەکە. منی کورد وەک گەماڵ نیشاندەدات، بەهۆی گۆڕانی دەسەڵاتی ئەویترەوە، کە سەرەتا لای خاوەنی یەکەمی گەماڵە و دواتر لای خاوەنە نوێکەی دەبێتە ورچ، لەبەرامبەر منی ئاژەڵ، ئەویتری بەشەر هەیە، کە بەهۆی جیاواز، زوڵم و ستەم لە من دەکات. هەروەها ڕۆماننووس جگەلە گێڕانەوەی ژیانی منی ئاژەڵ، ژیان و تێگەیشتنی ئەویتری خاوەن

---

[1] ـ ئەم دید و گوتارە لەگەڵ دیدی بەشێک لە ڕۆمانەکانی بەختیار عەلی ناکۆکە، ئەو پێیوایە نیشتمان دۆزەخ و نامرۆڤانەیە، لە ڕۆمانی جەمشیدخانی مامم، نیشتمان لە مرۆڤبوونمان دەخات، بۆ ئەوەی وەک مرۆڤ بژین، دەبێت لە نیشتمان هەڵبێین، لە هەندێک ڕۆمانی تریشیدا بەردەوام جەخت لە نەفرەتی نیشتمان و پێویستی دەرچوون و بینینی دنیا دەکاتەوە.[عوسمان، ٢٠٢١: ١٤٥] هەر لەم نامەیەدا ڕەخنەی نیشتمانم لە ڕۆمانی تری ڕۆماننووس باسکردووە.

ئاژەڵ(بەشەر) دەگێڕێتەوە. لە زمانی گەماڵەوە، ئاوا لەبارەی بەشەرەوە دەدوێت: "سەد هەزارجار شوکر وا سەگم..بەشەر بامایە چم بکردایە؟

زۆربەی زۆری ئەم ڕەگەزە هەر چۆنێ پێی خۆشە بای دەدا و ڕای دەدا و مۆری ڕەواشی پیا دەنێ و بڕیار و یاساشی بۆ دەردەهێنێ!!".[١٣] منی گەماڵ خۆزگە بە بەشەربوون ناخوازێت، چونکە ئەویتری بەشەر ئەوەی پێی خۆش بێت دەیکات و یاساشی بۆ دەردەکات، بە واتایەکی تر ئەویتر بێعەقڵانە و ئارەزووپەرست و غەریزییانە هەرچی بوێت و پێخۆشبێت دەیکات، بەڵام یاسا کە عەقڵییە، وەک پاساو بۆ دیوە ناعەقڵییەکەی دادەمەزرێنێت، کەواتە ئەویتر فێڵبازە، منیش نایەوێت فێڵ بکات، لەبەرئەوە لە چەند شوێنی ڕۆمانەکەدا منی ئاژەڵ و ورچە هاندەدا فێری ئەم (فێڵە=سیاسەت) ببێت، دەنا هەر دەچەوسێنرێتەوە و ژێردەستەی ئەویتر دەمێنێت، بەڵام ورچە کەلەڕەق، ناتێگەیشتوو، بێ منەت و دنیانەدیتووە و لە زمان و تێگەیشتنی سەردەم ناگات، هانی دەدەن بڕێک سیاسییانە هەڵسوکەوت بکات، فێری سیاسەت بێت، "ئێمەی سەگ دەبێ هوردە هوردە بکەوینە ناو فرو فێری سیاسەتبازانەوە".[٣٥] بەڵام هەندێک لە ئاژەڵان بەتایبەت قوتەی شۆڕشگێڕ، پێیوایە ئەویتر گفتوگۆ نازانێ و منیش بە گەمژە و گەوج دەبینێت، "ئەم خەڵکە تاکەی ژیر نابنەوە بەخۆڕا ئێمە بە بێمێشک و گەوج دادەنێن. لەناو بەشەرو تەواوی گیانلەبەراندا گەوج و گێلی وا هەیە ئێمە لەچاویاندا موفتیین."[٦٦] گوتاری ڕۆماننووس، گوتاری منە بەرامبەر ئەویتر، کە خودپەسەند و خودڕەخنەییشە، دانپێدانانی نەزانی تێدایە، "ئێمە لەچاویاندا موفتین"، بەڵام خۆبەکەمبین نییە، هاوکات ویستی پراگماتیکی من بۆ هەڵسوکەوتی ئەویتر کە فێڵێ سیاسەتبازییە دەرخراوە.

ئەویتری دەوڵەت و ڕژێم، ڕەگەزی کورد(من=سەگ) بە زیادە دەزانێت و دەیەوێت بیسڕێتەوە(ئەنفال)، هەرچەند وا خۆی دەردەخات، کە تەنیا دژی شۆڕشگێڕ و یاخیبوو، بێ خاوەنەکانە، بەڵام لە بنەڕەتدا دژی هەموو منێکە، بە میکرۆبیان دەزانێت، کە دەبێت لەناوبچن.

- شارەوانی دەڵێت بڕیاری کوشتن هەر بۆ سەگە بێ خاوەنەکانە.

- من و تۆ خاوەندارین.. ئەگەر بازەی بێ خاوەن خۆی نەکردایەتە قوربانی نەدەکوژراین؟

- با..!!

- کەواتە شەڕی سەرو ماڵییە. کوشتنەکە تێکڕاییە. شارەوان لەسەر بەرنامەو بڕیار و پرۆژەیەکی نەژادی دەجووڵێتەوە."[٤٢] ئەویتر بە بەرنامە کار بۆ تێکدانی پەیوەندیی نێوان منی نێوشار و دەرەوەی شار دەکات. بەپارەو برسیکردن من بۆ جاسوسی و ناپاکیی دەکڕێت و دەیخاتە ناو منی شۆڕشگێڕ. شەڕ و خۆخۆری لەنێو ئاژەڵاندا زیاد دەکات و ڕێگری لەکاری شۆڕشگێڕانە

دەکات. "شارەوانی وای بڵاوکردبووەوە تەواوی سەگەکانی نێو شار هەر هەموو نەخۆشن و نەخۆشییەکەشیان واگیرەو ئەوەشیان تا ئەو حەلە تووش نەهاتووبێت سبەی تووش دەبێت. جا خاس و خراو پاک و پیسی لێ نەکردن، بەژەهر، بەنان و دەرزی، بە تەقە تفەنگ..تاک تاک و پۆل پۆل بەرەو مردن ڕەوانەی دەکردن. تەنیا گرفت و تەگەرەیەک کەوتبووە بەرنامە و پرۆژەکەیانەوە ئەو سەگانە بوو لە ماڵە گەورەو باوەڕپێکراوەکانی شارەوانیدا دەژیان و دەپارێزران.[...]سەگ سەگە و هەموو بۆ کوشتن باشن. ئەمڕۆ بێ و سبەی ڕەچەڵکیان وەدەردێنن، بەڵام لەبەر زویربوونی چاوساقەکانیان نەختەکێک دەستیان لە سەگە خۆماڵییەکان دەپاراست. شاڵان دوای بەدەستدانەوەی گورزەو چەند سەگێکی تری ناو شار بوو بەجێگەی متمانەو باوەڕی شارەوانی".[٧٨] هەر بەهۆی بەرنامەی ئەویترەوە منی ناپاک(شاڵان) بەدەست منی شۆڕشگێڕ بە ناوی تۆڵەی ناپاکییەوە، دەکوژرێت. لەبەرئەوە ورچە پێیوایە، لەناوبردنمان هەڵە و خەتای خۆشمانی تێدایە، هەرچەندە چەند ڕێگە و توانا لە هەوڵی ئاوا پەروەردەکردنماندان، بەڵام بێ تاوان نین، چونکە "لەم ڕۆژەدا(نەزانین) تاوان و گوناحێکی گەورەیە".[١٦١]

ڕۆماننووس سەبارەت بە وێنەی من لەچاوی ئەوروپی و وێنەی ئەوان لە چاوی منەوە، لەڕێگەی چیرۆکی ناردنی ورچە بەدیاری بۆ ئەوروپا، هەندێک لە وێنەکانمان بۆ دەکێشێت. ئەوروپییەکان، کە چیرۆکی ورچە دەبیستن، پێیانوایە ڕەگەزێکی گرنگە بۆ پاراستن و هەڵگرتن و توێژینەوە، چونکە دەشێت پاش ماوەیەک ئەم ڕەگەزە لە بەین بچێت. کاک ڕەسوڵ بە ورچە دەڵێت، تۆ ئاشنای زوڵم و زۆری ئەمەش تەحەمول بکە، قەفەس هەر قەفەسە، گەورە یان بچووک جیاوازی نییە، لە ناساندن و ناسنامەی ورچەش بۆ ئەوروپییەکان دەنووسێت: "شەڕ و پاسکردن"،[٩٧-١٠٥] پیشە و شوناسی منی کورد بۆ ئەوروپییەکان شەڕکەر و پاسەوانییە، کە ئەمە وێنەیەکی ئەویترە بۆ من و بە ئەویتری ئەوروپیم دەناسێنێت. لێرەدا منی کورد پێویستە ڕووبەڕووی ئەویتری خۆرهەڵاتی و خۆرئاوایی ببێتەوە، ئەویتری عەرەب لای ئەویتری خۆرئاوا گوێلێگیراوترە، لەبەرئەوە ڕۆڵی لە سازکردنی وێنەی من بۆ ئەویتری ئەوروپی هەیە، بەڵام ئەوروپییەکان گشتگیرانە نەک بەشەکییانە دەڕوانن، لەبری کورد یان عەرەب، دەڵێن، ڕۆژهەڵات، بۆیە پێیانوایە ئێمەی ڕۆژهەڵاتی و ئاسیایی هێشتا نەهاتووینەتە ناو دنیای مۆدێرن، هەر لەناو ئەفسانە و خورافەتدا دەژین، ئێمەی ڕۆژهەڵاتیش ئەوی ئەوروپی وەک ئازادیخواز و دنیاکەشیان وەک بەهەشت دەبینین، "بەهەشتێکە بۆ خۆی نەزۆر و زوڵمی بەشەری تێدایە نەجەورو چەوساندنەوەی، ئازادی بێ حەدو سنوور، خواردن فراوان"[١٢٣]، ئەم ئازادییە، لای هەندێک لە ڕۆژهەڵاتییەکان وەک بەرەڵاییە، هاوکات کۆیلایەتیش لەناو خوێنیاندایە،


ئەوانەی ئازادیی و بەرەڵایی تێکەڵ دەکەن، کەسانێکن ترس لە ئازادی بەرەو کۆیلەیی بردون، ئەوەی تەواو ئازادانە بیر لە ئازادی نەکاتەوە، کۆیلەیی دەبێت بە چارەنووس، چونکە "ئازادی بریتییە لە پرۆسەیەکی ڕەخنەگرانەی بەردەوام لەسەر خود، مرۆڤ بەهۆیەوە لەو دۆخەی تێیدایە نامێنێتەوە و دەگۆڕدرێت، بەهەوڵ و کۆشش، یان بە مومارەسە و ئەزموون، یاخود بە پێشبڕکێ و تێپەڕاندن، یان گۆڕین و وەرچەرخان، کە وادەکات ویستیی ئازادی پرۆژەیەک بێت بەردەوام لە هاتنەدیدا بێت، بەقەدەر ئەوەی کە گۆڕانێکی بەردەوامە لەبنیادنان و بنیادنانەوەدا"[حرب، ٢٠٠٥: ٢٦٠]، کەواتە ترس لە ئازادی لەخودی خۆیدا ترسە لە گۆڕانکاریی و بەرەوپێشچوون، کە خۆرهەڵاتییەکان بەتایبەت بانگەشەی بۆ دەکەن و ناتوانن لەو ئازادیە بە یاسا کۆنترۆڵکراوە بژین، دەیانەوێت بۆ دنیای کۆیلایەتیی خۆیان بگەڕێنەوە. منی کورد ڕەخنەی هەردوو دەسەڵاتی عەرەب و ئەوروپییش دەگرێت.

ڕۆماننووس لە زاری گێڕەرەوەوە، پێیوایە ئەوروپییەکان بە ناوی مافی ئاژەڵەوە، ئاژەڵان دەخەسێنن، یاخود بۆ ڕازیکردن و تاڵانکردنی سامان و زەوی دەیبەخشن بە ئەویتر، هەروەها منی کورد لە ئەوروپا گرفتی دوانەی ئازادی و یاسام هەیە، بەهۆی یاساوە ئازادیم پێشێل دەکرێت و بە کەم و نزم سەیرم دەکرێت. "ئەم بەشەرە سەیرن! خاوەنە پێشووەکەشم یەکێک بوو لەو توخمە زۆڵانەی ڕۆژگار. دەستی تەواوی ساختەچییەکانی دنیای لەپشتەوە بەستبوو. بەناو لایەنگیری مافی جانەوەرانە و لێزانی ڕەگەزە جۆراوجۆرەکانی سەگی ڕووی زەوییە و یاریدەی سەگە چەوساوەکانی دوورو نزیکە..جارەوبارە بەزمی بۆ دێڵ و گەماڵەکان پێک دەهێنا و دوای چەند مانگێک قۆزەو نووزەی توولە سەگ لە هەر قوژبنێکەوە دەگەیشتە گوێ".[٤١]

هاوکات ڕوانگەی ئەویتری ڕۆژهەڵاتی(کەرە-کلۆدیوس) بۆ ورچە بەجۆرێکە، کە پێیوایە ئەوروپیزەدەبووە"ورچەی بەڤێرجی بوو"،[١٦٥] لەلایەکی ترەوە ڕۆژهەڵاتییەکان لە ئەوروپا تا ئەندازەیەک لەیەکدی تێدەگەن و خۆیان بەرامبەر رۆژئاوا دەگرن، واتە دوانەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا چالاک دەبێت، بۆیە پەیوەندیی خۆیان لەگەڵ رۆژئاوا بە نامۆیی و ناتێگەیشتوویی دەبینن "ئێمەی شەرقی پەروەردەی بیروڕایەکی جیاوازین. ئەم جۆرە ئازادییانە بە بەرەڵایی و بێ بەند و باری دادەنێین. ئەمن بۆ خۆم ئەوە چەندان ساڵە لەم ANST دام..واپێریش بووم. زۆر کۆشام بازێک لە بیروڕاکانم تووڕدەم و رۆژئاواییانە هەنگاونێم. هەرچی کۆشام نەمتوانی! هەروەها بۆ ئەوانیش ئاسان نییە وەک ئێمە تێ فکرین."[١٧٧]

کۆگوتاری ڕۆمانەکە لە کۆتاییدا سەبارەت بە وێنەی ورچەی بەئەوروپی بوو، کە بەهۆی عەشقو کاتبەسەربردن لە بارەکاندا لە کوردستان بێئاگایە، هەوای ئازادی ئەوێ، داگیرکاریی

کوردستانی لەبیربردووەتەوە و بە بەندینخانە ئازادەکەی ئەوروپا ڕاهاتووە،[١٨٢] بەڵام لەبەرامبەردا قوتە هاوڕێی ورچە، ئەویش و ژیانی من لە ئەوروپا بە ئارەزوو نەک ئامانج تێدەگات و پێیوایە دەبێت لەو ئازادییە ڕزگاربن و لە خاڵی سفرەوە دەستپێبکەنەوە. ئازادی ئەویش، خاڵییە لە ئازادی ڕاستەقینەی خۆماڵی، دەبێت تێبکۆشن بۆ ئازادیی خۆماڵی کوردستانی، "گەیشتمە باوەڕێک دەبێت خۆم لەئاوا ئازادییەک ڕزگار بکەم"[١٨٦] بڕیاری گەڕانەوە بۆ کوردستان دەدەن، چونکە منداڵە کوردە ئەوروپییەکان لە زمان و واژەو مەبەستی کورد ناگەن و نامۆ دەبن بە کوردبوون"لەدایکبووەکان-نەوزادەکان-زمان و واژەی ڕاستەقیەی بناری لای خۆمان تێ ناگەن..تێشی بگەن گوێگرێی ئاڕاستە و باش نابن..جا وا من و چەند برادەرێک بڕیارمانداوە دیسانەوە لەژمارەیەکی بێ ژمارەوە لە (خاڵ)ەوە دەست پێ بکەینەوە.. نەک لە کۆڵان و کۆگاو مەیخانە و شەقام و کۆڵانەکانی ANST دا، بگرە لە بنارو بەندەنی زاگرۆزەوە. لەوێڕا دیسانەوە لەخاڵی ڕاستەقینەی ژیانەوە دەست پێ دەکەینەوە..خاڵی ژیان بۆ مەرگ و مەرگ بۆ ژیان".[١٨٨]




منی کورد لە کوردستانی داگیرکراو لەترسی چەک و هێزی ئەویتری بەعس دەچێت، یان دەردەپەڕێنرێتەوە ڕۆژئاوا، بەڵام تا لە ماڵم، خەباتی کوردایەتی و ئازادی دەکەم، کاتێک دەچمە ئەوێی ڕۆژئاوا مەترسی و نامۆیی و داگیرکارییەکی نەرم کارایە و کێشە بۆ کوردبوونم دروستدەکات. لەبەرئەوە کورد لەنێوان کوردایەتی و مەترسیی لەخۆدەرچوون و ونبوون [کوردبوون] دەژی. ململانێی من لەگەڵ ئەویتری بەعس و ڕۆژئاوایی، کە ئێرەی بەهەشت بەهۆی بەعسەوە دۆزەخ و ئەوێی بەهەشتیی ڕۆژئاوا نەفرەت و بیربەرەوەی کوردبوونە.

### ٣. من لەنێو پاشماوەکانی ئەویتردا

"سەمەد و کەریم لە مردن دەترسن، ئەمێستا من لە ژیان دەترسم" - جەعفەر

ئاوێنە سەرابییەکان [قادر، ٢٠٠٢]، هیوا قادر لە ساڵی ١٩٩٥ لە ئەوروپا بڵاویکردووەتەوە. ڕۆمانەکە بە تەکنیک و زمانێکی نوێ نووسراوە. گێڕەرەوە هەمووشتزانە و هەرجارە لە ماڵ و کۆڵان و

لای کەسێتییەک دەگیرسێتەوە، بەڵام چەندجارێک هێڵەکان پێکەوە دەبەستێتەوە و کەسێتییەکان هەڵیدەوەشێننەوە و ڕەوتی نوێ دروستدەکەن و گێڕەرەوەش هەنگاو بە هەنگاو دوایان دەکەوێت، لەبەرئەوە گێڕەرەوە دەسەڵاتێکی ڕەهای نییە، بەڵکو کەسێتییەکان و ڕووداوەکان گێڕەرەوە دوای خۆیان دەخەن. هاوکات ناونیشانی بەشەکان شیعریی و ڕەمزییە. ڕۆمانەکە چیرۆک و کەلتوور و پەیوەندیی خێزانی و هاوڕێیەتی کوڕانی گەڕەکەکانی شاری سلێمانی و شۆڕشەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە. لەم ڕۆمانەدا زۆرتر وێنەی کاردانەوەی من لەبەرامبەر ستەم و دڕندەییەکانی ئەویتردا کێشراوە، کە خێزان و هاوڕێکان لەیەک دەبن، هەڵدەوەشێنەوە، کۆچ دەکەن، شێت دەبن، خۆدەکوژن، یاخود خوێنی یەکتردەڕێژن. ئەویتر لەم ڕۆمانەدا بە شێوەی جیاواز من دەکوژێت، وادەکات لە ژیان بترسم، دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی خۆم بکوژم؛ مروەتی دایکی جەعفەر و کەمالی باوکی کەریم خۆیان دەکوژن، جەعفەریش لەنێوان شێتیی و بێماناییدا، بڕیاری کۆچ دەدات.[قادر، ٢٠٢] ئەویتر وادەکات دایک و کوڕ نەتوانن سەیری یەکتر بکەن؛ من دەخاتە زیندانەوە و لەبەرچاوم دەستدرێژی دەکاتە سەر دایکم و لەبەرچاوی ئەویش دەستی من دەبڕێت، یاخود باوکی کوڕ کوژراو شێت دەبێت و خۆی دەسوتێنێت[1].

هاوکات ڕۆمانەکە بە وردەکارییەوە وێنەی شاری سلێمانی و شێوەی ژیانی خەڵک و پیشەوەرەکانی گرتووە. دیمەنی شەڕەگەڕەک، شەڕەژن، براکوژی، ئاژەڵکوژی، چێژ و گەمە و گریانی من نیشاندەدات. وێنەی مینای منالّی کوردمان بۆ دەکێشێت و دادەهێنێت، کە لەڕێگەی بوکسازییەوە جیهانی برینی دەوروبەرەکەی دروستدەکاتەوە... ئەمە جگەلە نیشاندانی وێنەی من و ئەویتری کەمینە و نزم، وەک جولەکەی موسوڵمانکراو، قەرەجی منالّدز، سوالّکەر و دەستگێڕەکان(١٢).

کەریم، جەعفەر و سەمەد سێ برادەر و هاوکۆڵانن و دەبنە پێشمەرگە. کاتێک لە شار لافاوە، خەڵک بە عەرەبانە دەپەڕنەوە، چالاکییەک ئەنجامدەدەن، کە کوشتنی دوو دەسەڵاتداری ڕژێمە، بەڵام عەرەبانچییەکەش پێوەدەبێت و دەکوژرێت. لە کێشانی وێنەی ئەویتری دەسەڵاتدار کینە، ترس و تووڕەیی من لێیان نیشاندەدات، هاوکات خوێنیان بە ڕەش و بۆگەن، خوێنی منی کوردی عەرەبانچیش ئاڵ و پیرۆز و بەفەڕ نیشاندراوە. "دانیشتوانی کوچەو کۆڵانەکانی خوار شار لەگەڵ بینینی ڕەنگی خوێنەکانی ناو لافاوەکە دەرگایی حەوشەکانیان کڵۆم دەکرد[...] بەسۆزەوە لەو خوێنە ئاڵە دەدوان و فاتیحایان دەخوێند...بەترسەوە لەودیوو شوشەو نایلۆنی پەنجەرەکانەوەوە تفیان لەو خوێنە ڕەشە دەکردو

---

[1] ـ بەپێی خوێندنەوەم بۆ ڕۆمانە کوردییەکان، پێموایە ئەمە یەکەم ڕۆمانی کوردییە کە ڕەگەزی پیاو/باوک خۆی بسوتێنێت، لەبەرئەوە پیاو و باوک وەک ڕەگەزی نێر، نێرێتی و نامرۆیەتی لێوەشاوەتەوە، دەکرێت جاسوس و خۆفرۆش، شۆڕشگێڕ و مەرد بێت، بەڵام بێچارە و شێت و خۆسوتێن، نوێیە. ئەمە جگە لەو وێنە شاعیرانەیەی ڕۆماننووس بۆ خۆسوتاندنی ئەم کەسێتییەی ساز دەکات، کە چیرۆکێکی تەواو شیعرییە لە ڕۆمانەکەدا.

بەنەخوێن و لاستیکی دەرپێی منداڵەکانیان دەڕەواندەوەو لەتاکی پەنجەرەکانەوە منداڵانیان فێردەکرد بەخوێنە ڕەشەکەی ئاوەکەدا بمیزێنن، خوێنەئاڵەکە جودا لەخوێنە ڕەشەکە بەنێو ئاوەکەدا دەکشاو ڕەنگی نەدەچووەوەو تێکەڵ بە ڕەنگی ڕەشی خوێنەکەی تر نەدەبوو، خەڵکی وایان باسدەکرد کە ئەو خوێنە ئاڵە بەدەمارەکانی جەستەیەکی بێگوناهدا ڕۆشتووە بۆیە تێکەڵ بەو ڕەنگی خوێنە پیسەی ترنابێت و بەڕووی سوورەوە خۆی پیشانی هەموان دەدا، هەربۆیە جوتیارەکانی خوار شار دڵنیابوون لەوەی ئەو خوێنە ئاڵە دەبێتە مایەی پیتوفەڕ بۆ زەویەکانیان و هێندەی ئەوەش پتر خوێنە ڕەشەکە دەبێتە مڵەو خۆرەو گیاکەڵە لەنێو بنچکی ناسکی سەوزی ئەو بەروبومانەی کە بەهارێ سەردەردێنن."[قادر، ٢٩] وەک دەردەکەوێت، من خوێنی خۆی بە پاک و هی ئەویتر بەپیس و بۆگەن و خراپ دەبینێت.1 ئەمەش چەند پەیوەندی بە منی کوردەوە هەیە، هێندەش پەیوەندە بە ئازاری ویژدانی کەسێتیی جەعفەر، کە بووەتە بکوژی مرۆڤێکی بێتاوان، کوشتنی ئەویتر ئاسوودەیی و خۆشییە، بەڵام هی ئەم نادادییە.


حەسەنی سەرتاش، مێردی خاجیان، دوکانەکەی چۆڵە، لەبەرئەوەی بەزۆر وێنەی سەرۆکیان پێهەڵواسیوە، خەڵکیش ڕقی لێیەتی و سەردانی ناکەن، لەکاتێکدا حەسەن جاش نییە، بەڵکو سەدام و دەسەڵاتەکەی بە زاڵم و بەراز دەبینێت، کە دەیەوێت وڵات بشێلێت، دەڵێت:"ئەم چوارچێوە نەفرەتیەی کە سەرۆکی تێدایەو بەچاوە ڕەش و زیتەکانی خۆی و دەنوکی کۆڵی داڵەکەی سەریەوە ڕقی من و مشتەرییەکانم هەڵدەستێنێ، ئەم چوارچێوە خوێڕیە وێنەی چەندەها سەرۆک و پاشای یەکە بەدوای یەک بینیوە کە بەشەوقی میداڵەکانی سەرشان و سنگیانەوە دەنازین، هەموویان تەمەن کورت و کەمخایەن بوون جگە لەم بەرازە گەورەیەی کە دەیەوێت هەموو ئەم وڵاتە بشێلێت و لەناوی بەرێ، ئاخ من دەمێنم یان نا تا گۆڕینی وێنەیەکی تر، نازانم، نا[...] نەفرەتت لێبێت چ باوک و سەرۆکێک بوویت و بەزۆرەملێ و چەقاوەسویی خۆت خستەناو چوارچێوەکانەوە"؟[قادر، ١٠٨] حەسەن دەڵێت، لە دوای تۆ خودای دەکرد شەیتان دەهات، لەتۆ باشترە.

ئەویتری بەعس مروەتی دایکی جەعفەر بۆ زیندان بانگدەکات، بەڵام ئومێدی دیتنەوەی کوڕەکەی لێدەگۆڕن، لەبەرچاوی کوڕەکەی دەستدرێژی دەکەنە سەری، لەبەرچاوی دایکیش دەستی جەرگەکەی

---

[1] ـ ڕۆمانەکە لە دید و زاری جەعفەرەوە کۆتاییدێت، ئەم دیدەش تا ڕادەیەک هەڵدەوەشێتەوە، چونکە جەعفەر پاش ئەوەی لە زیندان دەستی دەبرنەوە و لەبەرچاوی دایکی ئەتک دەکەن، دایکی خۆی دەکوژێت. ئیدی جەعفەر لەنێوان خۆکوژیی و سەفەردا، سەفەر هەڵدەبژێرێت. لەنێوان شێتیی و پرسیارەکانی عەقڵ و واقیعدا ڕێ دەبڕێت و بیردەکاتەوە، خەڵکی چواردەوری وەک مشک دەبینێت، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواش بە دۆزەخ و زێراب دەچوێنێت. ئەمەش پەیوەستە بە دۆخی دۆڕان و لەناوچوونی ژیانی، کە وەک شۆڕشگێڕێک دژی ئەویتر ژیا، بەڵام ئێستا حزبە کوردییەکان دەستیان لەناو دەستی ئەویتردا. جەعفەر دەڵێت:"ڕقم لە هەمووتانە..پێش ئێوە لە خۆم، لەم جەستە بێ قۆڵەی کە لەئێوەیە، لە هەموو ئەم جوانییانەی کە جێی شانازی ئێوەن...من ڕقم لێیانە، ڕقم لە هەمووتانە".[قادر، ٢١٢]

دەبڕن. من کێم و بۆ وام بەرامبەر دەکرێت؟ لە دیدی ئەویتردا من سەگ و چەتەو تێکدەرە، "سەیری دایکت کە چاوەکانت دەنوقێنیت بۆوەی ئەم دیمەنە جوانە نەبینیت...سەیرکە ئەی پیاوی مەرد...حیز...چەتەی شاخ. بڕوانە دایکت لەخۆشیاندا بزە دەیگرێت، سەیرکە. فەرماندە زۆری لەهەناسە تەنگی و دڵگرانیەکەی خۆی دەکرد و قاقاپێدەکەنی...پیاوەکە لەگرۆژمی تەکاندااندا بوو..."[1][قادر، ١٤٢] وێنەکانی من بۆ ئەویتر و وێنەی ئەو بۆ من لە ململانێدان، ئەویتری فەرماندە من بە نەوەی سەگ دەزانێت، "ئێوە سەگ باوک و ئاژداد سزن".[جاف، ١٣٦] لە ڕۆمانی *کەماڵ*یشدا کورد وەک سەگ ڕۆڵی پێدراوە، دیارە سەگ گڵاو و پیس و شەیتانییە، لای ئەویتریش بە تایبەت لە ئەدەبیاتی عەرەبیدا گەڕانەوەی ڕەچەڵەکی کورد بۆ شەیتان پرۆژەیەکی دێرین و باوە.[مەحمود خەلیل، ٢٠٢٢: ١٧٨]




هاوکات چیرۆکی ڕۆمانەکە بە جۆرێک نەوەکانیشە[2]، کە نەوەکان لێکجیاوازنین، کانەبی باوکی جەعفەر پێشمەرگەیە و پاش ڕێککەوتنی جەنگی کەنداو، کۆتایی خەبات و دانانی چەک، ترس و شەرمی لەشار بۆ دروستدەبێت و هەر لە شاخ پاش نسکۆ دەمرێت. کەمال باوکی کەریم، کە ڕاهاتووە نەعلەکانی تاکەتاک لە پێ بکات، دەڵێت، چیبکەم خۆی یاسای ژیان تاکەتاکە. کەمال وەک گیانەوەر دەڕوانێتە ئەویتری دەسەڵاتدار، "من بەدەستی بێ هێزترین گیانەوەر دەمرم، تەمەنا دەکەم تۆ بەدەستی بەهێزترین گیانەوەر بمریت، کورم بۆ دەتەوێت تێنەگەیت کە هیچ کەس ڕێت پێنادات ئەستێرەیەک بگریت".[قادر، ٨٢] یاخود مینای مناڵ سەرەتا دەڵێت، شوو بە پۆلیس دەکەم، دواتر، کە

---

[1] ـ سێکس و دەسەڵات و سزا، یاخود ئەویتر وەک هێزێکی داگیرکەری جەستە و سێکسویست لە ڕۆمانی قۆناغی یەکەم دەبینرێت، بەڵام لە ڕۆمانەکانی ئەم قۆناغە و پاش ٢٠٠٣ەوە زۆر چڕتر و فرەڕەهەندتر دەردەکەوێت.

[2] ـ ئەوەی جێگەی سەرنجە لە ڕۆمانی ڕۆماننووسە لاوەکانی ئەم قۆناغە، کە یەکەم ئەزموونیانە، دەبینین نەوەکان نەفرەت لەیەکتر دەکەن و یەکتر دەکوژن، ئەمەش دەکرێت وەک درێژکراوەی ململانێ و شەڕی ناوخۆ بیخوێنینەوە. بەشێک لەم ڕۆمانانە پەیوەستە بە شێوەی ژیان و کەلتوور و بیرکردنەوەی نەوەکان. لە گوڵی شۆران براکان ڕقیان لە یەکترە و خیانەت دەکەن، لێرە تۆڵە لەیەکتر دەکەنەوە، لە حەسار... کوڕ باوک دەکوژێت، لە ئێوارەی پەروانە شاربەدەر و بەردبارانیان دەکەن. ڕۆمانی *چاوەڕوانی*ش[کاکەی فەلاح، ١٩٩٢]، ئارام کاکەی فەلاح لە سوید بڵاویدەکاتەوە، بەختیاری کەسێتیی سەرەکی تا ئاستی دۆناودۆن لەگەڵ نەوەی پێشوو- باپیریی و ڕق و خۆشەویستی بۆ باوکی دەچێت، بەختیار وەک نەوەی نوێ ژیانی ئێستای بەهۆی چیرۆکەکانی ڕابردوو- نەوەی کۆن- لە دەستدەدات. کەواتە نەوەی نوێ لەڕووی هزر و دنیابینییەوە لای ڕۆماننووسە نوێیەکان قوربانی نەوەی پێشینە و باوانیانن.

جەعفەری برای دەگرن، لە بوکە پۆلیسەکان دەپرسێت براکەم لە کوێیەو وەڵامی نادەنەوە، دەڵێت، شوو بە پۆلیس ناکەم. مناڵ و نەوە جیاوازەکان قوربانی دەستی ئەویترن، لەبەرئەوە لە مناڵییەوە بەهۆی کردەکانی ئەویتر لە ژیانی باوانیان تۆوی ڕق بەرامبەر ئەویتر لایان دەچێنرێت.

هاوکات خاجیانی جولەکەش موسوڵمانان بە ئادەم کوژو ئاژەڵگێ و توندڕەو دەبینێت "خاجیان بەئاشکرا بەبێ ترس و سڵەمینەوە بەدەنگی بەرز جنێوی بەخەڵکی گەڕەک و موسڵمانەکان ئەدا: ئێوە ئادەمی کوژن، ئێوە سەگ باوکن."[قادر، ٣٦] سەگباوکی هەمان تێگەیشتنی ئەویترمان بیردەخاتەوە، بەڵام چوارچێوەی بینینی من لەنێوان خاجیان و فەرماندە عەرەبەکە جیاوازە، هەروەها دەڵێت: "ئێوە کافرن! حیزەن! ئەی باوکە موسا زوو لەدەستی ئەم موسڵمانانەمان قوتارکە! ئەم خەڵکانە بێ شەرم و حەیان، دێن و دەرگای تەویلەکان دەشکێنن و جاشەکەرە بەستەزمانەکان دەگێن، گەنجە دەنگگڕو دەموچاو زیپکاویەکان سواری ماکەرەکان دەبن و خۆیانیان لێدەپەڕێنن، من ئەمە خێرێکەو دەیکەم، بەناوی موسا ئەمساڵ دەگەڕێینەوە(یرۆسلایم)".[قادر، ٣٧-٣٨] خواستی هەڵهاتن لێرەو بەرگەنەگرتنی کوردە موسڵمانەکان، بەشێکە لە وێنەی نەرێنی من لە چاوی منی جیاواز، کە خاجیان نکوڵی لە کوردبوونی ناکات، بەڵام کێشەی لەگەڵ کەلتوور و مرۆڤە دووڕوو و توندڕەوە موسوڵمانەکان هەیە، ئەمەش دەکرێت خوێندنەوەی هەیمەنەی کەلتووری ئەویتری عەرەب لەسەر منی کوردی بۆ بکرێت، کە ئەویتر نەک خاک و سەربەستیم داگیردەکات، بەڵکو کەلتووری سەپێنراویشی لەناو مندا من دابەش‌دەکات و کێشەی ئازادیی و پێکەوەژیانم بۆ دروستدەکات. دەسەڵاتی ئەویتر لەسەر من وێڕای کوشتن، سێکسی بەزۆر و زیندان...نەریتێکی لەناو مندا جێهێشت، کە بووە سەرچاوەی شەڕی براکوژی، کوشتنی جیاوازیی و ڕاهاتن بە تراژیدیا و کارەسات و کاردانەوەی سۆزی نەک هزرین.

### ٤- منی ئەنفالکراو و ئەویتری ئەنفالچی1

#### ا- وێنەی ئەنفال لە دەرەوە

لە ڕۆمانی *هێلانە*[عارف، ٢٠١١] منی ئەنفال‌کراو و کیمیاباران‌کراو، بەنامرۆڤ‌کراو، ماڵو نیشتمان‌ڕووخێنراو، تۆقێنراو، میزپێداکراو و میزبەخۆداکەر، تا شۆڕشگێڕ و پێشمەرگە نیشاندراوە، لەبەرامبەردا ئەویتری ئەنفال‌چی و کیمیاڕژێن، قاتوقڕکەر، هێلانە و ماڵڕووخێن، دڕندەو جانەوەر،

---

[1] ـ ڕۆمانی کوردی لەم قۆناغە و پاش ٢٠٠٣ دەیان ڕۆمانی لەبارەی ئەنفال و کیمیاباران تێدا بەرهەمهاتووە. بۆ نموونە لەم قۆناغەدا، [تاریکستانی لم١٩٩٧، صەلاح عمر]، [مۆسیقای مەرگی ناوەختە١٩٩٧، صلاح جەلال]، [تارمایی هەڵەبجە١٩٩٨، ڕێبوار ڕەشید]، [گۆڕستانی لم٢٠٠١، حەسەن جاف]، [ئەنفال٢٠٠١، محەمەد ڕەشید فەتاح]...هتد.

میزپێداکەر و قورئانبەکارهێنەر نیشاندراوە. هێلانە ئەو ڕۆمانەیە باسی ڕووخان و داگیرکردنی هێلانەی کوردان لەلایەن ئەویترەوە دەکات. هێلانە هێمای هۆگری، خۆشەویستی، سادەیی و پیرۆزیی ماڵە، ڕاستە لەڕووی مانای فەرهەنگییەوە بۆ ماڵ و نەوای باڵندە بەکاردێت، بەڵام ڕۆماننووس بە مەبەست هێلانەی کردووەتە ناونیشان و ٤٤ جاریش وشەکەی بەکارهێناوە.[ساڵح، ٢٠٠٦: ٥٢]

ڕۆماننووس بەهۆی ڕووداوی شاڵاوی ئەنفال بۆ سەر کوردستان ململانێیەکی ئەدەبی مەزراندووە، جوڵەی بەعس بەرامبەرە بە بزوتنەوەی شۆڕشگێڕیی کورد لە شار و شاخ، لە سۆز، بیر و ئەندێشە. هێلانە هەڵگری گوتاری دوانەی بەرامبەرییە، گوتاریی نەتەوەیی کورد و گوتاری پاوانخوازی ئەویتری بەعس، کە گوتاری کورد بەرگریی و هی ئەو داگیرکارییە.[قەرەداغی، ٢٠٠٣: ١٩٢]. دوانەی دەرکەوتن و گوتاری من و ئەویتر زنجیرەیەکی درێژە، لە: منی کارەساتبار، ئەویتری کارەساتهێن، منی ستەملێکراو و ئەویتری ستەمکار، منی ماڵپارێز، ئەویتری ماڵڕووخێن و هێرشبەر، لەبەرئەوە بوونی من بۆ ئەویتر کێشەیە، بەهەمانشێوە بوونی ئەویتریش بۆ من، بەڵام ئەویتر هێز و دەسەڵاتی زیاترە و ماڵەکەمی داگیرکردووە و منیشی لە هێلانەکەمدا زیندانی کردووە.

سوبحان و جافر و حەمۆل سێ هاوڕێن لە گوندی سوبحان. سوبحان کەسێکی ئاسایی و جافر پێشمەرگەیەکی بەزیو، حەمۆلیش وا دەردەکەوێ جاشە، بەڵام لەژێرەوە پێشمەرگەیە. گوندی سوبحان وەک زۆر ناوچەی تری کوردستان ئەنفال دەکرێت و خەڵکەکەی بێ سەروشوێن. جافر و سوبحان بەڕێکەوت لە گوند نابن و ڕزگاریان دەبێت. لەم گرێچنەوە گێڕانەوەی ئەنفال لە دەرەوە نیشاندراوە، زانیاریمان لەسەر ڕووداوەکانی ناوەوەی ئەنفالکراوان نییە، بەڵام گێنگڵ و ئازاری بەجێماوان و دابڕێنراوان لە کەسوکار دەبینین. جافر و سوبحان ڕزگاربووی بەجێماون، لە ئازاری بێکەسیدا شێت و هار دەژین، هەڵدێن، دەڕۆن و پرسیاردەکەن، لە بێکەسیدا ژیان بۆیان مانایەکی نامێنێت، لەبەرئەوە بڕیاردەدەن تۆڵەبکەنەوە و ببن بە پێشمەرگە، کە ئەمەش جۆرێکە لە دۆزینەوەی واتایی ژیان لە بێواتاییدا. ئەنفالی ئەویتر سەرچاوەی بێواتایی ژیان و هاندانی پێشمەرگەبوونی منە، لەبەرئەوە ئەویتر سازکەری پێشمەرگەیە. دەتوانین بڵێین ئەویتر سەرچاوەی بێواتایی ژیان و واتایی ژیانە، لەسەروو ئەمەشەوە واتای ژیان لەناو مەرگدۆستیدا زیندووە.[عەلی، ٢٠١٥: ١٣٤]

لەگەڵ ئەوەشدا ئەم سێ هاوڕێیە، حزب و سیاسەت لەیەکتری جیاکردونەتەوە، بەڵام لەبەرامبەر تاوانی ئەویتردا یەکدەگرنەوە، ئەویتر و کارەسات سەرچاوەی یەکگرتوویی منی کوردە. "ئەویش و جافریش بۆ ئەم، دوو برادەری گیانیبەگیانین. سیاسەت و حزبایەتی لێیانی شێواند".[عارف، ٢٠١١: ٢٢] سوبحان هیچ نییە، بەڵام کە کەسوکار و نیشتمانەکەی، کە گوندی سوبحانە ئەنفال

دەکرێن، لە تۆڵەی ئەوان و لەبڕیاری دەرچوون لەو بێواتاییەی ژیان دەبێتە پێشمەرگە و کەریم کەللەی جاش1 و معاون نوعمانی عەرەب دەگرێت و دەیەوێت بە تەورێک بەهەمان ژمارەی دانیشتوانی گوندەکەیان پارچە پارچەیان بکات، بەڵام دواتر لەبەر خۆی و زیندوێتی ژیان بەرامبەر ئەویتری تۆپیو پەشیمان دەبێتەوە. منی کورد بەرامبەر ئەویتر ڕق، توڕەیی و نەفرەتی، چونکە ئەویتر تەنیا منی شۆڕشگێڕ لەناونابات، بەڵکو منی کورد قڕدەکات، من وەک جانەوەر و دڕندە دەیبینێت، لەبەرئەوە لەناو منیشدا هەیە، کە دەیەوێت دەوری ئەو جانەوەرە ببینێت2، کە ئەویتر وا منی پێدەبینێت. پێشمەرگە لە شاخ و شار تۆڵەیان لێدەکەنەوە.[عارف، ٣٤] لەبەرئەوە ئەویتر چەشنە ترسێکی لە منی کورد هەیە، لەبەرئەوە بەنیازی قڕکردن و نەهێشتنی منی نەتەوە، نەک تەنیا منی شۆڕشگێڕ هێرش دەکات. "هێرشی ئەم جارەیان، بۆنی ڕاماڵینی گشتی لێ دێ. شێوەی تووناکردنی سەراپایی پێوە دیارە. نیازیان تەنیا بنبڕکردنی شۆڕش و فەوتاندنی هێزی پێشمەرگە نییە. بگرە قەلاچۆکردنی کوردیشە وەک گەل و نەتەوە[...] دەزانیت شالاوی ئەم جارەیان بە چی ناوناوە؟

ـ نەء..نەمبیستووە..بەچی؟

ـ ئەنفال.

ـ ئەنفال؟ ئەوە سوورەتێکی قورئانە.

ـ ئا بەڵێ..من یەکسەر هێنامە بەردەست و خوێندمەوە. ئینجا بڕوانە چ ئایەتێکیان لێ دەرکێشاوەو لە ڕاگەیاندنەکەدا کردوویانەتە سەرەڕم.[...]

ئەوان نین کە دەکوژن..خوا دەکوژێ. ئەوان تەنیا فەرمانی خوا بەجێ دێنن.

ـ بێ کەم و زیاد..بەرامبەر بە کێش؟ ئێمەی کافر.[عارف، ٣٦-٧]

ئەویتر بەناوی جێبەجێکردنی فەرمانی خودا، ئەرکی قڕکردنی منی کوردی کافر[وابینین] بەجێدەگەیەنێت، لەبەرئەوە کاتێک من ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، لە سیمایاندا غەزەب دەبینێت، "گرژومۆنە و غەزەبی لێ دەبارێ..بۆچی؟ بەڕقەوە چاوی بڕیوەتە چاوی..ددان جیڕدەکاتەوە..لێوی دەکرۆژێ..بۆچی؟ ئەم بەرگەی ڕوانینە ئاگرینەکەی ناگرێ.[...]ئێستا ئەم ئیتر پەڕێکی دەم ڕەشەبایە...بووەتە مەڕە ئادەمییەکی بەردەستی قەسابە ئادەمییەک.[...]ئەوان هەر قاقا لێ دەدەن و

---

[1] ـ لە زۆرێک لە ڕۆمانەکانی ئەم قۆناغە و قۆناغی پێشووش، دەبینین شۆڕشگێڕان یەکەم تۆڵە و سزا بیری بکەنەوە، لە جاشەکانە، ئەمەش خوێندنەوەی تایبەت هەڵدەگرێت، چونکە جاش هەر منە و بووە بە چاوی ئەویتر و ڕێنیشاندەرە بۆ کوشتن و ئەنفالی نەتەوەکەی خۆی.

[2] ـ شۆڕش و تیرۆر دوانەیەکی دژنین، بەڵکو لێکنزیک و دەستەخوشکن، لەبەشی دووەمدا بۆچوونی کامۆم لەم بارەیەوە خستەڕوو، لەم ڕۆمانەشدا ئەم ویستە لای هەندێک لە پێشمەرگەکان بە ڕۆشنی دەردەکەوێت.

ئەم هەر دەگەوزێ".[عارف، ٤٥-٤٦] ئەویتر وا لە من دەکات ئاوات بە مەرگ بخوازم، مانەوە بە خەجاڵەتی و ئازار، "کار بۆ عەزابی من..بۆ بەردەوام کوشتن و مراندن و مراندنەوەم، نەکوژراوم و نەمردووم"[عارف، ٥٦] ئەویتری دوژمن ویستی ڕیشەهەڵکێشانی منی هەیە،"دوژمنەکەم هەوڵدەدا لەڕەگوڕیشەوە هەڵم کەنێ..واروێوخم دەربێنێ..قەڵاچۆم بکا و گەردم بە با بدا..نەمێنم..لە بنەڕەتەوە نەمێنم".[عارف، ١٤١] بێ هێلانە و بێ ڕیشەکردنی کورد، واتە بە هیچکردن، لەم پانتاییەوە مرۆڤی کورد لە ئاستی تاکی قوربانی، حزب و بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی بەرامبەر ئەو دەسەڵاتە دەوەستێتەوە، ڕۆماننووسیش لە بیرکردنەوەی بەرامبەرییەوە هێلانەی وەک کاردانەوەیەک نووسیوە، چونکە سوبحان، کە دەنگی مرۆڤی کوردە هێلانەپەرستە. کامەرانی وەک سەرکردەیەکی شۆڕشگێڕ دەڵێت، نابێت ڕێگە بدەین ئەویتر هێلانە گەورەکەمان بڕوخێنن"لای من هێلانەی هەرە گەورە پیرۆزەکە نیشتمانە...هێلانەی گەورە بپارێزرێ و بمێنێ. هێلانە گچکەکان با وێرانیش بکرێن، تێیدا بنیات دەنرێنەوە".[١٧٥-١٧٦] لە ئاستی کردەدا منی کورد بەرامبەر ئەویتر لاوازە، بەڵام لە گوتاردا ویستی بەهێزی هەیە، ئەم ویستەش هان دەدرێت، تا بۆ کردار بەرزبێتەوە، بەڵام لایەنێکی زۆری کاردانەوە و سۆزە کاردەکات، بەشێکی هزرییە، کە پارێزگاری لە ماڵە گەورەکەی کورد و بوونەکەی دەکات، هەروەها تۆڵەسێنێکی تیرۆریست و لێبوردەیەکی ساویلکە نییە، ئەمەش لە بڕیاری سوبحاندا خۆی دەبینێتەوە، کە سەرەتا وەک تیرۆریست بیر لە تۆڵە دەکاتەوە، چونکە ئەویتر وەک دەعبا دەبینێت، ئەمەش دیوە کاردانەوەییەکەیە، "هەی دەعبای لەهیچ دەعبایەک نەچوو.. هەرچیت کرد بەهێلانەکان کردت و چش. بەڵام گیاندارانی ناوی بۆچی دەفڕێنیت و حەشاریان دەدەیت؟"[١٧٨]، بەڵام لە کۆتاییدا دید و هەڵوێستی دەگۆڕێت.

پەیوەندی من و ئەویتر لەم ڕۆمانەدا، لە گشتدا شەڕکردنە لەگەڵ وێنەکانی یەکتر، ئەم کاردانەوەیە سەرچاوەی دەرخستن و شاردنەوەی من و ئەویترە، چونکە هەستی من بەرامبەر ئەنفال و بێکەس کردنم، سۆزبزوێنە، ئەمەش بوار بە منی مرۆڤی لە مرۆڤخراو دەدات، کە ڕەوایی بە دیوە نامرۆییەکەم بدەم، چونکە ئەویتر من وەک مرۆڤ نابینێت، کاتێک سوبحان دیوە مرۆییەکەی کاردەکات، جافر و پێشمەرگەکانی تر ناڕازین، لەبەرئەوە جافر بە سوبحان دەڵێت: "لەبیابانێکی کاکی بەکاکییەوە[1]، دێن و پەلامارت دەدەن، هێلانەی شێوێنراوت، شێوێنراوتر و گوندی خاپوورکراوت،

[1] ـ لە بەشی چوارەمدا، ئاوڕمان لە هەندێک ڕۆمان لەبارەی ئەنفال داوەتەوە، پێموایە ڕۆمانەکانی ئەو قۆناغە گوتارێکی هزرییان لەبارە کورد و عەرەب و پرسی ئەنفال داوەتەوە، یەکێک لەو ڕۆمانانە *لەودیو شەپۆلی ڕەشەباکانەوە*، کە پرسی ئەنفالی کوردی لە نەریتی بیابانشینی عەرەب خستووەتەڕوو.

خاپوورتر و وڵاتی داگیرکراوت، داگیرکراوتر دەکەن...ئەو ئەرکەی بە ڕەزامەندی خۆت هاتوویت بەجێی بێنیت، گوناحەی تێناکەوێ. تێی بکەوێ مەیسەر نابێ. ئێرە جێگەی بەزەیی و دڵنەرمی و چاوخەفاندن نییە. ئێرە دڵی بەردین و پووزو بازووی بەردینی پێ دەوێ. تۆ لەو ساتەوە دەبێ ببیتە تاشە بەردێک."[عارف، ٢٢٧] دڕندەیی ئەو شەرعیەتی دڕندەیی منە، ئەم گوتارە چالاکە، بەڵام سوبحان کەسێتی سەرەکی دژی دەوەستێت. لە ڕۆمانی *خۆری تاریش*، کە ڕۆمانێکی شۆڕشگێڕییە، گیران و سزای دڕندەئامێزی ئەویتر بۆ من بەشانازیی دەبینێت و سوپاسی کەلەپچە و چەقۆو گازو سۆندە و بتڵەکانیان دەکات، چونکە لەسەردەمی تاواندا و دڕندەیی دڕەندەکاندا دەژین، وێڕای بەعسی دڕندە، نەتەوەیە یەکگرتووەکانیش، کە ئەویترێکی بەناو پارێزەرە یاریدەدەری دڕندەکانە، لەبەرئەوە سەردەمی بەتاڵی وشەکانی مرۆڤبوون و مرۆڤایەتییە.[حەسەن، ١٩٩٩: ٤٢-٤٤].

ئەویتر جیاوازیکوژ و دیکتاتۆرە، لەبەرئەوەی من وەکخۆی نییە قڕم دەکات، ئەویتر پێیوایە مێشکی منی چیایی پیسایی تێدایە، لەبەرامبەردا دیدی منیش بۆ ئەویتر ئەوەیە، کە مێشکی گووی تێدایە. گرفتی سەرەکی هەڵوێستی من بەرامبەر ئەویتر، جا چ ئەویتری ئایینی، کۆمەڵایەتی، نەتەوەیی، یان جیاوازی ڕەنگی پێست و ئایدیۆلۆژی بێت، لە تێنەگەیشتن لە بابەتی شوناسدایە. من وادەزانێت ئازادی و سەروەریەکەی لە نەبوونی (ئەو)دایە، (ئەو)یش وادەزانێت بوونی لە سڕینەوەی (من)دایە، بێئاگا لەوەی، کە ئەوەی واتای بە من بەخشیوە ئەوە، ئەوەش، کە واتای بە ئەو بەخشیوە (من)م، وەک عەلی حەرب دەڵێت: "نە هیچ ئازادییەک بەبێ دەسەڵات بوونی هەیە، نەهیچ دادپەروەرییەکیش بەبێ جیاوازبوون، نەهیچ شوناسێکیش بەبێ جیاوازیی."[حرب، ٢٠١٤: ٤٢] کورد و ئەویتری بەعس هیچیان ئازادنین، لەبەرئەوە ئەو دەنگ و گوتارەی لەنێوانیاندایە گفتوگۆئامێز و تێگەیشتنخوازانە نییە، بەڵکو کارادانەوە و تاکڕەویی و سۆزییە. جەنگ و شۆڕشە، ئەو بۆ سڕینەوەت، تۆش وەک کاردانەوەی تۆڵە و سۆزبزوێن، نەک دەرخەری ڕاستیی، لەبەرئەوەی من و ئەویتر ئازاد نین، کەواتە ڕاستیی لەنێوانتاندا دەبێتە[بووەتە] قوربانی.[عومەر، ٢٠١٩: ١٣٤]

**ب ـ وێنەی ئەنفال لەناوەوە1**

بەهاری ڕەش[ئیسماعیل ٢٠٠٣] گێڕانەوەی پڕۆسەی ئەنفالە لەناوەوە. گێڕەرەوەی هەمووشتزان بەهاوبەشیی و بە زمانی تۆی ناو پڕۆسەکە ئەنفال دەگێڕێتەوە. لەبەرئەوە جیاواز لە

[1] ـ ڕۆمانی ئەنفال[فەتتاح، ٢٠٠١] دیوی ناوەوەی ئەنفال و زیندانمان بۆ دەگێڕێتەوە، بەهۆی یادەوەری و شەپۆلی هۆشەوە بیرەوەری دەرەوەی زیندان باسدەکات. [عوسمان، ٢٠٢٣: ٢٨٩].

ڕۆمانی *هێلانە* ئەم لە دەرەوە نادوێت، بەڵام پێویستی و نیگەرانی بۆ هەواڵی دەرەوە هەیە، کە بۆ ئەمە سوودی لە ئەندێشە وەرگرتووە، هێلانە ئازاری نەزانی، چاوەڕوانی و بێ هەواڵی بەرنەکەوتووی ئەنفالی ناوچەی شارباژێرمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە بەرنەکەوتوانی بۆ هەواڵێکی ئەنفال گیانی خۆیان دەخەنە مەترسییەوە و دواجاریش پەنا بۆ ئەندێشە دەبات، "غوربەت ئەوەتا دەتبینم..بەم چاوانەم دەتبینم و منیش ئەوەتا لێرەوە، جگەرم پارەپارە دەکرێ".[عارف، ٢٠١١: ٢٠٩] بەڵام بەهاری ڕەش ئازاری زانین، بینین و ترس لە گوتنی ناو زیندانی ئەنفالی گەرمیانییەکانمان نیشاندەدات. بۆ نموونە سابیر و گەرمیانی ١٠- ١٢ ساڵ لە زیندانن، سابیر چۆنێتیی گیرانی خۆی بۆ دەگێڕێتەوە و دەترسێت قسەکانی بگاتەوە بە کەسەکەی تەنیشتی، "لەسەر کۆڵانەکە منداڵێک لەسەر دەم کەوتبوو دەگریا...لەولاوە، لەکۆڵانەکەوە پێنج شەش لاوێک بەپرتاو دەرچوون، منداڵەکە کەوتە ژێر پێیانەوە...تا گەیشتمە لای لە گریان کەوتبوو، گەیشتمە سەری...خۆ... ئەوە...شوانەی حەمە غەریبە...کوڕی ئەو پیاوەیە کە بەتەکمەوە پاڵ کەوتووە، گەرمیان گیان پێی نەڵێی!".[ئیسماعیل، ٢٠٠٢: ١٦]

لەم ڕۆمانەدا من لەناو ڕووداوەکە ترساو و شڵەژاوە، بەردەوام پرسیاری بۆچی و لەبەرچی دەکات، هەرچەند ئەزموونی لەگەڵ دڵڕەقییەکانی ئەویتر هەیە، بەڵام هی ئەمجارە بە جیاواز دەبینێت و تەواو لێی تێناگات. ئەمجارە ئەویتر دەیەوێت من بسڕێتەوە و لەڕیشەوە هەڵم کەنێت، لەبەرئەوە ماڵ و دێهاتەکان دەسوتێنێت، وەک ئەوەی کەس نەتوانێت بۆی بگەڕێتەوە. بەڵام بۆ؟ لەبەرئەوەی ئەویتر لە منی جنۆکە دەترسێت، ئەم دیدە بە جیاوازییەوە لە هێلانەش هەبوو، "لێمان دەترسن، وا دەزانن ئێمە گەورەو بچوکمان شیر لەهەسان دەسووین و یەکەیەکە سەریان دەبڕین بۆیە ئێژن بەرلەوەی ئەم بەچکە جنۆکانە سەرمان ببڕن، ئێمە خۆمان دەزانین چییان لێ دەکەین(تۆ)یان دەبڕینەوە"[٢٨] ئەو وێنایەی ئەویتر بۆ من هەیەتی ڕۆماننووس بۆ وەڵامدانەوەی بۆ وامان لێدەکەن، بەکاریدەهێنێتەوە.

بەهاری ڕەش لە ڕێگەی سابیری حاجی جومعە، کە کەسێتیی سەرەکیی و هاوبەشی گێڕەرەوەی هەمووشتزانە، وێرای گێڕانەوەی ئەنفال ئاماژە بە زۆر لایەنی مێژوو، هونەر، کەلتوور و جوگرافیای گەرمیان و گەرمیانییەکان دەکات، باسی ڕاهاتنی منی گەرمیانی بۆ تراژیدیا دەکات، کە ئەویتر هێندە بێبەزەیی و دڵڕەق و خودانەناسە پیشەیەتی ئەزیەتی من بدات، لەبەرئەوە ئەنفال چاوەڕوانکراو و نەکراو بوو. نەکراوییەکەی پەیوەستە بە بێسنووری دڵڕەقی ئەویتر، کە من تا ئەو ڕادەیە وێنای ناکات، "پێشبینی کارەساتێکی وات کردبوو، وا هاتە دی بەڵام خەیاڵت بۆ شتێکی ئاوا نەچووبوو".[١٢] هاوکات ئەویتر ئامێرێکە و مێژووییەکە کار لەسەر ئەمە دەکات، "ئەمانە بورغی مەکینەیەکی گەورەن، ئەوە بۆ سی ساڵ دەچێ فێریان دەکەن چۆنمان لەناوبردن...ڕاستییەکەی دوو

هەزار ساڵە ئێمە مەترسی کارێکی وامان بەسەرەوەیە[٤٠]. لەبەرئەوە من وا ئەویتر دەبینێت، کە ئەویتر من بە زیادە بزانێت، بۆیە دەیەوێت بمسڕێتەوە، ئەمەش بەرچاوتەنگی و توندڕەوییە، چونکە ئەم دنیایە فراوانە و من جێی ئەوم نەگرتووە.[٣١]

هاوکات بەهۆی تێگەیشتن لە دڕندەیی مرۆڤ، من دەیەوێت لە ئەویتری جێبەجێکاری ئەنفال تێبگات، پێشیوایە ئەوان من لە ئاژەڵ کەمتر دەبینن و ویستی بنبڕکردنی منیان هەیە، "سەد کەسێک بە کۆمەڵ کوژراون، بەڵام ئەمە بنبڕکردنە، لەریشە دەرهێنانە، هەندێ ئاژەڵ کە خەریکە بنبڕ دەبن، دەپارێزرێن، ناهێڵن کەس ڕاویان بکات، تۆ بڵێی کەسێ هەبێ قسەیەکی خێرمان بۆ بکات؟ باشە ئێمە چ زیانێکمان بە دەوروبەرەکانمان دەگەیەنین؟ من بشمکوژن ناتوانم منداڵێک...ئینسانێک بکوژم..ئەمە چ ڕقێکە، چ دڵڕەشییەکە...[٣٦] من خۆی وا نیشاندەدات ئەوە نییە، کە ئەویتر وێنای کردووە (دڕندە و جنۆکە)، بەڵکو مرۆڤێکی بە بەزەیی و بێزیانە، ئامادەیە ستەمی لێ بکرێت، بەڵام نەبێت بە ستەمکار، بەڵام ئەویتر دڕندەترە لە دڕندە، ستەمکار و بکوژە، لە مرۆڤایەتی دەرچووە، ڕەنگە هەر لەبەر ئەمەش بێت، کە ناتوانێت من وەک مرۆڤ ببینێت،"وەک سەرکە پیازێک توور هەڵدات، ئاوا یاساوڵەکە منداڵەکە توور دەدات، دایکە ئۆفێکی لەزار دێتە دەر".[٤٨]

هاوکات منی کورد لەم ڕۆمانەدا بۆ سێ جۆر دابەش بووە: ١ـ منی بێلایەنی ئەنفالکراو، کە گوتاری ڕۆمانەکە لەم گۆشەیەوە دەگێڕرێتەوە و باسی تراژیدیاکانی زیندان و مردنی یەکبەیەکی کەسانی چواردەور و ناشتنیان و کردنیان بە خۆراکی سەگە تێر و زیندانییە برسییەکان دەکات. ٢ـ منی ئەویترنوێن(جاش)، کە بەردەوام لەگەڵ ئەویتر ئامادە و بەشدارە، وەک چاوی ئەویتر وایە، هاوکات لە چاوی منی بێلایەنەوە، ئەویترنوێن جێگەی ڕق و بەزەییە، چونکە خۆی لەدەستداوە؛ دەستدرێژکەر و نامەردە. ٣ـ منی حزبە شۆڕشگێڕ و خەباتکارەکانن، کە هەم ڕێگرن لە خۆڕزگارکردنی خەڵک و ناهێڵن بچنە دەرەوە، هاوکات هۆیەکن بۆ وەڵامی بۆچی ئەنفال، چونکە ئەم منە، بە دیدی ئەویتر هێزی بێگانەی هێناوەتە ناو وڵات. لەلایەکی ترەوە ئەم منە خەباتکارە ڕاکردووە و خەڵکەکەی جێهێشتووە، ئەمە وێڕای بێباکی هەندێکیان، کە دەشێت بازرگانی بە خەڵکی خۆیانەوە بکەن. "بۆ بەجێیان هێشتین؟ ئێمە لەم دەشتە کاکی بەکاکییەدا چیمان پێدەکرێت؟...بۆ کوێ بڕۆین و کوێ دەمانشارێتەوە؟ بۆ لێ نەگەڕان زووتر بەخۆمان بکەوین؟ بۆ بەر لەوەخت ڕێگاتان نەداین، ڕوو لە شارێک بکەین و خۆمانی تیا بشارینەوە؟ بۆ دەستی وڵاتێکی دیکەتان گرت و هێناتان ئێستا ئەوەشیان بەبیانوو کردووە، لەڕقی ئەوەدا ئاوامان لێ دەکەن"[١٣]، یاخود دەنووسێت: "ڕەنگە هەر لەسەر مێزی خواردنەوە بکەونە بیریان...یانیش بازرگانی بەم کارەساتەی ئێمەوە دەکەن".[١٠٠] بەپێی چوارگۆشەی واتایی گریماس پەیوەندیی ئەم سێ منە بە ئەویترەوە، لەنێو زنجیرەیەک پەیوەندیی جیاوازدان، منی کوردی قوربانی لە پەیوەندیی بەرامبەرییدایە. منی جاش لەخۆگرە، منی

شۆڕشگێڕیش لەناو پەیوەندییەکی تێهەڵکێش و ئاوێتەدایە، کە ئەویش ناکۆکی لەخۆگرە، دەشکرێت بە دوو جۆر پەیوەندیی بەرامبەر و لەخۆگر داینێین، چونکە منی دووەم، بەرامبەر ئەویتر شوناسی لەدەستداوە، منی شۆڕشگێڕیش شوناس لە ئەویتر وەردەگرێت.




هاوکات ڕۆمانەکە لەتەنیشت ئەم سێ منە، باسی منی ڕزگاربووی ئەنفالیش دەکات، کە دۆخیان لە دەرەوە و شارەکان ترسناکە و ئاوات بە مەرگ دەخوازن. "مردن لەهەندێ مانەوە چاکترە...! بێ لانە و داڵدە لەو ناوانە ماونەتەوە کەس بەخۆیانەوە ناگرن. تاک و تەرا خێرەومەندێک جاروبار لایەکیان لێدەکاتەوە...زۆربەیان دەرۆزە دەکەن ئەو منداڵانە کە گەورە دەبن مرۆیەکی ئاسایی نابن پێش هەموو شتێ ناتوانن کەسیان خۆش بوێ، هەندێ ئافرەتیان پێیان خلیسکاوە کەوتوونەتە نێو..."[١٠٠] ئەم جۆرە منەش بەپێی گریماس دەچێتە چوارچێوەی ناونەنراو یان بێلایەن، کە شوناسێکی سەربەخۆی نییە، هاوکات مەترسیشە بۆ سەر منی دەرەوەی ئەنفال، چونکە ئەویتر بەپاساوی داڵدەدەری منی بێ شوناسەوە منی بەناوپارێزراو لە سێدارە دەدات.

لەلایەکی ترەوە جگە لەو وێنە دڕندەئامێزەی من بۆ ئەویتری دەیکێشێت، وێنەیەکی ئەویتر نیشاندەدات، کە مرۆییە و گورگ نییە بۆ منی ڕانەمەڕ[٢٧]. کاتێک سابیر و مەلا مەحمود لەگەڵ یاساوڵێکدا تەرمی زیندانییەکان دەنێژن، یاساوڵەکە دەگری، ئەمەش دەبێتە جێگەی سەرسامی من، "یاساوڵەکە لە پرمەی گریانی دا...هەموویان سەریان سوڕما..."بۆ نابێ یەکێکیان تۆزقاڵێ بەزەیی لەدڵیا هەبێ؟ ئەوەی؟! ئەوەی لە توخمی مرۆ بێ چۆن بەزەیی نابزوێ". سابیر لەدڵی خۆیا ئاوای دەگوت...پێم ناڵێی بۆ وامان لێ دەکەن؟!"

- منیش زۆر پێم سەیرە...بەڵام دەستم دامێنت نەکەی لەبەرچاوی یاساوڵێکی کە ئەم جۆرە قسانەم لەگەڵدا بکەی...من برایەکم شەش مانگ لەلای ئێوە ئەسیر بوو، کە گەڕایەوە باسی پیاوەتی ئێوەی بۆ گێڕاینەوە...حەیفە واتان بەسەربێ، بەڵام هیچ دەستەڵاتێکم نییە..."[٨١] ئەم ئەویترە جیاوازە، بەراورد بە ئەویتری ئەنفالچی جیاواز من دەبینێت، هۆی جیاوازبینییەکەشی بۆ ئەزموونێکی ناڕاستەوخۆی (براکەی) لەگەڵ من دەگەڕێتەوە، کە پێیوایە کورد هێندە خراپ نییە، تا شایان بە خراپەکارییەکی وابێت، بەڵام بێدەسەڵات و خۆپارێزە، هاوکات سیستمەکەش دیکتاتۆرییە و ئازاد نییە لەوەی بیر و هەستی خۆی ئاشکرا بکات.

وەک دەردەکەوێت وێنەی من لە دیدی ئەویترەوە سەرچاوەکەی وێنا و وێنەیە، وێنەگەلێکی واقیعی، کە لە کردە و هەڵوێستی بزوتنەوە شۆڕشگێڕییەوەکانەوە سەرچاوە دەگرێت، بەشێکیشی مێژوویی و نەریتە، کە ئەمەی دووەم تێهەڵکێشی وێناو وێنەیە، هەردووکیشیان بوونەتە سەرچاوەی ئەنفال و دەرکەوتنی وێنەی شێوە و جۆری جیاوازی من، بەجۆرێک منی جاش=نا –من، نامرۆترین شێوەی منی کوردە، کە بۆ بەرژەوەندی تایبەت نەتەوەکەی قوربانی دەکات. هاوکات گوتاری ڕۆماننووسان لەم کارەساتە لەگەڵ جیاوازییاندا، لە سۆز و کاردانەوەدا هاوبەشن، کە بە دیدی ئێمە بۆ تێگەیشتن لە ئەنفال گوتارێکی تەندروست نییە، چونکە بەشە دەرخەرەکەی ڕاستیی، کە ئەویترە [تەیفووری، ٢٠٢٣: ٣٧] بێدەنگکراوە، لەگەڵ ئەوەشدا، پانتاییەکی باشە بۆ دەرخستنی ڕوانگەی من بۆ ئەویتر و دەرخستنی ئەویتر لە دیدی منەوە.

### ٥- منی تاراوگەنشینی پەرتبوو لەناو سیستمی ئەویتردا

سانتیاگۆ دی کۆمپۆستێلا[1] [پیرپاڵ، ٢٠٠٢] وێنەی منی کورد لە ئەوروپا دەخاتەڕوو، گێڕانەوە و ڕووداوەکانیش لەوێ ڕوودەدەن، بەهۆی یادەوەری و هەواڵەکانەوە گەڕانەوەی بۆ کوردستان تێدایە. هاوکات کەسێتیی ئەوروپیش تێیدا بەشدارن و بیروبۆچوونیان لەبارەی کورد و ڕۆژهەڵاتییەکان دەخەنەڕوو. ناونیشانی ڕۆمانەکە ناوی ناوچەیەکی ئەوروپی(ئیسپانیایە)، کە بۆ یەکەمجارە ناوی شوێنێکی ئەوروپی لە ڕۆمانی کوردی دەنرێت. ڕۆمانەکە بەگشتی وێنەی منی تاراوگەنشین و ئەویتری ئەوروپی خاوەن ماڵ نیشاندەدات، لە وێنەی مندا تەنیا کوردی باشوور نیشان نادات، بەڵکو منی کوردی دابەشکراوی لەوێ کۆبووەوە نیشاندەدات. من لە چاوی ئەویتری ئەوروپی و ئەویتریش لەچاوی منی کوردەوە دەرخراوە. دارا هونەرمەندە و ژیانی خۆی دەگێڕێتەوە، کە لەوێ بەهۆی هونەرەکەیەوە دەژی، ئەم وەک هاوڕێ کوردەکانی کێشەی پارەی نییە و شارەوانی بەخێوی ناکات. منی کورد لەوێ زۆرکات لێرەی کوردستانە، لەبەرئەوە دوولەتبوونی من لەنێوان ئێرە و ئەوێ دەبینین، کە نە لەوێیە و نە لێرەیە، ئەمەش هۆیەکە بۆ هەستی بۆشایی و ڕۆتین و شکستی من لەوێ، کە دوولەتبوونی کەسێتی و شوناسی لێکەوتووەتەوە. پرسی شوناس و جەوهەر

---

[1] - پێمانوایە، پیرپاڵ وەک بەشێک لە ڕۆماننووسە لاوەکان، لەم قۆناغەدا ڕۆڵی کاریگەری لە نوێکردنەوەی ڕۆمانی کوردیدا بینیوە، چ لە ڕووداوسازی و کەسێتیسازی چ لە تەکنیکیشدا. هەروەها زمانی ئەم گەنجانە ئازاددترو بەرینترە لە نەوەی پێشوو، هەرچەند لە نەوەی پێشووشدا دەنگی تێدایە ئەو بەرینییە لە زمان و بیرکردنەوەیدا دەردەکەوێت، موکری دەکرێ یەکێک بێت لەوانە.

و کێشەکانی لە کۆچ و سەفەردا، لە لیکەوتە و کێشەکانیدا زیاتر ڕەنگدەدەنەوە و واقیعییانە بەرجەستە دەبن، لەبەرئەوە هەتا کێشەکانی کۆچ زیاتر بێت، کێشەکانی شوناسیش تۆختر دەبنەوە،[زەڵمی، ٢٠١٢: ١٨] بەتایبەت لای کورد، کە فرەئەزموونی بێئەزموون لە کۆچ، بێژێرخان لە هزرینی شوناس، بەڵام پڕخەبات بۆ پاراستنی، لەبەرئەوە زۆرجار کۆچی کورد لەشوناسپارێزییەوە بۆ دۆڕانی، یاخود لە کۆچی خۆپارێزی، شوناسپارێزی چالاکبووە.

سەفەری کورد بۆ ئەوروپا کەمتر پرۆژەیی و ئایندەسازییە، بەڵکو ترس و وەدەرنانە لە نیشتمان، کە ئەم قۆناغەی ڕۆمانی کوردی زیاتر هێزی داگیرکەری بەعس هۆکارە، لەکاتێکدا کۆچی هەڵبژاردن و خۆبڕیاردان کەمتر دەبینین، کە بۆ خۆدۆزینەوە و خۆپڕکردنە لە دنیای ئەویتر. لەکاتێکدا ئەوەی یەکەم زۆرینەی بێ پرۆژەی ناهەڵکردووە و بەردەوام لێرەیە، لەبەرئەوە نیشتمان لەبری ئازادی داگیری کردووە، بەڵام ئەوەی تاکەکەسییە پرۆژەی هەیە، خودی تاراوگە بۆی دەبێتە کەرەستەی بیرکردنەوە و بەرهەم. خەلیل چەند ساڵە لە فەرەنسایە، پێیوایە، ئێمەی پەناهەندە و دوورەوڵات سێ ڕێگەچارەمان لەپێشدایە: ببینەوە بە بەعسی دیکتاتۆر، حیزی و سەلامەتی. دوو، ژنە پۆڵۆنییەک یان پیرەژنێکی ئەم ئەوروپایە بدۆزینەوە، کە ببێتە مایەی خۆشگوزەرانی، بەخێومان بکا و داڵدەمان بدات. سێ، بتوانیت بنجی خۆت واقیعییانە لە ئەوروپا ڕەگاژۆ بکەیت، وەک ئەمان و لەگەڵ ئەمان بژیت.[پیرپاڵ، ٢٠٠٢: ٧٢]

دارای کەسێتیی سەرەکیی بەهۆی حزبی بەعسەوە لە کوردستان هەڵدێت و دەڵێت: "من تەنیا دوو ڕێگام لەبەردەم مابوو: یا دەبووایە جلوبەرگی سەربازی لەبەر بکەم و بچم بۆ جەنگ و، ببم بەئامێرێکی دەست دیکتاتۆریەتی حزبی بەعس؛ یانیش دەبوایە سەری خۆم هەڵگرم".[١٢] دارا خەڵکی هەڵەبجەیە باسی ستەمی بەعس و بەسەربازکردنی گەنجان و هەڵهاتنی بۆ ئەوروپا دەکات، پێیوایە لە کوردستان دەبوو ببوایە بە سەرباز یان جاش و پێشمەرگە،"ئەمڕۆ خەڵک یان جاشن، یان عەسکەرن، یان پێشمەرگە..."[١٢] ئەم هیچیان هەڵنابژێرێت و دێت بۆ ئەوروپا، خوشکەکەشی دەڵێت، لەڕێگەی ئەوروپا بمرێت باشترە تا لێرە بکوژرێت. کەواتە ئێرەی کوردستان لەخۆگرتنی تیانییە و دەرپەڕاندنی تێدایە بۆ ئەوێ، بەڵام ئەویتریش لەوێ من وەک دەرکراوێک و کێشەسازێک دەبینێت، چونکە من نەیتوانیوە ببێت بە ئەویتر و لەوێ بێت. بەپێی چوارگۆشەی واتایی گریماس لەنێوان من و ئەویتردا، نا-من و نا-ئەویترێک دروستبووە، پەیوەندییەکان زۆرتر لەنێوان نا-کاندا ڕوودەدات، لەبەرئەوەی وێنای من بۆ ئەویتر و ئەوێ، لەگەڵ واقیعی ئەویتر و ئەوێ جیاوازە، بۆیە نا- من و

نا-ئەویتر چالاک دەبێت، ئەمەش دوانەی لەخۆگر و بێلایەن دروستدەکات، هەر بۆیە منی کورد و ئەویتری فەرەنسی نامێنێت، منی ڕۆژهەڵاتی و ئەویتری ڕۆژئاوایی دەردەکەوێت.




کوردەکان لە ئەوروپا، ژیان و بیرکردنەوەیان، جیاوازە، ئەمەش دەکرێت بە دەرکەوتنی تاک بیخوێنینەوە، هەروەها بەگشتی لەناو ڕۆتینی ژیان گیریان خواردووە، لە ڕۆمانی پیاوێکی شەپقەڕەشی پاڵتۆشین... سیروان، کە لە ئوتێل کاردەکات، بەردەوام ڕۆژەکانی لە سێی پاش نیوەڕۆوە دەستپێدەکات و تەواوی ڕۆژەکانیش هەمانشتە.[پیرپاڵ، ٢٠٠٣: ٧] دختۆر نوری خەڵکی قامیشلو بەنیازی خوێندنی پزیشکی دێت و لەوێ دەبێت بە ڕۆژنامەفرۆش. زۆربەیان کێشەی پارە و ماڵیان هەیە و شارەوانی بەخێویان دەکەن. سەگێک لە باڵکۆنێکەوە سەیری دارا دەکات، دارای بێ ماڵیش دەڵێت: "هەیهات! کە لە کوردستان بووم، من لە بالکۆنەوە تەماشای سەگم دەکرد؛ ئێستاش لە ئەوروپا سەگ لە بالکۆنەوە تەماشای من دەکات"[پیرپاڵ، ٢٠٠٢: ٦٨] هاوکات هەندێک کورد ئەوروپیزەدە بوون، تێشیاندایە لێرەوە لەوێ دەڕوانێت، یاخود لەوێیەکی لێرەیە، بۆ نموونە ڤینۆسی خۆشەویستی دارا نیگایەکی گەرمی کوردانەی هەیە، 'کێ ناڵێ منیش بە بنەچە ناگەڕێمەوە سەر گیایەکی کوردستان'[٩٧]، یاخود کاتێک لەڕێگەی ئیسپانیا چیا دەبینێت، هەستدەکات لە وڵاتی خۆیدایەتی. لەپاڵیشیدا بەردەوام بەراوردی ئێرە و ئەوێ دەکات، کە ئەوروپییەکان ڕێزی هونەر دەگرن، بەڵام لە کوردستان وانیە، یاخود بەدوای ئافرەتی بەشەرەف دەگەڕێن و فێرنەبوون دەستبەرداری ئەخلاق و کەلتووری وڵاتەکەی خۆیان ببن،[٥٤] یاخود هاوڕێ کوردەکانی دارا تانەی لێدەدەن، کە ڕەدوی کچێکی ئیسپانی کەوتووە، ئەمەش گۆڕان و هەڵگەڕانەوەیە، لەوێ پیاو ڕەدوی ئافرەت دەکەوێت، بۆیە بەختەوەریش لەوەدا دەبیننەوە ژنی پۆڵەندی، یان پیرەژنی ئەوروپی بێنن، ڕوانگەیەکی بەکارهێنەرانەیان بۆ ئەوروپا و ئافرەتەکانی هەیە، یاخود خەلیل پێیوایە ئێمەی کورد لە چاوەڕوانیدا دەژین (ئێمە لێرە چەند پرۆژەیەکی تەئیجیلکراوین، بۆ ئەو کاتەی سەدام حسێن و خومەینی و ئەسەد و بولند ئەجەوید لەناودەچن...)[٤٨] کورد کەمتر خۆڕادەهێنن، کە ئەوێ بە نیشتمانی خۆیان بزانن، زیاتر جەخت لەسەر کوردبوونیان دەکەنەوە، ئەگەرچی لە شێوەی ڕواڵەتی

ژیاندا لەگەڵ ژیانی ئەوروپی خۆیان بگونجێنن، بڕۆن بۆ باڕ و سێکس، کافتریا و گەلەری، تلیاککێشان...بەڵام ڕوانگەیان وایە، کە "کورد هەمیشە ئاوارەیە! هەمیشە ئاوارە بووە، هەر بە ئاوارەییش دەمێنێتەوە".[٢٥] لەبەرئەوە بۆ هەندێکیان نالەباری ئێرە، ئەوێی لەبارکردووە، دەنا "ئەوروپا. چڵپاوە. درۆیە. وەهمە". بەڵام بۆ بەهجەت بەپێچەوانەوە، کاتێک جیاوازیی ئەوروپا و کوردستان بۆ فەرەنسییەک دەکات و دەڵێت: "ئێمە پیترۆڵمان هەیە، ئێوەش عەقڵ، ئەمەیە جیاوازیمان.

ئینجا لە کۆتایی قسەکانیشی، ڕووی کردە من و بەقێزکردنەوەیەکەوە وتی:

- وڵات، وڵات! وڵات دۆزەخێکە، چڵپاوێکە؛ بەڕاستی: زەلکاوێکی گەورەیە بۆ خۆی! بۆ کوێ بگەڕێینەوە؟

من بەم قسەیەی بەهجەت زۆر جاڕس بووم، وتم:

- من تەنانەت غەریبیی زبڵخانەکانیشی دەکەم، غەریبی تەنانەت سەر گوفەک و چڵپاوەکانیش".[٢٧] شێرزاد حەسەن لە دیدارێکیدا لەبارەی پرسی تاراوگە قسەیەکی لەم شێوەیە دەکات و دەڵێت:"ڕەنگە من وەک ئەو کرمانە وابم، کە لە پیسایی دەریانبهێنیت دەمرن، لەبەرئەوە ناچارم پیسییەکانی کۆڵانەکانی نیشتمان هەڵبژێرم".[حەسەن، ٢٠٢٠: ١٨] دارا هەرچەند کەڵکی لە لەوێ بوون وەرگرتووە، بەڵام لەوێش هەر لێرەیە، برینەکانی ئێرە، ئەوێی بریندارەدەکەن، یاخود دەتوانین بڵێین ئێرەی کوردستان واز لە ژیانی کوردەکانی ئەوێش ناهێنێت، لەبەرئەوە دارا کاتێک هەواڵی کیمیبارانی هەڵەبجە و مردنی دایک و باوکی دەبیستێت، وەک شێتی لێدێت، "وڵاتەکەشت بەتەواوی بۆتە گۆڕستانێک، ڕۆژ بە ڕۆژیش پتر وێران دەکرێ. هەموو شتێکت: منداڵیت، گەنجێتیت، شارەکەت، وڵاتەکەت..لەناوچوون".[٥١] دارا هەست بە بێواتایی ژیان دەکات، لەنێوان لەدەستدانی نیشتمان و دەستهەڵگرتن لێی گیری خواردووە، دواجاریش لەنێوان جێگرەوەی نیشتمان، کە ڤینۆسە و دروستکردنی بە هونەر هەوڵی دەرچوون دەدات، بەڵام کاتێک دەچێت بەدوای ڤینۆسی نیشتمانیدا، زیاتر ئاشکرا دەبێت، کە نیشتمان وەهمە و لە گیانی ئاڵاوە، وەک شێتی لێدێت. ئەم گەڕانە لەنێوان ئەوین و هونەر و نیشتماندا، سێکوچکەیەکی لێکئاڵاون، وەک گوتاری ڕۆماننووس دەردەکەوێت، کە ئەوین و هونەر، دەبنە نیشتمان، ئەوینی نیشتمانیش وەهمێکە، هونەر ڕاستیی نیشتمانسازییە.




"من دڵنیابووم و دەمزانی: تازە چیتر ناتوانم وڵاتەکەم ببینمەوە، وڵاتێک کە هەم شارەکەم و هەم دایک و باوکم، هەم کەسوکار و هاوڕێ و ئاشناکانم بەیەکجاری بوونیان تێدا سڕابۆوە".[٨٧] کاتێک کیمیباران لێرە ڕوویدا، کوردەکانی ئەوێ کەوتنە نارەزایەتی دەربڕین لەبەردەم بارەگای

نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوەکان، بەڵام دارا، ڕای وایە، دوای ئەو تراژیدیایە پاڕانەوە و لاڵانەوە سوودی چییە، خۆبچووککردنەوە تا کەی، لە کاتێکدا ئەوروپا لەم کارەساتە بەشدارە. "سوودی چییە من دوای ئەوە، بێم لە ڕادیۆی (فرانسۆ ئەنفۆ) جنێو بە ڕژێمی عێراق بدەم یان وابکەم کە خەڵکی فەڕەنسا بەزەییان بە کورددا بێتەوە؟ تازە سوودی چییە من بێم لە بەردەم بارەگا و سەفارەتخانە و ڕێکخراوەکاندا مان بگرم و خۆم پیشان بدەم و بلاڵێمەوە؟ وەک ئەوە وایە خۆم لەبەردەم خەڵک ڕووت بکەمەوە و پێیان بڵێم: وەرن خەڵکینە تەماشای ڕووتی و عەیبەکانم بکەن!

ـ مەگەر ئەم جەنگەی عێراق-ئێران خودی فەرەنسا و ئەمریکا و وڵاتە زلهێزەکانی ئەوروپا سازیان نەکردووە؟

فلیپ گوتی: با.

ـ چما هەر ئەوانیش ئەم هەموو هێزەیان نەداوەتە ڕژێمی عێراق بۆ ئەوەی ئێمەی بێ وڵات قڕ بکا؟

ـ با.

ـ ئەوەیە، ئیتر: ئەمریکا و ئەوروپا قەحپەن..هەم سەریشمان دەبڕن و هەم بۆشمان دەگرین."[٥٢] ڕوانگەی ڕەخنەگرانەی من بۆ ئەوروپا ئەم ڕەهەندە سیاسییەشی هەیە و ئەویتری ئەوروپیش دانیپێدادەنێت، بەڵام ڕاشیان وایە، کە سەرکردەکانی خۆمان نەزانن، بۆیە وامان لێ بەسەردێت.

ڕۆمانەکە ژیانی هونەرمەندێکمان بۆ دەگێڕێتەوە، لەبەرئەوە لە ئاستێکی قوڵتردا ڕوانینی ئەویتر بۆ من و من بۆ ژیان دەردەخات، هاوکات ئەویتری ڕۆژئاوایی، من لە پانتایی شوناس و مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی دەناسێنێت، لەبەرئەوە لە گفتوگۆی دارا لەگەڵ ڕۆماننووسێکی ئەوروپی لەبارەی هونەر و نەمری و جوانی دوو ڕوانگە بۆ ژیان و چۆنێتیی ژیان دەبینین، کە ڕۆژهەڵاتییەکان جەخت لەسەر ژیان نەک چۆنێتی ژیان دەکەنەوە، بەڵام ڕۆژئاواییەکان چۆنێتیی ژیانیشیان لا گرنگە.1 هاوکات لە گفتوگۆیەکی تری ئەم ڕۆمانەدا لیباردۆی ڕۆژئاوایی پێیوایە، لە ڕۆژئاوا خوداو ڕۆحانییەت نەماوە، بۆیە لەم ڕووەوە پێویستی بە ڕۆژهەڵاتە.2 دارا بە ڕۆماننووسە ڕۆژئاواییەکە، دەڵێت،

---

[1] ـ ئەم دیدە کە کورد و ڕۆژهەڵاتییەکان چەند دەژین نەک چۆنێتی ژیان بە گرنگ دەبینن، بیرخەرەوەی گوتاری مانەوەیە موکری لە ڕۆمانەکانیی و بەختیار عەلی لە کتێبی گوتاری مانەوە بە وردی و هەمەلایەن ئاوڕی لێداوەتەوە، لە بواری ئەدەبیات و ئەندازیاری شیکاریی کردووە.[عەلی، ٢٠٢٠]

[2] ـ ئەو دیدەی، کە ڕۆژهەڵات ڕۆحانییە و ڕۆژئاوا ماددیە لە کۆنەوە کارایە، بەڵام ئەم دیدە ڕەنگە تا سەدەی نۆزدە و ناوەڕاستی سەدەی بیست دروست بێت، بەڵام لە ئێستادا ڕۆژهەڵات ڕۆحانیبوونی لەدەستداوە، لەبەرئەوە قسەکردنی ڕۆژئاواییەکان لەسەر ڕۆحانیبوونی خۆرهەڵات لەسەر بنەمایەکی کۆنی بەسەرچووە. لەمەش بەولاوە، ئەگەر لەخۆرئاوا تاڕادەیەک یاساو مافی مرۆڤ بوونی هەبێت و، هونەر و ئەدەب و مەعریفەی مرۆیی و فەلسەفە،

دەتوانین لە ڕێگەی هونەرەوە جوانی هەتاهەتایی بگرین، بەڵام ئۆریانا پێیوایە ئەم دیدە ڕۆمانسی و ئایدیالیستانەیە، چونکە جوانیی واقیعی لەبیردەکەیت...منی کورد، کە ژیانی واقیعی کوردستان تاڵ و ناشیرینییە، دەیەوێت لەڕێگەی هونەرەوە لەم تاڵییە ڕزگاری بێت، ئۆریانا دەڵێت، ئێوەی ڕۆژهەڵاتی لە ژیان دەترسن."تۆ ترسنۆکیت و لەدەست ژیان ڕادەکەی"دواتر دارا دەڵێت:

- ئێمەی ڕۆژهەڵاتی چۆنین و ئێوەی ڕۆژئاوایی چۆنن؟

گوتی: ئێوەی ڕۆژهەڵاتی دەژین تەنیا لە پێناو ئەوەی بژین بێ ئەوەی هیچ بیربکەنەوە.

- ئەدی ئێوە؟

- ئێمەی ڕۆژئاوایی بیردەکەینەوە لە پێناو ئەوەی کە چۆن باشتر و خۆشتر بژین.

- واتە... چۆن؟

- ئێوەی ڕۆژهەڵاتی دەژین؛ ئێمەی ڕۆژئاوایی بیردەکەینەوە چۆن بژین.

من هێشتا بیرم لە قسەکانی ئۆریانا دەکردەوە، گوتی:

- هەر بۆیەش لەناو هونەردا دەبینین حاڵەتەکە بەپێچەوانەوەیە: لەناو هونەردا، ئێوەی ڕۆژهەڵاتی بیردەکەنەوە؛ ئێمەی ڕۆژئاوایی دەژین[...]

- لەناو ئەدەبیات و هونەردا: ئێوە هونەر و ئەدەبیاتی خۆیان پڕ دەکەن لە هەست و نەست و سۆز و باوەڕ؛ ئێمەش پڕیان دەکەین لە ژیان.[٤٢-٤٣].

لای ئەم ڕۆماننووسە ئەورووپییە ئێمەی ڕۆژهەڵاتی ژیان لامان بێ بەهایە و خەریکی لاواندنەوەیین، لای ئەوان چۆن ژیان و ژیانکردن گرنگە، ڕۆژهەڵاتی ژیان دەخەنە خزمەتی هونەر، ئەوان هونەر دەخەنە خزمەتی ژیان. هاوکات گوتاری ئەویتری ڕۆژئاوایی شێوە متمانەبەخۆبوونێکی تێدایە و خۆیان بە بیرکەرەوە ئێمە بە نا-بیرکەرەوە دەبینن، ڕەنگە ئەمەش سەرچاوەی دواکەوتوویی و دیکتاتۆرییەت بێت، چونکە ئێمەی کوردی ڕۆژهەڵاتی ژیاننەویستین، بۆ دین و ئایدۆلۆژیا و هونەر... ژیان قوربانی دەکەین، نەک ئەوان بخەینە خزمەت ژیانەوە. هەروەک ئەدۆنیس پێیوایە، ئێمەی ڕۆژهەڵاتی هەموو شتێکمان کردووە بە وەزیفە، خوێندن، دینداری، سیاسەت و هونەر و تەنانەت ئەدەبیش وەزیفەن، لەبەرئەوە هەموو شتێک لای ئێمەی کۆمەڵگە ئیسلامییەکان، جەوهەر و ئامانجی ڕاستەقینەی خۆیان لەدەستداوە.[ئەدۆنیس، ٢٠٢٠: ٥٤]

---

بۆشاییە ڕۆحییەکان پڕبکەنەوە، ئەوا لای ئێمە ئەم بابەتە مەعریفی و ژیارییانەش کەم و لاوازن، کەواتە ئێمەی ڕۆژهەڵاتی نەڕۆحانین و نەشارستانین.[میراودەلی، ٢٠٢٣: ٧٩]

### ٦ـ منی دۆڕاو لە گەمەی ئەویترە جیاوازەکان

گوڵی شۆران ١٩٩٨ لە نووسینی عەتا نەهایی، ڕۆمانێکی سیاسیی و کۆمەڵایەتییە، لە هەشت بەش پێکهاتووە، بە تەکنیکی تێهەڵکێش و شێوە بازنەیی-کراوەی مۆدێرن نووسراوە. گێڕەرەوە وێڕای بواردان بە تاکەکان، هەمووشتزانە، بەڵام لە بەشی کۆتایی کەسی یەکەم، کە یادگارە دەگێڕێتەوە. ڕۆمانەکە ئەزموونەکانی من و ئەویتر لە بەڕێوەبردن و سوتاندنی شار دەردەخات، کە سەرچاوەی هەڵوەشاندنەوەی خێزان و سڕینەوەی منە. لەسایەی داگیرکاری بێگانە، ململانێی ناوخۆیی و گرژییەکان لە ساڵانی نزیک بە جەنگی دووەمی جیهان لە ئێران و بەتایبەت مەهاباد چەند دەسەڵاتی ئەویتری ناخۆیی و دەرەکی، لەگەڵ من شار و خێزانگەلێکیان لەبەینبرد، بەشێکی ئەو جەنگانە کورد تێیدا گەمەکەر نەبووە، ئەوانەشی تێیدا کارابووە، ئازاردەر و لە ئەویترچوو بووە، بۆیە دەڵێن، سەد ڕەحمەت لە کفندز[نەهایی، ٢٠٠٦: ٦٧].

دەستپێک و دێڕی یەکەمی ڕۆمانەکە، کە دێڕێکی تەواو گریماسییانەیە، کۆتایی و کۆڕووداو و چیرۆکی تەواوی ڕۆمانەکە لەخۆدەگرێت."لاس کوڕە گەورەی وسووئاغا دواپانزە ساڵ و لە ساڵڕۆژی مەرگی خۆیدا گەڕایەوە".[٧] ئەمە ڕستەیەکی هەواڵیی دژە، لەبارەی لاس، کە کەسێتیی سەرەکی ڕۆمانەکەیە. خوێنەر لە درێژەی ڕۆمانەکە دەزانێت ئەو پانزە ساڵە لاس چی کردووە و بۆ لە ساڵڕۆژی مەرگی خۆیدا بە زیندوویی، کە مردووە، دەگەڕێتەوە. لاس لە شۆڕشگێڕێکەوە دەبێتە سواڵکەرێکی گەڕیدە، لە مناڵێکی پڕئومێد بۆ مردویەکی زیندوو. لاس پاش ١٥ ساڵ لە خەبات و زیندانیی، کە دەگەڕێتەوە، کەس بڕوا بە زیندووبوونی ناکات، "[دایکی:] لاس ئێستا هیچی نەماوەو ناوی لەسەر هیچ نییە. کەواتە نابێت گەڕابێتەوە".[١٦] خانزاد ژن-خۆشەویستی پاش سێکسی لەگەڵ فەخەی برای لاس، شوی پێکردووە. ئێستا کە گەڕاوەتەوە، برا، ژن و کوڕەکەشی نایانەوێت، یان ناتوانن بیبینن. ئارەزوو دەکەن زیندوونەبێت، چونکە زیندووبوونی مردویەک، بیرخەرەوەی دنیایەک تاوان و خیانەتە، لەبەرئەوە شەرمەزارن ناتوانن ڕووبەڕووی ببنەوە. ئەم شۆڕشگێڕە، کە هەموو شتێکی لە دەستچووە، لە دۆخەکە تێدەگات، دووبارە بڕیاردەدات بڕوات نەک بۆ خەبات، خۆی گومبکات؛ کوڕەکەی پاش دوودڵییەکی زۆر بڕیاردەدات باوکی ببینێت، دەپرسێت و دەڵێن لە گوندێکە، دەچێت بیبینێت و دەڵێن ئێستا دێت، بەڵام تەرمەکەی دێت. ئەمە چیرۆکێکە لەناو دەیان چیرۆکی تراژیدی تر، کە بەهۆی جەنگ و ستەمی دەسەڵاتی ئەویتر و منی بەناو شۆڕشگێڕەوە تۆمارکراوە.

ڕووسەکان پاش عوسمانییەکان دووجار مەهاباد داگیردەکەن و شار دەسوتێنن. ڕیشسپییان پێشتر قورئان بە گژ سوپای عوسمانییەکان دەکەن، گوتبوویان "قورئانی کوردان بەغەڵەت

نووسراوە".[١٧] ئێستاش مالمی جولەکە بە گژ ڕووس دەکەن، بەڵام ڕووسەکان لەوە کافرترن گوێ لە جولەکەش بگرن، دەریان دەکەن و هەر ئەو ڕۆژە "قژ سووره چاوشینەکان بۆ دامرکاندنەوەی چڵێسییەکانیان لە ئۆردووگاوە بەرەو کۆڵانەکانی شار ڕێچکەیان بەست و دەرکەی ماڵانیان شکاند. کارێکیان کرد، ساڵەها لەوە دواش خەڵک لەڕوویان نەدەهات ڕاستی ڕووداوەکان بگێڕنەوە. تەنیا لەبەرخۆیانەوە هەناسەیەکی قووڵیان هەڵدەکێشاو دەیانگوت: "باش بوو زوو بڕیاریاندا ئاگر لە شار بەردەن"[١٨]، من لەبەرامبەر ستەمی ڕووسەکان، ئارەزووی سوتانی شارەکەی دەکات، تا بەڵکو ئەوە دوا ئارەزوویان بێت و دەستبەرداربن، چونکە ڕووسی کافر شکۆ و کەرامەتی خەڵکی دەسوتان، باشترە شار بسوتێت، تا خەڵکەکەی.

ڕۆمانەکە بە وردی وێنەی دەسەڵاتی حکومەتی ئێران پاش ستەمی عوسمانی و ڕووس لە مەهاباد نیشاندەدات، ئەویتری فارس کورد لە هەموو بارە جیاوازەکانەوە، لەئاستی کەلتووری، سیاسیی، ڕۆشنبیریی و نەمانی عەشق بۆ نیشتمان و زەویی، دەچەوسێنێتەوە. پاش ئاوارەیی خەڵک لەدەست ڕووسەکان و گەڕانەوەیان بۆ شار، خاڵە نایەر، کە کەسێتییەکی لەپڕ دەرکەوتوویی گرنگ و شێوە ڕۆحانی[1]، لەجێگەی دارە سوتاوەکەی بەرماڵی لاس دارێکی نوێ دەچێنێت، وەک نیشانەی بەردەوامی ژیان و دروستکردنەوەی شار، بەڵام لەماوەی جەنگی دووەمی جیهان ئەم دارە وەک ژیانی مرۆڤەکان دەسوتێت،[احمدزادە، ١٣٨٦: ٣٨٤] خاڵەش لەلایەن دەسەڵاتی عەجەم، لەناودەبرێت و ئەو عەشقەی بۆ ژیان، زەویی و نیشتمان دەکوژێتەوە. دەسەڵات عەجەمەکان بەرامبەر بە کورد کردەگەلی وەک، دەستدرێژی و ئابڕوبردن، ترس بڵاوکردنەوە، گرتن، کوشتن و لێدان، ڕێگریی لە جلوبەرگ و زمانی کوردی جێبەجێدەکەن، دەبێت تەنیا فارسی قسە بکەن، دایکی لاس دەڵێت: "ئەوە ئەمری حوکمەتەو لە کوتە کاغەزێک نووسراوەو بەژوور دەرکەی قوتابخانە هەڵواسراوە. تەنانەت ئەوەشی دەزانی کە زۆر شەو ئاژانێکی سمێڵ قیت دەچێتە خەونی لاسەوەو ئەوەی لێ دووپات دەکاتەوە"[نەهایی: ٣٥]، یاخود ئاژان پەلاماری نازدار دەدەن، بۆ ئەوەی حەیای بچێ[٤١]، دواتریش نازدار شێت دەبێت[٤٢]، یاخود نزیک لە دیمەنی مام مستۆی ڕۆمانی *ڕێگا* لێرە ڕەشی ئاژان سەروسمێڵی وەستا ئەحمەدی خەیات دەبڕێت، لەوێ مام مستۆ ناپارێتەوە، بەڵام لێرە وەستا ئەحمەد دەپاڕێتەوە، لێرە خەڵک پێناکەنن و هاوسۆزن، بەڵام منی ناو ڕۆمانی ڕێگا خەڵکەکەی بەجۆرێکی تر

---

[1] ـ بە لێکدانەوەی توێژەر کامیل قانع، خاڵە نایەر کەسایەتییەکی ڕۆحانی هەیە، ئەمەش لەو پێشبینیی و کردانەی ئەنجامی دەدات، دەردەکەوێت. بۆ نموونە خۆی لە ناونانی فەرخەی برای لاس دەبوێرێت، کە فەرخە گەورە دەبێت خیانەت لە لاس دەکات، واتە کەسێتییەکی خراپی لێدەرچووە و خاڵەش پێشبینی ئەمەی کردووە، هەروەک لە دارچاندنەکەیەوە، کە وەک دارێکی ڕەمزی دەوری ناوەندی لە گوتار و گێڕانەوەی ڕۆمانەکە دەبینێت.[ابراهیم، ٢٠٢٣: ٧١]

مام مستۆ دەکوژن(دەیکەن بە شێت). ئەم وێنەگەلە زیندووانە دەبنە هۆکار، کە لاس نەفرەت لە حکومەت بکات و ببێتە شۆڕشگێڕ. لێرەشدا زوڵمی ئەویتر من بۆ شۆڕش هاندەدات. "نەفرەتەکەی لاس هەموو پیاوانی حوکمەتی دەگرتەوە. ئاژان، گوروبان، سەروان و تەنانەت ڕەزاشای چاوبزی سمێڵ قیت کە ڕەسمی بەیەکەم لاپەڕەی هەموو کتێبەکانەوە بوو. حوکمەتێک کە میکرۆبی کوشندەترین نەخۆشی بە شاردا بڵاودەکردەوە، ترس...ترس لە گرتن، لێدان و کوشتن، ترس لەبێ ئابڕوویی و شێتکردن".[٤٢] لە ڕۆمانی *گەماڵ* ئەویتر، من بە میکرۆب دەبینێت، لێرەدا من ئەویتر بە میکرۆبی ترس و تۆقاندن نیشاندەدات.

لە دیدی منەوە ئەویتر نەک تەنیا ترس بڵاودەکاتەوە، بەڵکو داب و کەلتووری منیش دەبات، شارێکی خەمبار و بێدەنگکراو و دوور لە پێکەنین و بەختەوەری بەڕێوەدەبات، "شارێکی چۆڵ، خامۆش و خەمبار لەژێر سێبەری ڕەشی تفەنگ و هەڕەشە و ئەمرە بەرەو دواکانی حوکمەت؛ تفەنگ بۆ کوشتن و پاراستنی سێبەرەکەی، هەڕەشە بۆ بەڕێوەبردنی ئەمرەکان. ئەمری داکەندنی جلوبەرگی کوردی و لەبەرکردنی "ئەلمۆدە" ئەمری دەستهەڵگرتنی خەڵک لە خووخدەو داب و نەریتیان".[٤٢-٤٣] لاس پێیوایە منی کورد بەهۆی ترس و تۆقاندنەوە، سەرکەشی و یاخیبوونی بیرچووەتەوە، دەپاڕێتەوە و خۆی لەبەرامبەر ئەویتردا زەلیل و بچوک دەکات، "لەبەر ئاژانەکان دەپاڕانەوەو ئەم لاولایان ماچ دەکردن. بەو حاڵەش سووکایەتیان پێ دەکرا، لێیان دەدرا، نافۆکیان دەدڕاو دەبوونە قەشمەرجاڕ"[٤٣].

ماوەیەک پاش بەڕێوەبەری ئەرتەشی حکومەت و ئاژاکەکان بەسەر کورداندا، ڕووسەکان دێنەوە و ئەرتەشی حکومەت لەدەسەلات لادەدەن، دواتر دەکەونە کەوڵکردنی خەڵکەکە، کەواتە ئەویتری ڕووس، زاڵێتیی و هەیمەنەی حکومەت و ئاژاک بۆ کورد هەڵدەوەشێنێتەوە، ئەمەش وادەکات ڕووس لەنێوان نەفرەت و ڕەحمەتدا بێت، "سەربازەکان سەریان لێ شێواوە، ترسابوون، نەیاندەزانی بەرەو کوێ بڕۆن...سەربازەکان بە زمانێک دەدوان، کە نەیدەزانی. ئەوەندەی دەزانی تورەنین. لەوەدەچوو بپارێنەوە"[٦٠] لاس بەهاتنی ڕووسەکان خۆشحاڵە و بە تەمەنەکانیش ئەزموونی پێشتری هاتنی ڕووسیان هەیە و نیگەرانن، بۆیە دایکی لاس دەڵێت: "نازانم لەسەر بەرماڵ بۆ سەرکەوتنی کێ لەخودا بپاڕێمەوە. ڕووس یان حوکمەت؟[...]هیچیش لە خەڵکەکە نەکەن، خێرو بەرەکەتیان بۆ ناهێڵن"، [٦٢] هەرچی وسووئاغایە دەڵێ، "ئەمانیش داگیرکەرن و بۆ کوشتن و بڕین هاتوون. خۆ برای باوکی کورد نین[...]ڕووسی پێشوو کافر بوو، بەڵام ئەمانە کافرو کۆمۆنیستن. لەسەر بڕوای نێرو بەرانین"[٦٤]، خەڵک هێندە ستەمی ئەرتەشی بینیبوو، نازانن پشت بکەنە ڕووس، یان بەرەوپیری بچن، هەرچی جولەکەکانە خۆشحاڵن و قوربانی دەکەن. منالانیش لەنێوان قسەی گەورەکان و

سەیرکردنی ڕووسەکان، ئەوا دەڕوانن،"فەرخە تازە دەیزانی باوکی ڕاستی گوتبوو، ئەوان کافربوون؛ وەک جوولەکەکانی لای خۆیان. بەڵام جوولەکەکان ماسییان دەخوارد و قرپۆکیان نەدەخوارد. هۆی ئەو جیاوازییەی لەخانزاد پرسی. دایە گوڵێ وەڵامی دایەوە: "جوولەکە لە ڕووس باشترن. بەس نییە نێرو بەران نین"[٦٥]. هەروەها فەرخە دەڵێت: "یەکەمجار بە دیتنی ئەو ژنە ڕووسە مەیلم بۆ ئافرەت پەیداکرد"[٦٥]. هێمنی شاعیر لە ژیاننامەکەیدا ئەم ڕووداوەی باسکردووە و هاوشێوەی لاس و گەنجە شۆڕشگێڕەکان بە هاتنی ڕووسەکان دڵخۆشە، بەڵام بەتەمەنەکان نیگەرانن، هێمن دەنووسێت: "زۆر لە ڕووسان دەترساین. پیرەکان نەقڵی بەدفەڕی و بێڕەحمی و دەستوەشێنی لەشکری تەزاریان لە شەڕی یەکەمدا بۆ گێڕابووینەوە. لە سەرتاسەری ڕۆژگاری حکومەتی پەهلەویدا ڕۆژنامەکانی ئێران هەر شتی خراپیان لە دژی شوورەوی نووسیبوو. باڵشویک لەو سەردەمەدا لە ئێران گەورەترین جنێو بوو. خۆ بەتایبەتی پاش ئەوەی شەڕ لەنێوان ئاڵمانی نازی و یەکێتیی سوڤێتیدا هەڵگیرسا، چاپەمەنیی ئێران هەموو نووسینەکانیان بە سوودی ئاڵمان و بە زیانی شوورەوی بوو."[هێمن، ٢٠٠٨: ٤٦] دیارە ڕووسەکان بێئەوەی شار بسوتێنن و زیان بە خەڵک بگەیەنن، دوای چوار ڕۆژ شار بەجێدەهێڵن، بەڵام ڕاستەوخۆ لەنێوان عەشایەرو ئەرتەشدا شەڕ بەرپادەبێت و عەشایەر شار دەگرن.

هەرچی دید و وێنەی منی کوردی خەڵکە ئاساییەکەیە بۆ دەسەڵاتداری کوردەکان، یاخود دیدی خەڵکە بۆ عەشایەر و خانزادەکان، پێیانوایە ئەمانیش لە ئەرتەش خراپترن، "سەد ڕەحمەت لە کفندز"[نەهایی: ٦٧]، چونکە دەست بۆ ناموسی سەربازەکان دەبەن و دێهاتییەکانیش شار تاڵان دەکەن. "لەو ڕۆژەوە تفەنگچی کورد، لەبری ئەمنیەو ژاندارمەی حوکمەت بەشاردا بڵاوبوونەوە. ئەگەرچی کەم کەس لێیان دەترسا، بەڵام کەم کەسیش هەستی بەحەسانەوەو ئاسوودەیی دەکرد[...]خان و خانزادەکان هەر ڕۆژە کچێکیان بەزۆر دەسەندو لەخۆیان مارە دەکرد. نۆکەرەکانیش خۆیان لەژنان دادەگرت.[...] لاس ئەگەرچی ڕقی لەحوکمەت و دڵی بەتفەنگچییەکان خۆش بوو، بەڵام لەم ئاخریانەدا زیاتر لەهەموو کەس بێزی لەبارودۆخەکە دەکردەوە"[٦٩]، خانزاد بە هەواڵی دەستدرێژییەکان جا لە کورد، یان عەجەم، ژنە ئەفسەر، یان ژنە خان، هەژار، یان دەوڵەمەند بێت، ڕادەچڵەکێت و هاوسۆزە،"لەو دەستدرێژیانەدا ئەوەی بەتاڵان دەبرا سامانی ژن بوو؛ خودی ژن و هیچی تر".[٦٩] دەسەڵاتی خانەکان گەیشتە ئاستێکی تۆقێنەر، کە بانگەوازیان بڵاوکردەوە شار دەسوتێنن و خەڵک دەبێت چۆڵی بکەن، دیسان لەژێر دەسەڵاتی منی کورددا منی کورد ئاوارەدەبێت. بۆیە ڕۆماننووس بەشێوەی ڕەخنەی هونەرمەندانە لەم دەسەڵاتە و کۆماری کوردستان، بانگەوازەکە نیشاندەدات: "ئەی خەڵکینە...کینە...کینە...کینە...![...] بەئەمری خان..ئەگەر

کەسێک لەشاردا مابێ..هەر ئێستا..چۆڵی کا...شار ئاگری تێ بەردەدرێ"[٧٤] کینەی خان لە خەڵک گەیشتە ئاستی سوتان و ئەتکردنی شار. خان داوای لە بەگزادەکانی بانە کردبوو دژی حکومەت هاوکاری بکەن، ئەوان نەیان کرد، جگەلەوە خان ڕقی لە خەڵکی شار و شارستانی بوو، وەک حکومەت لێیانی دەڕوانی و پێشی وابوو،"شارستانی وەفایان بۆ کەس نییە"[٧٧]. خان خەڵکی عێراقە و ئێرە بەنیشتمانی خۆی نازانێت، لەبەرئەوە کورد لەسایەی دەسەڵاتی خۆیەوە دۆخێکی دژوار و ژیانێکی نزمی چەشت، ئەمەش دووبەرەکی و ململانێی و ناتەبایی کوردی زەقتر کردەوە، هەرچی بەرژەندیخوازەکانە، ئەوا بە زمانی ئایندەوە قسە دەکەن، بارام دەڵێت: "ئەمانە کە ئێستا ئێمە بێز لە هێندێک کردەوەیان دەکەین، لەداهاتوودا گیانفیدای گەل و نیشتمانن"[٨٠]. کەواتە منی کورد بەگشتی نە لە دەسەڵاتی ئەویتری عوسمانی، ڕووس، ئەرتەشی حکومەت و نە لە دەسەڵاتی خان و عەشایەرە کوردەکان ئارام و بێترس نەژیاوە، هیچیان نەبوونەتە سەرچاوەی ئارامی و ئازادیی، بەڵکو سەرچاوەی تاوان و دەربەدەری و وێرانی بوون.

**٧. وێنەیەکی جیاوازتری من و ئەویتر**

ڕۆمانی زیندەخەو[ئەمیری، ٢٠٠٣] بەپێچەوانەی ڕۆمانە کوردییەکانی تر، ئاماژە بە ئەویتری ناو ناخ و دەرونی من دەکات، کە لەناو مندا ئەویترێک نیشتەجێیە، هاوکات لەناو ئەویتریشدا منێک هەیە، بەڵام لە ڕۆمانەکانی تردا ئەویتر لەڕێگەی قڕکردن، تۆڵە و خیانەت و کاردانەوەوە دەردەکەون. بۆ نموونە لە *مێلانە*، سوبحان دەیەوێت کەریم کەللە بە تەور پارچە پارچە بکات، ئەمە دەرخستنی ئەو ئەویترە شاراوەیەیە لەناو مندا، یاخود لە *گەماڵ*، کوشتنی شالان، تۆڵەیە لەلایەن منەوە بەبیانوی ناپاکی و جاشێتی، لە ڕۆمانی *بڵند و نەوی*، پەریزادی ژنی خان بۆ تۆڵە دەژی،[جەعفەری، ١٩٩٨: ١٧] لە ڕۆمانی *ڕێگا*، کوشتنی گوڵێ بەدەستی براکەی، بە بەهانەی پاککردنەوەی شەرەف، لە گوڵی شۆران دەسەڵاتی خان و عەشایەرەکان، گوزارشت لە ئەویترەکەی ناو من دەکەن... بەگشتی ڕۆمانەکان ئەویتر لە ڕوانگەی منەوە نیشاندەدەن، نەک بوار بە ئەویتر بدەن خۆی نیشانبدات و بدوێت، بەڵکو منە، ئەویتر نیشاندەدات. هاوکات کاردانەوەی من بەرامبەر ئەو ئەویترە نیشاندراوەی خۆم دەرخراوە. ئەمەش تاکدەنگی و نادیموکراتی ڕۆمانە کوردییەکان دەردەخات، بەڵام لە *زیندەخەو*دا من و ئەویتر هاوتەریب و پارالیلن، من لە خەودا بێدەنگ و ئەویتر دێتەگۆ و من ئەویترە، دەبم بە ئەویتری بەرامبەرم، بەڵام بەهۆی هێزی عەشق و گوتاری ڕۆشنبیرانەی من، ئەویتر ڕزگاردەبێت. جەختکردنەوە لەوەی لەناو مندا ئەویتر و لەناو ئەویتر من هەیە، گرنگییەکی هونەریی

و هزریی بە ڕۆمانەکە بەخشیوە، لەهەمووشی گرنگتر سوود لە خەو1ن وەرگیراوە، کە ڕەگەزێکی ئازاد و سەربەستە و لەژێر کۆنترۆڵی مندا نییە.

"بریا خەو هەبا، خەون نەبا"[ئەمیری، ٢٠٠٣: ٥] ڕۆمانەکە بەم ڕستە شیعرییە خواستمەندە دەستپێدەکات. ئازاد و حوسێن هەمان و جیاوازن. ئازاد کەسێتیی سەرەکییە، کە دەخەوێت، خەون دەبینێت و دەچێتە کەسێتیی حوسێنی ساواکەوە، دەبێتە حوسێنی دژە کورد. ئازاد کوڕە کوردێکی دەوڵەمەندە و باوکی بەسەیارە وەردەگەڕێت و دەمرێت، دایکیشی ئیفلیجە، بەڵام حوسێن بەڕێکەوت و لەبەرئەوەی حەزی لەجلوبەرگی نیزامیە، دەبێتە ساواک، کە ئەرکی پاراستنی نیزامی حاکم و لێپرسینەوە و سزادانی زیندانییە سیاسییەکانە. ڕۆماننووس لەڕێگەی ئەم دوانە بەرامبەرییەوە گرێچنی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەی پێکهێناوە و منی کورد و ئەویتری تورک-فارسی ساواکی نیشانداوە، هاوکات هەردوو هێڵی گێڕانەوەکە بەهاوتەریبی دەڕۆنە پێشەوە، بەڵام من و ئەویتر یەک و جیاوازن، لەبەرئەوە بەریەک دەکەون، لە ڕێگەی ئەو ناکۆکی و جیاوازییانەوە باشتر یەکتر دەردەخەن، کە ئەمەش پاڵپشتی دیدی گریماس بۆ ململانێ و واتاڕێژی گێڕانەوە دەکات.

حوسێن کەسێتییەکی هەبوو، نەبووە، لەناو خەونی ئازاددا دەردەکەوێت، ئازادە لە ئازادی واقیع و ئاگایی، بەڵام لە واقیعی خەونەکاندا، حوسێن ئازاد نییە و ساواک بڕیارەکانی بۆ دەدات بە ژنهێنانیشەوە، کە دەتوانێ زەرێ بهێنێت، هەرچەند لەدەرەوە سنگ دەردەپەڕێنێت، "کێ دەوێرێ لەحاست من بکۆخێ"[١٣]، یاخود لەنێوان، "هەرچی بمەوێ دەیکەم[...] من بێ ئەوان حەقم نییە قامک دەئاو نێم"[١٤] دەژی. ئەوە جگەلەوەی خۆی تورکە2، بەڵام دەبێت بە فارسی بدوێت و پێ بە نەژادەکەی خۆیدا بنێت. ئەمەش جوانییەکی تری واتایی ڕۆمانەکەیە، کە ئەویتری تورک وەک کورد لەناو دەسەڵاتی حکومەتی فارس دەچەوسێنرێتەوە، واتە هەرچی لێرەیە، لەوێبوونی لێدەسەنرێتەوە، یاخود شوناسە نزمەکان بەرامبەر شوناسی باڵا یەکتر دەچەوسێننەوە، بەهۆی ئاڕاستەی شوناسی باڵاوە، "هەردووکمان ترکین،

---

[1] ـ سلاڤۆی ژیژەک، لە شیکاری فرۆید و لاکاندا، ئاماژەی بە ئەویتر لە مندا داوە، کە لەڕێگەی نوکتە و خەونەوە دەردەکەوێت. لە کتێبی خێچ ڕوانین، ژیژەک باسی خەون و نوکتە دەکات، کە ئەویترەو لە مندا قسە دەکات، فرۆید چەمکی ئەویتری پارانۆیای بۆ بەکاردەهێنێت و لەلاکانیشەوە کە دەڵێ "ئەویتری گەورە بوونی نییە"، ژیژەک "ئەویتری ئەویتر" بەکاردەهێنێت، ژیژەک دەنوسێ"هەڵکەوتێک کە دەکەوێتە ئەودیوی نیەتی سوبێکتی قسەکەرەوە[من]، و لە نوکتەکان و خەونەکاندا ڕوودەدات. ئەم "ئەویتری ئەویتر"ە ڕێک بریتییە لە ئەویتری پارانۆیا: ئەوەی کە لە زاری ئێمەوە قسە دەکات"[ژیژک، ٢٠٢١: ٨٦]

[2] ـ ئەگەر سوود لەو چەمکێکی ژیژەک وەربگرین، بەڵام بە مەبەستی خۆمان، ئەوا دەڵێین، حوسێن، ئەویتری ئەویترە بۆ کورد، بۆ خۆشی ئەویتری شیعەو فارس سەرکوتی منە تورکییەکەی کردووە، لەبەرئەوە ئەویترێکی خۆپێشێلکەر و نائازادە، کە لەڕاستیدا جاش نییە، بەڵکو جۆرێکە لە خۆونکردن لە ئەویتردا.

هەر پێکەوەش بووین، کەچی بەفارسی قسەمان دەکرد"[١٥]، وێڕای ئەوەی لەناو ئەویتری فارسیشدا دژایەتی هەیە، "ڕوکنی دوو دەگەڵ ساواک لەژێرەوە دانوویان ناکوڵێ".[١٦]

حوسێن پاش ئەوەی شەوێکی خۆش لەگەڵ زەریێ خۆشەویستی بەسەردەبات، دەچێتەوە ئیدارە، بۆ ئەوەی لە ئەمیر، کە گەنجێکی کوردەو لە زانکۆی تاران کۆمەڵناسی دەخوێنێت، بپرسێتەوە. هەڕەشەی لێدەکات و لێیدەدا "زللەیەکی ئەفسەری لێدەدەم، وەک ئاڵوودار بشکێ تەقەی دێ، خوێن بە دەم و لووتیدا دێتەخوار".[١٩] لێرەدا ئازاد بە لەرزینەوە خەبەری دەبێتەوەو بە دایە خەیاڵ دەڵێت: "دە خەونەکانمدا ئەفسەرم، ساحێب مەنسەبم، زوڵم دەکەم، لەخەڵک دەدەم، هاوارێ دەکەن، ڕادەچەنم، جاری وایە ژن و منداڵم هەیە، دەو خەونانەدا، عەجەمم، ناوم (حوسێن)ە."[٣٦] هەروەها دەڵێ، "من عەزابی ویژدانی، بێ ویژدانی حوسێن دەکێشم[...]من کوڕە کوردێکی هەژاری بێ دەسەڵاتم، تەنانەت ئازارم بە مێروولەیەک ناگا، دە خەودا ئاوا ملهوڕ، کەڵەگا، قامک ئەستوور و بەقەوەت"[٣٧]، دەرخستنی ئەویتری دەسەڵاتدار بەم چەشنە لەناو ئازاددا هەڵگری لێکدژییەکی جوانی هونەرییە، کە من تەحەمولی من ناکات، واتا ئازاری ویژدانی بێویژدانی ئەویتر خەستبوونەوە و بڵاوبوونەوەی واتایە، چونکە ئازاد، کە دژی حکومەتە، لە خەوندا پارێزەریەتی، لەلایەک من، نا-من ڕاودەنێت و دەکەوێتە کۆشی ئەویترەوە، ئەویتریش من ڕاودەنێت و خۆی دەکەوێتە باوەشی منەوە. ڕۆماننووس لەڕێگەی ئەم دوو منە دژە ئاوێزانەوە، ئەویتری بە متمانەو دڵنیاییەوە لەناو مندا دەرخستووە.




لەخەونێکی تری ئازاددا، حوسێن هێندە توند ئەزیەتی کەسێکی تر دەدات، کە یەکێک لە پاسەوانەکان خۆناگرێت و دەکەوێتە گریان، حوسێنیش دەڵێت: "دە دڵدا بەخیلی پێ دەبەم، پیاوی وا بەجەرگم نەدیوە، ئاماژە دەکەم:

ـ لایبەن، تا وەهۆش نەیەتەوە لاقی دەرمان مەکەن، تینووی بوو، ئاو و خوێی ساردی دەنێ"[٦٧]. ئەم دڕندەییەی حوسێن و کارەکەی لای خۆشەویستەکەی نەخوازراوە، وەک چۆن لەلایەن منی بێدەسەڵات[ئازاد] خۆبریندارکەرە. دیوێکی تری دەرکەوتنی من و ئەویتر لەگفتوگۆیەکی ئەمیر و حوسێندا دەردەکەوێت، کە خێزانی ئەمیر هەژارن، ئەمیش وانە بە منداڵە دەوڵەمەندەکان دەڵێتەوە، تا پارەکەی بۆ باوکی بنێرێتەوە، حوسێن دەڵێت، هۆی نەداریتان چییە، دەڵێت خودا نەیدا، دەڵێت بۆ، ئەمیر دەڵێت، لەبەر تۆ؟ چونکە تۆ ناهێڵیت من پێبگەم و خۆم ڕۆشنبیر بکەم، دەمخەیتە

زیندان و تاوانم بەسەردا دەسەپێنیت، کە تێیدا نیم. ئەمیر و حوسێن درێژەی گفتوگۆکەیان بەمجۆرەیە، ئەمیر دەڵێت:

ـ بەشێک لە نەداری ماڵی بەهۆی نەداری فەرهەنگییەوەیە.

ـ ئەی بۆ بەجێی ئەوەی دە زیندانڎا بی وە شوێن فەرهەنگ ناکەوی؟

ـ تۆ ناهێڵی.

ـ من؟!

ـ عەرزم کردی یەکێ وەک تۆ، حکوومەت1"[١٠٤]

لێرەدا ئەویتر، منی کوردی وەک تاوانبارو نەخوێندەوار نیشانداوە، بەڵام کورد بەهۆی خەبات بۆ مانەوە، بواری بۆ نەڕەخساوە خەمی چۆنێتی مانەوە و خۆپێگەیاندن بخوات، چونکە ئەویتر ڕێگربووە. ئەمیر لە حوسێن دەپرسێت بۆچی منتان گرتووە، دەڵێت، دژی حکومەتی و لەگەڵ ئێمە نەبووی، ئەمیریش دەڵێت: "بەو حسابە بێ دەبێ زۆربەی خەڵکی ئێران بگرن"

ـ کەس هەیە تا کەس.

ـ چۆن؟

ـ تۆ کوردی خاین، جیای، هەر جیاوازیخوازیشی.[١٠٥]

ئەویتر جیاوازیخوازی بە خیانەت دادەنێت و من وا دەناسێنێت، مافیش بەخۆی دەدات لەسەر ئەم تێگەیشتنەی بۆم، سزام بدات. دواتر حوسێن دەچێت بۆ لای زەرێ لەڕێگە لەخەیاڵی خۆیدا دەڵێت: "زەڕی سەرتۆپی ئەم شارەیە. خۆ بەبەختەوەر دەزانم. ژنی جوان، ماشێن، پووڵ، ماڵی خۆش، ڕێز، حورمەت و شوغلی ئابڕوودار...

نانا، ئەوە شوغل نییە، بەزیاد نەبێ، خوا لێم وەرگرێتەوە. پەنجەی لاقی ئەمیرم ناپیاوانە تێکشکاند. چی کردبوو؟!..

شتێکی وای لێ نەگیراوە، پێم وانییە ئەهلی ئەو کارانەبێ. وە دیارە کوڕێکی وشیارە، جا ئەوەش دەبێتە تاوان؟![١٠٦]

ئەم مۆنۆلۆگە (منی ناو من قسە لەگەڵ خۆی دەکات) دژایەتییەکی واتایی جوانە لەنێوان دوو دەنگی ناهاوسەنگی ئەویتر، کە لە بێویژدانی واقیعەوە بۆ ویژدانی ناوەوە-مۆنۆلۆگ دەچێت، لە ناوەوەیدا من وەک ئەوەی هەیە دەبینێت، بەڵام لە واقیعدا ئایدۆلۆژیا و دەسەڵات و هێزی دژایەتی ڕێگەگرە لە بینینم. دەرکەوتنی ئەم دیوە چاک و ڕاستگۆ و ناونشینەی ناو ئەویتر، سەرەتای هۆشیاربوونەوەی ئەو دیوە بێدەنگکراوەی ناو ئەویترە، کە پرسیار دەکات، لەوەی دەیکات، نەک وەک ئامێر هەرچی پێبگوترێت جێبەجێیبکات، ئەمەش بۆی دەبێتە کێشە لەگەڵ دەسەڵاتدارانی

---

[1] ـ ئەم بابەتە دەکرێت لە چوارچێوەی ئازادی و دەسەڵات خوێندنەوەی بۆ بکرێت، کە دەوڵەت لەبری ئازادی بۆ هاوڵاتییەکان دابین بکات، ڕێگەیان لێدەگرێت. لە نامەی ماستەری جیهانبینی لە ڕۆمانی کوردیدا، ئەم خوێندنەوەیە بۆ ڕۆمانەکە کراوە.[ڕەسوڵ، ٢٠١٣: ٩٦]

ساواک و ئەویتری ئامێری ویژدان بێدەنگکراو. هەماهەنگ بە دەرخستنی ئەویتر لەڕێگەی خەونی ئازادەوە، دایە خەیاڵ، چیرۆکی خۆی بۆ ئازاد دەگێڕێتەوە و لەکۆتاییدا دەڵێت: "وڵاتی موکریان و شاری سابڵاغ پیاوی زۆر کەڵە کەڵەو دەگەورەی بووە. لالایم گاتێ حەجەم قەتی نەهێشت گوڵ بگرن. قەت چاوی دیتنی ئەو شارەیان نەبوو. ئەو خەڵکە ئازاو ئاقڵەیان نەناسی. هەر بەسەریان دادا. ئەگەر نەکرابێ خۆ بەخۆ بەگژ یەکیان داکەن، وەک قەلی سەر قوڕاوی بەهەمان تێی بەربوون".[١٣٨] ئازاد بەخەون و دایە خەیاڵ بە چیرۆکی ڕابردوو، ئەویتر وەک ڕێگری من، لەئاستی ژیانی کۆمەڵایەتی، کردەکی و مەعریفی دەردەخەن، کە بەفێڵ و سیاسەت، یان هێز منیان بەندکردووە. لە خەونی ئازادا حوسێن و زەرێ مناڵێکیان بەناوی ئیلاهە هەیە، زەرێ دەڵێت، ئەزیەتی مناڵی خەڵکی مەکە، "وای دانێ کەسێک بیەوێ ئیلاهە، تەمبێ کا، با خەتاشی کردبێ"[١٣٩].

حوسێن بەکاریگەری قسەکانی زەرێ دەیەوێت لە ئەمیر تێبگات، نەک هەر سزای بدات، داوای دۆسیەکەی دەکات و دەست بە خوێندنەوەی دەکات، دەکەوێتە ژێر کاریگەرییەوە، دەڵێت، خوێندەواری تاوان نییە، ئەگەر وایە بۆچی حکومەت ئەم هەموو زانکۆیە دەکەنەوە.[١٤٢] حوسێن دەیەوێت لەگەڵ ئەمیر ببێت بە برادەرو زیاتر لێی تێبگات، چونکە پێشتر بیرکردنەوەی وای نەبینیوە، کە لە نووسراوەکانی ئەمیر دەیخوێنێتەوە، بۆیە گەلێک ڕێزی لێدەگرێت. ئەمەش تێپەڕاندنی ئەو وێنە پێشینە و ئامادەکراوەیە، کە من و ئەویتر ئاڕاستە دەکات، هەنگاونانە بۆ تێگەیشتن و گفتوگۆ "کەسایەتی ئەمیر لەلای من بەرزە، ڕێزو حورمەتی بۆ دادەنێم، ئیتر ئەمیر ئەو ئەمیرەی پێشوو نییە، بۆ خۆم لەبەرانبەر ئەمیر تێکشکاوم. پاش ئەو هەموو ئەزیەتە چم لێ وەدەس نەکەوتووە. بەپیاوێکی گەورەو مەزلوومی دەناسم."[١٧٢] ئەمیر ئەمیرایەتی هەڵوەشاندنەوەی ئەم وێنا و وێنە نادروستانەیە، کە ئەویتری دەستەمۆ کردووە، لەبەرئەوە تێکشکانی ئەویتر لەبەرامبەر من، جۆرێکە لە دەرکەوتنی ڕاستیی من، کە تا ئیستا پۆشراوە و ڕێگەنەدراوە خۆی دەربخات، لەبەرئەوە حوسێن دەیەوێت دوور لەو بیرە چوارچێوەدارەی[1] بۆ منی کورد ئامادەیە و دانراوە، لەگەڵ ئەمیر بدوێت، ئەمیر سڵ دەکاتەوە لەوەی ئەمەش سیاسەت بێت، بۆ دانپێدانان، بەڵام لەگەڵی دەڕوات. حوسێن دەڵێت، لەبەشێکی نووسراوەکە نەگەیشتم نازانم بە چ خەتێ نووسراوە، ئەمیر دەڵێت:

- ئەمانە کوردین.

- بۆ کوردیش خەتی هەیە؟!

- بەڵێ."[١٧٣]

---

[1] - بیرکردنەوەی کلێشەیی Sterooypy بریتییە لەو بیروباوەڕە ئامادە و لە قاڵبدراوانەی، کە بەبێ بیرلێکردنەوە تاک و کۆمەڵ ئاڕاستە دەکەن، بۆ نموونە، سپییێست بێئەوەی بیربکاتەوە ڕقی لە ڕەشپێستە، ئەویتری بەعس و تورک... وێنەگەل و بیروباوەڕگەلێکی پێشینەیان بەرامبەر بە کورد بۆ دانراوە، دوور لە ڕاستیی کورد بەو بیروباوەڕە پێشینانە کورد دەناسن و بڕیاری بەسەردا دەدەن، ئەمە بۆ کوردیش بەرامبەر ئەویتر ڕاستە. دیارە ئەم چەمکە گەلێک فراوان و فرەڕەهەندە، بۆ تێگەیشتنی زیاتر فەرموون:[Baumeister ٢٠١٠: ٥-٢٤] و [دەغاقلە: ٢٠٢٠]

حوسێن وا تێگەیەنراوە، کوردی زمان نییە، ئەمیر دەڵێت: "ئێوە لە زمان دەترسن... کوردی زبانە، ئەوەی ئێوە دەڵێن لەهجەو گویش و ئەوانەیە، بێ دەلیل لێتان بۆتە عادەت"،[١٧٣] دۆخی هاوڕێیەتی، هاوڕێیە بە دەرکەوتنی ڕاستیی، لەبەرئەوەی ئازادی نەک فشار کارایە. ئەویتر بۆ ساتێک ململانێی دەنگی ویژدان و بەرژەوەندیخوازی کارادەبێت، وا بیردەکاتەوە، ئەگەر ئەمیر دانیپێدابنێت، کە جیاوازیخوازن، ئەوا، "زۆر زوو پلەو پایەی دەچووە سەرێ. هێندە دەو فکرەدا نامێنمەوە، دیسان ئەمیر دەڕوانگەی مندا بەرز و بەرزتر دەبێ".[١٧٤] دواتر حوسێن دەپرسێت، باشە ئەمیر ئێوە هەژارن، بەڵام ئەم ناوە شازادانەیە چییە. ئەمیر دەڵێت، ئەم ناوە خۆم بۆ خۆمم دۆزییەوە، باوکم ناوی (عومەر)ی لێنابووم، بەڵام لە ترسی ئێوە کردمە ئەمیر. لەم گفتوگۆیەدا ئەمیر ئەوە لە حوسێن دەگەیەنێت، کە ئەویتر کە ئێوەن، حکومەتن، مافی ئینسانیبوون لە ئێمە دەسێننەوە، (ئازادی) مافێکی مرۆییە و ئەویتر زەوتی دەکات، حوسێن دەڵێت: "ئەمیر دەڵێی چی؟! ئێران بەپرتاو بەرەو شارستانیەت دەڕوا".

- بەرواڵەت بەڵێ، بەڵام ئەوەت عەرزکەم حکوومەتی دژی ئازادی ناتوانێ بەرەو شارستانییەت بڕوا.
- لەبەرچی؟
- لەبەرئەوەی ئەندێشە، بیر و خۆدۆزینەوە و خۆناسینی ئینسانەکان ڕادەگیرێ. شارستانییەت بەبەرگ و لیباس وە...پێکنایە-نموونەیەک؟
- گیرانی من.
- تۆ دژی ئەو پێشکەوتنەی.
- دەلیلت چییە؟
- ئەوانەی سەرێ وا دەڵێن. ئەگەر واش نەبێ بڵێ بزانم لەمافی ئینسانی چت دەوێ؟".[١٧٥]

لەم گفتوگۆیەدا ڕوانگەی ئەویتر و بیری کلێشەیی بە باشی دەرخراوە، کە ئەویتر وام دەبینێت و وابڵاویدەکاتەوە و فەرمان دەکات، کە منی کورد دژی پێشکەوتنە و جیاوازیخوازە، زمانی نییە...ئەمیر دەڵێت، مافی مرۆڤ نادرێت لە زاتی مرۆڤ خۆی دایە، بەڵام حکومەتەکان زەوتی دەکەن، حکومەت خەڵک ناپارێزێت، خۆی دەپارێزێت. لەم دۆخەدا، لە ترسدا ماف پێشێل دەکرێت و ناگوترێت، لەبەرئەوە کۆمەڵیش پێش ناکەوێت، "پاشکەوتوویی نابێتە شارستانیەت"[١٧٥]. کەواتە "ئەم دایەلۆگە هەم حەقیقەتی دەسەڵات ئاشکرادەکات، بەوەی کە لە جیاتی مافەکانی خەڵکی بپارێزێت، دەسەڵات زەوتییان دەکات، هەم ئەوە دەسەلمێنێت، کە مافەکانی مرۆڤ دەسەڵات و حکوومەتەکان نایدەن، چونکە ئەو مافانە پەیوەستن بە خودی مرۆڤ و لەگەڵ لەدایکبوونیی، ئەو مافانەی هەن".[ڕەسوڵ، ٢٠١٣: ٩٦]

حوسێن وەک ئەوەی یەکەمجارە ڕاستییەکان دەبیستێت، هێندەی تر دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەمیر، بەڵام سوچێکی ئەندێشەی لای دیوە فەرماندار و بەرژەوەندیخوازەکەی ئەویترە، هاوکات دیوێکی هزریشی گومانگەرایە لە ڕاستییەکان، وەک ئەفلاتون لە میتافۆری ئەشکەوتدا، ئاماژە بەو کەسە ڕاستیناس و خۆڕزگارەکەرە دەکات، کە دێت بە هاوڵەکانی بڵێت سێبەر ڕاستی نییە، سەرەتا

خەڵکی ناو ئەشکەوت باوەڕی پێناکەن،[ئەفلاتون، ٢٠٠٩: ٣٣٩] حوسێنیش گومانگەرایە و دەڵێت: "ئەی بۆ وایان بەئێمە سەلماندووە"،[١٧٦] ئەویتر سەدان ساڵە ئێمەی وا لە ئێوە تێگەیاندووە، ئێستا خۆت دەبینم، کە شتێکی تری، کەواتە ئەوەی وتراوە ڕاستە یان ئەوەی دەیبینم! هاوکات حوسێن ترس و ئارەزووشی لە پێگەی خۆی هەیە، ترس لە لەدەستدان، ئارەزووی پلەبەرزکردنەوە، بەڵام ڕەهەندە ڕاستیی ویستەکە حوسێن هاندەدا و دەڵێت:"ئەمیر ئاقڵە، مەزڵوومە و من ناپیاو. مچوڕکێک بە بەری پێمدا دێ بەتۆقی سەرمدا دەچێتە دەرێ."[١٧٦] ئەمە مچوڕکی لەسەر هەقبوون نییە، بەڵکو هی ڕاستیی ناسین و خۆدۆزینەوەیە، کە بۆ یەکەمجارە چاوی ڕاستییەکان دەبینێت و لێی ڕاناکات، چونکە بینین تەنیا بەس نییە، بەڵکو دانپێدانانیش گرنگە.

ڕۆماننووس هەر سەبارەت بە واتێگەیەنران و بیری چوارچێوەیی ئەویتر بۆ من و پرسی منی کورد لە ئێران، ئاماژە بە کۆمەڵێک نموونە و پرس دەکات. ئازاد، کە لە زانکۆیە، نیگای توندی کچێک[دواتر دەزانین نیگای کچی ناو خەونەکانی خۆیەتی] سەرنجی ڕادەکێشێت، بەڵام لێی تێناگات، لەم نیگایەوە، ئاماژە بە واتێگەیەنرانی ئەویتر لە من دەکات، ئازاد دەڵێت: "جار جار دێمە سەر ئەو باوەڕە، کورد بەدەعبایەکی سەیر بزانێ. فکرێکی عەوامانەمان هەیە دەڵێن: (کورد لەتایفەی شایەتینییە) ڕەنگبێ ئەو ئەفسانەیەی لەمنداڵییەوە بیستبێ. یاخەڵکی ناوچەیەکی دووربێ و تازە تێگەیشتبێ کورد (بنیادەمە). جارێکی دانشجوویەکی ڕەشتی دەیگوت:

تا تۆم نەدیبوو نەمدەزانی کورد ئەوەیە. بیستبووم کورد(ئینسان خۆرە، گوشتی بنیادەم بەشیشەوە دەکەن و دەیخۆن. ماوەیەکی تەواو خۆم لێ لادەدای هەتا دەگەڵت ڕاهاتم. ئێستا ئەو ڕوانگەیە ئەزیەتم دەکا)"[١٨٤]. بینینی کورد وەک شەیتان لەلایەن ئەویترەوە، مێژوویەکی هەیە، توێژەرێکیش پێیوایە، ئەمە پرۆژەیە[خەلیل، ٢٠٢٢: ١٧٨]، هەروەها ئازاد کاتێک گفتوگۆ لەگەڵ ئیلاهە دەکات، ئاماژە بە زوڵمی حکومەت لە تورک و کوردیش دەکات، بەڵام دەڵێت، کورد دووجار زوڵمی لێدەکرێت، "زوڵمی کوردایەتی بەتەنێ لێ دەکرێ، زوڵمی ئێرانی بوونی وێڕای میللەتی ئێران. جا بۆیە وەک فەرمووت کوردەکان لەهەمووان توندترن. کورد پتر هەست بە ژان دەکا[...]ئەو بە کەم زانینە دەردە، دە ماڵی خۆیدا غەریبە"[١٨٩] ئازاد ئاماژە بەوەش دەکا، کە ئەویتر لەگەڵ هەر جوڵانەوەیەکی ئازادیخوازیی، مۆری جیاوازیخواز لە کورد دەدات، جیامان دەکاتەوە و مۆڵەتیش نادات جیاببینەوە و وەک تاوانبار مامەڵەمان لەگەڵ دەکات. ئیلاهەش وەک ئەوانیتر گومان دەکات، کە کورد بتوانێت خۆی بەڕێوەببات، کە ئەمەش هەر بیرێکی چوارچێوەییە و پێیوایە کورد نەزان و کەم توانان و ناتوانن خۆیان بەڕێوەببەن، بەڵام ئازاد پێی دەڵێت:

ـ چاوکە ئیلاهە، ئەو مامۆستایانەی زانکۆ کوردیان تێدا نییە؟

ـ با، بگرە زۆریشن!

ـ ئێمە دە قۆناخی عەشیرە و عێل و ئەوانەدا نەماوین، لەمێژە دانشگا گەورەکانی دنیا دکتۆرای زبانی کوردی دەدەن، دەحاڵێکدا لە وڵاتی خۆمان بەرەی دەسەڵاتدار بەزمانی ڕەسەنی کوردی دەڵێن(گوویش) هەرگیز نەیانهێشت خۆمان بەسەر خۆمان ڕابگەین. کەسێک بتوانێ لەدانشگا دەرس بڵێ بۆ ناتوانێ بەسەر شارێک یان ئوستانێک ڕابگا؟! من ئەوەت پێ بڵێم زۆر جاران کێشەی کورد سەرکوت کراوە، بەڵام نەبڕاوەتەوە. چارەی ئەم کارە حەلکردنی ئەو کارەیە بەلایەنی سیاسیدا، نەک بەشێوەی نیزامی.[...] ئێمە براکوژیمان ناوێ. ئەم وڵاتە ماڵی ئێمەیە"[١٩٠]. ئازاد پێیوایە ئەویتر بەکردە و تێگەیشتن ڕێگەگرە لەوەی کورد بەخۆی ڕابگات و پێبگات، هەروەک لەماڵی خۆیدا وەک میوان و غەریبە هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرێت، سەردەستەی ئەویتر و ژێردەستەبینی کورد، بووەتە هۆکاری سەرهەڵدانی بزوتنەوە سیاسیی و چەکدارییەکان، کێشەی ئەویتر ئەوەیە نایەوێت من وەک من ببینێت، بەڵکو وا من دەبینێت، کە لە ئەندێشەیدا بۆی دانراوە.

دیارە ئەم ڕۆمانە گەلێک بە بڕشتە، بەڵام بۆ دەرفەتتان بە وێنەکانی تر پوختی دەکەینەوە. ئازاد پاش ئەوەی لەزانکۆ بەیاننامە بڵاودەکاتەوە، لەلایەن ساواک دەگیرێت، ئەشکەنجەی زۆر دەدرێت، هاوشێوەی ئەوەی لەخەونەکانیدا دەیبینێت، بۆیە خەون و واقیع تێهەڵکێش دەبن، دەبنە شتێکی زیندووی ناو گێڕانەوەکە، ئازادی واقیع پاش ئەو هەموو ئەشکەنجەیە لە حوسێنی ناو خەونەکانی سڵدەکاتەوە، "شەپێک لە زگم دەدا، خوێن بەزارمدا دێتەخوار، بەردەبمەوە، بەرچاوم تاریکە، بەپێلاقە تێم بەردەبێ.[...]بەحاڵ چاوم دەکرێنەوە، تارمایی، ڕەشکەوپێشکە، دوکتۆرێک بەگووشیەوە، سرۆم بەباسکمەوە، زەڕی، خەونە، نانا ئەوە خەن و خەیاڵ نییە. ئیلاهە، ئەو ژنەی تر،(حوسێن)م، زەڕی زۆر جحێل بوو، نا، هەرگیز من حوسێن نیم. لەکەس نادەم. ئازادم، لێیان داوم، ئازەری نیم کوردم، چارەڕەش، بێکەس، بێ ماف، بێ حەق..."[٢١٥] ئەم پەیامە گوتاریە گرنگ و پێویستە، کە من چەند تراژیدییانە لەسایەی ئەویتر ژیابم، ناکرێت ببم بە ئەویتر، من منم، ئەویتری تۆڵەسێن و ڕقپەروەر خزمەتی بوونی کوردانە و مرۆییانەم ناکات، چونکە ئەو دەمە دەبمە نامرۆڤ- ناکورد، بوونی ڕاستەقینەی خۆم ون دەکەم و لەو چوارچێوەیەدا کایە دەکەم، کە ئەویتر ئامادەی کردووە، بێهۆ نییە، زۆرجار خەباتی من خزمەتی ئەویتری کردووە، هەرچەند دژی ئەویش خەباتم کردووە، بەڵام لەبەرژەوەندی ئەویتردا شکاوەتەوە. هاوکات ئەویتری تورکیش لە ئێران، کە خزمەتی ئەرتەش و نیزام دەکات، لەڕێگەی گوتاری ڕۆشنبیریی و عەشق و سۆزی باوکایەتییەوە، هۆشیار دەبێتەوە بەرامبەر بە من و خودی خۆشی، ئەمەش دەستکەوتێکی تری فرەدەنگی ڕۆمانەکەیە، کە لەناو مندا ئەویتر و منێکی تورکیش هەیە، واتە سیانەی کورد و تورک، حکومەتی کۆکردووەتەوە، تا ئازادانە گفتوگۆ بکەن و خۆیان دەربخەن. کەواتە دوانەی دژ و بەرامبەر زنجیرەیەک پەیوەندیی دژیەک و تێهەڵکێش و ناکۆکیی لەخۆیدا کۆکردووەتەوە، کە حوسێن دژی خۆی دەوەستێتەوە، ئازادیش لەگەڵ حوسێندا ناکۆک و لەگەڵ واقیع تێهەڵکێشە.

هاوکات گوتاری ڕۆمانەکە تێهەڵکێشی من و ئەویتر و هۆشیاربوونەوەی ئەویتر لە خۆی و من بە واقیعەوە دەبەستێتەوە. حوسێن پاش هۆشیاربوونەوەی بڕیاردەدات چیتر سزای ئەمیر نەدات و واز لە کارەکەی بهێنێت، لەبەرئەوەی نهێنی ساواکی لایە، دڵنیایە دەیکوژن، بۆیە بڕیار دەدات خۆی بکوژێت، لەنامەیەکدا بۆ زەریێی هاوسەری دەنووسێت: "هەرچی کردم و کڕاندم[...] تەنیا ڕێگام خۆکوشتن بوو، ئەگەر کەسێک پرسی بڵێ:(خۆیان پێ کوشت)."[٢٥٨]. ئەم خۆپێکوشتنەی ئەویتر لەژێر فشاری ئەویتری گەورە واتایەکی فراوانی هەیە، کە ئەویتری ئامێر لە هۆشیاربوونەوەدا بەرامبەر بە خۆی و من، بەرگەی ئەویتربوون و ئەویتری گەورە ناگرێت، خۆی دەکوژێت. دەکرێت خوێندنەوەی وا بۆ بکەین، کە ئەویتر هێندە من بە هەق دەزانێت ئامادەیە لەپێناومدا خۆی بکوژێت، یاخود وەکخۆی دەنووسێت: "ئەگەر ئینسانانە نەژیاوم، ئینسانانە دەمرم"[٢٥٧]، ئەمەش بڕیاردانێکی ڕادیکاڵ و بنەڕەتییە، کە هۆشیاریی ئازادیی و مرۆڤبوون پێیداوە، نەک دژبەری من و ئەویتر، لەبەرئەوە بە هۆشیاربوونەوەی حوسێن لە خۆی، تێدەگات ئەوەی سزای دەدات ئەمیر نییە، بەڵکو خودی خۆیەتی، ئەویتر بەرلەوەی من سزا بدات، خۆی سزا دەدات، بەرلەوەی من بکوژێت خۆی دەکوژێت، چونکە چیتر ناتوانێت ئەوەبێت، کە ئەویتری ناڕەسەن لێی داوادەکات، ئەمەش قۆناغی گواستنەوەی ناڕەسەنییە بۆ ڕەسەنبوون.1 بەپێی گریماس ئەم خۆ-ئەویتر ڕەتکردنەوەیە، هەڵوێستە بەرامبەر من و ئەویتر و خودی هۆشیاری، کە پەیوەندییەکەی ناولێنەنراوە، چونکە دەکەوێتە ناو قۆناغێکەوە لە چەمکی ئەویتر هەڵدێت و بەرەو نا-ئەویتر دەڕوات.

لەتەنیشت ئەم چیرۆکە خەونە، ئازاد لە واقیعدا بەهۆی نامەیەکی ئیلاهەوە لەو پەیوەندیی و نیگا ئاڵۆزەی ئیلاهە تێدەگات، دەزانێت ئیلاهە و زەریێ دایکی وەک باوک و مێرد بینیویانە، چونکە حوسێنی ناو خەونەکەی ئازاد مێردی واقیعی زەریێ و باوکی ئیلاهە بووە، لەبەرئەوە ئیلاهە لە نامەکەیدا بۆ ئازاد دەنووسێت:"تۆ هێندە وە باوکم دەچی تەنانەت دایکم ئەو ڕۆژەی چاوی پێت کەوت بڕوای نەدەکرد ئەو نەبی[...]ئازاد گیان! یا باشترە بڵێم باوکی خۆشەویستم کاتێک من دوو ساڵانە بووم، باوکم خۆی کوشت یا خۆیان پێ کوشت."[٢٦١]. ئەمەش گوتارێکی گرنگی ڕۆماننووس دەردەخات، کە من بۆ ئەویتر لەمێژووی کۆندا پێگەی سەرەکیم هەبووە و لێم سەنراوەتەوە. ئەمە وێڕای ئەو گوتارەی، کە من ئەگەر ئەویتری فارس ڕێگەبدات، پێکەوەژیانی ئازادانەم دەوێت و لەگەڵ ئەویتر وەک یەک خێزان دەژیم، کە ئەمە لە پەیوەندیشی لەگەڵ زوهرە دەردەکەوێت.

---

[1]- لە فەلسەفەی هایدیگەردا بوونی ڕەسەن و ناڕەسەن وەک شێوازێکی بوون باس دەکات، کە بوونی ڕەسەن ئەوەیە خۆی بڕیار و هەڵبژاردنی هەیە، نەک ئامێربێت و بڕیاری بۆ بدەن، بوونی ڕەسەن بەرپرسیارێتی بڕیاردانەکەی هەڵدەگرێت، نەک خۆی بدزێتەوە لە پەرپرسیارێتیی و بیخاتە ئەستۆی ئەوانیتر، لێرەش حوسێن لە خۆیان پێ‌کوشت، بڕیاردانێکی گواستنەوەئامێزە لەنێوان ڕەسەنییەت و ناڕەسەنییەت، ئەوەی کە پێی دەکەن و ئەوەی ڕازی نییە ئەوە بمێنێت کە ئەوانیتری ساواک لێی دەخوازن.[هایدیگەر، ٢٠١٣: ١٨٦]

## پاری دووەم: دین و دنیا

ڕۆمان زادەی شار، پیشەسازی، دنیای پێشکەوتن و ژیانسازیی و ڕۆشنگەرییە، لەبەرئەوە گوتاری ڕۆمان زۆرتر لەخزمەتی چاکترکردنی دنیا و ژیانی مرۆڤدایە. دوانەی دین و دنیا هەمبەر و دژی تەواو نین، مادام دین لێرەیە، ئەگەرچی بانگەشەی دنیایەکی جیاواز لەم دنیایەش بکات، هێشتا گوتارەکانی دابڕاوی دنیا نین، بەڵام دنیای دین و هێماکانی لای کەلتوور و مەزهەب و ئیماندارە جیاوازەکان دەگۆڕێت. لە دنیای ڕۆژهەڵات و بەتایبەت کورددا، هێما دینییەکان بۆ داگیرکردنی دنیا بەناوی ئەودنیاوە چالاکە، هەرچەند بانگەشەی دنیانەویستی بکرێت، لای گروپگەلی تایبەت هەڵپەی دنیاویستی دەبینین، لەکاتێکدا وەک کەلتوور و لای خەڵکی ئاسایی دنیا و ژیان، کەم و نزمتر بەرامبەر دین نیشاندەدەن. ئەم ناکۆکییە، کە دەسەڵاتدارانی دینی، دینێکی سیاسییان پەیڕەوکردووە، بووەتە هۆکاری کارەسات و ڕووداو، دامەزراندنی دنیابینی و کەلتووری کۆمەڵ. ڕۆمانیش، کە زادەی کۆمەڵە و لە بینینێکی بە ئاگا و سەرنجدەرەوە بەرهەم دێت، ڕەخنەی ئاڕاستەی ئەو کەلتوور و دنیابینییە مەترسیدارانە گرتووە، کە کاران و کۆمەڵ بێ وردبوونەوە و پرسیار جێبەجێی دەکات. گێڕانەوەی کوردی لە سەرەتاوە ڕەخنەی ئاڕاستەی دین بە دەست و هەندێک گوتاری دینیی گرتووە، چ پیاوە دینییەکان بێت، یاخود نەریت، فیقهـ شەریعەت و دەق. لە قۆناغی یەکەمدا سەرنجمان خستەسەر هەندێک لەو ڕەخنانە، لێرە دین و دنیا بەرامبەر گیراوە، کە گوتاری ڕۆماننووسان زۆرتر دنیاییە و ڕەخنەگرانە ئاڕاستەی جیهانبینییە دینییەکە کراوە، بەڵام لای ڕۆماننووس بەختیار عەلی، کە لەم قۆناغەدا دیارترین ڕەخنەگری ئەم پرسەیە، لە قووڵاییدا یەکێتییەک لەنێوان خودا و دنیاویستی بەرجەستەدەکات، کە لەم گەشتە توێژینەوەیەدا ئاماژەی پێدەکەین.

### ١. خودا بکوژی شۆڕشی هەژاران

برسێتی و هەژاریی زانین

بەگشتیی ڕۆمانە مێژوویی و شۆڕشگێڕییەکان، کە باسی ستەمی هێزێک بەرامبەر بە منی کوردی چەوسێنراو دەکەن، زۆرجار کەسێتییەکان پەنا بۆ خودا، وەک تۆڵەسێن و داوالێکراو دەبەن. هاوکات پرسی جولەکە و جولەکەکان لە هەردوو ڕۆمانی *گوڵی شۆران* و *ئاوێنە سەرابیەکان* شێوەیەک لە هاوسۆزی گوتاری گێڕانەوەی لەگەڵە، چونکە لەلایەن دینی سەردەست، کە ئیسلامە و موسوڵمانانی زۆرینە جولەکەی کەمینە دەچەوسێنرێنەوە. دنیاویستیش لەناو مەرگدۆستی ڕۆمانە

شۆڕشگێڕییەکان ئامادەیە، لەبەرئەوە تۆڵە و خوگرتن بەچەک و چیاوە لای کەسێتییەکان دەبینین، وەک ڕۆمانی *گەماڵ* و کانەبی لە *ئاوێنە سەرابیەکان*، یاخود ئاواتخواستن بە مەرگ لەدەمی هەژاری و چەوساندنەوەی ناو زیندان، یاخود نائومێدی لە ژیان و شۆڕش وەک سەرهەڵگرتنی لاس لە *گوڵی شۆران* و خۆکوشتنی کەمال لە *ئاوێنە سەرابیەکان*. لێرەدا لەسەر دوانەکە وەستاوین و مەبەستمانە ئەوە نیشانبدەین، کە ئایا دەسەڵاتی کەلتووری دین و گوتارەکەی چەشنێک لە بچووکبوونەوە و دژە ژیان و دنیاخوازی لەگەڵ خۆدا هەڵگرتووە؟ یاخود ئەم دوانەیە بە تەبایی ئامادەن، هاوکات پەنابردن بۆ گوتاری دینی لەلایەن هێز و ئایدۆلۆژییەکانەوە چەند دژە ژیان و ژیانویستییە، چونکە لەو ڕۆمانانەی تایبەتن بە ئەنفال، وادەرخراوە، کە گوتاری دینی لەلایەن بەعسەوە کراوەتە سەرچاوە، ئایا بەعس دنیاویستە یان دینویست، کاتێک مەرگ بە منی کورد دەدات؟ ئەو بەناوی دینەوە من دەسڕێتەوە، بۆ ئەوەی ژیانی خۆی باشتربکات، ئەمە دنیاویستییە، یان مەرگدۆستی، کە پشت بە سەرچاوەی دینی دەبەستێت؟ لە خوارەوە شیکاری چەند ڕۆمانێک بەپێی ئەم پرسانە دەکەین.

ڕۆمانی *ڕێگا* [مەم، ٢٠٠١] پانتایی گێڕانەوەی لەسەر سیانەی دین، ڕابەری دینی و کاریگەری کەلتووری دینی لەسەر جیهانبینی خەڵک و کەسێتیی سەرەکی شێرکۆ دامەزراوە، کە شێرکۆ بە یارمەتی خودهۆشیاریی و گوتارەکانی کۆمەڵەی هیوا، ئەو تێگەیشتن و کەلتوورە دینییە دەگۆڕێت، چونکە پێیوایە خودا میراتییەکە لە باوکییەوە بۆی ماوەتەوە و پێویستە لێی یاخی بێت.[٢٥] کەواتە *ڕێگا* تەرخانە بۆ ڕەخنەی گوتاری دینی، کە نوێنەرانی ئەم گوتارە لە چەند ڕەهەندی جیاوازەوە ژیانی خەڵکی بە پەیامە ئەودنیاییەکان(قیامەت و ئیتاعەت) پڕکردووە، تا بیر لەم دنیا نەکەنەوە، ئەگەر بیریان کردەوە ئیماندارانە بیربکەنەوە.

برسێتیی ئەو دیاردە و دۆخە ترسناکەیە، کە ژیانی خەڵک ئاڕاستە دەکات، لەبەرئەوە خەڵک تەنیا بیر لە نان پەیداکردن دەکاتەوە و ئارەزوو و خواستەکانی تری ژیان وەلادەنێت. پیاوانی ئایینی لەژێرەوە و بەئاشکرا لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسیی باڵادەست ڕێکەوتوون تا ژیان لەبەرچاوی خەڵک بخەن، بۆ برسێتیی و کارەساتەکان ڕوو لە خودا بکەن و بە بەشی خودای بزانن، نەک یاخی بن و شۆڕش بەرپابکەن. لە ڕێگادا ڕەخنە لە کەلتووری پیاوسالاری و دنیانەویستی و بێهەڵوێستی گیراوە، دین و پیاوانی دینی دەسەڵاتداریش بە هۆکاری داگیرکاری، چەوساندنەوە، نەهاتی و برسێتیی زانراون، چونکە ئەمان خاوەنی هەموو هێزە دنیایی و مەعنەوی و بەهاییەکانن. سێکوچکەی 'حاجی، مەلا و شێخ' سەرچاوەی دەسەڵاتی دین و دنیان، داگیرکەری سەرچاوە مرۆیی و ئاکاری، ژیارییەکانن. ئەوانن دەوڵەمەند و تێری مەعنەویەت و سێکس، بەرهەمی جوتیاران داگیرو عەمبار

دەکەن و دەینێرن بۆ دەرەوەی وڵات و وڵاتانی ئیمپریالیست، خەڵکیش برسی و گێل دەکەن، هانیان دەدەن نزابکەن، داوا لە خودا بکەن لەم بەڵایە(غەزەبە) ڕزگاریان بکات، نوێژە بەبارانێ بکەن. "لە کۆشک و باڵەخانەکەی ماڵی شێخ قطب‌الدین...یش، لە هەشت کەنیزەک پتر، کون و کەلەبەری ژیان و..نەوس و دەروونی ئەم پیاوە خوداییە پنج دەکەن، جگە لەمانەوەش...ئەو هەر بەردەوامە لەسەر کڕینی کچۆڵەی هەژار و پارچەڵەی خێزانە برسیەکانی ناوچە!!...ئەو هەر لەڕێگای خوداشدا، ئەمانە دەکڕێ، لەڕێگای خوداشدا، بەدەستی موبارەکی خۆی...پەروەردەو قەڵەویان دەکا"[١٢٠]. شێخ و حاجی و سۆفیە دنیانەویست و ئارەزوونەویستەکان خاوەنی کۆشک و تەلار، کۆشی نەرم و گەرمن، ئەمانن بەناوی دینەوە بازرگانی بە مرۆڤەوە دەکەن.

شێرکۆ و دایکی و خەڵکە برسییەکە، چەند ڕۆژە بۆ دەستکەوتنی گەنم بە کاروان بەڕێوەن، سەرچاوەی برسێتی تۆفیق بەگ و حاجی و شێخ قطب‌الدینە، کە گەنمیان هەڵگرتووە و نایدەن بە خەڵک و بە پارەی زۆر دەیفرۆشنەوە، بەڵام لەناو کاروانی برسییاندا، تێیاندایە خۆیان تاوانبار دەکات، کە خودا غەزەبی لێ گرتوون، "کوڕە عەمباری تۆفیق بەگی چی!...عەمباری حاجی و ماجی و چاڵ و چەوەندەری چی!...ما عەمباری عوسمانلیش ئەو هەموو کردارە هەڵدەگرێ؟

[...] کوڕە ئێوە چ دەڵێن؟ بۆ ڕاستییەکە ناڵێن...بۆچ ناڵێن کە خودای تەعالا زارکی عەمباری ڕەحمەت و بەرەکەتی خۆی لێ گرێ داوین...! غەزەبی بەسەرماندا باراندووە!!

پور ئەستی [...] ناڵاندی:

ـ هەتا ئێمە...چاک و ساڵح نەبین...هەتا لەخودا دووربین، هەر دەبێ ئەوە دەردمان بێ!."[٢٣٤]

لە تەنیشت ئەم گوتارە دینییە، خەڵکی برسیی، قوربانی گوتارەکە و خۆراکی قەڵەوکردنیەتی، ئەمە بەپێی گریماس لە چوارگۆشەی واتاییدا پەیوەندیی پێچەوانەیە، چونکە برسێتی نادینییە و دینی دەکرێتەوە، لە تەنیشت ئەوەشدا گوتاری ڕۆماننووس، کە کەسێتی سەرەکی شێرکۆ وەک ئەندامی کۆمەڵەی هیوا نمایندەی دەکات، بەمجۆرە وەڵامی ئەم بیرکردنەوەیە دەداتەوە، "بەهۆشیارییەکەوە...گوێم بۆ گفتوگۆیەکان شل کردبوو، لەبەرخۆمەوە دەمگوت:


ـ کوڕە سەیر ناکەی ئەم خەڵکە کلۆڵە...چەند بەئاسایی خەنیمی خۆیان...خوێنمژانی خۆیان...فەرامۆش کردوون و...بەرۆکی خودایان گرتووەو...هەموو ئەشکەنجەو ئازارێکی دەیچێژن هەموو کەچ و کوڕی ژیانیان دەدەنە پاڵ ئەو!!

ـ ئیمجا خودا بۆچ؟... دەمەوێ بپرسم:

بۆچی خودا غەزەب و قین بەسەر هەژارو بێ دەسەڵاتی وەکو ئێمە دەبارێنێ؟

ـ بۆچ هەرچی کوێرەوەری و ناڵەبارییە...دەیکاتە بەشی ئێمەمانان؟ برسیمان دەکا...نەخۆشمان دەکا...ڕووتمان دەکا...کەرمان دەکا...بەرەنگاری ڕێگای سەخت و پرکۆسپی ژیانمان دەکا، بەرامبەر

ئێمەش...خۆشی و کامەرانی و بەختەوەری...جێگای گەرم و نەرم...خۆراکی چەورو شیرین دەکاتە بەشی تۆفیق بەگ و مام حاجی و شێخ قطبالدین و پیاوە ملهوڕەکانی حکومەت!....بەشی زۆردارو دەسەڵاتدارەکان، لەوەختێکا کە ئەمانە نەخودا دەناسن نەبەڕاستی دەیپەرستن، هەموو ڕەوشت و کردەوەکانیشیان بەپێچەوانەی فەرمانەکانی ئەون؟"[٢٣٥] بەهۆی ئەم دوو گوتارە دژەوە، کە دنیایی و دینییە، دوانە دژەکان ڕووبەڕوون، لایەک تێر و کامەران، لایەک برسی و بەدبەخت...بەڵام لە دیدی شێرکۆوە، **دینییەکان دنیایی و دنیاییەکان دینین**، ئەمەش بەپێی گریماس پیاوانی دینیی لەناو پەیوەندی ناکۆک و لەخۆگرتندان، چونکە دین نادنیاییە و ئەوان دنیاییان کردووە، بەپێی شێرکۆش لەخۆگرتنە، لەبەرئەوەی ئەمانە نەخودا دەناسن، نەدەیپەرستن، کەواتە ئەوەی دنیاییە نادینییە.




گوتاری دینی زۆرجار لێکدژیی و ئیزدیواجییەت بەرهەمدەهێنێت، هۆکارەکەشی بۆ ئارەزووی تایبەت و ڕەزامەندی خودا دەگەڕێتەوە، مرۆڤی دیندار لەنێوان وەلامگۆی ئارەزووەکانی خۆی و وەلامگۆی فەرمانەکانی خودا تیادەمێنێت، ڕاگرتنی هاوسەنگیش زەحمەتە. عەلی وەردی، کە کاری لەسەر ئیزدیواجییەت کردووە، پێیوایە، دیاردەی ئیزدیواجییەت لە شاردا زۆرترە، "شار ئەو شوێنەیە، کە ئامۆژگارییە ئایینییەکانی تێدا زۆردەبن و مەیلی مشتومڕ و دەمەقاڵێ تێیدا توندەبێت. خەڵکەکە لە ئامۆژگارییەکاندا فێری نموونەگەلێکی باڵابوون، کە ناکۆکە بەو ڕەوشت و نەریتانەی پێی ڕاهاتوون. بە گوزارشتێکی دیکە، ئەوان لە ئامۆژگاری، مشتومڕ و دەمەقاڵێکاندا ئایدیاڵانە و بەرزدەفڕن، لەکاتێکدا لە واقیعی ژیاندا دژی ئەوە دەڕۆن".[الوردی،[؟؟؟]: ٢٩٣] شێرکۆ پەروەردەی دوو گوتاری جیاوازە، ئایینی و چەپگەرایی. لە منداڵییەوە لەناو گوتاری ئایینی گەورە دەبێت، کە پێدەگات بە بیری شۆڕشگێڕی کاریگەر دەبێت. لەنێوان ئەم دوو جیهانبینییە ململانێ و گونجان دروستدەبێت، لەبەرئەوەی واقیعیش هەردوو گوتارەکە هەڵیدەسوڕێنێت، بۆ تێگەیشتن لە واقیع پێویستی ئایدۆلۆژیای چەپگەرایی و گوتارەکانی کۆمەڵەی هیوا هەیە، هەروەها بۆ تێگەیشتنیش لەو

خەڵکەی ناو واقیع ئەوا گوتاری ئایینی گرنگە، ململانێکەش لەوێدایە دین فەرمانکەر و نەریت و ژێرخانی هزریی و ئەندێشەییە، چونکە ئێرە و ئەودنیاشی داگیرکردووە، لەبەرئەوە ڕووبەڕووبوونەوەی بەبێ هۆشیارییەکی قوڵی دینی مەحاڵە. شێرکۆ لەنێو گوتار و گفتوگۆی ئیماندارەکاندا لە گوتە و بیرەکانی کۆمەڵەی هیوای تێدەگات و پرسیار و گومانی لا دروستدەبێت و گوتارە دنیاییەکان بۆ خەڵک ڕۆشندەکاتەوە و پێیان دەڵێ نالەباری ژیانمان پەیوەستە بە بیرکزی و فریودانمان بە گوتاری دینی و بێهەڵوێستی و ناهۆشیاری خۆمان "مەلا دەفەرموێ: شەیتان باوکی هەموو خراپەیەکە، ئەوەی خراپەش بکا...هاوڕێ و هاوبەشی شەیتانەو دوژمنی خودایە!."[١٩٥] شێرکۆ لەم دەربڕین و ئەو نزایانەی، کە داوا لە خودا دەکات لەم نەهامەتی و هەژارییە ڕزگاریان بکات، بیردەکاتەوە و دەپرسێت: "ئایا.. خودا هۆی ئەم هەموو نالەباری و هەژاری ئەم خەڵکەیە؟

ـ ئەدی ئەگەر وەهابێ!...شەیتان کاری چییە؟ ئەم دەبێ دەوری لەم هەموو کارەساتانەی دنیاو کۆست و قۆرتانەی دێنە پێش خەڵکی دەبێ شەیتان دەوری لەمانە چی بێ؟[1][...] لام ڕوون بوو کە خودا هەرگیز دەستی لەم چۆنیەتیەی ئێمەدا نییە[...] ئایا ئێمە خۆمان تا چ ڕادەیێک دەستمان لەو پاشاگەردانییەو لەم هەموو کارەساتانەی بەسەرمانا دێن.. هەیە؟"[١٩٤]. شێرکۆ باوەڕی بە گۆڕان و ڕووبەڕووبوونەوە و خۆدۆزینەوەی مرۆڤە، بەپێچەوانەی گوتاری دینی، کە شتەکان بە خودا، یان شەیتان دەسپێرێت، لەگەڵ ئەوەشدا بیری ئایینی بەتوندی لەژیانیدا ڕەگیداکوتاوە و ئێستاش ئامادەیە، بۆیە دەرچوون لێی ئاسان نییە.

خێزانی شێرکۆ دیندارن، باوکی سۆفییە و دایکی ئیماندارە. باوکی بە گەرمای هاوین و بەفری زستان شێرکۆ پێش خۆی دەخات بۆ مزگەوت، ڕەمەزانان ڕۆژووی پێدەگرێت، بەڵام، کە پێدەگات دەبێتە قوتابی لە شار و ئەندامی کۆمەڵەی هیوا و پەروەردەی جیهانبینییەکی دنیایی دەبێت. شێرکۆ لەم دوو دنیایەدا پێگەیشتووە، هەرچەند دنیایەکی بەرینی کەلتووری هەیە، کە کاریگەری فراوانی لەسەر داناوە، بەجۆرێک باوکی، کە سۆفییە، خودا و کوڕەکەی وەکیەک دەبینێت. شێرکۆ تاقانەیە و باوکیشی هێندەی خۆشدەوێت، (کە وەک خودایەکی بچووک دەیبینی)[٤٤]، شێرکۆش ئەو وەک خودا دەبینێت، "باوک و خودام لا ببوون بەیەکێک، خودام بە ئەو دەناسی...ئەویشم بەخودا"[٤٩]. ئەم خۆشەویستییە توندە سەرچاوەی ڕێگری شێرکۆبوو، باوکی نەیدەهێشت بچێتە دەرەوە، هەمیشە

[1] ـ ئەم ڕستەیە باشتربوو بەمجۆرەبێت: ئەم[شەیتان] دەبێ دەوری لەم هەموو کارەساتانەی دنیاو کۆست و قۆرتانەی دێنە پێش خەڵکی چی بێت؟. ئەو بەشە دووبارەکردنەوەیە و زیادەیە.

چاوی بەدوایەوە بوو، هاوکات بەپێی کەلتوور و گوتاری ئایینی لای باوکی کوڕ پەسەندە و سەرچاوەی ئیمانە، "لەزاری مەلا سەعیدی شێخزادەوە دەیگوت:

- ئەوەی کوڕیی بە منداڵی مردبێ...یان بەلاوی جوانەمەرگ بووبێ، ڕۆژی قیامەت...جوانە ئەسپێکی بۆ ئامادەدەکرێ، بەئاسانی لەپردی (سیرات) دەیپەڕێنێتەوە و دەیگەیێنێتە بەهەشت، وەلای خودا لەڕێزی ئەوانە دەژمێردرێ... کە ئەولادێکیان لەڕێگای ئەوەوە شەهیدکرابێ!!

دەسا باوکێکی خواپەرستی...سۆفی...وەکو باوکی من، چۆن روحی لەسەر سەری من نابێ؟... بەهۆی منی کوڕ[...]دەرگای بەهەشتی بۆ دەکرێتەوە...پردی سیراتی بۆ کورت و ئاسان دەکات."[٤٦] بەڵام هەستی شێرکۆ بۆ ئەم خۆشەویستییەی باوکی/خودا بۆ سیانەی (خۆشەویستی، ترس و ڕق) دەگۆڕێت. لە ڕەمەزاندا بەدزی خواردن دەخوات، خۆی لە مزگەوت دەدزێتەوە، درۆی لەگەڵ دەکات، کە باوکیشی دەمرێت خۆشحاڵە، چونکە ڕێگرەکە مردووە و ئازادی دەستپێکردووە، "خۆشەویستیم بۆ ئەو...لێ ببوو بەجۆرە ترسێک...ترسێک هەرگیز توندییێکی لەگەڵدا نەبوو...ترسێکی نەرم و پڕ لەدڵسۆزی..هەروا ببوو بە ڕک...ڕکێکی کڕ، لەو باوکەی لای هەموو کەس...لای دایکیشم دەیپەرستم[...] لەو کاتەی ئەو مرد..من وەهام...لێکدەدایەوە کە هەموو ئەو کەسانەی...ئەو شتانەی... هەموو ئەو هۆیانەی بەرگەی گەمە، یاری و چوونە ناو بچوکان و هەواڵانی گەڕەکیان لێ گرتبووم مردن! هەموو ئەو شتانە، هەموو ئەو کەسانە، هەموو ئەو هۆیانە، کە لە ئازدیان کەم دەکردمەوە...بەزۆری نوێژیان پێ دەکردم...ناچاری ڕۆژووگرتنیان دەکردم..لە ڕەمەزانان برسیان دەکردم، بەزۆر خودایان پێ ناساندبووم، لەدنیای منداڵیدا هەڵیان دەکێشام، ئەمانە هەموویان مردن!!".[٤٤-٤٦] سەرچاوەی جیهانبینیی دینی باوکی شێرکۆش گوتار و فەتواکانی شێخ قطب‌الدینە[٤٧]، بەڵام شێرکۆ، کە پێدەگات هەموو گوتار و کردەکانی شێخ ڕەخنەدەکات، چونکە ژیان و منداڵی، خۆشەویست و ئازیزانی برد، لەگەڵ ئەوەشدا بە چاویلکە و ئایدۆلۆژیای کۆمەڵەی هیواوە تێدەگات، کە دەزگاکانی دین و کەسانی وەک شێخ سەرچاوەی نەهامەتین.

شێرکۆ ئەوەی لە کۆمەڵە فێربووە، بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵک بەکاریدەهێنێت، "تازە فێری ئەلف و بێی سیاسەت دەبووم، لەکۆبوونەوەکانی کۆمەڵەی گەنجان...کاک نافیع و ئەوانی دیکە...ئەم شتانەیان بۆ شی دەکردینەوە، چۆنییەتی ئەو ڕۆژە ڕەشانەی لەناویاندا دەژیاین...بەبوونی بێگانە لە وڵات و بوونی ئەو درندەو ئاغاو حاجی و شێخانە...دەیانبەستێتەوە!! منیش لەو هەلەداو لەو ڕێگا دوورەدا...ئەوەی بەمێشکمەوە نووسابوو...لەویژدانم نیشتبوو...بۆ خەڵکی کاروان...هەڵم ڕشت[...]حەزم کرد..ئەوانیش بکێشمە ناو مەیدانی بیرکردنەوە و لێکدانەوە"[٢٤١]. ئەم میوانداریکردنەی خەڵک بۆ ناو بیرکردنەوە و زانین، میوانداریيە بۆ بەهای ژیان و دنیا، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ستەم و چەوساندنەوە، گوتارێکە

جیاوازە لەو گوتارە سیاسی و دینییە دواکەوتووەی بەسەر هزر و خەیاڵ و بەها و ڕەفتاردا باڵادەستە و مرۆڤ بەند و بێ بەها دەکات. ئەم گوتارە مەدەنی، ژیاری و دنیاویست، ڕزگاریخواز و شۆڕشگێڕانەیە و جیاوازە لەو گوتارە دینییەی دەیەوێت ژیان و دنیا لە شوێنی خۆی بوەستێت و خەڵک هەر نەزان و ڕوو لە ئاسمان و پشت لە زەوی بێت.

## ٢. عەشق و ئیمان

"باڵاترین پلەی ئیمان، عیبادەتی بەردەوامی خودا نییە، بەڵکو دوورەپەرێزییە لە جیهان."[عەلی، ٦٠]

"هەرشتێک بمانباتەوە سەر خۆشەویستی ژیان خوداییە."[٣٦٨]

کاتێک بیرکردنەوەی مرۆڤ لە دیالێکتیک و پەیوەندییەکانی ناو دوانەی بەرامبەر بۆ باوەڕ دەگۆڕێت، ئەوکات تاکدەنگی و دیکتاتۆری جێگەی گفتوگۆ و ئازادی دەگرێتەوە. باوەڕ جۆرێکە لە وەستانی بیرکردنەوە و گەیشتن بە ئاکام و ئەنجام و دڵنیایی. کێشەی باوەڕ ئەوکات سەرهەڵدەدات، کە جگەلە خۆی هیچیتر نابینێت و نابیستێت، کاتێکیش بەرامبەرەکەی دەبینێت وەکخۆی نایبینێت، ئاوا دەیبینێت، کە باوەڕەکەی پێیدەڵێت، نەک بەو جۆرەی خۆی هەیە، لەبەرئەوە وێنەکە هەمیشە مۆنتاژکراوە بە ئەندێشەی باوەڕ، کە زۆرجار ڕەتکردنەوە و تیرۆر دەبێتە ئەگەرێکی بەهێز. لە ڕۆمانی *ئێوارەی پەروانە*[عەلی، ٢٠١٣] ململانێ و جەنگ، گفتوگۆ و تێگەیشتن لە دوانەکانی کوفر و ئیمان، خۆشەویستی و نەفرەت، چاکە و خراپە، ژیان و مەرگ، بەهەشت و دۆزەخ، خودا و شەیتان، ڕۆح و جەستە، گڵاو و پاک، خەندە و گریان... دەرخراوە. ئەم دوانانە بە دنیایەک هێما و نیشانەی زمانی، ڕەفتاری و دەرکەوتەیی چنراون و بوونەتە سەرچاوەش بۆ چەندین دوانەی نوێ. دوانەی بەرامبەری بنەڕەتی بەهای واتاییە و چوارگۆشەی نیشانە-واتایی گریماسیش بۆ شیکارکردنیان دەستکراوەیە.

*ئێوارەی پەروانە* چیرۆکی کوشتن و ئاوابوونی خۆشەویستیی، جوانی و هونەر و ژیانە لەم شارە، کە هێزە ئیماندارە توندڕەوەکان بەناوی پیرۆزیی، یەزدان و قورئانەوە، جیهاد دژی عاشقان و جوانپەرست، هونەرمەند و ئازادیخوازان دەکەن. ڕۆمانەکە لەڕێگەی ڕەگ و هێشووە وێنەکانییەوە ڕەخنەی گشتگیر و وردیلە ئاڕاستەی گوتاری دینی دەکات، ئەو گوتارەی خەندە و جلی کورت، عەشق و جوانیی و کتێب حەرام دەکات. ئەو گوتارە تاکدیدەی ڕقی لە ژیان و جیهانە، مەستی ئەودنیا و ئیمانە، پێنووس و شمشێری بڕواو بڕیار و هەڵوێستی دژ بە جوانپەرستان هەڵگرتووە؛ هاوکات پرسیار لە خودا و ئیمان دەکات و ئەو ناکۆکییانەش لەنێوان ئیمان و ئیمانداران بۆ پرسی خودا دەخاتەڕوو. بەکورتی ڕۆمانەکە چیرۆکی شۆڕشی ئیماندارانە دژی عاشقان، شۆڕشێک ژنانی ئیماندار دژی کچانی عاشق پەرپای دەکەن، لەگەڵ ئەوەی ئاڕاستە و بناغەی تێگەیشتنی شۆڕشەکە نێرسالارانەیە.

خەندانی چکۆلە بەیارمەتی گێڕانەوەکانی نەسرەدینی بۆنخۆش، دەستنووسی پەروانەی خوشکی و دەفتەری یاداشتی میدیای غەمگین و مەعسومە، کە لەگەڵ پەروانە بووە؛ چیرۆکی پەروانە و فەرەیدونی مەلەک لە جەنگەڵی عاشقان، لەگەڵ ڕووبەڕووبوونەوەی خوشکە تۆبەکارەکان دەگێڕێتەوە. ڕۆمانەکە لە ٢٢ بەش و بەشێک بەناوی کۆتایی، پێکهاتووە، کە چیرۆکی عەشق و ئیمان لەم شارە دەگێڕێتەوە، ئەو شارەی خۆشەویستی تێیدا دەمرێت، دەکوژرێت، بەبۆنی خوێنەکەشی توندوتیژی ئیمانداری تێیدا بالاو چڕۆ دەکات. عاشقان لەم شار و ماڵ و نیشتمانە هەڵدێن، ماڵ بە دۆزەخ و نیشتمان بە گوو، شاریش بە شاری "خوێن، ئاین و تەپوتۆز"[٣٨] دەزانن، بەدوای جێگە و شوێنێکی ناشوێن، بۆ عەشقەکەیان دەکەون، ئەوێ دەبێتە بەهەشت و عەشقستان، بەڵام دەست و بیری ئیمانداران دەیکات بە شەیتانستان[٣٠٢]. گۆڤەند، کە عاشقی دلارامە، لەم شارەدا جێگەیەک بۆ خۆشەویستی نادۆزێتەوە و دەڵێت: "ئەمە چ شارێکە، جێگایەک نەبێت بڕۆیت و لەگەڵ کچێکدا چایەکی تیا بخۆیتەوە[...] مرۆڤ بۆ ئەوە نەکراوە، گیرۆدەی شارێکی لەمجۆرە بێت کە تێکەڵەیەکی بێمانایە لە قەڵا و حوجرە"[٨٤]. قەڵا و حوجرە ئاماژە بۆ دەسەڵاتی کۆن و دواکەوتوو، دینی و سیاسیی دەکەن، کە هەژموونیان لە شار هەیە. هاوکات کەلتوور، شێوە ژیان و بەها و ڕەفتارگەلێکی تایبەت بە قەڵا و حوجرە ئاسۆیی لە شار پەخش بووەتەوە، کە دەکرێت ئەوەشی لێبخوێنینەوە عەقڵی ناشار، شار بەڕێوە دەبات، کۆن، تازە بەڕێوە دەبات، چەک و شمشێر نەک گفتوگۆ کارایە، لەبەرئەوە ژیان لەناو پەیوەندیی و تێگەیشتنە مۆدێرن و مەدەنییەکان بە قەڵای سیاسیی تەوق دەدرێت و بە زمانی باوەڕ داخ دەکرێت. کەواتە ئازادیی تاکەکان لەم شار و کۆمەڵگایەدا خەیاڵپڵاوییە، چونکە هێزە دینییە توندڕەو و بیرە خێڵەکی و عەشایەرییەکان کارا و دەزگا مەدەنییەکانیش ناکارا و نادیارن، ئەمەش پێماندەڵێت، کە کەلتووری بەجێماوی جەنگ و شۆڕشەکان نەیانتوانیوە شار جێبهێڵن.[حسین، ٢٠٢١: ١٦٤]

بە دیدی نەسرەدین، کە پێشمەرگەیە، هاوکار و ڕزگارکەری عاشقانە، ئەم شارە گووەکان بەڕێوەی دەبەن، "ئەوانە کە دژی ئەوەن دیانەت لەگەڵ دیانەتدا بژی، میللەت بەئازادی لەگەڵ ئەویتردا بژی، خەڵکانی گەنج کەمێ بەئازادی پێکەوەبژین، هەموو یەکشتن..یەک گوون..ئەم وڵاتە هەمیشە ئەو گووانە دەیبەن بەڕێوە، ئەو گووانە لەئاودەستخانەکان دێنە دەرەوەو حوکم دەکەن...[...]جبە لەبەردەکەن و دەبنە ئیمام، ئەستێرە دەخەنە سەرشانیان و دەبنە ئەفسەر، چاویلکە لەچاو دەکەن و دەبنە پرۆفیسۆر، لەچک دەبەستن و دەبنە پەچەپۆشی ئیماندار، قات و پاڵتۆ دەپۆشن و دەبنە سیاسی، قوونیان ڕووتدەکەن و دەبنە قەحپە، بەڵام هەموویان یەک گوون"[١٦٨]، بیرداخراو، هزرنەخۆشەکان ڕواڵەت و پێگە و پۆستیان دەگۆڕێت، بەڵام گەوهەری هەموویان لەیەکدەچێت و یەکن. ئەم داخرانە

لە تاکەکان تێپەڕیوە و بووە بە کەلتوور، مرۆڤەکانی ناوی نمایشی دەکەن، لەبەرئەوە لەناو ئەم مەملکەتەدا شمشێر و گوتەی ئاگرینی ئیمانداران حوکمی هزریی و کردەکی دەکات، ئەوانن چاک و خراپ، حەرام و حەڵاڵ، جوان و ناشیرین، بکە و مەکە، دەبێت و نابێت دیاریی دەکەن. خوشکە ئیماندار و تۆبەکارەکانن دەڵێن، دەبێت ئەوە و ئاوا بکەیت و نەکەیت، بەپێی فلان ئایەت و فەرموودە ئاوا دەبێت و نابێت، ئەوانن دەکوژن و دەبڕن، دەسوتێنن. لەسایەی وەها کەلتوور و باوەڕێکدایە، کە ئیمانداران توندتر لە خودی ئایینەکە هەنگاودەنێن و پێناسەی ژیان و دنیا دەکەنەوە، لەخەیاڵ و بیر و زماندا دادەنیشن و ڕاڤەی توندڕەوانە بۆ دەقەکان دەکەن. کاتێک توندوتیژیی دەبێتە شێوەی ژیان و کەلتوور ئەوا یەخەی زۆرینە دەگرێتەوە، لەبەرئەوە بەشێک لە عاشقان، عەشق بە تەڵە و وەهم و فریودان دادەنێن و دەیانەوێت لە عەشقستان هەڵبێن، سەرەتا عەشق وەک ئازادی و دواتر وەک زیندان دەبینن، یاخود دەترسن لە سزای خودا، (شەهلای خوداناس و مەعسومە دوو نموونەن). ئەمجۆرە دیدە بەهۆی ژێرخانی باوەڕ و کەلتوورەوە، بە ئاگایی و ناخودئاگاییەوە ئاڕاستەکراو و داگیرکراوە، واتە تاکەکان بێویستی خۆیان ئەوە دەکەن و دەخوازن، کە نایانەوێت و نایخوازن.

عەزیزی تیرئەنداز لەگەڵ شەهلای خوداناس هەڵهاتوون، ڕوویان لەجەنگەڵی عاشقان کردووە، شەهلا خۆی بەتاوانبار دەزانێت و ڕقی لە خۆشەویستی دەبێتەوە، بەتایبەت دوای ئەوەی دوو منالّی نەخۆشی دەبێت، عەزیز پێی دەڵێت:"قەسەم بەم هەنارانە، خودا دژی عەشق و ڕەدوکەوتن نییە"،[١٧٤] وەلێ شەهلا دوودڵە بەرانبەر هەڵوێستی خودا دەرهەق بەو کارەی[خۆشەویستی] لە دەستی دەرچووە، شەهلا دەڵێت: "خودایە، با عاشقان تا مردن نەحەسێنەوە، خودایە گیان، من دەزانم عەشق دەستکردی شەیتانە، بەڵام تۆ پێمبڵێ، ئەو کوێرو قەموورە بەرەو کوێ بەرم، لەکوێ بیانشارمەوە"[١٧٤]. یەکێک لەو شتانەی کەلتووری دینی و گوتارەکەی و بەتایبەتیش مەلاکان دوپاتی دەکەنەوە، خراپە بە شەیتان دەبەستنەوە، شەیتان ڕاوکەری مرۆڤە، ئەو مرۆڤانەی ئارەزووەکانیان جڵەویان کردون. لێرەوە ڕقلەخۆبوون، نەفرەت لە ئارەزوو و خواستەکان دەبێتە خەمی مرۆڤە لەرۆزک و نەریتییەکان،[ڕەسوڵ، ٢٠١٣: ١٦٥] شەهلا وابیردەکاتەوە پێی خزاوەتە ناو خراپە و تاوانەوە، چونکە خۆشەویستیی ئارەزوویەکی شەیتانییە، لەبەرئەوە ڕقی لەخۆی و دنیا دەبێتەوە، ڕۆمانەکەش زۆر بە وردی تۆڵە و ڕقی ڕەگەزی مێ، کە کارا دەبێت دەپشکنێت و نیشاندەدات، وەک چۆن سنووری بێسنووری یاخیبوونی کچە عاشقەکانی وەک پەروانە وێنە دەکێشێت، کە زۆر لە هی پیاو بنەڕەتیترە.

هاوکات بەپێچەوانەی ئەم دوو عاشقە، مەعسومە لەدەست سیامەندی باڵندە-کێوی هەڵدێت، کە بەردەوام سزای دەدات، سیامەند وەک شێت و دڕندە دەژی، پەیوەندیی لەگەڵ ئاژەڵە کێوییەکان تا

مرۆڤەکان باشترە، بۆیە مەعسومە لە جەوری ئەو هەڵدێت، دواتریش لە گوندێکدا دەیدەنە دەست قوتابخانەی تۆبەکاران، ئەمەش سەرەتای جیهادێکی نوێی ئیماندارانە بۆ عاشقان و کەوڵکردن و ڕیشەکێشکردنیان."مەعسومە کە ترسی لە عەشق و باڵندەکان دەگاتە ئەوپەڕی، کە چیتر ناتوانێت بەرگەی ئەو هەموو برین و ئازار و ترس و هاوارانە بگرێت، دەمەوبەیانێک[...]دەکەوێتەڕێ...لە سەفەرێکی سەیردا، کە دواتر دەڵێت: "ئەو سەفەرە، سەفەر نەبوو، هێندەی سەرەتای وێرانکردنی خۆم و هەموو دنیابوو"[عەلی، ٢٠١٣: ٢٣٧] لەپاش ئاشکرابوونی عەشقستان- جەنگەڵ، چیرۆکی عاشقەکان، دیندار و مەلا و تەواوی ڕێکخراوە دینییەکان دەکەونە خۆ بۆ ئاگادارکردنەوەی گەنج و پیر، ژن و مناڵ، شار و دێ لە فیتنە و کارەسات و کوفر، لە خۆشەویستیی و جوانی. لەوە بەدواوە وتارەکانی هەینی باسی عەشقستان و دەستوەشانی شەیتانە لە شار، کە پێویستە بەرلەو کارەساتە، کە عەشقە بگیرێت، "دەبێت ئەم چیرۆکەی تۆ بەشاردراوەیی نەمێنێتەوە، دەبێت ئەم بەسەرهاتە بۆ جیهان ئاشکرا بکرێت[مەلا کەوسەر دەڵێ] ئێمە چەند وەرزە دەمانەوێت ئەم شارە بکەینە گوڵستانی ئیمان، دەمانەوێت بیکەینە ڕەوزەی پاکی، ئەوەتا بێئیمانان لەناوماندان"[٢٥٩-٢٦٠]. ئەمە سەرەتای ئەو چیرۆکە تراژیدیەیە، کە ئیمانداران بۆ ڕیشەکێشکردنی عەشق لەم شارە دەیگرنەبەر، دواجاریش بە مەراسیمێکی ئایینیی، پەروانە و میدیا تیرباران دەکەن، کە ئەمەش درێژکراوەی دیاردەی ژنکوژییە بە پاساوی دین و نەریت.1

گوتاری ڕۆمانەکە بە گشتی ڕەخنە ئاراستەی تاکڕەهەندی، مانەوە، نەگۆڕان و دنیانەبینین دەکات، کە عاشقان کەڵکەڵەی سەفەر و بینینی دنیا جیاوازەکان دەکەن، ئیمانداران تووڕە دەکەن، چونکە بینینی جیهان، ویستی دەرچوونە لە نیشتمان و سنوورەکانی کەلتوور و دین و سیاسەت. لەسەروو ئەمەوە ویستی کۆچ ئارەزووی دەرچوونە لە خودی خۆت، دۆزینەوەی دیوە تاراگەییەکەی مرۆڤە، ئەمە وێڕای پێکدادانی ویست و کۆزانی تاک و کۆمەڵە.[عەلی، ٢٠٠١: ١١] سەفەر ڕێگابڕییە بۆ ڕێگاسازیی و بینینی دیاردە و شتە جیاوازەکان. کۆچ، گۆڕان و ئارەزووی نوێ و کرانەوەی بەدوایە، ئەمەش لەگەڵ دنیای وەستاوی باوەڕدا ناتەبایە، "لەو وەرزەدا کۆڕەوی عاشقەکان و کۆچی پیاوە تەنهاکانیش دەستیپێکرد. کە پیاوە ئایینییەکان، تۆبەکارەکان، ئەو کۆچەیان دەبینی، لەتوڕەییدا شەڕیان بەدرەخت و ئاسمان و کوچەکان دەفرۆشت. لەو وەرزەدا ئەو پیاوانەی کە تا دوێنێ بەهێمنی لەسەر بەرماڵەکانیان نوێژیاندەکرد خەبەریانبووەوەو تەماشایاندەکرد پیاوانێکی دیکە دەستکاری

[1] ـ کوشتن لەسەر شەرەف یەکێک لە ڕووداو و چیرۆکە بەربڵاوەکانی ناو ڕۆمانی کوردییە، لەچەندین گرێچنی جیاواز لای ڕۆماننووسانی کورد ئاوڕی لێدراوەتەوە. لە شاری مۆسیقارە سپییەکان، براکانی دالیا بۆ پاککردنەوەی شەرەف خوشکەکەیان دەکوژن. هەروەها ژنکوژیی لە *شەربەتی ترسی* ئارام کاکەی فەلاح، ڕۆمانەکانی عەتا محەمەدیش دەردەکەوێت، لای ڕۆماننووسە ژنەکانی وەک بەیان سەلمان و ڕێواس ئەحمەدیش دەردەکەوێت.

جیهان دەکەن".[عەلی، ٢٠١٣: ١٢٦] لێرەدا جگەلە بەرکەوتنی نەوەکان، کە نەریتخوازە دیندارەکان دژی نەوەی نوێن و ویستی گۆڕان و بینینی جیاوازییان هەیە، هێنانی جیاوازییش بۆ نیشتمان، گۆڕانی نیشتمان و کۆمەڵگای پیرە بۆ گەنج، ئەم گۆڕانەش لای نەوەی پێشوو وەک داڕووخانە، لەبەرئەوە سەفەری تاکەکان لە مانەوە گرنگتر و واقیعیرە[سەعید، ٢٠٠٤: ١٨]

لەدیدی ئیماندارانەوە کۆچی گەنج و عاشقان بۆ ئەوروپا، کۆچی ئیمانە بۆ بێباوەڕی و چوونە بۆ وڵاتی کافران، کە مەترسییەکی ئەخلاقی گەورەیە. مەلا کەوسەر دەڵێت: "سەیرکەن کافران و بێئیمانان چۆن ڕووەو هۆردوی گوناە و خەتا ڕێچکەیان بەستووە، چۆن بەرەو وڵاتەکانی ڕەزیلەت و خراپە قەتارەیان گرتووە. بڕوانن جاهیلییەت و وەحشییەت دەگەڕێتەوە...مرۆڤ بەرەو ئەو ڕۆژانە دەڕواتەوە کە هێشتا ناوی خودای نەدەناسی".[١٥٩] توڕەیی و نەفرەتی ئیمانداران لە کۆچەران پەیوەندیی بە ترس لە گۆڕان، ئازادیی و جیاوازییەوە هەیە، لەبەرئەوە لەگەڵ پیاوانی دەسەڵات دەست تێکەڵ دەکەن، تا شار لەم مەترسیە ڕزگار بکەن، چونکە گەنج و لاوی سەرەڕۆ و نیشتمانگۆڕ کۆتایی بە هەردوو دەسەڵات دەهێنێت، سیاسییەکانی وڵاتی ئێمە لەبری مۆدێرنکردن و جیاکردنەوەی دین و سیاسەت، خۆیان دەبوێرن لەکاروباری سیاسی و دەیدەنە دەست ئایینییەکان، تا ڕای شەقام مسۆگەر بکەن و بوروژێنن، "بەدەنگی بەرز نەفرەتی لەهەموو ئەوانە دەکرد کە دینی خۆیان دەفرۆشن و ڕوو لەدیاری گوناهباران دەکەن[...]لەو ڕادیۆ کوردییە بێمانایەوە هەواڵی کۆبوونەوەی زانا ڕۆحانییەکانم لەگەڵ پیاوە پایەدارەکانی سوپادا دەبیست، دەمبیست ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئەفسەرە بەرزەکان زیاتر کاروباری ئەخلاق، کاروباری ڕاستکردنەوەی دین و ژیان دەدەنە دەست ئەو پیاوە ڕۆحانییە پایەبەرزانەی مزگەوتەکانی خۆیان گۆڕیبووە سەر قوتابخانەیەکی نوێ"، [١٥٠] بەدیدی ڕۆماننووس دنیای دین و سیاسەت و سوپا لە دنیای کوردیدا تێکەڵە، دین دەستی بەسەر جومگەکانی ئاکار و ڕەوشت و پەروەردەی کۆمەڵدا گرتووە، 'با'ی دەرەوە، کە هەوەسی گەنجان بۆ سەفەر و خۆشی و ژیان دەجوڵێنێت، مەترسییەکە و پێویستە ڕێگەی لێبگرن.

ئێستا لە وێنەگەلێکی چیرۆکئامێزەوە لە عەشق و ئیمان لە شار دەڕوانین: "چیرۆکی ئەو عاشقانەی بەزیندوێتی کۆیاندەکەنەوە و دەیانسووتێنن، چیرۆکی ئەو کچانەی لەبەردەم سەرچاوەی ڕووبارەکاندا سەریاندەبڕن، چیرۆکی ئەو سێدارانەی لە کێڵگەکانی دەوروبەری شارو لەشارۆچکە دوورەکاندا بۆ خەڵکی هەڵدەخەن، سەربوردی ئەو خێزانانەی بەگوناهی جۆراوجۆر بە تەور پارچەپارچە دەکرێن...ڕۆژێک کچێکیان لەبەردەم قوتابخانەکەماندا کوشت، شەوێکیان دراوسێیەکمانیان بە درەختێکدا لەنزیک مەیدانی جەڵەبچییەکانەوە هەڵواسی...لەو وەرزەدا بوو کە بۆ یەکەمجار ژنە دەفبەدەستەکان لەکوچەو کۆڵانەکانی شاردا دەرکەوتن، پیاوانی سەیر سەیر بەخۆیان و شوشە تێزابەکانیانەوە

لەدەوربەری قوتابخانەکان دەبینران. هەر لەو وەرزەشدا پورم وەکو دەستەڵاتدارێکی گەورە لە لەشکری خاتوونە ئیماندار و خوداناسەکاندا دەرکەوت، لەو وەرزەدا زۆر کچ وازیان لەخوێندن هێناو چیدی نەگەڕانەوە بۆ قوتابخانە، کە بەقوتابخانەی کوفر و نەزانیان ناودەبرد، لەچکیان دەبەست و دەیانگوت:"دەبێت لەدژی بێئابڕویی و پیسی و ڕووزەردییەکانی ئینسان جیهاد بکەین". بەیانیەک ئەو ژنانە بەخۆیان و لەچکە سپییەکانیانەوە هاتنە قوتابخانەو کچێکیان لە پۆل دەرهێناو بەقژ بەشەقامەکاندا ڕایانکێشا، ساڵۆنێکی چکۆلانەی قژبڕینیان لەبەرامبەرمان سوتاند، کوڕێکی بەرگدروویان کوشت کە کچێکی حیجاب بەسەری فریودابوو"1[١٢٦-١٢٧]. لەم چیرۆکگەلە تراژیدیی و کردە تیرۆریانەوە تێدەگەین هۆکاری هەڵهاتنی عاشقان لە نیشتمان چییە. فەرەیدون و پەروانە زیاتر لە خۆشەویستی نێوانیان، عاشقی سەفەر و جێهێشتنی شارن، چونکە خۆشەویستییەکەیان بەبێ جێهێشتنی شار باڵا ناکات، بەڵام ئیمانداران ئەو بستە زەوییە دوورەی دەرەوەی شاریش بە عاشقان ڕەوا نابینن، بەشەپۆل و تەوژم کاروانی ئیمان بۆ پاککردنەوەی زەویی لە بۆگەنی عەشق ڕێکدەخەن. جیهاد و تیرۆر ئەنجامدەدەن، جیهادی ئیمان و تیرۆری ژیان، ئەم دوو گوتارە دژە، سەرچاوەی بینینە، ئیمان وەک جیهاد و گوتاری ڕۆشنبیریی وەک تیرۆر دەیخوێنێتەوە.




دینییەکان و سیاسییەکان بەو دیدە تەنگ و داخراوەیانەوە شار بەڕێوە دەبەن، دینییەکان سیاسییانە و سیاسییەکان دینییانە هەڵسوکەوت دەکەن و بەردەوام جەخت لەسەر مەترسی و دۆخی نائاسایی و خراپی واقیع دەکەن، تا خۆیان وەک ڕزگارکەر نیشان بدەن[قانع، ٢٠١٠: ٧]، لەبەرئەوە ئەم دیدە وەک کاردانەوە دەرگا بەڕووی کۆچ و یاخیبوون و نائومێدی لاواندا دەکاتەوە، لە کاتێکدا یەکێک لە پاساوەکانیان یاخیبوونی گەنجانە لە نیشتمان و کەلتوور و دین. پەروانە ماڵ وەک جەهەنەم دەبینێت، چونکە ئازادی تێدانییە، لەبەرئەوە لەگەڵ فەرەیدونی مەلەک بڕیاری سەفەر دەدەن و یاخی دەبن، کەلتووری دینی و سیاسیی بە تاک و کۆمەڵەوە ڕووبەڕوویان دەبنەوە. پاش ڕۆژێک باوک و براکانی لە خەندان دەپرسن، پەروانە لەکوێیە و دەزانن، کە هەڵهاتووە، باوکیشی پەنا بۆ خوشکە سۆفیلکەکەی، کە بەڕێوەبەری ژنانی ئیماندارە، دەبات. پوری پەروانە پێشتر هەوڵی لەگەڵ پەروانە داوە، کە بیهێنێتە

[1] ـ لە ڕۆمانی نوێدا فرەچیرۆکی و وردیلە چیرۆک بەراورد بە ڕۆمانی کۆن کارایە. لە نوێیەکاندا وەک لێزمە یاخود سەردێڕی هەواڵ ڕووداو و چیرۆک هروژم بۆ خوێنەر دەهێنن، لە کۆنەکاندا پابەندبوونێکی توند بە هێڵی ڕووداوی سەرەکییەوە هەیە.

جیهانی ژنانی ئیماندار، بەڵام بێسوود بووە، چونکە بە ڕوانگەی ئەو پەروانە شەیتانە، "هەر دەمزانی شەوێک لەو ماڵەی تۆدا شەیتان بەرەڵا دەبێت...دەمزانی کار لەکار دەترازێت و ئەو کچە هەموومان بەرەو دۆزەخ و وێرانی و کوفر ڕادەکێشێت"[٣٩]. کچ و کوڕانی یاخی و عاشق شەیتانن، لە نەریتی باوان لادەدەن. پەروانە شەیتانە و ئازادبوونی کوفر بڵاودەکاتەوە، خۆشیان بە بەرپرسی زینداکردنی شەیتان=پەروانە دەزانن، چونکە ئەو ئازاد بێت، دەرگای جەهەنەم بۆ ئەمان دەخاتە سەرپشت، لەبەرئەوە بەپەلە "هەر ئەو شەوە ژنە دەفبەدەستەکان کۆبوونەوە...ئەو ژنانەی پور لەتاریکترین و ترسناکترین شەویشدا دەیتوانی کۆیان بکاتەوە"[٣٩] لای ئیمانداران ڕاکردنی کچێک، واتە وێرانبوونی جیهان و بارینی بەڵا و گوناهـ "چەندین سەعات باسی گەورەیی ئەو گوناهەیان بۆ کردم، باسی ئەو ئاسمانەیان بۆ کردم کە بەسەرماندا دەڕوخێت، باسی ئەو کوورە ترسناکانەی ئاگریان بۆ کردم کە لەهەموو کونجێکی زەوییەوە هەڵدەقووڵێت"[٤١]. ئیمانداران بە کاروان بەدوای دۆزینەوەی شەیتان دەگەڕێن تا بیکوژن، "لە هەموو کۆڵانێکیشدا خاتوونێکی دی، کچێکی لەچکپۆش، کوڕێکی خەنجەر بەدەست دەهاتە ڕیزەکانەوە"[٤٤] مەترسی لەسەر ئیمان، یەکڕیزی لەنێو ئیمانداران دروستدەکات، هەموو خۆ بە بەرپرسیار دەزانن تا دژی شەیتان بوەستن، لەناو ئەمانەشدا کەلتووری جەنگەڵ و خورافە و ساختەچێتی زیندوودەبێتەوە و خەنجەربەدەست و محەمەدی مەهدی دەردەکەون، "لەو وەرزەدا هەزارەها دەستگرەو فاڵچی هەموو شەقام و کوچەکانی شاریان پڕکرد، لەدەوروبەری شار پیاوێک دەرکەوت کە دەیگوت:"من مەحەمەدی مەهدیم" پێغەمبەرێکی تر سەریهەڵدا کە ئایەتەکانی بەزمانێکی تێکشکاوی عەرەبی و کوردی بۆ دەهاتەخوارێ"[١٢٨]. کاتێکیش پەروانەیان بۆ نادۆزرێتەوە پەنا بۆ نوێژی پاکبوونەوە و نزادەبەن "نوێژی پاکبوونەوە بخوێنن، دوعایەک بخوێنن، خودا یارمەتیمانبدات گرێکوێرەی شەیتانەکان بکەینەوە"[٤٧].

لە ڕۆمانەکەدا دوانەی ساردی و گەرمی وەک ڕەمزێک بۆ نیشاندانی جیهانی عاشقان و ئیمانداران لەچەندین شوێندا ئاماژەی پێکراوە، کە دنیای ئیمانداران ساردە و هی عاشقان گەرمە، دەست، دڵ، نیگا، هەناسە، تەنانەت مەرگ و ماڵی ئیمانداران ساردە، بەڵام ژیان، عەشق و ئارەزوو گەرمە، بۆیە پەروانە دەیویست"بڕوات بۆ دنیایەکی گەرمتر و پڕ لە زیندەگیتر"[٢٥] سوتانی کتێب و خۆسوتاندنی لەیلا لەبەر سەرمای ئەو جیهانە بێ ڕۆحەی ماڵی ئیمانداران، یاخود ناوی زەینەبی کوێستانی، کە دوانەی کورد و عەرەب، گەرمی زەینەبی ئیمان و زمانی عەرەبی و ساردی کوێستانی کوردستان تێهەڵکێشکراوە. لە ڕۆمانەکەدا ئەمانە هێمان بۆ پێکدادانی ئەو دوو هەستە، کە دوو جیهان لە ئاماژەکانی سەرما بەرامبەر گەرما دەردەخەن، بەڵام هەڵکردنی 'با' لای خەندان، کە 'فێنک'ی ڕزگارییە، گریماسییانە بڵێین لەخۆگرتنە، جۆرێکە لە یاخیبوون لە جیهانی گەرم و تەشەنەسەندنە بۆ سوتان، چونکە کاتێک 'با' هەڵدەکات کارەساتێک لەلایەن ئیماندارانەوە ڕووبەڕووی عاشقان

ئەنجامدەدرێت، وەک سوتانی کتێب، ژن، هونەر و عاشقان."قورئانەکان با دەیبردن[...]باکە لەناکاو پرچی دەسککراوی خەلیفەکانیشی دەبرد، دەفەکان بەدەیەها لەناو هەوای تورەو یاخیبووی ماڵدا سەمایاندەکرد، بەریەکدی دەکەوتن و پارچەپارچەدەبوون، پورم دەیقیژاند، منیش دەمبینی باکە خەریکە دەمرفێنێ، دەستمدەگرت بە دەرگاکەوە و دەمقیژاند: "بۆ بەم هاوینە گەرمە واز لەو کیژانە ناهێنیت؟ بۆ لێناگەڕێیت حەزیان لەچییە بیپۆشن؟ تاکەی لێرە دانیشن و بمرن؟" پورم وەک پەلاماری شەیتان بدات دەیویست شالاوم بۆ بهێنێت، بەڵام باکە دەیگێڕایەوە"[٦٩]، یاخود 'با' ئەو هێزە شەیتانی و ئازاد و پرسیارکەرەیە، کە دیواری غەدری ئیمانداران هەڵدەتەکێنێت"بایەک بوو لەوسەری دونیاوە دەهات، بارەشێک بوو ئەو هەرگیز حسابی بۆ نەکردبوو، وایزانیبوو ئەو دیوارو پەنجەرانە دەیپارێزێت".[٧٠] خەندان ئیمانی پوری لەنێوان خودا و شەیتان بەمجۆرە باسدەکات،"باوەڕێکی تەواوی بەو توانا شەیتانیەی من هەیە لەسەر خولقاندنی ڕەشەباکان، بەڵام باوەڕی بەخودا و بەو ئایەتە دوورو درێژانەی لەژێر لێوی خۆیەوە دەیخوێندن بەهێزتربوو"[١٥٨] لای ئیماندارانیش بڕوابوون بە شەیتان قوڵە، لەبەرئەوە لە جیهانی ئەوانیشدا ئەو پەرینەوە و بازدانە دەبینین، کاتێک دنیای ساردی بێ ئیمانی بە سوتانی زیناکاران و کتێبە شەیتانییەکان گەرم دەکەنەوە، یاخود جەستە و دەنگی ساردیان بە زیکر و حاڵ و جلی زۆر گەرم دەکەنەوە، ئەوەش جۆرێکە لە شەهوەت و ئارەزوو"پەیوەندی ئەو بەدەنگی ئەو دەفە سەیرانەوە، خاڵی نییە لەشەهوەت، بەڵام شەهوەتێک هەرگیز دان بەحەقیقەتی خۆیدا نانێت"1[٦٠]، یاخود تەنزئامێزانە خەندان بە کچە پوورەکانی دەڵێت:"بە کچە پورەکانم دەگوت: "بۆ ئەو جلە زستانە ئەستورانە لەبەردەکەن...ئێستا هاوینە"[٦٨].

**ئیمان**

- شەیتان
- ئارەزوو-شەهوەت
- نا-ئیمان

لەناو ئیماندا بێئیمانی، لە بێئیمانیدا ئیمان دەبینین، بەڵام ئەو بێئیمانییەی ناو ئیمانداران سەرکوت دەکرێت و دانیپێدانانرێت، بەڵام لای گۆڤەندی هونەرمەند و عاشق لەقوڵاییدا یەککرتوویی ناکۆکییەکان دەبینین، عەشق خۆی ئیمانە، "ئایەتی ئەڤینی بۆ هاتۆتەخوار، خەڵکان دەبێت چیتر نوێژی عەشق بکەن، دەبێت فەرزەکانی خۆشەویستی جێبەجێبکەن...ئەو هەمیشە تێکەڵەیەکی سەیربوو

---

[1] ـ جێگەی ئاماژە بۆ کردنە، دەف و سرود و تەنانەت خوێندنی قورئان بە ئاوازەوە ناڕاستەوخۆ و لەنەستی گوێگرەکەدا، جێگەی موزیک و گۆرانی دەگرێتەوە، لەبەرئەوە دەتوانن دەستبەرداری گۆرانی و موزیک ببن. لێرەشدا شەهوەت دیوە نەرێنی و ئارەزووپەرستیە نا دینیەکەیە، بەڵام بە بابەتی دینی جێگەی پڕکراوەتەوە.

لەپێغەمبەر و مەیخۆر[...]توانیبووی پەیوەندییە نهێنییەکانی عەشق و جوانی و بڕوا بەجۆرێکی سەیر پێکەوە گرێبدات"[١١٠ + ٢٢٢]، یاخود "من ئارەزووی فڕین، ئارەزووی ئازادی بە ویستێکی خودایان دەبینم".[٣٦٨] ئەم گرێدانەی ئیمان و بێئیمانی پەیوەستە بە ئازادی و فراوانی دیدگاوە، کە بەرامبەرە بە تەسکی ڕوانگەی ئیمانداران، کە بیرتەسکیان لە دەرکەوتنی جوانیی و ڕاستی ڕێگرە.

دوانە دژەکان بەتەواوی خاوەن شوناسی خۆیان نین و دەتوانن بگۆڕێن، خراپ بۆ چاک، پیس بۆ پاک، لەم ڕوانگەیەوە پشت بەست بە تێگەیشتنی گریماس لە چوارگۆشەی واتاییدا، وا باشترە ڕەدوکەوتوان بە خراپ و جێگیر بزانین، بەڵام خوشکان و مناڵانیان بە نا-خراپ  و نا-چاک دابنێین، کە دەکرێت بەدیدی مەلا کەوسەر و ئیمانداران ڕزگاربکرێن و بهێنرێنەناو بەهەشت و چاکەوە. کاتێک خەندان بۆ ماڵی تۆبەکاران دەبەن، لێیان دەپرسێت بۆ کوێ دەچین؟ "دەتبەین بۆ بەهەشت... بۆ دەرەوەی ئەم کافرستانییە"[١٩١]، بیری ئیماندار ناتوانێت لە دوانەکان دەربچێت، لەسەر بنەمای ئەمەش دەژی، لەترسی دۆزەخ، کە سزایە، خراپە ناکات، کە چاکەش دەکات لە چاکێتیدا نییە، بەڵکو بۆ پاداشت و بەهەشتە.

لە قوتابخانەی تۆبەکاراندا بەربەست لەنێوان مرۆڤ و دنیا، جوانی و جەستە، خۆ و وێنەی خۆ دروست دەبێت، ئیمانداران لە جەستە، دەنگ و بۆن، بزوێنەرەکانی لەزەت دەترسن. زەینەب دەڵێت: "بۆ ئەوەی تۆبە بکەین، دەبێت لە تۆبە بگەین، بۆ ئەوەی لە تۆبەش بگەین، دەبێت لەڕۆح و جەستەمانەوە دەست پێبکەین. سەرەتای هەموو سەرەتاکان مراندنی جەستەیە، ئەوەی نەتوانێت لەشی خۆی زیندانبکات، ناتوانێت تۆبە بکات"[٢٣٧]، لە دنیای ئیماندا مرۆڤ موڵکی خۆی نییە، لەبەرئەوە دەبێت جەستە و دەرون و ڕۆحی کۆنترۆڵ بکات، بەپێی داوای ئیمان پەروەردەیان بکات، دەنا کێشە بۆ خۆیی و دنیای ئیمان دروستدەبێت، بۆیە ئەگەر جەستە ئازاد بکرێت، ئەوا "پەیوەندی مرۆڤ بە خوداوە کۆتایدێت..پەیوەندی جەستە و ڕۆحیش دەپچڕێت. سەفەری کوشتنی ئەو هەستە کوشندەیە بەلەش، سەفەرێکی دوورودرێژە، سەفەرێکە بە ڕیشەکێشکردنی فیتنەکانی جوانی دەست پێدەکات، لەوساتەوە کە مرۆڤ بیر لەجوانی خۆی دەکاتەوە، جوانی خودا لەیاددەکات. جوانی ڕێگای یەکەمەوە بەرەو لەزەت1، ئەوەشی لەزەتی لەپاکی لا گرنگتربێت، گوناهبارە، لەزەت و پاکی دوو شتن پێکەوە کۆنابنەوە...هیچ شتێ بۆ ئافرەتێکی ئیماندار لەوە گرنگتر نییە کە خۆی نەبینێت و تەنها چاو لەئاسمان ببڕێت، هیچ شتێ لەوە گرنگتر نییە کە پێویستی بە ئاوێنە نەبێت. تۆبەکار کە دەڕوانێت دەبێت لەبری خۆی خودا ببینێت"[٢٣٧-٢٣٨]. دواتر زەینەب باسی فیتنە و خراپییەکانی نیگا و چاو،

[1] دەبوو ئاوا بنوسرێت، جوانی ڕێگای یەکەمە بەرەو لەزەت ـ

بۆنی جەستە و خەندە، زمان و وشە دەکات،1 کە هەریەک لەمانە ئەرکی ئایینیان هەیە و دەیانبەستێتەوە بە شەیتان و دۆزەخ، یاخود ئیمان و خودا، "یەکەم پەیام و ترسناکترین پەیامی گوناە لەچاوەوە دەستپێدەکات، ئێمە لێرە دەبێت سەیرکردنەکانتان لەهەموو شەهوەت و غەمزەو دەلالێک پاکبکەینەوە. لەنیگا بترازێت بۆنی جەستەتانە، شەیتان لەئەزەلەوە بۆنێکی سەیری داوە بەجەستەمان ...بەڵام لەنیگا و بۆن ترسناکتر، زمانە..ئا، هیچ شتێ لەزمان ترسناکتر نییە، بەیەک وشە بێئیمان و ئیماندار لەیەک جیادەبنەوە...ئێوە دەبێ هێندە وریابن فەرهەنگی خودا لە فەرهەنگی شەیتان جیابکەنەوە...کچەکانم، جگەلەوەش، دەبێت خەندەکانتان لەفریوو سەرسەختی و دزێوی پاکبکەنەوە... دەبێت بزانین ئایا ئەوەی دەخەنێت ئاڵۆش و شەهوەتە، یاخود ئیمان و بڕوایە"[٢٣٨-٢٣٩-٢٤٠]

بازنەی ئیمان و کوفر لای زەینەب وردو فراوانە، بۆیە پێیوایە جەستەی ئافرەت دەبێت بکوژرێت و لەبیربکرێت، چونکە هەموو جوڵەیەکی لەش و لەرەیەکی دەنگ دەشێ عەرش بلەرزێنێت، سەرچاوەی چێژێک بێت، لەبەرئەوە ئیمان واتە کوشتنی چێژ، "چێژ ئەو ڕێگایەیە کە قووڵ قووڵ بەرەو ناوەڕاستی جەهەنەمتان دەبات، گەر چێژەکانتان نەکوژن ناتوانن ببنە تۆبەکار...وای لەوەی کە چێژەکانی زیندوون...وای لەوەی کە تامی دونیا دەکات و ئەبەدییەت فەرامۆشدەکات".[٢٤١] زەینەب وەک بەرپرسیارێتی ئایینی، خەندان لە نیگا و خەندەی ئاگادار دەکاتەوە، کە دەبێت جڵەوبکرێت، چونکە دنیای ئیمان جددیە، بەڵام گاڵتەجاڕی لەو خەندەیەدا هەیە، کە جێگەی مەترسییە"ئاە، خەندان خەندەکانیشت بەدترنین لەو هێمنییەی ناو نیگات. خەندەیەکە لەپشتییەوە گاڵتەجاڕییەکی قووڵ دەبینم، گاڵتەجاڕی بە جیهان، بە مەخلوقات، بە خودا. خەندەیەکە لەڕۆحێکەوە دێت نایەوێت حورمەتی ئەم گەردونەو دروستکەرەکەی بگرێت، حورمەتی ئایین و یاساکان بگرێت. خەندان دەبێت سەرەتا لەدەستەمۆکردنی خەندەکانتەوە دەست پێبکەین"[٢٤٣]، ترسی ئیمانداران لە ڕۆشنبیر و یاخییەکان ئەو بێباکی و جیاوازبینی و ڕەفتارانەش لەخۆدەگرێت، کە لە بازنەی ئیمان جێی نابێتەوە و ئیمانداران پێیانوایە دنیاکەیان لاواز دەکرێت و مەترسی لەناوچوونی لەسەرە، دەبێت ڕووبەڕووی هەموو ئەوانە بوەستن، کە مەترسین.

لە گوتاری دینییدا دوانە دژەکان چالاکن، بەڵام لە *ئێوارەی پەروانە*دا بەهۆی توانای فەنتازی، هزر و زمانەوە، پەیوەندیی ناونشینی و دەرەکی نێوان دوانەکان و ئەگەرەکانی تێپەڕکردن، گەلێک قوڵتر

---

[1] ـ دوو نامەی دکتۆرامان هەیە، کە تایبەتن بە دەورو واتا و گوتاری ئەندامەکانی جەستە لە ئەدەب و ئاییندا، پێموایە ئێوارەی پەروانە ئەو ڕۆمانەیە کە ئەندام و کارکردەکانی جەستەی بە فراوانی تەوزیف کردووە، دەکرێت توێژینەوەی سەربەخۆ لەم بارەیەوە لە ڕۆمانەکەدا ئەنجام بدرێت.[حەمەبچکۆل، ٢٠١٩] و [عەبدول، ٢٠٢٠]

و فرەڕەهەندترن. ئەو دوانانەی لە عەشق و ئیمان، بەهەشت و دۆزەخ، شەیتان و فریشتە سەرچاوە دەگرن و دەپەڕنەوە بۆ ئەگەرەکانی تر، بۆ فریشتە شەیتانی و شەیتانی فریشتەیی، کە دەبینین لەنێو عاشقاندا دڕندەیی لەدایکدەبێت، لەنێو دەنگی نەرمی مامۆستاکانی ئیماندا توندڕەوی دێتەدەر، ئەمەش لەگەڵ چوارگۆشەی نیشانەیی گریماس دێتەوە، کە پێیوایە دوانەکان لە پەیوەندییدا پەیوەندی تر چالاک دەکەن، بەجۆرێک ئیمان نا-ئیمانی، خۆشەویستی، نا-خۆشەویستیی لەخۆدەگرێت، چونکە چەمکەکان لەناو گێڕانەوەدا بە ململانێوە بەرجەستە دەبن.[غریماس، ٢٠١٨: ٦١] ترسی ئیماندارانیش لەم دەرچوون و لەدایکبوونە بێ شوناسانەیە، کە نادۆزرێنەوە "دەترسا ئێمە لەنێوان کوفر و ئیماندا ڕێگایەکمان گرتبێت کە تووڵەرێیەکی نەزانراو و تاریک بێت و ئەو لێی تێنەگات"[٣٢٦]، لەبەرئەوە زەینەب لە خەندان و فەتانە دەترسێت، چونکە بە دەمامکی ئیمانەوە دەژین و ئەگەرێکی نوێیان خولقاندووە، "تۆبەکارێکم ناوێت وەکو یەک ڕێگا بە خوداو ئەهریمەن بدات"[٣٣١]. دیارە نەبوونی ئازادی سەرچاوەی دەمامکسازی خەندان و فەتانەیە، بەڵام خواستی نمایشی ئیمان سەرچاوەی دەمامکی ئیمانە، کە زەینەب نوێنەرایەتی دەکات. خەندان دەقیژێنێت "بۆ دەبێت لێرە بژین...لەچی تۆبەبکەین؟"[٣٣٥]، 'با'ی ڕۆحی توڕەیی، یاخیبوون و عەشق هەڵدەکاتەوە و داوای پەپولەکان دەکاتەوە، زەینەب دەیگوت"بیسم الله الرحمن الرحیم" من دەمگوت "زەینەب پەپولەکانم.. پەپولەکانم"...تا منیش لاوازتربوومایە باکان ئارامتر دەبوونەوە"[٣٣٥-٣٣٦]، لێرەدا ململانێی عەشق و ئیمان، یاخیبوون و پابەندی لەڕێگەی ڕەمزی 'پەپولە' و 'با' وەک نوێنەری عەشق و ئازادی دەرکەوتووە، کە خەندان تا کۆتاییش بە جەستە و ڕۆحێکی ماندووەوە بەرگری لە ئازادی دەکات.

نووسینەوەی چیرۆکی پەروانە ویست و خواستێکە بۆ ئەبەدی، نەمر و ڕزگارکردنی عەشق، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆری عەشق و ئازادی، بۆ ئاشتکردنەوەی خودا و عەشق، کە ئیماندارە بیرتەسکەکان، ئیمان تەسک و خودا بچوک دەکەنەوە، "دەمویست بگەمە ڕۆژێک، جیهانێک، ڕاستییەک، کە تیایدا خودا و پەروانەکان تەبابن و دۆستبن، جیهانێک ئەوان...بەمەحەبەتەوە دان بەیەکدا بنێن"[٣٦٣] لە بەشی کۆتایی ڕۆمانەکەدا ڕۆماننووس لە زاری خەندانەوە، پرس، بیر و گومانی هەڵوەشاندنەوەگەری ئەو تێزە توندڕەوەی ئیمان دەخاتەڕوو، لەبەرامبەردا یەکێتیی و ئاشتی خودا و عەشق و ئازادی، ژیان و جیاوازییەکان دادەمەزرێنێت، کە بەپێی گریماس کۆبوونەوەی دژەکان، هەڵگری پەیوەندییەکانی لەخۆگرتن و ناکۆکییە، چونکە خودا، کە سەرچاوەی ئیمانە، دژە ژیان نییە، بەڵکو لەخۆگرێتی، وێنەی خوداش سەرچاوەی گشت هێشووە وێنەکانی خۆشەویستیی و ژیانە "هەرشتێک بمانباتەوە سەر خۆشەویستی ژیان خوداییە...خودا هەرگیز مرۆڤی وەکو شەیتان تەماشانەکردوە[...]من ئارەزووی فڕین، ئارەزووی ئازادی بە ویستێکی خودایانە دەبینم[...]بۆ ئەوەی مەزنی خودا ببینین بەسنییە تەنها بەچەند دێڕێکی ناو کتێبەکانییەوە بگیرسێینەوە، من تەنها یەک کوفر دەبینم، ئەو کوفرە بچوککردنەوەی یەزدانە

بۆ یەک واتا...ئەو سامە لە خودا مرۆڤەکان چاندویانەو پەیوەندی بە جەوهەری خوداوە نییە"[٣٦٨-٣٧١].
ئەم تێگەیشتنە بونیادنانەوەی ئیمان و کوفرە لە جیهانێکی کراوەدا، کە چیرۆکی ڕۆمانەکە بانگهێشتی کردین، لەبەرئەوە گوتاری ڕۆمانەکە دژی چیرۆک و تاکدەنگی ئەو هێزەی ناو ڕۆمانەکەیە، کە دەیویست دنیای واقیع و گێڕانەوە بۆ خۆی داگیربکات، بەڵام گوتاری هزری ڕۆمانەکە ڕووبەڕووی وەستایەوە، کە بە دیدی من ئەمەش پانتاییەکی نوێ بۆ تێگەیشتن لە گێڕانەوەی چیرۆکەکە دەرەخسێنێت، کە ململانێی گوتار و چیرۆکە، کە ڕۆماننووس بەچیرۆک دۆڕاو، بەڵام بە گوتار سەرکەوتووبووە، چونکە ئیمانداران توانیان پەروانە بکوژن، بەڵام گوتاری بەرگری لە پەروانە، کە ڕۆماننووس لە کۆتاییدا وەک شێوەی وتار نوسیویەتی، سەرکەوتووانە ڕووبەڕووی هێزی ئیمانداران و چیرۆکەکە بووەتەوە.

### ٣. ئەنفال و پرسی بکوژی خودا

لەم قۆناغە ١٩٩١-٢٠٠٣ چەند ڕۆمانێک بۆ پرسی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە نووسراوە و بواری بەسەرکردنەوەی هەموویانم نییە، بەڵام زۆریانم خوێندووەتەوە، کە گۆشەیەکی گێڕانەوە بۆ پەیوەندیی ئایین و ئەنفال تەرخانکراوە، بەتایبەتیش ڕوو لە خودا کراوە، خودای لەنێوان ڕزگارکەر و گوێنەدەر، یاخود ئاڕاستەکەر باسکردووە. کورد لە ئەنفال‌دا شۆک و سەرسوڕماوە، چونکە هێرشەکە هێندە فراوان و توندبوو، کاردانەوەی شۆڕشگێڕ و پێشمەرگە لەئاستیدا بێدەنگ و سڕبوو، یاخود تاوانبار و بەشداری ناڕاستەوخۆبوو، لەبەرئەوە کاردانەوەکان بەرامبەر بە بەعس زۆرجار پەنای بۆ ئایین و خودا وەک ڕزگارکەر و نزاوەرگر دەبرد، یاخود بەپێچەوانەوە. نائومێدی و توندی سزاکان و هەستکردن بە بێ کاریگەریی نزا و بێدەنگی خودا، دەبووە هۆی پرسیار لێی و تاوانبارکردنی، چونکە بەعس سوودی لە سوورەتێکی قورئان بۆ پڕۆسەی ئەنفال بینیوە، ئەمەش لەنێوان قوربانی خوداو کورد، یاخود هۆکردەیی خودا و بەعس بۆ ئەنفال دەبینرێت، کە لە ڕۆمانەکاندا زیاتر یەکەم دەبینرێت، کە خودا بێدەنگێکی دەسەڵاتبەخشە و تەنیا دەنگی دەسەڵاتی بەعس بە سورەتێکی قورئانەوە دەبینین، کە ئەو دەنگە نمایشی دەنگی خودا دەکات، کە دەنگێکە بۆ ئەنفال لەسەر زەوییەک، نیشتمانێک، کە هی خودا خۆیەتی، "جگە لە کوشتن دەسەڵات دەست بۆ شوێنێک دەبات لەناوچەیەکدا کە هی خودا بوو. زیاتر لە کوشتن، دەسەڵات ژیانێک بەرهەم دێنێت کە لە فۆرمەکەی بەتاڵ کراوەتەوە، ژیانێک کە نەهی حەیوانە و نەهی مرۆڤ، ژیانێک کە هیی ئەنفالکراوانە"[تەیفووری، ٢٠٢٣: ٢١٠]

لەم پانتاییەوە ڕۆمانەکان پرسیار ڕووبەڕووی خودا دەکەنەوە، چونکە ئەنفالکراوانیش خۆیان بە موسوڵمان دەزانن، ئەمەش وا لە هەندێک کەسێتیی ئیمانداری ناو ڕۆمانەکان دەکات کفر بکەن و خۆیان بخەنە دۆخی هەڵەکردن و پەشیمانی، یاخود ڕووبەڕووبوونەوەی کەسێتییەکان لەگەڵ یەکتر

کاتێک یەکێکیان قسە بە خودا دەڵێت، بەڵام لە هێلانەدا توند و قوڵتر و خودوێنانە سوبحان خودا دەدوێنێت و بە بکوژی دەبینێت، کە بەعس جێبەجێکەری فەرمانەکانێتیی، نەک بەرپرسیاری سەرەکی. لەم گۆشەنیگایەوە دەیان پرسیار ڕووبەڕووی خودا دەکاتەوە، کە نەک ڕزگارکەر نییە، بەڵکو خۆی بکوژە، "نەک هەر بەفریایان نەکەوتوویت، بگرە بە دەستی خۆیشت کوشتووتن![...] (فلم تقتلوهم ان الله قتلهم) ئێوە نەتانکوشتوون..خوا کوشتوونی"[٢١١]. گوتاری هێلانە لە ڕێگەی سوبحانەوە، کە ژن و مناڵ، دایک و باوک و تەواوی کەسوکاری و خەڵکی ئاواییەکەیان ئەنفال دەکرێت، دەردەخرێت و پرسیار لە خودا دەکات و ئایەتەکانی دەهێنێتەوە، کە بۆچی ئەنفال دەکرێن؟ گەر ڕزگاریان ناکات بۆ دەیانکوژێت؟ سوبحان دەڵێت، خۆت عەقڵت پێداوم پرسیار بکەم، لەبەرئەوە پرسیار ڕووبەڕووی خودا دەکاتەوە و پێیوایە خودا خۆی بکوژە و دەستخۆشی و بڕیاری بۆ جێبەجێکارانیشی، کە بەعسە داوە"کە ڕازی بوویت بە کوشت بچن، یانی دەستخۆشیت لە بکوژەکان کردووە..بۆچی؟ کە دەستخۆشیت لێ کردبن، یانی بڕیارت بۆ داون..بۆچی؟ کە بڕیارت بۆ دابن، یانی تۆ بکوژیت..تۆ بکوژی دایکم، باوکم، غوربەت، بنار و چنار و هەزار هەزارەکەی تریت..بۆچی؟ ئاخر بۆچی؟"[٢١١] پێیوایە ئەمان ئیماندارن و بێ فەرمانی خودایان نەکردووە، تەنانەت دوو منداڵەکەی نازانن ئەم دنیا و ئەودنیا چییە، بۆ دەبێت بکوژرێن؟ لە هێلانەدا پرسیاری "بۆچی"یەکان ڕووبەڕووی خودا دەکرێتەوە و وەڵامەکەش لە قورئان وەردەگرێتەوە، بەڵام لە *بەهاری ڕەش* "بۆچی"یەکان بێ وەڵام و ڕووکردنەکەیان کەمتر لە خودایە و زۆرتر لە بەعس و سەرسوڕمانی ئەنفالکراوانە.

سوبحان لە ڕۆمانەکەدا وەک هێلانەپەرست ناسراوە، هێلانەش گوزارشت لە ماڵ و نیشتمان، ژیان و دنیا دەکات، بەڵام بەعس لە ڕێگەی جێبەجێکردنی فەرمانی خوداوە ماڵ و ژیانی کورد لەناودەبات و لەڕیشەوە دەریان دەهێنێت. لە هێلانەدا جیاواز لە بەهاری ڕەش، ناوی ئەنفال لەلایەن بەعسەوە نەک کورد دانراوە. کامەران، کە حزبیە بە سوبحان دەڵێت: "هێرشی ئەم جارەیان، بۆنی ڕامالینی گشتی لێ دێ. شێوەی تووناکردنی سەراپایی پێوە دیارە. نیازیان تەنیا بنبڕکردنی شۆڕش و فەوتاندنی هێزی پێشمەرگە نییە. بگرە قەلاچۆکردنی کوردیشە وەک گەل و نەتەوە.[...] دەزانیت شاڵاوی ئەم جارەیان بەچی ناوناوە؟

- [سوبحان] نەء..نەمبیستووە..بەچی؟.

- ئەنفال.

- ئەنفال؟ ئەوە سوورەتێکی قورئانە.


- ئا بەڵێ...(فلم تقتلوهم ولكن الله قتلهم وما رميت اذ رميت ولكن الله رمى) خۆ تۆ عەرەبییەکەت باشە. تێ دەگەی دەڵێن چی؟

- چاک..ئەوان نین کە دەکوژن..خوا دەکوژێ. ئەوان تەنیا فەرمانی خوا بەجێ دێنن.

- بێ کەم و زیاد. بەرامبەر بەکێش؟ ئێمەی کافر...ئەوان موسڵمان و ئێمە کافرو هاتوون بۆ غەزا لە دژمان."[٣٧] لێرەدا دوانەی دژ کافر و موسوڵمانن، کورد شوناسێکی پێبەخشراوە، کە خۆی نکوڵی لێدەکات. ئەنفال بۆ بەعس، کە حزبێکی ئیسلامی نییە، بەڵام ئایەتی قورئان بۆ لەناوبردنی

کورد جێبەجێ دەکات، ناکۆکییەکە[1]، هەروەک لە دیدی ئەنفالکراوانەوە بەعس دڕندانە و دوور لە ئیمان و باوەڕ و لایەنی ئینسانی ئەنفالیان دەکات، بۆیە ئەوان خودانەناسن. کەواتە هەردوو لایەن شوناسی نەسەلمێنراو، کە سەرچاوەکەی ئایینە بەیەکتر دەدەن. سوبحان بۆ سۆراخی خێزانەکەی ڕوو لە حاجی حەمە ڕەش، کە ڕزگاربوونی ئەنفالە، دەکات. حاجی لە زمانی بەعسییەکانەوە ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت، کە ئەنفال قورئانییە. هاوکات کارەساتی ئەنفال هێندە سەنگین لەسەر ژیان و دەروونی کەوتووە، کە دەگاتە ئەوەی کفر بکات، حاجی دەڵێت: "من پیاوێکی خواپەرست و ئیماندارم. بەدرێژاییی ژیانم، سەرم چووبێ نوێژم نەچووە. بەڵام ئەوندەم عەزاب چەشت، کە زۆرجار گلەییم لێ دەکرد بۆچی ئەو وەختە نەیکوشتم...ئەوەتا کفریش دەکەم! دەزانم نابێ بیکەم...من پیاوی ئەوە نەبووم چاوەڕێی قەت شێتبوونم لێ بکرێ...ئاخر خوا تۆ چۆن ئەم زوڵمە قبووڵ دەکەیت؟ ئاخر خۆ من خەڵکە داماوەکەم بەماڵەکەی تۆ سپارد. کەلامە پیرۆزەکەی تۆم بەڕوودا بەرزکردنەوە. کەچی ئەفسەرەکەیان دایە قاقای پێکەنین. قورئانەکەی لەدەست وەرگرتم. لاپەڕەکانی هەڵدانەوە و لەئاستی سووڕەتی (الانفال)دا گیرساندییەوە...پێی وتم"حاجییە کەرەکە..ئەگەر بەخۆشی خۆتان نایەنە دەرەوە، بەپێی ئەو ئایەتە ئاگرتان تێ بەر دەدەین"...وتی"حاجییە کەرەکە..بەدەم ڕێوە سووڕەتەکە باش بخوێنەرەوە، تا باش تێ بگەیت کە شەقی ئەنفال دەزانێ قۆناغ لە کوێیە!"[١٩٥- ١٩٦].

وەک لە ڕۆمانەکەوە دەردەکەوێت، ئەنفال بە ئاگاییەوە لەلایەن بەعسەوە بۆ ئەنفالکردنی کورد هەڵبژێردراوە، خاڵی ناکۆک لێرەدا ئەوەیە، کە کورد خۆی بە موسوڵمان دەزانێت، بەعسیش قورئان بۆ جیهاد دژی بەکاردەهێنێت، کەواتە لێرەدا دوو ڕوانینی ناکۆک دەردەکەوێت، ئەو من بە کافر و من ئەو بەکافر دەبینێت. بەپێی چوارگۆشەی واتایی، کورد و بەعس لە دیوێکی پەیوەندیدا دەچنە ناو پەیوەندیی لەخۆگرتنەوە، نا-موسوڵمان و نا-کافر، هەردولایەن لە دوو دیدەوە دەرچووی پابەندن، یەکیان لە بەکارهێنانی خودا بۆ ئەنفال، ئەویتر لە وەڵامنەدانەوەی خودا "کفریش دەکەم"، بەڵام لەو ڕەهەندەوە، کە بەعس خودانەناسە، ئەوا بەپێی چوارگۆشەی واتایی موسوڵمانێکی نا-موسوڵمانە، کە ئەمەش پەیوەندیی پێچەوانەیە، بەڵام کورد لە دیدی بەعسەوە لە پەیوەندیی دژی ئاڵۆزدایە، چونکە کافرێکی موسوڵمانە.




ئەنفالکراوان سەرەڕای ئەو هەموو نەهامەتی و ستەمە سوپاسی خودا دەکەن "ماڵەکانیان بە بەرچاویانەوە ئاگریان تێ بەردراوە...هێشتا شوکری خوا دەکەن"[٢٠٦]، بەڵام سوبحان ئەندێشەیی، خودا

[1] ـ دیارە بەعس زۆرتر لە دیوە ناسیۆنالیستەکەوە ڕوانیویەتیە بابەتەکە، وەک ئەوەی ئەگەر قورئان تەنیا هی عەرەبیش نەبێت، مادام بە عەرەبییە، ئەوا بە پلەی یەکەم هی عەرەبە. لایەنێکی تری بابەتەکە پەیوەستە بە سروشتی ئایین و تەنانەت بیرە فەلسەفییەکانیش، کە دەکرێت پێچەوانەی خۆیان کاربکەن یان بەکاربهێنرێن، ئەمەش دیوە نەرێنی و ئایدۆلۆژییەکەی تێگەیشتنە لە دەقەکان، بۆ نموونە ئایینی ئیسلام لە داعشەوە بۆ سۆفی و فەیلەسوفانیش تێیاندا جێی دەبێتەوە.

دەهێنێتە بەردەمی و پرسیاری لێ دەکات،"خوایە..ئەو دڕندانە بۆچی هەبن؟ کە هەن، بۆچی دەربازبوون لە چنگیان ستەم بێ؟ کە ستەم بێ، بۆچی لە ستەمیان ناخەیت؟ بۆچی نێچیریان دەخەیتە بەردەست؟ کە دەیخەیت، بۆچی و بێ وەی و بێ گوناهانی وەکو پەپولەکانی من بن؟ کە ئەمان بن، بۆچی فریایان ناکەویت؟...من باوەڕم وایە، هەر لە بنەڕەتەوە وازت لەمافی بە فریاکەوتن...هێناوە، چونکە بکوژ خۆتیت نەک ئەوان. ئەوانی بەسەزمانی دڵسۆز و گوێڕادێری فەرمان عالی، تەنیا ئەندامانی لەشیان بزواندووەو بۆ مەبەستێکی دیاریکراویش. دەنا ئەو چووزانێ غوربەت کێیە و سوبحان کێیە؟! تۆ خۆت فەرمووتە..(فلم تقتلوهم ولكن الله قتلهم)1. تۆ خۆت پاکانەیان بۆ دەکەیت خوایە"[٢١٠-٢١١]. سوبحان وەک دادگایی خودا بکات، پرسیار و بڕیاری لەسەر دەدات، چونکە پێیوایە خودا خۆی بڕیاری لەسەر هەبوون و کردەی دڕندانەی بەعس داوە، هەر خۆشی کوردی بۆ کردون بە نێچیر. هاوکات بەشێکی پرسیارەکان بێدەسەڵاتی خودا و بەشەکەی تر پێدانی هەموو بەرپرسیارێتییەکەیە پێی، لەڕوویەکەوە لێی نائومێد و لە سەرێکیشەوە وەک تاوانباری ڕاستەقینەی گرتبێت، دەستبەرداری بەعس دەبێت، ئەمە جگەلەوەی بازاڕییانە گفتوگۆی خودا ناکات، بەڵکو لە زمانی فەرمودە و تێکستەوە پرسیار دەکات، هەروەها ڕای وایە، کە بەعس ئامێری خودایە، نەک بەپێچەوانەوە خودا ئامرازی بەعس بێت.

گوتاری هێلانە توند و ڕادیکاڵە بەرامبەر بە خودی خودا، بەڵام *بەهاری ڕەش* بەپێی توندی سزاکانی ناو زیندان و ڕووداوەکان، هەڵچوون و پرسیار ڕووبەڕووی خودا دەکرێتەوە و دەنگی بەرگریش لە خودا و ئیمان زاڵ دەبێت، هاوکات لە هۆڵی زیندان دەنگی ناڕازیەتی بەرامبەر بێدەنگی خودا و نەبینینی ئەم زوڵمە، شوناسەکەی نادیارە، بەڵام دەنگی بەرگری دیارە. دەنگێک لەناو زیندان: "ئێوە پێم بێژن خوا ئێمە نابینێ؟"[٤٣]، هاپۆ خدر بەرامبەر بە دەنگەکە، "بۆ کفر ئەکەی...خوا لەمە زیاتر چیت بەسەر بێنێ؟!...ناماقوڵی وا مەکە؟"[٤٣]، بەڵام دەنگەکە دەڵێت: "لەوەتی خۆم ناسیوەتەوە نوێژم نەڕۆشتووە"[٤٣]. هاپۆ خدر، کە پیرەمێردێکی ئیمانداره بەرگری لە ئیمان دەکات و بەجۆرێکیش ئەم کفر و ناڕەزایەتییە وەک بەهانەی سزاکە دەبینێت، بەڵام کە بەعسییەکان، دەست بۆ شەرەفی کچان دەبەن، هاپۆ خاو دەبێتەوە و دەڵێت: "خۆزێ ئەمانکوژن و ڕزگارمان بێ...قیژو پاڵی ئەو زەعیفانە ئەژنەوی؟"[٢٥] ئەم داواکردنە جۆرێک لە نائومێدی پێدەدات، کە ئاواتی کوشتن بخوازێت و داوا لە بەعس نەک خودا دەکات، ئەمەش دوو لێکدانەوە هەڵدەگرێت، بێبەریکردنی خودا لە تاوانەکە، بێدەسەڵاتی خودا لە بەدەمەوەهاتن و پەنابردن بۆ بەعس. هەروەها کابرایەک لە زیندان، کە پانزە ئەندامی خێزانەکەی لە زیندانە، دەڵێت: ئەگەر لەترسی بێئیمانی نەبێ خۆم دەکوشت[٥١]، یەکێک لەولاوە دەڵێت: "باسی ئیمان و

---

[1] ـ دووجار ئەم ئایەتەی هاتووە، لێرەدا لەبری "ولكن" 'ان' نووسیوە، ئێمە ڕاستەکەیمان نووسیوە، پێشتر ڕۆماننووس بە دروستی نووسیویەتی، تەنیا لێرەدا چاککراوە.

قیامەتم بۆ دەکات!"[٥١]، هاپۆ دیسان دەڵێت: "خوا چاوی لێیەتی دەبزانە چییان بەسەر بێنێ..."[٥٢]، دەنگی ئیمان و نائومێدی و ئومێد بە خودا لەناو زیندان دەبیستین، هاوکات بێزاری و نائومێدی لە گوتاری دینی و وەڵام و بێوەڵامی دین دەنگدانەوەی لەناو زیندانیان هەیە، کەسێکی ناو زیندان لە مەلا دەپرسێت:"ئەرێ مامە بۆ وامان لێدەکەن و بەم دەردە چووین؟"

"ولا تدري نفس بأي ارض تموت"[1]

"ئاوا...ئەی تۆ بۆ لە داروسەرە نەمری و لەم قرفەیە سەگ بتخوات؟!...ها..."

"قل لن یصیبنا..."

نەیهێشت لەسەری بڕوات"بەسیەتی مەلا..."[٧٧] لەگەڵ توندبوونی سزا و توندوتیژی نا مرۆیی بەعس لە زیندان و چۆڵبوونی بەهۆی مردنی زیندانییەکانەوە، دەنگی ناڕەزایەتی و نائومێدی بەرامبەر بە خودا و گوتاری دینی زیاتر دەبێت، کە هاوشانە بە نائومێدی لە ژیان، هاوکات ئارامی خودا و نائارامی بەندییەکان دەبینین، وەک ئەوەی خودا لەسەر هەق نایەتە وەڵام. پیرەمێردێک، کە نیشانەی ئیمانە، لەگەڵ سابیر دەکەوێتە گفتوگۆ لەسەر ئەنفال و ناونانی، دەڵێت: "ئەو خەڵکەی دەوروبەری لای خۆمان ناوێکی سەیریان لێ ناوین! ئەنفالمان پێ ئێژن...ئەنفال چییە؟"

"ئەنفال سوورەتێکە لەقورئانی پیرۆز"

"بۆچی قورحان وتوویەتی وامان بەسەربێنن؟!"

"نەخێر قورئان بەمە ڕازی نییە!"

"کە ڕازی نییە بۆ تەفروتونایان ناکات؟!"

"ئەیکات..."

"کەی؟"

"پشووت بێ..."

"دەک قوڕ بەماڵتەوە بدرێ وا درا...هێشتا ئێژێ پشووت بێ..."

پیرەمێردەکە بەتووڕەبوونێکەوە وای وت و خواحافیزی نەکرد و هەستاو ڕۆیشت"[١٠٤].

کەواتە لە *بەهاری ڕەش* نەرمتر، بەڵام هونەریتر ڕوو لە دین و خودا کراوە، زۆرتر وەک بێدەنگ و ئارام و بێئارامی مرۆڤەکان وەڵامی بێدەنگیی دراوەتەوە و پاساویش نەدراوە بە بەعس دین بەکاربهێنێت، ئەوە خۆیەتی بەکاریهێناوە. هاوکات زۆرجار بەعس وەک کافر و خودانەناس بینراوە، لەبەرئەوە کورد قوربانی دینە یان دین ئامرازی بەعسە، دوانەیەکی گفتوگۆ هەڵگرە و بەپێی دەنگە جیاوازەکانی ناو ڕۆمانەکە وەڵامەکەی دەگۆڕێت. هەروەک ئەنفال دینییە یان نا-دینییە لەم گفتوگۆیەی کۆتایی دەردەکەوێت، گەر دینیش نەبێت، ئەوا دین بێدەنگە، لەبەرئەوە نا-دینییەکی دینییە، چونکە دین بەکارهێنراوە.

---

[1] - ڕۆماننووس ئەم ئایەتەی بە هەڵە لە ڕۆمانەکەیدا بەکارهێناوە، لە کۆتا ئایەتی لوقماندایە و ڕاستەکەی بەمجۆرەیە: وماتدری نفس بآي آرض تموت...

## پاری سێیەم: پەراوێز و ناوەند

مەبەست لە دوانەی بەرامبەری پەراوێز و کەنارکەوتە بەرامبەر سەنتەر و ناوەندگەرا دوو ڕەوتی سەرەکی تێگەیشتن لەخۆدەگرێت. ئەوەی لە ئاستی گێڕانەوەدا پەراوێزخراوە، یان لە ناوەندا دانراوە، هاوکات لەڕووی تێڕوانین و جیهانبینییەوە وەک نزم و پەراوێز یا بەرز و ناوەند بینراوە. بۆ نموونە لە زۆرێک لە ڕۆمانەکاندا، بەعس دەسەڵاتی ناوەندی بەسەر مندا هەیە، ئەنفال و کیمیابارانم دەکات، منی کورد پەرایزخراوە، بەڵام لە دەنگی گێڕانەوەدا من ناوەند و ئەو پەراوێزە، چونکە لەخۆدەرخستن و ڕێگەدان بەخودی بەعس و مندا، بەعس دەکات و من دەگێڕێتەوە؛ من ئەوە دەگێڕێتەوە کە بەعس دەیکات. هاوکات زۆرینەی ئەو ڕۆمانانەی لەبارەی ئەنفالن پرسیاری "بۆچی" دەکەن و نازانین وەڵامی ئەویتر چییە...ئەمەش دەکرێت پەیوەست بێت بە پێنەگەیشتنی دەنگی من بە ئەو، ڕێگەنەدان بە من، کە دیکتاتۆرە و دەنگی منی کپ کردووە لە گەیشتن پێی، یاخود دەکرێت وەک تاکدەنگی ڕۆمانەکان ڕاڤەی بۆ بکەین. لەبەرئەوە ئەم دوانەیە سەرچاوەی چەندین دوانەی دژ و بەرامبەرین و گەلێ بەبرشتن لە پەیوەندیە جیاوازەکانی ناو چوارگۆشەی واتایی گریماس، چونکە زۆرجار پەراوێز ناوەند و ناوەند پەراوێزە.

باسکردنی ئەم دوانانە لەم نامەیەدا گرنگە، لەبەرئەوەی دیدی ڕۆماننووسانی کورد بۆ پرس و بابەت و کەسێتیی و ڕووداوەکان دەردەخات، کە ئایا ڕۆماننووسانی کورد سەرنج و چاویان لەسەر چی و کێ و چۆن بووە، ئایا تەنیا بایەخیان بە بوار و کایەی سیاسی، نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی داوە، یاخود ڕووداوگەل و چیرۆکەگەلی تایبەتیشیان بەسەر کردووەتەوە؟ دەبینین لەم قۆناغەدا ڕۆمانی *مندالّباز* دەنوسرێت، کە ئاوڕدانەوەیە لە باس و دیاردەیەکی مێژوویی[1]. ئایا چاوی ڕۆماننووسی ئێمە لە بابەتە گەورەکاندا دیمەن و کەسێتییە ورد و پەراوێزییەکانی بینیوە؟ ناوەند و پەراوێز چین و کێن؟ بۆ نموونە جولەکە لە بەرامبەر موسوڵمان پەراوێزە، جاش بەرامبەر شۆڕشگێڕ، شێتەکان بەرامبەر عاقڵەکان. هەروەک لە تێڕوانینی خەڵکدا چەقۆوەشین و شەلاتی، قەرەج و دۆم، سۆزانی و دەڵاڵ...نزم و پەراوێزن. ڕۆماننووسی کورد چەند بایەخی پێداون و چۆن باسی کردوون؟

[1] ـ فەرهاد پیربالّ لە ڕۆمانەکانیدا پەراوێزەکانی بەسەرکردووەتەوە، لە مندالّباز گرنگی بە دیاردەیەکی مێژوویی منالّە کەنارکەوتەکان و لە هۆتێل ئەوروپا بە هاوڕەگەزخوازی داوە، ئەمە جگەلە باسی کوردە پەراوێزنشینەکانی ئەوروپا. لەگەڵ ئەوەی هەڵوەستەکردن لەم ڕۆمانە بۆ ئەم پارە گونجاو و لەبارە، بەڵام بەهۆی ئاوڕدانەوەی چەند توێژەرێک لێی و سنووردارییم لەم پارەدا، خۆم لێبواردووە. بڕوانە:[حەسەن، ٢٠١٣] و [عەزیز، ٢٠١٤]

ئەویش وەک دیدە باوە-ناوەندییەکە بینیونی؟ لەم پارەدا لە تەنیشت ئەم دوو ئاڕاستەیەوە(گێڕانەوە و تێڕوانین-ناوەوە و دەرەوەی ڕۆمان) بۆ پەراوێز و ناوەند، ئاماژە بۆ وێنەبابەتی پەراوێزیش دەکەین، بۆ نموونە، ئاژەڵگاین و مردوگاین، فاڵ و بەختگرتنەوە. لە سەرەتاشدا چەند وێنە و بابەتی پەراوێزیی دەخەینەڕوو، دواتریش بەپێی دوانەکان، پەراوێز و ناوەند بەسەردەکەینەوە.

## چەپکێک دیمەن و وێنەبابەتی پەراوێزخراو

کەنارکەوتە لە تێڕوانینی ناوەندیدا ئەوەیە، کە چاوی ناچێتە سەر و بایەخی پێنادرێت، یاخود کەمینەیە بەرامبەر هێز و دیدی ناوەندی. لە دیدی زاڵ و باودا چەندین بابەت و شوناس، جۆری دەرکەوتن هەن، کە جێگەی بایەخ نین، نزم و کەمینەن، کە زۆرینە و چاوی گشتیی خۆی لێیان بێبەری دەکات. لەلایەکی ترەوە پەراوێزخراو دەکرێت وا خوێندنەوەی بۆ بکەین، کە لە گێڕانەوەدا پەراوێزە نەک لە شوناس و پێگەی لە دیدی ناوەندا. لێرەدا بە کورتی ئاوڕ لە هەندێک وێنەبابەت، دیمەن، کەسێتی و شوناسی جیاواز دەدەینەوە، کە لە دید و تێڕوانینی ناوەندی، یاخود لە گێڕانەوەی ڕۆماننووسدا پەراوێزن.

### ١. شێتەکان و عاقڵەکان

نواندنەوەی واقیع

شێت و عاقڵ هەردوو مرۆڤن، بەڵام شێت لە چاوی عاقڵەکانەوە جێگەی بەزەیی، بێزاری، سزا و توڕەیین، پەراوێز دەخرێن و وەک مەترسی دەیانبینن. شێتەکان دەردەکەون و زۆرجار ناتوانن خۆیان بگێڕنەوە، بەڵام دەکرێت باشتر لە ژیرەکان واقیعەکەمان دەربخەن. لە ڕۆمانە کوردییەکاندا چەندین وێنەی شێت یان بەشێت بوو دەبینین. لە ڕۆمانی *ڕێگا* مام مستۆ دەبینین، کە لەلایەن دەسەڵاتداران و ڕوانینی خەڵکەوە شێت دەکرێت. ئەو مرۆڤێکی گوندی هۆشیارە، کە دەنگی نارەزایی دژی دەسەڵاتی ستەمکار بەرزدەکاتەوە، دەسەڵاتیش تاوانی دزی دەداتە پاڵی، لەبەرچاوی خەڵک سەروسمێڵی دەتاشن و ماست بەسەریدا دەکەن و بە گوێدرێژ بەناو خەڵکدا دەیگێڕن. خەڵک بێزی لێدەکەنەوە، ئەمیش لێیان دەترسێت. منداڵان بەردی تێدەگرن و هوهای لێدەکەن، لەبەرئەوە مام مستۆ شێت دەکرێت، "بەچەپڵە لێدان و جنێو...مام مستۆیان شکاند...مام مستۆش وەکو هەر لەو دونیایەش نەبووبێ ئەوها دەهاتە بەرچاو[...]مام مستۆ جارێکی تر نەهاتەوە ناو شەقام و مەیدان و گۆڕەپانی گوند، نەهاتەوە ناو خەڵکەکە...خەڵکی لەناو بازاڕ...لەچایخانەکان...تەنانەت لە مزگەوتیش لە

مام مستۆ ببوون بە دێو...و درنج و جێگەی پڕ مەترسی...هەرگیز نزیکیان نەدەبوو...لە هەموو ژن و پیاوێکی گوند دەترسا"[مەم، ٢٠٠١: ٦٣-٦٤].

لە ڕۆمانی ئەنفال[فەتاح، ١٩٩٨] غەریبە شێتمان هەیە، کە دەسەڵاتی بەعس شێتی دەکات، ئێستاش لە زینداندایە و زیندانییەکان ڕقیان لێی دەبێتەوە و زیندانکەریش گەمە و قۆشمەیی پێدەکات. غەریب، لەبەرئەوەی منداڵ و ژنەکەی بە بەرچاوی خۆیەوە دەکوژن، شێت دەبێت/دەکرێت. کاتێک منداڵەکەی لە باوەشی توندکردووە و نایدا بە سەربازەکان، بەڵام بە توندی لێی دەسەنن و هەر لەبەرچاوی خۆیدا توند دەیدەن بە زەویدا و تێکەڵی زەوی دەکەنەوە، ئەم ڕووداوە، غەریب شێت دەکات. غەریب وەک کەسێتییەکی ئایرۆنی ناو ڕۆمانەکە دەردەکەوێت، بەردەوام بە ڕووتی لەنێو زیندانییەکاندا دێت و دەچێت و بێزاریان دەکات، تا ئەوەی ئافرەتان بە ڕووتییەکەی تەریق دەبنەوە و دنیایەک نزای مردن و لەناوچوونی لێدەکەن، پیاوە کوردەکانیش هێندە لێی بێزارن هەوڵی کوشتنی دەدەن، بەڵام غەریب بۆ بەعسییەکان دەبێتە[کراوەتە] دڵخۆشکەر و بوکەڵەی ئارەزووەکانیان. عەجاج، کە بەعسییەکی دڕندەیە و هەموو زیندانییەکان لە سزاو ئارەزووە دڕندانەکانی دەترسن، بەڵام غەریب دەکاتە شوێنی گاڵتە و گەپ، خۆشییەکانی لەڕێگەی سوکایەتی بەوەوە دەردەبڕێت.

هاوکات لە هەردوو ڕۆمانی *بەهاری ڕەش* و *هێلانە* باسی شێوە شێتبوون یا بەرەو شێتبوونی زیندانییەکان دەکات، لە هێلانە خاڵە عەزیز و حاجی ئەحە ڕەش، بەهۆی سزاکانی بەعس و لەناوبردنی ژن و منداڵەکانیانەوە وەک شێتیان لێهاتووە. خاڵە عەزیز لە خۆوە قسەدەکات و ناتوانێت شتەکان بەیەکەوە گرێبدات، کچەکەی دەڵێت، کە بردیان پیاوێکی بە ئاگا، وریا و چالاک بوو، بەڵام دوای ئەوە وای لێهاتووە. حاجیش لە لێواری شێتیدایە و دەڵێت: "من پیاوی ئەوە نەبووم چاوەڕێی قەت شێتبوونم لێ بکرێ"[عارف، ١٩٥]. لە *بەهاری ڕەش*دا نەخۆشی دەرونی لەناو زیندانییەکان بڵاودەبێتەوە، هەر کەس بەدەم خۆیەوە قسەدەکات، "ئەگەر یەکێکیش کەسی دەست نەکەوتایە ئەو بۆ خۆی دەدوا یا لە سوچێک دادەنیشت و دەستی بە ورتەورت و بڵمەبڵم دەکرد، کە دەتبینین گومانت لە مێشک و هۆشیان پەیدا دەکرد، تۆ بڵێی تێکچووبن؟...هەموو تووشی ئەم خووە بووبوون، بۆ چەند ساتێک خۆیان لەبیر دەکرد"[ئیسماعیل، ١٠٦]. دیارە هەریەک لەم کەسێتیی و باسانە لە پەراوێزی گێڕانەوەدا باسکراون، نەک بابەتی سەرەکی بن.

بەپێچەوانەی ئەم ڕۆمانانە لە ڕۆمانی ئای لەڤیلیا لەڤیلیا، لە یادەوەری کەسێتیی سەرەکی نەوالەوە، باسی شێتبوونی سەربازێکی عەرەبمان لە ترسی کاکەسوور، کە لە دیدی زۆرێک لە عەرەبەکانەوە، چەتەو ڕێگر و شەیتانە بۆ دەکات. شێتەکە دەیوت، "ڕاکەن و شوێنی پێکانتان بخەنە سەر لەپی دەستتان، پیاوی ئازای ناو خەیاڵی بتە سەرمابردەڵەکانی ئەشکەوتە لەبیرکراوەکانی شاخی

هەتاونەدیوی ئەودیوی دۆزەخی ژێر دەستی قەیسەرە وەجاخکوێرەکان هێرشیان هێناوە و ونجڕونجڕتان دەکەن".[کاکەسوور، ٢٠٠٠: ٣٤٩] ئەم شێتە، بە ئۆتۆمبێلی کچی وەزیر دەکوژرێت و خەڵکیش لەنێوان سۆز بۆ شێتەکە و توورەیی لە دەسەڵات، جنێو بە کچ و ژنی وەزیر دەدەن، "'نەوال' سەری لەو خەڵکە سوورڕمابووو و بیری لێدەکردنەوە، ئاخۆ بۆچی ئاوا بە مردنی شێتێک وروژاون و ئەو کارەیان کرد...؟! ئەفسەرێکی گەورەی قۆشمەچی بۆ دڵنەواییکردن هاتە لایان و بۆ خۆشیی پێی وتن:

- هەرچی دەڵێن، با بیڵێن، لەگەڵ حکوومەتییانە بە ئێوەچی...حکوومەت بەجنێوی هاووڵاتییەکانی خۆی خۆشەویستدەبێت."[٣٥٠].

لەلایەکی دیکەوە لە ڕۆمانی *ئاوێنە سەرابیەکان*، لە تەنیشت ڕووداوە سەرەکییەکاندا دیمەنی پەراوێز و کەسێتی ناسەرەکی بە وردی نیشاندراوە؛ شێت و دەرۆزەکەر1، حەماڵ، مناڵی بێ لانە و وردەواڵە کۆکەرەوە، مس و فافۆنکڕ، قەساب، هەلاج، هاوکات دیمەن و قسەی حەمامی ژنان...بەشێک لە گێڕانەوە و گرێچنی ڕووداوەکانیان پێکهێناوە. بەڵام لە کۆگێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا کچێکی مناڵی شێت ئامادەیە، کە ڕۆڵێکی ناوەندی و تایبەت لەگوتار و گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا دەگێڕێت. کچە شێتەکە لەگەڵ خاجیانی جولەکەی بە موسوڵمانکراو، کە دراوسێیانە، بەردەوام خەریکی بوکسازین، خاجیانی مامان مناڵی نابێت و بە بوک دروستکردن قەرەبووی بێ مناڵییەکەی دەکاتەوە، میناش وێنەی کەسایەتییەکان و دیمەنی واقیعی گەڕەک و شارمان لەڕێگەی بوکەکانیەوە بۆ دروستدەکاتەوە. مینا نمایش و دەستکاری واقیع دەکات، بەعس قۆڵی جەعفەر دەبڕن، ئەویش قۆڵی بوکەکە لێدەکاتەوە، کاتێک دایکی خۆی دەکوژێت، بە قیژەی خاجیان ئەم بوکەکەی دایکیشی لەدەست دەکەوێت، "خاجیان لەژوورەکەوە قیژەیەکی لێوهەستاو بووکەکە لەدەستی مینا کەوتە خواریَ"[قادر، ١٩٩٥: ١٩٧]. یاخود کاتێک واقیع وەڵامگۆ نییە، لەڕێگەی بوکەکەیەوە هەڵوێست وەردەگرێت؛ لە بوکە پۆلیسییەکان تورە دەبێت، لەکاتێکدا پێشتر خۆشیی دەویستن.

هاوکات جەعفەر کەسێتیی سەرەکی، لە کۆتاییدا لەنێوان شێتی و تەوژمی پرسیارەکاندا دەژی و خەڵک وەک جرج دەبینێت2، بیر لە خۆکوشتن دەکاتەوە، لە بێواتایی و ترس لە ژیان بڕیاری

[1] - لە ڕۆمانی مەلی بەفر، منداڵێکی دەرۆزەکەر لەباوەشی دایکی، لەقەراغ شەقامێکدا نیگای لەپێی ڕێبوارەکان بڕیوە و چاوەڕوانیانە. ڕۆماننووس وەک یەکێک لە چیرۆکە سەرەکییەکانی ڕۆمانەکە، دیمەنی ئەم منداڵە بێ باوکەمان بۆ دەخاتەڕوو تا ڕەخنەی گوتاری درێژەدان بە ژیان-مانەوە بکات، کە منداڵ دەخەینەوە وەک یەدەگی ژیان و بەردەوامی..هەر لەم ڕۆمانەدا باسی شێت و شێتخانەش دەکات. بڕوانە [عوسمان، ٢٠٢٣: ٢٩٨]

[2] - هیوا قادر ئەم دیاردەی بە ئاژەڵبوونەی جوان و هونەریی و نوێ جێبەجێکردووە، هەرچەند ڕووداوێکی ناوەندی نییە، بەڵام هاتنی لەو دۆخەی کۆتایی ڕۆمانەکەدا گرنگ و بەهادارە. دیارە میتامۆرفۆس دیاردەیەکی ئەدەبی دێرینە، بەڵام لە

سەفەر دەدات.1 "لەدنیای شێتیدا هەموو شتێک سپییە...لەو دنیایەی تریشدا داوەکان ڕەشن...قەفەزەکان...هەناسەدان ڕەشە[...]جەعفەر خۆت فڕێدەو ئاوڕمەدەوە...هەموو شتەکان بێمانان"[١٩٩]. لە ڕێگەدا جەعفەر شێتێک دەبینێت، دیمەنی شێت و بەرکەوتنی لەگەڵ خەڵک و جەعفەر بە وردی باسکراوە. جوانتر لەمەش ئەو پێکەوەگرێدانەی جەعفەر و شێتەکەیە، کە هەردووکیان خەڵک بە مشک دەبینن، شێتەکە دەنگ دەکات، جەعفەر لەناوەوە"تەنها کەسێک کە ڕەنگ و دەنگی لەو مشکانەی ناو ڕیزە دووکانەکە نەدەچوو ئەو پیاوە شێتە بوو...کە یەکێک بوو لە شێتەکانی شار، هەموو مشکەکان لەگەڵ بینینی شێتەکەدا دەیان جیکاندو خۆیان لەبەردەمی لادەداو پێدەکەنین."[٢٠٨] ڕۆماننووس شێوە و کردە و قسەی شێتەکە دەگوێزێتەوە، کە پیاوان گاڵتەی پێدەکەن و ئازاری دەدەن، منداڵەکان لێی هەڵدێن و ژنانیش دەترسن و شەرمی لێدەکەن. "شێتەکە جزداشەیەکی چڵکنی لەبەردابوو..ورگە زل و شانە پانوپۆڕەکەی لەگەڵ هەنگاونانیدا دەلەرینەوە، بەچکە مشکەکان لەترسی شێتەکە خۆیان لەپشتی عەباکانی دایکیاندا دەشاردەوەو لەترساندا دەلەرزین...شێتەکە لەبەر دوکانەکاندا ڕادەوەستاو دەستی بۆ مشکە دوکاندارەکان دەگرتەوە.

ـ ئابێنە پەنجا فلس، هەی مشکە تۆپیوو، تەنها پەنجا فلس...

هەندێک لە مشکە دووکاندارەکان پەنجا فلسیەکیان دەخستە دەستی و جیکەیەکیان لێوەدەهات.

ـ مشک...مشک...مشکە تۆپیوینە. شێتەکە وایدەووت.

هەندێک لە دووکاندارەکانی تریش پاڵێکیان بەشێتەکەوە دەناو لەخۆیان دوور دەخستەوەو چەند جیکەی جنێوێکیان لەزاران دەردەپەڕی، شێتەکە کە مشکە عەبابەسەرەکانی دەبینی گوپەخڕەکانی سوورهەڵدەگەڕان و پێی دەوتن.

ـ تەیرەکان جوانن...تەیرەکان جوانن، بێنە پەنجا فلس...

مشکە عەبابەسەرەکان بەترس و شەرمێکەوە خۆیان لەبەردەم شێتەکە دووردەخستەوە"[٢٠٨].

ڕۆماننووس بە وردبینییەکی هونەرمەندانە و گوتارسازییەکی ڕەخنەگرانەوە، جەعفەر و شێتەکە ڕووبەڕووی یەک دەکاتەوە. جەعفەر و هاوڕێکانی، کە پێشمەرگەبوون، لە شار دوو بەعسیان کوشت و بەبێ مەبەست عەرەبانچییەکی پیریش بە دەستی جەعفەر پێوەبوو. ئێستا، کە جەعفەر لە شۆڕش و خەبات پەشیمانەو لە نیشتمان ڕادەکات، شێتەکە زللەیەکی لێدەدا و عەرەبانچییەکەش بە

ڕۆمانی نوێدا بوژایەوە. لە ڕۆمانی کوردی ئەم قۆناغەدا ڕۆمانی گەماڵ بە شێوەیەکی کلاسیک ئەم کارەی کردووە، لە ئێوارەی پەروانەش ڕەگەزە سروشتییەکان ئەو دەورەیان بینیوە. بۆ زانیاری لەبارەی دیاردەکە بڕوانە[عەزیز، ٢٠١٤: ١٢٧]

[1] ـ لەڕۆمانی ئێوارەی پەروانە کەسێتییەکان بەگشتی گۆڕاو و فرەدۆخ و شوناسن، لەنێوان پەراوێز و ناوەند دێن و دەچن. بەتایبەت گۆڤەند و فەریدون، نەسرەدین و سیامەند، فەرەیدون شەلاتی و چەقۆوەشێنە، دەبێتە یاریزان، خوێندەوار و عاشقی سەفەر و پەپولەکۆکردنەوەیە.. گۆڤەند هونەرمەند و خوێندەوار و و یاریزانێکی بەناوبانگە، دەگۆڕێ بە سۆفی و شێت و مەیخانەنشین، داستاننشین. لەم ڕۆمانەدا کاتێک دەچنە عەشقستان لەوێ ژن و پیاوە عاشقە شێتەکان دەبینین، کە پەراوێزی ناوەند یان ناوەندی پەراوێزیین.

تورەییەوە دەستی دەگرێت، جەعفەر ئەوی خست، ئەم دەستی دەگرێت، شێتەکەش تۆڵەی لێدەکاتەوە "شێتەکە بەهەموو هێزی زللەیەکی لەپەناگوێی جەعفەر سرەواند...جەعفەر یەکەوڕاست کەوتە سەر زەویەکەو بەرچاوانی لێڵ بوون...مشکەکان هەموو بەیەک دەنگ دایانە قاقای پێکەنین... لەسەر پشت لەبەر دووکانی سەوزە فرۆشەکاندا کەوتبوو...پیاوە عەرەبانچیەکە دەستی دایە یەخەی جەعفەرو بەرزی کردەوە"[٢٠٨-٢٠٩]

لە *گوڵی شۆران*، هیوای شێت دەبینین، کە مینامان بیردەخاتەوە، ئەم لەبری بوکەشوشە، بەردەوام "مەچەکی خۆی دەکرۆشێ و ئێسقانەکەی دەرکەوتووە"[نەهایی: ٢٠٠٦: ١١]. لەسەردەمی شۆڕش و ئومێددا لاس ناوی براکەی دەنێت هیوا، بەڵام دوای پانزە ساڵ، کە دەگەڕێتەوە، هیوای برای بە شێتی دەبینێت و ڕقی لێی دەبێت، چونکە هیوا تەنیا وێنەی واقیعی ئێستا ناکێشێت، بەڵکو بیرخەرەوەی ژیانێکی لەدەستچوو و میراتێکی ناکامە. هاوکات ئومێدەکانی لاسیش بۆ دەستپێکردنەوەی ژیان شێتن و هەڵدێن و هەڵدێت. "لەدایکی بیستبوو کە ناتەواوە، بەڵام نەیپرسیبوو بۆ مەچەکی دەکرۆژێ...لاس تێگەیشت ئەوە هیوایە کە بیری پیسایی دەخاتەوە. بۆ یەکەم جار هەستی کرد خۆشی ناوێ. تەنانەت ڕقیشی لێیەتی.٣٠، لاس لە دایکی دەپرسێ دەست ناوەشێنێ؟ "نا زۆری بۆ بێ لەخۆی دەدا"[٣١]، دەستنەوەشاندن و لەخۆدان ئاماژەیە بۆ ئاوابوونی شۆڕش و بەسەرخۆداشکانەوەی ئومێد. لاس نەک ڕقی لە هیوایە، بەڵکو لێیدەدا، ئەم لێدان و ڕقەش هاوشێوەی لێدانی خەڵک لە شێتەکان نییە، بەڵکو جۆرێکە لە خۆبینین و لەخۆدان. "هەستایە سەرپێ و بەشەق لەهیوا بەربوو"[٩٤]. دایکی دەیەوێت بە لاس بڵێت: "ئەمە هیواکەی خۆتە، لاسە شۆڕ! حەق نییە لێی بدەی و لەخۆتی بتارێنی"، بەڵام دایکی دەزانێت لاس چ وەڵامێکی دەداتەوە "هەرگیز پێم وانەبووە هیوای من ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەمە دەربچێ"[٩٦]، بەڵام دایە گوڵێش پێیوانەبوو پاشەبەرەکەی کوڕێکی شێت بێت، لەبەرئەوە شۆڕش و نائومێدی و جەنگ و هەڵوەشاندنەوەی خێزان هیوای شێت کردووە، نەک خۆی شێت بێت.

وەک دەرئەنجامێک لە ڕۆمانەکانەوە ئەوە دەخوێنینەوە، کە شێت و ناژیرەکان، وێڕای ئەوەی جێگەی سەرنجڕاکێشی خوێنەرن لە دەقدا، هاوکات عاقڵ و عەقڵەکان سەرچاوی شێتێتی شێتەکانن، ئەوە بەعس و شۆڕش، نەفرەتی جەنگ و زیندانە مرۆڤەکان شێت دەکات، ئەوە ژیرەکانن سەرچاوەی شێوان و وێرانەن، کە مرۆڤی ژێر پێی ناوێرێت و شێت دەبێت، لەبەرئەوە سیستمە عەقڵییەکان سەرچاوی چەوساندنەوە و شێتیی و پەراوێزخستنن.

**٢. جولەکە و موسوڵمان**

جوولەکە بەرامبەر بە ئیسلام لە کوردستان کەمینەن. هاوکات دیدی زۆرینە بەرامبەریان نەرێنی و پەراوێزییە، لەبەرئەوە زۆرجار نەفرەتیان لێدەکەن و وەک کافر دەیانبینن، لە هەندێک

ڕۆمانیشدا جولەکە ڕەهەندی سیاسیی وەردەگرێت، کاتێک ڕووسەکان دێنە ئەم سنوورەوە، بۆ جولەکەکان وەک دۆست و بۆ موسوڵمانان وەک دژ دەبینرێن. لە ڕۆمانی *ئاوێنە سەرابیەکان* خاجیان جولەکەیەکە و لەلایەن موسوڵمانەکانەوە سوکایەتی بە خۆی و خێزانەکەی دەکەن، باوکی وەسیەت بۆ ئەم و براکەی دەکات، کە ئەم شار و وڵاتە بەجێبهێڵن و بۆ ئۆرشەلیم بگەڕێنەوە، بەڵام براکەی لەپڕ دیار نامێنێت و دوای پانزە ساڵ دەزانێت وەسیەتەکەی باوکی بەجێهێناوە، خاجیانیش لێرە لەگەڵ حەسەن هاوسەرگیری دەکات و دەبێت بە موسوڵمان. حەسەن لەترسی خەڵک ناوی بۆ خەجێ دەگۆڕێت، خاجیان خۆشی پێی شەرمە خەڵک بە خاجیانی جولەکە ناوی بەرن."دوای ئەوەی خاجیان لەبەردەم مەلاکەدا ناوی خوا و پێغەمبەری هێناو بوو بە ئیسلام، ئیتر خاجیانیش پێی شەرم بوو خەڵکی بە خاجیانی جولەکە ناوی بەرن...خاجیان دوای مردنی باوکی کە چەند ساڵێک دوای دایکی مرد لەگەڵ شەمعونی برای دا سوربوون لەسەر ئەوەی کە هەردەبێت ئەم شار و وڵاتە جێبهێڵن...ئەمە دووا وەسێتی باوکیان بوو بۆیان تا ئەمانیش هەمان چارەنووس و مەینەتی و سوکایەتی پێکردنی ناو موسڵمانەکان قبوڵ نەکەن"[قادر، ١٩٩٥: ١٠٤]

خاجیان مامانە و لەگەڵ مروەت و مینا پەیوەندییان باشە، مروەت لە دەست موسوڵمانەکان ڕزگاری دەکات، چونکە بەردی تێدەگرن و سوکایەتی پێدەکەن. خاجیان دەڵێت موسوڵمانەکان ئاسەواری ئێمەیان سڕییەوە و لەجێگەکەی مزگەوتیان دروستکرد و ئێمەیان بە گڵاو دەبینی، "مروەت هەر تۆ بوویت لەژێر دەست و زەبری موسڵمانان دەرت هێنام...لەژێر خڕکە بەردی دەستی مندالان...لەبەر شالاوی جنێوی ئەم موسڵمانە خوا نەناسانە قورتارتکردم کە هەرچی جوو بوو لەم شارەدا بە بەرد[1] ڕاویان نان و شاربەدەریان کردن...ئاسەواری گەڕەک و دێر و بازاڕیان تێکداین و چی زەوی و ئاوو دێهاتمانم هەبوو داگیریان کرد...لەو جێیانەدا مزگەوتیان دروست کرد...ماڵی خوایان دروست کرد بۆوەی گڵاوی ئاسەواری ئێمەی پێ دەربکەن"[١٩٣-١٩٤]، موسوڵمانان لانە و جێی پیرۆزی جولەکەکان داگیردەکەن. خاجیانیش جنێویان پێدەدا و تاوان و ناشرینییان دەردەخات،

[1] ـ لە ڕۆمانی *ڕێگا*ش منالان بەرد دەگرنە دێری جولەکەکان و میزی پیا دەکەن، تۆپەڵە بەفریش لە ئاقۆی جوو دەگرن، بەڵام شێرکۆ، کەسێتیی سەرەکی، بەچاوی خۆشەویستی و سەرسامییەوە لە دێر و جولەکەکان دەڕوانێت، یەکەم مامۆستای کە فێری خوێندەواری کردووە جوو بووە،"دێرەی کافران...هۆ...هۆ...دێرەی کافران!!. یەکێک لە منداڵەکان دەستی بۆ دۆخینی برد...دەیویست میز لەپەنجەرەکەوە...بکاتە ژوورەکە!؟...مەهدی خڕکە بەردێکی بەدەستەوەبوو... منداڵەکانی دیکە هەریەکە خڕکە بەردێکیان لەحەوشەکە هەڵگرتەوەو...بەردیان لەهەیوان و ژوورەکە دەگرت."[مەم، ٦٨].

کاتێک دەبینێت نەجمەی ژنی دراوسێیان کوشتووە، تورە و پەست جنێو بەهەموویان دەدات. "خاجیان بە ئاشکرا بەبێ ترس و سڵەمینەوە بەدەنگی بەرز جنێوی بەخەڵکی گەڕەک و موسوڵمانەکان ئەدا:

ـ ئێوە ئادەمی کوژن، ئێوە سەگ باوکن، بزانە چیتان لێئەکەین ئەیی حیزینە، ئەی بێ ئابڕوینە"[٣٦]، ئەو تاوانانەی موسوڵمانان ئەنجامی دەدەن، لای خاجیان دڕندانەیە و بە کافریان دەبینێت و نزایان لێدەکات و خواستی دەرچوون و دوورکەوتنەوە لە موسوڵمانان دەکات"ئێوە کافرن! حیزەن! ئەی باوکە موسا زوو لە دەستی ئەم موسڵمانانەمان قوتارکە! ئەم خەڵکانە بێ شەرم و حەیان، دێن و دەرگای تەویلەکان دەشکێنن و جاشەکەرە بەستەزمانەکان دەگێن، گەنجە دەنگگڕو دەموچاو زیپکاویەکان سواری ماکەرەکان دەبن و خۆیانیان لێدەپەڕێنن، من ئەمە خێرێکە و دەیکەم، بەناوی موسا ئەمساڵ دەگەڕێینەوە(یرۆشلایم)"[٣٨-٣٩]. لە ڕۆمانەکەدا وێنەی خاجیان و جولەکە بەڕێز و جوانیی و هاوسۆزییەوە کێشراوە. خاجیان پێگەیەکی هونەری، بوێرێکی ڕاستبێژە، دەنگی خۆی هەیە، کە ئەمەش هاودڵی گوتاری گێڕانەوەیە بۆ جولەکەی پەراوێز، کە موسوڵمانان بە کافر و پیس دەیانبینن، بەڵام موسوڵمانانیش لە چاوی جولەکەوە پڕن لە لەکە و پەڵە و هەڵە.

جولەکە لە ڕۆمانی *گوڵی شۆران*، ئامادەییەکی فراوان و چەند لایەنەی هەیە، وێنەی بابەتییانە پەیوەستە بە جیاوازی دینی و لایەنی سیاسی، کە پشتگیری ڕووسیای داگیرکەرن، لیریکی و خودیانەش خۆشەویست، دڵپاک و هاوسۆزی موسوڵمانانن، زیاتر لە موسوڵمان قوربانین. هاوکات جولەکەکان لە چاوی موسوڵمانانەوە کافرن، جێگەی بەزەیی و نەفرەت، سوکایەتی و خۆشەویستین، دەریان دەکەن و کاتی پێویست پەنایان بۆ دەبەن. جولەکەی کەمینە بەسۆز، دڵفراوان و هاوکارن. کاتێک ڕووسەکان شار و دێیەکان داگیردەکەن، خەڵکی دێ پەنا بۆ مالمی جولەکە دەبەن، "یەکێ لەپیاوە زیرەکەکان پێشنیاری کردبوو مالمی جولەکەکان پێش خۆیان بخەن...هەموویان دڵنیابوون بێ قسەییان ناکا و ڕازی دەبێ. بۆ دەبوو ڕازی نەبێ. ئەویش وەک ئەوان خەڵکی شارەکە بوو. باب و باپیری لەو شارەدا ژیابوون. ئەگەرچی هاودینیان نەبوو، ئەگەرچی زۆر کەس بێ حورمەتییان پێ کردبوو، سەگەیان پێ گوتبوو...منداڵی هارهاجیان فێرکردبوو کەوا شۆڕکەی ئاگر دەن، بەڵام مالم عاقڵتر و دڵگەورەتر لەوەبوو کە ئەوانەی لەبیر نەچێتەوە. بۆیە هەر کە پێیان گوت...ترسی فەرامۆش کرد و بەرەو خێوەتی میوانە قژ سورەکان پێشیان کەوت"[١٧-١٨]. دەبینین موسوڵمانان تا کاریان بە جولەکەیە ڕێزیان دەگرن، بەڵام لە کار و ڕوانینیاندا بە کافر و سەگ سەیریان دەکەن و ماڵیان دەسوتێنن و شاربەدەریان دەکەن. لەلایەکی دیکەوە لەبەرئەوە تۆمەتی خیانەت و سیاسیان دەدەنە پاڵ، لەناو منال و خەڵک بڵاوی دەکەنەوە، کە جولەکە ڕووسی هێناوە[٦٣]، بەڵام منالان، کە لەگەڵ

جولەکە ژیاون و ئێستاش ڕووسەکان دەبینن، جیاواز دەردەکەون، بۆیە پرسیار دەکەن، "فەرخە تازە دەیزانی باوکی ڕاستی گوتبوو، ئەوان کافر بوون؛ وەک جوولەکەکانی لای خۆیان. بەڵام جوولەکەکان ماسییان دەخوارد و قرپۆکیان نەدەخوارد. هۆی ئەو جیاوازییەی لەخانزاد پرسی. دایە گوڵێ وەڵامی دایەوە: "جوولەکە لە ڕووس باشترن. بەس نییە نێر و بەران نین". فەرخە بۆ سەلماندنی قسەکەی دایکی گوتی"نازانی ئافرەتی چەندە جوانیان لەگەڵە"[٦٥]. موسوڵمانان منداڵەکانیان بە وێنەی ناشیرین، کافری و خراپی جولەکە پەروەردە دەکەن، بەڵام هەر کافرەکانن، دەبنە هۆی جوڵانی ئارەزووی سێکسی و خۆشەویستی، بۆیە فەرخە بە دیتنیان ئارەزووی دەجوڵێت و دواتریش عاشقی لەیلای جوو دەبێت.

فەرخە کچە جولەکەیەکی خۆشدەوێت، بەڵام جولەکەکان لەشار دەردەکەن، لەبەرئەوە جوولەکەیبوون و موسوڵمانبوون کێشە بۆ خۆشەویستیش دروستدەکات، کاتێک فەرخە خۆشەویستییەکەی خۆی بۆ خانزاد باسدەکات، دەڵێت: "چاوی حەزت بەکچە کافران پشکوتووە فەرخە". فەرخەش بەهەمان بێ پەراوییەوە وەڵامی دایەوە، گوتی: "کچی کافر یان جوولەکە. من بەخۆشی لەیلای مام شەلمۆوە زیندووم"[...خانزاد] گوتی:"تۆ موسڵمانی و لەیلا جوولەکە. پێویستە زیاتر بیری لێ بکەیتەوە. ئەمە موشکیلەی بەدواوەیە..."[١١٩-١٢٠]، فەرخە پێیوایە دەتوانێت ڕووبەڕووی ئەو کێشەیە ببێتەوە، بەڵام خانزاد دەڵێت، بۆ ئەمە پێویستە خۆت و کۆمەڵگاکەت بناسی. فەرخە وا تێگەیشتووە، کە لەیلا لەبەر خۆشەویستییەکەیان ئامادەیە بێتە سەر دینی ئیسلام، بەڵام ئەو ڕەتیدەکاتەوە،"هەرگیز"...[فەرخە] هەموو ئەو کچە جوولەکانەی وەبیر دەهێنایەوە کە بەپێچەوانەی خواستی باوک و برایان موسڵمان بووبوون و شوویان بە کوڕە موسڵمان کردبوو. لەیلا ئەوانەی باشتر دەناسی. بەوپێیەش دووپاتی کردەوە: "نا هەرگیز"[١٢١] لەیلا دنیایەک چیرۆکی سوکایەتی موسوڵمانانی بە بنەماڵەکەیان بیستبوو، نەیدەتوانی خۆی لە چارەنووسی بنەماڵەکەیان ڕزگار بکات، بۆیە دەیگوت: "ناتوانم لەپێناوی دڵی خۆما هاوبەشی ئەو سوکایەتییە بکەم کە لە چارەنووسی هۆزەکەمە"[١٢٢]، سەرەنجام بەهۆی وەدەرنان و سوکایەتی زۆری موسوڵمانان بە جولەکەکان ماڵی لەیلاش بڕیاری چوون بۆ فەلەستین دەدەن و خۆشەویستیی فەرخە و لەیلا بەکۆتا دەگات."ئەویش لەگەڵیان دەڕوا". دە دوانزە ڕۆژبوو باسی ڕۆشتنی جولەکەکان بۆ فەلەستین دەکرا، بەڵام ئەوەی بەبیری خانزاد نەهاتبوو، ڕۆشتنی لەیلا و ماڵی مام شەلەمۆ بوو...جولەکەکان- کە سامانداترین خەڵکی شار بوو- لەکاتێکدا ماڵ و دووکانەکانیان فرۆشتبوو، بەشێک لە شتومەکی ناوماڵیان بەهاوماڵەکانیان بەشیبۆوە، باربنەی کۆچیان پێچایەوە. خەڵکی شار ئەگەرچی بیستبوویان دەچن بۆ شوێنێک جێ بە موسڵمانانان لێژ بکەن، بەخەمەوە ماڵاواییان لێ کردن؛ بەڕێیان

کردن"[١٢٥-١٢٦]. دەبینین موسوڵمانان بەهۆی کۆچ و لەڕیشەدەرکێشانی جولەکەکانەوە، جۆرێک لە هاوسۆزیان بۆیان هەیە، بەڵام ئەمە هیچ لەو سوکایەتی و قوربانیە کەم ناکاتەوە، کە بەهۆی جولەکەبوونەوە پێیانکراوە، لەبەرئەوە لە گوتاری ڕۆماننووسدا تێبینی هاوسۆزیی و دەنگی سەربەخۆی جولەکەکان دەکەین.

لەلایەکی دیکەوە بەپێی چوارگۆشەی واتایی دوانەی جولەکە و موسوڵمان لە پەیوەندی بەرامبەری، ناکۆک و لەخۆگریدان، موسوڵمانی زۆرینە کەمینەی جولەکە دەچەسێنێتەوە، هەوڵدەدات بە ڕێگەی خۆشەویستی و هاوسەرگیری بیکات بە بەشێک لەخۆی و شوناسی بسڕێتەوە؛ تەنانەت ناوی خاجیان بە خەجێ دەگۆڕێت، بەڵام هەرچەند لە دینەکەی هەڵدەگەڕێتەوە، بەتەواوی ملکەچی نابێت، لەیلاش بە توندی ڕەتیدەکاتەوە شوناسە دینییەکەی بگۆڕێت، خۆی دەکات بە قوربانی چارەنووسی جولەکەبوونی.

**٣. تراژیدیای هەبوون و نەبوونی ناوەند**

لە ویستی باوککوژییەوە بۆ قوربانی کوڕ

لە ڕۆمانی *حەسار و سەگەکانی باوکم*[حەسەن، ٢٠٠٥]، باوک دەسەڵاتی بنچینەیی هەیە، کوڕ و کچ و ژن پەراوێزن، پەراوێزەکان لە ستەمی باوکدا ئارەزووی کوشتنی دەکەن. لە کوشتنیدا بۆشایی دەسەڵاتی ناوەندی لە بەڕێوەبردنی پەراوێزخراوان سەرهەڵدەدات و ئارەزووی گەڕانەوەی باوک دەکەن. باوک سیمبولە، دەکرێ خودا و پێغەمبەر، سەرۆک، ئایدۆلۆژیا و هەر دەسەڵاتێکی وەک کەلتوور، حزب و ئایین، یان باوکی ناو خێزان بێت، لەبەرئەوە باوک و کوڕ و نێرەکان بێ ناون و دایکان و کچان پەراوێزن. دەبینین لە ئێستادا چەند دەنگ لەناو کورددا ئاوات بە بەعسی ئەنفالکەر دەخوازێت، لەحەساریشدا ژن و منداڵان فێری ئازادیی و بەڕێوەبردن نەبوون، لە پاش کوشتنی باوک پاشاگەردانی و ستەم و تراژیدیا ڕوودەدات، پێش کوشتنیشی هەر تراژیدییانە دەژین و بەردەوام لەبیری کوشتنیدان، وەلێ، کە دەیکوژن هەست بەبێ باوکی دەکەن. کۆمەڵگا و خێزان ناتوانن بەبێ دیکتاتۆرییەت و چەوساندنەوەی باوک بژین، باوککوژی وەک تاوان دەبینن، نۆستالژی دەکەن.

لەم ڕۆمانەدا سەنتەری گێڕانەوە دەنگی پەراوێزخراوی کوڕە، بەڵام لە گوتاری گێڕانەوەدا باوک ناوەندە، لەبەرئەوە هاوسەنگییەک لەنێوان پەراوێز و سەنتەردا هەیە. هاوکات لەسەروو ئەم گوتارە ناوەندگەرایەوە، ڕەخنەی گوتاری گێڕانەوەی ڕۆماننووس بەرامبەر بە دنیای باوک دەبینین، کە باوک هەموو دەسەڵاتە ناوەندییەکانی تری وەک ئایین و کەلتوور بۆ چەوساندنەوەی خێزان

بەکاردەهێنێت. لەلایەکی ترەوە جیهانی ڕۆمانەکە بە پەراوێز و ناوەندەکان پڕە. قەرەج و فاڵگرەوە، سەگ و ئاژەڵگێی، یان خۆ بە ئاژەڵڕەحەتکردنی ژنان و کچان[1]، یاخود دنیای زێوانی شەهوەتباز و مردووگێ، کە خۆی بە پاشای گۆڕستان دادەنێت و شەوی کوشتنی باوک زولەیخا دەکات بە ژن، "هەر ئەو شەوە لەنێو ئەو هەموو گۆڕ و کێلە شکاوانەدا پاڵی خست...تا هەنوکەش خوێنی کچێنی زولەیخا وا بەسەر بەردە سپییەکانی ئەو گۆڕەوە..دەمدی...ئەو شەلە شەهوەتبازەم دەدی کچە تازە مردووەکانی لە گۆڕ دەردەهانی".[١٦] وێڕای ئەمانە، خوشک و برا، ژنانیش بەرامبەر دەسەڵاتی ناوەندی جگەلە باوک لە پەراوێزدان.

باوک، کە سەنتەرە، دەسەڵاتی ماددی و مەعنەوی هەیە، خاوەندارێتییان دەکات. باوک، حەسارێک و دنیایەک ژن و مناڵ و ئاژەڵ و باڵندەی جۆراجۆری هەیە، دەسەڵاتی ڕەهای بەسەر کۆی مرۆڤ و ئاژەڵ و شتەکاندا هەیە. کەس ناوێرێت ڕووبەڕووی بوەستێتەوە، بەردەوام جەخت لەسەر ئەوە دەکات، کە بێ من و حەسار کەس ناتوانێت بژی،"هەر کێ ئەم حەسارەی بە دڵ نییە با بڕوات ... من چاک دەزانم لە دەرەوەی ئێرە چییان لێ بەسەر دێ...لە دەرەوەی ئەم حەسارەی من و دوور لە چاوانی من کەستان ناژی"[٢١]، باوک خودائاسا خۆی دەنوێنێت و هەموو ئەوانەی، کە هەن وەک ژێردەستە و خزمەتکاری خۆی و حەسار دەبینێت، "ئەو کوڕەشی کە لە من هەڵدەگەڕێتەوە موستەحەقی سەربڕین و خەساندنە...من ئەو پیاوە نیم لە کوڕەکانی خۆم بترسم...هەموو ئەو کچانەشی کە ویستیان سەرم شۆڕ بکەن و ڕەدووکەوتن...کردمنە خۆراکی قەل و داڵ...دەستی من ئەوەندە درێژە دەگات بنی دونیا...بەرلەوەی یەکێک لە کوڕەکانم یان کچەکانم خەیاڵی خەراپ بکات من خەونی پێوەدەبینم...ئێوە لە دڵی خۆتاندا قسە بکەن...من دەیبیستمەوە"[٢١]. باوک دەسەڵاتی واقیعی، پیاوسالاری و مێتافیزیکی بۆ پەراوێزخراوان نیشاندەدات و جێبەجێدەکات، بێ باک لە هەر هێزێک، خۆی تاقیکەرەوە و جێبەجێکاری زۆرێک لە هێزە نەریتییەکانە، "هەر خەیاڵێکی خەراپ دە جەڵدەیە و هەر خەونێکی خیانەتکارانە دە قامچییە، سوێند بێ دڵم بە کچەکان نەسووتێ و لە تەویلەکاندا لە تەک ماکەرەکانم بیانبەستمەوە...خوام لەو خوایە ژنان لەبەرچاوی من بنێشت بجوون یان ئاو بخۆنەوە، یان ئەوەتا ببینم بێ شەرمانە کچانم کەزی و بسکان بەردەدەنەوە و قژدادێنن...سوێندم بەحەسار هەر هەموو ئاوێنەکان بشکێنم"[٢٢]، باوک وەک ئیمپراتۆرێکی دیکتاتۆر، دەستدەخاتە ناو وردەکاری ژیانی تایبەتی تەواوی شت و کەس و ئاژەڵەکانی حەسار، هەر خۆی بڕیاردەرەو بەردەوامیش ژنە پەراوێزخراوەکان دەهێنێت و وازیان

---

[1] ـ لە چەند ڕۆمانی کوردیدا ئاماژە بە ئاژەڵگاین کراوە، لە ئاوێنە سەرابییەکان، گەماڵ...هتد، بەڵام لە هیچ ڕۆمانێکی کوردیدا نەمخوێندووەتەوە باسی سێکسی ژن و کچان لەگەڵ ئاژەڵ بکات، لەم ڕۆمانەدا لە چەند شوێندا هاتووە، کە ژنان خۆیان بە ئاژەڵەکانی باوکیان ڕەحەت دەکەن.

لێدێنێت، "ئەو کافرە هەر ساڵە و دەستی لە شەش حەوتێک بەردەدا و شەش حەوتێکی دیکەی مارە دەکرد، لە هەر ڕاوێک دەگەڕایەوە ژنە دۆمێک...قەرەجێکی لە پاشووی ئەسپەکەی دەبەست و ڕایی دەکرد، نەمدەزانی کامە لە خوشک و براکانم حەڵاڵ زادەیە"[٢٢].

باوک سوود لە دەسەڵاتی دینی و کەلتووری پیاوسالاری وەردەگرێت و پەراوێزخراوان بە بوون و نەبوونی دەچەوسێنێتەوە، لە هەر لادانێکدا حەساریان لێدەکات بە زیندان و گۆڕستان، دەیانکوژێت و زیندەبەچاڵیان دەکات، زوهرای کچی لە حەسار زیندەبەچاڵ کرد، چونکە بەدزییەوە خۆی بە ئەسپە عەرەبییەکەی ڕەحەت کردبوو، زیبای تازەپێگەیشتوو لەسەربان و لەبەر تریفەی مانگەشەو بە دزییەوە سەما و بە باگردێن گەمە دەکات، باوک دەیبینێت و لەژێر زەمینی حەسار زیندانی دەکات و هەر خراپ و هەڵەیەک[لە دیدی باوکەوە] ببینێت، نەک تاوانبار، بەڵکو ئەوانیتریش سزا دەدات، تەنانەت بە دەستی بێت سزای مانگیش دەدات، "سوێندی خوارد کە تا(زیبا) دەمرێ نابێ و ناکرێ تریفەی مانگی بەربکەوێ...مانگ لەنێرینەیەکەی چاو حیز دەچێ...باوکە خۆری خۆش دەویست...خۆر دەسوتێنێ و دەبرژێنێ و دەکوڵێنێ، کەسیش ناتوانێ لەدووڕ چاوانی خۆر ڕابمێنێ، سەران شۆڕ دەکا و چاوان دەنووقێنێ، بێ شرەفی مانگ لەوەدایە بەزی خۆرەوە هەڵدێ و نهێنی شەوان دەدرکێنێ، دوای ئەو حەیاچوونەی (زیبا) فەرمانیدا نەک هەر ڕەمەزان...بەڵکو گەرەکە لە هەر وەرزێکی ساڵدا یەک مانگ هەر هەموو حەسار بەڕۆژوو بێ"[٢٥] باوک، پێیوایە پیاوی ڕاستەقینە، سێ شت هەڵدەگرێت، "گۆچان، قامچی، خەنجەر"[٢٦]، هەموو کوشتن و زیندانی، قامچی و خەنجەرێکی باوک بۆ ژن و منداڵ و خزمەتکارەکانی حیکمەت و دڵسۆزین، لەخۆوە "سمایل" گەردنی خۆی نەخستووەتە بەر کێردی "برایم" پێغەمبەر[٢٧]، باوکیش خودا و پێغەمبەرئاسا، دەزانێت چی بۆ ئومەت و خەڵکی حەسار باشە، پەراوێزخراوان نەزانن، "گەر من نەبوومایە ئەم حەسارە هەر زوو، دەمێک بوو، بەسەر ئێوەدا وێران دەبوو، ئێوە ماوتانە لە دونیا تێبگەن...با گەورەتر بن ئەوسا حاڵی دەبن من چەندم ئێوە خۆش ویستووە، هەموو تف و جنێوەکانم حیکمەتیان تیایە...هەر منم دەزانم چی بۆ ئێوە خێرە و شەڕە، بەندە بۆی نییە لەخودای خۆی بپرسێ بۆ برسی و تینووی دەکا"[٢٧]، باوک دەسەڵاتی بەسەر خەونی کچ و ژنەکانیشی هەیە، ئەو پیاوانە ڕاودەنێت، کە دێنە ناو خەونەکانیان. ئەمانە مشتێک لەو دەسەڵاتانەی باوکن، کە لەناو ڕۆمانەکەدا هاتوون و وەرگیراون لە باوکەکانی کورد و ڕۆژهەڵات، دین و سیاسەتەوە[حمەعەبدوڵڵا، ٢٠١٤: ١٠٦]. ئێستا ئاوڕێک لە دۆخی پەراوێزخراوان، کە لە ژێر هەژموونی باوکن دەدەینەوە.

ڕۆمانەکە گێڕانەوەی دنیای پاش کوشتنی باوکە، کە کاریگەری لەسەر ژیان و دنیابینی و تەواوی دانیشتوانی حەسار و گەردون دادەنێت، لەبری ئازادی، نەفرەت و دۆزەخ پەرپا دەبێت. باوک کوژراوە، بەڵام لە هەر ڕووداو، کات و شوێنێکی ڕۆمانەکەدا ناوەندی دەسەڵات و هێزە. هەموو شتەکان بە ویستی ئەو دەجولێن و دەبن. کوڕی گەورەی پەراوێز و ناوەندی گێڕانەوە، لەسایەی ئەم دەسەڵاتە و بە هاندانی خوشک و دایکەکانی، شەوێک لە باوەشی ڕابی ژنە منداڵکارەکەی باوکی، لە ساتی شەهوەت و کۆتا تەکانیدا بە خەنجەر باوکی دەکوژێت. کوڕ وێڕای ستەمی باوک و هاندانی خوشک و براکانی، ڕابیش مەیل و بەڵێن پێدەدات، لەبەرئەوە هەستی نێرینەیی و سێکس دەیجولێنێت و پێی دەڵێت، باوکی ئەمشەو لای ئەو دەبێت و دەرگا داناخات، بەڵام ڕابی لەژێرەوە لەگەڵ باخەوانەکە ڕێکەوتووە، بەمەش لە مێرد و کوڕەکەی ڕزگاری دەبێت و بەخواستی خۆی دەگات. ئەوەشمان بیر نەچێت، کە کوشتنی باوک بیست ساڵ پێشتر لەلایەن ژنە قەرەج1ێک پێشبینی کراوە. ژنە بە باوکی وتووە: "تۆ لەباوەشی یەکێک لە ژنەکانتا دەمریت...لەباوەشی لە هەمووان ئازیزترا!"

باوکەش قاقا تریقابۆوە، نیوە ڕووت بەپشتدا وەرگەڕابوو:

"جا دۆمە ڕەش قەت مەرگ لەوە خۆشتر دەبێ؟"

ژنە قەرەجی عەییار کە دەرپێیەکەی هەڵکێشابۆوەوە، پێی وتبوو:

"کەر پیاو...گەرکمە بلێم لەباوەشیدا دەکوژرێی."" [٣١].

تراژیدیای ڕۆمانەکە لە پاش کوشتنی باوکەوە دەستپێدەکات، کە نەفرەتی کوشتنی باوک تەواوی ژیانی کوڕ، کچ و ژنەکانی دەگرێتەوە. چونکە خێرا پاش کوشتنی، هەموو خێزانەکە نەفرەت لە کوڕ دەکەن، کە کچانی هەتیو و ژنانی بێ مێرد خست، "ئیدی تا ماوم ناحەسێمەوە...من سەرفرازی و خۆشنوودیم خواست بەر نەفرەت و تفی...تانەوتەشەری دایک، خوشک، برا...گزیرو کارەکەر و

---

[1] ـ قەرەج و پێشبینیکەران لە پەراوێزخراوانن، جگەلەوەی پێشبینیکەر و فالگرەوەن، بێماڵ و گەڕۆکن، زۆرجار ژنەکان ڕۆڵی سۆزانی و لەشفرۆش دەبینن. قەرەج و پێشبینکەر لە کۆمەڵێک ڕۆمانی کوردیدا بە تەنکی و خۆسەلمێنی ئامادەن. دەرکەوتنیان پەراوێزیی و پێشبینییان ناوەندییە، لە ڕۆمانی *زیندەخەو*دا ئەوەی پێشبینی بۆ ژیان و خەونەکانی ئازاد دەکات، دێتەدی،[ئەمیری، ٢٠٠٣: ٢٢٣]، لە ڕۆمانی *ئای لەڤیلیا لەڤیلیا*، نەوال کەسێتیی سەرەکی، وا دەگێڕرێتەوە، کە کچی ژنە قەرەجێک بووە.[کاکەسور، ١٩٩٨: ٩٦] لە هەمان ڕۆمان چەند پێشبینی وادەرچوو دەبینین، لەمانە سەرنجراکێشتر ئەوەیە، کە پێشبینیکەران زۆربەیان بە ڕەچەڵەک کوردن، لەکاتێکدا خۆیان لە بەغدادن. هاوکات ڕۆمانی *بلیند و نەوی*، ئاماژە بە دەنگخۆشی قەرەج و ژیانی دۆمەکان دەکات. بەڵام لە ڕۆمانەکانی ئەم قۆناغەدا هیچیان چڕتر و ناوەندیتر وەک دنیا لە کتێبێکدا، ئاماژەی بۆ دەوری ژنی قەرەج نەکردووە، لەئاستی گێڕانەوە و گوتاریشدا ڕۆڵی ناوەندی پێداوە. سێکس و باوەشی ژنە قەرەج ڕۆڵی ناوەندی دەگێڕێت، وەک پیرۆز و نەمر بینراوە، پاشا لە بەرپێی دەکەوێت و ناموسی شار بە باوەشی دەفرۆشێت. (مێژووی سێکسی ژنە قەرەج لە مێژووی شار کەمتر نییە).[غەریب، ٢٠٠٣: ٥٤]

مەیتەرەکان کەوتم"[١٦]. بەهۆی دەسەلاتی ناوەندی باوکەوە، باوک گەرەنتی(دڵنیایی) مانەوەی دوای مردنیشی کردووە. نەریتی پیاوسالاری، کۆیلایەتی و دیکتاتۆری هێندە ڕەگئاژۆیە، کە ژن و کچانی گەورەبووی ئەو کەلتوورە، نازانن بەبێ باوک و مێردێکی چەوسێنەر بژین. "ماچیان کردم، تفیان تێکردم، سوپاس و نەفرەتیان کردم"،[٤٥] ئەم پەراوێزخراوانە لە پاش باوک نازانن چی بکەن، چۆن بژین. بگرین و شایی بکەن، کوڕ بکوژە، یان ڕزگارکەر، سوپاس یان نەفرەتی لێبکەن، "وەی لە شایی سەرفرازی و ترسی بەلەزەت و دڵەڕاوکێی باوککوشتن، لێرەو لەوێ بە نەرمە غار کەوتنە دوام...بەچاوانی پڕ لەقین و ئەو پەڕی خۆشەویستییەوە دیقەتیان دەدام، دەیانوت"سوپاس بۆ تۆ هۆ برا نەبەردەکەمان، نەفرەتت لێ بێ هەی سپڵەی باوککوشتە"[٥٩]. پەراوێزخراوان فێری قامچی و جنێون، ڕانەهاتوون بە ئازادیی دوای نەمانی باوک، لەبەرئەوە بەرەڵایی و کارەسات ڕوودەدات، بیری لێدان و قامچی باوک دەکەن، نۆستالژی کۆیلایەتی دەکەن، هەست بەبێ کەسی دەکەن، چونکە لەسایەی باوەکەوە نەبوون بە کەس، داوا لە کوڕ دەکەن فریایان بکەوێت و ببێتە باوک، وەلێ کوڕ ناتوانێت، "هۆ کاکی ناپاکمان...ڕۆڵەی جەربەزەو هەلپەرست..تۆچیت بە ئێمە و خۆت کرد؟ فریامان کەوە، فریای خوشک و دایکانی هەمیشە نەگبەتت، هەمیشە دۆڕاو...ئێمە هەموو بیری دەکەین...کوا چیت لە باوکی عەگید و چەلەنگمان کرد؟ کوا کەس نەما دوای باوکە بوێرێ بەقامچی لەشی ساردوسڕمان ئاگربدا؟ پیاوێک..نێرێک لەم حەسارەدا نەما بەحەیزەرانەکەی کەفەل و لاڕان و بەلەکمان شین و مۆر بکا، وەی بۆ نێرەپیاوێک جنێومان پێبدا[1]".[٦٠]

ئەم بێ سەروەری و خاوەندارییە، ئەم بێ خوداییە، سەرچاوەی لێکترازان و بەرەڵایی و پشێوییە، چونکە هەموو شتەکان ئولفەت و خوویان بە زیندانی حەسار گرتووە، ناتوانن بێ ئەوێ و باوک بژین. باوک وێنە گەورەکەیە و هەموو بوونەوەران نوێنەرەوەی ئەون، ئەمە نەک تەنیا بۆ ئەندامانی خێزانەکە، بەڵکو بۆ تەواوی سروشت و ئاژەڵ و باڵندەکانیش دروستە، "مانگ سیمای باوکمی دەنواند...پەڵە هەورەکانیش شێوەی فڕندەو دەعباکانی باوکمیان دەنواند"[٥٧-٥٨]، هیچ کەس پاش کوشتنی باوک، ناتوانێت ئازادبێت و لە حەسار بچێتە دەرێ یا بفڕێت، "لێرەوە ڕاوم دەنان و

[1] ـ زاڵبوونی گوتاری پیاوسالاری کاریگەری لەسەر کەلتوور و جیهانبینی مرۆڤەکان هەیە و دەبێت، بۆیە زۆرجار ڕەگەزی مێ نا-ئاگا خزمەتی ئەو گوتارە دەکات. لە گوڵی شۆران، پرسی ژن بۆ خانزاند گرنگە، سەرەتا وادەردەکەوێت، بیرکردنەوەی فێمینیستی هەبێت[نەهایی، ١٩٩٨: ٦٩]، بەلام لەدۆخ و شوێنێکی تردا تاڕادەیەک بۆچوونی جیاواز دەبینین. لای وایە، پیاو دەبێت ویقاری هەبێت و خۆی قورس ڕابگرێت. "دەبێ لە شیرینترین کاتەکانی ژیاندا ژن سڵێکی ترسنۆکانە [لەپیاو] بکاتەوە. دەبوو تووڕەیی نە بەسەرزارییەوە بەڵکو بە چاوانییەوە بێ"[١١٦]. دواتریش سێکس لەگەڵ برای مێردەکەی دەکات و نەفرەت لەبەشی ژنێتی خۆی دەکات.

لەو سەرەوە دەهاتنەوە...دەرگای هەموو قەفەزەکانم کردەوە و هەموو بولبولەکانم بەرەڵڵاکردن... پاش تۆزێک فڕین و باڵ لێکدان بەنێو ژوورەکاندا هەر هەموو چوونەوە نێو قەفەزەکانیان...هاوارم کرد:"باوکە ئێوەشی حیزکرد...خودا هاوار...بۆ نافڕن...؟""[٤٨]، کاتێک بە زۆر ئاژەڵ و باڵندەکان دەکەنە دەرێ، کچ و کوڕ و ژنانی باوک، بیر لەوە دەکەنەوە چی وەڵامی باوک بدەنەوە، باشترە بچن بیانهێننەوە، یاخود باشترە حەسار چۆڵ بکەن، دەترسن، ڕوو لەکوێ بکەن؟ باوک فێری کردوون حەسار تەواوی دنیایە، لەبەرئەوە پەراوێزخراوان دنیا لە حەساردا دەبینن، لە دەرەوەی ئەوێ ون دەبن، دەمرن، دەسوتێن،"تۆ بڵێی لە دەرەوەی ئەم حەسارە دونیا کاول و ئاخر بووبێ؟[...یەکێک لە براکان] وا چاکە بچین ئەو کەروشێک و پشیلە و سمۆرە نامەردانە بێنینەوە"[...] دوو ڕێمان لەپێشە یان هەڵاتن یان هێنانەوەی هەموو خەڵقەندە و فڕندەکانی ناو حەسار".[٥٠]

کوشتنی باوک بۆ کوڕی گەورە لە هەموو پەراوێزخراوان زیاتر تراژیدیا دەخاتەوە. لە بێ باوکیدا شێت و سەرگەردان، زەلیل و ڕسوا دەبێت. لەژێر زەبری پاشماوەی کەڵبەی باوک و سەگەکانی دەناڵێنێت، بێ‌پەنا و لانە، گۆڕستان دەبێت بە لانەی. بۆنی خوێنی باوکی و دەندوکی باڵندەکانی لە جەستەی دەئاڵێن. ژین‌جیهانی پاش باوککوژی دەبێتە دەرد و ئازار. دواجار وەک ئیماندارێکی لە ئیمان هەڵگەڕاوە، دەچێتەوە باوەشی ئیمان و پەنا بۆ کێلی مردووەکان دەبات، چونکە کەس لە خوشک و برا و دایکانی ناتوانن ڕزگاری بکەن و نەفرەتی لێدەکەن، خۆشیان بەدوای ڕزگارکەردا وێڵن و پەنا بۆ گۆڕی باوک دەبەن، "ئەو ژن و کچە بسک درێژ و سینە والآیانە لەدویو ئەم دیوارەوە...لەکێ دەپاڕێنەوە...؟ لە من یان لە باوکم؟ لە خودای ئاسمانان...یان لە شەیتان...یاخود لە سەگە پیر و نەگریسەکانی؟ تف لە منی کەڕ و لاڵ...گرگن و خەسیو...وەی لە هەیبەتی لاشەی هەلاهەلا و دارزیوی باوکم"[١٢]، کوڕیش سەرەتا پەنا بۆ گۆڕی مردووەکان دەبات، "وەک پیسترین تاوانبار لەبەر قاپی مەزار کەوتمە چۆک...کە زیندوو بەدەنگمەوە نەیەن...مردووەکان چیم بۆ دەکەن."[٧٠]، دواجار پەنا بۆ گۆڕی باوکی، باوکە زیندووە مردووەکەی دەبات، چونکە باوک ئەبەدییە، نەمرە، "لەلاشەی باوکە دەپاڕامەوە: "هاوارم وەبەر تۆ...لە سەگەکانت قورتارم کەو بمکەوە بە کوڕی خۆت...جارێکی تر وا بکە هەوای پاک هەڵمژم...ئازادم کەو تا حەسارەکەت ئاوەدان کەمەوە...موعجیزەی خۆتم پیشان بدە و لە گوناهم خۆش بە...ئێستا دونیا زانی تۆ بە مردوویش لە هەموو زیندووتری...ڕوخسەتم بەرێ بچمە حەسار"[٧٤].

گوتاری ڕۆمانەکە[1] پێمان دەڵێت، دەسەڵاتی سەنتەری و ڕەهای باوک لەسەر پەراوێزخراوان بەجۆرێکە، کە ناهێڵێت پاش مردنیشی کەس ئارام بژی، خەونی بوونەوە بە باوک لەلایەن کوڕەوە تەنیا لە گۆڕستان و بە مردوویی دەکرێت، لەبەرئەوەی باوک لە ڕێگەی خەون، زمان، ئەفسانە، خەیاڵ و نەفرەتەکانییەوە دێتەوە، ئەو لێرەیە، ڕۆحی مردووی هەمیشە زیندووە و تێکەڵی سەگە بە وەفاکانی بووە، ڕۆحی لەناو تاپوتەکە بە سەگەکانی دەڵێت، "هۆ سەگە بەوەفاکانم نەهێڵن ئەو باوک کوژە بحەسێتەوە"[٥٤]، ئەو سەگانە بۆ باوک گیانن، "ئەوانە کۆمەڵێ سەگ و تانجی و توولەنین...بەڵکو ڕۆحی منن...ڕەنگە ئێوە سپڵە بن...وەلێ سەگەکانم...هەرگیز"[٥٤]، لەبەرئەوە سەگە هەرمانەکان بەخۆیان و بەچکە نوێکانەوە جەستە و ڕۆحی کوڕ لەت دەکەن، "لەوە دەچوو لەو گۆڕەدا قۆناغی دۆزەخ بژیم تا ئەو حەلەی پاک دەبمەوە لە خوێنی باوکم...جاروبار هاوارێکم دەکرد تا بیسەلمێنم کە هێشتا ماوم"[٧٤]. دواجار کوڕ دەگاتە ئەوەی بڵێت: "من باوک یان خۆمم کوشت؟"[٧٥]. ئەمەش گوتارێکی نائومێدکەرە بۆ نەوەی نوێ، کە باوکەکان چەشنە هەرمان و بەردەوامییەکیان هەیە، کە دەست، هزر، ڕۆح و دەروونی نەوەی نوێ دەبەستن و ناهێڵن دنیا بگۆڕێت و نوێبێتەوە.

**٤- ژن و پیاو لەنێوان پەراوێز و ناوەنددا**

ئەم دوانەیە لە کۆی ڕۆمانە کوردییەکاندا بە پێگە، ڕوانگە و دەرکەوتنی جۆراوجۆرەوە ئامادەن. دەرخستن و لێکدانەوەی وێنەی نێر و مێ، یاخود ژن و پیاوی کورد لە ڕۆمانەکاندا کارێکی دژوارە، لەبەرئەوەی هەر ڕۆمانێک دەرکەوتن و دەرخستنی جیاوازی هەردوو ڕەگەزی نیشانداوە. کچ و کوڕێکی عاشق لە کچ و کوڕێکی شۆڕشگێڕ جیاوازە، کچ بۆ باوک و براکانی لە ژن بۆ هاوسەر و منداڵەکانی جیاوازە. نێر و مێ بەپێی کەلتوور، جیهانبینی دینی، سیاسی و گوتاریی، هەڵکەوتی جۆراوجۆریان پێدراوە.[2] هاوکات پەیوەندییەکانی نێوان هەمان ڕەگەزیش فرەئاڕاستەیە، کەواتە چۆن

[1] - دەکرێت خوێندنەوەی جیاوازتری بۆ بکرێت، کە کراوە، بەڵام گوتارەکەی جگەلەوەی ناو دەق ئاماژەم پێیکردووە، بەمجۆرەش دەیخوێنینەوە، کە یاخیبوون لە دەسەڵات و هێزە ناوەندییەکان ئەگەری پەشیمانی و خۆزگەخوازی بۆ بەرهەم و کەسی پێشووی لێدەکەوێتەوە"سەد ڕەحمەت لە کفن دز"، یاخود وەک کامۆ لە مرۆڤی یاخیدا باسی شکستی شۆڕشەکان دەکات، کە بەناوی ڕزگاری دەکرێن. لەم ڕۆمانەشدا کوشتنی باوک وەک شۆڕشێکی شکستخواردوو، دەڵەمە و پیس، نەک دوو زەردێنە دەردەکەوێت، هاوکات جەختی ڕۆمانەکە لەسەر هەرمانی دەسەڵاتی باوک، ئومێدقڕی و وەفاداری بۆ مانەوەیە لەناو ئەوەی هەیە، نەک خواستی یاخیبوون و دەرچوون.

[2] - ئەوەی لە ڕۆمانەکاندا تێبینی دەکرێت، وێنەی مێ لە خۆشەویستیدا ڕۆڵی ناوەندی دەبینێت و هەڵسوڕێنەر و ئاڕاستەکەری ڕەگەزی نێرە، بەڵام کچ و ژن بەرامبەر بە کوڕ و پیاو لاواز و نزم و بچوکترە، لەلایەن ڕەگەزی نێرەوە بەڕێوە دەبرێت. دەتوانین بڵێین تا ئەوکاتەی سێکس نەهاتووەتە ناو پەیوەندیی خۆشەویستی، مێ لەسەرترە، بەڵام

و له چ دۆخ و دەرکەوتنێکدا ئەم دوو ڕەگەزە، ناوەند یا پەراوێزن، هۆی پەراوێزیی و ناوەندیان چییە؟ لە سایەی ئەم پرسیارانەوە، هەر ڕۆمانێک بەجیا دەستنیشانی وێنەی ئەم دوانەیەی لە دوو گۆشەنیگاوە تێدا دەکەین: ١ـ یەکەم ڕۆماننووسی ژن وەردەگرین، کە لەم قۆناغەدا ڕۆمانی نووسیوە. بەپێی بەدواداچوونم تاکو ٢٠٠٣ تەنیا ئەم ڕۆمانەمان بە زاری کرمانجیی ناوەڕاست هەیە، کە ژن نووسیبێتی و بڵاوکرابێتەوە.[1] ٢ـ ڕۆمانی چەند ڕۆماننووسی پیاو وەردەگرم، کە وێنەی هەمەجۆری ژن و پیاویان گرتووە و کێشاوە و داهێناوە. پێویستە ئاماژە بەوە بدەم، کە جیاکردنەوەی ڕۆماننووسەکان بەپێی ڕەگەز بە مەبەستی بەراوردکردنیان نییە.

**ا ـ ژن و پیاو لای ڕۆماننووسی ژن**

پەریزاد: لەپەراوێزەوە بۆ ناوەند

بڵێند و نەوی[2][جەعفەری: ١٩٩٨] ڕۆمانێکی مێژوویی–ئەویندارانەیە، لە نووسینی نەسرین جەعفەری. ڕۆمانەکە بە دەنگی هەمووشتزان، بەڵام زیاتر ڕوو لە کەسێتیی سەرەکیی، چیرۆکی ئەوین و خەباتی پەریزاد بۆ ئەمیرخان دەگێڕێتەوە. خان بەڕێکەوت پەریزادی کچی وسوو شوان دەبینێت، کە لەدەست میرانی کوڕی موساخان هەڵدێت. خان ڕزگاریی دەکات و دواتر عاشقی یەکتر دەبن، هەرچەند پەریزاد لە تەمەنی کچی خاندایە؛ بەڵام یەکیان خۆشدەوێت. پاش هێرش بۆ سەر دمدم، خان فەرمان بە پەریزادی سکپڕ دەدات، لە قەڵا هەڵبێت و کوڕەکەی(تەمر) گەورەبکات تا تۆڵەی بکاتەوە. پەریزادی بێوەژن و وەفادار بە یارمەتی بەگ و خانەکان قەڵا دەگرێتەوە، بەڵام جارێکی تر قەڵا لە دەستدەدەن، دیسان یارمەتی تەمری کوڕی دەدات و قەڵا دەگرنەوە. وەک دیارە ڕۆمانەکە مێژووی دمدمی ئاوێزانی ئەوین و شۆڕشگێڕیی، کارامەیی و دڵسۆزی پەریزاد کردووە. پەریزاد کەسێتیی سەرەکییە و دەوری بۆ باوکی، عەلی، خان، میرانی موساخان، تەمری کوڕی، ئەلغ

---

کە سێکس هاتە ناوەوە، پەیوەندییەکە دەگۆڕێت. لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕۆمانی *ئێوارەی پەروانە* و *زیندەخەو*، پەیوەندییەکان بڕێک جیاوازترن و باسمان کردووە.

[1] ـ جگە لەم ڕۆمانە، کە نەسرین جەعفەری لە ١٩٩٨ بڵاوی کردووەتەوە، بەرهەمێکی ترمان هەیە، مهاباد قەرەداغی بە ناوی 'کۆچ'، لە ساڵی ١٩٩٤ لە سوید وەک چیرۆک و لە ٢٠٠٤ هەمان چیرۆک، بەڵام بەناونیشانی ڕۆمان بڵاویدەکاتەوە. پاش خوێندنەوەی بڕیارمدا وەک ڕۆمان وەرینەگرم، لەبەر لاوازی لە ڕۆمانبوونی، هاوکات خودی نووسەریش سەرەتا وەک چیرۆک بڵاویکردۆتەوە، گۆڕینی ژانرەکەش لە ٢٠٠٤ ئەنجامیداوە، کە ناکەوێتە ناو ئەم قۆناغەی کارکردنمانەوە.

[2] ـ ئەوەندەی بەدواداچوونم کردووە، ئەمە یەکەم ڕۆمانی ڕۆماننووسی ژنە بە کرمانجی ناوەڕاست، بەڵام ڕۆمانەکە لەباری زمان و تەکنیک و شێوازی گێڕانەوە کلاسیکیی و حەکایەتییە، لە ئاستی گوتاریشدا لایەنگرانەیە. هاوکات هەڵەی زمان و ڕێنووسی هێجگار زۆرە.

بەگ... جیاوازە. پەریزاد لە کچی شوانێکی هەژار و دواکەوتوو و توندو دژە ژنەوە، دەبێتە خۆشەویست و ژنی ئەمیرخان، دواتریش دەبێتە بێوەژنێکی بەهێز و وەفادار و شۆڕشگێڕ. لێرەدا لەبارەی دەورو پێگە جیاوازەکانی پەریزاد هەڵوەستە دەکەین، پەریزادی، کچ، شاژن، بێوەژن، عاشق، هاوڕێ، دایک...کە دەرکەوتن و پەیوەندییە جیاوازیی هەیە.

وسوو، باوکی پەریزاد پیاوێکی توڕ و توندە، بەردەوام ئەزیەتی خەجێی ژنی دەدات، لێیدەدا و قسەی ناشیرینی پێدەڵێت، پەریزاد لەناو ئەم شەڕ و ئاژاوەیەی دایک و باوکی گەورە دەبێت. "دەبوو...گوێی لە قسەی ڕەق و تووڕەیی بابی بێ. گوێی لە هات و هاواربێ"[٢٥]. وسووی باوک و خەجێی دایکیش قوربانین، ئاکامی هەڵەی باوباپیرانیانن، چونکە ژن بە ژنیان پێکراوە، لە کاتێکدا وسوو خۆشەویستیی هەیە، بەڵام بەهۆی ژن بە ژنەوە گەورەکان ڕێگرن بە یەک بگەن، خەجێی لێ مارە دەکەن و وسووش دەڵێت: "بەزۆری ژنتان بۆ هێنام"[٢٧]. لەبەرئەوە وسووی باوک، تۆڵە لە خەجێ دەکاتەوە، "هەر دایکی درەنگ جوابی داباوە بیانووی دەکەوتە دەستێ. هەر کەسێ وەبەر دەست هاتبا، نوقرچکێکی دەگەیاندێیە، شەڕ گەورە دەبووە و بە لێدان و گریانی دایکی دوایی دەهات...خەجێی بەستەزمان لەبەرخاتری ئەو منداڵانەی نەبایە قەت سەعاتێکی لەلای دانەدەنیشت"[٢٦]. دیارە دیدی کۆمەڵگەی نەریتی، کە کوردیش دەگرێتەوە، کچ کەمتر و نزمتر لە کوڕ دادەنێت و ئازادیشی بەرتەسکترە، بەڵام دەبینین کوڕیش لەلایەن گەورەکانەوە بڕیاری بۆ دەدرێت، لەبەرئەوە کە گەورە دەبێت تۆڵە لە ژن و مناڵانی دەکاتەوە. لە ڕۆمانی *ئاوێنە سەرابیەکان* بە شێوەیەکی تر و لە شاردا هەمان چیرۆکی قوربانی نەوەکان دەبینین، کە باوکان و کۆمەڵگە نەخشەکێشی نەوەکانن. لێرەشدا خەجێ و پەریزادیش جۆرە قوربانییەکی جیاوازن، خەجێ لەبەر مناڵەکانی بەرگە دەگرێت، پەریزادیش بەهۆی بەڵێن و وەفا، شەرم و ئابڕو، پاراستنی تەمری کوڕی شوو بە ئەلغ بەگ ناکات، هەرچەند دڵی پێوەیە.

دیارە خەجێ و وسوو لەناو گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا پەراوێزن و پەریزاد سەرەکییە، بەڵام بەشێک لە چوارچێوەی ژیانی پەریزادی لەخۆگرتووە، بۆیە خەسووی خەجێ ئامۆژگاری بوکەکەی دەکات، کە بەرگەی وسوو بگرێت و بیکات بە پیاو "ڕۆڵە ژن دەتوانێ پیاو بگۆڕێ، ئەگەر شوبریش بێ. بەسەبر و خۆڕاگری دەیکاتە مەلاییکە...ژنی چاک پیاو دەکاتە پیاو"[٢٨]، دیدی ئەم ژنە بە ئەزموونە بۆ ژن ئەوەیە، کە هێزی گۆڕانی پیاوی هەیە، هاوکات ئەم دەسەڵات و بەرپرسیارێتییە پیاو لە خراپە بێ بەری دەکات، چونکە ئەوە ژنە نەیتوانیوە[یان دەتوانێت] پیاوی خراپ بگۆڕێت. لێرەشدا چیرۆکی سوڵتان مەحمود و هەیاس دەگێڕێتەوە، کە سوڵتان پرسیار لە هەیاس دەکات، ژنی

چاک کێیە؟ دەڵێت: "ژنێک دزبێ و درۆزن بێ."[٢٨] لەم چیرۆکە پەراوێزییە باسی سێ ژن و مێرد دەکات. دەردەکەوێت، کە ژنی چاک عەیبپۆشەو پیاو بەختەوەر و تەمەندرێژ دەکات، ژنی خراپیش بێ حەیا و زمانشڕە، ڕێزی مێردی ناگرێت و لەبەرچاوی خەڵک کەمی دەکاتەوە. ئەم ڕوانگە نەریتییە بۆ پەیوەندی ژن و پیاو، تای ڕێز و گەورەیی بۆ پیاو نەک ئافرەت سەنگ دەکات.

پەریزادی شۆخ و شەنگ، کە هەموو لاوانی شەیدا کردووە، بەڵام لە بینینی باوکییەوە پیاوان دەبینێت "وای دەزانی پیاو هەموو قەڵس و تووڕە و تۆسن و بێ بەزە و دڵڕەقن. بەخەیاڵی دانەدەهات پیاو میهرەبان و هێدی و لەسەرەخۆ"[٣٤]، ئەم وێنەیەی پیاو لە ڕێگەی باوکەوە، کاریگەری لەسەر ژیانی هەست و سۆزی پەریزاد داناوە. نازانێت کام پیاو دروستە، باوکئاسا یان ئەو لاوانەی بە قسەی خۆش و جوان و نەرمونیان، دەوروخولی دەدەن و خۆیان دەکەن بە قوربانی. عەلی یەکەم خۆشەویستیی پەریزاد هەوڵێکی زۆر دەدات تا دەبێتە جێی سەرنجی پەریزاد، "پەریزاد دیتی عەلی لەوێ ڕاوەستاوە. دیسان سەری داخست"[٤٠]، جگەلە عەلی، میرانی کوڕی مووساخانیش چاوی لەسەر پەریزادە، بەڵام نیگای عەلی و میران جیاوازە، نیگای عەلی خۆشەویستی، هی میران کڕین و دەستبەسەرداگرتن، "میران مرخی لە پەریزاد خۆش کردبوو...ئەویشی وەکو ئاو و گڵ و بەندەنی مێرگە بە هی خۆی دەزانی"[٤٤]، میران وەک دەسەڵاتدار بەخۆشیی و زۆر دەیەوێت پەریزاد بەدەستبێنێت، بەڵام عەلی بە دڵسۆزی و میهرەبانی، لەبەرئەوە میران بە قامچی لە پەریزاد دەدات، "میران قەمچیەکەی بە هەموو دەمایە خۆی داهێنایەو دەگەڵ وێزەی قەمچی پەریزاد کەوتە عەرزی"[٤٦]، میران کوڕی خان و دەسەڵاتداری ناوچەکەیە، هەموو شتێک بە زۆر و هێز دەکەن و عەلی خۆشەویستی پەریزاد دەکوژێت و دەبێتە هۆکاری دابڕانی ئەم دوو خۆشەویستە. بەهۆی ئەم ڕووداوەوە وێڕای گریە و زاری و خەم، ماوەی مانگێک پەریزاد لەماڵ ناچێتە دەر و نیازی چۆڵکردنی دێیان هەیە. ڕۆژێک لەگەڵ هاوڕێ کچەکانی دەچنە دەر، میرانیش بەهۆی خات زلیخای دەلالْ هەلی بۆ هەڵدەکەوێت و دەچێتە سۆراخی و دەیەوێت ئەتکی بکات، پەریزادیش بە دەست و نینۆک خۆی دەرنێ و بیر لە خۆکوشتن نەک ئابڕوچوون دەکاتەوە.[1] لەم کاتەدا ئەمیرخان(خانی لەپزێڕین) ڕزگاریی دەکات و میران بریندار دەبێت. خانیش بۆ پاراستن و ڕزگارکردنی بەناو پەریزاد مارە دەکات "هەتا ئەو کاتەی بتەوێ وەکوو کچی منی، لەوێبە. ئەگینا ئازادی بۆ هەر کوێ دەچی بچۆ"[٦٢]، لە کاتی بردنی بۆ قەڵا هەردوو هێزی ئەمیرخان و موساخان بەیەکدا دەدەن و موساخان دەشکێنن.

[1] ـ ئەم بژاردەیە[خۆسووتان و خۆکوشتن] پاش دەستدرێژیی، لە زۆر ڕۆمانی کوردیی هەر سێ قۆناغەکەدا دەبینین.

لێرەدا وێنەگەلێکی پیاو و ژن دەردەکەوێت، ئەمیرخان وەک ڕزگارکەر و میران خان وەک ستەمکار، هاوکات زلیخا وەک دەلاڵ، کە ژنێکە و ستەم لە ژن دەکات، ئەمەش شێوە وێنەی جاشی[دەلاڵ] کورد دەنوێنێت. هاوکات وێنەی پیاوگەلی وەک کوێخا خدر و خزمەتکارانی موساخان وەک کۆیلە و نۆکەر دەرخراوە. پەریزادی شەنگ، خان و کوێخا و هەر کەسێکی تر، کە دەیبینێت سڵ لە جوانییەکەی دەکاتەوە، بەڵام وەک جوانێکی بێ چارە، قوربانی و ڕزگارکراوێک، بە ناچاری و بۆ ڕزگاربوون لەو دۆخە دەبێتە ژنی ئەمیرخان. لەلایەکی دیکەوە کەژاڵ هاوڕێی پەریزاد، وەک کچێکی ساویلکە و خۆشباوەڕ، قسەی پەریزاد بۆ زلیخای دەلاڵ دەگێڕێتەوە."کەژاڵی ساویلکە و گەوجیش هەستی بەو فێڵ و مەکرە نەکرد".[٦٩] زلیخا و کەژاڵ، دواتریش زینەت لە پەراوێزی گێڕانەوەدان، بەڵام ساویلکە و گەوج بۆ کەژاڵ، فێڵ و مەکر بۆ زلیخا، زینەتیش وەک کەژاڵ قسەگێڕەرەوە،"کێهە ژن دەتوانێ ڕازی کەس ڕاگرێ تا زینەت بتوانێ"[١٥٤] لەبەرئەوە ژن متمانەی پێناکرێت، فێڵ لە یەکتر دەکەن و خۆدەفرۆشن.

لێرەدا ئیدی باسی پەریزادی ژن و ژنەکانی ناو قەڵای خان دەکەین. لەبەرامبەردا باسی خان و پیاوانی قەڵا دەکەین. خان پەریزادی هێناوە، بەڵام بەیەکەوە ناخەون. خەڵکی قەڵاش بەمە نازانن. ئەمە شێوە قوربانییەکە خان وەک پیاو، مرۆڤێکی گەورە و بەشکۆ ئەنجامی دەدات."پەریزاد تاراکەی هەڵدابۆوە. خان چاوی پێکەوت، پێی لە بەندەوە چوو، سوورهەڵگەڕا، روخساری داگیرسا...ئەو ژنە حەلالیەتی، مارەکراوی وییە، کێ دەتوانێ چ بڵێ؟ بەڵام نا. ئەگەر بێت و ئەو نەیهەوێم؟! من پیاوێکی ئەکابرم ئەو کیژۆڵەیەکی کەم تەمەن. من لەجێی بابی ئەوم."[٧٢] بەڵام دواتر لەگەڵ پەریزاد عاشقی یەکدەبن. هاوکات خان دوو ژنی تری هەیە، نارین ژنی یەکەمی و گوڵبەر، هەردووکیان لە پەیوەندیی خزمایەتی و عەشایەری نەک خۆشەویستیی بە خان دراون؛ بە ویست و خۆشەویستیی نەبوون بە هاوسەر، ژن و پیاویش دیسان قوربانین، بەرلە گەورەبوون، گەورەکان نارین و خانیان بۆ یەکتر داناوە"هەر لەسەر پشتی لانکێ بۆ یەکتریان دانابوون"، گولبەریش دەڵێت:"من فیدابووم، فیدای ویستی بابم و ئەمیرخان. ئەمن باربووی هێمنایەتی و خزمایەتی دوو عێلم. من فیدابووم تا خزمایەتی پێشی براکوژی و دوژمنایەتی بگرێ."[٧٤] گولبەر بەسەر نارین هاتووە، پەریزاد بەسەر گولبەر هاتووە، دەبێت پەیوەندییەکانی ئەم ژنانە لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ خان چۆن بێت؟ کاتێک پەریزاد دێتە قەڵا، "ژنەکانی خان بە بیستنی ئەو خەبەرە پەشۆکان، بەڵام چیان لەدەست دەهات؟ تازە ژنە هاتووە...دەڵێن کچە شوانێکە، کێ شتی وای دیوە، کچە شوانێک بەسەر کچە بەگ و خانان بێ"[٧٠]. لێرەدا بێدەسەڵاتی و بێمافی ژن بەرامبەر بڕیارەکانی پیاو دەرخراوە، هاوکات ژنان لە دیتنی پیاوانە و

جیاوازیی چینایەتییەوە پێیانوایە کچە شوان نابێت بۆ خان و ناشبێت بەسەر کچی بەگ و خان بێت، واتە هەر خۆیان لە ڕەگەزی خۆیان کەم دەکەنەوە.[٧٠] پەیوەندی نارین و گوڵبەریش ناتەندروستە، هۆکارەکەشی پەیوەستە بە پیاوەوە، "نارین، ژنی گەورەی خان خزمی خۆی بوو. ئەوکاتەی گولبەری بەسەر هێنا زۆر دڵگران بوو. بەڵام ئێستا کە ژن بەسەر گولبەر هاتووە...بڵێی نەڵێی پێی خۆشە....گولبەر وەکوو ژان کردووان دەهات و دەچوو..."چۆن من کە خۆشەویستی خان بووم، ژنی بەسەر هێنام و ئەو ئەتکەی پێ کردم، بۆ من دزێو و ناشیرینم؟!"[٧١]، ژنان لەنێوان یەکتر سوکایەتی و خیانەت، پیاوانیش خیانەت لە ژن دەکەن، لەبەرئەوە ژن دووجار قوربانییە، لەلایەن خۆیی و پیاویشەوە، هۆی ئەو دیدەی ژن بۆ خۆی هەر بۆ کەلتووری پیاوسالاری دەگەڕێتەوە، کە نەبوونی هۆشیاریش درێژەپێدەری کەلتوورەکەیە.

خان وێڕای پیاوێتیی، خانیشە، لەبەرئەوە دووجار دەسەڵاتی هەیە، هەڕەشەیان لێدەکات بە کەم نەڕوانتە پەریزاد و ئازاری نەدەن، "کچە شوان، کچەتیوە، ئێستا خێزانی منە. کەس حەقی نیە سوکایەتی پێ بکا. ئەویش وەکوو ئێوە ژنی منە. ڕازین ئەوە دانیشتوون، دەنا سێ بەردە و مالی فەقیری. نەبیستمەوە کەس لە گولێی کاڵتر پێ گوتبێ، دەگەڵ هەرتکتانمە"[٧٣]، خان دەسەڵاتی پیاوانەی بەسەر ژناندا دەردەخات و دەیانترسێنێت و بیریان دەخاتەوە، کە ئەوە بڕیاریان لەسەر دەدات. وەلێ گولبەر، کە پەریزاد بەو جوانییە دەبینێت، ئیرەیی دەکات، لەنێوان ماف و ناهەقی خان بەرامبەری بڕیاردەدات، کە نابێت ئەو کچە ژیانی تێکبدات. گولبەر دەسەڵاتی بەسەر خان ناشکێت، تۆڵە لە پەریزاد دەکاتەوە و دەیەوێت خان پەریزادی لەبەرچاوبکەوێت، لەم کاتەشدا خان و شاعەبباس سەرقاڵی خۆ بۆ شەڕ سازکردنن، کەواتە ناو قەڵا شەڕی ژن و دەرەوەی قەڵا شەڕی پیاوانە. گوڵبەر بۆ تۆڵە لە پەریزاد، بە ئاگاداری نارین، پەنا بۆ پوور حەیاتی جادوگەر دەبات؛ نوشتەیەکی دەداتێ تا خان مەیلی بۆی هەبێت، دەرمانێکیش بۆ پەریزاد کە "تەواوی تووکی سەری دەوەرێ و دەرووتێتەوە. هێندە کز و پیس دەبێ، بێزی لێ دەکا. خان کەوای ببینێ تەخسیری دەکا و لەوانەیە لە قەلای وەدەرنێ"[٨٢].

وێنەی ژنی پەراوێز لە گێڕانەوەدا، کە خراپن لەم ڕۆمانەدا زۆرن، جگەلە پوور حەیات، ئەوەش کە دەرمانەکە دەخاتە خواردنی پەریزاد هەر ڕەگەزی مێیە. پەریزاد تەواوی توکی سەری دەوەرێ و خان دەزانێت گولبەر وای کردووە، تەرکی ژوور و جێخەوی دەکات، لەگەڵ پەریزادیش دەکەونە داوی خۆشەویستییەوە، هەرچەند لە سەرەتا پەریزاد دڵنیانییە، خۆشەویستییە یان نا"بۆ من ئاشقی ئەمیرخانم؟"، چونکە پاش عەلی، دەتوانێ کەسی تری خۆش بووێت؟. بەڵام لە خۆشەویستیدا

خان بەرامبەر پەریزاد بەجۆرێک دەدوێت، کە گەلێک جیاوازە لە قسەکردنی لەگەڵ ژنەکانی تری، "کچێ تۆ بۆ ئەوەندە جوان و دڵگری؟! ئەمن ئەمیرێکم، حاکمی ناوچەیەک، بەدیتنی تۆ دڵ و دینم لەدەست داوە، لە هەر گۆشەیەک دەتبینم، هەستت دەکەم. ئیدی لەخان چ نەماوە، هەرچی هەیە ئەتۆی".[٨٩] نارین و گولبەر ژنین، پەریزاد خۆشەویستییەتی، خان ئامادەیە ئەوان بکا بە قوربانی ئەم، چەند جار هەڕەشەی تەلاق و دەرکردنیان لێ دەکات، تەنانەت خان خۆشی قوربانی دەکات، ئەمەش دیوە مەعنەوییەکەی خۆشەویستییە، کە هێزی بەسەر تێپەڕاندنی کەلتووری ناوچەیی هەیە.

کاتێک شەڕ توند دەبێتەوە، ژنان و پیاوان بەشداردەبن، پیاوان بە شەڕ و ژنان بە تیماری بریندارەکان، "پیاوەکان خەریکی بەرگری و شەڕبوون، ژنەکان...خەریکی تیمار و زاماری بریندارەکان و هەتوان گرتنەوەبوون."[٩٣] پاش ئەوەی قەڵا دەگیرێت و خان دەکوژرێت، ژنانی قەڵا بۆ ئەوەی نەکەونە دەست دوژمن لە قەڵاوە خۆیان فڕێ دەدەنە خوارێ، بە هەرەوەزی خۆکوژی دەکەن. ئەمەش وێنەیەکی تایبەتی ژنی بوێر و قوربانیدەر دەردەخات. لێرەوە پەریزادێکی نوێ لەدایکدەبێت، کە وەک ژنێکی بەئازار، تۆڵەسێن و خەباتکار، دایک بۆ پەروەردەی تەمر، کە تاکە یادگاری خانە، کۆشش دەکات. دایکی دڵی پەریزاد دەداتەوە، کە ژیانت بە بەریەوە ماوە، ڕەنگە سبەی بەختەوەری لە گۆشەیەکەوە ڕووت تێبکات و شوو دەکەیەوە، پەریزاد دەڵێت: "دایە ئەوە دەڵێی چی؟ تا ئەو ڕۆژەی دە گلێم دەنێن قەت مێردی دەکەمەوە؟ پاش خان حەلالی دنیایە لە من حەرام بێ. من تا ماوم هەر بەو هیوایە دەژیم تەمر گەورە کەم بۆوەی ڕۆژێک تۆڵەی بابی بکاتەوە."[١٠٣] بەگشتی ژن لەم ڕۆمانەدا بەشێوازی جیاواز دەبێتە قوربانی و خۆبەخشیی دەکات. پەریزاد، کە ڕۆڵی ناوەندی دەبینێت، لە سەرەتاوە دەبێتە قوربانی ڕق و دەستدرێژیی میرانی موساخان، ئێستاش لەبەر خۆشەویستیی خان.

پەریزاد و تەمر، لەگەڵ خدر و دایک و باوکی دەچنە ناو خزم و کەسی ئەمیرخان، لەوێ حەمەد بەگ دەیانگرێتە خۆی و ڕێزیان لێدەگرێت،"چوونە خزمەتی حەمەد بەگ. ئەویش بە دیتنی تەمر و پەریزاد گەشاوە. حەمەد بەگ سەرۆک عێل بوو. کەس نەیدەتوانی قسەی دە قسەدا بکا"[١٠٤]، لە ڕێگەی خدرەوە دەزانێت، کە ئەلغ بەگ نیازی گرتنەوەی قەڵای هەیە، بۆیە بە نهێنی پەریزاد و ئەلغ بەگ بۆ گرتنەوەی قەڵا ڕێکدەکەون، بەڵام پەریزاد دڵی لای ئابڕویەتی، کە ئەگەر خەڵک بزانێت بە هەڵە تێدەگەن و ئابڕووی دەچێت. ئەمەش دیدی کۆمەڵی دواکەوتووە بۆ ژن، لەگەڵ ئەوەشدا پەریزاد دەیەوێت بەسەر ئەمە زاڵبێت: "من لە ڕێزەی پیاوانم. گەرچی جحێڵم. شێر لەلانێ بێتە دەر چ نێر و چ مێ. قسەی خەڵک چییە؟ ئەو بیرانە چن؟! دەبێ ورەم بەرز بێ"[١٠٨]. دەبینین پیاوبوون لە ژنبوون بەرزترە، پەریزادیش دەیەوێت وەک پیاو بێت.

کاتێک پەریزاد، ئەلغ بەگ دەبینێت، وا دەزانێت ئەمیرخانە و زیندووبووەتەوە، هێندە لەیەک دەچن، ئەلغ بەگیش جوانی پەریزاد سەرسامی دەکات"ئەوە چییە؟! ئینسانە یا فریشتە"[١٠٩]، ئەو شەوە بڕیاردەدەن، کە پەریزاد وەک قەرەواش بگەڕێتەوە قەڵاو لەگەڵ کوردەکانی ئەوێ ڕێکبکەوێت، ئەلغ بەگیش لەگەڵ بەگ و خانە کوردەکان ڕێکبکەوێت، لە دەرفەتێکی گونجاودا پەلاماری قەڵا بدەن. قەڵا دەگرنەوە و ئومێد بۆ هەمووان دەگەڕێتەوە،"پەریزاد بەدیتنی چاوی بریقەی پێداهات، پڕ هومێد و هیوا بریسکاوە. خۆشی لەڕوخساری دەباری...ئەلغبەگ...لەدڵی خۆیدا گوتی: کاتی وەی هاتووە پێی بڵێم"[١١٣]، پەریزاد لەنێوان نیگای ئەلغبەگ بۆ دامەزراندنەوەی خۆشەویستییەکی نوێ، ئومێدی گەورەکردنی تەمر و وەفاداربوون بۆ خان، دودڵ و نیگەرانە"ڕاگرتن و پاراستنی قەڵا. تا ئەو کاتەی تەمر دەگاتێ[..]دەیزانی یەکتریان خۆش دەوێ. بەڵام نەیدەویست باوەڕ بکا، نەیدەهێشت خۆشەویستی وەبەر بێ...بەڕاستی چم دەوێ؟ ئەوینی ئەلغبەگ و پێگەیشتنی یا یاد و بیرەوەریەکانی خان؟!...من بە خان وەفادارم...بەڵام ئاخر خۆ دۆستایەتی دەگەڵ مردوو ناگیرێ. هەست نانێژرێ."[١١٣-١١٧] پەریزاد دیسان جارێکی تر خۆیدەکاتەوە قوربانی خانی مردوو، گێڕەرەوەش دەڵێت: "ئەوە بەشی تەواوی ژنانی مێرد مردووی ئەو سەردەمەیە"[١٢١]، ئەلغبەگ بە پەریزاد دەڵێت: "خاتوون ناژیم، بەخودای بێ تۆ هەناسە نادەم...ڕۆژ و شەوم لێ تێک چووە"،[١٢٠] بەڵام پەریزاد دەڵێت:"نا نابێ دڵخۆشی کەم. دەبێ لە خۆمی بتۆرێنم، بیڕەنجێنم. من تا هەم مێردی ناکەمەوە...نابێ بزانێ خۆشم دەوێ...من قەرەبەختم هەرچی منی خۆش بوێ شتێکی بەسەر دێ[...گوتی]:

ـ ئەوە دەڵێی چی، تۆ برای منی. من تۆ بە کەسێکی خۆم دەزانم."[١٢٠]

پەریزاد نەک هەستی خۆی دەکوژێت و قوربانی دەدتا، بەڵکو خۆ بە تاوانبار دەزانێت لە مردن و کوژرانی ئەوانەی خۆشیان ویستووە، کاتێک ئەلغبەگ چاوێکی لە دەستدەدات، پەریزاد وەکئەوەی دووبارە ئەمیرخان مردبێتەوە، شین دەگێڕێت و جارێکی تر قەڵا لە دەستدەدەنەوە. لێرەوە پەریزاد دەبێتە پێگەیەنەر و یاریدەدەری تەمر بۆ هێنانەدی ئاواتی باوکی و ئەمیرخانی خۆشەویستی.

تەمر، کە ناوبانگی بە ئازایەتی دەرکردووە، ئەسمەری کچی پاشاخان دەخوازێت، ئەوەشی لەم پەیوەندیی خۆشەویستییە دەبینین، کە کچ بۆ ژوان ڕیسکدەکات، ئەگەر باوک و برای بزانن دەیکوژن، "کیژ دەبێ بە حەیا و شەرم بێ. نابێ بەسانی بۆ کەس بچێتە ژوان...خۆ بابم بزانێ دەمکووژێ...کەلاکم داوێتە پێش سەیان...شەرم و ئەوین تەنگیان پێ هەڵچنی بوو...ترس و خۆفیش هێندێک هەنگاوی پێ شل کردبوو"[١٣٤]، لە تەنیشت وێنەی ئەسمەری کچ، کە ترسی لێنیشتووە، پەریزادی دایکی تەمر دەبینین، کە دەبێتە ئاڕاستەکەری پیاوان و هانی تەمر دەدات قەڵا بگرێتەوە: "دایە گیان خێرە لە دووت ناردووم؟!

ـ کەسم گیان. خێر دەبێ...دەبێ تا درەنگ نەبووە کارێک بکەین...دەبێ جێیەکمان بێ وەکوو دمدم...
[...تەمر] ـ بەڵام دایە گرتنی دمدم وا بە سانی نیە.
ـ رۆڵە بۆ کەسێکی جارێک لە گرتنی دا بەشداربووە و شارەزای کەلێن و قوژبنیەتی زۆر سەخت نیە...

دایە منیش گرتنەوەی دمدم بە کارێکی پێویست دەزانم. بەڵام بیروڕای حەمەدبەگ و ردێن سپێکانی عێل چی بێ"[١٤٥] هاندان و پێشنیازی گرتنەوەی قەڵا لەلایەن پەریزادەوەیە، بەڵام بڕیار و جێبەجێکردنی لە دەست پیاواندایە، "بەگە کوردەکان بەئیحترامی سارم بەگ هیچیان ورتەیان لێوە نەهات... بەتێکڕایی لەسەر گرتنی قەڵا سووربوون."[١٤٦] لە کۆتاییدا تەمر و سواری بەگە کوردەکان جارێکی تر قەڵا دەگرنەوە و خەونی خان دێتەدی.

ئەوەی لەم ڕۆمانە لەبارەی ژن و پیاوی کوردەوە دەردەکەوێت، کە دنیای دێهات و عەشیرەت و خێڵایەتی ژنان بە کەمتر و نزمتر لە پیاو دەبینن، ژن لەناو خەون و دەسەڵات و بڕیارەکانی پیاودا دەژین. ژن لەم دنیایەدا ئاگر و ئاوە، وەک مرۆڤ سەیری ناکرێت، ئاگرە بۆ هەڵگیرسانی شەڕ، ئاوە بۆ کوژانەوەی شەڕی براکوژی و ڕێککەوتن، لەبەرئەوە ژن ناوەندی سەرنجی پیاوە، بۆ خۆشەویستی(خان بۆ پەریزاد)، دەستبەسەراگرتن(میران بۆ پەریزاد) یان بەکارهێنان(دەڵاڵ). ژنان لەنێو یەکتر باش نین، فیتنە و دەڵال، ئیرەیبەرن، مافی ژنێتی خۆیان نازانن و گوێرایەڵی کەلتوور و دنیای پیاوانن، یاخود وەفاداریانن، کە بە هەرەوەزی خۆدەکوژن، یاخود وەک پەریزاد گەنجێتیی بۆ بەدیهێنانی خەونی خان دەبەخشێت. پەریزاد وەک کچ قوربانی کەلتوور و توڕەیی باوک و جوانییەکەیەتی، کە میرانی موساخان چاوی لەسەریەتی. وەک ژنیش دەسەڵاتێک کە هەیەتی بەهۆی ئەوەیە ژنی خانە، بەڵام دواجار بوونی تەمر هۆکارە بۆ مانەوەی وەک شۆڕشگێڕێک، دەنا گەر بێوەژنێکی تەنیا بوایە، نەیدەتوانی لە گرتنی قەڵا بەشداربێت، لەبەرئەوە لەڕووی کردەو دنیابینییەوە ژن پەراوێز و پیاو سەردەستە، بەڵام لە ئاستی گێڕانەوەدا پەریزاد ناوەندە. لەنێو دنیای پیاوانیش بەپێی پێگە سەردەستی و ژێردەستی دیاریی دەکرێت. ئەو سوارانەی بەشداری گرتنەوەی قەڵا دەکەن، هیچیان ناویان نەهاتووە، بەڵام بەگ و خانەکان ناویان هاتووە، کەواتە دەرکەوتنی پیاویش لەسەر پێگە وەستاوە. هاوکات کوڕانیش قوربانی دەستی باوانن، کە ئەمەش بە ڕوونی لە بڕیاردانی گەورەکان بۆ نەوەکانیان دەبینرێت.

**ب ـ ژن و پیاو لای ڕۆماننووسی پیاو**

نۆستالژی بۆ دەسەڵاتی ناوەند

لە ڕۆمانی *حەسار و سەگەکانی باوکم*[حەسەن، ٢٠٠٥]، بە وردی کەلتووری پیاوسالاری خراوەتەڕوو. ژن و کچەکانی باوک ئازادیان نییە و هیچیان خاوەنی خۆیان نین، هی باوکن. باوک

پیاو بە پیاو نازانێت، گەر گۆچان و قامچی و خەنجەری پێ نەبێت. باوک وێڕای جنێو و لێدان، سەربەستی ڕەهای هەیە، مانگانە ژنی نوێیان بەسەردابهێنێت و تەڵاقیان بدات، کچانیش بکوژێت و زیندانیان بکات. تەنانەت کوڕانیش سەرکوت و بێدەنگ دەکرێن، مافی بڕیاردانیان نییە. تەنیا باوک بڕیاردەرە. لەناو ئەم جیهانە باوکسالارییەدا، کوڕی گەورە بۆ ڕزگاریی خۆیی، خوشک و براو دایکانی، باوکی دەکوژێت."نەگبەت بوون ئەو خوشکانەم...تا ئەو شەوە ئەودیو شوورە بەرزەکانی حەساریان نەدی بوو...وەڕسی و...هەناسە ساردی ئەوان هانی دام بیکوژم...حەساری باوک...زیندانی کوڕ و کچەکانی...بێ کوشتنی ئەو نەدەکرا ئازادیان بکەم، شوورە زۆرەکانی حەسار بڕمێنم"[١٤]. بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە هەموو پەشمانن، بە کوڕی گەورە خۆشییەوە، کە هەست دەکەن بەر نەفرەتی باوک و خودا کەوتوون، کە ئەمەش بەستنەوەی کەلتووری باوکساری و دینە.

ژنان لەم ڕۆمانەدا پەراوێزخراو و پەراوێزخوازن، فێری ئازادی نەبوون و بیر و یادی کەلتووری باوکسالاری دەکەن، بیری جنێو، لێدان و توندوتیژیی دەکەن، پیاوێک توندوتیژ نەبێت بە پیاوی نازانن. ژنان، ئازادیی قسە و چوونەدەرەوە و سێکسیان نییە، پەنا بۆ ئاژەڵە نێرینەکان1 دەبەن، باوکیش دڕندە و پیرۆزە، ڕقیان لێیە و بیریشی دەکەن، "تۆ نائومێدت کردین، ئەوانەی دێنە نێو پێخەفەکانمان هەرگیز پیاونین...بەدەم دەربڕی ڕازاوە دەگرین، بەسەر بابووچەکانمانا دەکەوین و بەروپشتی دەستمان دەلسنەوە، کوا کەس نەما دوای باوکە بوێرێ بە قامچی لەشی ساردو سڕمان ئاگربدا، پیاوێک...نێرێک لەم حەسارەدا نەما بەحەیزەرانەکەی کەفەل و لاڕان و بەلەکمان شین و مۆر بکا، وەی بۆ نێرە پیاوێک جنێومان پێ بدا، سوکمان بکات خۆمان فڕێ بدەینە سەر پێڵاوەکانی و ئەو تێمان هەڵدا..."[٦٠] ئەم وێنە ئایرۆنیەی پیاو، کە ژن لە دیدی نەریتی و باوکسالاریەوە دەڕوانێت، جوانییەکی هونەریی و واتایی هەیە، ژن قوربانییە و ئارەزووی بکوژەکەی دەکات، هاوکات نەفرەت لە ڕزگارکەرەکەشی دەکات، بەڵام لەپشتەوە خوێنەر وێنە گەورەکەی پیاو

---

[1] ـ زۆر ڕۆمان هەن پەیوەندی سروشت بەباروودۆخە سیاسیی و مرۆییەکانەوە دەبەستنەوە و ستایشی سروشت و بەتایبەت سەختی چیا دەکەن. بەڵام لە ڕۆمانی ئاوێنە سەرابیەکان، سروشت و چیای سەخت بە نێر و پیاو دەچوێنێت، "شاخەکان...شینە تاوێرو دەشت و نزار و گردۆڵکە پشت کۆمەکان...دەوەن و داربەڕوو درەختی قەزوانە شین و کەڵەگەتەکان...باو باران و بەفرو کرێوەو ڕەشەباش بۆنی نێریان لێدەکات..ئا بۆنی پیاویان لێدەهات"[قادر، ١٩٩٥: ١٧٧]. ئەمە ئاماژەیە بە نێرێتی و نێرسالاری سروشت و کۆمەڵگە کە لە چیا و سروشتدا ڕەنگیداوەتەوە یاخود پیاوەکان پەروەردەی چیا و گرد و ڕەشەبا سەختەکانن. لە حەسار و سەگەکانی باوکم، کوژرانی باوک کاریگەری لەسەر سروشت دادەنێت، دەسەڵاتی مێتافیزیکی باوک بە کوژراویش دەردەخات"پەڵە هەورەکانیش شێوەی فڕندە و دەعباکانی باوکمیان دەنواند[...]شێوانی سروشت لە منەوەیە یان لە سەگەکانی باوکم؟ کێ دارستان و ڕووبارەکان وشک دەکا"[٦٦-٥٨].

دەبینێت. پیاوە نەرم و ژنانییەکان[لە تێگەیشتنی کەلتووری کوردییەوە] وەڵامگۆی ئارەزووە ڕاهێنراوەکەی ژن نین، ئەمەش کارەساتێکە، کە مرۆڤ بە کۆیلایەتی و ستەم ڕابێت.

هاوکات وێنەی دوو پیاو، کە لە گێڕانەوەدا لە پەراوێزدان، ئەویش باخەوان و زێوانە. باخەوان لەگەڵ ڕابی ژنی باوک ڕێککەوتووە و هەڵدێن، وێنەی پیاوێکی فریودەرە، یاخود زێوان، کە گۆڕی کچە مردووەکان هەڵدەداتەوە و چاوی لە خوشکەکانە و دواجاریش بۆ کەشفنەکردنی کوشتنی باوک، بە وەرگرتنی کچێک مامەڵە دەکات، کە ئەمەش وێنەیەکی ناشیرینی پیاو دەردەخات. هاوکات خودی گێڕەرەوەش باوککوژ و پەشیمانە، کە ئەمەش نموونەیەکی گونجاو و مرۆیی ڕەگەزی نێر نییە، بەڵکو بکوژێک دەردەخات، کە پاساو بۆ کردەکەی دەهێنێتەوە و پەشیمانیشە، لەبەرئەوە باوککوژ نەیتوانی کۆتایی بە باوکسالاری بهێنێت، چونکە بێتوانابوو لە چۆنێتی بونیادنانی شێوە کەلتوور و ژیانێکی نوێی مرۆیی، بەڵکو شێوە سازشکەرێکی کەلتووری پیاوسالارە. کەواتە گرفتی کەلتووری پیاو/باوکسالاری لە ڕەگداکوتانیدایە لە زمان و هزر و دەروندا، کە گوتاری ئەم ڕۆمانە بۆ دەرکێشانی ئەو ڕەگە، نائومێدکەرانەیە.

**٥- ژن و ژینی گوند و شار**

کچفرۆشی و خوشککوژیی

ڕۆمانی ڕێگا[مەم: ٢٠٠١]، کە ڕووداو و دنیابینیی کەسێتییەکان زیاتر گوندییە، بەهۆی کاریگەری کۆمەڵەی هیوا لەسەر شێرکۆی گێڕەرەوە و کەسێتیی سەرەکی ڕۆمانەکە، کە دەچێتە شار بخوێنێت، بیروڕای نوێخوازی دێنێتە ناوەوە و لەگەڵ نەخوێندەوارەکان هاوبەشی پێدەکات و هانیان دەدات بۆ ئازادیی و گۆڕانی ڕوانگەیان. ڕوانینی کەسێتیی شارنشین و دێنشین جیاوازییەکی بنچینەیی هەیە، کە لە یەکەم نیگادا، کەسی شار وەک بەشدار بەپێچەوانەی دێنشین لە پرۆسەی سیاسی و ئابووری و گۆڕانی کۆمەڵایەتی خۆی وەک بەشدار دەبینێت[محمد، ٢٠٢٢: ١٦١] شێرکۆش بەبیرکردنەوەی حزبی و ڕێکخراوی سیاسیی و نوێخوازییەوە دێتەوە گوند و دژی چەوساندنەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسی دەوەستێت. هاوکات لەم ڕۆمانەش[1] ژن بەرامبەر بە پیاو نزم و کەمتر بینراوە. پیاوان بەتایبەت بەهۆی کەلتوور و جیهانبینی دینی و ئابوورییەوە ژن دەکڕن و بەکاریدەهێنن. باوکی

[1] ـ دیارە ئەم ڕۆمانە بەرلە حەسار و سەگەکانی باوکم بڵاوکراوەتەوە، بەڵام بۆ گونجانی ڕەوتی باسەکە دوای حەسارم خست، دەنا لەڕووی وێنەی ژن برێک لێکچوونی هەیە، لە ڕەدوکەوتن، کوڕپەسەندی، ژنکڕی، بەڵام لە حەساردا.. توندو قوڵتر لەم بارەیەوە ڕۆچووە.

شێرکۆ، که پیاوێکی دینییه کورپەسەندە و ژنەکەی ئازاردەدات و سوکایەتی پێدەکات، "لە گوندەکەی ئێمەدا، لە کۆمەڵی کوردەواری ئێمەدا...ئەگەر پیاو کوڕی دەبو...ئەوجا خۆی بە پیاو...و بە باوک دەژمارد!...دەنا بیست کچی هەبوایە...ئەوجا پتر قینی لە خۆی...لە ژنەکەی خۆی...لەخێزان و کۆمەڵەکەی خۆی، بگرە لە دونیاکەی خۆی...لەپیاوەتی خۆی دەبووەوە."[٤٥] پیاوانی دین و دەسەلات بە گشتی چەوسێنەری خەڵک و بەتایبەت ژنانن، شێخقطب الدین، کچانی ماڵە هەژارەکان دەکڕێت،"لە کۆشک و باڵەخانە گەورەکەی ماڵی شێخ قطبالدین...یش، لە هەشت کەنیزەک پتر، کون و کەلەبەری ژیان و...نەوس و دەروونی ئەم پیاوە خوداییە...پنج دەکەن...ئەو هەر بەردەوامە لەسەر کڕینی کچۆڵەی هەژار و پارچەڵەی خێزانە برسیەکانی ناوچە.."[١٢٠].

شێخ 'ئایشە گوڵی' منداڵیش دەکڕێت، خۆی و کوڕەکەی چاو دەبڕنە سەری، ئەویش لەگەڵ خۆشەویستەکەی هەڵدێت. خۆشەویستیش لە کەلتووری دواکەوتوودا تاوانە، لەبەرئەوە خەڵکەکە بە دەستپێشخەری شێخ، دەکەونە قسەهەڵبەستن و درۆسازی لە دیارنەمانی گوڵێ، هەر ژنان دنیایەک درۆی بۆ سازدەکەن، کە ڕەدووکەوتووە، بەڕەڵابووە. دواتر شێخ و کوڕەکەی، عەزۆ، برای گوڵێ هاندەدەن، تا خوشکەکەی بکوژێت"کوڕە زەبەللاحەکەی شێخ [بە عەزۆ دەڵێ]:

ـ ئایشەگوڵ...خوو...و...ڕەوشتی باش نەبووە...!

وە بە تەوسەوە پێی دەڵێ:

ـ خوشکەکەت ماوە...نەمردووە. بەڵێ ئایشۆک ماوە...بەڵام چ مانێک!!

دەروێشە ردێن درێژەکەش لە کوڕی شێخەکەی وەردەگرێتەوە...دەڵێ:

ـ کچەکە...ئابڕووی تکاوە...ڕەدووی کابرایێکی بێ دینی خوێڕی دەم ڕووت کەوتووە، ئابڕووی جەنابی شێخیشی بردووە و سەری هەموومانی شۆڕ کردووە!."[١٦٥] ڕەدووکەوتن و کوشتنی ژن، لەبەرئەوەی ئابڕووی خێزان، بنەماڵە و پیاوی بردووە، لەناو کەلتووری پیاوسالاری کوردیدا باوە. ڕەدووکەوتن، کە ڕوودەدات بەهۆی نەبوونی ئازادییەوەیە. ڕەگەزی مێ لەم کەلتوورانە خاوەنێتیی خۆیان ناکەن، بەڵکو پیاو خاوەنیانن. لەم ڕوانینە نەریتیی و دواکەوتووەی گوندەوە بۆ شار دەگوازینەوە و وێنەی دۆخی ژن و پیاو و خۆشەویستی لە ئێوارەی پەروانە دەخەینەڕوو.

**٦ـ تیرۆری کچی یاخی و پیاوی هونەرمەند**

لە *ئێوارەی پەروانە*[عەلی، ٢٠١٣] کچان و کوڕان بەهۆی خۆشەویستییەوە لە شار هەڵدێن. نەبوونی ئازادی ناچاریان دەکات ڕوو لە دەرەوەی شار و وڵات بکەن. پیاوان و ژنانی دینی نەفرەت لە کچان و کوڕانی عاشق دەکەن، بە کافر و شەیتان دەیانبینن و سزای مەرگیان بەسەردا دەسەپێنن و شار و دەرەوەی شاریان لێدەکەن بە دۆزەخ، "ئەو عاشقانەی بەزیندوێتی کۆیاندەکەنەوە و

دەیانسوتێنن، ئەو کچانەی سەریاندەبڕن...ئەو سێدارانەی لەدەوروبەری شار و لەناو شارۆچکە دوورەکاندا بۆ خەڵکی هەڵدەخەن...ئەو خێزانانەی بە گوناهی جۆراوجۆر بە تەور پارچەپارچە دەکرێن"[١٢٦] لێرەدا کەلتووری گوند لە شار، هی شار لە گوند دەبینین، کە توندتر و فراوانتر کاران، سێدارە و تەور، بەرامبەر سوتان و کوشتن، تێهەڵکێشی گوند و شارن، کە نەریتەکە لە هەردووکیاندا کارایە.

لە ئێوارەی پەروانە گێڕەرەوە و کەسێتیی سەرەکی هەردووکیان کچن و خوشکی یەکترن و بە دوو جۆری جیاواز یاخین. پەروانە، عاشق و شەیدای سەفەرە. ماڵ لەم کەلتوورەدا، کە ڕەهەندێکی مێینەیی هەیە، بۆ پەروانە دۆزەخە[٣٤]. ئەم دۆزەخە پەیوەستە بە نەبوونی ئازادی لە ماڵ، شار و نیشتمان. پەروانە سەرچڵ، یاخی و هەڵهاتووە لە کەلتووری دواکەوتوو، دوای خەون و ژیانی خۆی دەکەوێت، ئارەزووی جلی کورت و خۆجوانکردن دەکات، بەڵام ئاکامەکەی کوشتنیەتی لەلایەن ژنان و پیاوانی ناو گوتار و کەلتووری دینییەوە. خەندانی مناڵیش لەڕێگەی با و خەندەی لێوییەوە یاخییە لە گوتار و بیری توندڕەوی پیاوان و ژنانی مۆن و گرژ. خەندان، کە گێڕەرەوەی چیرۆکی خوشکەکەیەتی لەلایەن ژنانی ئیماندارەوە دەگیرێت، تاکو شەیتانێتی خوشکەکەی کە بۆ ئەم پەڕیوەتەوە تیا بکوژرێت و بکرێتەوە بە ئیماندار، لەبەرئەوە تاکدەنگی کەلتووریی، خزمەتی دین، دین خزمەتی کەلتوور دەکات.

لە قوتابخانەی ژنە تۆبەکارەکاندا، دەستکاری هەموو ئەندامەکانی جەستە، هەست و بیرکردنەوە، زمان، ڕوانین، ڕەفتار و بەهاکان دەکرێت، تەنانەت جلوبەرگیش وەک زمان دادەڕێژرێتەوە. لەسەروو ئەمانەوە ئەندێشەو ئارەزووەکان هەڵدەوەشێنرێتەوە... ژن لەوێ بە ترس، دڵەڕاوکێ، سەرداخستن و خۆبەگوناهبارزان ڕادەهێنرێت،[٦٠] گەر نەیتوانی بێتە ناو ئەو دنیایە و پاکبێتەوە، خۆی دەسوتێنێت(لەیلا بەنموونە)، یاخود خەندان ئاسا بە درۆ و نمایش، بە بیرکردنەوە و سەرچڵی ململانێ دەکات، تا ئیرادەی لەدەستنەدات، بەڵام بەردەوام لەلایەن ئەو ژنانەوە سزادەدرێت، بەچاوی گومان و شەیتانئاساوە لێیدەڕوانرێت، لەگەڵ ئەوەشدا کۆڵنادات و لەکۆتاییشدا جیهانبینییەکی نوێ بۆ خودا و ئیمان گەڵاڵە دەکات، کە بە ئازادیی و خۆشەویستییەوە گرێیدەدات. لە جیهانی ئێوارەی پەروانەدا ژن، ژن دەچەوسێنێتەوە و تیرۆر بڵاودەکاتەوە. ژن توندوتیژ و بزێو، جیهادیست و ملکەچە. ژن وەرگرێکی چالاکی کەلتووری دینی-پیاوانە[1]، بەڵام خۆیان هێند بەهێز و

---

[1] ـ سلاڤۆ ژیژەک پێیوایە ژنسالاری لە دیندا هەبووە، حیجاب یەکێکە لەو دەرکەوتانەی کە دەوری گواستنەوەی ژنسالاری بۆ پیاوسالاری گێڕاوە. ئەمەش بە نموونەی ژنی مێژوویی-دینی لە هاجەر و خەدیجە و سارا...دەردەخات، کە ئەوەی محەمەد دەکات بە پێغەمبەر خەدیجەیە، لەبەرئەوەی بڕوای بە محەمەد هەیە، ئەم بڕوایەش وا دەکات پێغەمبەر بڕوا بە خۆی بکات، کەواتە ژن دەوری ئەویدی گەورەی هەیە."ئەم گواستنەوەیە...گواستنەوەی لە ژنێکەوە

چالاکن، دەتوانن ببنە ئاڕاستەکەری پیاوان، چەقۆ و شمشێریان پێهەڵبگرن. باوکی پەروانە لەلایەن خوشکە ئیماندارەکەیەوە ئاڕاستە دەکرێت و دەگۆڕێت بە پیاوێکی ئیماندار."زۆرجار دڵم بەو تەنهاییە گەورەیەی دەسووتا1، ئەو لە هەموو ژیانیدا هاوڕێیەکی ڕاستەقینەی نەبوو...تا دواجار پورم...ڕووەو جیهانی پیاوانی مزگەوت پاڵیپێوەنا"[٣٧].

هاوکات ڕۆمانەکە چیرۆکی دوو جۆر لە پیاوانمان بۆ دەگێڕێتەوە، هونەرمەند، خوێندەوار و عاشقەکان، لەبەرامبەردا پیاوە ئیماندارە توندڕەو شمشێر و خەنجەر بە دەستەکان. ئەم دوو دەستە پیاوە هەردوو لە گۆڕان و ڕووبەڕووبوونەوەدان. ئیمانداران پێشتر بە هێمنیی و بێ مەترسی عیبادەتیان دەکرد، بەڵام کاتێک گەنجە عاشقەکانیان بینی گۆڕان، "لەو وەرزەدا کۆڕەوی عاشقەکان و کۆچی پیاوە تەنهاکانیش دەستیپێکرد. کە پیاوە ئایینییەکان، تۆبەکارەکان، ئەو کۆچەیان دەبینی، لە تورەیدا شەڕیان بە درەخت و ئاسمان و کوچەکان دەفرۆشت. لەو وەرزەدا ئەو پیاوانەی کە تا دوێنێ بە هێمنی لەسەر بەرماڵەکانیان نوێژیاندەکرد خەبەریانبووەوە و تەماشانکرد پیاوانێکی دیکە دەستکاری جیهان دەکەن...بۆ یەکەمجار سەری دوو عاشقمان بینی وەکو دوو زەنگی خوێناوی بەملاولای دوو فولکەی گەورەدا لەناوەڕاستی شاردا هەڵواسرابوون"[١٢٥-١٢٦]. لەبەرامبەر ئەم پیاوە دیندارە بکوژانەدا، باسی گەنجە پەراوێزخراوە عاشقەکان دەکات، کە هاوڕێیەتی و عەشق و هونەر دەیانگۆڕێت، عەشقی دلارام گۆڤەند بە مرۆڤێکی نوێ دەگۆڕێت، ناسینی گۆڤەند کاریگەری لەسەر گۆڕانی فەرەیدونی مەلەک دەبێت"تێکەڵاوبوونی "فەریدون" لەگەڵ گۆڤەند زۆر لە عادەتەکانی ژیانی گۆڕی"[٩١]، فەرەیدون سەردەمانێک چەقۆوەشێنێکی ناسراوی شاربووە، بەڵام بە ناسینی گۆڤەند و عاشقبوونی بە پەروانە، دەگۆڕێت بە مرۆڤێکی هێمن و ئارام و بیرکەرەوە، کە هەمیشە ئارەزووی سەفەر دەکات. نەسرەدینی بۆنخۆشیش، کە وێنەگرە و لەڕێگەی وێنەکانەوە لە مرۆڤەکان تێدەگات، خولیای ڕزگارکردنی عاشقانی شارە، بەڵام خۆی قەت عاشق نەبووە، لە کۆتاییدا، کە

---

کە هەموو شتێک دەزانێت بۆ ژنێک کە بە سروشت لە ئەقڵ و ئیمان بێبەرییە، گزەون و درۆزنە، پیاوان هەڵدەخڕێنێ، دەکەوێتە نێوان پیاوان و خودا، لایان دەداتم وەک پەڵەیەک کە پێویستە بسڕێتەوە"[تەیفوری، ٢٠٢٣: ٣٩] ئەمەش خوێندنەوەکە وا لێدەکات کە ژن دەوری لەڕێلادەری ئیمان و خۆشەویستی پیاو بۆ خودا ببینێت، یاخود خودا ئیرەیی بە پیاو دەبات کە خۆشەویستی ژنی هەیە و خۆی مەحروم کراوە لە خۆشەویستی - پیاو.

[1] ـ یەکێک لەهۆکارەکانی تەنیایی باوکی پەروانە بۆ خێزانە ئیفلیجەکەی دەگەڕێتەوە. ئەم ئیفلیجە هێندە بێزارکەرە، بۆ خێزانەکە بیر لە کوشتنی دەکەنەوە.(ل٧٨) ژنی ئیفلیجیش لە پەراوێزەکانە و چاوی کەمتر دەچێتە سەر، بەڵام ڕۆماننووس لەچەند شوێندا ئاماژەی پێدەکات. بەڵام لە ڕۆمانی زیندەخەودا دایکی ئازاد بەهۆی ڕووداوی هاتوچۆوە ئیفلیج دەبێت، بەڵام ئیفلیجێکی چالاکە و لەناو خێزانەکەشدا سەروەر و ڕێزلێگیراوە.(ل ٥٢).

لەلایەن ژن و پیاوە ئیماندارەکانەوە لانەی عاشقان دەڕوخێنرێت، نائومێد دەبێت و زیاتر خولیای ژنبازی دەبێت. دنیای ئەم دوو جۆرە لە پیاوان، هاوشێوەی دنیای ژنە ئیماندار و کچە عاشقەکان گەلێک جیاوازە، هەردوولا یەکتر کێش دەکەن و یەکتر دووردەخەنەوە، کوڕان و کچانی عاشق بۆ لای یەکتر، ژنان و پیاوانی ئیمانداریش بۆ لای یەکتر، بەڵام ئەوە ژن و پیاوانی ئیماندارە دنیای گەنجە عاشقەکان دەڕوخێنن، لە گوتاری ڕۆمانەکەشدا خەندان بونیادی دەنێتەوە.

لەم ڕۆمانەدا ژنسالاری بە دوو شێوەی پێچەوانە ئامادەیی هەیە. ژنسالارییەکی پیاوسالارانەی دینی1[٦٩]، کە ئارەزوو و هاندەری پیاوە، شمشێر و خەنجەر و چەقۆ بە دەستەکانە، دینیی و توندڕەوە، پەنادەری پیاوە بکوژەکانە، ئەوانەی کچ و ژنی خۆیان سەردەبڕن، ئەوانەی تێزاب دەکەن بە قاچ و قۆڵی ڕووتی ئەو کچانەی لە خوێندنگە خوێندنی شەیتان دەخوێنن.[٦٣] ئەم ژنانە قوتابخانەی خوشکە تۆبەکارەکان و بزوتنەوەگەلێکیان هەیە، کە پیاوی دینی دامەزرێنەر و بناغەی هزریی پێکهێناوە، بەڵام کردە و گوتاریان هێند چالاکە، پیاوانیش ڕادەکێشێتە ناو خۆی و ژنانیش دەگرێت و دروستیان دەکاتەوە. ئەو ژنانە هەرکات بیانەوێت دەبنە هێز، کاتێک پەروانە هەڵدێت، پوری، کە بەڕێوەبەری هەموو خاتوونە ئیماندارەکانی شارەو لە هەر کۆڵانێکدا تۆڕێکی لێدروستکردوون و هەرکات بیەوێت"دەیتوانی کۆیان بکاتەوە"[٣٩]، بۆیە ئەو شەوە ئەو ژنانە کۆدەکاتەوە و برا خەنجەر بەدەستەکانی پەروانەش بۆ کوشتنی ئامادەن"براکانم بینی...ئەو خەنجەرانەیان دەرهێنا کە لەمێژبوو لەنێو جلەکانیاندا خەوتبوو"[٤١]، پور وەک سەرۆک، ڕابەرایەتی ژنان و پیاوانی لێکچوو دەکات،"لە هەموو کۆڵانێکیشدا خاتوونێکی دی، کچێکی لەچکپۆش، کوڕێکی خەنجەر بەدەست دەهاتە ڕیزەکانەوە."[٤٤] دەبینین هەردوو دنیای ژنان و پیاوانی توندڕەو یەکیانگرتووە و خزمەتی کەلتووری ژن-پیاوسالاری دینیی دەکەن و پاڵنەری خۆسوتاندنی ژنانن. "هەموو مەلاکان، هەموو شێخەکان، هەموو دەروێش، سۆفی و ئیماندارەکان فەتوای پاکێتیت دەدەن"[٤٢]، ئەمە گوتاری ژنە بۆ پیاو، کە پوری بە باوکی دەڵێت و هانیدەدات، کە ئەوەی پاک نییە، کچەکەیەتی نەک خۆی، بەڵام دەبێت ئەو لەکە و شەیتانە بکوژن بۆ ئەوەی باوک بەر نەفرەتی خودا نەکەوێت، کە دیارە لە کۆتاییشدا بە ئامادەیی باوک هەمان کار دەکەن.

هاوکات ژنسالارییەکی جیاواز لە گوتاری گێڕانەوە و هەڵبژاردنی کەسێتیی سەرەکی و گوتاری خۆشەویستی لە ڕۆمانەکەدا دەبینین، کە کچانی عاشق دەسەڵاتیان بەسەر کوڕانی

[1] ـ لە قوتابخانەی ژنە تۆبەکارەکاندا جگەلەوەی ڕاستەوخۆ کاریگەرن بە گوتاری پیاوە دینییە توندڕەوەکان، هاوکات ئاماژە بە دەیان کتێبی پیاوە دینییەکان دەکات، کە لەو قوتابخانەیە لەسەری دەخوێنن. هاوکات خەندان لەوێ پیاوە ژن و کچ کوژەکان دەبینێت، خۆشی بۆ یەکەمجار هەر لەوێ سێکس لەگەڵ پیاوێکدا دەکات، ئەمەش چەند دووڕووی ئەم جیهانە دەردەخات، هێندەش ئامادەیی پیاو لەو دنیایە [ل ٦٩].

خۆشەویستیاندا هەیە و دەتوانن بیانگۆڕن و خولیای کۆچیان تێدا زیندوو ڕابگرن. هاوکات عاشقان کۆڵنەدەر و مکوڕن لەسەر پەیامەکەیان، پەشیمان نابنەوە. پەروانە کاتێک پوری دەیەوێت کۆنترۆڵی بکات، یاخی تر دەبێت، ڕەدوودەکەوێ و گوێ بە کەلتووری پیاوسالاری نادات، خەندانیش بۆ نەمرکردنی چیرۆکی عەشق و یاخیبوون و سەرکۆنەکردنی گوتاری ژن-پیاوسالاریی دینیی ئەم چیرۆکە دەنووسێتەوە. ئەمە وێڕای دامەزراندنی گوتارێکی نوێخواز و ناوەندی، کە خودا و ئیمان بە عەشق و ئازادی دەبەستێتەوە، تا ڕووبەڕووی ئەو گوتارە دینییە توندڕەوە ببێتەوە، کە خودا و خەنجەر بەیەکەوە گرێدەدات. دەشتوانین ئەمە ناوبنێین دامەزراندنی خودایەکی نەرم و مرۆییانە، یاخود (مێینە) بەرامبەر خودایەکی توند و ڕەق و پیاوانەیی(نێرینەیی).

**٧. پەیوەندییەک زیاتر لە خۆشەویستی**

بوێری ژن و گۆڕانی پیاو

لە ڕۆمانی *زیندەخەو*[ئەمیری، ٢٠٠٣]دا، هەرچەند کەسێتیی سەرەکی ڕەگەزی نێرە(ئازاد)، بەڵام مێ ئامادەیی بەرچاوی هەیە و ڕۆڵ و ئەرکی فرەجۆر و سەرەکی دەبینێت. ئەم دوانەیە لە پەیوەندی جۆراجۆردان، وەک دایک و دایەن، غەریزەجوڵێن(ئەشرەف) و خۆشەویست، هاوخەبات و ڕزگارکەر. کچان و ژنانی ئێرە لەبەرامبەر کوڕدا بوێر و دەستپێشخەر1، شۆڕشگێڕ و هەستبەرز، بیرکراوە و ئازادن، دەتوانن کاریگەربن و گۆڕانکاری لە ڕەگەزی بەرامبەردا بکەن(زەری بۆ حوسێن)، هاوکات دیدی تایبەتی خۆیان هەیە. مەلی هاوسێ، هاوڕێ و خۆشەویستی ئازادە، لە منداڵییەوە پێکەوە گەورەبوون، خوێندویانە و شەڕ و یاریان کردووە. "ئای بریا ئەوێ جارێ گوێم گەستی یەگجاری لێم کرباوە، ئەرێ لەبیرتە یەک بەخۆت زیقاندت...جارێکی دیکەش دوو زللەی توندم لە بناگوێتدا، نەگریای هەرچەند چاوت پڕبوون لەئاو. بەلای خۆیەوە ئەتۆ کوڕ بووی، قەت بە من نەدەوێرای"[٨-٩]، مەلی بەهۆی پەیوەندیی هاوڕێیەتی لە خۆشەویستیی ئازاد دڵنیانییە و فەوزیەی کچەمامی و مام و ئامۆژنیشی نزیکی ئەم دوانەیان دەوێت، "ئەوە وەتاغی"فەوزیە"یە، دەیدەم بە تۆ،

[1] ـ لەم ڕۆمانەدا خوێنەر سەرسام دەبێت بە بوێریی و ئازایەتی کچان، کوڕی شەرمن و کچی بێ شەرم[ئەرێنی] و بە زمان دەبینین، مەلی و فەوزیە و ئەشرەف لەسێ پەیوەندیی جیاوازدا دەستپێشخەری پەیوەندین لەگەڵ ئازاد، زۆرجار ئازاد خۆی دەپارێزێت. ئەم کرانەوە و بوێرییەی کچ لەناو ڕۆمانی کوردیدا دەگمەنە، کە زۆرتر بوێری پەروانە و خەندانم بیردەخاتە، بەڵام هێشتا کراوەیی ئەمان جیاوازترەو پەیوەست نییە بە کاردانەوەوە.

حەزێ دەکەی بەمامت دەڵێم بە "فەوزیە"وە بتداتێ...[فەوزیە]بیستوومە ئەو کچەتیوە سووک و چرووکەت خۆشدەوێ؟...مەلی دەڵێم، هەتڵەم مەکە، ئەو بەڕەڵایە"

- وەڵڵا (مەلی)م وەک ئاواڵێکی منداڵی خۆش دەوێ، زۆریش خزمەتی دایکم دەکا، ناوونرتکەشی لێ هەڵمەدە، نە بەڕەڵڵایە، نەسووک و چرووک"[٢٢-٢٤]. ئەمە ئیرەیی توندی مەلی لێدەکەوێتەوە، کە وادەکات ڕووبەڕووی مەلی و ئازاد بوەستێت، چونکە پێیوایە ئازاد هی خۆیەتی و نابێت کەس لێی داگیربکات، بۆ ئەمە ئامادەیە، خەڵک و خۆشی بکوژێت، لەبەرئەوە مەلی حەزی لە ئازاد نییە، بەڵکو خۆشیدەوێت.[١١٤] هاوکات مەلی لە ڕێگەی خۆشەویستیی و خۆبەخشین بە ئازاد، دەیەوێت ئازاد داگیربکات، ئازادیش ململانێی ئازادی دەکات و بە مەلی دەڵێت، من عەبدی تۆ نیم" [ئازاد]من عەبدو زێڕخەریدی مەلی خانمم"[٢٧]، دایکی مەلی دەڵێت، مەلی شێتە، ئازاد تۆ عاقڵی و ئاگات لێی بێت.[٢٥٦] هاوکات مەلی بڕوای بە هاوسەرگیری نییە و پێیوایە مەرگی خۆشەویستییە، "ژیانی هاوبەشی لەسەتی نەوەد و نۆی، غەریزەیە، هەوەسە...ئەوین دە ژیانی هاوبەشی، ژیانی ژن و مێردایەتیدا وردە وردە دەتوێتەوە، سووک دەبێ، تێکدەچێ، ون دەبێ و دەمرێ"[٣٢]، مەلی زمان و جوڵە و کردە و بڕیاری بوێرانەیە، سوورە لەسەر کوشتنی غەریزە و پاراستنی خۆشەویستی، لەبەرئەوە دەڵێت: "من ئەو بەشی غەریزەیە دەتوانم دەخۆمدا بیکوژم، بەڵام ئەوەی ڕەگی لە دڵم هالاوە یانی خۆشەویستی، ئەمەیانم پێ فڕێ نادرێ"[١٥٩]. مەلی و ئازاد ئارەزووی سێکسیان بۆ یەک نییە، وەک منالّ یەکتریان خۆشدەوێت، ئەمەش هۆکارە بۆ ئازادپەرستی، "ئەتۆم خۆشدەوێ نەک وەکوو خۆشەویستی کچ بەرامبەر بە کوڕ، بەڵکو وەک خۆشەویستی منداڵێک...چاوی هیچ پیاوێک وەکی تۆ پاک نییە...لەبەر ئەو پاکییە وەک بوت دەتپەرستم...ژن وەک ئینسان چاو لێ دەکەی. ژن لەلای تۆ "بووکە چینی"نییە. کایەی پێ ناکەی"[١١٤-١١٦]، ئەم خودهۆشیارییەی مەلی، هۆکارە بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر ئازاد دابنێت، وەک خەباتکارێکیش هاندەری بێت، لەبەرئەوە کاتێک ئازاد دەچێتە زانکۆ، بەیاننامەی پیادەنێرێت تا بڵاوی بکاتەوە.

هاوکات ئازاد تاکە پیاوی ناو خێزانەکەیانە، دەوڵەمەندو شەرمنە و بەردەوام خەریکی وانە و خوێندنە، کچان لێی نزیکدەبنەوە، ئەویش لەنێوان فەوزیە و مەلی هاوڕێی، دوو جۆر پەیوەندیی جیاواز هەستپێدەکات و دەزانێت لەسەر ئەم ئیرەییانە و قسە بەیەک دەڵێن، "حەسودی بۆ بنیادەم تاریکترین زیندانە"[٥٤]، بەڵام، کە هەردووکیان هەڵدەسەنگێنێت، کاریگەرە بە مەلی، "(فەوزیە) و (مەلی) دە بیری خۆمدا هەڵدەسەنگێنم، هەردووکیان حەسوودن، بەخیلن، بەڵام (مەلی) ئازا، پتەو و ئاقڵ، (فەوزیە) ترسەنۆک، بەتاڵ و سادە."[٢٦] هەرچەند مەلی خۆشدەوێت، بەڵام ئارەزووشی بۆ فەوزیە هەیە[١٢٥]. خۆشەویستی ئازاد بۆ مەلی خووگرتن و عادەتە، کە ناتوانێت هەرگیز دەستبەرداری بێت، لەبەرئەوە نازانێت ئەم خووگرتنە خۆشەویستییە، غەریزی نییە، "من و (مەلی)یەکترمان خۆش دەوێ، بەڵام بە

عادەت، نەک غەریزە، لانی کەم هەستی من بەرانبەر بەوی، خۆشەویستییەکی پاک و بێ خەوشە...من بێ (مەلی) ناژیم"[٥٣]. ئازاد لە مەلیدا توندی، شێتێتییەک دەبینێت، کە پێی کاریگەرە، چونکە خۆشەویستیی زۆری، سەرکۆنە و توانجە بەردەوامەکانی هانی دەدەن خۆی و ژیانی بگۆڕێت. هاوکات مەلیش هێندە بە ئازاد کاریگەرە، کە بە دزییەوە هەرچی کتێبێک ئەو خوێندویەتییەوە، ئەمیش خوێندویەتییەوە، لەبەرئەوە لە هەندێک ڕەهەندەوە مەلیەکی خۆ-بە-ئازاد کردوو، ئازاد-ێکی خۆ-بە مەلی کردوو دەبینین.

لە ڕۆمانەکەدا دایکی ئازاد و دایەنەکەشی(دایەخان)، کە پێکەوەدەژین، بە چڕی ئامادەن و بیرکردنەوەی خۆیان دەردەبڕن و دەیانناسین. ئەم ژنە بە تەمەنانە جیاواز لە گەنجان بیردەکەنەوە، بەڵام لێیان تێدەگەن، هانیاندەدەن خۆش بژین و ئازادبن و شەرم نەکەن. هاوکات بیرکراوەن و نایانەوێت گەنجان لەخۆیان بچن، یان ویستی خۆیان قوربانی ئارەزووی ئەوان بکەن"کوڕم نامەوێ ئارەزووی تۆ فیدای مەیلی من بێ"[٦٧]. هەروەها بەپێچەوانەی زۆر لە کەسێتییە ژنە بەتەمەنەکانی ڕۆمانی ڕۆماننووسانی باشووری کوردستان، دایکی ئازاد، ئاوات بە بوونی کچ دەخوازێت نەک کچ بە کەمتر ببینێت"مەلی گیان بەئاواتەوە بووم خوا کچم بداتێ"[٨]، بەردەوامیش هانی گەنجێتی ژیانی گەنجان دەدەن، "لە جحێلان چ شت حەیب نین...تەمەنی جحێڵی پاشایەتیە[٧٦]، لەم ڕوانگەیەوە ژن لەم ڕۆمانەدا وێڕای تەمەن و نەوەی جیاواز، بەڵام ڕێز لە گەنجان دەگیرێت و هاوکاریانن، هاوکات کچە گەنجەکانیش بە هۆشیاریی و بوێرییەکی بەرزتر لە کوڕان هەڵسوکەوت دەکەن و دەستپێشخەرن.

لەم ڕۆمانەدا بۆمان دەردەکەوێت، هاوسەنگی گونجاو لەنێوان هەردوو ڕەگەزدا هەیە، ئەگەرچی ناوەندی گێڕانەوە ڕەگەزی نێرە، بەڵام دەنگی ڕەگەزی بەرامبەر هاوتایەتی ئەگەر زیاتر نەبێت، چونکە ڕەگەزی مێ گۆڕانکاریی و ئاڕاستەی ڕەگەزی بەرامبەر دەکات، بەڵام بێئەوەی داگیری بکات و ئازادی لێبستێنێت، کە ئەمە گوتارێکی هاوبەشی ڕەگەزیی بایەخدارە. هەروەها ڕەگەزی مێ بە گەنج و پیرەوە بیرکردنەوەی فراوان و کراوەیان هەیە، دەتوانن گوزارشت لەخۆیان بکەن، لەڕووی خۆشەویستییەوە دەکەونە ژێر کاریگەری ڕەگەزی بەرامبەر تا ئاستی پەرستن، بەڵام پەرستراویش داگیردەکەن و پێکەوە ئاوێزان دەبن، نەک ببنە بەندە و خۆیان بدۆڕێنن، بەڵام پەیوەندی نێوان کچان خۆیان، تەندروست و گونجاو نییە، توندو ڕەق و زبرە، پڕە لە دڵپیسی و ئیرەیی و خواستی سەرکەوتن. لەکاتێکدا ئازاد هەوڵدەدات خۆی و ئازادییەکەی بپارێزێت، بەردەوامیش لە بیرکردنەوەی خۆگۆڕیندایە لەگەڵ خۆی، تا بتوانێت پەیوەندییە خۆشەویستیی و غەریزییەکانی ڕێکبخات و نەکەوێت. لەکۆتاییشدا لەگەڵ مەلیدا ئەوین و خەبات ئاوێزانی یەکتردەکەن، بۆ بەرگریکردن لە ئازادی ناوەکی و ڕزگاری دەرەکی.

لە کۆی ئەم گەشتەی لەم بەشەدا ئەنجامماندا گرنگە ئاماژە بەچەند خاڵێک بکەین:

**١**- ڕۆمانەکانی ئەم قۆناغە وەسفی ئەویتر دەکەن. ئەویتر لە ڕێگەی منەوە قسەدەکات، ئەویترێکی دیکتاتۆر و پێشێلکەری من، کە کردەوە توندەکانی منی بێدەنگکردووە، بەڵام لە گێڕانەوەدا ئەم دەنگە دیکتاتۆرە بێدەنگ‌کراوە. لەم خوێندنەوەیەوە ڕۆمانی کوردی تاکدەنگە، دەنگی ئەویتری لەکارخستووە، ئەمەش دیموکراسی و فرەدەنگی نییە، کە منی ڕۆماننووسی کورد لە گێڕانەوەدا پەیڕەوی کردووە. دەکرێت خوێندنەوە بۆ ئەم هەڵوێستە بەمجۆرە بکەین، کە گێڕانەوەی کوردی تۆڵەی تاکدەنگی ڕژێمە دیکتاتۆرە واقیعییەکانی کردبێتەوە؛ بێدەنگ زاڵمێتی و توندڕەوییەکانی نیشانداوە. وێنەی منی کورد لە ڕووداوە تراژیدییەکاندا زیاتر هەستییە، تورە و کاردانەوەئامێزە، دەپرسێت بۆ ئەنفالی دەکەن و وای دەبینن، کە خۆی وانییە. بە لاوازی دیدی هزریی و ئاوەزی دەبینین، ئەمەش دەکرێت پاساوی بێدەنگی ئەویتر بێت لە گێڕانەوەدا، کە لەبری گفتوگۆ تاکدەنگی لەلایەن من و ئەویتر کارایە. ئەویتر من ئەنفال دەکات و وەک ئاژەڵ دەمبینێت، منیش کەمتر دیالۆگی لەگەڵ دەکات، بەڵکو هەڵدەچێت و شۆڕش دەکات. لەم گۆشەنیگایەوە دەڵێین هەژموونی ئەویتر، سەرچاوەی دابڕانی پەیوەندی دیالۆگە، لەبەرئەوە وێنا و کاردانەوە و بیری چوارچێوەیی پەیوەندی من و ئەویتری ڕێکخستووە.

٢- لە چەند ڕۆمانی کوردیدا ئەویتر لە مندا دەردەکەوێت، واتە من لە وێنەی ئەویتردا، کە ئەمە دۆخی زاڵە. من لە تۆڵە و ڕق و تووڕەییم لە ئەویتر، کردەی ئەویترنوێنی ئەنجامدەدەم، بۆ نموونە سوبحان لە هێلانەدا ویستی لەتلەت‌کردنی ئەویتری هەیە، لە تەنیشت ئەمەدا بە لاوازی تێبینی دەرکەوتنی منی چاک و ستەملێکراو و بێدەنگکراو لە ئەویتردا دەکەین، کە لە گوتاری هاوسۆزیدا من لە ئەویتردا دەردەکەوێت، بۆ نموونە لە بەهاری ڕەش، ئەو سەربازە بەعسە هاوسۆزەی براکەی لە کوردستان بووە، یاخود حوسێن لە زیندەخەو، کە وەک دەرکەوتنی کوردە لە زیندەخەوی ئەویتردا. ئەمەش بە دیدی ئێمە دیسان لەو هەژموونە کەلتوورە سیاسییەی ئەویترەوە، سەرچاوە دەگرێت.

٣- پەیوەندیی من و ئەویتر لە ڕۆمانەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ ڕۆمانەکانی باشووری کوردستان جیاوازیی هەیە، ئەویتر لەو ڕۆمانانە جگە ئەرتەشی حکومەتی ئێران، عوسمانی و ڕووسیش دەگرێتەوە. لە زیندەخەودا پەیوەندیی من و ئەویتر بەجۆرێکی ئازادانە دەرکەوتووە و دەرخراوە، ڕۆماننووس بواری بۆ ئەویتر کردووەتەوە لەڕێگەی خەونەکانی منەوە خۆی دەربخات، لەبەرئەوە مامەڵەی من بەرامبەر ئەویتر کاردانەوەئامێز نییە، زیندەخەویش تاکە ڕۆمانی کوردییە لەم ڕووەوە فرەدەنگ بێت.

٤- خوسرەو جاف بۆ یەکەمجار لە ڕۆمانی کوردیدا، کەسێتیی ئەورووپی و کورد لەیەکدەدات و ڕووداو و گێڕانەوە لەسنووری کوردستان و ڕۆژهەڵات دەباتە دەرێ. هەمان ڕۆماننووس بۆ یەکەمجار ئاژەڵ دەکاتە پاڵەوان و گێڕەرەوە، مێژووی خەبات و شۆڕشی من بەرامبەر ئەویتر لەسەر بنەمای منی ئاژەڵ دەگێڕێتەوە. ئەم ڕۆماننووسە بۆ یەکەمجار کەسێتییەکان لە واقیعی مێژووییەوە هەڵدەبژێرێت، کە تێیدا کەسایەتییەکانی ناو مێژووی کورد لە سەرۆک خێڵەکانی جاف و میرەکانی بابان دەبنە دەرکەوتەی مێژووی جاف و بابانەکان، ئەمەشی لە ڕۆمانی پاشایان کوشت[جاف، ١٩٩٣] ئەنجامداوە.

٥. ڕۆمانە کوردییەکان بە گشتی نیشتمان و ماڵ بەگرنگ و پیرۆز دەبینن. خەبات بۆ پاراستنی دەکەن و ڕووبەڕووی ئەو هێزانە دەبنەوە، کە هەوڵی ڕوخانی دەدەن، یان هۆکارن بۆ کۆچ، تەنانەت ئەو ڕۆمانانەی لە تاراوگە نووسراون، یان ڕووداوەکانی لەوێ ڕوودەدەن، کەسێتییەکانی بەجۆرێک لە نیشتمانن، یان بارودۆخێک ڕێگرن لە گەڕانەوەیان، دەنا بیری زبڵەکانیشی دەکەن، بەڵام لای بەختیار عەلی، هیوا قادر و تاڕادەیەکیش شێرزاد حەسەن، ستایشی سەفەر و جێهێشتن و بینینی دنیا دەکەن، ڕەخنە و نەفرەت لە نیشتمان و شار و حەسار دەکەن، هۆکاری ئەم دیدە ڕەخنەییشە پەیوەستە بە نەبوونی ئازادیی و ستەمی کەلتووری سیاسیی و کۆمەڵایەتی شارەوە. پێمانوایە ئەمە سەرەتای گواستنەوەی دیدی ڕەخنەگرانەی شار و دەسەڵاتی کوردییە، کە لە قۆناغی سێیەم فراوانتر دەردەکەوێت و وردتر لەسەری دەوەستین.

٦. لە ڕۆمانی تاراوگەنشینیدا منی کورد پەرتەوازە و لانەوازە، کێشەی دابەشبوونی لێرە و لەوێی هەیە، نە لەوێیە نە لێرەیە. ئەویتریش زۆرتر وەک خۆرهەڵاتی نەک کورد سەیری من دەکات.

٧. بەکارهێنانی کەرەستەکانی فۆلکلۆر لەم قۆناغەی ڕۆمانی کوردیدا بەراورد بە قۆناغی یەکەم گەلێک کەمترەم بەتایبەت لای نەوەی نوێ، بە نموونەی هیوا قادر و بەختیار عەلی، بەڵام ئەو ڕۆماننووسانەی لە هەردوو قۆناغ ئامادەییان هەیە، وەک حسێن عارف، خوسرەو جاف و فەتاح ئەمیری کەڵکیان لە فۆلکلۆر وەرگرتووە، ئەگەرچی ڕێژەکەی کەمتر بووەتەوە، بە تایبەت لای فەتاح ئەمیری، ڕۆماننووسی ناوبراو لە زیندەخەودا لە زۆر لایەندا دابڕان و گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی بەراورد بە هاوارەبەرە و میرزای قۆناغی یەکەم ئەنجامداوە.

٨. گوتاری دینی و سیاسیی تەواوکەر و هاوئامانجن بۆ لەنابردن و سڕینەوە و ئەنفالکردنی نەتەوەی کورد. گوتارە باڵادەستەکان کار بۆ چەوساندنەوە و برسێتی و نەزانیی خەڵک دەکەن، بە گوناهباریان دەزانن، تا بپاڕێنەوە و نزابکەن خودا لێیان خۆشبێت، وەک ئەوەی تاوانبار خودی خەڵک خۆی بێت. هەر ئەم گوتار و کەلتوورە دینی-سیاسییە دژە ژیان و دنیایە، هەژموونیشی بەسەر کۆمەڵی کوردیدا هەیە و ڕێگەگرە لە گۆڕان، دژی عەشق و شۆڕشە. لەئێوارەی پەروانە بە گوتاری دینی-سیاسیی، عاشقان تیرۆر دەکەن و مێشک و بیری گەنجان دەشۆنەوە و بەرەو توندڕەوی و جیاوازییسڕینەوە ئاڕاستەیان دەکەن، هەموو شتێک لەنێوان کوفر و ئیماندا دابەشدەکەن، گوتاری ڕۆمانەکەش لە زاری خەندانەوە پێماندەڵێت، کە خودا دژە ژیان و ئازادی و عەشق نییە، بەڵکو ئیماندارانی تاکڕەهەندن وا خودا و دنیا دەبینن.

٩. دەسەڵاتە ناوەندیی کاریگەری نەرێنی لەسەر پەراوێزەکان هەیە، ئەوە ژێر و عەقڵەکانن بە جەنگ و شۆڕشەکانیان ژیانی تاکەکان وێران دەکەن، موسوڵمانان، جولەکەکان دەچەوسێننەوە و شاربەدەریان دەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا گوتاری ڕۆماننووسان لەگەڵ پەراوێزو کەنارکەوتەکان هاوسۆزە.

١٠. لە خۆشەویستیدا ڕەگەزی مێ هەیمەنەی بەسەر ڕەگەزی نێردا هەیە، بەڵام لە پەیوەندیی خێزان و ژن و مێردایەتیدا، ئەوە ڕەگەزی نێر و پیاوانن دەسەڵاتیان بەسەر ژندا هەیە.

١١. تای تەرازووی خۆشی و شادی، بەراورد بە خەم و نیگەرانی، گەلێک لاواز و نزمە، شەڕ و ماڵوێرانی، جیابوونەوە و دابڕان، ناخۆشی و بێزاری، گەلێک بەرز و زیاترە تا ئاشتی و خۆشگوزەرانی.

# بەشی چوارەم

## وێنەی کورد لە ڕۆمانەکانی
## قۆناغی سێیەم ٢٠٠٣- ٢٠٢٢ دا

ئەم قۆناغە بارگاوییە بە دنیایەک ڕووداوی هەرێمیی و جیهانی، کە کاریگەریی گەورەیان لەسەر مرۆڤایەتی و تاک و کۆمەڵی کورد هەبووە. ڕووداوەکانی ڕووخانی ڕژێمی بەعس و یانزەی سێپتەمبەر و دەرکەوتنی گروپە تیرۆریستییەکان، ڕۆژانەییبوونی تەکنەلۆژیای سەردەم و گلۆبالیزم و پرسی شوناسی تاک و نەتەوەکان، قەیرانە سیاسیی و ژینگەیی و کەلتوورییەکان، تا بەهاری عەرەبی و لە ناوخۆشدا دەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆن و خۆپیشاندانی ١٧ی شوبات... هەموو ئەمانە و دەیان ڕووداوی دیار و بەرجەستەی تر، شێوەیەکی نوێیان بە دنیابینی بیرکەرەوە و توێژەران داوە. ڕۆماننووسی کوردیش وەک تاکێکی کورد لەناو جیهانی نوێدا بەرکەتە و لێکەوتەی ئەم ڕووداوانەیان لەناو ڕۆمانەکانیدا بەرجەستەکردووە، یاخود کاریگەریی و ڕەنگدانەوەیان لەسەر گێڕانەوەی کوردی داناوە. ڕۆمانێکی کوردی هەنوکە لەباری پەیوەندیی، دەسەڵات، شۆڕش، زانیاری.. چیتر ئەو دنیابینی و گوتارەی نییە، کە لە هەشتاکان‌دا هەیبوو، بە دەگمەن ڕۆمانێکی کوردی دەبینین بەو ڕۆحیەتە نەتەوەیی و شۆڕشگێڕییەی ئەوکات نووسرابێت، ڕوانین بۆ کەسێتیی و ڕووداو گۆڕاوە، شوناس ئەو توندوتۆڵیەی نەماوە، چیتر کەسێتی و ڕووداو و پرسی کات و شوێن وەک بەرلە سۆشیال میدیا و تەکنەلۆژیای زیرەک نەماوە، ئەمڕۆ تۆڕەکانی پەیوەندیی و زانیاری وایکردووە گێڕانەوە و ڕووداو و زانیارییەکان تایبەتمەندیی جیاوازیان هەبێت.

ئەدەب و گێڕانەوە بەگشتی چەند پەیامی مرۆڤایەتی هەڵبگرێت، چەند فانتازیی بێت، هێندەش وابەستەی واقیع و بیرەوەری تاک و کۆمەڵی نەتەوەیە، گێڕانەوەی کوردییش لەم ژینجیهانە کوردییە تایبەت و گشتییەوە سەرچاوە دەگرێت. ڕۆمانی کوردی ئەم قۆناغە[٢٠٠٣-٢٠٢٢] بەهۆی ماوەی زۆر و گۆڕانگەلی هەمەلایەن، گەلێک فراوان و فرەڕەهەندە، بە جۆرێک هەر چوارچێوەیەک بۆی تەسک و نازانستیی دەکەوێتەوە، لەبەرئەوە لەم بەشەدا بەپێی توانا و ماوە تێکۆشاوم کۆمەڵێک ڕۆمانی زۆر بخوێنمەوە و چەند دانەیەکیان بۆ توێژینەوەکە هەڵبژێرم. لەو وێنە و ڕووداوە هەمەلایەنانەی ڕۆمانەکاندا سێ دوانەی بنەڕەتیم هەڵبژاردووە، کە بە دیدی من گوزارشت لە وێنەی کورد لەم قۆناغە و مۆتیڤی

دیاری ڕۆمانی کوردی دەکەن، ئەوانیش"عیرفان و گەندەڵی، نۆستالژیا، ئازادی و بەندی"ن. ئەم سێ دوانەیە وێڕای گرنگی و زیندوێتیان، بەڵام کەم کاریان لەسەرکراوە. ئەم سێ دوانەیە لە ڕۆمانی ئەم قۆناغەدا گەلێک بەرجەستەن، هەرچەند ئەم قۆناغە لە هەندێک لایەنەوە تەواوکار و تێپەڕکەرانەیە، واتە واقیعی سیاسیی و ڕووداو و جەنگەکانی ڕابردوو ئامادەیی بەرچاویان هەیە، بەڵام ئێستا وەک درێژکراوەی جەنگ و شۆڕشە کوردییەکان بینراوە، لەگەڵ ئەوەشدا دەیان بابەت و ڕووداوی هاوچەرخ و ڕۆماننووسی نوێی بێ بیرەوەری کۆن، ڕووداوەکانی ئێستا دەگێڕنەوە، ئێستایەک، کە لە ڕابردوو زۆر جیاوازە، زمان و خواست و جیهانبینی گۆڕاوە. لەم گۆشەنیگایەوە لە هەڵبژاردنی ڕۆمانەکانیشدا هێندەی گونجابێت ڕەچاوی دەنگی نوێی ڕۆماننووسانم کردووە. سەبارەت پراکتیکی چەمکەکان، بەپێی لەخۆگری و گونجاوی ڕۆمانەکان سوودم لە هەردوو زنجیرە، چەمکی سێ دوانە کردەنوێن و چوارگۆشەی واتایی وەرگرتووە.

## پاری یەکەم: عیرفان[1] و گەندەڵی

گرێدانەوەی ئەم دوانەیە لەم قۆناغەی ڕۆمان و دنیای کوردیدا لە ڕواڵەت و قووڵاییدا دژوارە، بەڵام لەباری هەبوونی کەرەستە و پێگەوە گران نییە. وەک چەمک دژیەکی تەواونین، ئێمە لە تایبەتمەندی و دەرکەوتەکانی لەناو گێڕانەوەدا نزیکمانخستوونەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هاوپەیوەندی دژ لەڕووکاردا سانا نییە، بەڵام لە جیهانبینی، بیر، ئاکار و ڕەفتاردا دیارە. گەندەڵی دیارترین زاراوە، بابەت، ڕەفتار و ئاکار، کەلتووری ئەم قۆناغ و سەدەیەیە(سەدەی٢١)، بە جۆرێک سیمای کۆپەیوەندییەکانی مرۆڤ و جیهانی لەخۆگرتووە. گەندەڵ و گەندەڵی پەیوەستە بە نا-دروست، نا-تەندروست و نەشیاویی پەیوەندییەکان و بەڕێوەبردنی دەسەڵات، چ کەسی، حزبی، حوکمی، ئابووری و بازرگانی، ئایینی و ڕۆشنبیریی بێت. گەندەڵ ناوە بۆ کەس، ناوەند و دەسەڵاتێک، کە خراپە ئەنجامدەدات، گەندەڵیش چەمک و پەسن و دەرخەری بکەر، کار و دەرئەنجام و بابەتی کارەکەیە. گەندەڵ خۆراکدەری نادادی،

---

[1] ـ ئەم ناونیشانە دەکرێت، وەک دوانەی پاکێتی و گەندەڵی، مەعنەوییەت و گەندەڵی دابنرێت، مەبەستەکەش نیشاندانی گەندەڵکردنی پاکی و بەرگرییە لە گەندەڵێتی نا-گەندەڵ. لەم پارە چەند ڕۆمانی کوردیمان هەیە، کە جیهانبینی عیرفان و سۆفیگەری و مەعنەوییەت تێیاندا زاڵ و زەق و ئاشکرایە، وەک"حیکمەتی پیران و گەڕانەوە بۆ مەرگ-عەبدولکەریم فەتاح"، یاخود"جادووگەری گوند-فازڵ قەرەداغی، ڕێگایەک بەرەو ڕۆشنایی-طارق شۆرناخی"...هتد. ئێمە مەبەستمان بوو کەڵک لە هەندێک ڕۆمانی نا-ئایینی-نا عیرفانی وەربگرین، کە ناڕاستەوخۆ ئەم جیهانبینییەی تێدایە. زۆرێک لەم ڕۆمانانە دەکەونە ناو هێڵی سۆفیگەری نادینییەوە، تێشیاندایە خزمەتی پێکەوەگرێدانی بە پرسی گەندەڵی نەدەکرد، وەک، "منداڵێک لەسەر مانگ"، کە کەشێکی تەواو عیرفانی نا-ئایینی تێیدا زاڵە و ئاوڕدانەوەیەکی وای بۆ گەندەڵی تێدا نییە.

بێ ڕەوشتیی، ناهەقییە، گەیشتن بە ئیمتیاز و پارە و ئاستێکە دوور لەماف و شایستەداری، گەندەڵی بێبەهاکردنی بەهاکان و ڕۆچوونە بەناو ڕۆتین، سیناریۆ، فێڵ و درۆسازی.

ئەوەی پەیوەستە بە عیرفان و سۆفیگەری، وێڕای ئەوەی زیاتر ڕابردوونشینە، بەڵام ڕووخساری نوێ و زیندووکردنەوەی بەردەوامیشی هەیە، واتە پێویستیی سەردەمی نوێ بە ڕۆحانییەت و مەعنەوییەت کاردانەوەی دنیای نوێیە، کە گەندەڵی و ماددیگەرایی مرۆڤ و دنیای ماندووکردووە، ڕۆحانییەت دەوری پشوو، پاکڕاگری مرۆڤ و دنیای نوێ دەگێڕێت. جیهانی واتایی عیرفان زیاتر خۆدورگرتن و بواردنە لە بەشداری ڕاستەوخۆ، لە فێڵ و تەڵەکانی دنیا، بێدەنگی، تەنیایی و خەڵوەتە، خۆناسی و خوداناسییە. عیرفان وێڕای ڕەهەندە ئایینیی و سیاسیی و ئەدەبییەکەی، دیوێکی لیریکی و دنیایی هەیە، کە خودابواردنە لەو پیسی و بۆگەنەی بەرکارە. بە گەندەڵییەتی جەستە و دنیای دەرەوە، عیرفانییەت چالاک و کاردانەوەئامێزە بۆ ڕۆح و دنیای ناوەوە و خۆناسی، گەڕانەوەیە بۆ ناو سروشت و پاکی و ئارامی. گەندەڵی ئارەزووە بۆ جەنجاڵی و نمایش و درۆ و گیرفانپڕیی، عیرفان عیشقە، ئارەزووە بۆ بێدەنگی، ڕاستیبینی، خۆبوون و دنیانەویستیی. کەسی گەندەڵ لە دنیای دەرەوە چالاک و عارف ناکارا لە کردە دنیاییەکاندا. گەندەڵی ونبوونە بەناو ئێستا، عیرفان گەڕانەوە و هەڵگەڕانەوەیە لە ڕابردوو، ئەگەر ڕابردوو جوان بێت بۆی دەگەڕێینەوە، یاخود وەک هەندێک کەسێتیی ناو ڕۆمانەکان لە ڕابردووی پیسیان هەڵدێن و بۆ خۆپاککردنەوە ڕۆدەچنە ناو خەڵوەت تا ئایندەیان لە ڕابردوویان نەچێت.

لە پاش ڕاپەڕین، حکومەت و پەرلەمانی کوردستان، شەڕی ناوخۆ و ئیسلامیی سیاسیی و تیرۆر، ڕووخانی ڕژێمی بەعس و بەشداری کورد لە حکومەتی عێراقی نوێ...بانگەشەی ئابووری سەربەخۆ و پترۆدۆلار و ناڕەزایەتییەکانی تاکی کورد و ۱۷ی شوبات و هاتنی ئۆپۆزسیۆن و داعش... هەندێک لەو کۆڕووداوە سیاسییانەی ئەم قۆناغەن، کە ئەزموونە جیاوازەکانی دەرکەوتنی دەسەڵاتی کوردی نیشاندەدەن، ئەم ئەزموونەش لە گشتدا گەندەڵی سیمای هەرە دیارییەتی. "ڕەفتارە سیاسییە گەندەڵییەکان ئەو دەمە دەستی پێ کرد کە هێشترا ڕاپەڕین، وەک ڕووداوێ سیاسیی بێ وێنە لە دێرۆکی هاوچەرخی کوردی، بە فەرهوود، تاڵان، ئاودیوکردن و چەتەیی تێکەڵ بکرێ"[حەمە، ۲۰۱۰: ۱۸] لەم قۆناغەدا لە تەنیشت هەڵپەی گەندەڵکاران بۆ پارە و دەسەڵات، خۆدوورگرتن و پەرێزپارێزی ئەوانەش دەبینین، کە بێدەنگ یان تۆراو، توورە، سۆفیئاسا، بێدەسەڵات و

دەستبەکڵاوی خۆگرتوون. لە توورەیی  و بەرجەستەبوونی ئازار و کۆچ، تا ڕۆمانگەلی دژە شۆڕش[1] و پێداچووەوە و دیتن بە چاوێکی دی بۆ خەباتی ڕابردوو و ئێستای حزب و حکومڕانان (دەسەڵاتی کوردی) دەردەکەون. هەندێک لەو ڕۆمانانە بەچەشنێکە ئەگەر ڕاستەوخۆ ناوی دەسەڵاتدار و پێگە حزبیی و حکومیی و ڕووداوە پەیوەستەکانی نەبردبێت، ئەوا ئاسان کەس و ڕووداو و پێگەکان دەناسینەوە، تەنانەت توورەییەکە گەیشتووەتە ئاستێک کاریگەریی لەسەر هونەرییبوونی گێڕانەوەی بەشێک لە ڕۆمانەکان هەبووە، بە نموونە: ڕۆمانی *گەندەڵی، قەبرێکی سێگۆشە*. هاوکات لەم قۆناغەدا ئەویترێکی ناونشین دروستدەبێت، کە دەسەڵاتدارانی کورد دەگرێتەوە، منێکی غەمگین و نامۆ و مافخوراویش دەبینین، لەبەرئەوە ئەویتر، جیاکردنەوەی "منی کورد" لە "ئەویتری ناکورد" نییە، بەڵکو خۆجیاکردنەوەی منی ستەملێکراو و ناگەندەڵە لە ئەویتری کوردی گەندەڵ.

### ١ـ لە کۆشکسازییەوە بۆ نیشتمانڕمێنی

لە ڕۆمانەکانی ئەم دەورەیەدا وێنەی شۆڕشگێڕ و خەباتکارە کوردەکان لە ئەشکەوت و چیاکانەوە بۆ کۆشک و نوسینگە و دەزگاکانی شار، لە سەرینی بەرد بۆ کۆشی نەرم، لە شەڕواڵ و پێڵاوی دڕاوەوە بۆ قات و پێڵاوی مارکە، لە چەکەوە بۆ موبایل و پارە، لە پلان و شەڕی ئەویترەوە بۆ پیلان و خودکوژی(براکوژی) دەبینین. هەر لەم قۆناغەدا وێنەی ڕابردووی خەبات، خۆشەویستی، بەهاکان، مانەوە و خەونی ئازادیی نیشتمان، بۆ ئێستای نائومێدی و نامۆیی، ئافرەتبازی، بێخەونی، بێبەهایی، کۆچ و برین و نیشتمانخزی، لەگەڵ ئایندەی کەوتن و ڕووخان دەبینین. لە زۆرێک لەو ڕۆمانانەدا تێبینی تەواوکردنی وێنە-چیرۆکی کورد دەکەین؛ ئەوەی لە ساڵانی ڕابردوودا ئەنفال و کیمیابارانی بینیوە، بەرگری و بەرخۆدانی کردووە، لەئێستادا ئاکام و دەرکەوتەی شۆڕش و کارەسات و خۆبەڕێوەبەرییەکەی دەبینین، لەبەرئەوە ئەم قۆناغە پڕە لە پێداچوونەوە بە شۆڕشە کوردییەکان و سەیرکردنەوەی کوردی ئەنفال و کیمیابارانکراو. هێنان و دانانی تابلۆی کورد لە ڕابردووەوە بۆ ئێستا، جۆرێکە لە دادگایی ڕابردوو و ئێستای دەسەڵاتداران؛ بە ڕژێمی بەعس، حزب و دەسەڵاتی کوردییەوە.

---

[1] ـ لەم قۆناغەدا ڕۆمانە دژە شۆڕش، هێندە زۆرە، بە گران ڕۆمانێکی شۆڕشگێڕیی دەبینینەوە، لەبەرئەوە ڕیزبەندکردنیان گرانە و لە توانای پەراوێزێکدا نییە، ئەمانە چەند نموونەن: ماچی یەکەم[کاکە، ٢٠١٠]، ئەو پیاوەی درەختێک بوو[بابەعەلی، ٢٠١١] سپیکردنەوەی خوێن،[مستەفا، ٢٠٢١]، ژنێک بەسەر منارەوە[حەسەن، ٢٠١١]، شەربەتی ترس،[کاکەی فەلاح، ٢٠٢١]، شەیتاری،[پەری، ٢٠٠٧]...هەروەها لە ڕۆمانەکانی عەتا محەمەد، بەختیار عەلی، ئیسماعیل حەمەئەمین...و چەند ڕۆماننووسی تردا پرسی ڕەخنەی شۆڕش و شۆڕشگێڕان دەبینین.

دیمەنی ئێستای شۆڕش و شۆڕشگێڕان لە وێنەی دوێنێیان جیاوازە، گێڕانەوەی ئەم قۆناغە دەستئاوەڵاتر و بەرچاوڕۆشنترە لە نیشاندانی تەواوکۆیی دیمەنەکان.

ڕۆمانی قیژە [چۆمانی، ٢٠١٧] نموونەی یەکێک لەو ڕۆمانە فرەدەنگانەیە، ئاوڕی لە شەڕی براکوژی، گەندەڵی و مەستی شۆڕشگێڕانی کورد و پەیامی ڕزگاریی لە ڕێگەی تەمبوور، کە ڕەمزی سۆفیگەری کوردی ئایینی یارسانە داوەتەوە1. قیژە، گریان وناڵەی نیشتمانە، کە بەهۆی شەڕ و براکوژییەوە نابیسترێت، دەنگی تەمبوور و یار و هیوایە لە ڕابردووی دووری نزیکی ڕۆحی کورد و هاواری ئایندەی خۆدۆزینەوەوە دێت، بەڵام مەستی و خیانەت و تۆڵە، کپی دەکات، یاخود قیژە خۆشی ئەو دەنگە ناجۆرەی شەڕی ناوخۆیە، کە قیژەساز و قیژەبێدەنگکەریشە. لەم ڕۆمانەدا دوانەکانی ئاگایی و مەستی، پیرۆزیی و نەفرەت، شەڕ و ئاشتی، سارد و گەرم، سپی و ڕەش، ڕابردوو و داهاتوو، چەک و تەمبوور، خیانەت و خۆشەویستی.. لە ڕێگەی کردەنوێنەکانەوە خۆیان دەردەخەن و ململانێ دەکەن.

ڕۆمانەکە بەشێوەی هونەری فرەدەنگی نووسراوەتەوە، گوتارەکەشی ڕووبەڕووبوونەوەی پیرۆزکردنی تاکڕەوی و تاکدەنگییە. کاتێک حزب، سەرۆک و دەسەڵاتێک خۆیان پیرۆز و بەرزتر لە نیشتمان، شار و خەڵکەکەی دەبینن، هەموو شتێک دەکەن بە بەردەبازی ویست و ئارەزووگەلێکی کوێرانە، ئەوکات ئاگایی و ئایندە، جوانیی و شادی، کوێر و سەرلێشێواو دەبێت. نێرەر و وەرگر بە نووسینەوە و لەبیرنەکردنی حیکایەتی مردووکان2 و شەڕی براکان دەوری ڕزگارکەری ئەو قیژە کپبوو و کپکراوانە دەدەن، کە خۆویستانە و نەزانانە خۆیان لەبیردەکەن. هیوا دوا یاری3 ئەم دەرد و جەنگەیە، لەلایەن خوسرەوی تەمبوورژەن ڕاسپێدراوە ئەم حیکایەتە بنووسێتەوە، بۆ ئەوەی قیژەکان

---

[1] ـ *لەودیو شەپۆلی ڕەشەباکانەوە*، ڕۆمانێکە بۆ تێگەیشتن لە ڕۆح و هزری کوردی چیایی و جیهانبینی بیابانی، کە ئاوڕ لە ئایینی زەردەشت وەک سەرچاوەی ڕەسەن دراوەتەوە. "پیری چیاداد - دیوانە شارناس" هەڵگری حیکمەت و وشەی پیرۆزی ئاهوران. شارناس زاهیدو پیر و شۆڕشگێڕێکی چیاییە و پێیوایە خودا چیاییەکانی فەرامۆشکردووە، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ پیرەکانمان"مەحوی، باباتاهیر.."، نەک ببینە بیابانیی و خۆلەبیربکەین، وەک چۆن خوا جێیهێشتووین. چیاییەکان، شارناس وەک پیرۆز و خدری زیندە دەبینن، کە پاش مردنیشی پێیانوایە دەگەڕێتەوە[مەلازادە، ٢٠٠٩: ١٣].

[2] ـ لە ڕۆمانی *غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ*، دەستەیەک پێکدێت تا مێژووی مردن و کوشتن لە دوای ڕاپەڕین بنوسێتەوە، ناوی کتێبەکەیان"کتێبی باغە خوێناوییەکان"ە، لە قیژەشدا یەکێک لە ئەرکەکانی نێرەر نووسینەوەی حەکایەتی کوژراوانە.

[3] ـ یار لە ئایینی کاکەیی - یارساندا برای ئایینییە، کە هەر کەسێک لە پلەیەکی ئیمانی کامڵدا دەتوانێت یارێکی ئایینی لە چینەکەی خۆی هەڵبژێرێت، ئەمەش لە جەمێکی تایبەتدا، کە پیر نزایان بەسەردا دەخوێنێت ئەنجامدەدرێت. پاشئەوە ئەو دوو یارە، دەبنە برا، چیتر ناتوانن ژنوژنخوازی لەنێوان یەکدی ئەنجام بدەن.[عەبدول، ٢٠٢٠: ٦٩] شەڕی براکان لەباشوور و نیگەرانی ڕۆحی کورد لە ئایینی یارسان-ڕۆژهەڵات، کە پەیامی یار و برایەتی و ڕێی ڕاستی پێیە، گوتارێکی واتایی و هونەریی بەرزە، لەبەرئەوەی شەڕی براکان، ڕێونیی و دژەبراییە.

ببیستریت، نەوەی نوێ و شارەکان نەبنە سەرچاوەی ژانی نیشتمانی منالْ لەبارچوو. حیکایەتنووس پێیوایە قیژەی ژانی نیشتمان بەبێ نووسینەوە، ئەزموونی ئەزموونەکردەیە. نووسین و چەشتنی حیکایەتی ڕابردووی ئازار و برینەکان ڕابردووپەرستی و چەقین نییە، بەڵکو کولاندنەوە و هێشتنەوە و تێپەڕکردنییەتی، بەهۆی تێگەیشتن و خۆدۆزینەوە. ئەمە لە ئومێدێکی هەرزەو خۆشباوەڕ و بێبونیادەوە سەرچاوەناگرێت، بەڵکو لە نائومێدی ئایندە و تاریکییەوە سەرچاوەدەگرێت، "دەمەوێ سبەی جوانتر بژیم..بەبێ خوێن...بەڵام لەگۆشەیەکی ئەندێشە و هزرمدا بەقووڵی نائومێدی سبەیڕۆژم...دەزانم سەردارەکان هەمان سەردار دەبن...ئەوانەی لە ئەشکەوتەکانەوە دێنە خوارەوە، ڕاستەڕاست دەچنە کۆشکەکانەوە و شارەکانمان دەکەنە کەلاوە"[٢٦٨].

نێرەر، پەرچووی جوانیی و گێڕانەوەیە، لەبەرئەوە ڕۆمانەکە زمان و چنینێکی شاعیرانەی هەیە و بە ڕۆحی هونەری کوردی ئاودراوە، تا لەبری دەف و هوتاف و شەڕ، تەمبووری1 فرەئاواز و ڕەسەنییەت ببیستین، بەڵام دەنگی شەڕ و گوللەی براکان، لە دەنگی ڕەسەنییەت و ڕۆحی عیرفانی کوردی بەرزترە. خوسرەوی بکەر و بەرکار، نێردراو و نێرەر لەنێوان ڕەسەنییەت و ناڕەسەنییەت، چەک و تەمبووردا دەکەوێت و پەنا بۆ هیوا دەبات، تا حیکایەتی کەوتن بنووسێتەوە، بەڵکو نووسینەوەی کەوتن ڕزگاریی بێت. نووسینەوەی ئەم حیکایەتانە بۆ بیستنی قیژەکانە، ئەوانەی نابێت کپ و بێدەنگ بکرێن، دەبێت شار خەوی لێ بزڕێنرێت، نابێت بیری بچێتەوە، دەفی ترس لەنێو مێژوو، دەرون و کەلتووری ئەم ناوچەیە بالایە و زمانی جوانی و ڕۆح بێدەنگدەکات. وەرگری ناو ڕۆمانەکە، خۆشەویستیی و بەرەنگاری، ئاگایی نەوەی نوێ، سانی پەیامبەری یارسانە2، کە سەرکەتوونابن لە ڕزگاریی گوتارەکە، بەڵام دوا وەرگر و یار، هیوایە، کە لە دەرەوە و ناوەوەی حیکایەتەکە نیشتەجێیە و بەهەموو هێزەکانەوە ڕووبەڕووی دەسەڵات دەوەستێتەوە و شکست دەنووسێتەوە، تاکو ڕۆڵی پەرچوویەکی هونەریی لەسەردەمە تاریکەکاندا بگێڕێت.

گوتاری نێرەر خودئاگایی، فرەئاوازیی و هەڵکردنی چرای عیرفانی کوردییە، بەڵام بای دەسەڵات، حزب و گەندەڵی، کوژێنەرەوەی چرای نیشتمان و شارن. لەم تاریکییەدا ئێمەی کورد

---

[1] ـ لە ئایینی یارساندا تەمبوور ئامێرێکی پیرۆزە، چونکە کاتێک خودا فەرمانی بە ڕۆحدا بچێتە جەستەی ئادەمەوە، جوبرەئیل تەمبووری لێداوە تا ڕۆح مەستبووە، ئەوجا لە جەستەی ئادەمدا جێگیربووە. لەم ئایینەدا کاتێک منداڵ لەدایکدەبێت تەمبووری بۆ لێدەدەن بۆ ئەوەی ڕۆح لە جەستەیدا ئارام و نیشتەجێبێت، کاتێکیش یەکێک دەمرێت هەر تەمبووری بۆ لێدەدەن بەو ئومێدەی ڕۆحەکەی لێیان دوورنەکەوێتەوە و بچێتە دۆنی کەسێکی ترەوە. لە یارساندا هەندێک بڕوایان وایە لە مەراسیمە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکاندا پێویستە تەمبوور بژەنرێت، تەنانەت جەم بەبێ تەمبوور دروستنییە.[عەبدول، ١٢٧]

[2] ـ دەکرێت ڕۆماننووس لە هەڵبژاردنی ناوی سان مەبەستی هاوشێوەیی پاشگری یار-سان بێت، یاخود یەکێک لە سوڵتان و پیرانیان بەناوی سان سەهاک، کە چوار بنەمای ئەخلاقی "پاکی، ڕاستی، نیستی و ڕەدا" بۆ پەیڕەکەرانی ئایینەکە دادەنێت.[عەبدول، ١٧٢]. ئەم بنەما ئەخلاقییانەش پێویستین، کە سان و ئاگای هاوڕێی لەناو گێڕانەوەکەدا بەگوێمانیان دەدات.

پێویستمان به پەرچووه بۆ ڕزگاریی"موعجیزەکان له تاریکییەوه دێنه دەرەوه"[٢٦٩-٢٧٠]. نێرەر وێڕای ڕەهەندی عیرفانی-نیشتمانی، که له ڕێگەی پێشمەرگەیەکی ڕۆح زیندووی وەک خوسرەو بەرجەستەکراوه، خودئاگاییەکی سرک و زیتەڵیشه، که ئایدۆلۆژیا، گەندەڵی، حزب و سەرۆک، ئومێدی کوێر فریوی نادەن. کاتێک خوسرەو له شار دەڕوات، یان شار ڕاوی دەنێت، ماڵ و دەستنووسی حیکایەتەکه بۆ هیوا جێدەهێڵێت، هەرچەند پێشتر دژی جێهێشتنی نیشتمان بوو، به ئاگا و سانی دەگوت: "من ناڵێم بڕۆن ئەم مەملەکەته بگۆڕنەوه به سەرزەمینێکی دیکه"[١٦٨]، بەڵام برینی جەسته و ڕۆحی، ئەتککردنی نیشتمان و خۆشەویستەکەی(خەزاڵ) ناچاری جێهێشتنی دەکات. ئەگەر ئەرکی وەرگر گەیشتن و دەستخستنی بابەتی مەبەست بێت، وەرگر لەم ڕۆمانەدا لەنێوان پێگەیشتن و دابڕان، پێدان و لێسەندندایه. پاش شەڕی ناوخۆ و کوشتنی خەون و ئایندەی مرۆڤی کورد، خودا لەم شاره هەڵهات، شەڕ و گەندەڵی جێگەی گرتەوه، دڵنیایی و ئومێدێک بۆ ڕزگاری نەما. سان، که تەجەلی ڕۆحی خودا و جوانیی و سەردەمێکی نوێیه، تەمبووریش ئاوازەکەیەتی(هاوشێوەی بیرکردنەوەی فرەئاواز)، بەرله جەنگ و نزیک له ڕاپەڕین لەڕێگەی پیرێکی یارسانەوه دێت، بۆ ئەوەی پێمان بڵێت ئەم پارچەیەی کوردستان نزیکه لەوەی ببێته چرایەک بۆ ڕووناککردنەوەی بوونی کورد و تەواوی پارچەکانی کوردستان، بەڵام شەڕی براکوژیی و گەندەڵی چراکەیان کوژاندەوه.

خوسرەوی تەمبوورژەنی پێشمەرگه، که پەیامبەرێکی یارسان و عارفێکی کوردییه، نیشتمان و ڕۆحی خودا لەڕێگەی تەمبوور و سانەوه دەهێنێته شار، تا ڕۆحی نەتەوه و خۆشەویستەکەی ڕزگاربکات، بەڵام دەبێته حەماڵێکی ماندوو، نائومێد و ڕاکردوو(دەرپەڕێنراو)، که خۆشەویستەکەی وەک ژنێکی نەناس له خانووەکەیدا ڕەق دەبێتەوه. ئاگاش وەک مناڵێکی شێتی بەئاگا، که گوزارشت له شێتی سەردەمەکه دەکات، دەکوژرێت، ئەمەش به دیدی من واتای کوشتنی ئاگاییه له شار. عەشقی خەزاڵ و نەوەکەشی، که دەکرێت وەک نێرەر بیخوێنینەوه، له نیشتمان و ماڵی خۆشەویستەکەیدا دەمرێت، لەبەرئەوه نێرەر زەردەشتئاسا[1] حیکایەتی کوشتنی خودا، بیرکردنەوه و عەشق و جوانی شار دەگێڕێتەوه، تا دەنگی هیوا وەک ئەگەرێک لەناو تاریکی شاردا بۆ ڕزگاریی پەرچوویەک بێت. ئەمه له کاتێکدایه، که ئاگایی و خۆشەویستی و عیرفانی کوردیش لەناو غەوغا و ناڕەسەنی و شەهوەتی براکوژاندا نابیسترێت، ئەم هێزانه بێتوانان له ڕووناککردنەوەی نیشتمان، چونکه کوێرەکان شاریان گرتووه، لەبەرئەوه گێڕانەوه و دەستبردن بۆ برین تاکه هیوایه لەم تاریکییەدا.

[1] ـ ئاماژەیه به زەردەشت له کتێبی "وەهای گوت زەردەشت"ی نیچه، که بانگەوازی مەرگی خودا دەکات.[نیچه، ٢٠٠١]

هەرچی دوانەی خود و بابەتە، تێهەڵکێشی ڕێگر و یاریدەدەرن، چونکە خودە کردەنوێنەکان لەنێو هاوئەزموونییەکدان، کە خۆی لە قوربانی و بەدەستنەهێنان و مردنو شکستدا دەبینێتەوە. خوسرەوی، خەزاڵ، ئاگا و سان نوێنەری ئەو چوار خودە کردەنوێن و یاریدەدەرەن، کە بە هزرین و ئاوازی تەمبوور، ڕۆحی خودا و خۆشەویستی دەیانەوێت شار لە شەڕ دووربخەنەوە، بەڵام شەڕ لەناو کاسەی سەری شاردایە، هاواری سەرۆک لە ئاوازی نیشتمان بەرز و پیرۆزترە، لەبەرئەوە تەمبوور بە هەڵواسراوی چاوەڕێی دەستێکە بیژەنێت، شەڕ دەستەکەی بڕیوە، کاتێکیش دەست هەیە، تەمبوور سووتاوە. خوسرەوی، خۆشەویستی خەزاڵ و هەڵگرەوەی سانە، ئاگا کوڕی خەزاڵ و هاوڕێی سانە، سانیش تەجەلی ڕۆحی خوداو کابوس و شێتیی ئاگایە"سان تەنها خەیاڵەکانی نێو سەری خوسرەو و هێدمەگرتن و جنۆکە و کابووسی نێو شێتگیربوونەکانی ئاگان...سان دوایین جامەپۆشی1 بوو، کەس درکی نەکرد و کوژرا...چیتر ڕۆحی خوداوەند لەم مەملەکەتە تەجەلی نابێتەوە...دەبێ چاوەڕێی دونیایەکی دیکە بکەین...دونیایەک بەبێ ڕۆحی خودا"[٢٦٣]. خوسرەوی، کە خۆی پێشمەرگە و بەشداری شەڕە، هاوکات هێڵێکی یاریدەدەریشە، کە دەستی لەنێوان چەک و تەمبوور، شەڕ و ئاشتی، حزب و نیشتمان، خۆڕزگاری و وێرانەخاکدا کەرتبووە، خەزاڵیش، کە ڕەمزی خۆشەویستییە، لەنێوان دەستی سورکێو و خوسرەوی، چاوبڕینی هەردوو حزب لە جەستە و کەلتووری خاوەندارێتیی، ڕۆحی خۆشەویستی دەکوژن.

ئاگا کوڕی سورکێو سیاخانە، سورکێو هێندەی باوکایەتی بۆ حزب، دەسەڵات و سەرۆک دەکات بۆ ئاگای ناکات. ئاگا نەوەی شەڕی براکوژیی و گەندەڵی حزبەکانە، لەبەرئەوە وەک نەوەیەکی پاکی پیسکراو، بەردەوام هەست بە بەفر و سەرمای جەنگ و سپیبوونی شار دەکات، هەمووان وادەزانن شێتە، تەنیا ئەوانەی ڕۆح و ئاگاییان نەمردووە(وەک سان، خەزاڵ، خوسرەو) دەزانن ئاگا شێت نییە. بەفر و ڕەقبوونەوە لەنێوان دنیای بوونی و دەرەوەدا ئاوێزان بووە و ئەوانەی گیرۆدەی گەرمی شەڕ و براکوژین، هەست بە ڕەقبوونەوەی شار ناکەن و وادەبینن ئاگا شێتە، بەڵام شێت و ڕێگرەکان، حزب، سەرکردە و باوک و چەکهەڵگرە کوردەکانن، ئەوەی خەریکە دەیبەستێت، هەست و بوونی براکوژ و خیانەتکار و شار وێرانکەرانن."لەبەر ئەم هەستکردنەم بە بارینی بەردەوامی بەفرە پێم دەڵێن: "تۆ

---

[1] ـ دەرکەوتنی ڕۆحی خودا لە جەستەی مرۆڤ لەناو ئایینی یارساندا پێیدەوترێت جامەپۆشی. لەم ئایینەدا خودا تەنها لە ئاسمان نییە، دادەبەزێتە سەر زەویی و لە قاڵبی مرۆڤێکدا دەردەکەوێت، بەمە دەوترێت تەجەلی-دەرکەوتن، کە بەخششێکی ئیلاهییە، پەیوەستە بەوەی، کە ئەو جەستەیە ڕۆحی چ کەسێکی پێشخۆی بۆ گوستراوەتەوە.[عەبدول، ١٧٠]، ئەم دنیایە، کە بێڕۆحی خودایە، ڕووناکیی و چاکەی تێدانییە، خراپە هەڵیدەسوڕێنێت، هەروەک لە دۆناودۆنیشدا، ئەم دۆنەی کورد بێ ڕۆحی خودا، دەکرێت بە غەریزە و جەستەخوازیی و خراپە ناوی ببەین، کە ئاگاو ڕۆح و جوانی ئاوا دەبن.

نەخۆشیت! سیل و دەردەداری! یان دەڵێن کە من شێتم""[١٢]. باوکی بەردەوام لێی دەدا لەوەی"سەرم پڕە لە دەنگی گوللە و هەست بە سەرما دەکەم و بەفر دەبینم".[١٩-٢٠] شەڕ هەر لەسەری مندایە، قوربانی ئێمەی منداڵین، "هەموویان وەک لولەی تفەنگەکانیان گەرم بوون...هەر جارە و یەکێکیان دێت و دەست بەسەر ئەم شارەدا دەگرێت و هەلهەلە دەکێشن و شایی و لۆغان دەگێڕن"[٢٠]، کاتێک شەڕ پیرۆز دەکرێت، ئاگایی و جوانی و موسیک بێدەنگدەکرێن، "لەم شارە شەڕ سرووتێکی پیرۆزە...ئەوکاتانەی شەڕ نابێ... ژنەکانیان دەکوژن. منداڵەکانیان بەدەم پاککردنەوەی تفەنگەکانیانەوە دەکوژن. دار دەبڕنەوە، نیشانە لە باڵندەکان دەگرن"[٢١-٢٠].

پیرۆزی تەمبورر ناتوانێت پیرۆزی شەڕ بوەستێنێت، خودا و جوانی و ئاگایی لەم شارە دەکوژرێت و ڕاودەنرێت. ئاگا و مناڵەکان میراتی و قوربانی ئەو شەڕەن، کە باوان و سەرۆکەکان خۆشیان کردووە، شەڕ بووەتە بەشێک لە بوون و هۆشیان، بیر لە کوشتن و تۆڵە دەکەنەوە،"هەموو حزب دەزانێت ئێوە بەنیازن یەک بە یەک ئەندامانی حزب بکوژن و ناوتان لێناون(سەگ!)"[١٦٤]، بەڵام بەئاگاترن لەوەی بەرلەوەی دنیابگۆڕن، پێویستە ڕووبەڕووی جەنگی نێو سەری خۆیان ببنەوە، "هەمووما‌ن قوربانیی جەنگی نێو سەری خۆمانین. ئێمە کوشتەی ئەو سەرمایەین کە هەستی پێدەکەین".[٣٤] سەرما و بەفری شەڕ، جۆرێکە لە سروشتیبوونەوەی توندوتیژی، کە باوان(حزب و دەسەڵات) دەیبارێنن و ئاگا و نەوەی نوێ لەنێو خۆپارێزی و نوقمبوونیدان.

سورکێوی باوک، کە نەخۆشیی دەسەڵات و پێگەیە، کۆیلەی حزب و تۆڵەیە، خیانەت لە خۆی، نیشتمان، ژن و هاوخەباتانی دەکات، بۆ ئەوەی حزب و سەرۆک لێی ڕازی بن و پۆستی پێبدەن. خەزاڵ، کە خۆشەویستی خوسرەوە، سورکێو بەناوی بەرژەوەندی شۆڕش و نیشتمان، داگیری دەکات و دواتریش دەیبەخشێتە سەرکەوتی سۆلە[1] تا پلەی حزبی بەرزبکاتەوە. "من کۆیلەی حیزبم...سەگی بەردەرگای ئێوەم...دەزانم ئەو خەونەمت بەستۆتەوە بەناوگەڵت...پیاوبوونی خۆمم شکاند و هەڵپەم بوو خەزاڵ ڕازی بێت بێتە باوەشت[2]"[١٣٤]. خەزاڵ دایکی ئاگا و ژنی سورکێو، خۆشەویستی خوسرەو دەڵێت: "هەموویان حیزەپیاون، توولەسەگن و بەدوای بۆنی نێوگەڵم

---

[1] ـ فرەناوی و ناوگۆڕین دیاردەیەکە لەناو ڕۆمانی کوردی ئەم قۆناغەدا بەتایبەت ئەو ڕۆمانانەی باسی شۆڕشی کوردی و ئەزموونی دەسەڵاتی کوردی دەکەن، بەرچاوە.(لە زۆرێک لە ڕۆمانەکانی بەختیار عەلی، سپیکردنەوەی خوێن، ماچی یەکەم، دێوبەهمەن، لەودیوشەپۆلی ڕەشەباکانەوە..دەیبینین)، لەم ڕۆمانەشدا دەبینین، کە: "سەرکەوتی سۆلۆ، ناوی ڕاستەقینەی سەرکەوت عەبدولغەفارە و خۆی حەز دەکات بە سەرۆ بانگی بکەن[چۆمانی: ٨٢].

[2] ـ بەخشینی خەزاڵ سەیرکردنی ئافرەتە وەک کەلوپەل، سورکێو خەزاڵی خۆشناوێت و ئارەزووی کردووە، لەبەرئەوە بەفێڵ لە هاوخەباتەکەی بردووە. ئێستاش بۆ بەهای پۆست و پلەی حیزبی دەیبەخشێت. سەیرکردنی ئافرەت وەک کاڵا و قورمارکردن لەسەری لەم قۆناغەدا ئامادەیی هەیە.

کەوتوون...هەرجارەو ڕەنگێک دوام دەکەویَ. هەر مانگە و حیزبێک دێتە ئەم شارەو سۆراخی نێوگەڵم دەکات"1[١٧٦]، ئارەزووی سێکس و خوێن، بەشێکە لە کەلتووری سیاسیی حزبەکان. سەرۆک و حزب بەناو ڕەوتێکی پیرۆز و مەستیدا سەرقاڵی بەخشینەوەی شەرابی کینە و شەڕن. ویستی پێگە و دەسەڵات و تۆڵە لەلایەن هەردوو حزبەوە دەوری شار دەدەن و شار دەکەنە مەیخانە و کۆڕی هاوەڵان، تا سروتی وێرانخوازی و سەرگەردانی و کوشتن بچرن. عەیار، بە ئەندامانی حزب دەڵێت: "لەمڕۆوە شەڕێکی خوێناوی لەسەرتاسەری کوردستان هەڵدەگیرسێنین...هەڤاڵان ئەمە پرسی ژیان و مردنە، ژیان و مردنێکی تاهەتایی حیزب. بەیاننامەی سەرۆک و حیزب و بەیاننامە هاوبەشەکان هیچیان نەکرد. بەغەیری بەیاننامەکەی سەرۆک تف لە هەموو نووسراوێک. گوی سەگ بەناڕەزایی و قەڵەم...دەبێ نەیارانی ئێمە و لایەنگرانی ئەوان بەترس چاوشکێن بکرێن...ژنەکانیان ببەن. سوکایەتی بە پیرۆزییەکانیان بکەن. هەر سبەی بارەگاکانیان بگرن و سیمبولەکانیان بسڕنەوە..گویان پێدا بکەن. ماڵە بەجێماوەکانیان تالان بکەن. فەرهوودیان بکەن و حەڵاڵتان بێت."[١٩٧] ئەم گوتارە، بەشێکە لە گەندەڵکردنی زمان و کەلتوور، کە حزبایەتی و شەڕی ناوخۆ بونیادیناوە و بەشێوەی ڕەگئاژۆ لەناو بیر و تێگەیشتندا ڕەگی داکوتاوە و ڕێگر و بکوژی هێزە ڕزگارکەرەکانن. زمانی هەڵچوون، تۆڵە و دەرونبیمارێکە، کە ڕق و نەفرەت وزەی داوتێ و مەستی کردووە.

پیرۆزی سەرۆک و حزب بەشێکە لە هاوتێگەیشتنی شۆڕشگێڕە مەستەکان، کە سورکێو نوێنەرایەتی دەکات. میرخان عەیار، ڕابەرە و ماڵی حزبیش مەیخانەیە، کە لە دیدی سورکێودا پەیامبەر و ڕزگارکەرێکە، "عەیار پەیامبەرێکی درەنگکەوتەیە و خودا لەبەرگی زاهیدێکی خومار و فریادڕەسێکی سوراحیبەدەست بە فریای شاری ناردووە"[٢٧]، پیرۆزکردنی سەرۆک و حزب بەشێکە لە فەرهەنگی کۆمەڵی دواکەوتوو و گەندەڵ و نائازاد. ئاگا دەڵێت: "کاتێک باسی عەیاریان دەکرد وەک ئەوەی باسی ئەفسانەیەک بکەن...کەم کەم وێنەی ئەو ئەفسانەیە لەبارەگا و ماڵەکان دەردەکەوتن. وەک تاقی پەرستگاکان دەبوو هەر ماڵێک وێنەیەکی وای تێدا هەبێت"[٢٧]. ئەم پیرۆزی و بەپەیامبەرکردن سەرۆک دەکرێت بەرامبەر بێتەوە لەگەڵ پیری ئاشتی ئایینی یارسان، سەرۆکی حزبی هی جەنگ و خوێن، هی یارسانەکان ئاشتی و پێکەوەژیان. ئاگا لە بۆچوونە نەخۆشەکانی باوکی و ڕۆحی بەفرینی سەرۆک تێدەگات و دەترسێت، قیژە دەکات و نابیسترێت، بانگی ویژدان و ئاگاییان دەکات و گوێیان لێی نییە، "ڕەزمێک لە دەنگی باوکمدا هەبوو. بڕوام وابوو ئەم بۆچوون و

---

[1] ـ ئەم شێوە زمان و ئازادی قسەکردنەی ئافرەت لەم قۆناغەدا بەربڵاوە، کە چەند دەرکەوتنی هەیە، لێرەدا ئەرێنی و دانپێدانراو، هەندێکیش گوزارشت لە کراوەیی یاخود بەرەڵایی دەکات، ئەو ئافرەتانە واکراوە قسەدەکەن، کە دەڵاڵی بۆ بەرپرسان دەکەن.

تێگەیشتنانەن مەستیان کردووە. نەک شەرابی نێو کوپە دارینەکەی دەستی...بە ئەزیەتەوە دەمتوانی عەیار لە بەفری باریو1 جودا بکەمەوە"[٣٠-٣١].

کاتێک پیرۆزیی و ڕۆحی شەختەبووی سەرۆک بەسەر شاردا دادەکات، ئاگا و منالآن ڕەق دەبنەوە، حزبیش بەهۆی شەڕ و سێکس، بوختان، ئابڕووبەری، مەستی و پیرۆزشکێنی خۆیان گەرم دەکەنەوە، بەلآم ئاگایی ئاگا و ڕۆحی موسیک، کە گوزارشتە لە تەمبووری سۆفیگەری کوردیی، ناتوانن فریای شار و نیشتمان و داهاتوو بکەون، "نیازیان وایە هەموو شتێک لە کەدار بکەن، نیشتمان و داهاتوومان"[٣٧]، نیگەرانیی ئاگا لە نەوەی ئێستایە، کە دەبنە سووتووی ئەو شەڕە، خۆشی دەگاتە لێواری خزان و دەگەڕێتەوە، "دەیانەوێ ئەم نەوەیەی ئێمەش لاقە بکەن و چاوشکاویان بکەن...خەلّکی شار وا دەزانن ئەوان خەریکی گوناهێکن و مەی دەنۆشن...ئەو کارەساتەی بەڕێوەیە، زۆر لە گوناه گەورەترە"[٣٧]. ئەو کارەساتە کوشتنی، شار و بیرکردنەوە و جوانییە، ڕاونانی ڕۆحی کورد و خودایە. "چیتر ڕۆحی خودا تەجەلی نابێتەوە"[٢٣٩]، خوسرەو دەیویست بابەتەکەی "تەمبوور و سان" ڕزگاربکات، بەلآم خۆشی بۆ ڕزگارنەکراو هەلّهات. ئەمەش شکانی خودە بەرامبەر ڕێگر و نەیاران، کە جگەلە شەڕ و براکوژی، سەرۆک، حزب، گەندەلّکار و ئافرەتباز و مەینۆشان چیتر نین.

بیرکردنەوەی باوان و حزبی کوردیی بۆ تاکی ئازاد تەنگە، بەلآم دەسەلآتی سەپێنەر بە چەک و کوشتن و خوێن فەرهەنگ و زمانەکەمان پڕ دەکەن، هاوکات واقیعی فەرهەنگی کورد هەنوکە پڕە لە ستەمی بەعس، لەبەرئەوە وێنەی دەسەلآتی کوردی نواندنەوەی هەمان وێنەی ڕژێمی بەعسە، "خەریکی تۆخکردنەوەی وێنە ڕاونراوەکەن! وێنەی دوژمنەکەی عەرعەر"2[٣٧]، ڕاونان و دەستپێوەگرتنی توندوتیژیی و گەندەلّی بەشێکە لە نۆستالژی دەسەلآتی کوردی بۆ ڕابردوو و هەرمانکردنی. بۆ نیشاندانی دیمەنی گەندەلّکردنی بەها نوێیەکان باشترە گوێ لە سەرکەوت بگرینەوە، کاتێک باسی هەلّبژاردن دەکات، "هەلّبژاردن نزیک بووەتەوە. ئەگەرچی پێشنیازی ئەوە کراوە کە ئێمە لەگەلّ حیزبەکەی دی بە "لیستی هاوبەش" بچینە نێو هەلّبژاردنەوە! هاهاهاها، دەزانم ئەم پێشنیازە

---

[1] ـ لەنیشانەناسیدا سارد، کۆمەلّێک واتای هەیە، لە نیگای سارد، بۆ بچوکبینی، ڕەقی و توندی، تا پەیوەندی ساردوسڕو بێباکی و نەگۆڕان. ساردی لەم ڕۆمانە بۆ حیزب بەکارهاتووە، بیرخەرەوەی ساردیە لە ئێوارەی پەروانە، کە بۆ دین و دەزگای دینی بەکارهاتووە.

[2] ـ لە ڕۆمانی لەودیو شەپۆلی ڕەشەباکانەوە، کە کەلتوور و جیهانبینی دوانەی چیایی و بیابانی دەخاتەڕوو، ئاماژە بە لەخۆدەرچوون و هەلّگەڕانەوە لە دەمی شەڕی براکان دەکات، کە ڕۆح و کەلتووری چیایی فرەڕەنگییە و لەبیر دەکرێت و کەلتووری بەعس و تاکڕەنگی لەلایەن شۆڕشگێڕانەوە پەیڕەو دەکرێت."شۆڕشگێڕەکانی دوێنێ ڕازی نین چیاییەکان ڕەنگاوڕەنگ بن"[٣٣٤]. هاوکات خۆنەناسینی کوردیش بە هۆکارێکی ئەنفال دەزانێت.

ئاماژەیەکی ڕوونی دۆڕانە. نابێ بکەوینە نێو ئەو تەڵەیەوە..دۆستان، ئێمە هەموومان دەوێ...دەبێ بە زوویی لیستی ناوی دەنگدەران ئامادەبکەین. هەر خێزانێکی ئەندامیش لە حیزبەکەمان بێجگەلە ناوی ئەندامانیماڵەوەیان، ناسنامەی مردووەکانیش بهێنن...دەمانەوێ مردووەکانیش تەشریف بێننە سەر کەرنەڤاڵی هەڵبژاردنی ڕابەر"[٩٦]، گەندەڵکردنی هەڵبژارن، دیموکراسی، ئازادی و ئەگەری گۆڕان سیمایەکی نوێی کردەی دەسەڵاتی کوردییە، کە لە پاش ڕووخانی سەدامەوە درێژدەبێتەوە ناو کەلتوور و ڕەفتاری کۆمەڵی کوردی و چیتر تەنیا دەزگا و دەسەڵات گەندەڵ نییە، بەڵکو کۆمەڵگە گەندەڵ دەبێت و دەکرێت.

## ٢- زوهدی حزبی و عیرفانی کوردی

زڕەعیرفانی و ئاینی یارسان

چەند دوانەیەک لەم ڕۆمانەدا وەک هێزی ڕزگارکەر و ڕێگر، دژ و ناکۆک و تێهەڵکێش ئامادەییان هەیە. مانا و هێز و ئاڕاستەی هەندێکیان ڕوونە، بەڵام دەرکەوتن و کارابوونیان ناڕوون و دیالێکتیک و لەخۆگرە؛ ڕەش و سپی هەرچەند دژن، بەڵام یەکن، مەستیی و ئاگایی، ڕزگاریی و ڕووخان، من و ئەویتر بەرامبەر و یەکین؛ من ئەویتر و ئەویتر منە. لێرەدا ئەوەی مەبەستمە سەرنجی بخەمەسەر، دوانەیەکی هاوڕواڵەتی ناوەڕۆک جیاوازە. ڕۆحی شەڕخوازیی حزب، میر و سەرۆکپەرستیی و تاکڕەوییە، کە شەڕ وەک شێوە حاڵلێهاتن و سروتێکی پیرۆز و نەشئەبەخش وێنا دەکات، کە دەفژەنی و تەهلیلە هاوشانە بە خۆونکردن و تەقەکردنی کوێرانە، لەبەرامبەردا گەڕانەوە بۆ ڕیشە و خۆناسی و موسیک و سۆفیگەریی یارسانە، کە ئەویان بەرەو تاریکی، کوێریی و گەندەڵی، ئەمیش بەرەو خۆناسی، پاکی، چاکی، ڕاستی، ئاشتیی و جوانیمان دەبات.

لە دیدی ڕۆماننووسەوە خۆنەبوون و ونبوون بەشێکە لە کەلتووری سیاسیی ئەم ناوچەیە و سروتێکی پیرۆزی حزب و دەسەڵاتی کوردییە، کە دێرینە و تێهەڵکێشی سەردەم و دنیای میرەکانە و کلاسیک و ڕۆحیگەرییە.[1] ئەشکەوت و چیاکان جێگەی خەڵوەت و حاڵی خەباتن، ماڵی حزب لە

---

[1] ـ لە ڕۆمانی مردن بەپێی گێڕانەوەی سۆفییە، گوتاری ڕۆماننووس جەختکردنە لەسەر گەندەڵبوونی شار، مرۆڤ، بەها، خەون و نووسینەکانی، ئەوەش بەهۆی خۆنەبوون، لەبیرکردنی ڕۆح و شۆڕشگێڕانەوە. ڕەسولی بچوکی شارێک شێتیی دەکات، کە ڕێزی جوانی، نەمری، هونەر و داهێنان و ڕۆح ناگرن، شارێک کە کتێب سوتێن، مرۆڤ و ژیان کوژن."ئەم خاکەی ئێوە ئیستا پڕبووە لەجەستەی بێ ڕۆح، بۆیە بەردەوام خەڵکی لێرە گوناە و رق و تووڕەیی و ناشیرینی بەم سەر زەویەدا بڵاودەکەنەوە. ئێستا زۆرن ئەو کەسانەی کە لەم زەویەدا ڕۆحی خۆیان ونکردووەو وەک گیاندارێکی دڕندە دەژین"[نوری، ٢٠٠٩: ٢٢١]. "شارەکەت لەسەر دەستی ئەو جەنگاوەرە دێرینانەی کە هەمیشە

شار دەکرێتە "خەراباتی سوور"ە و "شەرابەخشی"ش ویستی شەڕخوازیی و کینەبەخشی سەرۆکە. دەنگی چەک، دەف و حاڵ و بژی بژی زیندووڕاگرتنی کۆنەستی کوردە بۆ خۆنەبوون و سەرۆک و حزبپەرستی. بەرلەوەی وردتر باسی ئەم دوانەیە بکەم، باش دەبێت لە ڕێگەی دەنگی خوسرەو چەند دوانەیەکی ئەو سەردەمەی خۆی تیاژیاوە بخەمەڕوو، کە نیشاندەری نزیکی دوانە بەرامبەرییەکانن، "باشترینی سەردەمەکان بوو، خراپترینیش. زەمانی ژیری بوو، زەمانی کەرێتی بوو. چاخی ئیمان بوو، چاخی گومان. وەرز وەرزی نووری دەروون بوو، وەرزی تاریکی دەروون. بەهاری ئومێد بوو، زستانی نائومێدی بوو. ئێمە پێش خۆمان هەموو شتێکمان هەبوو، پێش خۆمان هیچ شتێکمان نەبوو. ئێمە هەموومان ڕاستەڕاست دەچووینە جەننەت، هەموومان ڕاستەڕاست دەچووینە جەهەننەم...زەمانی ئەوسا هەتا ئێستاش وەک زەمانی ئێستایە، بەجۆرێ هەندێ لە قاووقیژترین دەسەڵات و دامودەزگاکان سوورن لەسەر ئەوەی قبوڵ بکرێن، بە چاکە و خراپیانەوە..."[١٩٤]. وێڕای ئەمانە، ئاگایی و مەستی، تەمبوور و چەک، خۆشەویستی و خیانەت، سەرگەردانی و خۆدۆزینەوە، خۆکوژی و ئەویترکوژی، گەندەڵی و پاکێتیی...چەند دوانەیەکی تری کارای ناو ڕۆمانەکەن، کە لە ڕێگەی کردەنوێنەکانەوە دەرکەوتن، هەندێکیش لەمانە تێهەڵکێش دەکەین.

بەرلە ڕاپەڕین خوسرەو و سورکێو، لەگەڵ سێ پێشمەرگەی تر، چاودێری قافڵەی ئەو سەربازە گەڕاوانەی سەر سنووری ئێران و عێراق دەکەن. سورکێو سەرکردایەتی ئەم ئەرکەی لەسەرە و کاتی خۆی خوسرەوی هێناوەتە ناو ڕیزی پێشمەرگەوەو وەک کوڕی خۆی سەیری دەکات. پێشمەرگەکان جوڵەیەک لەناو پەرێزی گەنمەکاندا هەستپێدەکەن، وادەزانن تەڵەیە، بەڵام کاتێک نزیکدەبنەوە، پیاوێکی کڵاوسپی دەبینن، کە تەمبوورێکی بەدەستەوەیە و وادەزانن چەکە، "یاران هیچ چەکێکم پێ نییە تا دایبنێم. جوان سەیری بکەن کوڕگەل. ئەمە تەمبوورە بەدەستمەوە"[٦٠]. چیرۆکی ئەم تەمبوورە هێڵێکی نوێی گێڕانەوە و گوتار لە ڕۆمانەکەدا دەکاتەوە، چارەنووسی ژیانی خوسرەو دەگۆڕێت، "ئەوە یەکەم سات بوو لە ژیانمدا شتێکی دیکەم لە چەکەکەی دەستم خۆشتر بوێت"[٦٢]. تەمبوورژەنی پیری یارسان پەیامێکی یەزدانییە بۆ ئەم پارچەیەی کوردستان، کە ڕێگری شەڕ و پەیامی ئاشتییە."من یارسانم، لەدویو سنوورەوە، لەسەرزەمین و چیاپیرۆزەکان...لەداڵاهۆ1وە

---

بە درۆ بەشوێن ڕووناکیدا دەگەڕان، خەریکە کۆتایی دێت، ئەمە خراپترین وێرانبوونە کە شارەکان لەسەر دەستی جەنگاوەکانی خۆیدا وێرانبێت"[١٥٣]. هاوکات ڕۆمانی شەیتاری[پەری، ٢٠٠٧]، هزرییانە هەمان گوتاری خۆنەبوون و لەبیرکردنی خود و جوانی لەناو گوتار و خەونەکانی حیزب و شۆڕش و دەسەڵاتدا دەگێڕێتەوە، کە حیزب، سەرۆک و مامۆستاکانی شۆڕشی خەون و جوانی، لە کۆتاییدا دەبنە دز و پیاوکوژ(قوسامەدین بەنمونە).

[1] ـ مەڵبەندی یارسانەکانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و گۆڕی بابایادگار لەوێیە، لەبەرئەوە شوێنێکی پیرۆزە.[عەبدول، ١٢٣]

له کانگای تەجەلی ڕۆحی پیرۆزەوە هاتووم...بەئومێدی یاوەری ٧٢ باباوە بەڕێ کەوتم، بەڵکە تەمبوورەکەم بتوانێ کەمێک ئاگری ئەو شەڕە خامۆش بکات"[٦٣]، سورکێو لێی دەپرسێت مێش ناتوانێت لەسەر سنوور ئەمبەرو ئەوبەربکات، چۆن توانیت بگەیتە ئێرە. تەمبوورژەن چیرۆکی ناردنی تەمبوور دەگێڕێتەوە، کە کاتێک دنیا ئاگربووە، لە خودا پاڕاونەتەوە و خودا تەمبووری بۆ ناردوون و بەنەواکەی دنیا ژیاوەتەوە، ئێستاش بەم تەمبووری خوداییەوە، دەستێکی یەزدانی باڵی پێگرتووە تا لە سەدان بازگە و مین بپیارێزێت و پەیامەکەی بگەیەنێت، "بەڵکە بتوانم ڕێگە لە هەڵگیرسانی شەڕێکی تر بگرم. من هەموو ڕۆژێک لە توشامییەوە لە سەر دوندی کێوە پیرۆزەکانی ئەوێ بۆ ئاسۆی دوورم دەڕوانی...ئەم سەرزەمینە بوو کە ئەوەتا خەونێک تێیدا چەکەرە دەکات...لە هەرچوار چراکە، یەکێک لە چراکانی تێدا هەڵکرا. من لەوێوە گڕی ئەو نوورەی ئومێد و ژیانەوەم بینی. بەڵام یارانی من، نابێ ئەوەش بشارمەوە گێژەنی کینە و شەڕ و خوێنڕێژیشم بەدی کرد...هاتووم تا دیسان ئەم سەرزەمین و مەملەکەتە نەبێتە ئاگر و دونیامان گڕ نەگرێت"[٦٥].

تەمبوورژەن یان پەیامبەری کورد هاتووە تا ڕێگە لە شەڕ و براکوژیی و تاریکیی بگرێت، لە کوژانەوەی چرایەکە ئاگادارمان بکات. لەبەرامبەردا عەیار هەرکات بیویستایە ئەندامانی حزب بانگهێشتی کۆبوونەوە بکات، چرای دەکوژاندەوە، "چراکەی دەستی عەیار کوژایەوە. ئاماژەی ئێمە بۆ کۆبوونەوە لەبارەگای حیزب کوژانەوەی چرایە"[٧١]. سورکێو داوا لە پیر دەکات تەمبووریان بۆ بژەنێت، لە سیحری نەوای تەمبوور مەست دەبن،"بێ ئەوەی هەست بە خۆمان بکەین، کەوتینە بەزمی چەپڵەیەکی هێمن و یەکنەوا...خرۆشانێکی ناشنا و تازە...دەتگوت لەگەڵ ئاوازی تەمبوورەکە دەگەڕێینەوە بۆ لای ئاوازێکی ئاشنا...ئاوازێک لەزووەوە فەرامۆشمان کردووە"[٦٧] لەم کاتەدا دەستڕێژیان بەسەردا دەکەن، تەمبوورژەن و سیان لە پێشمەرگەکان دەپێکرێن. خوسرەو لەنێوان هەڵبژاردنی چەک و تەمبووردا، بە دەمەوەچوونی تەمبوورژەن و خودی تەمبوور، خەزاڵ و تەمبوور، تەمبوور هەڵدەبژێرێت و چارەنووسی خۆی و حیکایەتەکەش دەگۆڕێت.1 تەمبوور نیشتمانی ڕاستەقینە و ڕۆحدوێن و خودهۆشیارییە، پێویستی ڕووناکی ئایندەی ئەم پارچەیە، بەڵام هێزی خودا و عیرفان و تەمبوور، ئایا بەشی ئەو گیانە شەڕەنگێز و خوێنخوازیەی حزب و سەرۆک و دەسەڵاتی کوردی دەکەن؟

---

[1] ـ لە ڕۆمانی ژنێک بەسەر منارەوە[حەسەن، ٢٠١١]، منارە ڕەمزی نیشتمانپارێزی-پاکی، عەشق و سۆفیگەرییە، باڵەخانەش نیشانەی گەندەڵی، کوشتن و ناشیرنی سەردەمی نوێیە. شادی لەبری خۆشەویستی پیاوەکان، منارە هەڵدەبژێرێت و دەیکاتە خەباتی مانەوە، بەرەنگاری و نیشتمانپارێزی لەناو دۆزەخی نیشتمانکوژی و ژنکوژیدا. لەم ڕۆمانەشدا تەمبوور بۆ خوسرەو ئەو ڕۆڵە دەبینێت، بەڵام لە قیژەدا هونەریتر ئەوە ئەنجامدراوە..

چیرۆکی ڕزگارکردنی تەمبوور، گۆڕانی کەسێتیی، دەرون، بیرکردنەوە و کوشتنی گیانی کۆنی خوسرەو و دروستکردنی خوسرەوێکی نوێیە، ئەمەش بەهێزی سۆفیگەری یارسان و فێربوونی تەمبوور و ٧٢ کەلامەوە پەیوەستە. خوسرەو سەرەتا بە پاکبوونەوە و پەشیمانبوونەوە و قێزکردنەوە لە جەستە و بوونە شەڕەنگێزەکەی دەستپێدەکات و دواتریش لای یاروەیس خەڵوەت دەکێشێت و فێری تەمبوور دەبێت، "دەستێک پاڵم پێوە دەنێت بۆ پاکبوونەوە...قێزم لەو ژینە دەکردەوە کە ژیابووم. لەو ڕۆژانەی کە بەوپەڕی خرۆشان و دڵگەرمییەوە دروشمەکانی حیزبم دەگوتنەوە. ئەوکاتانەی بەشداردەبووم لە کوشتنی نەیارانی نێو حیزب...ڕقم لە خۆم بوو".[١١٢-١١٣] خوسرەو دەبێت خۆبکوژێت و خوسرەوێکی نویَ لەدایکبێت، ئەو بوونە خوێناوییە دابماڵێت و بێز لە گیان، باوەشی سارد و دەرونی تاریکی شۆڕش بکاتەوە، "دوای قەیریَ سەراپام پاک بووەوە لە خوێناو"[١١٦]. دواتریش لە توشامی و دالاهۆ، لای یاروەیس دەچێتە خەڵوەت و دەبێتە تەمبوورژەن و هەر ٧٢ کەلامەکە فێردەبێت و دەیژەنێت،"چل ڕۆژ بوون...وەک چل ڕۆژی خەڵوەتێک. ئەو ڕۆژانە وەک تەوافێک بەهەموو ناوچەکانی دەوروبەری کێوی دالاهۆدا گەڕام...لەو ماوەیەدا تەمبوورەکەم نەوای هەر ٧٢ ئاوازی بەدەم سەماکردنی پەنجەکانم لیَ بەرز دەبووەوە. بەدەم ڕاژەندنی تەمبوور...گوێم لە دەنگێک دەبوو دووراودوور بانگی دەکردم. نەمدەزانی بۆچی ئەم سەر زەمینە کوانووی قیژەی نیشتمانی منە"[٢٣٢]. دالاهۆ نیشتمانی یەکەمی ڕۆحی کوردە، هەر ناڵە و برین و تاریکیی و ڕووناکییەک لە پارچەکانی ترەوە دەرکەوێت، لەویَ دەبینرێت. خوسرەو لەویَ، ئێرە درک دەکات، لێرەش بۆ ئەویَ هەڵدێت. تەمبوور نیشتمانی ڕاستەقینەیە، شۆڕش و حزب دیوە ساختەکەن، لەبەرئەوە لە شۆڕش هەڵدێت.

ڕاکردن لە هەرای شۆڕش گەڕانەوەیە بۆ خۆی و ڕێزی تەنیایی و خەڵوەت و خۆبوون دەگرێت، "تەنیاییم لە ساردیی ئەم جەنجاڵییە دەربهێنم. ئولفەت بە خۆم بگرمەوە. خۆپەرستانە وابزانم هەبوونم بەسە بۆ هەبوونی هەموو شتێک"[١١٩]. خوسرەو ئەم جیهانەی عیرفانی کوردی و ئاگایی ئاگا بەیەکەوە گرێدەدات و وەک سەرچاوەی ڕزگاری دەیبینێت. پێیوایە ئاگا و نەوەی نویَ دەتوانن لە نەوای ئاگایی و موسیکەوە لە ئێستا و ئێرەی خوێناوی دەرچن و ئایندەیەکی چاکتر بژین، ئەمەش بە گەڕانەوە بۆ خودی خۆیان دەبێت، "ئاگا..تۆ ئاگای...ئاگایی..هۆشیاریت و لە ئێمە باشتر درک بەم سەردەم و دونیایە دەکەیت...لە ئێستاوە بەبیَ ئەوەی بیر لە خوێن بکەنەوە، ڕێگەی ئاگایی نێو سەری خۆتان بگرنە بەر"[١٧٢-١٧٣]، لەبەرئەوە ئاگا لای خوسرەو شێت نییە و زانایە، "هەمیشە وەک باڵۆڵی زانا، باڵۆڵی دامەزرێنەری ئایینی یارسانی دەیبینم"[٧٢].

خوسرەوی پاش فێربوونی تەمبوور و وەرگرتنی مەقام و فێربوونی ٧٢ ئاوازەکە، دەگەڕێتەوە باشوور و لە ڕێگە لەپاڵ کانییەک سان دەدۆزێتەوە. "سان" و "کانی"، ڕەمزی واتای عیرفانی کوردی و هونەرییان هەیە، سان دوایین جامەپۆشی مرۆڤە لەسەر زەوی و بە کوشتنی سان، خوداش لەسەر زەوی ئاوا دەبێت، "ئەگەر لە دوای ئەم هەزارە، سانیش ببێتە قوربانیی ئەم شەڕە، ئیتر ڕۆحی خودا دەچێتەوە نێو سەدەف...ئێمەش بەگوناهەکانمانەوە دەمێنینەوە"[٢٣٩]. کانیش گەڕانەوەیە بۆ پاکبوونەوە، بێگەردی و بوونی ڕۆحی کوردانە، پەیوەیستە بەو خەونەی خوسرەو لەسەر کانییەکە دەیبینێت، کە دەبێت بە خوێناو، لەبری ئەوەی مرواری زیخ و چەوی تێدابدرەوشێتەوە، خوێن بەری دەگرێت. دیوە هونەریی و شیعرییەکەی بیرخەرەوەی گۆرانی شاعیرە، "کانییەکی ڕوونی بەر تریفەی مانگەشەو...لەبنیا بلەرزێ مرواریی زیخ و چەو"، کاتێک جوانیی و پاکی کارا دەبێت، درەوشانەوە و ڕووناکی دەبینین، بەڵام، کە شەڕ چالاک دەبێت، تاریکیی و خوێن بەری چاومان دەگرن. خوسرەو پێیوایە بەدرێژایی مێژووی کورد هەر جامە و ڕۆحێکی یەزدانی تەجەلی دەبن، بڵێسەی ئاگر و کینەیەک لێی دەدا و دەیکاتە زووخاڵ،"نۆسەد و نەوەدونۆ جامەمان پۆشی و هەر سەدەیەک بە دۆنێک هاتینەوە ژیان، هەر دۆنێک هەزار جەفامان چەشت...ئێستا ئێمە لە دەورانی هابیل و قابیلداین...هەموو هونەرێک کە لە سروشت و بوونمانەوە فێری بووین، ناشتنە"[٢٢١]. هۆکاری فێربوونی هونەریی کوشتن، نەک هونەریی ژیان، پەیوەستە بە بەلاڕێداچوونی بوونی ڕەسەن و گومڕا، کە هێزە تاریک و شەڕخوازەکانی ئێستا و ڕابردووی کورد، لە میر و حزبەکانەوە فێربوون فێڵ لە ڕیشە و زادگای خۆیان بکەن، لەبری ئارەزووی ڕووناکی، دوای ویستی توندڕەو و تاریکیی و جەنگ دەکەون. ئەم هێزە عیرفانییەی یارسان و تەمبوور، سەرچاوەی پاکبوونەوە و دروستکردنەوەی مرۆڤێکی نوێیە بۆ خوسرەو، بەڵام خەڵوەتی حزب و گەندەڵی قورستر و سەنگینتر باڵ بەسەر دنیای کوردیدا دەگرن و خوسرەویش باڵبەست دەکەن.

لە دنیای خەڵوەتی دەسەڵاتی کوردیدا مەستی نەک ئاگایی، دەف و نەک تەمبوور، نەست و نەک ڕۆح، بژی بژی، نەک حەی حەی کارایە[٥٢]. کۆڕی شەرابنۆشان، حاڵ بە تۆڵە و خوێن، نەک ئاوی خۆپاککردنەوە دەگرن. گوێیان لە دەفە و نایبیستن، ڕووکار و ڕواڵەتبینن نەک قووڵ و خۆبین، بەدرێژایی مێژوو دەگەڕێن تا توێژ و بابەتی مەبەستی خۆیان ببینن، ڕیشەکانی ناپشکنن و درکی ناکەن. هۆشی پیلاندار و دەرونی شەکەت و ڕۆحی برینداریان ڕێگەگرە لە هێزە ڕاستەقینەکانی خۆناسی و خۆدۆزینەوە. لەپاش ڕاپەڕین و سەرەتای شەڕی ناوخۆ کۆبوونەوەی نهێنی حزبەکان دەستپێدەکات، تا پیلان لە دژی یەکتر دابنێن. لەدیدی سورکێوەوە عەیاری سەرۆک خودا بۆ

ڕزگارکردنی ئەم مەملەکەتە ناردویەتی، "دوای ئەوەی هەموو مرۆڤەکان ئەشکەوتەکان بەجێ دەهێڵن و دەڕژێنە شارەکان، خودا ئەو دەهێڵێتەوە و فەرمانی پێ دەکات ئارام بگرێت و لە ئەشکەوت بمێنێتەوە. تا لە سەردەمێکی تردا شەوێک ببێتە فریادڕەسی ڕۆحی هەزاران مرۆڤ. فەرمانی پێدەکات کە لە ڕەز و باخی مێوەکانی دامێنی ئەشکەوتەوە شەراب بگرێت"[٢٩]، سەرۆک سوراحی شەرابی بەدەستەو لە خەراباتی سوور-بارەگای حزب، دەیداتە ئەندامانی، "ئەو ڕۆژگارە شاری بەفر پڕ بووبوو لەپیاوانی شەرابنۆش، لەپیاوانی بێدەنگ"[٢٧]. لێرەدا تێبینی لێکچوونی ڕواڵەتی تەمبوورژەن و سەرۆک دەکەین، ئەویان بۆ هۆشیاریی و پاراستنی ڕووناکیی چرا، ئەمیان بۆ فەرمان، مەستیی و تاریککردنی دنیا.

سەرۆک و حزب هەرکات بیانەوێت پیلانی کوشتنی ئەندامان دادەنێن. لە کۆڕی شەرابنۆشیدا ٤٦ پیاوی خەراباتی سوور لەناو مەستیدا لەلایەن حزبەوە دەخنکێن، خنکێنەر و خنکێنراو سیاسییە مەستەکانی دنیای کوردین، کە دنیاکەمانیان خراپ و گەندەڵ کردووە. "هەموو ئەو پیاوە شەرابنۆشانەی ئەو شەوە لەوێن، هەموویان دەخنکێن...هەندێکیان لە ئێوارەی بەزمی نۆشینەوە گوێیان لە دەنگی دەف[1] دەبێت، گوێیان لە لەرینەوەی پلپڵەکان دەبێت و بەدەم مەستبوون بە شەراب حاڵ دەیانگرێ. دەنگی دەف سەدای ناڵەیەک لە ڕۆحیان جێ دەکاتەوە کە لە نەستیانەوە دێ. لەو خەونانەوە دێ لە ڕۆژگارە هەرە دێرینەکانەوە بۆیان بەجێ ماون. خەونی باپیرانی سەردەمی میرنشینەکانە. خەونی باوەگەورەی سەردەمی نەهری و بابان و بارزانەکان، کە لەوەتی هەیە دەنگی دەف دەبیستن و ناگەنە پەنهانی ژنەوتن. ئەمانیش ئەو شەوە لە خەراباتی سووردا وەک دەروێشێک تەهیلە دەکەن و پێکڕا"بژی..بژی..بژی..حەی" دەڵێنەوە، زیکرێک کە خۆشیان تێی ناگەن. شەلاڵ دەبن و فەنا دەبن. دەمیان لیک دەکات و بەلادا دێن و دەلەرزن"[٥٢].

لەم دیمەنەدا ئاشکرا، تێکەڵەی سۆفیگەریی و شۆڕش[2]، شەڕ و خوێن دەبینین، کە مێژوویەکی دێرین و دەروونبزوێن و ئاگاییکوژی هەیە. مەقامەکانی سۆفیگەری و مەستیی تا ئاستی فەنا و

---

[1] ـ لە بەشێک لە ڕۆمانەکانی ئەم قۆناغەدا دەنگی دەف، دۆخی حاڵ و تەهلیلە ئامادەیی بەرچاویان لە مەستیی و بێهۆشی هەیە و سەرچاوەی هاندانی گروپ و تاکی تیرۆریستین. لە ڕۆمانی کەوتنی ئاسمانەکان[غەریب، ٢٠١٦] سەرچاوەیە بۆ گروپی تیرۆریستی ئەنسار، لە تەونی بریا[چۆمانی، ٢٠٢١] بۆ دەوڵەتی تیرۆریستی داعش.

[2] - زۆرێک لە سەرکردە سیاسییەکانی کورد شێخ و مەلابوون، لەبەرئەوە دەوری سۆفیگەریی لە شۆڕش و بزوتنەوە سیاسییەکانماندا مێژوویەکی دیاریی هەیە، چەند توێژەری کوردیش بە بەڵگە ئاوڕیان لەم پرسە داوەتەوە، وەک [عەلی، ٢٠١٣] و [مەلاتەها، ٢٠١٨]. وێڕای ئەم ڕۆمانەش، *لەودیو شەپۆلی ڕەشەباکانەوە*، لەگەڵ *غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ* ئەم دید و ڕوانگەیەیان لە گرێچنی گێڕانەوەی جیاوازدا نیشانداوە، یەکەم ئەرێنی و دووەم وەک قیژە ڕەخنەگرانەیە.

خۆکوژی(براکوژی) دێن. هاوکات گەر لە سۆفیگەری پوختدا ئاگایی و ژیان هەبێت، ئەوا لێرەدا لافاوی مەستیی و مردن و خۆکوژیی هەیە. ئاگا دەڵێت: "ئەم شارە پڕە لە ژنەوتنی سەدای هەزاران دەف...کە لە سەردەمە کەڤناراکانەوە درێژ دەبنەوە بۆ ئێستا و چەندین نەوە پێیەوە حاڵیان گرتووە و مەستانە مردوون"[٥٤] هەر لەبەرئەوەیە ئاگا هەست دەکات دەفێک لە سنگی باوکیدایە، دەنگی دەف، هاودەنگی فیشەک و خوێن و هوتاف بۆ حزب، بنەماڵە، سەرۆک و میرە. خوسرەو دەڵێت: "هوتافەکان بۆ هەڵبژاردن، هاواری خەڵک بۆ سەرۆک و سەرکردەکانیان. ئاهەنگ و گۆرانی و سروودەکانیان پڕیەتی لە قیژەیەکی کپ و تەقینەوەیەکی گەورە...لە بارەگای حیزب دادەنیشین و دەنگەکانیان وەک دەف دەژنەوم. هەریەکەیان دەفێکە و لەسەر ڕیتمی شەڕ دەژەنرێ...دەفەکان دەکوتن و وەک ناقووس و نەفیر ئەوانی تر بانگی شەڕ دەکەن...هەرکەسیان لە"خەراباتی سوور" مەستێکە، حاڵیان بەشەڕ گرتووە...ئەوان مەستی مەی نین...مەستی شەڕ و خوێن و هوتافی کوشتنن"[١٦٩-١٧٠]. دەردەکەوێت سۆفیگەرییەکی بازاڕیی و شەڕخواز، بەتامی کۆڕە حزبی و ئایدۆلۆژییەکان ئاڕاستەی تاکەکانی کۆمەڵ دەکرێت. ئەو کۆڕە بە دەنگی دەف، کە سەر بە مەستی، ونبوون و تاکدەنگی، شەڕخوازیی و ئەویترنوێنییە دەڕازێنرێتەوە، لەبەرامبەردا تەمبوور ڕەسەنە و ڕێگایە بۆ خۆبوون، ڕزگاری، جوانی و فرەئاوازیی، لەبەرئەوە گوتاری ڕۆمانەکە ئاڕاستەی گەڕانەوە بۆ ڕیشەی یارسان و تەمبوور و عیرفانی خۆماڵیمان دەکات، نەک سۆفیگەرییەکی لەخۆنامۆی وەرگیراوی ئەویتر، کە سەرچاوەی شەڕ و ناشیرینی و گەندەڵییە.

### ٣. لە خستنەوە بۆ کەوتن

گەندەڵی: بە پێوەکەوتن

ڕژێمی بەعس کوردی خست، ئەنفال و کیمیابارانی کرد، بەڵام نەکەوت و هەستایەوە، چونکە ئەژنۆی نەشکا، ڕاپەڕیی و دەسەڵاتێکی خۆماڵی بونیادنا، بەڵام ئەمجارە لەسایەی دەسەڵاتێکی خۆماڵییەوە بەپێوەکەوت و ئەژنۆی شکا. ئەزموونی خستن و هەستانەوە و کەوتن بەشێکی زۆر لە گێڕانەوەی کوردی ئەم قۆناغەی پێکهێناوە. هۆکاری بەپێوەکەوتنی دەسەڵاتی کوردی لای بەشێک لە ڕۆماننووسان بۆ خۆنەناسین، خۆونکردن و گەندەڵبوونی کەسایەتی کورد دەگەڕێتەوە، یاخود بۆ ئەزموونەکردنی ڕووداو و کارەساتەکان تا تێپەڕکردنیان، واتە ڕووداوەکان ڕوودەدەن بەبێ درککردن، کورد وەک ئەو سوارەیە دەگلێت و نابێت بەسوار. شکست و گەندەڵبوونی دەسەڵاتی خۆماڵی سەرچاوەی بێدەنگی و خەڵوەتی بەشێک لەو کەسێتییە شۆڕشگێڕ و قوربانیانەیە، کە

خەونیان بە هەستانەوەوە دەبینی. یاخود خۆناسی و خەڵوەتیان هەڵوێستێکی کەسییە بۆ بەپێوە وەستان، نەک کەوتن، گەندەڵبوون و تێوەگلان. دەرکەوتنی ڕەهەندی عیرفانی و زوهدانییەت، جۆرێکە لە بەخۆداچوونەوە و لەبەرچاونەبوون، بێزهاتنەوە لە ئێستا و پەشیمانیی لە ڕابردوو، یاخود ڕەهەندێکی نۆستالژی هەیە، کە شار گەندەڵی نەکردوم و وەک سەردەمی شاخ خاکەڕایانە دەژیم. لێرەو ئێستاش بەرامبەر هاوخەباتە گەندەڵبووەکانم دەکرێت شۆڕشێکی زوهدانی لە خۆمدا ئەنجامبدەم، بە خۆدابڕان و وەکئەوان نەبوون، ئەمەش وێنەی دەسەڵاتدارە هیلینیستیە ڕۆمانییەکانمان بیردەخاتەوە، کە خواردنێکی زۆریان دادەنا، بەردەستەکانیان بانگدەکرد بیخۆن و خۆیان سەیریان دەکردن، یان وەک حەسەن تۆفان لە *غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ*، کە بەدوای چارەنووسی کوژراوانی پاش ڕاپەڕین دەچێت. هاوکات لەئاستی گوتاری بەشێک لەڕۆمانەکاندا نیشاندانی ڕەهەندە سۆفیگەرییەکان بەرامبەرە بە گەندەڵی، کە ئەمیان هەڵپەو چڵێسی و پیسییە، زوهدیش خۆپارێزیی و پاکییە. کورد چۆن دەکرێت پاش ئەو هەموو نەهامەتی و خەباتە بیری بچێتەوە کێ بووە و چی کردووە، بۆیە گەڕانەوە بۆ خود پێویستییەکە، خۆنەناسیش هاوشانە بە گەندەڵبوون. لێرەدا وێنەکانی کورد لە دەرکەوتە جیاوازەکانی چەند ڕۆمانێکدا وەردەگرین، تا هێما عیرفانی و گەندەڵییەکانی نیشانبدەین.

## ٤. گوڵچیایی ڕۆحەکان و پەژموردەبوونیان

ڕۆمانی گوڵچیای ڕۆحەکان[ئەحمەد، ٢٠١٠]، گێڕانەوەیەکی هونەرییە لەبارەی ئەنفال و نیشاندانەوەیەتی بەهۆی خەونەکانی کەسێتییەکی عەرەب بەناوی عەلی، کە باوکی سیاسەتمەدار و بازرگانێکی لوبنانییە. عەلی سەردانی چەند پزیشک دەکات بۆ ئەوەی لە خەونەکانی ڕزگاری بێت، پزیشکەکان دەڵێن، خەونەکانت پەیوەندیی بە خەیاڵفراوانی و خوێندنەوەی ڕۆمان و سەیرکردنی فیلمەوە هەیە. پزیشکێکی ئەمریکی بە خەوی موگناتیسی دەیخەوێنێت و دیمەنی ئەنفال دەردەکەوێت. لە زیلەکەدا منداڵێک لە دایکدەبێت و بە قەڵەم دادان منداڵەکە لە دایکی جیادەکەنەوە. دایکەکە پاش یەکەم شیرپێدان لە زیلەکەوە بە دەم ببوورەوە، منداڵەکەی فڕێدەداتە خوارەوە[٥٥]، دواتر دەگەڕێتەوە بۆ لای، دەژی، بەڵام سەگێک دەیبات. زۆرکات لە خەونەکانیدا، منداڵێک ڕزگاردەکات، بەڵام خۆی سێ ژنی هەیە و منداڵی نابێت. ژنێکی سۆزانی ڕووس، ئایندەخوێنی هەڵسوکەوت سۆفیی[١٤]، بە عەلی دەڵێت، تەنیا لەگەڵ پەری، کە کچە ئەنفالکراوێکی کوردە و جاشەکان فرۆشتوویانە، منداڵی دەبێت و خۆی و خودا دەدۆزێتەوە. "ئەو شەوە لەساتێکدا لەگەڵ خواوەندا بووم بە یەک. وا هەستمکرد خۆمم

دۆزیوەتەوە"[٣٥]. بوونبەیەک لەگەڵ خودا پەیوەستە بە ئاویژانبوونی ڕۆحی خودا و پەری. پەری نیگارکێشە، تابلۆکانی زیندوون و قسەدەکەن. عەلی دیمەنی لێکچووی تابلۆ و خەونەکانی دەبینێت، "وێنەکانی ئەو خەونەکانی وەبیردەهێنامەوە"[٤٦]. ئەمەش ڕێگەی خۆدۆزینەوە و دەرچوونە لە خەونەکانی، چونکە پاش خەوتنی لەگەڵ پەری خەون نابینێت، ڕاستی خەونەکانی، ئێستا لەگەڵیدا دەژی[١٧]. نیشاندان و دەرکەوتنی ئەنفال لە ئەویترەوە، بەشێکە لە خۆدۆزینەوە و ڕزگارکردنی ئەویتریشە1.

پەری و لەیلای هاوڕێی، بەهۆی لالۆی ناو تابلۆ زیندووەکان، بۆ کوردستان دەگەڕێنەوە. لالۆی پێشمەرگە، مردویەکی زیندووە، ئاگای لە هەموو شتێکی باشووری کوردستانە، لەگەڵ گەڕانەوە نییە و دەڵێت:"باشترە هیچ نەزانن و هیچ نەبینن...من چاوەڕوانی ئەمەم نەدەکرد...ئەوانەی لەگەڵیاندام تەواو تووڕەن...ئەوان ژیانیان فیداکرد بۆ ژیانێکی باشتر. کەچی ئیستا ئەوانەی ماونەتەوە بەو جۆرەی پێویستە خزمەتی خەڵکی ناکەن. پارە بەرەو تاریکستانیان دەبات. دەمەویٚ خەبەریان بکەمەوە، هێندە بە قووڵی خەوتوون دەنگی منیان ناگاتیٚ".[٩٤] ئەمڕۆ پارە و دەسەڵات، سەرچاوەی کوێریی پێشمەرگە خەوبینەکانی دوێنێیە، لالۆی مردوو، زیندوو و بەئاگایە، زیندووە گەندەڵەکانیش خەوتوو؛ مردوون. لالۆ باسی ئازاد، هاوڕێی پێشمەرگایەتی دەکات، کە دایک و خۆشەویستەکەی جێهێشتبوو بۆ ئەوەی بە بەختەوەرییەوە گیانی فیدای ئازادی بکات، "ئازاد دڵگرانە لەوەی کە تا ئێستا خۆشەویستەکەی شووی نەکردووەو لەماڵی هاوڕێیەکیدا کە ئێستا دەسەڵاتدار و خاوەن پارەیە کاردەکات و کوڕ و باوکیش بە نۆرە دەیبەنە سەر جێگا"[١١٢]. دیارترین سیمای گەندەڵی دەسەڵاتی کوردی پەیوەندیی بە سێکس و دەستدرێژییەوە هەیە2، لێرەدا ڕەهەندە بریندارکەرەکە خیانەتە، خیانەتی هاوڕێکان لە یەکتر و شۆڕشگێڕان لە دایک و نیشتمان، لەبەرئەوە پەیوەندییەکانی ئیستا گۆڕاوە، لەسەر بنەمای پارە، دەسەڵات و بەرژەوەندی دامەزراوە.[١١٤].

ئەوان وادەزانن وڵاتەکەیان ئاوەدان بووەتەوە و جاشەکان سزادراون و خەونەکانیان کراون بە ڕاستیی، بەڵام کە دەگەڕێنەوە، خەیاڵ و هەستەکانیان ورد دەبێت. "لالۆ دووربینەکەت. کیٚ؟ ئەوە خۆ سەرۆک جاشەکەیە، ئا ئەوەتا خۆی بەخاوەنی هەموو ناوچەکە دەزانیٚ...لەسەر کەلاوەی

---

1 ـ لە قۆناغی پێشوو باسی ئەنفالمان کرد و ئاماژەمان بەوەدا کە دەنگی ئەویتر ونە، بەڵام لێرەدا ئەوەی ئەنفالی تیا دەردەکەوێت ئەویترە، ئەمەش جیاوازییەکی بنەڕەتیە لەگەڵ گێڕانەوەی قۆناغی پێشوو بۆ ئەنفال.

2 ـ گەندەڵی و چڵێسی و دەستدرێژی سێکسی دیارترین تێم و تانوپۆی حیکایەتی ناو گێڕانەوە کوردییەکانی ئەم قۆناغەن، بە جۆرێک ناکرێت ڕۆمانێک باسی گەندەڵی بکات، سێکسکرِی و ئارەزووبازی و لەخشتەبردنی تیانەبێت، لە نمونەی ئەو ڕۆمانانە: ماچی یەکەم، گەندەڵی، گۆشەگیری، دێوبەهمەن، سەلارخان، شەربەتی ترس، کۆشکی سوور...

خانووەکانی ئێمە کۆشکی دروست کردووە...لەیادمە پێش سەربازەکانی سەدام کەوتبوو. نا ئەمە ڕاستی نییە، خەوێکی ناخۆشە"[١٢٠]، پەری و لەیلای فرۆشراو لە وڵاتی غەریبی بەتامەزرۆییەوە بۆ وڵاتی ئازادکراویان دەڕوانن، بەڵام ئیستا وادەزانن خەوێکی ناخۆشە و دەیانەوێت زوو بگەڕێنەوە، نیشتمان بووە بە تاراگە. یەکێک لە هۆکارەکانی گەندەڵبوونی کەسایەتی مرۆڤ پەیوەستە بە خۆلەبیرکردن و کێبوون و کێ ببم. لەیادکردنی ڕابردوو، بیرچوونەوەی ئامانج و ئومێدەکان، نیشانەی گەندەڵبوونی ئیستای دەسەڵاتی کوردییە. "ئەم میللەتەی ئێمە هەر زوو ڕابردووی بیر دەچێتەوە، خۆی لەوە گێل دەکات چی بەسەر هاتووە...دەیانبینم بەربوونەتە خۆیان، ئاوی کانیاوەکانیش سوور بووە. شنەی با دەقیژێنێ، چیاکان قژیان دەڕنن...ئێمە قوتابیەکی تەمبەڵین، لە هەڵەکانمانەوە فێرنابین".[٩٩] گەندەڵی نەک تەنیا هەق زەوت دەکات، بەڵکو نیشتمانکوژ و خەونکوژیشە.

بۆ نەتەوەیەک، کە ڕۆحی بریندارە، ئارامی پێویستە، بەڵام دەسەڵاتی کوردی نەک بۆ خەون و بەها بەرزەکان، بەڵکو بۆ پارە و دەسەڵات گیان و جەستەش لەناودەبات. "هەموو دەیانویست ئاسودەیی بۆ ڕۆحەکان دابین بکەن، کەچی کە بوونە خاوەن زەوی دەستیان دایە سنگی یەکتر و لەسەر دابەش کردن، خوێن دەڕێژن"[١٠٢]. کاتێک پارە و دەسەڵات دەبێتە ناوەند، ئیتر سەرگەردانیی و بێئاکاریی چالاک دەبێت. "هێندە پارەیان هەیە نازانن چی لێبکەن. کۆشکەکانیان بەرەوماڵی خودا دەکشێ...کەچی لەچاوەکانیان لەسەرگەردانی زیاتر هیچ بەدی ناکەیت...هەریەکە چەند ژنێکی هەیە و شەوان لەئوتێلەکانی شاردا لەباوەش کچە چاوشین و قژکاڵەکاندا بەسەر دەبەن"[٦٢]. شکاندنی چاوەڕوانی نەتەوەیەکی بریندار و ئەنفالکراو بێویژدانی و نامرۆییە. لالۆ، پەری و لەیلا بەرامبەر داهاتوو گەشبین بوون، بەڵام ئێستا ڕووناکی نابینن، بێدەسەڵاتیشن لە ئایندەگۆڕین، هەرچی ڕابردووشە بە کارەسات و تراژیدیا دەورەدراوە، لەبەرئەوە ڕەهەندەکانی کات بەسەریاندا داخراوە. ڕۆماننووس خودبونیادنانەوە بەچارەسەر دەبینێت، ئەمەش ڕەهەندی عیرفانییە، کە بوونێک لەدایکبێتەوە(بەڵام پەری بڕیارێکی تر دەدات).

کاتێک پەری و لەیلا دیمەنەکان دەبینن دەترسن و بەرگەی ناگرن، لە خەونی ناخۆش ناخۆشتر، لە ئومێدشکان سەنگینترە. بەتایبەت پەری، کە دلاوەری خۆشەویستی دەبینێت بەهۆی ستەمی گەندەڵکاران شێتبووە، دەرونی دەشێوێت و دنیای بوونی تاریک دادێت، بە پەلە ڕۆماننووس بەشداری دەکات، لەترسی ئەوەی (لەیلا و پەری)، کە ئیستا لە لوبنان ژیانی خۆیان دروستکردووە، هیچگەرایی و بێواتایی ژیان تەنگیان پێهەڵنەچنێت. بڕیاردەدات بە دلاوەر بڵێت پەری زیندووە، دەبینێت دلاوەر خۆی کوشتووە، کە دەگەڕێتەوە بۆ لای پەری، ئەویش گەڕاوەتەوە بۆ لای

دلاوەر(خۆی کوشتووە). ڕۆماننووس دەنووسێت، چیتر بەرگە ناگرم و کۆتایی بەڕۆمانەکە دەهێنم، ئەوەی مەبەستمبوو(ئەمە گوتار و ویستی نێرەریشە)، بێدارکردنەوەی ویژدان نووستووەکانە، ئەوانەی پارە و دەسەڵات، گەندەڵ و ویژدانی خستوون. ئەو تراژیدیایانەی بەسەر نەتەوەی کورد هاتووە، بەسەر هیچ نەتەوەیەکدا نەهاتووە؛ لەبەرئەوە هەرگیز بڕوام نەدەکرد وشەی گەندەڵی بێتە ناو فەرهەنگی کوردییەوە.[١٢٣] "من دەبێت هەموویان وەک بوودا لێبکەم لە کۆشک دەریان بکەم و لەژێر دارەکەی بوودا دایان نێم تاخودی ونبووی خۆیان دەدۆزنەوە."[١٢٤] بانگی ویژدان و خۆدۆزینەوە، ڕەهەندی عیرفانیی و بوونگەرایی گوتاری ڕۆمانەکە تۆخ دەکەنەوە. هاوکات مردن و خۆکوشتنی کەسێتییە پاک و قوربانییەکان، ڕزگاریی و خۆپاراستنە لە گەندەڵبوون، لالۆ و ئازادو مردووەکانیتر بەپاکی مردن، زیندووەکان خراپ و گەندەڵ، یان شێت و بریندارن.

### ٥ـ دیالێکتیکی عیرفان و گەندەڵی

ڕۆمانی غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ[عەلی، ٢٠١٤] دیارترین ڕۆمانە، کە بە شێوەیەکی هونەری و هزریی توانیویەتی پەیوەندیی دیالێکتیکی عیرفان و گەندەڵی، بارۆن1 و شاعیر، ڕاستی و خەیاڵ هەڵکۆڵێت و نیشانییدات. کاتی ڕووداوەکان بۆ پاش ڕاپەڕین دەگەڕێتەوە. کۆی کردەنوێنەکانی ڕۆمانەکە لەسەر پەیوەندیی و ململانێی دوو ئاستی پێکداچووی شیعر و دەسەڵات، گەندەڵی و پاکی، جوانی و ناشرینی وەستاوە، ئەمەش لە کۆمەڵێک پنت، ئاست، شێواز و وێنەگەلی گەندەڵی و عیرفاندا لە زنجیرەیەک ڕووداو و کەسایەتی و خواستدا نیشاندراوە. بەشێکی زۆر لە هەر سێ دوانە کردەنوێنەکان لە ئاستی بوون، جیهانبینی و ویستدا تێهەڵکێش و دیالێکتیکی و گۆڕاون. جیهانی ڕۆمانەکە پیتێنراو و موتوربەئاسایە، بەرکەوتنی ڕۆحی چاک و خراپە، دەرهێنان و بەرجەستەکردنی گەندەڵی و جوانییە لەناو کات و شوێن، ڕووداو و کەسایەتییەکاندا. نوێمیران شوێنی دەسەڵاتدار، گەندەڵ و مرۆڤکوژانە، گۆڕی بێتاوانەکانە، کە ستەمکاران کوشتویانن."حیزب هەمیشە لاشەیەکی هەیە بیشارێتەوە"[٦٨٢]. هەزارباغ جێگەی شاعیر، عارف و مرۆڤە ڕزگارکەرەکانە. ڕووداوەکان تێهەڵکێشی هەردوو دنیای شاعیر و حزبی، عارف و گەندەڵەکانە. کەسایەتییەکانیش، تێهەڵکێشی هەردوو دنیاکەن، دنیای دەسەڵاتداران، کە دەیانەوێت هەموو شت و کەسێک موڵکی ئەوان بێت، پارە، کۆشک، ماشێن و ژنی جوان، مەلا، ڕۆشنبیر، مامۆستا و شاعیر[٦٢٦]. ئەوان لە مەلاوە بۆ سۆزانی، لە لۆتییەکانەوە بۆ مامۆستاکانی زانکۆ دەکڕن، گریان و پێکەنین، تیپی مۆسیقا دەکڕن[٣٤٩]. دەسەڵات دەیەوێت نەک دنیای دەرەوەی جیهان و

[1] ـ ئاماژەیە بە دەسەڵاتدار.

مرۆڤەکان، بەڵکو دنیای ناوەوە و ڕۆحیشیان داگیربکات. گەندەڵی، کە تێرکردنی ویستە خراپەکانە، لەبەرئەوە شەیدای نهێنییە، چ نهێنیسازی، چ ئاشکراکردنی نهێنی، لەگەڵ ئەوەشدا دەسەڵاتداران پاکی خۆشیان خۆشدەوێت، هەر ئەمەشە وادەکات پێویستیان بە پاکی دنیای شاعیر و عارفەکان بێت. هەرچی دنیای عارف و شاعیرانە، پەیوەستە بە ڕاستیی، ئازادی، جوانی و خەیاڵەوە، کە دژە بە داگیرکردن، موڵکداری، کوشتن، تەنانەت شۆڕشگێڕێکی بکوژی وەک تۆفان دوای خەڵوەت و پەشیمانی چیتر ناتوانێت دەست بۆ چەک ببات.

گرێچنی ڕۆمانەکە لەسەر پەیوەندیی دوانەکان دامەزراوە. کەسێتییەکان وەک دنیاکەیان فرەدەرو فرەدیون، شەیتانی فریشتەڕوو، بارۆنی سۆفی، ژنبازی عاشق، دەسەڵاتداری جوانیخواز، پیاوکوژ و مرۆڤدۆست، پەپولە و شەیتانن... غەزەلنووس بوونێکە لەنێوان واقیع و خەیاڵدا، بەرهەمی عەشقێکی زەمینی-نا زەمینییە، کەلێن و چاڵێکە، دیوە دەرپەڕیوە چەپێنراوەکەی خۆشەویستیی و عیرفانە، کە مەلا جەمیل توانی لە خۆیدا مەلا سوختە بسازێنێت تا عەشقەکەی بۆ بەهاربانو دەرکەوێت، مەلا سوختە مەلا جەمیلە و ئەویش نییە، دیوە عارف، عاشق و شاراوەکەی ناو خۆیەتی و غەزەلنووسیش بەرهەمی ئەم دیوە پۆشراوەیە. موراد جەمیلیش دیوە ئارەزووپەرست و ئافرەتبازە واقیعییەکەی غەزەلنووسە.[تاتانی، ٢٠٢٣: ٢٩٧] بارۆنی خەیاڵیش سیکۆلار و کوڕی مەلایەکی دیندارە، کە ویستەکانی تێهەڵکێشی دنیای مۆدێرن و کلاسیک، عیرفان و مۆدێرن، یاخود ڕۆژئاوایخوازێکی عیرفانییە، کە دەیەوێت دنیای جوانیی عیرفان و گەندەڵی پێکەوە کۆبکاتەوە، عیرفان بۆ پۆشینی ڕاستیی و ناشرینی بەکاربهێنێت، لەبەرئەوە وەک بارۆنێکی زرەڕۆشنبیر پێیوایە، سیاسییە نەزانەکانی ئێمە ناتوانن بۆنی پارە و خەیاڵ لێکجیابکەنەوە. بارۆنی خەیاڵ نوێنەری ئەو بارۆنە گەندەڵانەیە، کە دەیانەوێت بەهێز و ڕووپۆشی عیرفان و خەیاڵ، واقیع بیر خەڵک ببەنەوە، دنیای گەندەڵیش بۆ شاعیر و عارفەکان ببێتە ماڵ، واتە (سیاسیی، زانا و شاعیران) لەیەک پنتدا کۆببنەوە، ئەمەش دەستەمۆکردنی دەنگە ڕەخنەگرەکانە. دەیەوێت بە زمان و خەیاڵی عیرفان، دنیای ڕاستی عارفەکان تێکبدات؛ بە شێوەی جوانیی، ڕاستی جوانیی بشێوێنێت، بۆ ئەوەی دەسەڵاتی گەندەڵ بە پاکی عیرفان بشارێتەوە، لەبەرئەوە دەسەڵات چەند پێویستیی بە کڕینی خەڵکی ئاسایی هەیە، سەد هێندە پێویستیی بە کڕینی ڕۆشنبیر، شاعیر و مرۆڤە پاکەکان هەیە، تا دنیای پیس بیر خەڵک ببنەوە. "من پێویستیم بە شیعرە بۆ ئەوەی لەم دونیایە دووربکەمەوە"[٦٥٥].

لەڕۆمانەکەدا وێنەی کۆمەڵگا و دەسەڵاتی کوردی لە ڕێگەی ئەو کتێبەی، کە دەستەی شاعیر و عارف و شۆڕشگێڕە پەشیمانەکانی وەک شبری و حەسەن تۆفان دەینووسن، نیشاندراوە. کتێبەکە بە درێژترین کتێبی دنیا لەبارەی گەندەڵی، کوشتن و تیرۆر و کڕین و قۆرغکاری دادەنرێت. ئەم دەستەیە کاریان دەرخستنی ڕاستیی دەسەڵاتی کوردییە، ویستی بارۆنەکانیش پۆشین و سڕینەوەی

ئەم دەستەیەیە و دەیانەوێت بە بڵاوکردنەوەی گەندەڵی، دیوە ڕۆحییەکەی مرۆڤ بکوژن، بەڵام شاعیران دەیانەوێت دیوە ڕۆحی و فریشتەکەی مرۆڤ چالاک بێت، تا ڕاستیی بوونی خۆیان و دنیا دەربخەن. بارۆنەکان ئەو کەسانەیان خۆش دەوێت، کە ناهێڵن سەیری ناوەوەی خۆیان بکەن، ئیشی ئەمانیش ئەوەیە، کە سەیری ناوەوەی خۆیان بکەن و وابکەن خەڵک ڕاستییەکان ببینن، ئەمەش بە کوشتنیان تەواو دەبێت[٣٩٩]، بارۆنەکان لە بولبول و جوانییەکان تێناگەن، زوو زوو باسی نیشتمان دەکەن، بەڵام ئەمان ڕقیان لەوەیە زۆر باسی نیشتمان بکرێت، چونکە ئەوانەی باسی نیشتمان دەکەن، خیانەتکارن، سولاڤ دەڵێت، منالان بەرلەوەی نیشتمانیان خۆش بوێت دەبێت ژیانیان خۆش بوێت.[٤٠٣]

بارۆنەکان ڕق، ترس و کوشتن دەبارێنن، چارەی ئەو ڕۆشنبیر و شاعیرانەیان ناوێت خۆیان نافرۆشن، ئەوانە دەکوژن مل بە داوایان نادەن، هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی فیلمی خوشک و دایکیان لێدەکەن، زەویی و ژن و کچی خەڵک داگیردەکەن. درۆ، فشە، بێکاری و بێعەقڵی بڵاودەکەنەوە.[٢٨] نەزان و بکوژان لە کۆشکەکاندا دەژین، شاری خەونەکان و نوێمیران دروستدەکەن؛ بە گیان و دەرون و دەسەڵاتی میر و بەگ و ئاغایەتییەوە، جلوبەرگ، کۆشک، کچی گەنج، ئوتومبێل و تەکنەلۆژی نوێ بەکاردەهێنن. گەندەڵی منالی ئەمڕۆ نییە، بەڵکو میراتە و بۆیان بەجێماوە. هەرچی شاعیر و ڕۆح زیندووەکانە، وێڕای خۆپارێزیی و پاککردنەوەی جەستە و ڕۆح لە خراپە و پیسیی، کتێبی باغە خوێناوییەکان، مێژووی کوشتن و سوتان، خنکان و تیرۆری دوای ڕاپەڕینی گەندەڵکارانی کورد دەنووسنەوە، شەڕی گەندەڵ و پیاوکوژان دەکەن، بە چیرۆکی عەشق و جوانیی، منالان پەروەردە دەکەن.ماڵەکانیان دەکەن بە لانەی ئافرەتە سەرهەڵگرتووەکان لە دەست پیاوە گەندەڵەکان.(٣٣٨) شاعیران بە خەیاڵ، جوانیی و ڕاستیی دەردەخەن، بەڵام خەیاڵی بارۆنە گەندەڵەکان لای دنیای دەرەوە و مرۆڤەئامێرییەکانە، لای کڕین و داگیرکردنی کچ و ژن و زەوییە، لای دروستکردنی کۆمەڵگەیەکە ژینگە و کەسەکانی لەباری جەستەیی و دەرونی و ڕۆحییەوە گەندەڵ و نەخۆشن، چونکە تەنیا بیر لە کڕین و فرۆشتن و ورگیان دەکەنەوە. لێرەدا بە پێویستی دەزانم دیمەنێکی کەمێک درێژ لە کۆمەڵگای گەندەڵبوو لە ڕۆمانەکە بخەمەڕوو:

"هیچ مرۆڤێک نەیدەیوست کار بکات، وڵات پڕبوو لە پیاوی بێئیش، لە دەیان هەزار جووتیار کە کێڵگەکانیان جێدەهێشت و لە کۆمەڵێک شارو شارۆچکەی تاریک و نوتەکدا لەسەر وڕوڕی دینەمۆ، شەو و ڕۆژ نانیاندەخوارد و سەیری سەتەلایتیان دەکرد، مرۆڤ سیحری زەوی لەیادکرد و سروشت بەهایەکی نەما...خەڵک هەموو شادمان بوون، لەسایەی دەسەڵاتێکدا دەژیان هەوڵیدەدا

بێئیشی خۆی وەک ئیش نیشانبدات. سەردەمێک... پارەی زۆر، خواردنی زۆر لە ئاسمانەوە دەبارین. خەڵکانێک دروستبوون کە تەنیا شێتی ئوتومبیلی ڕەونەقداربوون...خەڵکانێک... سەیری فیلمە ئیرۆتیکییەکانیان دەکرد...لە شاردا هەندێک گرووپی سەیر و ڕەفتاری پێشتر نەبینراو دەرکەوت...پەلاماری کتێبخانەکانیان دەدا، گرووپی ئەو گۆرانیبێژە دەنگ ناخۆشانە سەریانهەڵدا...ئەو یانە و چێشتخانە تایبەتانە کرانەوە کە مرۆڤ دەیتوانی لەوێ تا وەک بەرازی لێدێت بخوات... وڵاتێک لە ژووری سەرۆکەکانەوە، لە هۆڵی پەرلەمانەوە تا ناو کتێبخانە و هۆڵی زانکۆکان هەمووی بۆنی چێشتخانەی لێدەهات...هەر لەو ساڵانەدا گرووپێکی ئیسلامی بچکۆلە دەرکەوت کە شێخێکی بەحورمەت سەرۆکیان بوو، مرۆڤی سەردەبڕی و گۆشتەکەیان دەخوارد. لەبەر خواردن مرۆڤەکان ئەوەیان لەبیرکرد کە دەبێت باغچەکانیان ئاوبدەن...مرۆڤەکان تەوقەیان لەگەڵ یەکدا نەدەکرد، بەڵکو یەکتریان دەخوارد، کوڕ کچی خۆشندەویست، بەڵکو دەیخوارد، ژن مێردی خۆشندەویست دەیخوارد..فرۆشیار کڕیارەکانی دەخوارد...ئەو ڕۆژە سەی قادر بانگی [تریفەی] کرد و حیکایەتی فرۆشتنی کارخانەکەی بۆ گێڕایەوە. دڵنیابوو سەی قادر خوراوە."[٤٣٧-٤٣٩]

عارف و شاعیرانی دژە دەسەڵات پێیانوایە، لە هەر شوێنێک گەندەڵی باڵادەست بێت، کۆمەڵێک پەیدا دەبن، بەدوای کەماڵ و جوانیی و ئەڤیندا دەگەڕێن، ڕۆحیان لە فڕین ناوەستێت، دەیانەوێت لەوسەری خەیاڵ و ڕاستییدابن.[٤٤٢] گەر ئەوان یانەی پیاوکوژ و مرۆڤە بێکار و نائومێدەکان بکەنەوە، ئەمان هەزارباغ، گوڵاو و منداڵی نوێ دروستدەکەن، خەمی سروشت و باغی ڕۆحییانە، نیگەرانی پاکڕاگری منداڵی بارۆنەکانن. گەر ئەوان گۆڕستان بۆ شاردنەوە دروستبکەن، ئەمان کتێب بۆ ئاشکراکردنی دادەنێن، ئەوان مورتەزای شەیتانیان هەیە، کە لە ناوەوە ڕقی لێیانە و لە پێویستیدا پیسییەکانیان دەشارێتەوە، ئەمان تۆفان و شبری فریشتەئاسا و ئاشکراکەریان هەیە، کە لە جەستەی ئەوان جیابوونەوەتەوە و لە ڕۆحێکی عارفانە، دژی ڕابردوویان دەجەنگن. لە سایەی ئەواندا مورتەزا خۆی دەپۆشێت و بەهەڵگرتنی نهێنی بارۆنەکان گیانی قورس دەبێت، لە سایەی جوانیی و عیرفاندا حەسەن و شبری بە ئاشکراکردنی نهێنییەکان ڕۆحیان سووک دەبێت و خۆیان دەدۆزنەوە.



بارۆنەکان بە دوای دەنگکڕی و فایلسازی و درۆسازی و خۆپۆشینن، ئەمان خەمی ڕۆحی خۆیان و فایلی مردوو و بێلانەکانیانە، "زۆر کەس هەن تەماحیان لە داگیرکردنی دەریای ناو ڕۆحی ئەوانی ترە، گەر هەر مرۆڤە بایەخێکی گەورە بە دەریای ناو ڕۆحی خۆی بدات...هەموو کەس دەتوانێ ئەو دنیا خنکاوەی ناو ڕۆحی خۆی بدۆزێتەوە."[٤٧٨] تریفە و غەزەلنووس عەشقێکی خودایی ئەزموون دەکەن و خۆ لە نزیکبوونەوەی جەستەیی دووردەگرن. غەزەلنووس بە تریفە دەڵێت: "بیرکردنەوە لە کەماڵی خۆم بەرەو بیرکردنەوە لە کەماڵی تۆ ڕایکێشام...لە هەموو جێگەیەک هەست بە بوونی تۆ دەکەم".[٦١٩] ئەم عەشقە جیاوازە لەو دنیایەی بارۆنەکان بە سێکسکڕی و فرەژنی و سۆزانبازی نوێمیرانیان پێڕازاندۆتەوە، تریفەش بە غەزەلنووس دەڵێت: "هیچ خاڵێک نییە من و تۆ پێکەوە کۆبکاتەوە..لەخۆشەویستیدا هەمیشە یەکێک لە زەوییە و ئەویدی لە ئاسمان...یەکێک ئادەمیە و ئەویدی خوا... تۆ بوونەوەرێکی سەیریت کە دوورم نزیکیت کە نزیکم دووریت...عەشق پلە و مەقامی خۆی هەیە بە ماچ تێکی مەدە... ئەو خۆشیەی بیرت بکەم خۆشترە لەوەی پێتبگەم"[٦٢٢].

بارۆنی خەیاڵ دەیەوێت، خەیاڵ بە ڕاستیی و موورادیش دەیەوێت ڕاستیی بە خەیاڵ باربکات، بەڵام غەزەلنووس پێیوایە، لە هەر کوێ کوشتن هەبێت سنووری خەیاڵ و ڕاستیی نامێنێت، خەیاڵ دەبێت بۆ نیشاندانی ڕاستی بێت، نەک لێی باربکرێت، "من هەرجار زیاتر لە خەیاڵ ڕۆدەچم، زیاتر بیرم لە ڕاستی کردۆتەوە"[٥٨٢]. بارۆن و گەندەڵکاران لە واقیعەوە خەیاڵ دەکەن، پێیانوایە شۆڕش و کوشتنی ئەوانیتر زیاتر لە بەهەشتیان نزیکدەخاتەوە، بۆیە شۆڕشگێڕەکانی ئەمڕۆ دیکتاتۆرەکانی سبەینێن. پاش ڕاپەڕین شۆڕشگێڕەکان، کە لە خەو بێداردەبنەوە خەوەکەیان بیردەچێتەوە، بەڵام بارۆنی خەیاڵ وەک خەوبینێکی نوێ و حزبییەکی ڕۆشنبیر دەیەوێت خەونێکی نوێی هەبێت، بۆیە دەیەوێت خەیاڵی شاعیر و عارف، بیری زاناکان بکرێت، تا خەیاڵ وەرگێرێت بۆ ڕاستی و لە شاری خەونەکاندا بەهەشت لەسەر زەوی دروست بکات[٥٦٦].[1] بەڵام غەزەلنووس دەڵێت، من چوومە خەڵوەت تا خەیاڵم نەمرێت. شیعر و جوانی و خەیاڵ تا ئەو کاتە بەهادارن، کە تێکەڵی واقیع ناکرێن، نابێت شاعیرێک سیاسییانە و سیاسییەک شاعیرانە بیربکاتەوە[٥٥٦]. بارۆنەکان بەناوی دڵسۆزیی نیشتمانەوە، فێڵکەر و درۆزنترینی ئەم نیشتمانەن. ئەوان ڕقیان لە نیشتمان، ژیان و دنیایە، بەپێچەوانەی خۆشویستنی، هەڵپەی ئەوەیانە دەستی بەسەردابگرن. داگیرکردن خۆشەویستی نییە، کۆیلەکردن و بە موڵککردنە. ئەوان خەڵک و خاک کۆیلە دەکەن، کۆیلەش ئازاد نییە و بۆ خۆشەویستی نابێت، بۆ حەزو ئارەزووە نەک خۆشەویستی، لەبەرئەوە دنیای بارۆنەکان خاڵییە لە خۆشەویستی. ئەوان خەڵک و خاکیان وەک خزمەتکار دەوێت، چاویان لە

[1] ـ ئەگەر سەرنج لە ڕیکلامە کوردییەکان بۆ شار و باڵاخانە و گوندەکانی نیشتەجێبوون بدەین، ئامادەیی ئەو زمان و جیهانبینییەی بارۆن  بە دیوە بازرگانیەکەی دەبینین.

سامانەکەیەتی، نەک ڕۆح و ئازادیی و جوانی. دەسەڵاتی گەندەڵ بە کۆیلەکردنی شار و خەڵک خۆیان دەکوژن، چونکە کەسی ئازاد نییە، تا دانیان پێدابنێت. کاری ئەوان کوێرکردن و نەبینینە، چونکە دەیانەوێت هەموو شتێک ببینن، هەموو شتێک بۆ خۆیان بێت، لەم کاتەدا نە هیچ دەبینن، نە دەبنە خاوەنی هیچ، ئەمەش خۆوێرانکردنە، جاران کورد لە دەرەوە وێران دەکرا، ئێستا لە ناوەوە و بە دەستی خۆیە نا-خۆیەکان[1].

## ٦- خزانی عیرفان و گەندەڵی

لێرەدا ئاوڕ بۆ چوار ڕۆمان، کە دوو وێنەی بنەڕەتی نیشاندەدەن، دەدەمەوە. ڕۆمانی *کەوتنی ئاسمانەکان*[غەریب، ٢٠١٦] و *تەونی بریا*[چۆمانی، ٢٠٢١]، کە گوزارشتن لە خزانی کەسێتیی عاشق و نائومێد، خزانی دەسەڵات، ئایین و عیرفان بۆ تیرۆر. لە تەونی بریا هاوشێوەیی دەسەڵاتی کوردی و داعش دەبینین، ئەویان دایکی دەگێت، ئەمیان دەیکوژێت. لە کەوتنی ئاسمانەکاندا لە ئێران و شاخەکانی هەورامانەوە دەگەڕێنەوە بۆ سەلەفییەت و پاکێتی ١٤٠٠ پێش ئیستا، بۆمب بۆ هەولێر و دەسەڵاتی کوردی لەڕێدەرچوو دەهێنن، تا لە ڕۆژی ئالادا باوکی درۆزنمی پێ تیرۆربکەن. دوو ڕۆمانەکەی تریش، *قەبرێکی سێگۆشە*[پیربال، ٢٠١٩]و *گەندەڵی*[حمەئەمین، ٢٠٢٢]، کە توند و زبر و ڕاستەوخۆ، گەندەڵی دەسەڵاتی کوردیی و حزبە کوردییەکان دەردەخەن، یەکەمیان لە زیندان نووسراوە و ناوی ڕاستەقینەی کەسایەتییە سیاسییەکانی کوردستانی هێناوە و دەستنیشانی هەڵە، خیانەت و گەندەڵییەکانیانی کردووە. ڕۆمانی گەندەڵیش، لە ناونیشانەکەوە ڕاستەوخۆیی و خزانی هونەرییبوونی گێڕانەوە دەبینین. کەسایەتییەکانی ناو ڕۆمانەکە و واقیع دەدۆزینەوە، زمان و شێوازەکەشی ڕەنگدانەوەی گەندەڵییە، زمانێک پڕجنێوی ڕاستەوخۆیە، وەک ڕۆماننووس دەنووسێت، هەر بە زمانی گەندەڵی خۆی نووسیویەتی. پوختەی چوار ڕۆمانەکە، گەندەڵی دین و سیاسەت، سەرچاوەی تیرۆری ژیان و بوونی مرۆڤن.

کاتێک ئۆدیب لەگەڵ دایکی دەخەوێت، خوداوەندان توڕە دەکات و بە دەرهێنانی چاوی سزای خۆی دەدات. *کەوتنی ئاسمانەکان*[غەریب، ٢٠١٦]، چیرۆکی خەوتنی ئاسۆ و ئاسکۆڵی خوشک و بران، کە ئاسۆی پەروەردەبووی ناو دنیای زیکر و تەهلیلەی زولێخا و دایکی[خەسوی]، بۆ خۆپاککردنەوە لەو تاوانە، پەنا بۆ ئایین و پیاوە ئایینییەکان دەبات. ئەوانیش تیرۆریستێکی لێدەسازێنن، لەکۆتاییشدا لە هەولێر خۆی بە باوک و منداڵەکەیدا دەتەقێنێتەوە. ئاسکۆڵ و ئەڵماسی

[1] لێرەدا سوودم لە دیدی هیگڵ لەبارەی پەیوەندیی ئاغا و کۆیلە بینیوە، بۆ تێگەیشتن لە دیدی هیگڵ، لە:[کەمال، ٢٠١٦].

دایکی، شێت دەبن و هەمان گروپی ئایینی بە چاودێری زولێخای هاوزیکری ئەڵماس و دوا ژنی موفتی بۆ پاککردنەوەی دنیا لە تاوانباران جەڵدیان دەکەن و دەیانکوژن. لە تەنیشت ئەم هێڵی گێڕانەوەیەدا، چیرۆکی فوادی باوک، کە دوو ژنی هەیە، بێئەوەی لای هیچیان بڵێت، کە ژنی تری هەیە، کاتێک بۆ سەربازی دەچێت، ژنە تورکمانەکەی دەسوتێت و مناڵەکەی وەک هەڵگیراوەیەک دەهێنێتە لای ئەڵماسی ژنی، لە سلێمانی، پاش زیاتر لە ١٨ ساڵ لە زیندان ئازاد دەکرێت و مناڵێکی دەخەنە باوەش و پێی دەڵێن بوویت بە باپیرە، ئەویش وادەزانێت مناڵی ئاسکۆڵە، پێیدەڵێن، مناڵی ئاسۆ و ئاسکۆڵە، لەم کاتەدا ڕاستییەکەیان پێدەڵێت و خێزانەکە دەڕوخێت، کۆمەڵیش بیماردەبێت.

ئەوەی لەم ڕۆمانەدا گرنگە گەندەڵبوونی کەسێتییەکان و شکان و هەڵوەشاندنەوە و دروستکردنەوەیانە لەلایەن گروپە تیرۆریستییەکان. فواد کەسێتییەکی عاشق و درۆزنە، سەرچاوەی خراپە و ڕاگرتن و هەڵوەشاندنەوەی خێزانە، هەروەک دەسەڵاتی بەعس و زیندانی ئێران سەرچاوەی ڕووخانی فوادن. ئەڵماس و ئاسکۆڵ قوربانی درۆی پیاوانن، چ پیاوی دینی، چ مێرد بۆ ئەڵماس و باوک بۆ ئاسکۆڵ. زولێخا سەرچاوەی ئیمان و سێکس(شەهوەت) و تیرۆرە. دەنگی زیکری سەرچاوەی ئاوهاتنەوەی لاوانە. پێگەی زولێخا خزانی دنیای زیکرە بۆ تیرۆر، خۆشەویستییە بۆ ئارەزووبازی. "زولێخا...هەموو شتێکی ئیماندارانە بوو، جلە ئەستوور و پانوپۆڕەکەی، لەچکە نێوچاوانگرەکەی، دەستکێشەکانی، تەنها دەنگی، دەنگی ژنێکی هەبوو شێتی پیاوبێت. ئەو دەنگە پیاویش شێت دەکات...ئەو دەنگە شەڕی ئیمانی بەرز و شاخئاسای ناخی ئاسۆ دەکات"[٨]. لەناو ئەم دەنگە و کەوتنی بەهۆی خەوتن لەگەڵ خوشک، ئاسۆ پێیدەخزێتە ناو شەهوەتی ئیمان و پاکبوونەوە. پاش خەوتن لەگەڵ خوشکی، دنیا و مرۆڤەکان بۆ ئاسۆ پیس و بۆگەن و گڵاوە، ئاسمان و خودا سەرچاوەی ڕزگاریی و پاکبوونەوەن. "ئاسۆ شاری وەک کوفر و بەڵا و تاوانێک دەدیت کە کەوتۆتە سەرشانی. ڕقێکی قووڵی لە مرۆڤەکان بوو، کە وەک میکرۆب و ڤایرۆس بە دەمارەکانی شاردا بڵاوبوونەوە. لە دڵەوە هاواری کرد.

- تۆ بۆچی دەژیت مرۆڤی گەندەو تاوانکار؟

- تۆ بۆچی دەژیت مرۆڤی گوناهکار و دۆڕاو؟[...]

ئەو ژیانە کورت و بێمانایەت بۆ چییە؟ ئەو خانووە گەورانەت بۆ چییە؟ سەیارەو کەیفی چی؟ خوێندن و گەوادیت لەچی؟[...] دەنگی ئەمیرەکەی دێتە گوێ:

- شەهیدی خودا، هەولێر بۆگەنی کردووە. دەبێ وەکو برینێک کێمەکەی سەری لابەرین. ئەو نەخۆشە و هاوار دەکات. تەنها تۆ و ئیماندارەکانی هاوڕێت ئەو هاواری زوڵم و خەتایە دەبیستن.

تۆ دەبێ دکتۆرێکی دڵڕەق بی و بەوپەڕی بێڕەحمی کێمەکەی سەری ببڕیت. تۆ دکتۆری خودای، دەبێ دنیا لەو مرۆڤە کێمانە پاکبکەیتەوە"[١١-١٢]. لەجیهانبینی گروپە تیرۆریستییەکانەوە دنیا و مرۆڤەکان گەندەڵ و ونبوون، ئاسۆش بەو تاوانەی کردویەتی ونبووە، بە پەروەردەی ئیسلامی نەرمەتوندەوە، وای لێدەکرێت هیچ نەبینێت و هەموو شتێک ببینێت؛ ئەوە ببینێت، کە ئەوان دەیانەوێت. خراپی خەڵک و دنیا و ڕێ لێونبوونیان، بە ئاسۆی هەمەبینی پەروەردەکراو چاکدەکرێت، بە خۆتەقاندنەوەی لە تاوان پاکیاندەکاتەوە و چاویان پێدەکاتەوە. "ئەو هیچ نابینێ... ئەو کەس نابینێ، تەنها عاشقی ناوی خودایە. تۆزێکی دیکە، زۆر لەو هەورە ئیمانداره زووتر بە ئاسمانەکاندا دەچێت و دەگاتە بەر قاپی پەروەردگار. لەو جەستە پیس و گوناهکار و بۆگەنە ڕزگاری دەبێ"[٤]، ڕزگاربوونی ئاسۆ هاوشانە بە ڕزگاریی دنیا، ئەمەش ڕەهەندێکی پێخزانی دینییە، کە خۆلێبوونی ئیماندارە بە خوداو بڕیاردانە بە ناوییەوە، لەبەرئەوە لە نیشاندانی گوتاری تیرۆرەوە بۆ گەندەڵبوونی دنیا، گوتاری ڕۆماننووس ئاراستەی گەندەڵبوونی تیرۆرە بە کوێری و ڕێویڵێ دینی و دنیایی. ڕۆمانەکە هێشویەک وێنەی تاکی کوردمان نیشاندەدات، کە بە ئایدۆلۆژیا و ئەجێندای وڵاتانی دەرەکی پەروەردە و ئاراستە دەکرێن، جگەلە نیشاندانی پەشێوی دەرونی کەسایەتیی تاکی کورد لەناو ڕووداوە سیاسیی و دینی خێزانییەکاندا.

### ٧. لە گەندەڵی دەسەڵاتی کوردییەوە بۆ گەندەڵی کەسێتیی کورد

گەندەڵی بە ماسکی سۆفیگەرییەوە

"لە ڕەحمی تۆوە بۆ زیندان گەشتی ژیانی من بوو دایکە. نە عاشقێکی فەرهادیم لێ دەرچوو، نە ئیماندارێکی زاهیدانە"[چۆمانی، ٢٠٢١]. ئەم دێڕە کورتکراوەی ژیانی کەسێتیی سەرەکی و کۆڕووداوەکانی ڕۆمانی *تەونی بریا* 1یە. کەمال گەنجێکی یاخی و ناڕازی باشووری کوردستانە، بەهۆی بەشداری خۆپیشاندانی ١٧ی شوبات و کۆکردنەوەی واژۆ بۆ لابردنی سەرۆک، لەلایەن هەمان ئەو هێزەی باوکی تێیدا پێشمەرگایەتی کردووە، زیندانی دەکرێت و لە زانکۆ دەردەکرێت و موچەی شەهیدانەی باوکی دەبڕن. ڕۆمانەکە لە وێنەی دەسەڵاتی کوردیی لە باشوور، بەهۆی پەیوەندیی سێکس و خۆشەویستی کەمال و هوما بۆ نیشاندانی وێنەی کورد لە تورکیا دەچێت2.

---

[1] ـ ڕۆمانێکی درێژی فرەچیرۆک و فرەڕەهەندە، لێرەدا تەنیا ڕەهەندێکیم وەرگرتووە.

[2] ـ بەهۆی سنوورداری باسەکەمانەوە ناپرژێین باسی وێنە و وێنای کورد لە تورکیا بکەین، بەڵام ئەم ڕۆمانە و *داگیرکردنی تاریکی* دیارترین ڕۆمانی کوردین، کە ئاوڕیان لە بوون و وێنەی کورد لە دیدی تورکەکانەوە دابێتەوە، لەبارەی وێنەی کورد لە داگیرکردنی تاریکی، بڕوانە:[عوسمان، ٢٠٢١]

شکستی پەیوەندییەکە و تێکشکانی دەرونی، کەمال دەکاتە کوردێکی داعشی کوردکوژ. وێنەی کوردی باشوور لەبەرگی داعش، وێنەی گەندەڵێتیی شێوەیەکی ئایین و دەوڵەت و کەسێتیی کوردمان بۆ دەردەخات. هاوکات ڕۆمانەکە لە ڕێگەی دکتۆر فەرهاد، کە پزیشکی دەرونییە، وێنەی گەندەڵبوونی ئایدۆلۆژیای پەکەکەمان نیشاندەدات، هەموو ئەم شێوانەی گەندەڵبوونیش بە بەرگ و ڕەهەندی سۆفیگەریی ڕووپۆشکراوە.

کاتێک کەمال لە تورکیا بە دەرونێکی شێواوە دوای هومای خۆشەویستی دەکەوێت، عیماد-تەتەری شێخ و نوێنەری گروپی داعش هەڵیدەگرێتەوە و دەیباتە خزمەتی شێخ. لێرەدا مەبەستمانە ڕەهەندە عیرفانییە توندڕەوەکەی ئەم گروپە نیشانبدەین، کە بونیادی ڕۆحی و جەستەیی کەمالی پێدەسازێننەوە. عیماد، کەمال وەک کوێر و خۆونکەر دەناسێنێت و ئەرکی خۆشی بەرامبەر بە خودا و شێخ وەک بەرپرسیار لە ڕزگارکردنی نیشاندەدات. عیماد، بە کەمال دەڵێت: "مرۆڤ وایە چاوی لە هەرچی ڕاستییە دەنوقێنێ...تۆ چاوی ڕۆحی خۆتت سووژنئاژن کردووە...شتێک لە تۆدا هەبوو لە کەسی ترم نەدیوە. زۆربەیان دەخنکێن و تا دەمرن لەو پیسی و چەپەڵییەی دنیا نایەنە دەرەوە، بەڵام هەر کە تۆم بینی دەمزانی بەشی ئەوە هەناسەت پێ دەمێنێ لەو خنکانە بێیتە دەرەوە"[٢٣٧]. دەرهێنانی کەمال لەناو وێرانەی دنیای ناوەوە و دەرەوە، پەروەردەکردنەوەیەتی بۆ بینینەوەی هەردوو دنیاکە بە جۆرێکی تر، ئەمەش سەرەتا بە پەروەردەی ڕۆحیی و دەرونی دەستپێدەکات، عیماد دەڵێت: "ئەم وەقفە پڕیەتی لە برای دینی دڵپاش و مەردانە...ئێوە ئەرکێکی پیرۆزتان لەسەر شانە، دەبێ لێرە ئامادەبکرێن. ڕۆحتان پەروەردە بکرێت و ئەو شوێنەش بۆی دەچن هەر خۆی ڕاهێنانی جەستەیی دەبینن...دەبێ پێشین خڵت و پڵتی دنیایی لە ڕۆحتان بگیرێ"[٢٤٠]. ئەمە وەقفی سۆفییەکانە، "ئەو 'سۆفی'یانەی لە هەموو لایەکی وڵاتەوە ڕوویان تێ دەکرد"[٢٦٧]. پاش ئەوەی عیماد دنیایەک وێنای پیرۆزیی و گەورەیی شێخ بۆ کەمال دەچنێت، "شێخی ئێمە یەک پارچە لە نوورە، چاکیش نەبووبیتەوە هەر چاوت پێی بکەوێت دڵت دەبووژێتەوە"[٢٤١]، کەمال شێخ وەک ڕۆحی خودا لەسەر زەوی دەبینێت و ئارامی لە دەرونیدا هەستپێدەکات،"هەستی دەکرد یەکەمجارە لەوەتەی هاتووەتە ئەم شارە تنۆکێک دڵنیایی و هەدا بنیشێتە سەر دڵی و هەست بکات لە ئەمان دایە...وەها بیری دەکردەوە شێخ بە کەراماتەکانییەوە دەکارێ پەی بە ڕیواقەکانی ڕۆحی ببات و هەناسەی خوداوەند بکاتە جەستەیەوە"[٢٤٨].

ڕوانگەی ڕۆمانەکە بۆ گروپی داعش و تەنانەت پەکەکەش ئەوەیە، کە تورکیا و تورکچێتی سەرچاوەیین. نەبوونی ئازادیی و سوکایەتی بە کورد سەرچاوەی خەباتی پەکەکەیە. ئایدۆلۆژیای

تورکیاش سەرچاوەی داعشە "'تاکە یەک میللەت، تاکە یەک دەوڵەت، یەک ئاڵا و یەک وڵات' کەمال بە دەم گوتنەوەی ئەم هەموو 'تاک'انە پێیوابوو ئیمان و بڕوای 'تەوحید'ی بەهێزتر دەکات"[٢٦٧]. پیرۆزی تورک و شێخ و ئەرکی دەوڵەتی ئیسلامی پێکەوەگرێدراون و هێزێکی سەروسروشتی پێبەخشیون، لەبەرئەوە سەرچاوەی ترس و ئومێدن، عیماد بە کەمال دەڵێت:"کونجێک نییە دەستمان پێی نەگات! ئێمە دەوڵەت، میت، سوپا، خەڵک و دارو بەردین تێدەگەیت! کە شێخمان ڕۆحی خودا و خەلیفەی خوداو لەشەجەرەی پێغەمبەرەکەی بێت دەتوانین هەموو شتێک بین و لە هەموو شوێنێکیش بین"[٢٧٤].

کەمال لەسەر دەستی شێخ دەبێتە سۆفی و دنیایەکی جیاوازتر لە کوردبوونی پێ ئەزموون دەکات، وای لێدەکات ڕقی لە نیشتمان، خەڵک و ڕابردووی ببێتەوە."تۆزی -گونا-هو-تۆ-زو- گەن-دی-کورد-بوون-ت لێ-دا دەکوتم"[٢٧٢]. شێخ بە سەفەرێکی دەرونی و ڕۆحی کەمال دەبات، ئێستا و ڕابردوو، خەون و شۆڕشی کورد بە جۆرێکی تر نیشانی کەمال دەداتەوە. شێخ لێی دەپرسێت لە کوێی، کەمال دەڵێت: "'لەنێو ئاپۆرەدام شێخم، ئاپۆرای نارەزایی خەڵک، لەنێو ئەو شۆڕشگێڕانەی خەونمان بە دنیایەکی دادپەروەرانەترەوە دەبینی، لەنێوان سەدان گەنجی پڕ خەون و بێکاردا، لەنێو خەڵکی بەشمەینەت و برسیدا. ئەوانەی هەم برسی نانن و هەم برسی ئازادی'، 'لەنێو ڕۆڵەی ئەواندا کە باوکتیان کوشت و سواری دایکت دەبن'"[٢٧٤]، لێرەدا جگەلە نیشاندانی وێنەی ڕەخنەگرانەی باشووری کوردستان، ئەگەری بینینی وێنەکە بە گۆشەنیگای جیاواز و خواستی شێخ دەرخراوە، "'نا شێخم، باوکم شەهیدە، ئەوانیش هاوخەباتی بوون.' 'شەهادەت تەنیا لە مردن لەڕێگەی خودا وەدیدێت. باوکتیان لەشاخ کوشت چونکە داوێنپیس بوو، چووبایەتە هەر دێیەک گوناهێکی دەکرد...ئەوانەشی کە کوشتیان ئێستا قەستیانە تۆ لەنێو ئەو ئاپۆرایە دەربهێنن، ئاپۆراکەش دەیانەوێ تۆ بە دەستەوە بدەن...هاوخەبات! هم. خەبات لەپێناو خاچپەرست و مەجوسی و زایۆنیزم، خەبات بە عەقڵی ماسۆنیەت و بەقەستی تێکدانی جیهانی ئیسلامی؟'"[٢٧٤-٢٧٥]. ئەم دیدە کە دنیا و مرۆڤەکان وەک دوژمن وێنادەکات، لە واقیعی داعشدا بەرکارە، بەکاربردنی سۆفیگەریش ڕووپۆشێکە.

لەناو ئەو کەشە دەرونی، ڕۆحییەی شێخ و سۆفی و دەروێشەکان بۆ کەمالی دروستدەکەن، کەمال هەست بە بۆشایی دەکات و بەپێدانی پلەی سۆفیەتی و هەڵگرتنی نوتفەی شێخ دەکرێتە داعشێک بۆ جەنگ لە دژی کوردە کافرەکان، "پیرۆزت بێت ئەم مەرتەبەیە سۆفی کەمال...سۆفی و دەروێشەکان ئەلقەی زیکریان لێ گرتبوو. حەی...حەی. حەی ئەڵڵا...[شێخ:] تۆ تا ئێرە دڵ و دەروونت لەهەرچی پیسی و گوناهە پاککراوەتەوە، بەڵام هێشتا هیچ چرایەکت لەناخدا هەڵنەکراوە، ئەگەر بێتو ئەو چرای نوورە

لەناخت هەڵنەکرێ دیسان دەبیتەوە پەناگەی گوناه و تاوان...'شێخ دەستی بردووەتە بەنەخوێنەکەی...'[شێخ:] تۆ دەبێ تا ئەو نوتفە نوورینەی من دەتکێتە ڕۆحتەوە دەمی پێوە بنێیت...شێخ بەدەم خوێندنی وێرد و زیکرەکانەوە تەکانی داوە، لینجاییەک بە گەرووی کەمالدا چووەتە خوارەوە"[٢٧٨-٢٧٩]. ئەم دیمەنە1 قێزەونی و تراژیدیای داعشی نیشانداوە، کە سێکس و کچفرۆشی، ئایدۆلۆژیای دژەکورد، تێهەڵکێش بە پیرۆزیی و سۆفیگەری کراوە و وەک دەروییەک بۆ مرۆڤە ساویلکە و بیمارەکانی وەک کەمال خراوەتەگەڕ. ئەوەشمان بیر نەچێت، کە لە واقیعی ناو ڕۆمانەکەدا کەمال مرۆڤێکی خوێندەوارە.2 پاش ئەوەی کەمال دەبرێتە بەرەکانی شەڕ، لەوێ بە گوللە خۆی و ڕابردووی دەکوژێت، ئەمەش دیمەنی کوردکوژییەکی هەژێنەرە، کە ئیمان و کوفر و نەخۆشی بوونەتە سەرچاوە، "سێی مانگی ئۆکتۆبەر گەیشتبوونە کۆبانێ...کەمال لەو شەڕەدا هەر چەکدارێکی بەرانبەریان سەری دەردەهێنا لەوێنای براکەی، دایکی، کەسوکاری دەهاتە بەرچاوی...تەقەی لە ڕابردووی خۆی دەکرد. دەستڕێژی لەو زمانە دەکرد شەڕڤانەکان پێی دەدوان"[٣٣٤].

لە تەنیشت وێنەی کەمال، بە گرنگی دەزانم، ڕەهەند و وێنەیەکی تری ئایدۆلۆژی -سۆفیگەری جیاواز لە داعش لە ڕۆمانەکەدا بخەمەڕوو، کە دەکرێت بە سۆفیگەری شۆڕشگێڕیی و ئایدۆلۆژی ناوبنرێت، ئەمەش لەڕێگەی نیشاندانی کەسێتی دکتۆر فەرهاد لەناو پەکەکە. فەرهاد نموونەی ئەو دکتۆرە دەرونیە کوردەیە، کە تورکچێتی دەریدەپەڕێنێت و دەیکات بە شەرڤان، بەبێ ئەوەی ڕێگەبدات شەڕ و توندوتیژی بە هەر پاساوێک بیکات بە بکوژ و ڕەسەنیەتی لێبسەنێتەوە. ڕۆماننووس لە ڕێگەی دەنگی فەرهادەوە دیدی ڕەخنەگرانەی ئایدۆلۆژیای پەکەکە و لە دەنگی جەنگیز و هەڤاڵەکانیشەوە ڕەهەندی سۆفیگەری ئایدۆلۆلۆژیای پەکەکەمان نیشاندەدات، وەکچۆن ئایدۆلۆژیای تورکچێتیی وەک سەرچاوەی داعش نیشاندراوە. هەر ئایدۆلۆژیایەک کار لەسەر دروستکردنەوەی ئەندامەکانی دەکات، سەرەتا ناوی فەرهاد بۆ زنار دەگۆڕن، دواتریش دەیانەوێت دید و تێڕوانینی بۆ دنیا بگۆڕێت، جگەرخوێن بە دەم ڕێوە بە فەرهاد دەڵێت: "کاتێک بڕیاری شەڕ دەدەیت نابێ زۆر بیر لە ئاشتی بکەیتەوە...کە گەیشتین فێر دەبیت چی هەقە و چی ناهەقە"[٢٨٥-٢٨٦] دیدی ئایدۆلۆژیا خۆسەپێنەکان ئەوەیە، ڕاستی دروست دەکەن، دەیخەنە باوەشی خۆیانەوە. ئایدۆلۆژییەکان تاکە

---

[1] ـ لە هەردوو ڕۆمانەکەدا سێکس و تیرۆر جوان چنراوە، ئەمەش لە بۆشاییەوە نەهاتووە، بەڵکو لەو واقیع، دەق و ڤیدیۆ و بەڵێنە سێکسبازییانەوە دێت، کە ئەم گروپە تیرۆریستییانە دەیدەن. ئەگەر گروپە تیرۆریستییەکان گەندەڵکردنی دین بێت، ئەوا گەندەڵی سیاسی و حکومڕانی کوردیش لەم باکگراوندە سێکسیە بێبەری نییە، کە ئاماژەمان بۆی کرد.


[2] ـ لە واقیعی ناو داعشیشدا پلە و پێگەی جیاواز لە خوێندەوار و بڕوانامەدار هەن، بەڵام لە گوتاری ڕۆمانەکەدا دەرونپەشێویی و نائومێدی و شکست بەڕێگەیەکی سەرەکی کەوتنە ناو ئەو گروپە دانراوە.

وەڵامدەرن و ڕاستیش بۆ خۆیان قۆرغ دەکەن و هەر دیدێکی جیاوازیش بە مەترسی دەزانن و ڕەتی دەکەنەوە. کاتێک فەرهاد بۆچوونێکی جیاوازی هەیە، بەمجۆرە وەڵامی دەدەنەوە،"ئەم بۆچوونە جگەلەوەی لەناو شۆڕشدا جێگەی نابێتەوە هاوکات خزمەتێکی مەزن بە سەرمایەداری دەکات. کە ئامانجی کوشتنی ڕۆحی شۆڕشگێڕانەیە"[٢٩٢-٢٩٣]، فەرهاد پێیوایە کێشەی ئەم ئایدۆلۆژیایە لەم تاکێتی و خۆبێهاوتابینییەدایە، "ئەوەی لێی دەترسا هەر ئەوەبوو، ئایدۆلۆژیا و پرەنسیپی حیزب و شۆڕش هەموو شتێکی تاک و بێ هاوتا دەوێت. تاکە یەک سەرۆک، تاکە دنیابینی و ڕوانینێک. یەک ڕەنگ و کۆمەڵگەیەکی پێکهاتوو لە ملیۆنان مرۆڤی هاوشێوە، کە بە یەک سەر بیردەکەنەوەو هەموویان یەک چاویان هەیە بۆ ڕوانین لە دنیا"[٢٩٤]. هەر لەم دیدە سرک و نائایدۆلۆژییەی فەرهادەوە پرەنسیپە ئایدۆلۆژییەکانی حزب و شۆڕش، کە ڕەهەندی سۆفیگەرانەی تێدا کارایە، بە فەرهاد دەوترێتەوە.

جگەرخوێن بەمجۆرە پرەنسیپەکانی حزب و شۆڕش و ئایدۆلۆژیا بە فەرهاد دەڵێت، کە هاوشێوەیی نێوان بیرکردنەوەی گروپی داعش بۆ کەمال و جگەرخوێن بۆ فەرهاد دەبینینەوە، "پێویستە هاوشێوەی هەموو گەریلاکان کە تازە دێنە نێو ڕیزەکانی ئێمە لە ئەکادیمیا پەروەردەیی ببینیت. ئەو مرۆڤەی دێت دەبێ لە خەوشەکانی کەسایەتی پێشووی، لە ژیانی ڕابردووی، زیهنیەت و بیرکردنەوەی خۆی دابماڵرێت...شۆڕشی ئێمە دنیابینییەکی تایبەت بەخۆی هەیە و دەبێ هەموومان بەوپێیە ڕەفتار بکەین. ئەمە پرەنسیپە...بەرلە هەر شتێک وەک سەرۆک گوتی 'دەبێ شەڕ لەگەڵ نەفسی خۆی بکات'. بەسەر خۆی و ویستە بەخووبووەکانی زاڵ ببێت. شۆڕش سەرەتا لەناخۆی خۆت دەست پێ بکەیت".[٢٩٤] لێرەدا زاراوەکان گۆڕاون، ناوەڕۆکی گوتار نزیکن، هەڵوەشاندنەوەی ئەوەی بوویت و هەیت، دروستکردنەوەی ئایدۆلۆژیانە بۆ ئەوەی ببیت بەوەی پرەنسیپەکانی حزب دەخوازێت، حزبە دەڵێت، چی بکە و چی مەکە، بانگەشەی ئەوەش دەکات، کە چی دەبێت و چی نابێت.1 دیدە سۆفیگەرییەکەی ئایدۆلۆژیای پەکەکە باشتر لە جگەرخوێنەوە گوێمان لێدەبێت، کە بە فەرهاد دەڵێت:"دەبێ لەدایک ببیتەوە. ئەو فەرهادەی بوویت دەمرێت...ئێمە دەیکوژین بۆ ئەوەی زنار لەدایک ببێت".[٢٩٤]. کوشتن و لەدایکبوونەوە یەکێکە لە بنەماکانی سۆفیگەری، دروستکردنی زنار لە فەرهاد هەمان بنەمایە، بەڵام بەناوی پەروەردە و ئەکادیمیای حزب و ئایدۆلۆژیا. فەرهاد بە

[1] ـ وەک ئاماژەم پێداوە ئەم چوار زاراوەیە لە ناسری سوبحانی وەرگیراوە، کە بۆ پەیوەندی مرۆڤ بە خوداوە دایڕشتووە. پێیوایە، دەسەڵاتی مرۆڤ تەنیا لە چی بکەم و چی نەکەمدایە، بەڵام چی دەبێ و چی نابێ، دەچێتە بازنەی کار و زانینی خوداوە. ئایدۆلۆژیا و حیزبە دیکتاتۆرەکان لەناو بازنەی کار و زانینی مرۆڤ و خوداشدا دەجوڵێنەوە.

زنجیرەیەک دیمەن، ڕەهەندی پەروەردەیی تاکدەنگی و ئایدۆلۆژیاکەمان نیشاندەدات."فێردەکرا کامە تەرزی ژیان شۆڕشگێڕانەیە، کیها هەڵسوکەوت خاڵین لە خوویستی، کام وشەن زرینگانەوەیەکی سەرمایەدارانە و کەیفپەرست و چاوچنۆکانەن، کامە میوزیک شۆڕشگێڕانەیە، کام ئەدەب...کامە تابلۆ گوزارشت لەڕۆحی هاوبەشی چەوساوەکانی دنیا دەکەن...ئەمە شۆڕش نییە، هاوارە...زنار هەر تەرم و خوێن و برینی دەبینی"[٢٩٨]، ئاکامی ئەم هاوار و ئەدەبە، تەرم و خوێن و برینە، بەڵام بۆ حزب خەبات و شۆڕشی ئازادییە، لەبەرئەوە فەرهاد پەشیمانە و ناشتوانێت لەبەر دەوڵەتی تورکیا بگەڕێتەوە، بۆیە بڕیار دەدات"بەدزی هەموو دکتۆر فەرهاد لەکونجێکی تاریکی ڕۆح و ویژدانی خۆیدا پەنا بدات و نەهێڵێت بمرێت"[٢٩٩].




فەرهاد بە گیانی پەشیمانیی، بەڵام هاوشان بە هەڤاڵانی، بەتایبەت شیرین، کە کەمانچەژەنێکە، بە کاریگەری ئایدۆلۆژیا دەڵێت، ئێستا چەکەکەم کەمانچەکەمە[٣١١]، دژی داعش شەڕ دەکەن، هاوکات چیرۆکی شیرین و فەرهادێکی نوێ بەهۆی حەرامی عەشق لەم ئایدۆلۆژیایە دەکوژرێت، سەرئەنجام فەرهاد بریندار دەبێت و بە موعجیزە ڕزگاردەبێت و بڕیاردەدات واز لە شۆڕش و چەک بهێنێت، فەرهاد بە هەڤاڵانی دەڵێت:"من شەرم لە ژیانێک دەکەم بە مەرگی ئەوانیتر من ئافەرین وەربگرم"[٣٥٢]. بۆیە پێیوایە ئایدۆلۆژیا و ئەم تراژیدیایە بەرهەمی عەشقە، کە ئێمە بوونی خۆمانی لەسەر بونیاد دەنێین و مانا بە بوونمانی لێوەردەگرین، "ئەم عەشقە بۆ ئەوان ئیرەم و ئیمانە، بۆ ئێمە ئازادی و ئایدۆلۆژیایە...ئەم شارانە چەندە بە توندوتیژی، هێندەش لە ئەنجامی ویستی ئازادی وێران بوون"[٣٥٢]، سەرئەنجامی ئەم دیدە ڕەخنەگرییەی فەرهاد بۆ ئایدۆلۆژیا، کە تێهەڵکێش بە سۆفیگەری و ئیمانە، فەرهاد دەکوژن، هەر سەرانی شۆڕش، حزب و ئایدۆلۆژیا دەیکوژن و تیرۆری دەکەن، ئەوەی داعش نەیکرد، شۆڕشگێڕان تەواوی دەکەن. لێرەوە دەردەکەوێت خۆشەویستیی ئیمان، نەتەوە، ئایدۆلۆژیا، غەریزە، دەسەڵاتە جیاوازەکان بوونی مرۆڤ داگیردەکەن، هاوکات دەرونبیماری حزب و ئایدۆلۆژیا، تاکی کوردمان بۆ دەرکەوت، کە تێکشکانی دەرونی بۆ کەمال سەرچاوەی داگیرکردنیەتی لە لایەن داعش و دیکتاتۆری، دەرونبیماری ئایدۆلۆژیای پەکەکەش سەرچاوەیە بۆ کوشتنی فەرهاد، لەبەرئەوە لەم ڕۆمانەدا نێرەرە شۆڕشگێڕیی، ئایینی، ئایدۆلۆژیی و سۆزدارییەکان سەرچاوەی تراژیدیا و گەندەڵی تاک و کۆمەڵی کوردن.

### ٨ـ گەندەڵی پڕبوو لێی دەڕژێ

کاتێک گەندەڵی لە کردەیەکی تاکەکەسی بۆ کۆمەڵ تێدەپەڕێت، کۆمەڵگای گەندەڵ دروستدەبێت، ئاکار و پەیوەندیی، ڕەفتار و بەهاکان بە گەندەڵی دەنەخشێنرێن، هونەر و نووسین و بیرکردنەوە و ڕۆشنبیریی کارناکەن. لەکارکەوتنی ناوەند، کەرت و ڕێکخراوەکان، ئەکادیمیا و پەروەردە، دادگا، پەرلەمان و حکومەت هاوشانە بە داڕووخان، بەکارکردنی بێبەرهەم، بە نائومێدی و هیچ ڕوونەدان و نەگۆڕان، بە سڕکردنی ئازادیی و وەستانی بەها و واتاکان، سەرئەنجام جەستە و ڕۆحی تاک و کۆمەڵ دەشێوێت، سست و سیس دەبێت. کەواتە بە پچڕانی پەیوەندیی ئاکار و سیاسەت، کۆمەڵ گەندەڵ دەبێت، چونکە سیاسییەکان وایان دەوێت. لە گەندەڵی ئاکاریشدا، تاوان، تووڕەیی و قیژە کارادەبێت. خزانە ناو بێواتایی دەبێتە مانا، نووسین و بیرکردنەوەش بێکاریگەر و گەندەڵ دەبێت.[وۆلکەر، ٢٠٢٣: ٨٧] دەکرێت ئەمانە ببنە هۆکارێک بۆ هاوارکردن بەدەنگی بەرز و ڕاستەوخۆ، دوورکەوتنەوە لە نمایش و هونەر، بێزاربوون لە ڕووپۆش، گەر جاشێتیی پاڵەوانێتی بێت، ناوهێنان بۆ شەرم و ترسی بوێت، گەر بوون بە مەقاشی دەوڵەتان و بوون بە ئەویتر ستراتیژ و کاری حزب و حکومەت بێت، گێڕانەوەی ڕاستەوخۆ بۆ خیانەت و دەرچوون بێت. گەر ئازادی بۆ پۆشینی ڕاستیی بێت، بۆ دەرخستنی پۆشەرەکە ئازادی نەبێت. لێرەدا هەندێک دیمەنی *قەبرێکی سێگۆشە* و *گەندەڵی* بەسەردەکەینەوە، کە ڕاستەوخۆ و بەزمانێکی ناهونەریی، ڕووخساری دەسەڵات و دەسەڵاتداری کورد نیشاندەدەن.

لە قەبرێکی سێگۆشە[پیربال، ٢٠١٩]دا چیرۆکی گەنجێکی ناو ئەشکەوتمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە بەدوای قەبری باوکی دەگەڕێت، یاخود بەدوای خود و خودا و نیشتماندا[٢٢_٩٣]. هاوکات بەراوردی مرۆڤی هاوچەرخ و ئەشکەوت لەڕێگەی نیشاندانی گەندەڵی دەسەڵاتەوە دەکات. ئەوانەی لە ئەشکەوت دێنەدەرێ چیتر دیارنامێنن و ناتوانن بگەڕێنەوە. زیندانی ئەشکەوت جوانتر و پاکتر و ڕاستگۆیانەترە لە دەرەوە، "ئەو چەند هاوڕێ بوێرانەشمان کە...بڕیاریان دا جەسوورانە ڕچەی زوهد و گۆشەگیرییەکە بشکێنن و بچنە دەرەوە، بەداخەوە...کوژرا بوون، یان ئیعدام...ژیانی زوهدی ناو ئەشکەوتەکەمان گەلێک شەرەفمەندانەترە لە ژیانی پلۆخ و پارەپەرستی و دڕندانەی ئەوان"[١٦]. لە ئەشکەوت مرۆڤە خراپەکان دەژین، بەڵام شێوە پەشیمانی و خۆپاککردنەوەیەکیان ئەنجامداوە، ئیبراهیمیش وەک سەرکردەی ڕۆحییانە.

فەرەیدون، کە بەدوای فەرەیدونی باوکی لە دەرەوەی ئەشکەوت دەگەڕێت، دەگیرێت و زیندانی دەکرێت. دەرەوە، دەکرێت شار و ناو زیندانی دەسەڵاتی هەرێم، یاخود تورکیا و ئێران و وڵاتێکی عەرەبی، یاخود گەندەڵی و پارەپەرستی و کەلتووری مرۆڤی نوێ بێت. ئەوانەی لێی دەپرسنەوە، کورد، عەرەب، فارس و تورکن، کە دەکرێت وەک نیشانەی بە ئەویتربوونی کورد بیخوێنینەوە. لە ئەشکەوت گەنجێکی ئەسفەهانی بەناوی ئەسفەندیار هەیە، کە ڕۆماننووس بەمجۆرە باسی خوشک و دایکی لە هەولێر و سلێمانی دەکات. "دایکیشی، چۆتە سلێمانی و لەوێ بۆتە جاسووس و جارجاریش گەوادیی بۆ بەرپرسە گەندەڵەکانی یەکیەتیی نیشتیمانی کوردسان دەکرد. خوشکە ناوەنجییە لە هەموویان جوانترەکەشی، لە هەولێر، لە "کۆمەڵگای لاوان"، لە شوققەیەک بەتەنیا دەژیا، سەرکردەی تۆڕێکی نهێنی ئەو ژنە جاسووس و لەشفرۆشە زۆر جوانانە بوو کە لە بۆکان و تەورێز بە تایبەتیش لە تارانەوە پەیوەندییان پێوە دەکرد؛ ئەویش بەگانی دەدانە بەرپرسە گەندەڵەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بەرامبەر بە (٣٥٠) دۆلارێک"[١٢]. ئەم وردەکاریی و بێماسکیە، بە ماسکی حزب پۆشراوە، بەڵام ڕۆماننووس لەمە دوورتر دەڕوات و ڕاستەوخۆ ناوی بەرپرسەکانیش دەهێنێت"لە ڕۆژی ئەو مفاوەزاتە لە (سووررداش) لەکاتێکدا (عیزەت دووری) و (بەرزان التكريتي) لەگەڵ (نەوشیروان مستەفا) و (مام جەلال) و (عومەری سەید عەلی) لە کۆبوونەوەدا بوون لەپێناو چارەنووسی کورد، ئەندامێکی مفاوەزاتی کوردی ئەو وەفدە بەناوی (حسێن سنجاری)...مەژغوول بوو ژنێکی سستەری سلێمانییەیی دەگا...لەو کاتەدا سێ پێشمەرگە کاتێ لە کونی پەنجەرەوە دیبوویان؛ یەکسەر کردبوویانە هەڵڵا! خۆش ئەوەبوو...چوار ڕۆژ لەسەر ئەم شاهیدییە خرانە زیندانەوە"[١٠٥].

فەرەیدوون بەهۆی پێگەی باوکیی وەک ڕۆشنبیر و بیرەوەرییەکانییەوە ڕاستەوخۆ و بەناوهێنان باسی خیانەت و خۆفرۆشی حزبەکان و کەسایەتییە سیاسیی و ڕۆشنبیرەکان دەکات، بۆ نموونە باسی حزبگۆڕی و مامەڵەکان دەکات، "کۆنە پەکەکە و شیووعی و سەر بە بزوتنەوەی ئیسلامی بوون و لەژێرەوە ببوونە پارتی یان "کۆمەڵ"ی سەر بەجمهووریەتی ئیسلامیی ئێران. هەندێکیشیان جاران کۆنە جاش و "هەلپەرست"و ڕەفیق حیزبی، هاتبوون ببوونە یەکیەتی و پارتی، یان شیووعیی کوردستانی و سوشیالیست و باڵی زەحمەتکێشانی سەر بە جەماعەتی "پیاویکی دەنگ نووساو"-بەبیرم نایە ناوی چی بوو-. ئی واش هەبوو لە دکتۆر مەحموود عوسمان جودا ببۆوە بەڵام وەک (عەدنان موفتی) بە (مام جەلال) هەڵنەخەڵتابوو یەکسەر بیکاتە(بەرپرسی مەڵبەند) بەڵکو چووبوو حیزبێکی سەربەخۆی بەتاقی تەنیا دانابوو، شازدە ئەندام و سێ پاسەوانی چەکدار و

بارەگایەکیشی-عەینەن دوکان- بەپارەی "پارتی" دامەزراندبوو، هەموو پێنجشەممەیەک هەرچی ژن و گەنجی فێمینیست و ڕۆشنبیر و "ئافرەتی جواننووس" هەبوون لەوێ کۆدەبوونەوە باسی خوداو ژن و پیاوسالاری و شەرع و سێکس و پێغەمبەریان دەکرد"[١٠٦-١٠٧]. تەنانەت ڕۆماننووس لە ڕەخنەکردنی دەسەڵاتداران زمانی تەنز بەکاردەهێنێت، کاتێک باسی ئاشبەتاڵی مەلا مستەفا دەکات، لە زاری کەسایەتییە حزبیە جیاوازەکانەوە، دەڵێت، کە مەلا باوکمانە، یەکێکی تریش دەڵێت: "ئەدی دایکمانی نەگا"[١٠٩]. هاوکات وەک گوتاری ڕۆماننووس لە ڕەخنەی شکستی حزبی کوردی دز و نەتەوەفرۆش، بۆچوونی وایە، کە پێویستە خەڵک خۆیان لیست دروست بکەن"لیستی تەلەبە و گەنج، کرێکار و مامۆستا..."[١١١]، ئەم بۆچوونەش لە کۆڕێکدا لەلایەن سەرۆ قادری کۆنە شیووعی بەپارتی بوو بە ژەهر وەسف دەکرێت، هەڕەشەی ئەوەش دەکات گەر بیکات بە کتێب، ئەوا "بە هەموو گەنجە پارتییەکان و ئەندامەکانی دەزگای ڕاگەیاندنی خۆمانم گوتووە بەتایبەت لە(کەلار) و لە(قەڵادزێ) هەموو نوسخەکان لەبازاڕ بکڕن و بیانسووتێنن!"[١١٢]، لە کاردانەوەدا باوکی کێری دەردەکات و دەڵێت، با من سەرەتا "میزێک بەچڕوچاوە حیزەکەتدا بکەم"[١١٣].

ئەمانەی سەرەوە بەشێکی بچووکن لەو زمان، شێواز و گێڕانەوانەی لەناو ڕۆمانەکەدا هەن، ناوی دەیان بەرپرس و کەسایەتی سیاسیی تر دەبات، ئەمانەشی بە بەرگێکی هونەری لە زیندانیدا چنیوە، کە لە ڕێگەی دەنگ و ڕەنگی پۆستاڵەکانیانەوە دەیانناسێتەوە و ناویان دەهێنێت. هاوکات چیرۆکی باوک و چیرۆکی عاشقبوونی خۆی کردووە بە چوارچێوەیەکی هونەریی و گوتارێکی نەتەوەیی، کە نێرەری لە ڕەهەندە ناهونەرییەکەی پاراستووە. بەڵام بۆ ڕۆمانی گەندەڵی ئەم بەرگریکردنەمان پێناکرێت، خودی ڕۆماننووسیش ئەم مەبەستەی نییە.

لە ڕۆمانی گەندەڵی[حەمەئەمین، ٢٠٢٢] زمان و داڕشتنێکی بەربەرەڵا و ناهونەریی و نەچنراو هەیە. بەرەڵا لە باسکردن و بەیەکەوەنانی گەندەڵی کەسەکان، بەبێ ئەوەی چنینێکی هونەریی و چیرۆکێکی پتەو هەبێت، بەشێوەی تاوتاو و سەربەخۆ گەندەڵی کەس و دام و دەزگا و مێژووی ئەم وڵاتە دەنووسێتەوە، وەک ڕۆسۆ پێیوایە دەسەڵات و سیاسییەکان هۆکاری گەندەڵبوونی تاک و کۆمەڵن.[وۆڵکەر، ٢٠٢٣: ١٨٦] گەندەڵیش بۆ کورد بووەتە مۆدێل، کەلتوور و شێوەی ژیان. گێڕەرەوە سەگێکە بە زمانی گەندەڵی و لەسەر ڕاسپاردەی(وەسیەت) سەرۆک، کە خۆی سەگی ئەوە، هەرچی گەندەڵی حزبە لە کۆن و ئێستادا دەگێڕێتەوە، ڕاستە ناوی واقیعی کەسایەتییەکان نەهێنراوە، بەڵام خوێنەری لێرەژیاوی ئاگادار کەسێتییەکانی ناو ڕۆمانەکە لە واقیعدا دەناسێتەوە. ڕۆماننووس لەدەیان شوێن چەند شتێک دووبارە دەکاتەوە، ترسی لە کوشتن، وەکچۆن سەرۆکیان کوشت، ئەمەی

دەینووسێت وەسیەتی خاڵەیە،"مۆپسی پاشا من تازە فریا نەکەوتم، بەس تۆ چیرۆکی ئەم بێقیمەتانەی چواردەورم بگێڕەوە."[١١] هەر سەرۆک یان خاڵە گوتوویەتی بە زمانی بۆگەن بینووسە، "گەندەڵی بۆگەنە، شتی بۆگەنیش بەزمانی ڕازاوە باس ناکرێت"[١٢]، هاوکات لە چەندین جێگە سەگی گێڕەرەوە داوای لێبوردن لە خوێنەر دەکات، بۆ ئەو زمانە پڕ جنێوە، کە ئەمە لە شکۆی ڕەچەڵەکی سەگی گێڕەرەوە دادەبەزێنێت، چونکە ڕەچەڵەکی بۆ ئیمپراتۆریەتی چین و ئەوروپاییەکی عەقڵانی و مۆدێرن دەگەڕێتەوە، نەک ئەم شێوە و زمانە بازاڕییەی ئێرە، بەڵام گەندەڵی و وەسیەتی خاڵە هۆکاری شێوەی نووسینەکەیە، لەبەرئەوە سەگێتی لە هەموو ئاستەکاندا بەرزتر لە گەندەڵەکان دانراوە.[1] ڕۆمانەکە زیاتر لە ٦٠٠ لاپەڕەیە و بەرگی یەکەمیشە، لێرەدا تەنیا دیمەنگەلێکی بەو زمانەی خۆی نیشاندەدەم.

نێرەر سەرۆکە و وەسیەتی کردووە، بەڵام ناکۆکییەکی واتادار هەیە، کە ئاگری گێڕانەوە ئەستۆی نێرەریش دەگرێتەوە، واتە خاڵە سەرۆکی گەندەڵەکانە، گەندەڵییەکانیشی بە میهرەبانی و توندییەوە نیشانداوە. هاوکات نێرەری دەرەوەش، کە سازێنەری نێرەری ناوەکییە و ڕۆماننووسە، دەنووسێت: "چیرۆکەکانم دەبێتە ماڵ وێرانی و ئاشکراکردنی سەدەها حەیاچوونی ناشرین لەم دەڤەرەدا، ئەو حەیاچوونانەی لە کوونی قوز و قنگەوە دەستپێدەکەن، تاوەکو دەگەنە کوونی بۆریی نەوت و گازی ئەم مەملەکەتە"[٢٩]. ڕۆمانەکە لە ئاهەنگی ماسی برژاندنەوە دەستپێدەکات، کە ماستاوچی، ئەندام مەکتەب سیاسی، کۆنسوڵی ئەوروپی و ئەمریکی و لەشفرۆش و ئەندام پەرلەمان، هونەرمەند، چالاکوان، میدیاکاری ئازاد، ئۆپۆزیسیۆنی هەژاران بەشداری تێدا دەکەن و عەزی دە هەزار دۆلاری دەپۆشن، کە لە لەندەن و شانسلیزیی پاریسەوە بۆیان دێت[١٦]، کاتێک باسی لەشفرۆشی ناو ئاهەنگەکە دەکات، دەنووسێت:"ئەم بۆتۆکسەوانانە ژنانێکی هەژار و لێقەوماو نین...ئەمانە هەموویان خاوەن بڕوانامە و پلە و پۆست و دەسەڵات و ماڵوێرانکەری ئەم میللەتە هەژارەن. زۆربەیان ئەندام پەرلەمان و ئەندام پۆپ و ئەندام لقی سەوز و کۆمیتەی مۆر و هۆبەی سەوز و مقەڕی خوشکانی خوداناسی و تەنانەت وەزیر و گزیر و ڕاوێژکاری وەزارەتی دەرەوە و دارایی و ڕۆشنبیریی و ئاوەڕۆ و زێرابن."[١٧] ئەمە تەرزە نەرمەکەی زمان و شێوازی گێڕانەوەی ڕۆمانەکەیە. کاتێک باسی شۆڕشگێڕەکان دەکات، دەنووسێت: "ڕەمزەکانی شۆڕش برا و دایکی خۆیان بۆ بێگانە بە گان داوە، گەوادییان بۆ بەعسییەکان و شیعەکان و ئەمریکییەکان کردووە.

[1] ـ ئەوەشی لێدەخوێنینەوە، ئەوەی لێرە و لەناو دەسەڵاتدا بێت، با ئەوروپیش بێت، هەر گەندەڵ دەبێت، لەڕۆمانەکەدا چیرۆکی دەیان کۆنسوڵی دەستتێکەڵی بە دەسەڵاتدارانی هەرێم گێڕاوەتەوە، کە گەندەڵن.

مەبەستم گەوادی ڕاستەقینەیە نەک گەوادی سیاسی...وەک خاڵە گەورە دەیگووت'لەقنگی دایکیانەوە بە گەوادی سیاسی لەدایکبوون"[١٩]، یان دەنووسێت: "شۆڕشگێڕیی حەفتا و هەشتاکان، ئێستا بوونەتەوە سەرۆک هۆبە و مۆبە و لق و مق و جق و نق و خاوەن کۆمپانیای دەرمان و خاوەن قومارخانە و قەحبەخانەی نهێنی و کۆمپانیای هاوردەکردنی کچان لە ئۆکرانیا و ئێران..."[٤٣]. کاتێکیش باسی گەدەی سەرۆک دەکات، دەنووسێت: "هەق وایە بخرێتە مۆزەخانەی شتە عەجایبەکانی دونیاوە. بێگومان وەک هیلاکترین و بەهێزترین گەدەی دونیا نمایش بکرێت"[٢٠]. هاوکات بە هەمان زمان گەندەڵی و ماستاوچێتی شاعیر و ڕۆشنبیر، مامۆستا، مەلا، هونەرمەندەکان، بەسەر دەکاتەوە، "ناکرێت...وەک تڕی بن گۆم بڕۆم و چیرۆکی ئەو قەشمەریات نووسەی هەشت موچەی هەبوو گۆڕەوشار بێت، کە عەسران لە یەکێتی ڕۆشنبیرانی کوردستان بەسەر خەڵکدا دەیشیڕاندو ئێوارانیش...لەخوار قاچی خەسووی خاڵە گەورە دابنیشێت و پێی بڵێت، ئەڵا تۆ بە ڕۆماننووسی لەدایکبوویی...خەسوو...وەک عادەتی خۆی بۆ خۆشی وردە تفی دەباراندە ناوچەوانی سەرۆکی ڕۆشنبیران و ئەویش قاقا پێدەکەنی و دەیگووت'زیاتر خانم، زیاتر، تفی تۆ عەتر و ئیلهامی تەنزەکانمە"[٢٣-٢٤].

سەبارەت بە ناوی شوێن، پێگە و پۆست و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، هەمووی بەو زمانە ناوناوەتەوە، ناوی هەندێک لە مەکتەب سیاسییەکان بەمجۆرە، دەبات "کۆبوونەوەکە پڕ دەبوو لە چڕتی زەبوور ئەڵمانی فایداری کۆنەبەرماوە خۆر و گەوادی دێرینی موخابەراتی بەعسیەکان و ناوبڕی تڕی مەلا سەعیدە پیری نەمساوی فایلدار و پرخەی فەتاحی وسوە کوێری گەندەڵ و قسە قۆڕەکانی فیفی عەبدەی قومارچی و کۆنە گەوادی بەعسیەکان...بڵەبڵەکانی حاکم قەدری کە بە(قەدری تاپۆ)ناسراوەو جیکەجیکی (نازە بۆتۆکساوی) کە حەزدەکات بە شەونم خان بانگی بکەن"[٧٨]، بە کۆبوونەوەی مەکتەب سیاسیی دەڵێت:"کەرگەوز"، بە پەرلەمان دەڵێت:"جیفرکخانە"، بە میدیا دەڵێت:"زەڕخانە-سوکخانە"، بۆ ڕۆژنامەنووس و میدیاکاری گەندەڵ"ڕۆژنامەباز و زەڕباز" بەکاردەبات، ڕەخنەی توندیش لە میدیای ئازاد و ئۆپۆزسیۆن دەگرێت، پێیوایە پیاوی دەسەڵاتن و سەرنووسەرەکانیان، گەنجە بەستەزمانەکان دەکەن بە خۆراکی حزب و بەرپرسان، هەر خۆشیان یەکەم کەسن دەچنە سەر تەرمەکانیان و دەیکەن بە مانشێت و ساڵانەش خەڵاتی ڕاپۆرتلێدەرە جەلادەکانیان دەکەن.[٢٤٦] هەروەها کوردستان وەک گەندەڵستان و پۆستستان پەسندەکات، هاوکات جگەلە ناونانەوەی نێرەر، حزبەکان خۆشیان ناو لە شتەکان دەنێنەوە"هەموو شتێک لەناو ئەم توێژە سیاسیە دز و جەردە و پاتاڵانەدا دوو ناوی هەیە...بە جەماوەریان دەگوت؛ سەگەلەکە، بە

مافی ژنیان دەگووت؛ مافی ناوگەڵ، بە دیموکراسیان دەگوت؛ کەربازاڕیی..."[٢٨١]. نێرەر لە تەنیشت باسی گەندەڵی، باسی خۆیی و پەیوەندیی بە کوردبوونەوە وەک گوتار و هەڵوێست دەکات،"لێتان تێکەڵ نەبێت وابزانن کە ئەم زمانە پیس و پڕ بوغز و جنێوە، خەیاڵی پیسی منە، نەخێر ئەوە زمانی گەندەڵییە کە وەک کرمی پیس لەسەر جەستەی کوردبوون دەژی. لەوانەشە بڵێن؛ تۆی سەگێکی ڕەچەڵەک ئۆرۆستۆکراتی ئەوروپی...چی دەزانیت دەربارەی کوردبوون؟!...بووم بە سەگێکی کورد بە هەموو ئازارەکانی کوردبوونیەوە، بووم بە کورد لەو تایپە ڕۆشنبیرە کلاسیکیەکە، کە کوردبوونی لەلا گەورە و مەزن بوو، کوردبوون لای ڕاکردن بوو لە کوردبوون، بەڵام ڕاکردنێک بوو بۆ پێشەوە بۆ ناو کوردبوون خۆی"[٣١٣]، ئەمە گوتاری ڕۆماننووسە لەسەر زمانی سەگ، کە کوردبوون وەک بەرپرسیارێتی دەرخستنی گەندەڵی دەزانێت، تا ئەو حزب و دەسەڵاتانەی ناو مێژووی کورد بە ناوی کوردبوونەوە کردویانە گەندەڵی بووە، نەک کوردبوون، کوردبوونیش ئازارە، بەڵام ڕاکردن لێی ناڕەسەنییەتە، لەبەرئەوە کوردبوون دژە بە گەندەڵی، گەندەڵەکانیش بارن بەسەر کوردبوون، نەک کوردبن.[1] لەم گێڕانەوە وتارییەوە دەردەکەوێت، دیاردەی گەندەڵی لەم هەرێمەدا پەردەی هونەرییبوونی گێڕانەوەی دڕیوە و هاتووەتەدەرەوە. ئەمەش وایکردووە قەیران بۆ هونەرییبوونی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە دروستببێت.

---

[1] ـ ئەم دیدەی ڕۆماننووس بۆ کوردبوون سوودی لە [کتێبی:بەرگریکردن لە گەلێک]ی عەبدوڵڵا ئۆجەلان بینیوە.

## پاری دووەم: نۆستالژیا و تەکنەلۆژیا

نیشتمان و ماڵ تەنیا شوێن نین، بەڵکو پێکهاتەی هزر و دەرون، ڕۆح و ڕەفتاری مرۆڤیش شێوە پێدەدەن. سەردەمی خێرای ئەمڕۆ قەیرانێکی گەورەی بۆ چەمکی ماڵ و نیشتمان دروستکردووە، ئەمەش بەهۆی تەکنەلۆژیا و ئاسانی سەفەر و کۆچ، کە مرۆڤی ئیستا بەردەوام لەگەڵ دەرەوەی ماڵ لە پەیوەندیدایە، لە موبایل و تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی تا هێڵەکانی گواستنەوە دەرگای دەرچوونن و هاتنی دەرەوەن بۆ ناوەوە. ئەوکاتەی مرۆڤ لە ماڵیشە هەر لە دەرەوەیە. لەم دۆخەدا مرۆڤی سەردەم ئارەزوویەکی زۆری لە گەڕانەوەیە بۆ نیشتمان و ڕابردوو، بۆ ئارامی و نیشتەجێبوون. نۆستالژیا لە ئیستادا هەستێکی چالاکە. داهێنان و بەرهەمهێنانی ئەدەبیش بەبێ دۆخ و ڕەهەندە نۆستالژییەکان ڕوونادات، ڕۆمانیش بەهۆی بونیاد و ڕەگەزەکانی گێڕانەوەوە پشکی زۆری نۆستالژیای بەردەکەوێت، لەبەرئەوە دابڕان، گەڕانەوە و باسکردنی ڕابردوو بەشێکی سەرەکی گرێچنی ڕووداوی ناو ڕۆمان لەخۆدەگرن. هاوکات دۆخی دەرونی، بیرەوەری، خەون، ئەندێشەی کەسێتی بۆ نیشتمان، هاوڕێ و خۆشەویست و کەسوکار پێکهاتەی واتایی نۆستالژیان. گەڕانەوە بۆ شێوە ژیانی ڕابردوو و تێهەڵکێشی دنیای نوێ و کۆن، فۆلکلۆر و کەسایەتی و شت و ئامێرەکان لەناو بیناسازی و ناونان و یاری و ئامێرەکاندا بایەخی خۆی هەیە، بێهۆ نییە لە ئێستادا بایەخ بە ئەسپسواری و ناو و خواردنە کوردەواری و دیزاینی شتە نوێیەکان بە کلاسیک دەدرێت. لە تەنیشت پرسی گەندەڵی لە ئێستادا، ئارەزوویەکی زۆر بۆ پاکی ڕابردوو هەیە. لەنۆستالژیادا خەیاڵ و خەون بۆ داهاتووش، بە ڕەهەندی نۆستالژیا و ڕابردووەوە گرێدراوە.

ئەگەر نۆستالژیا زۆرتر سەر بە ڕابردووە، ئەوا ئاڕاستەی تەکنەلۆژیا داهاتوویی و هاوچەرخە. لەم بەرکەوتنەی نۆستالژیا و تەکنەلۆژیا گێڕانەوە ڕۆڵێکی گرنگی واتایی دەبینێت، کە دەکرێت وەک ململانێی نەوەکان، بەرکەوتنی جیهانی ماددیی و مەعنەوی، سروشت و شار، ئارامی و خێرایی، زمان و جیهانبینی فۆلکلۆر بە شێوە ژیان و جیهانبینی سەردەم بیخوێنینەوە. لەم قۆناغەدا بەردەستبوونی تەکنەلۆژیای مۆدێرن و هاتنەناوەوەی بۆ ناو گێڕانەوەی کوردی بە شێوەیەکی بەربڵاوو هەمەکار و هەمەڕۆڵە. بەشێکی زۆر لە بونیادەکانی گێڕانەوە بە بەشداری تەکنەلۆژیا و ژیانی هاوچەرخ و پێکدادانی بە ڕابردوو و نۆستالژیا بارگاوین. لە ئێستا ئەگەری گێڕانەوە بەبێ ئامێرە تەکنەلۆژییەکان گرانە، خودی تەکنەلۆژیا بووەتە ڕووداوساز، یان جێگەزای ڕووداوەکان، تەنانەت نۆستالژیای تەکنەلۆژیاش دەبینین، چەندین ئامێر لە ئێستادا بوونەتە نۆستالژیا.

خێرایی تەکنەلۆژیا و ئارامی نۆستالژیا دۆخی هزری و دەرونی و ئاکاری جیاوازیان بۆ مرۆڤ دروستکردووە. ئەگەر بەهۆی تەکنەلۆژیاوە سەفەر و گەڕانەوە[1] ئاسان بووە، واتای نیشتمان و ماڵ، دۆخی پەیوەندیی و هەستەکان گۆڕاوە، بەڵام هەمیشە ڕەگەزگەلێکی مرۆیی بۆ خەم و حەسرەت و ئارەزووی ڕابردوونشینی لە گێڕانەوەدا ئامادەیە. بەشێکی زۆر لە ڕۆمانی کوردی خۆی نۆستالژیای خۆی دادەهێنێت، پێکداداانی ڕووداو و کەسێتی و جیهانبینییەکانی ڕابردوو و ئێستا، گەڕانەوە و ڕابردووپەرستی دەسەڵاتی کوردی بۆ ڕاگرتنی دۆخی ئێستا و ویستی دەرچوون لە ئێستا و نەفرەتکردن لە ڕابردوو گرێچنی ڕووداوەکانی دەیان ڕۆمانی کوردییە. هاوکات ئێستای مرۆڤایەتی، بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و شاری گەورە، ئاڵۆزی ژیان و ڕاکەڕاکی پەیداکردنی سەرمایە و پێشبڕکێ، خەم و حەسرەتی مرۆڤ قووڵتر بووەتەوە.[عەبدوڵا، ٢٠١٦: ٢٧]، یان فەزای مەجازی دەستکاری کات و شوێن، کەسێتی و ڕووداوی کردووە، خەم و ئازار و دۆخە دەرونییەکان بەشێکی سەرچاوەکەی بۆ لێکەوتەی پەیوەندییە تەکنەلۆژییەکان دەگەڕێتەوە، لە دەرکەوتنی بەردەوامی هەنوکەوە بۆ ونبوون، چاودێری و کۆنترۆڵ، تا تەنکبوونەوەی کەسایەتی سەردەم و ویستی گەڕانەوە بۆ ژیانی پاکی ڕابردوو و پەیوەندییەکان پێکهاتەی گێڕانەوەی نوێ پێکدەهێنن.

لەم قۆناغەدا، ڕۆمانی کوردی گەلێک سوودی لە پێکهاتەکانی ئەم دوو چەمکە بینیوە، گێڕانەوەی هەندێک لە ڕۆمانەکان لەناو ئامێرە تەکنەلۆژییەکان ڕوودەدەن، بەشێک لە ڕۆمانەکانی عەتا محەمەد لە سەفەر و ناو میترۆدا دەگێڕرێنەوە، لە *چوارینەی ئێستامان*"ڕۆژێک خانی ڕێگای ماڵەوە ون دەکات"، گێڕانەوە و کەسێتییەکان لە پاسێکدان، کەسێتییەکانیش بە ناوی شاعیرە کوردە کۆنەکانەوەیە، ناونیشانی ڕۆمانەکەش خۆی بەشێکە لە نۆستالژیای تایبەت، یاخود ڕۆمانی *شەیتاری* گێڕەرەوە جابی میترۆیە و بەبیرەوەرییەکانی کوردستان و کەسێتییەکانی دەهێنێتەوە ناو میترۆکە. هاوکات هەر لەم قۆناغەدا چەند ڕۆمانمان لەبارەی کەسێتییە تایبەتەکانی کوردەوە هەیە، خانی، نالی، مەولانا خالید، شێخ نوری شێخ ساڵح، دڵزار...، کە ئەمانە بەشێکن لە نۆستالژیای تایبەتی، یاخود چەند ڕۆمانمان لەسەر کۆچ و ڕووداوە مێژووییە نەتەوەییەکان هەیە، کە دەچنە چوارچێوەی نۆستالژیای گشتی و نەتەوەیی. بەسەرکردنەوەی ئەو ڕۆمانانە گرانە، لەبەرئەوە گوڵبژێرمان کردووە و سوود لەپەراوێز وەردەگرین، بۆ ئاماژەدان بە هەندێک لەو ڕۆمانانەی وەریان ناگرین.

---

[1] ـ یەکێک لە دیارترین تێم و بابەتەکانی ڕۆمانی کوردی ئەم قۆناغە، سەفەر و کۆچە. وێڕای چەندین ڕۆمان لەسەر کۆچی گەنجان، دەیان ڕۆمانمان لەبارەی ئێرە و ئەوێی ئەوروپا هەیە، ئەمە جگەلەوەی ڕۆماننووسە دیارەکانی کورد زۆریان تاراگەنشینن یان بوون.

**١. کەرتبوونی شوناس، ئێرە و ئەوێ**

کیمیابارانی هەڵەبجە لەلایەن ڕژێمی بەعس لە ساڵی ١٩٨٨، ڕووداوێکی مێژووییە. وێڕای کۆمەڵکوژی، ئاوارە و پەرتبوونی خەڵکیشی بە تایبەت بۆ وڵاتی ئێران، لێکەوتەوە. هەندێک لە ئاوارەکان لەوێ مانەوە و لەناو خێزان و ژیانی ئێران توانەوە، هەندێکیش ونبوون و ونبوون و چاوەڕوانی دۆزینەوە و سەرەداون. شکۆفە ئەو کچە ئاوارە، ونبووە بە مەهتاب کراوەیە، لەنێوان هەڵەبجە و ئێران، کێیەتی و کێنەبوون، یاخود کامیان بوون: (مەهتاب و شکۆفە)، بیرەوەرییەکانی و ژیانی ئێستای لە تاران، گرێچنی کۆڕووداوی ڕۆمانی *پیاوەکان بە خەونیش نەگەڕانەوە*[نەجمەدین، ٢٠١٨]ی لەخۆگرتووە. ناونیشانی ڕۆمانەکە ڕەهەندی نۆستالژیای لەنێوان پیاو و ژن، جێهێشتن و گەڕانەوەی لەخۆگرتووە، کە پیاوەکان بەڕاستی نیشتمانی ژن و دایک جێدەهێڵن و بە خەونیش بۆی ناگەڕێنەوە. لەدەستدان و ڕۆشتنی خێزان و خۆشەویست بنەڕەتی نۆستالژیای ڕۆمانەکەیە. نێرەری ئەم تراژیدیایە، لە ڕێگەی پەرتبوونی شوناسی کەسی و نەتەوەیی شکۆفەوە ئاڕاستەکراوە و خۆشی وەک بەشێک لە نەتەوەیەکی کیمیابارانکراو بە ئامێری تەکنەلۆژیا بووەتە بکەر. بەشێک لە ڕێگرییەکان لەخودی کەسێتیی و شێوەی ژیانیدایە، بەڵام ڕێگرە گەورەکە جێبەجێکەری کیمیابارانە، کە دابڕانی دروستکردووە، یاریدەدەرەکەش چاوەڕوانی دەرکەوتنی خێزان و خۆشەویستەکانیەتی، کە بە خەونیش ناگەڕێنەوە. چیرۆکی ڕۆمانەکە جگەلە کیمیابارانی هەڵەبجە، زنجیرەیەک پەیوەندیی خۆشەویستییە، خۆشەویستی شکۆفە و باڵانبۆ، شەکیبا و فەرشید، میهران و فەریبا...هێڵی گرێدانەوەی ئەم چیرۆکانەش شکۆفەی ئێرە و ئەوێیە، کە دوولەتبوونی تەنیا نۆستالژییەکی تاکڕەهەند نییە، بەڵکو فرەڕووە، لایەنی ڕۆحی و دەرونی و جەستەییشی لەخۆگرتووە، بە جۆرێک مرۆڤەکانی ئێستای دەوروبەری شێوە دۆنادۆنێکی لەگەڵ ئەوانەی هەڵەبجەدا پێکهێناوە.

چیرۆکی شکۆفە گێڕانەوە و گەڕانەوەیە بۆ نۆستالژیایەکی تاڵی نەتەوەیی وەک کیمیاباران، کە سەرچاوەی دابڕانە لە نیشتمان. بنەڕەتی نۆستالژیاش خەمی گەڕانەوەیە بۆ نیشتمان و ماڵ، دەرد و ئازاری غوربەت و نامۆییە. شکۆفە تەواوی ئەم دۆخ و هەستانە دەچێژێت. هەرچەند ئەو خێزانەی لە تاران لەناویان دەژی، وەک بەشێک لە خۆیان سەیری دەکەن، بەڵام کەسوکاری، خۆشەویستەکەی، جێگە و بیرەوەرییەکانی ئێرەی بەردەوام ئێستا و لەوێی ئێرەی ئامادەن، بە جۆرێک نیشتمان بووەتە ئێرە(تاران) و ئێرەش بووەتە ئەوێ(هەڵەبجە)؛ ئەوێی هەڵەبجە بووەتە ئێرە، ئێرەش وەک ئەوێیە. لەگەڵ ئەوەشدا هەستی لە ڕیشەدەرکێشان و بێبناوانی، دەردێکی کوشندەیە و لێی نابێتەوە، بەردەوام دەگەڕێت و دەپرسێت من کێم، پارچەکانم لە کوێن، کوان دایک و باوک، هاوڕێ و

خۆشەویست، خوشک و برا، "لەم جیهانە پانوپۆڕەدا، هەزاران شار هەیە، ملیۆنەها گوند هەیە. حەوت ملیارو قسوور بنیادەم، ملیۆنەها ڕووەک و باڵندە و ئاژەڵ هەیە، کەچی من ناچمەوە بناوانی...ڕەگیان دەرکێشاوم. تەمەنێکە پەژموورردە و نابەڵەد بەسەر ئەم دنیایەوە دێم و دەچم، لە سەد دەرگام داوە، لە هەزارانم پرسیوە "دایکی من دەناسن؟ گولانی منتان نەدیوە؟..." من کێم؟ کوا ڕەگ و ڕیشەم؟ کوا زوورپییەتم؟ ئەم خوێنە گەرمە کە ئاوا قوڵپ ئەدات کوا سەرچاوەکەی؟ ئەم دڵە بە کەباب بووە کوا عەشقە ونبووەکەی"[٤-٥]. نۆستالژیای شکۆفە چارەسەرەکەی لە دەرەوە نییە، بەڵکو لە ڕۆح و دەرونیدایە، کە ئاوێزانی جەستە و سروشتی بووە.

شکۆفە لە ڕابردوو و نیشتمان هەڵکەنراوە، ناسنامەکەشی لێ ونبووە، بەڵام بە دەر لەو پارچە کاغەزە، شوناسی لەنێوان شوێن و کات، بیرەوەری ناو دوو خێزان، دوو ناودا کەرت بووە، "نازانم شکۆفەی باغەکانی عەبابەیلێم یان مەهتابی ئاسمانی تاریکی قەزوینم"[١٨]، بەراوردی خۆی بەو کەسانە دەکات، کە بە ویستی خۆیان لە ڕابردوو و ناسنامەی ئێستایان ڕادەکەن بۆ ناسنامە و ئایندەیەکی نوێ دەگەڕێن، بەڵام ئەم بۆ ناسنامە کۆنەکەی دەگەڕێتەوە و ئەوەی ئێستا ڕەتدەکاتەوە، ئەوەی ئەوان لێی ڕادەکەن، ئەم بۆی ڕادەکات. "ئەوان خۆیان ناسنامەکانیان فڕێداوە و نایانەوێت بەڕابردووەوە بلکێن و بەلایانەوە گرنگ نییە کوڕی کێن و خەڵکی کوێن...هەموو شتێک لەم دیوی تەلە دڕکاوییەکانی سنوورەوە جێدەهێڵن و وەکو تەنێکی ڕووت تەنیا خۆیان بە ڕووت و قووتی بەشوێن شادمانیدا ڕابردووی خۆیان فڕێ ئەدەن...من وەکو ئەوانم نەکردووە، ناسنامەکەم لەپێناو ناسنامەیەکی دیکە فڕێ نەداوە"[٨]. لەم دۆخەدا نە ئێرە و نە ئەوێ نایگرنە خۆی، لەبەرئەوە ئارەزووی مەرگ دەکات. "هەرچەند دەکەم ناتوانم بچمەوە کانی نواڵە و ئەلبورزیش بەو بڵندییەوە من ناگرێتە خۆی، بالانبۆ نامناسێتەوە...بیاوێڵە دەڵێ من بە ژیانم تۆم نەدیوە...سیروان کەی ئارەزووی لێ بێ بە یەک شەپۆل نوقمی دەکات، منیش غەم و پەژارە کەی بیەوێت نوقمم دەکات...ئیزرائیلیش نایەت"[٩]. هەستی ئەوەی نیشتمان ناتناسێتەوە و تاراوگەش ناتگرێتە خۆی، یاخود تۆ تاراوگە لەخۆتدا دەردەپەڕێنی، ژان و ئازارێکە لە بێکەسی و ونبوون. لە دۆخی نۆستالژیای سەنگیندا بیرکردنەوە لە مردن و ویستی مەرگخوازی ئامادەگییەکی بەرچاوی هەیە، کە لای شکۆفە بەردەوام ئامادەیە و پێیوایە مردنیش لەبیری کردووە، "من ساڵەهایە بانگی مردن دەکەم و نایەت، مردن لە مێژە ئێمەی لەبیر کردووە"[١٣٦].

نۆستالژیا گیرخواردنە لەناو بیرەوەرییەکانی ڕابردوو، چەقبەستن و ئارەزووە بۆ گەڕانەوەی لەدەستچووەکان، لەبەرئەوە نۆستالژیا جۆرێکە لە نەخۆشی خۆبەستنەوە بە نیشتمان و

بیرەوەرییەکان،[نامجو، ٢٠١٨] لەناو هەموو کەسدا هەستی بێکەسی دەکەیت، چونکە شوناسی خۆتت ونکردووە، ئیرادەی دەرچوون و دەستپێکردنەوەی ژیانیش گرانە. "دەمەویت لاپەڕەیەکی تازە هەڵبدەمەوە...گوڵان لێ ناگەڕێ پڕ بە گەرووی بانگم دەکات...لەهەزار لاوە بانگم دەکات...منیش بە ناچاری دەگەڕێمەوە بۆ لاپەڕە کۆنەکانی یادگەم و لوشکە لوشکە دەگریم"[نەجمەدین، ١٩]. تەواوی ژیانی شکۆفە لەناو ئەو خێزانە ئێرانییەدا گەڕانەوەیە بۆ نیشتمان و تێهەڵکێشی شت و کەسێتییەکانی ئێرە و ئەوێن، ڕۆحی باپیری لەو پیاوەدا دەبینێتەوە، کە هەڵیگرتووەتەوە،"دەزانی فەریبا...پێموایە باپیرە ئەشرەفم ڕۆحی ئاوێزانی حاجی مەلای باوکت بووە"[٤٩]، باڵانبۆی خۆشەویستیی، میهرانی ونبووی خۆشەویسیتی فەریبای بیردەخاتەوە، فەریباش وەک گوڵان دەبینێت، "فەریبام...بەئەندازەی گوڵانی خوشکم خۆشدەویێت"[١٣٤]، لەگەڵ ئەم زیندووکردنەوانەدا ئازار و ژانی ڕابردوو زیاتر تەنگ بە شکۆفە هەڵدەچنن، بە جۆرێک تا ئاستی شێتبوون دەیبەن، چونکە دەرپەڕاندن لە زێد تراژیدیایەکە دۆخی دەرونی شێواندووە، ڕۆژێک کە بیری باڵانبۆ دەکات، بێئاگا دەرگا دەکاتەوە و دەڕواتە دەرێ، لە کۆڵانی ماڵی میهراندا خۆی دەبینێتەوە[٦٧]. ئەم دۆخە دەرونییە، کاریگەری لەسەر خۆگۆڕین و خۆبینینەوە لە ئەویتردا دروستدەکات، بۆیە شکۆفە خۆی لێدەبێت بە خوشکەکەی، تەنانەت سۆز و دۆخە دەرونییەکانیشی دەگۆڕێت،"جارجارە خۆم لێ دەبێ بە گوڵان...ئەوسا زۆر ڕقم لە پێکەنینەکەی بوو، بەڵام ئێستا بیری پێکەنینەکەی دەکەم"[٢٢-٢٣].




ڕەهەندێکی تری نۆستالژیا دابڕان و گەڕانەوەیە لە ئێستاوە بۆ ڕابردوو، تەواوی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە ئەمەی تیا پەیڕەوکراوە، شکۆفە لە گەرمەی ژیانی ئێستادا ڕابردووی بیردەکەوێتەوە و لە ئێستا دادەبڕێت، "ئاگام لە فەریبا نەما و هاوارم دەکرد باڵانبۆی جوانخاسم... لەناو جەرگەی تارانەوە باڵای بەرزی باڵانبۆ دەبینم"[٦٧-٦٨]. ئەم گەڕانەوانە، وەستان و تێهەڵکێشی کاتی ئێستا و ڕابردووە.

**٢. بەرکەوتنی تەکنەلۆژیا و نۆستالژیا**

شکۆفە بۆ گەشت و گەڕان بۆ ئێران نەهاتووە، یاخود بە ویستی خۆی نیشتمانی جێنەهێشتووە، تا وەک پەناهەندە بژی، ئەوانەی بە ویستی خۆیان لە ماڵ دەردەچن، دەکرێت وەک میوان بۆ کوێیان بوێت بچن، یان ئەو شوێنە بکەن بە ماڵ یان لەوێش ماڵێک دروستبکەن. زۆرن ئەوانەی بەناوی میوانییەوە بوونەتە خاوەن ماڵ، یان لە ماڵی ئەواندا ماڵی خۆیان لەبیرکردووە. ئەمانە دەکرێت جارجار بۆ نیشتمانە کۆنەکە بگەڕێنەوە، ئەمڕۆ بەهۆی تەکنەلۆژیاوە نمایشی ئەو

دیوە زڕەنۆستالژیە چالاکە، "جەزائیرییەکان لەپاڵ بورجی ئیڤڵدا وێنە دەگرن و لە فەیسبووک پۆستی دەکەن و دەنووسن"جەزایری جوان زۆرت بیر دەکەین." هەندێکیشیان بیری ناکەن، ئەسڵەن لەبیری خۆیان بردووەتەوە...دەی من گوناهم چییە؟ خۆ بەویستی خۆم نەبوو، شنەبای ژەهراوی بەدووم کەوتبوو"[نەجمەین، ١١]. ئێستا تەکنەلۆژیا هەموو دنیای بەیەکەوە بەستووەتەوە، شکۆفە ونبووە و کەسوکاری نادۆزێتەوە، لەبەرئەوە پەنادەباتە بەر تەکنەلۆژیای نوێ بۆ پەیوەندیکردن تا لەوێوە بدۆزێتەوە یان بیدۆزنەوە، بەڵام ئاکاری تەکنەلۆژیا بەجۆرێکە گاڵتەی پێدەکرێت، لەگەڵ هەر زەنگێکی موبایلدا خورپە و ئومێدێکی دەداتێ، "ئەلو ئەلو...خورپەیەک بە دڵمدا هات، بۆ چەند ساتێک هەستم کرد دایکمە، دوای ئەو دابڕانە درێژە بە پرسیار و سۆراغ کردن گەیشتووەتە ئێرە...

"تۆ شکۆفەی؟."

"بەڵێ، بەڵام تۆ خۆت نەناساند."

"بەحەوت پشتمدا بچمە خوارێ تۆ هێشتا نامناسیتەوە."

"کەوایە چیت لە من دەوێت؟."

"تەنیا یەک پرسیار تۆ خوشکی گوڵان و گێلاسی؟."

"من یەک خوشکم هەبوو، ناوی گوڵان بوو."

"بەداخەوە."

"تۆ..تۆ..ئەلو ئەلو...."

تەلەفونەکە داخرایەوە و نەمزانی کێ بوو، لەگەڵ شەکیبا و فەریبا زۆرمان هەوڵدا وەریبگرینەوە نەمانتوانی، هەنگ چۆن دەوری شیرینی دەدات ئەوها دەوری تەلەفونەکەمان دابوو، بیست جارمان تەلەفون کردەوە و بۆمان وەرنەگیرایەوە...حەزم دەکرد بگریم...لەوەدابوو هاوار بکەم ئیتر من بوومەوە بە شکۆفە، دەگەڕێمەوە هەڵەبجە"[٣٠-٣١]. تەکنەلۆژیا ڕۆڵی دووسەرە دەگێڕێت، لەلایەک نمایشی نۆستالژیا، هاوکات زیندووڕاگری برین و ئازارە، وادەکات بەردەوام ئامادەی زەنگ و خورپە بێت، خێراییەکەی لە خێرایی دۆخە هەستییەکان دەچێت، لەپڕ و بێوادەیە.

ئەمە دیوە گشتیی، تاکەکەسی و پێویستییەکەی تەکنەلۆژیایە، بەڵام لایەنە تاریک و هێرشبەرەکەی سەرچاوەی وێرانکاریی و دەسەڵاتخوازیی ئەویترە بەسەر مندا، فڕۆکە و چەک و بۆمبی کیمیایی تەکنەلۆژیایەکی دەوڵەتییە، کە زەنگ و دەنگی مەرگی بۆ کورد و هەڵەبجەییەکان پێیە، وەک مەرگ خێرا، ڕێونکەر و ژیانبەرە، نازانێت بەرنامەی تۆ چییە و دەتەوێت چی بکەیت، ژن دەهێنیت، منداڵت دەبێت، دەچیت بۆ سەیران،"باوکم سوێندی بۆ خواردبووم نەک باران، بەفر و بەردیش بباریێ ئەو سەیرانە دواناخەین...سەیرانی ئازادییە...بێ ترس و بیم هەڵدەپەڕین[...] بۆمباکان

خێراتر گەیشتنە سەر زەوی...تەپوتۆزی بۆمباکان ڕێگاکەی لێ ون کردین"[٣٣-٣٤]. ئەمە دوو دیمەنی تێهەڵکێشە، کە تەکنەلۆژیای مۆدێرن بە دەستی ئەویتر بەرنامە و خۆشی منی کورد لەناو دەبات و دەسەڵاتیشی لە ڕووداوە سروشتییەکان زیاترە، کە بەفر و باران هێندەی فڕۆکەکان ڕێگرنین، "بڕیاربوو بەرەو کەناری سیروان بڕۆین، بەڵام بەرەو کەناری مەرگ ڕۆشتین"[٣٦]. ئامرازە تەکنەلۆژییەکانی بەعس خێرا و گشتبەرن، گاز و بۆمباکان لەسەرەوە دەخەنە خوارەوە، وەکئەوەی لای دەسەڵاتێکی سەرو زەمینییەوە هاتبن و منی کوردی نیشتەجێ ئاوارە و مەرگباران بکەن.

تەکنەلۆژیا نەک تەنیا کاریگەری بەسەر پەیوەندییە مرۆییەکانەوە، بەڵکو بەسەر سروشتیشەوەیە. نۆستالژیای گەڕانەوە بۆ سروشتی پاک بابەتێکی گرنگ و پڕباسە، [محەمەدئەمین، ٢٠١٩: ٥] ڕۆماننووس برینداری سروشت بەهۆی چەکە کیمیاییەکانەوە نیشاندەدات، کە دەسەڵاتە بێڕەوشتەکان لێی بەرپرسیارن، "وەکو جاران چێژ لە سەیرکردنی گوڵەباخەکان نابینم، ساڵەهایە قوڕاو دەبارێ، بەفری تازە کەوتووش دێز و چڵکنە، ئاخر گەردوون پیس بووە...وەکو تەنەکە خۆڵی لێهاتووە، هەرچی شتی پیسە فڕێدەدرێتە ئەم گەردوونەوە، خەردەل، تابۆن، سارین، ڤی ئیکس، ناپاڵم، باروووت"[نەجمەدین، ٧٧]. چەکی کیمیایی جوانیی سروشت و مرۆڤەکان لەناودەبات، شکۆفە خۆشەویستی باڵانبۆیە، بەهۆی ئەو چەکانەوە جێگەزای بیرەوەرییەکانی لە بەین دەچن، "تازەکی گیان لەسەر سنگی باڵانبۆ سەری دەرهێنابوو...سەریان دەرنەهێنا و بۆنی خەردەل ڕەگ و ڕیشەیانی ژەهراوی کرد. بۆنی سارین و تابۆن کۆڵانەکەی خنکاند، کانی عاشقان جوانی و ڕەونەقی جارانی نەما، درەختەکان وشکبوونەوە...ژەهراو بە گەرووی سیرواندا چووە خوارێ"[٨٢]. چەکە کیمیاییەکان تێهەڵکێشی بۆن و دەنگی سروشت، جەستە و ڕۆحی شکۆفە بوون و بیرەوەری دەوروژێنن، ناهێڵن لە تارانیش ئارام بگرێت، "گرمەی هەور دەنگی ناپاڵمی بیردەهێنێتەوە...بۆنی خەردەل و تابۆن بە هەموو جەستەمدا بڵاوبووەتەوە"[١١٤-١١٥].

دەردەکەوێت، کە کردەنوێنی بکەر و نێرەر یەکتر تەواودەکەن، شکۆفە نوێنەرەوەی کیمیابارانی هەڵەبجەیە و دۆخ و شێوازەکانی نۆستالژیای تاکەکەسی و نەتەوەیی لە ئاستی جیهانبینی، جەستە، ڕۆح، سروشت و پەیوەندییەکان دەچێژێت و دەنوێنێت. تەکنەلۆژیاش دیوە تاریک و ئامرازییەکەی دەسەڵاتی بەعسەو سەرچاوەی کۆمەڵکوژی و دابڕان و تاراوگەی هەڵەبجەییەکانە. لەم سەردەمەشدا نمایشکەر و فریودەر و بریندارکەری دەروون و ڕۆحی کەسێتییە. تەکنەلۆژیا چالاککەری چەند دۆخێکی نۆستالژیی و بیرەوەری بزوێنە، دەیەوێت هەنوکەیی و چالاک بێت، بەڵام شکۆفە هێندە بە ڕابردوو و لایەنی ڕۆحییەوە پەیوەستە، بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای لە ژیانی ڕۆژانەیدا سستکردووە.

### ٣. دیجیتاڵبوونی ژیان و نۆستالژیای مرۆڤ

ژیانی وێنەکان و بیرچوونەوەی ژیان

خۆپیشاندانی ١٧ی شوبات دەکەوێتە ئەم قۆناغەی ڕۆمانی کوردییەوە و لە چەند بەرهەمدا بووەتە سەرچاوەی گێڕانەوە، *ڕۆژێک خانی ڕێگای ماڵەوە ون دەکات*[محەمەد: ٢٠٢١]، نموونەی یەکێک لەو ڕۆمانانەیە. ڕۆمانەکە تێهەڵکێشی جیهانی شاعیرە کۆنەکانی کوردە، هێنان و میواندارێکردنیانە بۆ ئێستا و ئێرە.[1] ئەمەش ڕەهەندێکی نۆستالژیای نەتەوەیی و گشتیی هەیە، کە تێهەڵکێشی ڕووداوێکی مێژوویی و ژینجیهانێکی جیاواز لە سەردەمی خۆیانی کردووە، واتە وێنە و دیمەنگەلێکی شاعیر و ڕۆشنبیرەکانی ئاوێزانی کاتە جیاوازەکان کردووە. وێنەی مرۆڤی کورد و ڕۆشنبیرانی ئێستای بەناوی شاعیرە کۆنەکانەوە بەرجەستەکردووە، کە ئەگەر قانع لەم سەردەمەدا بژی چۆن تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنێت، ڕۆماننووس قانعی هەنوکە دەردەخات. گەڕانەوەی ڕۆماننووس بۆ شاعیرانی ڕابردوو، هاتنەوە نییە بە دەستبەتاڵی، بەڵکو هێنانیانە بۆ ناو شێوەی ژیان و ڕووداوەکانی ئێستا. خانی لە سەدەی٢١ دەژی، دیمەنی ڕۆژی ١٧ی شوباتی دەگوێزێتەوە. خانی بێکارە و بە پاس دەچێتە بازاڕ، بەڵام بەلێدانی قۆناغی تفەنگی چەکدارەکان بەسەریدا تووشی بیرچوونەوە دەبێت و چیتر ماڵی خۆیانی بۆ نادۆزرێتەوە و دەبێتە مرۆڤێکی نامۆ و بێیادەوەریی و بێماڵ. ئەو پاسەی خانی پێیدەچێت بۆ بازاڕ، شۆفێرەکەی حەمدی و ئەدیبانی وەک مەولەوی، نالی، مەستورە، مەحوی، گۆران، هێمن، هەردی و ئەحلام و بەدرخان...سەرنشینین، ئەمە جگەلەوەی حەبیبە و فاتمە و خانزاد و چەند کەسی تر لە وێستگەکاندا سواری پاسەکە دەبن و چەشنە گرێدانەوەیەکی نوێ و هونەریی لەنێوان مەحبوبە و نالی، فاتمە و هەردی دەڕەخسێت. هاوکات هەر شاعیرە جیهانبینییەکی هەیە، کە دەرخەر و ڕەخنەی واقیعەکەی لەسەرکراوە. کردەنوێنی سەرەکی خانییە و شاعیرەکانیش تریش بکەر و یاریدەدەرن، نێرەریش گێڕەرەوەیە، کە هاوجیهانبینی لەگەڵ شاعیرانی ناو پاسەکەدایە و لە کۆتایی ڕۆمانەکەشدا بە نووسینەوەی بیۆگرافیای خۆپیشاندەران مەبەستی گێڕانەوەکە دەخاتەڕوو.

ڕۆمانەکە لە کورتترین ماوەی گێڕانەوەدا جیهانبینی هەریەک لەم کەسایەتییانەی بە بەپێی سەردەمی ئێستا و ڕەخنە و ناتەباییان بە واقیعەکە نیشاندەدات. هاوکات لە ڕێگەی ڕەفتار و شێوەی

[1] ـ یەکێک لە جۆرەکانی نۆستالژیای گشتیی گەڕانەوەیە بۆ کەسایەتییە ناودارەکان، لەم ڕۆمانەدا شاعیرەکان داهێنراونەتەوەو هێنراون، بەڵام چەند ڕۆمانی کوردیمان هەیە، کە تەواوی ڕۆمانەکە بۆ کەسایەتی و شاعیرێکی کورد تەرخانە، لەبارەی نالی زیاتر لە ڕۆمانێکمان هەیە، لەبارەی خانی، مەولانا خالد، دڵدار، شێخ نوری، جەمیل سائیب...ڕۆمان نووسراون.

ژیانیانەوە وێنەی ئێستا و ئێرەی مرۆڤی کوردی کێشاوە، چونکە هەریەک لەو شاعیرانە هەڵگری جۆرە ژیان، تایبەتمەندیی، لێکدانەوە و جیهانبینییەکە. ئەم سەردەمە و ئێستای کوردیش تەکنەلۆژیا ئامادەییەکی بەرچاوی هەیە، لەبەرئەوە ڕەخنە و نیشاندانی وێنەی مرۆڤی کورد لەم سەردەمە دیجیتاڵی و تەکنەلۆژییەدا لە کەسێتییەکاندا بەرجەستەکراوە. خانی پێیوایە بووەتە ژمارەیەکی بێبەها، کە سفرە، چونکە بێکارە، خودی ئەم سەردەمەش هاندەرە بۆ بوون بە ژمارە، ئەمەش واتای ئەوەیە، کە بوونت بەهای نامێنێت و تایبەتێتیت لە دەستدەدەیت. "'مرۆڤ ئەوکاتە لە مرۆڤبوون دەکەوێت، کە دەبێتە ژمارە...ژمارەیەک لەناو ژمارەی ئاوارەکانی جەنگ و کارەساتە سروشتییەکان، ژمارەیەک لەناو ئاماری بێکاراندا...ژمارەکان جەوهەریان نییە و وردەکاریی کەسەکان لەناو خۆیاندا ون دەکەن'. ئەمە بیرکردنەوەی خانی بوو، چەند ڕۆژێک لەدوای ئەوەی بێکاربوو"[٩]. ئەم بیرکردنەوەیە پەیوەستە بەشێوەی ژیانی مرۆڤ لە سەردەمی نوێدا، کە وندەبێت و نابینرێت، تەنیا بەتۆپەڵ و پاکێج و لەناو ڕووداوێکدا وەک هەواڵ و ژمارەیەک باسدەکرێت، لەبەرئەوە ژمارە دنیا بەڕێوە دەبات، خانیش وەک ژمارەیەک دەژی، واهەستدەکات سفرە؛ واتە هیچ نییە، "من تاک و تەنیا نیم، بەڵکو سفرم"[١١]، سفر هەیە و نییە، کاتێک بەهای هەیە، کە ژمارەیەکی تری لەگەڵدا بێت، کە دەشێ ئەو شتە"(کار)بێت"[١٨]، کار بە بەرهەمەوە بەستراوە، بەڵام لێرە بە کاتی خۆفرۆشتن نەک بەرهەمەوە بەستراوە، بەرامبەر بەو کاتە پارە وەردەگریت، خانی ئەو کاتەی کاریشی هەبوو هەستی دەکرد بێکار یان کۆیلەی وەهمی کارە.

خانی بەهۆی پەشێویی واقیع و دنیای کوردییەوە ناتوانێت ئاسایی بژی و لە ئایندە دەترسێت،[١٠] خانی ڕای وایە ژیان لێرە وەستاوە، وەستانی کەسی، پەیوەندی بە مردنی دنیای کوردییەوە هەیە، "ئەگەر پەنجا ساڵ بژی، ئەوا هەروەک ئەوەیە یەک ڕۆژ ژیابێت. وەک ئەوەی ڕۆژەکانی لەبەرگیراوەی یەکتربن...ڕۆژەکانی من لەم وڵاتەدا، وەک ڕۆژی مردووەکان، هەموویان وەک یەک وان و بەردەوام دووبارە دەبنەوە"[١٢]. ئەم هەستگەلەی خانی لە هەستی بوون بە ژمارە و بێبەهابوون تا کۆیلایەتی، مردن و دووبارەبوونەوە، ترسان لە ئایندە...واتای نۆستالژییان هەیە، چونکە جیهانی تەکنەلۆژیا و دنیای کوردی سەرچاوەی نامۆیی و بێواتایی بوونین، لەبەرئەوە چەند بنەمایەک بۆ بوون و ئامادەیی مرۆڤ ڕیز دەکات:

"- هێندەی بڕی ئەو پارەیەی هەمانە، هەین.

- هێندەی ژمارەی ئەو دۆستە نهێنییانەی هەمانە، هەین.

- هێندەی ئەو سەفەرانەی... دەیکەین، هەین.

ـ هێندەی ئەو نەشتەرگەری و مادانە هەین، کە بۆ بچووککردنەوەی لووت و ئەستوورکردنی لێو و سمت و ڕوومەتمان دەیکەین...

ـ هێندەی لایک و فۆلۆوەرانی سۆشیال میدیا هەیەن، کە هەمانن"[٢١-٢٢].

گۆڕانی بنەماکانی بوون لەم سەردەمەدا سەرچاوەی ڕەخنە و نیگەرانی، نامۆیی و هاندانی خانین. "سفری بێکار لە گۆڕەپانێکدا، دەتوانێت وا بکات ڕووداوێک بخولقێنێت"[٢٣]. ئەم گۆڕەپانە بیرخەرەوەی خۆپیشاندانەکانی ١٧ شوباتە، کە بەهۆی ئەو دۆخە نۆستالژییە وجودی و واقیعییەوە ڕسکاوە، کە تێیدا دەژی و ڕەخنەی دەکات. هاوکات هەیمەنەی تەکنەلۆژیا و سۆشیالمیدیا کە بەها و واتا و بوونی مرۆڤی دیاریدەکەن، بەجۆرێک ئامادەیی مرۆڤ لەم ڕۆژگارە پەیوەستە بە ئامادەیی لەناو تەکنەلۆژیادا، ئەمەش سەرچاوەی نۆستالژیای مرۆڤی ئەمڕۆیە. تەکنەلۆژیا دەستکاری بوون و واتا و بەهاکانی کردووە، واقیعی کوردیش وەستاوە و لە وەهمی جوڵە و گۆڕاندا دەژی، لەبەرئەوە لە دیدی ئەوانیتردا تۆ ئەوکاتە هەیت و بەهات هەیە، کە لەناو سۆشیال میدیا چالاکانە هەبیت. خانی ئەمە وەک بەهایەکی دەرەکی، کە ئەوانیتر دەیدەن، دەبینێت، بەڵام بەهای ناوەکی لە بوونی خۆیەوە دەدۆزێتەوە"منیش بۆ خۆم بەهایەکی ترم [هەیە] لە خۆمدا"[٢٤]. خانی پێیوابوو دنیا وەستاوە، بەڵام هێمن بەپێچەوانەوە ڕای وایە دنیا و خۆشی بەردەوام لە گۆڕاندان1، لەبەرئەوە لە بوونی خۆی و دنیا دەترسێت، چونکە خۆی و دنیا بەهۆی گۆڕانی بەردەوامەوە ناناسێتەوە، ئەمەش سەرچاوەی ڕەخنەگرتنە لە گۆڕانی دەسەڵاتدار و مرۆڤەکانی ئەمڕۆ، کە بەهۆی تەکنەلۆژیا و گەندەڵییەوە زوو دەگۆڕێن. دەسەڵاتدارانی ئەمڕۆ لە شۆڕشگێڕەکانی دوێنێ ناچن، مرۆڤی واقیعی لە مرۆڤی ناو سۆشیال میدیا ناچن، هەروەک ئەوەی دوێنێ لایکی فڵان شتی کردووە، ئەمڕۆ لایکی شتێکی دژی ئەوەی دوێنێی کردووە."پارتە دەسەڵاتدار و ئۆپۆزیسیۆنەکانیشی هەر ئاوا دەبینی و دەگۆڕان و ئەوانە نەبوون، کە لە ڕابردوودا هەبوون"[٣٠]. هێمن دەترسێت، واهەستدەکات چاودێری دەکەن، دنیا و خۆی و کەسەکانیشی وەک نامۆ دەبینی، کە بەردەوام دەگۆڕێن، بەڵام"لە ڕاستیدا ئەوە هێمن بوو چاودێری هەموو شتێکی دەکرد"[٣١]. ئەم هەستانە ڕەهەندی نۆستالژی تاکەکەسین و هێمن وەک ڕۆشنبیرێک، چاودێری دنیا دەکات. ڕۆماننووس لەم شاعیرانەوە وێنەی ڕۆشنبیرگەلێکی هاوچەرخمان بۆ دەکێشێت، کە وێنەی واقیعی کورد و مرۆڤی کوردمان بۆ دەکێشن، لەڕێگەیانەوە مێژوو و واقیعی دەرونی و دەرەکی دنیای تاک و کۆمەڵی کوردمان بۆ دەنوسێتەوە، کە چۆن

---

1 ـ سەرچاوەی دیدی خانی و هێمن بۆ هەردوو فەیلەسوفی پێش سوکراتی، پارمەندیس و هیراکلیتۆس دەگەڕێتەوە، کە یەکەمیان نەگۆڕان و دووەم گۆڕان وەک بنەمای بوون دەبینن.[بەرزنجی، ٢٠١٧: ١٧٨]

دەسەڵاتداری کورد گۆڕاوە، بەڵام ژیانی مرۆڤی کورد لە دووبارەبوونەوە و وەهمی گۆڕاندایە، ئەم وەهمەش تەکنەلۆژیا پاڵپشت و یارمەتیدەریەتی.

کەسی سێیەم، کە سواری پاسەکە دەبێت نالیە، ئەو دەتوانێت لە یەککاتدا لە دوو شوێن و پێگەدا ئامادەبێت، لەبەرئەوە نالی لەدواوەی پاسەکە و لەپێشەوەش دادەنیشێت. ڕۆماننووس ئەم تایبەتمەندییەی نالی وەک سەرچاوەی نیشاندانی واقیعی سیاسیی نیشاندەدات. نالی دەتوانێت سەر بە پارتی دەسەڵاتدار و دەنگدەری ئۆپۆزیسیۆن بێت، گەندەڵ و دژە گەندەڵ بێت.[٣٧] خانی ئاوڕ لە نالی دەداتەوە و دەڵێت، ئێستا لە دواوە یان لە پێشەوە دانیشتوویت. نالی دەڵێت، دەکەویتەوە سەر گۆشەنیگات، کە لێی دەڕوانیت.[٣٨] جگەلە واقیع و دۆخی سیاسیمان، هاوکات دۆخی مرۆڤ لەسەردەمی تەکنەلۆژیاش بەمجۆرەیە، کە لە یەککاتدا مرۆڤ دەتوانێت لە چەند شوێن ئامادەبێت.

جیهانبینی مەولەوی، کە ڕۆماننووس بە "بنەما نەگبەتیەکەی مەولەوی" ناوی دەنێت لە ئەرخەمیدسەوە وەرگیراوە، کە "هەموو شتێکی وەک گۆم یاخود حەوزی ئاو دەبینی و پێیوابوو، کاتێک تەنێک دەچێتە ناویانەوە، ئەوا بۆ ئەوەی جێگای خۆی بکاتەوە، دەبێت تەنێکی تر فڕێ بداتە دەرەوە"[٤٣]، مەولەوی خەڵکی کەرکوکە و ڕۆژێک باوکی دەفڕێنن و دەیکوژن، بۆیە ناچار دێنە سلێمانی، کە ئەمەش لەگەڵ بنەماکەیدا دێتەوە، چونکە کە سیاسەتی بەعەرەبکردن لە کەرکوک چالاک دەبێت، ئەوا عەرەب دەهێنن و کورد دەردەکەن،"خێزان، ئۆتۆمبێل و مانگا و سەگێکی ماڵە عەرەبێل، پاڵ بە ئۆتۆمبێل، خێزان، مانگا و سەگێکی ماڵێکی کوردەوە دەنێت"[٤٤]. مەولەوی کەسێکی گۆشەگیر و بێدەنگە، کێشەی لەگەڵ خۆی و دنیا هەیە، لە هەر کوێ بێت، دەبێت بنەماکەی چالاک بێت، کاتێک سواری پاسەکە دەبێت، پێویستە شتێک بخرێتە دەرەوە، بۆیە دۆشەکی شۆفێرەکە فڕێدەداتە دەرەوە، یاخود، کە بارەگای حزبەکان دێنە شارەوە، ئازادی دەکەنە دەرەوە[٤٦]، هەر لەم بنەمایەوە ڕەخنەی تەکنەلۆژیا و ژیانی سەردەم دەگرێت،"بەردەوام ئۆتۆمبێل و کەرەستەکان زۆر دەبن، تا جێگاشیان ببێتەوە، دەبێت مرۆڤ و ئاژەڵ و ڕووەکەکان بکرێنە دەرەوەی ژیان"[٤٥]، ئەم دیدە ڕەخنەیەکی بنچینەییە لە تەکنەلۆژیا، کە ژیانی بوونەوەران و سروشتی پێشێلکردووە، مرۆڤ تەکنەلۆژیا دەهێنێتە دنیاوە بۆ ئەوەی خۆی بچێتە دەرەوە. گۆشەگیری و بێدەنگی، گەڕانەوە بۆ مرۆڤ و سروشت ڕەهەندی نۆستالژی مەولەوین و ڕەخنەی تەکنەلۆژیای سەردەمی پێکردووە.

ڕۆماننووس لەڕێگەی قانع دۆخی ئەم سەردەمە و مرۆڤی بەندی ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان نیشاندەدات. لای قانع مرۆڤ سێ دۆخی هەیە، 'مرۆڤی شل، ڕەق، هەڵم"[٦٩]. ئەم دۆخانە کەسێتیی دیاریدەکەن. قانع وەک کوردێک لە دۆخی شلیدا، واقیعی دنیا و مرۆڤی هەنوکەمان لەناو تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی نیشاندەدات، کە ئەمڕۆ"سەردەمی ڕەقێتی و جێگیری نییە"[٦٩]. مرۆڤ و سەردەمی شل

بەردەوام لە کەوتن و هەستانەوەدایە، بێئێسک و شەفاف و خۆگونجێنە، هەر دەمەو لەسەر ئاواز و بۆچوونێکە، مەبدەئی نییە، "تا مرۆڤ بەرەو دۆخی شلی بڕوات، زیاتر ترس لە ئاینده دەیگرێت و پەیوەندییەکانی بەچواردەوریەوە کاڵ و کاڵتر دەبنەوە و ژیان دەگوازێتەوە ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، قانعیش وابوو، بوونەوەرێکی ڕوون و شل، کە دەتتوانی بەسەیرکردنی ئەکاونتەکانی...هەموو شتێک لەبارەی ژیان و بیرکردنەوە و خەون و خەیاڵییەوە بزانیت"[٧١].

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان مرۆڤی نمایشکارو نائازاد، شلوشێواو و سواڵکەری لایک و کۆمێنت، دروستدەکەن، مرۆڤێک دەوڵەمەندی و بەختەوەری لە دەستی لایکەکانی ئەواندا دەبینێتەوە، ئەمەش خۆونکردنە، "قانع چاوی کردەوە و لەخەو هەستا، هەرلەناو جێگا بە موبایلەکەی...وێنەیەکی جێگای نوستنەکەی بڵاوکردەوە...لەجێگایەکی تردا نووسی: ئێستا حەزم لە گوێز و هەنگوینە. دوات ئەوەی لەبەردەم ئاوێنەی دەستشۆرییەکەدا وەستا و خەریکی ڕیشتاشین بوو، وێنەی لایەکی دەموچاوی گرت و لەئەکاونتەکەی دایبەزاند...بەردەوامیش چاوەڕوانی پۆستی خۆی و کەسانی تری دەکرد تا لایکیان بۆ بکات، یاخود کۆمێنت بنووسێت...بشزانێت چەند کەس لایکی پۆستی ئەمیان کردووە. دواتر...وێنەیەکی بەرچاییەکەی گرت و ئەویشی دابەزاند و لێی نووسی: خواردنێکی شاهانە...لەکاتی لەپێکردنی پێڵاوەکانیدا، وێنەیەکی گرت و لێی نووسی: بەرەو چاوپێکەوتن بۆ واژۆکردنی کارێکی نوێ".[٧١-٧٢] دیمەنی قانع وێنەی مرۆڤی سەردەم و بەتایبەت کوردمان لەناو تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بۆ دەگوازێتەوە، کە نیگەرانی و چاوەڕوانییەکانی لەسەر لایک و کۆمێنتی بۆ ئەوانیتر و ئەوان بۆ ئەم وەستاوە. هاوکات بە وێنەکردنی ژیان، نمایش و ئارەزووی خۆدەرخستن و گواستنەوەی ژیانی تایبەتی بۆ ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەشێکن لە داگیرکاری و دەسەڵاتی تەکنەلۆژیا بەسەر ئیرادە و ئاگایی مرۆڤی کورد، لەبەرئەوە ژیان و بەهاکان واقیع واتایان نییە، گەر نەخرێنە سۆشیال میدیا. لە دیدی ڕۆماننووسەوە ئەمە، خۆونکردن و نامۆییە بە جیهان و بوونی ڕەسەن، کە لە ڕێگەی ڕەخنەگرتن لە کەسێتیی مرۆڤی شلی ئەم سەردەمە، جۆرە ویستێکی نۆستالژی بۆ ژیان و مرۆڤی دۆخی ڕەق بەرجەستەکردووە.

گێڕەرەوە لە دەرخستنی پەیوەندی قانع و تەکنەلۆژیا، ئاماژە بە "هاوڕێی دیجیتاڵی" و "درۆ لەگەڵ خۆکردن" دەکات، کە قانع لەبەر لایک، نۆستالژی فریودەر بەرجەستەدەکات،"وێنەی کۆڵانەکەیانی گرت، کە چەند منداڵێک یارییان تیادا دەکرد و لێی نووسی: بیری منداڵی دەکەم...بەڵام لەناو خۆیدا دەیزانی درۆ لەگەڵ خۆیدا دەکات...کاتێک چووە کورسیی دوای دواوەی پاسەکە، وێنەی پیاوێکی پیری گرت...لێی نووسی: من برینێکم بە جەستەی ئەم ژیانەوە".[٧٣] لەناو جیهانی تۆڕە

کۆمەڵایەتییەکاندا، مەسرەفکردنی وێنە و ژیان تەواوکەری یەکترن. دەرکەوتنی قانع بەمجۆرە ئاماژەیە بە دۆخگۆڕکێ و شلیی مرۆڤ لە جیهانی دیجیتاڵیی، کە خواستەکانی ئەویتر و جیهانەکە تێردەکات، هاوکات خێرایی و بیرنەکردنەوەی قوڵی قانع لە دەرکەوتنە جیاوازەکانی دەبینین، چونکە لایک و کۆمێنت و پۆستی خێرا ئاماژەن بە بڕیاردانی بێبڕیار، هەڵبژاردنی بێبیرکردنەوە، کە ئەمەش بەپێچەوانەی کەسێتیی هەردی شاعیرە، کە لەناو بیرکردنەوە و گریمانە زۆرەکانیدا بڕیاری بۆ نادرێت و بەردەوام دەترسێت، چونکە یاسا و ڕێکخستن نییە و ئەگەری ڕوودانی هەر ڕووداوێک کراوەیە، بەتایبەت لەم وڵاتەدا، کە یاسای تیانییە، "مرۆڤ کە گریمانەی زۆر دانا بۆ شتێک، ڕووبەری ترس لەبەردەمیدا فراوان دەبێت، هەردییش لە ئێستادا دەترسا...لە هەموو شتێک دەترسا کە لە دەرەوەی یاسادا بێت...زۆرجار دەیوت ئێمە لە وڵاتێکدا دەژین، کە فەوزا حوکمی دەکات"[٨٢].

جیهانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و واقیع و دەسەڵاتی کوردی لە پشێوییدا لێکچوون، لەبەرئەوە نامۆیی شاعیر و مرۆڤە یاساویست و بیرڕێکخراوەکان دەبینین. حەمدی ئارەزووی لە ڕێکخراوییە و دژی فەوزایە، بەردەوام شەقام و ئۆتۆمبێلەکانی دەبنە هۆی بێزارکردنی و جنێودەدات، "حەمدی کێشەی لەگەڵ فەوزادا هەبوو، کە وەکخۆی دەیوت ئەم وڵاتە یەک تۆپەڵ فەوزایە و فەوزا بۆتە یاسای ژیان...ژیان بۆ کەسێکی وا لەم شارەدا دەبێتە دۆزەخ"[٨٩]. دەبینین شاعیرەکان بەردەوام لە شتێک هەڵدێن و لەگەڵ واقیعەکە تەبانین، مەحویش نموونەیەکی تری ناو ڕۆمانەکەیە، کە ڕابردوونشینە و کێشەی لەگەڵ ئێستا و ئایندە هەیە، "زۆرێک لە مرۆڤەکان کاتێک خۆیان لەبەردەم ئێستایەکی ناشیرین و دزێودا دەبیننەوە، ئێستایەکی پڕ درۆ و فێڵ و نادادپەروەری، پەنا دەبنە بەر ڕابردوو...مەحوییش وا بوو".[١٢٦] ژیانی ئێستا کە خێرا و پڕجوڵەیە بۆ مەحوی کێشەئامێزە، بۆ بێکەسیش، کە جیهانبینی ئایندەخوازە، گرفتسازە، چونکە ئایندە نادیارە و ئومێدی چاکبوونیشی بەدیناکات، "بێکەس یەکێک بوو لەوانەی پێش زەمەنی خۆیان کەوتوون و لە ئاییندەی کۆمەڵگا و شارەکەدا دەژیان...ژیانی ئەم جۆرە کەسانەش بێ ئازار نییە، چونکە ئەوان لە ئێستا ناڕازین و وێنایەکی تریان هەیە بۆ ئێستا"[١٣٩].

وەک دەردەکەوێت وێنەی کورد لەم ڕۆمانەدا لە جیهانبینی ڕۆماننووس و بکەرەکانەوە لە نۆستالژییەکی سێ ڕەهەندی کاتدا چڕبووەتەوە، کە نە ڕابردوو، ئێستا و ئایندە خواست و خەونەکان بەرجەستەناکەن و لێیهەڵدێن. ڕەهەندەکانی کات لای شاعیرەکان وەڵامگۆی شێوە ژیانێکی ئارام نین، ئەمەش سەرچاوەی نۆستالژیایەکی چڕ و فرەجۆرە، کە بە ئازار و ژیانی دۆزەخی دەورەدراوە، هەربۆیە گۆرانی شاعیر، کە بەدوای چەقی قورسایی شتە ناماددییەکانەوەیە و دەیەوێت کێشەکانی

واقیع بدۆزێتەوە، نائومێد دەبێت،"واقیعی ئێمە وەک چەمکێکی ناماددی لە بیرکردنەوەماندا ئامادەیە، بەڵام وەک بینایەکی گەورە لەبەردەم دارِماندایە...گۆران وای بیر کردەوە، ئەگەر بتوانێت چەقی قورسایی واقیع بدۆزێتەوە، ئەوا دەتوانێت پێشبینی گۆرانکارییەکان و چۆنیەتیی ڕوودانیان بکات، بەڵام لە ئێستادا واقیعی ئێمە زیاد لە چەقێکی قورسایی هەیە، یاخود لەوانەشە هیچ چەقێکی قورسایی نەبێت و وەک میزەڵدانێک یاخود بلقێکی کەف، لەبۆشاییدا بێت."[١٥٧] کردەنوێنە بکەرە تایبەتەکان بۆ چارەسەردۆزی و ڕزگاریی دەوری هەر سێ ڕەهەندەکەی کاتیان گرتووە، بەڵام نائومێدی و ڕەشبینیی، نامۆیی و ئازار دەچێژن، چونکە دەرچە نادۆزنەوە. لە کۆتاییدا دەسەڵاتی کوردی یادەوەری و ئاگایی لە خانی دەسەنێتەوە و دەیکات بە سفر و ویستی بەختەوەریی و ڕزگاری لە هزریدا دەسڕێتەوە، "لەگەڵ پیاکێشانی کلکی دەمانچەکە بەهێزێکی زۆرەوە بە تەپڵی سەریدا، وای کرد مێشکی بە جۆرێک زەرەری بەربکەوێت، کە هیچی بیر نەمێنێت. وەک ئەوەی یادەوەری لاپەڕەیەکی سپی بێت...خانی نەیدەزانی خۆی چییە تا بزانێت خۆی کێیە؟"1[١٧٥]. وەک لە گوتاری ڕۆمانەکەوە دەردەکەوێت، دەسەڵاتی کوردی و تەکنەلۆژیای نوێ دژ و ڕێگرن لە هزر و ویستی ڕزگاریی، چونکە مرۆڤێکی بێیادەوەریی و هەڵچووی کاتی دروستدەکەن. جیهانی دیجیتاڵی مرۆڤی کوردی لە ژینجیهانی ڕاستەقینە دابڕیوە و خستویەتیە ناو نمایشی ژیان و واقیعەوە، دەسەڵاتیش بە لێدان و سڕینەوەی یادەوەریی، مرۆڤی کوردی بێماڵ و نیشتمان کردووە، خانیش وەک بێنیشتمانێک بەدوای نیشتمانیدا دەگەڕێت و نایدۆزێتەوە، ئەمەش بنەمای نۆستالژیایەکی پڕ ئازار و ژانی وجودییە.

### ٤ـ هەڵهاتن لە نیشتمان و دەوڵەتی کوردی لە نێتدا

کورد لەنێوان یادەوەری و بیرچوونەوەدا

خەمی گەڕانەوە بۆ ئەو شتانەی هەمانبووە و ئێستا نیمانە و بەردەست نییە، یان بووەتە بەشێک لە بیرەوەری، بنەڕەتی نۆستالژیایە، بەڵام ئەم ڕۆمانەی ئاوڕی لێدەدەینەوە لە نەبوونی بیرەوەریی و یادەوەرییدا نۆستالژیا دروستدەبێت، ئەمەش گوتارێکە، کە مرۆڤی کورد یادەوەری لاوازە، یاخود لەگەڵ هەر کەوتنێکدا بیری دەچێتەوە، کەوتووە، سوارێکە بە گلان نابێت بە سوار، لەبەرئەوە کێشەی ئەزموونسازی هەیە. ئەمە چەشنە نۆستالژیایەکی لە جێگیرنەبوون و خۆخستنە ناو ئەزموونی ئەوانیتری هێزە جیاوازەکان بۆ ئەوەی خۆی تیابدۆزێتەوە، بۆ دروستکردووە، بەڵام لەگەڵ

---

[1] ـ لە ڕۆمانی جەمشیدخانی مامم[عەلی، ٢٠١٠] هەمان دۆخی بێ یادەوەریی و کەوتن دەبینین، کە دەسەڵاتە جیاوازەکان سەرچاوەی ئەو کەوتنانەن.

هەر هێز و ئەزموونێکدا هێندە ڕۆدەچێت، بیری دەچێتەوە کێیە، لەبەرئەوە نۆستالژیای ئەم مرۆڤە لە نەناسینی بوونی خۆیەوە سەرچاوە دەگرێت، چونکە هەرکات دەیەوێت خۆی بناسێت لە هێز و دیاردەیەکەوە دەئاڵێت، خۆی بیردەچێتەوە و دەکەوێت، دوای کەوتنیش بیریدەچێتەوە کەوتووە.

ڕۆمانی *جەمشیدخانی مامم*[عەلی، ٢٠١٠]، نیشاندانی وێنە و مێژووی کوردە لە ڕابردووەوە بۆ ئێستا لە ڕێگەی کردەنوێنی سەرەکی جەمشیدخانەوە. جەمشید هەڵگری تایبەمەندییەکی فەنتازی، ڕەمزی و واتاییە، کە جورمی نییە و با دەیبات، هەرکاتێک دەکەوێتە خوارەوە وەک مرۆڤێکی تازەلەدایکبووە، ئەوەی زانیویەتی بیری نامێنێت و مێشکی وەک لاپەڕەیەکی سپی لێدێت. لە هەر کەوتنێکدا دەبێت و دەکرێتە هەڵگری بیروباوەڕ و ئایدۆلۆژیایەکی نوێ؛ ئەرک و ڕۆڵێکی جیاواز و ناکۆک نمایش دەکات: وەک کۆمۆنیست، شەڕکەری عێراقی، ئێرانی، ئیسلامیی، پەک، سیخوڕ، قاچاخچی، مۆدێرن، ئاژانسی نهێنی. چیرۆکی جەمشید پەیوەست بە نۆستالژیا و تەکنەلۆژیاوە لەنێو دژایەتییەکی قووڵدایە، بەهۆی بیرچوونەوەوە نۆستالژیای نییە، بەڵام بوونی لەنێو ڕۆمانەکەدا نۆستالژیا و دەرخەرە؛ مێژووی وڵات و نەتەوەیەک نیشاندەدات. ئەزموونەکانی جەمشید لەلایەن سالاری برازایەوە دەنووسرێتەوە. نوقمبوونیشی لەنێو جیهانی نوێ و تەکنەلۆژیا وایکردووە دەرخەری وێنە جیاوازەکانی خۆلەبیربەرەوەیەکی ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بێت. نێرەر ڕۆماننووسە و لەناو ڕۆمانەکەشدا سالارە، لە ڕێگەی کردەنوێنی بکەر، کە جەمشیدخانە وێنەی کوردی لەپەنجا ساڵی ڕابردوو ڕەخنەگرانە نیشانداوە. نێرەر، جەمشید وەک قوربانییەکی ناو سیستم و دەسەڵاتەکان دەردەخات، ناکۆکیی و دژبەیەکییە جیاوازەکانی مرۆڤی کوردیش بەرجەستەدەکات.

بنەڕەتی نۆستالژیای ڕۆمانەکە لەبیرکردنی خود و خوددۆزینەوە و بوونە بە مرۆڤێکی ئاسایی. جەمشید بەردەوام لەخۆی دووردەکەوێتەوە، یاخود لەخۆی دووردەخەنەوە، ئایدۆلۆژیا و دەسەڵات و هێزە جیاوازەکان و تەنانەت ئەزموونەکانی ژیانیش لەخۆی دووردەخەنەوە، لەناو ئەو ئەزموون و هێزانەدا تەکنەلۆژیا، کە بابەتی باسەکەی ئێمەیە، جەمشید بەناوی خۆدۆزینەوەوە تێیدا ون دەبێت. جەمشید لە بنەماڵەی خانە، خۆی کۆمۆنیستە، ئەمەش سەرەتای بەرکەوتن و نامۆییەتی بە دنیای خێزانەکەی[١١] بەڵام یەکەم هێزی کردەکی، کە جەمشید لەخۆی نامۆ دەکات، زیندانەکانی بەعسە، کە لە مرۆڤبوونی دەخات و چیتر تا لە ڕۆژهەڵاتدا بژی نابێتەوە بە مرۆڤێکی ئاسایی. دواتریش هەر بەعس لەشەڕی ئێران و عێراقدا[1] جەمشید دەکاتە ئامێری چاودێری"مامم سوودی لەو فڕۆکە جەنگیانە زیاترە"[٢٧]. لە جیهانبینی بەعسدا مرۆڤ ئامێری کوشتنە.

---

[1] ـ ئەم شەڕەو لێکەوتەکانی لە ڕۆمانی کوردی ئەم قۆناغەدا دیارترین ڕووداوەکانی مێژووە، کە ڕەنگدانەوەی هەبووە.

بۆ ئەوەی پەیوەندی نۆستالژیا و تەکنەلۆژیا لە ڕۆمانەکەدا بەسەربکەینەوە، ئاوڕ لە دەرکەوتنە جیاوازەکانی ئەزموونی جەمشیدخان دەدەمەوە، کە دیارە گوررزەیەک وێنەی پەیوەندیی کورد بە تەکنەلۆژیا و نۆستالژیا دەردەخات. دوای ئەوەی بەعس دەیکاتە ئامێر و دەکەوێتە خوارەوە و لای ئێرانییەکان دەکرێتە ئیمام و بەکاردەهێنرێت، لەوێش ڕزگاری دەبێت و دێتەوە کوردستان و لە ترسی بەعس لەگەڵ برازاکانی دەچنە شوێنێکی دوورەدەست و لەوێ لەتەنیشت پێداویستی خۆراک، پێویستیان بە ڕادیۆیەکە تا هەواڵەکان بزانن[٥٢]. ڕادیۆ ئەو ئامێرەیە، کە پەیوەندیی مرۆڤ بە دنیاوە دەبەستێتەوە. دواتر جەمشیدخان لەبەرگی خوداناس و ئیمانداریکدا دەردەکەوێت و پێیوایە خودای بینیوە، ئەمەش وەک دەرچوون لە نامۆیی و خۆدۆزینەوە دەزانێت. لەم ئەزموونەیدا دژایەتی تەکنەلۆژیا دەکات و سەتەلایت وەک ئامێرێکی شەیتانی نیشاندەدات، کە مرۆڤ لە ڕێگەی ڕاست لادەدات، "جەمشیدخان دەستیدەکرد بە گوتنەوەی ئەو ئامۆژگارییانەی کە بەشی هەرە زۆریان پەیوەندیان بەبیرکردنەوە و تەفسیرەکانی مەلا قاسم بۆ دینەوە هەبوو، وەک ئەوەی موسڵمانان سەیری سەتەلایت نەکەن، ژنەکانیان فێری شۆفێری نەبێت[1]...جەمشیدخان...لیستێکی درێژی لە گیرفانی دەرهێنا و گوتی کە باری تەعالا حەرامیکردوە پیاوان ئەم شتانە بکرن: جلی ژێرەوەی ژنان...کامێرای ڤیدیۆ..."[2][٨٧]. سەرەتای بڵاوبوونەوەی تەکنەلۆژیای بینراو، بەتایبەت سەتەلایت، کێشەی ڕەوشت و دەرچوون لە کەلتوور و دینی بۆ مرۆڤی کورد دروستکرد، کە ڕۆماننووس ئەو گوتارە دینییە داخراوەی لە کردەنوێنە گۆڕاوەکەوە نیشانداوە، کە چۆن دژایەتی تەکنەلۆژیای نوێ دەکات، نۆستالژیای مرۆڤی کورد لە گەڕانەوەی پاکی دەبێتە هۆکارێک کە گروپێکی دینی توندڕەو لە جەمشیدخان بدەن و دواتر هەموو شتێکی بیربچێتەوە، کاتێک لە نەخۆشخانە بەئاگا دێتەوە، دەڵێت: "تا زووە ئەم وڵاتە گووە جێبهێڵین".[٩٤] نۆستالژیای جەمشیدخان بە درێژایی ڕۆمانەکە هەڵهاتن و گەڕانەوەیە لەم زەویەی، پێیدەوترێت نیشتمان، هەرجارێک دەچێتە دەرەوە بیری نیشتمان دەکات، بەڵام سنوورەکانی نیشتمان هەمیشە فرێیدەدەن، بۆیە دەڵێت:"تا لە سنووری ئەم وڵاتەدا بین ناتوانین بیربکەینەوە، هەواکەی بە عەقڵ ناکەوێت"[٩٦]. دوای ئەوەی نیشتمان جێدەهڵێت دەبێتە قاچاخچی و دەگیرێت و پەکەکە و تورکیاش دیسان بەکاریدەهێنن، لەم ئەزموونانەش شکستدەهێنێت و بە یادەوەرییەکی بەتاڵ و بێشوناسەوە دەگەڕێتەوە نیشتمان.

---

[1] ـ نەبن یان نەکرێن.

[2] ـ لە ڕۆمانی غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ، بە دیدی بارۆنی خەیاڵ، بەبێ تەکنەلۆژیا بەهەشت خەیاڵ ناکرێت، "ئێمە وەک مرۆڤی ئەم سەردەمە دەتوانین بیرۆکەی بەهەشتێک بەبێ کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت، بەبێ سەتەلایت، بەبێ فڕۆکەو شەمەندەفەر..بهێنینە پێشچاوی خۆمان".[٥٠٧] ئەمەش دژیەکی گوتارەکانە، کە سەرچاوەکەی بۆ تەکنەلۆژیا دەگەڕێتەوە.

گەڕانەوەی بۆ نیشتمان دەستپێکی خۆونکردنێکی نوێیە لەناو دنیای نوێدا، لەبەرئەوە بڕیاردەدات واز لە خۆدۆزینەوە بهێنێت و دوای دۆزینەوەی نهێنییەکانی جیهان بکەوێت، "بڕیاریدا چیتر بەدوای خۆیدا نەگەڕێت و خۆی بۆ دۆزینەوەی نهێنییەکانی جیهان تەرخانبکات"[١٢٠-١٢١]. جەمشید ئاژانسێکی نهێنی دادەمەزرێنێت و تێکەڵی دنیای ڕۆژنامەگەریی و ئینتەرنێت و سایتەکان دەبێت، "بڕیارێکی سەیریدا، ئەویش ئاژانسێکی نهێنی و تایبەت دابمەزرێنێت...هێڵێکی ئینتەرنێتی ڕاکێشا بۆماڵەوە، لە هەموو ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی وڵاتدا کە ژمارەیان لەسەرو هەزار بڵاوکراوە دەبوو بەشداریکرد"[١٢٢]. وێنەی جەمشید لەم قۆناغەدا وەک بەکارهێنەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، وێنەیەکی تەواو لێکدژەو دەبێتە هۆکارێک بۆ کەرتبوون و شێوەی جیاواز، "بەشەو تا درەنگ لە سایت و بلۆگ و پاڵتاک و ژوورەکانی چاتکردنی ئینتەرنێتدا دەمایەوە، لەو ماوەیەدا کەرتبوونێکی کوشندە و ترسناکم لە هەموو کارەکتەری خاندا بینی"[١٢٤]، ئەم کەرتبوونەی خان بەهۆی تەکنەلۆژیاوە سەرچاوەی ون بوون و چێژە، "لەزەتێکی زۆری لەوە دەبینی کە بەناوی جیاوازەوە لە سایتەکاندا بنوسێت"[١٢٤]. دنیای تەکنەلۆژیا بۆ خان سیحری تێدایە، کە دەتوانێت لە یەککاتدا بە چەند ڕووی جیاوازەوە دەربکەوێت، "'تاکە شتێک لە فڕین سیحراویترە ئەم جیهانەیە'... لە ماڵپەڕەکاندا چەندین ناوی خەیاڵی هەبوو...لە هەندێک ماڵپەڕدا بەناوێک دادەبەزییە سەر نوسەرێک و بەخەیاڵی خۆی چی تۆمەتێک دزێوبایە بۆی دروستدەکرد، هەر خۆی بەناوێکی ترەوە لەماڵپەڕێکی دیدا بەرگرییەکی توندی لەو نوسەرە دەکرد"[١٢٤]. دەرکەوتنی مرۆڤی دووڕوو، تەنک و ئاژاوەچی و خۆشاردنەوەی لەپشت کۆمپیتەر و دروستکردنی چەند وێنە و بەرگی جیاواز بەهۆی تەکنەلۆژیای نوێوە لە دنیای کوردیدا لە ڕێگەی جەمشیدخانەوە نیشاندراوە، "بەچەندین دەنگی جیاواز شەڕی دەنایەوە، شەوێک وەک دینییەک و شەوێک وەک چەپێکی توندڕەو و شەوێک وەک ناسیونالیستێکی کوردی توندڕەو قسەیدەکرد"[١٢٤-١٢٥]. فرەیی پێگە ئەلیکترۆنییەکان و ئاڕاستەکردنیان لەلایەنێکەوە، وادەکات خانیش بەپێی ئەو شوێنە بنوسێت و بیربکاتەوە، هاوکات مانەوە لەم جیهانەدا وادەکات مرۆڤ کاتیشی بیربچێتەوە، لەبەرئەوە خان شەو و ڕۆژ لەناویاندا دەمێنێتەوە[١٢٦].

ئاوێزانبوونی جەمشیدخان بە تەکنەلۆژیا وای لێدەکات نمایشی کەسێکی مۆدێرن بکات، لەبەرئەوە کاتێک موبایل بۆ سالاری برازای دەکڕێت، دەڵێت: "موبایلی بۆ خۆی و یەکێکی بۆ من کڕی...بە منی گووت"زۆر گرنگە لەبەرچاوی خەڵک وەک کەسێکی مۆدێرن دەربکەویت"[١٢٦]. تەکنەلۆژیا سەرچاوەی نمایش و داگیرکردنی بیرکردنەوەی خەڵکە، بە جۆرێک لە ڕێگەی

ئامێرەکانتەوە شوناس و کەسێتیت دیاریدەکرێت.1 خان لە ئاژانسەکەیدا کاری نهێنی دەکات و تەکنەلۆژیاش وەک سەرچاوەیەکی مەترسیدار بۆ ئاشکراکردن و فرۆشتنەوەی ئەو نهێنییانە بەکاردەهێنێت، لەبەرئەوە لەنێو ئەم جیهانە نوێیەدا، مرۆڤەکانی کەلتووری دواکەوتوو دەبنە قوربانی و بەدکارەکانیش دەبنە دەوڵەمەند و سەرچاوەی هەڕەشە "جارێکیان ژنێکی گەنجی زۆر جوان...هەر لە مامم دەپاڕایەوە کە ئابڕووی نەبات، گووتی هەر شتێکت دەوێت لەگەڵ خۆت و خزمەتکارەکەتدا دەیکەم تەنیا ئەو کاغەز و وێنانەم بدەرەوە، بەڵام مامم پێیگووت ئەگەر لەماوەی هەفتەیەکدا پەنجا هەزار دۆلار دانەنێت2 هەموو وێنەکان وەکخۆی لە ئینتەرنێتدا بڵاودەکاتەوە...دوای هەفتەیەک...هەواڵی خۆسووتاندنی ئەو ژنەم بە وێنەوە خوێندەوە"[١٢٩].3 ئەم دۆخ و دەرکەوتن و تایبەتمەندییە جیاوازانەی تەکنەلۆژیا لە واقیع و دەروونی مرۆڤ و کۆمەڵی کورددا دەبینین، بەهۆی درێژنەکردنەوەی نووسینەکە بە کورتی زیاتر وێنەکان نیشاندەدەم.

هاوکات جیهانی تەکنەلۆژیا لەخۆگری ناکۆکی، جیاوازیی، فەوزا و هێزە. خانیش پڕە لە دژیەکی، ناکۆکی و نامۆیی، لەبەرئەوە لەم جیهانەدا بەرگی خانێتی دەپۆشێت و نمایشی خانێکی مۆدێرنی ناو جیهانی نێت دەکات. ژیانی نوێی ناو تەکنەلۆژیا، ئاوێزانی نۆستالژیای خانێتی دەکات و پێیوایە ئێستا بەهۆی ئینتەرنێتەوە دەتوانێت وەک ئیمپراتۆر و دیکتاتۆرەکان هەموو دنیا داگیربکات. سالاری برازای لەم واقیعەدا بەردەوام سەیری ئاسمان دەکات، کە ئاماژەیەکی واتادارە لەوەی جیهانی نێت و تەکنەلۆژیا بیربەرەوەی زەویی و ئاسمانە. سالار سەرقاڵی مامی لەنێو ئەم جیهانەدا بە پڕوپوچ دەزانێت و دەڵێت با بڕۆین لە گوند و بە ئارامی بژین، بەڵام جەمشید سالار وەک ڕۆمانسی دەبینێت و دەڵێت: "ئێستا بەسە ماڵپەڕێکت هەبێت بۆ ئەوەی ئەوەبکەیت، خەیاڵ و عەقڵی هەزاران کەس بەو جۆرە بجوڵێنیت کە دەتەوێت...ئینسان لە جەوهەردا بوونەوەرێکی بێدەماغە و هەرچی

---

[1] ـ ئەگەر لە ڕابردوو، لە ڕۆمانە کۆنەکاندا بوێریی و تایبەتمەندییە مرۆیی و دەروونییەکان پاشناوی کەسێتییەکان بووبێت، ئەوا لەم سەردەمەدا تەکنەلۆژیا ئەو ڕۆڵە دەبینێت. لە کۆندا ئامێرەکانی شەڕ و پیشەکان بووەتە پاشناو(فلانی بیکەیسی، دەبابە، هەلاج...)، بەڵام ئێستا جۆری ئوتومبیل و موبایل و سایت(جەمشیدی ئاژانس، غەفاری ڤیدیۆ)، ئەو ڕۆڵە دەبینن.

[2] ـ نەهێنێت

[3] ـ لە چەند ڕۆمانی کوردیدا ئەم دیاردەیە و هاوشێوەکانی وەک دانانی کامێرای نهێنی و تۆمارکردنی دەنگ دووبارە دەبنەوە. لە ڕۆمانەکانی: سپیکردنەوەی خوێن، گەندەڵی، کۆشکی سوور... هاوکات لە قەبرێکی سێگۆشە لەبری هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی وێنە، هەڕەشەی کۆپیکردنی مرۆڤ لەلایەن دەسەڵاتە گەندەڵەکانەوە نیشاندراوە، کە مرۆڤی کۆپیکراو بۆ لێدانی مرۆڤی ڕاستەقینە بەکاردەهێنن. ئەم دەسەڵاتەی تەکنەلۆژیا چەندین خوێندنەوە هەڵدەگرێت، کە دیارترینی مرۆڤ چیتر خۆی نیە و دژیەکیش لەنێویدا هەیە، کە دەکرێت خودی ڕاستەقینە دژی منی کۆپی بوەستێتەوە. بۆ زیاتر تێگەیشتن لەمە لەبەشی یەکەمدا باسی وێنە و زڕەوێنەم لای فەیلەسوفە پۆستمۆدێرنەکان کردووە.


لەویدا بڵاوبکرێتەوە باوەڕی پێدەکات"(١٣١). تەکنەلۆژیا وەک ئایدۆلۆژیایە و عەقڵی خەڵک داگیردەکات، ئارامی لە مرۆڤ دەسەنێت و ناهێڵێت بیربکاتەوە، ماڵپەڕەکانن ئاراستەی ویست و تێڕوانینی خەڵک دەکەن، لەبەرئەوە بەهۆی تەکنەلۆژیاوە مرۆڤی تەنک و باوەڕکردە و خەیاڵی دروستدەبێت، "گووتی...نزیکە لەوەی بەهۆی ئەو تۆڕە گەورەیەوە کە دایمەزراندوە شتێکی گەورە بۆ میللەت بکات و دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ لەناو ئینتەرنێتدا دابمەزرێنێت، بێناموسێکی ڕۆمانسی وەک من...کە سەر بەم سەردەمە نیم، دەمەوێت بیبەمەوە بۆ ناو دونیای پڕ پشقلی...لادێ...من سووربووم لەسەر ئەوەی ئەمەی ئەو باسیدەکات جۆرێکە لە وەحشییەتی تازە"[١٣٢]. ئەم دوو تێڕوانینەی سالار و خان بەرکەوتنی نۆستالژیا و تەکنەلۆژیایە، ڕۆمانسییەت بەرگی نۆستالژیا و گەڕانەوەی پۆشیوە و دژایەتی جیهانی نوێ و تەکنەلۆژیا دەکات، مۆدێرنە و دنیای سەردەمیش بانگەشەی ڕزگاری و خەون، نۆستالژیایی خەباتی نەتەوەیی دەکات، لەبەرئەوە فیڵی تەکنەلۆژیا ئەوەیە، کە دەتوانێت بەرگی نۆستالژیا و ئیمان و نەریتیش بپۆشێت. سالار پێیوایە ئەم جیهانە نوێیە هەڵگری دڕندەیی و گەڕانەوەی مرۆڤە بۆ ئاژەڵ، واتە تەکنەلۆژیا بەناوی مۆدێرنەوە دژایەتی عەقڵ و ژیریی دەکات، بە چاکەت و پانتۆڵەوە سەری ئاژەڵێکی دڕندەی لەسەرە و خراپە بەرهەمدەهێنێت.

تەکنەلۆژیا { • جیهانی و نەتەوەیی، مۆدێرن و نەریتی، باوەڕ-ناباوەڕ

نۆستالژیا { • مرۆیی و دێهاتی، ڕۆمانسی و نا-مۆدێرن

خان بەهۆی توانای فرینەوە چاودێریی و فایلدزی و وێنە و تۆماری دەنگی چەندین کەسایەتی و شوێنی هەستیاری دەستدەکەوێت، هەر ئەمەش دەبێتە هۆکاری تەقەلێکردنی و کەوتن و بیرچوونەوەی یادەوەرییەکانی و کەوتنە دەست سیاسییەکانی وڵات و کردنی خان بە مەیمون و ئاژەڵی ناو سندوق و فرۆشتنەوەی بە تورکەکان تا لە شاری یاری خەڵکی پێدڵخۆش بکەن. جەمشید کاتێک دەکەوێتە لای سیاسییەکانی کورد نەفرەت لە خۆی دەکات و دەڵێت، تەنیا بیرم لە خۆکوشتن دەکردەوە. "شاسوار بەگ فەرمانیدا مامم لە شوێنێکی قایمدا دیلبکەن...تەلەفونی بۆ ئاسنگەرێک کرد کە قەفەزێکی گەورەی بۆ دروستبکات...ئەوە سەرەتای تێکشکانی مامم و بێزاربوونی بوو لە هەموو شتێکی ئەم نیشتیمانە. مامم هەمووجارێک گەرچی بڕێکی زۆری یادەوەری خۆی دەدۆڕاند...بەڵام هەستێکی قووڵی بە کەرامەتی خۆی وەک مرۆڤ لەلادەما، ئەو لەقەفەزنانە ناهەق و زنجیرکردنە جەمشید خانی زۆر بریندارکرد...هەستیکرد...وەک مەیمونێک بەکاریدەهێنن...[جەمشید]من مرۆڤم مەیمون نیم"[١٣٩-١٤١].

بەعس، تورک و ئێرانییەکان جەمشید بۆ کوشتنی خەڵک بەکاردەهێنن، بەڵام سیاسییەکانی کورد دەیکەن بە ئاژەڵ و بابەتی یاری، تا خەڵک پێیپێبکەنن. بوونی مرۆیی دەکوژن، ئەمەش نۆستالژیایەکی قوڵی بۆ دەرچوون و نەفرەت لە نیشتمان لا دروستدەکات."سالار...لێرە ڕزگارمبکە، من بووم بە گاڵتەجاڕ...بووم بە سینەمای مەملەکەت، نەئابڕوو، کەرامەتم نەماوە..دەپاڕایەوە بیکوژم...پێمگووت لەبری خۆکوشتن بڕۆ"[١٤٥-١٤٦]. سالار وەک نێرەر و یاریدەدەر ڕزگاریدەکات و بڕیاردەدات لەسەر لەشی بیرەوەرییەکانی بۆ بنوسێتەوەو لێرەبڕوات، "حەزمکرد ئازاد بژی، ئەم نیشتمانە جگەلە بەدبەختی هیچی دیکەی بۆ ئەو پێ نیە".[١٤٧].




جەمشید خان نۆستالژیایەکی دژە نۆستالژی هەیە؛ نۆستالژیای فڕێدان و پەیوەستبوون بە نیشتمان، کە چەند هەوڵدەدات لە نیشتمان بمێنێتەوە، هەر دەیکاتە دەرەوە و ناتوانێت وەک مرۆڤێکی ئاسایی بژی، زۆرێک لە ئایدۆلۆژیا و ڕێگەکان بە جیهانی تەکنەلۆژیا و مۆدێرنیشەوە تاقیدەکاتەوە. خان بەردەوام لە گۆڕاندایە و دەیەوێت لە شوێنێکدا ئەمە بوەستێت و نیشتەجێبێت و خۆی بدۆزێتەوە و ون نەبێت، لە هەموو ئەزموونەکاندا وندەبێت و وندەکرێت،"هەموو ژیانم ئاواتی ئەوەم خواستووە زەوییەک بدۆزمەوە مرۆڤ تیایدا با نەیبات"[١٤٨]، لەکۆتاییدا دەکرێت بە مەیمون و ئاژەڵ، گەمەچی خەڵک، ئەمە لە گشتیان زیاتر ئازاری دەدات، لەبەرئەوە لەنێوان خۆکوشتن و هەڵهاتندا، هەڵهاتن هەڵدەبژێرێت، ئەمەش هەڵکەندنە لەنیشتمان، بەڵام کاتێک دەچێتە ئەوروپا نیشتمانی ڕاستەقینەی خۆی دەدۆزێتەوە، لەو زەوییە مرۆڤ تێیدا با نایبات و یادەوەرییەکی زیندووی هەیە و چیتر بەپێی خۆی لەسەر زەوی دەڕوات و پێویستی بە کەس نییە، بەڵام ئەوەی خەریکە با دەیبات، سالارە لێرە، لەبەرئەوە ئەم نیشتمانە مرۆڤ تێیدا سووک دەبێت و ڕەشەبای دەسەڵاتەکان بە تەکنەلۆژیاشەوە دەبنە سەرچاوەی نامۆبوونی مرۆیی و نۆستالژیای وجودی، کە بوونی خۆمان لێدەسێننەوە و دواجار ئەوەی بیری دەکەین بوونی خۆمانە، کە براوە.

### ٥- دیوەخانی مۆدێرن لە دنیای نا-مۆدێرندا

فڕۆکە و دروشکە

پرسی کۆچ و گەڕانەوە بۆ نیشتمان وێنەبابەتییەکی دیاری ئەم قۆناغەی ڕۆمانی کوردییە. گێڕانەوەی بەشێک لە ڕۆمانەکان هەڵهاتن و ڕاکردنە لە نیشتمان، بەشێکیشی گەڕانەوەیە بۆی.

ڕۆمانی *یاداشتی عەتر و ئاگر*[سەلمان، ٢٠١٨] دەکەوێتە بەشی گەڕانەوە. داستان لە پاریسەوە بۆ نیشتمان دەگەڕێتەوە، بەڵام چیرۆکی ڕۆمانەکە لە گەڕانەوەی ناو گەڕانەوەدایە. داستان لەبەرئەوە بۆ نیشتمان گەڕاوەتەوە، تا بۆ ڕابردووی بگەڕێتەوە، بەڵام ئەو لە ئێستادا گەڕاوەتەوە، ئێستاش ڕابردوو نییە، لەبەرئەوە ژیانی ئێستای نیشتمان ئەوەنیە، کە بینیونی و چاوەڕوانییەکانیشی لە واقیعەکەی جیاوازە، ئەمەش دەبێتە هۆکاری گەڕانەوەو چالاککردنی یادەوەرییەکانی. ڕۆمانەکە تێهەڵکێشی سێکوچکەی کۆمەڵناسی، جوانیناسیی و فەلسەفییە، وردبینانەش بە ڕەگەزی فۆلکلۆر ئاوێتەکراوە. نۆستالژیای ڕۆمانەکە گەڕانەوەیەکی لەخۆوە و ئارەزوویەکی پیرانەی خڵەفاو نییە، بەڵکو هۆشیارییەکی چالاک و گەنجانەیە، کە ئێستا و ئێرەی باشووری کوردستان ڕەخنە دەکات و ئاوات بۆ ڕابردووی فلتەرکراو دەخوازێت، کە بەپێچەوانەی زۆرێک لە ڕۆمانەکانی ئەم قۆناغە، زۆر کەرەستەی فۆلکلۆر بەکارهێنراوە، ئەمەش پاڵپشتییەکی هونەریی و گوتارییە بۆ نۆستالژیا لە ڕۆمانەکەدا.

داستان لە فڕۆکەخانەی هەولێر دادەبەزێت، بەڵام خۆی لە کەرکوک گەورەبووە و خۆشەویستەکەشی(سپاردە) هەر لەوێیە، لەبەرئەوە ناچێتە ماڵی خوشکەکانی لە هەولێر، دەچێتە هۆتێل و ڕۆژی دواتریش بۆ کەرکوک و دیوەخانەکەی پورە باجەی دەچێت، کە جێگەزای عەشق و نیشتمانی یادەوەرییەکانییەتی.[١٩]. دیوەخانی باجە ئەو شوێنەیە، کە گێڕانەوەی ڕۆمانەکەی تێدا دەژی و پێگەیەکی مێژوویی و ڕۆشنبیریی و شۆڕشگێڕیی دیاری هەیە. دیوەخان نۆستالژیای ڕابردووی کەسێتییەکان و نیشتمانیشە. داستان لە نیشتمان هەست بە نامۆیی و بێگانەیی دەکات، چونکە نیشتمان لەناو دنیای نوێدا ونبووە، تاکە شوێنێک تامی نیشتمانی کۆن بدات و ئارامی بکاتەوە، دیوەخانە، چونکە ئەوێ نیشتمانی ڕاستەقینەی کورد و جێ یادەوەرییەکانییەتی، "ئەم دیوەخانەی باجە بووە ماڵی هەموو کورد"[1][١٩]. ماڵی کورد ئێستا پیر و هەژار، چۆڵ و بێکەسە، بەڵام دەرەوەی ماڵ ئێستا کراوەتە ماڵ، لەبەرئەوە داستان نامۆیە و دەیەوێت بۆ دیوەخان-ماڵی کورد-بگەڕێتەوە، ئەمەش بە دیدی گریماس خۆنەرێکردنە، ماڵ، نا-ماڵە.

داستان لە ڕابردووەوە بۆ ئێستا دێت و بەراوردی وێنە جیاوازەکانی ژیانی ڕابردوو ئێستا دەکات. "کەمکەم خۆی ڕادەهێنا دنیای جوانیی ئەو سەردەمەی ناو خەیاڵی بەجێ بهێڵێت، وێڕای ترس و ستەمکاری ئەوسا، کەچی لەئێستای ئەم هاتنەوەیەدا، ڕوکەشێکی ناشرین سەرودڵی گرت و بەناوی نوێکارییەوە پێشنیاری دەکرا...ئاوەدان کراوەتەوە، بەڵام بە ناشرینترین شێوە ئەو ڕووە

---

[1] ـ ئەم دێڕە ئەوەشی لێدەخوێنینەوە، کە ئێستا ئەگەر کورد ماڵی هەبێت ئەوا بیرچووەتەوە، نمایشی خۆشگوزەرانی کوردبوونی بیربردووینەتەوە.

نوێیەیان نمایش کردووە"[٩]. بەرکەوتنی وێنەکان واتای نوێ دروستدەکەن و ڕەهەندەکانی کات و بەراوردیش چالاکدەکەن، یادەوەری و ئێستا و نیگەرانی ئایندەش دروستدەبێت. واقیع شتێکی وەستاو و جێگیر نییە، بەڵام وێنەکانی ناو بیرەوەریمان وەستاون، کاتێک ئەم جێگیرە بەر گۆڕاوەکە دەکەوێت نۆستالژیا و نامۆیی چالاک دەبێت، هەستی بێگانەیی و تێنەگەیشتن دەوروژێنێت. هاوکات گۆڕانی خێرای مرۆڤەکان و سستی واقیعیش هەر نامۆیی و ناڕازیبوون دەسازێنێت، ئەگەر واقیعیش خێرا بگۆڕێت و مرۆڤەکان سستبن، هەر کێشەیە. لەلایەکی دیکەوە گۆڕانی خێرای واقیع و مرۆڤەکانیش نۆستالژیای ئەو کۆمەڵە مرۆڤە دەجولێنێت، کە ڕابردوونشینن، یاخود پێیانوایە ئێستا ئەوە نییە، کە ئەوان چاوەڕێیان دەکرد، لەبەرئەوە جوانی و چاکی و هەڵوێستگەلێک لە ڕابردوودا هەبوون لە ئێستادا نین، مرۆڤ و شتەکانیش گۆڕاون. دنیای نوێ، کە تەکنەلۆژیا بووەتە واقیعێکی زیندووی، تەنیا شێوازی ژیانی نەگۆڕیوە، بەڵکو جیهانبینی و ئاکاریشی گۆڕیوە، ئەو مرۆڤەی بە دروشکە هاتوچۆی دەکرد، جیاوازە لەوەی بە ئوتومبێل دێت و دەچێت. داستان و پورە باجە و دەوڵەت کە سێ کەسێتی سەرەکی ئەم ڕۆمانەن لەگەڵ واقیعی ئێستا ناکۆک و نامۆن.

باجە و دەوڵەت تەمەنیان هەشتا ساڵەو لە دیوەخانن، کە شوێنەکەیان نوێنەری دنیای کۆنە، بەڵام ڕەفتار و بیرکردنەوەیان نوێخوازانەیە، "باجە بەم وێنە دێرینەی کە خواستەکانی بەرجەستە دەکرد، بە دڵی نوێگەرایی تەماشا دەکرا".[٥٤] داستانیش ئەندازیارە و لەپاریسەوە هاتووەتەوە، بەڵام لەبری ڕۆچوون بە دنیای نوێدا، نۆستالژیا و جیهانبینی لەگەڵ پورە باجە و دیوەخاندایە. لەبەرامبەر ئەم نەوە جیاوازانەدا دنیای تازە و واقیعی گۆڕاومان هەیە، کە مرۆڤەکانی ناوی نەگۆڕاون و بیرکردنەوەیان ڕابردوونشینە، واتە بیرکردنەوەی ئەم سێ کردەنوێنە نوێخوازە و بیرەوەری و شێوەی ژیانیان ڕابردوویی و کۆنە، هەرچی واقیعی ئێستایە پڕە لە نوێخوازیی و گۆڕان. گریماس ڕایوایە دژ و ناکۆکی سەرچاوەی واتایە، لە ڕۆمانەکەشدا ئەم ناکۆکی و دژیەکییە ئاڵۆزانە بەرهەمهێنەری واتا و گێڕانەوەن، تەنانەت گوتاری ڕۆمانەکەش ڕەخنەگرتنە لەم دووڕووییە، کە گۆڕانی نەگۆڕان، نەگۆڕانی گۆڕانە. داستان بەرلەوەی بێتەوە، شەماڵی هاوڕێی پێی دەڵێت: "وریابە، ئەو ڕۆشتنەوەیەت بە سەخت دێتە پێش چاوم. خۆت بپارێزە و دووربگرە لەو شتانەی دێنە ڕێت، با حەنینت بۆ کەسەکانت و جاران نەتکوژێت"[٦]، بەڵام داستان حەنین و ڕابردوو بە مرۆڤبوونەوە گرێدەدات، ئەوانەش لە ئێستادا نوقمبوون وەک دووڕوو، فریودراو و مەست دەیابینێت، چونکە ئێستایەکی ناشیرینیان لا جوان بووە، لەکاتێکدا ڕابردوویەکی جوان هەبووە لەبیریانکردووە، "تۆزێک حەنین پێویستە بۆ ئەوەی بە بەشەریی بمێنییەوە...ئەوەی حەنینی نییە هەوڵ دەدات تەنها لەئێستادا بژی، ئەوەی بەناوی دنیایەکی جوان ڕەتبووە و جیهانێکی ناشرین دێتە ڕێی، حەنینی ئەوسای هەر

دەمێنێت. ئەمەش ناکاتە چەقبەستن لەئاستی خۆت"[٧]. داستان ئامێرەکانی تەکنەلۆژیا بەکاردەهێنێت، بەفرۆکە دێتەوە و بە تەکسی هاتوچۆ دەکات، بەڵام وەک باجە حەنینی بۆ شتەکانی ڕابردوو هەیە، لەبەرئەوە وەک دژە ڕواڵتخوازێکی نوێخوازی دەردەکەوێت، لەبری ئەسانسۆر بە پلیکانە هاتوچۆ دەکات، لەبری باڵەخانەی خوارخێچی نوێ ئارەزووی لە ڕێکی کلاسیکە و خۆشی وەک ئەندازیارێک هەمان کاردەکات.[١٨] ئەم دیدەش دەکەوێتە ناو نوێخوازێکی نەریتی و نەریتییەکی نا-نوێخواز، کە گوتاری گێڕانەوە لەگەڵ یەکەمدایە، بەڵام کێشەی ئەم دیدە خۆخستنە ناو ناکۆکییە لەڕووی کات و ڕەهەندەکانی دنیای نوێی کورد، چونکە موتوربەی نێوان نەریت و مۆدێرنە لە ئاگاییەکی بەرزەوە ئەنجامدەدرێت، کە واقیعی هۆشیاری کورد لەنێوان ڕابردوو و ئیستادا لە دابڕان نەک وتوێژدایە.[عوسمان، ٢٠١٣: ٨]




گۆڕانی شار و مرۆڤەکان سەرنجی داستان ڕادەکێشێت و بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە سەیریاندەکات و پێشیوایە خەڵکەکە خۆیان ونبوون، "بۆ هەر جێیەکیش دەچوو...کەسەکەی بەرێکەوت قسەی لەگەڵ دەکرد، بەجۆرە پێ ڕابواردنێک ئەوەی دەخستەڕوو، کە چەندە کوردستان گەشەی کردووەو...بەڕۆیشتنی کەسانی وەک ئەو، ژیانی خۆشگوزەرانی ئێرەیان لەکیس چووە. ئەو گەشەیەی ئەوان باسیان دەکرد، لەلای داستان، لەبینای ناڕێکوپێک و نەگونجاو دەیبینی...لەدیمەنی ئەو هەموو ئوتومبیلە سپییانەی بە تەنەکە دەچوون...لەدیمەنی ئەو موغازانەی گڵۆپی سوەرییا و تاقمی قەنەفەی قەبە کە بە دانیشتنی کەسەکە تیایدا نوقم دەبێت. لە دیمەنی ژنان، کە وەک دیاردەیەکی دەستووری تورکی لەچکیان بەسەردا داوەو لەبەرگێکی خەلیجیی، جۆرجێتی ڕەشی قەراغ و پالێم نەخشراو بە سیمی زەردە، بەزەقی دەردەکەوت."[سەلمان، ١٠] گەڕانەوەی ئەم چاوە لە دەرەوە بۆ ناوەوە، چالاککەری بینینی ئێرە و ئێستایە و بەراوردیەتی بەڕابردوو و وێنەکانی دەرەوە و پێکدادان و بەرکەوتنیان، "لەدوای بینینی ئەو ژنانە، داستان خەیاڵی بۆ لای جاران ڕۆیشت، ئەوسا ژنان عەبایان بەسەرەوەبوو، بەڵام تەواو دیاربوون و ئامادەبوون، ئێستا لەم بەرگانەدا چەندە ونن...کەس بەهیچیان نازانێت! ئۆتۆمبێل لێدەخوڕن و کەس نایانبینێت... داستان...بیری لە هەموو شتە جوانەکان کردەوە کە ئەوسا بەجێی هێشتن. لە سادەیی ژیان، لەگەنجێتی خۆی...ئەم هاتنەوەیە گەڕانەوەیە بۆ ناو...ڕابردوو، بۆ کولانەوەی برین، پڕە لەخۆڕووبەڕووبوونەوەی سەخت. لەبەراوردکردنیش

لێوانلێوە"[١٠]. هەتا گۆڕانەکانی دەرەوە زۆرتربن و وێنەکانی ڕابردوو پێیان نەوێرن، نیگەرانی و ترس زیاتر دەبێت، داستان ڕووبەڕووی دۆخێکی وابووەتەوە، لەوەش بێزارکەرتر گۆڕانی کەسەکانە، "پێیوابوو کە گۆڕینی شوێن کەسەکانیش دەگۆڕێت."[١٣] پاش بیست ساڵ گەڕانەوە، داستان دۆخێکی دژواری بۆ دروستدەبێت، چونکە گۆڕانی زۆر، وایلیدەکات لە ماڵی خۆیدا هەستبکات نامۆیە، بەڵام چالاکبوونی بیرەوەرییەکانی ڕابردووی وایلێدەکات هاوسەنگی لەنێوان دۆخی دەرونییدا دروستببێت.

نۆستالژیای ڕۆمانەکە لەڕێگەی ناوی بەشەکانی بە دۆخ و شێوە جیاوازەکانی کەباتەوە گرێدراوە، لەبەرئەوە گەڕانەوە بۆ ڕابردوو بە کەباتەوە بەستراوەتەوە، کەباتەش ڕەمزی تام و ڕەنگ و بۆن و بیرکردنەوە جیاوازەکانە، کە لە دیوەخانی باجە پێشکەشکراوە. "کەباتە ترشەکان، کەباتە مزرەکان، ڕەنگی کەبات، ناوکە کەبات، کەباتە تاڵەکان..." ئەمانە ناونیشانی هەندێک لە بەشەکانی ڕۆمانەکەیە. ئەم شەربەتە لە بیرەوەری داستاندا زیندووە و ئێستاش، کە گەڕاوەتەوە، شەربەتەکەی بۆ دەهێنن بیرەوەریی و یادگارییەکانی ڕابردووی دادەگیرسێن و هەموو نیگەرانی و بێزارییەکانی ئێستای لە ئەوسا نەچووی، لەبیردەبەنەوە. "داستان بەبینینی پەرداخی شەربەتەکە ئەوەندە دڵی خۆش بوو، هەستی کرد، هیچ شتێک بە قەد ئەمە، لەگەڵ ناشرینی ئەو شتانەی لە مەیدانی فرۆکەخانەوە تا ئێرە بەرچاوی کەوتن، ئاشتی ناکردەوە. ئەم پەرداخە کەباتە...بەرجەستەکردنی جوانی سەردەمێکی تێدا دەبینی"[١٦].

باجە وەک نوێنەری مرۆڤێکی بەهەڵوێست و کوردپەروەر، جوانی ڕابردوو باسدەکات و پێیوایە ئێستا دنیا و مرۆڤەکانی شێواون، ئەمەش لە جلوبەرگ و هەڵسوکەوت و ڕەفتاریاندا دەردەکەوێت"ئەوسا، بەعەباکەی سەریشمانەوە، هەر ئێمە لە هەندێک لە کچە گەنجەکانی ئێستا جوانتر و کەشخەتربووین...تۆ دیقەتی ئەو جلە ناشرینانەی ئێستات داوە کە بەناوی مۆدەوە لەبەری ئەکەن؟...ئێمە لەسەر دڵ سافیی و دڵ گەورەیی بەخێوکراین. نان و کوردایەتیمان ئەخوارد، ئەمانە کە هەر سەیری چڕوچاویان ئەکەیت، تەنیا بوغز و قینی لێ ئەبارێت...کچانی ئێستا تریقەتریقەیانە...بەڵام لەناواخنیاندا دڵتەنگن"[١٩]، کچانی ئەمڕۆ ژیانیان نالەبارە، دەچنە دەرەوە، بەڵام هەروەک ئەوەیە لە ماڵەوەبن، تەنورەی کورت دەپۆشن، بەڵام داخراون، "بڵێم چی...عەمری دنیا نەمێنێت. ئەگەر کچە گەنجەکەی جاران ئەبووم، ئەوانەم فێر ئەکرد ژیان مانای چییە"[٢٢]. ئەوسا و ئێستا، ئاخ هەڵکێشان بۆ ڕابردوو، زۆرێک لە گێڕانەوەی باجە و دەوڵەت و داستان لەخۆدەگرێت، هەمیشەش ئەوسا جوانتر و چاکتر نیشاندەدرێت، نیشتمانپەروەری کۆن، نیشتمانفرۆشی ئێستایە،

ژیانزانی ئەوسا، نا-ژیانییە، شویعی جاران، موسوڵمانی توندڕەوی ئیستایە، هەژاری بە ویژدانی کۆن، دەوڵەمەندی بێویژدانی ئێستایە. "خەڵکی ئەم سەردەمە کەوتوونەتە نێوان شمشێری ئیسلامیەکان و چەکوشی عەلمانیەکان"[٢٣]، لەنێوان ئەم دوانەدا کورد دیارنییە و تواوەتەوە.

ئارەزووی گەڕانەوە بۆ سادەیی ڕابردوو هاوشانە بە گەڕانەوە بۆ دنیایەک بیرەوەریی، کە تەکنەلۆژیا تێیدا تەنکتر و لاوازتربووە، بەڵام لەئێستادا بەبێ ئامێرەکانی تەکنەلۆژیا ژیان قورسە، لەبەرئەوە تەنکی تەکنەلۆژیا، پڕی ژیان و جوانییە، چڕی و زەقی تەکنەلۆژیا، تەنکی ژیان و جوانییە. بەدیدی ڕۆماننووس، ژیان و مرۆڤی ئەم سەردەمە بازاڕیی، تەنک، پوچگەرا، بێبەها و بێئاکارە، بە جۆرێک ناژیانێتیی و نامرۆیەتی باڵادەستە، "ئەو کچانە توخمێکی تایبەت بوون، بەم کۆمەڵەی کورد بێگانە بوون...ئەو کچانە نە شەرم و حەیا نە چاو و نەدەستی لە پەروەردەیاندا نەبوو...بوێرییەک بەڕووخساریانەوە بوو، لەجۆری ئەو بوێرییە نییە کە ئافرەتانی تێکۆشەر، ئازاو یاخیبوو بەسیمایانەوە دەرەکەوێت. پتر چاوقایمی بوو، تێکەڵەکی ئاڵۆزبوو، لەفێڵ و فریودان و لێزانینی هەڵسوڕانی خەڵک"[٦]. ئەمە دیدی باجەیە بۆ کۆمەڵە کچێکی ئەم ڕۆژگارە، کە دێنە دیوەخان، گوایە بۆ زانیاری وەرگرتن لەسەر ژنانی ناودار، کە باجەش یەکێکە لەوانە. هەڵسوکەوت و قسەکردنیان دیارە کوردی لە کورد نەچوو، مرۆڤی لە مرۆڤ خراون. مرۆڤی ئەمڕۆی ناو دنیای تەکنەلۆژیا پڕە لە ماسک، ئاڵۆزی، پارەپەرستی و بەرژەوەندیخوازی، هەر ساتە و لەسەر ئاوازێک سەمادەکەن، یان پێیاندەکرێت، سەرقاڵ و نەپرژانە سەر خود، پڕکراو لە زانیاری و هەواڵی ناپێویست. "تەلەڤیزیۆنێک لەژوورەکەی بوو...بەسەیرکردنی هەواڵەکان خەو بردییەوە. بەیانیەکەی کە هەڵسا، تەلەڤیزیۆنەکە هێشتا هەڵبوو، هەواڵەکان دەخوێنرانەوە، خۆی وەک پیرەکانی ئەوروپا هاتە بەرچاو کە بەدەم سەیرکردنی تەلەڤیزیۆن خەو دەیانباتەوە"[١١]. مرۆڤی ئەمڕۆ بە تەکنەلۆژیا خەوی لێدەکەوێت، زانیاری ناپێویست سەرودڵی دەگرن و ڕێگەی نادەن کات لەگەڵ خۆی و واقیعی زیندوو بەسەرببات.

لەم ڕۆمانەدا تەکنەلۆژیا و نۆستالژیا پێکەوە ئامادەن، لەبەرئەوە ڕەخنەگرتن لە ئێستا بەشێکی بۆ ئامادەیی بەرجەستەی تەکنەلۆژیا دەگەڕێتەوە، ئەمەش دەتوانین وەک شێواز و جۆرێکی نۆستالژی ڕەخنەگرانە ناوی ببەین، چونکە نۆستالژیای چالاکی ڕۆمانەکە بەشێکی لە ئێستای چالاکی تەکنەلۆژیاوەیە. داستان شۆفێری ئەو تەکسیە دەدوێنێت، کە بۆ کەرکوکی دەبات و بۆی دەردەکەوێت چەند ترسی لەباسکردنی ڕووداوەکان هەیە، بەڵام کە دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو، بە کاک حەنینی شۆفێری تەکسی بەراوردی دەکات، تێدەگات لە سەردەمی بەعسدا حەنین ئازا و بێترس و ئازادانەتر هەواڵ و زانیارییەکانی بۆ باسدەکردن، "داستان کە دەکەوتە بەراورد لەگەڵ ئەو ڕۆژانەی حەنین دراوسێیان بەتەکسییەکەی بۆ ئەملاوئەولا دەبیردن هیچ نەدەما بۆیان باس نەکات، وێڕای زەبر و ستەمکاری ڕژێمی

بەعس، پیاوەکە لە هیچ نەدەترسا و هەواڵی شارەکەی بۆ باس دەکردن"[١٢]. تەکنەلۆژیای نوێ کۆنترۆڵ و چاودێری بەسەر مرۆڤەوە دەکات، لەبەرئەوە ئیستا ترس و بێمتمانەیی زاڵە.

کاتێک داستان باسی ژیانی ئەوروپای بۆ باجە دەکات، ئاماژە بە گۆڕانی پەیوەندیی مرۆڤەکان دەکات، کە کاتیان بۆ یەکترنییە و وەک خێرایی تەکنەلۆژیا پەیوەندییەکانیش خێران، "کەس تاقەتی ئەوەی نییە دە دەقیقە قسەیان لەگەڵ بکات...مەگەر ئەوەش لەنزیکی میترۆیەک بێت...میترۆ و قیتاری ناو شارەکان...کە زۆر خێران...برادەرایەتیش هەر بە خەرجکردنەوە بەندە"[١٧]، چۆن موبایل بێپارە کارناکات، برادەرایەتیش بێپارە کارناکات. تەکنەلۆژیای ئێستا دەسەڵاتی بەسەر دنیا و مرۆڤەکاندا گرتووە و مرۆڤەکانیش بە ویستی خۆیان هەڵناسوڕێن، بەڵکو هەڵدەسوڕێنرێن، "کۆمپیتەر لەلایەکەوە بۆ خۆی حکومەت و دەسەڵاتێکی بەسەر دنیا پێکهێناوە و ئەم جۆرە کەسانەش دوگمەکانیان بەدەستی دەسەڵاتداری بەشەرە...ئەرێ ئەم دنیایە تێکچووە یان هەروابووە؟"[٢٠]. دنیای ئێستا لە دیدی ئەم سێ کەسێتییە ڕابردووخوازەوە جێگەی مەترسیی و پرسیارە، چونکە ئیرادەی مرۆڤ شکاوە. لەم ڕوانگەیەوە باجە بەردەوام ئاخ بۆ ڕابردوو هەڵدەکێشێت، کە مرۆڤ و دنیا سادەبوون، بەو ژیانە سادەیە باش ژیاون و بیرەوەریان دروستکردووە، بەڵام ئامێرەکانی ئێستا بێبیرەوەرین، لەبەرئەوە گەڕانەوە بۆ ڕابردوو چێژی هەیە، "بەگوێماندا ئەدەن کە نابێت کەس حەنینی بۆ شوێن و شتەکانی ڕابردوو هەبێت...ئاخر چۆن...ڕۆژانەی جەژنمان لەبیر ئەچێت، کە پڕ لە خۆشی و ئاشتبوونەوە و جوانی بوو؟ دە تۆ پێم بڵێ باجە، ئەگەر ئەو سوار ئەسپبوونە جێی لە دڵتدا نەبووبێت، چۆن وەها بە خۆشییەوە باسی ئەکەیت"[١٠٦]. نۆستالژیای باجە بۆ ڕابردوو پەیوەستە بە گۆڕانی پەیوەندیی و بەهاکانی ئێستا، لەبەرئەوە بە زمانی ژنانەی خۆی دەڵێت،"بمرم بۆ ئەو زەمانە! خۆشەویستی پاک و بێ تەماحی نێو برایەتیی، نەبووە مایەی ئەوەی دوورتر بڕوانین"[١١٤]، داستان لەپاریسەوە بۆ ئەم خۆشەویستییە پاکە گەڕاوەتەوە و ڕایوایە خۆشی و خۆشەویستی لەم سەردەمە لاوازبووە، لەکاتێکدا "جاران خەڵک شاد بوون و بۆ مردووەکانیان دەگریان، ئیستا کەس ناگری، کەچی هەموویان خەمبارن"[١٩٥]، ڕاکەڕاک و نەمانی کات، پێڕانەگەیشتن بەخوددا، سیمای ئەم سەردەمەیە، بەڵام لەڕابردوودا مرۆڤ ڕێزو بەهای بۆ مردووەکانیش دادەنا.

تەکنەلۆژیا لە ژیانی ئێستای مرۆڤی کورددا ڕەنگدانەوەی کەسێتیی و شێوەی ژیان دەردەخات، کە بە خۆپۆشین بە بەرگی تەکنەلۆژیا و ژیانی نوێوە درۆ و چەواشەکاری ئەنجامدەدرێت. هاوکات تەکنەلۆژیا جیاوازی چینایەتیی زەق کردۆتەوە، کەسانێک بە تەلەفون بڕیار لەسەر ژیانی کەسانێکی تر دەدەن، بێکاری و هەژاری زیاتربووە،"خۆشگوزەرانی بۆ هەموو کەس نییە...ئەوەتا هەزاران گەنج بێ کارن، بەتەلەفوونێک ڕۆژانەی خەونەکانیان دادەڕێژنەوە. بۆ بوێری هەر ئەوەیە کە زۆربڵێ بیت..ئازایی ئەوەیە لەناو ئۆتۆمبێلی فانتازیەوە بەتەلەفونی ئای فۆن و ئای پاد...قسە لەگەڵ بەرپرسان بکەیت"[٢٠٩]. تەکنەلۆژیا ڕێگە و هۆکارێکی کارایە بۆ گەندەڵی و زۆربڵێیی، لەبەرئەوە باجە و داستان خۆپارێزییەکی زۆریان لە تەکنەلۆژیای نوێ هەیە.

### ٦. نۆستالژیای تەکنەلۆژیا

باجە تا بۆی دەلوێت بەرەو نۆستالژیای تەکنەلۆژیا دەمانبات، بۆ ئەو ئامێرە تەکنەلۆژیانە دەگەڕێتەوە، کە بیرەوەری بزوێن و بەسەرچوون، بەڵام لای ئەو کاران. ئەو لەبری تەکسی، دروشکە بەکاردەهێنێت، دژی تەلەفونە، لەبەر کچەکەشی تەلەڤزیۆن دەکڕێت، دەنا خۆی دژیەتی، "بەپەیدابوونی تەلەفیزیۆنیش، باجە بۆ خۆی نەکڕی، بەڵام بۆ سپاردەی کڕی. خۆی بەردەوام گوێی لەڕادیۆ دەگرت. تەلەفیزیۆنی وەها دەبینی، ئامێرێکە مایەی خەلافاندنە"[٧٦]. باجە تا ئێستاش سەعاتی بەرباخەڵ و گرامافۆنی هەیە، "سەیری ئەو سەعاتەی دەکرد کە باوکی بۆی بەجێهێشت. هەموو ڕۆژێک بێ لەبیرچوونەوە، خۆی یان دەوڵەت قورمیشیان دەکرد و لەتەنیشت گرامافۆنەکە دایان دەنا. سەیری دەکرد و لەگەڵ هەر چرکەیەکیدا شتێک، ڕووداوێک، کەسێک، دۆخێک و شوێنێک و کاتێکی دیاریکراوی وەبیردەهاتەوە"[٥١]. ئامێرە سەرەتاییەکان بیرەوەریی و نۆستالژیا چالاک دەکەن، نەک سستی بکەن، بەڵام ئامێرە نوێیەکان و ژیانی نوێ لە ئێستادا نوقمت دەکەن، لەبەرئەوە داستان لەپاریسەوە ڕادیۆ بە دیاری بۆ باجە دەهێنێت.

نۆستالژیای تەکنەلۆژیا تەنیا گەڕانەوە بۆ ئامێرە کۆنە بەسەرچووەکان نییە، بەڵکو بەرزڕاگرتن و زیندووهێشتنەوەیەتی لە ئێستادا، هاوکات بەرکەوتنی نێوان نەوەکان دروستدەکات، کە ئامێری نوێ حوکمی نەوەی نوێ دەکات و بەپێی سەردەم و مۆدێل ئاراستەی دەکات، لەکاتێکدا نەوەی وەک باجە و هاوبیرەکانی ئامێرەکانیان بۆ کارەکانیان دەویست، نەک مۆدە و باونەمان، کاتێک لە باجە دەپرسن ئێستاش گرامافۆنەکەی ئیش دەکات، دەڵێت: "شتە کۆنەکان باشتر ئیش ئەکەن! سەلاجەیەکی دارمان هەبوو، ئێستاش وا لەژێر زەمینەکە، پێیان عەیبە ئیشی پێ بکەن،"[٢١١]، داستان و هاوڕێکەشی کە مامۆستای زانکۆیە، هاوبیری باجەن و پێیانوایە تەکنەلۆژیای نوێ ڕەق و توندوتیژە، بەڵام هی کۆن تۆکمەیە "گرامافۆنەکەی ئەو و تەسجیلە کۆنەکەی من، هەتا ئێستا بەباشی ئیش ئەکەن. بەدەر لەوەی، شێوەشیان بەرابەر بەدەگمەنیان لەئەمڕۆدا هەتا بڵێی جوان و مۆدێرنە. ئەسڵەن ئەو شێوە ئامێرانە هەر نەماون. دیسک و ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ئەوەندە وێنەیان ڕەقە، تاقە حەزێکمان لەلا دروست ئەکەن، ئەوەش گەڕانەوەیە بۆ بەکارهێنانی شتە کۆنەکان، وەک گرامافۆن و ڕادیۆ"[٢١١]. تەکنەلۆژیای نوێ بۆ مرۆڤە ڕابردووپەسەندەکان ئارەزووی گەڕانەوە بۆ ئامێرە کۆنەکان دروستدەکات. بەگشتی وێنەکانی ئەم ڕۆمانە دوو شێوە ژیانمان نیشاندەدەن، ژیانی پاکی ڕابردوو بەرامبەر بە ئێستا، کە شێوەی ژیان و مرۆڤەکانی ئێستا ڕۆڵی دژ و ڕێگر بەرامبەر بە ڕابردوو دەبینن، کردەنوێنەکانیش بەزیندووکردنەوە و یادکردنەوە و بەهاکانی ڕابردوو، بەرەنگاری ئێستاپەرست و تەکنەلۆژیخواز و خۆشگوزەرانە ڕواڵەتخوازە گەندەڵەکان دەبنەوە، بە گەڕانەوە بۆ ڕووناکی مۆم ڕووبەڕووی تاریکی هۆش و هەڵپەی ڕووناکی و بێکارەبایی واقیعی خۆیان دەبنەوە.

## پاری سێیەم: ئازادی و بەندی

پرسی ئازادی فرەڕەهەندە، لەبەرئەوە بیرمەند و توێژەران، جۆر و شێواز و ئاڕاستەکانیان لەیەکدی جیاکردووەتەوە. ئازادی لە وشەی(ئازاد)ەوە وەرگیراوە، سەربەستی، ڕزگاری و سەربەخۆییش هاوڕێ و نزیکین. بەندیش بەرامبەرێکی نزیک، بەڵام تەواوی نییە، بۆچوونیشمان وایە، ئازادی بەرامبەری تەواوی نییە. ڕەنگە ئەمەش بۆ خودی ئازادی بگەڕێتەوە، چونکە ئازادی بە (بوون) و (کردن) و (ئاگایی)ەوە بەستراوە، دەکرێت کەسێک لەڕووی جەستەییەوە بەند و کۆت بکەیت، بەڵام لەڕووی ئاگایی ئازاد بێت، یاخود بەپێچەوانەوە. هەروەک لەڕووی بوونناسییەوە مرۆڤ ئازاد نییە لەوەی نەبێت، بەڵام ئازادی هەڵبژاردنی خۆکوشتنی هەیە و ئازادی ڕەتکردنەوەی مردنی نییە، کەواتە ئازادبوون لەسەروو کۆیلە و بەندیەوەیە، بەڵام ئازادکردن بەرامبەری هەیە، کە ئێمە "بەند"مان هەڵبژاردووە، هەرچەند چەمک و زاراوەی تریش زۆرن.[حمد، ٢٠٢١: ٨]

واتای ئازادی بەپێی ڕوانگەکان جیاوازە، کەسی ئازاد ئەوەیە، کە خاوەنی خۆی بێت، لەڕووی ئازادییەوە ئازاد بێت، هیچ دەسەڵات و ئایدۆلۆژیایەک مافی بەسەرییەوە نەبێت، خۆی لە پێش هزر و ڕوانینەکانی ئەوانیتر ئازاد کردبێت، یاخود ئازادی سیاسی دەکرێت بریتی بێت لە هەڵبژاردنی ئازادانە، هاوکات لای فەیلەسوفێکی وەک هایدیگەر ئازادی بنەمای ڕاستییە و ڕاستی بوونی مرۆڤیش پێوەی پەیوەستە، چونکە بەبێ ئازادی، ڕاستیی و ڕاستیی بوونی مرۆڤ دەرناکەوێت، مرۆڤ لە نەبوونی ئازادیدایە درۆ دەکات و دژی ویستی خۆشی، کە ئازادییە دەوەستێتەوە.[عوسمان، ٢٠٢٣: ٢٨] لەم دیدە جیاوازانەوە دەردەکەوێت، کە دەکرێت خۆویستانە یان زۆردارانە ئاست و مەودایەکی ئازادی داگیربکرێت، لەبەرئەوە دەوڵەتان یاسا دادەنێن، بۆ پاراستنی، تا ئەویتر نەتوانێت پێشێلی بکات، بەڵام کێشەی گەورە ئەوکات سەرهەڵدەدات، کە یاساکانی دەوڵەت خۆیان پێشێلکەربن. لەم کاتەدا نەک تەنیا ئازادی تاکەکەسی دەکرێت ئازادی نەتەوە، پێکهاتە و گروپ و چینێک لەسایەی دەوڵەتێکدا پێشێل بکرێت.

لەبەشەکانی پێشووی ئەم نامەیەدا لەبارەی ئازادی و خەبات بۆی هەڵوەستەمان کردووە.[1] خەبات و ململانێی کورد پەیوەستە بە هەڵکەوتە مێژوویی و جوگرافی و واقیعییەوە، کە بێ دەوڵەتە، لەبەرئەوە لەو لێکەوتانەی لە واقیعی دابەشکردنی کورد کەوتووەتەوە، کوردی وەک نەتەوەیەکی کێشەئامێز دەرخستووە. کێشەکەش ئاڵۆز و فرەڕەهەندە، بەڵام بنەڕەتەکەی ڕەتکردنەوەی جیاوازییە.

[1] ـ هەر لەبەرئەوە لەم پارەدا وەک پارەکانی تر ڕۆمانی زۆرم وەرنەگرتووە.

کورد وەک نەتەوەیەکی جیاوازی خاوەن ماف نەبینراوە، ئەمەش سەرچاوەی ڕەتکردنەوەی ئازادی کورد بووە. شەڕ و شۆڕشی کوردیش بۆ سەربەستی، ڕووبەڕووبوونەوە و زیندان و کوشتنی لێکەوتووەتەوە. ئەم دیدە بۆ ئازادی سیاسیی بەشی زۆری گێڕانەوەی کوردی لەخۆگرتووە، بەڵام ئەم قۆناغە وێڕای گەڕانەوە و ئامادەیی بەرچاوی ئەو مێژووە1، ئازادی من لەناو دەسەڵاتی کوردی پرسیێنراوە و گێڕاوەتەوە، هاوکات شێواز و کردە و دیدی جیاواز بۆ ئازادی بەرجەستەکراوە.

## ١. لە بەندی و نا-ئازادییەوە بۆ گوتاری مانەوە

ڕۆمانی بەندەر فەیلی

ئازادی و بەندی بەتەواوی بەرامبەر و دژنین، ئازادی دژێک و بەرامبەرێکی تەواو ڕەهای نییە، بەڵام پەیوەست بە ژینگەی واتایی و ناونیشانی ڕۆمانی بەندەر فەیلی[عەلی، ٢٠٢٢) و بابەتی ئەم پارە ئەوا "بەند"مان بەرامبەر "ئازاد" دانا. وێنەکانی ڕۆمانەکە لەسەر ململانێی بەندی و ئازادی بەندەر وەستاوە، ناوەکەشی وەک لەنگەرگرتنی ئەم دوو چەمکە، لە گوتاری قوڵیشدا لەنگەرگرتنە لەنێوان شوناسە جیاوازەکان، کە یەکتر دەسڕنەوە، شوناسی هەژموونی و زاڵ، عەرەبی، بەعسی و سونییە، کە شوناسی کوردی فەیلی و شیعە دەسڕێتەوە. هاوکات بەندەر لە بەندێکی ئازاددا خۆی دەبینێتەوە، کە "بەندی ئازاد" سازە بە گوتاری قوڵی ڕۆمانەکە. بەندەر لە "بەند+دەر" پێکهاتووە، یەکیان سنوور و ئەویدیکە دەرچوونە لەو سنوورە. ململانێی ڕۆمانەکەش هەوڵە بۆ دەرچوون لەو بەندییە کە ڕۆماننووسیش(نێرەر) نووسینی ڕۆمانەکە(بابەت) بە بەهانەی دەرچوون لە بەندی دەزانێت.

لەدایکبوونی بەندەر لە زیندان و هێشتنەوەی، ناکۆکییەکی گەورە لەنێوان "بەندی و ئازادی" دروست دەکات، چونکە بۆ بەندەر زیندان دەبێتەماڵێکی نا-ماڵ. ماڵی بەندەر هاوشێوەی کوردبوون و فەیلیبوونە لە چاوی ئەویترەوە، لە ماڵێکی بێگانە و دژدا دەژی، ئەویش ماڵی عەرەب، بەعسی، سونەیە، واتە نەک لە ماڵ هەڵکەنراوە، بەڵکو شێوەی ژیان و تێگەیشتن و جیهانبینیشی نامۆ و بێگانەیە. بەندەر بەهۆی منالێتییەوە، بەرامبەرەکەشی دۆخێکی جیاواز وەردەگرێت، واتە دژە فەیلییەکان، ئێستا بەرامبەر بە منالێکی بێچارەن، کە لەنێوان ڕق لە فەیلی، کورد و شیعەکان، سۆزیان

---

[1] ـ کورد لەم قۆناغی دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەرییەدا گەڕانەوەیەکی زۆری بۆ ڕابردووی خۆی ئەنجامداوە، کە بەشێکی زۆری گێڕانەوەی کوردی لەخۆگرتووە. بەشێکی زۆرجار لە نووسەران ئەم ئەزموونە وەک درێژکراوەی دەسەڵاتی پێشووی بەعس پەسن دەکەن، کە نەیتوانیوە لەو نەریتە دەربچێت. ئەمە جگەلەوەی لە ئاستی جەماوەریشدا ڕوانگەیەکی کاردانەوە ئامێزی نۆستالژی بۆ ئەو دەسەڵاتە ستەمکارەی بەعس هەیە، کە هەندێک ڕۆماننووس ژیرانە بۆ باسکردنی ستەمی بەعس بۆ نەوەی نوێ گەڕانەوتەوە.

بۆ ئەم منداڵە هەیە، ئەمەش ناکۆکی دەخاتە ناو گوتاری بەرامبەر کە دژیەکی لە هەڵسوکەوتیان ڕەنگدەداتەوە، چونکە بەندەر تاکە فەیلییە کە هێشتوویانەتەوە، هێشتنەوەشی بۆ دروستکردنی خۆیەکی(بەعسی) هاوشێوەیە. هۆی ئەم ناکۆکییە لەلای بەڕێوەبەران و جەلادانی زیندان ئەوەیە کە بەندەر دوورە لەو نەفرەتە پێشینانەی کە هەڵگریەتی، واتە هەڵنەگر و هەڵگرە، فەیلییە و فەیلیش نییە، کوردە و کوردیش نییە، شیعەیە و شیعەش نییە، ئەمە بۆ بەرامبەرە بەعسی و سونییەکانیش دروستە، بەڵام لە ئاستی باڵادا(سەرۆک و بنەماڵەکەی)، وێنەی بەندەر لە وێناکردنە نەفرەتلێکراوەکەوە سەرچاوە دەگرێت، هەرچی بۆ بەڕێوەبەرانی زیندانە وێنەی خودی بەندەر و وێناکردنەکەی کار دەکات.


بەندەر (+فەیلی)یە، دەبێت بەڕێوەبەران ڕقیان لێی بێت، بەڵام خۆشیان دەوێت، ئەم هەڵسوکەوتە لە شێوەی ژیانی منداڵی بەندەریشدا ڕەنگیداوەتەوە، "ساڵانی یەکەمی ژیانی بەندەر فەیلی، ساڵانێکی ناخۆش نەبوون، منداڵەکە نەیدەزانی لەشوێنێکی ناجۆر و ناوازەدا هاتۆتە دونیاوە...هەمووان کەم و زۆر هێمن لەگەڵیدا ڕەفتاریاندەکرد...بوونی منداڵەکە شتێک لە دڵخۆشی بۆ هەمووان هێنابوو، هەتا پاسەوانێکی دڵڕەقی وەک عەریف ماهیر دانی بەوەدا دەنا، بینینی منداڵەکە هێوری دەکاتەوە"[عەلی، ١٨] هەروەها ناکۆکییەکی قوڵ لەناو سەید دروست دەکات، کە بەندەر وەک منداڵی خۆی و ئەویش وەک باوک سەیری دەکات. سەید لەنێوان خودا و دەوڵەت، فەیلی نەفرەتلێکراو و ئەم منداڵە بێگوناهە گیر دەخوات؛ سەید حوکمکەرە، بەڵام لەلایەن دەوڵەت، خودا و ویژدانییەوە حوکمکراوە، "خودایە گیان، ئەمانە بەپێی شەرعی تۆ خوێنیان حەڵاڵە، بەڵام ئەم منداڵە، ئەم هیچ نەفامە بارێکی قورسە بەسەر شانمەوە، دەترسم لەو دونیا لەسەر ئەم منداڵە نەمبەخشیت...سەید باوەڕی بە خۆی هێنابوو کە فەیلییەکان توخم و تایەفەیەکی چەپەڵن، بەڵام نەیدەتوانی وا ڕەفتار لەگەڵ ئەم منداڵە بکات" [٦١]

بەندەر لە دیدی بەعس و بەڕێوەبەرانی زیندانەوە، نە تاوانبارە و نە بێ تاوان، نە دیلە و نە ئازاد. هەوڵییان بۆ ئەوەیە بیکەن بە بەشێک لە خۆیان، دژیەکی نێوان "خۆبوون" و "ئەوانبوون" تا کۆتایی ڕۆمانەکە دەڕوات، لە کۆتاییدا خۆبوون بەسەر ئەوانبووندا سەردەکەوێت. لە چەندین قۆناغی جیاوازدا هەمان ویست لای ئەوان دووپاتدەکرێتەوە؛ بەندەر مەترسی نییە ئەگەر خۆی نەبێت، خۆبوون لای ئەوان بریتییە لە فەیلیبوون و کوردبوون، "نەسەر بە ئێمەیە و نە سەر بە تاوانبارانیشە...ڕۆژێک دێت دەبێت بڕیاربدات یان بێتە ڕیزی فەرمانبەرەکانی منەوە یان بچێتە ڕیزی دیلەکان"[٥٥]، پاش شۆڕش و دامەزراندنی زیندانییەکی نوێ بۆ لە سێدارەدانی سیاسییەکان،

بەڕێوەبەر لەبارەی بەندەر بە کارمەندە نوێکانی دەڵێ، "بۆی نییە بچێتە دەرێ و مەحکومە لێرەدا بژی. بەندەر نە دیلە نە ئازادە، نە بەشێکە لە ئیدارەی زیندان و نە بەشێکیشە لە مەحکومکراوەکان، هۆکەشیان گەڕاندەوە بۆ ئەوەی بەندەر دواهەمین کوردی فەیلییە لە وڵاتەکەدا و هیچ کەس و کارێکی نییە و یاساش ڕێگای نادات ئازاد بێت، بەڵام لە ڕووی یاساییەوە دیل نییە و تاوانێکی لەسەر نییە"[٢٢٨]، لێرەدا چەند دوانەی بەرامبەر هەن، "ئێمە/تاوانباران، ئازاد/دیل، دەرەوە/ ناوەوە، /لێرە/لەوێ/، نەدیلە/نەئازادە/، تاواندار/بێتاوان.."ئەمانە گورزەیەک بەرامبەری واتایین و گێڕانەوەی ڕۆمانەکە لەخۆدەگرن.

وێنەی بەندەر و یەکە واتاییەکانی، پێکهێنەری پەیوەندیگەلێکی واتایین و لە چوارگۆشەی نیشانەییدا تا ئاستی ناولێنەنراو دەڕوات، چونکە چەندین لایەنی دەستنیشاننەکراوی تێدایە، کاتێک دەتەوێت شوناسێک بە "بەندەر" بدەیت، هەڵدێت. بەندەر لە چاوی ئەوانەوە ئاڵۆزە و بوونی خۆیانی تێدادەبیننەوە، هاوکات نەفرەتیش لەو بەندەرە دەکەن، کوردە، فەیلییە، شیعەیە و لەوان ناچێت؛ دەڵێت: "دەمەوێت...لە خۆمان بچێت"[٥٤]. بەڵام پەیوەندییە جیاوازەکانی بەندەر و دابەشبوونی بڕیاربەدەستانی سەرەوە، بۆ ئەملا و ئەولا، کە مەبەست باوکی بەندەر و ژنەکەیەتی، هاوکات شۆڕش و لەناوچوونی زیندانییەکە بۆ ماوەیەک، لە کۆتاییشدا هاتنی ئەمریکییەکان بۆ ڕزگارکردنی عێراق، هەروەها عاشقبوونی، وا دەکات بەندەر ببێت بە شتێکی دی.

پەیوەندییەکانی بەندەر بە کارمەندانی زیندان و مەحکومکراوەکان، بە وێنەی سەرۆک، تارمایی کەسێک لە ژووری بەڕێوەبەر(دواتر دەردەکەوێت باوکی بووە) دەنگی دەرگای ژووری زیندان، وێنەکانی تیڤی، دانیشتنی لە ژووری سێدارە و بینینی لەسێدارەدان و قسەکردن لەگەڵیان، وانەکانی مامۆستا فواد، وردبوونەوە لە هەستەکانی"ترس، دڵەخورپە، وشکبوونی زمان/داخرانی زمان، ڕەنگپەڕین...هتد" هاوکات پرسیارە گرنگەکانی، کە چۆن مرۆڤە چاک و خراپەکان لە یەکدی جیابکاتەوە، چاکەکان هەمووکات چاکن؟ خراپەکانیش لە هەموو کات و شوێنێکدا خراپن؟ چۆن خەڵک بناسێت؟ چۆن بڕیاربدات، خودا کێیە، مرۆڤ گەر خێزان، ماڵ و شاری نەبێت واتای چییە، دەرەوە کوێیە، مرۆڤ دەکرێت، لە دەرەوەی زیندان بمرێت؟ ئەمانە بەشێک لە وێنەکانی بەندەر و ژینگە هزرییین، کە ڕۆڵیان لە پێگەیاندنی هەیە، هاوکات بەندەریش کاریگەری لەسەر ئەوان هەیە، کاریگەرییەکە بەهۆی منداڵییەوەیە، کە سەرچاوەی ئارامییە بۆیان، هاوکات ئازایەتی و بڕیاردان لەوانیتردا دروستدەکات، مامۆستا فواد و نەوفەل بە نموونە. لەبەرئەوە بەندەر بە گشتیی لەنێواندایە، نە دەگری نە پێدەکەنێت، نە یاخییە، نە دەستەمۆ، نە بەند، نە ئازاد، نە کورد نە عەرەب، نە شیعە، نە سوننەیە.




چاوەڕوانیی ئەوان لە بەندەر جیاوازە، لای حوکمراوان بەندەر ئازادبێت، لای سەرۆک و بەڕێوەبەران، ببێتە بەشێک لەوان، لای ئەمریکییەکان و کۆمپانیاکە نمایشی ئازادی بکات، لەلایەن عێراقییەکان تۆڵەسێنبێت، بەندەر لەو نێوانەدا هیچیان نابێت. 'لەنێواندابوون' پڕە لە یەکەی واتایی؛ نەزان بێت، یان فێربێت، لێرە بێت، یان لە دەرەوە، لەبەرئەوە بەندەر وەک چالاکێکی ناچالاک، دیارێکی نادیارە، لەبەرچاوی هەمووانە و خۆشی وەک کەسایەتی دیار نییە، جوڵەی خستووەتە ناو زیندان و خۆشی بێجوڵەیە. جگەلەوەش بەڕێوەبەری زیندان دەخاتە ناو ململانێی جیهانبینی خۆیەوە، کە پێیوایە مرۆڤ بە سروشتی خۆی بکوژە، دەبێت بەندەریش ببێت بە جەلاد، ئەمە وەک گرەوێکی هزرییە، کە لەسەر بەندەر تاقیدەکاتەوە "شتێکی سەیر دەبێت ئەگەر ئەم منداڵە لێرەدا نەبێت بە جەلاد...مرۆڤ بە فیترەت حەزی لە کوشتنە...ئیتر کەمتر لە جاران سۆزی بدەریَ(سەید)، سوێند دەخۆم عاتیفەی زۆر خووی مرۆڤ دەشێوێنێت...دەمەوێ لەگەڵ پیاکوژەکان تێکەڵ بێت، دەمەوێ سروشتی دڕی ئینسانەکان ببینێت"[٢٢٥] کاتێک بەندەر ئارەزووی ئەوە دەکات بەڕێوەبەر بمرێت، ڕزگاری دەکات، بەڕێوەبەر لێی توڕە دەبێت، کە ڕزگاری کردووە و بەزەیی هەیە"بەزەیی خراپترین شتی دونیایە"[٢٢١]، لە کاتێکدا بەندەر نە بەزەیی هەیە، نە بێ بەزەییە، نە ڕزگارکەرە، نە سزادەر، نە بڕیاردەرە، نە بێبڕیار. نەخۆشکەوتنی بەندەر نیشانەی "لەنێواندابوونە"، کە لەنێوان کردە و بێکردە، دەنگ و بێدەنگیدایە، نەخۆشییەکەی زەمینەرزەیەکی واتاییە لە دەقەکەدا. لەبەرئەوە لەم قۆناغەدا سەر بە دوانەی بەرامبەر و ناکۆکییە، دژەکان لە دەرەوەی خۆین و ناکۆکییەکەش لە شێوەی ژیانیدایە.

**٢ـ بەندەر لە دەرەوەی زیندان**

ئازادی نا-ئازاد

پاش ئەوەی کوێت ڕزگاردەکرێت، جەنگ ڕوودەدات و ئەمریکییەکان هێرش دەکەنە سەر بەغداد و زیندانەکە بۆمباران دەکەن، بەندەر بۆ ماوەیەکی کاتی لە زیندان دێتە دەرەوە، بەڵام چەند شەوێک بە تەنیا لە زیندان دەمێنێتەوە، چونکە جگە لەوێ ماڵێکی نییە، لە کۆتاییدا لەتاو برسێتی

دەچێتە دەرەوە. ئەمە یەکەم "ئەزموونی کاتی" هاتنە دەرەوەیەتی لە زیندان، کە سوود لە وانەکانی مامۆستا فواد لەبارەی دەرەوە وەردەگرێت. لێرەوە وێنەی جۆراوجۆری بەندەر لە دەرەوەی زیندان دەبینین، کە یەکەمجارە بەریان دەکەوێت، "ئەو بەرینییە بێپایانەی جیهان، ئەو جۆرە ڕەنگە وەسفنەکراوانە، ئەو دوورییە بێئەندازەیە لە ڕابوردوو ترساندی. ویستی بە ڕاکردن بگەڕێتەوە زیندان".[١٦٢] لە سەرەتاوە، هەست بە ترس و تەنیایی دەکات، چونکە مرۆڤی ئاشنا نابینێت، با ئاشناکان جەلادیش بن. بیری زیندان و دۆخی ئاسایی ئەویێ دەکات[١٦٨]، هاوکات یەکەمجارە مردنی جیاواز لە سێدارەدان دەبینێت،"هیچ مردویەکی نەدیبوو بنالێنێت، مردن بە شتێکی کتوپڕ و خێرا تێگەیشتبوو"[١٤٧]، یەکەمجارە کەسێک ڕزگار دەکات، کە بەڕێوەبەرە. ڕقی لە وشەی "مردن" دێتەوە و شانازی بە ڕزگارکردنەوە دەکات، ئەمەش هاتنەدی ئاواتەکەیەتی"زۆرجار لە ساڵۆنی لە سێدارەکەدا ئەو ئاواتەی لە خۆیدا هەستپێکردبوو، یەکێک لە مەحکومکراوەکان ڕزگاربکات"[١٥٢]. ئەم یەکەمجارانە لەژیانی دەرەوەی زیندانی بەندەر زۆرن، لەبەرئەوە کۆمەڵێک هەست و تێگەیشتنی نوێی بۆ دروستدەبێت، کە پێشتر لە زیندان تێیدا نەژیاوە.

بەندەر لە دەرەوەش دەگیرێت و دەڵێت، بۆ ئەوە گرتوویانم تا بزانن "من کێم"[١٨٣]، کێیەتی گوزارشتە لە شوناس، شوناسیش لە پەیوەندی بە ئەویترەوە واتا پەیدا دەکات،[ئەمین، ٢٠١٤: ١٠٣] بەڵام لەناو دەسەڵاتی دیکتاتۆریدا هەر جیاوازییەک ڕەتدەکرێتەوە، بەندەریش بۆ دەرخستنی شوناس و گۆڕین گیراوە، بزانن کێیە، ئەگەر بزانن کوردی فەیلی شیعەیە، دەیگۆڕن بەخۆیان، کە عەرەبی بەعسی سوننەیە. بەندەر لە بەندەری ئەم دوو شوناسەدا گیریخواردووە، کە خۆی هیچیان نییە، بەڵام هیچ نەبوونیش بۆ دەسەڵات مەترسی گەورەیە، لەبەرئەوە هەوڵی زۆر دەدەن وا پەروەردە و گەورەی بکەن، ببێتە ئەوە کە خۆیان دەیانەوێت.

لە دەرەوەی زیندان بەندەر فێردەکەن، کە پێویستە درۆبکات. نەوفەل ڕزگاری دەکات و کاری بۆ دەدۆزێتەوە، دوای هۆگربوونی بەندەر پێی، نەوفەل جێیدەهێڵێت و دەچێت ببێت بە شۆڕشگێڕ. بەندەر سەید دەبینێتەوە و توند باوەشی پیادەکات و دەچێتەوە زیندان و بەڕێوەبەر پێی دەڵێت، چەند مانگ ئازاد ژیای،(دیارە تەمەنی دە ساڵ بوو لە زیندان هاتە دەرێ، ئێستا یانزە ساڵە)، ئازادی هیچی فێرکردی؟ "باشترین جۆری ژیان ئەوەیە، مرۆڤ لە جێگای خۆی بمێنێتەوە...پێم بڵێ ئەگەر ئێستا دەرگاکەت بۆ بخەمە سەر پشت و پێت بڵێم دەتوانیت بڕۆیت، دەڕۆیت؟"[عەلی، ٢١٨] بەندەر دەڵێت"نا". بەڕێوەبەر دەڵێت، مرۆڤ لە زیندان بێتو بەرچاوی ڕوون بێت باشترە ئازادبێت و نەزانێت چی بەسەردێت. ئەم جیهانبینییەی دیکتاتۆرەکان لە پەروەردەی بەندەردا کاریگەری لەسەر جیهانبینی

دەبێت، کە لە ئازادیشدا هەست ناکات ئازادە، ئەم وێنەیەش شا وێنەیە، کە دەبێتە نەخۆشی بەشێکی زۆر لە عێراقییەکان و بەندەر سەرچاوەکەیەتی. بەڕێوەبەر دەرچوونی بەندەر لە زیندان وەک کۆتاییهاتنی دەوڵەتی عێراق دەبینێت، چونکە نەیانتوانیوە دەستەمۆی بکەن و بیکەنە بەشێک لە خۆیان[٢١٩]. بەڕێوەبەر دەزانێت بەندەر لەدەرەوە دەترسێت، لەبەرئەوە کار لەسەر ئەوە دەکات، ئەو ترسەی نەهێڵێت و جەلادێکی تیا بچێنێت"ئەم جێگایەی ئێمە شوێنی بەزەیی تیا نابێتەوە...(سەید)ئەم منداڵە بە سروشت ترسنۆکە"[٢٢٣]. بەڕێوەبەر لە بەندەردا بۆ دڕندەیەک دەگەڕێتو ئەمەش بە سروشتی مرۆڤ دەزانێت1، ولاتە ئەورووپی و ئەمریکییەکانیش کە لای خۆی خاوەنی شارستانیەتن، وەک ئێمە بکوژن، بۆیە ناکرێت مرۆڤ بکوژنەبێت، بەڵام بەندەر دەپرسیَ، بۆ دەبیَ ببم بە بکوژ؟[٢٤٤]. لێرەدا چەند دوانەی دژی وەک، ڕاکردن و مانەوە، زیندان و بیَ جێی، بەزەیی و بێبەزەیی، ترس و بوێری، بوون بە بکوژ و بۆچی بکوژبم، درۆ و ڕاستگۆیی...دەبینین. بەندەر لەناو ئەم دوانانەشدا، لە زۆربەیان لەنێواندایە، درۆدەکات و درۆزن نییە، بکوژنییە و بکوژیشە، نە دەمێنێتەوە و نە ڕادەکات، ترسنۆک و بوێریش نییە.

هاوکات محێسن لەچاوی بێگوناهی بەندەر دەترسێت، چونکە کوردی تێدادەبینێتەوە. بەندەر بە بینینی دنیای دەرەوە، هەست و سۆزی جیاوازی تێدا سەوزدەبێت، بە جۆرێک سزای ئێستای بریتییە لە بینینی لە سێدارەدانی مەحکوکراوەکان، بۆیە بەندەر بەخۆی دەڵێت"ئێرەش هەر زیندانە کۆنەکەیە، مەترسە بەندەر مەترسە...پێش ئەوەی بڕوات تەماشای خنکاندنەکان بکات، توشی دۆخێک دەهات هەوای بە سەختی وەردەگرت و توشی هەناسەتەنگی دەبوو...ئاواتی بوو بیبەخشن و ئیدی نەچێتە ساڵۆنی سێدارەکە"[٢٣٧]. پێشتر هەستی نەدەکرد ئەوە سزایە، یاخود ئەویَ زیندانە و فەرمانی پێدەکرێت، بەڵام پاش بینینی دەرەوە و گەورەبوونی، ئەم هەستانەی بۆ دروستبووە، ئەمەش دەبێتە سەرچاوەی ڕووبەڕبوونەوە و یاخیبوون، هاوکات وەرگرتنی چارەسەری ژماردنی درەخت و شتەکان بۆ ئەوەی هۆشی لای خۆی نەمێنێت، چیتر بیر لە مردووەکان نەکاتەوە و خەوی لێبکەوێت، کە ئەمەش شادی فێری کردبوو"شادی ئەگەر فێرببم درەختەکان بژمێرم، دەتوانم خەونی ناخۆش نەبینم؟"[٢٣٧]، ئەمانە سەرچاوەی شێوەگرتنی هەستەکانی بەندەرن. ئەم هەستانەی کاریگەری لەسەر چواردەوریی و جەلادەکانیش هەیە، بۆیە گشتیان لە نیگای ڕادەکەن، "لە مەلاکەوە تا پزیشکەکان، لە جەلادەکانەوە تا ئەوانەی جەستەکانیان دەخستە کیسەوە، هەموو بە بینینی منداڵەکە و سەیرکردنی چاوانی تووشی دڵەڕاوکە و پەشیمانی و پەشۆکان دەبوون"[٢٣٨]. ئەم هەستە بۆ


---

[1] ـ ئەم دیدە تا ڕادەیەک هۆبزییە، کە مرۆڤ بەسروشت شەڕەنگێزە و کاری دەوڵەتە جڵەوی بکات.[توک، ٢٠٢٤]

ئاستی "سەروو-هەست" دەڕوات "یەکێک لە جەلادەکان شەوێک بە گریانەوە چووە بیرۆی بەڕێوەبەر و پێی گوت...دڵنیام مردووەکان دەگەڕێنەوە و لە ڕێگای چاوی ئەم منداڵەوە سەیرمدەکەنەوە"[٢٤٠]. بەندەر، کە بابەتی خودی بەعسە، نیگا و چاوی دەبێتە کۆنترۆڵکەر، لە بابەتێتی دەکەوێت و دەبێتە خود، ئەمەش کۆمەڵێک یەکەی نیشانەیی چالاکە، محێسن وەک بینینی چاوی کورد دەیخوێنێتەوە، یان نیگای بیرخەرەوە و ئازاردەر و ویژدانجوڵێنە، گریماس لە کتێبی *نوقسانی واتا*دا پێیوایە، هەستەکان پلەیان هەیە و بیرخەرەوەن و دێنە مێژووەوە، چاوی بەندەریش لێرەدا فەنتازیایەکی جوانی لێوەبەرهاتووە، کە بۆ ئەویتر بیرخەرەوە و نیگەرانکەرە، ئەمە قوڵیی بە گێڕانەوەکە بەخشیوە، قوڵیش دۆستی واتایە.[گرمس، ١٣٨٩: ٥٨].

لەم قۆناغەدا، بەندەر ئەزموونی دەرەوەش دەکات و دێتەوە زیندان، ترس و نەخۆشکەوتنی لە بینینی مەحکومکراوەکان دەبێتە پانتایی واتاسازی دەقەکە، کە چەندین نیشانەی جیاواز و هەستیار، دوانەی بەرامبەر و دژ، دروستدەکات، چونکە خواستە بنەڕەتییەکەی ئەوان لەگەڵ ئەم گۆڕانەی بەندەر ناسازە؛ سیستمەکە هەمان خواستی پێشتری هەیە، بەڵام بەندەر ئێستا منداڵێکی یەکدووساڵە نییە و پێگەیشتووە(هەرزەکارە)، هەستەکانی شێوەیان گرتووە، سێکسی کردووە، عاشق بووە، سۆزی جوڵاوە، "زیاتر ئارەزووی بە مامۆستا ژنەکان دێت"[عەلی، ٢٠٢٢: ٢٥٦] و فێری وانە و زمانی جیاوازبووە، هاوڕێی هەیە(شادی و لوئەی)، لەبەرئەوە دیمەنەکانی لە سێدارەدان بریندارکەر و وروژێنەرن، هەستدەکات بەڕاستی زیندانییە و دەبێت جوڵە بکات، هەر ئەمەش پەرۆپاڵی یاخیبوونی پێدەدات. کاتێک عاشقی نەدا دەبێت، لە زیندان هەڵدێت، سەرچاوەی ئەمە پەیوەستە بە بینینی لە سێدارەدانی هاوڕێ هاوتەمەنەکەی، کە لوئەی[شێتە]، بە بینینی ئەم دیمەنە، نەخۆش دەکەوێت. دیمەنسازی لە سێدارەدانەکە بە جۆرێک چنراوە، کە نیشانەی واتایی قوڵی سۆزی بەرهەمهێناوە و خوێنەر ناتوانێت هاوسۆز نەبێت، ئەمەش پرۆسەی جوانیسازی واتایی دەقەکەیە[گرمس، ١٣٨٩: ٧٥]. هاوڕێ ناتەواوەکەی نازانێت لە ژووری لە سێدارەدانە، لەوێ بەندەر دەبینێت و سەیری دەکات، نیگەرانی بەڕووخسارییەوەیەتی، پێی دەڵێت، بەندەر ناڕەحەت مەبە سبەی فێری بەرگری فەرەنسیت دەکەم"بەرلەوەی ڕستەکەی تەواو بکات، لەناکاو تەختەی ژێر پێی کرایەوە...کاتێک لوئەی ڕۆحی دەرچوو هێشتا بە خەندەیەکەوە سەیری بەندەری دەکرد".[عەلی، ٢٦٤] ئەم خەندەیە، بەندەر نەخۆشدەخات. نەخۆشییەکە لەناو زیندان بڵاودەبێتەوە و دوانەیەکی نوێ دێتەئاراوە. بەڕێوەبەر پاش لە سێدارەدانی لوئەی و تێکچوونی دۆخی بەندەر، دەڵێت: "من دڕندە نیم، من خۆم پڕم لە بەزەیی، بەڵام بەزەییم بە وڵاتەکەمدا...بە سەرۆکەکەمدا...بە حیزبەکەمدا دێتەوە کە ئەم هەموو دوژمنە گەمارۆیانداوە. تۆش دەبێت بەزەییت بە وڵاتەکەت و سەرۆکەکەتدا بێتەوە نەوەک بە تاوانبارانداد"[٢٦٣].

لێرەدا پەیوەندی بەزەیی و بێبەزەیی، دوژمن و دۆست، تاوانبار و بێتاوان بەرامبەرن، هاوکات واتای وێنەکەمان بۆ ڕۆشندەکاتەوە، بەهۆی جیهانبینی جیاوازی بەڕێوەبەر و بەندەر. بەندەر بۆ مامۆستاکەی باسی هەستە جیاوازەکانی خۆی بۆ کەسەکان دەکات و دەڵێت: "مامۆستا من دەزانم خۆشەویستی چییە...ڕۆژانێک سەید شەهاب چوو بۆ جەنگ، من ماوەیەکی زۆر غەمگین بووم، ڕۆژێک نەوفەلیش بەجێیهێشتم زۆر گریام، مردنی لوئەیش نەخۆشی خستم"[٢٨٧]. لێرەدا وانەی خۆشەویستی بە بەندەر دەگوترێتەوە و لەوێش وانەی ڕق و تۆڵە، بەزەیی بۆ دەوڵەت، نەک بۆ مرۆڤەکان. بەهۆی ئەم جیاوازیی و نەهامەتی و سزا توندانەوە، کە بەبێ سزای جەستە، ڕۆحی ئازاردەدەن، ئازاردانیش بۆ پەروەردەکردنی بەندەرە، تا بەزەیی تیابکوژن. سزاکانیان بوون و کەسێتیی بەندەر شێوە پێدەدەن، چونکە لێرەوە دەزانێت تۆڵە و ڕق، توندوتیژیی و درندەیی ئەم وڵاتە بەڕێوەدەبات، لەبەرئەوە ئازادی واتایەکی نییە، ڕۆح و سۆزی بەندەر بەرگەی ئەو هەموو سزایە ناگرێت، کە لەبەرچاوی خۆی یەکیەک مامۆستاکانی لەسێدارە دەدەن، ئەمیش وەک بینەرێک تەماشایان دەکات، بەندەر مەحکومکراوە بە بینین و ئازادنییە نەبینێت، ئەمەش گەورەترین سزایە، بەڕێوەبەر بەزۆر چاوی پێدەکاتەوە، دەیهێنێت بۆ ژووری لەسێدارەدان، هەربۆیە تەکنیکی ژماردن کەمێک هاوکاری دەبێت، کە نیشانەی بێدەسەڵاتی بەندەر و دەستەڵاتی ئەوانە. لەناو ئەم بێدەسەڵاتییەدا بەندەر دەسەڵاتێکی دیکە وەردەگرێت، کە هەر لەژێر حوکمی ئەواندایە، ئەویش بەهۆی خەتخۆشییەکەیەوە، کە بووە بە مەکینەی بەڕێوەبەر، دەتوانێت ژیانی نەدا درێژبکاتەوە، چونکە ئەویش خەتخۆشە"ژیانی کیژەکە بە بڕیاری بەندەرەوە بەندبوو"[٣٠٥]، ئەمەش پارادۆکسێکە کە بەندەر ژیانی لەدەستی خۆیدا نییە، بەڵام ژیانی نەدا دەکەوێتە ژێر دەستی. ئەم قۆناغەی ژیانی بەندەر دەکەوێتە ناو ناکۆکی دژ و ئاوێتەبوونەوە، لە دەرەوە سۆزی بۆ ناو زیندان، لە زیندانیش هەستی بەندی تیا سەوزدەبێت و نەخۆش دەکەوێت، سەرچاوەی ئەمەش ئازاری سزای بینینی لە سێدارەدانی هاوڕێکانی و درککردنیەتی بە سیستمەکە، لەبەرئەوە یاخی دەبێت و ئەمەش قۆناغێکی ئاوێتەیە لە ناکۆک و دژ و لەخۆگرتن.




وەک دەبینین، بەندەر لە دەرەوەی زیندانە، بەڵام ئازاد نییە، واتە ئازادیکی نا-ئازاد و نا-ئازادیکی نا-بەندە، سەرەنجام لە دەرەوەش نا-بەندیکی بەندە، ئەمەش ناکۆکییەکی ئاوێتە و بێلایەنە.

### ٣. بەندی تەواوەتی

پاش ئەوەی بەندەر عاشقی نەدا دەبێت، ئازایەتیی تیادەڕسکێت، "لەبەر خۆشەویستی هەڵهاتم، خۆشەویستی ئازاری دەدام"[٣٥٢]. بەندەر بە جۆرێک عاشق دەبێت، کە بۆنی مەرگی لێدێت[٣١١]، عەشق و یاخیبوون، هەڵهاتن، گرتن و سزا نیشانەی زەقی ژیانی ئەو دەمی بەندەرن "ئەگەر هەوڵێکی دیکەی ڕاکردن بدەیت دوورنییە فەرمانی مردنت بۆ دەربکەن"[٣٥٣]. پاش ئەوەی بەندەر لە عەشق شکستدەهێنێت، دەزانێت هەستەکانی هەڵەبوون و دەیگرنەوە، ئەمانە وادەکەن، ئاوات بە مردن بخوازێت، داوا دەکات، بیکوژن"جەنابی بەڕێوەبەر یارمەتی تۆم دەوێت، دەمەوێت بمرم"[٣٥٤]. بەندەر بیر لە چارەنووسی دەکاتەوە، نادیاری و ناڕۆشنی ئایندە و شکستی عەشق و هەڵهاتنەکەی "ئارەزووی مردن"ی تێدا سەوز دەکەن. ئەم ئارەزووەش سروشتیی و خۆکرد نییە، بەڵکو دەستکردی دەوروبەر و سیستمەکەیە. هاوکات پەیوەستە بە سزای دابڕانی و خستنەژووی تاکەکەسییەوە، چونکە بۆ یەکەمجار وەک زیندانی تەواو هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرێت، ئەمەش بۆ بەڕێوەبەر، سەید، شادی و فەرمانبەرانی زیندان ئازاردەرە، چونکە بەندەر تا ئەو دەم زیندانی تەواونەبوو. لایەنێکی دیکە بۆ دۆخی دەرونی و تێکشکانی هەستەکانی دەگەڕێتەوە. لەو سزایەدا بەندەر ٧ ساڵ لە ژوورێکدا دەمێنێتەوە، ئەو ماوەیە یادەوەری دەسڕێتەوە، بوونی دەشێوێت، بەرەو شێتبوون دەچێت، بەهۆی خەونەوە ئەوانیتر دەبینێت؛ "خەون" تاکە جوڵە و کردەبوو دەیبینی،"لەو ساڵانەدا تەنیا لە خەونەکانیدا شتەکان ڕوویاندەدا"[٣٦٠]. پێشتر ئازادنەبوو نەبینێت، لێرەش ئازادنییە، خەون نەبینێت، واتە، لێکچوون لەنێوان دەسەڵاتی سەروسروشتی و بەعس دەبینینەوە، بەندەر ناتوانێت نەبینێت و خەون نەبینێت. ئەم قۆناغەش دەکەوێتە ئاستی نا-ئازاد و بەند؛ بەندییەکەی ئازادی دەسڕێتەوە.

### ٤. گوتاری مانەوە: ڕزگاری عێراق و نا-ئازادبوونی عێراقییەکان

لە نا-بەندییەوە بۆ نا-ئازادی

ئەم قۆناغە پێچەوانە و لێکچووی قۆناغەکانی پێشوو، بەهۆی هاتنی ئەمریکییەکان و ڕزگارکردنی عێراق، بەندەر ڕزگاری دەبێت، بەڵام دەکرێتە نمایشکار و بینراو، ئازاد نییە نەبینێت، نا-ئاشکراکان ئاشکرادەبن، نەبینراوەکانیش دەبینرێن، نهێنییەکان دەزانێت، کە کێیە و چۆن لەدایکبووە، لە کێ بووە. هاوکات ئەمریکییەکان و کۆمپانیای خۆرهەڵات، کە کۆمپانیایەکی میدیاییە دەیکڕن، ئەوان ڕێگەی پێدەدەن چی بکات و چی نەکات، کێ ببینێت و کێ نەبینێت، دەبێتە "موڵکی کۆمپانیاکە"[٤٠٢]، بەندەر لە ڕزگاریدا دەبێتە کاڵا. ئەوەی لەنێوان زیندان و دەرەوەدا هەیە، نوقسانی و نەبوونی ئازادییە، لە زیندان، بەندێکی نا-بەندە، لێرە ئازادێکی- نائازادە، یاخود نا-بەندێکی نا-ئازادە، کە دەکرێ سوود لە زاراوەی ڕزگاری ببینین؛ ڕزگار دەبێت، بەڵام ئازاد نابێت.


ئازادی پەیوەستە بە بوون، هەست، بیرکردنەوە و شێوەی ژیان، کە ئەویتر ناتوانێت بیدات. بەندەر بەهۆی دنیایەک هۆکار و شێوەگرتنی کەسێتییەکەی ناتوانێت خۆی فریو بدات و وا هەست بکات ئازادە. کێشەی بەندەر ئەوەیە هەست ناکات ئازادە. ئەم کێشەیە خۆی لەو دابڕانە زمانی و کەلتووری و جیهانبینییە ڕسکاوە دەبینێتەوە، کە بەندەر نیەتی و ئەوانیتر هەیانە. ئەمریکییەکان ڕزگارکەرن، ئازادکەرنین، عێراقییەکان ڕزگارکراون، بەڵام ئازاد نەکراون، کاتێکیش ئازادکراون، ئازادبوونین، لەبەرئەوە بەشێک لە عێراقییەکان لە بەندەرەوە نەخۆشی هەستکردن بەوەی ئازاد نین، دەگرن، چونکە مێژوویەک عێراقییەکان بە تۆڵە و ڕق پەروەردەکراون، ئێستا ناتوانن لەو هەستە ڕزگار و ئازادبن، با لە دەرەوە ڕزگار"بکرێن"، چۆن لەو زمان و کەلتوورە ڕزگار دەبن؟

بەندەر ئازادی وەکخۆی وەردەگرێت و هەستی پێناکات، بەڵام ئەوانیتر ئازادی بە واتای سیاسییو کەلتووری دەبینن، بیریان بۆ دەکرێتەوە و بڕیاریان بۆ دەدرێت، لە زیندان نین، هەستدەکەن ئازادن، ڕایان وایە مادام بەندەر لە زیندان نییە، کەواتە ئازادە. ئەوان سروشتی مرۆڤبوون و ئازادبوون لەناو چوارچێوەی مانەوەدا پێناسە دەکەن، "گوتاری مانەوە"ش بریتییە لە چەند-ژیان نەک چۆن-ژیان.[عەلی،٢٠٢١: ٦٧] بەندنەبوون=ئازادبوون، چەند لە زیندان بێت، ئازاد نییە، بەڵام بەندەر چۆن "ئازاد بێی" بەلاوە گرنگە، کە نازانێت و فێرنەبووە، کەلتوورەکەش یارمەتی نەداوە فێربێت وا هەست بکات، کە ئازادە و خۆی فریو بدات. ئەوەی کە مرۆڤ هەیە و زیندووە، دەخوات و دەخەوێت، لە زیندان نییە، ئەوە ئازادە؛ بەندەر لەدەرەوەی ئەو جیهانبینی، کەلتوور و زمانە ئامادەیە، هەستەکانی و خۆبینینی پێیدەڵێن کە ئازاد نییە. ئەوان لەناو تۆڵە و ڕقدا دەژین، هێز و جیهانبینییە جیاوازەکان بڕیاریان بۆ دەدەن، کەوایە ئازادنین، بەندەریش خراوەتە ناو هەمان دۆخەوە و خەریکە دەخنکێت، بەڵام ئەوان ڕاهاتوون، بۆیە پێویستیان بە هەناسەی دەستکرد نییە، 'هەناسەی دەستکرد' یەکەیەکی واتاییە و هێشتنەوەی بەندەرە لەناو ژوورێکدا، کە دیسان وێنەی زیندانمان بیردەخاتەوە. هەناسەی دەستکرد= ئازادی دەستکرد، چارەسەری کاتی، نەمردن و زیندوومانەوە، هەناسەی ڕاستەقینە= ئازادیی ڕاستەقینە، کە بەندەر هەستی پێناکات.

هەمووان پێیانوایە بەندەر ئازادە، خۆی هەستدەکات نائازادە، ئەمەش لەو وێنە و دیمەنگەلە دەردەکەوێت، کە بە زۆر دەیانەوێت تۆڵە لە سەرانی بەعس بکاتەوە، دەبێتە هۆی "نەخۆشبوون"ی و "نەخۆشکەوتن"ی؛ لەلایەک بەهۆی ئەوان نەخۆش 'دەکەوێت'، نەخۆش 'دەبێت' بەهۆی ئەو هەست و تێگەیشتنە پوخت و نەشێواوە بە کەلتوورە جیاوازەکان، ئەمەش بەرکەوتنی چەندین یەکەی فەرهەنگییە، لەگەڵ یەکە واتاییە نیشانەییەکان، کە لای ئەوان یەکە نیشانەییەکان کارایە و بۆ بەندەر

یەکە فەرهەنگییەکان، چونکە "بەند"=لەزینداندابوون، لای بەندەر بەند هاوتای لە زینداندابوون نییە، چونکە زیندان "ماڵ" بووە و ئێستا لە دەرەوەی زیندان بەندە، چونکە ئازاد نییە.

لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا بەندەر لە نەوفەل دەپرسێت تۆ ئەو هەستەت نییە، کە هێشتا لە زیندانیت؟ تۆ شکستت هێنا لە ڕزگارکردنی وڵاتەکەت و بوویت بە هاوڵاتی ئەمریکی، نەوفەل دەڵێت:"دەمەوێت لەم وڵاتە بڕۆم تا وەڵامی ئەو پرسیارە نەدەمەوە".[عەلی، ٢٠٢٢: ٤٥٤] هەڵهاتن لێرە، بەرامبەر بە ئەوێ، تەواو ڕەتکەرەوەی ئێرە نییە، بەڵام لێرەبوونی تەواو نییە، بۆ ئەوەی هەستی لە زینداندابوونم نەبێت، دەبێت لێرە نەبم، ئەمەش وەک گوتاری چارەسەرە، چونکە لێرەبوون=بەندی، نەوفەل دەڵێت: "ڕۆژبەڕۆژ وڵاتەکە هەستێکی ترسناکم تیا دروستدەکات کە دەخنکێم"[٤٥٤]، ئەمەش سەرچاوەی ڕەخنەگرتنمانە لە گوتاری "لەوێ"بوون نەک"لێرەبوون"، کە ڕۆماننووس بوونی ئەوێ و هەڵهاتن لێرە بە جۆرێک لە چارەسەر دەبینێت1، تا لێرە دووربێت باشتر هەناسە دەدەیت، ئێرە شوێنی ڕق و کینەیە، ئازادی ئێرە دەستکرد و فریودانە، عێراق بووە بە وڵاتی هەستکردن بەوەی لە زیندانیت، بۆ ئەوەی لەم هەستە ڕزگارت بێت، دەبێت لێی هەڵبێیت، هەڵهاتن لێرە=خۆڕزگارکردنە لەو هەستە، کە جۆرێک لە هەناسەی دەستکرد، بەڵام بانگەشەی گوتاری دەقەکە پێمان دەڵێت، نەوفەل هاوڵاتی ئەمریکییەو خەمخۆری هەیە،"بەڕێز نەوفەل، بەقسەی من دەکەیت چیتر نایەیت بۆ ئێرە. من دەزانم دەتەوێت بگەڕێیتەوە بۆ ئەمریکا، چاکترە زوو بگەڕێیتەوە...تکایە خۆت بپارێزە".[٤٥٢] ئەمە گوتاری پاراستنی هاوڵاتی ئەمریکییە، کە بە زۆر ڕێگەی دەدەن بچێتە نەخۆشخانە، بەڵام نەوفەلی عێراقی دەیەوێت بچێت بۆ لای بەندەر، نەوفەلی ئەمریکی شتێکی دیکەیە، واتە گۆڕانی نەوفەل لە عێراقییەوە بۆ ئەمریکی خۆی خوێندنەوەیەکی نیشانەناسانەی جیاواز هەڵدەگرێت، کە تا ئەندازەیەک تێهەڵکێشی سۆزی عێراقی و عەقڵی پراگماتیکی ئەمریکی بووە، بەڵام ڕۆشتن و گەڕانەوەی شۆڕشگێڕێکی دوێنێی عێراقی و بوون بە ئەمریکی، گوزارشت لە جێهێشتنی نیشتمانێکی نا-نیشتمان دەکات، کە وێرانە و نەوفەلی ئەمریکی زۆر باکی نییە، بێهیوایە و دەیەوێت خۆی نەک نیشتمان ڕزگار بکات، گەر نەڕوات دەخنکێت.




[1] ـ ئەم گوتارە لە ڕۆمانی جەمشیدخانیش دووبارە بووەتەوە.

بەندەر لێرە و لەسەرجێ لەو هەستەدا دەژی، لە "ئێرە"بوون و ئەو هەستە، واتای خۆی هەیە، جۆرێکە لە خۆڕاپسکاندن و یاخیبوون. ئامێرەکانی هەناسەدان دەلالەت لە مانەوە و هەڵگرتنی باری نائازادبوون دەکەن، چونکە دەبێت بەردەوام شتێک هەڵگریت تا بژیت، کە دەکرێت زیندوومانەوە="گوتاری مانەوە" بێت، کە بەندەر لێی هەڵدێت و مرۆڤی عێراقی لەناویدا دەژی. هەستنەکردنی بەندەر بە ئازادی، کە بابەتی خودە، خودیش چ بەعس و ئەمریکییەکان بێت، شکست دەهێنن، چونکە ئەو شوناسەی خود بەسەر بەندەری دەسەپێنێت، لێی هەڵدێت و فریوی وا بزانێت ئازادە، ناخوات. ئەم هەستە لەناو خەڵکیشدا بڵاودەبێتەوە؛ خود دەبێت بە بابەت و کێشەی بۆ دروستدەبێت و گوتارەکەی لەق دەبێت، چونکە بەندەر ڕەتیدەکاتەوە بەچاویلکەی ئەوان ببینێت، ئێستا بەندەر وێنەیەکی نیمچە سەربەخۆی هەیە، کە ناچێتە ناو ئەو وێنە و وێناکردنەوە بۆی دروستکراوە، بۆیە بە ڕەتکردنی بەندی بەرەو نا-ئازادی دەچێت، چونکە نا-بەندی ناتوانێت کەمی ئازادی پڕبکاتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا وێنە بنەڕەتییەکەی بەندەر ئەوەیە، کە لەناو نا-ئازادیدا لە ئازادی نزیکترە تا بەندی، چونکە بە تێگەیشتنەوە دەڕوانێتە ئازادبوونی، نەک وابزانێت ئازادەو بەرامبەر بە بەندی بیگرێت، یاخود ئازادی و بەندی لەناو گوتاری ئەواندا شێوەی بیرکردنەوەی دابڕێژن. لەبەرئەوە وێنەی بەندەر ناوازەیە، تا ڕادەیەکیش لە ڕووکەشی لۆژیکی دژەکان هەڵدێت، کە بە دەرچوون لە بەندی و نوقسانی ئازادی، بەرەو ئازادی ناچێت، بەڵکو دەچێتە ناو نا-بەندی و نا-ئازادی یاخود نا-ژیان و نا-مردن، زیندویەکی مردووە.

قوڵایی واتایی ئەم هەستە دژ و ئازادبوونە لە گوتاری ئەوانیتر، کە لێکچووەکانیشی(ئەوانەی نەخۆشییەکە دەگرن)، لە دەرەوەی بەندی بەندەردان. ئەمە دەچێتەوە ناو گوتاری مانەوە و لێشی هەڵدێت، بەڵام گوتاری ئەوانیتر، کە هێزیان هەیەو هەناسەی دەستکرد دەبەخشن، لە مردن هەڵدێن و مێژوویەکە لەناو بەرگری مانەوەدا ژیاون، فێربوون چۆن بمێننەوە، خۆبگونجێنن، کە سەر بە گوتاری مانەوەیە و بەندەر لە دەرەوەی ئەم ڕاهاتن و خۆفریودانەیە، خۆی وەک نوێنەری مردووەکان دەبینێت، نا-ئازادی=نا-ژیان، لەبەرئەوە ڕەتیدەکاتەوە پوری و وێنەی دایکی و خێزانەکەی ببینێت. بەندەر سەرسامە بە مانەوەی، چونکە نزیکەکانی لە سێدارەدراون و ئازاری ویژدان نەخۆشییەکە، هەستناکات دەژی و ئازادە. لە کۆتاییدا وێنەی واتایی بەندەر ململانێی گوتاری ئەوانیترە، کە سەر بە گوتاری مانەوەن، لە کۆتاییدا دکتۆر خالقی لێیدەپرسێت"هۆو بەندەر کەی لەم هەستە ڕزگارت دەبێت؟" بەپێکەنینەوە دەڵێت"دکتۆر مرۆڤ ڕادێت...بەندەر ڕاست ناکات ڕانەهاتووە"[٤٥٨]. بەمجۆرە بۆمان دەردەکەوێت کۆگوتاری ڕۆمانەکە چەشنە هەڵهاتن و ڕاکردنێکە لە گەندەڵبوون و ڕاهاتن بە

کۆیلەیەتی و خراپبوون، کە بە دیدی ڕۆسۆ مرۆڤ بە سروشتی خۆی خراپ نییە و دەسەڵاتەکانی دەوڵەت و شارستانیەت گەندەڵی دەکەن[وۆڵکەر، ٢٠٢٤: ١٨٧]. بەندەر لەو کەسێتییانەیە بە شێوەیەکی سروشتی خۆدەپارێزێت و ململانێی دەسەڵاتەکان دەکات بۆ ئەوەی نەبێتە مرۆڤێکی خراپ و خۆفریودەر، لەکاتێکدا ئەوان دەیانەوێت بیکەن، بەڵام ئەم نابێت.

### ٥. ویستی ئازادیی و ویستخستن

ئازادی و بوونی مرۆڤ بەیەکەوە گرێدراون، جیاکردنەوەیان درز دەخاتە واتای مرۆڤبوونەوە. هزرین و کردن دوو کردەی جێبەجێکاری ئازادین، کاتێک مرۆڤ ڕێگەی ئەم دوو کردەیەی لێدەگیرێت، کێشەی مرۆڤبوونی بۆ دروستدەبێت؛ ئازادی هەڵبژاردن و بڕیاردانی نامێنێت. هاوکات ڕێگەگریش نائازادە، چونکە تەنیا مرۆڤی ئازاد دەتوانێت دان بە ئازادی ئەویتردا بنێت، ئەگەر ئەویتر ئازادی لە من بستێنێت، منی نا-ئازاد ناتوانێت ئازادانە دان بە ئەویتردا بنێت، کەواتە ئەویتر شەرعیەتی سەروەریتی نابێت.[سینگەر، ٢٠٢١: ٥٦] لەم گۆشەنیگایەوە ئازادی مافێکی بنەڕەتییە هەر هەڕەشەیەک بۆ سەری وەک ڕمی دوو سەر زیان بە من و ئەویتریش دەگەیەنێت. ڕۆمانی *گابۆڕ* [هیدایەتی، ١٣٩٤] پرسی ئازادیی، کاردانەوە و یاخیبوونی من لە ڕێگرییەکانی ئەویتر بە شێوەیەکی نەرم و هونەریی دەگێڕێتەوە. ئەو پانتایی و ژینگەیەش ئەم پرسەی تێدا ڕسکاوە، دنیای مناڵ و مافەکانییەتی، لە مافی گەمەکردن تا خوێندن بە زمانی دایک.

ڕەوتی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە دوو ئاستی دەرەکییە، کە یەکیان ناوەکی بووەتەوە. دەرەکییەکە پەیوەندی بە منالّی، هەرزەکاری، پێگەیشتن، یاخیبوون و سیاسیبوونی ناسیاسی عەبدول متەللیب و کەریمەوە هەیە. ناوەکییەکەش واقیعی کوردی بە شێوەیەکی ڕەمزیی لە یاخیبوونی(گابۆڕ)ی ئاژەڵاندا، کە مافی هەبوونیان لێدەسەنرێتەوە، نیشانداوە. لە چیرۆکە ناونشینەکەدا باوکی کەریم قەسابە و کەریم بۆ قەسابخانە دەبات، دیمەنی سەربڕینی ئاژەڵەکان و گابۆڕیان تێهەڵکێشی گابۆڕی ژیانی واقیعی کراوە. ویستی ئاژەڵان بۆ مانەوە، ترسیان لە چەقۆی دەستی ئەویتر گابۆڕیان پێدەکات، گابۆڕ و ترس و پەلەقاژەیان، هەماهەنگە بە ویستی ئازادی، یاخیبوون و ترس و دڵەڕاوکێی خەبات. ئاژەڵان لە جێیەک و کاتی بەیانی سەردەبڕدرێن، مرۆڤی کورد لە شار و کۆڵان، لە گشت کاتێک، نیوەشەو، کاتی چوونە سەرئاو، نیوەڕوان، ئێواران و هاتنەوە لە کار، کاتی یاری منالان تەوق دەدرێن و هەناسەیان بۆ نادرێت. *گابۆڕ* هونەرییانە بونیادی ویستی ئازادیی منالانی گەڕەک دەکێشێت، کە لە خەونی هەبوونی تۆپی یاریکردنەوە بۆ هەبوونی ئازادی خەبات دەکەن، لە دەسەڵاتە ڕێگرەکانی وەک دەوڵەت، باوک و مامۆستا، خێزان و کەلتوور یاخی دەبن.

کەریم و متەللیب دوو کردەنوێنی سەرەکی ڕۆمانەکەن، کە لە ڕێگەیانەوە ویستی ئازادی و سەربەستیی مرۆڤی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بەرامبەر بە دەسەلاتی پازگا وەک نوێنەری دەولەت دەرخراوە. ئەم دوو منالە لەگەل منالانی هاوگەڕەکیان لە نەبوونی تۆپی یاریکردن و ویستی بەدەستخستنی و دروستکردنی تیمدا دەژین. کاتێک تۆپیان دەبێت شوێنیان نییە، کە شوێنیان هەیە، تۆپیان نییە، کاتێک شوێن و تۆپیان هەیە، یەکگرتوویی و ئازادیی گەمەکردنیان نییە. "تەنیا شتێکمان کەم بوو؛ ئەویش تۆپ بوو. بۆ تیمێکی باش هەموو شتێکمان بوو؛ لەمەیدانی چاک و کاپیتانەوە بگرە هەتا دەروازەبان و یاریزان [...] هەر پێنجیان چوونە بازاڕ. تۆپێکی تەقەلیی جوانیان کڕی[...]ئەوجار نۆرەی کێشەوهەرای ئەوەبوو کە کێ ببێ بە کاپیتان و تۆپەکە شەوانە لەمالی کامیان بێ"[٧-١٥]. ئارەزووی تۆپ هاوتایە بە ئارەزووی سەربەستیی کورد، بەلام دەسەلاتی پازگا، لەناو گەڕەک و شار و نیشتمانندا ئامادەن و ڕێگەت نادەن ئازادانە لە مالی خۆت بژیت و بەئازادی گەمە بە تۆپی خۆت بکەیت و دەیتەقێنن. "چەند سال دوای گرتنەوەی شار دەولەت ئەو مالەی داگیرکرد و کرا بەپازگا. لەگەلوو داگیرکا، هەر چوار بەری دیواری حەوشە دووروودرێژەکەیان بە تێلدڕوو گرت و لەپێش دوو درگا گەورەکەی، نیگابان و لەدەیان شوێن سەنگەریان دانا...شەوانە...کەس نەیدەدی مندالان لەو دەوروبەرە قەرێقەرێ و شەڕەتفەنگ و حەوبەردێن بکەن."[١٧] دەسەلاتی دیکتاتۆر دەست بۆ بچووکترین ئازادییەکان دەبات، هەر لە ئازادی کار، بۆ یاریکردن، هاتن و چوون، زمان و جلوبەرگ.

دەسەلاتی سەربازی لە داگیرکردنی گەڕەک و کۆلانەوە لە منال و ئافرەتەوە بۆ خەباتکارەکان دەستپێدەکات، هەموو ڕێگەکانی چەوساندنەوە و بێدەنگکردن دەگرێتەبەر، یەکێک لەو ڕێگەیانە زانین و زانیارییە. زانین و دەسەلات توند بەیەکەوە بەستراون1، بەهۆی زانیارییەکانەوە کۆمەلگایەکی کۆنترۆلکراو دروستدەکرێت، کە پازگا لە گەڕەکەکانەوە بۆ تەواوی شار ئەم کارە دەکات. پازگا زانیاریی لەسەر تەواوی خەلک و شتەکان کۆدەکاتەوە، "دەستیان کرد بە سەرژمێری هەموو مالەکان و خێزانەکان. بە گەڕەکدا گەڕان و ژمارەی ئاژەل و مریشک و کەلەشێرەکانیان گرت.

میرزاهادیی باوکی عەبدول متەللیب هەموو جارێک چاوی پڕ دەبوو لە ئاو...کوڕە ئابڕوو و ناموسمان چوو!...هاتنە سەر شۆرکە و حەمامەکانمان، لفکە و کیسە و بەردەپێی ژنەکانیان بژاردین!...دەرپێی ژنەکانیشیان پشکنین...غیرەت و پیاوەتی و حەیا و ناموس ڕۆیشتن تازە نایانبینینەوە.

---

[1] ـ یەکێک لەو بیرمەندانەی سەبارەت بە پەیوەندی زانین و دەسەلات نووسیویەتی فۆکۆیە. جگەلە کتێبەکانی خۆی، کە بە کوردی کراون، چەندین بەرهەم لەم بارەیەوە هەن. بڕوانە.[میراودەلی، ٢٠٠٧]

ئیدی لەوەبەولاوە هاتوچۆی هەموو گیانلەبەرێک لەژێر چاوەدرێی و لەنێو بازنەی جاسووسی ئەواندا تێدەپەڕی."[١٧] پازگا بەهۆی زانیارییەکانەوە دەست بەسەر خەڵکدا دەگرێت و لە هەرکات و شوێنێکدا بێت دەتوانێت بتدۆزێتەوە و ڕاپێچت بکات. نەمانی نهێنی خەڵک و هەبوونی نهێنی دەسەڵات تایبەتمەندی دەسەڵاتی دیکتاتۆرییە،"چاویان بەستین بردیانینە جێگایەکی زۆر خۆفناک."[٣٣] پازگا ژیانی ئاسایی تێکدەدات و گەڕەک دەخاتە ژێر چاودێرییەوە و ناهێڵێت مرۆڤەکان لەناو ماڵ و دەرەش ئازادبن. بایزی باوکی کەریم لەترسا واز لە پیشەی قەسابی دەهێنێت، هەڵدەکوتنە سەریان و دەست بۆ ئازادیی ناوماڵیشیان دەبەن،"ڕۆژێک لە پازگاوە کردیانە سەریان و کوتیان هەتا دوو ڕۆژی دیکەتان مۆڵەت هەیە، دەبێ ئەو پەنجێرانەتان هەڵچنن...ناچار بە بەرد و بلووک پەنجێرەی دیوەکانیان هەڵچنی. دیو وەک زیندانیان لێ هاتبوو. ڕۆژێکی دیکە هاتنە سەریان و کوتیان ئەو ژنە بۆ هەر ئاوا بەبێ حیجاب دێتودەچێ"[٢٢]. بڵاوکردنەوەی ترس و دڵەڕاوکێ و تۆقاندنی بەردەوام بەشێکە لە کردەی دەسەڵاتی دیکتاتۆر، لەبەرامبەردا ویستی یاخیبوون و تۆڵەکردنەوە دەبێتە بەشێک لە کردەی کردەنوێنە کوردەکان، کە ڕووبەڕووی دەسەڵات دەبنەوە و ئامادەنین ببنە کۆیلەی خواستەکانی ئەوان. گەوهەری دایکی کەریم ئامادەنییە بەگوێیان بکات و دەڵێت: "بەقسەی چی! دوور لەڕووی ئێوە گووم بۆ کردن. نەوەڵڵا نەجوابم داناوەو نەهیشتێک. ئەمن لەمنداڵیڕا چۆن بووم هەر ئاواش دەبم، تازە خۆم بۆ کەس ناگۆڕم"[٢٣].

کەریم و متەللیب وەک دوو منداڵی چەتوون و بوێر، لەناو ستەمی دەسەڵات و نەبوونی سەربەستیی، یاخیبوون و ویستی ئازادی گەورە دەبن، ئەم ئازادییەش بەرلەوەی سیاسیی بێت سروشتی و مرۆیی و مافە. منداڵەکان بە دنیایەک مەینەتی و نەبوونی تۆپیان کڕی، تۆپەکە دەکەوێتە پازگا و نایاندەنەوە و فەرمانیش دەکەن چیتر لەو مەیدانە یاری نەکەن. داگیرکردنی تۆپەکە وەک ئەوەیە ویستی لەمێژینەیان لەناوببەن، لەبەرئەوە دژیان دەوەستنەوە و بیر لە تۆڵە دەکەنەوە، بەڵام بەرلە ویستی تۆڵە منداڵانی کورد لەناو خۆیان دەبێتە قڕەیان و یەکگرتووییان تێکدەچێت و یەکتر تاوانبار دەکەن، ئەمەش ویستیی دەسەڵاتی دژە، کە دەیەوێت بەرامبەرەکەی لەناوخۆیدا پەرتبکات، کە دەیکات. کەریم و متەللیب و ئازاد دەمێننەوە، توڕەن و بەڵێنی تۆڵەسەندنەوە دەدەن. "باشە بۆ ناماندەنەوە؟...هەردەیانەوێ خەڵک عەزیەت کەن.

گوتم ئەوە ئاڕپیجییەکت پێ نەبێ پێیانەوە نیی و تاقیان لێ ببڕی"[٢٨]. ئەم منداڵانە سەرەتا بەبێ هەستکردن بە جیاوازیی شوناس، لە کاردانەوەدا بۆ زەوتکردنی مافی منداڵانەدا ڕووبەڕوویان دەبنەوە. کەریم دەبێتە فەرماندە و بەڵێندەدەن تۆڵەبکەنەوە. چەکدارانی پازگا لە حەوشە تۆپێن

دەکەن، تۆپەکەیان دەکەوێتە کۆڵان و ئەمانیش دەیبەن و کەریم لەماڵی خۆیان دەیشارێتەوە، "تۆپەکەمان بۆ نەهاویشتنەوە...خۆ ئێمە نۆکەری بابی ئەوان نیین تۆپیان بۆ حەوا دەینەوە"،[٣١] ئەمە دەبێتە سەرەتای کێشەیەکی گەورە، کە پازگا هەستدەکەن سوکایەتیان پێکراوە و تۆڵەدەکەنەوە و خەڵک دەگرن، تەواوی گەڕەک دەکەنە چەکدار،" شەقام، چەکدار، کۆڵان چەکدار، ژووری چەکدار، دەری چەکدار...درگا چەکدار، پەنجێرە چەکدار، ڕووبەڕوو چەکدار، ڕاست...چەپ...خوارایی...پەنا... پەسیو...ئەملا...ئەولا چەکدار...پەنای چەکدار چەکدار، چەکدار لەپەنای چەکدار، چەکدار لە خوار چەکدار...ئابەوجۆرە بوو کە وڵات بوو بە چەکدار و ئێمە لەترسان هەڵاتین و دوورکەوتینەوە."[٣٢] ڕۆماننووس بە شێوەیەکی هونەریی و پڕواتا بوونی چەکداری لە هەموو پانتایی و ڕەهەندە جیاوازەکانەوە دەرخستووە، چەک و چەکداریش واتای ئامادەیی ترس و دڵەڕاوکێیە لە تەواوی دۆخە دەرونی و هەستییەکاندا.

تۆپ بۆ پازگا بەهانەیە بۆ چەوساندنەوە و داگیرکاری و دەسەڵاتی زیاتر، لەبەرئەوە دەست بۆ هەموو شوێن و کەسێک دەبەن تا چاوترسێنیان بکەن، هەڕەشە دەکەن و دەیانگرن، "هەڕەشەیان کردبوو کوتبوویان دوو ڕۆژ مۆڵەت دادەنێین ئەو تۆپە پەیدا نەکەنەوە وەبەر تۆپتان دەدەین؛ ئێوە هەموو دوژمنن و کوشتنتان بۆ ئێمە خەزایە"[٣٣]. ستەمی دەسەڵات هێندە توندە، خەڵک وا لێدەکەن خۆیان بەدوای تۆپی ئەواندا بگەڕێن و ناچاربن پارە لەناو خۆیان کۆبکەنەوە و تۆپی دیکەیان بۆ بکڕن[٣٤]، کار دەگاتەوە ئەوەی باوکی ئازاد بگرن و دەست بۆ سۆز و هەستی باوکایەتی دەبەن، ئەویش هەڕەشە لە هاوڕێکانی دەکات، گەر زوو کارێک نەکەن، ئاشکرایان دەکات. "باوکی من گیراوە. تۆ بە خۆت نەباوکت گیراوەو نەهیچ...متەللیب تۆ شایەد بە...بێتوو دوانیوەڕۆ تۆپەکە نەخاتەوە پازگا، من مەجبوورم دەنگ بکەم."[٣٥]

منداڵانی ناو سیستمی دیکتاتۆر ئارەزووی تۆڵە دەکەن و بە توانا و زمانی خۆیان جنێو دەدەن و تۆپیان دەبەن، ئەمەش کاردانەوەیە بۆ ستەمی دەسەڵات، کە ویستی ئازادیی مناڵ و گەورەکان، دەنگ و ڕەنگە جیاوازەکان پێشێلدەکات. کاتێک مناڵەکان خەونی لەمێژینەیان هاتووەتە دی، بەڵام ئازادنین،"جاران ئاواتەخوازبووین تۆپێکی جیر بە خەون ببینین، ئێستا تۆپی تەقەڵییشمان هەبوو، بەڵام سەیرەکە لەوەدابوو نەماندەوێرا بیهێنینەدەری تەنانەت لای کەس نەماندەوێرا بڵێین تۆپمان هەیە"[٣٦]، بەهۆی هەبوونی تۆپێکی ئاشکرا نەکراو مناڵان ئاشت دەبنەوە، بەڵام هەرزوو لەلایەن پازگا نا، بەڵکو لەلایەن باوکی کەریمەوە تۆپەکە دەدڕێت و دەسوتێنرێت و دیسان تیم و هاوڕێکان لە یەکدی جیادەبنەوە، کە ئەمەش جێبەجێکردنی ویستی ئەویترە لەلایەن منەوە، هەر لەبەرئەوە

کەریم و متەللیب "بەسەرهاتی تۆپە تەقەڵییەکە و سوتانی...تیمە تازەکە و تەنیاکەوتنەوەیان، کەریم و عەبدول متەللیب بەجارێک لەتۆپێن بێزار بوون و لاقیان بۆ تۆپ نەدەچوو"[٤٢]. ئەم لە ویستخستن و لەناوبردن و هەڵوەشاندنەوەی خەون و ئارەزووە لەلایەن دەسەڵاتەوە، بە خەون و ویست و یاخیبوونی گەورەترەوە لەلایەن کەریم و متەللیب دەژێتەوە.

کاتێک مناڵان لەناو خوێن و ترس و تۆقاندن گەورە دەبن، بە ئەندازەی ترس، بوێریی و یاخیبوونیشیان باڵا دەکات، "لەچی دەترسی؟ تۆ منداڵی لەخوێن و چەقۆی نابێ بترسی."[٤٤] متەللیب و کەریم، تیروکەوان و قۆچەقانی دروستدەکەن و لەوێوە تۆڵە لە چەکدارەکانی پازگا دەکەنەوە، کاتێک دەبینن، ئەوان چێژ لە ئازاردانیان وەردەگرن، ئەمانیش وەک گەمە و خۆشی تیریان تێدەگرن، "لەو سەنگەرەوە هەر وەخت پێیان خۆش بوایە، چ ڕۆژ چ شەو، بەدەنگی ئیستێکی دوورودرێژ خەڵکیان ڕادەگرت...سوورسوور دەیانزانی تۆ چەکت پێ نییە و دەیانزانی خەڵکی ئاسایی و خەڵکی ئەو گەڕەکەی و تەنانەت دەشیانزانی لەکامماڵەوە دێی و دەچی و کێی و کێ نیی، بەڵام هەر ڕایاندەگرتی"[٤٦-٤٧]. کاتێک دەسەڵاتی ستەمکار چێژ لە ستەم دەبینێت و ئازاردان دەکاتە کەرەستەی کات بەسەربردن و خۆشی و پێکەنین، ژیان دەبێتە دۆزەخ و ئازادی ڕێگەی خۆی وندەکات، "جاری وابوو بەقەستی گوللەیان لەبەر پێت دەتەقاند و دەیانمراندی و دەیانژیاندییەوەو بۆخۆیان لەنێو سەنگەرەکەدا کۆدەبوونەوە و قاقا پێدەکەنین"[٤٨]، لەم دۆخەدا چەمکە مرۆییەکانی وەک پێکەوەژیان و ئازادی، ماف، هەڵبژاردن مانای خۆیان لەدەست دەدەن، تەنانەت کوشتن دەبێتە شتێکی ئاسایی، "گوللەیەک تەپڵی سەری پێکاو هەروا بەئاسانی کوژرا"[٤٩].

خەڵکی لەنێو خۆیاندا بە ئازادی ناژین، یەکتر دەچەوسێننەوە، بۆ نموونە نەنەعەجەم بەهۆی موسوڵمان نەبوونییەوە لە شارەکەی خۆی دەردەکرێت و ناوێرێت خۆی ئاشکرا بکات، "دین و مەزەب و ئایینی خۆیان قەت لای کەس نەدرکاند و قەت باسی ئەوەیان نەکرد کە بەهۆی موسڵمان نەبوونیانەوە لەشارەکەی خۆیان دەکراون"[٤٦]. کاتێک خەڵکیش پێکەوە دەژین، دەسەڵات ناهێڵێت، "نەنەعەجەم هەتا مرد و ڕەگی لاملی دەجووڵا، دوعاونزای لەو چەکدارە دەکرد و سنگی لێ دەکوتا"[٥٠]. لەم دۆخەدا جیاوازییەکان لەناودەبرێن، ئازادی ئایین و کەلتووری جیاواز دەسڕێتەوە، هەستەکان سەرکوت دەکرێن، زمان لەبیردەچێتەوە، متەللیب و کەریم چەکی دەستیان تیر و عەقڵیان تۆڵەیە، ئەمان بە تیر و ئەوان بە گوللە وەڵام دەدەنەوە، "تەنیا ئێمە دەمانزانی ئەو تەقەیەتەقەی چییە."[٥٣]، پێکانی تیرەکە ژیانیان لێدەکاتەوە بە دۆزەخ، کەریم و متەللیب جۆرێکی تری خەبات درێژە پێدەدەن، کە گەورەتر و جیاوازترە.

### ٦- شیعر و ڕزگاریی

هۆشیاربوونەوە و پرسیاری مرۆڤ لەخۆی زۆرجار ڕێکەوت و بروسکەئاسایە، داهێنانی هونەریی و ئەدەبیش وێڕای بەرنامە و پرۆژە، بەشێکی پەیوەندی ئیلهام و خورپە و لەپڕییەوە هەیە. ڕۆژێک عەبدول مەتەللیب لە خەونێکی ناخۆش بێداردەکرێتەوە و چاوی دەکاتەوە. مامۆستایەکی لە پۆلدا پێیدەڵێت ئەم ناوە ناخۆشە دووردرێژە چییە هەتە، ئەمەش وا دەکات بۆ یەکەمجار پرسیاری لەسەر ناوەکەی و دەسەڵاتی ئەویتر بۆ بەخشینی ناوێک کە پەیوەندی بەمەوە نییە، لادروست ببێت "یەکێک تۆی نەدیبێ دەڵێ داخوا پیاوێکی پێچوکلاو بەسەری شەستحەفتا ساڵەیە...من بم لەجیاتی تۆ دەچمەوە بیانوو بە باوکم دەگرم دەڵێم دەبێ بۆم بگۆڕی...ئەو نێوە کوردییانە چەن خۆشن. کورت و سووک و لە زمانخۆش"[٥٨]. هاوکات هەر بە ڕێکەوت مەتەللیب و کەریم لاپەڕەیەکی دڕاوی کەوتوو دەدۆزنەوە، کە چیرۆکی فسفس پاڵەوانی بە زمانی کوردی تێدایە و لە گۆڤاری سروە بڵاوبووەتەوە، "پاڵەوان فسفس چییە؟...هەتی خۆ دەزانم بیخوێنمەوە...

هەستێکی سەیری بەرانبەر بەو کەلیمانە هەبوو...زۆر دواتر زانیم کە ئەوە شیرینایی و ڕووناکایی زمانی خۆم بوو لە دەروونمدا ئاوێتەی یەک دەبوون. ئەوە یەکەمجار بوو بە چاو زمانی خۆی دەدی. ئەو تا ئەودەم تەنیا بە گوێ زمانی خۆی بیستبوو"[٨٠-٨١]. ئەم دوو ڕووداوە سەرچاوەی گەورەبوونی هزری و خەباتی نوێی کەریم و مەتەللیبن. داگیرکردنی زمان و شاردنەوەی لەلایەن دەسەڵاتەوە، بەشێکە لە نامۆبوونی مرۆڤ، ئەم منداڵانە بۆ یەکەمجار بەشە ونبووەکەی خۆیان، کە زمانە دەدۆزنەوە و هەستدەکەن لەناو زمانی فارسیدا میوانن و لەماڵی خۆیاندا کرێچین، لەبەرئەوە شەیدای بەدەستهێنانەوەی ماڵ دەبن و هەستی نیشتمانپەروەرییان بە شێوەیەکی سروشتی و خۆکرد لا گەڵاڵە دەبێت، بەڵام بەهۆی گۆڤاری سروە و ئاگایی لە دنیای کتێب و شاعیرانی نیشتمانپەروەری وەک هێمن و هەژار.. کردەی خەبات و بیرکردنەوەیان ئاڕاستەیەکی تێهەڵکێش وەردەگرێت، لەلایەک سروشتیی، وەک کاردانەوە بەرامبەر بە واقیعی ژیانی خۆیان، لەلایەکیش بینینی خەباتی ئەوانیتر و دۆزینەوەی هاوخەبات.

کەریم و مەتەللیب تەنیا کێشەیان لەگەڵ دەسەڵاتی داگیرکەری ویست و ئارەزووی ئازادی مندا نییە، بەڵکو کێشەیان لەگەڵ ئەو منە خاونماڵە بە کرێچێتی ئاسوودە و بێکێشەیە هەیە، کە ناوێرێت دەنگ هەڵبڕێت. دەوڵەت بە زمانی فەرمی، زمانی کوردی شاردووەتەوە، بەهۆی دیکتاتۆرییەت و ترس و تۆقاندنەوە، ئازادی زمانی لەناو مندا سەرکوتکردووە، "لاپەڕەکەی لێ وەرگرت و لەبەرچاوی خۆی دڕاندنی...لای کەس دەنگ نەکەی! زمانت نەگەڕێ ها! بەدبەخت

دەبین...خاڵەجەحفەرت زمانی نەسرەوت و بەچوارپێنج لەتەکاغەزی ئاوا بەدبەخت بوو...سەدان کەس لەسەر زمانیان تێداچوون"1[٨١]. کارایی ئەویتر لەناو ژیان و زمان و بیرکردنەوەدا، ڕێگەی ئازادبوون دەگرێت، خۆت دەکات بە چاودێر و لەناوتدا ئەویترێک ئیش دەکات، وادەکات بەدەستی خۆت کتێبخانەکەت بسوتێنیت، زمانەکەت بدڕیت، بەڵام متەللیب و کەریم درەوشانەوەی ئازادیی و زمان و نیشتمانیان بۆ دەرکەوتووە، لەبەرئەوە خەبات دەکەن نەک تەنیا دژی پاژگا و دەوڵەت، بەڵکو دژی باوک و خێزان و زمانیشیان. "باوکت بەو شتانە بزانێ زمانی منیش لەبنەوە دەبڕێ، باسی نەکەیەوە. هەر دەڵێ بیرەوەریم لەو نێوە هەیە"[٦٢]. متەللیب و کەریم هەردووکیان هەرچەند کێشەیان لەگەڵ دەسەڵات لە ئاستی دەرەوەدا هەیە، بەڵام دەسەڵات بۆ ژیانی تایبەتی خۆشیان بووە بە کێشە، لەبەرئەوە ڕووبەڕووی دەوەستنەوە. متەللیب کێشەی لەگەڵ ناوەکەی هەیە، کەریمیش پێشتر ناوی خەبات بووە و گۆڕیویانە بە کەریم"دوای ئەوەی وڵات گیراوە، باوکم و ئەوان لە ترسان نێویان گۆڕیوم و کردوویانەتە کەریم"[٦٤]، لەم پنتە هاوبەشەوە ڕووبەڕووی دەسەڵات دەبنەوە و دەزانن دەسەڵاتی داگیرکەر دەست بۆ ناویش دەبات و لە ناوەکانیش دەترسێت. متەللیب هەموو هەوڵێکدەدات ناوی خۆی بگۆڕێت، هەر سەرناگرێت تا بەهۆی ڕووداوی دووەمەوە، کە عاشقی کتێب دەبن و دەستیان بە کتێبی تاریک و ڕوونی هێمنی شاعیر دەگات، لێرەوە شیعر و کتێب ژیان و بیرکردنەوەیان دەگۆڕێت و دەزانن لە دەرەوەی زمانی فارسی و کتێبەکانی قوتابخانە دنیایەکی فراوان هەیە، کە دەسەڵات ناتوانێت تەواو داگیری بکات.

متەللیب و کەریم لە ڕێگەی زمانی کوردییەوە دەزانن لەناو زمانی فارسیدا زیندانی کراون، هەر سوود لە دەرگای ئەو زیندانە دەبینن و ئازاد دەبن، لەبەرئەوە لە کتێبە کوردییەکاندا بۆ پۆشین و خۆشاردنەوە لە خێزان و باوکیان ڕووبەرگی فارسی بە کتێبە کوردییەکانەوە دەکەن، "بەخوێندنەوەی ئەو کتێبانە خوێنێکی دیکە لەدەمارەکانیان گەڕاو بناغەی شتێک بەنێوی نیشتمانپەروەری لە دڵ و مێشکیان دامەزرا...کوتی هەوەڵ ڕۆژ کە "تاریک و ڕوون"م بردەوە ماڵێ و لە ڕۆژنامەیەکم گرت و بەخەتێکی گەورە لەسەریم نووسی دەفتەری فارسی"[١٠٨]. شاردنەوەی

[1] ـ لە ڕۆمانی *داگیرکردنی تاریکی* و تەونی بریا پرسی بوونی کورد و زمان ئاوڕی لێدراوەتەوە، واتە ئازادی بوون و زمان پێکەوە بەستراون. لەبەرئەوە بۆ هێشتنەوەی کورد لەڕێگەی زمانەوە، ڕێگەی جیاواز دەگرنەبەر، لەداگیرکردنی تاریکی شەوان کاتی پارشێو مرۆڤی کورد هەڵدەستن و بەکوردی قسەدەکەن، تا زمانەکەیان بپارێزن[عوسمان، ٢٠٢١، ٢٨]، لە تەونی بریاشدا نزیک لەهەمان دیمەن دەبینین. لەم ڕۆمانە، باسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکات، زمانی کوردی بۆ مرۆڤی کورد تاکڕەهەندە. بە کۆمەکی دێریدا بڵێین ڕەهەندی بینین و بیرکردنەوەش لە کورد سەندراوەتەوە،[حەمە، ٢٠٠٢: ٢٣٢] لەبەرئەوە خەباتی زمان و سیاسیی تێهەڵکێشکراوە.

ڕووبەرگی کتێبەکان لەچاوی ئەوانیتر، دەرخستنی دنیایەکی نوێی ناوەوەیەتی، کە زمانی کوردییە. هاوکات متەللیب و کەریم لە ڕێگەی دزینی چیرۆکی کوردی فسفس پاڵەوانەوە زمانی کوردی دەدزن بۆ خۆیان و لەناو بەشە دزراوەکەیاندا خۆیان دەدۆزنەوە و لەوێوە بە جیهانی ئەدەب و زمانی کوردی ئاشنا دەبن. متەللیب لە هێمنی شاعیرەوە تێدەگات، تاکە ڕێگە بۆ ڕزگاربوون لەو ناوە درێژەی، بوون بە شاعیرە، "تەنیا ڕێگای لەکۆڵکردنەوەی ئەو نێوە ناخۆشە ئەوەیە ببمە شاعیر...شێعر بنووسە و لەدایک بەوە!...کەوابوو هەر من بەدەست نێوێکی ناخۆش و دوورودرێژ گریم نەخواردووە."[١٠٩-١١٠]. شیعر سەرچاوەی خودبونیادنانەوە و ڕزگارییە، لەبەرئەوە متەللیب لە بیرەوەریی و کەلتووری دەسەڵات یاخی دەبێت و شیعر دەنووسێت و ناوی خۆی بۆ هەژێر دەگۆڕێت.

متەللیب لەم ویستە تایبەتەوە هەنگاو بۆ شاعیربوون دەهاوێت، بەڵام شاعیربوون ئارەزووی تری تیا دەچێنێت و زمان و جیهانبینی دەگۆڕێت، هۆشیاریی یاخیبوونی بەرامبەر بە دەسەڵات و دەوروبەری بۆ دروستدەبێت، "شاعیربوون ئەو دەرفەتەت بۆ دەڕەخسێنێ کە نێوێکی کورت و سادە و کوردی و خۆش بۆ خۆت هەڵبژێری....کوتی شاعیر نابێ گوێ بداتە قسەی کەس، تەنانەت قسەی دایک و باوکیش"[١١٠]. متەللیب و کەریم بەهۆی دۆزینەوەی خۆیان لەناو زمانی دایک و جیهانی ئەدەبی کوردیدا، جارێکی تر لەدایکدەبنەوە و دەبنە سەرچاوەی زگپڕی واقیعێکی نوێ، هاوشێوەی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان(ژ.ک) و خەبات بۆ سەربەستی کۆمەڵ دەکەن[1].

متەللیب و کەریم بەئەندازەی گەورەبوونی ئاگایی و خەونەکانیان، خەبات و ویستیشیان گەورە دەبێت، چیتر لە کۆڵانێک گیرناخۆن و دەردەچن و لە شار و قوتابخانە، لە زمان و هونەردا خەبات دەکەن، ئەمەش سەرچاوەی خەباتێکی فرەڕووە، کە تەنیا دەسەڵاتی عەسکەرتاری و پازگە ناگرێتەوە، بەڵکو پەیوەست دەبێت بە ڕامالین و یاخیبوون لە دەسەڵاتی دژ، ئەگەر باوکیش بێت. باوکی موتەللیب هەرچەند دژە دەسەڵاتە، بەڵام یەکێکە لە ڕێگرەکانی بەردەم ئازادی، کەریمیش جەمالی برای بە دەستی دەسەڵات کوژراوە و دەیەوێت تۆڵە بکاتەوە، لەبەرئەوە دووقۆڵی خەباتی نهێنی دەکەن و بەیاننامەی هەڕەشەئامێز لە دژی خۆفرۆش و پیاوانی سەر بە دەسەڵات بڵاودەکەنەوە، بە جۆرێک لە مام و مامۆستاکانیانەوە بۆ خەڵکی گەڕەک و شار دەستپێدەکەن.

---

[1] ـ ڕۆماننووس بەشێوەی هونەریی و واتایی توانیویەتی چیرۆکی دەرەکی کەریم و متەللیب، ئاوێزانی گێڕانەوەیەکی دەرونی بکات، کە ئەویش سەربڕینی مانگا و ئاژەڵانە. کەریم بەهۆی باوکە قەسابەکەیەوە، دەچێتە قەسابخانەو دۆخ و یاخیبوون و کەوڵ و گابۆڕی مانگاکان دەبینێت، لەگەڵ جوڵەی چیرۆکە دەرەکییەکە، ئەم گێڕانەوەیە دەردەکەوێت و پێشدەکەوێت، لێرەدا بەرلە باسکردنی کۆمەڵەی ژیانەوە، نووسراوە "مانگاکەی کەوڵیان دەکرد، گوێلکێکی لەزگدا بوو؛ ئاوس بوو"[١١٢]. خەباتی کەریم و متەللیب گوزارشتن لە نەوەیەکی نوێی هۆشیار، کە بە واقیعێکی نوێ سکپڕن.

متەلليب و کەریم دوو مێردمناڵن، بەڵام بەهۆی جیهانی ئەدەبەوە لە واقیعی پێشوویان خۆدادەبڕن و ئازاد دەبن، "خوێندنەوەی بەردەوامی شێعرەکانی هێمن نە تەنیا وەڕز و جاڕزی نەدەکردن، بەڵکو تینووتری دەکردن...دوای ئەو یەکدوو مانگە تەواو هەستمان دەکرد لەگەڵ سەردەمی منداڵی و شەڕەجنێو و شەڕەگەڕەک مەودامان گرتووە و بووین بە کەسێکی دیکە"[١١٣]، ئەم گۆڕانی کەسێتییە، ویستی گۆڕانی دەرەوەشیان لا تۆخ دەکاتەوە و وایان لێدەکات وردتر سەرنجی واقیعی دەرەوە و ناوەوەیان بدەن، هەست و ئازاری نەبوونی ئازادی و سەربەستی بچێژن و ببینن.1

متەلليب لە زیندان و ترسی ماڵەوەیان، کە باوکی بۆی سازکردووە بێزارە، لەوێوە دەچێتە ناو دڵەڕاوکێ و خەون و خەبات، کەریم لە زیندانی تۆڵەی براکەیدا گیری خواردووە[١٨١]، واتە بە جۆرێک متەلليب زیندانی تۆڵەی زیندووەکان و باوکییەتی، کەریم زیندانی تۆڵەی برا مردووەکەیەتی، لەبەرئەوە هەردووکیان دەیانەوێت بچنە دەرەوە و ببن بە پێشمەرگە، سەرەتا کەریم سوورە لەسەر دەرچوون و هەڵهاتن لە شار و ماڵ و بوون بە پێشمەرگە، متەلليب دەترسێت و ناوێرێت، بەڵام کە لە ماڵ و شار هەڵدێن، کەریم پەشیمان دەبێتەوە و دەیەوێت بگەڕێنەوە، وەلێ چیتر متەلليب ناگەڕێتەوە. لێرەوە دەردەکەوێت دەسەڵاتی ڕێگر تەنیا لە دەرەوە کار ناکات، بەڵکو ئەو هێزەی لەناوەوەی مرۆڤ دەیخاتە گەڕ و چالاکی دەکات، توندتر و زبرتر و بەهێزترە، ڕووبەڕووبوونەوەی بە چەک و هێزی دەرەکی ناکرێت، پێویستی بە ئاگایی هەڵکۆڵین هەیە، تا دیوە زیندانییەکەی ناوەوەمان بپسێنین و پرسیاری لەسەر دروست بکەین و ڕووبەڕووی ببینەوە. بوێری چەکهەڵگری بەرامبەر هێزی چەوسێنەری دەرەکی، لە بوێری چەکی مەعریفە و پرسیارسازی لەسەر هێزە کۆیلەکەرە ناونشینەکەمانەوە سەرچاوە دەگرێت. ناکۆکی و ململانێی ئەم هێزە ناوەکی و دەرەکییانە، کە منی ناچاری وەک ئەویتر(باوک و خێزان) و ئەویتر لە هەردوو ئاستی ناوەوە و دەرەوەی من کار دەکات، ڕووبەڕووبوونەوەشم لە هەردوو ئاستەکە پێویستییە، دەبێت لەناوەوەی خۆم و دەرەوەش هێز کۆبکەمەوە، ئەگەری بێدەنگی لایەنێکیان ناکۆکی و لەخۆگری ئەویتر لەناو مندا تۆخ دەکاتەوە، شیعر و ئەدەب ڕۆڵی ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیە دەبینن، لەبەرئەوە کۆتایی ڕۆمانەکە بە دابڕانی کەریم و هەژیر کۆتایی‌دێت، متەلليب بووەتە هەژیری شاعیر و دەڕوات، بەڵام کەریم دەگەڕێتەوە. ئەمەش سەرچاوەی ململانێی ڕەهەندە واتاییەکانی ئاستەکانی خەباتی ئازادی و سەربەستین، کە لێرە و لەوێ، لە ناوەوە و دەرەوە، لە خیانەت و وەفادا دەردەکەون.

---

[1] ـ لە ڕۆمانی ڕۆماننووسانی باشووری کوردستان، بە دەگمەن ڕۆمانێک دەبینینەوە ستایشی شۆڕش و شۆڕشگێڕیی بکات[لەم قۆناغە]، زیاتر پێچەوانەکەی ئامادەیە. ئەمەش لەبەر سەربەخۆیی و دەرکەوتنی دەسەڵاتی کوردییە، کە شۆڕشگێڕانی دوێنێ، گەندەڵکارانی ئەمڕۆن، هیچ ڕۆماننووسێکیش نییە بە ئاگاییەوە ستایشی گەندەڵی بکات، لەبەرئەوە ستایشی شۆڕشگێڕ لەباشوور وەک جۆرێک لە ستایشی گەندەڵی دەبینرێت. ئەمە بۆ ڕۆماننووسانی پارچەکانی تری کوردستان وانییە. بەختیار عەلی دیارترین ڕۆماننووسی دژەشۆڕشە، لە داگیرکردنی تاریکی‌دا شۆڕش، واتا و دەرکەوتنێکی جیاوازیی لە ڕۆمانی کەشتی فریشتەکان هەیە، چونکە یەکەمیان لەبارەی باکووری کوردستان و دووەم لەبارەی باشوورەوە.

جێگەی خۆیەتی وەک خۆکۆکردنەوە و چەشنە ئەنجامگیرییەک ئاماژە بە چەند خاڵێک بکەین:

١- وێنەی کورد وەک مرۆڤێکی گەندەڵ شا وێنەی دیاری ئەم قۆناغەی ڕۆمانی کوردییە. گەندەڵی و گەندەڵبوونی کەسێتیی تاکی کورد تا ئاستی بوون بە تیرۆریست دەچێت، هۆکارەکانی بوون بە تیرۆریستیش بەشێکی نائومێدی کەسی و ژیانی تایبەتییە، بەڵام لایەکی تری پەیوەندە بە دەسەڵات و گەندەڵی لە بەڕێوەبردن و نەبوونی ئازادی، کە تاکی کورد لەترسی دەسەڵات کۆچ دەکات، بەڵام دەخزێتە ناو گروپی تیرۆریستی، دەبێتە کوردکوژ.

٢- لەم قۆناغەدا، کە دەسەڵاتی حزب، میدیا و تەکنەلۆژیا، ئیسلامی سیاسیی و تیرۆر چالاکدەبێت، هێڵێکی گرێدانەوەی عیرفان و گەندەڵی دروستدەبێت، کە گوزارشتە لە گوتاری گەڕانەوە بۆ بنەڕەت و نۆستالژیای ژیانی ڕابردووی بێگەرد و ئارام و دەرچوون لە قوڕاوی گەندەڵی بۆ پاکبوونەوە. هاوکات کەشی زوهد و سۆفیگەری یاریدەدەری هەندێک هێز و گروپی ڕواڵەت توندڕەو و میانڕەون، وەک ڕۆمانی کەوتنی ئاسمانەکان و تەونی بریا، کە گوتار و نیشانەی دیوە توندڕەوەکەی ئایین و ئیسلامی سیاسیی و عیرفانییەتە، ڕۆمانی قیژە و غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ دیوە میانڕەو و هزریی، سیاسیی و دەسەڵاتدارییەکەی تێدایە. لە قیژەدا ڕەهەندی عیرفانی نەتەوەیی بەرامبەرە بە زوهدانیەتی حزبی.

٣- چەمکی دژ و ڕێگر لەم قۆناغەدا فرەیە، هاوکات بەراورد بە قۆناغی یەکەم و دووەمیش [تاڕادەیەک] دژ، شوناسێکی دیار و بەرجەستە و ئاشکرای ئەویتری لە چەشنی بەعس هەڵگرتووە، بەڵام لەم قۆناغەدا دەسەڵات و کۆمەڵی کوردی، نەریت و ئاکار و ڕۆشنبیرییەکەشی ڕێگرن، لەبەرئەوە لە کۆندا بەعس و جاشەکان دژێکی دیاری ئەویتر و ئەویترنوێن بوون، بەڵام ئەمە وەرگێڕینە سەر ئەم زمانە وەک ئەوەیە کورد خۆی بووبێتە ئەویتری بەعس و جاش، خۆفرۆش و بەرژەوەندیخوازەکان وەک جاشی دەسەڵاتی کوردین، دەسەڵاتیش ئەویترە.

٤- تەکنەلۆژیا لەم قۆناغەدا ئامادەیی بەرچاوی هەیە، بەڵام نەبووەتە بنەمای داهێنانی گێڕانەوە. وێنەی مرۆڤی کوردیش لەسایەی تەکنەلۆژیاوە دەرکەوتنی جیاواز و فرەڕووی هەیە، خۆونکەر و نمایشی و تەنکە. هاوکات تەکنەلۆژیا وەک چەکی هەڕەشە بۆ یەکتر بەکاردەهێنرێت، وەکچۆن لەسەردەمی بەعسدا کەرەستەی تراژیدیا بووە بۆ کۆمەڵی کورد، هەنوکە وێڕای ڕەهەندەکانی زانیاریی و گواستنەوە بۆ خۆشاردنەوەو فریودان بەکاردەهێنرێت.

٥- بەهۆی گۆڕانی خێراو نا-ئامادەیی کورد بۆ ئەو گۆڕانە زۆرە، نامۆیی و پەشێوی دەرونی و کۆمەڵایەتی و سیاسیی زیادیکردووە، نۆستالژیاش بە ئاست و شێوازی جۆراوجۆر چالاکبووە، لەبەرئەوە وێنەی کورد وەک مرۆڤێکی دابڕاو و خۆلەبیرکەر، فڕێدراو و بۆ ناو دنیای تازە، ویستیی

نۆستالژیای گەڕانەوە بۆ ڕەمزە نیشتمانی و ئەدەبییەکان تێیدا چالاکە. ڕۆمانەکانی ئەم قۆناغە، بۆ چەند دەستە دابەش دەبن، گەڕانەوەی توندی هەندێک ڕۆماننووس بۆ نیشتمان پاش ئەزموونکردنی ژیانی تاراوگە، ئەم گەڕانەوەیەش هەندێک لە ڕووداوەکانی لێرە و لەوێ ڕوودەدەن، تیاشیایەتی لە ئەوروپایە و بەڵام کۆڕووداوی ڕۆمانەکانی لێرە و لە ڕابردوو ڕوودەدەن، بۆ نموونە ئەنفال و شەڕی ئێران و عێراق، شەڕی ناوخۆ، یاخود ڕۆماننووس هەیە لێرە دەژی و ڕووداوەکانی تێهەڵکێشی ئێرە و تاراوگەیە.

٦ـ واقیعی مرۆڤی کورد بەوپێیەی بــێدەوڵەتە، لەگەڵ هەردوو چەمکی ئازادی و بەندی ژیاوە و مێژووی دروستکردووە، لەبەرئەوە ئەم دوانەیە ئامادەیی بەرچاویان هەیەو لە چوارگۆشەی واتاییشدا فرەڕوو و فرەڕەهەندتر دەرکەوتوون. لە ڕۆمانی *بەندەر فەیلی*، بەندەر پەیوەندییە جیاوازەکانی دژ، ناکۆک و لەخۆگرتن پەیوەست بە ئازادی و بەندی ئەزموون دەکات. بەندەر هەر لەناوەکەیەوە کەوتووەتە نێوان ئازادی و بەندی، هاوکات وەک شوناسیش لە بەندەری شوناسبەخش و بێشوناسیدایە، دەسەڵاتەکان شوناسی بەسەردادەسەپێنن و ئەویش سروشتییانە لێی یاخی دەبێت.

٧ـ ئەم قۆناغەی ڕۆمانی کوردی ئاوڕی لە دەرخستنی وێنەی کورد لە بەشەکانی تری کوردستان داوەتەوە. کورد لە بەشەکانی تر بەهۆی نەبوونی ئـــــازادی و ستەمی ئەویترەوە شۆڕش و خەبات دەکات. ئەویتریش وەک تیرۆریست یان پشتگیریکەری گروپی تیرۆریستی دەرخراوە، منی کوردیش لەپێناو زمان و خاک و ئازادیدا دژی دەوەستێتەوە و شەڕی تیرۆریستان دەکات. ئەم وێنەیەی کورد لە ڕۆژهەڵات و باکووری کوردستان گەلێک جیاوازە لەو وێنەیەی کورد لە باشوور وەک دژە شۆڕش هەیەتی و حزبەکانیشی یاریدەدەری دەوڵەتە چەوسێنەرەکانن و تاکەکانیشی لە باشوورەوە دەچنە ناو گروپە تیرۆریستییەکان.

٨ـ گێڕانەوەی ئەم قۆناغە وێڕای پێشکەوتن لە تەکنیک، زمان و شێواز، فرەڕەهەند و ڕەخنەییە، بەڵام ڕۆمانی نا-ڕۆمانیشمان زۆرە، ئەمەش پەیوەندی بە ئاسانی چاپ و بڵاوکردنەوە لە ئاستی دەزگا و دنیای دیجیتاڵ بەشێوەی تاکەکەسی هەیە.

٩ـ کردەنوێنەکان، بەتایبەت بکەر لە ڕۆمانەکانی ئەم قۆناغە گۆڕاوی زۆری تێدایە، بە جۆرێک کەسێتییەکان تەنک و فرەڕوون، ئاسان لە بارو بیروباوەڕێکەوە بۆ بار و دیدێکی جیاواز دەگوێزنەوە، ئەمرۆ چەپن، بەیانی ئیسلامی و دووبەیانی حزبی و بازرگان...، لەبەرئەوە ڕەوتی ڕووداو و نێرەر و خواستەکانیش لە گۆڕان و جوڵەی بەردەوامدان.

## ئەنجام

١. وێنەی کورد لە ڕۆمانی کوردیدا بەرئەنجامی ڕووداوە واقیعییەکانە، بەڵام بەپێی ئەو سێ قۆناغەی پۆلێنبەندیمان کردووە، دەردەکەوێت، کە ڕووداوە واقیعییە هەمەجۆرەکان ڕاستەوخۆ لەکاتی خۆیاندا نەخراونەتەڕوو، جگە لە قۆناغی سێیەم، کە وەک کۆکراوەی کۆی ڕووداوی قۆناغەکانە، دەنا لە قۆناغی دووەمدا بەشێک لە ڕووداوەکانی قۆناغی یەکەم خراوەتەڕوو، لەکاتێکدا ڕووداوەکانی ئەنفال، کیمیاباران و شەڕی ئێران و عێراق، کە لە ماوەی قۆناغی یەکەم ڕوویانداوە، لە قۆناغی دووەم و سێیەمدا ڕەنگیداوەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا کێشەی چینایەتی لە قۆناغی یەکەمدا گرنگترین ڕەنگدانەوەی هەبووە و لە قۆناغی سێیەمدا کەمتر ئامادەیی هەیە، هەرچەند وەک لێکەوتە و ڕەخنەی هزری دەردەکەوێت.

٢. وێنەی گشتی هەر سێ قۆناغەکە لەڕووی وێنەی واتاییەوە بەم جۆرەیە، قۆناغی یەکەم لەڕووی واتایی و بابەتییەوە پەنگخواردنەوە و کۆبوونەوەیە لە چوارچێوەی وێنەگەلێکی تایبەتی، کە وێنەکان وێڕای نزیکیان، گوتارەکانیش پەنگیان خواردۆتەوە. لە قۆناغی دووەم وێنەکان تاڕادەیەک کشاون، گوتاری ڕۆماننووسی کوردیش دەوری لە بڵاوبوونەوە و دەرچەی نوێ بۆ ڕووداوەکان هەبووە، ئەمەش پەیوەندی بە دەرکەوتنی نەوەی نوێی ڕۆماننووسی کورد هەیە. قۆناغی سێیەم وێنەکان تەواوکەر و هەمەڕەنگ و سرکن، گوتاریش لە فرەگوتاریدایە، بەجۆرێک گوتاری کەسێتیی و گێڕەرەوە و ڕۆماننووسیش لە ململانێ، بەریەککەوتندان.

٣. ڕۆمانی کوردی لە دەستپێکەوە بە چڕی ئاوڕی لە بەرهەم و کەرەستە هەمەجۆرەکانی فۆلکلۆری کوردی داوەتەوە. هیچ ڕۆمانێک لە قۆناغی یەکەم نابینین، کە سوودی لێیان وەرنەگرتبێت و ئاوێزانی گێڕانەوە و دەنگی کەسێتییەکان نەکرابێت، بەڵام لە قۆناغی دووەم بەتایبەت لای نەوەی نوێی ڕۆماننووسان زۆر بەکاڵی دەردەکەوێت، لەکاتێکدا ڕۆماننووسانی نەوەی پێشوو وەک خوسرەو جاف، عەزیزی مەلای ڕەش..بەچڕی لەم قۆناغەش بەکاریانهێناوە. هەرچی قۆناغی سێیەمە بەهۆی گەشەی تەکنیک و هۆشیاریی ڕۆماننووسی کورد بەرامبەر بە هونەری نوێ و فرەدەنگی، لای هەندێک ڕۆماننووس بەکارهاتووە، بەڵام بەگشتی دەگمەنە. دیارە بەکارهێنانی لە کۆندا نزیکی ڕۆماننووسانی لە ئەدەبی زارەکی و بەکارنەهێنانی لە ئێستا دووری دەردەخات، چونکە هەنوکە گەنجی ڕۆماننووس سەرچاوەکانی مەعریفەی هەمەلایەنتر و بەربڵاوترە، لەکاتێکدا پێشتر فۆلکلۆر لەناو ژیاندا بوو، نەک لە دەرەوە، بەڵام ئێستا تاڕادەیەک لە دەرەوەیە.

٤. پرسی ئازادی لە ڕەهەندە جیاوازەکانییەوە دیارترین بابەتی هەر سێ قۆناغی ڕۆمانی کوردییە. لە یەکەم، بەرەنگاریی و شۆڕش دژی داگیرکەر و ڕێگرانی نەتەوەیی لە ئاستی کەسیی و بزوتنەوەی حزبی و ئایدۆلۆژی دەردەکەوێت. ئەمەش کاردانەوە بووە بەرامبەر زوڵمی دەوڵەت، کە ڕەهەندی ئازادی سیاسیی،

ئابووری، کۆمەڵایەتیی و ڕۆشنبیریشی گرتووەتەوە، چونکە ڕۆماننووسان دیدی جیاوازیان دەربارەی هەژاریی هەبووە، کە هۆی نەزانییە یان بەپێچەوانەوە، شا هۆی هەردووکیشیان بە داگیرکاریی و نەبوونی ئازادی بەستووەتەوە. هەر لەم قۆناغە ڕۆمانی شاخ، بیر و کردەی شۆڕشی وەک لادەر لە ئامانج و ئەنجامدەری کردەی توندڕەوی و دژەڕەخنەیی، ڕەخنەکردووە، لەبەرئەوە خەمی ئازادیی ڕەخنەگرتن لەناو شۆڕش بەرامبەر گوتارە وێنەی ڕۆمانی شاخ بووە، کە ڕۆماننووسان بە گیانی نەتەوەییەوە ڕەخنەی شۆڕشی نا-نەتەوەییان گرتووە، ئەمە وێڕای پیرۆزکردنی تۆڵە و کوشتنی ڕێگر و دژ.

لە قۆناغی دووەمدا، کورد وەک ئەنفالکراو سەرسوڕماو و پرسیارکەرە، بەڵام نەوەی نوێی ڕۆماننووسان وێڕای بەرزکردنەوەی پرسی ئازادی بەرامبەر ئەویتر، ڕەخنەی واقیعی سیاسیی و کۆمەڵایەتی شار و نیشتمان دەگرن، کە نەوەی کۆن ڕێگری ئازادیی نەوەی نوێیە، ئەمەش لای ڕۆماننووسانی وەک، هیوا قادر، شێرزاد حەسەن و بەختیار عەلی دەردەکەوێت، بەڵام ئەوەی ئەوەی جێی سەرنجە نەوەی نوێ بەرامبەر هێزی نەوەی کۆن شکستدەهێنن، باوکان بە مردووییش لە ڕێگەی کەلتوورەکەیانەوە کۆنترۆڵکەر و چەوسێنەرن. لە قۆناغی سێیەم، ڕۆماننووسی کورد ئازادانە ڕەخنەی دەسەڵاتیی کوردی دەگرێت، دەسەڵات وەک گەندەڵ و ڕێگری ئازادیی و سزادەری خۆپیشاندەران نیشاندەدات، حزبەکانیش وەک نا-ئازاد و کرێگرتەی دەوڵەتان دەرخراوە، لەبەرئەوە گوتاری دژەشۆڕش و دژەگەندەڵی هاوتەریبە. خاڵێکی جەوهەری لەم قۆناغەدا ئەوەیە، کە پارە لە واتا فراوانەکەیدا دەوری کۆنترۆڵ و پێشێلی ئازادی تاکەکان لەلایەن دەسەڵاتدار و بازرگان و پارەدارانەوە بەکاردەهێنرێت. ئەوەشی بخەینەسەر، کە لە بەشەکانی تری کوردستان هاوشێوەی قۆناغی یەکەمی باشووری کوردستان هەنوکە لە خەبات دژی ئەویتری نا-کورددان، لەبەرئەوە بیریی نەتەوەیی لەباشوور ئاوابووە و لە بەشەکانی تر لە هەڵهاتندایە. هاوکات قۆناغی یەکەم نمونەی سانسۆرە، بەڵام قۆناغی سێیەم، بێسانسۆری تا زمانی زبرو جنێو، ناوبردنی ناوی واقیعی بەرپرسان دەڕوات.

٥. لە قۆناغی یەکەم و تاڕادەیەک دووەمیشدا وێنەی کورد وەک ستەملێکراو و قوربانیدەری دەستی ئەویتر دەبینین، گوتاری بەرەنگاری و لاواندنەوە و کاردانەوەئامێزی هەست و سۆزیش زاڵە، کە ڕۆماننووسی کورد کەمتر ڕەخنەی کردووە، ئەمەش بەهۆی هاندانی ئایدۆلۆژی و بیری نەتەوەیی و شۆڕشگێڕییەوەیە، کە گوتارەکەیان کەمتر هزریی بووە، بەڵام لە قۆناغی سێیەم وێنەی کوردی لە ئەویترچوو دەردەکەوێت، لەبەرئەوە ستەمکار و فریودراو و بەکارهێنراو زیاتر کورد خۆیەتی، قوربانی و ستەمکاریشە. هاوکات جاش و ئەویترنوێن لە قۆناغی یەکەم و دووەمی ڕۆمانی کوردیدا دەوری دژ و ڕێگری لە خواستی کورددا گێڕاوە، بەڵام لەهی سێیەم، لە ئەویترچوو، کە دەسەڵاتی کوردیی دەگرێتەوە، ئەم دەورەدەگێڕێت.

کەواتە ئەگەر لە قۆناغی کەسێتییەکان بۆ بەها و خەونی نەتەوەیی و نیشتمانی قوربانی بە خەونی تاکەکەسی خۆیان بدەن، ئەوا قۆناغی سێیەم، بەپێچەوانەوە خەونی گەورە قوربانی خواستە کەسییەکان کراوە.

٦ـ ڕۆمانی قۆناغی یەکەم لەگەڵ هی سێیەم، گەلێک جیاوازە. تەکنەلۆژیا و ئامێرەکانی ناو ئەو قۆناغە سنووردار و تاڕادەیەک گشتیی و دەوڵەتییە، لە ئاستی کەسیدا سنووردار و دەگمەن، سەرچاوەی زانیاری و گواستنەوە و تەنانەت پۆزیشە، بۆ نموونە بوونی ڕادیۆ هێزی کۆکردنەوەی لەخۆگرتووە. هەروەها دنیای لادێ، سروشت، گەرمیان و کوێستان کردن ئامادەیی بەرچاویی هەیە، بەڵام لە قۆناغی سێیەمدا، جێڕووداو بە دەگمەن بەبێ شارو تەکنەلۆژیای نوێ ڕوودەدات؛ تەکنەلۆژیای سەردەم تاکەکەسییەو سەرچاوەی دەسەڵات و کۆنترۆڵ و هەڕەشەیە. هاوکات زۆرێک لە ڕۆمانەکانی ئەم قۆناغە لەنێوان کوردستان و ئەورووپا ڕوودەدەن، لەکاتێکدا قۆناغی یەکەم جێڕووداو زیاتر شارەکانی ئێرە و گوندەکانن.

٧ـ ڕۆمانی کوردی لە ماوەی ئەم سێ قۆناغەدا گۆڕانکاری زۆری بەخۆوە بینیوە. لە ئاستی چەندێتی، قۆناغی یەکەم هەرچەند درێژترین ماوەیە، بەڵام بەراورد بە قۆناغەکانی تر کەمترین ڕۆمانی تێدا بڵاوبووەتەوە. دیاردەی بڵاوکردنەوەی ڕۆمانی شاخیش تایبەتمەندی ئەم قۆناغەیە. لەڕووی چۆنێتیی و زمان و تەکنیکیشەوە لەگەڵ ئەوەی بەشێک لە ڕۆمانەکان لە چیرۆک، حەکایەت و داستانەوە نزیکە، بەڵام هونەر و شێوازی تایبەتی خۆشی هەبووە، قۆناغی دووەم دەوری پرد و ناوەند لەنێوان دوو قۆناغەکەی تر دەبینێت، بەئەندازەیەک نزیک لە یەکەم و تێپەڕکەر و نوێخواز و بۆ سێیەم، لەڕووی ژمارەی ڕۆمانیشەوە هەرچەند ماوەکەی ١٢ ساڵە، بەڵام گەلێک زیاترە. تایبەتمەندی ئەم قۆناغەش چاپی ڕۆمانی کوردییە لە ئەورووپا. قۆناغی سێیەم گۆڕانکارییەکی فراوان و هەمەلایەنی لەئاستی چەندێتی و چۆنێتی بەخۆوە بینیوە، کە وێناندنی جۆرێکە لە بچووککردنەوەی، هاوکات بڵاوکردنەوەی دیجیتاڵی و ئینتەرنێتیش سیمایەکی دیاری ڕۆمانی ئەم قۆناغەیە.

٨ـ وێنەی کورد لە کۆی ڕۆمانی کوردیدا هێڵێکی دژ و ڕەخنەی دەسەڵاتی لەخۆگرتووە، جا ئەو دەسەڵاتە لە سیستمی پاشایەتی تا حکومڕانی کوردی درێژبووەتەوە، هاوکات وێڕای ڕەخنەی دەسەڵاتی سیاسیی، ڕەخنەی دەسەڵاتی کەلتوور، ئایین، ئابووری، پەروەردە و ڕۆشنبیرییش گیراوە. دیارترین ڕەخنەش دەسەڵاتی سیاسیی، ئایینییە.

٩ـ کەسێتیی سەرەکی لە زۆربەی ڕۆمانەکانی قۆناغی یەکەم خوێندەوار و مامۆستایە، بەڵام ئەم خوێندەوارە کەمتر دنیای تایبەت، تەنیایی و نامۆیی وەک ڕۆشنبیریی هاوچەرخ هەیە، لەبەرئەوە کەسێتیی سەرەکی مامۆستا سەبری لە ئەندێشەی مرۆڤێکدا دیارە، لە قۆناغی دووەم وێڕای کەسێتیی خوێندەوار، هی ئاسایی و خاوەن خەونی تایبەت نەک گشتیی دەبینین، هەروەها ململانێی نەوەکان دەردەکەوێت و

کەسێتیی ڕووخاو و نائومێد بەرچاوترە، ئەمەش چەند پەیوەندیی بە ئەنفالەوە هەیە، هێندەش پەیوەندیی بە دیدگای ڕۆماننووسە لاوەکان هەیە، کە کەسێتیی سەرەکی لە ئاوێنە سەرابییەکان، گوڵی شۆران، حەسار و سەگەکانی باوکم، ئێوارەی پەروانەشدا تێکشکاو کوژراو، دەرکراو، هەڵهاتوو، شکستخواردوو، نەفرەتکراو و کوژراو، یاخود بیرکەرەوە لە خۆکوشتن و شێتبوون و مردن.

١٠. ناو و ناتۆرە و پاشناو لە قۆناغی یەکەم و دووەم گەلێک فراوانە، بەتایبەت لە قۆناغی یەکەم، کەسێتییەکان هەڵگری ناوی کۆڵان و گوند و شارەکانیانن، لە هەمووشی چالاکتر ناوی کەسێتییەکان ڕەهەندی سیاسیی و شۆڕشگێڕیان هەیە. (جوامێر، شێرکۆ، ئازاد، ڕزگار، هیوا...) لەقەب، ناو و ناتۆرە، کەمکردنەوە و بەرزکردنەوە لە ناسینەوەی کەسەکاندا بەکارهاتووە، وەک (نەجمەخێل، نوریە کەچەڵ، ئەحەی کەبابچی، قالە هەرزان، فلانی نانەوا، **قالە ڕێوی، ئازادی قەناس**..) هەروەها شۆڕشگێڕەکانیش لە ئازایەتییدا ناوی تایبەتیان لێنراوە، بەڵام لە قۆناغی سێیەم کەسێتییەکان ناوی ئاسایی و ئەدەبی و هونەرییان هەیە، هەروەها فرەناویش لای هەندێک ڕۆماننووس باوە، کە قۆناغی گواستنەوە لە شۆڕش بۆ دەسەڵات هۆکارە.

١١. خەونبینین لە ڕۆمانی کوردیدا وێڕای ئامادەیی بەرچاوی، هەڵگری گوتار و مەبەست و نیشانەی واتایی خۆیەتی. لە قۆناغی یەکەم زۆرتر ڕۆڵی پێشبینی و بەڕاستگەڕانی خەونەکە لە واقیعدا دەبینین، لە قۆناغی دووەم سەرەڕای ئەم ئەرکە، دەوری دۆنادۆن لەگەڵ کەسێتیی واقیعی گێڕانەوە دەبینێت، بۆ نمونە لە زیندەخەودا ئازادی واقیع لە خەودا دەبێتە کەسێتییەکی دژە خۆی، لە کۆتاییشدا واقیعی خەون دەبێتە دەرخەری واقیعی گێڕانەوە. لە قۆناغی سێیەم چڕتر و هەمەلایەنتر دەوری سەرەکی لە گێڕانەوە و پێشخستنی واقیع و دەرکەوتنی دیوە چەپێنراوەکەی کەسێتییەکاندا دەگێڕێت.

١٢. لە ڕۆمانی کوردییدا کەسێتیی و بابەتی پەراوێز و ناوەند ئامادەیی بەرچاویان هەیە، بە گشتیی پەراوێزخراوان لە چیرۆکدا قوربانی و لە گوتاری گێڕانەوەدا ناوەندن. واقیع و دەسەڵاتی سیاسیی ڕۆڵی لە شێتکردنی کەسێتییەکاندا هەیە، هاوکات ئایینیی زۆرینە، کە ئیسلامە و موسڵمانان لەڕووی هێز و کەلتووریی دینییەوە بەرامبەر بە جولەکەکان زوڵم و ستەم دەکەن و ئاسەوارییان دەسڕنەوە، بەڵام گوتاری ڕۆماننووسان لەگەڵ دەرخستن و هاوسۆزیی بۆ جولەکەکاندان. هەروەها لەڕووی دیدی گشتییەوە ژن بەرامبەر بە پیاو پەراوێزخراوە، بەڵام لە گێڕانەوە و گوتاری ڕۆماننووسدا ناوەندن. هاوکات لەڕووی بابەتی گێڕانەوەوە ڕۆماننووسانی قۆناغی دووەم ئاوڕیان لە بابەتگەلی پەراوێزخراوی وەک ئاژەڵ و مردووگێی داوەتەوە.

## سەرچاوەکان:


قورئانی پیرۆز.

کتێبی پیرۆز.

سەرچاوە کوردییەکان:

**کتێب**

- ئەحمەدی، بابەک(٢٠٠٤) *پێکهاتە و راڤەی دەق*- کتێبی یەکەم، وەرگێڕانی: مەسعود بابایی، هەولێر: ڕەنج.
- ئەدۆنیس، (٢٠٢٠) گفتوگۆیەکی هەمەلایەنە لەگەڵ ئەدۆنیس، دیداری بەیار ئەبی سەعد، و. ئازاد بەرزنجی، چاپ و بڵاوکردنەوەی غەزەلنووس-سلێمانی.
- ئەریستۆتالیس: ٢٠٠٤، هونەری شیعر، عەزیز گەردی، سلێمانی، چاپ و پەخشی ڕێنما.
- ئەفلاتون، (٢٠١١)، پارمێندس، و. عمران هاواری، کۆبەرهەم، بەرگی چوارەم، چاپخانەی ڕێنما-سلێمانی.
- ئەفلاتون، (٢٠١١)، سەرجەم بەرهەمەکانی ئەفلاتون، بەرگی یەکەم ( گفتوگۆی بەرگری) ، و: عیمران هاواری، دەزگای چاپ و بەخشی ڕێنما، سلێمانی.
- ئەفلاتون، (٢٠١٥)، سیاتیتۆس، و. ئاوات ئەحمەد سوڵتان، چاپی یەکەم، ناوەندی ڕۆشنبیری ئەندێشە-سلێمانی.
- ئەفلاتون: (٢٠٢٢)، فلیبوس، و. ئاوات ئەحمەد سوڵتان، کتێبی حەوتەمی گۆڤاری لۆگۆس، چاپخانەی چوارچرا-سلێمانی.
- ئەفلاتوون، (٢٠٠٩)، کۆمار، و. محەمەد کەمال، چاپی یەکەم، سلێمانی، دەزگای سەردەم.
- ئەڵوەنی، نەجم،(٢٠١١)، توێژینەوەی ڕەخنەیی شیکاری لەبارەی ڕۆمانی کوردییەوە، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس-هەولێر.
- باختین، میخاییل، (٢٠٠٨)، سەودای وتووێژ، پێکەنین و ئازادی، و. د.بەختیار سەجادی، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریان- هەولێر
- بۆدریار، ژان،(٢٠١٩)، چۆنە تا ئیستا هەمووشت ئاوانەبووە؟، و. وەلید عومەر، ناوەندی ڕەهەند-سلێمانی.
- بێرتێنز، هانز(٢٠١٥)، *بنەماکانی تیۆریی ئەدەبی*، وەرگێڕانی عەبدولخالق یەعقووبی، سلێمانی: دەزگای سەردەم.
- بەدەوی، عەبدولڕەحمان،(٢٠٢٠) ئیمانوێل کانت، و. سامان عەلی، بەرگی یەکەم، جەمال عیرفان-سلێمانی.
- توک، ڕیچارد، (٢٠٢٤)، هۆبز، پێشەکییەکی زۆر کورت، دەزگای جەمال عیرفان-سلێمانی.
- تەیفووری، مەنسوور، (٢٠٢٣)، ڕەچەڵەکناسی ئەنفال-پێشەکییەک بۆ ئابووریی سیاسیی ئیسلام، چاپیماڵی سوهرەوەردی، بڵاوکردنەوەی، ناوەندی غەزەلنووس، چاپخانە-تاران.
- جەلال محەمەد، میران،(٢٠٠٩)، بنیاتی ڕووداو لە رۆمانی کوردیی باشووری کوردستاندا، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چاپخانەی ڕەنج-سلێمانی.
- حەسەن، شێرزاد، (٢٠٢٠) جوانییەک لە تووڕەبووندا، دیدارێک بەتامی ژیانەوە. سازدانی هیوا قادر، چاپ و بڵاوکردنەوەی غەزەلنووس-سلێمانی.
- حەمە، ئازاد، (٢٠٠٢)، بیری پۆستمۆدێرنیزم، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریان.
- حەمە، ئازاد، (٢٠١٠)، مانیفێستی دژە گەندەڵی، پاکڕەوشتی دژ بە گەندەڵی، دەزگای ئاراس- هەولێر.

ـ حەمە، ئازاد، ٢٠١١، ویستی فەلسەفاندن، دەربارەی بادیۆ و ڤیگنشتاین، دەزگای ئاراس.

ـ خاڵ، شێخ محەمەد: (٢٠٠٥)، مەلا محەمەدی خاکی، چاپی دووەم، هەولێر، دەزگای ئاراس.
ـ خەلیل، ئەحمەد مەحمود (٢٠٢٢). *وێنەی کورد لە سەرچاوەکانی کەلەپووری ئیسلامیدا*. وەرگێڕانی سەربەست قادر. بڵاوکراوەی کتێبخانەی هەژار موکریانی.
ـ دۆلوز، ژیل،(٢٠١٨)، فەلسەفە سیاسەت سینەما، و فازڵ مەحمود و کاروان ئەحمەد، چاپی یەکەم، ماڵی وەفایی، هەولێر.
ـ دیکارت، رینەی،(٢٠١٥)، بنەماکانی فەلسەفە، و. شاهۆ عوسمان، ناوەندی ڕۆشنگەری بۆ توێژینەوەی فکری و سیاسی-سلێمانی
ژیژک، سلاڤۆی،(٢٠٢١)، خێچ ڕوانین-دەروازەیەک بۆ دەروونشیکاریی لاکان لەڕێگەی کەلتوری عەوامەوە، و. وەلید عومەر، ناوەندی ڕۆشنبیریی ڕەهەند-سلێمانی.
ـ ڕەحمان، عەبدوڵڵا(٢٠٢٠)، کۆمەڵگا لە ڕۆمانی کوردیدا، توێژینەوەیەک لە کۆمەڵناسی ئەدەبیی باشووری کوردستان ١٩٦١-١٩٩١، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە-هەولێر.
ـ ڕەسووڵ، هەڵمەت بایز(٢٠١٨)، *سیمۆلۆژیای گێڕانەوە لە ڕۆمانی «کۆشکی باڵندە غەمگینەکان»ی بەختیار عەلیدا*، گۆڤاری توێژەر، بەرگی ١، ژمارە ١.
ـ ڕەشید، سابیر، (٢٠٠٧)، ڕۆمانی کوردی، خوێندنەوە و پرسیار، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس-هەولێر.

ـ زەڵمی، عەلی، (٢٠١٢)، پرسی شوناس، چاپی یەکەم، ناوەندی مەستی، چاپخانەی شڤان-سلێمانی.

ـ ژیژک، سلاڤۆی،(٢٠٢١)، خێچ ڕوانین-دەروازەیەک بۆ دەروونشیکاریی لاکان لەڕێگەی کەلتوری عەوامەوە، و. وەلید عومەر، ناوەندی ڕۆشنبیریی ڕەهەند-سلێمانی.

ـ سکروتۆن، ڕۆجەر: ٢٠٢٣، جوانی، پێشەکییەکی زۆر کورت، غازی محەمەد، چاپی یەکەم، سلێمانی، جەمال عیرفان.
ـ سوبحانی، ناسر،(٢٠١٥) بەندایەتی، چاپی دووەم، دەزگای بەرهەم.
ـ سوسێر، فردیناند دی، ٢٠١٨، کۆرسێ لە زمانەوانیی گشتی، وەرگێڕانی: نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، چاپی یەکەم، ناوەندی ئاوێر-هەولێر.
ـ سینگەر، پیتەر، (٢٠٢١)، هیگڵ، پێشەکییەکی زۆر کورت، و. هاوار بەرزنجی، دەزگای جەمال عیرفان-سلێمانی.

ـ شارەزووری، یادگار لەتیف(٢٠١٥)، *دیاردەگەرایی و ڕەخنەی ئەدەبی*، هەولێر: لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی فێربوون.
ـ عوسمان، هەرێم،(٢٠١٣)، چەمکی مردن لە زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، ئەکادیمیای کوردی- هەولێر.
ـ عوسمان، هەرێم، (٢٠١٣)، کورد و مۆدێرنە، کۆدیدار، بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیریی هەولێر.
ـ عوسمان، هەرێم، (٢٠١٤)، نیشتمانی فەلسەفە، گەشتێک لەگەڵ محەمەد کەمال، چاپخانەی تاران.
ـ عوسمان، هەرێم، (٢٠١٨)، نالی شیکاری فەلسەفی و دەرونی، ناوەندی ڕووناکبیری کۆچ، چاپخانەی چوارچرا-سلێمانی.

ـ عوسمان، هەرێم: (٢٠٢١): ڕاستیی بوون و مرۆڤی داهاتوو، سلێمانی، چوارچرا.
ـ عوسمان، هەرێم، (٢٠٢١)، زمان ئازادی گێڕانەوە، لەبارەی سێ ڕۆمانی بەختیار عەلی، چاپخانەی چوارچرا-سلێمانی.
ـ عوسمان، هەرێم، (٢٠٢٣)، شیعر و بیرکردنەوە، ناوەندی ڕووناکبیری کۆچ، چاپخانەی چوارچرا-سلێمانی.

ـ عەبدوڵڵا، سۆران مامەند،(٢٠١٦) نۆستالژیا لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانە-تاران.

ـ عەلی، بەختیار: (٢٠١٤)، ئاورەکەی ئۆرفیۆس، چاپی یەکەم، ناوەندی ئەندێشە-سلێمانی

ـ عەلی، بەختیار، (٢٠١٥)، چێژی مەرگدۆستی، پرۆژەی کۆکردنەوەی بەرهەمە تیۆرییەکان، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، ناوەندی ڕۆشنبیری ئەندێشە، چاپخانەی تاران.

ـ عەلی، بەختیار، (٢٠٢٣)، گوتاری مانەوە، چاپی یەکەم، ناوەندی ڕەهەند-سلێمانی.

ـ عەلی، بەختیار، (٢٠١٩)، ئایدۆلۆژیست، ناوەندی ڕۆشنبیریی ڕەهەند، سلێمانی.

ـ عەلی، جەعفەر، (٢٠١٣)، سۆفیزم و کاریگەری بزووتنەوە ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورددا(١٨٨٠-١٩٢٥)، چاپی دووەم، ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات-هەولێر.

ـ فریلەند، سینتیا: (٢٠٢٢)، تیۆری هونەر، پێشەکییەکی زۆر کورت، سەلاح بەهرامی، سلێمانی، جەمال عیرفان.

ـ قەرەداغی، عەتا،(٢٠٠٣)، گەڕانەوە لە خەیاڵەوە بۆ واقیع، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم-سلێمانی.

ـ کاتینگتۆن، دەیڤید: (٢٠٢٢)، هونەری مۆدێرن، پێشەکییەکی زۆر کورت، شوعلە بەیگزادی و. پەروین بێهرەوش، سلێمانی، جەمال عیرفان.

ـ کانت، ئیمانویل، (٢٠٢٣)، ئایین لەنێو سنووری ئەقڵی پەتییدا، و. عومەر عەلی غەفوور، دەزگای جەمال عیرفان-سلێمانی.

ـ کامۆ، ئالبێر(٢٠١٢)، مرۆڤی یاخی، و. ئازاد بەرزنجی، ناوەندی ئەندێشە-سلێمانی.

ـ کەمال، محەمەد،(٢٠١٤)، فەلسەفەی بوون-توێژینەوەیەک لە هزری پاش مێتافیزیک، چاپی یەکەم، ناوەندی ئەندێشە-سلێمانی.

ـ کۆمەڵێک زمانەوان، (٢٠٠٩)، مۆدێل و مۆدێلەکانی ڕێزمان، وەرگێڕانی: مەحوی، محەمەد، مەڵبەندی کوردۆلۆجی-سلێمانی.

ـ کەمال، محەمەد (٢٠١٦)، لۆجیکی هیگڵ، چاپی یەکەم، سلێمانی: دەزگای سەردەم.

ـ کەمال، محەمەد: (٢٠١٠)، فەلسەفەی ئەفلاتون، چاپی یەکەم، سلێمانی، دەزگای سەردەم.

ـ کەمال، محەمەد: (٢٠٢٠)، فەلسەفەی ئەزموونگەرایی، چاپی یەکەم، سلێمانی، دەزگای سەردەم.

ـ کەمال، محەمەد، (٢٠٠٥)، نیهلیزم و ڕەهەندەکانی بیرکردنەوە، دەزگای سەردەم-سلێمانی.

ـ کەمال، محەمەد، (٢٠١٣)، فینۆمینۆلۆجی، چاپی یەکەم، سەنتەری کۆچ، چوارچرا-سلێمانی.

ـ کەمال، محەمەد، (٢٠١٨)، فەلسەفەی سپینۆزا و جەوهەر، دەزگای سەردەم-سلێمانی.

ـ کەمال، محەمەد، ٢٠١٧، فەلسەفەی کانت، دەزگای سەردەم-سلێمانی.

ـ محەمەد، پێشڕەو، (٢٠٢٠) دیالێکتیکی هونەری سێیەم، دەربارەی مۆدێرنیتە، شار، سینەما، فۆتۆگرافی، تەکنیک. ناوەندی ڕۆشنبیریی ڕەهەند.

ـ محەمەد، مەسعود: (١٩٧٦)، چەپکێک لە گوڵزاری نالی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد.

ـ مستەفا، عیرفان،(٢٠١٨) بوونی نەتەوەیی کورد، چاپی دووەم، چاپخانەی حەمدی-سلێمانی.

ـ میراودەلی، خەسرەو، (٢٠٢٣)، دیالەکتیکی هونەر و ئایین، ناوەندی ڕۆشنبیریی ڕەهەند-سلێمانی.

ـ میراودەلی، کەمال، (٢٠٠٧)، زانین و دەسەڵات، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج-سلێمانی.

ـ مەجید، دیار فایەق، (٢٠٠٨)، بونیاتی وەسف لە رۆمانی (ڕێگا)ی (محەمەد مەولوود مەم)دا، نامەی ماستەر، زانکۆی بەغدا، کولێجی پەروەردەی ئیبن روشد.
ـ مەلاتەها، بەرزانی، (٢٠١٨)، سۆفیزم و شۆڕش، (دەربارە شێخ عوسمان نەقژبەندی، مێژووی خەباتی ڕزگاری ئێران)، چاپخانەی بینایی- سلێمانی.
ـ مەنتک، حەمە(٢٠١٩)، *سیمۆلۆژیای گێڕانەوە، هەقایەتی ئەفسانەی فۆلکلۆری کوردی بە نموونە*، سلێمانی: دەزگای سەردەم.
ـ ناوخۆش، سەلام و خۆشناو، نەریمان(٢٠٠٨)، زمانەوانی، بەرگەکانی(١-٢-٣)، چاپی یەکەم، هەولێر: چاپخانەی منارە.
ـ نیچە، فریدریش،(٢٠٠١)، وەهای گوت زەردەشت، کتێبێک بۆ هەمووکەس و هیچکەس، و. عەلی نانەوازادە، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی.
ـ نەبەز، جەمال، (٢٠٠٧)، ناسنامە و کێشەی ناسیۆنالی کورد، چاپی دووەم، چاپخانەی منارە، کتێبفرۆشی سۆران-هەولێر.
ـ هایدیگەر، مارتن، (٢٠١٣)، بوون و کات، وەرگێڕان: د.محەمەد کەمال، دەزگای سەردەم-سلێمانی.
ـ هایدیگەر، مارتن: (٢٠٢٣)، نیتشە، محەمەد کەمال، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، دەزگای سەردەم.
ـ هایدیگەر، مارتن، (٢٠٢٣)، نیتشە، و.محەمەد کەمال، بەرگی چوارەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، دەزگای سەردەم.
ـ هێمن، (٢٠٠٨)، دیوانی هێمن، نوسیار وریا حەبیب، چاپی یەکەم، بڵاوکار، پەخشنگای ئازادی، چاپخانەی چوارچرا-سلێمانی.
ـ واربۆرتۆن، نیجێل: (٢٠٢٣)، ئازادی ڕادەربڕین، پێشەکییەکی زۆر کورت، عەزیز ڕەئووف، چاپی یەکەم، سلێمانی، جەمال عیرفان.
ـ وۆڵکەر، ڕۆبێرت، (٢٠٢٤)، ڕۆسۆ، پێشەکییەکی زۆر کورت، و.ئاوات ئەحمەد سوڵتان، دەزگای جەمال عیرفان-سلێمانی.
**فەرهەنگ**:
ـ ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد، (٢٠١٥)، فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان، ناوەندی غەزەلنووس، سلێمانی.
ـ کوردستانی، ئایەتوڵڵا شێخ محەمەد مەردۆخی، (١٣٨٨)، فەرهەنگی مەردۆخ، کوردی، فارسی، عەرەبی، توێژینەوە و ئامادەکردنی: ڕەئووف ڕەهنموون، چاپی یەکەم، بەرگی دووەم، خانەی بڵاوکردنەوەی پڕنەوبەیان.
ـ موکریانی، گیوی: (١٩٩٩)، فەرهەنگی کوردستان، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس-هەولێر.
ـ موکریانی، هەژار: (١٣٨١)، هەمبانە بۆرینە، چاپی سوم، تهران انتشارات سروش.

**ڕۆمانەکان**:

ـ ئیسماعیل، ئەحمەد محەمەد،(٢٠٠٣) بەهاری ڕەش، دەزگای ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
ـ ئەحمەد، ڕێواس، (٢٠١٠)، گوڵچیای ڕۆحەکان، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریان-هەولێر.
ـ ئەحمەد، ئیبراهیم، (٢٠٠٨)، ژانی گەل، چاپی چوارەم، دەزگای ئاراس-هەولێر.
ـ ئەمیری، فەتاح، (١٣٦٩)، هاوارەبەرە، ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگو ئەدەبی کوردی"ئینتشاراتی سەلاحەدینی ئەییووبی".
ـ ئەمیری، فەتاح،(٢٠٠٣)، زیندەخەو، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.
ـ باباعەلی، گۆران، (٢٠١١)، ئەو پیاوەی درەختێک بوو، دەزگای ئەفسانە پرێس.
ـ پیربال، فەرهاد، (٢٠٠٢)، سانتیاگۆ دی کۆمپۆسیتێلا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

ـ پیربال، فەرهاد، (٢٠٠٣)، پیاوێکی شەپقەڕەشی پاڵتۆڕەشی پێڵاو شین. چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە–هەولێر.
ـ پیربال، فەرهاد،(٢٠٠٣)، مندالباز، چاپی یەکەم، بڵاوکردنەوەی شەرەفخانی بەتلیسی، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیریی–هەولێر.
ـ پیربال، فەرهاد، (٢٠١٩)، قەبرێکی سێگۆشە، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب–هەولێر.
ـ پەری، کامەران ئیحسان، (٢٠٠٧)، شەیتاری، دەزگای ئاراس– هەولێر.
ـ جاف، خوسرەو، (١٩٨٩)، کۆردەرە، چاپی یەکەم، دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی بەشی رۆشنبیری. مطابع دار الجماهير للصحافه.
ـ جاف، خوسرەو، (٢٠١١)، گەماڵ، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە ئاراس– هەولێر.
ـ جەعفەری، نەسرین(١٩٩٨)، بڵێند و نەوی، چاپی ئەلکترۆنی.
ـ چۆمانی، فەرهاد، (٢٠١٧)، قیژە، ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.
ـ چۆمانی، فەرهاد، (٢٠٢١)، تەونی بریا، دەزگای فام بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.
ـ حمەئەمین، ئیسماعیل، (٢٠٢٢)، گەندەڵی، لەسەر ئەرکی نووسەر چاپکراوە.
ـ حمەئەمین، ئیسماعیل، (٢٠٠٤)، شتێک لە قوڕی خورافە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس–هەولێر.
ـ حەسەن، ڕەوف،(١٩٩٩)، خۆری تار "کۆچی سوور"، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.
ـ حەسەن، شێرزاد،(٢٠٠٥)، سەرجەمی بەرهەمەکان، ڕۆمانی، حەسار و سەگەکانی باوکم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس–هەولێر.
ـ حەسەن، شێرزاد، (٢٠١١)، ژنێک بەسەر منارەوە، چاپی یەکەم، چاپخانە[؟]
ـ رۆژبەیانی، ئیسماعیل، (١٩٨١)، نازە، دار العراق للطبع و النشر، بغداد.
ـ ڕەسوڵ، ئیسماعیل، (١٩٩٠)، پەرستگەی دڵداری، دار الحريه الطباعه، بغداد.
ـ سەراج، عەبدوڵڵا، (١٩٨٩)، هەڵکشان بەرەو لوتکە، دار الحريه للطباعة، بغداد
ـ سەعید، محەمەد ساڵح،(١٩٧٠)، ئاشتیی کوردستان، چاپی یەکەم، بەیارمەتی وەزارەتی کاروباری ژووروو لە چاپ دراوە، چاپخانەی العربيه– بەغدا.
ـ سەعید، محەمەد ساڵح،(٢٠٠٤)، ئاشتیی کوردستان، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس–هەولێر.
ـ سەلاح، عومەر، (٢٠٠٣)، جەنگ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
ـ سەلمان، بەیان، (٢٠١٨)، یاداشتی عەتر و ئاگر، چاپی یەکەم، ناوەندی ڕۆشنبیری ئەندێشە.
ـ عارف، حسێن، (١٩٨٦)، شار، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری کاروان، مطابع شركه الادب–بغداد.
ـ عارف، حسێن، (٢٠١١)، هێلانە، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس–هەولێر.
ـ عارف، حسێن، (٢٠١١)، ئەندێشەی مرۆڤێک، چاپی دووەم، دەزگای ئاراس–هەولێر.
ـ عارف، حەمە کەریم،(٢٠١٢) کۆچی سوور، چاپی چوارەم، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی نووسەرانی کوردستان ژمارە ـ ٤٥
ـ عەبدوڵڵا، غەفور ساڵح، (١٩٩٩)، مەلی بەفر، چاپی یەکەم، بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیری گەلاوێژ–سلێمانی.
ـ عەبدوڵڵا، غەفوور ساڵح،(١٩٨٨)، توانەوە، چاپی یەکەم، بەیارمەتی ئەمیندارێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان لە چاپ دراوە، مطبعه اوفيت حسام–بغدا.
ـ عەبدوڵڵا، کاروان،(٢٠٠٣)، هەژان–چەند کورتە چیرۆک و ڕۆمانێک، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس–هەولێر.
ـ عەلی، بەختیار(٢٠١٣)، ئێوارەی پەروانە، چاپی شەشەم، ناوەندی ڕۆشنبیری ئەندێشە، چاپخانەی رجايی–تاران.
ـ عەلی، بەختیار(٢٠٢٢): بەندەر فەیلی، *چاپی یەکەم*، ناوەندی ڕۆشنبیری ڕەهەند، سلێمانی.

ـ عەلی، بەختیار، (٢٠١٠)، جەمشیدخانی مامم کە هەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد، ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانە-کارۆ.
ـ عەلی، بەختیار، (٢٠١٤)، غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ، ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە، چاپخانە، تاران.
ـ عەلی، بەختیار،(٢٠٠٥)، شاری مۆسیقارە سپییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج-سلێمانی.
ـ غەریب، جەبار جەمال، (٢٠١٦)، کەوتنی ئاسمانەکان، چاپی یەکەم، ناوەندی ڕۆشنبیریی و هونەریی ئەندێشە-سلێمانی.
ـ غەریب، جەبار جەمال،(٢٠٠٢) دنیا لە کتێبێکدا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
ـ فەتاح، محەمەد ڕەشید، (١٩٩٨)، ئەنفال، چاپی دووەم، چاپەمەنی زاموا، سلێمانی.
ـ قادر، هیوا، (٢٠٠٢)، ئاوێنە سەرابییەکان، چاپی سێیەم، ستۆکهۆڵم.
ـ قازی، ڕەحیم،(٢٠٠٨)، پێشەرگە، چاپی سێیەم، دەزگای ئاراس-هەولێر.
ـ کاکە، کەریم، (٢٠١٠)، ماچی یەکەم، چاپی یەکەم، لەبڵاوکراوەکانی سەنتەری توێژینەوەی فیکریی و ئەدەبی نما، چاپخانەی شەهاب-هەولێر.
ـ کاکەسوور، کاروان عومەر،(٢٠٠٠)، *ئای لەڤیلیا لەڤیلیا...!!* چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم-سلێمانی.
*ـ کاکەی فەلاح، ئارام، (٢٠٠٩)، چاوەڕوانی،* چاپی دووەم، چاپکراوەکانی یانەی قەڵەم، چاپخانەی یاد-سلێمانی.
ـ محەمەد، عەتا، (٢٠٢١)، چوارینەی ئێستامان، ڕۆژێک خانی ڕێگایماڵەوە وندەکات(کتێبی ٤)، ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەندێشە-سلێمانی.
ـ مستەفا، فەرهاد، (٢٠٢١)، سپیکردنەوەی خوێن، فەرهاد مستەفا، چاپی یەکەم، ئەندێشە-سلێمانی.
ـ مستەفا، کەمال سەعدی،(٢٠١٧)، مەملەکەتی ڕۆبۆتەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری-هەولێر.
ـ موکری، (١٩٩٨)، تۆڵە، چاپی سێیەم، چاپخانەی بێسارانی-سلێمانی.
ـ موکری، (٢٠٠٥)، هەرەس، بەرگی ١ -٢، چاپی چوارەم، چاپخانە[؟؟؟] سلێمانی.
ـ موکری، (٢٠٠٨)، سەگوەڕ، چاپی شەشەم، دەزگای ئاراس-هەولێر.
ـ مەلازادە، ئیبراهیم، (٢٠٠٩)، لەودیو شەپۆلی ڕەشەباکانەوە، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریان-هەولێر.
ـ مەلای ڕەش، عەزیز،(١٩٨٦)، کوێخا سێوێ، الامانە العامە الثقافە و الشباب، هەولێر.
ـ مەم، محەمەد مەولوود، (٢٠٠١)، ڕێگا، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
ـ نەجمەدین، مەحمود، (٢٠١٨)، پیاوەکان بە خەونیش نەگەڕانەوە، وەزارەتی ڕۆشنبیری، چاپخانەی کارۆ-سلێمانی.
ـ نەهایی، عەتا، (٢٠٠٦)، سەرجەم ڕۆمانەکان، گوڵی شۆران- باڵندەکانی دەم با. چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس-هەولێر.
ـ نوری، نەجات، (٢٠٠٩)، مردن بەپێی گێڕانەوەی سۆفییەک، چاپخانەی ڕێنما-سلێمانی.
ـ هیدایەتی، سەیدقادر، (١٣٩٤)، گابۆڕ، چاپی دووەم، چاپ و بڵاوکردنەوەی گوتار.

**نامە ئەکادیمییەکان:**

ـ ابراهیم، حکیم انوەر،(٢٠٢٢)، وێناکردنی بەها ژیارییەکان لە شیعری (ئەحمەد موختار بەگی جاف)دا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین.
ـ ابراهیم، کامیل قانع، (٢٠٢٣)، ڕەنگدانەوەی تۆنی جیاواز لەڕۆمانەکانی عەتا نەهایی دا، نامەی ماستەر، بەشی کوردی، کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانی.

ـ ئەحمەد، پەخشان علی، (٢٠٢٠)، فەزاسازیی لە ڕۆمانی کوردیدا، کرمانجی خواروو(٢٠٠٥-٢٠١٠). نامەی دکتۆرای کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.

ـ ئەحمەد، گۆران عەبدوڵلا، (٢٠٢٢)، ڕەهەندی سیاسی لە ڕۆمانی کوردیدا، کوردیی ناوەڕاست (١٩٥٦-١٩٩١)، دکتۆرا، کۆلێجی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەدین.
ـ جاف، ئیبراهیم عەبدوڕحمان مەحمود، (٢٠٠٤)، ڕەنگدانەوەی ڕووداوە مێژوویی لە ڕۆمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی پەروەردە- ئیبن ڕوشد، زانکۆی بەغدا.
ـ جەلال عەزیز، سامان: (٢٠١٠)، شیعری گۆران و چەمکی ئیمەیجیزم، (نامەی ماستەر) زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زمان.
ـ حسین، یوسف حسن،(٢٠٢١) ئاستەنگەکانی گەشەسەندنی کولتووری لەهەرێمی کوردستان-توێژینەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆژیای کولتوورییە لەشاری هەولێر، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین.
ـ حمەبچکۆل، ئاهەنگ شەفیق (٢٠١٩)، گوتاری جەستە لە ڕۆمانی کوردیدا کرمانجی خواروو (١٩٩٥-٢٠٠٥)، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانی.
ـ حمەحسین، شاهو صالح، (٢٠٢٣)، درکپێکردن ی وێنای وێنەیی وشەی لێکدراو لە ڕێ زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، بەشی زمانی کوردی- کۆلێژی زمان- زانکۆی سلێمانی.
ـ حمد، مبارک عزیز، (٢٠٢١)، چەمکی ئازادی لە تیۆری سیاسی هانا ئارێنتدا و ڕەنگدانەوەی لە هەرێمی کوردستان-عێراق، نامەی ماستەر، کۆلێجی زانستە ڕامیارییەکانی زانکۆی سلێمانی.

ـ حەسەن، محەمەد ئەحمەد،(٢٠١٣)، تەکنیکی فرەدەنگی لە ڕۆمانی کوردیدا-کرمانجی خواروو ٢٠٠٠-٢٠١٠، نامەی ماستەر، سکوڵی زمانی زانکۆی سلێمانی.
ـ حەمەعەبدوڵلا، ئەڤین ئاسۆس، (٢٠١٤)، فیمینیزم لە چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەن دا، نامەی ماستەر، سکوڵی زمانی زانکۆی سلێمانی.
ـ ڕەسوڵ، حمد ڕەسوڵ،(٢٠١٣) جیهانبینی لە ڕۆمانی کوردی دا، کرمانجی خواروو ساڵی (2000- 2010)، نامەی ماستەر، سکوڵی زمانی زانکۆی سلێمانی.
ـ سەعید، جەلال ئەنوەر،(٢٠١٠)، گفتوگۆ لە ڕۆمانی کوردیی کرمانجیی خواروودا (1991ز – 2003ز)، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان زانکۆی سلێمانی.
ـ صالح، فەرهاد صالح حمەعلی، (٢٠١٠)، کەسێتی خۆویست لە ڕۆمانەکانی (محەمەد موکری)دا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی کۆلێجی زمان.
ـ عارف، یوسف حمەسعید، (٢٠١٨)، خورافە لە شاری سلێمانیدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی کۆمەڵناسی، زانکۆی سلێمانی.
ـ عومەر، مەهدی فاتیح، (٢٠١٩) پرۆسەی ئەنفال و ڕەنگدانەوەی لە ئەدەبی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانی.
ـ عەبدول، هێمن باقر، (٢٠٢٠)، وێنەی جەستە لە ئایینی ئێزیدی و کاکەییدا(توێژینەوەیەکی ئەنسرۆپۆلۆجییە لە کۆمەڵگەی کوردیدا)، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی کۆمەڵناسی، زانکۆی سلێمانی.
ـ عەبدولڕەحمان، لهۆن قادر،(٢٠١٣) دوالیزمی دژیەک لە هۆنراوە لیریکییەکانی مەولانای ڕۆمی و مەولەوی تاوەگۆزی دا، ماستەرنامە: زانکۆی سلێمانی، سکوڵی زمان
ـ عەزیز، بێستون عارف، بابەت و تەکنیکی خواستراو لە ڕۆمانی کوردیی باشووری کوردستان ٢٠٠٠-٢٠١٢، نامەی ماستەر، سکوڵی زمانی زانکۆی سلێمانی.

- عەلی، لوقمان ڕەئوف: (٢٠١٣)، دەقی شیعری کوردی لە ڕوانگەی سیمۆلۆژییەوە(١٩٥٠-١٩٧٥)کرمانجی خواروو، نامەی دکتۆرا، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، سکوڵی زمان، بەشی کوردی، زانکۆی سلێمانی.
- قادر، کارزان موحسین، (٢٠٠٩)، سیما تازەکانی ڕۆمانی کوردی لەنێوان ساڵانی ١٩٩١-٢٠٠٠، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین.
- کاکە محەمەد، بوشرا قادر،(٢٠١٣)، پلۆت لە چیرۆکی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، بەشی کوردی زانکۆی سلێمانی.
- کاکە محەمەد، بوشرا قادر،(٢٠٢٢)، ئیستاتیکای گێڕانەوە لە ئەدەبی کوردیدا-توێژینەوەیەکی بونیادگەرییە، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، بەشی کوردی زانکۆی سلێمانی.
- گەرمیانی، عادل، (١٩٩٦)، ڕیالیزم لە ڕۆمانی کوردی هاوچەرخدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی پەروەردە-ئیبن ڕوشد، زانکۆی بەغد.
- محمد، ابراهیم قادر، (١٩٩٠)، ڕۆمانی کوردی لە عێراقدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین.
- محمد، نیاز عزالدین، (٢٠٢٢) بەشاریبوون و هۆشیاریی مەدەنی، توێژینەوەیەکی مەیدانییە لەشاری سلێمانی، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی کۆمەڵناسی زانکۆی سلێمانی.
- محەمەد ساڵح، تانیا ئەسعەد، (٢٠٠٦)، بینای شوێن لە دوو نموونەی ڕۆمانی کوردیدا (هێلانە- ئەژدیها) نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمانی زانکۆی سەلاحەدین.
- محەمەد، میران جەلال، (٢٠١٤)، گوتار لە ڕۆمانی کوردیدا-(١٩٧٥-٢٠٠٠) باشووری کوردستان، نامەی دکتۆرا، سکوڵی زمانی زانکۆی سلێمانی.
- مەجید، سەردار فایەق، (٢٠١٣)، بنیاتی ڕووداوە لە ڕۆمانەکانی (محەمەد موکری)دا، نامەی ماستەر، سکوڵی زمانی زانکۆی سلێمانی.
- نادر، چرا بلال، (٢٠٢٢)، ڕەهەندی پەروەردەیی لە ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)ی (بەختیار عەلی)دا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر.

**دیدار و کۆنفرانس:**

- محەمەدئەمین، ڕێباز،(٢٠١٩)، ڕەنگدانەوەی نۆستالژیای تاکەکەسی لە شیعرەکانی فرووغ فەڕوخزاد و فەرهاد پیربالدا، (CD) وتارەکانی کۆنفرانسی هاوبەشی نێودەوڵەتی زانکۆی سنە-کوردستان و زانکۆی ڕاپەڕین.
- ئیبراهیمی، مەزهەر،(٢٠١٩)، دارشتەناسیی بەیتی "مەم و زین"ی ڕەحامن بەکر بەپێی پێڕەوی ڤلادیمیر پراپ و بەراوردکردنی لەگەڵ چیرۆکی ئەفسووناویی کوردیدا، دووەمین کۆنفرانسی توێژینەوەی زمان و وێژەی کوردی و فارسی، زانکۆی سنە-کوردستان و زانکۆی سلێمانی.

**گۆڤارەکان:**

- ئەڵوەنی، نەجم خالد،(٢٠١١)، تەکنیکی دووپاتکردنەوە لە ڕۆمانی (تۆڵە)ی محەمەد موکری دا، توێژینەوەیەکی (ڕەخنەیی، شیکاری، پراکتیکی)، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە ١٨.
- امین، سیروان جبار، مام صوفی، هونەر انوەر(٢٠٢٢)، *شیکردنەوەی پێکهاتەی حیکایەتی کوردی لەسەر بنەمای تیۆری حیکایەتناسیی فلادیمێر پرۆپ بە نموونە حیکایەتی چل کەزی*، گۆڤاری توێژەر، بەرگی ٥، ژ ١.
- بەرزنجی، هاوار،(٢٠١٧)، پارمێندیس و هیراکلیتۆس، گۆڤاری لۆگۆس، ژمارە ١، چاپخانەی چوارچرا-سلێمانی.
- بەکر و حەمەد، هیمداد حوسێن، ئیبراهیم حسن، (٢٠١٤)، ڕەنگدانەوەی کەلەپووری بێگانە لە ڕۆمانی هاوچەرخی کوردیدا، مجله الاستاذ العدد ٢١١ المجلد لاول.

ـ تاتانی، محەمەد، (٢٠٢٣)، فانتازیا لە ڕۆمانی (غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ)ی (بەختیار عەلی)دا، ناوەندی کۆچ، گۆڤاری کۆچ، ژمارە ٢٨.
ـ دۆلۆز، ژیل،(٢٠٢٢) ئەفلاتون و زڕەوێنە یان: قڵپکردنەوەی ئەفلاتونیزم، و. هاوار محەمەد، گۆڤاری لۆگۆس، ژمارە ٦.
ـ سەعید، شاهۆ(٢٠٠٨)، پرسیاری فەلسەفی لە گوتاری گێڕانەوەدا، سەرەتایەکی تیۆری دەربارەی فەلسەفەی ژانری ڕۆمان، گۆڤاری سەردەم، ژمارە ٥٦، دەزگای سەردەم-سلێمانی.
ـ سەعید، شاهۆ، (٢٠٠٤)، کۆمەڵگای گەنج/ کۆمەڵگای پیر، گۆڤاری ڕەهەند، ژمارە ١٦-١٧، ناوەندی ڕەهەند-ئەوروپا.
ـ عوسمان، هەرێم:٢٠٢٠، کێشەی زانین و ڕاستی لای سۆکرات، گۆڤاری لۆگۆس، ژمارە ٥، سلێمانی.
ـ عوسمان، هەرێم،(٢٠٢٣) گێڕانەوەی ئەنفال و خزینی مێژوو، گۆڤاری کۆچ، ژمارە ٢٦.
ـ عوسمان، هەرێم،(٢٠٢٣) مەلی بەفر، فرەیی ڕووداو و قەیرانی ڕووداو، گۆڤاری کۆچ، ژمارە ٢٧.
ـ عەلی، بەختیار، (٢٠٠١)، کۆمەڵگا و منداڵە نامۆکانی، خوێندنەوەیەک لە وێنە و ئەفسانەکانی سەفەر و تاراوگەبووندا، گۆڤاری ڕەهەند، ژمارە ١٢-١٣، ناوەندی ڕەهەند-ئەوروپا.
ـ قانع، مەریوان وریا، (٢٠١٠)، دەستەگەریی و دین و سیاسەت، گۆڤاری ڕەهەند، ژمارە ٣.
ـ قەهرەمانی، جەعفەر، (١٣٩٤)، لێکدانەوەی شیعری "هەڵۆ"ی سوار ئیلخانیزادە لە ڕوانگەی پێکهاتەخوازییەوە. پژوهشنامه ادبیات کردی، دور١، شمار١
ـ محەمەد، هاوار، (٢٠٢٢)، ئەفلاتون و زڕەوێنە یان: قڵپکردنەوەی ئەفلاتونیزم، گۆڤاری لۆگۆس، ژمارە ٦.

**چاوپێکەوتن:**

ـ سەلمان، بەیان، دەربارەی نیشانەناسی و گێڕانەوە لەلای گریماس، چاوپێکەوتنی هەرێم عوسمان لەگەڵ بەیان سەلمان، لە ڕێگەی ئیمەیڵ لە ڕێکەوتی (٥/٨ ٢٠٢١).

**سەرچاوە عەرەبییەکان:**

ـ أونيس، أمينه، (دكتۆرا ٢٠١٨) *سيميائية الشخصية في روايات واسيني الآعرج «المخطوطه الشرقية، أصابع لوليتا،* مملكة الفراشة» أنموذجا، كليه الآداب و اللغات، قسم الآداب و العربية، جامعه محمد خضير- بسكرة.
ـ البخاري، ابو عبدالله محمد بن اسماعيل، ١٤٢٢هـ صحيح البخاري، الطبعة السلطانية، المطبعة الكبرى الاميرية، دار طوق النجاة، بيروت.
ـ بوعطية، سعيد(٢٠١٣)، «المرجعية المعرفية للسيميائيات السردية (جريماس نموذجا)» مجله، *semat* Vol, 1, No.1.
ـ الترمذي، ابوعيس محمد، ١٩٩٦، الجامع الكبير (سنن الترمذي)، ط١، دار الغرب الاسلامي، بيروت.
ـ التفسير التطبيقي للكتاب المقدس، (١٩٩٧) تعريب: شركة ماستر ميديا، القاهرة، مصر.
ـ الحنبلي، زين الدين عبد الرحمن بن احمد، بن رجب، ١٩٩٦، فتح الباري شرح صحيح البخاري، عدد المجلدات: ٧، مكتبة الغرباء الاثرية، المدينة النبوية، مكتب تحقيق دار الحرمين، القاهرة، مصر.
ـ العيثمين، محمد بن صالح بن محمد، ١٤٢٤هـ ، القول المفيد على كتاب التوحيد، عدد الاجزاء: ٢ دار ابن الجوزي، المملكة العربية السعودية.
ـ العيني، ابو محمد محمود ٢٠٠٨، نخب الافكار في تنقيح مباني الاخبار في شرح معاني الآثار، ط ١، وزارة الاوقاف و الشؤون الاسلامية، قطر.
ـ برينس، جيرالد، (٢٠٠٣)، المصطلح السردى، ترجمه: عابد خزندار، المجلس الاعلى للثقافه، القاهره.
ـ بوعزه، محمد (٢٠١٠)، *تحليل النص السردى*، جزائر العاصمه: منشورات الاختلاف، طبعه ١.
ـ بن مالك، رشيد(٢٠٠٠)، *قاموس، مصطلحات التحليل السيميائى النصوص، عربى، انجليزى، فرنسى*، دار الحكمه.

ـ زید، عامر عبد، (٢٠١٦)، مجموعه من الاکادیمین، التعودیه الدینیه و آلیات الحوار، اشراف و تحریر، عامر عبد زید، ابن ندیم للنشر و التوزیع، دار الروافد الثقافیه، بیروت-لبنان.

ـ حرب، علی، (٢٠٠٥)، الانسان الادنی، امراض الدین و اعطال الحداثه، ط ١، الموسسه العربیه للدراسات و النشر، بیروت.

ـ علوش، سعید(١٩٨٥)، *معجم المصطلحات الادبیة المعاصرة*، البنان: دار الکاتب، طبع ١.

ـ غریماس، ا.ج. (٢٠١٨)، *سیمیائیات السرد*، ترجمه و تقدیم د.عبدلمجید نوسي، المرکز سقافی العربی، دار بیضاء-مغریب، الطبعه الاء.

ـ فتاح، محمد(١٩٩٢)، *تحلیل الخطاب الشعری، استراتیجیه التناص*، لبنان-مغریب: المرکز الثقافی العربی، طبعه ٣.

ـ فتح الباری (2010) شرح صحیح البخاری لابن الحجر، مجلد ١٠.

ـ للننوی، بن الحجاج،(2000) المنهاج شرح صحیح مسلم مجلد١٤.

## سەرچاوە فارسییەکان:

### کتێب

ـ احمدزاده، هاشم،(١٣٨٦)، از رمان تا ملت-پژوهشی در گفتمان روایی فارسی و کردی، ترجمه، دکتر بختیار سجادی، چاپ اول، دانشگاه کردستان.

ـ آپل، ماکس،(١٣٧٥)، شرحی بر تهمیدات کانت، مقدمه‌ای به فلسفه انتقادی، ترجمه، محمدرضا حسینی، بهشتی، تهران، مرکز دانشگاهی.

ـ اسکولز، رابرت، (١٣٨٣)، درآمدی بر ساختارگرایی در ادبیات، ترجمه‌ی فرزانه طاهری، تهران، نشر مرکز.

ـ پراپ، ولادیمیر(١٣٩٦) *ریخت شناسی قصه‌های پریان*، ترجمه، فریدون بدره‌ای، چاپ چهارم، تهران: انتشارات توس.

ـ تایسن، لوئیس، ١٣٨٧، نظریه‌های نقد ادبی معاصر، ترجمه: مازیار حسین‌زاده، فاطمه حسینی، تهران: نگاه امروز حکایت قلم نوین.

ـ تولان، مایکل،(١٣٨٦) *روایت‌شناسي (درآمدی زبانشناختی- انتقادي)*، ترجمه سیده فاطمه علوي و فاطمه نعمتي، تهران: انتشارات سمت.

ـ حسینی، سید رضا:(١٣٩١)، شناخت هنر گرافیک، تهران، انتشارات مارلیک.

ـ دولوز، ژیل، (١٣٩٠): سینما ١-حرکت و تصویر، ترجمه: مازیار اسلامی، چ ١ تهران.

ـ سجودی، فرزان(١٣٨٢)، نشانه‌شناسی کاربردی، چاپ اول، تهران: قصه.

ـ سجودی، فرزان، (١٣٨١)، معنا، نامعنا، کثرت معنا، مقاله در کتاب ماه ادبیات و فلسه‌فه. مهر[؟؟؟]

ـ سیبیاک، تامس آلبرت(١٣٩٩). *نشانه‌ها: درآمدی بر نشانه‌شناسی، ترجمه‌ی محسن نوبخت*، چاپ، دوم، تهران: علمی.

ـ شعیری، حمیدرضا(١٣٨٥) *تجزیه و تحلیل نشانه-معاشناختی گفتمان*، تهران: سمت.

ـ شعیری، حمیدرضا، (١٣٩١)، مبانی معناشنای شعر نوین، چاپ سوم، تهران، سمت.

ـ شعیری، حمیدرضا، (١٣٩٨)، نشانه-معناشناسی ادبیات: نظریه و روش تحلیل گفتمان ادبی، چاپ دوم، دانشگاه تربیت مدرس، مرکز نشر اثار علمی-تهران.

ـ صفوی، کورش(١٣٩٨)، *آشنایی با نظریه‌های نقد ادبی*، تهران: علمی.

ـ عباسی، علی، (١٣٩٥). *نشانه-معناشناسی روایی مکتب پاریس (جایگزینی نظریه مدلیته‌ها بر نظریه کنشگران: نظریه و عمل)*، تهران: دانشگاه شهید بهشتی.

- کاداوا، ادوارد ۱۳۸۹، تزهای درباب عکاسی تاریخ، ترجمه: میثم سامان‌پور، انتشارات رخداد نو، تهران.
- گرمس، آلژیرداس ژولین(۱۳۸۹)، *نقصان معنا*، ترجمه حمید رضاشعیری، تهران: علم، چاپ اول.
- گرمس، آلژیرداس ژولین(۱۳۸۹)، نقصان معنا، ترجمه حمید رضاشعیری، چاپ اول، تهران: علم.
- مکاریک، ایرنا ریما(۱۳۹۰). *دانش‌نامه‌ی نظریه‌های ادبی معاصر*، ترجمه‌ی مهران مهاجر، محمد نبوی، تهران: آگهه، چاپ چهارم.
- مکوئیلان، مارتین(۱۳۹۵)، *گزیده مقالات روایت*، ترجمه‌ی فتاح محمدی، تهران: مینوی خرد، چاپ، دوم.
- نجفی، سالح، ۱۳۹۷، فیلم به مثابه فلسفه، کپی برابر اصل، نشر لگا-تهران.
- کاشانی، ملاحبیب الله شریف،(۱۳۹۳)، خواص و مفاهیم اسماء الله الحسنی، مترجم و شارح: استاد محمد رسول دریایی، چاپ اول، انتشارات برات علم-تهران.

**گۆڤاره فارسییه‌کان:**

- استنی، صلاح: (۱۳۷۵)، اسلام و تصویر، فصلنامه نقد سینما، شماره ۸.
- آفرین، فریده، (۱۳۹۹) "نقاشی به منزله تصویر" براساس شرح دلوز از انواع تصویر و شروط ظهور آنها، نشریه علمی باغ نظر، ۱۷(۸۷)
- بهشتی، مهدی،(۱۳۹۲) جایگاه خدا در فلسفه هیوم و لایب‌نیتس، عقل و دین، مدرسه نور الثقلین، سال پنجم، شماره هشتم.
- پرهیزکار، غلامرضا، (۱۳۸۹)، واقعیت رسانه و توده در حاد واقعیت بودریار، معرفت فرهنگی و اجتماعی، سال اول، شماره چهارم.
- پورحسن، قاسم(۱۳۸۵)، ویتگنشتاین: از زبان تصویري تا زبان تألیفی، دانشگاه علامه طباطبایی، پژوهشنامه علوم انسانی، شماره ٤٩.
- پیراوی‌ونک، مرضیه: (۱۳۹۰)، تحلیل معناشناختی واژه "آیکون"، متافیزیک (مجله علمی -پژوهشی)، دانشکده ادبیات و علوم انسانی-دانشگاه اصفهان، شماره ۱۱ و ۱۲.
- ثواب، فاطمه، محمودی، محمدعلی،(۱۳۹٦)، عبور از مربع معنایی گریماس و صعود با نردبان معنایی، فصلنامه تخصصی نقد ادبی، س۸، شماره ۳۱ .
- دباغ، سروش: (۱۳۸۸)، جهان-تصویر، در منظومه ویگنشتاین، جستار، کتاب ماه فلسفه، شماره ۲۷.
- رحمانی، مریم و فولادی، محمد، (۱۳۹۹)، بررسی داستان "گنبد صندلی"نظام گنجوی بر اساس نظریه ساختارگرای گریماس، فصلنامه‌ای علوم ادبی، شماره ۱۷.
- سرکاریزی، حسین‌پور، احمد، علوی‌مقدم، مهیار، فیروزی‌مقدم، محمود(۱۳۸۹)، تحلیل ساختار روایی و کنش گفتمان رمان سمفونی مردگان برپایه، نظریه نشانه-معناشناختی روایی گریماس، فصلنامه روایت‌شناسی، سال۳ شماره ٦.
- سلیمانی، آرزو، فرهاد ساسانی و احمد پاکتچی، (۱۳۹۹)، بازنمایی دشمن در متن خاطراتی زنی در اسارت: بررسی موردی کتاب خاطرات من زنده‌ام، جستارهای زبانی، دوماهنامه علمی-پژوهشی، شماره٤.
- شاپوری، سعید،(۱۳۸۰)، تصویر در ایسلام، کتاب ماهـ هنر، شماره ۳۷و ۳۸، گروهای ویژ هنر و دین.
- شعیری، حمیدرضا، (۱۳۸۸)، *از نشانه‌شناسی ساختگرا تا نشانه-معناشناسی گفتمانی*، فصلنامه *نقد ادبی*، س۲، شماره۸.
- شعیری، حمیدرضا،(۱۳۸۸)، از نشانه‌ناسی ساختگرا تا نشانه-معناشناسی گفتمانی، فصلنامه نقد ادبی س۲، ش۸.
- عباس، علی و میترا، مرادی (۱۳۹٦). *بررسی تولید معنا در نظام گفتمانی روایی رمان« و اگر حقیقت داشت» اثر مارک لوی بر اساس الگوی مطالعاتی گرماس*، فصلنامه *نقد و زبان ادبیات خارجی*، دوره چهاردهم، شماره ۱۹.

ـ فخری، محسن(۱۳۸۸)، عاشقانه‌ای برای(گاو) نقدی ساختارگرایانه براساس دیدگاه گرمس، پژوهشنامه فرهنگستان هنر، شماره ۱۳.

ـ فروزنده، مسعود، (۱۳۹۳)، زنجیره‌ها، عنصر و گزاره‌ها روایی در داستان (بانوی حصاری) از هفت پیکر نظامی، پژوهشنامه آدب غنایی، دانشگاه سیستان و بلوجستان، سال یازدهم، شماره ۲۰.

ـ گلی، محبوبه غلامپور، کرمانی، منصور حسامی،(۱۳۹۳)، تحلیل نشانه‌شناختی تصویری از یک نگاره نسخه خطی 'هزار و یک شب' به روش یوری لوتمان، فصلنامه علمی نگارینه هنر اسلامی، شماره اول.

ـ لاجوردی، شهرزاد و مهوش، قویمی(۱۳۹۵)، بررسی تطبیقی داستان‌های کوتاه جمالزاده و موپاسان، پژوهش ادبیات معاصر جهان، دوره ۲۱، شماره ۱.

ـ م جونقانی، سعود الگونه(۱۳۹۵)، توان تحلیلی ((مربع نشانه‌شناختی)) در خوانش شعر، فصلنامه علمی-پژوهشی نقد ادبی، س ۹، ش ۳۳.

ـ نصیری، منصور،(۱۳۸۷)، نومن و فنومن در فلسفه کانت، فصلنامه تخصصی فلسفه و الاهیات، نقد و نظر، سال سیزدهم، شمار اول و دوم.

ـ هایدگر، مارتن: (۱۳۷۹)، عصر تصویر جهان: ترجمه: حمید طالب‌زاده، منبع: فصلنامه فلسفه دانشگاه تهران شماره 1.

**ـ فەرهەنگ**

ـ داد، سیما،(۱۳۸۵) فرهنگ اصطلاحات ادبی، واژه‌نامه مفاهیم و اصطلاحات ادبی فارسی و اوروپایی (تطبیقی و توضیحی) چاپ سوم، انتشارات مروارید.

**ـ نامەی ئەکادیمی فارسی:**

ـ ثواب، فاتمه، (۱۳۹٦)، *بررسی ساختار روایی منظومه‌هاي غنایی بر پایه‌ي نظریه‌ي گریماس (ویس و رامین، خسرو و شیرین، جمشید و خورشید، هماي و همایون، لیلی و مجنون)*، (رساله دکترا) دانشگاه سیستان و بلوجستان.

ـ جباری، جعفر:(۱۳۹۵)، بررسی رمان(پل معلق) محمد رضا بایرامی براساس نظریه‌ی پراپ و گریماس، (رساله دکترا)، دانشگاه محقق اردبیلی، دانشکده ادبیات و زبان‌های خارجی، گروه آموزشی زبان و ادبیات فارسی.

ـ نبی‌زاده، آزاد،(۱۳۹۸)، تحلیل معنایی و گفتمانی همرا با کارکرد روایی- معناشناختی متن فلمنامه در آثار سینمایی(موردکاوی: فیلم‌های،"جدایی نادر از سیمین" و "چهارشنبه‌سوری"از اصغر فرهادی). (رساله دکترا)، دانشگاه شهید بهشتی، دانشکده ادبیات و علوم انسانی.

ـ هستیانی، راضیه ابوالحسنی،(۱۳۹۲) تحلیل نشانه-معناشناختی فرایند مرگ در دو اثر فال‌خون و هفت روز آخر، پایان‌نامه-کارشناسی ارشد، دانشگاه الزهرا، دانشکده ادبیات، زبان‌ها و تاریخ.

به زمانە ئەوروپییەکان:

- Greimas, A. J. ([1966]1983), *Structural Semantics*. Lincoln, NB: University of Nebraska Press.
- Baldick, C. (2011). *The Concise Oxford Dictionary of Literary Terms*. 2nd ed. Oxford: Oxford University Press.
- Greimas, A. J. (1987). *On Meaning: Selected Writings in Semiotic Theory*, translated by Paul J. Perron and Frank H. Collins, University of Minnesota Press, Minneapolis.
- Greimas, A. J., & Courtés, J. (1982). *Semiotics and Language*, translated by Larry Christ, Daniel Patte, James Lee, Edward McMahon II, Gary Phillips, & Michael Rengstorf. Bloomington, IN: Indiana University Press.
- Greimas, A. J. (1990). *Narrative Semiotics and Cognitive Discourses*. London: Pinter.
- Hawkes, Terence (1977), *Structuralism and Semiotics*. Routledge, London and New York.

- Lamport, Mark A. (2017). *Encyclopedia of Martin Luther and the Reformation*. Rowman & Littlefield Publishers.
- Nilson, K. B., Romoren, R. E. S., Tonnessen, and Wiland, S. (2008). *Att möta texten*. Översättning: S. Sandelin, Lund (Sweden).
- GREIMAS, Algirdas Julien. (1973). «Les Actants, les Acteurs et les Figures», in *Sémiotique narrative et textuelle*, Claude Chabrol (dir.), Paris, Larousse.
- M. H. Abrams. (1999). *A Glossary of Literary Terms*. Seventh Edition. Heinle & Heinle Thomas Learning: USA.
- *Au-delà de l'image.(* 2008)*Une archéologie du visuel au Moyen-Age, Ve-XVIe siècle*, Paris, Seuil
- Platon. (2010). *La République, Livre VI, (484a - 511e)*.
- *Longman Dictionary of Contemporary English*.
- Mitchell, W.J.Thomas. (1986). *Iconology: Image, Text, Ideology*. The University of Chicago Press, Ltd. London.
- Ross, Alison. (2016). "What is an Image? Form as a Category of Meaning in Philosophical Anthropology," *Parrhesia*.
- Purcell, L. Sebastian. (2010). "Phenomenology of a Photograph, Or: How to Use an Eidetic Phenomenology," *PhaenEx/Journal of Existential and Phenomenological Theory and Culture*, Vol. 5, No. 1, Spring.
- Schaff, Phillip. (2006). *History of the Christian Church*. Massachusetts: Hendrickson Publishers.
- CUDDON, J. A. (2013). *A Dictionary of Literary Terms and Literary Theory*. Fifth Edition. Blackwell Publishers Ltd, West Sussex.
- Mitchell, W. J. T. (1986). *Iconology: Images, Text, Ideology*. University of Chicago Press.
- Vise, Jeana. (2016). *Icons in the Western Church*. Collegeville, Minnesota: Liturgical Press.
- Unger, M. F., Harrison, R. K., Vos, H. F., Barber, C. J., & Unger, M. F. (1988). *The New Unger's Bible Dictionary*. Chicago: Moody Press.
- Belting, Hans. (1994). *Likeness and Presence: A History of the Image before the Era of Art*. Chicago: University of Chicago Press.
- Belting, Hans. (2016). *Iconic Presence. Images in Religious Traditions*. *Material Religion: The Journal of Objects, Art and Belief*, Volume 12.
- Spangenberg, Yolanda. (2009). "Thought without an Image – Deleuzian philosophy as an ethics of the event." University of Pretoria.
- Herzog, Amy. (2000). *Images of Thought and Acts of Creation: Deleuze, Bergson, and the Question of Cinema*.
- Fowden, Garth. (2014). *Before and After Muhammad*. Princeton, NJ: Princeton University Press.
- Meyer, Birgit. (2012). "Mediation and the Genesis of Presence: Towards a Material Approach to Religion." Inaugural lecture, Utrecht University.
- Montalbetti, Christine. (2003). *Le personnage*. Éditions GF Flammarion, Paris.
- Greimas, A. J. "Vers une troisième révolution sémiotique? Intervention en français lors d'un colloque à l'Université de Jyväskylä (Finlande) Crédits: Eero Tarasti (1983)." [Archive rare] (Vidéo), 9 juin 2022.
- Baumeister, R. (2010). "Social Psychologists and Thinking about People." In: *Advanced Social Psychology: The State of the Science*, Roy Baumeister, and Eli J. Finkel, (Eds.) Oxford: Oxford University Press.

**پێگەی ئینتەرنێتی:**

ـ بێسارانی: https://books.vejin.net/ck/book/28

ـ دەغاقلە، عەقیل (٢٠٢٢). «کلێشەی ڕەگەزیی جیاییخوازی»، و. مەزهەر ئیبراهیمی. (ماڵپەڕی ژنەفتن: (https://jineftin.krd/2022/09/09

ـ عەبدولکەریم، بیژەن(٢٠١٨): وێنە و بیرکردنەوە، چاوپێکەوتن، وەلید عومەر لەگەڵ بیژن عەبدولکەریم، وێبسایتی نێگەتیڤ: https://www.negativegroup.org/index.php

ـ عەلی، بەختیار، (٢٠٢١)، لە جەنگی وێنە و واقیعدا، سێ نمونە، وێبسایەتی: https://bachtyar-ali.blogspot.com/2011/08/blog-post_18.html

ـ عەلی، بەکر:(٢٠١٩)، لە کۆنسێپتی وێنەدا، وێبسایتی ڕووداو: https://www.rudaw.net/sorani/opinion/culture_and_literature/12062019

ـ قوبادی، خانای، کتێبی: سوڵتان ئیبراهیم و نۆشافەرین.https://books.vejin.net/ck/text/31041

ـ کوردی، ساحێبقران، مستەفا(دیوان): https://books.vejin.net/ck/book/63

ـ ـ مەحمودزادە، ڕەهبەر: (٢٠١٧)، وانەکانی کۆرسی مێژووی فەلسەفەی ڕۆژئاوا، وانەی دووەم: https://www.youtube.com/watch?v=L61OqEmjqAk&list=PLQXJoxYUQuhFTMWlEQjzcvObO_7PV4sIQ&index=2

- محمودی، شاهو،(٢٠١٤)، ژیل دۆلوز و چەمکی سینەما، وێبسایتی ئاشوب. https://ashuob.com/deleuze-and-cinema/

ـ مەولانا خالد، (دیوان)، ماڵپەڕی، ڤەژینبوکس:https://books.vejin.net/ck/text/10139

ـ نامجو، محسن، (٢٠١٨)، در رد و تمنای نوستالژی، جەناڵی یوتوب: https://www.youtube.com/watch?v=gvb2bqEx2_k

ـ مەولەوی : https://books.vejin.net/ck/text/35

ـ نالی : https://books.vejin.net/ck/text/679

https://www.youtube.com/watch?v=L61OqEmjqAk&list=PLQXJoxYUQuhFTMWlEQjzcvObO_7PV4sIQ&index=2

-chandler, Daniel (1994) ,Semiotics for Beginners [www document] URL :
Greimas, 1983, lecture, https://www.youtube.com/watch?v=tRy4mG2Rl9I

https://www.ldoceonline.com/dictionary/icon

-The Calvinist Westminster Larger Catechism of 1647 asks in Question 109: https://baptistcatechism.org/wlc/

- Vusich, Joe, Why did John Calvin and the reformers forbid all images of Divine, The Aquila Report: https://theaquilareport.com/why-did-john-calvin-and-the-reformers-forbid-all-images-of-the-divine-persons/

# ملخص البحث

منذ البداية، حملت الروايات الكردية رؤية نقدية الى الواقع الكردي. وكان للواقع الكردي نفسه بنية متشابكة ضمت هموم الكرد أنفسهم و نظرة الآخر اليهم، لذا فإن الرواية الكردية كانت تتسم بالنقد الذاتي وانتقاد الآخر.

في هذه الأطروحة (صورة الكرد في الرواية الكردية)، تناولنا موضوع الرؤية و واقع السرد الكردي بشكل موسع، وقدمنا الصور التي رسمها الروائيون الكرد والتقطوها باللغة الكردية من منظور نقدي. وتناولنا الرواية الكردية في مدة زمنية تتجاوز نصف قرن، بما في ذلك روايات من عام 1961 إلى عام 2022. وقسمنا صورة الكرد حسب الروايات إلى ثلاث مراحل. في الفترة الأولى 1961-1991 نشر الروائي الكردي روايات في المدينة والجبال أيام الكفاح الثوري وقدم صورة الكرد بشكل واقعي وانتقادي اثناء تناول مشاكل المدينة والريف. وفي الفترة الثانية 1991-2003 استعرض الروائيون صورة الكرد والآخر، منتقدين بشكل أساسي عمليات الأنفال وقمع الكرد من قِبل الآخر . وفي الوقت نفسه، ظهر جيل جديد من الروائيين، كانوا إلى جانب انتقادهم الآخر، ينظرون إلى الريف والمدينة من منظور نقدي، ويجعلون من قضية الهجرة محور سردهم. وهيمنت الفترة الثالثة(2003-2022) على الأطروحة بشكل مكثف، حيث تم نشر معظم الروايات خلال هذه الفترة. واكتسبت فيها صورة الكرد ابعاداً متعددة بسبب ظاهرة التكنولوجيا الحديثة والرغبة في العودة إلى الماضي. ومن أبرز قضايا وصور هذه الفترة هو الفساد والثورة المضادة ومزيج من المسحة الصوفية والصفاء الروحي ومعرفة الذات.

المنهج المختار للأطروحة مزيج من البنائية السردية والسيميائية، التي صقلها غريماس من خلال سلسلة من المفاهيم. لقد اخترنا مجموعتين من المفاهيم: نموذج الفعل والتربيع الدلالي/السيميائي.

تتكون الاطروحة من أربعة فصول، الفصول الثلاثة الأخيرة عملية تطبيقية، وفي جميع الفصول التطبيقية الثلاثة قمنا بعرض النتائج، بالإضافة إلى النتائج النهائية.

لو كان لنا اكتشاف أهمية هذه المراحل الثلاث للرواية الكردية من الناحية التصويرية الدلالية، لعبرنا عنها على النحو التالي. المرحلة الأولى هي تزاحم وتراكم الصور الدلالية والموضوعية، على الرغم من تقاربها إلا أن الخطابات تدور في إطار محدد. وفي المرحلة الثانية كانت الصور ممتدة ومتشعبة بعض الشيء، وكان لخطاب الروائي دور في ايجاد منافذ جديدة للأحداث. المرحلة الثالثة: تكون الصور فيها متكاملة ومتنوعة. ويكمن الخطاب هنا في تعدد الخطابات، بحيث يكون خطاب الشخصية والسارد والروائي في صراع متشابك.

ومن جانب آخر تكمن أهمية هذه الأطروحة في أنها تعطينا صورة عامة وخاصة عن رؤية الروائيين الكرد في رواياتهم الى هموم الكرد. وبسبب هذا الارتباط للموضوع مع مايتعلق بالكرد على نحو عام، فإنها تساعد أيضاً الباحثين في العلوم الإنسانية على إجراء البحوث في المجال الهيكلي. كما أنها ذات أهمية كبيرة في مجال الرواية الكردية بشكل عام.

الكلمات المفتاحية: الرواية الكردية، الصورة، النموذج الفعلي، المربع السيميائي، التناقض

## Abstract

Kurdish novels have held a critical worldview regarding the reality of the Kurdish people since its emergence. Since the reality of the Kurdish people is an amalgam of the Kurds and the other, the Kurdish discourse contains self-criticism and criticism of the other. This dissertation undertakes a critical analysis of the worldview and reality portrayed in Kurdish discourse, particularly focusing on the imagery depicted by novelists. This dissertation aims to explore the imagery found in novels written in the Central Kurdish dialect from 1961 to 2022. The timeframe is divided into three distinct periods, each characterized by unique representations of images regarding the Kurds. Each set of images—pertaining to the first period (1961-1991), the second period (1991-2003), and the third period (2003-2022)—are shown separately in this study. The methodology adopted in this study is a combination of structuralism and narrative semiotics, drawing on concepts introduced by Algirdas Julien Greimas, specifically the Actantial Model and the Semiotic Square. This study consists of four chapters, the last three chapters being the analytical ones. Besides the general conclusion of the dissertation, each analytical chapter offers a conclusion specific to the period under examination. After unveiling the images in each period, it is concluded that the images of the first period are compact and comparable, each with a distinct discourse. The images of the second period are fragmentary, with novelists employing diverse discourses to convey the events. The images of the third period are complementary and miscellaneous, and multi-discourse nature is evident, often featuring conflicting discourses among characters, narrators, and novelists. The significance of this study is that it presents the reader with general and specific images of the Kurds in Kurdish novels written in Central Kurdish dialect. This research offers valuable insights into Kurdish narratology and holds relevance for scholars in the field of humanities due to its relation to Kurdish studies.

**Keywords**: Kurdish novel, image, actantial model, semiotic square, contrary images